

# ساڵانی نوێبوونەوە

هنری کیسنجەر

# ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: حەسەن بورەیی

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن

ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا



هەولێر-پشت پارێزگا- پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف

07505114142 - 07507476644

Nawendi Awer::ناوەندی ئاوێر

Nawendi.awer@yahoo.com

هنری کیسنجەر

# سالانی نوێبوونەوە

*Henry Alfred Kissinger*

Years of Renewal

پوختکراوەی بیرەوەرییەکانی

وەرگێڕانی

**خالید هەرکی**

بەرگی یەکەم

**ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

# سالانی نوێبوونەوە

ناوی کتێب بەئینگلیزی:

Years of Renewal

- **بەرگ: یەکەم**
- **بـــابـــەت:** بیرەوەریی
- **نووسەر:** هنری کیسینجەر
- **وەرگێڕانی بۆ عەرەبی:** د. هشام الدجانییە
- **وەرگێڕانی بۆ کوردی:** خالید هەرکی
- **دیزایینی ناوەوە:** محمد حسێن خەتی
- **چاپ:** یەکەم–٢٠١٩
- **نرخی هەردووبەرگ:** ( ٢٠,٠٠٠ ) دینار
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی **٢٠١٩**ی پێ دراوە.

©مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی ئاوێر. بێ ڕەزامەندی ناوەندی ئاوێر یان ئاماژەکردن بە ناوەندی ئاوێر کەس مافی دووبارەچاپکردنەوە و بەکارهێنانی نییە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

# ناوەڕۆک


| سەرەباس | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکیی وەرگێڕ | ٧ |
| ( ١ ) ئەمە فۆردە لینکۆلن نییە... پاسەوان گۆڕین | ١٣ |
| بەشی یەکەم: میراتی نیکسۆن | ٤١ |
| (٢) پیاوەکە و دامودەزگە لەسەر لێواری مەزنی | ٤٣ |
| (٣) ناکۆکی لەسەر کرانەوە | ٩٤ |
| ( ٥ ) چین و سەرکردەکانی | ١٤٤ |
| بەشی دووەم: فۆرد لە سەرۆکایەتی | ١٧٧ |
| ( ٦ ) سەرۆکایەتیی نوێ | ١٧٩ |
| ( ٧ ) قوبرس: توێژینەوە لەسەر ناکۆکیی ڕەگەزپەرستی | ٢٠٦ |
| بەشی سێیەم: پەیوەندیەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا | ٢٤٧ |
| ( ٨ ) فۆرد مشتومڕی کرانەوەی بۆ دەمێنێتەوە | ٢٤٩ |
| ( ١٠ ) ڤلادیڤوستوک و قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت | ٢٩٣ |
| ( ١١) لێکۆڵینەوە هەواڵگرییەکان | ٣٢٠ |
| بەشی چوارەم: دەستوەردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ٣٥٧ |
| ( ١٣ ) گەشتێکی فرە جەمسەر | ٣٩٧ |
| ( ١٢ ) فۆرد و دبلۆماسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ٣٥٩ |
| بەشی پێنجەم: روخان لە هیندیی چینی و کارەساتی کوردەکان | ٤٠٩ |
| ( ١٥) کارەساتی هیندیی چینی- سەرەتای کۆتایی خنکاندنی ڤێتنام | ٤١١ |
| ( ١٦) روخانی کەمبۆدیا | ٤٤٦ |
| ( ١٧) کۆتایی ڤێتنام | ٤٧٣ |
| ( ١٨) لێکدانەوەی قەیران: مایاگویز | ٥٠٠ |
| ( ١٩) کارەساتی کوردەکان | ٥٣٠ |

## پێشەکیی وەرگێڕ

لە بواری حەز و پیشەکەمدا بۆ وەرگێڕانی دەق و کتێب، چەند مەبەستێکم لە یەک ئەرکدا کۆکردۆتەوە، وێڕای ئارەزووم لە هەڵدانەوەی مێژوو و دیرۆکی میللەتان و جوگرافیای دەوڵەتان و بزوتنەوە سیاسییەکانی ڕێکخراو حزب و گروپ و کەساتیبەکان، مەبەستی دیکەشم هەبوو، ئەویش وەکو هەستم دەکرد لەم دواییە و بەتەواوەتیش نەوەی دوای ڕاپەرینە شکۆدارەکەی ١٩٩١ی باشووری کوردستان، کەمتر شارەزایی لە زمانی عەرەبیدا هەیە بۆ خوێندنەوە، دیارە هەموو میللەتان بەپشت بەستن بە سەرچاوەی زانیارییەکانی زمانی بێگانە، دەتوانن کتێبخانە و هەگبەی زانیارییەکانیان دەوڵەمەند بکەن، ئێمەی کوردی هەژاریش لەم ڕووەوە ئەگەر پشت بە سەرچاوەکانی بێگانە نەبەستین لە کاروانی زانیارییەکان دوا دەکەوین و لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەی زانیارییەکانمان دەبنە هەمان سەرچاوەی بیستن و بینین و بەس، ئەمانیش وێڕای تەمەن بچووکیان، بە حەز و ئارەزوێکی تەسکەوە نووستاونەتەوە.

تاک سەرچاوەیی بە ترسیناکترین سەرچاوە دێتە زانین، چونکە مرۆڤ لە ئاوێنەوە باشتر دەتوانێ وێنەی ڕاستەقینەی خۆی ببینێ، نەک لە زمانی خود. ئیتر ئەمە ڕێچکەی هەموو ئەو میللەتانەیە، کە بەهۆیەوە توانیویانە سوود لە ئەزموون و بەسەرهاتی میللەتان و دەوڵەتان وەربگرن، تەنانەت حزبە سیاسبیەکانیش. بۆیە دەستم کرد بە وەرگێڕانی چەند سەرچاوەیەک، کە بۆ ئەمرۆی گەنجان و نەوەی تازە پێگەیشتوو و بە هەمان شێوە، خاوەن ئەزمونە دێرینەکانم بە باشزانی، توانای شارەزاییم لە زمانی عەرەبی بخەمە خزمەت ئەم بوارە.

دەڵێن مێژوو دووبارە دەبێتەوە، بەڵێ وایە، بەڵام چاوەڕوانی ئەمە مەکە مێژوو ڕووداوەکانی تۆ لەسەر تۆ دووبارە بکاتەوە، ڕووداو و بەسەرهاتی میللەتانی دیکە، ئەگەری ڕوودانەوەیان بەسەر تۆدا هەیە، چونکە ئەو قۆناغەی میللەتێک تێیدا تێدەپەڕێ نۆرە بە ئێمەش دەگا. لەم سۆنگەوە دەکرێ لە نهێنی سنوری دەوڵەتان و لە گەیشتنی میللەتان بە مافی چارەی خۆنووسینیان بگەین، لە پاراستنی دەستکەوتان بگەین، کە

وڵاتان یا میللەتان بەدەستیان هێناوە، لە سیستەمی ژیانی میللەتان و بەڕێوەبردنی ئیدارەیی حکومەتەکان بگەین، لە نهێنی بەردەوامی و پشکەوتنیان بگەین، لە کارێزمای سەرکردە و خۆڕاگری میللەت و قارەمانانیان بگەین، لە ڕاستیی دەستەواژەکان بگەین، کە دەکرێ زۆربەیان لای ئێمە بە ئاوەژوو بەکاریان بێنین یان لێیان تێ بگەین یان خەڵکانێک پێمان دەفرۆشن و بە دووفاقی بەکاری دێنن، لە ڕاستیی مافی هاوڵاتی و دادپەروەری بگەین، لە نهێنی پشتگیری تەکتیکی و ستراتیژی بگەین، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەستنەوەیان بە پەیوەندیە لۆکاڵییەکانەوە بگەین. لە گرنگی ئابووریی و سیستەمی دابەشکردن و مافی هاوڵاتیان لە سوود وەرگرتن لەم سامانە بگەین، لە دادپەروەری دابەشکردن و سوود وەرگرتن لە سامانی نیشتمانی بگەین، لە ڕۆڵی تاکەکەس لە بەڕێوەبردن بگەین، ئەمانە و چەندین پرسی دیکە.. ئەم پەرتوکانەی بایەخم پێداون و شەونخونیم بۆی کێشاون، هەموویان لەم چوارچێوە کۆ دەبنەوە.

هنری کیسنجەر، کە بە (پیرە ڕێویەکە) دەناسرێ، جوولەکەیەکی ئاوارەیە و لە ئەڵمانیاوە بەهۆی شەڕی دووەمی جیهانییەوە وڵاتەکەی جێ دەهێڵێ و لە ئەمریکا دەبێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوە بۆ ئەوان، هەستیارترین پۆستی سیاسیی پێ دەسپێرن، ماوەیەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بووە، کە ئۆرگانێکە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دادەڕێژێ، بەسەر وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی و ئابووری، بە هەماهەنگی کۆشکی سپیی و سەرۆکەکەی بەستراوەتەوە و قسە و بڕیاری بەسەریانەوە کاریگەرە. هەر بەهۆی بلیمەتی و زیرەکییەوە کۆنگرێس ئەو ڕێچکە دەشکێنێ، کە پۆستی وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی نابێ لەدەست یەک کەس بن، بەڵام بۆ ئەم ئەم بڕیارە خاو دەکرێتەوە. هنری کیسنجەر لە یەک کاتدا هەردووک پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ. هەر لە دوایین ساڵەکانی شەستەکانەوە لەسەر شانۆی سیاسەتی دەرەوە خاوەن گوتە و بڕیار و ڕاوێژ دەبێ، بەگەرمیش لەسەردەمی نیکسۆن و دواتریش فۆرد، بەڵام هەموو سەرۆکەکانی دوای ئەو هەر لە ڕۆنالد ریگنەوە تا جیمی کارتەر و جورج بۆشی باوک و دواتریش کلنتۆن و جۆرج بۆشی کوڕ و ئۆباما و تەنانەت ترامپیش ڕاوێژی پێ دەکەن، ناوبراو لە پرسە گرنگەکانی ساڵانی حەفتاکان کاریگەرترین

کەس بووە، لە پرسی ڤێتنام، هیندی چینی، نەگۆلا، باشووری ئەفریقیا و ڕۆدیسیا، پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و چین، پرسی فەلەستین و کامب دێڤید، خۆی دەیگێڕێتەوە، کە دوای چواردە ساڵ لە دەرچوونی لە نێو کایەکانی دەسەڵات، گوایە لە دانیشتنێکدا ئەحمەد زەکی ئەلیەمانیی وەزیری نەوتی سعوودییە پێی گوتوە، کە تۆ لە شەڕی کەنداو بەرپرسیاری، ئەمیش پێی گوتوە کە ئەمە ١٤ ساڵە لە نێو کایە سیاسیەکاندا کار ناکا بۆچی من تۆمەتبار دەکەن؟ یەمانیی پێی گوتوە کە ئێمە دەزانین کەسی وا زیرەک لە نێو ئیدارەی بۆشدا نییە تا ئەم جۆرە پلانانەی بۆ داڕێژێ تا بەهۆی دابڕاندنی بەرهەمەکانی نەوتی ئێراقی نرخی نەوت بەرزبێتەوە، ئەگەر تۆ نەبیت ئەم پلانە داڕێژی. ئەوەتا لەم دوایەش لە ڕووداوی یانزە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١دا کراوەتە سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە، تا نووسینی ئەم چەند دێرەم کە پێشبینی دەکەم هەروەکو خۆی گوتەنی لە نووسینی ئەم کتێبەیدا دایکی زۆر بە ئاوات بووە ئەم بەرهەمەی ببینێ، بەڵام بەر لە بەچاپ گەیشتنی کۆچی دوایی دەکا و کتێبەکە نابینێ، بۆ ئەو حەسرەتێکە، منیش کە ماوەی کەمتر لە ساڵێکە بە وەرگێرانی ئەم شابەرهەمەی سەرقاڵ بوومە پێشبینی ئەوە دەکەم، بەر لە بەچاپ گەیشتنی ئەو پیاوە ماڵئاوایی بکا، کە ئێستا تەمەنی بە ٩٤ ساڵ گەیشتووە (بەڵام بۆمن نابێتە حەسرەت)، تەمەن بەدەست ئێمە نیە خوا کورتکردنەوەی تەمەنی کەس نەخاتە دەستی کەسێکی دیکە.

ئەم پیاوە لەم کتێبەیدا، کە بە پوختکراوەی بیرەوەرییەکانی ناوی دەبا و لەسەر ساڵانی نوێبوونەوە نووسراوە، بەڵام باسێکی ورد لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ئوروپا و لەسەر یەکێتی سۆڤیەت و باشووری ئاسیا و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنووسێ، لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەم و دیرۆکیان، لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و ململانێیەکانی دونیای سەرمایەداریی و سۆشیالیستی، لەسەر بزوتنەوەی هەندێک لە گەلانی ژێر دەست لەوانە؛ کورد، بە ڕاشکاوی باس لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد دەکا دەرهاویشتە و سیاسەتی تەکتیکیی ئەمریکا لەسەر ئەو پەیوەندی و هاوکارییانەی ئەوێ ڕۆژێ، کە بە ماڵوێرانی کورد کۆتاییان هات و تا ئەمڕۆ هەموومان بە شێوەیەکی جیاواز لێکمان داوەتەوە، ئەو پاساو بۆ هەڵوێستەکانی ئەمریکا دێنێتەوە.

جگە لەم زانیاریانە شارەزاییەکی باشمان لەسەر کاری دبلۆماسیی و پەیوەندیی نێو دەوڵەتی و سیاسەت و ستراتیژییەکانیان پێدەدا، من پێم وایە خوێندنەوە و تەرخانکردنی کاتی خوێندنەوەی چەند ڕۆژێک بۆ ئەم شاکارە بەفیڕۆ ناچێ، دەبێتە خۆراکێکی عەمبارکراو بۆ ساتە تێکەوتووەکان. تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕووداوەکان بە یەکلایەنی کارەساتە، دەبا لەم لایەنەش بگەین.

بەڵێ ئەمە بەشێکە لە مەبەستی وەرگێڕانم، وێڕای ئەمەش هەر بۆ خۆم هەر کتێبێک، کە وەریدەگێڕم لانیکەم دەبێ شەش جار بیخوێنمەوە. ئەو کتێبانەی بەندەش وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی هەموویان لە بواری پیشە و ئارەزووەکانی خۆم بوونە، با بەسەر کەسی نەفرۆشم، با نەڵێم بە خۆپەرستی نووسیومە، ناڵێم بۆ خۆم نووسیومە، بەڵام ئەگەر ئارەزووم لەم بابەتانە نەبووایە، دڵنیابن بە موڵکی گوندێک ئەم کارەم بۆ نەدەکرا، وەلێ کاتێک بە مەبەستی کوردایەتی، تێدەکەومە سیاسەت، مەرجەکانی دەبێ دەستەبەرکەم، مەرجەکانی کوردایەتییش لەسەر دوو ستون وەستاون: یەکەمیان: دڵسۆزی بۆ خاک و میللەت، دووەمیان: خۆ ڕۆشنبیرکردن و دەوڵەمەندکردن بە ئەزمون و زانیارییەکان. یەکەمیان؛ بە خۆرسک خوا پێی دام، دووەمیان؛ کارم بۆی کرد، شەونخونی و ماندوبوونێک، کە ناپێورێ، بەڵام ئەنجامەکەی وەکو دارشتنەکەی دەرنەچوو، ئەکتەر و هەڵپەرستان لێی وەسوڕان و خیانەتیان لێی کرد.

بەڵێ ڕێچکەی پیادە کراوی وەرگێڕانم، ئەم تەوەرانەی گرتە خۆ. لە هەر سەردەمێک نموونەی سەرکردەیەکی کارەکتەرم وەرگرت، بۆ هەر شێوە خەبات و ڕووداوێک نموونەی وڵاتێکم هێناوەتەوە، هەموویان لە بواری مێژوویی و سیاسیی بوون و بریتیی بوون لەم کتێبانەی خوارە، کە کاروانیش بەڕێوەیە، گەر خودا دەرفەت بدا:

(مێژوی هاوچەرخ، ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی)، (دیگۆل، پیاوی سیاسەت و حوکمڕان)، ( کورد و ئەرمەن، پەیوەندییە مێژووییەکان)، (کوردستان و کوردەکان)، (چی گیڤارا)، (تروتسکی)، ( میکیاڤیللی، سێبەری شەیتان لەسەر زەوی)، ( نوری سەعید، پیاوی ئەرکە قورسەکانی بەریتانیا)، (ستالین، سەربوردەی سیاسی)، ( مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئەوروپا)، (

دەوڵەتداری، دامەزراندن و بەڕێوەبردنی)، دواییینیان لە نووسینی خۆمە و ئەوانی دیکە وەرگێڕانن، (ماکسیم گۆرکی)یش لە ژێر چاپە.

ئیتر ئەمە کاروانی کارە خۆبەخشیەکانمە. تۆش خوێنەری ئازیز، ڕەنجبەریم بۆ ئێوە کردووە، ئومێد دەخوازم ماندوبوون و مەبەستەکانم لەبەرچاو بگرن و ئەگەر بایەخ بەم کتێبەش نەدەیت لە بەدواداچوون و گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا، ئەوا لە نێو سەرچاوە مێژوییەکاندا درێغی نەکەیت، تا بزانی ئەم سنورە و ئەم وڵاتە و ئەم میللەتە و ئەو میللەتانە چۆن بەم حاڵی حازرە گەیشتوون، کاتێک ئەمەتزانی، دەتوانی لەوە بگەیت ئێستا چۆن بژی، هەرکە ئەمەشتزانی، توانای دانانی بەرنامەشت بۆ داهاتوو دەبێ. واتە ڕابردوو و حاڵی حازر و داهاتوو، بەیەکەوە دەبەستیتەوە. ئیتر تۆ و مێژوو و سەرچاوەکانی.

**وەرگێڕ**

**خالید هەرکی**

**١٦/٥/ ٢٠١٩ هەولێر/ زین سیتی**

FB: Xalid Herki

# (١)

## ئەمە فۆردە  لینکۆلن نییە
## پاسەوان گۆڕین

(جیراڵـد ڕودوف فـۆرد) پیـاوێکی ئـاڵۆز نەبـوو، لە زۆربەی  ڕووداوە مێژووییەکـانی نەتەویدا، بڕوای بە قەزاو قەدەر هەبوو، یەکەم سەرۆکی هەڵنەبژێردراو بـوو کە دە سـاڵ دوای جەنگی ڤێتنـام داوای تیمـارکردنی زامەکـانی ئەو جەنـگەی دەکـرد، ئەوکـات کـارە ڕیسـواییەکـانی واتەرگێتـیش (Watergate  scandal) زیـاتر ڕیزەکـانی گەلـی لە یەکدی ترازاندبوو، بە جۆرێـک لێکترازابـوو لە دوای شـەڕی نـاوەخۆوە ئەمەی بەخۆیـەوە نەدیبوو.

فۆرد بە پێچەوانەی کەسایەتییەکانی تر کە لە هەوڵی سەرکەوتن و وەدەسـتهێنانی پلە و پۆسـتدا بـوون، ئەم کەسـێکی هـێمن و ئـارامبوو، وێـڕای  ڕووداوە نەتەوەییـەکان، بـڕوای زیـاتری بە مـیلەتەکەی هەبـوو، زنجیـرەیەک قەیرانـی نێـودەوڵەتیی تێپەڕکـردن و قۆناغی نوێبوونەوەشی بە ڕووی کۆمەڵگەی ئەمریکیدا واڵاکرد.

فۆرد بەر لە یەک سـاڵ لە گەیشـتنی بەم پۆسـتە، لەو بـڕوایەدا نـەبـووە پێـی بگـا، هەموو ئومێد و خواستەکانی گەیشتن بـوو بە پۆسـتی سـەرۆکی ئەنجـومەنی نـوێنەران ، گەیشـتنیش بەم پۆسـتە بەهـۆی قـۆرخکردنی کـۆنگرێس، لەلایەن حزبـی دیمـوکراتەوە کارێکی ئاسان نەبوو، ڕاستییەکەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری  ١٩٧٤ بە نیازی وازهێنان بوو، کتـوپڕ ڕیچـارد نیکسـون لە نـۆڤەمبەر لە دوای دەسـت لە کارکێشـانەوەی سـبیرو ئەگینیـو، بە جێگـری سـەرۆک دادەمەزرێ، لە دیسـەمبەری ١٩٧٣ پۆسـتەکە دەگرێتە دەست و دەڵێ  (من لینکۆلن نیم فۆردم).

هیچ کاتێک هەستی بە هەژموونی کاندیدانی سەرۆکایەتیی نەدەکـرد، سـەردەمانێک گەرمەی شەڕی سارد بوو، ئەمریکـا سـەرقاڵی کـاری نـاوەخۆ بـوو، لەم کـاتەدا هەسـتی

نوێبوونەوە بەو خەڵکە بەخشرا، هێمنی فۆرد جوانترین دیاری بوو بۆ گەلەکەی، کە نەوەی دواڕۆژیش پێیانزانی کارەساتەکان چەندە لێیانەوە نزیکن، ئەوکات بەهۆی هێمنی و ئارامی فۆردەوە لێیان دوورکەوتنەوە.

تەنانەت ئەو کەس و بەرپرسانەی ئەو کاتە لە یەکترازانی گەلی ئەمریکیان دەبینی، کاریان بۆ چەوساندنەوەی میلەتەکەیان دەکرد، ئیدارەی نیکسۆن ڕووبەڕووی شپرزەیی و دووبەرەکی و ململانێ ببووەوە، لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان و ڕقهەستان لە دەزگەکانی ڕاگەیاندن، بەو هۆیەوە هەموویان تووشی بێئومێدی ببوون.

من بە بینینی دوو ڕۆڵ، وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتیی و وەزیری دەرەوە، ترسی هەمیشەیی من ئەوە بوو؛ واتەرگێ (Watergate) بە خێرا دەهات، لەوە دەترسام ئەگەر دەسەڵاتی نیکسۆن درێژەی هەبێت، وەکو ڕکابەرێک خۆی تاقیکاتەوە، یاخود بێ بەرگی ئیمپراتۆرییەت ئاشکرا بکا، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ئیدارەی نیکسۆن لە هەڵوەشانەوە نزیک دەبووەوە، بەڵام لەوەیان سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە کۆنترۆڵی شەڕی عەرەب- ئیسرائیل بکا لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ و دەسەڵاتەکانی سۆڤیەتیش لە ڕێگەی ئەو دوو ڕێککەوتنەی (جیاکردنەوەی هێزەکان) کەم بکاتەوە، هەروەها بەڕێوەبردنی دبلۆماسیەتی سێ قۆڵی لەگەڵ پەکین و مۆسکۆ، بە سەرکەوتوویی تێپەر بکا.

سەرنەکەوتن لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی وڵاتێکی زلهێزی دیموکرات، نابێتە مایەی لاوازی هەڵوێستی نێودەوڵەتیمان، هەروەکو هەندێک کتێب دەیکەنە پێوەری سیاسی، بۆیە نابێ دۆست و دوژمن ئەم گریمانە بخەنە بەرچاوی خۆیان کە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی بە تەواوی کامڵ نەبووە، سەرەڕای ئەمە پێگەی سیاسیی نیکسون لەم پێنج ساڵە سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە سیاسەتی دەرەوە بەدەستهێنا. دەمانتوانی لە سیاسەتی فرتوفێڵ نزیک کەوینەوە. لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ لە کۆتایی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەرکەوت کە لە توانامانـدایە هێزەکانمان بڵاوە پێبکەین، لە ناویاندا جبەخانەی ئەتۆمی، بەڵام هەر مانگێک تێدەپەڕی دەستەکانمان خاوتر دەبوونەوە، لە کاتی خواستراو دەژیاین.

بە کەڵەکە بوونی ڕێکارەکانی تۆمەتبارکردن، هەڵسوکەوتی تایبەتی نیکسۆن سەرەو لێژ دەبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوشانی ڕووداوە سیاسیەکانی دەرەوە هەنگاوی دەناو مامەڵەی دەکرد، بەڵام بە بەسەرچوونی کات واتەرگێت (Watergate) پێگەو سۆزی نیکسۆنی دەخوارد، کاری ڕۆژانە بووە پرسێکی پەراوێزی، هەستم بە هاوسۆزیەکی مەزن کرد لەگەڵ ئەو پیاوە، کە کێشەکە لە دەستکردی خۆی بوو، لە سەرەتای تەموزی ١٩٧٤ ئەم هاو سۆزیەم زیاد دەکا، وەکو هەستی زۆر لەوانەی لە کارەساتی هاوشێوەی نیکسۆن ڕزگاریان بووە.

پرۆسەی ماندووکردن کۆتایی نەدەهات وا پێدەچوو کە کۆتاییشی نایە، تەنانەت ئەو کاتەی دادگای باڵاش فەرمان دەدا کاسێتەکان بدرێنەوە داواکاری گشتی، چونکە ڕاهاتبوون لەگەڵ قەیرانەکانی ڕۆژانە کە گومانم لە کۆتا هاتنی دەکرد. لە ٢٥ی تەموز یاوەری (هانز دیتریچ گینچر)ی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیام کرد بۆ دیدەنی سەرۆک لە بارەگای هاوینەی کۆشکی سپی لە (سانت کلیمینت). دوای کاتژمێرێک لە تێڕوانینی ژێر بە ژێر گینچر ئەو پرسیارەی لێ کردم کە ئازاری دەدام : دەبێ تا کەی ئەم دۆخە بەردەوام بێ؟



لە ٣١ی تەموز (ئال هێگ) کە ئەو کات سەرۆکی نوسینگەی سەرۆک نیکسۆن بوو، داوای دیدەنییەکی بە پەلەی لێ کردم، پێی ڕاگەیاندم کە یەکێک لەو کاسێتانە

دادگا فەرمانی داوە ڕادەستی داواکاری گشتی بکرێ، بەڕاستی ( ئاگرێکی بێ دووکەڵ) بوو، ئەو کاسێتە بە دروستی ئەوە دەسەلمێنێ کە نیکسۆن لەو پیلانە بەشدارە، هیگ ناوەڕۆکی ئاشکرا نەکرد. تەنانەت ئەوکاتەی لە لێواری مەترسیشدا بوو ئاشکرای نەکرد. واتەرگێت (Watergate) بە ڕووخساری سریالی بەردەوام دەبێ، کۆشکی سپی بڕیار دەدا لە ٥ی ئاب کاسێتەکە بڵاوکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ چیرۆکەکەی لەسەر بنیادبنێ، ڕۆژی دواتر هاوڕێم خاتو (دایان سویر) کە ئەوکات یاریدەدەری (رون زیگلر)ی سکرتێری ڕۆژنامەوانی نیکسۆن بوو، ئێستا ڕاگەیاندکارێکی نیشتمانییە، هاتە لام بۆ ئەوەی بەدوا داچوون بۆ هەندێک پرسی گشتی بکا، ئەوانەی پێوەندیان بە سیاسەتی دەرەوە نەبێ، وەکو گوتم گوێی لە کاسێتەکە نەبووە، بەڵام بڕوای وابوو کە پرسەکە هێشتا پێ نەگەیشتووە، لێ ئێمە بە مردن و خوێن لێ بەربوونێکی لەسەرەخۆ حوکم دراوین، وەکو مەزندەی دەکرد لە کاسێتەکە ڕزگار دەبین.

بەڵام (دایان)ی ژیکەڵە و هۆشیار هەڵەبوو، لە کاسێتەکە زۆر بە ڕوونی دەنگی نیکسۆن دەبیستراو دەناسرا کە ڕێنمایی بە ( ه،ر.بووب هالدمان H.R. Haldeman) سەرۆکی فەرمانبەران دەدا: هەوڵ بدەن ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی بەکاربێنن بۆئەوەی (مەکتەبی فیدراڵی FBI دەستی بە واتەرگێت ( Watergate ) نەگا، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە کار بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم دادپەروەری کراوە. لە شوێنێکی تریش بە ڕوونی باس لەو تەقینەوە دەکا کە لە دوای بڵاوکردنەوەی (شۆڕشی ئەنجومەنی وەزیران) و بڕیاری گەورە بەرپرسانی کۆماری بە دەستبەرداربوون لە سەرۆک و دیدارەکانم لەگەڵ سەرۆک نیکسۆن و دوا دیدارە ناخۆشەکەم لە ژووری لینکۆلن، یەک شەو بەر لە دوایین شەوی کۆشکی سپی ڕوویدا، ئەم وردەکارییانەی هەموو لەخۆ گرتبوو، تا ئەو کاتەی ٤٨ کاتژمێر دوای بڕیاری نیکسۆن بە دەست لە کارکێشانەوە، کە لە ٩ی ئابەوە کاری پێ کرا، لە لاپەڕەکانی داهاتوو باس لەو کاتانە دەکەم کە بۆ کارکردنم لەگەڵ (جیرال فۆرد) تەرخان کردبوو کە دواتر دەبێتە سەرۆک.

ئەو ڕۆژەی کە کاسێتەکان ڕادەست کرابوون بەیانییەکەی نیکسۆن تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای شتێکی سەیری لێ کردم و گوتی:

(دەتوانم جێگری سەرۆک ڕابگەیەنم و داوای ئەندامە باشوورییە سەرەکییەکانی کۆنگرێس بکەم، تا لەسەر پرسی کاروباری دەرەوە لەگەڵیان بدوێم؟)

نیکسۆن مەبەستی لەم داواکارییەی بۆ ڕوون نەکردمەوە، بەڵام بە دڵنیاییی بۆ ئەوەی بوو هانی ئەو نوێنەرانە بدات دەنگ لەسەر سزا تۆمەتییەکەی نەدەن.

نزیکەی دە ساڵ بەر لە ئێستا من دیدەنیم لەگەڵ (جیرالد فۆرد) کردبوو، ئەو کاتەبوو کە ئەو وەکو مامۆستایەکی زانکۆ لە (هارڤارد) سەبارەت بە کاروباری بەرگری کاری دەکرد، بە سەرپەرشتی خوێندنگەی هارڤارد بۆ مافەکان و خوێندنگەی ئیدارەی گشتی، کە ئەمڕۆ بە ناوی خوێندنگەی (جون ف. کینیدی بۆ حوکمڕانی) دێتە ناسین، چاوپێکەوتنم لەگەڵی دا کرد، فۆرد لەسەر چۆنییەتیی بەڕێوەبردنی بودجەی بەرگری لەلایەن کۆنگرێسەوە گوتە و باسەکانی دەستپێکرد، ئەم بابەتەش بە هۆی ئەوەی ئەو ئەندامی (لیژنەی بەرگری بوو لە ئەنجومەن، شارەزایی تێدا هەبوو، چونکە ئەو دۆخەی دژی جەنگی ڤێتنام دروست بووبوو، خوێندکارەکان سەرنج و تێبینیی ئەرێنیان لەسەری هەبوو، دژی ئەو کەسانەش بوون کە لایەنگری ڤێتنام بوون.

دوای ئەوەی دەبێتە ڕاوێژکاری نیکسۆن لە کاروباری ئاسایشی نەتەوایەتیی و بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی کەمینەبوو لە ئەنجومەنی نوێنەران، دەیتوانی لە هەندێک لە دیالۆگ و گوتوبێژەکانی کۆشکی سپی بەشداربێ، بەشدارییەکانی لەو گوتوبێژە هەستیار و خۆشگوزەر و بە پشتگیربوون، لەو هەشت مانگەی پۆستی جێگری نیکسۆن دەگرێتە دەست، بۆی دڵسۆز دەبێ، لەو ماوەیە لە کێشە و ئابڕووبەرییەکەی (واتەرگێتWatergate) ەوە دوور بوو و دەستی بۆ کاری مەزنیش نەدەبرد لە کۆشکی سپی، من مانگی جارێک دانیشتنم لەگەڵیدا هەبوو، لەو دانیشتنانە من سیاسەتی دەرەوەیم بۆ کورتدەکردەوە، لەکاتێکدا (سکوکروفت)ی جێگرم لە منی زیاتر دەبینی، فۆرد تەنها هەندێک پرسیاری لەسەر ڕوونکردنەوە لێ دەکردم، چونکە جێگرێک بوو بەبێ دەسەڵات بۆیە پێی خۆشبوو پێشنیارەکان ڕووبەڕووی سەرۆک بکرێنەوە.

ئەو بەیانییەی ڕۆژە چارەنووسسازەکەبوو لە ٨/٢٥ من ئەو پرسیارەم لە فۆرد نەکرد، ئاخۆ چی لە مێشکیدا دەخولێتەوە. لەسەر داوای سەرۆک نیکسۆن بانگێشتی ئەندامە باشوورییەکانی کۆنگرێسی کردبوو و لەسەر دۆخی سیاسەتی دەرەوە دوابوون،

لەم ڕووەوە هیچ لێدوانێکی بۆ نەدام، ئێستا دەزانین، کە گروپێکی بچووک پێکهێندرابوو بۆ ئەوەی ئامۆژگاریان بکا کە گۆڕانەکان بەڕێوەن. بەڵام ئایا هەوڵی ئەوەیدا سەرنجی من بە لای خۆیدا ڕابکێشێ؟ ئایا پێی وابوو کە نیکسۆن ڕووبەڕووی هەندێک لە ڕووداوانی دەکات؟ بیرکردنەوەکانی هەر چییەک بووبێ ئەو کەسێکی سەرڕاست بوو و گگوتی:

( ئەوەی سەرۆک لێم داوا دەکات من جێبەجێی دەکەم). ئەمەشی گوت : (کە ئەمە هیچ کارێک ناکاتە سەر دەنگدانەکەی سەر سزادان)، کارەکان بە دوور لەم ئاڕاستە هەنگاویان نا، پرسی سیاسەتی دەرەوەش کار ناکاتە سەر بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران.

کاسێتەکە ڕادەستکرا و گوێی لێ گیرا، فۆرد لە ٦ی ئاب هەنگاوێکی کەم وێنەی نا، کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خۆی لە سەرۆک دوورخستەوە، گگوتی لەمڕۆ بەدواوە لەسەر پرسی واتەرگێت (Watergate)بەرگری لە هەڵوێستەکانی سەرۆک ناکەم. بەڕاستی پێشتر ئەم هەڵوێستەی نەدەنواند ئەگەر گوێی لە کاسێتەکە نەبووایە، خۆ دوورخستنەوە و بێدەنگی لە سەرۆک ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو بەشێکە لە سەرۆکایەتی، جەختیشی لەوە کردەوە کە لەو دووڕیانە سەرۆک جێ دەهێڵێ بەڵام درێژە بە پشتگیری سیاسەتەکانی نیکسۆن دەدا:

(هەمووتان ئێستا دان بەوە دەنێین کە ئەو هەڵوێستەی منی تێدام ئاسان نییە، کەسیش وەکو من داخ بۆ ئەم تراژیدیایە ناخوا. من سۆزێکی تایبەتیم بۆ تۆ و خانەوادەکەت هەیە جەنابی سەرۆک، بەڵام دەمەوێ جەخت لەوە بکەمەوە، ئەگەر دڵنیانەبوومایە ئەوەی لە کاسێتەکەدا هەیە گوێم لێ دەبێ، من وەکو سەرۆکی کەمینە یاهن جێگری سەرۆک بەر لە بیست و چوار کاتژمێر ژمارەیەک لە بەیاننامەم بڵاونەدەکردنەوە. من دوێنێ گەیشتمە ئەو بڕیارە و دیارە خۆشتان دەزانن، کە ئاگاداری میدیا و ڕۆژنامەکانم کردووەتەوە، ئەمەش بە هۆی پابەندیمەوە بە کۆنگرێس و کۆمار، چونکە من بەشێکم لەم بەرپرسیارییەتییە هیچ لێدوانێکم نییە. ناتوانم پێشبینی ئەنجامەکانی بکەم کە ئەنجومەنی پیران پێی دەگا، بەڕاستی باشترین سیاسەتی دەرەوەت پێ بەخشین، کارێکی مەزنیشت لەم پێناوەدا کرد کە مایەی ڕێز و

خۆشەویستی گەلی ئەمریکیت، ڕێگەم بدە دووبارە بڵـێم درێـژە بە سیاسـەتی دەرەوە و نەهێشتنی هەڵاوسانتان دەدەم).

لەو کۆبــوونەوە مــن لەگەڵ فــۆرد نەدوام، تــا ئەوکــاتەی نیکســۆن دەســتی لە کارنەکێشانەوە .

ئێستا مسۆگەر بوو فۆرد دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا، لەو هەفتە پڕ لە گەردەلوولە من نەمزانی دوای دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆک چارەنوسی من چی دەبێ.

بەر لەوەی من بیری لێ بکەمەوە، دیارە فـۆرد بەر لەمـن بڕیـاری لەبـارەی مـنەوە داوە، بەیانیی ٨ی ئاب، دوای ئەوەی دەست لە کارکێشانەوەی نیکسـۆن ڕادەگەیەنـدرێ، فـۆرد بە تەلەفـۆن پەیوەنـدیم پێـوە دەکـا و داوام لـێ دەکـا سـەردانی بـکەم، هەر لەو تەلەفۆنە بۆ ڕێزگرتن لە کات پـێم ڕادەگەیەنـێ ئـاخۆ ڕازیە درێـژە بە کـارەکەم بـدەم لە هەمان پۆست؟ دیارە لەوەش دڵنیایە، کە من ڕازی دەبم و لاریم نییـە، گوتـوبێژەکە بەم شێوە ئەنجامدرا:





فۆرد: بەیانی باش.

کیسینجەر: بەرێز جێگری سەرۆک!

فۆرد: هنری چۆنی؟

کیسینجەر: زۆر باشم.

فۆرد: ئێستا کۆتاییم بە گوتوبێژەکانم هێنا لەگەڵ سەرۆک، بڕیارەکەی واژۆکرد و ڕادەستی کردم، ماوەی کاتژمێرێک و بیست خولەک بەیەکەوە بووین، لە میانی باسەکانمان ئاماژەی بەوەدا، کە تۆ تاقە کەس بوویت لە ئەنجومەنی حوکم لە بۆچوونەکاندا یاوەری بوویت.

کیسینجەر: ئەمە ڕاستە.

فۆرد: هیوادارم ئەم ئێوارە بە یەکبگەین لە کاتێکدا، کە بۆ تۆ گونجاوبێ، من هیچ هەنگاوێکی ترم لەبەردا نەماوە جگە لە خۆئامادەکردن نەبێ.

کیسینجەر: جەنابی جێگری سەرۆک کاتژمێر ٣ی ئێوارە بۆ تۆ باشە؟

فۆرد: کاتێکی باشە، پێشوازیت لێ دەکەم لەو کاتە و ئینجا نەخشە و پلانەکانت هەر چۆنێکی بێ من لەگەڵیاندا، نیان دەبم.

کیسینجەر: دوای ئەوەی جەنابی سەرۆک دوێنێ قسەی لەگەڵ کردم من هەندێک پێشنیاری کاتیم بۆ ئامادە کردووی، دەتوانم لەگەڵ خۆمدا بیانهێنم؟

فۆرد: ئەڵبەت.

کیسینجەر: بریتین لە هەندێک هەنگاو، دەبێ لە ماوەی دوو ڕۆژی داهاتوو جێبەجێ بکرێن.

فۆرد: هنری من سوپاسگوزار دەبم هەر شتێک لەگەڵ خۆتدا بێنی.

کیسینجەر: باشە شتێکی هونەریش هەیە، دەتوانم ئاگاداری میدیاکان بکەمەوە کە من دێمە لای جەنابتان؟ یان ئەمەیان جەنابتان ڕایدەگەیەنن؟ ئەمە کارێکی زەروور نییە دەتوانین خۆمانی لێ دوورخەینەوە.

فۆرد: من هیچ ڕێگریەک نابینم لەوەی تۆ بڵێی من سەردانی دەکەم، هیچ زیانێک لەمەیاندا نابینم.

کیسینجەر: (هیچی ترمان نەگوت).

فۆرد: پێم وایە گرنگە ئەمە ڕابگەیەنین، بۆیە ئەمە بکە.

کیسینجەر: من لە تێگەیشتنی سیاسەتی دەرەوە دەگەم کە کاریگەری خۆی دەبێ.

فۆرد: بە هەر ڕێگایەک پێت باشە ڕاییگەیەنە، دوو دڵ مەبە و پێچ و پەنای ناوێ.

کیسینجەر: پێم وایە واباشە، کە بڵێم ئێوە داواتان کردووم، بمبینی و منیش کاتژمێر ٣ دێمە لای جەنابتان.

فۆرد: زۆر باشە، هنری.

کینسجەر: من نزات بۆ دەکەم، خۆشتان دەزانن جەنابی جێگری سەرۆک کە دونیا هەمووی چاوی لە تۆیە.

فۆرد: دەزانم ئەی هنری، کە هاتی بە دوور و درێژی قسان دەکەین، هەروەکو لە گوتوبێژەکانی پێشتریش گوتومە بە ڕاستی دەمەوێ لەگەڵم دابی و لە کاتە تەنگەکان لە تەکم بووەستی.

کیسینجەر: جەنابی جێگری سەرۆک دەتوانی پشتم پێ ببەستی، دەرفەتی زۆرمان لە بەردەم دایە بۆ دوان لەسەر ئەم بابەتانە.

فۆرد: چونکە هیچ گومانم نییە، بۆیە من ئەمەم هەر ئێستا مەبەستە.

کیسینجەر: من پێشوازی گەرمم بۆ هزر و بۆچوونەکانت هەیە.

فۆرد: کەوابێ کاتژمێر٣ دەتان بینم.

ڕووداوەکانی دڵتەنگی هەمیشە لە گوتوبێژە دڵتەنگییەکان ڕاناگەیەندرێن، ئێستا دوای بەسەرچوونی دوو دەیە بەسەر ئەم ڕووداوانە هەڵوێستی خۆمم بە سەرسوڕمانی دێتە بەرچاو، ئەوکات ئەو بڕیارەی نیکسۆنم لا سەیربوو کە بە فۆردی گوتبوو دەتکەم بە سەرۆک، لە شێوازی پێراگەیاندنەکە گەیشتبووم، ئەو شێوازەش زۆر کاری تێ کردم کە چۆن بە خێرایی کۆتایی بەم ژاوەژاوە هێنا.

دۆخی دانیشتنەکەمان خۆشگوزەر بوو، لە بەشی ساختمانی بیرۆی جێبەجێکردن لە نوسینگەی سەرۆک ئەنجام درا، ئەو بەشەی لە جەنگی دووەمی جیهانی بۆ وەزیری دەریاوانی تەرخان کرابوو، وەکو کێکی زەنجەفیل بە ڕێڕەوێکی تەسک لە کۆشکی سپی جودا کرابووەوە، ئەوەتا هەڵکەگوتی شوێنی نوسینگەی جێگری سەرۆک پێگەی بەهێز دەکا.

لە کاتەکانی نزمترین شێوازی بیروکراتیی و تا ساڵی ١٩٤٧ یش ساختمانی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی کۆن بۆ کاروباری وەزارەتی دەرەوە بە کار دەهات، پێشتریش بۆ فەرمانگەکانی سوپا و دەریاوانی بوو. لە واشنتۆن بینای لەم بینایانە بەرچاوتر و جوانتر نەبوون، ژوور و هۆڵی بەرفراوان و کۆشکی بەرز و هەیوانی خۆشیان لەبەردەمدا، بە مانای وشە تەلاری جوان و ڕێکبوون کە دەیانڕوانییە باخچە و چیمەن و سەوزاییەکانی دەوری کۆشکی سپی.

کاتی کۆبوونەوەکەم لەگەڵ فۆرد لە ئێوارەی هەشتی ئابدا بوو، من کورسییەکەم لەسەر لێواری بەلەکۆنەکە دانابوو، فۆرد لەسەر کورسییەکی ڕازاوە و پشت لە پەنجەرەکەوە دانیشت، لەسەرەخۆ و بە هێواشی و بێ دەستکاری دەستی بە قسەکان کرد و گگوتی:

(من تەنانەت بەر لە سوێند خواردنیش مەبەستم بوو هەواڵەکە ڕابگەیەنم، من لە یەکەم دیدارم لەگەڵتدا لە هارڤرد زۆر لێت ئاسودە بووم. (بەبێ دەستکاری گگوتی) بەرانبەر بە تۆهەستم بە دڵنیایی کردووە چونکە بەیەکەوە هەنگاو دەنێین)، منیش وەڵامم دایەوە : ئەرکی منە یاوەرت بم، نەک ناکۆک بم لەگەڵت.

تا ئێرە و دەستمان بە دوان لەسەر کێشە و گرفتەکان کرد بۆ ئەوەی لە تەنگژەکانی دەرەوە دوورکەینەوە. گرنگ بوو جەخت لەسەر درێژەپێدانی سیاسەتی

دەرەوە بکەیـن. لانــی کەم لە مــاوەی ڕاگواســتنەوەی دەســەڵات، بـۆ ئەوەی ســەرۆکە نوێیەکە بتوانێ بڕیار لەسەر ئەو گۆڕانکاریـانە بـدا کە مەبەسـتییەتی، بۆ ئەم مەبەسـتە بەرنامە و نەخشە ڕێگەی خۆم خستە بەردەمی، جگە لەمە پێم ڕاگەیانـد، کە پێویسـتە سـەرۆک لەگەڵ سـەرجەم بـاڵوێزی وڵاتـان لە واشـنتۆن کـۆببێتەوە، ئەمەش بـۆ ئەوەی بۆچـوونی خۆیـان بگـوازنەوە وڵاتەکانیـان و ئەوانـیش لە سـەقامگیری و گۆڕانکارییەکـان دڵنیا ببـنەوە، ئەم دوو هەنگـاوە بـۆئەوەی جیـاوازی هەبـێ لە نێـوان تێگەیشـتنی وڵاتە جۆراوجۆرەکان و توانای دەسەڵاتەکانی لەسەر پرۆپاگەندەکان.

بەلام دیتنی یەک بەیەکی باڵوێزەکان کارێکی ئاسان نەبوو بـۆیە پێشـنیاری کـرد بە گـروپ باڵوێزەکـان ببینــێ و لەســەر بنەمــای هەرێمـایەتی، بـۆ هەر گروپێـک نـزیکەی کاتژمێرێـک تەرخـانکرا، یەکەم کۆبـوونەوە لەگەڵ بـاڵوێزی وڵاتــانی هاوپەیمــان دەبــێ (ناتۆ)، دوای ئەوان وڵاتـانی ئەمریکـای لاتـین و دواتـر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ئەفریقـا، باشـووری ڕۆژهەڵاتــی ئاسـیا، چـونکە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی بـاکووری ئاسـیا ئەوەنـدە زۆر نەبـوون کۆمەلێکیـان لـێ پێـک بێـت، ژاپـۆنیش هاوپەیمـانێکی بنەڕەتیـیە و چینـیش وڵاتێکی خاوەن پێگەیە لە ڕووی دبلۆماتییەوە، بۆیە پێم باشە بە جودل لەگەڵ بـاڵوێزی ئەو وڵاتانە کۆببیەوە (ئانا تولی دوبرینین، باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت لە پشـودا بـوو لە کاتی گەڕانەوە لەگەڵ ئەویشدا دادەنیشـی)، دواجـاریش کۆبـوونەوەیەکی تـایبەتی لەگەڵ باڵوێزی کۆریا و ڤێتنامی باشوور، ئەم دوو وڵاتە ئەمریکا بۆ ئاشتیی و ئارامیان خوێنی ڕشتووە دەبێ دڵنیا بکرێنەوە کە سەرۆکی نوێ تێگەیشتنی هەیە لەسەر پابەندییەکانی.

فۆرد دەرفەتێکی وەرگرت تـا بە بەڵگەنـامە جـۆراو جۆرەکانـدا بچێـتەوە، داوای لە جون ئۆ مارش (جاک) کرد بەشداری لە کۆبوونەوە دوور و درێژەکەماندا بکا کە بەتەمای ئەوە بوو وەکو ڕاوێژکـار دایمەزرێنــێ، دوای گوتـوبێژێکی پچـڕ پچـڕ، فـۆرد ڕەزامەندییـدا لەگەڵ باڵوێزەکــان کــۆببێتەوە. بەڵام کاتێــک بەڵگەنــامەیەکی تــرم پێیــدا کە هەنــدێک پابەندیی تێدا بوو لێی دوودڵ بوو. لە ناویاندا زانیاریی گرنگ لەسـەر هەنـدێک کاروبـاری تایبەت بە حکومەتەکان، کە هیچیان جێبەجێنەکرابوون، ئەمەش کارێکی ناڕون بوو.

بە فۆردم ڕاگەیاند ئەگەر لە جێبەجێکردنی ئاسودە نەبێت، دەتوانین دوایانخەین، بەڵام بەرپرسیارکردنی لایەنێکی تر لە خەسڵەتی سەرۆکی نوێدا نییە، گگوتی: لۆمەی من دەکەن نەک تۆ، بۆیە بڕیار دەدەم.

ئەو تێبینییەی لەم یەکەم کۆبوونەوەدا کردی ئەنجامی بوو، بۆ یەکەمین جارە لە وەتەی هاتوومەتە کۆشکی سپی ئامادەبووان جێ دەهێڵم بێ ئەوەی بیرۆکەیەکم هەبێ، بە دڵنیاییەوە لەوەی کە بیستم بەولاوە هیچی تر نەبوو باسی لێوە بکەین.

نیکسۆن یەکێک بوو لە بەهرەمەندترین سەرۆکەکانی ئەمریکا، ئامادەبوو هەستیارترین بڕیاری ئازایانە بدا. بەڵام پێویستی بە تەنیاییەک هەبوو بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە دەرکا، نیکسۆن لە سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر گوتوبێژەکاندا تەنانەت ئەگەر هاوڕاش نەبووبی لەگەڵیدا، بێ توانا بوو (لە بەشەکانی داهاتوم ڕوونی دەکەمەوە). بەڵام لەگەڵ فۆردا دید و بۆچوونەکانی مرۆڤ لای ئەو بە تێبینی دەمایەوە، هەر لە یەکەم دانیشتنم دا هیچ خشتەی کارەکانم لێی نەدەشاردەوە، ئەو بڕوای تەواوی هەبوو، کە بە ئاشکرا هیچ پێشنیارێک ڕەت ناکاتەوە، خۆشی ناخاتە گێژاوی سەخت، کاتێکیش بە کتوپڕی دەگاتە پۆستی سەرۆکایەتی، کە هیچ کاتێک لەم بڕوایەدا نەبووە، هەستی بەوە نەدەکرد پێویستی بە خۆگنخاندنە، بۆ چارەسەری یەکڕیزیش میللەت پێویستی بەو دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوونەی فۆرد هەبوو.

## سەرۆکە نوێکە

بەرە بەیانیی ٩ی ئابی ١٩٧٤ ڕووداوێکی تراژیدیی بێ وێنە لە مێژووی ئەمریکا ڕوویدا، کاتژمێر نۆ و نیوی بەیانی لە (هۆڵی ڕۆژهەڵات) لە کۆشکی سپی سەرۆک نیکسۆن خوا حافیزی لە فەرمانبەرەکانی دەکات، ئەم خوا حافیزییە لە شەڕی ناوەخۆوە تا ئێستا بە لوتکەی دابڕان و لەیەکترازانی ناوەخۆی ئەمریکی دێتە ئەژمار.

لە هەمان ڕۆژ و هەمان هۆڵ لە کاتژمێر دوانزە و نیو (گیرالد فۆرد) سوێند دەخوا و دەبێتە سەرۆکی سیی وهەشتەمینی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کارەکان بە

شێوەیەکی تـر ڕێکخـرانەوە، بە جۆرێـک کە فـۆرد وتـاری دەدا ئاڕاسـتەی جیـاواز دەبـێ لەگەڵ ئاڕاستەی وتارەکەی نیکسۆن، گوتەکانی فۆرد وەکو ئاماژەیەک بوون بۆ سـەردەم و قۆناغێکی نوێ.

گوتەکەی نیکسـۆن دەربـڕی خەم و ئـازار بـوو، بە شـێوەیەک دوا کە جیـاوازبوو لەگەڵ ئومێدەکانی سەردەمی گەنجییەتی، باسی لە خـانەوادە و بەرنامەکـانی نەکـرد، لە وەسیەتنامەکەی (ڕوزفلدیش) نەدەچوو، کە شانۆی سیاسیی بەرتەسککاتەوە، کاتێکیش نیکسۆن هەموو ژیانی لە پێناو دانبەخـۆداگرتن تەرخـان دەکـا پێـی وایە ناشـیرن دەبـێ هەست و سۆزی ئاشکرا بکا، یەکەمین جار بوو نیکسۆن چاویلکە لە چاو بکا، سـەبارەت بە دەستەی فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی تووشی شۆک هاتن کاتێک دەبیـنن نیکسـۆن بەم شێوە نهێنییەکانی ئاشکرا دەکا و ئەگەر هەموو ژیانیشی شکسـت و پیسـی بـووبێ، دان بە شکستەکانی ناهێنێ.

دوای دوو کاتژمێرو نیو لە دەست بەکـار بـوونی فـۆرد، ڕایـدەگەیەنێ کە مـۆتەکەی نەتەوایەتییـان کۆتـایی هـات، جەماوەرەکەشـی، کە مـاوەی سـاڵ و نیوێـک بـوو لەو دڵە ڕاوکێیە دەژیان ئومێدەکانیان لەسـەر فـۆرد هەڵچنـی، کە چارەنووسـی ئەمریکـای کەوتە دەست.

لەم دوو دەسـت لە کارکێشـانەوە، کە بـووە مـایەی گەیشـتنی فـۆرد بە لـوتکەی دەسەڵات، من ڕۆڵێکی دیارم گێڕا، ئەگەر ئەم ڕۆڵە هونەری نەبێ.

بەیانییـەکەی کـاتژمێر یـانزە و سـیی و پێـنج خـولەک جەنەڕاڵ (هێـگ) دەسـت لە کارکێشانەوەکەی ڕادەست کردم، کە ئاڕاستەی خۆم کرابوو، بە پێی ئەوەی من وەزیـری دەوڵەت بووم لە نوسینگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتیی لە کۆشکی سپی. هـەموو دامەزراندنێکی سەرۆکایەتی دەبێ وەزیری دەرەوە پەسندی بکا، بە هەمان شێوە دەسـت لە کارکێشـانەوەی سـەرۆک و جێگرەکەشـی، ئەمە ئەو ڕێنمـا و ڕێچـکە بـوون کە پێشـینانمان گرتبوویـانە بەر و ئێسـتاش لەسـەری بەردەوامـین، وەکـو دۆخـی سـەرۆک وەزیرانی کۆماری پێنجەمی فەڕەنسـی وایە، لە ١٠ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٣ بە فەرمـی دەسـت لە کارکێشـانەوەی (سـبیرو ئەگینیـو)ی جێگـری سـەرۆکم پـێ گەیشـت و هـی

نیکسۆنیش لە ٩ی ئابی ١٩٧٤، ئەوکات مرۆڤ ئومێدی بە تۆماری هەمیشەیی دەست لە کارکێشانەوەی پەیدا کرد بۆ پۆستە باڵاکان.

کە توانرا (ئەگینیو) ناچار بکرێ دەست لە کاربکێشێتەوە و دوور بخرێتەوە، ئەوەی لە دەستکردە بنەڕەتییەکانی نیکسۆن بوو، ئیتر ئەوانی تر وەکو کەشتییەک وابوون کە لە دوورگەیەکی گەمارۆدراو مابنەوە، لەم ئان و ساتە من لە توانامدا بوو لە بژاردەکانی سەرۆک بگەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخە سیاسییەکانی داهاتوو کە پێشتر من لەم جۆرە بابەتانە دوور خرابوومەوە. ئەو سێ مەرج و بنەمای دەستنیشان کردبوون بۆ دیاریکردنی جێگری سەرۆک:

کێ باشترین سەرۆک دەبێ، کێ متمانەی تەواوم پێ دەکا بێ ئەوەی کێشەم بۆ دروست بکا، کێ دەتوانێ کەمترین دەرفەت بۆ ئەو کەسانە دەستەبەربکا، کە بەرەنگاری لە کەم و کورتییەکان دەکەن.

لە نێوان پاڵێوراوەکان نیکسۆن ( جون ب، کونیلیی کۆنە وەزیری دارایی و حاکمی ئێستای تکساسی ) بە باشترین کەسیی زانی بۆ ئەم پۆستە و (بیلسۆن ڕوکفلەر)ی حاکمی نیویورکیش وەکو بژاردەی دووەمی، کانیلی تاقە کەسێک بوو کە من هیچ جارێک لە زمانی نیکسۆنەوە نەمبیستوە گلەیی لێی هەبی، بە دڵنیایی یەکەم کاندیدی بوو کە ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەش نەببووەوە بەڵام لە دواییدا سەرزەنشتکرا.

سۆزی نیکسۆن بەرانبەر بە کونیلی ئەوەندە بەهێز بوو، ئەگەر بتوانێ ناحەزێکی خۆی بۆ هەتا هەتایە دامەزرێنێ ئومێدەکانی ڕوکفلەری لە ناو دەبرد، بە دیدی نیکسۆن تاقە گرفت بۆ دەست نیشانکردنی ڕوکفلەر بۆ ئەم پۆستە بۆی هەبوو لێکترازانێک لە نێو ڕیزەکانی پارتی کۆماری دروستکا (دواتر نیکسۆن گوتبووی بە تەما بوو ڕۆنالد ڕیگن کاندیدکا بەڵام لەوە دڵنیانەبوو ئاخۆ دەنگی پێویست بە دەستدێنێ یان نا، هەر بەم هۆکارەوە بە هیچ شێوەیەک ناوی نەهێنا).

لە میانی پرۆسەی دابەزاندن ناوی جیرالد فۆرد وەکو پاڵێوراوی نیکسۆن هات، دیارە وەرگرتنی ڕەزامەندی و قبوڵکردنی کارێکی ئاسان بوو چونکە بە دیدی نیکسۆن فۆرد کەسێکی گونجاو بووە بۆ جێگری سەرۆک، دواتر پێی وابووە فۆرد تایبەتمەندییەتیی تریشی هەیە بۆیە لە کۆنگرێس با ئاسانی ڕەزامەندیی لەسەر دەدرێ،

لاوازیشی لە ڕووی کارگێڕییەوە دەبێتە پاڵپشتێک بۆ نیکسۆن کە لە لایەن کۆنگرێسەوە بە تۆمەتی کەمتەرخەمی تاوانبار نەکرێ، ئەمە و لە گەلێک بۆنەدا نیکسۆن ئەمەی ڕاگەیاندبوو کە کۆنگرێس زاتی ئەوە ناکا کەسێک بگۆڕێتەوە بە کەسێکی خاوەن توانا و شارەزاییەکی کەم لە کاروباری نێودەوڵەتی.

بەڵام دەستنیشانکردنی جێگری سەرۆک هیچ کێشەی بۆ تۆمەتبارکردنی نیکسۆن دروست نەکردبوو، چونکە ئەوکات ئابڕوبەرییەکەی واتەرگێت (Watergate) قورسایی و دەنگۆیەکی زۆری هەبوو.

فۆرد لە ٣١ی ئۆکتۆبەر بەبێ کێشە وەکو سەرۆک دەیاریکرا، دواتریش دوای دە مانگ سەرۆکاتییەکەی دەچەسپێندرێ بە یەکجارەکی کە جێگەی دڵخۆشی و پێشوازی گەل بوو.

ئەوکاتەی فۆرد سوێندی سەرۆکایەتیی دەخوا، نە خۆی و نە یاوەرەکانی توانای ئەویان لێ دیار نەبوو، ئاخۆ لەم پۆستەیدا سەرکەوتوو دەبێ یان نا، ئەو بەبێ ئەزمونێکی جێبەجێکاری ئەم پۆستەی گرتە دەست، لە کاتێکدا نەتەوەی ئەمریکی لە دۆخی دابەشبووندا بوو، فۆرد لە پێناو نوێبوونەوەی نەتەوەکەیدا ئەم پۆستە دەگرێتە دەست، بەڵام ئەو سەرفرازی و متمانەی گەلی لە دەستدا نەبوو، لەوکاتەی دوای ئاڵۆزییەکانی ڤێتنام و ڕووداوەکەی واتەرگێت (Watergate). ئەمریکییەکان پێیان سەیر دەبێ سەرۆکێک لەم دۆخە دەسەڵات دەگرێتەدەست، خەم لە بەرزڕاگرتن و بووژانەوەی پیرۆزمەندیەکانی نەتەوەی ئەمریکی دەخوات.

ئەو پەیوەندییە خۆرسکییە و کەرامەتی مرۆڤ و نەبوونی ڕق و کینەی لە ئەمریکا بەدی دەکرێ لە هیچ وڵاتێک بوونی نییە، لە ئەنجامی ئەم ڕەوشە فۆرد دەتوانێ ئەم بەربەستانە ببڕێ و یەکریزی و بڕوابوون بە خود بۆ ئەمریکییەکان بگێڕێتەوە.

دواتر هەندێک میدیاکار سوکایەتیی بە ماوەی سەرۆکاتییەکەی دەکەن، چونکە سەرۆک فۆرد لە خۆدەرخستن وەکو سەرۆکێکی سیاسەتوانی سەردەمانەی بەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان کێماسیی هەبوو، سەرۆکە نوێیەکان بوودجەیەکی تایبەتیی زۆر بۆ هەڵمەتی خۆدەرخستن و دەرکەوتن لە میدیاکان تەرخان دەکەن، بۆ ڕیکلامکردن بە

ملیۆنان دۆلار بە ڕۆژنامەکان دەدەن، ئەمە کار دەکاتە سەر دەنگدەر و ناچاری دەکا دەنگ بەم سەرۆکانە بدەن.

لە سەردەمێکیشدا کە وشە و نووسین شوێن وێنە دەگرێتەوە سەردەمی تەکنەلۆژیای پێشکەوتو دەبێ خەڵک زیاتر هەست بە بێ متمانەیی دەکا، بە هۆی ئەوەی لە هەموو شتەکان ئاگادارە، بەو هۆیەوە پڕۆسەی لە یەکگەیشتن لە پڕۆسەیەکی ئەرێنییەوە گۆڕدرا بۆ پڕۆسەیەکی نەرێنی.

لە کاری هاوبەشەوە بۆ زانیاریی هەرسکراو، مرۆڤ لە ڕێگەی نووسین و خوێندنەوە زانیاری وەردەگرێ و فێردەبێ، بە پێچەوانەی ئەمەش وێنەکان شتی تر نیشان دەدەن و فێردەکەن بینەر دەوروژێنن سەرنجەکان بۆ ئەوکات چڕ دەبنەوە، بۆیە دەستەواژەو تێگەیشتنەکان هەمیشەیین، بەڵام تێبینی و سەرنجەکان کاتی و لە گۆڕاندان.

بە ڕاستی تەکنەلۆژیای نوێ شێوازو ڕۆڵی هەڵبژاردنی کاندیدی سیاسیی گۆڕیوە، پیاوە مەزنەکانی جاران ئەرکی ڕابەرایەتیی و بەرپرسیارییەتیی میلەت و ئاراستەکردنیانی دەگرتە ئەستۆ ئەوان وەکو پاڵەوان سەیری ڕۆڵی خۆیان دەکرد، ئەرکە قورسەکانیان دەگرتە ئەستۆ، سیاسەتوانی سەردەم کەمتر چاویان لەوەیە وەکو پاڵەوان سەیر بکرێن، ئەوان وەکو سەرکردە و سیاسەتوانانی کۆن کوشتەی دیکۆرو خۆدەرخستن نین. لەگەڵ ئەوەی سیاسەتوانی سەردەم ئەوەندەی بایەخ بە گوتەکانی دەدا، ئەوەندە بایەخ بە بیرکردنەوەکانی نادا، بەم هۆیەوە گەلێک جار ناتوانێ ئامانجەکانی بێنێتە دی.

بە ئامانج نەگەیشتنیش بە هۆی ناکۆکیەکانی دیموکراسیی سەردەمەوەن، سیاسەتوانە سەردەمیەکان وەکو کۆنەکان بە دوای نهێنی پەیامەکانیان وێڵ نین، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو کۆمەڵگاکان لە زۆربەی بوارەکانی دیموکراسی لەوە کەمتر ڕێز لە سیاسەتوانە سەردەمیەکان ناگرن.

لە ئەمریکاش بە هاتنی کینیدی پیادەکردنی سیاسەت لە نێوان شێوازە کۆنەکە و سەردەمیانەکەدا گوزەر دەکا، ئەوەتا سیناتۆرێکی گەنج لە ڕێگای زمانی پاراو و لێدوانە ڕوون وئاشکراکانی و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سەرکەوتووەوە دەگاتە پۆستی سەرۆکایەتی، بەڵام ماوەی سەرۆکایەتیی جون کینیدی کورت بوو تا بتوانێ لە نێوان

شـێوازی پاڵەوانییـەتیی و ئەسـتێرەبوون یەکێکیـان هەڵبژێـرێ، هەرچەنـدە کینیـدی لە توانایـدابوو هەردووکیـان هەڵبژێـرێ، ئەو بە پـێچەوانەی ئەوانـی پێشـتری بـوو کە هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو شێوازە بە پێویست نەزانێ.

لیندون جونسۆن کە شارەزایەکی سیاسـەتی لاسـایی کەرەوەبـوو، خـۆی لاوازکـرد ئەوەنـدەی بە دوای گەمـارۆدانی کینیـدیەوە خەریکبـێ تـا لاسـایی کـاتەوە، ئەمە بـۆ سەرۆکێکی سەردەمی جونسۆن کارێکی ئاسان نەبوو، بەلام کینیدی مردنـی کتـوپڕی بـۆ دەبێتە یادێکی زیندوو، هەوادارانی بە دڵێکی خۆش پێشوازیی لێ دەکەن و بۆ ئەو بووە نەریتێکی جێماوە، کەچی کاتێک جۆنسۆن لاسایی ئەمە دەکاتەوە یاوەرانی قبوڵ ناکەن.

دۆخی نیکسۆن لەمە توندتر بوو، هـیچ سـەرۆکێکی سـەردەم بە قەدەر ئەو تـاک و جـدی نـابێ کە زۆربەی کاتەکـانی بە تەنیـایی دەبـێ، هەمیشــە وێـنەی دەکێشــا و دەیخوێندەوە، بۆیە ئەگەر کەسێک هەبێ لە سەردەمی بێ نووسـین ژیـابێ ئەوا (ریچـارد م. نیکسۆنە) بە ڕادەیەک شارەزا بوو لە سیاسەتی دەرەوە، بۆ ئەو سەردەم هاوشـێوەی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەو کاسـێتانەی لە بیـرۆکەی وەدەرنـران دەردەکەوێ کە کـاتێکی زۆری بەفیـرۆ داوە لە دوای خۆمەلاسـدان و گەمـارۆدانی ئەو کەسـانەی کە لە دەزگــەی بەناو (دەزگەی ڕۆژهەلاتی) کاریان دەکرد، کە جیرالد فۆرد ناوزەدترینیان بوو .

هەرچەنـدە بـڕواو سیاسـەتەکانی نیکسـۆن لەسـەر سیاسـەتی دەرەوە جێگیـر و بە بڕوابوون، بەلام ئەو زوو بە زوو پەسندی نەدەکرد تا نەک تەنها ڕەزامەنـدی گەل بـەڵکو ڕەزامەندی نوێنەری چینەکانیشی لەگەڵدا نەبووایە، کردەوەکانی پاڵەوانـانە بـوون، بەلام لە پێنـاو گەیشـتن بە نازنـاوی ئەسـتێرە و کەمکـردنەوەی ڕۆڵ و پـێگەی ڕکابەرەکـانی حوکمی نەرێنیی لەسەر دەدرا.

کەسـایەتی جیرالـد فـۆرد لەگەڵ ئەو کەسـە زۆر جیـا بـوو، کاتێـک لە نێـو ڕیـزی حزبەکەیدا لە ئەنجومەنی نوێنەران نـاو دەردەکـا، بـۆ ئەوەی بپـارێزرێ لەو سیاسـەتوانە سەردەمیانە، گەمارۆی دەدەن و دەیپارێزن.

خـۆی دوور دەکـردەوە بـۆ ئەوەی وەکـو پاڵەوانێـک دەرکەوێ، کـاتێکیش پێیـان دەگـوت خواوەنـد ئەم ڕۆڵەی بە تـۆ سـپاردووە، شـەرمی دەکـردەوە و جـۆش دادەمـا، سەبارەت بە سەرکردەی نەتەوایەتی، کەسێکی ئازاو خاوەن خەسڵەتی جوان بوو.

فۆرد بە پێچەوانەی سیاسەتوانە سەردەمیەکان لەوە بە ئاگابوو کە شارەزاییەکی ئەوتۆی لە سیاسەتدا نییە، شەرمی پێ نەبوو دانی پێدا بنێ، لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٧٥ بە تەلەفۆن پێی گگوتم:

( من لەو کەسە زانا و تێگەیشتوانە نیم، بیریش لەوە ناکەمەوە لەوان بم، من تەنها دەمەوێ وەکو خۆم بم). هەر دوای هەفتەیەک فۆرد بۆ هەمان بابەت دەگەڕێتەوە، من پێم وایە ڕۆڵی باشی گێڕا و بە پێچەوانەی زۆربەی سیاسەتوانەکانی سەردەم لە تەلەفزیۆن گلەیی لە خۆی کرد نەک لە ڕاگەیاندن: من وا هەست دەکەم کە دەتوانم لەمە باشتر بم کە هەم، هەست بە شێتی دەکەم، بەڵام دەری ناخەم، کاتێک کارێک ئەنجام نادەم وا بیردەکەمەوە، کە من ناتوانم بیکەم. ئەگەر خەبات نەکەین بۆ باشتر ئەوا لە خۆیەوە ئەنجام نادرێ.

هەمیشە فۆرد خۆی و خۆی بوو، بە بەردەوامیش کارەکانی بەرەو باشتر دەچوون، بەم شێوە نیشتمانی پاراست و لە زەلیلیی ڕزگار کرد.

---

## قەیرانی ناوەخۆ

لە سەردەمی واتەرگێت (Watergate) هەندێک جار خەونم بە کۆتاییەکەیەوە دەبینی، وەکو کاروانچییەکی دەشت بیر لەوە بکاتەوە ڕێگەی بە پەناگەیەک بکەوێ لێی بحەسێتەوە، منیش ئومێدم دەخواست ئەو ساتە بێت کە کۆتایی بەم کێشە هاتووە و یەکرێزی شوێن پەرتەوازەیی بگرێتەوە.

گاڵتەجاری سەرۆکایەتی فۆرد کە خۆی وەکو نوێکەرەوەی کۆمەڵگا نیشان بدا و بسەپێنێ، سیستەم و ڕژێمە دژەکان کە ماوەیەکی زۆرە لە ئامادە باشیدان وا بە ئاسانی و لە شەو و ڕۆژێکدا لە ناو نابردرێن، لە ڕاستیشدا هەندێکجار وا نیشان دەدرا، ئەمریکا ئالودەی کێشە بووە تا ئاشکرا نەبن، ئەو کێشانە چارەسەرنابن، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئامادە بوون کێشەکان گەورە نیشان بدەن تا ناوبانگ بۆ خۆیان وەدەست بێنن، کۆنگرێسیش لە باتیی ئەوەی بە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوایەتیی و ناحزبییەوە خەریک بێ، بە دەستەگەریەوە سەرقاڵ بوو.

لەم دۆخە ناهـەمواره، فـۆرد خۆشـی بە مـانگی هەنگوینی ناکـا، کە هەمیشـە لەم بۆنانە بە سەرۆکە نوێیەکـان دەبەخشـرا، هەر لە یەکەم ڕۆژی دەسـتبەکاریەوە دەبـووایە ڕووبەڕووی چەندین سەنگەر ببێـتەوە، دیـارە قەیـرانە دەرەکیەکـانیش کـاریگەری خۆیـان هەبووە، کە گۆڕانکارییە ناوەخۆییەکـان بە ئاسـتەم کـار دەکەنە سـەری، ئەوەی جێگـای سەرنج بێ ئەوەبوو، چاوی وڵاتانی دەرەوە، کە لە چاوەڕوانی درامای ئەمریکی بوون لێی کەلی بوونەوە و دۆخەکان بەرەو سەقامگیری هەنگاویان نا.

بە نموونە:

١/ لە قوبرس ئەو ڕێککەوتنەی تەقە وەستاندن لە نێوان گریکسـتان و تورکیـا هەرەس دێنێ، کە لە دوایین ڕۆژەکانی حوکمڕانی نیکسۆن واژۆی لەسەر کرابوو.

٢/ لە چـــوارەم ڕۆژی دەســـتبەکاربوونی فـــۆردا هەڕەشـــەی دەســـتپێکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوان دوو هاوپەیمانی ناتۆ دەکرێ.

٣/ لە هەفـتەی دواتـر شـای ئـوردن و وەزیرانـی دەرەوەی میسـر و سـوریە و سـعودیە ئامادەیی خۆیان بۆ هاتنیان بۆ واشنتۆن دەربڕی. بە مەبەستی تەواوکردنی قۆنـاغی دووەم لە چارەســەری ئاشــتیانەی کێشــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، کە نەدەکــرا ســەردانەکەیان دوا بخـرێ، چـونکە هاوبەشـەکانیان بەر لەوان لەلایەن نیکسـۆنەوە پێشوازی لێ کرابوون، دواخستنیش بە خۆگنخاندن تۆمەتبار دادەنرا.

٤/ لە بەرەکەی تریشدا شـاندی ئەمریکـی لە وتـووێژدا بـوو، بـۆ چـاودێریکردنی چەکـی سۆڤیەتی، ئەمانیش چاوەڕوانی ڕێنمایی نوێیان دەکرد.

٥/ لایەنـــی دژ بە ڕێکەوتنـــی بازرگـــانی لەگەڵ ســـۆڤیەت ئەمـــانیش لە چـــاوەڕوانی ئەوەدابـوون کـۆنگرێس ئەم پرسـەیان بـۆ چارەسـەر بکـات، چاویـان لەوەبـوو ئەگەر لەگەڵ سۆڤیەت ڕیککەون لە بەرانـبەردا دەبـێ سـۆڤیەت کارئاسـانی بـۆ کـۆچکردنی جووە سۆڤیەتییەکان بکات.

جگە لەم پرسانە هەندێک پرسی تر لە چـاوەڕوانی سـەرۆکدا بـوون، کە ئەگەر بە قەد ئەوانە گرنگیش نەبن، بەڵام پەلەتربوون بۆ چارەسـەری. دیـارە هەڕەشـە مەزنەکەی بەردەم دیموکراسـییەتی پیشەسـازی ئەو پاشـاگەردانییەی نرخـی وزە بـوو، کە چـوار بەرانبەر زیادی کردبوو، ئەویش تەنها بە کاری هاوبەش و هەماهەنگی دەکـرێ، ئەورووپـا

لەم مەترسیی و ڕوخانە سیاسییە دوور دەخاتەوە، بەڵێ کاتی ئەوە هاتووە بە یەکەوە بەرپرسیارییەتیەکە بگرینە ئەستۆ، لەولاوە کۆمەڵێک کەسانی نافەرمی لەسەر ئاستی خوار وەزیرەکان لە وڵاتانی دیموکرات هەستان بە دامەزراندنی (نمایندەی وزەی نێودەوڵەتی) بۆ ئەوەی دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێکخراوە بتوانن توانا وزەییەکانیان بپارێزن و لە کاتی ڕوودانی کارێکی ئاورتەش هاوکاری یەکتری بکەن و تۆڕێکی دارایی پارێزراویش دابمەزرێنن بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت زیادەی پترۆ-دۆلاریان بەکاربێنن تا فشار بخەنە سەر وڵاتە بەکارهێنەکانی نەوت.

لە نێو ئەم پرسە تاکتیکانە ئیدارەی سیاسەتی دەرەوەی فۆرد، بەهۆی ئەو وەسیەتنامەی نیکسۆن جێی هێشتبوو کە تێیدا داوای (بنیاتنانێکی نوێ بۆ ئاشتی)ی دەکرد، ڕووبەڕووی ئاڵۆزی بووەوە، ئەڵبەت شەڕی سارد بەردەوامیی هەبوو، یەکێتی سۆڤیەتیش بە هۆی توانا ئەتۆمیەکان و بانگخوازیە ئایدیۆلۆژیەکانییەوە، هەڕەشە بوو بۆ سەر ئەمریکا و سوودی لە ناکۆکییە ناوەخۆییەکانی وڵاتە زلهێزەکان وەردەگرت.

نیکسۆن بە ڕێکی ئاڕاستە و شێوازی شەڕی ساردی گۆڕیبوو، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە نەبوو کە لە ئایدیۆلۆژیای سۆڤیەت نەدەگەیشتین، نەخێر، بەڵام ئێمە دڵنیابووین کە ئامانجە ستراتیژییەکانی سۆڤیەت ڕوو لە لێژی دایە، لەمیانی مێژووی دوو نەوەی کۆمۆنیست هیچ حزبێکی کۆمۆنیست بە هەڵبژاردنی ئازاد دەرنەچووە، تاقە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوون، ئەمانیش بەهۆی داگیرکاری سۆڤیەتەوە پەلبەست کرابوون، هەر کاتێکیش ئێمە لەگەڵ چین بکرێینەوە، یەکێتی سۆڤیەت ڕووبەڕووی هاوپەیمانییەتیی سەرجەم وڵاتانی دونیا دەبێتەوە، کە لەگەڵ وڵاتێکی خاوەن زۆرترین دانیشتوانی دونیا و وڵاتێکی پیشەساز هاوپەیمانییەتیی دەبەست. زوو یان درەنگ ئەم پرسە لە بەرژەوندی دیموکراسیدا یەکلایی دەبێتەوە.

لە سەردەمی سەرۆک ترومانەوە هیچ سەرۆکێک بەم شێوە ئەم کێشە و پرسە هەڵواسراوانەی بۆ نەماوەتەوە، کە لە هەفتەی یەکەمی دەستبەکاربوونییەوە ڕووبەڕووی ببنەوە، لە ڕووی دۆخی نائارامیی ناوەخۆش لە سەردەمی لینکۆڵنەوە ئەمەی نەبینیوە.

لە سەردەمی خۆی هەم هێزە خەباتگێرە ئەمریکییەکان نەیانتوانیوە خۆیان لە شەڕی ناوەخۆ دەربازکەن. لە کاتێکدا بزوتنەوەی ناڕازی و دژی شەڕی ڤێتنام پێیان

وابوو سیاسەتی دەرەوە پرۆسەیەکی ڕەوشتییە، ئەمریکا تێیدا بە شەڕانگێزی مامەڵەی کرد، سۆزیان بۆ خەباتێک هەبوو، کە ژیانیان لەسەری ڕواوە و پێی پەروەردە بوونە.

هیچ کۆمەڵگایەک بە قەدەر کۆمەڵگای ئەمریکی لەسەر دیدی ڕەوشتی خۆیان بنیاد نەنراون، ئەوەتا ئەمریکا بڕوای وایە کە پرسە سیاسییەکان و بە تەواوەتیش سیاسەتی دەرەوە یەکسانە بە بژاردەی چاکە و خراپە، ئەمریکییەکان پێیان وابوو کۆمەڵگاکەیان لە پێناو جوانکاری و تەواوکاری کاروباری نێودەوڵەتی کار دەکات، کاتێک پەیمانەکەی دێتە جێ پاداشت دەکا، ئەگەر کەمتەرخەمیش نواندرا سزا دەدا، بەڵام ویلسۆنیزم ئەمەی ڕەتکردەوە ئەوەتا دەڵێ:

(گەلێکجار شەڕ لە پێناو دەسەڵات هەڵناگیرسێ، ئەم شەڕانە ڕەنگدانەوەی هەست و ڕەوشتی ناوەخۆن). بەتایبەتیش ئەو کۆمەڵگایانەی بە گەیشتن بە دیموکراسی چونکە لە دونیای دیموکراسی ئەم کێشانە لە ڕێگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە چارەسەر دەکرێن، هاوپەیمانێتیەکانیش لەسەر بنەمای ئاسایشی بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن، کە پێی وایە بەرگری کەمترین کاردانەوەی ڕاگرتنی پارسەنگی هێزە و دژی لە یاسا دەرچووانن. هەموو ئەم گریمانانە لە ڤێتنام لە نێو کێڵگەکانی برنج و لە چیاکانی هەرەسیان هێنا.

ئەمریکا بە پێی نەریتە مێژوویی و ڕەوشتیەکانی چووە ناو هیندی و چینی: بە پشت بەستن بەو بنەمایەی کە دەگوترێ: دەکرێ بنەماکانی دیموکراسی لە وڵاتێک جێبەجێ بکرێت، کە لە شەڕی ناوەخۆ دابێ و بەو هۆیەوە دابەشکرابێ، ئەمە ئەگەر بە هەزاران کیلۆمەتریش لێمانەوە دووربێت. ئەزمونی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنمایە ئەوە دەسەلمێنێ کە دەکرێ هەمان ئەزمون لە ئاسیاش سەرکەوێ، کاتێک ئەم ئومێدانە دەبنە خەیاڵ ئیتر چینی حوکمڕانی ئەمریکا پەرشوبڵاو دەبن، ڕەخنەکان بە قەدەر ئەوەی ئاڕاستەی حوکمڕانی ئەمریکاکران زیاتری ئاڕاستەی ئەزمونەکانی ئەمریکاکران، لە ئەنجام ئیدارەی ئەمریکا ڕووبەڕووی لۆمە و ڕەخنەی زۆر بووەوە.

ئەوەی ڕوویدا زۆرینەی دەزگەی کۆنی ئەمریکی لە ژن و پیاوەکانی، کە لە تەمەنی یەک نەوە ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایان دەکرد لە پێناو پاکتاوکردندا پێداگریان لەسەر شکستپێهێنانی ئیدارەی ئەمریکا دەکرد. لە بیستەکان بە هۆی ئەو بڕوایەی، کە دەستەوەردان لە کاروباری دەرەوە کارێکی بێ ڕەوشتییە، ئەمریکا

بە گۆشـــەگیری دەمێنێــتەوە و بەرەو نــامۆیی دەچــێ، دوای شــەڕەکانی ڤێتنــامیش گۆشەگیرخوازەکان دەڵێن چونکە ئێمە بەشداری لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی دەکەین، ئێمە لە ڕووی ڕەوشتەوە گەندەڵین.

کاتێـک لیبراڵیســتەکان ئاڕاســتەی خۆیـان بـۆ نەرێنــی و ڕادیکـاڵیزم و نـاڕەزایی گۆڕی، پارێزگارەکان دەبنە خاچپەرست، بۆیە وەکو ئامرازی گۆڕانی یەکێتـی سۆڤیەت بەرەو دیموکراسی، بە پێی نەریتەکانی ئەمریکـی کاریـان لەسـەر سیاسـەتی لە خـۆگرتن کرد، چونکە ئەم سیاسەتە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەرنەکەوت .

هەندێک لە پارێزگاران ڕسوابوو، نە نەتەوەکانیـان بـۆ هێـرش بـردن بە کارهێنـا، نەک بۆ ناڕەزایی دەربڕین، ڕەخنەشیان لە سیاسەتی دەرەوە گرت، کە ئاگـای لە پرسـی ڕەوشت نـەبووە. هەرکە شـەڕەکان بە ئاشـتییانە کۆتاییـان دێ دەسـتدەکەن بە هێـرش بردنە سەر کۆمۆنیزم و بە پێویستیانزانی سیاسەتێک هەبێ ڕاستەوخۆ هێرش بباتە سەر یەکێتی سۆڤیەت.

ئەم دۆخە ســەنگەری پارێزگارەکــانی بە هێــز دەکــرد، تەنــانەت هەنــدێک لە ڕادیکاڵیستەکانیش چوونە ڕیزی پارێزگارە نوێیەکانەوە، ئەوانەی لە پێشدا ڕۆشنبیربوون و چووبـوونە نێـو بـازنەی ئەو ململانێـیەی بـۆ مەرامەکـانی تـوێژگەری و تـایفەگەری بە کاردەهات، ئەوان لە بەرەکەی تـر بـوون لە مەیـدانی گوتوبێژەکـانی سـەر ڤێتنـام، بـۆیە نیکسـۆنیان سـەرفراز نەکردبـوو لە هەوڵەکـانی ڕزگاریخوازیـدا. ئەمە هەڵوێسـتیان بـوو، لیبراڵیســتەکانیش مەبەسـتیان بـوو ئەمریکـا خـۆی لە بایەخـدان بە کاروبـاری دەرەوە بکێشـێتەوە و بـایەخ بە کاروبـاری نـاوەوە بـدات. پارێزگارەکـانیش بێـزاری خۆیـان دژی هەڵمەتــی ئایــدیۆلۆژی دەربــڕی، بە دیــدی لیبراڵیســتەکان، ئەمریکــا هەنگــاوی دوور هاویشتووە، هەرچی پارێزگارەکان بوون پێیان وابووە ئەمریکا لەم کارەیدا کارا نـەبووە، ئەم گوتــوبێژانە بە درێژایــی حــوکمڕانی فــۆرد لە کــۆنگرێس لە نێــوان ئەم دوو ڕەوتە جێگای مشتومڕ بوون.

---

# فۆردو کۆنگرێس

ئەگەر جێگری سەرۆک پلەی بەرزبکرێتەوە بۆ سەرۆک، هەمیشە پشت بە حزبەکەی دەبەستێ، بەڵام ئەو کاتەی فۆرد سوێندی دەخوارد حزبی کۆماری لەسەر پرسی ڤێتنام بەسەر دوو لەتدا دابەش ببوون، دواتریش بەهۆی ڕسواییەکەی واتەرگێتەوە (Watergate) ماکێکی ڕەشی پێوە نوسابوو، واتە لە دۆخی حزبی دیموکراتیدا بوو، کاتێکیش فۆرد لە جێگرەوە دەبێتە سەرۆک بەبێ هەڵبژاردن، دەبووایە ٢٧ ی مانگ چاوەڕوان بێ تا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ، بەو هۆیەوە دۆخێکیان بە سەردا سەپاند، کە هیچ لە سەرۆکەکانی پێشتری ئەمەیان نەدیبوو، هەردوو حزب پێشبینی ئەوەیان بۆی دەکرد لەو هەڵبژاردنەی داهاتوو سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ.

سەرەڕای ئەزمونی لە کۆنگرێس و شارزایی لە پەیوەندییەکانی ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ کۆنگرێس کەچی ئەوکاتەی دەسەڵات دەگرێتە دەست پەیوەندییەکان لە گۆڕانکاری ڕیشەییدابوون بۆیە فشارەکانی لەسەر توندتردەبن، بەڵێ بەم هۆیەوە ئیدارەی فۆرد باجی واتەرگێت (Watergate) دەدا.

لە هەڵبژاردنی نیشتمانی بۆ پرسی فەلسەفی، لە ٢ی نۆڤەمبەری ١٩٧٢ نیکسۆن دووەم سەرکەوتن لە مێژووی ئەمریکا بە دەست دێنێ، نە جۆرج ماک گافرن، نە نیکسۆن خەسڵەتی کەسایەتیی فەرماندەیان تێدا نەبوو، ناکۆکی و جیاوازیەکانیان ڕوون و دیاربوون:

سیاسەتی دەرەوەی نیکسۆن، کە پارێزەری هێڵە دابەشکاریەکانی نەتەوایەتیی بوو لە شەڕی سارد، دژی باسیفیکیەتی جورج ماک گافرن و بڕوانەبوون بەهێزی ئەمریکی بوو: دواتر میانڕەویەتیی داب و نەریتەکانی ئەمریکا دەسەلمێنێ لە ڕووبەڕوو بوونەوەیدا لەگەڵ پشتگیرییەکانی ماک گافرن بۆ جووڵانەوە ناڕازیەکان، لەو دەنگدانە نیکسۆن بە ڕێژەی ٦٠٪ سەردەکەوێ.

بە کەمتر لە ساڵێک واتەرگێت (Watergate) ئەم ئەنجام و سەرکەوتنانەی سڕییەوە، بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، ڕەوشەکە گەیشتە ئاستی شۆڕش هەڵگیرساندن، دوای سێ مانگ لە دەست بە کاربوونی فۆرد زۆرینەی ماک گافرنیستەکان، کە دوو ساڵ پێشتر لەلایەن گەلی ئەمریکی ڕەتکرابوونەوە دەگەنە لوتکەی دەسەڵات، ئەمەش بۆ گۆڕانکاری لە ڕای گشتی جەماوەر دەگەڕێتەوە نەک بۆ ڕسوایی واتەرگێت (Watergate). ئەنجامەکەی بووە وەرچەرخانێکی ترسناک لە پەیوەندیەکانی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، ئەوکات سەرۆکی لیژنەکانی ئەنجومەنی پیران و نوێنەران بوونە تای تەراز و لە نێوان لقەکانی حوکمڕاندا، بەڵام خرۆشی ماک گافرن ئەم سیستەمە و دەسەڵاتی لیژنەکان لاواز دەکا، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش ناچار دەبێ لەگەڵ پیران و ئەندامانی کۆنگرێس بکەوێتە دانوستان، ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان ژمارەیان زیاد دەبێ، لەگەڵ زیادبوونی دەستێوەردانی کۆنگرێس لە کاروباری سیاسەتی دەرەوە توانای سیناتۆر و ئەندامانی کۆنگرێس کەم و بەرتەسک دەبێتەوە، دوای پێزانینی گروپی بەرژەوەندچییەکان و دەست بە سەرداگرتنیان، ڕۆڵی ڕاوێژکاران زیاد دەبێ.

ڕێژەیەکی زۆر لە کادیرە نوێکانیان لە بواری جێبەجێکردن خستە سەر کار، بەڵام بە هۆکاری جیا شکستیان هێنا لە گەیشتن بە مەرامەکانیان، ئەوان لە ژێرسێبەری گردۆلکەی سەرمایەداری مامەڵەیان لەگەڵ ئیدارەدا کرد، بە هەستکردن بە ئازادی لە درێژەدان بە کارەکانیان و لە ژێر فشار و چاودێری سیاسەتی دەرەوەی درێژخایەن، بەم شێوە دەستەی جێبەجێکردن خۆی لە دۆخێکی دانوستانکاری بەردەوام لەگەڵ کۆنگرێس لە پێناو کارتێکردن لەسەر وردەکاری سیاسەتی وڵات بینییەوە.

یەکێک لە هۆکارە ناکۆکەکان ئەوەبوو کۆنگرێس لە ململانێکانیدا لەگەڵ فۆرد هەستی بە ئازادی بەرفراوانتر دەکرد لەوەی لەگەڵ نیکسۆن، ماوەیەک واتەرگێت (Watergate) ڕۆڵی کۆنگرێسی لە سیاسەتی دەرەوە بلۆک کردبوو، چونکە هەندێک لە ڕەخنەگرانی نیکسۆن لە ئاسایشی نەتەوایەتیی ترسیان لەوە هەبوو بە تۆمەتی لاوازی ئاسایشی نەتەوایەتیی تۆمەتبار بکرێن، لەوەش گرنگترن کۆنگرێس لە

دوا قۆناغەکانی واتەرگێت (Watergate) بە هۆکاری نیشتمانییەوە هەستیارتر و چوستتر ببوو لە ترسی ئەوەی نەبادا دوژمن ئەو دەرفەتە بقۆزتەوە .

دەست لە کارکێشانەوەی نیکسۆن لە کاتێکدا دێت لە ژێر هەژموونی ئەو دڵەڕاوکێیەدا دەبێ، دەنگی ناڕەزایی لە بەردەم کۆنگرێس بەرزدەبێتەوە بۆ مەبەستی پاکسازی داوای لێکۆڵینەوەی وردتر دەکرێ، لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەکانی هەواڵگری لە هەموویان هەستیارتر بوون کە ئەوکارە شاراوانەی لە ماوەی بیست ساڵدا ئەمریکا ئەنجامی دابوون خستیانە بەردەست، ئەمە کاتێکی زۆری ویست تا یاریدەدەرانی ئیدارەی فۆرد لێکۆڵینەوەی باشتر لەگەڵ بەڵگەکاندا بکەن و تاوتوێیانکەن.

لەم کەش و هەوایە کۆنگرێس هەست بە ئازادیەکی بێوێنە دەکا، چونکە ناڕەزاییەکانی کۆنگرێس لە سەر شەڕی ڤێتنام توند نەبوون، لە سەرکەوتن بەسەر بڕیارە زۆرەملێکان شکست دێنێ، بەڵام لە بیست و نۆ مانگی سەرەتای حوکمڕانی فۆرددا کۆنگرێس دەتوانێ بڕیاری قەدەغەکردنی چەک لە تورکیا و ڕاگرتنی یارمەتی لە کەمبۆدیا و ڤێتنام و ڕێگری کردن لە ڕۆڵی سەربازی ئەنگۆلا دەرکا، لەو لاوە ئیدارەی بچووک دەڵێ کۆنگرێس دەنگی بە پێدانی مووشەکی فڕۆکەشکێن بە ئوردن داوە، بەو مەرجەی لە شوێنە هەمیشەییەکان دابندرێ (نابێ ئەو مووشەکانە تایەیان هەبێ، ئەمە مەرجێکی سەیرە ئەوکات پادشای ئوردن حوسێن بن تەلال لەسەر ئەو دەستەواژە گوتبووی ئەمە سەیرە خۆ دەکرێ لە بازاڕی عەرەبی ئەو تایانە دروستکەن).

## فۆرد و بەرژەوەندی نەتەوەی

فۆرد دوور لە ترسی ڕاوێژکار بوێرانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداو و پرسە سەختەکاندا کرد، ڕەخنەگرە لیبراڵیستەکان هانیان دەدا بۆ ئەوەی لەسەر پرسی مافی مرۆڤ بکەوێتە ڕووبەڕوو بوونەوە، پارێزگارە نوێیەکانیش بەوە دڵخۆش بوون، کە سەرۆکە نوێیەکە بەرانبەر بە یەکێتی سۆڤیەت هەندێک نمایش و خۆدەرخستنی ئەنجام داوە لەکاتێکدا سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت تا ئەوکات سیاسەتێکی نیان بوو. کۆنگرێسیش بودجەی بەرگریی کەم دەکردەوە.

فۆرد خۆی وەکو دکتۆرێک دەبینی، کە چارەسەری نەخۆشێک دەکا و چاکبوونەوەی پێوە دیارە، هەر بۆیە داواکاریە قورسەکانی سەبارەت بە پاراستنی هێز ڕەتدەکردنەوە، ئەو لەو پێگەی خۆیدا پشتیوانی دەکرا، چونکە ئەوکات کۆنگرێس بودجەی ساڵی ١٩٧٤ی بەرگری هەوایی کەم کردبووەوە، ئەمەش ببووە دابەزینی ئاستی ئامادەباشی هێزی دەریاوانی، هەروەها هێزی پیادەشی بە ڕێژەی پێنج تیپ کەم کردبووەوە بە بەراورد لەگەڵ کاتی شەڕی ڤێتنام.

فۆرد بیری لەوە کردەوە شتێ نیشانی ئەمریکییەکان بدا سیمای ڕووبەڕوو بوونەوە و قەیران دوا پەناگەی ئەمریکابێ. هەردووکمان لەو بڕوایەدا بووین، کە وچانێکمان داوە بۆ ئەوەی ماڕاسۆنەکە ببەینەوە، یەکێتی سۆڤیەت بەو ئابووریە داتەپیوەی ناتوانێ ڕکابەری لەگەڵ ئێمەدا بکا، کە بە نیازبووین هاوپەیمانییەتیەک لەسەر ئاستی جیهان لەگەڵ دەوڵەتە پیشەسازیەکان و بە بەشداری چینی زۆرینەی دانیشتوان ببەستین، فۆرد پابەندی ئەم دەستەواژە دەبێ ( ماوەی سەرۆکاتیەکەی دەبێ ماوەی چارەسەری بێ)، نیازپاکیی بەرانبەر بە دۆست و ناحەزانی دەربڕی، بۆ ئەوەی جوانکاری لەسەر وێنەی ڕابردوویدا بکا، هەردەم بێدەنگیم بەرانبەر بە فۆرد هەڵبژارد، بەم هەڵوێستەم وردە وردە سیستەمی ڕابردووی ئەمریکا لە ژەهری کەڵەکە بوو پاک دەکەمەوە، دۆخێک ساز دەکەم دووبارە متمانەی ئەمریکا بگێڕمەوە، لە کۆتاییدا کۆمەڵگەکان بە سەرکەوتنی دەستەیەک هەڵناستنەوە بەڵکو بە بەرژەوەندی و تەوافق هەڵدەستنەوە.

لە مانگەکانی بەرایی سەرۆکاتییەکەی فۆرد بە کۆمەڵێک چاکسازی و هەماهەنگی دەبرد بەڕێوە، هەر لە دووەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی من و شلیسنجەری وەزیری بەرگری داوای بڕیارێکمان لێ کرد، کە نابێ پشتگوێ بخرێ.

ئەویش ڕزگارکردنی (غواسە)یەکی سۆڤیەتیی نقوم بووبوو، کە لە قولایی ٦١ هەزار پێ لە ژێر دەریابوو لە باکووری زەریای ئەتڵەنتیک، چەند ساڵێک پێش نقوم ببوو، هەروەها لە یەکەم دیداریدا لەگەڵ باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەمریکا ئەناتولی دوو برینن، فۆرد داوای ئازادکردنی دەریاوانی سۆڤیەتی ( خەڵکی لیتوانیا) دەکا، لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندیەکان باڵوێز ڕەزامەندی لەسەر داواکەی دەدا.

پرسی لێبوردن لە نیکسۆن بۆ فۆرد گرنگ بوو، دیارە ئاڕاستەکردنی تۆمەت بە نیکسۆن بۆ ئەمریکا و ناوبانگی کارێکی ئازار بەخشە، ئەم پرسە کار و ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بۆ سەر ناوبانگی ئەمریکا دەبێ، ئەوانەی لە نزیکەوە نیکسۆن دەناسن لەو ڕاستیە دەگەن، کە تەنها ئاڕاستەکردنی تۆمەت یا بانگێشتکردنی بۆ ئامادەبوون لە بەردەم دادوەر لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە کارێکی قورسە، ئەم پرسە منیشی سەرقاڵ کرد، هەر بۆیە لەگەڵ (بریس هارلو) کەگوتمە ڕاوێژکردن، ناوبراو یاریدەدەری سەرۆک ئایزنهاوەر بوو بۆ کاروباری کۆنگرێس، بەهۆی حیکمەت و زیرەکی ئەو پیاوە خەڵک ڕیزی زیاتریان لە دەزگەکانی واشنتۆن دەگرت، گەلێکجار ئامۆژگاری دەکردم، کە خۆم لە ناڕوونی سیاسەتی سەرۆکەکان دوورخەمەوە، ئێستا ئەو دەڵێ دادگاییکردنی نیکسۆن پەرتەوازەیی گەلی ئەمریکا زیاتر دەکا، بە دووری نابینم وێڕای هەڵەکانی سەرۆک کاریگەری سۆز هانی ئەو خەڵکە بدا بۆ پشتگیری لێکردنی.

گوتووێژەکانم لەگەڵ هارلو بیانویەکی دامە دەست تا لەسەر ئەو پرسە لەگەڵ فۆرد بدوێم، بیرۆکەکانی هارلۆم بۆی گواستەوە و پشتگیریشم لێی کرد، پاساوەکەم ئەوەبوو دادگاییکردنی نیکسۆن کاریگەری دەروونی لەسەر گەلی ئەمریکی دروست دەکا، گگوتی هەندێک لە ڕاوێژکارەکان دەڵێن دەبێ چاوەڕوانبین تا تۆمەتەکە دەسەلمێندرێ، گگوتم من باس لە ئێستا ناکەم بەڵام بە دووری نابینم دواخستنی، کاریگەری نێودەوڵەتیی دەبێ و وێڕای بێئومێدی نیکسۆنیش.

فۆرد ئەوکات هیچ تێبینییەکی لەسەر گوتەکانم نەدا، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک لە ٧ی ئەیلولی ١٩٧٤ تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم: بڕیاری لێبوردن لەسەر نیکسۆن دەرکرا، بۆ ئەوەی ئەو ماوەی ماویەتی لە ژیان بە ئابڕومەندی بژی. دوای ئەوە نیکسۆن هیچ پەیوەندیەکی بە منەوە نەکرد لە کاتێکدا ئەو بڕیارە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند، جارێکی تر بەشداری لە هەڵبژرادندا بکات، هەرچۆنێکی بێ نەتەوەی ئەمریکی مەبەستیان بوو لە کابووسی ڕابردوو ڕزگاری بێ و لاپەرەیەکی نوێ هەڵداتەوە.

ئەم هەستکردنە بە بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی بوونە مایەی ئەوەی لەو ماوەی حکومڕانییدا، کە ٢٩ مانگی خایاند و بەسەر کۆمەڵێک گرفت و کێشەی نێودەوڵەتیدا زاڵبێ و کپیانکاتەوە:

١/ شەڕی ناوخۆی قوبرسی کۆنترۆڵکرد.

٢/نەیهێشت شەڕی ناوەخۆی لوبنان ببێتە شەڕێکی نێودەوڵەتی.

٣/هیندیی چینیی بە ئابڕومەندی ڕووخاند.

٤/سەرکەوتووانە هێزی ئەمریکی بە کارهێنا بۆ ڕزگارکردنی کەشتیی (مایاگوین)ی ئەمریکی کە خمیرە سورەکانی کەمبۆدیا دەستیان بە سەردا گرتبوو.

٥/هەروەها سەرکەوتوانە توانیی چاودێری چەکی ستاریژی سۆڤیەتی بکا لە ڤلادیڤوستوک لە ١٩٧٥، وێڕای نارەزایەتی بڕیاری ( کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی)ی پەسندکرد، کە یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئەم بڕیارە بوو.

٦/بە دەستپێشخەری فۆرد بوو ئەمریکا دان بە باشووری ئەفریقیا دەنێ، کە حوکمی زۆرینەی ئەفریقی تێیدا سەرکەوت.

٧/بەرنامەیەکی دارشت بۆ هاوکاری لە نێوان دیموکراسیەکانی پیشەسازی، کە دواتر دەبێتە لوتکەی بنەماکانی سیستەمی نوێی ئابووری جیهانی.

٨/ هەندێک سەرکردە شانازی بە دەستکەوتەکانی شەڕی ساردەوە دەکەن، بەڵام من دڵنیام ئەگەر جیرالد فۆرد نەبووایە شەڕی سارد نەدەبوو، بە تایبەت لەو کاتە ناسکانەی کە نەیهێشت بیدۆڕێنین.

## بەشی یەکەم

# میراتی نیکسۆن

# (٢)
## پیاوەکە و دامودەزگە
## لەسەر لێواری مەزنی

شەوێک بەر لە دوایین شەوی نیکسۆن لە کۆشکی سپی، بە یەکەوە لە ژووری دانیشتن بووین، لەو ژوورەی پێی دەڵێن لینکۆلن، باسمان لە ڕەنگدانەوە مێژووییەکان دەکرد لەسەر هەڵوێستەکانی، پێم گوت (مێژوو بە ناسکتر مامەڵەت لەگەڵ دەکات، لەوەی لەگەڵ هاوەڵانی سەردەمت)، نیکسۆن لەوە بە گومانبوو گگوتی: ئەمە لەسەر مێژوونووس دەوەستێ.

ئاستەمە بتوانین لە سەر ڕیچارد نیکسۆن بنووسین کە زیرەکی و نیشتمانپەروەری و ئازایەتیی لەخۆ کۆ دەکاتەوە بە هەستی ڕووخاندنی کەسایەتی خود، هەروەکو لە داستانی گریکیدا هاتووە.

ئەو ڕێکارانەی بەرانبەر بە ناحەزە سیاسیەکانی گرتبوونییەبەر توند و بێبەزەیی بوون. من وەکو ڕاوێژکارێکی سەرەکی لە کاروباری دەرەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ و نیو کارم کرد. کاتێکیش بە یەکەوە لە شار بووینایە ڕۆژانە چەندین جار دەمبینی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرم لەو سەرۆکە سوڕمابوو، ئاڵۆزترین سەرۆکی سەدەی بیستەم بوو، یەکێک لەو پرسیارانەی نەوەی داهاتوو دەیکەن، چی وایکردبوو سەرۆک نیکسۆن بە قوڵی سۆزی ببزوێ؟ ئایا لەبەر ئەوەیە مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێک لەسەر نیکسۆن بڵێ، کە ڕاستن کەچی هەندێکیان وا نین؟ هێز و توانای بەسەر هەموو کارەکاندا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار کاری زیانبەخشی دەکرد، شیکارێکی بێ وێنە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار ڕادەستی قەدەر دەبووەوە. تا ئاستێکی بەرز نیشتمانپەروەر بوو کەچی سەرەڕۆیی بە کارەکانی دەکرد لە ئەنجام کاری وای دەکرد نیشانەی هەست بە گوناهکردن بوو.

لەسەر کەسانی بەرانبەر حوکمدانی تایبەتی هەبوو، جگە لەسەر ئەوانەی ڕەفتارەکانیان کاریان لە بەرژەوەندی ئەو بکردبایە، لە سیاسەت کەسێکی لێزان بوو هەرچەندە گۆشەگیر بوو.

کەسێک نەبووە مامەڵە لەگەڵ نیکسۆن بکات و زاتی ئەوەی هەبێ ئیرادەی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ، کەچی ناتوانێ ڕووبەڕوو ناکۆکییەکانی لەگەڵیان دا چارەسەر بکا، پەنای بۆ ڕێگەچارەی ناڕاستەوخۆ و لێکۆڵینەوە دەبرد.

نیکسۆن چاوی لە مەزنی بوو، کاری بۆ دەکرد و لێی نزیک بوو، لانیکەم لە ڕووی ئیدارەی سیاسەتی دەرەوەیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرۆکاتییەکەی بە ڕەفتارەکانی وێرانکرد و گوێشی پێ نەدەدا.

پێویستمان بە شاعیرێکی هاوشێوەی شکسپیر هەیە، بۆ ئەوەی کەسایەتیی ئەو پیاوە بناسێنێ، کەسێک خاوەن هەستێکی قوڵ، ناسک، هەندێکجار لە بیرکردنەوەدا نقوم دەبێ، کەسێکی هەست ناسک و وەفادار، هەندێکجاریش ماندوبوونەکان دەخاتە دواوەی خۆی و پشتیان تێ دەکا، دواجار ململانێی نیکسۆن لەگەڵ خۆی کۆتاییان نایەت و بەبێ چارەسەری دەمێننەوە، چونکە مرۆڤ لە قولایی ناخی ئەو پیاوە ناگا، ئەوەی دەیبینین لەگەڵ کەسایەتیی نایەتەوە بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەندێک بیرکردنەوەی شاراوەی بێ.

من زۆر سوپاسگوزاری ریچارد نیکسۆنم، کە ئەو دەرفەتەی پێ دام خزمەتی نیشتمانەکەم بکەم و خانەوادەکەمم لە ستەمی نازیسم ڕزگارکرد.

سەرەڕای ئەوەی هەموو چالاکییەکانم لە خزمەت نیلسۆن ڕوکفلەری ڕکابەریدا بوو، کەچی وەکو ڕاوێژکاری نەتەوی دایمەزراندم، زۆرکەم وا ڕوودەدا سەرۆکێک بەمشێوە و لە سەردەمی ڕەشبینیدا دەچێتە نێو کۆشکی سپیی سەرۆکایەتی، دەبوایە ئەو شەڕە کۆتایی پێ بێنێ، کە لە سەرۆکەکانی پێشتر بۆی جێمابووەوە، بێ ئەوەی خاوەنی هیچ ستراتیژیەکی سەرکەوتن بێ، ئەوانەی ئەمریکایان لەو شەڕەش تێوەگلاندبوو مەبەستیان بوو بە هەر نرخێکبێ لەم شەڕە دەرچن، بێ ئەوەی هیچ بەهایەک بۆ قوربانییەکان دانێن، کە بە فەرمانی ئێمە گیانی خۆیان بەخشی.

ئەگەری ئەوە هەبوو پەیوەندیەكانمان ببنە قوربانیی ئەو پروپاگەندانەی نیكسۆن دژی نەیارانی بڵاویدەكردەوە، نیكسۆن لەگەڵ یاران و نەیارنی بە هەستیاری مامەڵەی دەكرد، زۆركەم سۆزی پێ دەدان، شێوازی ناڕوونی و وروژاندنی ناكۆكییەكانی نێوان یاریدەدەرانی مایەی دڵتەنگیی بوو، هەندێكجار توندترین دۆخەكانی بە تیر و توانج كۆتایی پێ دەهێنا. لەلای خۆشیەوە نیكسۆن بەو پێگە جەماوەریەم ناڕەحەت ببوو، بە تایبەت لەو سەفەرە نهێنییەم بۆ چین كاتێك خۆی، منی ڕاسپاردبوو بۆ ئەو سەفەرە لە ١٩٧١. دیارە سەرۆكەكان ناڕەحەت دەبن كاتێك یاریدەدەرەكانیان پێگەی جەماوەریان بەهێز دەبێ، جگە لەمەش هەندێك لە ڕاوێژكارەكانی پێیان دەگوت گوایە من چاوی سەركەوتنم هەیە، ئەوەی ڕاستیش بێ من هەمیشە نەمویستوە ڕقم لە میدیاكاران بێتەوە.

ئەمە و وێڕای هەندێك گومان بەڵام من بە باشی كارەكانم لەگەڵیدا بردن بەڕێوە، ئەو ڕووبەڕوو بە ڕوونی لەگەڵم دەدوا، هەرچەندە من و ئەو بە سۆز لە یەك نزیك نەبووین، بە ڕاستی كاتێك ئەو بە هۆی كێشەكەوە بریندار دەبێ و دۆخەكانی ناوەخۆش دەشلەژێن بەر لە دەست لە كار كێشانەوەی، من ئازارم پێ دەگا چونكە من دوای خانەوادەی لە هەموو كەسێك لێیەوە نزیكتربووم، ئەوكاتەی لە باڵكۆنەكەی ژوورەكەیدا لە شانگهای باسی لە ئاسۆی دونیایەكی ئاشتی بەرقەراربوو دەكرد.

بەڕاستی من سەرسام بووم بە بەشداری نیكسۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا، من هەرچییەكی پێیم بگوتایە لە ڕاوێژ و ئامۆژگاری هەر ئەوە دەبووە بڕیار، كە خۆی دەیویست، نیكسۆن لە ناردنی من بۆ چین بە نهێنی لە ١٩٧١ خۆی بەرپرسیارە، هەر خۆی ئەو بەرپرسیارییەتیەی گرتە ئەستۆ كە لە ١٩٧٢ بەرپەرچی هێرشەكەی گەمارۆدانی هانۆی ڤێتنامی هاوپەیمانی یەكێتی سۆڤیەت درایەوە. بەر لە دوو هەفتە لە كۆبوونەوەی لوتكەیی بڕیاری لەسەر درا، بەر لە شەش مانگ لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیی ئەمریكا نیكسۆن لە توانایدا بوو دەستبەرداری هاوپەیمانانیبێ لە هیندی و چینی بەو دەستبەرداریەش قورسایی و شكستەكە بۆ ئیدارەی كینیدی و جونسۆن دەگەڕایەوە. بە دڵنیایی دەستكەوتی دەبوو بۆ ئەوەی بەم هەنگاوە هەڵسێ كاتێك ئەندازیارانی جەنگ ئەویان سەرقاڵ و ماندوو دەكرد بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە بنێ و لەم

کێشــە ڕزگــاری بــێ، بــێ ئەوەی ئەو ڕاســتیە بــزانن کە لە ژێــر ئیــدارەی ئەوان زیــانی هێزەکانمان زیاتر دەبێ، بەڵام کاتێک نیکسۆن دەزانێ ئەمە هەنگاوێکی ئابڕومەندانە نییە بۆ ئەمریکا و لە بەرژەوەندی نیشتمانیدا نییــە، ئەو بە ڕێگــایەکی تــر ڕەفتــاری کــرد، کە ڕەخنەگرانــی پێیــان وابــوو هەڵــەیە و بە ئامــانج ناگــات، هەرچەنــدە بە هــۆی پێــداگری ڤێتنــامییە باکووریەکــان و بڕینــی هاوکــاری لە هینــدی و چینــی لــە لایەن کۆنگرێســەوە کارەکە ئاڵۆز دەبێ. کاتێکیش ویستمان لە ڤێتنام ڕزگاربین نیکسـۆن سیاسـەتێکی تـری لەگەڵ چـــین گـــرتە بەر. کەمکـــردنەوەی چەکـــی ســـتراتیژی و پەیوەنـــدیەکانی ئەمریکی_ئەوروپی و پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵات کە لێیان سەردەکەوێ، ئەم سیاسـەتانە بە درێژایی شەڕی سارد بەردەوام دەبن.

دیارترین خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی نیکسۆن، بە توانایی بوو لە بڕیاردان، ئەمە خەسڵەتێکی دیاری بوو، بڕیارەکانی بە هەستیاری و بوێرانە دەردەکردن.

یەکێک لە دیاردە ناکۆکەکانی کە لە کاسێتە ڤیـدیۆییەکانی بینـرا وەکـو کەسـێکی سەرکێش دەردەکەوێ، کەچی نیکسۆن، کە من مـاوەیەک لە سیاسـەتی دەرەوە لەگەڵــی دا کارم کردووە ئەو کاتە بڕیار دەدا، کە ڕاوێژ بە دەوروبەرەکـانی دەکـا، ئـەو سـەرکێش نەبوو، بۆ هەر بڕیارێکی سیاسییش چەند هەفتەیەک ئەمسەرو ئەوسەری پێ دەکرد.

لە شوێنە تایبەتییەکەی خۆی لە کۆشکی سپی، گۆشەگیر دەمایەوە، تاوتوێی ئەو پێشـنیارانەی دەکـرد، کە بـۆی بەرزکرابـوونەوە، ئەگەر پێشـنیارەکانی ڕازی و نـاڕازی جیــاوازیەکی زۆریــان هەبــووایە ئەوا ڕاوێژکارەکــانی بــۆی کــۆدەکردەوە، مــاوەیەک لە بیرکردنەوە دەمـایەوە بۆ ئەوەی ڕێـگە چـارەیەک ببینێـتەوە بـۆ لە یەک نزیککـردنەوەی بۆچونی یاریدەدەرانی، کاتێکیش دەگەیشتە ڕێگەچارە بۆ زاڵبوون بەسەر ڕا و بۆچـوونی یاریدەدەرانی یەکێک لەو کەسایەتیەکانی، کە هەمیشە (بـۆب هالـدان یـا جـون میشـیل) دەبوون هەواڵە ناخۆشەکەی بە یاریـدەدەرانی دەداو پێـی ڕادەگەیانـدن پازێـک بـدەن تـا بەیەک بگەن.

ئیتر دوای ئەوە وچانێکی دەدا، هەندێکجار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی دەخایاند، تـا پشویەک بدا، لەو کاتانەش زۆر ئاستەم بوو ئەوانەی لە بڕیـارەکە لەگەڵـی نـاکۆک بـوون پێی بگەن. ئیتر دەگەیشتە ئەنجامی بڕیـاروەرگرتن کە هـەمووی پێـوە پابەنـد دەکـردن،

بەڵام سـەرۆکەکان ئەگەر دروشـمی نیکسـۆن بەرزبـکەنەوە دەبـێ لەمە زیـاتر خۆیـان ماندووکەن.

## سەرۆک و ڕاوێژکارەکانی

ران یمون ئارونی فەیلەسوفی فەرەنسی جارێک پێی گگوتم: زیادەڕۆیی لە ناوبانـگ و پێگەی جەماوەریم بەهۆی ڕق و کینەمەوە بوو لە نیکسۆن، ناکۆکییەکانی سـەرۆک بـۆ من ببوونە سـەرمایە و هاوبەسـتەگیم لەگەڵ نـاحەزانی نیکسـۆن، ئەمەش بـۆ ئەو ببـووە ڕێگـری پروپاگەنـدەی بەردەوامــی میراتــی ئەو، هەنـدێک لە ڕاسـتڕەوەکانی لایەنگـری نیکسۆن نامەیەکیان ئامادەکردبوو تێیدا لۆمەیان خستبووە ئەستۆی من، کە ڕێگر بوومە لە بەردەم نیکسۆن بۆ گەیاندنی پەیامی پارێزگاری و پاشـگەزبوونەوەی لێـی، لە هەمـان کاتیشـدا هەنـدێک لە لایەنگرانـی بـۆ ئەوەی متمـانەی سـەرۆکەکانیان وەدەسـت بێـنن هەنـدێکجار بەوە دەیانناسـاندم، کە تەنهـا یاریـدەدەری فەرمـانبەرێکم، یـانیش تەنهـا ڕۆبۆتێکم.

هەردوو وێـنەکەی سـەرۆکی خۆسـەپێن و ڕاوێژکـارە خۆسـەپێنەکان، سـەرپێچی ڕاسـتین، ئەو دەسـتکەوتانەی لەو سـەردەم وەدەسـتهێنران لە ئەنجـامی هاوکـاری و هەمـاهەنگی مـانەوەبوو، یەکێکمـان تەواوکەری ئەوی دیکـە بـووین، نیکسـۆن خـۆی لە ڕێـگەی گەشـتەکانییەوە شـارەزاییەکی باشـی لەگەڵ سـەرکردە هاوچەرخەکانـدا هەبـوو، تەنانەت خۆشی ئارەزوی لە سیاسەتی دەرەوە هەبوو، منیش وێڕای شارەزاییم لە مێـژوو لە جیوپـۆڵەتیکیش پسـپۆر و زانیـاری باشـم هەبـوو، نیکسـۆن کـاری بە ڕۆشـناکردن و پێـداگریەکی ورد دەکـرد، شـێوازی کـارکردنی منـیش شـیکردنەوە و وەرگێڕانـی ئامـانجە دوورخایەنەکان بوو، ئەم ئەرکەش بەهۆی کەم حەوسەڵەییەوە نیکسۆن لێی بێبەش بوو، نیکسۆن بە هۆی بڕیارە گرنگەکانییەوە بەهرەیەکی سەیری هەبوو، هەرچەندە من بەر لە بینینی ئەو بڕیارە پێشوەخت پێویستیەکانیم دەبینی، بۆیە هەرکە بڕیاری لەسەر کارێـک دەدا ڕاسـپاردەکانی منـی جێبەجـێ دەکـرد. لە سـاڵی ١٩٧٠ دوای ئەوەی هێزەکـانی جێگیربـووی ڤێتنـامی بـاکوور لە نزیـک سـنورەکانی کەمبۆدیـا هەڕەشـەی داگیرکردنـی سـەرتاپای وڵات دەکەن و مـن و نیکسـۆنیش ئەو کـات باسـامان لەوە دەکـرد، کە ئەوێ

نەبێتە بنکەیەکی بەهێز و سەرەکی بۆ هێرش بردنە سەر ڤێتنامی باشوور، من پێشنیارم کرد هێرش بکەینە سەر (باروت بیک)، کە بنکەیەکی کۆمۆنیستی بوو لە نزیک (سایگۆن)، دوای دوو دڵیەکی یەک مانگی نیکسۆن بڕیار دەدا، هێرش بکرێتە سەر سەرجەم بنکەکانی درێژایی سنوری ڤێتنام-کەمبۆدیا. لە ساڵی ۱۹۷۲یش کاتێک گوتوبێژمان لەسەر دووبارە بۆردومانکردنی هانۆی-هایفونگ دەکرد بۆ ئەوەی بەستەڵەکی دانوستانەکانی ئاشتی تایبەت بە ڤێتنام بتوێنینەوە، من ئامۆژگاریم کرد بە فڕۆکەی شەڕکەر بۆردومانەکان ئەنجام بدرێن، بەڵام نیکسۆن ئەمەی نەکرد، فەرمانیدا بە فڕۆکەی ب٥٢ هێرشەکان بکرێن، (ئەوکات من ڕێگریم نەکرد، بەڵام بە بیرمدا نەهات بۆیە).

لە ١٩٧٣یش کاتێک من کەشتیگەلی ئاسمانیی سڤیلیی یەدەگیم بۆ کۆنگرێس ئامادە دەکرد، بۆ دروستکردنی پردێکی ئاسمانی لەگەڵ ئیسرائیل، نیکسۆن ڕەزامەندی دەدا و داوا لە کۆنگرێس دەکا پردێکی سەربازی دروستکا تێیدا فڕۆکەی ٥سی بە کاربێت، لە هەموو حاڵەتەکاندا بڕیارەکانی نیکسۆن، خودی ڕووداوەکان پاساوی بوون.

نیکسۆن کەم بایەخی بە دبلۆماسییەت دەدا، ئەو زیاتر بایەخی بە ستراتیژییەت دەدا، دبلۆماسییەتی دانوستاندن و هەنگاونان بە هێواشی زۆر هیلاکی دەکرد، ئەو بەر لە وەرگرتنی بڕیار هەموو بژاردەکانی نمایش دەکرد و ڕاپۆرتەکانی بە وردی تاوتوێ دەکرد، بەڵکو هەندێکجار تێبینیی جوانیشی لەسەر دەدان.

بەهەرحاڵ هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان سەرۆک و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی، باش بە ڕێدەچوو، یەکیان تەواوکەری ئەویتریان بوو، (بەهۆی ئەوەی لە شکست و هەڵەی یەکتر دەترساین بەڵکو ڕۆڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەی یەکتریشمان گێڕابێ) چونکە من و نیکسۆن لە یەک ڕوانگەوە سەیری پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانمان دەکرد، بۆیە هەردووکمان پێمان وابوو ئێمە لە کێشەی ڤێتنام تێوە گلاوین، ئەوانەی پێش ئێمە بۆیان دروست کردوین و بەهۆی ئەوەی لێمانەوە دوورە و سودێکی ئەوتۆی بۆ ئەمریکا نییە و زیانمان لێی پێ گەیشتووە. ئەوەتا چین گەڕایەوە نێو پرسە نێودەوڵەتییەکان و ئەوروپا بووژایەوە و یەکێتی سۆڤیەتیش زیاتر نیانی دەنوێنێ، بۆیە دەبێ ئەمریکا ستراتیژییەتێکی دوورخایەنی هەبێ، بە مەبەستی هاوسەنگی نێودەوڵەتی، خۆی لەم توندگوتیژییە دوورخاتەوە، بۆ چارەسەری پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان، لە

پێناو هاوسەنگیشدا لە باتیی دەستێوەردانی ئاشکرا لە کاروباری ناوەخۆ، سیاسەتێکی ستراتیژیمان هەبێ، ئەم بۆچوونە تا نووسینی ئەم چەند برگەیە بۆچوونی کەمینەیە، کە شارەزانین لە ئازارەکانی نیشتمانیی و پێیان وایە گەیشتن بە ئاشتی، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەستەواژەی ناوەخۆ لە جیهان دێتە دی.

## نیکسۆن و دامەزراوە

نیکسۆن لە دیدی ناحەزانی کەسێک بوو دوژمنی سەرسەختی کۆمۆنیزم و نموونەی کەسایەتی پارێزگاری ڕاسترەو بوو. ئەمە دوور بوو لە ڕاستی وێنەی نیکسۆن، ئەو کەسێک بوو خۆی بە نوێنەری دامەزراوەی کلاسیک دەزانی، کاتێک من لە نیکسۆن و نلسون ڕوکفلر نزیک بووم، ڕوکفلر لە دەزگەوە نزیک بوو، من هیچ جیاوازیەکم لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییە نەدەبینی، بەڵام شێوازی مامەڵە و چارەسەرییەکانیان جیاوازبوون، لە هەڵوێست و کەسایەتیدا بەرانبەر بە ڕێکخراو جیاوازیان هەبوو.

لە میانی یەکێک لە دیالۆگەکانمان لە نێوان من و نیکسۆن لە ١٩٧٠ نیکسۆن گگوتی: تەنها سێ ئاڕاستە هەیە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی:

یەکەم/ سیاسەتی پارێزگار کە ڕۆنالد ڕێگن لە گەورە نوێنەرانییەتی.

دووەم/ ئاڕاستەی لیبراڵیزم کە هیوبرت همفری لە کەسە هەرە سەرنجڕاکێشەکانییەتی.

سێیەم/ ئاڕاستەی میانڕەو کە پێی وابوو ئەو نوێنەریەتی.

دەڵێ پێی وایە سیاسەتی پارێزگار سیاسەتێکی کوشتارگەرییە و بێ کاریگەریشە، ئەم سیاسەتە پشتگیری کۆمەڵگەی ئەمریکا وەدەست ناهێنێ، بۆیە هاوپەیمانانیش پشتگیریی لێ ناکەن، هەڵوێستی لیبراڵیستەکانیش دەمانفرۆشێ و ڕووبەڕووی شەڕێکمان دەکاتەوە، لە لایەن ڕاسترەوە پەشۆکاوەکانەوە، ئەگەر هەست بکەن کە ئەمریکا هەڵوێستی لاوازە.

نیکسۆن سووربوو لەسەر ئەوەی گەلی ئەمریکی دۆڕاو نییە، داوای کاردانەوەیەکی توند دەکا بۆ شکستە دبلۆماسیی و سەربازییەکان، نیکسۆن درێژەی پێدا

و گگوتی: سیاسەتی دەرەوەی میانڕەو کە ئەو پیادەی دەکا قەلایەکی پۆلاینە، تێیدا سەقامگیری نێودەوڵەتی پارێزراوە، بەڵکو ڕوکفلر ئامادەبی هەموو گوتەکان پەسند بکا ( بەلآم سەبارەت بە ڕیگان نیکسۆن هەڵەبوو، بەڵکو ئەو کەسێکی پارێزگار بووبێ بەلآم ئەوکات ڕەگوتی پارێزگار دروست نەبوو).

بە پێچەوانەی ڕوکفلر، نیکسۆن خۆی بە ئەندامی ئەو دەزگەیە نەدەزانی، (سەرەڕای ئەوەی، کە سەبارەت بە ڕوکفلر ئەو نازناوە وەکو پاشناو پێیەوە نوسابوو نەک بە سۆز) هەستی بەوە دەکرد، کە ئەم پرسە لە سەردەمی حوکمڕانییدا و پێشتریش لەلایەن توێژی نوخبەوە پشتگوێ خراوە. ئەمەشی بۆ ئەو دژایەتییەی بۆ کۆمۆنیزم و سوکایەتیی بە ئۆروستۆکراتیی ڕۆژهەلآت لە پەنجاکان گێڕایەوە، گوتەکانی نیکسۆن کە بە دڵێکی پڕ لە قینەوە بوو، دژی گروپی کۆکتێل جوروج تاون و ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە بوو، ئەو دەزگەی وەکو دوژمن دەبینی، دوژمنیش دەبێ لە گۆشەیەک حەشار بدرێ، دوژمنانی نیکسۆن هیچ سودێکیان پێی نەگەیاند. نیو ساڵ بەسەر حوکمڕانییدا تێناپەرێ، کە ئەوانەی ئەو بە نوخبە ناوی دەبردن خۆپیشاندان ڕێکدەخەن و واشنتۆن دەشڵەژێنن بێ ئەوەی هیچ هەوڵێک بدەن لە سەرۆک بگەن، کە مەبەستی بووە بەر لە هەموو شتێک کار لەسەر ئەو کێشانە بکا، کە بۆی ماوەتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا سەرۆک کە سومبولی یەکێتی نیشتمانییە، هەر ئەوەش بوو ئاستی ئەوانی لە ناحەزانی بەرزتر ڕاگرت لە کاتێکدا ئەوان بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا دەگەڕان، جیاوازی لە نێوان من و ئەو ئەوەبوو ئەو مەبەستی بوو پێش دوژمنکاریەکەیان بکەوێ، بەلآم من هەرگیز دەزگەی فکریم بە دوژمن نەزانیوە و نەمویستوە لێی دوورکەوینەوە، ئەمە بەشێک بووە لەم دونیایەی من لێی هاتوومەتە دونیا و لێی پەروەردە بوومە، بۆیە ویستوومە هەمیشە لەو دۆخە ئەکادیمیەدا بمێنمەوە، ئەوکاتانەی خۆپیشاندانیش لە کۆشکی سپی نزیک دەبووەوە من هەندێک فەرمانبەرم دەناردە نێویان پێم دەگوتن، کە چاوپێکەوتن لەگەڵ خوێندکار و ناڕەزاییەکان بکەن و بیانهێننە نوسینگەی خۆم تا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەم، لە ڕاستیشدا دوو ساڵ

ڕەتناکـا لە مـاوەی کـاری وەزیفـیم، کە نـاوە نـاوە خوێنـدکار و مامۆسـتای زانکـۆ و ئەکادیمیستەکان سەردانیم دەکەن.

مایەی پێکەنینە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتن و گوتـوبێژانە بە پـێچەوانە دەردەچـن، چـونکە دەبێـتە مـایەی لە یەک تێنەگەیشـتن لە نێـوان مـن و خوێنـدکارو مامۆسـتایانی ڕۆشـنبیر، بە تـایبەت لە زانکـۆی هارفـارد، سـەرەتا کـۆمەڵەی ڕۆشـنبیرەکان دیـد و بۆچوونەکانی منیان وا لێکدایەوە، کە من لایەنگری سەرۆکێکی شەڕکەر و ناسـەقامگیرم، کاتێـک دڵنیـابوون لەوەی مـن لایەنگـری سـەرۆک نیکسـۆنم ئەوکـات ڕۆشـنبیرە لیبراڵیستەکان منیان بە ناپاک و هەڵپەرست بۆ دۆزەکەیان دایە ناسین.

لە کۆتایی ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو من و نیکسـۆن خۆمـان بە بێـزاری لە دەسـت ئەو کەسـانە بینییـەوە، کە بە جەمـاوەری خۆمانمـان دەزانـین، لیبراڵیسـتەکان منیـان بەوە تۆمەتبارکرد کە لە پێناو وەزیفە و دەسەڵاتدا من ناپاکیم لە دۆزەکەی ئەواندا کردووە.

ئا لەم دۆخە دروشمی ڕزگاربوون لە جەنگی ڤێتنام بووە سیمای شـەڕی نـاوەخۆ. نیکسۆن شەڕی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بۆ جێمابووەوە.

٥٤٠٠٠٠هــەزار سـەربازی ئەمریکـی بـۆ شـوێنێک نێردرابـوون، دوورتـرین شـوێنی جوگرافیای ئەمریکی بوو، جیاواز لە ڕووی کولتوور و زمان، کاتێکیش نیکسۆن دەسەڵات دەگـرێتە دەسـت نەخشـە و پلانەکـان لەلایەن جونسـۆن داڕێژرابـوون، ئەو ژمـارە لە زیادبوونـدا دەبـێ، هـیچ ڕێگەچـارەیەکی سـەرکەوتوو و گونجاومـان لە کۆشـکی سـپی لەبەردەستدا نەبوو، ئینکاری لەسەر بکەین.

ئێمە ئامادە بووین هێزەکانمان بکێشینەوە بێ ئەوەی گلەییەکـان بخەیـنە ئەسـتۆی ئەوانەی بەر لە ئـێمە بـوون، دیـارە ئەمەش نـاکەین وڵاتێـک جێبێڵــین، کە ٤٠ هەزار قوربانیی ئەمریکیمان بۆی دا و ئەوان پابەندی گوتەی ئێمە بوون و ئێمە گفتمـان پێیـان داوە ڕێـگە بـدەین کۆمـۆنیزم حوکمڕانیـان بکـا، بەڵام چەنـدین سـاڵ بـوو ئەمە مەرجـی ڤێتنامی باکوور بوو، بۆ ئاگربەست.

هەرکە دەسەڵاتی جێهێشت ئەوانەی کە نیکسۆنیان تووشی ئەم گرفـت و کارەسـاتە کرد پێیان وابـوو بـێ گونـاهن، گەلێکجـاری ڕەخنەیـان لێـی دەگـرت، کە نەیتوانیـوە ئەو کێشانە بە چوار مانگ چارەسەر بکات، لە کاتێکدا بە چوار سـاڵ چارەسـەر نەکرابـوون.

گەورە فەرمانبەرانی ئیدارەی جونسۆنیش لە خۆپیشاندانەکان بەشداریان دەکرد، گوایە کۆشکی سپی نەیتوانیوە ئاشتی لە ڤێتنام بەرقەراربکا، نەک پێداگری ڤێتنامی باکوور، ئەوان ئەم ڕاستییە لە هەموو کەس باشتر دەزانن، کە سەرۆک چۆن بە ڕێگایەکی داخراو گەیشت، ماوەی ساڵێک بوو فشاریان دەخستە سەرمان بۆ ئەوەی سازش لەسەر داواکاریەکانمان بکەین، کەچی ئەو کاتەی خۆیان لەسەر دەسەڵات بوون ئەم کارەیان نەدەکرد، لە ١٩٦٨ کۆنگرەی دیموکراتی لەسەر پرسی (بەرنامەی ئاشتی) ناکۆکیی تێ کەوت، ئەم ناکۆکییە بووە پێکدادان لە شەقامەکانی شیکاگۆ، لە ١٩٦٩ ڕەزامەندی دەدا و خاڵە بنەڕەتیەکانی بەرنامەکەش دەخاتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکات گەورەترین خۆپیشاندان دژی شەڕ بەرپادەبێ.

لە هەمووی سەیرتر، خۆپیشاندەرە ڕاسترەوەکان بانگخوازی ئاشتیان دەکرد، ئێمەش پێمان وابووە بۆ ژیانی سەربازەکانمان کە لە نێو ٧٠٠ هەزار کۆمۆنیستدا دەژین مەترسیەکی مەزنە، خۆ ئەگەر دەستمان لەو شەڕە هەڵگرتبایە نزیکەی یەک ملیۆن چەکداری ڤێتنامی باشووری لەم کارە ناڕەحەت دەبوون، کە دەستبەرداریان بین، نیکسۆن هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا نەبوو دەست لە پەیمانەکەمان هەڵگرین، کە بە ملیۆنەها کەسی سڤیلی ڤێتنامیمان دابوو ژیانیان بپارێزین. بە شێوەیەکی جیا ١٥٠٠٠٠ سەربازی لە ماوەی یەک ساڵدا کێشایەوە، لە کۆتایی ماوەی حوکمڕانیشیدا نیو ملیۆن سەربازی کێشایەوە، بەم شێوە زیانەکان کەمبوونەوە لە ١٤٦٠٠ سەرباز لە ١٩٦٨ بۆ ٣٠٠ سەرباز لە ١٩٧٢ بە هێشتنەوەی ڤێتنامی باشوور بە سەربەخۆیی، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕشتنی خوێنی ئەمریکیەکان تۆمەتبار دەکرا.

نیکسۆن ئەم هێرشانەی بەوە لێکدایەوە، کە تۆڵە سەندنەوەیەکی هەمیشەیی (دەزگە)یە، بەڵام ئەوەی نە من و نە ئەو، لێی تێ نەگەیشتین ئەوەبوو، کە بزووتنەوەی ڕادیکاڵیست باڵێکی (دەزگە) نەبوو، بەڵکو ئەوان پێیان وابوو کە (دەزگە) ی لیبراڵیست دوژمنی سەرسەختیانە، نیکسۆنیش لە لای خۆیەوە بە چەند بەیاننامەیەکی ئاگرین وەڵامی (دەزگە) دەداتەوە.

لە گەرمەی گوتوبێژەکان لەسەر دۆخە ناهەموارەکە، نیکسۆن دەیگوت: (شەڕی ناوەخۆ لە ئەنجامی چەند تێ نەگەیشتنێکی مێژوویی دروست بووە)، من وەکو مامۆستا

لە هـارڤەرد و ئەنـدامی ئەنجـومەنی پەیوەنـدیەكان و دۆسـتی نیلسـۆن ڕوكفلـر، بە شێوەیەكی تـایبەتی دەتـوانم هاوكـاریی بـكەم بـۆ دەربـازبوون لەم مەینـەتە، دوای ئەوە ژمـارەیەكی بـێ ئەنـدازە لە (دەزگـەوە) نـامەم بـۆ هـات تێیـدا ڕێنمـا و ڕێكـارە میـدیاكاریەكانیان پـێ دام، داوای سـزادانی یـاخیی بووانیشـیان لـێ كـردم، هەمیشـە ڕێنماكانیش وابوون كە مـن سـزای میـدیاكارەكان نەدەم. تەنـانەت ئەگەر لەو كەسـانەش بن، كە من هانی دادگاییكردنیانم دەدا، ئەم ئەركە بەهـۆی توانـا و نـزیكیمەوە نەبـوو لە ڕۆژنامەوانانەوە نەخێر، من هەرگیـز بەر لەوەی وەكـو ڕاوێژكـاری ئاسایشـی نەتەوایەتیـی دەستنیشان بكرێم هیچ كـۆنگرەیەكی ڕۆژنـامەوانیم ئەنجـام نەداوە، نیكسـۆن پێـی وابـوو دوژمنایەتی ئەو توێژە بەهۆی چینایەتیەوەیە، كە من بەهۆی پەیوەندیمەوە بە (دەزگە)، دەتوانم ئەم هەستە بگۆڕم.

خاڵی یەكلا كەرەوە ئەوكاتە بـوو، كە لە مـانگی حـوزەیرانی ١٩٧١ بەڵگەنامەكـانی بنتاگۆن ئاشكرا دەبن، ڕووداوەكە دۆخەكانی لە یەک نزیک كردەوە، كە تـا ئێسـتاش لە ڕووداوەكان وەكو ئەكتەرێكی پـاڵەوان لە بـواری ڕۆژنـامەگەری دەردەكەوێ، كە شـان لە شـانی حكـومەت دەدا، بەڵام ئەو بەشـەی پێوەنـدی بە نیكسـۆنەوە هەیە لەم ڕووداوە شایەنی ڕوونكردنەوە و لێكدانەوەیە.

كاتێک حەوت هەزار لاپەر لە ڕۆژنامەكـان بڵاودەكـرێنەوە، نـابێ تـاقە بەنـدی، كە سـەرۆک پابەنـدی دەبـێ بەنـدی یەكەم بـێ، بە دوورخسـتنەوەی بنەمـا سـەرەكییەكانی ئەمریكـی بە تـایبەت لە سـەردەمی شـەڕ، كە بە سـەدان هەزار ئەمریكـی ژیانیـان لە مەترسـیدایە، بە دیـدی مـن و نیكسـۆنیش ئەركـی ئەوە، چـونكە لە كـاتی سـەردانییە نهێنییـەكەم بـۆ چـین بڵاوكراوەكـانی بنتـاگۆن ئەمەیـان ئەنجـام داوە. گوتـووێژە نهێنییەكـانیش لە پـاریس بـۆ كۆتاییهێنـان بە شـەڕی ڤێتنـام ئەنجام درابـوون، هەردوو ئەركەكـان لە مەترسـی دابـوون ئەگەر ڕێكارەكـانی جێبەجێكردنـی ئەمریكـی بە پاشەكشـەیان بكردبـایە، دواتـر توانـای واشـنتۆنیش لە پاراسـتنی نهێنـی گوتوبێژەكـان كەوتە ژێر گومان.

لە ڕوانـگەی ئەوەی هـیچ بەڵگەنـامەیەكی بنتـاگۆن نـاتوانێ نیكسـۆن تووشـی لە ڕووداومـان بكـات، بـۆیە بەرژەوەنـدی ئەمریكـا لای ئەو لە سـەرووی هـەموو شـتێكدابوو،

ئەمەش چونکە هەموو بەڵگەکانی بنتاگۆن پشتی بە بڕیاری سەرۆکەکانی پێشتری بەستووە، بە تایبەتیش ئیدارەی جۆنسۆن و کینیدی.

لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧١ بوو کاتێک لە کەناری ڕۆژئاوابووم بۆ یەکەمجار، من زانیم ڕۆژنامەی نیویورک تایمز بەڵگەنامەکانی بڵاوکردووەتەوە. چونکە ئەو بەڵگەنامانەش هی وەزارەتی بەرگری بوون، دەبێ یەکێک لە کاربەدەستانی بەرگری ئەم نهێنیانەی ئاشکرا کردبێ، بە مەبەستی هێدمەکردن و لە ڕووداوانی حوکمڕانانی پێشوومان ئەمە کراوە. (ئال هێگ) دواتریش جێگرەکەمم بانگێشتکردن پێم ڕاگەیاندن، کە هۆشداری بە (میلفین لیردکی)ی وەزیری بەرگری بدەن، ئەو فەرمانبەرەی ئەم بەڵگەنامانە بڵاودەکاتەوە لەبەر هۆکاری سیاسیی ڕایگرێ، بەردەوامیی دەبێتە زیانێکی سیاسیی مەزن، (هێگ) لێی پرسیم پێت وایە ئەم بەڵگەنامانە چەند دەبن؟

گگوتم : بە مەزندەی من بیست دەبن.

هیگ گگوتی: (ژمارەکە نەگاتە حەوت هەزار چەند ئازارت دەدا ؟ ئەوەندەی نەبرد زانرا کێ بەم کارە هەڵساوە.

سەرۆکی گاڵتەجار لە توانایدا بوو ئەم بەڵگەنامانە وەکو ئاماژەدان بە قەوارەی هەڵەکانی ئاشکرا بکا، بەڵام چونکە کارەکە پێوەندی بە ئاسایشی نەتەوایەتییەوە هەیە، نیکسۆن لەو سەرۆکە گاڵتەجارانە نییە ئەم کارە بکا. ئەوەی مایەی دڵگرانییە لە باتیی ئەوەی لە پێناو بیروبڕوا شەڕبکا، لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو نامانە ڕوو لە دادگا دەکا، کە کارێکی بێ سود بوو، بەڵکو بێڕەوشتیش بوو، هیچ پاساوێکی یاسایی نییە دژی دانیال ئەلیسبیرگ، لەبەر بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە ئەو کارە بکا، هەروەها پاساوی ئەوەش نییە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە بکا، وەکو گەمارۆدانی پەیمانگای (بڕۆکینگز) گوایە هەندێک لەو بەڵگەنامانە لەوێ پارێزراون، بە بەراورد لەگەڵ ئابڕوی سەرۆک، کە ئەم کارەی پێوەلکا لە کاتێکدا دەستی تێدا نەبووە.

هیچ کاتێک لە نوسینگەی سەرۆک بەزاندنی یاسا ڕێگەپێدراو نەبووە. نیکسۆنی شکست خواردووش سەقامگیر نەبووە، تا ئەوکاتەی لەگەڵ ڕکابەرانی نەگەیشتووەتە لە یەک تێگەیشتن، ئەم ڕێککەوتنەش لە ژێر کاریگەریی و میانگیری ئاقڵانەی هەندێک لە سیاسەتوانان ئەنجام دراوە.

ئایا دەزانی نیکسۆنی شکست خواردوو وەکو هەڕەشە نەماوە؟ یا لەبەر ئەو دەستپێشخەریەی نیکسۆن بووە، کە مەترسی لە دڵی هەردوولا ڕەواندەوە؟ هەرچییەکی بێ مردنی نیکسۆن گەلێک کێشەی چارەسەرکرد، کە ئەو کاتەی لە ژیاندا بوو چارەسەر نەدەکرا، لە هەمووی سەیرتر ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی لە نیسانی ١٩٩٤، بووە بۆنەیەکی نیشتمانی، سەرجەم سەرۆکەکانی پێشوو، لەم بۆنەیە بەشداریان کرد لەوانە کلینتۆن، کە دژی شەڕی ڤێتنام بوو.

---

## نیکسۆنی مرۆڤ

لە میسیۆلۆژیای ئەوانەی دژی وەساتانەوە و لە هەندێک وێنەی سینەمایی، نیکسۆن لە لای یاوەرانی کەسێکی ڕۆحسووک بوو، لە ژێر کاریگەری خواردنەوەی کحولی توانیویەتیی سام و کاریگەری خۆی بەسەر دەوروبەریدا بسەپێنێ، ئەو نیکسۆنەی من دەیناسم ئەمانە هیچیان بۆ ئەو دروست نین.

لە میانی ئەزمونی کارکردنم لەگەڵی دا، نیکسۆن لە نوسینگەی کۆشکی سپییدا، هیچ کاتێک خواردنەوەی کحولی پێشکەش ناکات، تەنانەت نزیکەکان و یاریدەدەرانیشی بە ئاستەم بینیویانە بخواتەوە، کێشەکە ئەوەبوو نیکسۆن بەرگەی ڕێژەیەکی کەمیش لە کحول ناکا، تەنها دوو پێک شەڕاب بۆ ئەو بەس بوو، مەستی بکات، پێکی سێیەم وای لێ دەکرد گوێ بگرێ، ئەو بە کحول هۆکاری بەرگریی لاواز دەبوو، بۆیە خۆی لێ دەپاراست، تا هەمیشە بە بەهێزی بمێنێتەوە، ئەم حاڵەتانە زۆر کەم ڕوویان دەدا بە تایبەتی لەو کاتانەی بڕیارەکانی دەدا خۆی لێ دەپاراست، ئەگەر یەکێکیشمان گوێمان لەو جۆرە بڕیارانە بووایە، بە پێویستمان دەزانی سەرۆک کاتی زیاتری پێ بدرێ تا بیربکاتەوە و بەم بڕیارانەدا بێتەوە.

ڕیچارد نیکسۆن کە ماوەی پێنج ساڵ و نیو کارم لەگەڵی دا کردووە کەسێکی نیان و هەندێک جاریش شەرمن بوو، شێوازی گوتوبێژەکانی لەگەڵ من و جورج شولتز

جودا بوو لەوەی لەگەڵ فەرمانبەراکانی تری کۆشکی سپی. نیکسۆن کەسێکی بڕوابەخۆ بوو، لەوە هەراسان دەبوو ئەگەر ڕووبەڕوو لەگەڵ بۆچوونەکانی یەک نەبووبی، پرسیاری زۆری لێ دەکردم هەندێک جاریش وەڵامی جامبازانەی دەدامەوە، توانای ڕاگۆڕین و بادانەوەی هەبوو، بەڵام من ئەمەم تۆمارنەکردووە چونکە لێیم نە بینیوە.

ئەو ڕێگایانەی کە کێشەکانی نێوان خۆم و نیکسۆنمان پێ چارەسەردەکردن ئەوەبوو، کە من هەندێک تێبینی نەرێنیم لەسەر گوتەکانی تۆمار دەکرد و دوای ماوەیەکی تر دەگەڕامەوە سەر ئەو خاڵانە، بێ ئەوەی بۆچوونی خۆمی لەسەربدەم، ئیتر دوای کەمێکی تر نیکسۆن دەگەڕایەوە سەر ئەو خاڵە جا ئەگەر ڕای خۆی گۆڕیبا یا دووپاتی بکردبایەوە.

چونکە ئەم شێوازە بۆی هەبوو مەترسیی لێ بکەوێتەوە، بۆیە من بۆچوونەکانم لە ڕێگەی یاداش پێی ڕادەگەیاند، ئەویش چونکە بەم شێوازە کەس سەرقاڵی ناکا بۆیە لێی ئاسودە بوو، بڕیارەکانی بەبێ بێنە و بردە دەدا، هەر بۆیە مێژوونووسان کاتێک ئەم بڕیارانە بەسەر دەکەنەوە سودی لێ دەبینن، چونکە بڕیارەکان لە دۆخێکی ئارام دراون.

شەرمکردنی نیکسۆن لە چاوپێکەوتنەکان بە هۆی ترس لە پەلکێشییەوە نەبوو، بەڵکو لە ترسی ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی بوو، ئەوانەی شارەزایی چەند ساڵەیان هەبوو لەو پیاوە، دەزانن خاوەن توانایەکی تایبەتییە بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر، لە ڕاستیشدا نیکسۆن بە ڕەتکردنەوە زۆر دەمار توندبوو، خۆ ئەگەر ڕووداوەکان بەرەو کارەسات بچووبان ئەوکات نیکسۆن بەورەتر و خۆڕاگرتر دەبوو. کتێبەکەی بە ناوی (شەش قەیران) مادەیەکی خاوە لە گوتوبێژە تایبەتییەکانی، پەنجە لەسەر هەندێک کارەسات دادەنێ، کە دواتر هەندێکیان ڕوویاندا، دوای مردنی جۆن کینیدی لە ١٩٦٠، دوای ئەوەی دەنگدەران لە کالیفۆرنیا ئەویان بۆ پۆستی حاکمی ئەو ویلایەتە لە ١٩٦٢کاندید کرد، ئەوەتا ئەم جارە لە ١٩٦٨ بە سەرۆکی گشتی هەڵدەبژێردرێ، دواتر دوای دەست لە کارکێشانەوەی لە دوورخراوەیی لە سان کلیمنت دەگەڕێتەوە بۆ بنیادنانەوەی خود، وەکو بەشداربووێک لە گوتوبێژی نیشتمانی بەشداری دەکات (ئەمەش بە پێچەوانەی سییرۆ ئەگنیو، کە دوای دەست لە کارکێشانەوە ون دەبێ).

بۆ ئەوەی خۆی لە گوتوبێژەکان دوورخاتەوە نیکسۆن زۆر بە کەمی ڕەزامەندی لەسەر چاوپێکەوتن دەدا لە نوسینگەی خۆی، ئێمەش کاتێک بمانویستبایە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێک بکات، کە نایناسێ، زۆر ئاستەم بوو تا ڕازی بکەین، ئەو کەم ڕازی دەبوو چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێک بکات، نەیناسێ یان شارەزایی لە ڕابردووی نەبێ.

وێنە و سیمای نیکسۆنی ڕۆمانسی وای نیشان دەدا، لەم چاوپێکەوتنانە ترسی نییە، هەرا و هۆریای حکومەتەکەی هیچ کاریگەریی لەسەری نییە، بەڵام دەوروبەری بە تەلەفۆن و پەیوەندیەکانەوە زۆر ماندوو دەکرد، بۆ ئەوەی باشتر دڵنیابێ.

لە یاداشتەکانی هالدمانH.R. Haldeman دا هاتووە، لە هەوڵەکانیدا لە پێناو وەدەستهێنانی ڕاستییەکان، بۆچی نیکسۆن بە دەگمەن ستایشی یاریدەدەرانی دەکرد؟ بەڵکو بەبێ مەبەست بووە یاریدەدەرانی دوور دەخستەوە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بکات یانیش بە مەبەست بووە.

پەرستنی (پیاوە توندەکە) دەبێ لایەنێکی تری هەبێ لە گوتوبێژەکانیدا لەگەڵ فەرمانبەرانی، ئەو پێشنیاری بە زیادەوە دەکرد، کە لە خۆیڕانەدەبینی ئەو پێشنیارانە جێبەجێ بکات، لە کاسێتەکان هەندێک لەم جۆرە پێشنیارانەمان بەرچاو دەکەوێ، کە پاڵەپەستۆی خوێنی پێ بەرزدەبێتەوە، من پێم وایە ئەمەش پەیوەندیی بە ئابڕوچوونەکەی واتەرگێتەوە (Watergate) هەیە.

نیکسۆن بڕوای وابوو، زۆرجاریش لە گەلێک بۆنە ئەمەی دووپات دەکردەوە، بە تایبەتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ١٩٦٠، کە فڕۆکەکەی و نوسینگەکەی لە لایەن کینیدیەوە لە ژێر چاودێری و گوێگرتن دایە، گومان دەکەم ئەویش پێی وابووە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٢ دەبێ بەم شێوازە بێ کە پێی سەرسام بوو، ترسیشی هەبوو لەوەی لایەنگرانی کینیدی ئەمەیان کردبێ.

لە سیاسەتی دەرەوە بە هۆی فەرمانە توندەکان ئەم کارانە کەمتر ڕوویان دەدا، دوای کارکردنم چەند مانگێک لەگەڵی دەمتوانی هەست بەوە بکەم، ئەو کارانەی مەبەستییەتیی بە خێرایی ئەنجامیان بدا کامانەن و ئەوانەی بۆ ماوەیەکی تر دوایان دەخا کامانەن، بۆ نموونە:

ئێـوارەیەکی ڕۆژی شـەممە لە مـانگی ئـابی ١٩٦٩ فڕۆکەیەکـی سـەربە کۆمپانیـای TWA ڕفێنــدرا، کە بەرەو دیمەشــق دەچــوو، سەرنشینانیشــی هەنــدێک ئەمریکیــی تێـدابوو، مـن ئەم هەواڵەم بـۆ نیکسـۆن گواسـتەوە، کە لە سـان کلیمینـت لەگەڵ دوو هاوڕێی دا بوو، بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی بەسەر دوو هاوڕێکەیـدا بسـەپێنی فەرمـانێکی توندی دا گگوتی: (فڕۆکەخـانەی دیمەشـق) بۆردومـانکەن، مـن دڵنیـابووم ئەم فەرمـانە جێبەجێ ناکرێ، بەڵام پەیوەندیم بە (میل لیرد)ی وەزیری بەرگریەوە کـرد و هەواڵەکەم پێی ڕاگەیاند.

هەردوو کەشتیە فڕۆکە هەڵگرەکانمان لە دەریای ناوەڕاست لە شوێنی ڕووداوەکە دووربوون، دواتر بۆردومـان ردنـی وڵاتێـک بەم شـێوە ئاسـان و سـادە نییـە، خـۆ دەبـێ لانـیکەم ئامانجەکـان دیـاری بکـرێن و سـیناریۆکە ئامـادە بکـرێ و ڕۆژنـامە و میـدیاکان ئاگاداربکرێنەوە، من و لیرد بڕیارماندا ناوەڕۆکی نامەکە جێبەجێ بکەین بە خۆسازدان و هەنگاونانی سەرەتایی، هەنگاوەکانی تریش بۆ بەیانی بهێڵینەوە، لیرد فەرمانی بە فڕۆکە هەڵگرەکاندا خۆیان لە کەناری قوبرس نزیککەنەوە، بێ ئەوەی وردەکاریەکانی تریان پـێ بدا، ئەمەش بە دروستی بە پیل فەرمانەکەی سەرۆکەوە چوونە، هەر بە ڕاسـتیش کەش و هەواکە یاریدەدەر نەبوو بۆ ئەنجامدانی کاری فڕۆکەوانی.

بەیانییـەکەی مـن ڕووداوەکـانی ٢٤ کـاتژمێری ڕابـردووم بە نیکسـۆن ڕاگەیانـد، لەوانەش نزیک بوونەوەی کەشتیگەلی شەشـەم لە کەنارەکـانی قـوبرس، ئەویـش گگـوتی چیتــر ڕوویــداوە؟ کاتێــک مــن گگــوتم تــا ئێســتا هــیچ ڕوویــنەداوە، بــێ ئەوەی هــیچ ماسولکەیەک لە ڕووی بجولێ بە هێمنی گگوتی: باشە و لەسەر بۆردومانکردنی دیمەشـق هیچی نەگوت.

لە هەواڵی نزیک بوونەوەی فڕۆکە هەڵگرەکان بەردەوام بووم، دیارە سۆڤیەت ئەم جـوڵانە بە هەنـد وەردەگـرێ و چـاودێریی دەکـا، ( ئەلیکسـی جۆنسـون) یاریـدەدەری وەزارەتی دەرەوە بەم جوڵە ئاگادار بوو، بەڵام لە فەرمانەکەی سەرۆک نا، ڕێنیشاندەر و ڕێنمای تایبەتیی بۆ وەزارەتی دەرەوە و بەرگری ئامادەکرد.

لە یاداشـتەکەیدا دەڵـێ: هەنـدێک لە کەشـتی گەلـی شەشـەم بە پێـی بەرنـامەی داڕێژراو لە جوڵەکردن بەردەوامن، کارمەندانی ئەم کەشتیگەلەش دەڵێن لە ئەنجامی ئەم

ڕفاندنە نائارامیی دروست بووە، ئێمەش ئەمەمان وەکو نیشاندانی ئامادەباشی ئەنجام داوە .

ئەو پرسانەی نیکسۆن دەیخستنەڕوو وەکو فەرمان وابوون، بە نموونە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٠، نیکسۆن یەکەم سەرۆکی وڵات بوو، بایەخی بە خزمەتی سەرۆک ڕیگولدا لە کاتدرائیی نۆتردام، کاتێک بەم هۆیەوە سەردانیکەران ڕێچکە دەبەستن، ئیتر لە فەرەنسا و لە ڕاگەیاندنەکانیدا مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ نیکسۆندا دەکرێ. وەدەستهێنانی لایەنگری بۆ سەرۆکەکان شارەزاییەکی باش بوو، بەڵام بۆ نیکسۆن پسپۆڕییەکی تایبەتی بوو. لە گەشتێکی هەواییماندا سەرۆکم ڕازیکرد سامی بەسەر هالدیماندا بسەپێنێ، کە مەبەستی بوو سەرۆک دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە بگەڕێتەوە، منیش لەوەم ئاگادارکردەوە، کە بەشدار نەبوون لە ڕێورەسمی فەرمی، کە بۆ سەرۆکەکان ئامادەکراوە، سوکایەتیی پێکردنە، دیارە هالدمان هەستی کرد، من دەست دەخەمە نێو کاروبارەکان بەو ئەگەرەوە پێشنیاری کرد، ئەم پرسە لە دانیشتنی چایە خواردنەوە گوتوبێژی لەسەر بکرێ. لە چێشتخانەی ماکسیم لە گەرمەی خۆشییەکاندا نیکسۆن دەگەڕێتەوە سەر بیرۆکەی هالدمانH.R. Haldeman، من ناڕەزاییم لەمە دەربڕی و گگوتم: ئەگەر فەرەنسیەکان ببینن لە نۆتردام بچینە ماکسیم زویر دەبن، زۆر کەم نیکسۆن ڕووبەڕوو قبوڵی ئەم بیرۆکانەی دەکرد، بەڵام ئەم جارەیان ڕووی وەرگێڕایە لای باڵوێز ئارسەر وتسون و گگوتی:

(باشە با شوێنێکمان بۆ بگرن، پێیان بڵێ ئێمە نیازی ئەوەمان نییە هیچ جۆرە خواردنەوەیەک بخۆینەوە).

کاتێک نیکسۆن گگوتی نیازمان نییە واتە لە خۆی دڵنیانییە. هالدمان H.R. Haldeman و واتسون ژوورەکەیان جێهێشت، تا داواکاریەکەی سەرۆک جێبەجێ بکەن، منیش بە دوایاندا چووم، من دڵنیابووم لەوەی نانخواردنمان لە چێشتخانەیەکی گرانبەها، ناوبانگی سەرۆک لەم دەستپێشخەریە دەزڕێنێ، نە خواردنەوەش سەرنجەکان دوور دەخەنەوە. هالدمان H.R. Haldeman بە زەردەخەنەوە گگوتی: (ئێستا کێشە لە سیاسەتی دەرەوەدایە)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ئەوان لەگەڵ بۆچوونەکەی مندا بوون، بەڵام هەستیان ڕاگرت تا من بەرپرسیارییەتیەکە بگرمە ئەستۆ، منیش لە

واتسـونم داواکـرد نەختێـک چـاوەڕوان بـێ، نەبـادا ئەو ببێـتە قوربـانی، ئەگەر نیکسـۆن سوربوو لەسەر داواکەی ئەوا بەیانی ئەو شوێنە دەگرین.

لەگەڵ نیکسۆن لەسەر دیاریکردنی ئەو ڕۆژە قسـەمان دەکـرد، گگـوتی چـی دەبـێ ئەگەر بیخەیـنە دوای ئـاهەنگی یـادکردنەوەکە، منـیش پێشـنیاری ئەوەمکـرد، کە بەو لیســتەدا بێــتەوە کە بۆمبیــدۆ ســەرۆکەکانی لە کۆشــکی ئەلیــزێ داوەتکــردووە، زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوانی گگوتی: ئەمە ڕاستە.

زۆربەی سەرۆکەکان بیر لەوە دەکەنەوە ئاخۆ مێژوو چۆن چۆنی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا، بۆ نیکسۆنیش ئەمە کابووسێک بوو، لەوە دەترسا هەوڵەکانی بە بادا بچـن، یـا لە ئەنجامی ناحەزانی شکست بێنێ، ناوە ناوە نیکسـۆن لەسـەر شـیکردنەوەی ئەو کـارانەی بۆ نەوەی داهاتوو کردویەتـی، نـامەی بـۆ دەنـاردم، دیـارە مەبەسـت لەو نامـانەش ئەوە نەبووە کار بکـاتە سـەر جەمـاوەر، دوو بـۆنەی تـری هاوشـێوە لە شـێوازی مـامەڵەکردن لەگەڵ چین هاتنە پێش:

یەکەمیــان/ مێــژووەکەی دەگەڕێــتەوە بــۆ ٩ی ئــاداری ١٩٧٢، کە ڕوومــاڵکردنی ڕەشنووسی یاداشتەکەی شـنگهای بـوو، لە کۆتـایی سـەردانەکەیدا بـۆ چـین لە شـوباتی ١٩٧٢ بڵاوکرایەوە، لەم یاداشتە بۆ یەکەمینجار لە مێژووی دبلۆماسییەتیی نوێ، هەردوو لایەن بەر لە ڕێککەوتن لەسەر چەند پرسێک بۆچوونی جیاوازیان تۆمار کرد. نیکسۆن لە یاداشتەکەی ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی ئەم هەڵوێستەی نواندوە، دیارە مەبەستی بووە هەڵوێستی مامناوەندی ئەمریکا بۆ گەلی چین دەرخا، دەڵێ:

(ئەم شێوازە لەو ئەزمونەی فێر بووە، کە لە سەردانەکەیدا وەکو جێگری سەرۆک بۆ مۆسکۆ لە ١٩٥٩ ئەنجامی داوە، دیارە ئەوکات دەرفەتی بۆ ڕەخسـاوە ڕاسـتەوخۆ بـۆ گەلـی ڕووسـی بـدوێ، بەم شـێوازە دواوە، کە بە پـێچەوانەی پروپاگەنـدەکانی ئەوسـای یەکێتــی ســۆڤیەت بــووە لە دژی ئەمریکــا، نیکســۆن هــانی دام شــەش قەیــرانەکە بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی لەوە بگەم ئەو گوتـارەی لە مۆسـکۆ دابـووی بـۆچی بەم شـێوازە یاداشتی شەنگهای نووسیوە:

چونکە من بەو ئەزمونەدا تێپەڕیبووم سوربووم لەسەر ئەوەی شێوازی نووسینی ئەو یاداشــتە بەم شـێوە، کە بە دڵنیـایی سـەرکردەکانی چـین و گەلـی چینـی و کـادیرە

جەماوەرییەکانی دەیبینن، هەڵوێستی نیانی ئەمریکا دەردەخات، دەبوایە من هەموو هەوڵەکانم بە گەڕخستبا تا ڕەزامەندی بیسەرانی لەسەربێ، ئەڵبەت ئەگەر هەڵوێستێکی دوژمنکارانەمان دەربڕیبا بە دڵیان نەدەبوو، چونکە ٢٢ ساڵ لە دوژمنکاری ئەگەر یاداشتەکە نیان نەبووایە، گوێیان لێی نەدەگرت.

یاداشتی دووەم/ لە ١٤ی ئاداری ١٩٧٢ بوو بە واژۆی هالدمان H.R. Haldeman، ناوەڕۆکەکەی نیکسۆن نوسیبوویەوە تێیدا ئەو خەسڵەتانەی دەردەخست، کە سەرۆک لە بیجین نواندبووی، تێیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردە چینییەکان دەرخستبوو، کە وەکو زۆرانبازێن وابوو، داواش لە من کرا ئەو دیمەنانە جودا بکەمەوە، کە تێیدا نیکسۆن وەکو کەسێکی گاڵتەچی و هەستیار و دەستگرەوە نیشان دەدا.

لایەنە سەرنج ڕاکێشەکە لە هەردووک یاداشت، بەرجەستەکردنی وێنەی ڕۆژگار بە ڕۆڵی ڕۆمانسیی سەرۆک و نمایشکردنی وەکو پاڵەوانێکی زاڵبووبوو، بەسەر هەموو تەگەرەکانی دەوروبەریدا، خۆ دەبێ سەرۆک ئەوە بزانێ، کە من لەو هۆشیارترم و زیاتر دەزانم، بەڵام من ڕوو لە بۆنەکان دەکەم نەک لە جەماوەر، لە ڕاستیشدا نیکسۆن ڕەشنووسی بەیاننامەی شەنگهای نەنوسیبوو. ئەو بەشەی ئاماژەم بەوە دابوو، من ڕەشنووسی ئەو سەردانەم نووسیوەتەوە، کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧١ ئەنجامم دابوو، بۆ چین، شێوازی دەربڕینی بۆچوونە جیاجیاکان بیرۆکەیەکی ئەمریکی نەبوو، بەڵکو بیرۆکەی سەرۆکی وەزیران ( ژو ئین لای) بوو وەکو ڕێگە دەرچوونێک وابوو، لە خۆدەرخستن و خۆدوورخستنەوە لە ئاماژەدان بە ناکۆکییەکان، بۆ ئەوەی تیشک بخرێتە سەر ئەو خاڵانەی لەسەری ڕێککەوتوون.

ئەوەبوو من و چەند یاریدەدەرێکم ئەم ڕەشنووسەمان ئامادەکرد، کە دەربڕی هەڵوێستەکانی ئەمریکابوون و نیکسۆنیش بێ سێ و دوو ڕەزامەندیی لەسەردا.

سەبارەت بە چاوپێکەوتنی نیکسۆن لەگەڵ هەریەک لە ماوتسی تۆنگ و ژو ئان لای لە پەراوێزی کۆبوونەوەی لوتکەی چین لە ١٩٧٢، بێ ڕووبەڕووبوونەوە بوو، لە یەک تێگەیشتنێکی ئەرێنیی هەبوو بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی جیۆپۆڵەتیک، مەبەست لەو کۆبوونەوە هەماهەنگی دروستکردن بوو لە نێوان وڵاتانی فرە دانیشتوان لە دونیا و

کۆمەڵگەی هەرە پیشەسازکار. نیکسۆن ئەو کۆبوونەوانەی ژیرانە بەڕێوەدەبردن، بێ هیچ تێبینییەک. لەو کۆبوونەوانە ئەوە دەرکەوت، نیکسۆن بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی پێویستیی بە دام و دەزگە نەبوو، چونکە ئەو خۆی لە بواری سیاسەتی دەرەوە بە تواناترین کەس بوو.

لە سۆنگەی مێژووەوە نیکسۆن پەیوەندیەکانی لەگەڵ مندا بێ گاڵتە و گەپ نەبووە، بۆ ئەوەی وا نیشان بدا، سەرجەم بڕیارەکان لە کۆشکی سپییەوە دەردەچن، نەک لە وەزارەتی دەرەوە، دەسەڵاتی تایبەتیی پێدابووم. گەلێکجار منی ڕادەسپارد، بیمە گوتەبێژی تایبەتی خۆی لە سیاسەتی ستراتیژی دەرەوە، وای دەردەخستم کە گوتەبێژی کۆشکی سپیم، بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەم دانوستانەکانی ڕایدەسپاردم، لەوانە لەگەڵ ڤێتنامی باکوور و ئامادەسازی بۆ گەشتی چین و لوتکەی مۆسکۆ و پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەرگیز نیکسۆن بیری لەوە نەدەکردەوە فەرمانبەرێک لەبەردەستی خۆیدابێ ناوبانگ پەیدا بکات و کار بکاتە سەر ناوبانگی ئەو، بۆیە قبوڵی نەدەکرد من لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەرکەوم، بە تایبەتی لە گەشتەکەمدا بۆ چین لە تەموزی ۱۹۷۱ و تا کۆتایی خولی سەرۆکایەتییەکەی لە تشرینی یەکەمی ۱۹۷۲. سوربوو لەسەر گوێنەگرتن لە دەنگم بە هۆی فۆنەتیکی بێگانەییمەوە، دوای دووبارە هەڵبژاردنیشی داوای لێکردم وەڵامی هانۆی بدەمەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ڤێتنام.

کتوپڕ وەکو کەسایەتییەکی مەزن دەردەکەوم، بە ڕاستیش من پلانی ئەمەم نەبوو، بۆ نیکسۆن ئازار بەخش بوو لەگەڵ مندا، لە بەرگی گۆڤاری تایم، کە وێنەی پیاوی ساڵ نمایش دەکا لە (۱۹۷۲) هاوبەشی بێ، یا کاتێک دەمبینێ خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی لە ساڵی ۱۹۷۳م پێ دەبەخشرێ، کە ئەو چاوی لێی بوو. کاتێکیش هەستم بەمەکرد خۆم داوام لە (هیدلی دونافان) ی سەرنووسەری گۆڤاری تایم کرد، کە نیکسۆن بە تەنها بکاتە پیاوی ساڵ، بەڵام دونافان داواکەی منی بەم شێوە ڕەتکردەوە:

ئەگەر جارێکی تر بەم شێوە لەسەر تەلەفۆن ئەم داوایە بکەیت تۆ بەتەنها دەکەمە (پیاوی ساڵ).

هەنـدێک لە یاریـدەدەرانی نیکسـۆن هەواڵــی ناخۆشـیان بـۆ دەهێنــام، لەوانە ســەقامگیرنەبوونی ســۆز و بێتوانــایی لە چارەســەرکردنی قەیرانەکــان، منــیش ئەم دەستەواژەیە دەڵێمەوە: (ئاشتی لە ناو دەستدایە) ئەمە بۆ ئەوەی ڕەزامەنـدی نیکسـۆن بە دەسـت بێـنم و لە هەڵبژاردنەکـان سـەرکەوتن بەدەسـت بێنـێ، بەڵام هەنـدێک دەیـان گوت، کە من بووکەڵەیەکم بەدەستی ئەوەوە، تەنانەت نیکسۆن خۆیشی کاتێک کۆشـکی سپیی جێهێشت بە شێوازی تایبەتی خۆی بەشداری لەو تۆمەتانە دەکرد.

لە ڕوانـگەی ڕۆژگـارەوە، ئەگەر لە ڕوانـگەی سـاتە ناسـکەکان نەبـێ، دەربڕینێکـی ناڕازی و لەیەک تێنەگەیشتنێک هەبوو، بەڵام هەرچییەکی بێ ئەمە کاری نەدەکردە سەر کـاری ڕۆژانەمـان، چـونکە ئەو لە لـوتکەی حوکمڕانیـدا بـوو، مـن لە هەنـدێک بێـنە و بردەکانی خەریک بـوو شـێت دەبـووم، لە هەمـان کاتـدا سەرسـام بـووم بە کەسـایەتییە بەهێـزەکەی و بڕوابـوون بە خـۆیەوە، لە کاتەکـانی تەنگـانەدا، کە پڕبـوون لە کێشـە و ناکۆکی.

### سیستەمی تۆمارکردن

هیچ بڕیـارێکی نیکسـۆن بە قەدەر ئەو بڕیـارە کـاریگەر نەبـوو لە سـەرکەوتنی، کە بڕیاری تۆمارکردنی هەموو ئەو دەنگانەبوو، لە نوسـینگەی کۆشـکی سـپی و نوسـینگەی جێبەجێکردنــی خــۆی و ژووری کۆبوونەوەکــانی وەزیــران دەکــرێن، مــاوەی ســێ ســاڵ بەردەوام دەبێ. ئەمە بە پێچەوانەی سیستەمی سەرۆک ليندون جونسـۆن بـوو، ئەوکـات تەنهــا کە ســەرۆک دەســتی دەنــا بە دوگــمەی کــارکردنەوە کــاری دەکــرد. کەچــی لە سیســتەمی نیکســۆندا ئۆتۆمــاتیکی کــاری دەکــرد ئەمەش ئەوە دەگەیەنــێ کە نــاتوانێ کۆنترۆڵی تۆمارکردنەکە بکا و خۆی بێ دەست پێوەنان تۆمار دەکا، هەرچەندە جونسۆن شێوازی کارەکەی خۆی پێ گوتبوو، بەڵام ئەو ئەمەی پێ جۆرێک لە شێتی بوو.

نیکســـۆن ئەمەی ڕوون نەکــــردەوە، چـــۆن کەوتە ئەو بڕیـــارەی گۆڕانکـــاری لەو سیستەمەی حوکمڕانییە مشەخۆرەدا بکا، کە خاوەنی کەمـترین پرەنسـیپی حوکمڕانییـە. منیش هەرگیز نەمزانی لەگەڵیاندایە تا ئەوکاتەی هیـگ دەبێـتە سوپاسـاڵار، واتە بەر لە

شەش هەفتە لە ئاشکرابوونی، من هزرم دەکرد ئەمە بنەمای بیرکردنەوەکانی نیکسۆن و هالدمان H.R. Haldemanە، یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ گەمارۆدانی کۆشکی سپی بەو ئەقڵیەتە، بە تایبەتیش دوای قەیرانی کەمبۆدیا لە بەهاری ١٩٧٠. ئەم سیستەمە بە شێوەیەک داڕێژرا کە نیکسۆن بە هێزەوە نیشان بدرێ، سەرۆک بە پێچەوانەی گوتەی ناحەزانی زۆر هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ نەخشەکانیدا دەکرد، بەڵکو یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەبێ، کە سەرۆک دەستی هەبووە لەم نەخشە ڕێژیەدا.

گوتوبێژ و وشەکانی لە نوسینگە دەهۆندرێنەوە، تەنانەت بۆ کەسێکی کەم ئاڵۆزی وەکو نیکسۆنیش ئاسان نییە و کارێکی قورسترە لە مەنتیق. دواتر ئاسان نییە وردەکاری ڕووداوێک، کە ساڵانێکی بەسەرداچووە ئەمڕۆ ڕاست و ناڕاستەکانی لە یەک جودابکرێنەوە، ئەمە ئەو کێشە ئاوارەتییە بوو، کە لەگەڵ سەرۆکی شاشی و بێنە و بردەکان ڕوویدەدا.

بۆیە ئەودەستەی لەگەڵی کاریان دەکرد شارەزای شێوازەکانی بوون، چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ هزرەکانیدا دەکەن، ئەی دوای چەند ساڵێکی تر ڕۆژنامەنووسەکان چۆن دەتوانن ئەمە لە یەک جودا بکەنەوە و لێی تێبگەن؟

ئومێد یا فەرمانەکانی نیکسۆنی هەڕەمەکی بەشێک بوون لەم دیمەنانە یا دەتوانین بڵێین لەو ئاژاوە. ئەو فەرمانانەی وەکو ڕێنمایی کارکردن دەرنەدەکرد، بەڵکو وەکو دەربڕینی حەز و ئارەزوو دەبینی، ئەوەتا گوتوبێژی لەگەڵ هالدمان H.R. Haldeman لە هاوینی ١٩٧٢ نموونەیەکە لە کاردانەوەی ڕێنماییەکانی سەرۆک لە ڕاوێژکارە نزیکەکانییەوە، بۆنەکەش ئەوەبوو، کە من داوام لە هالدمان H.R. Haldeman کرد ڕۆژێک دیاری بکا بۆ یەکێک لە کۆبوونەوەکان:

-هالدمان H.R. Haldeman: دەبێ ئەمە لە (باتریگد) بپرسی، من ڕێگەم پێنەدراوە دەست لە کاری خشتەی کۆبوونەوەکان بدەم.

- کیسینجەر: ئۆو ڕاست دەکەی.

- هالدمان H.R. Haldeman: من بڕیارم داوە لەم جۆرە کارانە دووربم.

- کیسینجەر: چی دەکەی؟

- هالـدمان H.R. Haldeman: جـارێ دیـار نییـە، دەمەوێ لەم بەشـەی کارەکەم بگەم، کێشەکە ئەوەیە کەس نییە ئەم کارە بەڕێوەببا، بـۆیە هەرچەنـدە بتـوانم بەڕێوەی ببەم، بەڵام دەستی لێ نادەم.

-کیسینجەر( پێدەکەنێ).

-هالدمان H.R. Haldeman: لەم کاتەدا هەرچەنـدە فەرمـانەکە کەمە، بەڵام دڵنیاش نیم ئاخۆ چۆن چۆنی دەگوزەرێ.

-کیسینجەر: باشە، ئەو کاتەی نەخشەکە دانرا کارەکە دەڕوا بەڕێوە.

- هالدمان H.R. Haldeman: زۆر چـاکە، هـەموو فەرمانبەرەکـانم ئـەمڕۆ لە دەوری (ئەلیکس) کۆکردووەتەوە، بۆیە لێم دوورکەوتـووەتەوە ئەویـش هـەموو کارەکـانی لەگەڵ سەرۆک باس لێوە کردووە و وایکردووە هەموویان بە باشی بچن بەڕێوە.

-کیسینجەر:ئەمە بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر بەڕێوە دەچێ.

-هالـدمان H.R. Haldeman: پـێم وایە لەم مـاوەیەدا دۆخەکـان زۆر بـاش دەبن.

- کینسجەر: دواتر بە ڕووتدا دەتەقێتەوە چونکە ئەلیکست بۆی ناردووە.

- هالدمان H.R. Haldeman: ئەوکات پێی دەڵێم( ئەی جەنابی سەرۆک).

-کیسینجەر: ( تۆ تێناگەی، ئێستا ئەمە بنووسە).

-هالـدمان H.R. Haldeman: ( بـایەخ بەوە نـادەم کە تـۆ دەیڵێـی، ئەمە مەبەستم نەبووە).

بۆیە ئاسان نەبوو کاسێتەکان لەسەر سێ ئاست نەخشەڕێژ بکەیت:

یەکەم / چونکە ئاسان نەبوو نیازە ڕاسـتەقینەکەی نیکسـۆن بزانـی، ئایا تـوڕە دەبێ؟ ئەمە تۆڵەسەندنەوەیە لە ڕەخنەگرانی؟ ئەو گوتانەی تر چی بوون، کە پێشتر لە بۆنەکـانی تـردا گوتـونی؟ تۆمـارە نووسـراویەکان چـی دەردەخەن؟ نیکسـۆن لە نووسینەوەی کۆبوونەوەکان و نووسینی یاداشت و پەراوێزەکان هۆشیار و هەستیار بـوو، بەڵام کاسێتەکان ئەمەیـان ڕەتکردبـووەوە، لەم کاسـێتانە نیکسـۆن وێنەیەکـی ناشـیرن

نیشان دەدا، وەکو کەسێکی دەستکرد و لە هەمان کاتدا کەسێکی دەستا و دەستی بووە.

دووەم/ ئەم کاسێتانە لایەنە هەرە ناشیرنەکەی نیکسۆن لە لای گوتوبێژەکانی دەردەخا، دیارە ئەمەش مەبەستیان بووە، بۆیە ناساندنی ئەم ڕووداوە بە دەست لە کارکێشانەوەی پاڵەوانانە بۆ کەسانی نەناس کارێکی ئاسان بوو، کاتێک پێی دەزانن پێشێلی بنەمای بیروباوەڕی کردووە.

بەڵام لە هەر کۆشکێکی سپی دۆخێکی ماستاوچیاتی هەیە و لە دەسەڵات جودا نابێتەوە، چونکە کاتێک یاریدەدەرێکی سەرۆک دڵنیایە لەوەی لەمە زیاتر ناتوانێ بیکات، ئەوکات پۆستەکەی دەکەوێتە مەترسی، بۆیە ناچار ڕوو لەم شێوازە دەکا، چونکە کەسێکی وەکو سەرۆک نیکسۆن بۆ کاردانەوە شێوازێکی تری هەبووە، ئەویش خۆ تووڕەکردنی ڕووبەڕوو و بە ڕوودا تەقینەوەیە.

باشتر وایە ئەگەر کارێک لەگەڵ بیروبڕوات نەگونجێ لێی دوورکەویتەوە، باشترە لەوەی لەگەڵ نیکسۆن بکەویتە گوتوبێژێک، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانتدا بێت، ئەگەر بگەڕێینەوە هەگبەی ڕابردوومان، ئەمە باشترین پارسەنگ ڕاگرتنی بەشداریی سیاسەتی نەتەوایەتییە.

سێیەم/ کاسێتەکان لە تەوەری پرسەکەدا سەرکەوتوو نەبوون، لەو کێشانەی پەیوەندیان بە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو هەبوو، وەکو ڤێتنام و واتەرگێت (Watergate). خۆی تێبینی زۆر هەبوون لەسەر سەرەتاکانی واتەرگێت (Watergate)، بە نموونە دوای بیست ساڵ لەو ڕووداوە واتە لە ١٩٩٧ هەندێک ڕۆژنامە بە گاڵتەوە باس لەوە دەکەن کە دەستکەوتەکانی ساڵی ١٩٧٣ ئەو کاتە دەردەکەون کە پرسی واتەرگێت (Watergate) دەخرێتە ڕوو، بەڵام ئەوکات سوودی چیە ئەمە دوای ئەوە دێ کە هالدمان H.R. Haldeman و (ا.یرلیخمان) دەست لە کاردەکێشنەوە.

سەرەڕای ئەم هەموو ئامادە سازیە کاسێتەکان لایەنێکی ئازاربەخشیان لەسەر سەرۆک نیکسۆن تێدا بوو، ئەویش شێوازی بێنە و بردە بوو، ئەم دەست و ئەودەست

پێکردنی کاسێتەکان بوو، لە کاتێکدا هالدمان H.R. Haldeman و نیکسۆن ئەمەیان لا ڕوون بوو، کە ناتوانن کاسێتەکان شوێنبزر بکەن یان دەستکاری بکەن.

ئەگەر وەبیر خۆمی بێنمەوە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان باسیان لەم پرسە دەکرد، بە نموونە ڕۆژی ئامادەکاری بۆ تەقاندنەوەی بەندەرەکانی ڤێتنامی باکوور نیکسۆن و هالدمان H.R. Haldeman لە نوسینگەی جێبەجێکردن کۆبوونەوەیەکیان سازدا ئامانج لەو کۆبوونەوە ئەوەبوو شتێ بکەین لە تۆماری کاسێتەکان وا نیشان بدرێ، کە پشتگیریەکی بەهێز هەیە بۆ ئەم بڕیارە، بەڵام کاتەکەی بەسەر چووبوو، هەوڵی ئەوەیاندا من بکەنە قۆچی قوربانی، گوایە من لە پشتی بڕیاری ئەو کارەساتەوە بوومە.

بەڵام لە میانی کاری ڕۆژانەمەوانیدا دەبێ لە هونەری سەرکەوتنی ئەو یاریە بگەم، دوای ئەوەی هێگ فێری سیستەمی ئەم تۆمارەی کردم لە ئایاری ١٩٧٣ و هۆشداریی پێ دام. من ئەزمونی تایبەتیم لەگەڵ ئەم کارە قورسەدا پەیدا کرد، هەر لە ماوەی ئەو شەش هەفتەی کە سیستەمەکە کاری دەکرد من هیچ گۆڕانکاریەکی خۆمم بەدی نەکرد لەو پەیوەندیانەی لەگەڵ سەرۆکدا دەمکرد، کارێکی قورسە مرۆڤ چاودێریی و سانسۆر بخاتە سەر گوتەکانی، لە دووبارەکردنەوەیدا، ئەڵبەت تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ لەوەی چی گوتراوە و چی دەگوترێ.

بەڵکو مسۆگەریش سیستەمی تۆمارەکە بە پێچەوانەی خواستەکان هاتەوە. دیارە دارێژەدەرانی ئەو تۆمارە مەبەستیان بووە دوای نیکسۆن بڵاوی بکەنەوە، بەڵام گوێگرتن لەو کاسێتانە چەندین ساڵی دەویست. دەکرێ دواجار ئەو کاسێتانە هەر بگەڕێنەوە نوسینگەی نیکسۆن بەڵکو توێژەر و مێژوونووسان سودی لێ وەرگرن، بۆیە بە هۆی زۆریانەوە ناتوانرێ ئەوەی گرنگە دەستەبژێر بکرێ و لەگەڵ لێدوانەکانی ئەوسا بەراوردیان پێ بکرێ. مایەی گاڵتەپێکردنە بە هۆی ئەوەی نیکسۆن بایەخی بە تۆماری ئەو ڕووداوانە دەدا مێژوونووسان نەیانتوانی شتێکی لێ هەڵێنجن.

## پڕۆسەی نیکسۆن لە کۆشکی سپی

ئەو پیاوە بەو هەموو ئالۆزییە دەروونییەیەوە توانیویەتی، لە ماوەی سێ دەیە خۆی سازدا بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی و بگاتە لوتکەی دەسەلات و ببێتە نموونەی هێزێکی کەم وێنە، نیکسۆن توانیی ئەمە بکا بە ڕەخسانی دەرفەت بۆ ئەوەی کار لەم بوارەدا بکا و ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ گەیشتن بەم پۆستە، بەلام لەم بوارە ئەو کەسێکی تاک وێنە بوو، خاوەنی هەندێک خەسلەت بوو، کە لە کەسانی تردا بوونیان نەبووە، ئەو پیاوێکی ئازا و لێوەشاوە بوو، بەلام ئامادە نەبوو ناکۆکییەکان ڕووبەڕوو چارەسەر بکا، ئەوانەی وەکو ئێمەمانان لەگەڵ ئەودا کاریان کردووە شارەزا بوون، کە نیکسۆن ئامادە نەبوو ئەو پێشنیارانە جێبەجێ بکا، کە لەبەردەم یاریدەدەرانی یان میوانەکانی پێیان داوە.

نیکسۆن حەزی لە کۆبوونەوە بەرفراوانەکان نەبوو، بە تایبەت ئەو کۆبوونەوانەی، کە داوایان لێی کردووە بۆ لەیەک نزیککردنەوەی بۆچوونە جیاجیاکان، لە کاتێکدا ئەمە لە پێشەوەی ئەرکەکانی هەر سەرۆکێکە، مەبەستی بوو پرسەکان بخرێنە بەر دەمی و چارەسەریان بە پێی گونجان بۆ بدۆزێتەوە. سەرۆک ڕقی لە بایەخدان بە گواستنەوەی فەرمانەکان بوو، پێی وابوو ئەمە کارێکی کارگێڕییە و خۆرسک بەرێوە دەچێ، دیارە ئەمەش وەکو تاقیکردنەوەیەکی تواناسازیی یاریدەدەرانی بووە.

نیکسۆن ئەم کێشەی لە دوا ساتەکانی حوکمڕانیدا چارەسەرکرد، بەوەی سیستەمێکی دانا، بڕیارەکان لەسەر بنەمای یاداشت دەربکرێن، نەک چاوپێکەوتن، لە ڕێگەی سێ یاریدەدەریەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکرد ئەوانیش: جون ئیرلیخمان،ڕاوێژکاری سەرۆک بۆ کاروباری ناوەخۆ، بەندە وەکو کاروباری ئاسایشی نەتەوایەتی، بووب هالدمان H.R. Haldeman وەکو بەرێوەبەری فەرمانبەران.

نیکسۆن هەمیشە خۆی دووردەخستەوە لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی حکومەتەکەی و سەرۆکانی نمایندەکان، تەنها ئەگەر پێشتر لە ڕێگەی یاریدەدەرانییەوە ناوەڕۆک و مەبەستی کۆبوونەوەکەی بزانیبا و پێشتریش دانوستانی لەسەر ئەنجامەکان بکردبایە، ئەوسا کۆبوونەوەکەی ئەنجام دەدا، زۆربەی جارەکانیش داواکاری گشتی

(جون میشیل) بەم کارە هەڵدەستا. خۆ ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی حکومەت بەم کـارە هەستابا ئەوکات زۆر ئاستەم بوو بگاتە سەرۆک.

لەبەر ئەم هۆکارە هەمیشە یەکێک لە یاریدەدەرانی لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی بەشدار دەبوو، بۆ ئەوەی ئەو چوارچێـوە تێکنەچـێ، کە لەسـەری ڕێککەوتـوون، لەمەش گرنگتر تا مسۆگەر بکا کێ چی گوتوە و بە چی ڕاسپێردراوە، بـۆ ئەوەی بەدواداچـوونی لەسەر بکا، نیکسۆن هەمیشە ترسی مەزنی لە جێبەجێ نەکردنی پەیمانەکان هەبـوو، لە بە دواداچوونیشـدا بە وردی لێکـۆڵینەوەی لەسـەر دەکـرد، خـۆ ئەگەر پەیمانـدەرەکە لە نیکسۆن خۆی گیری بخواردبا، ئەوکات بێدەنگی دایدەپۆشی و کارەکە دەبـووە سـێبەر و تارمایی ون دەبوو.

نیکســۆن ململانێیەکــی تونــدی لە نێــوان یاریــدەدەرانی وروژانــد، نهێنــی ئەو وروژاندنەشی شاردەوە، سـوربوو لەسـەر ئەوەی سیاسـەتی دەرەوە دەبـێ لە نوسـینگەی سپییەوە ببردرێ بەڕێوە، گەلێکیش لەگەڵ وەزیری دەرەوە دەدوا، گەلێکجاریش منی بـۆ دانوســتانە نهێنییــەکــان دەنــارد بــێ ئەوەی (بیــل ڕوجەرز) لێــی ئاگــاداربێ کەچــی، لای هالدمان H.R. Haldeman گلەیی لەو ناکۆکییە دەکرد، کە لە نێوان ڕۆجەرز و منــدا هەیە، ئەنجامەکەشــی ئەوەبــوو وەزارەتــی دەرەوە بە پــێچەوانەی ئەو کــارانە دەجولایەوە، کە من بە ناو و فەرمانی سەرۆک پێی هەڵدەستام، بەڵام وەزارەتـی دەرەوە لێی ئاگادار نەبوو، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو زۆربەی جارەکان من دەکەگـوتمە بەر هێرشـی گلەیی و ناڕەزاییەکان.

بێ گومان من ڕۆڵێکی گرنگم هەبـوو لە دارشـتنی بڕیارەکـان و خسـتنە بەردەمـی دەزگە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام لە دواجـار کەس نـاتوانێ ئاڕاسـتەی نیکسـۆن بـۆ پێچەوانەی بڕیارەکانی یان ئامانجەکانی کە لەسەر لاپەرە زەردەکانی نووسـیویە بگـۆڕێ، منــیش خــۆم وەکــو ئەوە دەبینیــەوە، کە لە پێشــەوەی شــەمەندەفەرەکەم هەر بەیەکدادانێک ڕووبدا من پێش هەموویان بەردەکەوم، سەرپەرشتیاری بورجی چـاودێریش سەیرم دەکا.

ئەوەی باس دەکەم کۆتایی ساڵی ۱۹۷۱ه، لە بەردەم ڕاگری ڕۆژنامەگەری واشنتۆن (جون ئوزبوورن)ە، لە وەڵامی پرسیارێکیدا، دەپرسێ ئەگەر من بەڕێوەبەری یاریەکە بوومایە (مەبەستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا) چیم دەکرد؟ پێیم گوت:

(ئەگەر من بەڕێوەبەری ئەم یاریە یا نوێنەری یارییەکی تر بم، ئاگاداری هیچ لە ڕووداوەکانی نیم).

ئەزمونی مانەوە لەسەر خاکی بێگانە تاڵ و سوێرە، بە شێوەیەک من گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی ئەگەر ڕێککەوتنەکەی ڤێتنام بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، منیش ئەو بڕیارەم جێبەجێ بکەم، ئەمە لە کۆتایی ساڵی یەکەمی حوکمڕانی خولی دووەمی بوو. لە سەرەتای ۱۹۷۳ گوتووێژەکان بۆ وەرگرتنی کورسییەکی خوێندن لە (کۆلیژی ئۆول سۆلز) لە ئۆکسفۆرد دەستی پێکرد.

بە هۆی شێوازی بیروکراسیانەی نیکسۆن لە وەرگرتنی بڕیار لەسەر ململانێ و ناکۆکییەکان ناچاربووم ڕێکاری تایبەتی بگرمە بەر بۆ کارکردنە سەر ناکۆکییە تایبەتییەکان، هەندێکجار داوای لە هالدمان H.R. Haldeman دەکرد و کەمتریش لە جون میشیل بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ناکۆکییانە بێنێ کە خۆیان و سەروویان دروستیان کردووە، لایەنەکانی ناکۆک زیاتر لە هالدمان H.R. Haldeman نزیک دەبوونەوە، چونکە ئەو لە نیکسۆنەوە نزیک بوو، بەڵام هالدمان H.R. Haldeman بایەخی بەم جۆرە کارانە نەدەدا چونکە ئەو ئاگای لە سیاسەتی دەرەوە نەبوو، ئەو حەزی لە پەیوەندیە گشتییەکان بوو، مەیلیشی لە چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکان بوو، پێی وابوو ئەم جۆرە کێشانە دەرچوونە لە ڕێچکەی سەرۆکایەتی و پەیامی سەرۆک، شێوازی چارەسەریەکەی لایەنە ناکۆکەکانی پتر شێت و هار دەکرد.

نیکسۆن ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە چەواشەکارە لە نیشاندانی هاوسەنگی لە نێوان ڕقبوونەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و زیندووکردنەوەی حەز و ئارەزوەکانی لە سیاسەتی دەرەوە، چەواشەکاری بوو بە بڕوایەکی چەسپیوی نیکسۆن یان بنەمای کاری ئەو.

لەگەڵ ئەمەشـدا بەڕێـوەبردنی کارەکـان بە شـێوازە بیروکراسـیەکەی نیکسـۆن کـارێکی قـوڕس بـوو، لە خەسـڵەتەکانی بیروکراسـیەت دەبـێ بەڵگەنامەکـان ئامـادەبن، ئەوسا بڕیارەکان بدرێن، بەڵام گەلێک لەم جۆرە بڕیارانە بە تایبەتی ئەوانەی پێوەنـدیان بە چـاودێری چەکـی سـتراتیژیەوە هەبـوو نیکسـۆنیان بێـزار دەکـرد، ئەو پێـی باشـبوو جەخت بکرێتە سەر پرسە بنەڕەتییەکان:

١/ دوا ئاڕاستەپێکراوەکانی ئاسایشی نەتەوایەتی.

٢/ بنەمای کۆمەلایەتی بزوتنەوەی ناڕەزایی.

٣/ سیاسـەتەکانی دوورخـایەن بەرانـبەر بە چـین و یەکێتـی سـۆڤیەت و ئەنجامەکـانی.

ئەمە یەکێـک لە ناکۆکییەکـان بـوو، کە گەمـارۆی هـزری نیکسـۆنیان دابـوو، ئەو سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆری لە نوسینگەکەی دەبرد بەڕێوە، بەڵام کاتەکانی بۆ چارەسەری حوکمڕانی تەرخان نەدەکرد. بەڵکو خۆی بە کـاری لاوەکـیەوە خەریـک دەکـرد، کە جەسـتەی پێـیەوە شـەکەت دەبـوو، بەو هـۆیەوە زوو زوو تـوڕە و گـرژ دەبـوو، لە کاتێکـدا هـیچ ئـارەزوو و ئـالودەبوونێکی نەبـوو پێـیەوە خەریـک بـێ و کاتەکانی پێ بباتە سەر.

زۆربەی کاتەکانی کە بە کاتی تایبەتی خۆی دەزانـی بە گۆشـەگیری لە ژووری تایبەتی خۆی لە نوسینگەی کۆشکی سپی، یان لە ژووری کامپ دیڤد لەسـەر کورسـییە خۆشنشینەکە لێی پاڵدەکەوت و پێیـەکـانی دەخسـتنە سـەر لێـوار پەنـجەرەو پەردەکە، زیـاتر خـۆی بە شـیکردنەوەی یادەوەریەکـان سـەرقاڵ دەکـرد لەوەی بە کارەکـانی، تێبینییەکانیشی لەسەر کـاغەزێکی زەرد دەنووسـیەوە، بـۆ ئەوەی خـۆی لە دڵەراوکـێ و نائـارامی دەروونـی ڕزگارکـا بـانگی یەکێـک لە یاریـدەدەرانی دەکـرد بیرەوەریەکـانی بـۆ بخوێنێتەوە و تێبینی لەسەر بدا، بە تـایبەتی ڕووداوەکـانی شـەڕی سـاڵانی سـەرەتایی لەگەڵ (ئەکفیـر هـیس) بـۆ هەڵبژاردنـی کالیفۆرنیـا لە ١٩٦٢. ئەم جـۆرە ڕووداوە بـێ تاقەتیـانە دوورنەبـوو، چەنـدین کـاتژمێر بخـایەنێ، لەو لاشـەوە چەنـدین پەیوەنـدیی تەلەفۆنی لە چاوەڕوانیدابوون.

نموونــە، گوتــوبێژێکی هالــدمان H.R. Haldeman لەســەر قەیرانــی ڕاوێژکارەکانی نیکسـۆن، دواتـر ئەنجـامەکەی دەبێـتە پـێچەوانە چـاوەڕوانکراوەکەی، ئەم

گوتـوبێژە کـاتێکی زۆری بـرد، سـکاڵاکەیان لەگەڵ هالـدمان H.R. Haldeman لەسەر ئەوەبوو، کە سەرۆک زۆریان ماندوو دەکا بە کارە تایبەتیەکانی، لە باتیی ئەوەی کاتەکانیان بەم شتانەوە بە فیرۆ بدا، با بە ئامۆژگاری لەسەر چۆنییـەتیـی بەڕێـوەبردنی کاروبـاری کۆشـک تـەرخان بکـات، لە جیـاتی ئەوەی بۆشـاییەکانی ژیـانی خۆیـان پـێ پڕکاتەوە، با ئامۆژگاری و ڕێنماییان لەسەر کارەکانمان پێ بدات.



H.R. Haldeman هالدمان

(سەرۆکی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی)Harry Robbins Haldeman

لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٢، هالدمان H.R. Haldeman چەند ڕۆژێک بوو، لە کامبدێڤد لەگەڵ نیکسۆن هەوڵی فریودانی منی دا، تا من ڕازی بکەن لەگەڵی دا بچمە ئەوێ، بۆ ئەوەی بتوانێ مۆڵەتێک وەرگرێ:

- هالدمان H.R. Haldeman: نایەیتە کامبدێڤدی سەرکەش؟
- کیسینجەر: (من دەترسام لەوەی نەتوانم لە دەستی ڕابکەم).
- هالدمان H.R. Haldeman: دەتەوێ لێی ڕابکەی؟
- کیسینجەر: باشە ئەگەر بتوانم بەیانییەکەی زوو بۆی دەرچم قەیناکە، بەڵام چی لە مێشکیدا دەخولێتەوە؟
- هالدمان H.R. Haldeman: من ئەمڕۆ قسەم لەگەڵی نەکردووە، دەمویست لەسەر ئەم بابەتە بیدوێنم، ئەگەر بۆ تۆ کێشەیە هەوڵ دەدەین کێشەکە بچووککەینەوە.
- کیسینجەر: بەڵام تۆ وای دەبینی بۆ من، وا باشترە بێم؟
- هالدمان H.R. Haldeman: ئەگەر دەتوانی ئەمە بکەیت بێ ئەوەی خۆت بخەیتە هیچ کێشەیەکەوە، بەڵێ؟
- کیسینجەر: ئەوکات فراوین لەگەڵ ئەو دەخۆم، یان لەگەڵ تۆدا...
- هالدمان H.R. Haldeman: پێم وایە بەڵێ.
- کیسینجەر: هەرسێکمان؟
- هالدمان H.R. Haldeman: هەردووکتان.
- کیسینجەر: نا دەبێ تۆش لەگەڵمان دا بیت.
- هالدمان H.R. Haldeman: نا نا من هەرگیز لەگەڵ پیاوە مەزنەکان نان ناخۆم.

هەرچەندە نیکسۆن لە میوانەکان هۆشیار و بە ئاگا بوو، بەڵام حەزی لە میوانی بێگانە بوو، سەرۆکی وڵاتان، کە بۆ میوانداری دەهاتن کەمجاری وا بووە بۆ دانوستان هاتبن، ئەوان بۆ پشتگیری لە ئاڕاستە گشتییەکان دەهات، ئەمەش دەبووە دەرفەت بۆ ئەوەی نیکسۆن ستراتیژییە هەمە لایەنەکەی نمایشیان بکات یان بۆیان شیبکاتەوە، ئەو

ئەم دوو کارەی زۆر سەرکەوتووانە ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی لە هەموو ئەگەرەکان به ئاگابێ، ئەو بەبێ ئامادەکاری هیچ کاتێک پێشوازی لە میوان نەدەکرد، فەرمانبەرەکانی لای من یاداشتیان بە تێر و تەسەلی دەنووسی تێیدا مەبەستی سەردانەکەی میوانەکەیان بۆ دیاردەکردم و ئەو بێگانەیە دەیەوێ چی بڵێ و مەبەستی لە سەردانەکە چییە و داواکاریەکانی بە گشتیی و بە وردی، چونکە نیکسۆن نایەوێ لە بواری سیاسەتی دەرەوە کەس هاوکاری بکات، بۆیە ڕێگەی نەدەدا ئەوەی یاداشتەکەی نووسیوە لە دانیشتنەکە ئامادەبێ، ئەو پێی خۆش بوو ئەزبەر قسە بکا، حەزی لە دەرخستنی تواناکانی خۆی هەبوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیکاریەوە.

لە یەکێک لە بۆنەکان ئامادەکاریەکی بێ وێنەکرا، هەڵەیەک لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتییەوە بوو نەک لە نیکسۆن. لە بۆنەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرۆک وەزیرانی موریشیوس بانگێشتی واشنتۆن دەکرێ، مۆریشیوس دوورگەیەکە دەکەوێتە زەریای هیندی، خاوەنی کەش و هەوایەکی باراناوی و کشتوکاڵییە، پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ ولایەتەکانی یەکگرتوی ئەمریکا خۆشە، بە هۆی هۆکارێکەوە یەکێک لە فەرمانبەرانی لای خۆم وایزانی میوانەکە لە مۆریتانیاوە هاتووە، ئەو وڵاتەش وڵاتێکی دەشتایی و بێ ڕووەکە کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئەفریقیا لە ١٩٦٧ەوە ئەو وڵاتە وەکو پشتگیری لە برا موسڵمانەکانی لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێمەدا پچڕاندووە.

ئەم لە یەک تێنەگەیشتنە بووە مایەی دیالۆگێکی نائاسایی، نیکسۆن پێشنیاری کرد ڕاستەوخۆ بچنە ناو بابەتەکە، گگوتی: (گرنگ ئەوەیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ موریسیوش ئاسایی بکەینەوە و دەست بکەین بە هاوکاریەکانمان بۆیان، هاوکاریەکانیش لەو کەرەستانەوە دەست پێ دەکەین، کە بۆ کشتوکاڵی دەشتاییان بەکاردێ، کە ڕووەکیان لێ ناڕوێ، میوانەکە تووشی سەرسوڕمان هات، ئەو بۆ دووپاتکردنەوەی دۆستایەتیی و دەربڕینی نیازپاکی هاتووە هاوکاری و پەیوەندی گەڕاندنەوەی چی؟ وڵاتەکەی کەی پێویستی بەم ئامرازانە هەیە وڵاتێکی کشتوکاڵی و خاوەن بارانێکی زۆرە، بۆیە ویستی بچێتە سەر بابەتێکی تر.

گوتی: ئای جەنابی نیکسۆن دەبێ لەو کارە ڕازی بێ، کە وێستگەی ئاسمانی ئەمریکا لە وڵاتەکەی دایمەزراندووە، لێرە نیکسۆن وروژا و گرژ بوو، کاغەزە زەردەکەی دەرکرد و لەسەری نووسی (مافی چ ئبلیسێکە وێستگەی ئاسمانی لە وڵاتێک دامەزرێنین، کە پەیوەندیمان لەگەڵی دا نەبێ؟)

## سیستەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی

ئەگەر سەیر و سەمەرەکانی خولی نیکسۆن زۆربن، دەبێ پارسەنگێکی بۆ بدۆزینەوە، ئەویش لە ڕاستیدا، لە بواری سیاسەتی دەرەوە کار و دەسکەوتی مەزنی بە دەستهێنا، دەتوانین بڵێین هەموو ئەوانەی هەوڵی بۆ دەدا پێی گەیشت. بەڵام لە کۆتایی لەوە سەرنەکەوت، کە ئەو چوارچێوە ی سیاسەتی دەرەوە بگۆڕێ، کە ئەوکاتەی هاتە سەر دەسەڵات هەیبوو، هەردەبێ ئەو گەڕابێتەوە بۆ بابەتە سەرەکییەکانی ستراتیژییەتی نیکسۆن تا ڕادەیەکیش بۆ ئەو سیستەمەی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی دابنابوو.

پرۆسەکە بە نهێنی بەڕێوەنەدەچوو هەروەکو ناحەزانی نیکسۆن ئیدعان دەکرد، لەم ماوە ڕێپێوانێکی ئاسایی بەرفراوانمان لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی و سەرۆک نیکسۆن ئەنجامدا، هیچ ئیدارەیەک وەکو ئیدارەی نیکسۆن ئامادە نەبووە بە وردی و جدی دانوستانەکان ببا بەڕێوە بە تایبەتی لە خولی سەرۆکایەتیی یەکەمی، دانوستانەکان ئەوانەی نهێنیش بوون لە تۆمارەکان بە زنجیر بەندی و ئەلف و بێ تۆمار دەکران و دەخرانە ناو ئەرشیفەکانەوە، لەو کاتەی یاسای ئازادی زانیاری دەرچووە هیچ لە ئیدارەکان زاتی ئەوە ناکەن تۆمارەکان بنچاوکەن.

کەمێک لەمەش زیاتر ئیدارەی ئەمریکی بوو، کە هەنگاوی مەزنتری نا بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، هی چوار ساڵەی داهاتووی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەم کارە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی چەند هەفتەیەک خەریکی ئامادەکاری کورتکراوەی دەستەواژەکانی ستراتیژی بوون، کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕوون دەکاتەوە، جگە لەمە کاتێک من لە کۆشکی سپی

بووم هەفتانە ڕاپۆرتی تایبەتیم لەسەر ڕووداوەکان پێشکەش دەکردن. من وەکو وەزیری دەرەوە سەردانی ٣٨ وڵاتم کرد، لەو وڵاتانە گوتارم داوە، دانوستانم کردووە، گەلێک کێشەم چارەسەر کردووە، سەرباری بەستنی چەندین کۆنگرە و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنی، هەر بە هەمان سیفەت وەکو وەزیری دەرەوە چەندین بەڵگەنامە فەرمیم بەخشیوە لە بەردەم دەیان لیژنە و کۆنگرێسدا ئامادەبوومە، هەر کەسێک ڕاپۆرتی ساڵانە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ چ کارێکی مەزن کراوە و نەخشەیەکی ڕوونی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکاش دەبینێ.

کێشە مەزنەکە لە ڕاپۆرتەکانماندا ئەوەبوو هەندێک بابەت قەدەغەی لەسەربوو، بە پراکتیکی نەدەبووایە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی نیشتمانی لێی ئاگاداربن، لەوانە لایەنی مامەڵەکردن لەگەڵ ڤێتنام و تۆمەتبارکردنی نیکسۆن لەم ڕووەوە.

سەرۆک زۆربەی کاتەکانی بۆ داواکاری خاوەن پێداویستەکان تەرخان دەکرد، سەرۆکی فەرمانگەکان داواکاریەکانیان پێشکەش دەکردن، سەرکردەی وڵاتە بێگانەکان باسی بەرنامەی کار و هەماهەنگی خۆیان دەکرد. گوتەبێژانی بە ناوی دەزگەکانی ناوەخۆش لە داخوازیە تایبەتی و گشتیەکان بەردەوام دەبوون .

ئەم بۆچوونانە بە مەبەستی تەکتیکی نووسراون و بۆ دۆخی تایبەتیش داڕێژراون.

پرسەکانی دوورخایەن ڕێگای سەختیان دەگرتەبەر، تا دەکەوتنە نێو خشتەی کارەکان، ئەمەش بەهۆی هەندێک ناکۆکی لەگەڵ وەزارەتەکان گەلێکجاریش ئەنجامەکە بە خواستی فەرمانگە بیروکراسیەکان دەهاتن، زۆربەی نمایندەکان بە هەوەسی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ دەکرد.

بەهۆی پێویستیەکانی هێزی سەرمایەداریەوە زۆربەی جارەکان دەستەی سەرۆکایەتی پەکی دەکەوت. نیکسۆن ڕقی لە دیدارە ڕووبەڕووەکان بوو، بەم ئەگەرەوە ئیدارەکەی توانی بەرپەرچی ئاستەنگەکانی حکومەت بداتەوە.

خشتەی کاتەکانی نیکسۆن ژیرانە ئامادە دەکرا بە شێوەیەک بوو کاتی کێشە قوڵەکانی، کە بایەخی بۆ ئەو هەیە و بەبێ ئەو چارەسەر ناکرێ کاتی بۆ تەرخان دەکرد، دیارە تەکتیکە دبلۆماسییەکان و وردەکاری دانوستانەکان ماندووی دەکرد،

شـــانازیی بەخـــۆیەوە دەکـــرد، کە توانـــای ئەو جـــۆرە بڕیـــارانەی هەیە و بەم ئاســـتە گەیشتووە.

سیســـتەمی ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی لە سـەردەمی نیکسـۆن لە مـاوەی ساڵانی ١٩٦٨-١٩٦٩ بەوە ناسـاندرا، کە کودەتـای ئەنجام داو، بەڵام نیکسـۆن جەختـی لەوە دەکردەوە، دەسەڵاتەکان لە کۆشکی سپییەوە بن و وشەی کودەتاش گونجـاو نییـە بۆ دەسەڵات و سیستەمی حوکم لە ئەمریکا، کە ناوەندەکەی کۆشکی سپییە، لە ڕاستیدا زۆربەی بڕیارە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوە سەرۆک خۆی دەیدان، بە نمـوونە فرانکلـی ڕوزفلت هەرچەندە کەمتر ڕێکخراو و سیستەماتیک بوو، هاوشـێوەی نیکسـۆن سیاسـەتی مەرکەزیی پیادە دەکرد.

بڕیار لای نیکسۆن لەسەر دوو ئاست دەردەکرا:

١/ ئاستی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی.

٢/ ئاســتی دەزگــەی (ئەنجـومەنی ئاسایشــی نەتەوایەتــی)، لە ســەردەمی جونســۆن وەزارەتــی دەرەوە ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـوو، بەڵام لە دووری ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتیـــی ئەم ڕۆڵە زیـــاتر بـــایەخی بە دۆخەکـــان دەدا، نەک بە نـــاوەڕۆکی ڕووداوەکان، نیکسۆن دەسەڵاتەکانی فەرماندەی بۆ کۆشکی سپی گواسـتەوە، پـێگەی وەزارەتی دەرەوەشی بەرزتر کـرد هەرچەنـدە لە دەرەوەی (فـوگی بووتـوم)ەوە کەس بایەخی پێ نەدەدا.

ئەنـدازیاری ئەم گۆڕانکـاریە جەنەڕاڵ ( ئەنـدرو گودباسـتر) بـوو، کە نیکسـۆن دەمێک بوو ئاشنایەتیی لەگەڵدا هەبوو هەر لەوکاتەی لە سەردەمی ئایزنهاوەر ئەمینداری گشتیی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی بوو. نیکسۆن داوا لە گودباستەر دەکات ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی ببووژێنێتەوە، چونکە لە کاتی گـرتنە دەسـتی دەسـەڵات هەسـتی بەوە دەکـرد ئەم دەزگـەیە، پەکیکەوتـووە و سـوودبەخش نییـە. جونسـۆن بڕیارەکـانی ڕۆژانــی سێشــەممە لە کــاتی فــراوین خــواردن لەگــەڵ ســێ یــان چــوار بەڕێـوەبەرانی وەردەگرت، ئەمەش بەبێ ئامادەکاریی پێشوەخت ئەنجـام دەدرا، گودباسـتەر بەم شـێوە ڕاسـپێردرابوو ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی هەڵسـێنێتەوە سـەرپێ، کە ژمـارەیەک پێشنیار بۆ ئەم کارە ئامادە بکا، گودباستەر بینیی ژمارەیەک فەرمانگەی خوارەوە سەر

بە وەزارەتی دەرەوەن، بەو هۆیەوە ئەو هاوکاریە لە نێوان بنتاگۆن و نمایندەکانیتر بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ناچێ بەڕێوە، بۆیە ڕایسپارد ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی یان جێگرەکەی کاروباری ئەم لیژنانەی خوارەوە ببەن بەڕێوە. ڕەزامەندی لەسەر ئەم ڕاسپاردەی گودباستەردا. من لە مانگی دیسەمبەری ١٩٦٨ بانگی لای خۆمم کرد (دیارە کە نیکسۆنیش هەروەکو ئایزنهاوەر) ڕەزامەندی لەسەر ڕاسپاردەکەدا. بەم شێوە ڕۆڵی وەزارەتی دەرەوەی سنوردارکرا، کە پێشتر ڕۆڵی گرنگی هەبوو. بەم شێوە نیکسۆن خۆی بوو بە بەرپرسی بالای ئەم ڕژێمە و لەگەڵ هێڵە پانەکانی حوکمڕانی مایەوە، ئیتر لەو کاتەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی بە پلەیەک جەخت لەسەر بژاردە ستراتیژییەکانی دوورخایەن دەکاتەوە.

پــڕۆژەکەی گودباســتەر سیســتەمێکی تونــد و وردی بــۆ ئەنجــومەنی ئاسایشــی نەتەوایەتی دانا، لە ڕووی جێبەجێکردنەوە سەرسوڕهێنەر بوو، لە پڕۆژەکاندا وەزارەتە جۆراو جۆرەکان بەشداریان تێدا دەکرد، بەڵام دوا بڕیاری بۆ خۆی هێشتبووەوە، ئەگەر پێویستیشی بکردبایە بە تەنیا کاری لەسەر دەکرد، لەگەڵ ڕژێمە فەرمییەکەشدا سەرجەم وەزارەتەکانی کۆدەکردەوە وەکو ئەوەی مامەڵە لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ بکات بۆ توێژینەوەیەکی تایبەتی، بێ ئەوەی پێویستی بە یاریدەدەرانی هەبێ خۆی بڕیارێکی لێ هەڵێنجێ. لایەنە باشەکەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی و تا گەشتەکەی چینم ئەوەبوو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بە کورتی کاری لەسەر بژاردە ستراتیژییەکانی دوورخایەن دەکرد.

بۆ دەست نیشانکردنی بژاردەکان تۆڕێک لە پسپۆری جوگرافیناس لە ئاستی خوار یاریدەدەری سکرتێر لە کۆشکی سپی و (هۆڵی دیراساتی دۆخەکان) بە سەرۆکایەتی خۆم کۆدەبووینەوە. دیارە ئەم پێشنیارو بژاردانە لە لایەن کەسان و بەرپرسانی لە ئاست جێگری وەزیر بۆ ئەنجومەنەکەمان بەرز دەکرانەوە، کە ڕۆژانە نیکسۆن لە ڕێگەی (گروپی واشنتۆن بۆ کارە تایبەتیەکان)ەوە چاوی پێدا دەخشاند، بۆچوونی ڕاوێژکارەکانیشی ڕاستەوخۆ گوێ لێ دەگرت، قەیرانەکانی لە ڕێگەی ئەم گروپە چارەسەر دەکرد. کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەک لە پسپۆڕی سەربازیی و هەواڵگری. چونکە نیکسۆن هەواڵەکانی لە ڕێگەی یاداشت پێ باشتر بوو لە دیدەنی ڕووبەڕوو بۆیە

کــاتی زۆری لەم ڕێگــایەوە پاشـــەکەوت دەکــرد، زۆربەی جارەکــانیش لە پەڕاوێــزی یادشـتەکان ژێرنووسـی دەکـردن. ئەو دزەکـردنەی نیکسـۆن لە سـەر چـین و ڕێککەوتـن لەسەر چاودێری چەک لەگەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لە ڕێـگەی ئەو بژاردانە نەبوونایە کە پێشکەش دەکران، نەدەکران.

ئەگەر بە دروســتی سەرپەرشــتی فەرمانبەرەکــانی وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریکــا بکردرابایە ئەوا باشترین فەرمانبەری هەبوو لە ڕووی پرەنسیپ و تواناییەوە، بەڵام ئەوان لە ڕوانگەی ئەوەی کە سەرۆکە هەڵبژێردراوەکەیان یان دامەزراوەکەیان لە تواناياندا نییە هێڵی وەزارەتی دەرەوە ببەزێنن، بۆیە لەو بڕوایەدابوون، کە دەبێ وەزیر یان سـەرۆکیان بە بۆچوونەکانیــان ڕازی بــکەن، بەڵام بڕواکانیــان لەســەر بنەمــای بــڕوای ولســۆنی بنیـادنرابوو: دبلۆماسـییەت و دەسـەڵاتیش گەلێکجـار وەکـو پرسـی جـودا چارەسـەریان دەکرد وەکو دوو پرس لە بواری سیاسەتی نیشتمانی، بۆیە نیکسۆن لەسەر هەڵە نەبوو، کە بڕوای وابێ ئەم حەز و ئارەزوانەیان مەزاجین ئەگەر بیاندۆزێتەوە ئەوسا چارەسەریان ئاسانە، کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکی لە یەکنەچووی نیشتمانی دەبێ.

بۆیە بۆچوونی پێشوەختانەی هەنـدێک لە فەرمـانبەران لە شـوێن خۆیـدا نـابێ بە نموونەی سەرۆکی نێـردە لە تۆکیـۆ، کە گـوێێ لە هەنـدێک پروپاگەنـدە دەبـێ گـوایە لە گوتوبێژێکیـدا لەگــەڵ ئیساکۆسـاتوی سـەرۆکی وەزیرانـی ژاپـۆن لە ١٩٦٩ گوتـویەتی؛ ئەمریکا ڕێگری لە ژاپۆن ناکات ببێـتە خـاوەنی چەکـی ئەتـۆمی، بەڵام هـیچ بەڵگەیەکـی تۆمـارکراو نییــە، کە ئەمە ڕاسـت بـێ ئەگەر بەڵــگەش هەبـێ ئەوا دەبـێ یـان بە وردی پشتگیری سیاسەتی نیسکۆن بکرێ یان ئەو پروپاگەندە ڕەتبکرێتەوە، جێگری سـەرۆکی نێردەکە (DCM) پرسـی لێکـۆڵینەوە لەم پروپاگەنـدە گرتە ئەسـتۆی خـۆی (ئێمە بە هێمنی هەموو شتەکانمان تێکدان).

تـاقە هۆکـار کە لە هــەموویان گرنگتـرە، چارەسـەرنەکردنی ئەم پـرس و ئـاژاوە و نائـارامییە بــوو تــا ئەوکـاتەی ولیـامروجەرس وەکـو وەزیـری دەرەوە دادەمەزرا ئەوسـا چارەسەر دەکرێ.



William Pierce Rogers

من ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم تا لە توانا و کەسایەتیی و پێگەی ئەم پیاوە کەمکەمەوە، بۆ فراوانی هەستەکانیشی نا، بە شێوەیەک بە سام هەڵسوکەوتی دەکرد خەڵک شەرمی دەکرد، لە پێگەی کەمکەنەوە، بۆ وەبیرهێنانەوە من شانازی بەو هەولانەوە ناکەم کە نیکسۆن دەیدا بۆ کەمکردنەوەی پێگەی ئەم کەسایەتییە. نیکسۆن سوربوو، خۆی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە دەبا بەڕێوە بۆیە پێویستی بە کەسێک هەبوو کاری دانوستانی بۆ ببا بەڕێوە، کە پێشتر وارن کریستۆفەر لە کۆشکی سپی بەم کارە هەڵدەستا، یان ئەرکی وتەبێژێکی فەرمی لەبەردەم کۆنگرێس و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەمەشیان وەکو میل لیردی وەزیری بەرگری وابوو بۆ نیکسۆن.

ولیام ڕۆجەرس بەم شێوە بە توانا نەبوو تا ڕۆڵی یەکەم لە سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بگێڕێ، بەڵام مەزنتر بوو لەوەی ڕۆڵی دووەمیان بگێڕێ، لە ڕاستیشدا ڕۆجەرس بەتەواوەتی سەر بە نیکسۆنەوە نەبوو، بە پێچەوانەوە ئەو خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بوو گەلێکجار لە کاتی قەیران و تەنگانەکاندا نیکسۆن پەنای بۆ دەبرد بۆ ئارامکردن و دەرچوون لە قەیرانە دەروونییەکان.

بەم شێوە قەیرانێکی دوو سەرە سەر هەڵدەدا، لە لایەکیان ولیام ڕۆجەرس ئەمەی پێ قبوڵ نییە، کە نیکسۆن وەکو کەسێکی لاوەکی و پەراوێزکراو سەیری بکا لە لایەکی تریشەوە نیکسۆن ئەم پێداگریەی لەسەر پەراوێزخستنی ولیامی پێ قورسە

لەسەری بەردەوام بێ، ئەنجامەکەشی بووە زنجیرەیەک لە چەواشەکاری، کە بێ ئەوەی نیکسۆن مەبەستی بێ ڕوودران، ولیامیش لە لای خۆیەوە فەرمانەکانی بێ سێ و دوو جێبەجێدەکردن بێ ئەوەی پرسیار لە هیچیان بکات، ئەزمونەکانیشی ئەوەی بۆ سەلماند کە نابێ هەموو کاتێک لەبەر دەستی نیکسۆندا بێت.

هەر چۆنێکی بێ ئەم دوو دۆستە کۆنە یەکتریان دەهێنا و دەبرد بێ ئەوەی لە ڕاستی پرسەکان بکۆڵنەوە کە هەردووکیانی لەیەک جودا دەکردەوە، ئەم شێواز و دۆخە لە یەک هەفتەی دەست بەکاربوونی نیکسۆنەوە دەستیپێکرد ئەوکاتەی نیکسۆن ولیامی لە دانیشتنەکانی لەگەڵ ئەنا تولی دوبریننی  باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت دوورخستەوە یا پەراوێزی خست، ئەم کارە هەموو جارێک دووبارە دەبووەوە و بەرنامەی تایبەتیی بۆ وەزیری تەرخان دەکرد کە تەنها خۆی بێ بە یاوەری یا هاوکاری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی، بە درێژایی ڕۆژگار نیکسۆن زۆربەی دانیشتن و دیدارەکانی لە وەزارەتی دەرەوە دوورخستەوە و خستنیە کۆشکی سپی.

هەرچەندە من ئاسانکاریم بۆ ئەم کارانەی کردبوو، ئەگەر ئەم داخوازیانەش بە پێچەوانەی خواستی دۆستێکی دێرین نەهاتبوونایەوە ئەوا ڕووبەڕووی ئەو دەکرانەوە، کەوابێ نیکسۆن بۆچی ئەم پۆستەی بە ڕۆجەرسدا، کە هیچ دەسەڵاتێکی نییە و خۆشی هیچ ئامادەسازیەکی بۆی نییە؟ دەبێ نیکسۆن دۆستە دێرینەکەی خستبێتە هەڵوێستێک کە لەگەڵ خواست و ڕابردووەکەی نایەتەوە؟ دەبێ بۆ ئەوەی بێ، کە بیکاتە هاوبەشێکی بێ دەسەڵاتی خۆی و نیشانی بدا، کە خۆی بڕیار بە دەستە و ئەو کاتانە لە بیرکات، کە لە بەرانبەریدا لاواز بووە؟

هەرچییەکی بێ هۆکارە شاراوەکەی، نیکسۆن خۆی لە بەردەم وەزیرێکی دەرەوەدا بینییەوە، کە ناتوانێ وەزارەتەکەی ببات بەڕێوە لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە بەهێزە و بە پێچەوانەی بیروبڕواکانی ئەویشە، ڕۆجەرس لە بواری دادوەری کاری کردووە، ئەو هیچ کاتێک لە بواری سیاسەتی دەرەوە خزمەتی نەکردووە، دید و بۆچوونەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوە نزیک بوون لەو نوسینانەی لە نیویۆرک تایمز بڵاودەکرانەوە، کە ئەویش لە ڕای گشتی وەزارەتی دەرەوە لە یەک نزیکبوون، هەر بۆیە بڕوای بەوە نەبوو، کە ئیرادەی نیکسۆن بەسەر وەزارەتەکەیدا بسەپێندرێ و لەوەش مسۆگەر بوو، بە

ئاشکرا ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی نیکسۆن بێتەوە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندیە نامۆیەدا و لەم ڕوانگەوە دەنگە نەخوازراوەکانی سەرجەم ئاڕاستە لیبراڵیستەکانی نێو وەزارەتی دەرەوە بەرزدەبنەوە، نیکسۆنیش سوردەبێ لەسەر زاڵبوون بەسەریاندا.

بۆ نیکسۆن پەراوێزخستنی وەزارەتی دەرەوە باشترین چارەسەری دوو جەمسەری بوو، لە لایەک کۆشکی سپی بەهێزکا، لە لایەکیش پشتگیری وەزارەتی دەرەوە وەدەستبێنێ بۆ چارەسەریەکی نوێی سیاسەتی دەرەوە، وەزارەت هەستیان بەو بێزاری و پەراوێزیەی وەزیرەکەیان دەکرد، کە لە وەرگرتنی بڕیارەکان دوورخراوەتەوە، وەزیریش بۆ ئەم ڕەفتارانە گوتە و پێناسەی خۆی هەبوو، کە پێی وابوو ئەمەش نموونەیەکی تری (دەزگەی کەناری ڕۆژهەڵاتە)، کە دەستکردی دوژمنە.

لە ئەنجامی ئەم ململانێیانە زۆربەی جارەکان کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بە سەرۆکایەتیی نیکسۆن ئەنجام دەدرا و کۆبوونەوەی ئەکادیمی دەبوون، لەم کۆبوونەوانە سەرۆک بێ ئەوەی ئاماژە بە بابەتی دوور دەخستنەوە بدا، بە گاڵتەجاریەوە پەلارێکی لێ دەدان، لەم کۆبوونەوانە هیچ بڕیارێکی لەسەر کێشەکان نەدەدا، ئەگەر پێویستی بە بڕیاریش بکردبایە ئەوا لە کۆشکی سپی بڕیاری بۆ دەردەکرد.

هەر کاتەی هەستیشی بە تەنگەتاوی دەکرد لە دەرگای دەرەوە دانوستانەکانی ئەنجام دەدا پێی ڕادەگەیاندن، ڕێکارەکان با بە ڕێگەی دبلۆماسییدا تێنەپەڕن، ئەمەش دەبووە مایەی پەراوێزخستنی کەناڵە دبلۆماسییەکان، کاتێکیش کارەکان کۆتاییان دەهات لەم ڕێگایەوە، ئەو بە سەرکەوتنی دانوستانەکان لە دەرگەی پشتەوەی کۆشکی سپی خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی.

کەم نموونە هەن لەسەر ئەو دانوستانانەی لە دەرگەی دواوە ئەنجام دراون، ئەوە نیشان بدەن، نیکسۆن بۆ ئەوە بەم ڕێگەیە ئەنجامی داوە، تا هەوڵەکانی دبلۆماتکاران پشتگوێ بخا، بەڵکو بۆ ئەوەبوونە تا ڕێکارەکان لەو لایەن و کەسانە بە لاڕێدا ببا، کە دژایەتیی سیاسەتەکەی دەکەن و دەبنە تەگەرە لە بەردەم سیاسەتەکەی.

گوتووێژە نهێنییەکان لەگەڵ (لی دیوک تو)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڤێتنامی باکوور لە سەردەمی جونسۆن بەڕێوەچوو لە لایەن دانوستانسازانی ئەمریکی،

پێکهاتبوون لە هەریەک لە؛ ئیڤریل هاریمان و سایرۆس ڤانس، لە پاریس بەڕێوەچوو، بەڵام نیکسۆن لەبەر دوو هۆ درێژەی بەو دانوستانانەدا:

١/ چونکە نەیتوانی لایەنێک لەم دوو لایەنە هەڵبژێرێ بۆ تەواوکردنی دانوستانەکە.

٢/ پێی وابوو هەر لایەنێک ئەگەر بە دۆڕاوی لەم دانوستانە دەرچێ ئەوا هەواڵەکە دەزڕێنێ، لە لایەکی تریشەوە وەزارەتی دەرەوە، کە بە شەڕی ناوەخۆوە ماندووبووە ئامادە نییە بەم کارە ڕسواییەوە خەریک بێ، ئەوەتا ئەو کاتەی (لی تو) لە پاریس دەردەکەوێ وەزارەتی دەرەوە ئامادە نابێ پێشنیار و دەستپێشخەری پێشکەش بکا، چونکە ئەو کارەی بۆ کۆشکی سپی جێهێشتووە، تا ئەو بەرپرسیارییەتی، بگرێتە ئەستۆ.

هەرچۆنێکی بێ دانوستانەکان بە نهێنی بەڕێوە نەدەچوون، چونکە ئەوکاتەی (لی تو) لە پاریس بووە، ئەو گومانی لە پرسەکە هەبوو، کورتەی دانوستانەکانیش بۆ دیڤید بروس بەرێدەکرا، کە سەرۆکی دانوستان کارەکان بوو لە پاریس و بۆ ئیلسۆرت بانکەری باڵوێزی ئەمریکا لە سایگۆن، بۆ بەشداریکردنم لە دانوستانەکانی پاریس وەزارەتی بەرگری، فڕۆکەیەکی سەرۆکایەتیی بۆ تەرخانکردم، دوای ڕووداوەکان (میلفین ڕید) وەزیری بەرگری دەڵێ: من لە ڕێگەی هەواڵگریەوە لە هەنگاوەکانی دانوستانەکە ئاگاداربووم، ئەم بەیاننامەیە ئەگەر ڕاستبێ پرسیارێک دەوروژێنێ: ئەم ڕاپۆرتانە بۆچی بۆمن بەڕێ نەدەرکران و لە کۆشکی سپی لێم دەشاردرانەوە؟

بە پێچەوانەی ئەمەش نیکسۆن چاوی خستبووە سەر دانوستانەکانی چین و دەستی بەسەردا گرتبوو و ببووە یەکەم کاری دبلۆماسی، کە لە ڕێگەی کەناڵە دبلۆماسیەکانییەوە دەیبرد بەڕێوە، لە ١٩٥٤ واشنتون و بیجین لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە وارشۆ ببێتە خاڵی بە یەکگەیشتنیان، بەڵام لەوکاتەوە و لە کاتی شۆڕشی ڕۆشنبیری چینەوە ئەم بە یەکگەیشتنە ڕووینەدا، لە ١٩٦٨ نیکسۆن فەرمانی بە واڵتەر ستویسلی باڵوێزی ئەمریکا لە وارشۆدا، کە لە یەکەم دەرفەتدا دانوستانەکان لەگەڵ چین دەستپێبکا، بە داوەتکردنی دبلۆماتکارێکی چینی لە یەکەم بۆنە و دەرفەتدا.

بە هەوڵێکی زۆرەوە دبلۆماتکاری پێنەگەیشتووی چین لە وارشۆ خۆی لەم دیدارە دەدزیەوە، کەناڵی ڕاوشۆ بەو هۆیەوە گەرم دەبێ، کاتێکیش چین ڕایدەگەیەنێ، کە

پێشوازی لە هەوڵەکانی ئەمریکا دەکا بۆ بە یەکگەیشتن هەر زوو وەزارەتی دەرەوە ڕێکارە هونەرییەکانی هاتوچۆ و بە یەکگەیشتن ئامادە دەکا، لە ئامادە کردنی خشتەی کارەکانیشی، هاتنەناوەوەی چین بۆ نێو نەتەوەیەکگرتووەکان و پرسی چارەنووسی تایوان و ڕازی بوون بە چالاکی بازرگانیی و گەشتوگوزاریی و چاودێریکردنی چەکداری دەخاتە بەرنامەی کار. هەر لە یاداشتەکەدا هاتووە ڕێگە بدرێ، کە بالۆێزخانەکانیان لە تۆکیو، تایبێ، موسکۆ، لەندەن، پاریس، ئوتاوا، ڕۆما، کانبیرا، لینگتۆن و کونسوڵخانەکانمان لە هونگ کونگ زانیاری بە گەشتیاران بدەن.

ئەم پێشنیارەی وەزارەتی دەرەوە شێوازێکی کلاسیکی بوو بۆ لە یەک نزیکبوونەوە، چونکە بە دووری نابینین بەرلەوەی نوێنەری ئەمریکا بگاتە بیجین هەوڵەکان بە هۆی بارکردنیان بە کۆمەڵێک مەرجی قورس بۆ دانوستان لە بارببردرێن، ئەوەتا لە ڕاگەیاندنێکی سەرسوڕهێنەر نیکسۆن ڕایدەگەیەنێ (ئەو منداڵە بەرلە، لە دایکبوونی دەیکوژین) بۆیە کاتێک بجین بڕیار دەدا دانوستانەکان لە ڕێگەی وارشۆوە سڕ بکرێن ئەمان خۆشحاڵ دەبن، چونکە ئەمە لە ئەنجامی ئەو هێرشەوە دەبێ، کە ئەمریکا لە ١٩٧٠ دەیکاتە سەر کەمبۆدیا، ئێمەش ئەم ڕەفتارەمان بە کارهێنا بۆ ئەوەی ڕێگایەکی نیانتر بدۆزینەوە.

کاتێکیش میانگیرێکمان لە پاکستان دۆزیەوە نیکسۆن ئامادە دەبێ بە بێ مەرجی پێشوەخت لە حوزەیرانی ١٩٧١من بنێرێتە چین، کارێکی ئاستەم بوو لە ڕێگەی کەناڵە حکومیەکان و بەبێ دەمامک ئەم کارە قورسە ببردرێ بەڕێوە، دەتوانم ئەمەش پشتڕاست بکەمەوە، وەزارەتی دەرەوە لە دانوستانەکان لەگەڵ ڤێتنام سەرنەکەوت، چونکە ڕێکارەکانی وارشۆ دووبارەکرانەوە، کارەکان بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەوان ڕۆژان بوون. لەو کاتەی دانوستانەکان لەگەڵ چین وڤێتنام لەوپەڕی نهێنی بەڕێوە دەچوون، سەرۆک لە هەوڵی شکاندنی ئەو بەستەڵەکەدا بوو، کە لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا هەبوو، دوای ڕێککەوتنی (سالت) بۆ کەمکردنەوەی چەک لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩ سۆڤییەتەکان هەوڵیان دەدا دانوستانەکان لەسەر سیستەمی مووشەکی دژە بالستیکییەکان چڕبکرێنەوە، کە ئێمە لە بنیادنانیاندا بووین، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون دانوستان لەسەر ترسانەی هێرشبەریاندا بکەین، کە بە سەدان مووشەکی لەخۆ دەگرت،

ئەم پێشنیارە یەکلایەنەی سۆڤیەتییەکان وەکو ڕێگریەک بوو لە هەراسانکردنیان بە چەکی ئەمریکی، هەرچەندە ئێمە لەم ڕووەوە لە سۆڤیەتییەکان بەهێزتربووین، بەڵام ئەوان بایەخیان بە دروستکردنی چەکی هێرشبردن دەدا، لە کاتێکدا ئێمە ماوەیەک دروستکردنی ئەمجۆرە چەکانەمان ڕاگرتبوو.

سەرەڕای پێشنیارە یەک لایەنەکەی سۆڤیەت، فشارەکانی کۆنگرێس بوونە ئەگەری ئەوەی بەرەو ڕوویاندا بچین، لە ئەنجامی ئەو دۆخە بەستەڵەکیەی ناوەخۆماندا چاوەکان کەم دەکەوتنە سەر ڕاستیەکانی سەرۆک نیکسۆن، دانوستانکارەکانمان بە توانابوون توانیان ئەم بەستەڵەکە بشکێنن و پێی بگەن، سەرۆک بڕوای وابوو ئەم هێرش و ڕێکارانە چارەسەری پرسەکە ناکەن وجلەوەکەی هێنایەوە بەردەست سەرۆکایەتی، بۆیە لە ئۆکتۆبەر سەرۆک منی سەرفراز کرد کە نامەیەکی زارەکی لە ڕێگەی دۆبرێننەوە بۆ ئەلکسی کۆسیگنی سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت، پێی ڕابگەیەنم کە کۆشکی سپی بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابێ لەم دانوستانانە چەکی هێرشبردن دوور بخرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا بڕیاری دا ئەگەر سۆڤیەت بەم بڕیارە ڕازی بێ ئەوا پەلە بکرێ لە دانوستانەکانی ژنێڤ کە پەیوەستە بە کەم کردنەوەی بڵاوە پێکردنی چەکی بەرگری و هێرشی.کاتێکیش سۆڤیەت ڕازی دەبێ من و دۆبرێنن لە ٢٠ی ئایاری ١٩٧١ گەیشتینە لەیەک تێگەیشتنێک، ئەمە یەکەم سنور بەزاندن بوو لە دانوستانی سنوردانانی چەکی ستراتیژی.

هەر لەم شێوە لەسەرچەکدانان لەسەر غەواسەکان بە هەمان شێوە لە کەنالی نهێنییەوە دانوستانەکان بەڕێوەچون، هەروەها ئەو وتووێژانەی لەسەر بەرلین کران بە هەمان ڕێچکەدا دەڕۆن و تەکانێکی بەهێزیش دەبێ بۆ کۆشکی سپی و سەرۆک نیکسۆن.

لە وتووێژەکانی سەردەمی شەڕی هیندو پاکستان وەزارەتی دەرەوە ئەوکات ڕۆڵێکی بالای هەبووە، هەڵوێستەکانی دیارو کاریگەر بوون، ئەمەش زیانی زۆری بە نیکسۆن گەیاند چونکە وا بە چین نیشاندرا کە لە کاتە تەنگاویەکاندا ئێمە هاوکاری دۆستە ستراتیژیەکانمان دەکەین، سێ مانگ بەسەر ئەو سەردانەمدا تێپەڕیبوو کە بۆ بیجینم ئەنجام دابوو بەر لە پاکستان، هیند سوربوو کە پاکسان لە بەرانبەر بە

بەنگلادیشدا زەلیل و ڕسوا بکا هەر بۆیە دەستی خستبووە نێو یەکێتی سۆڤیەتو بۆ ئەم مەبەستە هاوکاریی لێ وەردەگرت، تا هاوکاری بەنگلادیش لە دژی پاکستاندا بکا لە کاتێکدا ئەو دلنیابوو کە ئێمە ئەو بڕوایەمان پێ قبوڵەو کاری پێ دەکەین.

نیکسۆن بڕیاری دا هاوکاریەکی تەواوی پاکستان بکرێ بۆ ئەوەی بە زەبری هێز پاکستان لە ڕۆژئاوا دانەبرن و پەیامەش بە چین بدەن کە دژی دەستێوەردانی سۆڤیەتە لەم هەرێمە، لەوکاتەشدا نوێنەرانمان لە وەزارەتی دەرەوە لە چاوپێکەوتنەکانیاندا ڕایاندەگەیاند کە هیند بۆ ئێمە لە لە پاکستانگرنگترە، پێمان باش بوو پەیوەندیەکانمان لەگەڵ هیند بەم شێوە جێ نەهێلین نەختێک چاکیان کەینەوە، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە زۆر جار نارەزایی خۆیان لەم سیاسەتە ڕاگەیاند. ئەم دژایەتیو نارەزاییانە لە بێ ئاگاییانەوە نەبوو بەڵکو لە زیادەڕۆییانەوە بوو بۆیە نیکسۆن پێی وانەبوو ئەم سیاسەت و ژاوەژاوانە ڕەت کاتەوە بەڵکو دەبێ کۆتاییان پێ بێنێ، ئەوەی ڕویدا بە پێچەوانەی خواستەکانەوە بوو، هەواڵەکە درزە دەکاتە نێو دەزگەکانی ڕاگەیاندن، هەرچەندە ڕێکارەکان لە نێو وەزارەتی دەرەوە بە شێوازی نوسین دەخرانە ڕو من و سەرۆک نیکسۆن دەمانتوانی دەستەبژێریان کەین ئەوەی لەگەڵ سیاسەتەکەمان دەهاتەوە ئەومان بڵاو دەکردەوە.

ئەو شێوازەی سەرۆک نیکسۆن لە دانوستانەکان بەکاری دەهێنا ئاماژە پەیامێک بوو بۆ باقی وەزارەتەکانیتر بۆیە هەندێک جار ئەوانەی لەم دۆسیانە بەرپرس بوون دژی دەوەستانەوە چونکە بەشداریان پێ نەدەکرا. لەبەر ئەم هۆیانە من و سەرۆک نیکسۆن بە نیان تۆمەتبار دەکراین گوایە ئێمە زۆر نەرمی دەنوێنین، ئەمە ڕێکارەکانی نیکسۆن بوو بۆ گرتنەبەری دانوستانەکان و دوای ئەویش فۆرد هەمان ڕێچکە دەگرێتە بەر، بەو هۆیەوە کۆشکی سپی لە سەردەمی هەردوکیان لە سۆزو باوەشی بیروکراسی کلاسیکی بێبەش دەبێ.

یەکەم ئاماژەی ئەم جۆرە بیروکراسیەتە نوێیە ئەوکاتە دەردەکەوێ کە من و نیکسۆن لە شوباتی ١٩٧٢ بۆ دانوستان دەچینە شانگهای، نیکسۆن لەبەر مەترسی درزەکردنی هەواڵەکان ڕێگەی نەدا فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە بەشداربێ لەو

دانیشتنانەی لە نێوان من و (کیوا گیو هوا) وەزیری دەرەودا کرا، هۆکارێکی تریشی بۆئەوەی دەستکەوتەکان بۆ خۆی بگەرێنەوە.

لە ئەنجامی ئەمە وەزارەتی دەرەوە تا ٢٤ کاتژمێر بەر لە ڕاگەیاندنی بەیاننامەی کۆتایی ئاگاداری وردەکاریەکانی دانوستانەکە نەبوو، کاتێکیش نیشانیان درا مارشال گرین ڕەخنەی لە دارشتنیهەندێک وردەکاری بەیاننامەکە گرت بۆیە شاندی دانوستانکار لە ئاهەنگی کۆتایی داوای لە شاندی چین کرد کە بۆ هەندێک وردەکاری هەمواری بەیاننامەکە دوبارە دانیشن هەرچەندە ئەو دەستکاریە هیچ لە گەوهەری بەیاننامەکەی نەگۆڕی، لایەنی چینی ڕازی دەبن،دوای دانیشتن و دەستکاری بۆمان دەرکەوت کە وەزارەتی دەرەوە ورد بینن لە پێداچونەوەو خەمخۆریان.

کۆبوونەکانمان لەگەڵ سۆڤیەت لە ئایاری ١٩٧٢ بۆ بەرودامانی چین نەبوو، بۆ ڕێککەوتنی سالت بوو لە دەرگای دواوەی دبلۆماسیەتی ئەمریکی، دەرکەوت کە ئەم ڕێککەوتنە بەرژەوەندیی زۆری فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرە تێدابوو،هەرچەندە لە دەرگای دواوە ئەنجام درا. دواتر دانوستانە ئاشکەراو نهێنییەکان لە یەک کاتدا ئەنجام دران، کاتێکیش سۆڤیەتیەکان بەمە دەزانن هەوڵی ئەوە دەدەن کەناڵێک لە دژی کەنالەکەیتر بەکار بێنن بە پێدانی پێشنیار بە کەنالە ئەشکەراکە، هەرکە نیکسۆن بەمە دەزانێ پێشنیارەکان ڕەت دەکاتەوە بڕیار دەدا هەرچیەکی لە کەنالی دواوە نەیەت ڕەت دەکرێتەوە.

لە مانگی نیسانی ١٩٧٢ کاتێک من لە مۆسکۆ بووم ژمارەیەک گروپ بۆ ڕێخۆشی بۆ سەردانەکەی نیکسۆنی داهاتو لەوێ ئامادە بوون ( مۆسکۆ پێداگریی لەسەر بەنهێنی ڕاگرتنی دانیشتنەکاندا کرد ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی داواکردنی یەکسانییە لەگەڵ چین)، لە یەک کاتدا سێ دانوستان دەبردران بەڕێوە دانوستانە سەرەکیەکەش هی هلسنکی بوو لەسەر سالت SALT کە بە سەرۆکایەتی بالوێز جیرالد سمیت بەڕێوە دەچو. دانوستانە نهێنییەکەی تر ئەوەبوو لە نێوان من و لیونێد بریجنێف ی سکرتێری یەکەم بەڕێوە دەچو بۆ نەخشەدانانی کۆبوونەوەی لوتکە، دانیشتنەکەی تری سێیەم لە لایەن جەنەرال (سکو کروفت)ەوە دەبردرا بەڕێوە، ئەو لە مۆسکۆ بە ئاشکەرا لەسەر لایەنی هونەری سەردانەکەی نیکسۆن بۆ مۆسکۆ وتووێژی دەکرد. لەوکاتەی من لە خۆ

ئامادە کردندا دەبم بۆ سەفەری مۆسکۆ، نیکسۆن لە دانیشتنی هلسنکی پێشنیارێکی کەنالی دواوەی ڕەت کردبۆوە، کاتێکیش نیکسۆن لە کامپ دیڤد بوو سەردانەکەی منی لە وەزارەتی دەرەوە شاردبۆوە، بۆیە پەیوەندیەکان نەمابوون، پرسەکە مایەوە تا ئەوکاتەی من لە مۆسکۆ دەگەڕێمەوە. ئەگەر وەزارەتەکان دلنیا نەبوونایە لەوەی کۆشکی سپی نیازی برینی بەربەستەکانە، کێشەکە چارەسەر نەدەبوو.

هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی بە ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان من وەکو بەرپرسی ئەو دەزگەیەو بەرەیەکی یەکگرتوی ناڕازیی وزاری کۆتایی دەهات، کاتێکیش پۆستی وەزارەتی دەرەوە دەگرمە دەست بە پۆستە کۆنەکەمەوە کە ئاسایشی نەتەوایەتیە، سەنتەری بڕیارەکە دوفاقیی تێدەکەوێ نەختێک قورس دەبێ چونکە کەس نامێنێ میانگێری لە نێوان ئەو دوو لایەنە ناکۆکەدا بکا. لە هەموو ئیدارەکان باری قورسی دەرهاوێشتەی بڕیارەکان وەزارەتی دەرەوە دەگرێتە ئەستۆ بەڵام لێرە بارە قورسەکە یا دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆک یا من.

باجی سیستەم، دواجار سیاسەتی بەڕێوە بردنی بڕیارەکان لە لایەن یەک کەسەوە بۆ نیکسۆن سەرکەوتو نابێ پیادەکراوی سیاسەتی یەک کەسی کە نیکسۆن دایرشتبوو، دواتر فۆرد باجەکەی دەدا .

ڕۆژێک لێم دەپرسێ: ئایا دەست بۆ هەموو شتێک درێژکەم تەنها دیوار نەبێ؟

وەڵامەکە ئەوەیە نیکسۆن زۆر بەهێز بەرەو خۆ گەورە کردن هەڵ دەکشێ، بەڵام دواجار ئەم دەستکەوتە بە کەسێک بەتەنیایی نایەتە دی ئەگەر سۆزو هاوکاری جەماوەری لەگەڵدا نەبێ، کەچی دەورو بەری پێیان وابوو ئەم ڕۆڵە لە خۆی مەزنترە، ئەو پێی وابوو لە نێو ژینگە یەکدا دەژی ناحەزی ئەون، ئەمەش دژی واقعەکەیە هەر بۆیە لە جیات چارەسەری کێشەکان ئەو کاتی زۆری بە دوورخستنەوە لەو کێشانە دەکوشت، ئەگەر نیکسۆن مەبەستی بووایە ئەوەی لە ویلایەتی یەکەمی بەدەستی هێناوە زیادیان بکا دەبووایە لە ویلایەتی دووەمی بگەرابایەوە سەر پرۆسەی ئاسایی حکومیی، بەڵام من گومانم هەیە کە ئەو ئامادەکاریی نەکردبوو تا هەموو کارەکانی حکومەت بگرێتە ئەستۆ بۆیە دواجار تێگەیشتنەکانی دەروخێن و سەرناکەون.

## کۆتایی

خاڵی لەیەک جیابوونەوەم لەگەڵ نیکسۆن گواستنەوەی کار کردنم بوو لەگەڵ فۆرد، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک دەڵێن کە مامەلەو پەیوەندیەکانمان بەردەوام و وەکو خۆیان ماون.

نیکسۆن دوای دەست لەکار کێشانەوەی بۆ ماوەی دوو دەیە لە ژیاندا مایەوە، بۆ ئەو ساڵە بەراییەکانی دوای دەست لەکار کێشانەوە ساڵانی قورس بوون، ژمارەیەکی کەم لە هەوادارانی دەنگیان بۆی هەلدەبڕی، خۆی لە هەموو ژاوە ژاوو گوتوبێژێکی سیاسی دوور خستەوە تەنها ئەوانەنەبن کە پەیوەندیان بە خەراپی بەکار هێنانی دەسەڵاتەکەیدا هەبوو، بەرگریی لە خۆی دەکرد لەو تۆمەتانەی بۆیان دەبینییەوە، هەر کاتەی منیشڕوبەڕوی ئەم جۆرە تۆمەتانە دەبوومەوە هانام بۆی دەبرد ئەویش پشتگیرییلە هەڵوێستەکانم دەکرد.

لە شوباتی ۱۹۸۰ دەچێتە واشنتۆن بۆ بەرپا کردنی هەلمەتێک بۆ گێرانەوەی ناوبانگ و پێگەی شیاوی وەکو کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی، بۆ خوانێکی فراوین بانگێشتم کرد، یەکەمین جار بوو هەولی دەدا بێتە ناو دەزگەکانەوە، بانگێشتی نوێنەرانی ڕاگەیاندن دەکا بۆ دیدارێک، مەبەستی بوو هەندێک تێبینی لەسەر ئەو نوسین و کتابانە بدا کە سەرنجیانی ڕاکێشاوە. وردە وردە نیکسۆن خۆی لە لوتکەی دەزگەیەک بینییەوە کە سەرۆکەکان ئەویان لە سەروی خۆیانەوە دەبینی وەکو، ڕۆنالد ڕیگن و جورج بووش و بیل کلنتون و ڕاوێژیان پێی دەکرد.

بە درێژایی چەند کاتژمێرێک بێ وەستان دەستی بە گوتار خوێندنەوە کرد، مەگەر کەم کەس بزانێ ئەم بەردەوامیە لەسەر ئەو چەند دەکەوێ؟

لە ۱۹۸۷ من و نیکسۆن بە هاوبەشی وتارێکمان نوسی، تێیدا پێشنیاری کشانەوەی چەکی ئەتۆمیی مامناوەندیمان لە ئەوروپا کرد، چونکە ترسی ئەوەمان هەبوو ڕۆژئاوای ئەوروپا بە تەنیاو یەکلایەنە لەو چەکە پاک بێتەوە ئەوسا دابەش بوون

دەکەوێـتە ڕیزەکـانی هاوپەیمـانی نـاتۆ، بە ڕێـژەی جارێـک لە مانگێکـدا لە پێنـاو ڕووداوەکانی دونیا گوتارمان دەدا یا وتارمان دەنوسیەوە. لە ١٩٨٨ نیکسـۆن خـوانێکی بـۆ مـن و یاریـدەدەرانم لە ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی ڕێکخسـت، بەم جـۆرە پەیوەندی و دیدارەکانمان بەردەوام بوون.

نیکسۆن لە گۆرانکاری بەردەوامـدا بـوو، ئەو گـوتەی بە درۆ خسـتەوە کە دەڵـێ (مـرۆڤ دوای تەمەنێکـی زۆر ئاسـتەمە ڕێچـکەی ژیـانی بگـۆڕێ) ئەو هەمیشـە بیـری لە نوێکاری و گۆرانکاری دەکردەوە کە لەگەڵ سەردەمدا بێتەوە، بەنموونە: لەسـەر شـوێنی ژیـانی، بـرادەرێکم گـوتی نیکسـۆن بەدوای شـوێنێکدا دەگەرێ و پێشـینەی پێـداوە لە شەقامی مادیسنون بـۆ کـاری هەرەوەزی. لەگەڵ ئەوەشـدا لەسـەر گواسـتنەوەی شـوێنی زینـدەگیی داوای ئامۆژگـاریی لـێ کـردم، هەروەکـو ئەوەی مـن هێشـتا لەگەڵ ئەودا کـار دەکەم. منـیش لیسـتێکم پێیـداو شـەقامی مادیسـۆنم لە خـوارەوەی زنجیربەنـدەکە دانـا شەقامی پێنجەمی ڕەت کردەوە چونکە کەوتۆتە سەر دەریا ئەویش حەزی لە ئاوو دەریا نەبوو، پێیدا هاتینە خوار تا گەیشتینە شەقامی مادیسۆن، وا دیاربوو لەسـەری وەسـتاو پێی خۆش بوو چونکە یادەوەریەکانی کۆنی وەبیر دەهێنایەوە، هەستم کـرد نیکسـۆن لە دیالۆگیسـتەوە دەمکـا بە هـاوبەش. بەڵام ئەوەی مـایەی سەرسـوڕمان بـوو دەسـتەی هەرەوەزی داواکەی نیکسۆنیان بۆ خانوەکە ڕەت کردەوە .

نیکسۆن لەو پەیوەندیو بایەخدانەی بە من بەردەوام بوو باسـی لەو داسـتانە دەکـرد کە مـن لە کـاتە هەسـتیارەکان تێیـدا پـاڵەوان بوومـو ڕۆڵـی باشـم گێـراوە، لە ١٩٩٠ ڕۆژنامەی ( تایم)چاوپێکەوتنێکی ئەوی بڵاو کـردەوە تێیـدا دەربڕیبـوو کە مـن هانـدەری ئەوەبووم پرۆسەی ئاشتی لە ڤێتنام لە ١٩٧٢ ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی ببێتە هاوکـارم لە هەڵبژاردنەکان، گوایە من بە درێژایـی ئەومـاوەیە زیـاتر بـڕوام بە ڤێتنـامیە باکووریەکـان هەبووە.

بڕیارمدا جارێک نامەیەکی بۆ بنوسمو تێبینییەکانی خۆم لەسەر چاوپێکەوتنەکە پێ بدەم:

چاوپێکەوتنە کەتم لە ڕۆژنامەی (تایم) خوێندەوە، تووشی سەرسـامی و خەمـۆکیی کردم، خەمۆکی چونکە مـن دەبـێ هەمیشـە سوپاسـگوزاری تـۆبم کە ئەو دەرفەتەت بـۆ

ڕەخساندم وشانازیش بەوەوە بکەم کە من ڕۆژانێک لەگەڵ سەرۆکێک کارم کردووە ڕۆڵێکی بالای هەبووە لە دارشتنی نەخشەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

سەرسوڕمانم بەوەی هەندێک لە زانیاریەکان ورد نین لە شوێن خۆیاندا نەهاتون خۆشحال دەبم ئەگەر (جون تیلور) داوام لێ بکا ئەو زانیاریانە بە بەڵگەی نوسین و دەنگی بخەمە بەردەستی، دواتر بیر نیکسۆنم هێنایەوە کە ڕۆژی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەسەر ( ئاشتیی ناودەست) بلاوم کردبۆوە کە من ڕێکەوتنەکەم بەم جۆرە دەوێـو ئامادەین واژۆی بکەین، هەندێک لە وەلامەکان لەبەردەستدا نین زانیاریەکانی منیش لە نوسینگەی کۆشکی سپی ئەمەیان پشت ڕاست کردۆتەوە، ئاماژەشم بەوە دابوو کە نیکسۆنیش هەروەکو من پابەندی ئەوەیە ئەم شەڕە بە زوترین کات کۆتایی پێبێ . لە ڕاستیشدا نیکسۆن هۆشدارییی دابووە ئەندرێ گرۆمیکۆی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی کەدیداری ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢ لەگەڵ (لی دول تو) دوا دەرفەت دەبێ بۆ کۆتایی هێنان بەم پرسە واتە بەر لە هەڵبژاردنەکان.

بە هاورایی لەسەر کۆی چاوپێکەوتنەکە کۆتاییم بە نامەکەم هێناو دوای ئەوەی پێیم وت کە تۆ بە ئابڕووەوە بەرگریت لە ولاتەکەت کردووەو سیاسەتێکی حەکیمانەی دەرەوەت بۆی دارشتوە.

وەلامێکی ناڕاستەوخۆی دامەوە کە من بەو ڕۆڵە ڕۆمانسیەی بە منی داوە سەرسام بووم ئەمجارەیان بە شێوەیەکیتر ستایشی کردم، بە ڕێگەی نانسیی هاوسەرمەوە.

گوتی :

(من هەرگیز نیان نەبووم لە دانوستانەکانی هانۆی دا، پێچەوانەکەی ڕاستە. ئەگەر لە باز توندتر هەبێ ئەوە من بوومە.سەبارەت بە گەشبینیش لە دانوستانەکانی هانۆیدا، ئەمە پرسێکی تەکتیکی بوو.

کەوابێ هێشتا لە بیرت ماوەو لە دەفتەری بیرەوەریەکانیشمدا ماوە، کاتێک پێت دەگوتم نانسیی هاوسەرم دەلێ پێم وایە ئێوە بەم هەڵوێستەی (ماک گفران)، هەڵوێستی توند بۆ سیاسەتی دانوستان پێتان وایە سودی هەیە نەک زیان. منیش هەردەم دەموت

ئەگەر بەم سیاسەتە بگەینە ئەنجامێکی باش بۆ هەڵبژاردنەکانمان سودی دەبێ ئەگەر دەستکەگوتمان نەبێ ئەم ڕێککەوتنە واژۆ ناکەین.

هەمیشە لەسەر یەک خاڵ ناکۆک بووین، هەستم دەکرد کە تۆ لەمن زیاتر بروات بە دانوستانە، دووەمیش، کاتێک سەیری دەفتەری یادەوەریەکانم کردەوە بینیم کە کاتی دانوستانەکانی لە پێناو ئاشتی لە پاریس تۆ لەسەر هەق بوویت و من هەڵە بووم، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکانمان هەر بەردەوام بوون).

نیکسۆن هەمیشە لەسەر سەکۆی گوتار خوێندنەوە بانگی دەکردم تا لەگەڵیدا بەشدار بم . دواجار لە کانونی دووەمی ١٩٩٤ لە کاتی کردنەوەی سەنتەری نیکسۆن بۆ کاروباری دەرەوە نیکسۆنم بینی کە ئێستا لە واشنتۆنە بارەگاکەی، لەسەر ئەم سەکۆیە پیاوە ناودارەکان گوتاریان دەدا، وەکو جورج شولتەر لەسەر کەلتوری ناوەخۆی نیکسۆن دەدوا، بیل ڕوجەرس لەسەر کەلتوری نیکسۆنی سیاسەتی دەرەوە، کۆتاییەکەش بە گوتارێکی نیکسۆن دێت کە تێیدا سوپاسی هاوڵاتیان دەکا بۆ ئەو پشتگیریەیان. دوای چەند مانگێک لە هەمان ساڵ واتە لە نیسانی ١٩٩٤ نیکسۆن کۆچی دوایی دەکا.

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم پیاوە بەیەکەوە ژیاین لەو ماوە هەستم بە ئەمانو خۆشیو ناخۆشیەکان دەکرد، دەکرێ ڕۆژێک بێت سود لە کەرەستەکانی نیکسۆن لە لایەن کەسە نزیک و دلسۆزەکانییەوە وەربگیرێ، نیکسۆن خۆی هەموو شتێک بوو مەدرەسەیەک بوو، هەندێک جار من بۆ ئەو دەبوومە ئامانج، بەڵام ئەو هەستەی بە مردنی ئەو گەمارۆی دام لەبیر ناکرێ هەستێکی پڕ ئازار بوو، نیکسۆن هەمیشە لە ململانێو ناکۆکیدا بووە دژوارترینیشیان لەگەڵ خودی خۆیدا بوو.

لەو ساتە خەمناکانە ئەو ڕۆژانەم دەهاتەوە یاد کە بەیەکەوە لەگەڵ نیکسۆن بۆ پشویەک پیاسەیەکمان دەکرد لەوکاتانە ڕۆژنامەنوسەکان بەدواماندا ڕایان دەکردو ئەویش هەستی بە دلتەنگی دەکرد دەیوت ئەمە دەیانەوێ سنورەکانمان ببەزێنن و بێنە ناومانەوە، نیکسۆن حەزی لە ئازادی بوو پێی خۆش بوو میوانەکانی بباتەوە ڕۆژانی گەنجێتی، بۆیە بەبێ پاسەوان دەگەراین جگە لە پاسەوانی نهێنی نەبێ.

لەو ناوە دەسورڕاینەوە، وێستگەی بەنزینی نیشان دەدام، کە هی خانەوادەکەیەتیی و ئەو ئوتێلەی نیشان دەدام، کە بۆ ململانێ و کێبڕکێی هەڵبژاردن

بەکاریان هێناوە، لە کاتێکدا بڕوای سەرکەوتنی پێ نەبووە (کۆلیژی وایتـی)ی نیشـاندام، کە ناوی هەندێک لە مامۆستاکانی لێ هێنا، ئەو کاتـانەی ئەوان ڕۆژان بینـیم لەو کاتـانە بـوو، زۆر بە شـکۆ و ئـارامیی و ڕەوشـتبەرزیەوە بینـیم، کتـوپڕ دەڵـێ بـا بچیـنە لۆسئەنجلۆس ئەو خانوەتان نیشان بدەم، کە لە ١٩٦٠ کاری پارێزەریم تێدا دەکرد، یەک کێشـە هەبـوو خـانوەکەی پـێ نە دەدۆزرایەوە ئەوەنـدەی لە بیرمـابوو، ئەو خـانوە کەوتووەتە دۆڵێک لە پشتی ئوتێل (بیڤەر لی هێـز)ەوە، بەڵام دوای گەڕان و سـوڕانێکی زۆر نەیتوانی بیدۆزێتەوە.

پیاوێک بوو هەموو سنورەکانی ترسـی تێپەڕانـدبوو، توانیبـووی ئـابڕوی نیشـتمان بەرزکاتەوە، هەرچەندە توانی میـلەت لە قۆناغێـک هەڵسـێنێتەوە سـەرپێ، بەڵام دواجـار دڵنیابوو لەوەی خواستەکانی بە تەواوەتی بۆ نایەنە دی .

لەبەر ئەم هۆکارانە ڕۆژی ٢٧ی نیسان ١٩٩٤ کرایە بۆنەیەکی نیشتمانی، سـەرجەم سـەرۆکەکانی پێشـوی ئەمریکـا، کە لە ژیانـدا مـابوون لەم ڕۆژە لە ڕێوڕەسـمی ناشـتنی ئامادە دەبن، لەوانەش؛ کلنتۆن، گوتەی منیش لە دڵەوە هەڵقوڵابوو:

هەرکە دوایین هەوالم پێ گەیشت، کە چاوەڕوانکراو بـوو، زۆر ئاسـتەمە ئەم کۆسـتە لە بیربکرێ، هەستم بە زیانێکی مەزن و بۆشاییەکی فراوان کرد، وەکو شکسپیر گوتەنی (بەمانای وشە پیاو بوو) من جارێکی تر نایبینمەوە.

ڕێگەمـان بـدەن ماڵئـاوایی لە برادەرێکـی بە وەفـا و ئـازا بکەیـن، بەرگـری لە باوەڕێککرد، لەسەر لێواری هەڵدێر بوو، کاری مەزنی ئەنجامدا، زۆری ئازارچەشت، بەڵام چـۆکی نەدا، هەر بە تەنیـا سیسـتـەمێکی نێـودەوڵەتیی دامەزرانـد، لەسـەر بنەمـای کەمکردنەوەی دوژمنایەتیی و پتەوکردنی دۆستایەتی، ئەمە دیدێکە خەونەکان و واقیع لە یەک نزیک دەکاتەوە، ڕیچارد نیکسۆن توانیی کۆتـایی بە جەنـگ بێنـێ و هەنگاو بەرەو ئاشـتیی بنـێ، ئەو دڵسـۆز بـوو بـۆ خـانەوادەکەی، نیشـتمانی خـۆی خۆشدەویسـت، خزمەتکردنی بە شەڕەف دەزانی، مایەی شانازیە بۆ من یاریدەدەری بووم.

## (٣)
## ناکۆکی لەسەر کرانەوە

ئەگەر هاری ترومانی ئەندازیاری دۆخەکان فاکتەری بردنەوەی شەڕی ساردبێ و ڕۆنالد ڕیگانیش پاساوی کۆتایی هێنانی دابێتەدەست، ئەوا نیکسۆنیش لەم میانەدا پیاوی تەوەرەکە بووە لە ماوەی نێوان دوو قۆناغەکە، هەرلە سەردەمی ئەودا بوو لە تەک ڕزگاربوون لە شەڕی ڤێتنام، نەخشە بۆ هێڵە پانەکانی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتی لەسەر بەرلین وشەڕی سارد داڕێژرا.

ئەوەتا لە کۆتایی سەردەمی حوکمڕانی ئەودا ئەمریکا سوپای لە ڤێتنام کێشایەوە و هەژموونی یەکێتی سۆڤیەتیش، کە ماوەی ٢٥ساڵ لەسەر بەرلین درێژەی هەبوو کۆتایی پێ دێ و دەست دەکرێ بە پرۆسەی کەمکردنەوەی چەک لەگەڵ سۆڤیەتدا و چینی لە دبلۆماسییەتیی دەوڵەتە مەزنەکاندا بەشداری پێکرد. بەم هەنگاوانە پێگەی ئەمریکا بەرانبەر بە یەکێتی سۆڤیەت بەهێز دەبێ و پەیوەندیەکانی لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی کاریگەر تۆکمەتر دەبێ، هەر لە سەردەمی ئەودابوو پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان کەوتە بواری جێبەجێکردن، ئەوەی مایەی سەرنج و بەهێزکردنی پێگەی ئەمریکا بوو، ئەو سیاسەتانەبوون، لە سەردەمی ئەو داڕێژران و بوونە مایەی بەهێزبوونی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان و درێژەپێدانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە لایەن سەرۆکەکانی دواتر و تا کاتی نووسینی ئەم دێرانەشم هەر بەردەوامە
.

ڕاستە ئەوکاتەی جیرالد فۆرد لە هاوینی ١٩٧٤ دەسەڵاتی گرتەدەست لیبراڵیستەکان ڕەخنەیان لە سیاسەتی کەسایەتی نیکسۆن گرت و ئەم ڕەخنەیە منیشی گرتەوە گوایە بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ نادات، پارێزەرەکانیش بەو بیانوە ڕەخنەیان لە ئیدارەی نیکسۆن دەگرت گوایە پرۆسەی (کرانەوە) بۆتە بڕ و بیانو بۆ سازشکردن

لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت، بە دیـدی ئەوان و بە دەربڕینـی فەرەنسـیەکان سیاسـەتێکی هەڵەیە.

ئەم ڕەخنـانە بـۆ ئەو مـایەی بێـزاری بـوون، بەڵام لای ئەو گرنـگ بـوو سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شکۆدار بهێڵێتەوە و هەر چۆنێکی بـێ کۆتـایی بە کێشـەی ڤێتنـام بێنێ، سیاسەتوانەکان پێیان وابوو دەرچوون لە هەرێمی هینـدیی چینـی بە هەر نرخێـک بێ لە قازانجی ئەمریکا دایە، بەڵام ڕەخنەگرەکان ڕسوابوونیان پێ لە ئابڕ و باشتر بـوو، پێیان وابوو مانەوەیەک بە ڕسوایی، باشترە لە ئابڕومەندییەتی.

بـۆ نیکسـۆن لەمەش گرنگتـر ڕۆڵـی ئەمریکـابوو لە خۆسـەپاندنەوە بگۆڕێـت بـۆ فەرماندە، بە درێژایی ماوەی جەنگ ئەمریکا بە هۆی توانای ئەتۆمی و هێزی ئابووریەوە تـوانیی خـۆی بەسـەر دۆخەکانـدا بسـەپێنێ. لە کاتێکـدا، نیکسـۆن دەسـەڵات دەگـرێتە دەست هێزی ئەوروپا لە ڕووی ئەتۆمییەوە، لە ئەمریکا بەهێزتربـوو، ئاسـیاش دێـتە نـاو بازنەکە و لە ئەفریقیاش بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان جمەیان دەهات، خۆسەپاندن لەسـەر بنەمـای هێـز بنیـاددەنرێ، بەڵام فەرمانـدەیی لەسـەر بنەمـای دروسـتکردنی یەکڕیزیـی و یەکدەنگی دێتەدی، دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان پاداشـت و سـزا، بـاش و خـراپ، لە بنیادنانی کۆدەنگی جودا ناکرێنەوە، ئەمە لە دژی (ویلسـۆنیزم) ئەنجامـدرا، کە هەوڵـی خولقاندنی سیستەمێکی بەڕەوشتی ئەمریکی بوو، بـێ ئەوەی هـیچ سازشـێک بکـا، دوای دوو دەیە لەوکاتەوە ئەم جۆرە بابەتانە لەسـەر زاربـوون بە تـایبەتی ڕۆڵـی ئەمریکـا لە حەفتاکان و تا هەڵوێستی بەرانبەر چین، بۆیە ئەو مشتومڕانەی لەسەر کـرانەوە بەڕووی یەکێتی سۆڤیەتدا لە سەردەمی فۆردا پێشینەیان هەبوون و بـۆ دوای شـەڕی سـاردیش هەر بەردەوام دەبن.

## کرانەوە چی بوو؟

دیـارە خواسـت و فشـار و سیاسـەتەکانی بەرپرسـان و دەوروبەریـان ڕەنگـدانەوەی سیاســەتی دەرەوەی وڵاتەکەیــان دەبــێ، بــۆ ئەوەی لەو ناکۆکیــانەش بگەیــن، کە لە

نیکسـۆنەوە بـۆ فـۆرد جێمـان، دەبـێ بـاس لەو هەڵوێسـتە بکەیـن، کە نیکسـۆن تێـی کەوتبوو.

نیکسۆن لە کاتێکدا دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا، وڵات لە قەیرانێکی سیاسیدایە و لە مێژوودا شتی وا نەبووە:

نـزیکەی ٥٤٠ هەزار سـەربازی ئەمریکـی لە ڤێتنـام لە نێـو شـەڕدا بـوون، هەروەکـو پرۆفیسۆر ولتەر ا. ماکدوگال لە زانکۆی بنسلفانیا پێناسـەی دەکـا دەڵـێ :( لە شـەڕی کۆمەڵگەیەکی مەزندا بووین). مەبەستی ئەو شەڕەی ڤێتنام بوو، کە یەکەم شەڕی مەزنە ئەمریکا بەبێ ئامانجی سەربازی دەیکات، ئامانجە سـتراتیژییەکە ئەوەبـوو نەدۆڕێـین، تـا ئەو کـاتەی ڤێتنــامی باشــوور دەرفەتــی بــۆ دەڕەخســێ دام و دەزگــەی دیموکراســی دابمەزرێنــێ، شــەڕێکی لەم جــۆرە لە کۆمەڵگــەیەک، کە مــاوەی دە ســاڵێک بەســەر ڕزگاربوونیدا تێپەڕیوە پاش ئەوەی چەندین سەدە لە ژێر حوکمی داگیرکەردا ماونەتەوە، خــۆی لە خۆیــدا ڕکە لە بننــانە. دیــارە ئەم جــۆرە شــەڕانە پێویســتی بە هێزێکــی لە بنەهاتووی گەلی ئەمریکایە بۆ ئەوەی بەرگەی ئەم جۆرە پێداگریانە بگرێ.

ڕاگرتنی ئەم جۆرە جەنگانە کارێکی ئاستەمە، ئەمریکا خۆی لە نێـو سـوپایەکی سێ لەسەر چواری ملیۆن سەربازی ڤێتنـامی باشـوور و ژمـارەیەکی زۆر لە خۆبەخشـانی ڤێتنامی باکوور و ژمارەیەک لە خۆبەخشی تر دەبینییەوە، خۆکێشانەوە بە یەکلایەنی نە پێشوازیی لێ دەکرێ، نە مایەی قبوڵکردنە، لە میانی دەنگی ناڕەزاییەکان، دژی جەنـگ دەنگیـان بەرز دەکـردەوە، ئەمریکـای خسـتە تەڵەیەک لە نێـوان هاوپەیمانـانی لە دژی ناپاکیی و دوژمنانی، کە سورن لەسەر سەروەری بۆ ئەمریکا.

لایەنی هونەری لە کشانەوە، گرفتێـک نەبـوو، ئەوەی لای ئەو گرفـت بـوو لایـەنی ڕەوشتی بوو، چۆن دەیان ملیۆن هاوڵاتی لەو بەریاتە، بێ پشتیوان جێبهێڵێ لە کاتێکدا پێشتر دوو لە سەرۆکە ئەمریکییە دیموکراسیی خوازەکان پەیمانیان پێدابوون، هاوکـار و پشتیوانیان دەبن؟

ئێمە وەکو سەرۆکی هاوپەیمـانی ڕۆژئـاوا پرسـەکەمان لە ڕوانـگەی نەتەوایەتیـیەوە لێک دەدایەوە، چـۆن ڕاسـتگۆییمان لە بەرانـبەر دوژمـن و دۆسـت کەوتـووەتە مەترسـی، نیکسۆن مەبەستی بوو بابەتی ڕەوشت سنورداركات، بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی ئەمریکا بۆ

دەرچوونی لە هیندیی چینی  جێبەجێ بکا، ئامادە بوو لە دانوستانەکانی لەگەڵ هانۆی نیانی بنوێنێ بە ڕێژەیەک لە سەرۆک(جونسۆن)، کە بە  (کۆتری ئاشتی )ناوبرابوون نیانتربێ، شێک لەسەر بنەمای جیۆپۆڵەتیک بێ، مەرج نییە داخوازیەکانی بە ئەنجام بگەیەنێ، گریمان لایەنێکی کۆمۆنیستی لە پێناو ئامانجەکانیدا بڕوای بە گفتەکانی ئەمریکا کرد و لە بڕواکانی کۆمۆنیزم دەرچوو، بەڵام هانۆی گوێی بەم جۆرە داواکاریانە نەدەدا، کە داخوازیەکانی جوڵانەوەی ئاشتیی بوون.

بزوتنەوەی ئاشتی، خۆی بە سیمایەکی ڕەوشتی داپۆشیبوو، گوایە تەنها یەک کێشەی ڕەوشتی لە ئارادایە ئەویش؛ ئاشتییە، بە هەر مەرجێک بێت، چارەنووسی هاوڵاتیانیش دژی ئەمە نییە  (بە شێوەیەکی تر و زەڵاڵتر بلێن ئەگەر دەست لەسەر گەلانی هیندیی چینی هەڵگرین دۆخیان باشتردەبێ)، لە ئەنجامی فشار و داواکاری گشتیدا نییە، ئەو بڕیارە یەکلایەنانە بکێشینەوە، نارەزاکان دەستیان کرد بە خۆپیشاندان بۆ جێ پێ لەقکردن بە حکومەت، ئەوان دەستەواژەی ئابڕو و ڕەوشتیان پێ بابەتێکی ڕووخساری بوو، لای ئەوان هیچ بەهایەکی نەبوو، پێیان وابوو کە غروری ئەمریکی گەلانی هیندیی چینیی گەیاندە ئەو نەهامەتییە و سەروەرییەکانی ئەمریکای لە دەستدا، ڕۆڵی ئەمریکییەکان لە پاراستنی هاوسەنگی لە هەرێمی هندی چینی بە بێبنەما دایە ناسین و ڕەتیانکردەوە نیکسۆن ئەو دەسەڵاتەی هەبێ لە ژێر پاساوی ڕەوشت ئەم هەنگاوانە بنێ، دڵنیام ئەندامانی دەزگە وا بیریان نەدەکردەوە، ئەوان پەشۆکاوی ئەو کارەبوون، کە خۆیان ئەنجامیان دابوو، بەو هۆیەوە ئارەزوویان لەوەبووشەڕی ڤێتنام لە دەروونیان دووربخەنەوە و لە بیر خۆیان بەرنەوە، هەڵەکانیشیان لە ڕێگەی بیرچوونەوەی بە کۆمەڵ لە بیر کۆمەڵگە ببەنەوە، ئامانجیان بوو هیچ داواکاریەکی هانۆی بۆ دانوستان ڕەت نەکەنەوە، بۆیە دانوستانکارانی ئەمریکی هیچ پێگە و بنەمایەکیان نەمابوو کاری لەسەر بکەن و دەستی پێوەبگرن.

لە کاتی ئەم نوسینەمدا نەوەیەک هاتۆتە کا بیر لە هەستەکانی ئەو سەردەم ناکاتەوە، هەندێکیان بیرەوەریەکانیان خاپوور کردووە، هەندێکی تریش خۆیان بۆ مێژوویەکی کراوە تەرخان کردووە، لە ڕاستیشدا زۆربەی پسپۆڕانی نوخبەی سیاسەتی

دەرەوەی ئەمریکا بەوە ڕازی بوون، دەستبەرداری دەستەواژەکانی سەرەتای شەڕی سارد ببنەوە، کە کاریگەری لەسەر فشارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبووە.

فشارەکانی دەرەکیش هاوکات بوون لەگەڵ فشارەکانی ناوەخۆ، زۆربەی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO)، لەسەر شەڕی هیندیی چینی هەڵوێستی توندیان هەبوو، کاتێکیش نیکسۆن دەسەڵات دەگرێتە دەست، دەیانپرسی ئەمریکا خوی بە شەڕەوە گرتووە یان دەیانپارێزێ؟ زۆربەی سەرکردە ئەوروپییەکان شانازیان بەخۆیانەوە دەکرد، گوایە هانی ئەمریکا دەدەن بۆ ئیدارەدانی شەڕی سارد، ئەمانە هەمووی لە ماوەی ئەو ساڵە ڕوودەدەن، کە یەکێتی سۆڤیەت هێرش دەکاتە سەر چیکسلۆڤاکیا و داگیری دەکا، بۆ ئەوەی ئەو ڕژێمە کۆمۆنیستە تێکبشکێنێ، کە دوور لە مۆسکۆ کار بۆ سەربەخۆیی و سەروەری خۆی دەکا، ئەو بڕوایەشیان بە سەریاندا سەپاند، کە لیونێد بریجنێف دایهێنابوو، هەر بەناوی ئەویشەوە بڵاوبووەوە، کە مافی سەپاندنی بیروباوەڕی ئەرسەدۆکسی بوو بەسەر وڵاتە کۆمۆنیستەکاندا، کرملین خاوەنی ترسانەیەکی ئەتۆمی بوو وێنەی توندڕەوی بیروبڕوا و هێزی سەربازیی دەکێشا.

دۆخەکان بەم شێوە چەقبەستوو پڕ ئاژاوەبوون، کە بۆ نیکسۆن مابوونەوە، سەبارەت بە ئێمەش سەرقاڵی هەڵمەتی خاچپەرستی بووین دژی یەکێتی سۆڤیەت، بەو هۆیەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەگرانمان بووینەوە بەوەی دۆخی ئاڵۆزی ناوەخۆمان لە دەستدەچێ، ئەوەبوو نیکسۆن دەسەڵاتی گرتە دەست هاوڵاتی لە شەڕی ساردی بیست ساڵە و ناسەقامگیری دۆخی شەڕ لەگەڵ ڤێتنام و بێ ئومێدیان لە کۆتایی پێهێنانی بێ تاقەت ببوو، نزیکەی ٣٢ هەزار قوربانیی شەڕی هیندیی چینی هاوکات بوو لەگەڵ قەیرانی بەرلین و داگیرکاری سۆڤیەت بۆ هەنگاریا و چیکوسلۆڤاکیا و قەیرانی مووشەکەکانی کوبا، بۆ ئەمریکا شەڕێک لە دووری سنورەکانی لەگەڵ وڵاتێکی بە بیروباوەڕی دژی هەموو دانوستانەکان کارێکی قورس بوو.

ناحەزانی نیکسۆن وەکو شەڕکەرێکی کلاسیکی پێداگر لەسەر بڕواکان سەیریان دەکرد، بەڵام ئێستا کە لیبراڵیستەکان دەستیان بەسەر کۆنگرێس و ڕاگەیاندندا گرتووە، خوازیارن بە سیاسەتێکی دەستکردی خۆیان کۆتایی بە شەڕ بهێندرێ، ژمارەیەکی

زۆریش لە دیموکراتخوازەکان هانی ئیدارە نوێیەکەیان دەدا دەستپێشخەری بکا، بۆ دانوستان لەگەڵ مۆسکۆ لەسەر بازرگانیی و ڕۆشنبیریی و زانستیی و بەر لە هەمووشیان چاودێری پڕچەککردن، هەر بڕگەیەک لەم برگانەمان داوەتە ناحەزانی نیکسۆن و ئاگادارمان کردوونەتەوە، کە هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ سۆڤیەت کەمکردنەوەی گومانەکانە و بەرتەسککردنی بواری جەنگە ئەگەر بە کەمیش بێت، باشترین پێشنیاریش ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی لوتکەیی بوو، بۆ یەکتری ناساندنی سەرکردە و فەرماندەکانی سۆڤیەتیی و ئەمریکی.

پارێزگارەکان دوای بینینی جەنگی ڤێتنام و گەرمی کێشەی ناوەخۆ، لە توانایاندا نەما ڕووبەڕووی هێرشی لیبراڵیستەکان ببنەوە، باشترین نموونەش کاردانەوەی ولیام باکلیی هاوڕێم بوو، کە من بڕوای پێ دەکەم، کاتێک داوای هاوکاریم لێی کرد لە هاندانی هەڕەمەتی پارێزگارەکان، لە خرۆشاندنی ڕای گشتیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕەزاتیەکانی دژی شەڕی ڤێتنام، لە وەڵامدا پێی گگوتم: (کاتەکە زۆر درەنگە، شەمەندەفەرەکە ڕۆیشت).

هەر لەم ڕووەوە نموونەیەکی تر، یاداشتەکەی جێگری وەزیری بەرگرییە (دیڤید باکارد) لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠، کاتێک باکارد کۆنگرێس جێدەهێڵێ، پێشنیارێک بۆ کۆنترۆڵکردنی چەک و گەیشتن بە ڕێککەوتنێک دەکا لە نیوەی ئۆکتۆبەر یان نۆڤەمبەر، دەڵێ: ئەگەر ئەمە نەکەین فشاری کۆنگرێس بۆ کەمکردنەوەی بوودجەی وەزارەتی بەرگریی و لەوانەش بوودجەی هێزی ستراتیژی زیاددەبێ.

بە نەبوونی هێزێک لە بەرانبەر دەستەجەمعی لیبراڵیستەکان بابەتی هەمیشەیی گوتاری جەماوەر ئاشتیی بوو: چۆن ئەم ئاشتییە لە ڤێتنام دەستەبەر دەکەین، چۆن لە سەرتاسەری دونیا لە ڕێگەی دانوستانەکان لەگەڵ ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا مسۆگەر دەکەین، چۆن لە ململانێکانی لەگەڵ ئیدارەی نیکسۆن دەیپارێزین، ئەوکات پارێزگارە نوێخوازەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەری لیبراڵیستەکان و هەمان داخوازیان هەبوو، تۆمەتباریان دەکردین گوایە لە بەرانبەر کۆمۆنیستەکاندا لاوازین، ئەمانیش وەکو لیبراڵیستەکان داوای یەکلاکردنەوە و ئاشتییان لێ دەکردین، بەم شێوە نیکسۆن خۆی لە بەردەم دوو ڕکە لە بنراو بینییەوە:

١-ڕێکارێکی بە ئابڕوو لە ڤێتنام دەرچێ.

٢- دیاریکردنی ڕۆڵی ئەمریکا لە دوای دەرچوونی لە ڤێتنام، کە نەبە دۆڕا و نە شانازی بە سەرکەوتنەوە بکا.

ویلسۆنیزم بەو ڕەفتارانەی، لە ئەوروپا جێبەجێ دەکرێن ئەمریکای لە کێشەی هیندیی چینی تێوە گلاند، ئەو گواستنییەوە بۆ ئاسیا. گوایە هەمان شت لەو شوێنە دێتە ئەنجام، کە شەڕی پارتیزانیی لێ دەکرێ، ڕاستە ئەم شەڕە نابڕدرێتەوە بەڵام ئەوەیە لە ونبوون ڕزگاری دەبێ و بەرەو شەڕێک دەمانبا کە کۆتایی نییە، هەرچەندە دەقی کلاسیکی ویلسنیزم نامان گەیەنێتە ئاستێکی هاوسەنگ، دیدی ئەو بۆ ململانێکانمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دیدێکی کارەساتییە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ سۆڤیەت لەسەر شەڕی سارد نیانی نەنوێنین.



Thomas Woodrow Wilson

ویلسۆنیزم پرسی ئاشتیی لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز ڕەتدەکاتەوە، ئەو پێی وایە کە ململانێی سیاسەتی دەرەوە لە نێوان هێزی خێر و شەڕ، لە هەموو قۆناغەکانیش دەبێ ئەمریکا شکست بەو هێزە بێنێ، کە ڕووبەڕووی پرۆسەی ئاشتیی دەبێتەوە.

ئەگەر ئەمریکا لەو ململانێیەدا سەرکەوت ئەوکات دەتوانێ خۆی بسەپێنێ و هاوسەنگی هێز بەرقەرارکا، یا لە ڕێگەی خۆدابڕاندنەوە سوود لە دەستکەوتەکان ببینێ، تا ئەوکاتەی قەیرانی دابڕان دروست دەبێ.

ئیدارەی نیکسۆن کاری بۆ لە یەک نزیککردنەوەی دیدەکان دەکرد، نیکسۆن سەرەڕای سەرسامی بە هزرەکانی ودرۆ ویلسۆن بیرکردنەوەکانی بوو ئەویان گەیاندە ئەو بڕوایەی دەکرێ هزری مەزن هێرشێکی ئایدیۆلۆژیی مەزن بێنێتە کا، هەردووکمان من و نیکسۆن بڕیارماندا بڕواکانی دژی کۆمۆنیستمان لە پێناو ئەنجامدانی ئامانجە ستراتیژیۆەکان تەرخان بکەین، وەکو پرۆسەیەکی هەمیشەیی بێ کۆتایی سەیری سیاسەتی دەرەوە بکەین، کە بە پێچەوانەی دیدی لیبراڵیست و پارێزگارەکانە.

نە من و نە نیکسۆن ڕۆڵی دیموکراسیی ئەمریکامان ڕەت نەدەکردەوە لە کێشە ناوەخۆییەکان یان لە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە، بەڵام پێمان وانەبوو ئەم نموونەیەی دیموکراسیی بکرێتە وێنەیەکی فۆتۆگرافی بۆ سیاسەتەکانی دەرەوەی ڕۆژانە، بۆ پاراستنی سەروەری ئەمریکا پێویستیمان بە ئامۆژگارکارێک هەبوو، تا دەستەواژەی بەرژەوەندی نەتەوایەتیمان بۆ شیکاتەوە، ئەوەتا لە یەکەم ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر سیاسەتی دەرەوە دەردەکەوێ، کە لە شوباتی ١٩٧٠ پێشکەش بە کۆنگرێس کراوە.

لەسەرەتا ئامانجام ئەوەبوو لە ڕێگەی سیاسەتی دەرەوە پشتگیری لە بەرژەوەندییەکانمان بکەین، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، تا چەند ئەو سیاسەتە پشتگیری لە بەرژەوەندی گشتیی بکا ئەوەندە ڕۆڵمان لە سەر ئاستی دونیا بەهێزتر دەبێ، ئێمە چونکە پابەندیمان هەیە بۆیە دزەی ناو دونیامان نەکردووە، ئێمە دزەی ناو دونیامان کردووە بۆیە پابەندین، بەر لە هەموو شتێک بەرژەوەندیەکانمان چوارچێوەی کارەکانمان دادەڕێژن، ئەم بەهەند وەرگیرانە بوونە دەرهاوێشتەی ستراتیژیەتی خوارەوە:

١-بە مەرجی ئابڕوومەندی لە ڤێتنام دەرچووین.

٢-سنوردارکردنی ناڕەزاتیەکانی دژی هیندیی چینی.

٣-لە میانی ستراتیژیەتێک دەست بە ئاشتییەکەوە بگرین، کە بۆ گەلی ئەمریکی ڕوون بێتەوە ئێمە سەرەڕای شەڕی سارد هەموو هەوڵەکانمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی مەترسییەکان لە چنگمان دەرنەچن.

٤-بەرفراوانکردنی نەخشەی پەیوەندییەکانمان بە شێوەیەک چینیش بخەینە نێو سیستەمی نێودەوڵەتی.

٥-بنەمایەک بۆ دسپلینی دبلۆماسییەت دانێین بە تایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٦-پتەوترکردنی هاوپەیمانییەتیەکانمان.

پرۆسەی کرانەوە بەشێک بوو لە ستراتیژیەتمان، کە لە هەندێک ڕووەوە لەگەڵ ئەورووپا نەدەهاتەوە، ئەم پرۆسەش بۆ خزمەتی پەیوەندی لەگەڵ ناحەزان بەکارهات، نەک بۆ زاڵبوون بەسەر ژانەکان، من و نیکسۆن هەمیشە پێمان وابوو، کە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووی بیروبڕواوە دژی ئێمەیە و لە ڕووی سەربازیشەوە مەترسییە بۆمان، وەکو ئیمپراتۆرییەت و پرس، ئەو تاقە هێزە بوو، کە بتوانێ دەست بخاتە نێو زۆربەی کێشە سەربازییەکانی دونیا بۆ ماوەیەکی دوور لە دوای جەنگی جیهانی، هەروەها تاقە دەوڵەتیشە، توانای هێرشی هەیە بۆ سەر وڵایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

دوای چەند ساڵێک ڕەخنەگرانی نیکسۆن، ڕاسترەوەکان دەڵێن ئێوە لە بەرانبەر هەڕەشەکانی یەکێتی سۆڤیەت نیان بوون، ئەوان لەو مەترسیانە نەدەگەیشتن، کە مەکتەبی سیاسیی سۆڤیەتی لەوە ئاگادارە، ئەمریکا کۆمەڵێک کێشە و پرسی لەبەر دەستە لەوانە ڤێتنام و واتەرگێت (Watergate)، کە دەتوانێ یەکێتی سۆڤیەت بۆ نانەوەی ئاژاوە سوود لەم کێشانە وەرگرێ، دواتر ترسی تواناکانی ئەتۆمی سۆڤیەت، دەکرا بە بەهانەی هانۆوە کلیلی چارەسی و پرسەکان بگرێتە دەست، لە باتیی هێرشی سەربازی بە هاندانی بزوتنەوکانی ئاشتیی لە دونیا فشاری ئاشتیی بخاتە سەر ئەمریکا و ئیدارەکەی.

سوربووین لەسەر ئەوە بێدەنگ نەبین لە دواوەی سەنگەرەکانمان سەیری ناحەزان بکەین چۆن وڵاتمان پارچە پارچە دەکەن و دبلۆماسیەتمان لە بەرانبەر دۆستان لاواز دەکەن، لە باتیی ئەو بێدەنگییە ستراتیژیەتێکمان دانا سوودەکانی فشار و سزاکانی هەڕەشە پیادە بکەین، بۆ ئەوەی لەوکاتانەی ئاژاوەی ناوەخۆ هەیە سەرکردەکانی سۆڤیەت لە هەڕەشە و توندکردنی ئاژاوەگێڕیان دوورخەینەوە، ئەگەر فشارەکان لە ناوچوون ئینجا گەلی ئەمریکی بۆی دەردەکەوێ، یەکێتی سۆڤیەت بوو هۆکاری ئەو قەیران و هەڕەشانە بوو و زیاتریش متمانەی خەڵکی بەدەست دێنین.

بە کورتی ژانی ئەمریکامان لە ڤێتنام چارەسەرکرد، وەکو تێپەڕکردنی لاوازیەکانمان بە شێوەیەکی کاتی، تا بتوانین گۆشەگیری جیوپۆڵەتیکی سۆڤیەت لەسەریان توندترکەین.

بەر لە سەردانەکەی برجنیف بۆ ئەمریکا لە ١٩٧٣ یاداشتێکی پوختم دایە نیکسۆن، ڕەنگدانەوەکەی بەم شێوەیە بوو:

بە مسۆگەری برجنیف لە مەکتەبی سیاسیاندا بەرگری لە پرۆسەی کرانەوەمان دەکات، بە گوتەی ئەو ئەمە بەشێکە لە ململانێیە مێژووییەکان و ئێمەش وەکو دەوڵەتێکی سەرمایەدار سەیر دەکا، هەروەها باس لەو سودانە دەکا کە لەم پرۆسەی کرانەوەیە بە یەکێتی سۆڤیەت دەگا، سەرکێشییەکەی برجنیف لەوەدایە، کە ئەم سیاسەتەی هەڵاوسان و بەردەوامی لە خۆدەگرێ، کاریگەریی ئەو ڕژێمە ناڕوخێنێ، کە برجنیف پشتی پێ بەستووە.

لە لایەکی تریش مەبەستمان ئەوەیە ئەم ئامانجانە بە وردی بپێکین.

بەو پێیە بێ، ئێمە حوکممان لەسەر سۆڤیەتدا، کە تینوە بۆ نمایشکردنی هێزی سەربازیی، بەڵام هەندێک لە چاودێرە پێگەیشتووەکان لە نموونەی ئەندێ ئامالریک (کە ڕاپۆرتەکەی بە نیکسۆن دابوو) ڕاستی یەکێتی سۆڤیەت ئەوەیە هەندێک خاڵی لاوازی هەیە، لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردووش ئەم دەسەڵاتە کاری بە سیستەمی حوکمڕانی پشتا و پشتی نەکردووە، سەرکردەکانیان یان لە کاتی دەسەڵاتیاندا دەمرن، وەکو (لینین و ستالین) یان بە شێوەیەک دەگۆڕدرێن لە کودەتا دەچێ، وەکو (خروشوف) لە هەردوو حاڵەتیش پرۆسەی پاکسازیی بە دوادا دێت. بووژانەوەی توانای سەربازیی ئابووریەکەی بەرەو داتەپین دەبات، هەر بۆیە لە گوتاری حوزەیرانی ١٩٧٦مدا گوتم هیچ پاساوێکمان بۆ ترس لە ململانێ نییە، ئەگەر ئێمە ماوەیەک بێ ئەو ململانێیە ئابووریەمان بردبێتەوە، لە هیچ پارچەیەکی ئەم دونیایە گەلان و میلەتێک نین وەکو ئێمە بە ئازادی و خۆشگوزەرانی بژین و ئەگەر شێوازی جێبەجێکردن و کارکردنمان پێوەربێ لە نێوان ئازادی و کۆمۆنیستی، کە لە ماوەی سێ سەدە زۆرمان دەستکەوت هەبووە، ئەوا بە دڵنیایی دیموکراسیەتی پیشەسازیی دەباتەوە.

لەم کاروانەی دیموکراسیدا هەڵوێستەکانی سۆڤیەت لە ئاڵۆزبووندابوون، پەیوەندیەکانی مۆسکۆ و بجین بەرەو ئاڵۆزی دەچوون لە سەرەتای حوکمڕانی نیکسۆن هەواڵی بەیەکدادانی هێزەکانی مۆسکۆ و بیجین مان پێ گەیشت لە ناوچەی درێژایی (ڕووبای یسوری) کە سنورەکانی سۆڤیەت و چین لە یەک جودا دەکاتەوە، هێزەکانی

سۆڤیەت بە درێژایی سنورەکانی دەگەن، کە چوار هەزار میل دەبوو هێزی کۆکردبووەوە، تەنانەت بەر لەوەی پەیوەندیشمان لەگەڵ چین ئاسایی بێتەوە ئێمە ترسی ئەوەمان هەبوو ئەگەر شەڕ لە دوو بەرە دروست بێ کۆت و بەندی زیاتر دەخرێتە سەر فشارەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ سەر ئەوروپا. هەروەها دەرفەتی دبلۆماسیی زیاتریش بۆ ئەمریکا دەرەخسێ هەروەکو ڕەخسا.

ڕاپەرینەکانی هەنگاریا و چیکسلۆڤاکیا و پۆڵەندا لە ١٩٧٠، کە نیمچە شۆڕشێک بوون هێزی سۆڤیەتیی لەو وڵاتانە، کە لە گەردوونی ئەودا دەخولانەوە لاوازکرد، مایەی گاڵتەجاری و سەرسوڕمان بوو، کە تەنها یەکێتی سۆڤیەتە چواردەوری بە وڵاتانی کۆمۆنیست و دژ بە ئێمە دەورە دراوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام بوو لە پڕچەککردنی هاوپەیمانانی لە وڵاتانی عەرەبی وەکو ئامادەکاریەک بۆ شەڕێک، کە ئێمە لە تواناماندایە ڕێگە نەدەین سەرکەون، بۆیە لە ستراتیژییەکانماندا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەبوو یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی لە وڵاتانی ڕادیکاڵیستی عەرەبی ناچارکەین ئەم پەیوەندیە هەڵوەشێننەوە و دبلۆماسیی میانڕە و پیادەبکەن.

ئیدارەی نیکسۆن بڕوای تەواوی بەوە بوو، (پرۆسەی کرانەوە)لاواز نییە، هیچی ئەوتۆی نییە بیشارێتەوە ئەوەی لەم شێوە دبلۆماسیەتە نەرمە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دەباتەوە و هاوشێوەی نییە.

سۆڤیەت بە دۆڕاندنیان کارتی ئایدیۆلۆژیا و بە ئابووریيە داتەپیوەکە و سەرکردایەتیی بێ هاوپەیمانی ڕاستەقینە، یاریزانێکی بێ کاریگەرن لە مەیدانی جەنگدا.

ئەم بۆچوونە بە ئاشکرا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی سەرۆکایەتیی هاتووە، کە لەسەر سیاسەتی دەرەوە پێشکەش بە کۆنگرێس دەکرێ:

دەبێ کرملێن دەرسێک لە ئەزموونی دوو دەیەی ڕابردوو وەرگرێ و بگاتە ئەو بڕوایە کە ئیتر ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم ئەو ڕێبەرەنییە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی بکات. سەرەو لێژبوونی ئایدیۆلۆژیا لەسەر ئاستی دونیا بۆ ئەو کێشانەی کۆمۆنیزم دروستی کردووە لەو وڵاتانەی بەرگە و قبوڵی دەسەلاتی

سـۆڤیەتییان نەکـردووە، ئەمە خـۆی گۆڕانکـاری و بەرەو پێشـچوونێکە و جیـابوون و لەتبوونە لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەت.

هەڵسەنگاندنی ستراتیژییەت لە پێناو کاریگەربوونیـدا دەبـێ لە میـانی سیاسـەتێکی پراکتیکــی تەرجــومە بکرێــت، ئەم ئەرکە بــۆ مەبەســتی دبلۆماســیی ڕووبــەڕووی ناکۆکییەکانی ئەمریکا بـووەوە، لیبراڵیسـتەکان، کە ئەوکـات بەسـەردۆخەکەدا زاڵ وەکـو کۆتـایی هـاتن سـەیری دانوسـتانەکانیان دەکـرد، بـێ ئەوەی ڕەچـاوی نـاوەڕۆکی بـکەن، پێیان وابوو هەر دانوستانێک کەش و هەواکە خۆش دەکـا و ئەگەری شـەڕی سـارد دوور دەخاتەوە.

ئــێمە لە ئیــدارەی نیکســۆن ئەو هەڵســەنگاندنەمان ڕەتکــردەوە، خۆمــان بــۆ دانوستانێکی چڕ ئامادە دەکرد، بەڵام ڕێگەمان بە لایەنی بەرانـبەر نەدەدا مەرج و کـاتی دانوســتانەکان دیـاری بکـا، باسـکردن لەو بابەتـانەی بە لای مۆسـکۆوە گـرنگە دەبـێ هاوشانبن لەگەڵ ئەو پرس و بابەتانەی بە لای ئێمەوە گرنگە، بـۆیە پێـداگریمان لەسـەر ئەوە کرد، دەبێ دانوستانەکان بە تەنیابن بۆ هەر بابەت و بوارێـک بە جـودا، دانوسـتان لەســەر بازرگــانیی و چــاودێری چەک، سـۆڤیەتی هەراسـان دەکـرد چـونکە لە نـاوچە گەرمەکانەوە دەستمان پێی دەکرد، لە بەرلین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هینـدیی چینـی، دوای دەسەڵات گرتنەدەسـت لـە لایـەن نیکسـۆنەوە لە ٤ی شـوباتی ١٩٧٤ نـامەیەک بـۆ گەورە فەرمانبەرانی (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی) دەنێرێ.

من ڕازیم پرسە گرنگەکان لە بنەڕەتدا بەیەکەوە بەسـتراوبنەوە، مـن مەبەسـتم ئەوە نییە پابەندی لە نێوان هەندێک پرسی تەکتیکیدا بکەن، کە دەست نیشانیان دەکەین.

بەڵام بڕوام وایە ڕووبەڕووبوونەوە لە شوێنێک و هاوکاری لە شـوێنێکی تـر لە یەک کاتدا نابێ.

بڕواشم وایە سـەرکردەکانی سـۆڤیەتی دەبـێ لەوە بـگەن، کە نـاتوانن لە شـوێنێک سەرچاوەی سودمەندییەکانمان لەناوبەرن و لە هەمان کاتیشـدا بەردەوام بـن و سـوود لە ئاژاوە و نائارامییەکان وەرگرن و ڕووبـەڕوومان ببـنەوە. ئەم شـێوازە مەترسـیدارە ئەگەر سۆڤیەتییەکان بیگرنەبەر لە سەر چەک پێداگری بکەن و توندی بنوێنن بۆ ئەوەی ببێتە مایەی ئارامیی و سەرکەوتنیان .

ستراتیژییەتی نیکسۆن بۆ دانوستانەکان لەگەڵ کرملین دوو خەسڵەتی تایبەتیی هەبوون، ئەو بە پێچەوانەی بۆچوونی لیبراڵیستەکان، پاساو بۆ دبلۆماسییەتی خۆی ناهێنێتەوە سەبارەت بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا، بە گۆڕینی ئامانجەکانی سۆڤیەتی.

ئێمە سەرتاپای ئەو بروایەمان ڕەتکردەوە، کە گوایە سۆڤیەت دەستبەرداری بیروبڕواکانیان بوونە یا لەسەر لێواری دەستبەرداربوونن. بەلآم بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی پارێزگارانین، کە ترسیان لە لاوازبوونی ڕێککەوتنی ئەمریکا هەبوو. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە سەردەمی ئاشتی، دەمانگوت یەکێتی سۆڤیەت لەم دەمەدا لە دونیای ئازاد دوورە، بەو هۆیەوە گومانی ئەوە دەکرێ ڕووبەڕووی گۆڕانکاری ببێتەوە.

وەکو یەک کوتلە سەیری یەکێتی سۆڤیەتمان نەدەکرد بەڵکو وەکو ژمارەیەک لە ئاڕاستەی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی و ئیمپریالی، ئەمەش ئەوکاتە بۆمان ڕوون بووەوە، کە برجنیف باسی لە تاوانەکانی ستالین دەرهەق بە گەلانی ڕۆژهەلآتی ئەورووپا دەکرد، لەسەر بنەمای لاوازی ئابووریی و گۆشەگیری جیوپۆڵەتیکەوە بەرەو ئەو بڕوایە هەنگاومان نا، کە مامەڵەکانمان لەسەر بنەمای یەک دەوڵەتییەوە بێ نەک یەک بیرورِا بە مەبەستی کەمکردنەوەی دژواری شەڕی سارد.

لە دوا ساتەکانی ویلایەتی یەکەمی نیکسۆن بەرگریمان لە هەنگاونان بەرەو یەکبەرەدا کرد، یەکێتی سۆڤیەت بەهۆی کرانەوەمان بە ڕووی چیندا سەرەرۆکانی جیوسیایی کەمکردنەوە، لە ١٩٧١ هاوکاری ئەو کەناڵەمان کرد، کە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (ویلی براند) بە ناوی (سیاسەتی ڕۆژهەلآت Oospolitik)کردیەوە، بە شێوەیەک هاوکاریمان کرد کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی هاوپەیمانانماندا بێنەوە. لە ١٩٧٢ لە تواناماندا بووبێ دەستکاری سۆڤیەت فشار بخەینە سەر هانۆی. وێڕای ئەوەی ئێمە بەندەرەکانی ڤێتنامی مینرێژ کردبوو بۆردومانی باکووریشمان دەکرد، سۆڤیەتیش لە بەستنی کۆنگرەکانی بەردەوام دەبێ، ئەو سوودی لە سەردانەکەی نیکسۆن دەبینی زیاتر لە پابەندییە ئایدیۆلۆژییەکانی لەگەڵ ڤێتنام، بۆیە نوقەی لێوە نەدەهات، ئەم فشارانە بە پێزانینی سۆڤیەت ئەنجام دەدران، پەرلەمانی ئەڵمانیاش بەو ڕێککەوتنانەی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت ڕازی نابێ، کە بۆ سەر سنورەکانی دوای جەنگی

دووەمـــی جیهـــانی ئەنجـــام دراوە، هێزەکـــانی ســـۆڤیەتیش لە ١٩٧٢ لە میســـر دەردەکرێن،هەروەکو لە ١٩٧٠ پێشبینیمان دەکرد، ئەوەبوو لە ١٩٧٣ ئەمریکا بەسەر دبلۆماسییەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ و دەستڕۆیشتوو بوو، ئەوسا ڕێککەوتن لەسەر چەکـی سـتراتیژی دەکـرێ بە سـڕکردنی مووشـەکی سـۆڤیەتی، بـێ ئەوەی هـیچ دەستکاریەک لە بەرنامەکانی ئەمریکادا بکرێ، (ئەها پەیوەندیەکان سەرکەوتن).

## هێرش کردنە سەر سیاسەتی دەرەوەی نیکسۆن

### ڕکە لە بننانی لیبراڵیستان

لەم خاڵە گەرمەی سیاسـەتی نیکسـۆن یا بڵێین سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مـاوەی جەنـگ، یەکڕیـزی نیشـتمانی کە لە ١٩٧٢ بەدواوە لە سـەرۆکایەتیی نیکسـۆندا مابوو هەرەس دێنێ، کێشمە کێشم لەسەر چۆنایەتیی ئاڕاسـتەکانی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکرا، کە تا نووسینی ئەم چەند دێرانەشم هەر بەردەوامە.

ئەم دۆخە لە بەرەنجامی چەنـدین هۆکـار هـاتە کایـەوە، بـەڵکو مـن و نیکسـۆنیش خوێندنەوەی تەواومان لەسەر کاریگەریەکانی چارەسەری کێشە سیاسیەکانی دەرەوەمـان نەبوو بە شێوازی ویلسۆنی، کە لە سەدەی بیسـتەمەوە بەسـەرماندا زاڵ ببـوو، نیکسـۆن بە ڕاپۆرتەکانی زیاتر باسـی لە کێشـە ناوەخۆییەکـان دەکـرد لەوەی سیاسـەتی دەرەوە، بەو شێوازە پرسەکەی ئاڵۆزتر کرد، نیکسۆن بڕوای وابوو بۆ پەراوێزخسـتنی لیبراڵیسـتە ناحەزەکانی باشترین ڕێگە دزینی بەرنامەکەیانە، ئەوەی پێ نەشـاردرایەوە ئەوەبـوو، کە شـەڕکەرێکی سـاردە، لە دانوسـتانەکانیدا لەگـەڵ ڕکابەرانیـدا بەرنـامەی کـاری ئەوانـی جێبەجێ کردووە.

تەکتیکـی لیبراڵیسـتەکان، کە زیادەڕۆییـان بەسـەر نیکسـۆنەوە دەکـرد، لە ڕێـگەی وروژاندنی پرسی ڕەوشتی وەکو مافەکـانی مـرۆڤ و چەنـد پێشـنیارێکی چـاودێری، پێیـان وابـوو نیکسـۆن نـاتوانێ ئەم کێشـانە تێپەڕبکـا و ململانێیـان لەگەڵـدا بکـات، چـونکە بە

مەزنـــدەی ئەوان پشـــتگیری پارێزگـــارانی لە دەســـتداوە، بەڵام نیکســـۆن دروشـــمەکانی لیبراڵیسـتانی پـێ هەلپەرسـتانە بـوو. ئەو توانـای خۆگونجانـدنی بە هێزبـوو، بەرگەی ئەم کاردانەوانەی دەگرت، بەڵام خۆی لە نێوان دوو گروپ بە گەمارۆدراوی بینییەوە، ئەویش لەو میانە مانۆرەی لەگەڵدا دەکردن، گروپـی لیبراڵیسـتەکان، کە بە شـەڕکەری شـەڕی سـارد و نوێنەری ئەوانی دەزانی، گروپی پارێزگارانی کلاسیکیش بە هەلپەرستێکی توندی دەزانین.

دروشـــمی لیبراڵیســـتەکان: پەیوەنـــدیی بەرفراوانتـــر لەگەڵ ڕۆژئـــاوا و ڕۆژهەڵات، چاودێری پرچەککردن، زیاد کردنی ئاستی بازرگانی لانیکەم بۆ مـاوەی یەک سـاڵ. ئەم دروشمانە ئەگەر بە شێوازێکی تـر پیـادە دەکـران، بەڵام لەم کـاتەدا جێبەجـێ دەکـران، نیکسۆن ماوەیەکی دوورە بە هەمان زمان لەگەڵ لیبراڵیستەکان دەدوێ.

یەکەم هێڵی بەرگری لیبراڵیستەکان جێبەجێکردنی سەرجەم ڕەخـنە تونـدەکانیان بوو، پێیـان وابـوو کە سیاسـەتەکانی نیکسـۆن هـیچ بەرەو پێشـنەچووە و هەر ئەمەشـە پاساوی درێژبوونەوەی شەڕی سـارد بـووە، بەڵام چـونکە نیکسـۆن بە بەرەیەکـی پـان و بەرینەوە ڕووبەڕووی ئەم ڕەخنانە دەبووەوە، بۆیە ئەم گوتـانە هـیچ کاریگەریـان لەسـەر کەس نەبووە جگە لە سەر هەندێک دوژمنی دێرینی نیکسۆن نەبێ.

لە ١٩٧٢ ڕەخنەکـانی لیبراڵیســتەکان ئاڕاسـتەیەکی تـر دەگـرێتەبەر، بەو هـۆیەوە توانیان درێژە بە ڕەخنەکانیان بدەن، ئێستا جگە لەو ئاڕاستەی گرتبوویـانە بەر ڕوویـان لە هێرشـبردنە سـەر یەکێتـی سـۆڤیەت کـرد، بـێ ئەوەی شـەرم لە پەیـامی پێشـوویان بکەنەوە، کە بە پێچەوانەی ئەم پەیامەیان بـوو، ئەمجارەیـان داوایـان دەکـرد پرسـەکانی پەیوەنـدی بە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە ببەسـترێنەوە بە پرســە ناوەخۆییەکـانی یەکێتـی سۆڤیەت.

ئەم گۆڕانکاریە لە هەڵوێستەکانیان بووە سەروتاری ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، هەر لەو ماوەیەدا و لە پـایزی ١٩٧٢ هەڵوێسـتەکانیان لە داخـوازی چـاودێری پرچەککـردن و بەرفراوانکردنـی بازرگـانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا بەبـێ مەرج بـۆ بەسـتنەوەی ئەم پرسـانە، بە مەرجـی پرســە ناوەخۆییەکـانی یەکێتـی سـۆڤیەتەوە گـۆڕدرا، لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٣ ڕۆژنـامەی تـایمز بۆچـونی لیبراڵیسـتەکانی وەکـو پشـت ڕاسـتکردنەوە بڵاوکردەوە، کە پشـتگیری لە بازرگـانیی و داخوازیەکـانی تـری دەکەن، بەو مەرجەی بە

پرسە ناوەخۆییەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە ببەسترێنەوە، چونکە بە دیدی ئەوان ئەم بەرفراوانییەی بازرگانی، بۆ هەردووک لایەن سوودی هەیە.

لە ماوەی دوو مانگدا لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٧٢ ڕۆژنامەی تایمز ئاگاداری خوێنەرانی کردەوە، هەڵەیەکی مەزنە ئەگەر ئەمریکا پانتایی بازرگانیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بەرفراوانتر بکا، ئەمە داخوازی ڕووسەکانە بۆ ئەوەی هەستیاری گەلی ئەمریکا و کۆنگرێس لەسەر پرسە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە بیر خۆیان بەرنەوە.

## ڕەخنەی کۆنسرڤاتیستەکان (پارێزگاران)

هەرکە ڕەخنەی لیبراڵیستەکان لە لایەن زۆرینەی گەل ڕەتکرایەوە، پارێزگارەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە پێیان وابوو، شەڕی سارد باشترین خەباتی مان و نەمانی ئایدیۆلۆژیە، هەرگیز لەگەڵ ئەو دانوستانە پان و بەرینەدا نەبوون، لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتییدا بکرێ، لە پێناو مسۆگەرکردنی بڕە بەرژەوەندیەک، دواتر چونکە سۆڤیەت دەستی بەسەر پرسەکاندا گیرکردووە، ئیتر هەوڵەکان تەنها خەیاڵە. پارێزگارەکان بڕوایان بە سیاسەتی لە خۆگرتن و گەمارۆدان بوو، کە هەردوو سیاسەتوانی (ئەچیسون.دالاس) دایان هێنابوو، ئەمیش بریتی بوو لە خۆحەشاردان لە پشتی ناوەندی هێز و چاوەڕوانکردن تا ڕووخانی کۆمۆنیزم لەو وڵاتە و دواتریش لە چین، جیابوونەوەی پارێزگاران لە نیکسۆن کارێکی ناخۆش بوو، چونکە نیکسۆن لە شیکردنەوەی سروشتی ڕژێمی سۆڤیەت هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵیاندا نەبوو، هەمان بیرکردنەوەیان هەبوو، جیاوازیەکانمان لەگەڵیاندا ناوەڕۆک و وردەکاری سیاسەتی ئەمریکا بوو لەسەر سیاسەتی دەرەوە، من و نیکسۆن پێمان وابوو دژایەتیکردنی سۆڤیەت بزوتنەوەی ناڕەزایەتیەکانی دژی شەڕی ڤێتنام زیاد دەکا و کەلێن دەکەوێتە نێوان ئێمە و دۆستەکانمان، بۆیە باشترە بۆ ئێمە دەست بە دەستپێشخەریەکەوە بگرین و جڵەوەکە نەدەینە دەست کەس و پرۆسەکە بە شێوازێکی دبلۆماسییانە ببەین بەڕێوە،

بوارێک دەرەخسێنین بۆ تەکتیکەکانمان تا بتوانین سیستەمێکی هاوبەشی پێکەوە ژیان بدۆزینەوە.

ناکۆکییەکانی نیکسۆن و پارێزگاران لە شێوەی ناکۆکییەکانی خێزانی دەچوون: کاتێکیش نیکسۆن پەرەی بە نەخشەی ستراتیژیی دەدا و جێبەجێی دەکرد بە شێوەیەک دۆست و لایەنگرانیشی بگرێتەوە، ناکۆکییەکانیان دەوەستاندن.

ئەوەی ئۆپۆزسیۆنە ئاساییەکانی گۆڕی بە ئۆپۆزسیۆنی ناشیرن، دەرکەوتنی بەناو پارێزگارانی نوێ بوو، کە ناویان لە خۆنابوو پارێزگار، بەڵام بەبێ جیاوازی سەرجەم سەرکردەکانیان لە لیبراڵیستەکان، کە دەستبەرداری ڕیزەکانیان ببوون، زۆربەیان لە باڵی ڕاسترەوان بوون، نیکسۆن و شەڕی ڤێتنامیان سەرزەنشت کرد، هەروەها ئەو بوودجەی بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئاشتەوایی بەرفراوانتر لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دانابوو، کە بە بوودجەی شەڕی ساردیان ناوبرد و فشاریان خستەسەر .

لە هاوینی ١٩٧٢ بە دواوە هەڵوێستەکانیان دەگۆڕدرێن، کە ماوەی ساڵێک دەخایەنێ، ئەم گروپە لە ئەنجامی ئەزموونی لیبراڵیستەکانەوە بێئومێدبوون، پێیان وابوو پێویست ناکا ئەم هەڵوێستە کۆپی کراوەی ڕادیکاڵیستەکان بگرنەبەر، لەوکاتەی یەکێتی سۆڤیەت چیکسلۆڤاکیا داگیر دەکا، ئەمان زیاتر لە هەڵوێستەکانی دووردەکەونەوە و ڕەخنەی لێ دەگرن، کاتێکیش شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ١٩٧٣ دێتە پێش ئەو گۆڕانە جیۆپۆڵەتیکە کامل دەبێ، ئەو شەڕەیان بە پیلانی عەرەب و یەکێتی سۆڤیەت زانی لە دژی ئیسرائیل و دیموکراسییەتیی پیشەسازی. کەوتنە ئەو بڕیارەی، کە دەبێ بەناوی ئۆپۆزسیۆنی کرانەوە ڕووبەڕووی ئەم کێشانە ببنەوە، هەرکە هەڵوێستیان دەگۆڕن دوژمنایەتیان بۆ کۆمۆنیزم توندتردەبێ و بەرەو ستراتیژییەت هەنگاودەنێن، کە بە درێژایی ئەو سەردەمەی شەڕی ئایدیۆلۆژی دەستی لەبەر چەپەکان پان کردبووەوە.

زۆر لە پارێزگارە نوێیەکان دۆستی نزیکی من بوون، بە هۆی هەڵوێستەکانیانەوە ڕیزی زۆرم لێیان دەگرت، لە نموونەی (نورمان بوودهیوریتز،میدج دیکیتر، وایرفینگ کریستول) ماوەیەکیش بوو بە دانیال پاتریک موینیهان سەرسام بووم، کەچی ئەندامیەتیی لە پارێزگاران بە شێوەیەکی کاتی بوو، کاتێک بووم بە وەزیری دەرەوە

پێشنیارم بۆی کرد ببێتە ڕاوێژکار لە وەزارەتی دەرەوە و لە بەردەم نیکسۆنیش داوای باڵوێزی هیندم بۆی کردبو، لە بەردەم فۆردیش داوای باڵوێزی ئەمریکام بۆی کرد لە نەتەوە یەکگرتوەکان، لەم پێگەوە موینیهان لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانم لە پەیوەندییەکانمان لەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەستی بە کاری سیاسەت کرد، ئەمە بە لێکدانەوەی خۆی.

هەرچەندە ڕەخنەکانیان ئازاربەخش بوون،بەڵام بەشداری هزریان لە سیاسەتی دەرەوە بۆ من هاندەربوو، بووژانەوەیان لە هزری ئەمریکیدا خولقاندبوو، کە بووە مایەی کۆتاییهێنان بە خۆسەپاندنی لیبراڵیستەکان، لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگان هەر کە دەسەڵات دەگرنەدەست ستراتیژییەکی نەتەوایەتیی سەرکەوتوو دادەرێژن.

بەڵام لە بیرکردنەوە نوێکانیاندا هەندێک لایەنی تاکەکەسی بە پێچەوانە دەبینران، کاتێک بۆ یەکەمجار پارێزگارە نوێیەکان دەردەکەون، شارەزاییان سنورداربوو گۆڕانکاریەکانی ئایدیۆلۆژیان بەرەو ئاراستەی شەڕی سارد برد، بەو هۆیەوە بە تاکتیکەکان ماندوویکردن، پێیان وابوو هیچ ئامانجێک بۆ ئەمریکا لە سەرکەوتنی یەکجارەکی گرنگتر نییە، ئەوەیان لە بیر نەمابوو، ئامادە نەبوون لە ململانێکانی ناوەخۆ و جەنگە مێژووییەکان بەشداربن، کاتێکیش پارێزگارە ڕاستڕەوەکان دەبنە ڕادیکاڵیست وێڕای ئەوەی لەگەڵ نیکسۆن لە یەکبەرەدا دەبن، بەڵام لە هەگبەیاندا کۆمەڵێک ڕق و کینە دەشارنەوە، بە خۆدزینەوە لە هەڵوێستی جارانیان بەرانبەر بە پرسەکان لە سەرووی هەموویانەوە ڤێتنام، دیالۆگەکانیان پێ ناشیرن دەکرد.

پرسی ڤێتنام تەنگی بە ئەمریکا هەڵچنیبوو بەو هۆیەوە پەلەی لە هەنگاوەکانی دەکرد، هەرچەندە لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیست و یەک بە ڕێزبەندی بوو، ئەمریکا وەکو تاقە لایەنی بەهێزی شەڕی سارد، دەبێ لە یەکخستنی سیستەمی نێودەوڵەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، دەستپێشخەریە مەزنەکەی سەرەتای شەڕی سارد بریتی بوو لە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ پرسی ڕووبەڕووبوونەوە. لێرەوە بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسیی نێودەوڵەتی، پێویستیەکانی ئەمریکا دەبینرێ، ئەوەی پێویستیش بوو لەم بەشداریە کۆکردنەوەی جیاوازەکانە بۆ وێنەکێشانی ئەنجامەکان لە ماوەیەکی کورتدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ویلسۆنیزمی ئەمریکی کلاسیکی دژی ئەو ئامانجە هەڵگەڕایەوە، کە بریتیی بوو لە: ئامانجە مەزنەکانی سیاسەتی ئەمریکا دەبێ بە قۆناغ لە یەکیان نزیککەینەوە، بێئومێدبووین لەوەی ڤێتنام لە خەیاڵ دوورخەینەوە، ڕادیکاڵیستەکانی دژی شەڕی ڤێتنام سەرنەکەوتنەکەیان شکستەکانی هیندیی چینیان گێڕایەوە بۆ بێ مۆراڵی، مژدەی ئەوەشیاندا، کە بە دەستبەرداربوون دەتوانن ئەمریکا لەم شکستە ڕزگارکەن و خۆی دووبارە سازداتەوە. پارێزگارە نوێیەکان ئەم وانەیان ئاوەژوو کردەوە، پێیان وابوو دووبارە بووژانەوەی ڕەوشتی کلیلی یەکگرتنەوەیە، من و نیکسۆنیش ئەم دەستەواژەی پارێزگارە نوێیەکانمان پێ قبوڵ بوو، بەڵام پێمان وابوو، ویلسۆنیزمی ئاسایی سەردەمی شەستەکان ئێمەی تووشی ئەم دۆخەکرد و ڕێگریی لێکردین لەوەی ڕەگەزە دروستەکانی بۆ ئامانجەکانی نەتەوایەتیی دەستنیشان بکەین، ئەوانەی لە دەربڕینی ناڕەزاییەکانمان لەسەر ڤێتنام تووشی شۆک بوون، هەر خۆیان دەبووایە خۆیان لەم پرسە دوورکەنەوە، بۆیە هەوڵماندا بە جۆرێکی تر و مامناوەندیانە تر لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چارەسەری ئەو بابەتە بکەین، کە دووربێ لە سازش.

بەڵام پارێزگارەکان سووربوون لەسەر ئەو ڕایەی، ئەم جۆرە چارەسەریانە دادپەروەری ڕەوشتی جێبەجێ ناکا، گوایە لە کاروانی ڕێرەوەکەیاندا ئیدارەیەکی نوێیان پێشکەش نەکردووە، بەڵکو گەڕانەوە بووە بۆ ویلسۆنیزمی جنگز، هەر بە گوتەی ئەوان سیاسەتی دەرەوە تەنها بۆ لەناوبردنی سەرچاوەی شەڕ بووە، کە یەکێتی سۆڤیەت ڕابەرایەتی دەکا، بێ ئەوەی بە پرسی تاکتیکەوە تێکەڵ بکرێ.

کاتێک ئێمە ئەو کابووسەمان بینی لە مێشکی پارێزگاران وێنەی کێشاوە، لە گەشەکردنی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووی سوپای کلاسیکی و چەکی ئەتۆمی و ستراتیژی لە پێناو دەستگرتن بەسەر دونیادا پێمان وابوو، ئەمە ململانێی دۆزەخییە دەیکەن، گروپ و دەستەی نیکسۆن بە چاوی ئەوە سەیری یەکێتی سۆڤیەتیان دەکرد، کە لە ململانێیەکی جیوپۆڵەتیکی هەمیشەییدان، بە هاوپەیمانییەتیی لەگەڵ دۆستەکانمان دەتوانین ئەم ڕژێمە بڕوخێنین، بەڵام پارێزگارە نوێیەکان پێیان وابوو دەکرێ کۆمۆنیزم لە ڕێگەی بووژاندنەوەی ئایدیۆلۆژیەوە لەناو ببردرێ.

کاتێک پارێزگارە نوێیەکان پێیان وایە تەنانەت (هاوپەیمانی ناتۆ)ش هیچ سوودێک بە هێزەکانی ئەمریکا ناگەیەنێ و بۆتە ڕێگر لەبەردەم بەهێزکردنی سوپای ئەمریکا، هیچ سودێکیش لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیادەڕۆییەکانی جیوپۆڵەتیکی سۆڤیەتییدا نابینن، کە لە مەیدانی جەنگ پیادەدەکرێ وەکو ئەوەی لە ئەنگۆلا و هیندیی چینی دەگوزەرێ، کە لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئایدیۆلۆژی و ئەتۆمی سۆڤیەتی پیادە دەکرێ. ئەمە ئەو بیانو و هۆکارانەبوون کە پارێزگارە نوێیەکان بەو هۆیەوە پشتگیری ئیدارەی فۆردیان نەکرد، ئەمەش بووە ئەنجامی ئەوەی کۆنگرێس هاوکاریەکانی ئەمریکای بۆ گەلانی برسی و لێقەوماوی ڤێتنامی باشوور و کەمبۆدیا و ئەفریقیا بڕی، کەچی ئەوکات سۆڤیەت دەستی لە چین و ئەنگۆلا وەردەدا.

پێداگری پارێزگارە نوێیەکان لەسەر خۆدابڕاندن لە مێژووی ڕابردوویان ئەوە دەسەلمێنن کە لە واقیعی ڕۆژ نەگەیشتوون و هیچ پەندێکی نەتەوایەتییان لە ڤێتنام وەرنەگرتووە، جا پاساوی پارێزگارە نوێیەکان هەرچیەک بێ، کە ئەمریکا لەو ئان و ساتاندا لە ڤێتنام دەرچووبوو لەگەڵ کێشە واتەرگێت (Watergate)دا دەژیا، ئەمریکاش لەگەڵ ئەو سەرۆکە هەڵنەبژێردراوەدا بوو، ئەوان پێیان وابوو هەردوو سەرۆکەکە نیکسۆن و فۆرد کار لەسەر ڕازیکردنی دوژمنەکانیان دەکەن، پێیان وابوو ئەمە ستراتیژیەتیی دبلۆماسیەتییانەیە، خەباتی ئێمەیان دژی بەرفراوانبوونی کۆمۆنیزم بە دوورکەوتنەوە لە پرسە سەرەکییەکان دەزانی، ئەوان هەموو ڕێگەکانی دیالۆگی سیاسەتی دەرەوەیان لێ گرتین.

تا ماوەیەکی زۆریش هەڕەشە و فشارەکانی کۆنگرێس لەسەر ئیدارەی فۆرد لە لایەن لیبراڵیستەکانەوە ئاڕاستەدەکران، سیناتۆر (مایک مانسفیلد) سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجومەنی پیران سەرپەرشتی و ڕابەرایەتیی هەڵمەتی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکای دەکرد لە ئەوروپا، هەروەها سەرۆکی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە هەمان ئەنجومەن (ج.ولیام فولبرایت)ناڕازی بوو لە عەسکەرتاریەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەمە و هەریەک لە سیناتۆر (فرانک چیرش و وۆلتەر موندیل) هێرشیان دەکردە سەر فەرمانگەی هەواڵگری، هەندێک ئەندامی پیرانی لیبراڵیست لە نموونەی کۆماریەکان (جاکوب جافیچ و جون شیرمان کوبر و) و دیموکراتیست (هیوبرت همگری)

پشتگیری سیاسەتی ئێمەیان دەکرد، لەسەر چاودێری پرچەککردن، بەڵام پشتگیری بەرنامەی بەرگری پێویستی ئێمەیان نەدەکرد، چونکە لە دانوستانەکان ئیمتیازمان پێیان دابوو.

لە سەرەتای حەفتاکان ئەوەی پێی دەگوترا سیاسەتی ڕێگنی بوونی نەمابوو، سیاسەتی نیکسۆن و فۆرد گرفت نەبوون لەبەردەم ئەو سیاسەتە، کۆنگرێس و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی لیبراڵی ڕێگ بوون. پارێزگارە نوێیەکان بەو هێرشانەی دەیانکردە سەر نیکسۆن و فۆرد پاساویان دایە دەست ئەو کەسانەی فشارەکانیان ڕێگریان لە ئەنجامی باشتر بۆ هیندیی چینی گرت. دارشتن و سیاسەتی ئەوان بوو، دواتر بووە مایەی ڕووخان و ڕێگەدان بە سۆڤیەت دەست بە کەلاوەی کوبا و ئەنگۆلادا بگرێ.

خاڵە گەوهەریەکەی مشتومڕەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوە، لای پارێزگارە نوێکان ئەو ساتەبوو، لەسەر شانۆ دەرکەوتن و جەختیان لەسەر ڕێک نەکەوتنی تاکتیکی لەگەڵ هاوڕێکانیان لە پارێزگاران دەکردەوە، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی پەند لە کارەساتەکانی ڤێتنام وەرنەگرن.

تەنانەت دوای ئەو کاتەی کە پارێزگارە نوێیەکان لە ژێر سایەی حوکمی ڕێگندا پێگەی خۆیان بەهێز دەکەن و لایەنگرانیان زۆر دەبن ئەوساش لە هێرشەکانیان هەر بەردەوام دەبن.

لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنەی مێژووییە، پێشیان لەو گروپە گرت، کە لە ژێر کاریگەری سەرکردە ئەوروپییەکاندابوون، ئەم پێشکەوتنە لەسەر دەستی هەندێک لادەر ئەنجامدرا کە لە ناکاو لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەرکەوتن، داوای لە یەک جیاکردنەوەی خێر و شەڕ و ڕۆڵی شۆڕشگێڕی بیروڕاکانی دیموکراتیان دەکرد.

هەرچەندە دۆخەکان ئاڵۆزبوون، بەڵام دواتر ئاڵۆزتربوون، ڕۆناڵد ڕیگان و یاوەرانی شایستەی ستایش و پشتگیرین چونکە ئیدانەی شەڕی ساردیان کرد. بەڵام ئەمریکا پەند لەم سەرکەوتنانە وەرناگرێ، لە ڕاستیشدا سیاسەتی ڕیگان پێداگری و دووپاتکردنەوەی سیاسەتەکانی نیکسۆنو فۆرد بوو، بەڵام بە شێوازێکی هێمنانە، بە

کورتییەکەی سەرکەوتنەکانی ساڵانی هەشتاکان ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی ساڵانی حەفتاکان نەبوو.

ئیدارەی ڕیگان ڕێکخستن و سازکاریەکانی ڕەت نەدەکردەوە بە نموونە؛ لەگەڵ چین یاداشتێکی واژۆ کرد بە پێی ئەو یاداشتە ڕازی بوو، سانسۆر بخرێتە سەر هەناردەکردنی چەک بۆ تایوان، لە ڕیکجافیک ڕازی دەبێ دەستبەرداری هەموو تەرسانەکانی ئەتۆمی بێ، ئەمەش سەرەڕۆییە، نیکسۆن زاتی ئەوەی نەبوو ئەم هەنگاوە بنێ، لەسەر سیاسەتەکانی باشووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای ناوەڕاست بۆ بەرگری مووشەکی هەمان ئەو ڕێگەی گرتەبەر، کە نیکسۆن گرتبوویە بەر. هەر ئەمەبوو هۆکاری ئەوەی من و هەموو ئەو کەسانەی لە ئیدارەی نیکسۆن پشتگیری ئەومان کردبوو، ئێستا پشتگیری سیاسەتی دەرەوەی ڕیگانیش بکەین.

هەریەک لە نیکسۆن و فۆردو ڕیگان ئەو سیاسەتەیان گرتبووە بەر، کە یەکێتی سۆڤیەت لە خۆبگرن، بە گەمارۆدانی و لاوازکردنی پێگەی. بەڵام نیکسۆن لە ڕێگەی سەرکەوتنی پراکتیکی شەرعیەتی بەم سیاسەتەدا، نیکسۆن لە ڕێگەی دروشمی بنیادنانی ئاشتیی هەوڵی دەرخستنی چاکە و سوودەکانی بەرژەوەندی نەتەوایەتیی نیشان بدا، بەڵام ڕیگان پێی وابوو کە ئەمریکییەکان دەبێ لە بواری بنیادنان زیاتربێ تا کاریان تێ بکا، دواجار توانیی بوودجەی زیاتر بۆ وەزارەتی بەرگریی و دووبارە ڕێکخستنەوەی جیوسیاسیی وەدەستبێنێ، زیاتر لەوەی لە سەردەمی نیکسۆندا هەیبوو.

لە ڕاستیشدا هەردوو شێوازی سیاسەتەکەی نیکسۆن و ڕیگان پێویستی بە سیاسەتێکی دوورخایەن هەبوو لە سەدەی بیست و یەکدا، نیکسۆن بەڵکو لە ژێر فشاری دۆخەکان یا بە هۆی کەسایەتیی زیادەرۆیی لە بەکارهێنانی تەکتیکدا کردبێ، بەڵام لایەنگرانی ڕیگان، کە نکۆڵی لەوە دەکەن گەلێکی دەروون حەساوەن، ئامادەبوون دوژمنێکی لە یەکێتی سۆڤیەتیش بەهێزتر ڕاونێن، هەوڵدەدەن بچنە نێو کاروانی مێژووی سەرۆکایەتییەکی خاوەن یەک سیاسەت، بەم گوتەیان ئەوان ئەو یەکگرتنە لە دەست دەدەن، کە پێشتر لە نێو پێکهاتەکاندا هەبووە.

بە نزیک بوونەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی نیکسۆن نە من ونە نیکسۆن لە قوڵایی ڕووبەڕووبوونەوەکانی پارێزگارانی نوێ نەگەیشتین، ئێمە خۆمان بە نزیک لە پارێزگارە

نوێیـــەکـــان دەبینییـــەوە لە ڕووی سیاســـەتەوە، کە تەنهـــا لە هەنـــدێک تەکتیکـــدا یەکنـــاگرینەوە، ئەم جیـــاوازییە لە بۆچوونەکـــانی ئـــێمەوە دروســـت بـــوو، لە دیـــدە ستراتیژیەکانمان نەک لە مشتومڕەکان لەسەر بژاردەی ڕووبەڕووبوونەوە ئایا نیان بێ یان توند، ئەمە بە گوتەی پارێزگارە نوێیەکان.

بەڵام بە درێژایی کاتەکان ئەم ناکۆکییە قوڵتردەبن، تا گەیشتە ئاستی ململانێ، زۆر لەوانەی بوونە پارێزگاری نوێ پێشتر لە چالاکوانە سیاسیبەکانی دیموکراسیبەکان بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنـــێ، کە ئەوان مەبەســـتیان تەنهـــا پەرە پێـــدانی بیروڕاکـــان و جێبەجێکردنییەتی لە دونیای سیاسەت، چونکە تازە چووبوونە ئەم دونیـایە پێویسـتیان بە گەردوونێک هەبوو، بە کەش و هەوایەکی تایبەتی بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان وەدیبێنن، زۆریش ئاسـایی بـوو کە نـاکۆکییە تەکتیکیەکانیـان بەرزکەنەوە بـۆ پرسـی بیروبـاوەڕی، دواتر پێویست بوو ئەو دەستە بگۆڕدرێ، کە سیاسەتی کۆماریەکانی دادەڕشت.

بەڵام خۆی هەندێک ناکۆکی فەلسەفی هەبوون، هەرچەنـدە مـن بە مـاوەی دە سـاڵ لەمە گەیشتم، ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە و پارێزگاران لەسەر چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیستەکان نەبـوو، ئـێمە لەم ڕووەوە لە یەک نزیـک بـووین، بـەڵکو لەسـەر بـایەخی ڕەوشتی بوو، کە سیاسەتی نێـودەوڵەتیی دەبـات بەڕێوە، مـن پـێم وابـوو ئامانجەکـانی ڕەوشتی گرنگ و یەکلاکەرەوەن لە پرسەکاندا، هەرچی پارێزگارە نوێیەکان بـوون پێیـان وابوو دەکرێ ڕاستەوخۆ ئەم ڕەوشتە بکرێتە بەرنامەی کار.

ئەگەر وۆتەر گێت نەبوایە سەرۆکایەتی نیکسۆن سـەرکەوتوو دەبـوو و لە توانایـدا بوو بۆچوونەکانی لەسەر جیوپۆڵەتیک لەگەڵ پارێزگارە نوێیەکان لە یەک نزیککـاتەوە و کێشەکانی پێ چارەسەرکا.

بەڵام لەو دۆخە گڕگرتـــووەی ١٩٧٣-١٩٧٤ ڕەخنەکـــانی لە نیکســـۆن دەگیـــران توندبوون بە تایبەتی لەسەر سیاسـەتی کـرانەوە و هاوکـاتیش بـوو لەگـەڵ سـەرهەڵدانی واتەرگێـت (Watergate)، ئیتـــر بەو هـــۆیەوە نیکســـۆن پـــێگەی لە کـــۆنگرێس لە دەستدەدا و ئەو گۆچانەی، کە بەهۆیەوە چارەسەری کێشەکانی پێ دەکـرد لە دەسـتیدا نەما، کە بتوانێ سیاسەتێکی نوێ بەرانبەر بە سۆڤیەت پیادە بکا، هیچ دەرفەتێک نەمـا بـۆ گوتـووێژ لەگەڵ پارێزگـارە نوێیـەکـان و کۆنەکـان، چـونکە دەنگـی بەهێـز لە نێـو

سەرۆکایەتیدا نەما، ئیتر من بوومە ئامانجی هێرشەکان، ئەمەبوو کە ڕۆڵی منی بۆ سیاسەت گۆڕی بۆ من وەکو وەزیری دەرەوە هەڵوێستێکی نەخوازیار و ناخۆش بوو. ئەوەتا سەرۆک لە پێگەیەکدایە بەهۆی ئابڕووبەرەکەی واتەرگێتەوە (Watergate) لەو ئاستەدا نییە بەرگری لە هێرشەکانی ویلسۆنیستەکان بکات و بەرگری لە ئیدارە نیشتمانپەروەریەکەی بکا.

جیاوازیە ناخۆشەکە ئەوەبوو کە باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت (ئەناتۆلی دوبرینن، لە ڕەخنەگرەکان زیاتر لە ناکۆکیەکانمان گەیشت ئەوەتا دەنووسێ: (بنەمای سیاسەتەکانیان لەسەر یەکێتی سۆڤیەت بریتیی بوو لە بەرپەچدانەوە و هاوکاریکردن، تێکەڵ لە ڕەچاوکردنی دوورخایەن و نزیکخایەن. هەریەک لە نیکسۆن و کیسینجەر هەوڵیانداوە دۆخێکی ستراتیژیی سەقامگیر بخولقێنن بێ ئەوەی ئاستی چەک دابەزێنن، کە لەسەر بنەمای وەکو خۆیان دەڵێن بەرژەوەندی نەتەوایەتیی داڕێژرابوو، لە ڕاستیشدا نە سەرۆک و نە یاوەر و هاوکارانی لە توانایاندا نەبوو لە بازنەی شەڕی سارد دەرچن، لە کاتێکدا هەڵوێستیان زیاتر براگماتیکی و دیفاکتۆیانەتر بوو لەو کەسانەی لایەنگری شەڕی ساردبوون لە نێو کۆشکی سپی) .

## سیناتۆر هنری جاکسۆن و کرانەوە:
## ستراتیژییەت و چاودێری پرچەککردن

چونکە ناکۆکییەکان لەسەر ئاستی تیۆری مابوونەوە، هاوپەیمانیی نێوان ڕەخنەگرانی نیکسۆن لە پارێزگا رو لیبراڵیستەکان بە هۆی لێکدانەوە جیاکانەوە لەسەر گۆڕانکاریە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەری ڕووخانی هەبوو، بەڵام کە ئەمە ڕووی نەدا بە هۆکاری ئەوەوە بوو، کە هنری جاکسۆن (سکۆب)ی فەرماندە توانیی بەرنامەیەکی سیاسیی دابڕێژێ، کە دەکرێ لیبراڵیست و پارێزگارەکان لەسەری ڕێککەون، سیناتۆری دیموکراتخوازەکان جاکسۆن لە ١٩٥٢ ەوە لە ویلایەتی واشنتۆن بووە، یەکەم بژاردەی نیکسۆن بوو، بۆ وەزیری بەرگری، بەڵام ئەمەی ڕەتکردەوە چونکە نیازی خۆ کاندیدکردنی هەبوو، بۆ پۆستی سەرۆک لە حەفتاکان، جاکسۆن لە لایەن پارێزگارەکان و چینی کرێکار ڕێزی زۆری لێ دەگیرا، چونکە بەرگریەکی زۆری لە سیاسەتی بەرگری نیشتمانی دەکرد، بە ورەیەکی بەرزەوە لە پشت ئیدارەی هەریەک لە جونسۆن و نیکسۆن وەستایەوە لە ڤێتنام. لە ساڵی ١٩٦٩ سەرکەوتنێکی باشی بە دەستهێنا لە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران لەسەر بەرنامەی ئیدارەی نیکسۆنی بەرگری مووشەکی.

دواتر چارەنووسی ئەم بەرنامەیە دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی دەرچوونی جاکسۆن لە خەیاڵ. دوای ئەوە بڕوای بەوە کرد کە هەڵە لە پێداگری نیکسۆن و وەزیری بەرگری (میلفین لیرد)دا هەیە لەسەر بەرنامەی خۆپاراستن و کەمکردنەوەی ناڕازییەکانی بەرنامەی بەرگری مووشەکی لە کۆنگرێس و پێگەی بەرگری دوانزە مووشەکەکەی بەرگی، بەو شێوە مایەوە تا ئەوکاتەی لە ١٩٧٢ لە بوودجەی وەزارەتی بەرگری تەنها واژۆ لەسەر ئەم خاڵە دەدرێ. پێی وابوو بە هۆی ناڕوونی نیکسۆن و وەزیری بەرگری لیرد، ئیدارە بەرگریی باشی لە بەرنامەکە نەکردووە. کەچی نیکسۆن و لیرد گوێڕایەڵی بڕیارەکەی کۆنگرێس بوون و پێیان وابوو، کە بەو هۆیەوە توانیان بوودجەی وەزارەتی بەرگری تێپەرکەن.

لە میانی ئەو هەموو ناکۆکیانە من ڕێزی تایبەتیم بۆ سکۆب جاکسۆن هەبووە، لە ماوەی ویلایەتی نیکسۆن من ناوە ناوە خوانی نیوەڕۆم دەبردە لای ئەو، تا لە ڕووداوە سیاسیەکانی ئاگادارکەمەوە، دواتر جاکسۆن هاوپەیمانی هەمیشەم بوو بۆ دەربازکردنی بوودجەی وەزارەتی بەرگری لە کۆنگرێس لە دەست کەمکردنەوە، ئەمەش هەڵوێستێکی ئازایانەیە لە نێو حزبی دیموکراسیدا لە حەفتاکان.

چونکە جاکسۆن پیاوێکی بەرزبوو، ئاسان نەبوو لەگەڵ تاکتیکەکانی نیکسۆن و پرتە و بۆڵەی لەگەڵ ناحەزانیدا بێتەوە، بە تایبەت سەبارەت بە دانوستانەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، سەرەڕای ئەوەی ئامانجەکانی جاکسۆن لەگەڵ هەریەک لە فۆرد و نیکسۆن ناسەقامگیر بوو ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد، بەڵام جاکسۆن کەسایەتییەکی لێهاتوو بوو، ئەگەر مەبەستی بووایە لە ١٩٧٦خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی دیموکراتخوازەکان کاندید بکا، دەبووایە لە ڕیچارد نیکسۆن دوورکەوێتەوە.

جاکسۆن کەسێکی پێداگر و بە توانابوو ئەگەر بڕیاری کارێکی بدابایە، دەستبەرداری نەدەبوو تا وەدەستی دەهێنا، ئەو پشتگیری لە ڕیچارد بیرل دەکرد کە کەسایەتییەکی ئاسایی بوو، دواتر بوو بە یاریدەدەری یەکەمی، ئەو پیاوە لە مشتومڕی شەستەکان بەشدار نەبووە، زۆر دژی کۆمۆنیزم بوو، خاوەنی مەزنترین ئەقڵیەتی جیوپۆڵەتیک بوو، ئێستا ئەو بووە یەکەم نەخشەدانەری ستراتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ نیکسۆن، لە زیرەکیی خۆی بوو، کە هەندێک تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستران، ئەو تۆمەتانە هیچ بنەمایەکیان نییە، سەلماندی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کەسێکی بێدەنگە، زیاتر لەوەی بە هەڵا کار بکات بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجە مەزنەکە؛ ئەویش لە ڕوودامانی سیاسەتەکانی ئیدارەیە لە چاودێری پرچەککردن، کە بەهۆیەوە دەکەوێتە گۆمێکی لیڵ و پڕ لە ئاڵۆزیی و کێشەوە. هەروەها ئەگەر دژی بازرگانییەتیی یەکێتی سۆڤیەتیش بووەستێتەوە بە دووری نازانێ سۆڤیەت بەرنامەی کۆچی جووەکان بگۆڕێ و لەسەر ڕۆشنایی سیاسەتی خۆی دەستکاریی بکا، جاکسۆن لە ڕێگەی بە کارهێنانی دەستەواژەی سومبولی وەکو (یەکسانی ستراتیژیی و کۆچی ئازاد) بە یارمەتی بیرل، جەختی لەسەر دوو پرس کردەوە، کە بەو هۆیەوە دەکەوێتە

هەڵوێستێکی بەرگریـانە، لە هەردوو پرسـەکەدا تـوانیی سـەرکەوێت و دەسـتکەوتەکانی ئیدارە بکاتە ئاڵۆزیی و گرفت.

کێ دەتوانێ دژی بڕوای یەکسـانی لە پڕچەککردنـی سـتراتیژی بووەسـتێ یا دژی ئارەزوومەنـــدی کـــۆچکردن لە یەکێتـــی ســـۆڤیەت بووەســـتێ؟ ئەگەر کێشـــەی واتەرگێت (Watergate) نەبووایە هیچ چاودێرێک بڕوای وانەبوو نیکسۆن بەو مێژووە پـڕ سـەروەریەی لە دژایەتـی کۆمـۆنیزم، بە یەکسـانی ڕازی دەبـێ. کێشـەکە لە مانـای دەستەواژەی (دەستی دەستی)ەکە دایە، کاتێک هێزەکانیان لەسەر بنەما و کوالێتی جیا جیا دروست کراوە، ئیتـر دەسـتەواژەی یەکسـانی چـی دەبەخشـێ، ئەمە حاڵەتێک بـوو جاکسۆن و بیرل کردیانە ڤیتۆ دژی دانوستانەکان.

پرسـی کـۆچی جووەکـانیش لە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە سـتەمکارانەتربوو، ئیـدارەی ئەمریکا ئەم پرسەی لە ڕێگەی کەناڵە دبلۆماسییەکانەوە وروژانـدن و بە هێمنـی تـوانیی ژمارەی کۆچکردووەکان، کە لە ساڵی ١٩٦٨ ٤٠٠ کەس بوو لە ١٩٧٢ بیکـاتە ٣٥٠٠٠، لە بەرانبەردا یەکێتی سۆڤیەت باجی دەرچوونی خستە سەر کۆچکردووان، چونکە جاکسۆن هیچ ڕۆڵی لەو دەسـتکەوتانەی ئـێمەدا نەبـوو بـۆیە پێـیەوە بێـزار بـوو، تەنـانەت داوای هەڵگرتنی ئەو باجەشی نەکرد و پێی ڕازی بوو.

جاکسـۆن ئەمەی بـۆ شـینەکردینەوە، کەچـی وایکـرد ئەو بۆچوونـانەی بگـۆڕدرێن لەسەر وڵاتێک کە یەکێتی سـۆڤیەت بـوو، ئەو پێـی وابـوو بە چەکـی ئەتـۆمی هەوڵـدەدا دەسـت بەسـەر هـەموو دونیـادا بگـرێ کەچـی ئێسـتا پێـی وایە ڕازی دەبـێ چـۆک بـۆ داواکاریەکانی دابنێ؟ فشارەکانی جاکسۆن لەسەر یەکێتی سـۆڤیەت لە کـات و سـاتێکی ناسکدابوون و زیانی بە ئـێمە گەیانـد، لەو کـاتەدا بـوو، کە لە شـەڕی نـاوەخۆدابووین و کۆنگرێس ڕازی نەدەبـوو بـوودجەی وەزارەتـی بەرگـری تێپەرکـا کەچـی ئەو فشـارەکانی توندتر دەکردن.

هێرشەکانی جاکسـۆن هەڵای دروسـتکرد، چـونکە نیکسـۆن زۆر ڕقـی لێـی بـوو، لە ڕاسـتیدا ئەو سـیناتۆرە لە دۆسـتەوە بـوو بە نـاحەز، سـەرەتا هەڵوێسـتمان ئەوەبـوو رووبـەڕووی ڕەخنەکـانی جاکسـۆن ببینـەوە، بەم شـێوە کاتێـک لە ١٩٧٢ پێشـنیارێکی پێشکەشـی ئەنجـومەنی پیـران کـرد لەسـەر یەکسـانی لە چـاودێری پڕچەککـردن مـن

فەرمانبەرم بۆی نارد تا یارمەتی بدەن بۆ دارشتنی ئەو یاسایە و بۆ ئەوەی ببێتە خاڵی بەهێزی دژی یەکێتی سۆڤیەت لە دانوستانەکانی داهاتوودا.

ورده ورده تێگەیشــتین، فشــارەکانی جاکســۆن بــۆ لاوازکردنمــانە نەک بــۆ هەموارکردنی سیاسەتەکانمان سەبارەت بە پەیوەندیەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا. گومانی جاکسۆنمان لەسـەر نیازەکـانی یەکێتـی سـۆڤیەت بە هەنـد وەرگـرت، بەڵام ئەوەمـان رەتکردەوە، ئێمە لە کاتی دانوستانەکانماندا لەگەڵ شاندە وشکەکەی یەکێتـی سـۆڤیەت رازی بووبین لەسەر زیان بەخشین چونکە ئەمە لە رەوشتی دانوستانیماندا نییە.

مەزنتـرین کـاریگەریی هێرشـەکانی جاکسـۆن ئەوەبـوو، ئاسـتەم و قـورس بـوو بـۆ ئەمریکـا بەســەر دۆخە ســەربازیە نوێیــەکەدا زاڵ بـێ، کە بەهــۆی تەکنیکــی نوێــوە گۆڕانکـاریی بەسـەردا هـاتووە، دواتـر جاکسـۆن و یـاوەرانی لە پارێزگـارە نوێیـەکـان هەڵوێستەکانیان بڵاو کردەوە، گوایە نیکسۆن لە پێناو هـەموارکردنی بیـردۆزی چـاودێری پڕچەککــردن قوربــانیی بە ئاسایشــی ســەربازی دەدا، بەڵام هەڵوێســتەکان زۆر لەوە ئاڵۆزتربوون، نیکسۆن ڕووبەڕووی سێ بەربەرەکانی بووەوە:

١/ دۆخی ستراتیژیی گۆڕدراو، هۆکارەکەی بووژانەوەی هێزی مووشەکی سۆڤیەتی و هەڵکشانی زانستی تەکنەلۆژیا .

٢/ ڕازی نەبوونی کۆنگرێس لەسەر بوودجەی زیادی بەرگری.

٣/ دانوستانەکانی چاودێری پڕچەککـردن، کە پشـتگیریەکی بەرفراوانـی جەمـاوەری هەبوو و پێویستی بە بوودجەیەکی گونجاوبوو بۆ پاراستنی.

نیکسۆن بۆ بەرگری و سەرۆکایەتی، هەمیشـە وەکـو بـاز وابـوو، لە سـەردەمی ئەو هــیچ جارێــک بــوودجەی پنتــاگۆن لــە لایــەن کۆشــکی ســپییەوە کەم نەکــراوەتەوە، دەستبەرداری چەکی دانوستانەکانیش نەبووە، ئەوەی ئێمە لەگەڵ جاکسۆن و پارێزگـارە نوێیـەکـان لەسـەری نـاکۆک بـووین ئەوەبـوو، پێیـان وابـوو دانوسـتانەکانی چـاودێری پڕچەککردن دەبێتە مـایەی دروسـتکردنی گرفـت لە بەردەم ڕاسـتییەکانی سـتراتیژی، لە داواکردنیان بۆ (چاودێری پڕچەککـردن) مەبەسـتیان تێکدانی دەسـتکەوتەکانی ئەمریکـا بوو، کە لە ڕێگەی بڕیارەکانی یەک لایەنە وەدەستهێناوە و هەروەها بۆ ئەوەی کۆنگرێس پشتگیری لە هەندێک بەرنامەی ستراتیژی پێویسـت نەکـات، وەکـو مووشـەکی بەرگـری.

ئەمەش کارێکە، هەرگیز نابێ ڕووبدا، چونکە پێداگریەکانی سەرۆک لە پرسی ستراتیژییە پێویستەکان دەشێوێنێ.

لە ڕاستیدا بە کاتێکی دوور بەرلەوەی بیر لە چاودێری پڕچەککردن بکرێ، پرسی پەرەسەندنی ستراتیژی ئەتۆمی گەیشتبووە ڕێگایەکی داخراو.

لە سەرەتای شەڕی سارد بۆچوونێکی وا جێگیربوو، کە یەکێتی سۆڤیەت خاوەنی هێزێکی کلاسیکیی زەبەلاحە، دواتر سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی بەرلین لە ١٩٥٣ و شۆڕشی هەنگاریا لە ١٩٥٦ و چاکسازی چیک لە ١٩٦٨، سامی سوپای سوری بەرزکردەوە لەبەر چاوی خەڵک، بەڵام لە سەرەتای حەفتاکان بەهۆی هێزی ئەتۆمی دەستوەشێنی دوورهاوێژی ئەمریکی، ئاستی هێزەکان یەکسان دەبن، دوای ئەوە ئیتر ئاستی ئەمریکا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی ئەتۆمی سۆڤیەتی بەرەو دابەزین دەڕوا، ئەمەش بە سێ قۆناغ ئەنجامدرا:

یەکەمیان/ لە ماوەی دەست بە سەرداگرتنی ئەتۆمیی ئەمریکی لە ١٩٤٥ەوە دەست پێدەکا تا ١٩٥٠ ئەوکاتەی ئەمریکا لە توانایدا بوو، لە پێناو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا یەکێتی سۆڤیەت لە ناوبەرێ بێ ئەوەی ترسی لە تۆڵەسەندەوە هەبێ.

قۆناغی دووەم/ لە سەرەتای پەنجاکانەوە دەست پێ دەکا، ئەو کاتەی یەکێتی سۆڤیەت چەکی ئەتۆمیی پەرەپێدا، لەگەڵ ئەمەشدا، کە یەکێتی سۆڤیەت بتوانێ ئەم چەکە دواکەوتووانە پەرە پێ بدا، لە کاتێکدا هێزە ستراتیژییەکانی ئەمریکا زەبەلاحترە، ئەوا دەستەواژەی (لێدانی یەکەم)مان بە دەستهێنا، کە لە هونەری سەربازی، پێی دەگوترێ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی کلاسیکی سۆڤیەتی، ئەوا دەتوانین هێزی ستراتیژی سۆڤیەتی و توانای شەڕکردنی تووشی زیانێکی مەزن بکەین.

قۆناغی سێیەم/ ئەو کاتە دەست پێ دەکا، سۆڤیەت دەستیکرد بە زەلیلکردنی وەدەستهێنانمان بۆ (لێدانی یەکەم) ئەمەش لە ڕێگەی نانەوەی قەیرانی مووشەکی کوبا، لە ١٩٦٢ و دروستکردنی ترسانەیەکی مووشەکی دوورهاوێژ لە دەستکردی خۆی، لە کەمتر لە ١٠ دە ساڵ سۆڤیەتییەکان توانیان ١٤٠٠ مووشەکی چیمەنتۆیی دروستکەن، کە ببێتە جێگرەوەی هێزی مووشەکیی کۆن، کە بریتیی بوو لە ٢١٠ مووشەک لە

جۆرێکی کوالێتی خراپ، بەم شێوە و لەم ئاستە تێچووی شەڕی ئەتۆمی ستراتیژی بۆ هەردووکلا پارەیەکی زۆری برد.

ئەم قەیرانە ئەوکاتە گەرمتر دەبێ، کە ڕوبەرت مکنماری وەزیری بەرگری، ستراتیژیەتیی کاولکردنی مسۆگەری پیادەکرد، ئەم بیردۆزە ئەکادیمییە، لە بنەڕەتدا دەبێ ئارەزوویەکی بێ سنوری هەبێ، چونکە ژمارەیەکی بێ ئەندازە لە خەڵکی سڤیل دەبێتە قوربانی، کە بە دە ملیۆن مەزندە دەکرێ، ئەم ستراتیژییەتە جگە لە ئارەزووی جێبەجێکردنی، بێ گومان کەلێنێکی مەزن دروست دەکا لە نێوان توانای سەربازیی ڕەها و بڕوای ڕەوشتی هەر سەرکردەیەک، هێرشی ئەنقەست بۆ سەر خەڵکی سڤیل هەستیاری ڕەوشتی دروست دەکا، لە کاتێکدا هەر هەوڵێکی لەم جۆرە بۆ لەناوبردنی توانا ئەتۆمییەکانی دوژمن ڕووبەڕووی هێرش و کاردانەوەیەکی لە هەمان شێوە دەبێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم قەیرانە لای ئەمریکییەکان دڵەڕاوکێی دروستکرد بە قەدەر ئەو ئەگەری ناڕەحەتییە، کە سۆڤیەت دروستی دەکا، دیارە بە پەرەپێدانی ترسانەی سۆڤیەتی ئەم کێشەش مەزنتر دەبێ، چونکە ستراتیژیەتی ئەتۆمیی سۆڤیەتیش بەرەو بەرپەرچدانەوە دەڕوا، بۆیە بە مسۆگەری سۆڤیەت بۆ خۆ سەپاندن بەرەو هەڕشەکردن دەڕوا.

لە کاتێکدا مووشەکە سەرە ئەتۆمییەکان لە زیادبووندا دەبن، ئەمە دەبێتە مەزنترین کێشە لە بەردەم ئیدارەی نیکسۆن، ڕێککەوتنەکانی چاودێری پڕچەککردن،کە لە جنێف ئەنجامدرا هۆکاری نەتوانینی لە ناوبردنی ئەمسەرە ئەتۆمانە نەبوو، ئەوەی نیکسۆن ئەنجامیدا هیچ لە سێ ئیدارەکان ئەنجامیان نەدا، زنجیرەیەک هەنگاوی نا لە پێناو یەکسانی ستراتیژی، بڕیاریدا هەر شەڕێک ڕوبدا دەبێ ئامانجە سڤیلیەکانی لێ بە دووربن، تەنها ئامانجە سەربازیەکان بکرێنە مەبەست، هێزەکانی ستراتیژیی بە پێدانی سەرە ئەتۆمی بەهێزکرد و پێشنیاری بۆ کۆنگرێس کرد تا ڕێگە بدا مووشەکی بالستی (کشوەربڕ) بڵاوکاتەوە، بەر لەوەی لە ١٩٨٣ ڕیگان دەستپێشخەری بەرگریی ستراتیژی (SDI)بکات. ئەگەر لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیایەکی کەم تواناش بووبێ.

پێداچونەوی نەخشەسازی سەربازی کارێکی پڕ ماندووکەرییە، وەزیر لیرد زۆر بایەخی بەوە دەدا کۆنگرێس بوودجەی وەزارەتی بەرگری کەم نەکاتەوە، زیاتریش بایەخی بە دەستەواژەکانی ستراتیژی دەدا، وێڕای فشارەکانی کۆنگرێس و پێداگریەکانی وەزارەتی بەرگری بۆ بوودجەکەی لە پێناو بەردەوامی لە سیستەمی چەک و فەرمانگە سەربازیەکان تا بتوانن زیاتر پارێزگاری پرۆژەکانیان بکەن، لەو کاتەی پنتاگۆن بە پرۆژە و بەرنامەکانییەوە خەریک بوو، ئامادە نەبوو کێشە لەگەڵ کۆنگرێسدا دروست بکا لەسەر چەکی ئەتۆمی. پێداچوونەوەی نەخشەی ئۆپەراسیۆنە تەواوکاریەکانی یەکلایەنە (SIOP) یا نەخشەی (شەڕی ستراتیژی) بەشی هەرەزۆری لە ماوەی حوکمڕانی نیکسۆندا بوو، بە درێژایی کاتەکان لەسەر دەستی (جیمس شلسنجەر)ی وەزیر و دوای ٥ ساڵ تەواو دەبێ.

دروستکردنی هێزی ستراتیژی ئەمریکی لە ماوەی شەڕی ڤێتنام، لە کۆنگرێس رووبەڕووی ناڕەزایەتی بووەوە، ئیدارەی ئەمریکی سەرکەوتوو نەبوو لە ڕازیکردنی کۆنگرێس کە (سیناتۆری لیبراڵیستی کۆماری خوازەکان ئیدوارد بروک سەرۆکایەتیی دەکرد) بۆ دژایەتی نەکردنیان لە تاقیکردنەوەکانی فرەسەرە ئەتۆمی، کە بە ناوی (MIRV) دەناسرا ڕاگرێ، چونکە پێویست بوو بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە پێشکەوتنەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ژمارەی مووشەکە ئەتۆمییەکاندا، بەڵام چونکە میزانییەکە لە سەردەمی جۆنسۆن بڕیاری لەسەردرابوو، بۆیە کۆنگرێس لە توانایاندا نەبوو زۆرینە بە دەستبێنێ بۆ ڕاگرتنی ئەو پرۆژەیە، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لە بەردەم کەمینە تا ڕەخنەمان لێ بگرن، خۆ ئەگەر تاقیکردنەوەکانمان نەکردبا ئەوا یەکێتی سۆڤیەت هەمان شتی ئەنجام دەدا.

کۆنگرێس لە ڕێگەگرتنی بۆ سیستەمی بەرگری مووشەکی پلاستیکی (ABM) سەرکەوتنێکی مەزنی بە دەستهێنا، کە نیکسۆن لە ١٩٦٩ بە هۆکاری فەلسەفی نمایشی کردبوو، لە سەردەمی عەمبارکردنی ئەتۆمی یەدەگدا ڕەوا نییە ئێمە گەلی ئەمریکی بخەینە بەر ئەگەرەکانی ڕوودانی بە یەکدادان و بە گژیەکداچوون یان هەر ئەگەرێکی تری تواناکانی ئەتۆمی.

بەڵام زۆربەی زانایانی بواری بەرگری و بزوتنەوەکانی ئاشتیی و زۆربەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دژی ئەم پێشنیارە وەستانەوە، ئەم پرۆژەش لەبەر ئەم هۆکارانە ڕووبەڕووی هێرش بووەوە:

گوایە : ١/ سەرکەوتوو نابێ.

٢/ دوورنییە یەکێتی سۆڤیەت بوروژێنی و لە بەرانبەردا هێرشێکی پێش وەختانە بکا.

٣/ دوور نییە زیان بە پەیوەندیەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا بگەیەنێ.

٤/ زۆر گرنگ نییە یەکێتی سۆڤیەت ماوەیەک پێشتر مووشەکی بەرگریی بڵاوکردووەتەوە، هەرچەندە کاریگەرنین.

ئەمانە پاساوی ڕێگری و هێرشکردنە سەر پێشنیارەکەی نیکسۆن بوون.

وەکو ئاو ڕژان ئەم پرۆژە بەرەو کۆنگرێس ڕێچکەی خۆی گرتە بەر، لە ١٩٦٩ کۆنگرێس بە زۆرینەی یەک دەنگ، کە دەنگی جێگری سەرۆک بوو ڕێگەی بەم پرۆژە بەرنامەیەی نیکسۆندا و دوانزە پێگەی بەرگریان دامەزراندن. لە ساڵانی دواتر بینیمان، ناڕەزایانی ئەم بەرنامەیە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بوودجە ئەم پێگانەیان کەمکردنەوە، کە لە ١٩٧٢ تەنها دووانیان دەمێنن، لەم ساڵیشدا بەرنامەکەی ڕیگان (SDI) هەمان چارەنووسی بوو، ئیتر پنتاگۆن، کە دەکەوێتە دەست هەندێک ڕاوچی هیچ بەهایەکی ستراتیژیی نامێنێ، بەرگریەکانی ستراتیژیی وەکو کارتێکی سازش بەکاردێنێ، لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدەن پێگەی هێرشی سۆڤیەتی بەر تەسککەنەوە.

لە ڕووی ئەم هەموو گرفتانە ئیدارەی نیکسۆن و فۆرد توانییان سەرکەوتنی مەزن لە بواری بەرگریدا بە دەستبێنن، لە ڕێگەی دامەزراندنی ٥٠٠ پێگەی نوێی مووشەکی ICBM کە هەر یەکیان بە سێ سەری ئەتۆمییەوەن لە جۆری مینیگوتمان ٣، لەگەڵ ٥٠٠ غەواسەی مووشەک هاوێژ لە جۆری بۆزیدون، کە هەر یەکەیان ١٠ تا ١٤ سەرە ئەتۆم هەڵدەگرێ ئیتر بەم جۆرە ژمارەی سەرە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لەم ماوەیە زیاد دەکەن تا دەگەنە ٧٠٠٠ سەرە شەڕکەر لە ١٩٧٨. ڕەزامەندی لەسەر دروستکردنی غەواسەیەکی تر درا لە جۆری (ترایدنت)، پەرە بە مووشەکی بالستی (کشوەربڕ درا لە جۆری MX) هەروەها دووبارە فڕۆکەی ب ٥٢ دروستکرایەوە و ئەمە و چەندین جۆرە

چەکی تر پەرەیان پێ درا، لە ڕاستیشدا زۆربەی چەکەکانی هێرشبەری ئەمریکی لە ماوەی ئەو بیست ساڵە کە سەرکەوتنیان بە دەستهێنا لە ماوەی حوکمڕانی نیکسۆن و فۆردا بوون .

دوای ئەم هەموو بیناکاریە گرفتی ئەتۆمی گەورەترین گرفت بوو کە ناتەواو بوو، چونکە ترسە ستراتیژییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئەتۆمی زۆر گرنگ بوون، بۆیە بێ ئومێدیەک دایدەگرێ، ئەم بێئومێدیە بە تووڕەیی لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لوتکەی مۆسکۆ لە ١٩٧٤ دەربڕی بوو:

توخواکەی زاڵبوونی ستراتیژی چییە؟ سوودی چییە لەم ئاستە نزمە؟ چی پێ دەکەن؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە تێکشکاندنی هێزی هێرشبەری دوژمن لە یەکەم دەست وەشاندندا و لە ڕێگەی مووشەکی بەرگریش تووشی شۆکیان دەکەین. بەڵام لە دونیای ڕاستیدا ئەم توانایە گەشەی پێنادرێ، جێبەجێکردنیشی مەترسیەکی مەزنی هەیە، بۆ سەرجەم ئەوانەی کاری سیاسی دەکەن، نە ئیدارەی نیکسۆن و نە ئەو ئیدارەی دێتە شوێنی، ناتوانێ ئەم گرفتە چارەسەربکات.

ئەو مشتومڕەی جیرالد فۆرد ئەنجامی دا لێکۆڵەرەوەی ئوسترالی (کورال بیل) کورتی کردووەتەوە:

( لە ڕاستەوە ئەگەری زۆرە کە بگاتە ئاستی مەزندە، بە هەرحاڵ ڕووسەکان بۆی هەیە باجێکی مەزن بدەن لە پای پڕۆسەی کرانەوە و دەبێ ڕەفتارەکانیان لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی ڕاست بکەنەوە: بەوەی خۆیان لەو شوێنانە دوورکەنەوە کە چارەنووسیان نادیارە، وەکو ئەنگۆلا و دەستیان لەسەر ناوچە دابڕاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا هەڵگرن و بە شێوەیەکی لیبراڵیستانەتر لەگەڵ هاوڵاتیانیان ڕەفتاربکەن، ئەمە هەمووی لەبەر خاتری پڕۆسەی کرانەوەیە، دیارە ئەم کارانەوە هەمووی خواستراون نەک بە دیدی ڕۆژئاوا، بەڵکو بە دیدی سیاسەتوانە سۆڤیەتیەکانیش، کە پێیان وایە ئەمە کەمتر مەترسیی هەیە لە گەڕانەوە بۆ شەڕی سارد، ئەگەر ئەمە بژاردەیان بێ بەڵکو ئاڵوگۆڕێکی گونجاو و لە باربێ. لە لای چەپیشەوە دەبێ پێشبینی زیاتر بکرێ، لە ژێر سایەی کرانەوە پارێزگاری لە بنەمای هێزی ڕۆژئاوا بکرێ و پشتگوێی بخرێت، واتە

بوودجەی پڕچەککردن دەبێ کەم بکرێتەوە و توانای ئۆپەڕاسیۆنە نهێنییەکان لە یەک هەڵبوەشێندرێتەوە، هەر بە جارێکیش پێویستیەکانی ئاسایشی سیاسی نێودەوڵەتی گوێی پێ نەدرێ).

ئەمەیە بۆچوونی دژ بە یەک و ناکۆک و یەکسان، ئەوانە ستراتیژیەت بە لاڕێدا دەبەن، دوور لەو ئاڕاستەی مەبەستە پێی بگەن: کرانەوە مانای ئەوە نییە ململانێکانی هێز کۆتاییان پێ هات: بەڵکو شێوەیەکی تری ململانێ دەستنیشان دەکا، کە کەمتر مەترسیی هەبێ و بەرەو بنیادنانەوەش ئاڕاستە بکرێ.

---

## جاکسۆن، چاودێری پڕچەککردن، کۆچی جووەکان

### چاودێری پڕچەککردن

کاتێک نیکسۆن دەسەڵاتی گرتە دەست ئەوەی بیری لێ نەدەکردەوە سنورداركردنی چەک بوو، پێی وابوو؛ تەنها کارتێکی فشارە دژی ئەمریکا بە کار دێنێ لە ڤێتنام دەرکەوێ، کاتێکیش لە دانوستانەکان سستی دایێ، بینیی دەکرێ هەندێک سازش لە مۆسکۆ وەدەستبێنن.

لەبەر سێ هۆکار نیکسۆن لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ دەستی بە دانوستانەکان کرد:

یەکەمیان/ بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵوێستە توندەکانی لەسەر ڤێتنام و بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێک ئەگەری تر کە ئامادەباش بوون بۆ پابەندبوونی ئیدارەکەی بە پرۆسەی ئاشتی، لەبەر ئەم هۆیانە نیکسۆن ڕایگەیاند، دانوستان لەگەڵ ڤێتنامدا بکا و کاری لەسەر کۆکردنەوەی لایەنگرانی کرد بۆ پشتگیری لەو سیاسەتەی بەرانبەر بە ڤێتنام گرتبوویەبەر.

دووەمیان/ فشارەکانی کۆنگرێس لەسەر بوودجەی بەرگری، وای لە پنتاگۆن کرد ڕازیبێ بە کەمکردنەوەی بوودجەی پرچەککردن.

سێیەمیان/ لەو کاتەی کۆنگرێس لە هەوڵی بەهێزکردنی سوپای ستراتیژی دابوو، نیکسۆن بایەخی بە پرسی بیناکردنی هێزی ستراتیژیی سۆڤیەت دەدا، کە بە ڕێژەی ۲۰۰ مووشەک لە ساڵێکدا زیادی دەکرد.

دانوستانەکان دەستیان پێ کرد و ئێمەش ڕووبەڕووی ئەو کێشە بووینەوە؛ ئاخۆ چۆن دەتوانین یەکسانی دیاری بکەین، هێزی ئەتۆمی هەردولا لە شەستەکان لەسەر بنەما و دەستەواژەی جیا و کشوەربڕ بنیادنراون، جەختیش لەسەر مووشەکی هەڵگری سەرە ئۆتۆمی کراوە لە کاتێکدا ئەمریکا جگە لەمە پشتی بە مووشەکی دوورهاوێژ بەستووە، کە سۆڤیەت هاوشێوەی نییە ئەمە و سەرباری چەندین بنکەی ئاسمانی کە لەو ناوە بڵاوەیان پێکراوە و دامەزرێندراون لەگەڵ کەشتیی فڕۆکە هەڵگر لە دەریاکان.

لە کاتی قەیرانی کوبا یەکێتی سۆڤیەت بەرنامەیەکی مووشەکیی زەمین بە زەمینی باشی دانابوو. لەگەڵ ئەمشدا ئەمریکا بە ڕێژەی ۳ مووشەکی هەڵگری ئۆتۆمیی هەبوو بەرانبەر بە یەک مووشەک، ئەمە لە ساڵانی حەفتاکان بەڵام لە هەشتاکان ئەم ڕێژە زیاد دەکا.

دواتر ئەم ڕێژە لە کەمی دەدا چونکە سۆڤیەت ژمارەیەکی زۆری سەرە ئۆتۆمی خستنە سەر مووشەکەکان، بەڵام هەر چۆنێکی بێ بە درێژایی مێژوو ئەمریکا بەرانبەر بە سۆڤیەت لە پێشڕەویدایە .

کێشەکە لەوەدایە هەموو جارێک لە دانوستانەکان بە دوای دەستەواژەیەکدا دەگەڕێن، کە پارسەنگی کێبڕکێی چەک ڕاگرێ و ئەو پەیوەندیانەی نەخشەیان بۆ دارشتووە بیپارێزن، کە لەسەر ململانێی چەندایەتیی چەک و چۆنایەتیی چەک ڕێککەوتوون.

دەتوانین بڵێین کە تا ساڵی ۱۹۷۰ کێبڕکێی چەک لەسەر چەندایەتیی بوو، چونکە هەر مووشەکێک هەڵگری سەرێکی ئەتۆمیی بوو، کەوایە ڕێژەی ۳ بەرانبەر بە یەک مووشەک بۆ ئەگەری هەر هێرشێک گونجاو و داواکراوە. بەم شێوە یەکێتی سۆڤیەت پێویستیان بە ۳۰۰۰مووشەک هاوێژ هەیە، تا دڵنیابن لەوەی دەتوانن مووشەکەکانمان لە

ناوبەرن، ئێمەش پێویستیمان بە ٤٥٠٠ مووشەكە، تا بتوانین بنكە زەمینییەكانیان تێكدەین، ئەم ژمارە هێزە پێویستی بە ماوەیەكی دوور هەیە، تا ئامادە دەكرێ، لە كاتێكدا یەكێتی سۆڤیەت لە سەرەتای حەفتاكان نیوەی ئەم ژمارەی هەبوو، كە زۆربەیان ورد نەبوون.

گەیشتن بە دروستكردنی فرەسەری ئەتۆمی، خۆی شۆڕشێك بوو، چونكە دەكرا ئامانجەكان بپێكرێن، هەندێك لە ژێر دەریاییەكانمان توانای هەڵگرتنی ١٤ سەرە مووشەكی شەڕكەربوون كە هەریەكەیان لەو بۆمبە گەورەتربوون، كە لە هیرۆشیما و ناكازاكی بە كارهات، كێشەكە لەوەدا بوو هەردولا لە توانایاندایە ١٠٠٠٠ دەهەزار سەری ئەتۆمی لەسەر مووشەكەكانیان بچەسپێنن، بۆ ئەمریكا جگە لەم ژمارەیە كەشتیگەلێكی ٥٠٠ مووشەكی قورسیشی هەیە، بەهەرحاڵ چەكەكان لە ئامانجەكان زیاتربوون.

جۆرج براون كە سوپاسالاری هاوبەشی سەرۆك فۆرد بوو لە ٧ی تشرینی یەكەمی ١٩٧٤، گوتی ئێمە مووشەكی MIRVمان بە هۆی كەمی ئامانجەكانەوە لەسەر غەواسەكان كەم كردۆتەوە. خۆ ئەگەر دوژمن لە توانایدابێ بۆ هەر مووشەكێك سەرە ئەتۆمێك ببەستێ ئەوا ئێمە بە هەزاران سەرە ئەتۆممان هەیە، بەم هۆكارەوە دەتوانین مەزندەی كاریگەری یەكەم دەستوەشاندنمان لە دوژمن بزانین.

مایەی سەرسوڕمان نییە دانوستانەكان بە بنبەست دەگەن، دیارە لە سەردەمی جیاوازیی و ناكۆكیەكانی ئایدیۆلۆژیدا كارێكی ئاستەمە پێشنیاری چاككردنی دۆخەكان سەر بگرێ.

دیارە بە هۆی ڕەتكردنەوەی چەكی ستراتیژی نوێ لە لایەن كۆنگرێسەوە، یەكێتی سۆڤیەت هیچ پاساوێك نابینێ بۆ بەرتەسككردنەوەی بەرنامەی ستراتیژیی هێرشبردن.

لە ڕاستیدا ئیدارەی نیكسۆن لە بەرەنجامی هەندێك ڕاستیی گاڵتەجاری سەركەوتنی بە دەستهێنا ئەویش ئەوەبوو كە سۆڤیەتیەكان لە ڕەخنەگرانی ناوەوە زیاتر بڕوایان بە تەكنەلۆژیای ئەمریكا هەبوو، لە جیات هەڵوەشاندنەوەی ڕێككەوتنی SALT كە هەندێك لە ئۆپۆزسیۆنی كۆنگرێس داوایان دەكرد، مووشەكی بالستی بوو بە كلیلی دانانی كۆتوبەند لەسەر هێرشكردن، وەكو ئەوەی لە سەردەمی ڕێگن لە ١٥ ساڵ پێش ڕوویدا، سۆڤیەتیەكان ئەوەندە ترسیان هەبوو، كە ئەگەر مووشەكەكانی ئەمریكا ئەوەندە

کاریگەریش نەبن بۆ هێرشکردن، بەڵام هێرشێک بۆ وروژاندن دەبێتە کارێکی قورس، ئەمە بووە ترسێکی مەزن لە لای نەوەی نوێی سۆڤیەتی.

دانوستانکارانی سۆڤیەت ئومێدیان دەخواست هەڵوێستی کۆنگرێس لە گەڵیان گونجاوبێ، بەڵام ئەمە کارێکی ڕاست نییە لەم کاتە، ئەمە لە ئەمریکییەکان ڕووبدا، سۆڤیەتییەکان مەبەستیان بوو پێداگری بکەن بۆ ڕێککەوتن لەسەر کەم کردنەوەی چەکی بەرگری، ئەمەش فێڵێکی کلاسیکیە لە کرملێنەوە، کە لەو چەکانەی دەترسن سنورداریانکەن، کەچی ئەوانیش بەبێ فشار و چاودێری پەرە بە چەکەکانی خۆیان بدەن. هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێیدا پاش ئەوەی نیکسۆن پێداگریی لەسەر ئەوەدا کرد کە دانوستانەکان لە کەناڵی دواوە ئەنجام بدرێ و نابێ تەنها لەسەر چەکی بەرگریبێ، بەستەڵەکەکە لە ئایاری ١٩٧١ توایەوە، دوای خۆهێنان و بردنێکی زۆریش لە لایەن سۆڤییەتەکانەوە، کە ڕێککەوتنەکە تەنها لەسەر چەکی بەرگری بێ و چەکی هێرشی نەگرێتەوە، بەڵام دواجار لە ئایاری ١٩٧٢ لەسەر چاودێری و مەرجدارکردنی چەکی هێرشیش لە کۆبوونەوەی لوتکەیی لە مۆسکۆ ڕێککەوتن. هەرچەندە کارە هونەرییەکانی نەختێک سەخت بوون بەڵام دەستەواژەکان بە تەواوەتی ڕوون و زەڵال بوون.

یەکەمیان/ ڕێککەوتن بە هەندیک دەستەواژەی نازەڵال بۆ هەردووک وڵات ئەوە دەگەیەنێ ببینە خاوەنی دوو پێگەی مووشەکی بالستی ئەمەش هەمان ئەو ژمارە بوو، کە کۆنگرێس بۆمانی دیاریکردبوو، بەڵام ئەم دوو پێگەیە کەم بوو، بۆ ئەوەی بتوانین بەرگریەکی تەواوی کشوەری دابین بکەین.

دووەمیان / ڕێککەوتنی پێنج ساڵی لە ١٩٧٢ تا ١٩٧٧ پەرەسەندنی مووشەکی هێرشی سڕ دەکا. مووشەکە دوورهاوێژەکان سنوردارنەکران، بۆیە دەکرێ ئەم مووشەکە دەنگبڕانە لە شوێنەکانی جیا دایانمەزرێنین، چونکە سۆڤیەت لەم کاتەدا ئەم جۆرە مووشەکە دوورهاوێژانەی نییە.

سەرەتا ڕێککەوتنەکە بە دڵخۆشی قبوڵ کرا، بەڵام دواتر ڕەخنەی لێ گیرا، ئومێدی لیبراڵیستەکان ڕاست دەرچوو، پارێزگارانیش بۆهەر مامەڵەیەک لەگەڵ سۆڤیەت متمانەیان بە نیکسۆن نەما، ئەو بەشەی پەیوەندیی بە مووشەکەوە هەبووبێ کێشە بەڕێوەچوو، بەڵام جێگەی داخە بە هۆی دابەشبوونی ناوەخۆمان ڕووبەڕووی ڕەخنە

دەبــووینەوە، ســەیرەکە لە وەدابــوو ڕەخنەکــان لەســەر ســنوردارکردنی مووشــەکی هێرشــبەربوون، کە ئەم ڕێککەوتــنە پەرەســەندنی مووشــەکیی هێرشــبەری سـۆڤیەتی سنوردارکردبوو، کە ئەمریکای ناچار نەدەکرد لە بەرانبەر ئەمە دەستکاری بەرنامەی ستراتیژی هێزەکانی بکا، ڕەخنەکان دوو ئاڕاستە و ڕوویان هەبوو، گوایە ڕێککەوتنەکە دەرفەتی بە سۆڤیەتدا لە ڕووی ژمارەوە سەرکەوێ هەروەها هێزەکانیشمان کەوتنە ژێر ئەگەری هێرشی کتوپڕ.

هەردوو ڕەخنەکە لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی ناوەخۆماندابوون، نایەکسانی لە ژمارەی پێگەی شەڕکەر لە ئەنجامی دانوستانەکان و ڕێککەوتنی SALT نەهاتونەتە دی، (پەیماننامەی سنوردارکردنی چەکی ستراتیژی)، بەڵکو ئەمە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی نێوان وەزیری بەرگری هەردوو ئیدارەکە دروست بووە، کە بەر لە ڕێککەوتنی SALT ڕوویداوە، بۆ ڕوونکردنەوە ئەمریکا بە هۆی ئەوەی گەورە پسپۆرانی بواری سەربازیی پێیان وابوو پێویست بەم هەموو ژمارە مووشەکە ناکات، بۆیە دروستکردنی ئەم مووشەکانەی ڕاگرتبوو. ڕێککەوتننامە کاتییەکەی SALT١ لە ١٩٧٢، ئەم بڕوایەی نەگۆڕیبوو، کە لەوکاتەوە ماوەی سێ دەیە درێژەی هەبوو، تەنانەت ئیدارەبازەکەی ڕێگنیش هەمواری ئەم ڕێککەوتنەی نەکرد، هەرچۆنێکی بێ نایەکسانی لە ژمارەی سەکۆی ئەتۆمی بە زیادەی ژمارەی سەرە مووشەکی ئەتۆمی قەرەبوومان کردەوە.

پنتاگۆن بە هیچ شێوەیەک داوای زیادکردنی ژمارەی مووشەکی نەکرد، هیچ یەک لە ئیدارەی نیکسۆن و فۆردیش هیچ کاتێک داوای وەزارەتی بەرگریان ڕەتنەکردووەتەوە بە زیادکردنی هێزی ستراتیژی ئەمریکی، نە بەر لە ڕێککەوتنی SALT نە دوای ئەو، بە پێچەوانەوە ئیدارەی نیکسۆن و فۆرد ڕێککەوتنی ساڵتیان کردە بیانو بۆ نوێکردنەوەی هێزی ستراتیژی ئەمریکی، ئەمە دەبێتە مایەی بێزاری سەناتۆر ستیوارد سمینگتون کاتێک ڕێککەوتنی ساڵت پێشکەش بە لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران دەکرێ، کە گومانی لە دابینکردنی بوودجەی ئەو ڕێککەوتنە دەبێ.

ئەوەی دەیان گوت ڕێککەوتنی ساڵت ١ی قۆناغی دەسکەوتی تەنها بۆ سۆڤیەت هەبوو، ئەمە بیرکردنەوەیەکی دیماگۆگییە و بەس، لە مانگی تشرینی ٢ ساڵی ١٩٧٤ فۆرد لە فلادیفوسستوک گوتوبێژی لەسەر ئاستی پێویست نەکرد، کە هنری جاکسۆن و

لایەنگرانی دەنگیان بۆی هەڵدەبڕی، بۆیە هەموو داڕێژەرانی نەخشەی بەرگری دەستیان بە ڕێککەوتنی سالّتەوە گرتووە، دوای ئالّوگۆڕبوونی ٣ ئیدارە ژمارەکانمان لە سەردەمی نیکسۆن کەمتر ببوونەوە، ئەوەتا ئیدارەی بازی ریگنیش هەمواری نەکرد، لەو خشتەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێ، لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی ڕێککەوتنەکە ژمارەی مووشەک و سەکۆکانی هەمان ئەو ژمارەن، کە لە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە هەیان بوو:

سەکۆکانی ICBC

- لە ١٩٧٢ ئەمریکا ١٠٠٠ سۆڤیەت١٤٥١
- لە ١٩٩١ ئەمریکا ١٠٠٠ سۆڤیەت ١٦١٨

سەکۆکانی SLBM

- لە ١٩٧٢ ئەمریکا ٦٨٠ سۆڤیەت ٩٤٢
- لە ١٩٩١ ئەمریکا ٧١٠ سۆڤیەت ٧٤٠

مووشەکی قورس

- لە ١٩٧٢ ئەمریکا ٣٠٧ سۆڤیەت ١٧٧
- لە ١٩٩١ ئەمریکا ٥٢٥ سۆڤیەت ١٤٠

کۆمەڵەی سەکۆی ستراتیژی

- لە ١٩٧٢ ئەمریکا ١٩١٥ سۆڤیەت ٢٥٧٠
- لە ١٩٩١ ئەمریکا ٢٢٣٥ سۆڤیەت ٢٤٩٨

کۆمەڵەی سەرە مووشەکی شەڕاوی

- لە ١٩٧٢ ئەمریکا ٨٦٥٨ سۆڤیەت ١٠٤٦٣
- لە ١٩٩١ ئەمریکا ١٧١٠ سۆڤیەت ٢٣٥٨
- مووشەکی کشوەربڕ
- مووشەکی پلاستیکی لە دەریاوە دەهاوێژرێ
- ئەگەر دابەشبکرێ ژمارەیان دەگاتە ٩٥٠

- مووشەکە کشوەربڕە کۆنەکان ژمارەیان ٢٥٠ بوون.

تۆمەتی دووەم، کە لە سیاسەتی نیکسۆن دەگیرا لەسەر ڕێککەوتنی سالتی سنوردارکردنی چەک بوو، گوایە سۆڤیەت هێرشی کتوپڕ دەکاتە سەر هێزەکانمان، ئەمە هیچ بنەمایەکی نەبوو دووربوو لە ڕاستی.

سیناریۆکان بە چەند دەستەواژەی دیار دەستپێدەکرێن بۆ ئەوەی ببنە مایەی بڕوا و متمانە بەڵام ئەزموونەکان ئەوەیان دەرخست، سەرکردەکانی سۆڤیەت ئامادەبوون لە پێناو ئاسودەیی گەلەکەیان و مانەوەی ڕژێمی سیاسیاندا خۆیان بخەنە مەترسیەوە، ئەمەش بە پێی ئەم نموونانەوە:

+ سۆڤیەتییەکان لە ڕووی هونەرییەوە ئامادەبوون چەند سەد مووشەکێک لە یەک کاتدا بتەقێنن کەچی تەنها بۆ تاقیکردنەوە ٣ مووشەکیان تەقاند، ئەمەشیان لە شوێنی تاقیکردنەوە ئەنجامدا نەک لە مەیدان.

+ ئەمریکیەکان دوای ٣٠ تا ٤٠ خولەکیش تەنها وەکو هۆشداریش هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، بڵێن ئەمە هێرشێکی سەرتاسەری بێ.

+ مووشەکەکانی سۆڤیەتی پراکتیکی زۆر بە وردی ئامانجەکانیان دەپێکن.

+ سەرکردەکانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار ئەو بڕوایەیان هەیە کە سەرۆکی ئەمریکا ئەو سەرەڕۆییە ناکا هەزاران سەرە مووشەک بتەقێنێ و گەلی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە، تەنانەت ئەگەر هێرشێکی کتوپڕیش بکرێتە سەریان .

دواجار هیچ یەک لەم سیناریۆیانە ئەگەری ڕوودانی نییە تەنانەت لەسەر دەستی سەرکردە شێتەکانی سۆڤیەتیش، تەنها دوای سەدەیەک نەبێ، کە ساڵت کۆتایی هاتبێ، لەو حاڵەتەشدا ئەمریکا لە توانایدا دەبێ سەرە شەڕکەری زیاتر بخاتە سەر مووشەکەکانی و مووشەکەکانیش زیاتر پەرەیان پێ بدا یان بنیادنانی سوپایەکی بەهێزتر و پڕچەکتر و بە تواناتر کە لە دەرەوەی ڕێککەوتنی ساڵتدا بێ، وەکو مووشەکی (کروز)و بژاردەی تریشی لە بەردەست دایە، وەکو بژاردەی مووشەکی بەرگری جگە لەو مووشەکە بەرگریانەی کۆنگرێس قەدەغەی کردوون، ئەم هەڵانە هەمووی لە سەردەمی نیکسۆن بنیادنران و لە سەردەمی فۆردیش بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی ساڵت ١پەرەیان پێ درا.

سەیر نییە کە عەسکەرتارەکان بڕوایان بەم سیناریۆیانە نەدەکرد، ئەوەی بڕوایان پێ بوو، هاوسەنگی ستراتیژی هێزبوو کە جەنەراڵ جورج براونی سوپاسالار جێبەجێکرد. سیناریۆکەی ولیام بروکسمانی ساڵی ١٩٧٧ کە دوای کەمێک لە جێهێشتنی فۆرد بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی:

دەستەی سوپاسالاری هاوبەش ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نادا، کە یەکێتی سۆڤیەت سەرکەوتنی لەسەر سوپای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێناوە بتوانێ بەسەر ئامانجەکانی ئەمریکادا سەرکەوێ.

جەختکردن لەسەر ترسی یەکلایەنە لە لایەن هنری جاکسۆن و پارێزگار و هاوپەیمانەکانی لە حەفتاکان مقۆمقۆکانی ناوەخۆی سەر ئاسایشی وڵات بنبڕکرد، هێرشێکی ئەتۆمی نەبوو بۆ سەر ئەمریکا بەڵکو بەستەڵەکێکی ستراتیژی بوو، کە گوایە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی چەکی کلاسیکی لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە گومان دەکرێ، هێرش بکرێتە سەر ئەمریکا و سنورەکانی جیوپۆڵەتیک ببەزێنێ. چاودێریکردنی چەکی ستراتیژی دەبێ وەکو پرسێکی ئاسایشی نەتەوایەتیی سەیر بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لیبراڵیستەکان وەکو چارەسەریی هەموو نەخۆشییەکان سەیری چاودێری پڕچەککردن دەکەن. کەچی پارێزگارەکان پێیان وایە ڕێککەوتنی (ساڵت١) هۆکاری بڕیارەکانی تاک لایەنانە بۆ بەڕێوەبردنی پرسەکە بە درێژایی ئەو ماوەیە، نەک ئەنجامەکەی.

تێربوونی ڕاستەقینەی ستراتیژی ئەمریکا هێزی بە ئەمریکا بەخشی سیناریۆکانی لە ناوبردن پوچەڵکردەوە، تەنانەت لە مەرجەکانی ڕێککەوتنی ساڵت١ یشدا هێزەکانی سۆڤیەتی مەترسی دەست لێوەشاندنیان زیاتر لەسەربوو، چونکە تەنها لە ٣٠%ی هێزەکانی ستراتیژی ئەمریکی لەسەرزەمین بوون، لە کاتێکدا ٩٠%ی هێزەکانی ستراتیژیی سۆڤیەتی لەسەرزەمین بوون، هەروەها (غەواسەکانی) ئەمریکیش بە توانا و هێزتربوون لە هی سۆڤیەتی ئەمەش خاڵێکی تری مەترسیەکانە لەسەر هێزی ستراتیژی سۆڤیەتی کە لەسەرزەوین.

بەم شێوە بە جێهێشتنی کۆشکی سپی لە لایەن نیکسۆنەوە گفتوگۆکانی چاودێری چەک لە گفتوگۆی زەمینییەوە بوونە سۆفستائی. پڕۆسەی کرانەوە لە لایەن

هەریەک لە لیبراڵیستەکان و پارێزگارەکانەوە ڕووبەڕووی هێرش دەبووەوە، پاساوی لیبراڵیستەکان بەهۆی جەختکردنیان بوو لەسەر ئاسایشی سەربازی هی پارێزگارەکانیش گوایە ئاسایش بە شێوازێکی ئاشتیانە پێیەوە نەبەستراوەتەوە، لیبراڵیستەکانیش پێیان وابوو کە چاودێری چەک لاوازە، هەرچی پارێزگارەکانن پێیان وابوو بایەخی زۆری پێ دراوە، بەرنامەی بەرگری لە ڕێگەی پارێزگارەکانەوە لە کۆنگرێس بە ڕێدەکرا.

جاکسۆن و یاوەرانی شایەنی ڕێزلێنانن بەهۆی ئەو هێرشانەی دەکرایە سەریان لەسەر بوودجەی بەرگری لە شەڕەکانی ڤێتنام، کە بە بیانوی بەرگری نەتەوایەتیی بە ڕێدەکرا، بەڵام لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە یەکێتی سۆڤیەت لە شل و پەیتیدابوون.

## کۆچی جووەکان لە یەکێتی سۆڤیەتەوە

هیچ کاتێک سیاسەتی دەرەوە پرسێکی ناوەخۆ نەبووە تا ئەوکاتەی نیکسۆن لە گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٦٩ لەگەڵ ئەناتولی دوبرێنینی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت نەیخستە سەرمێز، ئەم بابەتە لای من بە شێوازێکی میانڕەوانە سەیرکرا، چونکە تەنها لە لایەن هەندێک لە جووەکانەوە وروژێندرابوو، سەیرێکی دۆسیەی ئەو ژمارە کەمەم کرد، کە لە ١٩٦٨ ڕێگەی کۆچکردنیان پێدرابوو ٤٠٠ کەسێک دەبوون، بۆیە هەر زیادبوونێک سەرنجی ئیدارەی بۆ ڕادەکێشرێ و هەڵسەنگاندنەکەمان لە شوێن خۆی دەبێ لەسەر نیازەکانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو لە پێنج ساڵی دواتر ژمارەی کۆچکردووەکان سەد بەرانبەر زیادی کرد، واتە لە ٤٠٠ کۆچبەرەوە لە ١٩٦٨ بۆ ٣٥٠٠٠ لە ١٩٧٣.

بەڵام ئاماژەکان وابوون، کە دەرێژەی ئەم کۆچکردنە ڕانەگەیندرێ بۆیە ئیدارەی نیکسۆن پشتڕاستی نەکردەوە، تەنانەت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٢ش، تا لە ئەنجام جاکسۆن سیاسەتەکەمان لێ دەدزێ و خۆمان لە دۆخێکی خراپ دەبینینەوە.

ئەوەی بێدەنگیی جاکسۆنی شکاند ئەوەبوو، کە یەکێتی سۆڤیەت باجی خستبووە سەردەرچوونی جووەکان لە وڵات، بە بیانوی ئەوەوی ئەم باجە قەرەبووی سۆڤیەت دەداتەوە هی تێچووی خوێندنیان، بەو هۆیەوە ژمارەی کۆچبەران کەم دەبێتەوە بەڵام من نازانم بۆچی یەکێتی سۆڤیەت ئەم یاریە مەترسیدارەی بە هەستی پاکی ئەمریکا کرد، هەرچەندە دۆبرێنن ڕایگەیاند، کە ئەم بڕیارە لە ئاستی باڵا و فەرمی دەرنەچووە، بەڵام چونکە سروشتی ڕژێمی سۆشیالیستی ئەمە قبوڵ ناکا لامەرکەزیەت ببەزێندرێ، بۆیە ڕاست نییە، دەکرێ ئەمە وەکو ئەو کاردانەوەبێ، کە ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر لە ١٩٧٢ ڕاوێژکارە سۆڤیەتیەکانی دەرکرد، بۆ ئەوی بیر لەوە نەکەنەوە، کە یەکێتی سۆڤیەت لە پێناو بەهێزکردنی ئیسرائیل ئاسانکاری بۆ جووەکان دەکا، بەو هۆیەوە گرفتی بۆ دروستکردن تا میسریەکانیش نیانیان لەگەڵدا بنوێنن.

پاساو و هۆکارەکان هەرچیەکی بن، ئەمە وەکو هێرشێک وابوو بۆ سەر ئەو سیاسەتە سەرکەوتوو و نیانەی ئێمە لەو ماوەی چوارساڵە دەمانبرد بەڕێوە، بڕیاری ئەم هێرشە لە ١٩٧٢ لە ئەنجومەنی پیرانەوە دەرچوو، بە هۆی ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و پێدانی پلەی یەکەم لە چاو لێ بوون لە بەرانبەر پێدانەوەی قەرزەکانی کرێ لە لایەن سۆڤیەتەوە، کە بۆ سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، وەکو ئیدارەی نیکسۆن لەسەرمان پێویستە لە MNFئەم پلەی پێ بدەین.

لەو دۆخە گڕگرتووەی دوای ڤێتنام و واتەرگێت (Watergate) دەستەواژەی ( دەوڵەتی یەکەم لە چاودێری) بووە گڕکانێک، چونکە مەبەست لەو دەستەواژە خۆشەویستی بوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت، دوای بیست ساڵ هەمان بابەت لەسەر چین دووبارە بووەوە، لە ڕاسیشدا ئەم دەستەواژە بەمانای ئەوە دێت، کە هەمان مامەڵە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا بکرێ، کە پەیوەندیی بازرگانیی و پەیوەندیەکانی تری بە یەکسانی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، لە ١٩٧٤ نزیکەی ١٠٠ دەوڵەتی لەم شێوە خەسڵەتە هەبوون، کە لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندیان هەبێ، هەروەها لە کاتی نووسینی ئەم دێرانەشم ١٦٠ دەوڵەتی لەم جۆرە بوونیان هەیە.

ئەوەی بووە هۆی ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەم پێناسە (دەوڵەتی یەکەم لە چاودێری) بە دەربێ، نەدانەوەی قەرزەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بووە، لە ١٩٧٢

پیــتەر پیتەرســۆنی وەزیــری بازرگــانی کۆتــایی بەم کێشــە هێنــا، بە هــۆی کێشــەی پیشەسازی لە یەکێتی سۆڤیەت ڕەچاوی ئەوە نەدەکرا دەسـتەواژەی دەوڵــەتی یەکەم لە چـاودێری کۆتـایی بەم پرسـە بێنـێ بە زیـادبوونی ئاسـتی بازرگـانی نێـوان سـۆڤیەت و ئەمریکا، تاقە سودی کە هەیبێ نیشاندانی یەکێتی سۆڤیەتە وەکو یەکسان لەگـەڵ وڵاتە دۆستەکان، دیارە ئەوانیش لەم ڕووەوە ترسی ئەوەیان هەبـووە، کە شـوێنی پێویسـتیان پێ نەگیرێ.

ڕێککەوتنــی دەوڵــەتی یەکەم ئـامرازی تونـدبوونی بە سـیناریۆکەی جاکسـۆندا و دۆخەکانی ئاڵۆزکردن، لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٢هەمواری ئەو بڕگە کـرایەوە، کە تـایبەتە بە دەسەڵاتەکانی سـەرۆک لە دانوسـتانەکانی بازرگـانی، هـەموارەکەی جاکسـۆن ڕێـگەی نەدەدا دەوڵــەتە کۆمۆنیسـتەکان بخـرێنە ژێـر دەسـتەواژەی دەوڵــەتی یەکەم و ڕێـگە لە کۆچکردنی جووەکان بگرن، کاتێکیش لە ١٩٧٣ نیکسۆن ئەو پرۆژەی دەوڵەتی یەکەم و پرسی یەکلاییکردنەوەی کرێی ئامێرەکانی جەنگی دووەمـی جیهـانی دەبـاتە کـۆنگرێس، لەوێ ناکۆکی و شەڕی لێ دەکەوێتەوە .

ئـێمە دڵنیـابووین، کە ئەم پرسـە لە ڕێـگەی گفتوگـۆ و تەکتـیکەوە چارەسـەر دەکرێ، چونکە تا ئەوکات جاکسـۆنمان بە هاوپەیمـانی خۆمـان دەزانـی، بەم هۆکـارەوە بوو لە سەرەتا ئاسانکاریمان لەگەڵی دا دەکـرد و هەوڵمـان دەدا تـا سـۆڤیەت ڕازیکەیـن بـاجی دەرچـوون لە جووەکـان وەرنەگـرێ، دوای گفتوگـۆیەکی درێـژ لەگــەڵ دوبرێنـنــی وەزیری دەرەوەی سـۆڤیەت، لە ٣٠ی ئـاداری ١٩٧٣ بـاڵوێزی سـۆڤیەت یاداشـتێکی دایە نوسینگەکەم لە ژێر ناوی: نهێنی و تایبەت بە سەرۆک، لەگەڵ ئەوەی پرسی کۆچکردنی جووەکان بە پرسێکی ناوەخۆ دەزانێ و دەڵێ لێرە بە دواوە هـیچ جووێـک بەبـێ بـاج لە وڵات دەرنـــاچی تەنهـــا لە حـــاڵەتی نائاســـایی نەبـــێ، لەوانەش ئاسایشـــی وڵات و لە حاڵەتەکانی تر باجێکی کەم وەردەگیرێ.

وەڵامەکەمان دەیخست کە جاکسۆن چەند پرسی کۆچی جووەکانی کردە پرسێکی نـــاوەخۆی ئەمریکـــی، داوامـــان لە مۆســـکۆ کـــرد کـــۆنگرێس و ئیســـرائیل لەم نـــامەیە ئاگـاداربکەینەوە، بـۆ ئاگـادارکردنەوەی ئیسـرائیل بە تونـدی دژی وەسـتانەوە و گـوتی ئیسرائیل پەیوەندیی بەم پرسەوە نییە، ئەمە پرسێکی سۆڤیەتییە، بۆ ئاگـادارکردنەوەی

لایەنەکانی تر سەرۆکی سەرفرازکرد، کێ لێی ئاگاداردەکاتەوە با بیکاتەوە، وا هەستمان دەکرد، کە ئێمە لە پرسە ناوەخۆییەکاندا ئازادین.

لە ١٨ نیسان کاتێک جاکسۆن بە ئاشکرا دژایەتی خۆی لە سیاسەتەکەمان ڕاگەیاند، لە ئامانجەکانی بێئومێد بووین، نیکسۆن داوای لە کۆنگرێس کرد لە ژووری ڕۆزفیلت کۆببنەوە، تا لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا ئاگاداربکەنەوە، پێمان وابوو ئەم کۆبوونەوە کۆتایی بە کێشەکە دێنێ و وەرچەرخانێکی سیاسیش لە پرسەکە ڕوودەدا.

وا پێدەچوو جاکسۆن ئەوەندە بایەخی بە پرسی باجی دەرچوونی جووەکان نەدەدا و مەبەستی نەبوو بیوروژێنێ، سۆڤیەتییەکان لە وەڵامیاندا گوتیان: وەڵامی سیناتۆرەکە گونجاو نەبوو، جاکسۆن گوتبووی بۆ ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت مافی (دەوڵەتی یەکەم) وەدەستبێنێ، دەبێ کەمترین ڕێژەی ڤیزای دەرچوونی کۆچبەرانی جوو دیاری بکا، جاکسۆن ڕێژەی لانیکەمی دیار نەکردبوو، ئاخۆ چەندە بەڵام بە مسۆگەری لە ژمارەی پێشتر زیاتر دەبێ، کە ٣٥ هەزار کۆچبەری جوو لە ١٩٧٣ کۆچیان کردبوو.

بەهۆی زیادکردنی مەرجی پێشوەخت لە لایەن جاکسۆنەوە یەکێتی سۆڤیەت بە مەرجی دانەوەی قەرزی کرێگرتن ڕازی دەبێ، ئەمەش وەکو ڕووبەڕووبوونەوەیەک وابوو، کەچی لە کاتێکدابوو ئیدارەی نیکسۆن لە لێژیدا دەبێ، چونکە لەو هەفتەدا بوو، کە جون دین دەچێتە بەردەم داواکاری گشتیی و قونبەلەکەی واتەرگێت (Watergate) بەڕووی نیکسۆندا دەتەقێنێتەوە. وەڵامی سیناتۆر لەسەر پرسەکە لەگەڵ خواستەکانی سەرۆک نەدەهاتنەوە، جاکسۆن لە نێو بازنەکەدا یاریزانێکی بە توانا و بەهرەدار دەرکەوت، بەڵام ئەمەی بۆ ئەوەبوو دوای سێ ساڵی تر دیموکراتخوازەکان کاندیدی کەنەوە، ئەو دەبووایە بە دوای ئەو ڕێگایەدا بگەڕێ، کە حزب لە کالیفۆرنیا ونیویۆرک لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بە دەستبێنێ، هەر ئەمە بوو هۆکاری ئەوەی کەمتر خۆی وەکو باز نیشان بدا لە بەردەم لیبراڵیستەکان، کە هەژموونیان لە نێو حزب لە ئاستێکی بەرزدابوو.

نیکسۆن ڕۆژانە لە تەلەفزیۆنەکانەوە گوێی لە هەواڵـی واتەرگێت (Watergate) دەبـوو لە بەرانـبەر جاکسـۆن و هاوپەیمانانیـدا هەسـتی بە لاوازی دەکـرد، بەهـۆی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێککەوتنـی بازرگـانی بـۆ هـاوین و دواتـریش بـۆ پـایزی ١٩٧٣ دواخرا، من و جاکسۆن تا ٦ی ئاداری ١٩٧٣ یەکترمان نەبینی، کە بتوانین ڕێـگە چارەیەک بدۆزینەوە .

ئەو کات نیکسۆن بەرە بەرە ڕووبەڕووبوونەوەی تۆمەتەکان دەچـوو، بـۆیە جاکسـۆن هیچ پاسـاوێک نـابینێتەوە فشـارەکانی سـەر نیکسـۆن پـێ کەم کـاتەوە بـۆ ئەنجامـدانی ڕێککەوتنە، گفتوگۆ لەگەڵ کەڕ و لاڵ ئاستەمە، ئەم گـوتەیەش بە هەنـد وەرنەگیـرا، کە من پێشتر بە سەرکردە جووەکانم گوتبوو: من ڕازی نابم سـەرۆک هـەمواری ئەو یاسـایە بکاتەوە، کە تایبەتە بە کۆچکردنی جووەکان.

ئیتر ئەوکاتە جاکسۆن پرسی کۆچی جووەکانی وەکو شکلی هێشتبووەوە، هەر بـۆ ئەوەبوو تا نیشانی بدا، کە نیکسۆن لە چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەڵـە بووە. دیارە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوە و سەرۆک بۆ ئەو دەستکەوتی زیاتر دەبێ لە دەستکەوتی کاری دبلۆماسی. کاتێکیش زانای سۆڤیەتی لە بواری مافی مـرۆڤ ئەندرێ زاخارۆف نامەیەکی بڵاوکردەوە پێگەی جاکسۆنی پێ بەهێزبوو.

چـاوپێکەوتنی دووەمـم لە ١٥ی ئـادار لەگـەڵ جاکسـۆن چـاوپێکەوتنێکی چـاو پێداخشاندنی بوو، بۆ ئاشکراکردنی کارەکانی بوو، ئەو داوای لە یەکێتی سۆڤیەت دەکرد پەیماننامەیەک بە نووسین بدات تێیدا ڕێگە بە سەد هەزار جوو بدا، سـاڵانە کـۆچ بـکەن ئەم ژمارەش سێ بەرانـبەر ژمـارەی سـاڵی پێشـتربوو، جاکسـۆن پێـی وابـوو ئەو ژمـارە دزەی کردووە ئەمەش وا دەکا، کە من بە لاواز بێمە بەرچاو یان بڕوام پێی نەبێ، تا ئەو بـڕوای زیـاتری بەو دەستپێشـخەریە هەبـێ. ئەگەر سـۆڤیەت بەم ژمـارەش ڕازی بـن جاکسـۆن ئامـادە نییـە، ئەو بە وڵاتـی یەکەم لە چاودێری قبوڵکـا، چـونکە کێشـەکە لە وەدابوو ئەو داواکاری تری لە هەگبەدا هەبوو.

بۆ سیناتۆر سازش وەک ئاوی ژیان بـوو، تەنهـا کـزە ئومێـدێک هەبـوو کـۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکانی بدا، ئەگەر ئەمەش بکرابا، واتـا تێکـدانی ڕێککەوتـنەکە بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت.

وەکو هەوڵێکی دەرچوون لەم قەیرانە من گفتم بە سیناتۆر جاکوب ڤافیتس لە نیویۆرک و ئەبراهام ڕیبیکۆف لە کونیتیکون دا، کە شاندێکی دانوستانکاری لە کۆنگرێس پێکهێنابوو بە سەرۆکایەتیی جاکسۆن، لە میانی سەردانیشمدا بۆ مۆسکۆ لە ماوەی ٢٤ تا ٢٨ئاداری ١٩٧٤ پێشنیارم کرد دەستبکەم بە گفتوگۆ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت (ئەندرێ گرۆمیکۆ)، بۆ ئەوەی لە ڕێکارەکانی کۆچی جووەکان بگەم و لە نیازەکانی سۆڤیەت بگەم، کە برجنێڤسالّی پار بە بەیاننامەیەک ڕایگەیاندبوو منیش بە نامەیەک ئاگاداری ئەنجومەنی پیرانی بکەمەوە، بەم ڕێگەیە سۆڤیەتییەکان دەتوانن پرسی کۆچی جووەکان لە ژێر کاریگەری ڕێکارەکانی کۆنگرێس دەربێنن، بەڵام کۆنگرێس سورە لەسەر ئەو زانیاریانەی داوایان دەکا. شێوازێکی زیرەکانە بوو ئەگەر کۆنگرێس مەبەستی بێ سۆڤیەت لەو لەرو دامانە ڕزگارکا، بەڵام بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر جەماوەری دەنگدەر دەبێ ئەنجومەنی پیران کارێکی وا بکا، جەماوەر وا تێبگەیەنێ کە یەکێتی سۆڤیەتی ناچارکرد بێتە ژێر باری مەرجەکانیان.

ئەم هەڵوێستە بۆی هەبوو نەخشە پان و بەرینەکە لەبار بەرێ، چونکە سۆڤیەتیەکان ڕازی نابن کۆنگرێس مافی کۆچی جووەکان دیاری بکا، ئاسانکاریان بۆ کردین بۆ ئەوەی لە بووارەکانی تر نیازەکانی ئەمریکا مسۆگەر بکا، بۆیە یەکلایی کردنەوەم لە تێگەیشتنی ئیدارەی ئەمریکی لە نیازەکانی یەکێتی سۆڤیەت و گەیاندنی بە کۆنگرێس ئێمەی گەیاندە ناکۆکیەکی بێ کۆتایی. چونکە کۆنگرێس پەیوەندیەکانمان بە پابەند دەزانێ لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤیەت ڕەتی دەکاتەوە هیچ پەیمانێکیان دابێ.

سور بوونی ئەنجومەنی پیران لەسەر نوێ کردنەوەی سالآنەی ( دەوڵەتی یەکەم لە چاودێری) MFN بۆ سۆڤیەت دەبێتە مایەی ئەوەی زیاتر ئەمریکا ببێتە بارمتەی سۆڤیەت، لە هەر نوێ کردنەوە یەکیشدا مەرج و داواکاری نوێ دێنە پێش، بە مسۆگەریش لەم خالە ئیدارەی ئەمریکی بە لاوازو لە خشتە براو تۆمەتبار دەکرێ، دیارە یەکەم نوێبوونەوەش کە لە هەڵبژاردنی ١٩٧٦ دەکرێ نزیک بووەتەوە و نیویۆرکیش بۆ جاکسۆن یەکلاکەرەوە دەبێ، ئەگەر ئیدارەو ئەنجومەنی پیران بە یەکەوە کار لەسەر ئەم پرسەی کۆچی جووەکان بکەن کە بە شێوەیەکی دیار بەرەو باشی دەچێ بە دڵنیایی دۆخەکان باشتر دەبن، ڕووبەڕووبوونەوەش لەم بارەوە هیچ سودێکی نابێ، بۆیە نابێ

کۆچکردن کەم بکرێتەوە، هەموو ئەوانەی لەم چوار ساڵە ئومێد دەکەن جێبەجێ بکرێ دەبێ بە هەناسە و دڵێکی فراوان ئەنجامی بدەن.



ئەندرێ گرۆمیکۆ/ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت

لە چەند هەفتەیەکدا پلانەکەی من سەری هەڵدا، لە دیداری یەکەمم لە مۆسکۆ و دووەمم لە جنێف لە نیسانی ١٩٧٦ لەگەڵ ئەندرێ گرۆمیکۆی وەزیری دەرەوی سۆڤیەت، کە ئەوەندە بە پەرۆش نەبوو بەڵام جەختی برجنێفی لەسەر دروست نەکردنی گرفتی یاسایی لەبەردەم پرۆسەی کۆچی جووەکانی دووپات کردەوە، گوتیشی هەموو ئەوانەی داوای کۆچکردن دەکەن ڕەزامەندیان لەسەر دەدرێ، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی داواکاریەکانیش تەنها ١،٦% دەبێ.

گرۆمیکۆ زۆر بە قورسی ڕەزامەندیی لەسەر ژمارەی ٤٥ هەزاردا، واتە بە ڕێژەی٢٥% زیادی کرد، ئەمە پێشنیارێکی گونجاو بوو، بە گاڵتەوە گوتی حکومەتی سۆڤیەتی ناتوانێ بە زۆر کۆچ بە هاوڵاتیانی بکا، بۆ ئەوەی کۆنگرێسی ئەمریکی ڕازی بێ.

ئەم ژمارەیە بە خۆشی لە لایەن جاکسۆنەوە پێشوازیی لێ کرا، بەڵام ڕیچارد جیرل سوربوو لەسەر داواکردنی ژمارەی سەد هەزار کۆچبەری جوو ساڵانە وەکو

(کۆتا)، جاکسۆن زیرەکانە پرسەکەی خستەڕوو و گوتی پێشنیارەکە مەرجی پێشوەخت نەبوو ئامانج بوو، دواتر بۆمان دەرکەوت، کە مەبستی لە ئامانج واتە یەکلاییکردنەوە واتە نزیکەی ٧٥ هەزار یا زیاتریش ئەمەش دەبێتە دوو بەرانبەری ژمارەی پێشوو، لە کاتێکدا ئێمە لەسەر پێشنیارەکەی جاکسۆن گوتوبێژمان دەکرد دەرکەوت کە ژمارەی کۆچبەران هەر ساڵێ وردە وردە کەم دەبنەوە بۆ نیوەی ژمارەکە.

جاکسۆن داواکاری زیاتر دەکا، داوایکرد پێشینەی پێدانی ڤیزە بدرێت بەو جووانەی لە هەرێمە کەم خوێندەوارەکانەوەن، هەروەکو جاکسۆن گوتەنی ئەم گۆتە گۆتە دەبێ کۆتاییان بێ ئەوەندە مەرجی پێشوەخت نەخرێنە بەر وڵاتێک، مەبەستە بخرێتە ناو گروپی (وڵاتی زۆرترین چاودێری)، ڕێککەوتنەکە خرایە بەردەست وەزیری دەرەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت واژۆی بکا و ژمارەی کۆچبەران بۆ سێ بەرانبەر هەڵکشێ لە بەرانبەردا یەکێتی سۆڤیەت ئازاد دەبێ بازرگانی ئازاد لەگەڵ ئەو ١٠٠ وڵاتە ئەنجام بدا، کە لە هەمان دەستەواژەی (وڵاتی زۆرترین چاودێرین)ن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوان دۆسیەکە ساڵانە دەبێ بخرێتەوە بەردەست کۆنگرێس تا ڕەزامەندی لەسەر درێژکردنەوەی بدا.

بۆ ئەوەی هیچ کەلێنێک لەم ڕێککەوتنەی بازرگانیدا نەمێنێ، جاکسۆن چەند کۆت و بەندی بۆ قەرزە بازرگانییەکان دانان. لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٤ دەسەڵاتەکانی سەرۆک بوون هەندێک ئاسانکاری ببەخشێتەوە، بانکی هاوردە و دەرکردە ساڵانە دووجار پێویستی بە نوێبوونەوە هەبوو، ئەمە نەریتی دوو سەدەیە بێ گرفت، بە هەموارکردنەوەی یاساکە جاکسۆن و شێخی یاوەری دیموکراسمان (ئەولای ستیفنسۆن ی سێیەم) لە ئیلینیۆوە، دوو قوفڵ لە پەیوەندیە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەدەن.

هەموارەکە دەڵێ هەموو قەرزەکانی یەکێتی سۆڤیەت کە لە ٥٠ ملیۆن دۆلار زیاتر دەبن، دەبێ بە ڕەزامەندی کۆنگرێس بێ و گوژمەی ٣٠٠ ملیۆنیش لانی زۆری کۆی قەرزەکان دەبێ، کە بە یەکێتی سۆڤیەت دەدرێ، بەهۆ ئەو کێشە و گرفتانەی جاکسۆن و یاوەرانی دەخەنە بەردەم ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، دوای دوو ساڵ پەیوەندیە بازرگانییەکان بەرتەسک دەبنەوە، پەیوەندیەکانی یەکێتی سۆڤیەت و

ئەمریکاش لە ئاستێکی زۆر خراپدا دەبن، کە لە سەردەمی شەڕی سارد بەم ئاستە نەگەیشتبێ.

ئێستا بابەتی چارەنوسی نیکسۆن بەندە بە کۆچی جووەکانەوە، لە حوزەیرانی ١٩٧٤ دەگاتە مۆسکۆ بۆ دانیشت لەگەڵ برجنیڤ، کە وەکو سەرۆک دوا گەشتی دەبێ بۆ دەرەوەی وڵات، هەرچەندە سەرۆک ئەم گەشتەی بۆ پرسە ناوەخۆییەکان بە کارنەهێنا بەڵام بەر لە سەفەری جاکسۆن ڕادەگەیەنێ، کە چەند مەرجێکی تر بۆ کۆچی جووەکان دادەنێم، هەرچەندە ڕاینەگەیاند، ئەو مەرجانە چین، بەڵام تەنها ڕاگەیاندنەکە مانای ئەوە دێ، کۆتایی بە هەوڵەکانی کۆچی جووەکان بێنێ، پرسەکە مایەوە، تا دوای پێنج حەفتە سەرۆک دەست لە کار دەکێشێتەوە.

لە دوایین ماوەی سەرۆکایەتییدا سیاسەتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی، مایەی ڕەخنە بووە، لە ڕەخنەکانیان زیادەڕۆیی زۆری پێوە دیاربوو، بە کەمتەرخەم تۆمەتبار دەکرا و وەکو سەرۆکێکی هەڵنەبژێردراو دەیاندایە ناسین لە کاتێکدا ئەمریکا خۆی ئەوکات دابەش ببوو، کۆنگرێسیش کە دژایەتی دەکرد هەموو دەسەڵاتەکانی سەربازیی لێ سنوردارکردبوون، ئەمە بەرپرسیارییەتییەکی مەزنە دەخرێتە سەرشانی سەرۆکێکی نوێ، کە لە هەموویان زیاتر هەوڵی دەدا بڕوابوون بەخۆوە بنیادبنێ، تا ڕووبەڕووی قەیرانە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان ببنەوە.

( ٥ )

## چین و سەرکردەکانی

بەهۆی خێرایی و وردی پەیوەندییە نوێیەکانەوە لە داهاتوو بۆ مێژوونوسان ئاسان نابێ، ڕووداوەکان بە وردی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بنوسنەوە، تا ئەوکاتەی ئامێری چاپو تەلەگراف بۆ پەیوەندییەکان بە کاردەهات، ڕاکێشانی نامەیەکی فەرمی بەم ئامێرانە کارێکی ئاسان نەبوو، ڕێنماکانی دبلۆماتکاران بە دەستەواژەکانەوە بەسترابوونەوە، نوسینگەی دەرەوەی مەزنترین دەوڵەتیش لە ئامانجە گشتییەکان بەولاوە هیچی تری پێ نەدەگواسترایەوە، تەکتیکەکان بە خۆرسک دەهاتنە پێش. ڕاپۆرتی دبلۆماتکارانیش پێویستی بە پێناساندنێکی گشتیی پەیوەندییەکان هەبوو، لە نێوان کۆن و نوێیەکاندا، هەندێکجار داوای گۆڕینی ستراتیژیەتیان لە دبلۆماتکارەکان دەکرد، لە هەموو حاڵەتەکان ڕاپۆرتی دبلۆماتکارەکان زیاتر شیکاری بوون.

تەکنەلۆژیا شۆڕشێکی لە بواری ئیدارەی دبلۆماسیەت خولقاند، ئەوەتا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک و گەیاندنی بە شوێنی مەبەست و وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەکان تەنها چەند خولەکێکی پێویستە، بە شێوەیەک کارەکان بە ئاسانی و خێرایی دەچن بەڕێوە، کە وەزیر و سەرۆکەکان پشت بە دبلۆماسیەتی ڕۆژ دەبەستن، کە لەگەڵ سات و کاتەکە بێتەوە. بۆیە مێژوونووسانی داهاتوو ڕووبەڕووی مەترسی فرە بەڵگەنامە دەبنەوە، زۆربەی جارەکان دبلۆماتکاران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە دەبێ چی بڵێن نەک بۆچی ئەوە بڵێن.

لەو کاتەی پەیوەندیەکانی چین و ئەمریکا لە ١٩٧١ ئاسایی بوونەتەوە، بە هۆی نەبوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان بۆ ماوەی سەدەیەک، ئەمجارەیان هەردولا لاپەرەیەکی خاوێنیان لە پەیوەندیەکان کردووەتەوە، چونکە لە ئەنجامی سیاسەتی ماوتسی تۆنگ، کە (پشت بە خۆبەستن)ە لەگەڵ سیاسەتی گەمارۆی بازرگانی، کە ئەمریکا پیادەی دەکا، پەیوەندیەکانی بازرگانیان خنکاندبوو، ئەو بنەمایانەی پشتیان پێ بەستبوو بۆ بەستنەوەی پەیوەندیەکانیان بنەمای جیوپۆڵەتیکی بوو، کە هەردووک وڵات لەژێر

هەڕەشــە و هەژمــوونی یەکێتــی ســۆڤیەتدابوون و پرســی تــایوان و دیــاریکردنی پەیوەندیەکانی هێزە ئاسیایی و جیهانییەکان بوو.

دیالۆگی هەردووکیان لەسەر بنەمـایەکی سـتراتیژی بنیـادنرابوو، چـونکە مەبەسـتی هەردووکیان نزیککردنەوەی بۆچوونەکـان و چاوپۆشـین لە دۆخـی دونیـا بـوو. لە هـەموو سەردانەکانمدا چی ئەوانەی بە تەنیا ئەنجاممدان یان ئەوانەی بە یاوەری سەرۆک لەگـەڵ سەرکردەکانی چین دانیشتوین لە هەموو دانیشتنەکانمدا درێژتر و پەیوەندیـدارتربوون بە دەستەواژە و لە یەک تێگەیشـتنەکان، بە ڕاسـتیش ئەوکـات هیچـی ترمـان نەبـوو باسـی لێوە بکەین، جگە لە بنیادنانی پەیوەندیەکانمان، کە مەبەستی سەرەکیمان بوو.

## دوو شێواز لە دبلۆماسیەت

بەهـۆی بـوونی ئەو درزە مەزنەی نێـوان چـین و ئەمریکـا لە ڕووی ئایـدیۆلۆژیا و کولتـوور و بـووژانەوەی ئـابوورییەوە کۆمەڵگـەیـان لە یەک جیـاکردەوە، تەنهـا ئەوانەی سەردەمی ماویان هەڵبـژارد دەتـوانن هەست بەو جیـاوازیەی چـین بـکەن، دروسـتبوونی شــاری نــوێی هــاوچەرخ، ســاختمانی زەبەلاح، دروســتبوونی جــەنجاڵی هــاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکــان لە شــەقامەکاندا، بەڵام ســەرهەڵدان و دروســتبوونی کۆمەڵگــەیەکــی بەکارهێنەر زیاتر لە بەرهەمهێنەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوبوو بۆ سەردەمێک، کە چـین بە توندی دەستی بە ئایـدیۆلۆژیاکەیەوە گرتـوە و پیـادەی دەکـا، ئەو ئایـدیۆلۆژیایەی لەســەر بنەمـای کتێبـی سـوری مـاو هەنگـاو دەنـێ، خـۆی دونیـایەکی تـایبەتی بـوو، پیشەسازیەکی خەوتوو هەرەوەزێکـی کشـتوکاڵیی دواکەوتوهـو، لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆری هاوڵاتیان بە جل و بەرگە کۆنەکانیانەوە، ئامرازی گشتیی هاتوچۆ لە شەقامەکان بریتـی بوو لە ماتۆڕسکل، ئەمە وێنەی ئەوکاتی چین بوو، کە بە یاوەری سـەرۆک نیکسـۆنی دژ بە کۆمۆنیزم سەردانیمان کرد، تا لەگـەڵ سـەرۆکە کۆمۆنیستەکەی (ماو تسـی تۆنـگ)دا کـۆبێتەوە، کە هــەڵگری دروشــمی ئایــدیۆلۆژیی دژ بە ســەرمایەداری بــوو، بە نیــازی هەڵگیرساندنی شۆرشێکی جیوپۆلەتیک.

نیکسۆن مەبەستی بوو هەرچی زووە لە ڤێتنام دەرچێ بۆ ئەوەی لەگەڵ سۆڤیەت هاوسەنگ بێ و تا بەرەش لە ژێر پێی بزوتنەوەی ئاشتیی دەربێنێ، کە لە ناوەوە بەهێزن، ماو لەگەڵ نیکسۆنا لەسەر ناڕەحەت بوون لە سۆڤیەت هاوڕابوو، پاساوی ئەوەی بەدەستەوە بوو کە دڵنیابێ لەوەی ئامانجی دووەمی چینە، هیچ لە سەرکردە کۆمۆنیستیەکانی تری دونیا زاتی ئەوەیان نەبوو بەرانبەر بە زەبەلاحی سۆڤیەت بوەستنەوە جگە لە ماو، کە برجنیف ئەو بنەمایەی لە١٩٦٨ ڕاگەیاند بریتیی بوو لەوەی: سۆڤیەت مافی ئەوەی هەیە هەر دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی ئەگەر لەسەر هێل لایدا، بەهێز بیگێرێتەوە سەر ڕێچکەی ڕاست، ئەمە مەبەستی چینی ماوە، بۆیە نزیک بوونەوەی چین و ئەمریکا پێویست بوو، بەڵام ڕوودانی ئەو زەرورەتە دەمێنێتەوە سەر توانا و ستراتیژی هەریەک لەو سەرکردانە تا چەند سەر بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژی و ئایدیۆلۆژیاکان دادەنوێنن.

ئەم جۆرە بیرکردنەوە و گونجانە پێویستی بە سازانێکی هزری هەبوو بۆ ئەمریکا زیاتر لە چین. ماو لە زیرەکی خۆیەوە بوو کەواتێنەگا ئەمریکا لە بەرژەوەندی خۆیدا نییە ئەگەر چین لە کۆبەندی کۆمۆنیستی دەرچێ و بگەرێتەوە سەر بنەمای نەریتی کلاسیکی تا بتوانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکا.

چین کە بە ( پادشانشینی مامناوەندی) ناو دەبردرێ، بە درێژایی مێژوو لە وڵاتەکانی لوتکە بووە لەسەر ئاستی دەوروبەری، کاتێکیش هەستی بە نائارامیی دەکرد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری بە دوای هاوسەنگی هێزدا دەگەڕا، لە نێو خۆیاندا بە (بەربەری) دەیناساندن. سیستەمەکەش ئاوەهابوو، ئەو دەوڵەتەی بەربەریی دوورە مامەڵەکردن لەگەڵی دا ئاسان و بە ئەمانەتتربوو لە دەوڵەتی بەربەریی نزیک. لە ١٩٦٩ پێویستی بە فیتنەیەکی مەزن هەبوو بۆ ئەوەی بسەلمێندرێ، هەڕەشە مەزنەکە بۆ چین لە یەکێتی سۆڤیەتیەوە دێت، ئەوەتا نزیکەی یەک ملیۆن سەربازی لە سەر سنورەکانی داناوە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە بۆ ئەمریکا ئەوەبوو ئاخۆ بەربەریە دوورەکە لە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەگا.

بەڵام کێشەی فەلسەفیی نیکسۆن گەلێک ئاڵۆزبوو، ئەو یەکەم سەرۆک بوو لەسەر گەلان دامەزراو پشتی لە دام و دەزگەکان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کرد، هەرئەمەش

بوو ئەو بڕوایەی دروستکرد، کە توانای ئەزموونی ئەمریکی لە سەرووی تواناکانەوەن، ئەمە بووە بڕوایەکی نیشتمانی لای هاوڵاتیان، بە هۆی جوگرافیاکەشیەوە کە لە دوو لاوە بە دەریا دەوری دراوە و ماوەی دوو سەد ساڵ تاکە هێزی زەبەلاح و خاوەنی دراوسێیەکی بە هێز نەبوو، هاوسەنگی هێزە کە ئەوروپا دایهێنا مەترسی بۆ ئەمریکا نەبووە، بایەخی کەمتر بوو لە بایەخی کۆدەنگی کۆمەڵایەتیی و ڕەوشتی و یاسایی.

کاتێک لە ڕێککەوتنی شانگهای لە ١٩٧٢ هەریەک لە نیکسۆن و ماو پەیمانی ئەوەیان دا ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی سەر ئاسیا ببنەوە، دوای ساڵێک هەموو دونیای گرتەوە، ئەمە ئاماژەیەک بوو بە دوورکەوتنەوە لە ولسۆنیزم زیاتر لە دوورکەوتنەوە لە کۆنفۆشیۆسیزم کلاسیکی، هەرچەندە بە ڕوونی دیارینەکرا چۆنە، بەڵام بریتی بوو لە سیاسەتی هاوسەنگی هێز، یا ڕێگەگرتن لە بەردەم هەر وڵاتێک لە ڕێگەی بەرزی ئاستی ژمارەی هێزی کار یان داهاتی بەرهەمەکانی ببێتە مەترسی لەسەر دونیا، بەڵام لێرە مەبەستی ئەمریکا و چین کە ناشاردرێتەوە ڕێگریکردن بوو لە یەکێتی سۆڤیەتی، هەژموونی خۆی بەسەر ئاسیا یا دونیادا نەسەپێنێ.

بە ڕاستیش ئامانجە ستراتیژیەکانمان زۆر ئاڵۆزتربوون: گۆڕینی هەردوو هێزی شەڕی ساردی جیهانی بۆ هێزی سێیەم، کە لە هەردووکیان نزیکبن زیاتر لە نزیکی ئەوان بۆ یەکتری، بەم شێوە بژاردەکانمان بەرفراوانتر دەبن، ئەم جۆرە پێداگریەی جوگرافیای سیاسیی و هاوسەنگی هەرگیز لە سەرۆک نیکسۆن ڕەچاو نەدەکرا، لانیکەم لە سەردەمی سەرۆک (تیودوور ڕۆزفلت)ەوە ئەمە ڕوزینەداوە.

بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەکەمان لە ئیدارەپێدانی دەوڵەت پێویست بوو شێوازی چین پیادە بکەین، بەر لە سەفەرم بۆ بینجین پێمان وابوو ئێمە دەتوانین هەمان شێوازی سۆڤیەت لەگەڵ چین بە کاربێنین، بەڵام زوو جیاوازیەکانی کولتووریی نێوان چین و سۆڤیەتمان بۆ دەرکەوت. دبلۆماتکارانی سۆڤیەت نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی خاوەن مێژوویەکی بەهێزی توندبوون. چەندین ئیمپراتۆریەتیی نەتەوایەتیان بینی بوو، کە بە هێز حوکمڕانیان کردووە، یەکێتی سۆڤیەت و پێشتریش ڕووسیای ئیمپریالیست هاوپەیمانی کەمیان هەبوون لە دەرەوەی سوپاکەیانەوە، شێوازی دانوستانەکانی سۆڤیەتیش ڕەنگدانەوەی ئەو دیفاکتۆیەبوون، لە ڕێگەی هەڕەشە و

پێداگریەوە بە قەدەر ئەوەی بۆ ڕازیکردنی دانوستانکارەکان کاریان دەکرد زیاتر بۆ ماندووکردنی دانوستانکارەکان کاریان دەکرد.

بە پێچەوانەی ئەوان دانوستانکارەکانی چینی نیان و ڕۆشنبیربوون، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر شارستانیان دەکرد. دبلۆماتکاری چینی نیان و بێ هەڕەشەبوون شانازیان بەوە بوو ئەندامی یانەیەکی چینی بن، ئەگەر ئەندامی شەڕەفیش بێت، زمانی بەخێرهێنانی چینی کاتێک دەڵێن برادەری دێرین، واتە ئەندامی نزیک لە یانەی چینی برادەری نوێش واتە پاڵێوراوە بۆ ئەندامیەتی، کاتێک ڕایدەگەیەنن برادەریت زۆر ئاستەمە داخوازیەکان جێبەجێ نەکەیت بە تایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دانوستان و پرسە بنەماییەکان، پرسی بنەمایی لە دانوستانەکانی ئەمریکا و چین پرسی یەکپارچەیی چین بوو، دانپێدانان بە یەکپارچەیی بە تایبەتی تایوان، کە بەشێکە لە چین مانای درێژەپێدانی دانوستانەکانە هاوڕابوون لەسەر ئەم پرسە سەرەتاییانە ڕێخۆشکەرە بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو.

سەبارەت بەو دبلۆماتکارە سۆڤیەتیانەی، کە لە دانوستاندا وا دەزانن لە شەڕێکی دەستەویەخەدان، لای ئەوان هیچ پرسێک بچووک نییە، بچووکترین کێشە پێداگری و ڕکەی لە بن دەنێن، دانوستانکارە چینییەکان لە سەرەتای دانیشتنەکانیان بۆ نواندنی ڕێز و خۆشکردنی کەشی دانیشتنەکان هەندێک سازش لەسەر وردە داواکاریەکان دەکەن، هەوڵی زۆر دەدەن تا ئەوە بسەلمێنن دۆستایەتی چین لەسەر بنەمایەکی ڕەوشت و جددی بنیاتنراوە، ڕێز لە دانوستانکارەکان دەگرن، باشترین نموونە ئەوەبوو، کە ماو لە ١٩٧٦ لەوکاتەی هەندێک سیاسەتوان خۆیان لە سەرۆکی کۆن دوور دەخستەوە، ماو تسی تۆنگ فڕۆکەیەکی تایبەتی بۆ دەنێرێ.

دارێژەرانی سیاسەتی ئەمریکی لە نێوان براگماتی و تەبشیری دابەش بوونە، لە نێوان پراکتیکی و نموونەیی. لە چین ئەم جیاوازیە بە شیکارێکی جیوپۆڵەتیکی ورد چارەسەر دەکرا، دیدێکی ستراتیژی بە پێداگریەکی توند.

دانوستانکارە ئەمریکیەکان حەزیان لە بەکارهێنانی دەستەواژە یاسایی و بە کارهێنانی دۆکۆمێنت بوو، هەرچی چینییەکان بوون پێیان وابوو بەردەوام بوون، کۆکبوون لەسەر بەرژەوەندیەکان لە پێش هەموویانەوەیە و بڕوای تەواویان پێی هەیە،

پێیـان وابـوو درێـژەی نـابێ بـۆیە هەمیشـە پرسـەکانیان لە شـێوەی پەنـد وەرگـرتن لە مێژووی پێنج هەزار ساڵەیان دەخستە ڕوو.

زۆرێـک لە دەسـتەواژەکان لە نێـو هەردووک کۆمەڵـگـە بوونیـان هەبـوو، کاتێـک شـتێک ڕووی دەدا ئەمریکییەکـان ئاماژەیـان بە مێـژوو دەدا هەرچـی چینییـەکـان بـوون ئاماژەیان بە سەرجەلەی حاکمەکانیان دەدا، کە ١٤ سەرجەلە حوکمی چینیـان کـردووە، حوکمی حەگوتیان لە مێژووی ئەمریکا کۆنتربـوو، حـوکمی سـێ یـان بە قەدەر مێـژووی ئـێمە بـوو. لە کاتێکدا ئەمریکییەکـان هەسـتیان بەرانـبەر بە مێـژوو وردە بەڵام دیـدیان کـورتە، کەچـی چینییـەکـان هەسـتیان بەرانـبەر بە کـات بە مەزنـدەیە، توانـای دیـدیان گەورەیە، مەرجەعــیە چینیــەکــان تەنهــا لە لای ئەمریکییەکــان دەســتدەکەوێ، ئاماژەکانیشمان بۆ مێژوو لای چینییەکان، وا نیشان دەدا، کە بێ زانیارین لەم ڕووەوە.

سـەرەڕای ئەم هـەموو جیـاوازیە کولتـووریە دانوسـتانەکانی نێوانمـان بەردەوام و یەکگربـوون، ئەوەنـدە درێـژەی کێشـا شـێوازێکی تـری پەیوەنـدیەکان وەردەگـرێ، لە ویلایەتی نیکسۆنەوە دەستپێدەکا، تا ویلایەتەکانی تر درێژەی دەبێ، سـەرەڕای چەنـدی جیاوازیی سیاسیی ئەو دوو حزبە، لە سەدەی بیستەم زیاتر یەکگردەبێ.

## ماو تسی تۆنگ
## Mao Dzedong



Mao Dzedong ماو تسی تۆنگ



(ماوتسی تۆنگ) سەرۆک بوو، (ژو ئنلای) سەرۆک وەزیران، دواتریش دینگ زیاوپینگ (Deng Xiaoping) جێگری سەرۆک وەزیران، ئەوان دانوستانکاری درێژە پێدەربوون، ماو هاورێکانی وەکو دیل و بەردەست بە کاردەهێنا، چینییەکانی تریش هەمان گوتەکانی سەرۆکیان دووبارە دەکردەوە، وەکو پێداگری و پەسندکردنی گوتەکانی و پێدانی شەرعییەت، یانیش بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بوو، بە ئامادەبوونی سەرۆکیش بە هەمان ئاست جیاوازبوون لە نێو خۆیاندا.

سیمای درێژەدان بە دانیشت و گفتوگۆکانەوە دیاربوو، سەرۆک ماو لە شاری ئیمپراتۆر دادەنیشت و وەکو ئیمپراتۆر هەلسوکەوتی دەکرد، کارێکی ئاسان نەبوو پێشوەختانە کاتی دانیشتن دیاری بکرێ، ئەو پێنج دانیشتنەی ئەنجامیش درابوو پێشتر جێگری وەزیری دەرەوە (وانگ هیرون) خوشکەزای ماو دەهات دوای ماوەیەکی تر هاوکارەکانی ئەندامانی دانوستان کار دەهاتن بۆ گفتوگۆ، دوای ئەوە دونگ نامەکانی دەخستنە سەرمێز و پێی ڕادەگەیاندم، کە سەرۆک ماو لە چاوەڕوانیم دایە، لای ئەوان گرنگ نەبوو ئاخۆ شاندی ئەمریکی بۆ دانیشتن ئامادەیە یان نا.

من بە تەنیا بە یاوەری دینگ یان ژو هانلای بە ئۆتۆمبێلێکی چینی دەچووینە لای ماو، بێ ئەوەی ڕێگە دەبڕێ هیچ لە فەرمانبەرانی کۆشکی سپی یاوەرم بن، ڕاگەیاندن کارەکانیش ئەوکاتە ئاگاداردەکرانەوە، کە کۆبوونەوەکان تەواودەبوون، چینییەکان لە وێنەکێشانی دیمەنی دانیشتنەکان زیرەک و لێزان بوون لەوەی چۆن شکۆی ماو لە وێنەکاندا بەرز نیشان دەدەن و ئەوکاتیش باسیان لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی دوور و درێژ دەکرد، ئەو نامەی مەبەستیان بوو بە جەماوەری بدەن لە گەشەسەندنی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و چین باشیان دەڕازاندەوە، دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەش نیشاندەدرا، کە ماو بە پەنجەکانی ئامارە بۆ من دەدا بە واتای خۆشحاڵی و بەخەندەوە دەردەکەوت.

بارەگای ماو بە دەرگایەکی سوردا ڕەت دەبوو لە (کسیشانگ ئان جی) نەختێک لە دیواری شاری کۆن دووربوو، هەر لەوێش مایەوە تا سەرکەوتنی کۆمۆنیزم بەسەر شارەکاندا، لە سەرەتای پەیوەندیەکانی ئەمریکا و چین ئەو شەقامە کەسی پێدا

نەدەڕۆیشت، بەڵام ئێستا بە ڕووی پیادەڕۆدا کراوەیە، ڕێگاکە بە دەوری دەریاچەیەکدا دەسوڕایەوە، لە دەوربەری ئەم شارە ئیمپڕاتۆرە بارەگای پیاوە مەزنەکان و فەرمانبەرە باڵاکان هەبوون، کە هەموویان لەسەردەمی دۆستایەتی چین و سۆڤیەت بە ئەندازیارێتی ستالین دروستکرابوون.

وا پێدەچوو بارەگەی ماو هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەوانی تر نەبێ تەنها نەختێک دوورتر بوو، لە یەکەم سەردانیمدا ژورێکی چاوەڕوانیم بینی، کە چەند مێزێکی بینگ بۆنگی لێ بوو، بەڵام دواتر نەمان و ڕاستەوخۆ بوو بە نوسینگەیەک بە وێنەی سەرکردەکانی دونیا ڕازاندرابووەوە.

ژوورەکەی ماو ژوورێکی سادە بوو، بە چەند دەلاقە و کتێب و پۆستەرێک ئاوەدان کرابووەوە، چەند کتێبێک لەسەر مێز و ڕەفەکان بوون لە سەردانی یەکەمم تەختێکی نووستنی لێ بوو، بەڵام دواتر ئەویشیان نەما، دانیشتنی لەسەر کورسییەکی نیمچە هەژێن بوو کاتێک هەڵدەستایە سەرپێ ژنێک یارمەتیی دەدا، چونکە ئەوکات نەخۆش و گیانی بە ئازار بوو، بەڵام ناوە ناوە خەندەیەکی بەڕووما دەکرد وەکو ئەوەی پێم بڵێ نەکەی وا بیر بکەیتەوە، کە نەخۆشم هەروەکو لە کۆبوونەوەکەی ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٧٣ گوتی:

سەرۆکی یەمەنی باشوور لێم نزیک بووەوە و گوتی: دەمەوێ پەیوەندیەکانمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بپچڕێنم. لەم پرسیارە مەبەستی بۆچوونی من بوو، من ئەم پرسیارەم لا سەیر نەبوو پێیم گوت: دەبێ سوربی، ئەوەتا ئێستا ئەوان هەوڵی نزیک بوونەوە دەدەن لە یەکێتی سۆڤیەت.

ماو وێڕای هیلاکی و نەخۆشی، بەڵام هۆشی تەواو و هۆشیاربوو، هێز و توانای لە سەرکردەکانی تر زۆر زیاتر بوو جگە لە شارل دیگول نەبێ.

زۆر بە گرانی هاتوچۆی دەکرد، لە قسەکردندا پرتە پرتی لێوە دەهات، وەرگێڕەکان بۆیان دەردەبڕی مەبەستی چییە، ئەویش بە سەرهەژاندن بۆ سەرەوەو بۆ خوارەوە پێی دەگوتن کە ڕاستە، وێڕای گرفتە جەستەییەکانی گوتوبێژەکانی لەسەر ڕێبازی سوکرات دەگوتەوە. بە پێچەوانەی سەرۆکەکان کە بە دەم گاڵتەوە دەست بە

گوتوبێژەکانی بکا، ئەو بە دەنگێکی نزم دەستی پێدەکرد و دەچووە ناو بابەتەکە، پاش ئەوەی هەندێک توانجی فەلسەفیی دەوەشاند.

لەم خاڵانەی دانیشتنەکانمدا لە نۆڤەمبەری ۱۹۷۳ دیارە، ماو لە دەسپێکدا ئاماژە بەو بابەتە دەکا، کە لەگەڵ ژوئنلای قسەی لەسەر کردووە، بەڵام کتوپڕ بابەتەکە دەگۆڕێ و دەچێتە سەر چاوتێبڕینەکانی سۆڤیەت:

- ماو: گوتوبێژتان لەسەر چیکرد؟
- ژوئنلایZhou Enlai : بەرفراوانی.
- کیسینجەر: ئەمە ڕاستە.
- ماو: مەبەستت کێ بەرفراوانبوون دەکا؟
- ژو ئنلای: خۆی کەس، بەڵام ئەوانی تر بەردەوامن.
- کیسینجەر: ناوە ناوە لەسەر هاوسەنگی ڕەخنەمان لێ دەگرێ، بەڵام ئەو خۆی سەرچاوەی ڕاستییەکان دەزانێ.
- ماو: بەڵام بەرفراوانبوون شتێکی ئازاربەخشە، دەبێ لێی نەترسن؟
- کیسینجەر: جەنابی سەرۆک ئێمە لێی ناترسین، هەموو جارێک ڕێکاری توند دەگرینەبەر هەروەکو پێشتر کردمان.
- ماو: خراپ نییە، (مەبەستی هەستیاری ئەمریکایە لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست).
- کیسینجەر: کێشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە، یەکێتی سۆڤیەت دەست نەگرێت بەسەریدا.
- ماو: هەرچەندە چاویان لە زۆر بڕیوە، بەڵام تواناکانیان سنوردارە، بەڵکو نەتوانن ئەمە بکەن.

کاریگەری تێبینییەکانی ماو لەسەر بەردەوامی و بەڕێوەچوونی دانوستانەکان بوو، ستونی بڕیارەکانی بۆ ژوئنلای جێهێشت، کاتێک لە شوباتی ۱۹۷۲ نیکسۆن ویستی ماو کێشکاتە سەر گفتوگۆیەک لەسەر چەند وڵاتێکی دیار، ماو پێی گوت ئەمە دەبێ لەگەڵ ژو ئنلای قسە بکەن من گفتوگۆ لەسەر بابەتی فەلسەفیی دەکەم.

ڕاستە ماو مەبەستی بوو خۆی لە ئەنجامە نامسۆگەرەکان دووردەخاتەوە، کاتێکیش مانیفێستی شەنگهای لەسەر چوارچێوەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و چین دەرچوو، زیندوو دەبێتەوە و هەستی دەکەوێتە کار، لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٥ لە سەردانەکەمدا بۆ پەکین، ماو پێی وابوو بەر لەوەی ئەو ببینم نابێ گفتوگۆ لەگەڵ دنگ ژیاوپنگدا بکەم، لەسەر پەیوەندیە نوێیەکانی چین و ئەمریکا، چونکە هیچ لایەنێک لە لایەنەکەی تری هیچی ناوێ، ئەمە هەڵوێستێکی خۆڕسک بوو، چونکە ماو داوای ستراتیژیەتێکی هەماهەنگی دەکرد، لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت:

ئەگەر هیچ لایەکمان هیچمان لەوی تر ناوێ ئەی بۆ من هاتوومەتە بیجینگ؟ بۆ دەتەوێ پێشوازی لە تۆ و لە سەرۆکت بکەین؟

لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا. ماو وەکو ناڕازی لە هەڵوێستەکانی ئەمریکا لە دژایەتیکردنی بۆ بزوتنەوە شۆڕشگێریەکانی کوبا و ئەنگۆلا پشتی بە چیرۆکێکی گەلەری بەست، هەر چەندە ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە کۆنگرێسەوە بە سەرماندا سەپێندرابوون:

دونیا بێ هەست و بزێوی لێ نەبڕاوە، ڕەشەبا و باهۆز بەڕێوەیە لەگەڵ هەڵکردنی باهۆز دەنگی هەلفرینی چۆلەکەکان دەبیسترێ، بەڵام ئەم هەڵفڕینە نابێتە ڕێگر لە بەردەم ڕەشەبا و باهۆز.

دەکرێ ماو لە هەڵوێستەکانی توند بێ، ئەوەتا لە دێسەمبەری ١٩٧٥ سەرۆک فۆرد هەولێدا دەستەواژەیەکی خۆی لەگەڵ ماو تاقیکاتەوە. من هەمیشە دەڵێم تۆ ڕازی نابی ئەگەر گونجاونەبێ، ئەم ڕستەیە وەرگێڕی هەژاند، چونکە ئەم ڕستە لە ڕووی زمانەوانییەوە نەدەکرا وەرگێڕدرێتە سەر زمانی چینی، ماو وەڵامی دایەوە و گوتی بۆچی ئەوە دەڵێی؟ ئەگەر لە ڕستەکە گەیشتبا بە دڵنیایی ڕەتی دەکردەوە.

گفتوگۆکانی ماو لەگەڵ ئێمە لەسەر دوو بابەت بوو:

١/ مەزندەکردنی بۆچوونەکانی لەسەر پێویستی لە پەرەسەندنی ستراتیژییەتی هاوبەش.

٢/ زیاتر ئاوڕ لە دۆخی ناوەخۆی چین بدرێتەوە، لە کاروباری دەرەوە شێوازی لە یەک نزیککردنەوەی جیوپۆڵەتیکانەبوو زیاتر لە ئایدیۆلۆژیانە.

لە تێبینییە هەرە سەرەکییەکانی ماو لەسەر سەردانەکەی نیکسۆنی ١٩٧٢:

خەڵکانی وەکو من هاوەنی مەزن دە تەقێنن.. دونیا هەموو دەبێ لە دژی ئیمپریالیزم و موڵکداریەتیی و هەموو ڕژێمە کۆنەپەرستەکان دەبێ یەکبگرێ و سۆشیالیزم بنیادبنێن. دواتر بە دەنگێکی مەزن دایە قاقای پێکەنین، وەکو ئەوەی لەسەر هەموو دیوارەکانی چین ئەم دروشمەیان نوسیبێ ئاوەها بە جدیی بێ، بە هەمان دیالەکتیک ماو مامەڵەکردنی لەگەڵ کەسانی پارێزگاری وەکو نیکسۆن و جورج بوومبیدوی پێ باشتر بوو لەوەی لەگەڵ ناحەزە چەپڕەوەکانی، کە بە کەسانی ناڕواڵەتی و سۆزداری دەناسرێن و هێرش دەکەنە سەر ئاشتی کۆمۆنیزم:

من ڕاستڕەوەکانم خۆشدەوێ، ئەوانەی دەڵێن ئێوە ڕاستڕەون و پارتیی کۆماری ڕاستڕەوە، سەرۆکی هایتی ڕاستڕەوە.. من دڵخۆشم کاتێک ئەم ڕاستڕەوانە دەگەنە لوتکەی دەسەڵات.

بەختی چین بوو، کە ئیدارەی نیکسۆن یەکەم لایەنی گفتوگۆکانی ئەمریکا و چین بوو، هەر سەرۆکێکی تر بووایە، بە نموونە ماکگفرن لە کۆتایی سیەکان و سەرەتای حەفتاکان لە توانایدا نەبوو، پەیوەندیەکان بگەیەنێتە ئەم ئاستە و بە پێی ستراتیژیەت و جیوپۆلەتیکێکی واقیعانە کاربکا.

لە سەردەمی سەردانییەکەی سەرۆک نیکسۆن لە ١٩٧٢ بۆ چین ئەوکات ئەمریکا تایوانی بە فەرمی دەناسی وەکو حکومەتێکی دانپێدانراوبوو، بەڕاستی ئێمە سەردانی ئەو پایتەختەمان دەکرد، کە دانی پێدادەنێین، لەگەڵ ڤێتنامی باکووریش لە حاڵەتی شەڕدابووین، کە هاوپەیمانی چین بوو لە هاوکاریەکانی بێ بەش نەدەکرد، لە ناویاندا هاوکاری سەربازی، ماو کاتەکانی بەم پرسانە ون نەدەکرد، نە تایوان، نە هندی چینی نەبوونە گرفت لەبەردەم گرێدانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و چین. بە ڕاشکاوی ماو لە یەکەم دیداری ئەمەی بە نیکسۆن گوت.

دواتر باس لە پرسی نێودەوڵەتیش ناکا، کە لای ئەو گرنگترین پرسە، ئیتر ماو ئەمریکای ئاسودەکرد لەو دڵەڕاوکێیەی دەربازکرد لە پرسی کۆریای باشوور و ڤێتنام، کە بۆ ئەو بابەتێکی بێزارکەر بوو، بە ڕاشکاویش گوتی هەرچییەک لە هیندیی چینی ڕوویدا سوپاکەی لە سنورەکان ناکێشێتەوە (پێشتر ئەمەی نەگوتبوو).

لە ئێستادا پرسی دوژمنایەتیی لای ئەمریکا و چین نەماوە، هەندێک لە هێزەکانتان دەکشێننەوە وڵاتی خۆتان و هێزەکانی ئێمەش لە وڵات دەرناچێ.

لە دانوستانەکانی تر ماو بە دووروودرێژی باسی لەو تێبینییە گشتیانە کرد، کە لە نۆڤەمبەری ١٩٧٢ بە نیکسۆنی ڕاگەیاندبوو،، داوای لێ کردم باس لە پرسە جیهانییەکان بکەین، ئەم باس و خواسە سێ کاتژمێری خایاند، لە گوتەکانی لە نێوان گومان و ئاماژەدا دەبوو، ئەو بە تێگەیشتنی تایبەتی خۆی گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئاستی دونیا بۆ ڕوون دەکردینەوە، لەسەر دانیشتنەکەی خۆی لەگەڵ ئەلکسی کۆسیگنی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لە میانی دەساڵی ڕابردوو دەدوا، بە خەندەوە گومانی دەخستە سەر تەکتیکەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە یەکێتی سۆڤیەتی، وەکو هۆشداریەک هەر ئەوەندەیە چین هەڵسێتەوە، ئەوکات دەسەلمێندرێ کە ڕکابەرێکی بێ بەرانبەرە:

ماو : ساڵی ١٩٦٠ بوو کۆسیگن بە تەنیا هات، پێیم گوت: ئەوەندەی نەمابوو شەڕێکتان لەگەڵ هەڵگیرسێنین ماوەی دە هەزار ساڵ بخایەنێ (پێکەنی).

وەرگێڕ: سەرۆک مەبەستی دە هەزار ساڵی خەبات.

ماو : ئەم جارەیان ساڵی ١٩٦٩ بوو کۆسیگن هاتەوە، ویستم چاکەیەکی لەگەڵدا بکەم، پێیم گوت لە سەردانی پێشووت، گوتم شەڕەکە دەبێ دە هەزار ساڵ بخایەنێ، بەڵام بۆتان دەکەم بە هەزار ساڵ، تا بزانی من چەندە میهرەبانم (پێکەنی) دەستپێشخەریەکی چەند هەزار ساڵیم بۆیکرد.

جارێکی تر بووردی ولسکی هاتەوە بە ناوی یەکێتی سۆڤیەت دەدوا، ئەم جارەشیان هەزار ساڵێکم بۆیان کەم کردەوە .

ئەمجارەیان دوای دوو ساڵ نیکۆلای چاوچیسکۆی ڕۆمانی هاتەوە، منیش پێیم گوت لەمە زیاتر بۆتان کەم ناکەمەوە، چاوەڕوان مەبن (پێکەنی).

کیسینجەر: دەبێ لەگەڵ تەکتیکەکانی چین ڕابێین.

ماو: هیچ جیاوازیەک لە نێوان ئێمە و ئێوەدا نییە، من ساڵانێکم لە تەمەن بەسەربردووە، تەنها جیاوازی لە نێوان چالاکیەکانمان دا هەیە، ئێمە هەر هەنگاوێک بنێین گرفتێک بە ڕووماندا دەتەقێتەوە.

کیسینجەر: لەوکاتەی بە ئۆتۆمبێل بەرەو شوێنێک دەڕۆیشتین، بۆ سەرۆک وەزیرانم ڕوونکردەوە، کە تەکتیکەکانمان ئاڵۆزترن، بەڵام پڕ پاڵەوانی ترن و ستراتیژیەکەشمان بە هەمان شێوە، هیچ گومانمان لەوەدا نییە، کە ئەمڕۆ چ شتێک هەڕەشە لە دونیا دەکا.

ماو : ئەوەی ئێوە دەیکەن بۆکسانێیەکی خەیاڵی چینییە (پێدەکەنێ)، لە بۆکسێنی خەیاڵیدا ئێمە باشتر یاری دەکەین.

ژو ئنلای: جا ڕاستەوخۆش بە لێدانەکان.

کیسینجەر: ئەمە ڕاستە، بەڵام کاتێک تەحەدایەک دەبینین کاردانەوەیەکی باشمان دەبێ.

ماو : پێم وایە لەبەر ئەم هۆکارانە سەردانییەکەت بۆ دونیای عەرەبی سەردانێکی سەرکەوتوو بوو( مەبەستی سەردانییەکەی دوای شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە).

مەبەستی ماو بەرەنجامی ڕووداوەکان بوو، یەکێتی سۆڤیەت هێزێکی زەبەلاحی ڕاستەقینە نییە، هێزێکی ساختەیە (دەستی بۆ دوور ئاماژە پێدا)، توانا پیشەسازیەکانیشی لەو ئاستەنین پێویستیەکانی دونیا بە جێ بگەیەنن، بۆیە سۆڤیەت دەبێ ململانێی جیوپۆڵەتیک بدۆڕێنێ، تەنها ئەگەر وڵاتانی دەوروبەر لە خۆی کۆبکاتەوە و یەک لە دوای یەکیان بە دۆڕان بدا، ئەمەش شێوازێکی چینییە:

ماو: ئارەزووەکانیان لەگەڵ تواناکانیاندا نایەنەوە.

کیسینجەر: ئەمەیان بۆی هەیە ڕاست بێ.

ماو: دەبا لە کەنارەکانی باسیفیکیەوە دەست پێ بکەین، لایەکیان ئەمریکایە و یەکیان ژاپۆن و یەکیان باشووری ئاسیا، ڕۆژئاواشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپایە، ڕووسیاش بە درێژایی سنورەکانی سیبیریا هێزەکانی جێگیر کردووە، تا دەگاتە دوورگەی کوریلی هەمووی یەکپارچە هێزەکانی خۆیەتی.

ژو ئنلای: ڕۆژهەڵاتی ئۆرال.

کیسینجەر : نزیکەی نیوە یا پەنجای.

دەبێ ڕووبەڕووی گەلێک لە دوژمنانیان ببنەوە، لە زەریای باسفیک لەگەڵ ژاپۆن، لەگەڵ چین و مامەڵە لەگەڵ زۆر لە وڵاتانی ئاسیا بکەن، لە کاتێکدا تەنها یەک ملیۆن

سوپای هەیە و بەشی ئەو هەموو ڕووبەڕووبوونەوانە ناکات، ئەوە نالێم ئێوە هاوکاریان بکەن و توانای بەرگریان بەرزبکەنەوە، سەرەتا ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پێ دەدەن، ئەمەش ملیۆنێک سەرباز لەسەریان دەوەستێ تا هێزەکانیان لێ دابمەزرێنن.

کیسینجەر: ئەمە ڕوونادا، تەنها ئەگەر ئەمریکا و ژاپۆن و ئەوروپا هاوپەیمانیان بەست، ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کار لەسەر ئەو بابەتانە دەکەین، کە لەگەڵ سەرۆکدا لە جاری پێشتر باستان لێیەوە کرد، ئەوکات مەترسییەکانی هێرش بۆ سەر چین زۆرکەم دەبن.

ماو: ئێمە دەست بەسەر بەشێک لە هێزەکانیانەوە دەگرین، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەواندایە لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە نموونە هێزیان لە مەنگۆلیا هەیە، کە ئەمە بەر لە سەردەمی خروشۆف ڕووی نەدەدا، چونکە ئەوکات بە هۆی ڕووداوی دوورگەی چینیاو (بەیەکدادانی چین و سۆڤیەت)، کە دوای خرۆشۆف ڕوویدا لە سەردەمی برجنیفدا بوو.

کیسینجەر: ئەمە لە ١٩٦٩ ڕوویدا، بۆیە دەبێ لەم قۆناغەدا ئەمریکا و چین و ئەوروپای ڕۆژئاوا هاوپەیمانییەتیی ببەستن.

ماو: بەڵێ.

کیسینجەر: چونکە لەم حاڵەتانە کەس ناتوانێ هێرش بەرێ.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکە، کە باشترین گەمارۆدان بوو ماو بیری لە وڵاتانی دەوروبەری یەکێتی سۆڤیەت کردەوە، ئەوانەی دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لێ وەربگیرێ. لەوکاتەدا دیڤید بروس سەرۆکی نوسینگەی پەیوەندیەکانمان لە بیجینگ پێی ڕاگەیاندین کە مامەڵەی لەگەڵ چرچل و دیگۆل و کودزاد ئەدیناوردا کردووە، بیرۆکەی ماویش بەوە ناساند؛ شارەزاییەکی باشی لە هێزدا هەیە.

ئەم گوتوبێژەمان لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ ئەنجامدا هەر لەوکاتدابوو، کە ئیدارەی نیکسۆن بەوە تۆمەتباردەکرا، بەرانبەر بە هەڕەشەکانی یەکێتی سۆڤیەت لاوازە.

لە کاتێکدا شیکاریەکەی ماو لەگەڵ بۆچوونەکانی پارێزەران و ئەوانی تر دەهاتەوە، تەنها لەسەر ستراتیژیەتی گونجاو ناکۆک بوو، زۆربەی ئەوانەی بە ناوی ڕکابەرانی نیکسۆن دەدوان پێیان وابوو، یەکێتی سۆڤیەت هێرشێک دەکات بۆ کاولکردنێکی

یەکجارەکیی ئەمریکا، بۆیە هانی ئەمریکایان دەدا ئامادەسازی بۆ ئەو پێشهاتە بکا و هێز کۆکاتەوە، نەک بە کێبرکێی جیۆپۆڵەتیکەوە خۆی خەریککا، بۆ ئەوەی هێرشە بەرفراوانخوازیەکانی سۆڤیەت، لە کاتی ئەو خۆتاقیکردنەوەدا لە ناوی بەرێ، بۆ ئەم ئامانجە ماو پێی وابوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیانە، ئەمریکا و چین پێویستیان بە هاوبەشی ستراتیژی نییە، تەنها یەک ڕێککەوتنی فەرمی و لە یەک تێگەیشتنێکی هاوبەش لە پێناو بەرژەوەندیەکانی نیشتمانی بەسە:

هەر لایەنە و ئامراز و ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەم ڕێککەوتنە، چونکە کەسمان زیان بە ئەویتر ناگەیەنین و هەردولامان تەواوکەری سودمەندییەکانی یەکترین، بۆیە دەستمان خستە نێو دەستی یەکتری.

بەهۆی پابەندبوونی بە هاوپەیمانێتیەکی ڕواڵەتی دژ بە سۆڤیەت، ماو و ژو ئانلای لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و ژاپۆن و ئەوروپا ئاسودەبوون، هانیدام ناکۆکییەکانی نێوانمان، کە لە ئەنجامی پێشنیارەکەمان لە ١٩٧٣ دروست بوو تەسکی کەمەوە، بە بۆچوونی دانوستانکارە چینییەکان سوودەکانی دەرهاوێشتەی هاوپەیمانیەتیی ئەمریکا و ئەوروپا بەرانبەر نییە بە ناکۆکییەکانی، کە لەو هاوپەیمانییەتییە دروست دەبن.

ماو و ژوهانلای بایەخێکی تایبەتیان بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ژاپۆندا، دوای چەند ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئیدانەکردنی هاوپەیمانیەتیی ئاسایشی نێوان ئێمە و ژاپۆن، ئەمڕۆ پێیان وایە، ڕێگایەکی باشە بۆ گەمارۆدانی سۆڤیەت و ڕێگەگرتن لەبەردەم بووژانەوەی سەربازی ژاپۆن.

هاوبەشی ستراتیژی لە ئەنجامی بە کارهێنانی تەکتیک لە لایەن هەر یەکەمان نابێتە مایەی تێکچوونی هاوسەنگی، چین لەو سێگۆشەی ستراتیژی لایەنە هەرە ناپتەوەکە بوو، سەرەڕای خۆدەرخستن و بەخۆوە نازینی ماو بەو پارێزبەندیەی چین دژی هەڕەشە و فشارەکان، بەڵام ئەو بەمەی دەزانی، ماو سۆڤیەتی بە دوژمنە نە چەماوەکە دەزانی، بۆیە بە دبلۆماسیەتێکی نیان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

بەڵام نیکسۆن و دواتریش فۆرد حوکمی کۆمەڵگەیەکی ئاخنیو بە شەڕو دابەش بوویەکی ناوەخۆ دەکرد، ئامانجە بەرایەکانی هەردوکیان گێرانەوەی متمانەبوو بە

سیاســەتەکانی دەرەوەی ئەمریکــا، دۆخەکــانیش ئەوەیــان بەســەرماندا ســەپاند کە بە سیاسەتێکی نیان لەگەڵ هەردو هێزە زەبەلاحەکەی کۆمۆنیست مامەلە بکەین.

چونکە چینمان بە لایەنی لاوازو ئاشکەرا لەو دو هێـزە دەبینیبـۆیە بە شـێوەیەکی تایبەتی دەوری چینمان دابوو، ماو لەم هەلسەنگاندنەی ئەمریکا ئاگادار بوو ئەو بەقەدەر ئەوە هۆشیار بـوو لەم دۆخە بگـا بـۆیە دلنیـابوو ئیـدارەی نیکسـۆن لە کـاتی پێویسـت بەرگـری ئەو گۆرانکاریـانە دەکـات لە پاراسـتنی هاوسـەنگی جیهـانی لەوکاتـانەی ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت هێرش بکاتە سەر چین ئەو ڕێگە نادات هاوسەنگیەکە تێکچی، ئەمە لە پێناو ڕونکردنەوەی ئاسایشی نەتەوایەتیمانەوە بوو کە پابەندی بڕیاری کۆتـایی بـین لەم هاوکێشەدا.

چونکە ماو لە ڕەخنەگرانـی ئیـدارەی نیکسـۆن باشـتر لە بەرنـامە و نەخشـەکانمان دەگەیشت، ئەوەندە تەنگەتاو نەبوو بۆ ئیدارەی کاروباری چین بەرانبەر بە وڵاتەکەی، بە دڵنیایی پێی خۆش بوو یەکێکبێ لە لایەنە ستراتیژەکانی دەستەبژێر. ئەو لەوە نـیگەران نەبوو، کە کارێکی وای کرد ئێمە هەست بەوە بکەیـن ئەو لە سیاسـەت و نەخشـەکانمان گەیشتووە هەروەکو لە بەشی ٢دا دێمە سەر ئەو باسە، خـاوەن ئەو شـارەزاییە بـوو، کە لەوە گەیشت ئێمە تاکتیک بە کاردێنین تا درێژە بە ستراتیژیەتێکی هاوسەنگ بدەین.

ئەو نەخشەی پەیوەندیەکانی چـین و ئەمریکـا کە نیکسـۆن و مـاو کێشـابوویان لە ماوەی سەردەمی حوکمڕانی پێنج سەرۆکدا درێژەی هەبوو، کە هەردوو حزبەکە لەو ماوە حوکمڕانیان کردووە بریتیی بـوو لە: سـتراتیژیەتێکی هاوسـەنگ لەگـەڵ چـین بـۆ ئەوەی دەسـت بەسـەردونیادا نەگـرێ بە مانـایەکی تـر، ڕاگرتنـی هاوسـەنگی نێودەوڵـەتیی دژی هەڕەشــەکانی ســۆڤیەتی. لــەگــەڵ دوورکەوتــنەوە لە مەترســیەکانی هەرلایــەنێک دژی بەرژەوەندی لایەنەکەی تر. دواتر قبوڵکردنی ئەمریکا بە یەکپارچەیی چـین و کـارنەکردن لەسەر سیاسەتی دوو چین، کە یەکیان چین خۆی ئەوی تریـان تـایوان و ڕێـگەنەدان بە چین زۆر لە تایوان بکا، ماو لە نۆڤەمبەری ١٩٧٣ ئەمانەی بە پێشینەی کارەکانزانی:

ئـێمە دەتـوانین بەبـێ تـایوان بـژین تەنـانەت ئەگەر دوای سـەد سـاڵی تـریش بەم جوداییە مایەوە، نابێ لەم دونیایە کارەکان بە خێرایـی وەرگـرین، بـۆ دەبـێ ئەوەنـدە بە پەلەبـین؟ تەنهـا دوورگەیەکە دانیشـتوانی ١٢ ملیـۆن کەسـێکن (ژو هـانلای بـۆی ڕاسـت

کردەوە، گوتی ١٦ ملیۆنن)، بەڵام پەیوەندیەکانتان لەگەڵ ئێمە پێویستیان بە سەد ساڵ نییە.

سیاسەتی دەرەوەی جیوپۆڵەتیکی ماو لە ناخی خۆی هەڵقوڵاوە، پشت بە هیچ سەرچاوەیەکی تر نابەستێ، دژی ئەو ڕۆڵەی ئایدیۆلۆژیایەیە، کە لە ناوەوە پیادەی دەکا، کاتێک لە سەرەتا دژی وەستاینەوە ئەوکات فەرماندەی شۆڕشێک بوو، کە ملیۆن قوربانیی بەناوی ڕاستییەکانی مێژوو دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا شانازیی بە دەستکەوتەکانییەوە دەکرد، وا پێدەچێ بۆ ئەم خۆشی و شانازیە شۆڕشگێریە دوو هاندەر هەبوو:

١/ سوربوون لەسەر نەریتە چینییە کۆنەکان .

٢/ چەقبەستوویی دەوڵەتی کۆمۆنیزم، ئەوکاتەی نیکسۆن لە کۆبوونەوەکەدا گوتی ماو شارستانییەتی کۆنی گۆڕیوە، ماو دەنگی بەرزکردەوە و گوتی: نەمتوانیوە بیگۆڕم، تەنها توانیومە هەندێک شوێن لە نزیک بیجین بگۆڕم.

دوای ژیانێکی پڕ لە خەباتی قورس لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەی چین، هیچ هێمایەکمان لە ماو بە دی نەکرد، دان بە گۆشەگیری شارستانییەتی چیندا بنێ. ماوەی هەزاران ساڵ حوکمڕانە چینییەکان بە ئاگر و ئاسن حوکمی کۆمەڵگەیەکی فرە دانیشتوانیان کردووە، بەڵام وێڕای ژمارەی زۆریان خانەوادەکانیان هەست بە گۆشەگیری و تەنیایی دەکەن، لە ئەنجامی بایەخی زۆریشیان بە خێزان ڕۆڵی حکومەت کەم بووەتەوە، هەرگیز حوکمڕانەکان لەوە دڵنیانین ئاخۆ فەرمانەکانیان لەسەر هاوڵاتیان سروشتێکی بازرگانیی هەیە یان خانەوادەیی، تا جێبەجێ بکرێن.

هەندێک جار حکومەتەکانی چین لە پێناو شاردنەوەی کورتهێنانیان پەنایان بۆ توندڕەوی لە حوکمی ڕەها دەبرد، هەروەکو ئەوەی ماو فەرمانیدا سەرجەم هاوڵاتیان یەکجۆر پۆشاک بپۆشن، تەنها جاروبار لە نێو هەندێک توێژ فرە بەرگی دەبوو، ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی فەلسەفیی نەبوو، تەنها شاردنەوەی کەموکوریەکان بوو، دەوڵەت یەکەی بنەڕەتی سیاسی نەبوو، بەڵکو خێزان یەکەی بنەڕەتی چینی بوو، دواتر دەرکەوت، پاراستنی خێزان و بایەخ پێدانی هۆکاری بوونی کۆمەڵگەی چینین، خێزان هەروەکو چیلکەدار بەرانبەر بە باهۆز دەچەمێندرایەوە، بەڵام نەدەشکێندرا، توانای مانەوە و

بەرگریان سەرچاوەی لە ڕێزگرتنی خێزانەوە گرتبوو پێیان وابوو، کە هۆکاری مانەوەی کۆمەڵگەیە، دواجار دەرکەوت گەلێکی سەربەخۆخواز و بەرفەرمانن، پشت بە خۆیان دەبەستن، لە باتیی دڵەڕواکێ و ڕاڕایی لەو فەرمانە نابەجێیە و سنوری بۆ دادەنێن.

کاتێک بۆ یەکەمینجار ڕووبەڕووی فەرمانبەرە باڵاکانی کۆمۆنیست بوومەوە، بۆم دەرکەوت ئەوان بەر لەوەی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم بگرنە دەست، منداڵەکانیان ناردووەتە دەرەوە بۆ خوێندن بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر، ئەمەش وەکو بەرگری و خۆپاراستن لە ئەگەری شەڕی ناوەخۆ بووە، منداڵێک دەنێرنە ڕیزی حزبی کۆمۆنیست، یەکێکیتریان دەنێرنە ئەمریکا بۆ خوێندن ئەوی تریان بۆ تایوان، ئەمە حاڵی زۆربەی فەرمانبەرە باڵاکانیان بوو، زۆربەی ئەوانەی دیدەنیم لەگەڵیان دا کردبوو بە نموونە (باڵوێزی ئەوکاتی چین لە ئەمریکا)، کە چەند برایەکی لە ئەمریکا هەبوو، ئەم شێوازە لە یەکێتی سۆڤیەت قەدەغەیە هەر کەسێک ئەمە بکات خۆی لە زیندانی ستالین دەبینێتەوە.

مایەی گاڵتەپێکردنە، کە ئێستا لە ئەنجامی سنوردارکردنی منداڵبوون، بوونییەی خێزانی لەو وڵاتە کەوتووەتە ژێر مەترسی، کە لە مەترسیەکانی کۆمۆنیزم زیاتر و خەتەرناکترن، بۆ هەر خێزانێک یەک منداڵ ڕێگەپێدراوە، ئەو منداڵە لە داهاتوو نابێتە خاوەن مام یان ئامۆزا.

ڕێکارە کۆمۆنیزمیەکانی چین گەلێک زیانیان بە پێکهاتەی کۆمەڵگەی چین گەیاند، لە گەلێک ئومێد بێبەش بوون، بە ملیۆنان کەس مردن بە هۆی تینویەتیی ئازادی و یەکسانییەوە، دواجار بۆ فەرماندە پیرەکە دەرکەوت، کە ئەو دەوڵەتەی خاوەنی نەخشەکێشی مەرکەزییە، دەبێتە کۆمەڵگەیەک لە بیروکراسیی کۆمۆنیستیەوە، بۆ کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگی لادەر هاوشێوەی ئەو چینەی شەڕی لەگەڵدا دەکرد، بەهۆی ئەو واقیعەشەوە، ئەو چینە لادەرە بیروکراسییە کۆمۆنیستە شەرعیەت لە حوکمڕانی وەردەگرێ.

لە میانی ئەم هێرشانەی سەر ڕژێمدا ماو لە نێو قەیرانی چیندا دەخولایەوە، قەیرانەکەی بە قەدەر کۆنی چین دەبوو، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و نوێکاری هەمیشە هەڕەشەبوو بۆ کۆمەڵگەی چینی کۆنە پارێز و جوداخواز، کە بانگخوازی تایبەتمەندی چینیان دەکرد، لە پێناو پاراستنی ڕەتکردنەوەی چین لە لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوا لە

سەدەی نۆزدەهەم، بۆ ئەوەی نەکەوێتە مەترسیی و زەلیل بوون، دوای سەدەیەک لەم بیرکردنەوە شۆڕشی ڕۆشنبیریی ماو دێت، ئەم دەستەواژە و بۆچوونانە دووبارە دەکاتەوەو سوردەبێ لەسەر جێبەجێ کردنیان و دژایەتی ئەوانەی بانگخوازی نوێکاری ڕۆشنبیریی جیهانی دەکەن، بەم هۆیەوە ماو لە ١٩٦٦ دینگ کسیاو بینگ و یاوەرانی دووردەخاتەوە، بە دوورخستنەوەی هەوڵدەدا بۆچوونەکانی بەسەر کۆمەڵگەی چیندا بسەپێنێ، لە ماوەی دەیەکدا پیرە پیاو هەموو دیاردە و فاکتەرەکانی پێشوەچوون و نوێخوازیی دوورخستنەوە، خوێندکارانی لە دەرەوەی وڵات هێنایەوە و لە کێلگەکان خستنییە سەرکار، دەزگەکانی فێرکاریی داخستن، باڵوێزەکانی لە دەرەوە هێنایەوە، دەرچووانی زانکۆکانی بەرەو سەرکار دەناردن، بۆ ئەوەی گیانی شۆڕشگێریان بەرزبێتەوە، کاتێکیش ماوەی کارە پێسپێردراوەکان تەواو دەبوو دەیگواستنەوە شار و گوندەکانیان.

دوای یەکەم دیدارم لەگەڵ ماو لە شوباتی ١٩٧٣ بێهێزی بەو پیرە پیاوەوە دیاربوو، بەڵام هۆشی زیندووبوو، هەستی بەو قەیرانە دەکرد، لە یەکێک لە دانیشتنەکان ماو هۆشداریی دامێ لەسەر ژنی چینی و بۆچوونە ڕادیکاڵیەکانیان، لە ئاماژەیەکدا وەکو ڕاستکردنەوەی جاکسۆن لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکی لەسەر کۆچی سۆڤیەتییەکان لە یەکێتی سۆڤیەتەوە، ماو پێشنیاری کرد ژمارەیەک لە ژنی چینی بە ئەمریکا بدا، بە بۆچوونی ئەم ئەوە ڕێگە گرتن بوو لە بەردەم ڕوودانی کارەساتێک.

سەرەتا وامزانی گاڵتە دەکا، بەڵام کە دووبارەی دەکردەوە، تێگەیشتم مەبەستی ڕادیکاڵیستی هاوسەرەکەیی و جیانگ کینگی مەبەستە، دواتر گوتی کۆتایی بە شۆڕشی ڕۆشنبیریی دێنم. دەبێ خوێندکاران بچنە دەرەوە هەرچەندە زمانەکەیان ڕێگرە لە بەردەم پێشکەوتنیان، گوتی گەلی چینی گەلێکی کۆنەپارێزە، دواتر گوتی ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت مووشەکبارانمان بکا و ئەوەی سەرووی تەمەن ٣٠ ساڵیە بکوژێ، ئەوکات کێشەکەمان چارەسەر دەبێ، بەڵام مەبەستی ئەوە بوو، ئەم کێشە چارەسەری نییە.

لە ماوەی ساڵێکدا ماو بە خۆیدا چووەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ ژو ئەنلای بە هۆکاری پراکتیکی دەستی لە کارکێشایەوە، دوای دوو ساڵ دینگ کسیاو دووبارە دوورخرایەوە و

(هیواگیو فینگ ) و باندە چوارینەکە جێی دەگرنەوە، چاکسازیەکەش لەسەر دەستی ماتریالیست و ئەرسەدۆکسیستە ماتریالیستەکان کۆتاییهات، کاتێکیش لە ١٩٧٥ جارێکی تر ماوم بینییەوە، بە گێڕانەوەی نوکتەیەک لەسەر کارە لە یەکنەچووەکانی پێشووی کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی هێنا، هۆکاری مانەوەی دۆخی تایوان بەبێ گۆڕانکاریی گێڕایەوە بۆ:

خوا پیرۆزتان دەکا و ئێمە پیرۆزناکات، چونکە من جەنگاوەرم و یەکێکم لە سەرکردەکانی شەڕ و کۆمۆنیستیشم، بۆیە خوا منی خۆش ناوێ.

## ژو ئنلای



Zhou Enlai

ژو ئنلای سەرۆکی وەزیران ئەرکێکی قورسی لەسەرشان بوو، تا وڵاتەکەی لەم مەینەتە ڕزگارکا، هەوڵەکانی ماویش بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لە بوارەکان بەردەوام بوو، پیاوێکی نیان و پۆشتە و بە ڕەوشت بوو، لە کاروانی دانوستانەکانمدا لە ماوەی ئەو سێ ساڵە ئەو سەردانکەر دانوستانکەری وڵاتەکەی بووە، واتە ئەو ماوەی دەکاتە بەر لە یەکەم سەردانی نهێنیم لە ١٩٧١ و تا بەر لە دامەزراندنی ئەفسەرانی پەیوەندی لە هەردوو پایتەختی ئەمریکا و چین لە ١٩٧٣. سەرەتا ناچاربووین لە ڕێگەی پاکستانەوە نامە ئاڵوگۆڕ بکەین، دواتر لە ڕێگەی باڵوێزخانەی چین لە پاریس بە هۆی هاوپێچی سەربازی ئەمریکی جەنەراڵ ( فیرنۆن وۆلتەر)ەوە، دواجار لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردەی چین لەوێ، دیالۆگەکانمان لە بواری دبلۆماتکاریەوە پێشتر هاوشێوەی نەبووە، لە ڕووی هونەریەوە ناردنی نامەکان کارێکی سەخت بوو، لە دیدارە کەمەکانیشدا جەختمان لەسەر خالە بنەڕەتییەکان دەکرد.

ژو ئنلای بایەخی بە کات دەدا، بۆ پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا، پێی وابوو ئەو کاتە نابێ سنورداربکرێ، لە سەردانەکانمدا بۆ بجین، ڕۆژانە هەشت کاتژمێر بە یەکەوە دادەنیشتین، لە کاتژمێری چواری دوای نیوەڕۆ تا نیوەشەو، سەرپشکی دەکردم لە دەستنیشانی هۆڵی کۆبوونەوە لە نێوان (هۆڵی مەزنی گەل) و شوێنی حەوانەوەم، کە خانوێکی مەزن بوو، شێوازی دەربڕینی خۆشحاڵی و کەیف خۆشییەکەی بریتیی بوو لە گوتنەوەی ئەم دەستەواژانە ( شاندی ئەمریکی هەست دەکات، لە ماڵی خۆیەتیی و لەسەر خاکی خۆی لە چین، گوتووێژەکانیش لە نێوان خاوەن ماڵدا دەکرێ) زۆر بایەخی بە دانیشتنەکان دەدا لە نێو ئەو دانیشتنانە جەمە خواردن هەبوو، لەو ماوە هیچ لە پەیوەندیەکانی تەلەفۆنیان بۆ نەدەگواستەوە و هیچ یاداشتێکیشیان بۆ واژۆکردن بۆ نەدەهێنا، ئەو وا نیشانی دەدا، لای ئەو هیچ شتێک لە پەیوەندیەکانی ئەمریکا و چین پڕ بایەخترنییە.

ژو دانوستانەکانی بە وردیی و بە بایەخەوە دەبرد بەڕێوە، سەرەڕای ئەوەی تا ئەوکات هێزەکانی ئەمریکا لە تایوان بوون، لە کاتێکدا یەکپارچەیی چین لای ئەوان لە پێشینەی پرسەکان بوو، وێڕای ئەمەش کۆبوونەوەکان لە کاتێکدابوون، بۆردومانەکانمان لەسەر ڤێتنام لەو پەڕی چڕیدابوون، پێشتریش ژو ئنلای ڕایگەیاند، ئەوان هاوسۆزن

لەگەڵ ڤێتنام، نەک لەبەر هۆکاری ئایدیۆلۆژی یا ئاسایشی، لە ڕاستیدا قەرزدانەوەیەکی کولتووری مێژووییە:

ئـــێمە لە باپیرانمـــانەوە قەرزاری ئەوانـــین، ئـــێمە لە ڕزگاربوونمـــانەوە ئەو بەرپرسـیاریەتییەمـان نـەبـووە ئەگینـا ڕژێـمە کۆنەکەیانمـان سـەرنگوم دەکـرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە سۆزداریەکی توند دەکەین بەرانبەریان.

ئەڵبەت سۆز وەکو پشتگیری سیاسیی و سـەربازی نییـە، دەگـوترێ هەرچەنـدەی پابەندی مێژوویی دەربڕینێکی ناسکە ئەگینا لە حاڵی حازردا، هیچ بەرژەوەندیەکی چـین لە ڤێتنام نییە.

ژو لە ڕاشکاویدا لە ماو دەچوو، بەڵکو زیاتریش کاتێک دەڵێ چـین هێـز نـانێرێتە دەرەوەی وڵات، دواتر دەستیش ناخاتە نێو کاروباری هیندیی چینییەوە و هەڕەشەش لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ناکا، کەچـی برجنیـف گەلێکجـار ڕایدەگەیانـد شـەڕی ڤێتنـام، بۆی هەیە پەیوەندیەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت تێکبدا، بەڵام ژو ئاماژەی بەمە نەدەکرد.

سەبارەت بە لاووس و کەمبۆدیا، ژو وڵاتەکەی لەم پرسانە دوورخستبووەوە، گوایە هیچی لەسەر نازانێ، دواتر چین هیچ پابەندبوونێکی مێژوویی لەگەڵیاندا نییە:

( ئەوکـاتەی شۆڕشـمان هەبـوو هیچمـان لەسـەر ئەو وڵاتە (لاوس) نەدەزانـی سـەرەڕای ئەوەی لە کتێبە مێژووییەکانمـان باسـی خاکی (لاووس)یـان دەکـرد، بە نـاوی (خاکی ڤێتنام)، کە مەبەستیان چین بوو. خاکی دەهەزار فیل، هەمان شت سەبارەت بە کەمبۆدیاش.

کاتێک کێشە جیهانییەکان دەخەینە پەراوێـزی بابەتەکـانی دانیشـتنەکانمان، مـن و ژو دەتوانین جەخت لەسـەر پەیوەنـدیەکانی ئەمریکـا و چـین بکەیـنەوە، ئەمەش لەسـەر زیرەکیی و بوێریمان دەوسـەتێتەوە، کە چـۆن هاوسـەنگی کێشـە جیهانییـەکـان ڕاگـرین، ئەمە ئەرکێکـی گرنـگ و وردبـوو بـۆ ئەوەی بتـوانین لەسـەر سیاسـەتێکی هاوبەشـی هاوســـەنگ ڕێککەویـــن، ئەمەش ئەو لێـــدوانانەن، دژی ئەو خۆســـەپاندنەن، کە لە یاداشتەکەی (شانگهای)دا هاتووە.

یەکەم ڕستەی ژو ئنلای بیری هێنامەوە ئەو دیمەنە بـوو، جـون فورسـتەر ئامـادە نەبـوو تەوقەم لەگەڵـدا بکـا لە جنیـف، لە ١٩٥٤، ئەوە ئەزمـوونێکی ووژێنەربـوو بـۆ

ڕابردوو (ئەوەی گرنگە وشەکانمانە)، ئەو تێگەیشت هەروەکو نیکسۆنیش تێگەیشت، کە لای ئێمە ئەوەی گرنگە هاوکاریە ستراتیژیەکانمانە دەبێ بیانپارێزین. ژو باسی لە هەندێک تاکتیک کرد، کە دبلۆماتکارەکان لە کاتی دانوستانەکان توندیی و خاوی دەنوێنن بۆ ئەوەی دەستکەوتیان لە دانوستانەکاندا هەبێ و کار لە سەرۆکەکانیان بکەن، سەرەتا توند دەبن تا دواتر سازش قبوڵ بکەن، جیاوازیەکانی ئەم جۆرە دانیشتنانە ئەوەیە ناوەڕۆکێکی پوچەڵی دەبێ و درێژە بە دانوستانەکانیش دەدرێ، چونکە نازانن دوا هەڵوێستەکە چۆن دەبێ.

لە میانی گەشتە نهێنییەکەمدا بۆ بیجین لە تەموزی ١٩٧١ ژو هانلای بە شداریی بە هوانگ هوا کرد، کە دواتر بوو بە باڵوێزی چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دوای ئەویش وەزیری دەرەوە، تا لەسەر یاداشتەکە دانوستان بکا، پێشنیارێکم کرد گریمان دانوستانەکە لەسەر شێوازی یەکێتی سۆڤیەت بوو، هەریەکەمان ئەنجامێکمان مەزندە دەکرد دواتریش پێویستی بە سازش و یەکلاییکردنەوە بوو، تا هەردولامان ئامادەسازی بکەین بۆ ڕاگەیاندن و پێیان بڵێن قۆناغی نهێنی تەواو بوو و نیکسۆنیش سەردانی چین دەکا.

دوای دوو کاتژمێر لە گفتوگۆ هەرلایەک داخوازی و زەرورەتەکانی باسکرد، لە یەک جودابووینەوە، تاکو تا بەیانی دوو ڕەشنووس ئامادەبکەین، دەقەکەی هوانگ نەختێک ئاسانتر بوو لە دیدەکانی ئێمە نزیکتر بوو، دەستپێشخەریەکانی ژو هانلای بۆ ئێمە پڕ بایەخ بوو، بووە مایەی پێدانی متمانە و بڕواپێبوون.

نموونەیەکی تری شێوازی ژو هانلای لە دانوستانە سەرەتاییەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٧١ بوو، کە دواتر بەناوی (یاداشتی شانگهای)ەوە ناسرا، گوتی: با ئەو زمانە وەلانێین، کە ناکۆکیەکانمان چەواشە دەکا، مێژوونووسان بڕواناکەن دوای ئەو هەموو ناکۆکییانەی نێوان ئەمریکا و چین، لە یەکەم دانیشتن هەموو کێشەکان یەکلایی دەکرێنەوە، بۆیە ژو پێی باش بوو هەر لایەکمان ئەو بابەتانە ئاماژە پێبدەین، کە بەلای ئەو پێویست و گرنگن، بەم شێوازە لە یەک تێنەگەیشتنی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیمان دووردەخاتەوە، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو خاڵانەی لە سەری ڕێکدەکەوین.

هەر چەندە من لەسەر چارەسەریەکە ڕازی بووم، بەڵام دەقی یەکەمی چینییـەکـان تووشی شۆک بووم، کە ئەوەندە بە توندی پێداگری لەسەر بیروبـڕوا و ڕووبـەڕووبوونەوە دەکەنەوە، بۆیە پێشنیارم کرد هەندێک بـڕگە وەلا بنـرێن، بە تـایبەتی ئەوانەی شـێوازی دوژمنکاریان پێوە دیارە و گوتم بـا شـێوازی کلاسـیکی لە دانوسـتانەکان بگـرینەبەر، لە بەرانبەریشـدا بە هەمـان ژمـارە ڕسـتەم لە دەقەکەی خۆمـان کەم کـردەوە، ژو گـوتی: ڕستەکان بدە بە سەرۆکەکەت ئەگەر دەتوانی، بەڵام پێم بڵێ بۆچی ڕستەکانمان تووشی شۆکیکردن؟.

هەر بە دروسـتیش ژو ئـنلای هەنـدێک ڕسـتەی لەو یاداشـتەی ( شـانگهای) کەم کـردەوە (بەڵام لە گوتـاری وەزیـری دەرەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکـان دووبـارەکرانەوە، بەڵام چونکە یەکلایەنەبوو سەرنجی ڕانەکێشا).

بەم ڕێگایە و لە ماوەی کەمتر لە دوو سـاڵ پەیوەنـدییەکانی چـین و ئەمریکـا بـۆ ئاسـتێکی بەرز هەڵکشـا، لە مـاوەی خـزمەتم لە حکـومەت هـیچ خەیـاڵێکم نەبـوو کە ژو هانلای ئەو کەسەی لە ڕێڕەوی مەزنی چین و حوکمی توندی ماو ڕزگاری بووە کەسـێکی بە توانایە سەرباری ئەوەی بیرمەندیشە، ڕۆڵی ژو ئنلای ڕۆڵێکی گرنگ و لە بیرنەکـراو بـوو بـۆ وڵاتەکەی، کە چـۆن لە کـاتە ناسـکەکاندا وڵات لە مەترسـی دابـێ لە پێنـاو بەرژەوەنـدی نیشـتمانەکەی هەمـاهەنگی سیاسـیی و بەبـێ داکشـان بەرەو پرسـە پەراوێزیەکان ئەنجام دەدا.

مـاو وەکـو دانەری مۆسـیقی کە سـرود بـۆ تیپـی ئـۆپرا دادەنـێ ئاوەهـا بیـرۆکە و دەسـتەواژەکانی دەخسـتنەڕوو، ئەرکـی ژو ئـنلای پراکتیزەکردنـی ئەو بیرۆکـانە بـوو، کـاتێکیش گفتوگۆکـان دەگەیشـتنە سـەر پرسـە سـتراتیژییەکان ژو ئـنلای بـوێرانە بـێ ئەوەی لە تواناکانی چین ترسی هەبێ بڕیاری لەسەر دەدا، ماو هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکـرد، چـین هـیچ کاتێـک و لە هـیچ بوارێـک پەنـای بـۆ تواناکـانی بێگـانە نەبـردووە و سیاسەتەکانیشی لەسەر ئەو بنەمـایە بنیادنـاوە، ژو بـایەخی بە هاوکاریەکـانی ئەمریکـا دەدا، بەڵام لە هەمـان کاتـدا پێـی وابـوو دەبـێ پشـت بە تواناکـانی خۆیـان ببەسـتن، هەرچەندە شایەنی هاوکاریەکانی دەرەکین:

چــین دەوڵــەتێکی شــەڕانگیز نییــە، بەڵام دەبــێ ئامادەکــاری ئەوە بکەیــن، کە هەرکاتێک ئەگەری ئەوە هەبێ ڕووبەڕووی هێرش و دوژمنکاری ببینەوە نابێ ئەمەمـان لا سەیربێ.

لە چین بۆ هەر هەزار حاڵەت دەبێ ئامادەکاری بۆ حاڵەتێـک بکەیـن، بەم شـێوە بڕوامان بە خۆمانەوە دەبێ و هاوکاری هاوبەشیش لە لایەنەکانی تر وەدەستدێنین.

سـەبارەت بە پرسـی فراوانخـوازی یەکێتـی سـۆڤیەت، گـوتم: پێـت وایە دەبـێ هەوڵبدەین ئەمە ڕوونەدا، ئەمەش بە هەوڵی هاوبەش دەکرێ و گریمانەی هـەموو شـتێک بکەین، بەڵام ئەگەر ئەو ئامادەکاریە نەکەین ئەوا ئێمە هەڵەین.

ژو لە پەیوەندیەکانیـدا لەگـەڵ مـاو هەمیشـە جەختـی لەسـەر ئەوە دەکـردەوە، کە ئەگەر ماو ئامادە بێ یان نا، ئەو هەردەم بە دواداچـوونی کـردووە، چـونکە ئەوانەی بەر لە ژو ئەم پۆستەیان هەبووە و دواتر بەو هۆیـانەوە سـوتاون، ژو لە کارەکـانی هەمیشـە ئاماژەی بە گوتەکانی ماو دەدا واتە وەکو کارنامە دەیگوتنەوە.

بە زمانێکی نەرێنی ژو باسی لە کێشە ناوەخۆییەکانی چین دەکـرد، هەرچەنـدە ئەو خۆی سەرۆک وەزیران بوو لایەنی بەرپرس بوو لە جێەجێکردن، هاوشێوەی ماو ستایشی زمانی چینی دەکرد، کە فاکتەری یەکبوونی ڕیزەکانی گەلی چینە، هەروەکو ماویش پێی وابوو؛ زمان ڕێگرە لە بەردەم نوێبوونەوەی چین، چـونکە خوێنـدکارانیان لە ئەمریکـا بە قوڕسی فێری زمانی تر دەبن، دەیگوت ئەمریکـا بـوێرە لە خستنەسـەرکاری گەنجـان، ژو بە ئەرکی خۆی نەدەزانی هیچ چاکسـازیەک بکـا، کە بە زەروری دەزانـی، دینـگ کسـیاو پینگ بە دڵتەنگییەوە دەیگوت ئازاری لەو خەڵکە کەم کردووەتەوە بەڵام هەوڵـی نەداوە ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتانە بکا، کە بوونەتە مایەی نەهامەتی خەڵک.

دەقـاو دەق ژو ئـنلای لە یەکەم دیدارمانـدا لە تەمـوزی ١٩٧١ ئەمەی باسـکرد، کە ڕۆڵی لە شۆڕشی ڕۆشنبیریی گێڕاوە، ژو پێـداگریی لەسـەر ئەوەکـرد، ئەگەر مـن سـوربم لەسەر درێژەپێدانی دانوسـتانەکانی، ئەوا دەبـێ لە شۆڕشـی ڕۆشـنبیریی بـگەم، کە دوو سوپا بوون ماو دروستیکردن بۆ ئەوەی جارێکی تر چینی (مانـدرین) دروسـت نەبێـتەوە. بەڵام هەڵــمەت و نەفەسـێکی ئایـدیۆلۆژی ئەنجامـدرا، کۆمەڵگــە لەســەر ئەو بــڕوایە پەروەردەکرابوو کە یەک ڕاسـتیی مێژوویـی هەیە، بەڵام لە ناکـاو خـۆی لەسـەر دەسـتی

چەند گروپێک دەبینێتەوە، کە هـەموویان خۆیـان بە (پاسـەوانی سـور) دەناسـێنن و لە دۆخێکی لەتوپەت بووە، هەموویان بانگخوازی ئەوەیان دەکـرد، کە خـاوەنی ڕاسـتیەکانن ناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆژی خۆیشیان لە شـەقام یەکلایـی دەکـردەوە، ژو ئـنلای باسـی لە چۆنییەتیی زیندانی خۆی دەکرد، ئەو لەوکاتەی سەرۆکی وەزیران بـووە لەسـەر دەسـتی گروپێکی پاسەوانی سور زیندانی دەکرێ، بـێ ئەوەی هـیچ بەهـایەک بـۆ خەبـاتی پەنجـا ساڵەی دابنێن و هەمووی درایە بەربا، ئەوکاتە کەسایەتیی مـاوی بـۆ دەردەکەوێ، کە چ کاریزمایەک بووە، توانای بینینی دواڕۆژی تیژ و کەسێکی دووربین بووە.

ژو باسی ئەوی نەکـرد ئەم دواڕۆژە بـۆچی پێویسـتی بەم هـەموو ئـازار و مەینـەتە هەیە، ئەگەر هاودیـدە لەگـەڵ مـاو یـان نـا، ئەو بڕیـاری خـۆی داوە، کە ژیـان لەگـەڵ سەرکردەیەکی توند و تیژ بباتەسەر.

لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٣ بە هۆکـارێکی نادیـار ئەسـتێرەی ژو کەوتە ئـاوابوون، چینییەکان سورن لەسەر پاراستنی نهێنییەکانی ڕێکخستنی ناوماڵیان، (من هەمیشـە لەو بڕوایەدابـووم، سـەرنەکەوتنی ژو لە پرۆسـەی دانوسـتانەکانیدا لەگەڵ کەمبۆدیـا هۆکـاری ئـاوابوونی بـووبن) هەر هۆکارێـک بـێ ژو لە کـاتی نـانخواردن لە هـۆڵی مەزنـی گەل لە نۆڤەمبەری ١٩٧٣ ئەو گلەییانەی لای من کرد، کە چەندە باری قورسـە، لە گوتـوبێژێکی گشتیدا گوتم، کە چین دەبینم تائێسـتاش پابەنـدی کولتـووری کۆنفۆشیۆسـە، بـڕوای بە یەک ڕاستیی گشتیی هەیە بۆ تـاک و یەکگرتنـی کۆمەڵگـە، ئەوەی کۆمـۆنیزمیش کـردی دامەزراندنی مارکسیزم بوو، وەکو ناوەڕۆکی ئەو ڕاستییە .

ناتوانم بیرم بێتەوە من بۆچی ئەمەم گوت، هەرچەنـدیەکی ڕاسـت بـێ، بەڵام مـن ئەوەم لە بیر نەمابوو، ماو ڕەخنەی لە کۆنفۆشیۆس هەیە، چونکە لەگەڵ سیاسـەتەکانی ناکۆکە، ژو هەڵچوو ئەمە یەکەمین جـاربوو ژو بەم تـوڕەییە ببیـنم و سـوور بـوو لەسـەر هێرشکردنە سەر کۆنفۆشیزم، گوتی کۆمۆنفۆشیوزم بـڕوای چەوسـاندنەوەی چینـایەتییە، لە کاتێکدا کۆمۆنیزم فەلسەفەی ئازادیی و ڕزگـارییە، زۆر سـور بـوو لەسـەر هێرشـکردن ،بـەڵکو ئەمەی بـۆ ئەوەبـوو وەرگێـڕەکە (نانسـی تانـگ) گـوێی لێبـێ، چـونکە ئەو لە (جیانگ کینگ)ی هاوسەری ماو و وانگ هیرۆنگی برازایەوە نزیک بوو.

لە سـەرەتای ١٩٧٤ ژو ئـنلای لە ئاسـمانی پەیوەنـدییەکانی ئەمریکـا و چـین ون دەبـێ، دوای مـاوەیەکی کەم ڕاگەیەنـدرا، لە نەخۆشـخانە خەوێنـدراوە، بە درێژایـی ئەو ماوەی ماو لە ژیاندابوو هیچ بەرپرسێک باسی نەدەکرد، بەم شـێوە ڕۆڵـی ئەو کەسـەی بە دەوری ماوەوە بوو لەسەر شێوازی چینی گوم دەبێ.

دواجار کە، ژو ئانلایم بینی لە کۆتایی نۆڤەمبەری١٩٧٤ بوو لە خانوێکی میوانداری دەوڵەت بـوو، کە وەکـو نەخۆشـخانە بە کاردەهـات، ئەوکـات مـن بە یـاوەری هاوسـەر و منداڵەکانم بووم، بە ناو نەخۆشخانەم پێ نیشان دەدان، هیچ جیاوازیەکی نەبـوو لەگـەڵ خـانوی میوانـداری سـۆڤیەتی، خزمەتگـوزاریەکی کەمـی پزیشـکی تێـدابوو، وەکـو بینـیم ڕووخسـاریی و جەسـتەی نەگۆڕابـوو، لە گفتوگـۆ ڕایـدەکرد، گـوتی: دکتۆرەکـان پێیـان ڕاگەیانـدوم کەمتـر بـدوێم، نـازانم بـۆ دەبـێ گفتوگـۆی دروسـت زیـانبەخش بـن، بەڵام هۆکـارەکە دیـاربوو، کە ئیتـر ژو ئـانلای ئەو کەسـە نییـە دەسـەڵاتی هەبـێ دانوسـتانم لەگەڵدا بکا.

مردنـی ژو ئـانلای لە کـانونی دووەمـی ١٩٧٦ بـووە بـۆنەیەک، بـۆ سـەلماندنی وەفاداری هاوڵاتیان بـۆ شـۆڕش، ژمـارەیەکی زۆری هاوڵاتیـان بە دڵتەنگـی لە گۆڕەپـانی (تیانانمین) کۆبـوونەوە، یـاوەر و لایـەنگرانی مـاو ئەو کۆبـوونەوە جەماوەرییەیـان وەکـو دژایەتی خەڵک بۆ بیروبڕوای ماتریالیزم دایە ناسـین و وەکـو هەوڵێـک بـۆ دروسـتکردنی سومبولی ململانێ، دواتر خۆپیشاندانی نەیاران دەستپێدەکا و دنگ ژیاو پینگ (Deng Ziaoping)، کە ڕێکخەری بزوتنەوەی چاکسازی بوو دووبارە دووردەخرێتەوە.

دوای ماوەیەکی تر لە ١٩٧٩ بە سـەردانێکی تـایبەتی هـاتمەوە چـین، بینـیم دنـگ زیـاو پینـگ گەڕاوەتەوە، بەڵام ژو ئـانلای کەسـێکی تریـان لە شـوێن دانـاوە، لە لایـەن هاوسەری ژو پێشوازی کرام، کە سیمایەکی ڕێکـی هەبـوو، مۆزەخـانەیەکی لە گۆڕەپـانی (تیانانمین) دانابوو هەندێک شوێنەواری نوسینگەکەی و کەلوپەلی ماڵەوەی لـێ دانـابوو (کە مـن هەرگیـز نەم بینیبـوو)، ئەو مۆزەخـانە خەڵکـانێکی زۆری بە لای خۆیـدا کـێش دەکرد.

دوای ماوەیەک هەرچەندە ژو کەسێکی بەڕێز بوو، بەڵام کەس ناوی نەدەهێنـا، لە ١٩٩٥ کە (لـی تینـگ هیـو) سـەرۆکی تـایوان ڤیـزای ئەمریکـا وەدەسـتدێنێ دووبـارە

پەیوەندیەکانی ئەمریکا و چین تێک دەچن، چین بانگێشتی باڵوێزی خۆی لە واشنتۆن دەکات و بیجینیش پێشوازی لە بالوێزی ئەمریکا ناکا و نامەی پشت پێبەستنی لێ وەرناگرن.

سەردانێکم بۆ چین لە تەموزی ١٩٩٥ کەوتە ئەو دۆخە نالەبارە، حکومەتی چین یادی ژو ئانلای بۆ مەبەستی بایەخدان بە پەیوەندیەکانی نێوان چین و ئەمریکا بە کارهێنا، بانگێشتکرام بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی پلە ئابڕو لە زانکۆی (نازاکی) لە تیانجین، کە ژو لێی خوێندکار بووە، بەرنامەکە بریتیی بوو لە ستایشی ڕۆڵی ژو لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەمریکا لە دانوستانەکان، کاتێک وێنەیان گرتم لە بەردەم پەیکەری سەرۆک وەزیرانی کۆن، خوێندکارەکان بە خۆشی سڵاویان لێ دەکردم، بە دڵنیایی ئەمە یەکەم دیاردەی لایەنگریکردنی ئەمریکایە لە چین ڕوویدا.

**دنگ زیاو پینگ**



Deng Xsiaoping

لە ١٩٧٤ لە کۆتاییەکانی ماوەی ویلایەتی نیکسۆن دنگ زیاوپینگ دەبێتە گەورە دانوستانکار، هەرچەندە من لە ماوەی ویلایەتی فۆردا، حەزم لە مامەڵەکردندا بووە لەگەڵی دا، بەڵام چیرۆکی سەردانییەکەی نیکسۆن تەواو نابێ بەبێ دیدەنی ئیدارەی کەسایەتیی دنگ زیاوپینگ.

کاتێک لە کتوپڕ دنگ زیاوپینگ وەکو کەسایەتییەکی دیار دەردەکەوێ، ئێمە زانیاریەکی ئەوتۆمان لەسەری نەبوو، کە کەسایەتییەکی بالای چینە، دواتر هەواڵگریمان پێی ڕاگەیاندین، کە تا ١٩٦٩ ئەمینداری گشتی حزبی کۆمۆنیستی چین بووە، ئەو کەسایەتییەکە بە دژایەتیی سەرسەخت بۆ سەرمایەداری ناسراوە، دواتر ئاگادارکراینەوە کە بە فەرمانی ماو گەڕاوەتەوە تا سەرپەرشتی لیژنەی ناوەندی حزب بکا و دژی ئۆپۆزسیۆنە ڕادیکاڵیستەکانی پۆلی بیرۆ (مەکتەبی سیاسی)یە. کەچی بە گەڕانەوەی دنگ بۆ بیجین (جیان کینگ) هاوسەری ماو بە ئاشکرا ڕەخنەی لە دنگ دەگرت، ماو وەکو سەرۆک بە نافەرمی داوای لێبوردنی لە دینگ کرد لەسەر ئەو مامەڵەی لە کاتی شۆڕشی ڕۆشنبیریی لەگەڵی دا کراوە، مامەڵەکە بریتیی بووە لە سزادانی بە کارکردنی دەستی و دەستبەسەرکردنی و بینینی کوڕەکەی بە شێواز و حاڵەتێکی نەخوازراو و پڕ لە ئازار، کە بە دەست پاسەوانی سورەوە دەیناڵاند.

لە گوتوبێژێکیدا لەگەڵ ئوسترالییەکان ڕاپۆرتەکان وایان پێڕاگەیاندین، کە تووشی سەرسامی بووە کاتێک بۆتە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی دەیەی ڕابردوو. چین وڵاتێکی هەژارە پێویستی بە ئالوگۆڕی کولتووریی و ڕۆشنبیریی هەیە لەگەڵ وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکو ژاپۆن، گوایە دینگ بە هاوڕێ ژاپۆنییەکانی گوتوە لە گەشتەکانتاندا بۆ ناو چین سەیری لایەنە دواکەوتووەکان بکەن، نەک تەنها پێشکەوتن و دەستکەوتەکان، ڕاپۆرتەکانی هەواڵگریمان دەڵێن هێنانی دینگ بۆ ئەوەبووە دیدەکانی ژو ئنلای ببووژێنێتەوە و ببێتە پارسەنگی سەرۆک وەزیران لەم پرسەدا.

هەرکە چاومان بە دینگ کەوت بۆمان دەرکەوت، ئەو هەڵسەنگاندنەی دوایی هەڵەیە، چونکە هەمیشە خۆی لە ژو دووردەخستەوە، لەنیسانی ١٩٧٤ وەکو شاندی چین بۆ دانیشتنی تایبەتیی شەشەمی کۆمەڵەی نەتەوە یەککگرتووەکان گەیشتە نیویۆرک، چونکە کوان گونهۆی وەزیری دەرەوە سەرۆکی شاندەکەبوو بایەخێکی

ئەوتۆمان بە دنگ نەدا، داوای دیدەنی ئێمەی نەکرد و تا سەرۆکی شاندەکەیان گوتەی نەخوێندەوە نیویۆرکی جێ نەهێشت، چونکە پێم وابوو بەدوای ژو هەنگاو دەنێو تایبەتمەندیی ئابووریی هەیە، منیش داوای دیدەنیم نەکرد تا دوای هەفتەیەک کاتێک چوومە نیویۆرک بۆ خوێندنەوەی وتارەکەمان ئەوسا داوەتی خوانێکم کردن، دواتر بۆم دەرکەوت، بەشداری دنگ بۆ بارسووکی ژو بووە، هەرچەندە ناوی ژو لەسەر زمانی هیچ یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە نەهات.

بۆ ئەوەی بسەلمێنێ، کە نامەکەیان گەیشتووە دنگ بە هیچ شێوەیەک باسی هیچی نەکرد، بەڵام کتوپڕ باسی لە گوتووێژەکەی ئەم دواییەمانی کرد لەگەڵ ژو ئنلای، لەسەر پرسیاری ئاخۆ هیچ لەسەر کۆنفۆشیۆس دەزانم، بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی تەقینەوە نەیەم، وەکو ئەوەی لەگەڵ ژو تووشی هاتم، بە خۆدزینەوە وەڵامیم دایەوە، بووە مایەی ئەوەی دنگ دڵخۆشم کا و گوتی:

کونفۆشیوس بە کورتییەکەی پسپۆڕی پاراستنی ڕێورەسمە ئاینییەکان بووە، خۆی کەسێکی تا بڵێی پارێزگاربوو، بیروڕاکانی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ جێگەی بڕواپێبوونی چینییەکان بووە، کاریگەری زۆری لەسەر گەل هەبووە، ئەگەر بمانەوێ گەل لە ئایدیۆلۆژیای کۆن ڕزگارکەین، دەبێ کۆنفۆشیۆس لە ناوبەرین، ئەمەش هەنگاوی ڕزگاری هزری گەلە.

پرسیم ئاخۆ لە چین مشتومڕەکان بیردۆزین یا پراکتیکین، ئاڕاستە و دژی تاکی زیندوون یا مردوو، لە باتیی تاکی لەمێژینە و کۆن، دنگ لەسەر ئەوەی ئاخۆ هەڵمەتی دژی کۆنفۆشیۆس ئامانجێکی سەردەمانەی هەیە هیچی نەدرکاند.

کاتێک ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیایەکی کۆن دەگریت هەردەبێ ڕووبەڕووی ڕەخنەی هەندیک لە پارێزگاران ببیەوە.

تا دەهات ڕێزم بۆ ئەو پیاوە کورتە باڵایەی خاوەن دوو چاوی بریقەدار زیاتر دەبوو، کە لە دۆخێکی تەسک و نالەبار ئاوەها دەستی بە پرسی وڵاتەکەیدا گرتووە بیپەڕێنێتەوە بۆ کەنارێکی ئارام. باشتر لە پێشینەکانی خۆی، بەڵام بۆشاییەکی جێهێشت کاتێک بە نیکسۆنی گوت هیچ گۆڕانکاری دروست نەبووە تەنها لە بینجین نەبێ، بەڵام دەرەوەی کاولکاری کە شۆڕشی ڕۆشنبیریی بەرهەمی هێنابوو ئەو توانیی

نوێکاریی تێ بخا و چین بەرەو وڵاتێکی ئابووریی بەهێزبەرێ، لە ماوەی تەنها ٢١ ساڵدا. دنگ توانیی هەموو نوێکاری و پێشکەوتنێک بخاتە نێو ئابووریی و ژێرخانی ئابووریی چینەوە، تەنها دەستکاری نەریتەکانی ماو نەبێ لێی نزیک نەبووەوە، بازارێکی ئابووریی هاوبەشی دامەزراند، کە ناونرا بە ئابووریی بازاڕی سۆشیالیزم و پەیوەندیی خۆشی لەگەڵ ئەمریکا بنیادنا.

لە دیداری یەکەممدا لە نیسانی ١٩٧٤ کەسمان پێمان وا نەبوو کە دنگ ئەوەندە گرنگ و بە هێزە، بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی دەکرد، وەکو ئەوەی لە خولێکی فێربوون و ڕاهێنان بێ بۆ کارکردن لەگەڵ ئەمریکییەکان، بڕوای بە گوتەی ماو هەبوو کە دەڵێ:

ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵات کار دەکەن، بۆ ئەوەی لە ڕۆژئاوا بدەن. مەبەستی لەم گوتەیە ئەمریکا بوو، کە لە هەموو وڵاتێک زیاتر لە ژێر هەڕەشەدایە، ئاماژەم بەوەدا، کە پێویست ناکا لەسەر دید و ستراتیژییەکانی کاری سۆڤیەتی بدوێین ئەگەر پەیوەندیی بە ئەوروپاوە هەبێ یان ئاسیا، گوتم لە هەر کوێیەک کەلێنێک دروست بوو، ئەوکات هەنگاوی داهاتوومان دەبێ، دنگ پێی وابوو سودی نییە ئەم گوتوبێژە، گوتی ساڵانی داهاتوو هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە.

لەگەڵ ژاپۆنییەکان باسی ئەم خاڵەمان کرد، وا پێدەچوو ئەوان لەم پرسەیان نەکۆڵیبێتەوە، دڵنیابوون لەوەی مەبەستی سۆڤیەتییەکان ئەوان نین، لە ڕاستییەکەی دنگ مەبەستی بوو هاوپەیمانییەتیەکمان لەگەڵدا ببەستێ.

ماوو ژو ئنلای زۆر بە دەگمەن باسی سیاسەتی هاوسەنگیان لەگەڵدا کردووین، ژو تەنها ئەوەندەی دەدرکاند، کە پێشوازی لە هەوڵەکانی ئەمریکا دەکا لە کردنەوەی بەرەیەکی یەکلایەنە دژی یەکێتی سۆڤیەتی، دنگ ئاماژەی بە ستراتیژیەتێکی هاوبەشدا هاوشێوەی کارکردنمان بەرانبەر بە (جێگیر کردنی ورچ لە باکوور)، بەم شێوە هانیان داین زیاتر هەستیاربین بەرانبەر بە هاوپەیمانانی ئەوروپیمان ( ئەگەر بایەخی زیاد بە ئەوروپییەکان بدەن، ئەنجامەکەی باشتر نابێ؟).

دوای ماوەیەکی کەم لە یەکەمین دیدارمان لەگەڵ دنگ ماوەی کۆتایی هاتنی نیکسۆن و دەست بەکاربوونی فۆرد گەیشت، ئەمەش کەلێنێکی شەش مانگیی خستە نێوان دانوستانەکانمان لەگەڵ بجین، لەو ماوەیە لە ڕێگەی ڕێکخەری پەیوەندیەکان

(هیوانگ زهین)ەوە پابەندی تەواوی خۆمان نیشاندا لە سیاسەتەکانی نیکسۆن بەرانبەر بە چین، بۆ ئەم مەبەستە جیرالد فۆر بۆ ماوەی سێ کاتژمێر پێشوازی لە ڕێکخەری پەیوەندیەکان (هیوانگ زهین) کرد، تا ئەوەی نیکسۆن ئەنجامی داوە ئەو سەرڕاستیکاتەوە و دڵنیایی بدا بە حکومەتی چین، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆبوونەوەی سالآنەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەیلولی ١٩٧٤ بینیمان، کە (کیاو گوانهوا) لە وتارەکەی چین دا ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت وەکو یەک بە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی دەزانێ.

ئەمە هەڵکەوت نەبوو، داینەمۆی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و چین بریتی بوو لە داننان بە بەرژەوەندیەکانی یەکتری، کاتێک گۆڕانکاریەکی ناوەخۆ دەبێ نابێ کار بکاتە سەر دیدە هاوبەشەکان، ئەوەتا لەو ماوەیە گەلێک تەنگژە و گۆڕانکاری لە ناوەخۆی ئەمریکا سەریان هەڵدا، کەچی دید و بۆچوونمان لەسەر ڕەوشی دانوستان و بەرژەوەندییەکانی چین نەگۆڕبوون، بایەخدانی چین بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لە ڕوانگەی پابەندبوونی ئەمریکا بوو بە هاوسەنگی نێودەوڵەتیی و سووربوونی لەسەر جێبەجێکردنی ستراتیژیەتێکی تۆکمە، لەگەڵ ئەمەش لە ماوەی شەش مانگا چینییەکان بینیان، کە لە ئەنجامی واتەرگێت (Watergate)دا هێزەکانی جێبەجێکارمان هەڵوەشاندەوە و ئەو سەرۆکە نوێیەش هیچ کام لە سەرکردە بالآکانی چینی چاویان پێی نەکەوتوە و ناچارن دەبێ بیبینن و بیناسن، کۆنگرێس ئەوکات لەسەر هیندیی چینی و قوبرس و هێزی شەڕکەر و چالاکیەکانی هەواڵگری ڕووبەڕووی دەسەلآت دەبووەوە، ئەمانە هەمووی خاڵی کەمکردنەوەی متمانەبوون لەوەی ئەمریکا لە کرانەوە پاشگەزبێتەوە و دۆخەکانی شەڕی سارد شێوازێکی تر بگرێتەبەر.

بەلآم کاتێک فۆرد دەسەلآت دەگرێتە دەست پرسەکەمان پرسی سیاسەتمان نەبوو بەرانبەر بە چین، بەڵکو توانامان بوو لە درێژەپێدان بەو دەستەواژانە .

بـــەشی دووەم

# فۆرد لە سەرۆکایەتی

# (٦)
# سەرۆکایەتیی نوێ

## گۆڕانکاری



Gerald Ford

هیچ بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکار، هیچ دیموکراسیەتێکی پیشەسازییان لە نوسینگەی خۆیان پیادە نەکردووە، وەکو ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا پیادەی دەکرد، هەندێک کۆتوبەندی لەسەر دامەزراندن هەبوو، لەو کاتەی دەسەڵات دەگرێتە دەست نزیکەی



چەند هەزار کەسێکی وەکو فەرمانبەری یاریدەدەر لە وەزارەتەکان دامەزراند، حکومەت بە پێی بڕیارەکانی سەرۆک کار دەکات بەبێ بێنە و بردە، ئەو کەمینەی گوتوبێژ لەسەر بڕیارەکان یا سیاسەتەکانی وەزارەتی دەرەوە دەکەن بە نووسین و پێشنیار بەرزی دەکەنەوە، گریمانەکەش ئەوەیە کە بڕیارەکانی حکومەت بۆی هەیە دزەیان پێ بکرێ، چونکە ئەندامییەتیان جیاوازە.

لەبەر ئەم هۆکارانە دیالۆگی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی یان لە کۆمیتەکانی سەر بە ئەنجومەن دەکران.

ئەنجومەنیش پێکهاتبوو لە سەرۆک و جێگری سەرۆک و وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگریی و سوپاسالاری هاوبەش و( بەڕێوەبەری نمایندەی هەواڵگری ناوەندی) وەکو ڕاوێژکار، جگە لەمانە ئەو کەسەش بۆی هەبوو بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بکات، کە سەرۆک بانگێشتی بکردبایە وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتیی و وەزیری خەزینە و گەلێکجاریش داواکاری گشتیی و هەندێکی تر بەشداردەبوون وەکو گەورە فەرمانبەرانی کۆشک ئەگەر پەیوەندیان بەو بابەتە هەبووایە، بە پێی ئەزموونم نە نیکسۆن نە فۆرد داوای دەنگدانیان لەسەر بڕیارەکان نەدەکرد، بە یاداشتێک بڕیارەکانی بۆ نوسینگەی سپی دەنارد، ئەمەش نیشانەی پێداگریەتیی لەسەر خەسڵەتی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی.

ئەو سێ مانگەی دەکەوێتە نێوان دەنگدان و دەست بە کاربوونی سەرۆک ماوەی پێدانی دەرفەتە بۆ ئەوەی کارەکانی ڕێکبخا، ئەو ماوە ماوەی ئەزموونە بۆ سەرۆک، تا لە نوسینگەکەیدا پشوویەک بدا و بیر لە چۆنییەتیی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و نەخشەدانانی کارەکانی بکا، تاقمی ئیداری سەرۆک ئەوپەڕی ئامادەباشی نیشان دەدەن لەو ماوەیە ئەو زانیاریانە بە سەرۆک دەدەن، کە داواشی نەکردووە تا هەموو شتێکی لەبەر دەستدا بێ و بەرچاوی ڕوون بێ.

بە ناوی بەردەوامییەوە، چینی باڵا لە ئیدارە لە کاتی ئاڵوگۆڕی، پرۆژەی وا دەخەنە بەردەست کە کاتەکەی بەسەردا چووبێ. گروپی داهاتووی ئیدارە تا ئێستا پەتای بیروکراسی لێی نەداون، بەوپەڕی ئامادەباشییەوە لە ژێر فەرماندان زۆر بڕوایان بە گۆڕانکاری هەیە، زیاتر لە گروپی پێشووتریان، دەزگە ڕاگەیاندنەکانیش هەواڵەکانیان بڵاوناکەنەوە، چونکە تا ئێستا هیچ شارەزایی و زانیاریەکی ئەوتۆیان لەسەر کار و چالاکیەکانیاندا نییە، گەورە میدیاکارەکانیش کاتەکانیان بەوە دەبەنە سەر، سەرچاوەی هەواڵەکانیان بە هێزکەن.

بەم شێوە گۆڕانکاریەکانی سەرۆکایەتی بە کۆمەڵێک گومانەوە داپۆشراوە، گومان چونکە لە قۆناغی نوێکاریدایە و ئەم قۆناغەش هێشتا ڕەگی دانەکوتاوە.

کاتێک لە ئەنجامی ڕووداوێکی نەخوازراو کۆتایی بە ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆک دێت و جێگرەکەی لە کتوپڕدا دێتە شوێنی، ڕژێمێک لە پەیکەری وەحشیگەرایی بەرجەستە دەبێ. سەرۆکە نوێیەکە لە بەردەم چەند ئەگەرێکدا ناچار دەبێ، چونکە لە نێو حزبدا، ئەم وەکو ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان باڵەکاندا دەستنیشان کراوە، بۆیە دەبێ وردە وردە فەرمانبەرە کۆنەکان بگۆڕدرێن بە فەرمانبەرە نوێیەکانی دەستەی سەرۆکە نوێیەکە، ماوەی مانگەکانی سەرەتایی ماوەی دڵەڕاوکێ و نائارامییە، زیاتر لە دروستبوونی ئومێد بە هاتنی سەرۆکی نوێ.

گۆڕانکاریەکانی لە ئەنجامی گۆڕانی نیکسۆن بە فۆرد گۆڕانی ئاڵۆز بوون، فۆرد وەکو جێگری سەرۆک سوودی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن نەبرد وەکو سەرۆکی پێشووی، کە سوود لە دەستکەوتەکانی سەرکەوتن بکا، دواتر فۆرد ئیدارەیەکی وەرگرت، کە

ماوەی دوو ساڵ بوو بە دەست ئابرووچوونەوە گیری خواردبوو، ئەمیش وەکو جێگرەکانی پێشووی، نە ڕاوێژکاری سیاسیی، نە دەزگەی سیاسیی نەبوو، هاوشێوەی سەرۆک.

دوای چەند هەفتەیەک فۆرد سەرجەم ئەو فەرمانبەرە سیاسییانەی گۆڕین کە لە نیکسۆنەوە بۆی مابووەوە، لە ناویشیاندا (بیرۆ)ی ڕۆژنامەوانی. ئەلیکسەندەر هیگی لە سوپاسالاری ناتۆوە گۆڕی و دۆنالد ڕامسفێلدی خستە شوێن، ئەو دۆستی خۆی بوو لەوکاتەی بە یەکەوە لە ئەنجومەنی نوێنەران بوون.

لە ماوەی هەژدە مانگی داهاتووش سەرجەم فەرمانبەرانی حکومیی گۆڕی جگە لە (بیل سیمون لە وەزارەتی خەزێنە و منیش لە وەزارەتی دەرەوە) ئەمە و بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیشی گۆڕی، بە کورتی فۆرد مەبەستی بوو، ئەو کەشتییە بە تاقمێکی نوێوە بەڕێوەببات.

ڕەفتارە مرۆڤاتییەکانی فۆرد ئازارەکانی ئەو کەسانەی کەم کردنەوە، کە لە کارەکانیانی دوورخستوبوونەوە یان بۆ شوێنێکی تری گواستبوونەوە، نیکسۆن ئالودەی بژاردە ستراتیژییەکان بوو، کاتی زۆری پێوە دەکوشت، لە وردەکارییەکانی جێبەجێکردن ناڕەحەت دەبوو، بەڵام فۆرد بە پێچەوانەی ئەوبوو، لەسەر ئامانجەکان گوتوبێژی دەکرد بە کۆبوونەوەیەک یان دووان، بە دوور و درێژ لەسەری دەدوان، تا کەسێ لە بەرپرسەکان نەمێنێ قسەی خۆی لەسەر ئەم پرسە نەکا و خۆیان لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان بەرپرس بن، دواجار بۆچوونی کەسی لەسەر بۆچوونەکانی خۆی پێ قبوڵ نەبوو.

فۆرد لە نیکسۆن زیاتر نقومی سیاسەت ببوو، دەستا و دەستەکانی نیکسۆن لای فۆرد جێی ڕەزامەندی نەبوون، هەرچەندە هەندێکجار دانی پێدا دەنا ئەگەر پێویستی بکردبایە، نمایش و خستنە ڕووی زارەکیی پێ باشتر بوو لە نمایشی سەر کاغەز، کەچی دەستەی کارکەرانی ناوەخۆی نیکسۆن لەسەر ئاستی یاریدەدەرانی وەزیر، هەردەم لە گفتوگۆ و دیالۆگدابوون.

فۆرد ترسی لە ناکۆکییەکانی ڕاوێژکارانی نەبوو، ئەولاریی نەبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیرۆکەکانیان، لە کاتی ناکۆکی لەگەڵیاندا تووڕە نەدەبوو، هەڵنەدەچوو، پرسیاری گونجاوی دەکرد و بڕیاری دەردەکرد، بەڵام نیکسۆن ئەمەی

قبوڵ نەبوو، ئەو گوتوبێژ و دیالۆگانە لەگەڵ ڕاوێژکار و فەرمانبەرانییدا بکا، دواتر فۆرد پێی خۆش نەبوو خۆی بڕیارەکان دەرکا، کاتێکیش دەریدەکرد بۆ هیچ ئەگەرێک یا بیانویەکی ناوەخۆ هەڵی نەدەوەشاندەوە.

یاوەرانی فۆرد ترسیان لەوە نەبوو، لەگەڵ بۆچوونەکانی ناکۆک بن یا لە ترسی ئەوەی ماوەیەک لەگەڵ نیکسۆندا کاریان کردووە، بەو هۆیەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی بن، بێ ئەوەی بڕوایان پێی بێ، جیاوازی لە بۆچوون مانای پیلانگێری و کێبڕکێ ناگەیەنێ، فۆرد بە ڕاشکاوی ئەمەی ڕادەگەیاند ئەنجامەکانی بە شاشی جێ نەدەهێشت.

لەگەڵ ئەوەشدا زەلالی (شەفافیەت) گونجان دروست ناکا، دەبوایە فۆرد لە سەرەتاوە ئەو وردە جیاوازیە تێپەڕکا، کە لە کاردانەوەی ئەندامانی حکومەت بەرانبەر بە سەرۆکە نوێیکەیان بە دی دەکرێ و ئەوانیش بە دامەزراندن پێی قەرزارن.

تاکە لێکدانەوەی ڕێنماکانی فۆرد بۆ بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (ولیام کولب) سەبارەت بە ئەنگولا و لێکۆڵینەوە هەواڵگریەکانی کۆنگرێس، یا ڕێنماکانی بۆ وەزیری بەرگری ( جیمس شلیسنگەر) لە کاتی ڕووداوەکەی مایاگیوز، کە لە بەشەکانی داهاتوو دێینە سەری، پێم وایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بڕوایان وایە ئەوان هەردووکیان لە فۆرد زیاتر یا باشتر لە بەرژەوەندی نەتەوایەتیی دەگەن.

**ئە**وکاتەی بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی دژی بۆچوونی زۆرینە دەبوو، فەرمانبەرە لاسارەکان خۆیان بە کاری بێ کۆتایی سەرقاڵ دەکرد، فەرمانگە خەمخۆرەکانیش دەکشانەوە هێڵی بەرگری، وەکو ڕەنگدانەوەی فەرمانەکانی سەرۆک، بۆیە ناکۆکییەکانی ستراتیژییەتیی کەم کردنەوەی چەکی ستراتیژی هەمیشە نەدەگونجا، بەشێکی هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دیالۆگی فەلسەفیی شوێن دیالۆگی تەقەنیی گرتبووەوە، چونکە بەشێک لە یاریکەران هەستیاربوون لەوەی باڵی پارێزگاران لە نێو حزب کە دژی فۆرد بوون بەسەر دۆخەکەدا زاڵ نەبن.

## دەستەجەمعی فۆرد

هەموو سەرۆکێک لە ماوەی خزمەتیدا، مەیلی ئەوە دەکا چەندین کەسایەتی لە فەرمانبەرانی بالا لە خۆیەوە بئالێنێ، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو فەرمانبەر و یاریدەدەرێک، دەوربەری فۆرد پێکهاتبوو لە (روبرت ت هارتمان، فیلیپ پوچین، ولیام سیدمان) بە هیچ ڕۆڵێکی جێبەجێکار هەڵنەدەستان، هارتمان وەکو یاریدەدەری یاسادانانی فۆرد بوو لە ئەنجومەنی نوێنەران، فیل بووچین پارێزەری بوو، بیل سیدمان هاوبەشی ئیداریی بوو لە کۆمپانیایەکی ژمێریاری نێودەوڵەتی، هەردووکیان خەلکی گراند ڕابیدس بوون. بۆ فۆرد تایبەتمەندی ئەو دوو کەسە شارەزاییان نەبوو، بەڵکو خۆشگوزە بوون، ئەوان لێی تێدەگەیشتن و ئەویش بڕوای پێیانەوە هەبوو، خەسڵەتیان نیانی و کەسایەتیی بوو، ئەوان لەو کەسانە نەبوون ڕووبەڕووی شەڕببنەوە، ئەوکات دۆخی ناوەوەی واشنتۆن ئەمەی دەخواست بە تایبەت لە سەردەمی شەڕی ڤێتنام و ئابڕوبەرەکەی واتەرگێت Watergate ) دا، تووشی شۆک بوون، کە کۆنگرێس لە نێو ئیدارە نوێیەکە هێرشی هەردووکیانی دەکرد، وا ڕەفتاریان کرد، کە مەبەستیان ئەوان نییە و ئەم هێرشانە پەیوەندیی بەوانەوە نییە، پێیان وابوو لە یەک تێنەگەیشتنێک هەیە، بەم گوێ پێنەدانە هێرشبەران لە خۆیان بایی بوون و پێیان وابوو هێرشکردنە سەر ئیدارەی فۆرد سزا و لێپێچانەوەی بە دوادانایێ.

هەرچەندە ئەوانەی نوێ دەهاتن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆنگرێس و دەزگا میدیاکارەکان، هەستیان دەکرد بە ڕووبەڕوو بوونەوەی وەزارەتەکان ئازادترن، چونکە فەرمانبەرانی حکومەت و ئیدارەی ئەمریکی مێژوویێکی دوور و درێژیان نییە لەگەڵ فۆرد و دارودەستەکەی، دواتر بەهۆی ئەوەی سەرۆک تەنها یەک جێگری هەبوو، بۆیە سەرنجەکان هەموویان ئاڕاستەی ئەوبوون، بەو هۆیەوە ئاژاوە و نارەحەتییەکی زۆر لە نێو کۆشکی سپی دروست بوو.

هارتمان خۆی بۆ بەرگرییکردن لە فۆرد تەرخان کرد، لە دژی گروپی سەردەمی نیکسۆن، کە جگە لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان خزمەتی هیچ ناکەن. لە میانی هەرەسی هیندیی چینی لە ١٩٧٥ هارتمان ئەرکی کۆتایی هێنانی شەڕی ڤێتنامی گرتە ئەستۆ و فۆردیش هەموو داواکاریەکانی لۆجستیکی زیادە ڕەتدەکاتەوە، بئاگا لەوەی پێشنیارەکانی بۆ کشانەوەی یەک لایەنە بە خێرایی دێن، ئەمەش یەکێک بوو لە داخوازیەکانی باڵی ڕادیکاڵیستەکان لە بزوتنەوەی ئاشتی، کە ماوەیەک بوو پێداگریان لەسەر دەکرد.

ڕادیکاڵیستەکان هیچ کاتێک ئامادە نەبوون لەگەڵ کەسێکی هاوشێوەی نیکسۆن هاوکاری بکەن. بەر لەوەی فۆرد لە تەموزی ١٩٧٥ بچێتە (کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی) هارتمان هەوڵی دوورکەوتنەوەیدا لە ڕەخنەگرانی پارێزگاران لەسەر دەستبەرداربوونی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و تۆمەتبارکردنم لەسەر سەرجەم پرسەکە.

هەرچەندە سەرۆک لە توانایدا بوو دەستبەرداری وەزیری دەرەوە بێ، بەڵام نەیتوانی ئەمە بکا، چونکە ئەو بەشێکە لە ئیدارە و دەسەڵات، دواتر لە سەرو بەندی کۆنگرەی نێودەوڵەتیی مەزندا بوو کە ئێستا دان بەوە نانرێ خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ شەڕی سارد.

هەرچەندە ئەم جۆرە ڕووداوانە ئازاربەخش بوون و سنورێکی بچووکی نەدەبڕی لە سەردەمی ویلایەتی فۆردا. هارتمان و یاوەرانی لە گروپی ( گراند ڕابیدس) ئەم جۆرە توانا و مەکرانەیان نەبوون وەکو هاوشێوەکانیان لە سەردەمی نیکسۆن، دوای چەند مانگێک هارتمان خۆی ئامادە کرد یا بلێین فۆرد ڕایسپارد بۆ نوسینەوەی گوتارەکانی و بایەخ دان بە پرسە سیاسییەکان وەکو ئەوەی لای سەرۆک لە پرسە بەراییەکان بێ، ڕۆڵی فیل بوچین زیاتر گشتی بوو.

ئەوەی من تێبینیم کردبێ هەموو سەرۆکێک یەکێک لەو لایەنگرانەی خۆی دەستنیشان دەکا، لەوانەی مەبەستەکانیان شاراوە نین بە کەسێکی دەربڕی ویژدانی خۆی، چونکە هارتمان نوێنەرایەتیی ڕۆمانسیی نیکسۆن دەکات، بۆ سەرۆک وەکو پاڵەوانێکی بە توانابوو، بۆچینیش بەرجەستەی پابەندی فۆردی دەکرد بۆ بەرژەوەندی گوتیماری زامەکان.

بوچینیی بە جەستە لاواز و خاوەنی قژێکی سپی بە ناوی کونسوڵی سەرۆک ناودەبردرا، ئەو لە سییەکان لە دایکبببوو، چونکە حەزی لە دەمەتەقێ و گیر گرفت نەدەکرد، بە کەڵکی چارەسەری کێشەکان نەدەهات، هەندێک لە ئێمە و مانان لەوانەی دژی شەڕی ڤێتنام بووین مەبەستمان بوو، بە هەر شێوەیەک بێ کۆتایی بەم شەڕە بێت، بۆ ئەوەی لە مەترسییەکانی دوورخەینەوە و هانی هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بدەین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆشکی سپی لەگەڵ کۆنگرێس دوورخەینەوە.

ئاژانسەکان و بە تایبەتی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا (CIA) ی لە نێو هێڵی ئاگردا جێهێشت، کە بووە مایەی سستبوونەوەی لە کارەکانیدا.

هەر چەندە من جاروبار دژی بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی بۆچین بووم بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند دەیەیەک بۆم دەرکەوت، کەوا کەسێکی بە توانا و ڕاگری پارسەنگی کێشە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان بوو. کاتێکیش لە خزمەتدا تەواو دەبی دوای ئەوەی فۆرد لە دەسەڵات نامێنیئەو شاری واشنتۆن هەڵدەبژێرێ بۆ ژیان لێ بردنەسەر، خەسڵەتەکانی ئەو شارەش ئەوەیە، کەسێک لە دەسەڵات نەمێنێ ئەگەر دەسەڵاتی لە پشت نەبێ ژیانی لەوێ قورس دەبێ، بەڵام بۆچین هەمیشە مایەی ڕیزو ستایش بووە لای ناحەز و ڕکابەرەکانی. دیارە دواتر هاتنی کەسانی بەهێزتر بۆ ئیدارەی فۆرد ( دۆنالد ڕامسفیلد) بوو کە فۆرد لە سەنتەری ناتۆوە هێنای دوای ئەوەی ئال هیگ لە سوپا سالاری نامێنی.

دوای بانگێشتنی کوشتارگەی (هالوین) لە ١٩٧٥ کە (شلسینجەر) دەرکراو ڕامسفیلد کرا بە وەزیری بەرگری. فۆرد زۆر ڕیزی لێ دەنا، ئەو کاتەی بە یەکەوە لە کۆنگرێس کاریان دەکرد سوپاسگوزاری بوو، کە بە هاوکاری ئەو توانیی ببێتە سەرۆکی کەمینە لە ١٩٦٥.

ڕامسفێلد زۆر بە قوڵی سەیری کردم، ئەو سیاسەتوانە بیروکراسییە هیچ سیمای چاوتێبڕینی پێوە دیار نەبوو، لە سەردەمی نیکسۆندا ڕامسفێلد بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشی ناوەخۆی کۆشکی سپیی کاری کردبوو، ئەوکات توانا و بەهرەی دەردەکەون لە خۆخزاندنە ناو شەڕو ململانێی سەرۆکایەتی، کەمێک بە لای ناڕەزاییەکان دەشکایەوە،

هەرچەندە تێبینیی لەسەر بەرنامەی سیاسیان هەبوو، لە ١٩٧٣ نیكسۆن وەكو باڵوێزی ئەمریكا لە ناتۆ دایمەزراند، كە توانیی ڕاستگۆیی لە سیاسەتی دەرەوە بچەسپێنێ، بێ ئەوەی لە مشتومڕەكانی سەر ڤێتنام و واتەرگێتWatergate) ) بەشداربێ.

لەوكاتەوە و تا پایزی ١٩٧٤، كە ڕامسفیلد دەگەڕێتەوە واشنتۆن و دۆخە سیاسییەكان دەگۆڕدرێن، ڕامسفێلد وەكو سیاسەتوانێك زاناتر لە من دركی بەوەكرد، كە ڤێتنام و واتەرگێتWatergate) ) دەبێتە مایەی پاشەكشەی پارێزگاران (كۆنسرفاتلیستەكان)، سەرهەڵدانی ماكفرلن لە هەڵبژاردنەكانی كۆنگرێس وەكو دیاردەی سەركەوتنی لیبراڵیستەكان بوو، چونكە ڕامسفیلد لە گەورە فەرمانبەرانی فۆرد بوو بە هەموو شێوەیەک یاریدەی دا تا ئەو شەڕە سیاسییە بباتەوە، بێ ئەوەی هیچ ئازارێكی بۆ خۆی هەبێ، یاریەكەی بە شێوەیەک برد بەڕێوە لە نێوان خۆحەشاردان لە نێو لیبراڵیستەكان و ڕەخنەی پارێزگاران و ناپارێزگارانی سیاسەتی فۆرد، بەرانبەر بە یەكێتی سۆڤیەت هەروەكو لە نیكسۆن بۆی مابۆوە.

ڕامسفێلد بە تواناو فێلباز بە ئاشكەرا پشتیوانیی لە سیاسەتی فۆرد نەدەكرد وبە ڕاشكاوی بەرگریی لێ نەدەكرد بەهۆی ئەوەی وەزیری بەرگری بوو، بە دەستپێشخەری دبلۆماسیو جوڵانەوەی سەربازی نوێ كاری دەكرد بە سوربوون لەسەر شێوازی بیروكراتی لە ڕێكارەكانەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەر پێشنیارێكی نوێ، ئەمە لە بەشەكانی داهاتوو دێمە سەری، ئەمەش بە هۆی دژایەتیی ڕامسفێلد لە سیاسەتەكانی فۆرد كە من پشتگیریم لێی دەكرد. ڕامسفیلد زیرەک بوو لە دوورخستنەوەی كێشەكان بە ڕێگای بیروكراسی، بەڵام بە نزیک بوونەوەی هەلبژاردنی ١٩٧٦ كێشە ناوخۆییەكەی درێژ خایەن گونجاو نەبوو چونكە دواخستنی ئەو كێشە ناوەخۆییانە دەبنە مایەی سڕبوونی پرسە دبلۆماسییەكان.

جون ئۆزوبوورن، كە دەگوترێ لە باشترین كۆمێنتاری واشنتۆن بوو، لەسەر پەیوەندیەكانی ڕامسفێلد بە دۆستە باڵاكانی دەنووسێ:

لە دوا هەفتەكان یارانی فۆرد زیاتر هەست بە ئازادی و ڕادەربڕین دەكەن، هەستم بە دوژمنایەتیی ڕامسفیلد دەكرد لە كاتێكدا من زۆر ڕێزم لێی دەنا لەو كاتەی

گەرایەوە وەکو سەرۆکی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی، ئێستا ڕیز لێنانم بۆی جێگای خۆی نییە.

نیلسۆن ڕوکلفیلر دلنیا بوو لەوەی ڕامسفێلد بوو هەرەسی بە هەوڵەکانی پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی ناوەخۆ هێنا و فشاری خستە سەر ئەو تا خۆی لە کاندیدی جێگری سەرۆک لە هەلبژاردنی ١٩٧٦ بکێشێتەوەو هانی جیرالد فۆردیشی داوە تا وەزیری بەرگری (جیمس شلیسنگەر) و بەڕێوە بەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا (CIA) ولیام کولبی دوور خاتەوەو لە شوێن ئەو وەکو سەرۆکی (CIA) جۆرج بۆش دامەزرێنێ، هەروەها هنری کیسینجەری وەزیری دەرەوەش لە پۆستەکەی لە کۆشکی سپی بێبەش کاو وەکو یاریدەدەری کاروباری ئاسایشی نەتەوایەتی لە نۆڤەمبەری ١٩٧٥ دای مەزرێنێ، لە نێو ئەو ناوانە ڕوکفیلەر ئەوەی دوپاتکردەو، کە ئەمانە هەمووی ڕامسفێلد کردویەتی بۆ ئەوەی خۆی ببێتە کاندیدی جێگری سەرۆک لە هەڵبژاردنی ١٩٧٦ ئەم گوتانە گومان بوون هەندێک وەکو کیسینجەر و شلیسنگەر گومانی ئەوەیان هەبوو کە ڕامسفێلد بووە بەڵام مسۆگەر نییە.



نيلسون روكلفر، نائب رئيس الولايات المتحدة

به تێپەر بوونی کاتەکان زیاتر شارەزاییم لە تواناکانی ڕامسفێلد پەیدا کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەتم جێهێشت و ئیتر وەکو ئامانجی هێرشەکانی نەمامەوە. کەسێکی بەتواناو کاریگەرو توند بوو، لە ڕوی کەسایەتیشەوە سەرنج ڕاکێش بوو، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر بگاتە سەرۆکایەتی باشترە لەوەی وەزیرێک یا بەڕێوەبەرێکی گشتی بێ چونکە ئەوکات دەبێتە سەرۆکێکی بەهێز.

لە قۆناغیکی تری ڕێگادا خاوەنی ئەم جۆرە بەهرانە دەستبەرداری داخوازی دەسەلات دەبن، ئەوەتا لە قۆناغێکا کە ڕامسفیلد سوارچاکی کێبەرکێی پۆستی سەرۆکایەتی دەبێ بەڵام ئێستا دەستبەرداری بووە، ئایا کاتەکەی گونجاو نییە یا ئەم پۆستە پۆستێکی خوێن لێبەردانە، تەنانەت بۆ کەسێکی بە مۆرالی وەکو ڕامسفێلدیش؟ یاخود کێبەر کێیەکە قورسەو ناتوانێ بەرگەی شکست بگرێ، ئا لەم کاتانە بوو کە ڕامسفیلد دەستبەرداری بیرۆکەی سەرۆکایەتی دەبێ کە پێم وایە جێگای داخە.

پەیوەندیی ڕامسفیلد لەگەڵ شلیسنگەر کە هاتە شوێنی باش نەبوو، هەروەکو پەیوەندیی لەگەڵ من یا هەر وەزیرێکی تر وابوو، ئەو شەڕێکی بەردەوامی لەگەڵ مندا بۆ مابۆوە بەڵام لەگەڵ شلیسنگەر جۆرێکی تر بوو توندترو نا سەقامگیر بوو.

شلیسنگەر کەسێکی ئەکادیمی بوو بە ئامرازی سیاسییەوە دەچوە نێو شەڕی دبلۆماسی ئەگەر بە شێوەیەکی براوەش نەبێ، دەکرێ ڕامسفیلد بە شیکاریەکانی بچێتە نێو ئەم یاریە بەڵام ئەو سەرکردەیەکی سیاسییە نەک شیکاری، من دلنیا بووم کە لە دواساتەکانی ڕۆژدا لەگەڵ شلیسنگەر دەگەینە لەیەک تێگەیشتنێک، چونکە ناکۆکییەکانمان لەسەر بەشێک لە دەستەواژەکان بوویا ناکۆکی شاراوەو ئیداری بوون.

پەیەوەندیەکانم لەگەڵ شلیسنگەر بۆ کاتێکی دوور دەگەڕێتەوە کە هەردووکمان مامۆستا بووین لە هارڤارد یەکترمان دەبینی ولە بوواری بەرگری ڕەوشەنبیر کارمان دەکرد، ئەو توێژەرێکی سەرکەوتوو بوو لە دەزگای (رابەر) ئەوکات بیرکردنەوەکانمان لە زۆر شت یەکیان دەگرتەوە، تاقە ناکۆکیی نێوانمان ئەوە بوو کە من زۆر بایەخم بە ڕکە لەبننانی جیوپۆلەتیک دەدا. بەڵام ئەو بایەخی بە ڕکەلەبننانی تەکنەلۆژیا دەدا. لە حکومەتیشدا من زۆر ڕیزم لە پیشەکەی دەنا وەکو یاریدەدەری بەڕێوە بەرو دواتر بەڕێوە بەر لە بیرۆی بوودجە بۆ کاروباری بەرگری کە خۆی زۆر گرنگیی پێ دەدا، کاتێکیش بەرز دەکرێتەوە بۆ سەرۆکی فەرمانگەی لیژنەی وزەی ئەتۆمی لە ١٩٧١ سەرسام بووم بۆ ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکانی ئەمریکی لە ژێر زەوی لە دوورگەی (ئەلیگوتیان) لە ١٩٧١ کە زۆر ترسناک بوو. ، بە ئاسایی خانەوادەی دەگوازێتەوە شوێن کارەکەی و لەوێ دەمێننەوە تا ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە تەواو دەبێ، پاش ماوەیەکی کەم لە دەست بەکار بوونی وەکو بەڕێوە بەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (CIA) ، شلیسنگەر بەشداریەکی بێ وێنەی کرد لە پێداچونەوەی ستراتیژی و شەڕێکی توندیشی لە پێناو بەرنامەی بەرگری بەرپا کرد دژی ناحەزانی کۆنگرێس.

من تا سەر ئێسقان پشتگیریم لە شلیسنگەر کرد بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی بەرگری، بە هیچ شێوەیەک بیرم لەوە نەکردەوە کە لەگەڵ یەکتردا ناکۆکین. بە هەمان شێوە ئەمە بە هزری شلیسنگەریشدا نەهات بێ پاساو دژایەتیم بکا، پرسی چاودرێری پرچەککردن لە سەردەمی ویلایەتی نیکسۆن گەلێک ئیمتیازی هەمیشەیی ڕەت کرد،

لەوانە ئیمتیازی پنتاگۆن کە بریتی بوو لە ئاشتەوایی و ستراتیژیەت. لە کۆتاییەکانی ویلایەتی نیکسۆن دانوستانەکانی سنوردار کردنی چەکی ستراتیژی (SALT) لە دەرگای دەەرووەی کۆشکی سپی ئەنجام دەدرا بۆ ئەوەی نوێنەری وەزارەتی بەرگری تێیدا بەشدار بێ، بە درێژایی ئەو ماوەی کە من ڕاوێژکاری نیکسۆن بووم، دانوستانەکانی دەرگای دواوە بۆ ئەوەبوو بەستەڵەکی بیروکراتیی واشنتۆن بتوێننەوە.

بەڵام هەرکە بووم بە وەزیری دەرەوە بە ڕەوام نەدەزانی ئەم وەزارەتە لە دانوستانەکان بێبەش کەم بە تایبەتی لە دانوستانەکانی سنوردار کردنی پرچەککردن، بەڵام ئەمەم لە سەرەرۆیی ئیداریەوە بوو، دیارە ئەوانەی لەم جۆرە دانوستانانە بەشدار نابن دەبنە پالەوانی توێژینەوەو شیکاری بە ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی، چونکە شارەزاییان لە گرفتەکان نەبوو بۆیە جەختیان لەسەر دەسبەرداریەکان دەکردەوە بۆ ئەوەی بزانن بۆ ئەمە کراوە، دواجار ئەو دەرفەتە لەدەست دەدەن کە هەردوو لایەن تێیدا دەستبەردارو دەستپێشخەریان بۆ یەکتری هەبووە، لە دونیای دبلۆماسیەتی ڕاستە قینەدا هەرگیز ئەمە ڕونادا، لە ڕاستیشدا کاتێک من لە دانوستانەکانی SALT دا لە گەڵ برجنیف لە ١٩٧٢ نوێنەری وەزارەتی بەرگریم پێکرد، جیمس ب وید سەلماندی کە جێ پەنجەی دیارە لە دارشتنی پێشنیارو هەوڵەکانی بۆ ڕازی کردنی هاورێکانی کە ئەم پێشنیارانە لە بەرژەوەندی نەتەوایەتیدان، بەڵام کاتەکە درەنگ بوو.

هەرچەندە سکاڵاکانی شلینجەر لە سەرەتا پاساوی خۆیان هەبوون بەڵام دواتر بێزاری خۆی نیشاندا لەو پەیوەندیە تایبەتیەمدا لەگەڵ فۆرد پێی وابوو کە ئەمە هەڵەیە دەیکەم و من ڕێگرم لەبەردەم دروست بوونی ئەو جۆرە پەیوەندیە خۆشە لە نێوان ئەوو سەرۆک، دیارە سکاڵاکانی سەرەتایی پاساوی خۆیان هەبوون بەڵام دواتر کاری لەسەر بەرتەسک کردنی پێگەو یاوەرانمی دەکرد جا ئەگەر کێشەکە قوبرس بێ یا سنوردار کردنی پرچەککردن یا دەستگرتنەوەی ئیسرائیل لە کاتی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست یا قەیرانی (مایاگیوز) یا پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، شلیسنگەر وەکو سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆن لە نێو پەرلەمان دژی من کاری دەکرد.



لەگەڵ شلیسنگەر وەزیری بەرگری، لەسەر قەیرانی مایاگوز

James R. HYPERLINK "https://en.wikipedia.org/w/index.php?title=James_R._Schlesinger&redirect=no&oldid=٦٠٣٠٤٦٤٩٤"Schlesinger

شلیسنگەر کارئاسانیی بۆ پرسەکان نەدەکرد هەوڵی دەدا خۆی لەگەڵ سەرۆک بگونجێنێ، لە کۆبوونەوەی ئاسایشی نەتەوایەتی لە حوزەیرانی ١٩٧٤ بەر لەوەی نیکسۆن بچێتە مۆسکۆ، شلیسنگەر پێشنیاری بۆ SALT کرد بە شێوەیەک یەکێتی سۆڤیەت هەموو سارشیەکان بکا، کاتێکیش نیکسۆن لێی پرسی چۆن یەکێتی سۆڤیەت ئەمە دەکا، شلیسنگەر لە وەڵامدا دەڵێ دەکرێ کە تۆ پێداگر بی ئەو ناچار دەبێ بیسەلمێنێ چونکە تۆ خاوەنی بەهرەیەکی بێ وێنەی لە ڕەوانبێژی. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی لە ٧ی ئۆکتۆبەر کە فۆرد سەرۆکایەتیی دەکرد وەکو سەرۆکە نوێکە، لە درێژەی گوتوبێژەکانیدا لەگەڵ شلیسنگەر گوتی: نیکسۆن کەی ئەم فێڵەی جێبەجێ کرد، شلیسنگەر گوتی من بۆ ئەم پرسە دەمەوێ لە کۆنگرێس لەگەڵ تۆ بدوێم بێ ئەوەی هیچ ڕونکردنەوەیەک بدا گوایە فۆرد نازانێ باسی چی دەکا.

سەبارەت بە پرسەکانی سنورداری پرچەککردن، سەرەڕای هەستیاری ئەم پرسە شلیسنگەر بە جاکسۆنی ڕاگەیاند کە سەبارەت بەم پرسە مشتومرانێ لەگەڵ ڕیچارد بیرلدا ناکا، هەندێک جاریش شلیسنگەر بە ئاشکەرا ڕەزامەندیی لەسەر ناڕەزاییەکانی جاکسۆنی دەدا کە نهێنیی تەکنەلۆژی بوون یا لە داهێنانی بیرل بوون هەروەکو بەر لە سەفەری نیکسۆن بۆ مۆسکۆ بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی لوتکەیی لە حوزەیرانی ١٩٧٤دروستی کردبوو، شلیسنگەر بەشێک لە پشتگەرمیی تەمای بە جاکسۆن هەبوو لە کۆنگرێس بوودجەی وەزارەتی بەرگری ڕەتکا، جارێکیان وەکو خەسڵەتی خۆی لەگەڵ کۆشکی سپی ڕوبەڕوبۆوە، درکی بەوە نەکرد لەم یاریە هاوپەیمانە سیاسییەکەی لەدەست دەدا کە سەرۆک خۆی بوو، دەکرێ تا دوایی بەرگریی لێ نەکا.

ولیام ب کلیمنتس یجێگری شلیسنگەرو جەنەراڵ جورج براون ی سوپاسالاری هاوبەش، جارێک هەوڵیان دا ئەم گرژیە نەختێک هێور کەنەوە بەڵامهەوڵەکانیان بێ هودە بوو، چونکە کێشمە کێشمەکە لەسەر سنورداری پرچەککردن بوو، خۆی شلیسنگەر بەراوردی لە نێوان هێزەکانی ئەم دوو زەبەلاحە لەسەر بنەمای بەر لە بیرۆکەی سنورداری پرچەککردندا دەکرد، جاکسۆنیش بە پێێ ئەوەی ئەندامی پلە دووە لە (لیژنەی خزمەتی سەربازی) لە کۆنگرێس زال بوو بەسەر بەڕێوەچونی گفتوگۆکان.

من و شلیسنگەر هەندێک جار هەوڵی ئەوەمان دەدا کۆتایی بەم مشتومرانە بێنین، لە ٢٦ی تەموزی ١٩٧٤ بەر لە دوو هەفتە لە دەست لەکار کێشانەوەی نیکسۆن بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێیەوە کرد:

کیسینجەر: هەرچیەکی لە نێوانماندا هەبێ، بەڵام من بە ڕاستی بیر دەکەمەوە کە ئێمە لە میانی ئەم قەیرانە من و تۆ ناتوانین پەیامێکی وا بە دەولەتانی بێگانە بدەین کە ئێمە لە ناکۆکی توند داین.

شلیسنگەر: ناتوانین زیاتر ڕێککەوین، ناتوانین زیاتر ڕێککەوین.

کیسینجەر: منیش هەر ئەمە هەڵوێستمە.

شلیسنگەر: باشە ئاگاداری ویکمان (یاریدەدەری سەربازی سەرهەنگ جون) م کردۆتەوە کە لەگەڵ سکوکەروف قسە بکات ئەگەر ئەمە کێشەکەیە. بەڵام گونجاو نییە ئەمە ڕوو بدات.

کیسینجەر: نابێ ئەمە ڕو بدا من بۆچی دەبێ ئەمە بکەم؟ بەر لە هەموو شتێک من بڕوام بەوە نییە کە ناکۆکیی سیاسی لە نێوانماندا هەبێ.

شلیسنگەر: باشە بەراستی من بەمەم نەزانی بوو.

کیسینجەر: من نامەوێ بە میانگێریتەوە سەرقاڵ کەم چونکە ڕووداوەکە کاتی خۆی ڕوی نەداوە، کێشەکە ئەوەیە سەرۆکمان ڕووبەڕووی هێرش بۆتەوە، نابێ ڕێگە بدەین حکومەتە بێگانەکان ببینن کە دوو لە فەرمانبەری بالآی ولآت قەیرانەکان بە جیاوازی چارەسەر دەکەن.

ستینیس: باشە، پێم وایە تۆ لەسەر ڕاستی و نیوەی ڕێگاکەشت بۆ چارەسەری دۆخەکە بڕیوە.

کیسینجەر: من دەپرسم ئەگەر تۆ پیاوێکی نیشتمان پەروەر بیت وەکو سەرۆکی لیژنەناتوانی تەلەفۆن بۆ شلیسنگەر بکەیت تێبینییەکانی خۆت لەسەر شایەدینامەکەمی بۆ بگوازیتەوە، دەتوانی ئەمە بکەیت و خۆت تووشی هیچ گرفتێک نەکەیت.

ستینیس: بە دڵنیایی ئەمە دەکەم، و پێی دڵخۆش دەبم، من ئەمە لە پێناو نیشتمانەکەمدا دەیکەم، پەیوەندیی پێوە دەکەم و هەمووشتێکی بە ڕاشکاوی لەگەڵدا باس دەکەم کە ئێمە لەسەر مێزی گفتوگۆکاندا ڕاشکاو بووین و تۆش بە هێزەوە لەگەڵمان دا بوویت.

کیسینجەر: من پشتگیری ئەمە دەکەم، بۆ ئەوەی وا بیر نەکاتەوە کە من لە دوای پشتی ئەوەوە دەچومە لیژنەکەی.

ستینیس: ئۆو، نا، نابێ وا بیر بکاتەوە، لە بیرتە کە من بۆ ئەوە ئامادە بووم.

کیسینجەر: ئەمە ڕاستە، هەروەها لە بیرتە کە من بە هەموو توانامەوە پشتگیرم کرد.

ستینیس: بەلێ گەورەم.

کیسینجەر: جەنابی سەرۆک دەمەوێ هەروەها ئەمەشت پێ بلێم، ئەگەر هەر شتێکت لە وەزارەتی دەرەوە یا لە منت بەرچاوکەوت و پێت وابوو، زەرور نییە ئاگادارم بکەوە، تا بە زووترین کات چارەسەری بکەم.

سودی نەبوو، هەركە فۆرد دەبێتە سەرۆک دوبارە شەڕەكە دەست پێدەكاتەوەو ئەو تێبینییە لە لای دونیا جێگیر دەبێ كە ناكۆكیەكی توند لە نێو ئیدارەی ئەمریكادا هەیە تەنها بە لابردنی یەكێک لەم دوو هۆكارە ئەم كێشە كۆتایی دێ، بەلام هەلوەشانەوەی پەیتا پەیتای ئیدارەی نیكسۆن و پێویستی ئیدارەی فۆرد بە درێژەدان و ئارەزوی بە گۆڕینی هنریجاكسۆن بووە مایەی ئەوەی ئەم نەهامەتیە تا نۆڤەمبەری ١٩٧٢ بەردەوام بێ، تا لە كتوپری فۆرد شلینسگەر دەگۆرێ.

مایەی گالتە جاریە هۆكاری بێزری شلیسنگەر لەمن، گوایە من بوومەتە هۆكاری تێكدانی پەیوەندیەكانی نێوان ئەوو فۆرد، بەلام ئەمە لە ئەنجامی تێگەیشتنێكی هەڵە وە بوو، شلیسنگەر هەمیشە فۆردی بێزار دەكرد، هەروەكو لە یادەوەریەكانیدا نوسیویەتی. ئەو كاتەی فۆرد جێگری سەرۆک بوو رەخنەی لە شلیسنگەر دەگرت لە شێوەی چارەسەر كردنو مامەلەی لەگەڵ كۆنگرێسدا، دوای دەست بەكار بوونی فۆرد وەكو سەرۆكی ئەمریكا هەندێک قسەی لە شلیسنگەر زانیبووەوە، بوونە مایەی ناڕەحەتی فۆرد.

فۆرد لە تیرو تانجەكانی شلیسنگەر تورە نەدەبوو كە لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی ئاڕاستەی كردبوو، بە پێچەوانەوە داوای كرد بیگەیەنێتە كۆشكی سپی و لەسەر كورسیەكی خۆش دانیشێ، كاتێک باسی لە ناكۆكییەكانی ناوەخۆ دەكرد فۆرد داوای بووردنی لێ كرد، گوتی جیمس ناكۆكیی لەگەڵ تۆدا نییە، لەگەڵ مندا هەیە، ئەو واتێدەگا من گەمژەم ئێوەش بەدوای مندا دێن، ئەم ناكۆكیەش كۆتایی نایە تا ئەوكاتەی لەسەر كاری لادەبەم یا بڕوای بەوە دێ كە ئەو بەدوای مندا دێ، دوای چەند مانگێک فۆرد بژاردەی خۆی دەست نیشان كرد.

بە پێگەیشتنی ئیدارەی فۆرد جەنەراڵ بریت سكۆكروفت دەبێتە بازنەی هاوسەنگی، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی ناكرێ دەست بەرداری بن، كاتێک ئال هیگ كە لەو پۆستەدا بوو دەكرێتە جێگری سوپاسالار لە نۆڤەمبەری ١٩٧٢ سكوكروفت دەكرێتە جێگری من لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی، كە من هاتمە واشنتۆن بۆ ئەوەی لەگەڵ نیكسۆندا كار بكەم لە ١٩٦٨ هیگ بوو بە ڕاوێژكاری سەربازی. كە پرسی كۆتایی هێنان بەشەڕی ڤێتنام یەكێک بوو لە كارە سەرەكیەكانی نیكسۆن،

هەوڵم دا ئەفسەرێکی بەتواناو شارەزا لەم بووارە لە ڤێتنام کار پێبکەم بۆ ئەوەی کێشە ئاڵۆزە سەربازیەکانم بۆ چارەسەر بکات لە ناوچەی هیندیی چینی.

فەرمانگە بەرپرسیارەکان سور بوون لەسەر ئەوەی بۆ ئەم پۆستە کەسێکی شارەزاو خاوەن پسپۆری و پاشخانێکی ئەکادمی دابنێن، منیش شارەزایی تەواوم لە کاری ئەکادمیدا هەبوو بینیم کە من پێیوستیم بە ئەفسەرێکی شەڕکەر هەیە برادەرێک (هیگ) ی بۆ دەست نیشان کردم کە ئەو کات لە ویست بووینت دەرسی دەگوتەوە، واتە هیگ کەسێکی ئەکادمیستو شارەزا لە کاری سەربازی و بە توانا بوو، بۆ ساڵی دواتر کردم بە جێگری خۆم.

کاتێک حوکمرانی نیکسۆن لە بەردەوامیدا بوو دەرگای دواوەی دانوستانەکانیش بەم سپێردرابوو بەو هۆیەوە نەختێک لە واشنتۆن دوور کەوتبوومەوە، سەبارەت بە دامەزراندنی یاریدەدەر بۆ نیکسۆن هەندێک جار لە یەکتر ناڕەحەت دەبوون بۆیە سەلمێندرا کە بەرگەی ئەمە ناگری. بەلآم هیگ زۆر بە ئەسپایی بە کارەکانی خۆی هەلدەستا هەرچەندە هەندێک جار شتەکانی لآ ڕوون نەبوو بەلآم بەردەوام بوو. ئەمەش وایکرد کە من دڵخۆش بم و لە کارەکانم پشتگەرم و بەردەوام بم، تەنها بینەو بردەکانیشی دلگران نەکردم چونکە لەو ساتەی بەهۆی کێشەکانی نیکسۆنەوە میلەت تووشی پەرتەوازەیی ببوو، ئەو ڕۆڵی کۆکردنەوەو لەیەک نزیک کردنی بینی.

ڕۆژگار هات هیگ گواسترایەوە بۆ پنتاگۆن، پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی یەکێک بوو لە پۆستە بنەرەتیەکانی واشنتۆن، سەیر نەبوو کە پنتاگۆن لیستێک لە ناوی کەسایەتیەکانی شارەزاو ئەوانەی پۆستی بالآیان بینیوە پێشکەشم دەکا، لەگەڵ ئەوەشدا من ویستم جێگر هاوبەش نەبێ لە یاریی پنتاگۆنی دیموکراسی.

بەختی خۆم بووهەست بەمە بکەم لە نێو فەرمانبەرانی کۆشکی سپی برینت سکوکرۆفت پۆستێکی هەستیاری هەبوو ئەویش یاریدەدەری سەربازیی سەرۆک بوو، ئەرکی ئەو بوو سەرۆک لە نەخشە سەربازیەکانی جەنگ ئاگادار کاتەوە، چونکە ئەو پیاوە دەبووایە لەگەڵ سەرۆک هاوسەفەر بێ من دەرفەتی باشم بۆ ڕەخسا بۆچونەکان ئالو گۆر کەین، سکۆکروفت کەسێکی وشیار، زیرەک لە دەربڕین، ئەو پیاوە کە

دکتۆرای لە کولومبیا وەرگرتوە سەرنجی ڕاکێشام کە چەندە شارەزای کاروباری ئەورووپای ڕۆژهەڵات و کاروباری سۆڤیەتیە، لەوە زیاتر ئەوکاتە سەرنجی ڕاکێشام کاتێک بووێرانە لەسەر هەندێک کاری هونەری ڕووبەڕووی هالدیمان بۆوە کە من ئەمانەم لە بیر نەمابوو.

سکۆکروفت سەلماندی کە خۆی تاقە بژاردەیە، سەرچاوەی هێزی لە شیکاریەکانی و حیکمەتی ڕاستی دایە، گەلێک هەڵەی ئاشکەرا دەکرد کە دەتوانرا لێی دوور کەوینەوە، ئیتر لە ٢٢ی سەپتەمبەری ١٩٧٣ بەدواوە ڕۆڵی سکۆکرۆفت زیاتر دەبێ کە پۆستی وەزیری دەرەوەی پێ دەسپێرن هاوشان لەگەڵ پۆستەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی.

لەگەڵ ئەوەیدا کەمن بەم دوو ئەرکە بەسترامەوە، وەکو وەزیری دەرەوە دەبووایە من یا جێگرەکەم لە کۆبوونەوەکانی وزاری یا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی سەرنج و بۆچونەکانمان ڕابگەیەنین، بە تایبەت ئەوکاتانەی جیاوازی لە بۆچونەکانی بەشداربووواندا دەبوو، بەڵام من وەکو ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بە پێداویستیەکانی سەرۆک تۆمەتبار دەکرام لە سەروی هەموویانەوە بژاردەکانی، بەتایبەتیش ئەوانەی من ڕەزامەندیم لەسەریان نەدەدا، وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی لیژنەکانم دەکرد بێ ئەوەی وەزارەتی دەرەوە بەشدار بێ، جێگرەکەشم دیارە دەربری بۆچونەکانمە کە دەبووایە من بەدەست بۆ سەرۆک بیگوازمەوە، ئەمە نەریتی کارپێکراوی ئەو ٢٢ مانگە بوو، سکۆکروفتیش کەسێکی خاوەن توانا و بەهرە بوو هەرچەندە ئەرکی ئەویش نەبوو بەڵام چاوی بە هەموو پۆستەکاندا دەکەوت.

لە نۆڤەمبەری ١٩٧٥ فۆرد کۆتایی بە ڕۆڵی دوسەرەی من هێنا و سکۆکروفتی بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی دامەزراند، من لە توانای سکۆکرۆفت دلنیا بووم، پێم وابوو بە ئەمانەت و تواناوە بۆچونەکانی من بۆ سەرۆک دەگوازێتەوەو هی ئەویش بۆ من، ئەو بۆچونەکانی خۆی بە جودا بۆ سەرۆک دەگوت وەکو ئەوەی لە پرسە سەرەکییەکان لەگەڵ وەزیری دەرەوە بیرکردنەوەیان یەک نەبێ، سکۆکروفت ببووە بازنەی هاوسەنگی ئاسایشی نەتەوایەتی، بۆمنیش بووە زەخیرەو پاڵپشتێک تا دوایی.

خزمەتەکانم لە سەردەمی فۆرد بەبێ مشتومرەکانم لەگەڵ نیلسۆن ڕوکفلەر کامل نابێ. کە فۆرد لە ئابی ١٩٧٤ وەکو جێگری سەرۆک دەست نیشانی کردبوو، ڕوکفلەر کاریگەری بنەرەتیی لەسەر ژیانی من هەبوو، لە هاوینی ١٩٥٥ یەکترمان بینی ئەوکاتەی یاریدەدەری سەرۆک ئایزنهاوەر بوو، وەکو مامۆستای زانکۆی هارڤارد منی بانگێشت کرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ چەند مامۆستاو شارەزایەک لە دارشتنی سیاسەتی دوارۆژی ئەمریکا بەشدار بم، ئەمەش دوای کۆنگرەی جنێف بوو لە هاوینی ١٩٥٥ ، کە لە نێوان ئایزنهاوەرو ئەنتۆنی ئایدن ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و ئەدگار فوری سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا و نیکۆلای بولگانین و نیکیتا خروشوف لە لایەنی سۆڤیەتەوە، بەسترا. داوامان لێ کرا دەستپێشخەریەک دارێژین بۆ قۆناغی دوای ستالین.

ڕوکفلەر بە پۆشتەیی لێمان وەژور کەوت بە پێی ناسین بە ناوی خۆمانی بانگ کردین، زۆر نیانو خۆش مەزە بوو لە مامەلەکردندا بێ ئەوەی خۆبەزل زانینی هەبێ بە کەسێکی خاکی و ئاسایی خۆی نمایش دەکرد، بەهۆی ئەوەی ئێمە کەسانی ئەکادمی بووین توانای ئەوەمان هەبوو کاریگەری خۆمانی لەسەر دروست کەین لە ڕێگەی ئامۆژگاری و دۆزینەوەی ڕێگە چارەکان، کاتێک تەواو بووین بە خەندەوە ئێمەی جێ هێشت وەکو ئەوەی پێمان بلێ باسی کاری گرنگمان کرد، پێی گوتین لە چۆنێتی بەڕێوە چونی کارەکانیان لە ڕاستو دروستەکان ئاگاداری کەینەوە.

روبەڕو بوونەوە سەیرەکە کە هەندێک جار لە گفتوگۆکانی ناوەخۆی حکومەتەکانیشدا ڕودەدەن، گۆڕدرا بۆ کرۆکی سیاسەتی نیلسۆن ڕوکفلەر، دیارە خۆی لە نەوەی سێیەمی خانەوادەی ڕوکفلەرە نەریت و بڕوای ئەوانیش وایە کە دەبێ نەوەکانیان هەندێک سیماو نەریتەکانی خانەوادە لەگەڵ خۆیان بەرن و لە خزمەتی گشتیدا پیادەیان کەن. ڕوکفلەرو براکانی دلیان بە پۆستە نێودەولەتیەکان ئاوی نەدەخواردەوە، دەبووایە پاساوی ڕۆڵی خۆیان لە میانی خزمەتکردنیاندا وەدەر خەن، هەر یەک لە براکانیشی لە بووارێکدا بووە ئەستێرە یەکیدرەوشاوەی ئەمریکا.

بەڵام پرسی نیلسۆنی سیاسی جیاو دیار بوو لەگەڵ ڕۆڵی براکانی، لای ئەوان ئاسایی بوو پەیمانگە دامەزرێنن و بیبەن بەڕێوە، بەڵام بۆ ئەوەی کەسێکی کاریگەر

بیت لە سیاسەت دەبێ ئەو پۆستە بە هەوڵ و توانای خۆت وەدەست بێنــی، نیلسـۆن بووە حـاکمی ویلایـەتـی نیویـورک، دەنگـدەرانی کۆمـاریخواز ئەویـان هەلبـژارد بـۆ ئەم پۆستە، وەکو کەسێکی بە توانا لە دوورخستنەوەی دیموکراتخوازەکـان لەو ویـلایەت، ناچـار نەبـوو توانـا سـەرەڕۆییەکانی خـۆی بخـاتەگەڕ، وەکـو ئەوەی لە هەڵمەتـی هەڵبژاردنەکان دەیکرد.

ئەم ڕێگایەی بۆ گەیشتن بەم پۆستە باڵایە هەستەکانی نیلسۆنی بزواند، کە ئەمە ئەرکێکە دەبێ بە باشی پێی هەڵسێ، هەر کە سەرکەوت، بە زووتـرین کـات ژمـارەیەک لەو بیرۆکانە جێبەجێ دەکا، کە لە بەرنامەیدا بوو.

دوا بەرەی سیاسەتوانـان بـووکە بەر لە تەکنیکـی هەلبـژاردن بیـر لە گەوهەرەکەی دەکاتەوە. سیاسەت مەدارە سەردەمیەکان لە ڕوکفلر بێ ئومێد بـوون چـونکە ئەو پێـێ وابوو ناوەندە باڵاکان دەبێ بەرنامەی باشتریان هەبـێ، ئێـواران بەیەکەوە دادەنیشـتین کە تامی ئەو دانیشتنانەمان پێ خۆش بوو بەڵام سیاسییە سـەردەمیەکان پێیـان وابـوو ئەمە کات بەفیرۆ دانە ئێمە دەیکەین، کۆبوونەوە لەگەڵ شارەزاو پسپۆرەکان لە هەموو بووارەکان بۆ دیاری کردنی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکان بوو.

لە دە ساڵی دوایی کاندیدانی سەرۆکایەتی لە لایەن سیاسەتوانە باڵاکانەوە دەست نیشـان دەکـران بـەڵکـو ئەمە لە سـەر ئاسـتی نەتەوایەتـی سـەرکەوتوو بـێ بەڵام لە سەردەمی پێشـینەکاندا کـورتی هێنـا، بـۆیە شکسـتی یەک لە دوای یەکـی ڕۆکفلـر بـۆ پۆستی لـوتکەی حـزب ڕووداوێکـی تـاک وێـنە بـوو، دوای یەک خسـتنی چاڵاکوانـانی هەلمەتی پشتگیری ڕوکفلر دەرکەوت کە شکستمان هێنـاوە لە گەیانـدنی ئەو، هـەمـوو جارێـک دەمـانتوانی ڕێگـایەکی نـوێ بـدۆزینەوە، لە هەلبژاردنەکـانی ١٩٦١و ١٩٦٨ دەبـووایە ڕوکفلرخـۆی دوور خسـتبایەوە کەچـی مـایەوە، لە هەلبژاردنـی ١٩٦٤ یش دەبووایە بمێنێتەوە کەچی خۆی دوورخستەوە.

سەرنەکەوتنی ڕوکفلر لە وە دەستهێنانی ڕەزامەندی حـزبەکەی بـۆ کاندیـد کردنـی لەبەر ئەوە نەبوو کە لە خـانەوادەی ڕوکفلـرە، بەڵام بەهـۆی ئەوەوە بـوو کە کەسـێکی دەولەمەنـد بـوو پێـێ وابـوو نـابێ بـۆ خـۆی شـت داوا بکـا، بەم شـێوە ئەو کاندیـدە خۆشەویسـتە خەسـڵەتێکی لە خەسـڵەتەکانی کاندیـدە کـانیتر کەمتـر بـوو، ئەو

ڕێگایەکیتری هەلبـژارد بـۆ گەیشـتن بە پۆسـتی سـەرۆکایەتی ئەویـش نیشـاندانی دیـدو بۆچونەکانی لەسەر دواڕۆژی گەل و نیشتمانەکەی بە ڕێگایەکی باشتر بوو، لە کاتێکدا کاندیدانیتر پشتیان بە نـوێنەران بەسـتبوو، ڕوکفلـر بە تونـدی ڕووبەڕووی هێـزی هـزر بۆوە، بەڵام ئەوە ئەو ڕێگا باشە نەبوو کە سیاسەت مەدارانما دەیگرنە بەر، ڵانی کەم لەو سەردەم نەدەبووایە ئەم ڕێگە چارە بگرترابایەتە بەر کە ڕوکفلر وەکو کەسایەتیەکی نیشتمان پەروەر لێـی بەدەر کەوت، لە هـەمـوو هەلبژاردنەکـان لێکـۆلەرەوانی هەلمەتـی هەلبژاردن پسپۆرو شارەزایەکی باش بوون و نوێنەرایەتی لایەنی زۆریـنەی جەماوەریـان دەکرد بە بەراورد لەگەڵ کاندیدانی تر.

فاکتەری سەرەکی و گرنگ لە سەرنەکەوتنی نیلسۆن ئەو گۆرانکاریە هزریە بوو کە لە حزبی کۆماری ڕویداو بەرەو ئاڕاستەی پارێزگاری بەرەو پێگەی جەماوەریی دەرۆیشت کە باکوری ڕۆژهەڵات و تا باشورو باشوری ڕۆژئاوا بوو. روکفلـر لە سـەردەمی فـرانکلین یەکەم پۆستی حکومی وردەگرێ، ئەگەر بڕوای بە سیاسەتیش نەبووبێ، بڕوای بە ڕۆح هەبوو، لە سیاسەتی دەرەوەشا هەمیشە لە ڕوانـگەی بەرژەوەنـدیەکانی نەتەوایەتـیەوە سەیری دەکردو زۆریش لەسەر هەڵوێستەکانی توندو پێداگر بوو.

سەرکردە کانی کۆماریخواز کە لە سەردەمی ئەیزنهاوەر بەسەر دەسەڵاتی بڕیاردانی حزبدا زاڵ بوون لەگەڵ ئەم دەزگا (ڕۆژهەڵاتیە) دا نەبوون، ڕۆکفلەریش هەمیشە ئامادە نەبوو لە پێناو ڕازی کردنی ئەوان سازش بکا.

ڕوکفـلەر هەڵوێسـتێکی بـێ ئومێـدانەی لەوە وەرگـرت کە کەسـێک ئامـادە نییـە هەڵوێستێکی تایبەتی بنوێنێ، بەڵام هەموو کەس پابەندە بەوەی هاوکاری سەرۆک بکا لە پێناو نیشتمانەکەی بێ گوێدانە حزبایەتی، لە یەکێک لە بۆنەکاندا نیلسۆنم ئاگـادار کردەوە کە من لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ سەرۆک کینیدی ئاماژەم بە چەند هەڵـەیەک کرد، دواتر نیلسۆن پرسیی ئایا هیچ چارەسەریەکت بۆ ئەو هەڵانە کرد؟ گوتم نەخێر من تەنها لێکۆلینەوەم لەسەریان کرد، لەم وەڵامە ناڕەحەت بـوو، گـوتی (ئەوە بـزانە کە سەرۆکەکان زۆر ماندون بە کێشەکانەوە، دەبێ یارمەتیان بدەیت لە چارەسەری.)

بەم شێوە چاکەکانی منی دایەوە لە خزمەتەکانم بەرانبەر بە سەرۆک نیکسۆن کە ناحەزی خۆی بوو دوو جارلە هەلبژاردنەکانی حزبدا شکستی پێ هێنابوو، ماوەیەک بوو

لە قەبوول کردنی پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی دوو دڵ بووم وەڵامی کۆتاییم نەدابۆوە بەهۆی ئەوەی لە چاوەروانی ڕۆکفلەر بووم کە ئەویش لە فەنزویلا بوو بەڵام وەڵامی ئەو ئەوەبوو کە پێویست بە بیرکردنەوە ناکا چونکە ئەو دەبێتە کەسی یەکەمی نیکسۆن، ڕۆکفلەر هیچ داواکاری و پێشنیارێکی لێ نە کردم بگەیەنمە سەرۆک نیکسۆن، هەڵوێستی نیلسۆن لەسەر من لەو دەربرینە دێ کە لە ئاهەنگی ۱۹۷۳ بەبۆنەی جەژنی لەدایک بوونی پەنجایەمینمدا دەری بری. گوتی (من و هنری ماوەی دەساڵ خەریکی دارشتنی سیاسەتی ئەمریکا بووین، من شانازی بەوەوە دەکەم کە دواجار یەکێکمان ئەم شانسەی وەدەست هێنا.)

نیلسۆن ماکفلەر تا ئەوکاتەی دەستبەرداری ئارەزوی پۆستی سەرۆک نەبێ هیچ پۆستێک وەدەست ناهێنێ، کاتێکیش لە ۱۹۷۳ بۆ جاری چوارەم بە حاکمی ویلایەتی نیویۆرک هەڵدەبژێردرێ، خۆی بۆ هەلبژاردنی داهاتوو ئامادە دەکا، ئەوکات وەکو هاوڵاتییەکی ئاسایی دەچێتە پێش.

دەبووایە فۆرد کەسێک دەستنیشان باک جێگای متمانەو قەبوول کردن بێ، ئەوکات فۆرد بە جێگر دایدەمەزرێنێ بەڵام ئەم دامەزراندنە دەبێتە مایەی ناڕەحەتی پارێزگاران بەو هۆیەوە فۆرد لە لایەن لیبراڵیستەکانەوە هیچ سودێک نابینێ، چونکە پێیان وابوو بەم هەنگاوە پێگەی فۆرد بەهێزتر دەبێو ئەمەش وادەکا لە هەلبژاردنی ۱۹۷٦ دووبارە خۆی کاندید بکاتەوە.



Nelson Aldrich Rockefeller

ئەزمونی ڕوکفلر لە پۆستەکەی، لاوازیی دەرخست، ئەو لە ١٩٧٤ وەکو جێگری سەرۆک دامەزرا بەڵام تا ١٩ی کانونی یەکەم کۆنگرێس ڕێگەی نەدا سوێندی یاسایی بخوا بۆ ئەوەی لە هەلمەتی هەلبژاردنەکانی دوور خەنەوە کە لە نۆڤەمبەر ئەنجام درا. ناوە ناوەش باسیان لە سەرمایەکانی دەکرد، ڕۆکفلەر دەیزانی کە پۆستی جێگری هیچ دەسەلاتێکی ئەوتۆی نییە، کاتێکیش هەوڵی دا لە شوێن سیناتۆر جیمس ئالین پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پیران بگرێتە دەست، ئەندامە خاوەن ئەزمونەکان سوربوون لەسەر ڕازی نەبوون گوایە جێگری سەرۆک ڕێرەوی دەنگدان تێک دەداو بۆی نابێ لە گفوگۆکان بەشدار بێ، دواتر فەرمانبەرانی کۆشکی سپیش ڕۆڵی ڕۆکفلەریان سنوردار دەکرد لەو ئەنجومەنەی بەناوی ( ئەنجومەنی ناوەخۆ) کە فۆرد دایمەزراندبوو.

بەم شێوە ڕۆکفلەر خۆی بە بێ دەسەڵات دەبینییەوە لەو کارانەی کە جێگرانی سەرۆک دەیانبرد بەڕێوە وەکو: ئەو دامەزراندنانەی هیچ بنەمایەکی هەمیشەییان بۆ نییە، ئەو سەردانانەی کە لە سەردانەکانی سەرۆک کەمتر نین لە بایەخ و گرنگیاندا، گرنگترین ئەرکی ئەو سەرپەرشتی کردنی لیژنەیەکی ئۆپزسیۆن بوو بۆ تێرامان لەو هەڵانەی ئەنجام دەدرێن، هەروەها بە ئاهەنگی کردنەوەی پڕۆژەکان هەلدەستا لەگەڵ ئامادە بوون لە ڕێورەسمی ناشتنی مردەوکان، کەمتر لە نیو ساڵ ڕۆکفلەر بڕیار دەدا خۆی کاندید نەکا.

لەگەڵ ئەم هەموو ستەم و ناخۆشیە ڕۆکفلەر لە خزمەتکردندا بەردەوام دەبێ بێ ئەوەی فۆرد نە بە ئاشکەرا نەبە نهێنی لۆمەیی یا ڕەخنەی لێ بگرێ، نیلسۆن پشتگیریەکی پراکتیکیی پێ بەخشیم لە کاتە تەنگانەکاندا ئامۆژگاریی کردم، لە میانی تواناو هێزی تایبەتیی هاندەرێکی باش بوو بۆ فۆرد زۆری لە تواناکان پێ بەخشی تا ئیدارەی بەرەو پێش ببا.

## فۆردو وەزیری دەرەوەی

فۆرد بە شێوازی تایبەتی خۆی گروپە لەیەک نەچوەکەی کۆکردەوە، فۆرد حەزی لە مشتومڕو دیالۆگی فەلسەفی نەبوو ڕێگەشی پێ نەدەدا، ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لە بەردەرگای کۆشکی سپی جێ دەمان، ڕەخنەی لە یاریدەدەرانی نەدەگرت و ڕێگەشی بە کەس نەدەدا ڕەخنەیان لێ بگرێ.

پەیوەندیەکانم لەگەڵ سەرۆک ڕەنگدانەوەی ڕەفتارەکانی بوو، ئەگەر بەیەکەوە لە شارێک بووینایە بە ئامادەیی سکۆکروفت هەموو ڕۆژێک یەکترمان دەبینی، خشتەی کارەکان نەدە گۆڕدران، ڕۆژانە ڕاپۆرتەکانی هەواڵگریمان دەخوێندەوەو گفتوگۆمان لەسەری دەکرد ( پێم وابێ کە بە پێچەوانەی نیکسۆن دەیخوێندەوە، نیکسۆن گومانی لە ڕاپۆرتەکانی هەوڵگری هەبوو، هەندێک جار پشتگوێی دەخست) ، من هەواڵەکانم بۆ کورت و پوخت دەکردنەوەو تێبینیم لەسەر خاڵەکان دادەنا ئەگەر کاتی هەبووایە باسی دۆخی سیاسیی ناوەخۆی بۆ دەکردین و تێبینیی لەسەر هەواڵەکان دەدا.

دۆخەکان خۆش گوزەر بوون، فۆرد ڕقی لە زۆربلێی بوو، بۆیە هیچ کاتێک نەدەچوە ژر باری و ڕقی لە گرمخاندنی ئیداری بوو، بۆیە هەندێک چیرۆک و هەلبەستە کە لەسەر کۆشکی سپی دەگوتران گوایە هەندێک بەرز بوونەتەوەو هەندێک نزم بوونەتەوە پێی نەدە وروژا.

ئەم جۆرە متمانە دوسەریە بۆ پەیوەندیی سەرۆک لەگەڵ وەزیری دەرەوەی شتێکی گرنگ و پێویست بوو چونکە ویلایەتی فۆرد بۆمن وەرچەرخانێکی مەزن بوو، لە دوا سالەکانی حوکمی نیکسۆن دیدی خەلک لەسەر دەزگای سیاسی گۆڕدرابوو بەهۆی ئابڕوچونەکەی واتەرگێت (Watergate) ەوەو سیاسەتی دەرەوی لە کێشە ناوەخۆییەکان جیا کردەوە، بەو هۆیەوە دام و دەزگای سیاسەتی دەرەوە کە هەمیشە لەتەک سەرۆکەوە دەبوو گواسترایەوە بۆ بەشەکەی من، لە دوا ماوەکانیدا نیکسۆن ئەو دەسەلاتەی پێدابووم کە لە وەزارەتی دەرەوە ناوە ناوە لەگەڵ سەرکردەیەکی کۆنگرێسدا کۆببمەوە، کە ئەمە کاری سەرۆک بوولە دۆخە ئاساییەکاندا.

دۆخێکی هەستیارو ناسک بوو بەلامبە هاتنی فۆرد تێپەربوو، جیا کردنەوەی دەسەلکاتەکان لە سیستەمی حوکمرانی ئەمریکا بەبێ کێشەو بە ئاسایی دەروا بەڕێوە بە تایبەت لە ڕوی فەرمانبەرانی کۆشکەوە. لە ساتە ئاساییەکانیشدا هەرکاتەی کەسێک لە وەزارەتەکان کێرفی بەرەو هەڵکشان دەبێ ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر دەبێتەوە، چونکە پارتی ئۆپۆزسیۆن ڕەخنەکانی جەخت دەکاتەوە سەر کەسە ناودارەکانی حکومەت بۆ ئەوەی ئیدارە لاوازکا و دەنگی ناڕازیی گەل وەدەست بێنێ، ئەمەبوو حالی هەریەک لە دین ئاچیون و جون فوستەر، بەلام ئەو کاتەی نیکسۆن بووە ئامانجە سەرەکیەکە من خۆم لێی دوور خستەوە.

بە ڕۆیشتنی نیکسۆن و هاتنی فۆرد بوومە وەزیری دەرەوەیەکی ئاسایی، بە درێژایی ماوەی حوکمرانی فۆرد هەم لێی نزیک بووم هەمیش لە هەندێک پرسدا لەگەڵی ناکۆک بووم، هەر لە هیندی چینەوە تا پرسی کرانەوە. هەندێک لە ناکۆکیەکان قول بوون هەندێکیشیان سادە، هەموویان خۆیان لە سیاسەتی دەرەوەو پرسی دانوستان دوور دەخستەوە، ناکۆکی و جیاوازیەکان ڕویان دەداو ڕەخنە لەسەر فەلسەفەی

سیاسەتی نیکسۆن بڵاو دەبوونەوە، بەڵام فۆرد لەو ماوەیە پشتی گرتم و بەرەو لادان هەلنەخلیسکا.

هەندێک لە لایەنگرانی فۆرد هەوڵی تێکدانی بەینی من و فۆردیان دەدا بە بیانوو گوتەی ئەوەی پەیوەندیەکانمان هی ئەوە نین لە ئاستی سەرۆک و وەزیردا بێ، کاتێک لە وەزارەت بووم بە جون ئۆزبوورونم گوت: سەرۆکەکان و وەزیرانی دەرەوەیان پێویستیان بە فەلسەفەیەکی هاوبەش هەیە بۆ کارکردن و هاوکاری، بۆیە پرسی زاڵ بوون و ناکۆکی بێ چارەسەرو دەست لە کارکێشانەوەی وەزیر لە ئارادا نابێ، من دلنیام دین ئەچیونی وەزیر کە سەرسامم پێی وەکو من بیر دەکاتەوە. بەر لە شکستەکەو پێش ئەوەی فۆرد نوسینگەی جێ بێڵێ، هەمان شتی بە جون ئۆزبوورون گوتبوو:

ئۆزبوورون: ئەمە واتە هەمان بیرکردنەوەی کیسینجەرە، ئایا لەو ماوەی دوو ساڵەی بەیکەوە کارتان کردبوو هیچ جارێک فشارت خستبووە سەری، یا بە پێچەوانەی ڕاسپاردەکانیت کار کردبێ لەسەر سیاسەتی دەرەوە؟

فۆرد: هیچ گرفتێک نەبووە نەمانتوانیبێ چارەسەری نەکەین، یا ئەو لەسەر ڕاست بووەو من هەڵە یا بە پێچەوانە، هیچ جارێک پچران لە نێوانماندا نەبووەو ناکۆکیەکانیشمان چارەسەر کردون.

ئۆزبوورون: من هەستێکی بەهێزم هەیە کە کیسینجەریش هەمان وەڵامی دەبێ بۆ ئەم پرسیارانەم.

فۆرد: وەکو بیری لێ دەکەمەوە ئەویش هەمان شت دەڵێ.

ئۆزبوورون: پێم وایە ئەمەت بە ئاشکرا پێ گوتوین کە ئەگەر جارێکیتر هەلبژێردرێیتەوە بێ سێ و دو کیسینجەر دەکەیتەوە وەزیری دەرەوە.

فۆرد: بەڵێ ئەگەر دوبارە هەلبژێردرامەوە سور دەبم لەسەر ئەوەی ببێتەوە بە وەزیری دەرەوە.

تیپەکەی فۆرد بە ٤٨ کاتژمێر بەر لە سوێند خواردن بەم شێوەیە بوون، لە میانی قەیرانی قوبرستاقی کرایەوە کە بەرگەی مەترسیی هەلگیرسانی جەنگی گرت لە نێوان تورکیاو گریکستانیدوو ئەندامی ناتۆ.

---

( ٧ )

## قوبرس: توێژینەوە لەسەر ناکۆکیی ڕەگەزپەرستی

قەیرانی قوبرس بۆ فۆرد ڕووداوێکی جێماوە بوو، ڕیشەی بۆ سەدەکانی ڕابردوو دەگەڕایەوە، هیچ لایەنێک هەستی بەوە نەدەکرد سەر بە لایەنەکەی ترە، ئەم کێشە بۆ قوبرس مێژینو کۆنە لە نێو ئەو دوو گروپە ئەتەنییە کە هەڕەشەی پارچە بوونی دەکرا، کاریگەریشی لەسەر ئیدارەی فۆرد هەبوو، بەو ئەگەرەوەروبەڕوی کۆنگرێس بۆوە.

لە چوار مانگی یەکەمی حوکمڕانی فۆردا، کۆنگرێس هاوکاریەکانی لە تورکیا بڕی، کە هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ئەمریکابوو هەرگیز ناتوانرێ دەست بەرداری بیهاوکاریەکان لە ڕێگەی ٢٦ دامەزراوەوە بوون، لەوێوە ئەمریکا دەیتوانی چاودێری مووشەکەکانی ڕوسیاو تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکانی بکا، کاتێکیش ئیدارە سەقامگیر دەبێ کۆمەلێک گۆڕانکاری لە هەلۆێستەکانی ئەمریکا لەسەر برینی هاوکاری لەسەر هیندیی چینی و ئەنگۆلاو دروست دەبن و هەروەها هەمووری ستیفستۆن لە ١٩٧٤ کە تێیدا بازرگانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت سنوردار کرا، ئەم ڕێکارانە بە شێوەیەک بەردەوام دەبن تا دەگەنە ئەو سنورەی دەسەلاتەکانی سەرۆک سنوردار دەکرێن لە دەسوەردان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

قەیرانێکی مەزن کەوتە سەر ئەستۆی سەرۆکە هەلنەبژێردراوەکە بەهۆی کێشەی گریک و تورکیاوە، ستەمێکی مەزنە فۆرد پابەندی ئەو بڕیارانە بێ کە بوونە مایەی ورووژاندنی ئەو کێشە کە خۆی دەستی تێدا نەبووە.

بنەمای ئاڕاستەی سیاسەتەکان بەرانبەر بە گریکستان لە دوا ڕۆژەکانی دەسەلاتی نیکسۆن بوون، لە ئەنجامی ڕودانی کودەتایەک بوو لە یەکێک لە دوورگەکانی گریک و دوابەدوای ئەویش داگیرکاریەکەی تورکیا دێت بۆ سەرکوتکردنی، ئەوکاتەی تورکیا هێرشییێکی نوێ دەکاتەوە، چوارەم ڕۆژی دەست بە کاربوونی فۆرد بوو کە بە کاروباری

فەرمانبەرانی کۆشکەوە سەرقاڵ بوو، زانیاریەکی ئەوتۆی لەسەر قوبرس نەبوو تا بتوانێ بڕیاری لەسەر بدا، ئەوەبوو من گومانم لێێ هەبوو، بەهۆی ئەوەی من لە ئیدارەی پێشو بەرپرسی ئەم ڕووداوانە بووم دەبووایە بەرچاو ڕونییەک بدەمە سەرۆک بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدا.




ئەوکات لە نێوان لایەنگرانی گریکستان ئەفسانێک سەر هەڵدەدا: گوایە من و نیکسۆن مەبەستمان بووە ئەم ئاگرە لە دژی مەتران مەکاریوسی سێیەم و سەرۆکی قوبرس هەڵگیرسێنین، یا دەبێ لەگەڵ تورکیا بۆ ئامانجی جیوپۆلەتیک ڕێککەوتبین، ئەم گوتانە ئەوە دەسەلمێنن کە چۆن چۆنی پرۆپاگەندەکان بەسەر ئەقلیەتی ڕەگەز پەرستیدا زاڵ دەبێ، وەکو ئەگەرێکی یەدەگی من و نیکسۆن ئامادە سازیەکمان بەرانبەر سیاسەتی مەکاریۆس کرد، بەڵام کەمێک مایەی ناڕەزایی بوو، قوبروس لە پێشینەکانی کاری ئێمەدا نەبوو، پێویستیشمان بەوە نەبووە لە دوا ساتەکانی حوکمرانی نیکسۆن دوو هاوپەیمانمان بکەونە شەڕو ئاشوپ لەگەڵ یەکدا، تا ئێستا مێژووی لەگەڵ یەکهاتنەوەی تورک و گریکەکان لە قوبرس بە تەواوەتی نەنوسراوەتەوە، من لەم بەشەی داهاتوو باس لەو کێشە دەکەم لەسەر ئاستی بڕیارەکانی واشنتۆن.

## سروشتی ناکۆکییەکانی ڕەگەزپەرستی

قوبروس لە درامایەکی ن ناسراو هاتە نێو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لەو کاتەوە ناکۆکییەکانی ڕەگەز پەرستی لە سۆمال و بۆسنەو ناگۆرنۆ کەرەباغ ( ئەرمینیاو ئازەربایجان) و لوبنان و ڕاونداو چیچان و کونگۆ (زائیر) ی کاتیخۆی. بەر لە قوبرسیش ڕووداوەکان لە سەردەمینیکسۆن دوور کەوتنەوە، شەڕی ڤێتنام، کرانەوە بەروی چین، پەیوەندیەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت وپتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ناتۆو دواجاریش شەڕی ڕۆژهەلاتی ناوەراست کە پەردەی دواوەی جەنگی سارد بوو، هەروەها پشت بەستن بە ئەقلی هێزە مەزنەکان. ئەوکاتە قەیرانەکان دروست دەبن کە دەولەتە مەزنەکان ڕۆژمێرەکانیان ون دەکەن، کاتێکیش هەست بە مەترسیەکان دەکەن بە سازش کۆتاییان دێت.

بە درێژایی جەنگی سارد هێزە مەزنەکان لە نێو خۆیاندا هاوکاری یەکتریان کردووە بۆ ئەوەی ڕێگری لە شەڕی ڕەگەز پەرستی بگرن یا پابەندیان کەن بە پاراستنی هاوسەنگی هێز. ڕوباری خوێن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و شەڕو کوشتارگەی نێوان پاکستانو هیند بووە هۆکاری هەماهەنگی نێودەولەتی تا چیتر پشت بە کڕین و بازرگانی چەک لە دەولەتە زلهێزەکان نەبەستن و پەنا بۆ هەولە دبلۆماسیەکان ببەن.

کێشەی قوبرس کێشەیەکی جیاوازی ململانێکان بوو. لەگەڵ خۆکێشانەوەی دەولەتان لەم کێبەرکێییەکەچی کێشەی نەتەوایەتی گشتگیرتر دەبێ، لەم جۆرە کێشانە لایەنەکانی کێبەرکێ هەوڵی هێور کردنەوەی دۆخەکان نادەن، چاویان لە سەردەمی زێرینە چونکە هەر لایەنەو لە هزری ئەوەدایە کە خۆی سەرکەوتە، گوێ بە داواکاریەکانی ئاشتەوایی نادرێبەم شێوە ئەم جۆرە کارانە لە درێژە پێدانی ڕق و کینە بەردەوام دەبن بێ ئەوەی دەرفەتێک برەخسێ بۆ کۆتایی هێنان، ئەمەش شکستێکی مێژووە ڕودەدا نەخشەی هەریەکە بە نەخشەی ئەویتر بەراورد ناکرێ، لە بەر نەوەی

داهاتویان، هیچ لایەنێکیان ئەو دەستپێشخەریە ئاشتەواییە قبوڵ ناکەن، لەم حاڵەتانەدا بەشداری دەوڵەتان دەبێتە کارێکی ناکۆک.

لە پێویستیەکانی ئەم ناکۆکیە پەنا بردن بۆ لایەنی دەرەکیی میانرەو باشترە لە حوکمی دوژمنەکەت کە خاکت داگیرکا، بۆیە بۆسنییەکان لە کاتی داگیرکردنیان لە لایەن نەمسا یا تورکیا یا دەسەڵاتی کۆمۆنیستی پێیان باشتر و ئارامتر بوو لە وەی، کە داوا لە گروپێکی ئەتەنی دەکرا دەوڵەتێکی ڕەگەزی دابمەزرێندرێ، هەر ئەمەشە لەسەر قوبرس جێبەجێ دەکرێ لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، کە هاوشێوەیەتی.

بۆ جیرالد فۆرد ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵاتەوە پرسێکی لەبەر دەمدایە دەبێ پشتن بە ئەزمونەکانی ئەمریکا ببەستێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی، لە ڕاستیشدا پرسە ڕەگەز پەرستیەکان بۆ ئەمریکا قورسن چونکە لە کاتی مامەلە کردندا ڕووبەڕووی بنەما کانی ئەمریکی دەبنەوە.

دەستەواژەی زۆرینە لە حوکمرانی لای ئەمریکا هیچ بەهایەکی نییە تەنها ئەگەر دەرفەت هەبێ کەمینەش ببێ بە زۆرینەو ئالوگۆڕی ڕێژەکان بکرێ بەو هۆیەوە چینەکانی پێشکەوتووش دەسەڵات بگرنە دەست و حوکمی دادوەری بگۆڕن، بەڵام هەردووک مەرج لە قوبرس بوونی نەبوو، کەمینەی تورک لە ڕێگەی دادگا لە توانایدا نەبوو خۆی بپارێزێ، تەنها بە خۆ دالدەدان نەبێ لە شوێنە تەوقاتەکان ئەمەش ئەنجامەکەی دەبێتە داواکردنی جودابوونەوە، بە هەمان شێوە دەسەڵاتی زۆرینە لە ماوەی بیست ساڵدا لە بۆسنە هەمان هاوکێشەی دروست کرد.

هەڵکەوتەی جوگرافیی گرنگی قوبرس لە نێوان ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئەم بایەخە ستراتیژیەی بە پێکهاتە تێکەڵاویەکەی قوبرس بەخشی، هەشت سەدە لە حوکمرانی گریکەکان لە سەردەمی بیزەنتیەکانەوە ڕەگەزی گریکی بووژاندۆتەوە تا ڕێژەی گەیشتۆتە ٨٠%ی دانیشتوانی، سێسەد سالیش لە حوکمی عوسمانییەکان واتە لە ١٥٧١ ەوە بە هۆی نزیکی جوگرافیانەوە جێ پێی تورکەکانی لە باکوری ئەم دوورگە چەسپاندوە.

لە ١٨٧٨ کۆنگرەی بەرلین قوبرسی وەکو پاداشت داوەتە بەریتانیا، وەکو قەرەبووی دەستکەوتی ڕووسەکان بە دەست گرتنیان بەسەر بەلکان، دواتر بۆ بەهێز

کردنی بەریتانیا تا ناوچەی دەریای ناوەراستیان بۆ بپارێزێ لە دەست درێژیەکانی ڕوسیا. چونکە داگیرکاری بێگانە لەسەر قوبرس هەبوو ناکۆکییەکانی ڕەگەز پەرستی بێ دەنگ و ئارام بوون، بەڵام هەرکە دەنگەکان بۆ سەربەخۆیی ئەم دوورگە لە سەدەی بیستەم بەرز دەبێتەوە، ناکۆکییەکانی سڤیلی دەبێتە کارێکی حەتمی، لەو کاتەوە بنەماکانی زۆرینەو مافی چارەی خۆنوسین دەبنە داخوازیی خەلک بێ سێ و دو. بە درێژایی سەدەکان تورک و گریکەکان تاوانی گەورەیان لە دژی یەکتر ئەنجام دەداودەستی توندیان لە یەکتر دەوەشاندن، هەر لایەن پاساوو بەڵگەی بەدەستەوە بوو بۆ متمانە نەبوون بە لایەنی تر.

لێکدانەوەکانی شەڕی سارد تایبەت بە کرانەوەو بەرپەرچ دانەوە لە قوبرس جێبەجێ نەدەکرا، دواتر حزبە قوبرسیەکانیش ئەوەندە بایەخیان بە ململانێکانی نێودەوڵەتی نەدەدا، تەنها ئەگەر بۆ مەبەستی سازش نەبووایە، لە ترسی لاوازبوونی کەناری ڕۆژهەڵاتی هاوپەیمانی ستراتیژی ئەتلەنتیک، ئەمریکا هەوڵیدا دادپەروەری لە نێوان هەردووکیان بەرقەرار کا کە هەریەکەیان لە ڕەفتاری ئەویتر بە گومان بوو.

چونکە ئەم بایەخدانە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵە کلاسیکیەکاندا هەبوو کە تایبەت بوون بە کێشە ڕەگەز پەرستیەکان بۆیە ئاسان نەبوو تێپەر کرێن، زۆرینەی گریکی لە قوبرس سور بوون لەسەر یەک دەولەت بە کەمینەی تورک و زۆرینەی خۆیان هەتا هەتایە، کەمینەی تورکیش داوای فیدرالیزمی دەکرد بە مافی ڤیتۆ بۆ توێژەکان تا بتوانن بڕیارەکان لەبار بەرن ئەمەش ناکۆکیە ئەتەنییەکان دەگەیەنێتە دابەش بوون.

لە ١٩٥٩ بەریتانییەکان هەوڵیان دا بگەنە ڕێککەوتنێک، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕەت کرایەوە، چونکە بۆ ئەوەی بوو ئەو داواکاریانەی قابیلی جێبەجی کردن نین لە گەوهەرەوە با بە کۆی دەنگ ڕەزامەندیان لەسەر بدرێن. دواتر ڕێگە چارەی ڕێککەوتنەکانی لەندەنو زوێرخ یان گرتە بەر کە بریتی بوو لە چارەسەری یەک دەولەت بە سەرۆکایەتی گریکێکی قوبرسی و جێگری سەرۆکێکی تورکی قوبرسی هەریەکەو لە لایەن پێکهاتەکەی خۆیەوە هەلبژێردرێ، جێگرەکەی تورکیش مافی ڤیتۆی هەبێ لەسەر پرسەکانی سەربازی و سیاسەتی دەرەوەو دارایی، بە مەرجی ئەوەی دەنگی زۆرینەی تورکە قوبرسیەکان لە پەرلەمان وەدەست بێنی.

ئەم بڕیارو ڕێککەوتنە بێ هەماهەنگیە، هەریەک لە حکومەتی بەریتانیا و تورکیا و گریکستان دەبێ کەفالەتی بکەن، ئەگەر لایەنێک لە لایەنەکان بە هەماهەنگی ڕازی نەبوو ئەوا لایەنی دووەم یەک لایەنە پرسەکە تێپەر دەکا، بۆ ئەنجام دانی ئەم ڕێککەوتنە ڕێگە بە هەریەک لە تورکیاو گریکستان درا یەکەی سەربازیان لەو دوورگە هەبێ لەگەڵ دوو بنکەی سەربازی بەریتانی.

بیرکردنەوەکان بە لای ئەوەدا چوون، کە ئەم ڕێککەوتنە دەکرێ لایەنێک بە زەمانەتی شاراوە بیپارزێ بۆ ئەوەی بە مەرجەکان ڕازی نەبن، کە خۆیان واژۆیان لەسەری کردووە، تاقە ئەزمونی لەم شێوە لوبنان بوو، ئەویش هەمان چارەنوسی قوبرسی دەبێ، دوا ماوەکانی دەسەڵاتی فۆرد پڕ بوو لە کێشەی ئەتەنی و ڕەگەز پەرستی.

---

**ماکاریوس: مەترانی بەتوانا**



مەتران ماکاریوسی سێیەم، (ناوی ڕاستە قینەی لە کاتی لە دایک بوونی: میخائیل خرستودولوس موسکوس (وەرگێڕ)

هێزی تەقینەوەی قوبرس بە کەسایەتیی تایبەتی سەرۆک و دامەزرێنەری ( مەتران ماکاریوس) ەوە بەهێز دەبێ. ناوبراو کوڕی مجێوری کەلیسایە پلە بە پلە سەردەکەوێ تا دەگاتە بالاّ ترین پۆستی قوبرس، نەریتی قوبرس پۆستو دەسەلاّتی ئاینی و عەلمانیی لە یەک کەسدا کۆکردۆتەوە، کەسێکی زیرەک و وشیارو بەتوانابوو بە تەنیایی بەدوای ئامانجەکانیدا دەخەبتی تا دەسەلاّت دەگرێتە دەست.

کە جل و بەرگی ئاینییدەپۆشی نیشانەی وشیاری و ورد بینیی بوو، لە دانوستانەکان بڕوای بەو چەندە دەهێنا کە ڕاستیە، نەک بە ڕاستیەکە خۆی. دواجار ئەگەر یەکێک بیویستایە ماکاریۆس بباتەوە دەبووایە متمانەی ئەوی وەدەست بهێنابایە چونکە مەرجی سەرەکی دبلۆماسیەتی کارەکە بوو، بایەخ نەدانی بە بۆچونی بەرانبەری هۆی ئەوە بوو کە لایەنی بەرانبەر وا تێنەگا متمانە وەدەست هێنان لایەنێکی گرنی پرسی ڕەوشتیە، ڕاساتە کە بەرپرسیارێتی کەسایەتیی یەکەمی دەولەت بایەخدانە بە بەرژەوەندیەکانی ولاّت، بەلاّم مایەی سەرکەوتن دەبێ ئەگەر لایەنی بەرانبەرت ئەوە بزانێ بەردەوامی ئەو ڕێککەوتنە سودی بۆی هەیە، لە سیاسەتدا مرۆڤ ڕووبەڕووی کەسانی ئاوا دەبێتەوە کە گرمخاندن و سوکایەتی و بایەخ نەدانی تیا بێ بەوهۆیەوە هەست بکەیت کە هاوبەشێکی ڕاستە قینە نەی، بەلاّم ماکاریوس ئەم شێوازەی ڕەت دەکردەوە، ئەو وەکو پیاوێکی ئاینی بیری دەکردەوە کە دەبێ ئەو بەهرانە بەکار بێنێ کە خواوەند پێێ بەخشیوە، بەڵکو هەڵوێستەکەی خۆی بە مەترسیدار بینیوە بۆیە بە پێویستی زانیوە لە هەڵوێستی دانوستانکارانی بەرانبەریشی بگا.

مەتران خۆی لە هەڵوێستێکی ئالۆزدا بینییەوە، شەڕی ڕزگاری قوبرس لە لایەن جەنەراڵ جورج گریفاسەوە لە سەر خاکی دایک (گریکستان) دەبردرا بەڕێوە. گریفاس یەکێک بوو لە بانگخوازە توندەکانی یەکگرتن لەگەڵ گریکستان، بەلاّم ماکاریوس پێیباشتر بوو سەرۆکایەتی ولاّتێکی سەربەخۆ بکا نەک پارێزگارێکی گریکی. سەرکردە دیموکراتخوازەکانی گریکستانیش هەرچەندە بە زارەکی داوای سەربەخۆیی بۆ قوبرسیە گریکیەکانیان دەکرد کە زۆرینەی دانیشتوان بوون، بەلاّم حەزیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە نەدەکرد لەگەڵ ماکاریۆسی بەهێز، کاتێک ئەفسەرەکان دەسەلاّت دەگرنە دەست

ماکاریۆس لە ئەسینا لەبەردەم جێبەجێ کردنی ئەرکی نەتەوایەتیی گریکی دەبێتە گرفت.

دواتر ماکاریوس لە لای تورکیا جێگای متمانە نەبوو، چونکە پێی وابوو پارێزەرێکی بەهێزی یەکێتی خاکی قوبرسەو نکۆلی لە مافی تورکەکان دەکا، بەریتانیاش وەکو هێزی سێیەم لەو دوورگە متمانەی بە مەتران نەمابوو.

بۆ ئەوەی مەتران خۆی لە چاو تێبرینەکانی گریک و مەترسییەکانی تورکیا بپارێزێ لەسەر ڕێبازی جمال عبدالنا×ر لە میسرو معمر القذافیی لیبیا دەرۆیشت و هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنە ڕادیکاڵیستەکانی (بزوتنەوەی بێلایەن) بەست بە تایبەتی ئەوکاتەی لە ١٩٦٩ لە ئەسینا سوپا دەسەڵات دەگرێتە دەست، ماکاریوس تەنها کۆمۆنیستە قوبرسیەکانی بەدەستەوە ما تا هاوکاریی بکەن دژی ئەوانەی لە گریکستانەوە کارەکان دەجولێنن، ئەوەبوو پەلەی کرد لە بەستنی گرێبەستێکی چەک لەگەڵ چیکەکان و مەشق پێکردن بە پاسەوانانی کۆماری دژی کودەتا چیەکان، لە کاتی ڕودانی کێشە ڕەگەزیەکان زیاتر دەچوە ناو پرسەکە، هەڵوێستم لە ماکاریوس ڕەنگدانەوەی نارەزاکانی بوو، من وەکو خوێندکارێکی مێژووی دبلۆماتکاری، ئاگام لە نەریتی بیزەنتی هەبوو کە خۆی نوێنەرایەتیی دەکرد، کە سەرکردە دبلۆماتکارەکانی ڕۆژئاوا پیادەیان دەکرد، لە نموونەی ( ڕیشیلیۆ و میتێران) من ڕیزم هەبوو بۆ دەمار ساردیان کە بەرانبەر بە ماکاریۆس دەیاننواند. منیش وەکو وەزیری دەرەوە دلەڕاوکێم لەو ئاڕاستانە هەبوو، کە بەرەو دەستەواژەی بەرژەوەندیی تایبەتیی دەچن، بە دووریشی دەزانم هێزە زەبەلاحەکان لە دانوستانەکاندا پشتگیریی لێ بکەن، بەڵام من ماکاریوس وەکو باجێکی ناشیرین دەبینم نەک هەڕەشە، لەو کاتەی لە دەسەڵات بووم هیچ جارێک هەوڵی ئەوەمان نەداوە لە دەسەڵاتەکانی کەمکەینەوە، پەیوەندیەکانمان بە باشی ڕاگرتن.

لە ٥ی ئابی ١٩٧٤ دوای کودەتاکەی ١٥ی تەموزی دژی ماکاریوس و بەر لەوەی فۆرد دەسەڵات بگرێتە دەست من ئەم نەخشەی ماکاریوسم خستە بەردەست گەورە فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە کە هاورێم بوون:

هیچ کاتێک بیرمان لەوە نەکردووەتەوە کە ئەمە ( کاسترۆی قوبرس) بووبێ بەراستی کودەتاکە بڕاردەی ئێمە نەبوو، بەڵکو هاوکاریشمان کردووە، پرسەکە پێکەوە ژیان نییە، بەڵکو هیچ کاتێک ئەم پیاوە دژی ئەمریکا نەبووە بۆیە دەکرێ لە خشتە بردرابێ، بۆ ئێمە نا، بەڵکو بۆ ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە پرسی قوبرسەوە هەیە.

دەگوترا کە هەر نائارامییەک لە قوبرس ڕوویدا ئەمە کاری ماکاریۆسە و ئەو فاکتەری نائارامییە، ئیتر ئەو باشترین ئومێدبوو بۆ ئاشتەوایی، ئەگەر دەستبەرداری یاریەکانی بووبایە، دەبووە باشترین کەسێکی کارا بۆ پێویستیەکان.

دوا جار چاوم بە ماکاریوس کەوت، لە هلسنکی بوو لە ١٩٧٥ لە پەراوێزی (کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی) ، ئەوکات تورکیا بە ڕێژەی ٣٥ %ی خاکی قوبرسی داگیرکردبوو، لە پێناو جوڵاندنی دانوستانەکان ماکاریوس ڕازی بوو ناوچەیەکی تورکی بە ئۆتۆنۆمی تەرخان بکا، تا ئەوکات ئەم چارەسەریەی ڕەتدەکردەوە، بەڵام بەو مەرجەی پانتاییەکە بە ئاستی ژمارەی هاوڵاتییە تورکەکان بێ، کە ڕێژەی ٢٠ % دەبوو، من نەخشەیەکم نیشاندا، کە ڕێژەی تورکەکانی بە٣٠ % دیاری کردبوو، ئەو بەم نەخشەیە بێزاربوو گوتی من ٢٥ %مدیاری کردووە ئیتر ئەمەی بۆ چییە.

کۆنگرەی هلسنی یەکێک بوو لەو دەرفەتانەی ماکاریوس ڕۆڵی خۆی تیا ببینێ، من و فۆرد هەندێک جار لە لێدوانەکانی ناڕەحەت دەبووین، بەو هۆیەوە فۆرد ڕێگەی نەدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکا، کاتێکیش بە مەترانم ڕاگەیاند، خۆی بە بێزار نیشان نەدا وگوتی (دەبینین) ، دواتر بە سەرسورمانەوە فۆرد خۆی لە تەک ماکاریۆس بینەوە لە هۆلی کۆفی خواردنەوەی سەرۆک شاندەکان، ماوەی کاتژمێرێک لە تەک یەکبوون، مەتران چۆن ئەمەی ڕێکخست من نازانم تا ئێستاش بەرپرسێکی فینلەندیم دەست نەکەوت ئەم نهێنییەی پێ ئاشکراکەم.

## یاداشتە گریکی و تورکیەکان

ڕێککەوتننامەی لەندەن زیورخ لە ماوەی سێ ساڵ هەڵدەوەشێتەوە، مەتران ماکاریۆس ڕازی نابێ بە هیچ شێوەیەک مافی ئۆتۆنۆمی بە کەمینەی تورک بدا، تورکەکانیش زۆرینەیان بەوە تاوانبار دەکرد کە مافی شەرعیان لێ زەوتکردووە، لە ١٩٦٣ ماکاریۆس هەڵوێستی بەستەڵەکی شکاند بە سەپاندنی ١٣ خاڵ لە هەموارکردنەوەی دەستوور کە لەسەر یەک دەوڵەتی بنیادنرابوو بە حوکمڕانی زۆرینە.

ئیتر دەبێ ناکۆکی لە نێوان پێکهاتە ئەتەنییەکان ڕووبدا، کریارێکی کوشتاری تورکەکان لە گەرەکێکی نیکۆسیا ڕویدا بە فەرماندەی خوێنرێژ (نیکۆس سامبۆس.) کە لە هەندێک ڕووداوی ١٩٧٤ ڕۆڵی سەرۆکی دەبینی، لە ١٩٦٤ کۆنگرەیەک بۆ هەردوو لایەن لە ژنێڤ دەبەسترێت، هەم کۆنگرەکە هەم نێردەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جێگری وەزیری دەرەوە (جورج بوول) شکستیان هێنا، تورکیا بۆ پاراستنی گیانی چەکدارانی هەڕەشەی هێرش بردنی کرد، بەڵام کاتێک لیندون جونسۆن هۆشداری دەداتێ، دەوەستێ گوتی: ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت کاردانەوەی هەبێ هاوپەیمانانی تورکیا بە هانایەوە نایەن، بە ڕوونتر واتە هاوپەیمانی ناتۆ کاری پێوە نابێ و تورکیا لە ژێر میهرەبانی یەکێتی سۆڤیەت جێ دەهێڵن.

بەم شێوە زمانە پێشتر لەگەڵ هیچ لە ئەندامێکی ناتۆ نەدوانە، دیارە کە ناتۆ ئەندامانی لەو هێرشانە ناپارێزێ کە بۆ خۆیان دەیکەنە سەر وڵاتان، وڵاتان لەو هێرشانە دەپارێزێ کە لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی سەرجەم ئەندامانییەتی، لەوانە ئەمریکا، بەڵام حاڵەتی هەڵکەوتەی جیوپۆڵەتیکی تورکیا بە شێوەیەکە ناکرێ دەست بەرداری بیت، لەم گومان کردن لەم ڕاستیانە نامەکەی جونسون بوو بە گرەنتیی ناتۆ بۆ ئەمریکا کە دەبێ ستراتیژیەتێک دابرێژرێ لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بێ.

هەر دوای قەیرانەکەی ١٩٦٤ ڕاستەوخۆ. گریکستان بە ناردنی ١٢ هەزار سەرباز بۆ قوبرس نیازی خۆی ئاشکەرا کرد لەبەرەنگار بنەوەی هەڕەشەکانی تورکی، لە ١٩٦٧ دوای بەیەکدادانی ڕەگەزی لە نێوان پێکهاتەکانی قوبرس، هرشێکی هاوبەشی سوپای

گریکی و قوبرسی بۆ سەر گوندێکی تورکی دەستی پێکرد. تورکیا دوبارە هەڕەشەی کرد، ئەمجارەیان ( جونسون) سایروس ڤانسی وەکو نێردەی خۆی ڕەوانە دەکا کە یەکەم کاری دبلۆماسیی بوو، بەڵام سایروس ڤانس لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو نابێ و ناتوانێ دۆخەکە هێور کاتەوە، هەرچەندە گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنە کە گریک ٧ هەزار سەربازی خۆی لەم دوورگە بکێشێتەوەو دانوستان لە نێوان لایەنەکان دەست پێبکا بەڵام متمانە نەبوو، ئەگەری هێرشێکیی تورکی لە ئارادابوو.

ئەوکاتەی نیکسۆن دەسەڵات دەگرێتە دەست دەستەی سەربازی حوکمرانی گریکی لە نێو هاوپەیمانی ناتۆ حەز لێکراو نەبوون، حکومەتی پەرلەمانی تورکیش لاواز بوو، ماکاریوس وردە وردە پێکهاتەی تورکیی لە قوبرس پەراوێز دەخست. بەو هۆیەوە حکومەتی تورکی چەند کۆمەلگایەکی نیشتەجێی نافەرمیی بۆ تورکە قوبرسیەکان دروست کرد، حکومەتی قوبرس دەسەڵاتی بەسەریاندا نەدەشکا ئەگەر زۆری لێ بکردبان تورکیا بە هانایانەوە دەچو، بەهۆی سەرقاڵیمان بە کێشەکانی ڤێتنام و هیندیی چینی و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئەوەندە کاتمان نەبوو بایەخێکی تەواو بەو پرسە بدەین.

هەر چۆنێکی بێ دۆخەکە ئارام بۆوە بەڵام هیچ لایەنێک لەو دو لایەنەی قوبرسی ئامادە نەبوو دەست باڵایی بەویتریان بدا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە، حکومەتی فیدرالی لە لایەنی زۆرینەی گریکەکانەوە ڕە کرایەوە چونکە ئەم جۆرە حوکمە دەسەڵاتی جیابوونەوە دەداتە تورکەکان، حوکمی زۆرینەش لەلای کەمینەی تورک ڕەتکرایەوە، دابە کردنی دوورگەکەش لە نێوان تورکو گریکەکان لە لایەن ماکاریوسو (بزوتنەوەی وڵاتە بێلایەنەکان) ەوە ڕەتدەکرایەوە، یەکێتی سۆڤیەتیش ڕازی نەدەبوو دەسەڵاتی ناتۆ لە ڕێگەی گریکەکان یا تورکەکانەوە زیاد بکرێ.

ناوە ناوەش ئەمریکا ڕایدەگەیاند کە هەر چارەسەریەک لە لایەن هەردولاوە قەبوول بێ ئێمە پێی ڕازین بەڵام ئەم گوتارە هیچ ناگەیەنێ، لە ماوەی دەسەڵاتی ٨ سەرۆکایەتیدا ئەمریکا کارێکی وای نەکرد ئەم دۆخە لە کاتی هاوپەیمانی زیورخ و لەندەنەوە چارەسەر بکا.

لە ئەزمونی کێشەڕەگەزیەکان لە نموونەی لوبنان و بۆسنە ئەوکاتە چارەسەری دەبێ کە لایەنێک بەسەر لایەنەکەی تردا زاڵ دەبێ یا لە ماندو بوونی هەردووکیان کاریگەریی و ئەنجامی زیاتر دەبێ لە میانگێڕی. لە ماوەی دەسەڵاتی نیکسۆن وێڕای نائارامیی دۆخەکە بە گشتی، کەچی قوبرس ئارامو بێدەنگ بووە، لە کانونی دوەمی ١٩٧٢ بیستمان کە بە دەستپێشخەری ماکاریۆس بە هەزاران چەکی چیکی لە قوبرسیە چەپەکان وەرگیرانەوە، وا پێدەچوو ماکاریۆس بە هەمان رێچکەی جەمال عبدالناسردا هەنگاو دەنێ کە دوو دەیە پێشتر ژیاوە، تەنها ئەوەندە نەبێ ماکاریۆس یاریەکی لە نێوان دوو حکومەتی دژ بەیەک دەکرت کە تورکیا و گریکستان بوون هەردووکیان ترسیان لە یەکێتی سۆڤیەت هەبوو بڕوایان بە ماکاریۆس نەبوو، هەریەکەیان بە زنجیرەیەک پاساو بە قوبرسەوە بەسترابوونەوە بۆیە بە مافی خۆیان دەزانی دەست لە پرسەکە وەردەن.

دەستەی سەربازیی گریکستان بە وەرگرتنی م چەکی چیکیی کۆمۆنیستا لە لایەن کاریۆسەوە ناڕەحەت بوون، لە ١١ی شوبات هۆشداریان دایە ماکاریۆس کە ئەو چەکانەی چیک ڕادەستی نەتەوە یەکگرتوەکان بکاتەوە و حکومەتی قوبرسیش لەسەر بنەمایەکی بەرفراوانتر دامەزرێنێتەوە، لەهەمووی سەیر تر سێ لە گەورە مەترانی گریکیی قوبرسی ڕایانگەیاند کە دەبێ دەسەڵاتی ڕۆحی و دونیایی لەیەک جیا بکرێتەوەو ماکاریۆس وەکو سەرۆک دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەمە پێشتر پیادە کراو نەبووە لە نێو کەلیسای ئەرسەدۆکس.

ئیدارەی نیکسۆن ترسی لێ نیشت لەوەی ماکاریۆس دەست لە دەسەڵات هەلگرێ و لە سەرشانۆی سیاسەت نەمێنێ و تورکیاش چاو ببرێتە ئەو کەرتەی تورکی لەو دوورگەیەو دەست بەسەردا بگرێ کە لە دانوستانەکان ئەمەی نەدەشاردەوە. بۆیە باڵوێزی ئەمریکی ( هنری ج تاسکا) ئاگاداری گریکی کردەوە کە هیچ هەنگاوێک نەهاوێ بە هێز گۆرانکاری دروستکا، لە وەڵامدا دەڵێ لە بەرانبەر هەر دەستێوەردانێکی بێگانە دەستەوەستان ناوەستین، ئەمە نامەیەکی ڕونە دەکرێ دژی دۆستەکانیشمان بێ.

ماکاریۆس بە ڕادەست کردنی چەکەکانی چیک بە نەتەوە یەکگرتوەکان و دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ و دەرکردنی وەزیری دەرەوەی ڕازی دەبێ، بەڵام هیچ

لەم دوو ڕێکارانە کاریگەر نەبوون و سێ مەترانە کەش بانگێشتی کەلیسای ئەرسەدۆکسی کران لە قوبرس و دوور خرانەوە، یاریکەرە سەرەکیەکەش گێمی یەکەمی بە زیرەکی بردەوەو لە هی دوەمیشی نەجاتی بوو.

لەو کاتەوەو تا کاتی قەیرانەکەی ١٩٧٤ دۆخەکان لە سەر لێواری تەقینەوەدا بوون، ئەگەر بە ڕوکەش دۆخەکان ئارامیش بووبن. لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە کاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتیی لە سەپتەمبەری ١٩٧٢ هیچ کامیان لە وەزیرەکانی دەرەوەی تورکیاو گریکستان سەرفراز نەکرابوون لەسەر ئەم پرسە قسەم لەگەڵدا بکەن، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکانی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ هەمان شت دوبارە بۆوە، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هەریەک لە وەزیری دەرەوەی تورکیاو گریکستان هەڕەشەی سەربازیان لە یەکتری دەکرد بەڵام نەک لەسەر کێشەی قوبرس، لەسەر دۆزینەوەی نەوت و مافی هەریەکەیان لەو نەوتە، سەرەڕای ئەم گرژیە وەزیری دەرەوەی تورکیا پێشنیاری دانوستانی کرد لە نێوان هەردو پێکهاتەکە.

کاتێک لە نیکۆسیا لە ٧ی ئایاری ١٩٧٤ بانگێشتی ماکاریۆسم کرد، هیچ بایەخێکی پێ نەدا، ئەو بۆ کۆبوونەوەیەکی نێوان من و وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی (ئەندێ گرۆمیکۆ) میوان کرابوو، بۆ ڕێگە گرتن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان ئیسارئیل و سوریا، قوبرس هەڵوێستێکی تایبەتیی گرتەبەر کە لەمەودوای بەشداری هیچ پرسێک ناکا کە وڵاتە مەزنەکان تێیدا بەشدار بن، ماکاریۆس ڕایگەیاند کە کیس سەرپەرشتی ئاهەنگی خوانی شێو دەکات، مەکاریۆس لە بە خێرهێنانی مندا دەستی بە ستایشکردن کرد و گوتی:

کێشەی قوبرس پێویستی بە سەبرو چاوەروانی هەیە، خۆی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو دوو پێکهاتەدا نییە تەنها جارو بار گرژیەک لە نێو لایەنی گریکی یا تورکی دروست دەبێ، ئومێد دەخوازم دانوستان لە نێوانیاندا دەست پێبکا بۆ چارەسەری ئەو جۆرە کێشانە، بە بۆچونی خۆم ئەگەر چارەسەر نەبوو دەبێ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بێتە ئێرە، بەڵکو ئەو بتوانێ بەیەکیان بگەیەنێ.

هەستێک نەبوو بە بوونی کێشە لەو دوورگە، دوای چەند هەفتەیەک لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧٤بەر لە یەک مانگ لە کودەتاکەی دژی ماکاریۆس، لە کاتی کۆبوونەوەی نیو سالیی ناتۆ لە ئۆتاوا، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ( جوزیف لونز داوای لە وەزیرانی دەرەوەی تورکیاو گریکستان کرد کە بەرژەوەندیەکانی ناتۆ بخەنە سەروی بەرژەوەندیەکانیان لەسەر کێشەی دۆزینەوەی نەوت لە دەریای ئیجە. هیچ ئاماژەیەکیشی بە قوبرس نەدا، هەردوو وەزیرەکە وەلامیان دایەوە کە ئارەزویانە ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن و دیسان هیچکامیان ناوی قوبرسیان نەهێنا.)

لە ڕۆژانی ٨و٩ ی تەموز لە لەندەن پشویەکم دا تا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانی (جیمس کالاهان) باسو خواستی دۆخی دونیا بکەین، هیچ یەکمان دۆخی قوبرس یا پەیوەندیەکانی تورکیا-گریکستانمان بە مەترسی نەدەزانی تا بیخەینە خشتەی کارەکانمانەوە، دوای یەک ڕۆژ دیسان مانگێک بەر لە کودەتا بەیاننامەیەکی کۆشکی سپی ئاماژە بە بوونی گرژی لە نێوان تورکیاو گریک دەکا لە ناوچەی ئیجە، هیچ ئاماژەیەکیش بە قوبرس نادا تەنها بە پەراوێز نەبێ.

دوای کودەتا هەندێک ڕاپانگەیاند کە لە لایەن هەواڵگری ئەمریکاوە هۆشداری درابوو، بەڵام ئەو ئیدارە ڕقی لە ماکاریۆسە گوێی پێی نەدا، ئەزمونەکان وامان پێدەلێن کە لە حکومەتێکی بیروکراتی ئاستەمە بتوانی هەندێک بەڵگەی هەستیار وەدەست بێنێ، ئەمە ڕێگایەکە بیروکراسی بەهۆیەوە هەندێک پرس دەشارێتەوە. هەواڵەکان وایان گەیاندن کە لە نێوان فەرمانبەرانی باڵای هەردووک لای تورکی وگریکی دانیشت و دانوستان هەبووە، من ئەوکات بە پرسی یەکلایی کردنەوەو لەیەک دوور خستنەوەی هێزەکانی ئیسرائیل و سوریا بووم، ماوەی ٣٤ ڕۆژ پێیەوە سەرقاڵ بووم تا ٣١ی ئایاری ١٩٧٤، لەگەڵ نیکسۆن بوومە هاوسەفەر بۆ میسرو سوریا وئیسرائیل و سعودیەو ئوردن. لە ٢٧ی حوزەیرانیشەوە تا ٤ی تەموز بۆ کۆنگرەی مۆسکۆ یاوەری بووم، چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵبروکس و پاریس میونخ ولەندەنو مەدرید، بەم هۆیەوە کەوتمە ئەو بڕوایە کە هیچ قەیرانێک لە ئارادانییە، لەم میانە لێکۆلینەوەکانی لە کۆنگرێس ئەنجام دەدرا کاتێکی زۆری منیان برد، بە تایبەت تۆمەتەکانی هنری جاکسۆن، کە خرابووە پاڵ نیکسۆن، گوایە لە دەرەوەی ڕێککەوتنی

ساڵ باندێکی نهێنیی ئەنجام داوە، لەوکاتەش نیکسۆن بە واتەرگێت(Watergate) ) ەوە سەرقاڵ بوو دوایین شت کە پێویستمان پێی بوو هاندانی دوو هاوپەیمانی ناتۆ بوو.

ئەو دۆکۆمێنتەی، کە زۆر پرسی ئەو لێکۆڵینەوەی وروژاند، کە کۆنگرێس پێی هەڵسابوو لەسەر قەیرانی قوبروس، ئەو دۆکۆمێنتە پێشبینییە بوو، کە لە مانگی ئاياری ١٩٧٤ لە لایەن (توماس د بۆیاتی) سەرۆکی نوسینگەی قوبرس لە وەزارەتی دەرەوە نوسرابوو.

# تەقینەوەکانی قوبروس

## ١٧١

## هێرشەکەی تورکیا

لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا، لەوکاتەی (ئیکیفیت) سەرقاڵی پێشنیار دەبوو، ئێمە لە هەوڵی ڕوونەدانی جەنگ بووین، لە ١٦ی تەموز داوا لە باڵوێزی ئەمریکا کرا چاوی بە (ئیوانیدیس) بکەوێ، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ (تاسکا) ڕە کردبووەوە، بە بیانوی ئەوەی هیچ پۆستێکی فەرمیی نییە، بۆیە دەبێ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی وەزیران بکات. لەسەر ئەم بنەمایە نێردەیەکی باوەڕپێکراو دەنێری تا چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرماندەی چەکدارەکاندا بکا، ئیوانیدیس هۆشداریی دایێ کە ئەمریکا نەکا دان بە کۆماری قوبرس و دەستورە حالی حازریەکەیدا بنێ، بە ڕوونتر واتە ئێمە دژی یەکپارچەیی خاکی قوبروسین، دەبێ کاردانەوەی ئیوانیدیس ئاماژە پێ بدەین، کە تاسکا لە نامەکەیدا باسی کردووە

کاتێک ئەم نامە بە جەنەراڵ دەگا زۆر تورەدەبێ، لە تورەییدا بە مێزەکەی بە دەمیدا دەکێشێ و شوشەکانی سەرمێزەکە دەشکێنێ، بە بۆڵەبۆڵ هەندێک وشەی ناشیرینی لە دەم دەردێ.

گوتی ڕۆژێک کێسنجەر لە بەیاننامە یەکیدا ڕایگەیاند، کە دەست ناخەینە نێو کاروباری ناوەخۆی گریکساتانەوە. هەر دوای هەفتەیەکیش حکومەتی ئەمریکی دەڵێ ئێمە پابەندی ئەو بنەمایانەین و هەڕەشەی دەستێوەردانیش لە گریکستان دەکا، ئەگەر هێزەکان بکشێنەوە سیاسەت مەدارە کۆنەکان لۆمەییم دەکەن کە من دوورگەم ڕادەستی کۆمۆنیستەکان کردووە، دەبێ حکومەت ئەمە بزانێ کە ڕۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٧٤ قوبرس لە چنگ کۆمۆنیستەکان ڕزگار کرا، دوای ئەوەی ڕق و هەلچونی شۆرش

دادەمرکێتەوە ( ئیدانیدیس) بە بۆچونەکانمان ڕازی دەبێ و پابەندی گریکستانی نیشتمانیی ڕاگەیاند کە دەست ناخەنە نێو کاروباری قوبرس، بە مانایەکی ڕونتر دەستبەرداری بیرۆکەی (یەکگرتن) بوو.

ئەم پابەندیەمان ڕاستەوخۆ بۆ حکومەتی تورکیا گواستەوە، بەڵام ( ئیکیفیت) بڕوای تەواوی بە گفتەکانی (ئیوانیدیس) ناهێنێ و دەڵی دەبێ ئێمە شتێکی وا بکەین کە ( ئیوانیدیس) باشتر پابەندی گفتەکانی بێ. لە گوتاری ١٧ی تەموزا سەرۆک وەزیرانی گریکستان پەیمانی بە ( تاسکا) ی باڵوێزی ئەمریکا دا کە ئیتر گریکستان هێزەکانی لە قوبرس زیاد ناکات، ئەم دوپاتیەشمان دیسان بۆ ئەنکەرە گواستەوە، بۆ ئەوەی مۆسکۆ لە دەرەوەی ئەم یاریە دبلۆماسیە نوێیەدا بهێلینەوە هەوڵی ڕەواندنەوەی مەترسیەکانمان دا. بە بریژنێفمان گوت کە هەموو هەوڵەکانمان دەخەینە گەر بۆ گەراندنەوەی دەسەڵاتی دەستوری.

بە پێچەوانەی ئەوەی دەگوترا کە ئەمریکا هانی تورکیای داوە هێرش بکاتە سەر قوبرس یا ئاسانکاریی بۆ کردووە، ستراتیژیەتی ئێمە لە هەفتەی یەکەم بریتی بوو لە دوور خستنەوەی بیانۆکانی تورکیا بۆ هەر کارێکی سەربازی.

لە هەمان ڕۆژدا جوسیسکۆ نێردرایە لەندەن بۆ کار کردن لەگەڵ کالاهان و (ئیکیفیت) بۆ ئەوەی لە وێشەوە بچنە ئەسیناو ئەنکەرە، جو سیسکۆ یەکێک بوو لە ئەستیرەکانی وەزارەتی دەرەوە بەهۆی کارەکانییەوە لە نێو وەزارەتی دەرەوە بەم پلە گەیشتبوو، ئەو پێی وابووە پلەو پۆستەکان لەبەردەم خاوەن هەموو پاشخانە جیاوازەکاندا کراوەن. دیارە خۆی نموونەیەکی ئەم بنەمایە بوو چونکە کەسایەتیەکی خاوەن تواناو ڕەوشتێکی بەرز بوو. خاوەنی چارەسەری گرێ کوێرەکان بوو، داوای لێکرا ( چارەسەریەکی دەستوری) بۆ ئەم پرسە بدۆزێتەوە کە بە دەستور دەیانەوێ (گلافکوس کلیریدیس) سەرۆکی پەرلەمانی قوبرسی سەردەمی ماکاریوس بۆ ماوەی (٦) مانگ ببێتە سەرۆک. دوای ئەوە هەلبژاردنێک ئەنجام بدرێ و ماکاریۆس مافی خۆ کاندید کردنی هەبێ، لەو ماوەیەشدا ڕێکخستنەوەیەکی نوێ ئەنجام بدرێ بۆ دانیشتوانە گریکی و تورکیەکان.

کلاریدیس بە کەسێکی میانرەوتر لە ماکاریوس دەناسرا، بۆیە وەکو چارەسەریەکی کاتی و ڕزگارکردنی تورکیاو گریکستان لە ئابڕوی ئاوی ڕوانیان، ئەم کەسایەتیەیان پێشنیار کرد، بیرۆکەی دوای ئەم پێشنیارە لەبار بردنی پرۆژەی یەکگرتنەوە بوو. دانانی کلاریدیس واتا پێویست ناکات ئەسینا لەگەڵ ماکاریوس لەسەر پرسی ئەتەنی مامەلە بکات.

کاتێک لە ٢٢ی تەموز چاوم بە ماکاریوس دەکەوێ واتە دوای هەفتەیەک لە کودەتاکە، لەسەر چارەسەریەکە ڕازی بوو، داوای گەرانەوەی بۆ پۆستەکەی نەکرد بەڵکو ستایشی ڕۆڵی ئێمەی کرد کە لەو دۆخەمان ڕزگار کردووە بە سەربەخۆیی: واتە دامەزراندنی حکومەتێک لە نیکۆسیا مانای درێژەدانە بە دەستورو چاودێریکردن.

سیسکۆ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کالاهان ١٨ی تەموز لە لەندەن مایەوە، کە ڕازی دەبێ لەوێوە بچێتە ئەنقەرە و ئەسینا بۆ ئەوەی لە مەرامەکان بگا ئاخۆ تا چەند دەکرێ کلاریدیس لەو پۆستە دابنرێ. لە ١٩ تەموز سیسکۆ لە ئەسینا چاوی بە سەرۆک وەزیرانی گریکستان دەکەووێ. ئامادەی سازش و دەستبەرداری داواکانیان دەبن ئەمەش نیشانەی لاوازی و بێ یومێدی بوو لە ڕەوشتی سەربازیانە، ئەمە یەکەم جارە سوپا ڕازی دەبێ تورکیا ناوچەیەکی لە قوبرس هەبێ بە گۆڕینی سەرجەم ئەفسەرانی سەردەمی ڕودانی کودەتاکە. داوای ئیکیفیتیش ڕەتدەکەنەوە بە گەیشتنی بۆ یەکێک لە ناوچەکانی تورکی لەسەر دەریاو گەرانەوەی ماکاریوس و دامەزراندنی ئەفسەری گریکی لەژێر فەرمانی نەتەوە یەکگرتوەکان.

ئەنکەرە بنکەی نیشتنەوەی داهاتوی سیسکۆ بوو، لەوێ چاوی بە ئیفیکیت ی سەرۆک وەزیران دەکەوێ، من لە ١٩٥٧ ەوە سیسکۆ دەناسم کاتێک خوێندکار بوو ئارەزوی هەبوو ببێتە نوسەر، هێشتا نەچوبووە دونیای سیاسەتەوە کەسێکی چەپرەو بوو وەکو باقی نوسەرە ئەوروپیەکان، ئەم ڕەوتە سیاسییەی کاتێک دەبێتە سیسەتمەدار ناگۆردرێ، چونکە دەمزانی ئارەزوی شیعری هەیە ئومێدم دەخواست لەگەڵ تورکەکان کە حەزیان لە شەڕە، نیانو هەستیار بێ.

بڕوابوونم بە گرنگی تورکیا بۆ بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتیی ئەمریکی هیچ پەیوەندیی بە دۆستایەتیمەوە نییە لەگەڵ ئەوان، بەلام ئامادەم ئەم پەیوەندیانەم لە

خزمەت بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەکار بێنم، منیش دلنیابووم کە ئیکیفیت هەمان بڕوای منی هەیە. ئەمە لەو هۆشداریە دەردەکەوێ کە داوام لە سیسکۆ کرد کاتی گەیشتنی بە نەکەرە ڕادەستی بکا. کاتێکیش ئەو ڕاپۆرتانەم پێگەیشتن کە ئاماژە بە ئامادەکاری سوپای تورکی دەدەن بۆ هێرش بردنە سەر قوبرس، ئەم ڕێنمایانەم لە ١٨و٢٠ی تەموز بە وەزارەتی دەرەوە دا لە سان کلیمنتەوە کە یاوەری سەرۆک بووم:

هەرکاتەی سیسکۆ دەگات من بروسکەیەکم لێی دەوێ، ئاگاداری ئیکیفیت بکاتەوە کە ئێمە بایەخ بەو ڕاپۆرتانە دەدەین کە ئاماژە بەوە دەدەن سوپای تورکی جولەی پێنەکراوە، ئەو ڕاسپێردراوە کە حکومەتی تورکیا ئاگادار بکاتەوە کە ئەمریکا هەر جولەیەکی سوپای تورکی بە مەترسی دەزانێ بەر لەوەی هەوڵەکانی دبلۆماسی بگەنە بنبەست، ئەمە خاڵی یەکەمە دەبێ هەر زوو بەم ئەرکە هەلسێ کە ئێمە بەردەوامین لە ڕاوێژو گوتوبێژ چونکە تا ئێستا ئێمە دژایەتی خۆمان بۆ دەستێوەردانی سەربازی ڕا نەگەیاندوە. دوەم، دەبێ پێیان بلێ کە ئێمە ئەمە لە پێناو بەرژەوەندی تورکیا دەکەین، دەستێوەردانی تورکیاش دوا جولەی سەربازی نابی بەڵکو پێشەکیی زنجیرەیەک لە جولەی سەربازیە، هەر حکومەتێکی دەرەنجامی ئەم جولە سەربازیانە بیتەکا لە بەرژەوەندی تورکیادا نابی، بۆیە باشتر وایە بۆ تورکیا پارسەنگی هێز وەدەست بێنێ. ئەو حکومەتەش بە مسۆگەری پشتگیری کۆمۆنیستی لە ناوەوەو دەرەوە بەدەست دێنی، دەبێ ئیکیفیت ئەوە دوپات کاتەوە کە دژی یەککگرتنین، دواجار ئەوە بە ئیکیفیت ڕابگەیەنە کە من وەکو دۆستێکی ئەو سەرسامم پێێ بە تورکیا ڕابگەیەنێ کە دەرەنجامەکانی ئەم کارە سەربازیە تەنها لەسەر تورکیا بە خەراپی ناکەوێ بەڵکو لەسەر سەرجەم ئەوروپا بەگشتی دەبێ.

ئیکیفیت بە زیادەوە دەستیکرد بەهۆشداریەکانی ئەمریکاو سازشیەکانی گریکی، هەر لە سەرەتای قەیرانەکە سور بوو لەسەر ئەوەی دانوستانێکی دوورو درێژ نەگرێتە بەر چونکە دوورنییە پرسی دەستور ڕاگرێو زیان بە تورکیا بگەیەنێ کە لەم دەرفەتە بێبەش بێ، لە بەرەبەیانی ٢٠ تەموز دوای ٧٢ کاتژمێر لە پێشکەش کردنی پێشنیارەکان لە لایەن ئیکیفیتەوە، هێزەکانی تورکی لە قوبرس جێگیر دەبن. لە ٢١ی تەموز زۆرم لە ئیکیفیت کرد تەقە بووەستێنن، پێی گوتم:

ئەو سیاسەتەمان گرتەبەر کە ماوەی ١٠ ساڵە ئەمریکا ئامۆژگاریمان پێی دەکا و ئێستاش کۆتاییمان پێی هێنا، ئێمە بۆچوونی جیاوازمان لەسەری هەیە، بەڵام تا ئێستا دەرفەتمان پێی نەداوە، لەو ماوە هەوڵمان داوە شتێک بۆ ئەم پرسە بکەی، ئێستاش دەستپێشخەریەکەمان جوڵاندوە و دەمانەوێ سودی لێ وەرگرین.

دوا قۆناغەکانی ویلایەتی نیکسۆن بوولە ١٩ی تەموز لە دوا ساتەکانی ئەم قەیرانە، پەیوەندیەکانی نێوان کۆشکی سپی و سانت کلیمینت بە هۆی ئەو دۆکۆمێنتانەی نیکسۆن پێشکەشی دادگای باڵای کردبوو، پچڕابوون.

سەرەڕای ئەو هەموو فشارانە نیکسۆن بێ گرفت دەوامی ئاسایی خۆی دەکرد، هیچ چاودێرێکیش تێبینی هیچ گۆڕانکاریەکی لە ڕەفتارەکانی نەدەکرد، لە بە دواداچوونەکانیدا بۆ ئەو پرسانە، تەنها تێڕوانینە دوورەکانی ئەوەیان پێ دەگوتین، کە نیکسۆن بەرەو چارەنووسێکی کۆتایی هەنگاو دەنێ، وێڕای ماڵئاوایی لە ژیانی کارکردن بە دواداچوونی بۆ کارەکانی بەردەوام بوو.

کاتێکیش جوڵەی سەربازی دەست پێدەکات ئومێدەکانمان ئەوە دەبوون کە ڕووبەڕوو بوونەوە لە نێوان دوو هاوپەیمانیی ناتۆ دروست نەبێ، دواجار دانوستان لە نێوان دوو لایەنی ناکۆک ڕوودەدا، داوام لە سیسکۆ کرد ئەم نامەیەم بە ئیکیفیت ڕابگەیەنێ:

من ( کینسجەر) ئەم بۆچونەم هەیە کە دەستێوەردانی تورکیا لە قوبرس ئەنجامەکانی زۆر مەترسیدار دەبێ، گرنگترینیان ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایشی دونیای ئازاد دەبێ، لە حکومەتی تورکیا بێ ئومێد بوومە چونکە گوێی بە تکای ئێمە نەدا کە کەمێک دان بەخۆدا بگرێ.

کە ئێستاش ئەم هەنگاوەی ناوە، هیچ ڕێگایەکی خێرا نییە بۆ دۆزینەوەی ئاشتی و بەرقەراری ئارامی لە ناوچەک. ئەگەر دەست پێکردنی کێشە ئاسانە چارەسەر و کۆتایی ئاسان نییە.

ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئامادەیە بۆ چارەسەری دەستوری و گەیاندنی ئاستی هێزەکان بۆ ئەوکاتەی بەر لە کودەتاکە.

بە ڕای من تاقە ڕێگا ئەوەیە حکومەتێکی دەستوری دامەزرێنین وەکو پاشخانێکی شەڕعی بۆ کلاریدیس. جگە لەمە هیچ چارەسەریەکیتری گونجاو نییە بۆ گریکەکان، ئیکیفیتی سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند لای ئەو هیچ گرنگ نییە کە دەبێتە سەرۆکی دەولەت، سیسکۆش بەڕێوەیە بەرەو ئەسینا تا کلاریدیس بۆ گریکەکان پێشنیار بکات، بە پشت بەستن بەوەی سەرۆکی وەزیران لە کۆبوونەوەکەی لەندەن بە سیسکۆی ڕاگەیاندبوو کە حکومەتی تورکیا ڕازی دەبێ.

بۆ بەریتانیا پێشنیار دەکەین کە هەرچی زوە لایەنە بەرپرسیارەکان لە لەندەن کۆکاتەوە بۆ چارەسەریو سەقامگیر بوونی دۆخەکان لە قوبرسو ناوچەکە بەگشتی.

داواشمان لە تورکیا کرد کە بە وردی بایەخ بە پێشنیارەکانمان بداو قەبوولی بکاچونکە ئەگەر بە پێچەوانە بجولێتەوە تووشی هەلوێستێکی بەرگری دەبن لە بەرژەوەندیەکانی تورکیا، بۆ دلنیابوون لەوەی بۆچونەکانمان بەدەستی ئیکیفیت گەیشتون داوام لە وەزیری دەرەوە (روبێرت ئەنجروسیل) کرد هەمان نامەم بگەیەنێتە دەست بالوێزی تورکیا لە واشنتۆن. داواش لە سیسکۆ کرا بگەڕێتەوە گریکستان و هەمان چارەسەری بخاتە ڕوکە ئەوکات کودەتاچیەکان بەهۆی جێبەجێ نەکردنی گفتەکانیانەوە سامیان لەدەست دابوو.

پاکو بێگەردی لە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی نەتەویی ئەمریکا و پاراستنی بالی ڕۆژهەلاتی هاوپەیمانی ناتۆ لە لایەن هەردوو کێشەدارەکانەوە ڕە دەکرایەوە، بەهۆی ناکۆکیە ڕەگەزیەکانیانەوە ئاماە نەبوون دانوستان بکەن، ئەسینا هەڕەشەی کشانەوە لە هاوپەیمانیتی سەربازیی (ناتۆ) دا دەکا، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکاریی دەکرد، تورکیاش لە کۆکردنەوەی هێز بەردەوام دەبێ، بۆ ئەوەی پابەندی خۆمان بەرانبەر بەو دوو هاوپەیمانەی ناتۆ بە یەکسانی دەربرین لە ٢٠ی تەموز لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕامگەیاند ڕودانی جەنگ لە نێوان دوو هاوپەیماندا دەبێتە مایەی بڕینی هاوکاریەکانی ئەمریکا لە هەردولا:

رونمان کردەوەو دەمەوێ دوپاتیشی کەمەوە، جەنگ لە نێوان تورکیاو گریکستان بە چەکی ئەمریکی ناکرێ، دەکرێ بەو چەکانەبێ کە هەیانە، بەلام بەرێگەی پێدانی چەکیتر نییە.

لە نێو بازنەی یاریەکانی واشنتۆنا سستیەک لە گواستنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەراست هەبوو، هەرچەندە دەسەتەی کودەتاچیانی ئەسینا لە دارماندا بوون، کۆنگرێس و زۆربەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو فەرمانگەکانی بیروکراتیی لە فشارەکانیان بۆ سەر ئەسینا بەردەوام بوون، لە ٢١ ی تەموز ڕۆژنامەکانی واشنتۆن بە نوسینێکی پان بڵاویان کردبۆوە کە وەزارەتی بەرگری پێی باشە سەرجەم هاوکاریەکان لەسەر ئەسینا ببڕێ. دیارە ڕۆژنامەکە لە وردەکاریەکان ئاگادارە کە وەزیری بەرگری شلیسنجەر بڕیاری داوە سەرجەم چەکە ئەتۆمیەکان لە گریکستان بکێشێتەوە.

من ئەمەیم ڕەت کردەوە چونکە بڵاوە پێکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی گریکساتنەوە بە قوبرسدا، هەوەستی تورکیا خۆش دەکا، لە پێناو ڕێگە گرتن لە ڕودانی شەڕ لە نێوان تورکیاو گریکستان من دەستی هاوکاری درێژ ناکەم چونکە من دەمەوێ پشتگیری لە بنەمای تەواو کردنی باڵی ڕۆژهەڵات بکەم کە شوێنێکی زیندوو پڕ بەرژەوەندیە بۆ ئەمریکا. هەرکاتەی بڕیاری بڕینی هاوکاریەکان بدرێ هەلوەشاندنەوەی یا دوبارە هاوکاری کردنی کارێکی ئاسان نابێ. ڕازی بووم لەسەر دوور خستنەوەی سەرە شەڕکەرەکان لە بنکەی هاویشتنەوەو بۆ عەمبارەکان، کاتێکیش توانرا دەستەی کودەتاچیەکان لە ناوبەرن دەنگی بڕینی هاوکاریەکان کپ کرایەوە.

من و جیمس کەلاهان هەموو ڕۆژەکەی ٢١ی تەموز، کە یەکشەممەبوو لەسەر تەلەفۆن بووین بۆ وەڵامدا نەوەی پایەختەکان و بڕوا پێ هێنانیان، کە هەموویان مەبەستیان بوو یەکتر لە ناو بەرن. گریکستان لایەنی لاوازی هاوکێشەکە بوو ئامادەبوو دیفاکتۆکە قەبوول کا، ئیفیکیتیش کە ئارەزوی لێبوو ئەوەی مەبەستی بوو بەبێ شەڕ وەدەستی هێنا بەڵام بە ئەنقەست خۆی دە گرمخاند.

چەند کاتژمێرێکی خایاند تا ڕەزامەندی ئیکیفیتمان وەرگرت لەسەر ئاگربەست چونکە شکاندنی ئاگربەست دەرفەت دەداتە گریکە دل پیسەکان هێرش بکەنە سەر گریکستان کە ئەم ئاگربەستەی لەگەڵ تورکیا ئەنجام داوە. لەگەڵ ئیکیفیت ئەم دەمە تەقێیەم ئەنجامدا، ئەمەش دەقەکەیەتی:

ئیکیفیت: کێشەمان هەیە. گومان لە ڕاستگۆیی گریکستان دەکەین. وشەی (شەڕەف) لای ئیوانیدیس وەکو نوکتە وایە، ئێستا زانیمان وشەکانی ئەم نوکتەیە چین، تەقە لە هەر کەشتیەک دەکات کە ئاڵای تورکیای هەڵکردبێ.

کیسینجەر: زۆر چاکە کەوابێ کەس گلەییت لێ ناکا ئەگەر هەر کەشتیەکت نقوم بکرێ.

ئیکیفیت: نەخێر دکتۆر کیسینجەر، ئەوانە کەشتیی ئێمە نین، ئەوانە کەشتیی گریکین بە ئاڵای تورکییەوە.

کیسینجەر: بەڵی جەنابی سەرۆک وەزیران، دەتوانی ئەو کەشتیانە نقوم بکەیت ئەگەر کەشتیی ئێوە نەبن، بەڵام ئاڵای تورکیایان هەڵکردبێ.

ئیکیفیت: ئەوانە دوو فێل پیادە دەکەن. ئێمە لە ناتۆن هاوپەیمانین، فڕۆکەوانە تورکەکانیش کۆدەکەمان دەزانن، ئەوان بە تورکی دەدوێن، بە تورکی بانگی فڕۆکەوانەکانمان دەکەن و وشە شیفرەکراوەکانیشمان بەکار دێنن، لەمەودوا نابی بڕوا بە گوتەی گیریکیەکان بێنین.

کیسینجەر: بە تەواوەتی دەتەوێ چی بزانیت؟ لە سەردەمی هارفەردەوە دەزانم کە تۆ پیاوێکی زیرەکیت، لەگەڵ ڕێزمدا ناتوانم ئەمە قەبوول کەم کە ماوەی شەش حەفتە ئەمە درێژەی هەبێ.

ئیکیفیت: دەڵێن ئەوان ئاگربەستیان مەبەستە، واتە ڕونە کە مەبەستیانە سود لەم ئاگربەستە وەرگرن بۆ پێپێناو هێزەکانیان لە دوورگە، دەبێ گریکەکان واز لەم ڕەفتارە بێنن.

کیسینجەر: کامە ڕەفتار دەبێ وازی لێبێنن؟

ئیکیفیت: دەلێن مەبەستیانە تەقە بووەستێنن بەڵام فرت و فێلەکانمان بینی چۆن چۆنی ئەم ئاگربەستە دەشکێنن.

کیسینجەر: دەتەوێ پێم بلێێ کە تۆ ڕازی نیت تەقە بووەستێنی؟

ئێکیفیت: ڕازی دەبین.

کیسینجەر: ئەمڕۆ؟

ئیکیفیت: ئێستا قسەی لەسەر دەکەین.

لە کۆتایی بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی ئەمریکا، لە ئەنجامی هەڵەی فڕۆکەوانی تورکیەوە لە لایەن هێزی ئاسمانیان، لەناوبەرێکی تورکی تێک شکێندرا.

لەگەڵ هاوپەیمانەکنمان هەوڵی دوورخستنەوەی سۆڤیەتماندا لە هێلەکانی دواوە، لە نامەیەکی نیکسۆنیشدا بۆ لیونید برجنیف ئامادەیی هاوکاری ئەمریکای دوپات کردەوە لە پێناو بەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامی و ڕێکخستنەوەی دەستور، لە نامەکەدا ئەوە دوپاتکرایەوە کە ئەمریکا پشتگیری دەستێوەردانەکەی تورکیاو هیچ دەستێوەردانێکیتر ناکا.

ئەمریکا پشتگیری دەستێوەردانی دەرەکی لە قوبرس ناکا، دژی ئەم جۆرە دەستێوەردانانەیە لە هەر لایەنێکەوە بێ.

لە نیوەرۆی ٢١ی تەموز من و جیمس کالاهان و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا (جان سوڤانبیە) لەسەر دەقی نامەیەک لە شێوەی هۆشداری ڕێککەوتن بۆ وەستاندنی شەڕ، نامەکە دەڵی: ئەگەر لە ماوەی ١٢ کاتژمێر لەسەر تەقە وەستان ڕێک نەکەون ئەمریکا سەرجەم چەکە ئەتۆمیەکانی لە هەردوو بەری تورکیاو گریکستان لە (تریس) دەکێشێتەوە.

تەقەوەستانەکە دوا کاری کودەتا چیەکان بوو، دوای ٢٤ کاتژمێر دەسەڵاتیان ڕادەستی حکومەتێکی دیموکراتی کرد، زۆر کەم شۆڕشەکان لە ژیانی ڕوالەتیاندا تراژیدی دەبن هەروەک لە حساباتەکە نەخشەیان بۆ دارشتوە. لە کاتژمێری ٥ی ئێوارەی ٢٢ی تەموز لە تاسکاوە ئەم پەیوەندیەم بۆ هات:

تاسکا: من لە نوسینگەی گیزیکیس (سەرۆکی گریکستان) نم هەموو فەرماندەی یەکە سەربازیەکان لێرەن. بە سەرۆکە نوێکەی گریکستانەیشەوە (کانیلوبوولوس.) دەیانەوێ لەگەڵ ئێوە بدوێن. لەسەر هەوڵەکانمان بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی و هاوکاریەکانمان قسەم لەگەڵیان کرد، ئەوان زۆر بایەخیان بە ڕووداوەکانی قوبرس دەدا:

کانیلوبوولوس: بەرێز ک، قسە دەکا.

کیسینجەر: خۆشحالم گوێم لە دەنگت دەبێ.

کانیلوبوولوس: هەموومان لە دلەراوکێدانو هەست بەوە دەکەین تێکەوتوین. زۆر قورسە ئەمەی لە قوبرس ڕودەدا قەبوولی کەین، دۆخەکان زۆر ورد و هەستیارن.

کیسینجەر: زۆر باش گوێم لێتە.

کانیلوبوولوس: دەبێ ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم کە من زۆر دڵخۆشم بەوەی یەکەم جارە لەگەڵ ئێوە دەدوێم.

کیسینجەر: دەمەوێ پێتان بلێم کە دۆستایەتیمان لەگەڵ گریکستان پتەوو بە تینە. دەتوانی پشتی پێببەستی بە ئێمەو هاوپەیمانەکانمانەوە، بەردەوام دەبم لە پەیوەندیەکانمدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیاو هانی دەدەم ئەوپەری پابەندی خۆی نیشان بدا.

بەیانیی ڕۆژی دواتر (کونستانتین کارا مانیلیس) دوایین سەرۆک وەزیرانی هەلبژێردراوی گریکستان لە دوورخراوەیەیی لە پاریس، دەگەڕێتەوە، پەردەی لەسەر بەشی یەکەمی قەیرانی قوبرس داخست.

## دووەم دەستێوەردانی تورکی

یەکەم کاردانەوەمان لە دوورخستنەوەی مەترسییەکانی لەت بوونی ناتۆ، هەست کردن بووبە خۆشی. لە ژێر چاودێری بەریتانیاو بۆ هەلسەنگاندنی دۆخەکە دە خولی دانوستان ئەنجام دران:

یەکەمیان /بۆ جێگیر کردنی ئاگربەست (دوای ٢٤ی تەموز.)

دووەمیان /بۆ ئەنجام دانی یەکلایی کردنەوەی سیاسی (دوای دوو هەفتە دەست پێبکا واتە لە ٨ی ئاب.) کاروانی ئاشتی هاوشێوەی ڕۆژهەڵات بوو خەریک بوو ڕێچکەی خۆی دەگرتە بەر، هەرچەندە ئێمە ئەگەری هێنانو بردنێکی زۆرمان لێی دەکرد بەڵام هەمیشە لە هزری ئەوەدا نەبووین جارێکی تر دەست بکرێتەوە بە شەڕ.

چونکە ئەزموونمان لە کێشەی ئەتەنی کەم بوو بۆیە پێگەی خۆمانمان لێ دیار نەبوو، وا دەرکەوت، پێگەمان لە نێو لایەنە ناکۆکەکاندا کەمترە لەوەی لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەراست هەمانە، هەرچەندە ئەم هەرێمە لە نێوان هێزە زەبەلاحەکانەوە ململانێی کۆت و بەندیان لەسەر بوو، بەڵام هەردووک لایەن ئەم کۆت و بەندانەیان قەبوول نەبوو، لە ڕاستیشدا حکومەتی دیموکراسیی ئەسینا سنوری داواکاریەکانیان بەرز کردنەوە. کارامانلیس و هاورێیانی هیچ پاساوێکیان نەبوو گریکستان لەم قەیرانە وەدەر نێن کە دەسەڵاتدارانی پێشو لە غروری خۆیانەوە ئەم هەنگاوەیان ناوە. چونکە ئەوان ئامادە نابن خۆیان ڕووبەڕووی تۆمەتی ناپاکی نیشتمان بکەنەوە بۆیە سوربوون لەسەر داواکاریی کودەتاچیەکان، بە هیچ چارەسەریەکی یەکگرتویی قوبرس ڕازی نەبوون، لەو بڕوایەشدابوون کە نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێگە بەتورکیا نادات لەم دوورگەیە بمێنێتەوەو بە ناوی گریکستانی دیموکراتی، بەڵام تورکیا سور دەبێ لەسەر دابەش کردنی سیاسیانەی دوورگەکە لە نێوان تورکیاو گریکستان، لە ڕوەکەی تریشەوە ماکاریوس وەکو پارێزەری نەتەوایەتی قوبرسی دەردەکەوێ، وا پێدەچی هەروەکو تالیران لە بووربوون لە شۆڕشی فرەنسی گوتی:

(نە فێری هیچ بووەو نە هیچیشی لە بیر کردووە.) لە ٢٢ی تەموز لەوکاتەی واژۆ لەسەر ئاگر بەست دەکرا ماکاریۆس تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ نوسینگەکەم، دواتر ٢٩ی مانگیش دوبارە پەیوەندیی پێوە کردم کە ڕازیە بە گلافکوس کلیریدیس بۆ سەرۆکی کۆمار. ڕونی کردەوە کە هەرکاتەی دۆخەکانی قوبرس ئارام بێتەوە دوبارە داوای پۆستی سەرۆکایەتی دەکاتەوە، داوای دەکرد کە ئەمریکا میانگێری بکا بەڵام ئامادە نەبوو هیچ سازشێک بکا. وەکو خەسڵەتی ساردۆنیی جادوکەری ڕازی نەبوو هیچ ئامادە سازیەک بخاتە ڕو، بە تایبەت فیدرایزم، هەروەها ڕازیش نەبوو بگەرێتەوە بۆ ڕێککەوتنی لەندەن-زیورخ ی ساڵی ١٩٦٠. ئەوەی ئەو پێی ڕازی بوو قوبرسێکی گریکی لە ژێر هەیمەنەی ئەمریکی بە فشارەکانی ئەمریکیەوە بۆ سەر تورکیا بەبێ هیچ سازشێکی گریکیش.

بەهۆی فشارە ناوەخۆییەکانی سەر نیکسۆن ماکاریوس هەستی دەکرد بە خێرایی ١٨٠ پلە ڕەشەباکە لە پشتیەوە هەڵیکردووە لە کاتێکدا ئەسینا بەرەو بنیادنانی دیموکراسی هەنگاو دەنێ، چەند هەفتەیەک بوو ڕەخنەی توندمان دەگرت چونکە لە بەرژەوەندی تورکیا، فشارمان نەخستۆتە سەر گریکستان، هەر لە ناکاو ئەمجارەیان

ڕەخنەی توندمان دەگرت کە لە بەرژەوەندی گریکستانی دیموکراسی فشارمان نەخستۆتە سەر تورکیا، گریکستان کەناری ڕۆژهەڵاتی ناتۆیەو جانتایەکە پڕاو پڕ لە کاروباری سیاسییەتی ناوەخۆی ئەمریکا.

بۆچونەکانم هەر وەکو خۆیان مانەوە، کە فشارم دەخستە سەر گریکستان، لە کۆبوونەوەی فەرمانبەراندا گوتم:

ئەوانەی ئەمڕۆ مەبەستیانە ئێمە سوکایەتی بە گریکستان بکەین هەمان ئەو کەسانەن کە ئەمڕۆ مەبەستیانە ئێمە دژی تورکیا جولە بکەین، بەڵکو ناچار بین فشار بخەینە سەر تورکیا، بەڵام کاتێک دژی ئەو جولە دەبین ئەمە بۆ بەرژەوەندی پرسەکەیە نەک بۆ مانشێتی ڕۆژنامەی نیویورک تایمز. ئەگەر ئەمەش بکەین دەبێ ئەمە ڕونکەینەوە کە دوای بێ هودەبوونی هەموو ڕێگا تەکتیکیەکان ناچاربووین ئەم ڕێگایە بگرینە بەر.

من سیاسەتی گۆشەگیرو ڕسواکردنی گریکستانم ڕەت کردەوە، جا هەر تێبینییەکی هەمبێ لەسەر حکومەتەکەی، چونکە من گریکستانم بە ستونێکی بنەڕەتی ستراتیژیەتی ناتۆم دەزانی، لە ڕوی جیوپۆلەتیکەوە تورکیا بەیەخێکی گرنگی هەیە ناکرێ ئەمریکا فەرامۆشی کا، دواتر تورکیا لە سەردەمی شەڕی ساردا هاوپەیمانێکی بەهێزمان بووە لە شەڕی کۆریاش لە تەک ئێمەدا جەنگیوە، ئێمە ٢٦ پێگەی ئەلەکترۆنی مان بۆ چاودێری کردنی مووشەکەکانی سۆڤیەتی هەیە، ئەمانە هۆکاری ئەوەن من دژی ئەو سزایانەبم.

ڕێنماکانی (یاسای هاوکاریەکانی سەربازی) ڕێگە بەوە نادات چەکەکانی ئەمریکا لە بووارێکدا بەکار بێنن جگە لە بەرگری نەتەوایەتی ئەمریکی نەبێ، ئەمەش بۆئەوەیە ڕێگە لە بەکار هێنانی هاوکاریەکانی ئەمریکا بگیری لە بەکارهێنانی دژی کێشە ناوخۆییەکان و کپ کردنی دەنگی ناڕەزایی، بەلآمبۆ تورکیا، قوبرس پرسی ئاسایشی جیهانییە. وانە هەڵەکان لە بەرگریەکانمان فیر بووم کە لە گریکستانمان دەکرد. لە ئەمریکا هیچ فشارێک نەبوو بۆ سزادانی گریکستان، دوای گەڕانەوەی دیموکراسیەتیش بۆ گریکستان ئەسینا داوای سزادانی تورکیای دەکرد هەوڵێکی تایبەتیی بۆ ئەم مەبەستە دا، وەکو هەڵوێستی کۆچبەرانی جو لەسەر هەمووارەکەی (جاکسۆن-فانیک)

، کەمینەی جو لە ئەمریکاش بۆ هاو ڕەگەزەکانیان هاو سۆز بوون بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان بە ئەمریکا نەدەدا سازش لەسەر مافەکانیان بکا، داوایان لە ئەمریکا دەکرد فشار بخاتە سەر تورکیا.

پێداگریان لەسەر بەکار هێنانی چارەسەری سەربازی دەکرد دژی تورکیا بۆ بەرپەرچ دانەوەی، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لەم شێوە نەلە بەرژەوەندی ئەمریکا نە ناتۆدا نەبوو.

بەم شێوە تواناکانمان بۆ چارەسەری کێشەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پاشەکشە دابوو، یەکێک لەو گرفتانە ئەوەبوو کە دانوستانەکان لە قۆناغێکی پێشوەختدا دەستیان پێکرد، ئەمەش بەهۆی هاتنی تیپێکی نوێی دەسەڵاتداران بۆسەر حوکم لە گریکستان کە تەنها ٢٤ کاتژمێر بەر لە دانوستانەکان دەست بە کارببوون، دیارە تورکیا سورە لەسەر وە دەستهێنانی دەستکەوتی مەزن.

دەبوایە نەختێک چاوەڕوان بکرابا، تا حوکمڕانی گریکستان سەقامگیر دەبوون و چارەنووسی نیکسۆن یەکلایی دەبووەوە و دەزاندرا تا چەندی تر نیکسۆن لە دەسەڵات دەمێنێتەوە، لە ڕاستیشدا جیمس کالاهان لە دەستپێکی دانوستانەکان لەسەر هەق بوو، کە پەلەی دەکرد بەر لەوەی ڕووداوی دوژمنکاری و توندوتیژی ڕووبدەن.

شاندی گریکستان بۆ دانوستان ئەوانەی بە دامەزراندنی حکومەت سەرقاڵ بوون بە هێواشی بەرەو جنیف دەچون، کالاهانیش هەڕەشەی ئەوەی لێ کردن لە کاتی دواکەوتن بە بێ ئامادەبوونیان دەستدەکات بە دانوستانەکان، ئێمە ئەم هەنگاوەمان ڕەت کردەوە، کاتێکیش دوای ٢٤ کاتژمێر لە دواکەوتن لە ٢٥ی تەموز لایەنە ناکۆکەکان بەیەک دەگەن، پرسە سیاسییەکانیان خستنە لایەک بۆ ئەوەی ئاگربەستەکە سەربگرێ. لە ٢٦ی مانگ سەرۆکوەزیرانە نوێیەکەی گریکستان ( کونستانتین کارامینلیس) بۆ خۆ دەرخستن لەبەر چاوی گریکەکان وەکو بەرگریکارێکی بەهێز، بەهۆی پێشێلی تورکیا لە شکاندنی ڕێککەوتنی ئاگربەست هەڕەشەی توندی دەکرد، لە ٢٨ی مانگ ئیکیفیت هۆشداری دەداتە کالاهان کە بەم شێوە ڕەفتار دەکا بەڵام کالاهان لە ٣٠ تەموز گوێ بەم هۆشداریانە ناداو ئاگربەست ڕادەگەیەنێ، کە بریتی دەبێ لە

کشانەوەی هێزەکانی بێگانەو دروست کردنی ناوچەیەکی لەچەک دامالراوو دوورکەوتنەوە لە هەر کردەیەکی هێرشبەری.

لە ٣١ی تەموز هێزی ئەرکە تایبەتیەکانی قوبرسی هەلدوەشێندرێتەوە، ئێمە لە خەیالدا بووین کاتێک بیرمان لەوە دەکردەوە ئەم کێشە بەرەو چارەسەری هەنگاو دەنێ، بەر لەوەی لایەنی سیاسی بەرەو بنیادنانی ئاشتی هەنگاو بنێ دەست لەکار کێشانەوەی نیکسۆن ئومێدەکان لەبار دەبەن کە بڕیاربوو لە ٨ی ئاب دەست بە هەنگاوەکانی چارەسەری بکرێ.

ستراتیژییەتیی ئێمە وەکو میانگێر خۆی لەو ڕێنمایانە دەبینییەوە، کە بۆ یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئەوروپا (ئەرسەر هارتمان) یان نارد، کە شوێن سیسکۆی نێردەمان بۆ دانوستانەکانی گرتەوە، چونکە دەبووایە سیسکۆ بگەڕێتەوە واشنتۆن بۆ خۆئامادەکردن لە پێشوازی وەزیرانی دەرەوەی ولآتانی ڕۆژهەلآتی ناوەراست، دەبووایە هارتمانییش بەر لەوەی دەست بە دانوستانەکانی ٨ی ئاب بکرێ سەردانی ئەسینا و ئەنقەرە بکات:

دەبێ هەموو هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی سەرەتایی هیچ کارێک ڕوونەدا، کە دوو تیپەکە توورە بکا.

بەڵام هیچ گومانێک نەبوو لە ڕوودانی کردەیەکی سەربازی هەموو هزرەکانمان لای نیکسۆن بوون، کە چۆن پۆستەکەی جێ دەهێڵێ و پێشوازی لە فۆرد دەکەین.

بەو هۆیەوە باشترین بیرۆکە ئەوەبوو دانوستانەکان بۆ دوای جێهێشتنی نیکسۆن دوا بخەین، بەڵام ئەم داواکاریە گوێی لێ ناگیرێ چونکە هەریەک لە جیمس کالاهان و ئیکیفیت پاساوی خۆیان هەبوو بۆ ناڕازی بوونیان، لەگەڵ ئەوەشدا دواخستنەکە باشترین چارەسەری بوو، دەستەی گواستنەوەی سەرۆکایەتی لە داواکەمان بێزار بوو بەڵام من ئەم کاتەم نەبوو لە دانوستانەکان ئامادەبم، کارە سەربازیەکان لەسەر لێوار بوون ئێمەش لە ڕۆژەکانی بەرایی لە دەست بەکار بوونی سەرۆکە هەلنەبژێردراوەکەدا توانای بژاردەمان نەبوو بەرانبەر بە کارە سەربازیەکان بۆیە داواکەی کالآهانمان ڕەت کردەوە کە بریتی بوو لە لێدانێکی ئاسمانیی هاوبەشی ئەمریکاو بەریتانیا دژی هێزەکانی تورکیا لە سەر پێشێلکاریەکانی، من بروسکەیەکم بۆ کالآهان نارد:

کارێکی ڕەوا نییە لە دوەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی سەرۆکدا داوای دەست وەشاندنێکی سەربازیی لێ بکەین دژی هێزەکانی تورکیا، ئەوەی لەدەستمان دێ دەیکەین لە پێناو درێژەدان بە دانوستانەکان، ئەگەر کاڵاهانیش سور بێ لەسەر دەست وەشاندنی سەربازی ئەوا جگە لە دەرفەتێکی کەم زیاترمان نییە.

دانوستانکاران لە دۆخێکی بەستەڵەکی دابوون، بەرانبەر بە بەشداریان لە کۆنگرە لە هەڵوێستێکی ناخۆشدا بوون، لە توانایاندا نەبوو لە هەڵوێستی پێشویان بێنە خوار. لە دەرەوەی کۆنگرەش وەزیری دەرەوەی تورکیا پێداگریی لەسەر بوونی ناوچەیەکی تورکیی دەکرد کە دەروانێتە سەر دەریا، حکومەتی گریکستانیش کەوتبووە نیوان دو ئاگری چەپرەوەکان و هێزە داخوازکارەکانی نەتەوی لەگەڵ سوپا کە مەبەستیان بوو تۆڵەی شکستەکەیان بکەنەوە. لەگەڵ نزیک بوونەوەی یەکەم هەڵبژرادنیش حکومەت پێداگریەکی توند لەسەر داخوازیەکانی دەکاو هەموو پێشنیارەکانی تورکیاش بەبێ ئەلتەرناتیف ڕەت دەکاتەوە، دیارە ئەمەش بۆ کات بەسەربردن بووە.

کارامانلیس کە بە هێزەوە لە تاراوگە گەرابۆوە ڕووبەڕووی بژاردەیەکی چارەنوسساز دەبۆوە، ئەوکاتەی لە مالی ڕۆژنامەنوس ( سی ل. سولسبرگر) لە ڕۆژنامەی نیویورک تایمز، پێشوازیم لێیکرد بە زیرەکیەکەی سەرسامی کردمبەڵام بەهۆی جوگرافیاوە لە ڕابردوو دەژیا لە یەکەیەکی ناخۆش.

کاتێک کارامانلیس دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵات یا دەبێ گلەیی لە دەسەڵاتدارانی پێشوی خۆی بکا یا دەبووایە مەرجی زیاتر بخاتە سەر هاوکاریەکانمان و هەوڵی دوورکەوتنەوە بدا لە ڕەخنەی نەتەوەخوازەکان. بژاردەی پێشو دەکرا قوبرس بخاتە بەر مەتسریی تێکهەلچونی سیاسەتوانەکانەوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە کارتی نەتەوەخوازەکان کە بە شێوەیەکی کاتی دەنگی ڕەخنەگرانی کپ کردەوە، بەڵام سەرنەکەوتنی مسۆگەر بوو، دواجار کارامانلیس لەسەر دەستی ڕەخنەگرانی شکستی پێ هێنرا کە لە هەوڵی ڕازی کردنیاندا بوو، ئەو تەنها لە ئۆپۆزسیۆنی گریکساتان نەدەترسا بەڵکو لە ماکاریوسیش کە مەبەستی بوو ئەو دۆخە بەردەوام بمینێتەوە.

ئەوەی لە مێشکمدا دەخولایەوە، کە دەکرا وەدەستی بێنن ئەو دوو یا نسێ ناوچە جیاجیایە بوو بۆ کەمینەی تورکی، کە ڕێگری دەکرد لە دابەشبوون، من ئەمەم لە ١٠ی ئاب بۆ سەرۆک فۆرد ڕوونکردەوە، واتە لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی:

کیسینجەر: هەندێک گۆڕانکاریمان هەیە بۆ قوبرس، بۆ ئەوەی بزانم چۆن کار دەکەیت، پێم وایە دەبێ لەسەر هەندێک پرس لەگەڵ تۆدا بدوێم، تۆ دەزانی تورکەکان و گریکەکان لە ژێرچاودێری بەریتانیا لە جنیف کۆدەبنەوە ئێمەش لەوێ سکرتێرێکی یاریدەدەرمان هەیە.

فۆرد: ئەرێ ئەو سیسکۆیە؟

کیسینجەر: نەخێر، ئارت هارتمانە. تورکەکان دەیانەوێ بە زووترین کات چارەسەریەک ئەنجام بدرێ، کە دوورگەکە بکرێتە دوو لەت بۆ گریکی و تورکی لە شێوەی حکومەتێکی فیدراڵییان هەبێ، ئەوان ڕێژەی ١٥ %یان هەیەدەیانەوێ ٣٠ % یان دەست کەوێ، لە هەوڵی دەستگرتندا بەسەریدا. من قسەم لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا کردووە کە پێشتر خوێندکارم بووە، پێم گوتوە ئێمە ناتوانین لە دوەم ڕۆژی دەستبەکارتان کردارێکی سەربازی بە یەک لایەنی ئەنجام بدەین.

فۆرد: ئەلبەت نەخێر.

کیسینجەر: ئەگەر ئەمە ڕوبدا ئەوا وادەکا لە تورک جیا بینەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین ئەمە ڕو نەدا، مەترسیمان لە تورکیایە بۆیە دەبێ بە وردی کار بکەین. بە ڵکو هەلدەگەڕێنەوە بۆ نەتەوە پەرستی، ئەمەش مەترسیی ئەوەی هەیە کە ڕوسەکان بە دەرفەتی بزانن، بەڵام نابێ بوواریان دەین بە سەر بەخۆیی ڕەفتار بکەن. من نامەیەک بۆ ئیکیفیت دەنوسم.

فۆرد: بە ناوی منەوە بۆی بنوسە کە دانوستانەکان بە بەستراوی دەبینم.

کیسینجەر: تورکەکان چارەسەری دوناوچەییان پێ باشە، یەکێکیان بۆ تورکەکان و ئەویتریان بۆ گریکەکان، پێم وایە ئێمە دەتوانین گریکەکان ڕازی بکەین بە چارەسەری تەرخان کردنی دوو ناوچە یا سیان بۆ تورکەکان بە جیا، لەم حاڵەتە دوور دەکەوینەوە لە ڕاگواستنەوەی هاوڵاتیان.

فۆرد: ئەمە ڕاستە.

کیسینجەر: بەم چارەسەریە لە ئەگەری کردەی سەربازی دوور دەکەوینەوە تا ئەوکاتەی وەزیرانی دەرەوە چارەسەریەک دەدۆزنەوە. بیرۆکە گشتیەکە ئەوەیە هەڵوێستێک وەرگرین کە لە نێوان هەڵوێستی بەریتانیاو گریکستان و تورکیا بێ، بە شێوەیەک بێ داواکاریەکانی تورکیا پشتراست بکەین و بەتوندی دژی هەر کردەیەکی یەکلایەنەی تورکی بین.

بەڵام ئەم بیرۆکەم لە لایەن مافرۆسی وەزیری دەرەوەی کارامنلیسەوە بە توندی و پێداگری ڕەت کرایەوە. لەکاتێکدا من لە توانامدا نەبوو، هیچ پێشوەچوونێکی دبلۆماسی لەم بوارە تۆمارکەم، ناچار وەزارەتی دەرەوە بەیاننامەیەک لە ١٣ی ئاب بڵاوکاتەوە تێیدا کورتەی ئەو بیرۆکەی خراوەتە بەردەم فۆرد بڵاو کاتەوە، تێیدا دان بە سەربەخۆییەکی زیاتری کەمینەی تورک دەنێ، ئەمەش وەکو ئاماژەیەک، کە ئەمریکا بە نیازە گۆڕانکاری لەو ڕێککەوتنەدا بکا کە لە لەندەن و زیورخ ئەنجام دراوە، هەروەها ئاماژە بوو کە ئێمە پشتگیری لە سوربوونی تورکیا دەکەین لەسەر دروست کردنی ناوچەیەکی سەربەخۆ لەسەر کەناری دەریا.

باسمان لە دانوستانەکان کرد بە باس لەسەر کردنی ناوچەیەک یا دوان بە سەربەخۆیی بێ ئەوەی باس لە ناوچەی کەناری دەریا بکەین، هەر کردەیەکی سەربازیشمان ڕەت کردەوە، هەروەها هەڵوێستمان لە هەر کردەیەکی نوێی سەربازی لە لایەن تورکیاوە بەرونی دەرخستت:

چونکە تا ئەوکات هەڵەکانی دبلۆماسی بە بنبەست نەگەیشتبوون بۆیە دژی هەر کردەیەکی سەربازی بووین کە بەبێ پاساو ئەنجام بدرێ.

بەیاننامەکە هیچ لایەکی خۆشحاڵ نەکرد و پێی ڕازی نەبوون، گریکستان بە دیاریکردنی دوو ناوچەی سەربەخۆ ڕازی نابێ، تورکیاش چونکە سوودی لە قۆناغی گۆڕینی سەرۆکایەتی نەکرد سورە لەسەر داواکانی بە بەردەوام بوونی دانوستانەکان.

کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی ١٤ ئاب تورکیا گرێکوێرەی (گوردیانی) تێپەڕکرد بە داگیرکردنی ئەو شوێنانەی داوای دەکردن، چونکە ئەنقەرە هێزی بۆ ئەو ناوچە ناردبوو بە خێرایی هێزەکانی جێگیرکران و لێی داکوتا.

لە ١٥ی ئاب ئیکیفیت وەکو نیازپاکی دەست پێشخەریەکی خستە ڕو، پێی ڕاگەیاندم کە ئاگاداری حکومەتری گریکستان و ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەمەوە کە ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر دەوەستێندرێ، ئەوکات حکومەتی تورکیا هەموو ئەو ناوچانەی مەبەستی بووە داگیری کردون، واتە ٣٥ %ی خاکی دوورگەیە، لە ناویاندا بەندەری فاماگوستایە کە تەنها ڕێژەیەکی کەمی تورکی تیایە.

حەزیان لەوە نەبوو لە نێوان سەرکەوتن و شکستدا بووەستن، تورکیا و گریکستان بە ڕێگایەکی داخراو گەیشتن، هەرچەندە تورکیا سودێکی لێ بینی ،بەڵام دانپێدانانی نێودەوڵەتیی کەم بوو، گریکستانیش پشتیوانی نێودەوڵەتیی هەبوو. هەوڵەکانی ئەمریکاش بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری نێودەوڵەتی لە پێناو یەکلایی کردنەوەی کێشەکە پێویستی بە سازشی هەردوولا هەبوو بەڵام هێرشەکەی تورکیا ئەو هەوڵانەی لە بەین بردن.

ئێمە ئامادە بووین هاوکاریان بکەین بۆ یەکلایی کردنەوەی پرسەکە بەڵام دەبێ ئەمە زو ئەنجام بدرێ بەر لەوەی ترکیا پێگەی سوپاکەی لەو ناوچانە قایم بکا کە داگیری کردون. پایتەختەکان لە ناویاندا واشنتۆنیش بەم پرسەوە سەرقاڵ بوون، ئەنجومەنە نوێکەی ئەسیناش بەوە لە خشتە بردران کە گوایە ئەمریکا دەتوانێ لە ژێر فشارەکانییەوە ئامانجەکان بپێکێ لە هاوکاری کردنی گریکستان بێ هیچ سازشێک، لە ئەنکەرەش هاوپەیمانی ئیکیفیت خاو ببۆوە، لە ناوەوەش هەوڵەکانی ئیدارە نوێکە بە فیرۆ دەچون لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆنگرێس بۆ ڕێگەگرتن لە دەست بەسەردا گرتنی سیاسەتی دەرەوە.

لە دوا ڕۆژەکاندا من خۆم و کالآهانم وەکو یەک بینییەوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە ئەتەنییەکان و پێشبینییەکانمان لەسەر ڕووداوەکانی داهاتوی جیهان:

کیسینجەر: ئایا ئەو بابەتە دەزانی کە هەموو خەلکانی لیبراڵیست و سۆشیالیست لە سەدەی ڕابردوو بە هەڵە لێی تێگەیشتبوون کە گوایە مرۆڤ جنەگی خۆش ناوێ؟

کالآهان: بەڵێ.

کیسینجەر: جێگەی داخە.

کالاهان: من بەر لە چەند ساڵێک گەیشتمە ئەو بڕوایە کاتی شەڕی ئیرلەندای باکور بوو.

کیسینجەر: بەڵێ خۆشیان دەوێ.

کالاهان: ئەوە تەنها کەمینەیەکن ماوەیەکی درێژە وادەکەن، زۆربەمان پێمان خۆشە ڕۆژێک یا دوان درێژەی هەبێ.

کیسینجەر: ئەمە ڕاستە، واتە مانای ئەوە نییە مرۆڤایەتی هەڵە بوو، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ژیان قورسە.

کالاهان: بەلێ پێم وایە ژیان ناخۆش بووە.

کیسینجەر: پێم وایە ڕاست دەکەی.

کالاهان من نازانم لە چ سەردەمێکدا دەژین و بە چ سەردەمێکدا تێدەپەڕین، بەلام مێژوو نوسانی هاوشێوەت دەبێ ڕونکردنەوەمان پێبدەن و پێمان بلێن ئەو نیو سەدەی ماوە چۆن دەبێ.

کیسینجەر: من پێت دەلێم. کە من دڵخۆشم بەوەی بەشێک نیم لێیان چونکە ئەمە وەحشیەتگەریە.

---

## کۆنگرێس و قوبرس

فشارەکانی سەر کۆنگرێس لە جیات سود زیانی بە پرسی گریکەکان گەیاند، لەو ساتەی کارامانلیس دەگەڕێتەوە، کەمینەی گریکی لە ئەمریکا فشاریانخستە سەر کۆنگرێس بۆ بە شەرعی ناساندنی ئەنجامەکان. ڕێکخراوی کەمینەی گریکی لە ئەمریکا (AHEDA) بۆی دوپات کردمەوە کە ئەوان لە پرسی سیاسییەتی دەرەو تێوە نەگلاون.

هەرکە پێمان زانی، تەنانەت لەوکاتەی لە لوتکەی نارەزاتیەکانبووین لەسەر ڤێتنام، کۆنگرێس سەرقاڵی داڕشتنی بەرنامەیەکی تری کار کردن بوو. گەلێک جار بڕیارە مەرج دارەکان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، لە جیات ئەوە لە کۆنگرێسەوە بڕیاری هەستیار دران، کە دەربڕی ڕاو بۆچونی کۆنگرێس بوون.

ئەو کارانەی تورکیا لە قوبرس ئەنجامیدا بە پێی یاسای هاوکاریەکانی دەرەوە، ناخرێنە خانەی بەرگری لە خۆکردن، لە مانگی ئەیلول بڕیارو یاسا لە ئەنجومەنی پیران و نوێنەران دەرچون کە هاوکاریەکان لە تورکیا ببڕن. تەنها ئەگەر سەرۆک سەلماندی کە پێشوەچون لە ڕێکەوتنەکان دروست بووە ئەوکات دەکرێ هاوکاریەکان بدرێنەوە.

یاساکە بازنەی شەڕی وروژاند، ئیدارەی فۆرد پەیمانی دابووئاسانکاری بۆ هاوکاریەکانی ترکیا بکا، بەڵامئەوەندەی نەبرد کۆنگرێس خۆی وەکو چاودێر ناساند بۆ دیاری کردنی پێشوەچونەکان چونکە دیاری کردنی ئەم کارە لە دەسەڵاتەکانی دبلۆماتکارانی ڕەت کردبوو، پرسەکەش ئەوە نەبوو کێ دەست بەسەر وەزارەتی دەرەوەدا دەگرێ، هەروەکو سیستەمی ئێمە بۆ جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان وا باوە کە هیچ لایەنێک بەسەر لایەنێکدا زاڵ نەبێ، ئەوکاتەی کۆنگرێس پرسی سیاسەتی دەرەوە دەگرێتە دەست کارەکان بەباشی دەرۆن.

یاساکانی کۆنگرێس سوکن بەڵام بۆ دەرکردنیان پێویستیان بە ڕێکاری زۆر هەیە کە هاوسۆز بێ لەگەڵ جێبەجێکارانی، دواتر ئەم یاسایانە دەکرێ لە ڕێگەی کۆدەنگیەوە ئاوەژو ببنەوە بۆیە ئاستەمە یاساکانی کۆنگرێس لەگەڵ دانوستانە خێراکان بێنەوە. بەتایبەت لە نێوان لایەنە ئەتەنییە کێشەدارەکان، یاوەرانی نیازی پاکیان دەردەخەن، ئەو لایەنەی هاوکاری کۆنگرێسیش دەکا فشار ناخاتە سەر کۆنگرێس، بەڵام ئەو لایەنەی یاساکە لە دژیەتی ترسی لە سازشی زیاتر هەیە.

جیاوازیش لە نێوان دیدی کۆنگرێس و دەستەی جێبەجێکار ئەوکاتە ڕوندەبێتەوە کە ژمارەیەک بروسکەی نێردراوو هاتوو بۆ ئەنقەرە لە لایەن سەرکردەکانی کۆنگرێسەوە کە تایبەتە بە کێشەی گریکستان، دەخەنە ڕوو، مەبەستیش ئەوەیە بۆ جون برادماس و بنیامین ڕوزنتال و بوول ساربینیس ڕوونیکەمەوە، کە سەرەڕۆیی بە هاوپەیمانییەوە دەکەن بێ ئەوەی هیچ پێشکەوتنێک لە پرسی قوبرس وەدەست بێنن، هەرچەندە ئەمان لە دانوستانە هەرە باڵاکان بوون، بەڵام گرەوکردن لەسەریان، دۆڕاندنە. بنەما هزریەکەی کۆنگرێس بۆ یاساوی دەرکردنی یاساکان، ئەقلیەتی ئیدارەی پراکتیکی بەردەوام بووە، ئەوەی مەبەستی بوو دانوستانم لەگەڵدا بکا دەیویست هەموو ئەو

خـاڵانەی تورکیـا دەوروژێنـێ مـن ڕەتیـان بـکەمەوە، بەڵام مـن پـێم وابـوو دەبـێ پاشەکەوتێکی متمانەمان لە ئەنکەرە هەبێ.

ئەوەی مایەی ناکۆکییە ئەوەبوو، کە کارامانلیس ببووە دیلی لایەنگرانی ئەمریکـی نەتەوەخوازەکـانی ڕاسـتڕەو و چەپـڕەوی نـاوەوەی گریکسـتان. پاسـاوی ئەمریکـا، کە پشتگیری کودەتاکەی قوبرسی کرد، دواتر لە پاراستنی گریکسـتانیش شکسـت دێنـی، ئەمە دەبێتە بنیشتە خۆشەی سەر زاری سیاسەتوانە گریکەکان، جێگەی داخە سۆز و هەسـتەکان لەگەڵ دیفـاکتۆ نەدەهـاتنەوە، هـیچ بەڵگەیەکیـان بـۆ تۆمەتەکـان نەبـوو، حکومەتی گریکستان هیچ کاتێک متمانەی بە حکومەتی ئەمریکای سەردەمی نیکسۆن و فۆرد نەبوو کە هەوڵ و بزاوەکانی تورکیا ڕاگرن. یا هەرنەبێ ئاگربەستەکە ڕابگەیەنـن و پەلە لە نەهێشـتنی حکـومەتی کودەتـای ئەسـیناو سامبسـون بـلە نیکۆسـیاکەن بە ڕەخساندنی دۆخێکی باشتر لە قوبرس، ئەوەتا کاتێک ئەنوەر سادات ڕووبەڕووی هەمان هەڵوێست دەبێتەوە داوا لە ئەمریکا دەکا فشار بخاتە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی سـازش بکا. ئەمەی لە پێناو ئەوەدا کرد تا خەسڵەتی داد پەروەری بە ئەمریکا ببەخشێ، ئەو خەسڵەتەی کە ئێمە مەبەستمان بوو جێبەجێی بکەین. بۆیە کارامانلیس ئاڕاستەیەکی تر دەگرێتە بەر، کاتێک هێرش دەکرێتە سەر ئەمریکا ئەوان بەرگریی لێ ناکەن.

کارامانلیس بە ئاشکەرا پێشوازیی لە میانگێری ئەمریکا کرد لە کاتێکدا وەزیرەکانی دژی بوون. بێ ئەوەی ئێمە پابەندی پرۆژەکە بین حکومەتی گریکستان هانی هەوڵەکانی ئێمەیدا. داوایان لە ئێمە کرد فشار بخەینە سەر تورکیا تا سازش قەبوول کا بێ ئەوەی داوامان لێ بکەن چۆن وەڵامیان بدەینەوە. لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٤ مافروسـی وەزیـری دەرەوە ئاگاداری کردینەوە پێی باشە هەڵوێست وەرگرتن نەخەینە دوای هەلبژاردنەکانی گریکسـتان لە ١٧ی تشـرینی دوەم چـونکە دوو مانگمـان لەدەسـت دەچـێ. لەم میـانە ئیکیفیت کە ڕێکخەری داگیرکاریەکەی قوبرسو ب زیاتر لە جارێـک دوپـاتی کـردەوە کە دەست لە کار دەکێشێتەوە.

دوای ساڵێک ئاڕاستەی سیاسـەتی کاروبـاری نـاوەخۆی گریکسـتان دەگـۆڕی، لە ٣٠ی تەمـوزی ١٩٧٥ لە کـۆنگرەی ئاسایشـی ئەوروپـی لە هلسـنکی فـۆرد داوای لە کرمانلیس کرد سکاڵاکانی گریکسـتانی پـێ بـدا. ئەگەر هـیچ سـکاڵایەکی هەبـێ لەسـەر

سیاسەتی ئێستای ئەمریکا، جگە لەمە هەر ڕاسپاردەیەکیشی هەبێ لەسەر پاشەڕۆژی نزیکی وڵاتەکەی. بەڵام نە کارامانلیس نە دیمیتروس بیتسیوس هیچ پێشنیارەکیان بە فۆرد نەدا، ئەو تۆمەتانەشی ڕەت کردنەوە کە لایەنگرانی گریکستان لە کۆنگرێس بۆیان هەلبەستون گوایە ئێمە سازش لەگەڵ تورکیا دەکەین، گوتی (ئەم تۆمەتە دوورە لە ڕاستی) کاتێک فۆرد داوای لێ دەکا ئەمە بە ئاشکرا ڕابگەیەنێ، وەڵام دەداتەوە دەڵێ:

ئەمە وەکو (خۆکوشتنی سیاسی) وایە.

خۆگرخاندنی گریکستان بۆ تورکیا بووە دەستکەوت، هەرچەندە سستی لە ڕێکارەکانی گریکی ڕودەدران ئەوەندە زیاتر تورکیا پێگەی خۆی قایمتر دەکرد، ئەوکاتەی لە داگیرکاری دوەمی تورکیا حکومەتی گریکستان ڕەتی کردەوە دانوستان بکا، من باڵوێزی ئەمریکای خانەنشین ( ولیام ڕگوتیلزم بۆ ئەسینا ناردو باڵوێز ستابلر یشم بۆ ئەنکەرە) ئەمە لە سەرەتای مانگی ئەیلول بوو، بۆ ئەوەی بزانین ئەگەر نیانییە ک لە هەڵوێستەکانیان بەدی دەکرێ بەرانبەر بە میانگێری ئەمریکا. نێردەکانمان لە کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە بوون، ڕێنماو دەسەڵاتی ئەوەمان پێ دابوون چارەسەری یەکگرتنی هەردو ناوچەکەی قوبرس و کەمکردنەوەیەکی زۆری ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی تورکیادان بە کشانەوەی هێزەکانی تورکیاوە بکەن ( ئەم مەرجانەی ئەمریکا تا ٢٥ سال مانەوە جگە لە مەرجی کەمکردنەوەی پانتایی خاکەکانی ژێر دەسەلاتری تورکیا.)

کارامانلیس بە نێردەکەمان ڕازی نەبوو، هەموو ڕێکارەکانیشی ڕەت کردنەوە تا ئەوکاتەی تورکیا یەک لایەنە ڕێکارەکان جێبەجێ دەکا، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک هەوڵم دا، ئیکیفیت بە هیراکتیکی هەندێک ڕێکاری ئەنجام دانلەوانە، گەراندنەوەی شاری ( فاماگوستا) بۆ ژێر دەسەلاتی گریکستان. بۆ ئەوەی خۆم لەوە بگەم ئەگەر تورکیا ئامادەبێ لە پێناو مانەوەی ئاوی ڕوانی هەندێک هەنگاو بنێ خۆم چومە ئەنکەرە، لە سەرەتای تشرینی یەکەم. هیچ زانیاریەکمان نەبوو ئاخۆ لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ چی ڕودەدا. کۆنگرێس بڕیاری بڕینی هاوکاریەکانی سەربازیی ئەمریکا بۆ تورکیای پەسند کرد، تەنانەت ئەو ئامێرانەی پێشوەخت پارەکەشی دەدرا ( لەسەر پێشنیاری

فۆرد ماوەی ٤ مانگی مۆڵەتی پێدا ئەگەر هیچ گۆرانێک یا پێشکەوتنێک لە دانوستانەکان ڕویدا.)

بەم هەنگاوە لایەنەکان لە نیانی دوور کەوتنەوە، سەبارەت بە حکومەتی گریکستان دەستێوەردانی کۆنگرێسیان پێ وابوو کە ئامرازی سازشە زۆربەی ئەندامە هۆشمەندەکانیان بە زەروریان دەزانی. لە لایەکی تریشەوە تورکیا بە تورەیی پێشوازیی لە بڕیاری بڕینی هاوکاریەکانی سەربازیی کرد چونکە یەکەم هاوپەیمانیی هاوکاریەکانی کردە پرۆسەی بێزاری. بۆمن خۆش بوو چونکە ئەو گەشتەی بڕیاربوو بیکەم بۆ ئەنکەرە تا گوتوبێژ لەسەر سازشەکانی ترکی بکەم هەلوەشایەوە.

بە هەستێکی کابووسیەوە خۆم بینی، کە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی گریکستان و سەرۆکی کۆچبەرانی گفتوگۆ لەسەر هەموارەکەی جاکسۆن دەکەم، من لە ڕازیکردنی ئیسرائیلیەکان و سەرکردەی جووەکانی ئەمریکا هەرەسم هێنا، من پێداگریم لەسەر ئەوە کرد، کە بڕینی هاوکاریەکان زیان بە کێشەی گریکستان دەگەیەنێ، هەروەکو پێشتر نەمتوانی فەرماندە ئیسرائیلیەکان ڕازیکەن لە بەرژەوەندی ئەوان دایە نەختێک میانڕەوتربن، ئێستا هەمان پرۆسە لەگەڵ گریکەکان و قوبرسیەکان و کلاریدیس بە کاردێنم، کە بەهۆی هەوڵی ئێمە وەکو سەرۆک دامەزران.

گریکەکان مەزندەی سازشێک دەکەن کە کەس درکی پێ نابا، ئەم مەزندانە دەبێتە مایەی ئەوەی تورکەکان لەدەست بدەین بێ ئەوەی هاوکاری گریکەکانیش بکەین واتە پرۆسەی دانوستان لە ناوبەرین.

هەموو لایەنەکان لەسەر لێواری ئەوە بوون ببنە دیلی پرۆسەی سیاسیی ئەمریکی، حکومەتی فۆرد ئامادەبوو لە پێناو چاک کردنی دۆخی قوبرس و گریکستان ئەوەی لە دەستی بێ بیکا، چونکە لە تواناماندا بوو شتێ بکەین، لە ئابوو ئەیلولی ١٩٧٤ توانیمان پانتایی ئەو خاکەی ژێر دەستی تورکیایە بۆ ٢٥ %ی ڕووبەڕووی دوورگە کەمکەینەوە، بە مسۆگەرکردنی کشانەوەی تورکیا لە شاری نوماگوستای کۆنەوە، لەگەڵ گەمارۆ خستنەسەر هێزەکانی تورکیا لە دوورگەکە، بەڵام نەمان توانی هیچ دەستپێشخەریەکی نیانی لە تورکیا وەدەست بێنین. سنورەکانی داگیرکاری تورکیا بەستران و بوونە مایەی ئاسانکاری لە داگیرکاری تورکی، دوای چارەکە سەدەیەک

هێشتا تورکیا دەستی بەسەر ٣٥ %ی خاکی قوبرسدا گرتووە. هەردوو ناوچەکەش لە یەک جیاکراونەتەوە نەتەوە یەکگرتوەکان چاودێری ئەو هێڵەی نێوانیان دەکا.

لە بەهاری ١٩٧٤ دەرفەتی دانوستانی نوێ نەما، لە ٨ی تشرینی یەکەم کارامانلیس حکومەتێکی کاتیی دامەزراند بۆ کار بەرێ بردن و ئەنجام دانی هەلبژاردن لە ١٧ی تشرینی دوەم، بەم هەنگاوە دەرفەتی دبلۆماسی نوێ دەرەخسێ. ئیکیفیت لەسەر پێداگریی لە لایەن هاوپەیمانانی لە (ناتۆ) ڕووبەڕووی هێرش دەبێتەوە. لە هەمان کاتدا خۆی وەکو تۆەمەتبار بینییەوە لە لایەن هاوبەشە نەتەویەکانییەوە. لە مانگی ئەیلول ئیکیفیت بە ئومێدی وەدەست هێنانی لایەنگری زیاتر دەست لەکار دەکێشێتەوە، بۆ ئەوەی لە هەلبژاردنەکان دەنگی زیاتر وەدەست بێنێ.

لەمەیان هەڵەی کرد، بە پێچەوانەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، سەرۆکی حکومەتی ئەنکەرە ئەو دەسەڵاتەی نییە پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، ئەم جۆرە بڕیارە دەبێ لە زۆرینەی پەرلەمانەوە وەدەست بێندرێ، پەرلەمانی تورکیا سڕکرا. توانای دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی نییە، زۆرینەشی نییە تا خۆی هەڵوەشێنێتەوە، چونکە ئەو زۆرینەی شکستی بە ئیکیفیت هێنا ڕازی نییە جارێکیتر بگەرێتەوە ئەنجومەن، چەند ساڵێک بوو ئیکیفیت لە دەرەوەی ئەنجومەن بوو، بەلآم سێ جار وەکو سەرۆک وەزیران دەگەڕێتەوە.

حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی مامۆستایەکی ناسیاسیی لە زانکۆی ئەستەنبۆڵ دامەزرا، وا دیاربوو هیچ شارەزایی لە ناوی وەزیرەکانی نەبوو وێڕای میوانەکانی بێگانەی، ئەم جۆرە حکومەتە ماوەی شەش مانگ درێژەی دەبێ، بەلآم ئەو دەسەلآتەی نابێ درێژە بە دانوستانەکان بدا.

لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ ماکاریوس دەگەرێتەوە قوبرس. ئازادی هەموو لایەنێکی سنوردار کرد، دوای مانگێک پرسی قوبرس شێوازی کێشەی ڕەگەزی دەگرێتە بەر کە زۆربەی جارەکان ئەنجامەکەی دەبێتە کوشتارگەری لە نێوان نەتەوەکان.

لە کۆتایی سەردەمی فۆردا بە ڕوالەت دۆخی قوبرس بۆ گریکەکان گونجاوو لەبار نەبوو بەلآم ئەوەی باش بوو کە ئەم دۆخە لە ئەنجامی ڕێککەوتن نەهاتۆتە کا بەڵکو سەپاندنی ئەمری واقع بووە، جۆرێک لە هاوسەنگی دروست ب، و قوبرسیە گریکەکان

بوونە خاوەن ئابووریەکی پێشکەوتوو هەرچی قوبرسیە تورکییەکان بوون، ناوچەکەیان بووە سەربازگەی هێزەکانی تورکیا کە سێیەکی باکوری کشتوکاڵی بوو، لەو رۆژەوە گریکستان و تورکیا لە پێناو براکانیان (هاو رەگەزەکانیان) هیچی تر لەگەڵ یەکتردا نەجەنگین، بەڵام هیچ کامیان ئامادە نییە پەیوەندیی ئاسایی ببەستێ.

لە ٥٦ شوباتی ١٩٧٥ گەمارۆی هاوکاریەکانی ئەمریکالەسەر تورکیا بەردەوام بوو، لە بەرانبەردا تورکیاش سەرجەم دامەزراوە سەربازیەکانی ئەمریکای داخست جگە لە یەک بنکەی ئاسمانی نەبێ. بەبەردەوام بوونی دۆخەکان بەم شێوە چەق بەستوییە، ئەمریکاو فۆردو سەرکردە دیموکراتیەکان لە کۆنگرێس نیازی کۆتایی هێنانیانیان بەم دۆخە هەبوو، بەڵام سیستەمی کۆنگرێس لەم بڕیارەی پاشگەز نابێتەوە تا هاتنی کارتەر.

هەرکە ماکاریوس دەگەڕێتەوە قوبرس دەست دەکاتەوە بە یاریە ئاڵۆزەکەی، کە وردەوردە کۆتایی دێت بەو مەرجانەی کە پێش دو ساڵ پێێ ڕازی نەبوو، کاتێکیش لە ١٩٧٧ بەهۆی لێدانی دلەوە کۆچ دەکات، من هەستم وابوو بە مردنی مەتران ئومێدەکانی بە خێرا یەکلایی کردنەوەی کێشەی قوبرس کۆتاییان پێهات، هەرچیەکی لەسەر ئەو کەسە گوترابێ بەڵام سەرکردەیەک بوو زیاتر لە هەموو سەرکردەیەک ئەو واقعەی قەبوول بوو کە بە ئابڕومەندی داخوازیەکانی لایەنگرانی جێبەجێ دەکا. ماکاریوس پیاوێکی مەزن بوو قەدەر مافەکانی بۆ وەدەست نەهێنا.

# دەرهاوێشتە

کێشەی قوبرس هۆشداریەک بوو بۆ داهاتوێکی پر لە کێشەی نەتەوایەتی، سەرۆک ڕۆژانە گوێی لە من وبرینتسکوکروف دەگرت و ڕاپۆرتە تێرو تەسەلەکانی دەبینی، ڕۆڵێکی باشی دەگێڕا بەتایبەت لە نێو کۆنگرێسدا بەڵام کێشەکە ڕەگ و ڕیشەی کۆنینی هەبوو، دەگەڕایەوە بۆ بەر لە دەست بەکار بوونی فۆرد، دواتر هێرشی دوەمی تورکی و بڕینی هاوکاریە سەربازیەکانی ئەمریکا کاریگەری هەبوو لە سنوردار کردنی کاری دبلۆماسی.

دواجار ئیدارەی فۆرد گرنگترین ئامانجەکانی بەجێگەیاند: باڵی ڕۆژهەڵاتی (ناتۆ) سەرەڕای ئەو کێشەو ئاڵۆزیانە، ئارام مایەوە، سەرەڕای بێزاری گریکەکان لە تورەبوونی تورکیا لە کۆنگرێسی ئەمریکی بەڵام هەردووکیان لە هاوپەیمانی ناتۆ مانەوەو پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەمریکا هەبوو، یەکێتی سۆڤیەتیش لە دەرەوەی بازنەی چەک و یاریەکەدا مایەوە.

ئەگەر سەرکەوتن بە چارەسەری کێشە بپێورێ، ئەوا ئەمریکا درێغیی نەکرد لە مانەوەی قوبرس بە یەک پارچەیی، بەڵام خۆ هەموو کێشەکان چارەسەریان نابێ، دواتر هەموو دۆخە نالەبارەکانی ئێستا مەرج نییە تا دوایی بەردەوام بن، کێشەی ڕەگەزی نێوان گریکەکان و تورکەکان پێدەچێ تا ماوەیەکی دوور بێ چارەسەری دەمێنێتەوە، بەڵام پاراستنی ئاسایشی گشتی و ئارامی ناوچەکەو ئەوروپا لە ئامانجە گشتیەکانە. ئەم ئامانجانەش ئیدارەی فۆرد لە ١٩٧٤ بەدەستی هێنا.

بەشی سێیەم

# پەیوەندیەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

# (٨)

## فۆرد مشتومڕی کرانەوەی بۆ دەمێنێتەوە

ئاماژە بە گوتەیەکی جورج شولتز دەدەم لە کۆنگرێس، وەکو وەڵامدانەوە بۆ ئەندامێکی ئەنجومەن گوتی:

(هەروەکو باش دەیزانی یا هەر نایزانی، تۆ لە واشنتۆنی هیچ شتێک لەم شارەوە چارەسەر ناکرێ) دۆخەکان لە پایتەخت لە هاوینی ١٩٧٤ بەم شێوە درامیە بوون، لە ڕاستیشدا بە هاتنی سەرۆکێکی نوێ هیچ لە ڕووداوەکانی ڤێتنام و واتەرگێتی نەگۆری، ناکۆکیەکان وەکو خۆی بەردەوام بوون.

لە سەردەمی فۆرد کاتێک پرۆژەی کرانەوەم لە دانیشتنی کۆنگرێس خستە بەردەم لیژنەی پەیوەندیەکان، هەمان مشتومری کاتی نیکسۆن دوبارە بۆوە، لیبراڵیستەکان کە بەسەر لیژنەکەدا زاڵ بوون ڕەخنەی توندان لە ئیدارەی فۆرد گرت، هەروەکو سەردەمی نیکسۆن کە بەهۆی پابەند نەبوونیان بە سنورداری پرچەککردن و مافەکانی مرۆڤەوە بوو، پارێزگاران و ئەوانیتریش لە لیژنەکە ئاڕاستەیەکی تری جیایان گرتەبەر، لەوانە ڕەخنەیان لە دبلۆماسیەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گرت لەگەڵ داخوازی بۆ هەلمەتی دژایەتی دژ بە کۆمۆنیزم.

مەبەستی دوای ئەم مشتومرانە داواکاری دبلۆماسی بوون، دانوستانەکانی سنورداری پرچەککردن لە جنێف دەچون بەڕێوە، دانوستانکاران لە چاوەروانی ڕێنماکاندا بوون، ئەو کاتەی لە حوزەیران لەگەڵ کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت بەیەک گەیشتین لەسەر ئەوە پێکهاتین کە کۆبوونەوەی لوتکە لە نێوان نیکسۆن و بریژنیف لە کۆتایی ساڵ ئەنجام بدرێ، فۆرد بۆ ئەوەی لە هاوبەشە ڕوسەکان شارەزابێ و بیسەلمێنێ کە درێژە پێدەری بەرنامەکەی نیکسۆنە، مەبەستی بوو ئەو کۆبوونەوە ئەنجام بدرێ، دوای ئەوەی کۆنگرێس لە نۆڤەمبەرو کانونی دوەم دەسەڵاتی تری وەرگرتوە بۆیە ئەگەر کار بە ڕێککەوتنی تایبەتی بە بازرگانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لەسەر بنەمای ( دەولەتی یەکەم لە چاودێری) نەکرێ ئەوا پرۆسەکە دەبێ لە نوێوە

دەست پێبکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نزیکەی سالێک یا زیاتریش دوا بکەوێ، بۆیە هەردوو پرسەکەی کۆچی جوەکان و سنورداری پرچەککردن نەبووە دۆسیەیەکی تایبەتی لە هاتنی فۆردا.

---

## لەسەر پرسی کرانەوە، گوێ لە شایەدحالەکان دەگیرێ

گفتوگۆو مشتومڕی دانیشتنەکان لە بەردەم لیژنەی پەیوەندیەکانی سەربە ئەنجومەنی پیران لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت بوون، کە دەبووایە من لە ٨ی ئاب لەبەر دەمیان ئامادە بم، ئەوەش هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە نیکسۆن ئامادەیی خۆی بۆ دەست لەکار کێشانەوە دەربڕی، بەو هۆیەوە شایەدی دانەکەم بۆ ناوەڕاستی سەپتەمبەر دواخرا، سەرۆکی لیژنەکە ج ولیام فولبرایت بوو، لە بنەرەتیشدا ئەم پیاوە بۆ ئەوە بانگکرابوو تا پشتگیری لە سیاسەتی حکومەت بکا لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژهالآت و ڕۆژئاوا، ئالوگۆری ئیدارە وایکرد پارێزگاران و ئەوانی تریش بتوانن بەسەر ڕەخنەکانی هەردوو ئیدارەکەدا زاڵ بن.

ئەوکات لیژنەی پەیوەندیەکانی سەربە ئەنجومەنی پیران بە گرنگترین لیژنەی کۆنگرێس دەهاتە ئەژمار، لە نێو لیژنەکە دوو لە ئەندامانی لە کاندیدانی سەرنەکەوتووی سەرۆکایەتیی بوون (هوبرت همفری، جورج ماک گفرن) لآنی کەمی دوانیش لەوانە بوون کە چاویان لە پۆستی سەرۆک بوو ( ئەدیمون موسکی و فرانک چیرش) ژمارەیەکێشیان لەوانە بوون لە بوواری سیاسەتی دەرەوە کاریان دەکرد بەناوبانگترینیان ( چارلز بییرس، جاکوپ جافیس) ئەمانە هەموویان سەرۆکی لێژنەکە ولیام فوبرایت سەرپەرشتیی دەکردن.

بۆچوونە باوەکە لە نێو لیژنەدا لیبرالیزمی بوو، تەنانەت لە نێو جەماوەریش، لیژنە پشتگیریی لە پرۆسەی کرانەوەو سنورداری پرچەککردن و سیاسەتی دەرەوەی دەکرد، بەلآم سەرەتا لەسەر هەر تێوەگلآنیکی سەربازی ئەمریکا لە ڤێتنام ناڕازی بوو، لای ئەو دانوستان چارەسەرە، پشتگیریەکی بەهێزی لە سیاسەتە کانمان

بەرانبەر بە چین دەکردین، بە شێوەیەکی گشتی ئەندامانی بڕوایان بە جوگرافیای سیاسی یا هاوسەنگی هێز نەبوو، بە هەمان دیدی ئێمەش سەیری سیاسەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان نەدەکرد، ڕوخسارێکی ویلسنیستیان هەبوو بڕوایان بە دوبارە داڕشتنەوەی دونیا هەبوو لەسەر بنەمای سیاسەتی دەرەوەمان، لیژنە لە کاتەکانی ئارام هاوکارمان بوو، بەڵام لە کاتە گەرمەکان کەمتر.

لیژنەکە بە سەرۆکایەتیی فولبرایتی تێگەیشتوو خاوەن دیدێکی بەرفراوان بوو، جارێکیان کینیدیگ گوتبووی وەزیری دەرەوەی داهاتووی، بەڵام ڕەتیکردبووەوە، چونکە زۆر سەربەخۆیانە کار دەکا، ئەو بە نیانی مامەڵەی لەگەڵ باڵەکانی دیموکرات و کۆماریخوازەکان دەکرد، پەیوەندیەکانم لەگەڵیدا بنیادکەربوون، بەڵام زۆریش هەستیارانە مامەڵەم دەکرد، لە هەموو شتێکم ئاگادار دەکردەوە. زۆر هاستیارانە لیبراڵیستییەتیی خۆی دەشاردەوە، دەکرێ لەبەر ئەوەبێ، کە هەڵمەتی داهاتووی بۆ ئەنجومەنی پیران لە پچڕاندنی ئەرکناسی پارێزگاربێ.

ئەو ماوەی لە دەسەڵاتدا بووم، (ئید موسکی و چیرش) لە کەسە بنەڕەتییەکان بوون، کە بەرگریان لە ئەرسدۆکسیەتی دیموکراتەکان دەکرد. هەریەکەیان بە شێوازێکی جیا، موسکی بە ڕێگای ئەقڵانیی ئەکادیمیی و چیرش بە ڕێگای وتارەکانی، کە لە شێوەی گواتری هەندێک پیری نێو چیرۆکەکاندەچو وەکو ولیام بوورا لە ویلایەتی ئیداهۆ، هەرچەندە لە دەربرینی سیاسییدا جیاوازیی لەگەڵیدا هەبوو.

بە لای منەوە هیوبر هیمگریی سیناتۆر لە نێو لیژنەکە لە باشترینیان بوو، کەسێکی بەتواناو زیرەک و خۆش مەزەو خۆشەویست بوو، کاتێکیش پرسەکە پەیوەندیی بە توێژینەوەو لێکدانەوە دەبوو، دەبووە کەسێکی لیبراڵیست و بەرپەرچ دەرەوەی هەڕەشەکانی ستالینی دوای جەنگ، بەڵام لەوکات حزبەکەی زۆر لە چەپ دوور دەکەوێتەوەو لە هەلمەتی هەلبژاردنیش بەهۆی شەری ڤێتنامەوە لە ١٩٦٨ بە تەواوەتی دەستبەرداری همگری دەبن، ئەم بێ ئومێدیەی زۆر ئازاری دا بەو هۆیەوە لە ناخەوە لە هاورێکانی دوور دەکەوێتەوە کە لە دواوە خەنجەریان لێی دا، لەم ڕوانگەوە همگری بووە پشتگیرم لە سیاسەتی ناوەوە.

دەبێ من سوپاسی همگری بکەم کە بووە سەرچاوەی وەدەست هێنانی پشتگیریم لە ١٩٧٤ کاتێک هێرشێکی ڕێکخراو دژی من بەرپا دەکرێ ئەو بەم نامەیە ئاگاداری کردمەوە:

گوێ بەوە مەدە، کە لە ناو پەیماننامەی (بیلتوای) دایە، بڕۆ ئەو شوێنەی بڕوات پێ دەکەن، وتار لە هەموو ویلایەتێک بدە، کە ڕاگەیاندنی کەناری ڕۆژهەلات داپۆشیوە، میدیای لۆکالی باشتر هەوالەکان بلاودەکاتەوە، بەو هۆیەوە ئەندامانی خۆجێیی کۆنگرێس ئەو هەوالانە دەبینن، کاتێکیش دێیتە مینیسۆتا من خۆم لەگەلتدا دەگەڕێم و تۆ بەو خەلکە دەناسێنم، کە لە دەوروبەرمانەوەن.

همگری سەلماندی کە خاوەنی گفتی خۆیەتی، لە ئاداری ١٩٧٦ سالی هەلبژاردنەکە، وەکو وەزیری دەرەوە لە مینیسوتا وەستام، هەروابوو هاوشانم دەگەڕاو منی بەو خەلکە دەناساند کە لە دەورەو بەرمانەوە بوون.

ئەوکات کەسانێکی ئەوتۆی پارێزگاران لە لیژنەکەدا نەبوون، بۆیە ناکۆکییەکانی نێوان دیموکراتخوازەکان و کۆماریخوازەکان کەم بوو، سیناتۆر جاکوب جافیتیس لە نیویۆرک کەسێکی زیرەک و هزر مەند بوو لە دیمانە تەلەفزیۆنییەکاندا جیاوازەکانی نێوان لیبرالیستو ئیدارەی ئەمریکا بەرتەسک دەکردەوە، وا نیشانی دەدا کە شایەدنامەیەکی پێچەوانە دەدا، لە کاتێکدا شتی وای بۆ باس دەکردم کە من خۆمم لێی پاراستبوو. لە مالی ئەلفرید سمیت لە نیویۆرک بە پێچەوانەی سیاسەتی حکومەت گوتم: لای من سەفەرکردن گرنگ نییە، گەڕانەوە گرنگە.

بەلێ دۆخەکان بەم شێوەبوون، بەر لەوەی لە سەپتەمبەری ١٩٧٤ بێم بۆچوونی ئیدارە لەسەر پرۆسەی کرانەوە ڕوونکەمەوە، فۆرد لیبرالیست نەبوو، بە درێژایی تەمەنی سیاسیشی بەرگری لە بوونی نەتەوەیەکی بەهێز کردووە دژی فراوانخوازی یەکێتی سۆڤیەتی، هەرچەندیشە لە سەردەمی نیکسۆن ڕۆلی نەبووە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندیەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بەلام پشتگیربووە بۆی. ئەو کاتەی دێتە سەر دەسەلات لەسەر ئەو سیاسەتە دەمێنێتەوە، لە کۆبوونەوەکانی بەیانیانمان ئەو بابەتانەم دەخستنە بەردەستی فۆرد کە ڕوبەروی دەبنەوە، سەرەتا بۆ ئەوەی ڕژێمی سۆڤیەتی پێ بدەمە ناسین دانەیەک لە کتابی (ئەلکسەندەر سولزنستین)

م دایێ (گولاگ ئەرشیبلاگو) وەکو ئامـاژەیەک بە هەلـگەرانەوەی نوسـەر لە سـەردەمی فۆرد.

چونکە فۆرد ماوەی ٢٥ ساڵ بوو لەگەڵ نیکسۆن ئاشنابوو دەیناسی بۆیە گاڵتەی بەو تۆمەتە دەهات کە خستبوویانە پالی گوایە لـەگـەڵ کۆمۆنیسـتـەکان نیـانە، مـن لە بەشی پێشوتر لە سەرو بەندی واتەرگێت و کێشـەی ڤێتنامـدا باسـی ئەوەم کـرد گـوتم بۆچوون و داواکاریە توندەکانی پارێزگار و نـا پارێزگارەکـان سـەبارەت بە مامەڵـەکردن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی جێبەجێ ناکرێ. لەوکـاتەی کە کـۆنگرێس بـوودجەی بەرگـری کەم دەکاتەوە هیچ کامیان تەنانەت ڕۆنالد ڕێگنیش ئەوەندە سور نییە لەسەر ڕێگریکردن لە فراوانخوازیی سۆڤیەت.

شایەدی نامەی کە زۆرترین کاریگەری و هەستیاریی هەبوو لە بەردەم ( لیـژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران) ئەمە چەند دێرێکە لە کورتەی:

فۆرد خۆی نوێنەرێکی بەهێزی سیاسەتی دەرەوەی هەردوو حزبەکەیە لە مـاوەی دوای شەرەکان کە سێ دەیەی خایاند، ئێمە بەرگریەکی تونـد زیـاتر لەوەی پێشـبینی دەکەن لە فراوانخوازی یەکێتی سۆڤیەت دەکەین بە پاراستنی ئارامیەوە وەکو ئەرکێکـی ڕەوشتی دوور لە مەتسریەکانی ئاسایشی نەتەوایەتی، لەگەڵ بەردەوامـی لە پاراسـتنی بەرژەوەنـدیەکانی نەتەویمـان، ڕاگرتنـی ئەم هاوسـەنگیە وەکـو کـارێکی حزبـی نییـە دەیکەیـن ئەمە ئەرکێکـی نەتەویە دەبـا بەس بـێ ئیتـر میلەتەکەمـان لە ئەنجـامی ناکۆکییەکانی ناوەخۆ بریندارە با سیاسەتی دەرەوەمان ببێتە دەرمانی سارێژکردن.

بەڵام وەزیری دەرەوە ناتوانێ ئەم لەیەک نزیک کردنەوە نمایش بکا لە ئەنجومەنی پیران لە کاتێکدا ئامێری وێنەکێشـان لە کـاردان، پێیـان وابـوو کە بەیاننـامەکەی١٩ی سەپتەمبەرم وەڵامی شەش هەفتەی ڕەخنەی پارێزگارو پارێزگـارە نوێکـان دەداتەوە کە پێشتر گرتبوویـان، ژمـارەیەک لە هزرمەنـدانی ئەمریکـی و بەریتـانی توێژینەوەیەکیـان ئامـادە کردبـوو لە لایەن (لیـژنەی خزمەتـی سـەربازی لە ئەنجـومەنی پیـران) بڵاویـش کرابۆوە، ئەو لیژنەیە بە سەرۆکایەتی سیناتۆر جاکسۆن بوو کە پرۆسەی کرانەوەی پێ خەیال بوو، پێی وابوو پیاوانی ڕۆژئـاوا دەبـێ لە بەرانـبەر ئەم پرسـە جـددی بنـبەڵام

یەکێتی سۆڤیەت تا ئێستا بە تەکتیکی دەزانێ بۆ مەبەستی تێکشکاندنی هاوپەیمانی ڕۆژئاوایەتی، لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە:

لە زەمانی سۆڤیەتیی تەنگانەدا دەستەواژەی ( کرانەوە یا بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە) مانای ستراتیژیەتی سەربازی دەگرێتەوە کە وڵاتە سەرمایەدارەکان مەبەستیانە، مانای دەست بەرداری دروشمی چینایەتی و کێشەی ئایدیۆلۆژی نایێ، بە مانای جێگرتنەوەی کۆمۆنیزم لە شوێن سەرمایەداری (دیموکراسی) دێ، کرانەوە واتا گۆران لە شێوازەکاندا. ئەلبەت کرانەوە خزمەتی هەندێک لە ئامانجەکان سۆڤیەتی دەکا ئەگینا بانگەوازیان بۆی نەدەکرد.

هەندێک ڕەخنە گریتر هەبوون پێیان وابوو کە بە هیچ شێوەیەک کرانەوە دۆستایەتی ناخولقێنێ، هێور کردنەوەی گرژیەکانیش بە هاوشانی هەوڵەکانی سۆڤیەتی بۆ ئامانجە ستراتیژیەکانی بەردەوام بوون، نموونەمان لەسەر ئەم بۆچونە وتارەکەی جورج ویلە کە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بڵاو کرایەوە تێیدا دەڵێ:

( کرانەوە زۆر بە شەڕی سارد دەچێ) کەچی ئەوە ناڵێ کە ئێمە هیچ کاتێک نەمان گوتوە پرۆسەی کرانەوە بۆ دۆستایەتیە، گوتمانە شێوازێکە لە ئیدارە پێدانی شەڕی سارد.

ئەوەی مایەی سەرسورمانە (هانز مرگنتاو کە چاولێکەرێکی بەناوبانگی ئەمریکایە بۆ بیردۆزی ( سیاسەتی دەرەوە ئاڕاستەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکی دیاری دەکەن) پێشنیارێکی خستە ڕو تێیدا دەڵی هاوسەنگی هێز وا پێویست دەکا ژێرخانی یەکێتی سۆڤیەت لە بنەوە هەڵتەکێندرێ و دەڵێ ئاژاوەکانی ناوەخۆی یەکێتی سۆڤیەتی لە بەرژەوەندی ئەمریکا دایە، چونکە مژودە بەوە دەدا کە یەکێتی سۆڤیەت بەو هۆیانەوە دەگەرێتەوە سەر پرەنسیپی هونەری و یاساو ڕەوشت، ئەگەر ئەمەش لە یەکێتی سۆڤیەت ڕو بدا ئیتر پێویست ناکا بایەخ بە بنکەی سیاسی بدەین لەسەر تیوکراسیەتی حکومەت و ستەمکاریی.

بەم شێوە بە پاساوی زیادە ڕۆیی حکومەتی سۆڤیەتی لە شێوازی تۆتالیتاریدا لە بەرژەوەندی ئێمەدا نابێ ئاوەها دەست بخەینە نێو کاروباری وڵاتێکی خاوەن سەروەری و سەربەخۆو چەواشەکار لە چاکسازی لیبرالی. ئەمە دەربرینی بایەخدان نییە بە مرۆڤ

و ڕازی کردنی ڕای گشتی نییە ، ئەوەی گرنگە کە لە بەرژەوەندی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتدایە:

لە ڕێگەی هاوسەنگی هێزەوە خۆیان لە مەترسیی ئەتۆمی ڕزگار کەن و کرانەوەیەکی ڕاستەقینە پیادە بکەن.

بە پێچەوانەی لیبراڵیستەکان مورگینتاو ناڵێ دیموکراسیەت لە یەکێتی سۆڤیەت دەبێتە مایەی ئاشتی، بەڵێ هەر حکومەتێکی ڕوسی هەرچەندەی ستەمکار بێت ئەگەر هاوسەنگی هێز دەستەبەر بکات بەم مەرامە دەگات، دیارە بە بۆچونی مورگینتاو ڕژێمی کۆمۆنیستی ئەوە نییە بەم هەنگاوە هەڵسێ.

ئەو لایەنەی تێبینیی لەسەر هەیە کە ڕەخنە گرەکان ئاماژەیان پێی نەداو بە لایەوە نەچوون ئەزموونی ئیدارەی نیکسۆن بوو، بە دڵنیایی کرملین لە مەیدانی ململانێ و کێبڕکێی جیوپۆڵەتیک و بیروباوەڕیدا بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی دۆخی ڕێژەیی یەکێتی سۆڤیەت بەهێزکا، بەڵام ئەمریکا لە چین وڕۆژهەڵاتی ناوەراست و سینفیجوس و بەرلین بە ئامانجەکانی گەیشت و سەرکەوتنی لێ وەدەستهێنا بێ ئەوەی سەرچاوەی هێزی ستراتیژیی لە دەست بدا.

دیارە نموونەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست باشترین و ڕوونترین نموونەن، ڕاستە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی پێدانی چەک و تفاق، توانیی شەڕی ١٩٧٣ بخولقێنێ، بەڵام ئێمە ڕێگریمان لە دەستپێشخەریە دبلۆماسییەکە کرد لەسەر پێشتی ئەم چەکانە ئەنجام بدرێ، ئەویش بە هاوکاریکردنی ئیسرائیل تا دوایی، کە کۆتاییەکەی لە بەرژەوەندی ئەمریکا تەواو بوو، هاوپەیمانە ڕاستەقینەکەمان سەرکەوت توانیمان کرملێن لە پرسەکە دوور خەینەوەو بەرەو هێلەکانی دبلۆماسیی باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی بەرین.

لە بەشەکانی پێشتردا باسی ئەو سیاسەتەم کرد کە سەرۆکی هەلنەبژردراو گرتبوویە بەر لە شێوەی ( ماک گفرن) بوو. کە بریتی بوو لە هەوڵدا بۆ متمانە پێدانەوە بە سەرۆکایەتیو مامەلە کردن لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی لە قوبرس و هەرەشەکانی جەنگ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەردەوام بوون لە کاروانی مامەلە کردن لەگەڵ پرسی ئەتۆمی، لەم بەشەدا باس لەو یاداشتە دەکەم کە پێشکەشی ئەنجومەنی پیرانم کردبوو.

یاداشتەکە جەخت لەسەر ئەو سیاسەتە دەکاتەوە کە پێویستە بیگرینە بەر: پەیوەندیەکانمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لەسەر گریمانەی دۆستایەتیەکی سەرەتایی، بەڵام وەکو پرسێکی ستراتیژی سەیرمان کرد بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی نێوان دوو ڕکابەر پتەو بن:

ئەمریکا ناتوانێ سیاسەتەکانی تەنها لەسەر بنەمای نیازپاکی مۆسکۆ بنیاد بنێ، بەڵام ناشتوانین پێداگری لەسەر جولەیەک بکەین ببێتە مایەی گۆرینی ئامانجەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت، بەبێ گوێدانە بۆچونەکانی سۆڤیەتی ئێمە مەبەستمانە کارێک ئەنجام بدەین کە لە خزمەتی ئاشتی دابێ.

کاری دوژمنکاری دەبێتە بابەتی بەرەنگاری و ڕێگریمان، هەروەکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەرانبەر بە غەواسەکانی سۆڤیەتی لە سینگیوگوس لە کوبا کردمان. هەر ئیدارەیەکی ئەمریکی بێت بەرانبەر بە گەلی ئەمریکی پابەندە کە بە شێوەیەک سیاسەتی ئەمریکی ببا بەڕێوە ئەو مەترسیانە بخاتە بەرچاو کە لە ئەنجامی چەکی ئەتۆمیەوە گۆردران.

دەبێ ڕوبەروی کاری دوژمنکارانەو نابەرپرسیارانە ببینەوە، بەڵام نەگاتە بە گژیەکداچون، دەبێ ئاستی بەرگری ئەتۆمیمان بپارێزین لەگەڵ دانان بە وەی پەیوەندیەکان لە سەردەمی چەرخی ئەتۆمی لە نێوان هێزە سەربازیەکان و دەسەڵاتی سیاسی کە دەیبا بەڕێوە ئاڵۆزترە لە جاران.

دواجار بەیاننامەکە ئاماژەی بە بۆچونی پارێزگاران دا کە دەلێ نابێ ئەوەندە چاومان لە بەیەکەوە ژیان بێ لەگەڵرژێمی سۆڤیەتی بەڵکو دەبێ هەوڵی بنکۆڵی بدەین تا دەگاتە ڕوبەرو بوونەوە:

مەبەستیش لە ڕوبەروبوونەوەی مێژوویی واتە لە نێوان ئازادی و ستەما، ئێمەش بێ لایەن نین لەم میانە، بەڵام هەندێک زەرورەت هەن بوونەتە کۆتو بەند ڕێگە نادەن رژێمی وڵاتە بێگانەکان بگۆڕین، هەست کردنیش بەو کۆتو بەندانە داننانە بە پێویستبوون بە ئاشتی، نەک توندوتیژی، پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان لە ڕەوشتبەرزیەوەیە، کاردانەوەی (لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران) لەسەر بەیاننامەکەم تەنها ڕەنگدانەوەی لیبراڵیستی نەبوو بەڵکو هەلچونی کاتی شەڕی

ڤێتنام بوو کە ئەندامانی ئەم لیژنە ئەوکات بەسەر ئێمەیاندا سەپاند، بە گوێرەی بۆچونی لیژنەکە ئیدارەی فۆرد دوورە لەوەی ئاسانکار بێ، ئەو سەرەڕۆیی بە پرۆسەی ئاشتیەوە دەکردکە بە زیادەوە بایەخی بە ئاسایشی سەربازیەوە دەدا:

+سەرۆک فولبرایت سکاڵای لە ئەمریکا کردووە گوایە خۆی لە کێبڕکێی چەک دەپارێزێ و ئێمەش بەردەوام چەکی نوێ دروست دەکەین و بەرهەم دێنین.

+سیناتۆر موسکی دەربڕی کە نەوەی نوێ نارازیە لە دروستکردنی مووشەکی نوێ، کە بە چاودێری ئێمە دروست کراوە.

+سیناتۆر چرش دەڵێ پرۆسەی کرانەوە، ئێستا لەسەر چەند بنەمایەکی پراگماتیکی و جیوپۆڵەتیکی دامەزراوە، دەکرێ ببێتە کارێکی ناڕەوشتی، بەڵام چش دژی ڕێککەوتنی سەربازی و گەمارۆدانی جیوپۆڵەتیک دەبێ ڕوونی ناکاتەوە چۆن دەتوانین ڕێگری لە سیاسەتی فراوانخوازی سۆڤیەتی بکەین.

+سیناتۆری کۆماریش (پیرسی) بە پشتیوانی هەردوو سیناتۆر (ستوارت سیمینگتون و کلاییوورنبیل) مەترسی خۆیان لەوە دەربڕێ ئەگەر ئاسانکاریەکانی ئاسمانی و دەریایی ئیدارەی فۆرد لە دوورگەی (دیگو گارسیا) لە زەریای هێمن، پرۆسەی کرانەوە بخاتە مەترسییەوە.

---

## مشتومڕ لەسەر دەست پێکردنەوەی سنورداری پڕچەککردن

ئیدارەی فۆرد لە هەفتەکانی بەرایی حوکمرانییدا ئەو هێرشانەی بۆ مایەوە کە لە دوو لاوە لە لایەن لیبراڵیستەکانەوە دەکرانە سەر نیکسۆن: کە تا ئەوکات باڵا دەست بوون، چونکە لە نێو جیوپۆلەتیک و جەنگی ساردا نقوم ببوون، لە لایەن پارێزگارانیشەوە کە بە تاکتیک و ئایدیۆلۆژیاوە نقوم ببوون.

ئەوەبوو وای کرد فۆرد ناچار بێ بگواسترێتەوە سەر دوو پرسی جێ ماوە لە نیکسۆنەوە: ا /سنورداری پرچەککردن ب /کۆچی جوەکان لە یەکێتی سۆڤیەتەوە، هەردووکیان مێژوویەکی دووریان هەبوو.

سەبارەت بە سنورداری پرچەککردن مشتومڕەکان لەسەر ئەو داتا ناڕوونانە بوون، کە لەبەر دەستدابوون. ڕاستییەکەش هۆکارەکە بەهۆی گۆڕانی دۆخی سیاسییەوە بوو.

بنەمایەکی ڕوالەتیی جیوپۆلەتیکی بەهێز بۆ ڕێککەوتنەی (سالْت١) هێورکردنەوەی دۆخەکان هەبوو، لە کاتی کشانەوەمان لە ڤێتنام بۆ ئەوەی دیفاکتۆیەک بە یەکێتی سۆڤیەت ببەخشێ پابەندی کۆمەڵێک پرس ببێت لە بەرلین و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەڵام کاتێک فۆرد دێتە سەر شانۆی سیاسی، کشانەوە لە ڤێتنام تەواو ببوو، پرسی بەرلینیش یەکلایی ببۆوە، ڕۆڵی یەکێتی سۆڤیەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پەیتا پەیتا پاشە کشەی دەکرد، بازرگانیش لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە لایەن جاکسۆن و لایەنگرانییەوە هێرشی دەکرایە سەر، دەستپێشخەری ڕۆژهەڵات–ڕۆژئاواش وەستابوو، ئێمە دژی پێشنیارەکەی بریژنێڤ بووین بە پێکهێنانی هێزێکی زەبەلاح بۆ ڕوبەرو بوونەوەی چین ( لە داهاتوو باسی لێوە دەکەین) دواتر پەلکێشمان کا بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاشتی ئەورووپی لەسەر ئاستی لوتکەی وڵاتان.

لەم جۆرە دۆخانە ڕێککەوتنی (سالت٢) بنەمای گفتوگۆکان بوو، چونکە لای خەلک وا باوبوو کە ڕێککەوتنی سالْت ٢ زەرورە بۆ درێژەدان بە دانوستانەکان بەو هۆیەوە باری قورستر دەبێ و هەموو ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو، بەڵام کە گفتوگۆکانیش بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەرن ناکرێ ببنە ئەلتەرناتیفی گفتوگۆی نیشتمانی و کرۆکی پەیوەندیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

لەهەمان کاتیشدا سروشتی کێبرکێی چەک و ستراتیژیەتبە شێوەیەکی دراماتیکی بە درێژایی ماوەی نیکسۆن دەگۆردرا، ئەوکات هەر مووشەکێک هەلگری یەک سەرە ئۆتۆمی بوو بەڵام کاتێک فۆرد دێت مووشەکەکان دەکرێنە د هەلگری فرە سەرە ئەتۆم، یەکێتی سۆڤیەتیش تاقیکردنەوەی لەسەر مووشەکی MIRVدەکردو سەرباری ئەمەش کاری لەسەر پەرە پێدانی نەوەیەکی نوێی چەک دەکرد، سەبارەت بە ئەمریکا خاوەنی غەواسەی (ترایدینت) بوو، کە هەریەکەیان هەڵگری ٢٤مووشەکبوون و هەریەکەشی

خاوەنی نوکە شەڕکەر بوون کە هێزەکەیان ٨ تا ٩ بەرانبەر بوو لەگەڵ مووشەکی مینیگوتیمان ٣ بوو ئەویشیان هەڵگری نوکە شەڕکەر بوو، لەگەڵ مووشەکی کرۆز و فرۆکەی بێ فرۆکەوانی مووشەکی ب-١ کە خێراییەکەی لە خێرایی دەنگ زیاترە، هەرچی سۆڤیەتیەکان بوون لە ڕوی تەکنیکەوە لە ئاستێکی نزمتر و کەم بەرهەمتر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا نەخشە دارێژەرانی پنتاگۆن ناڕەحەت بوون چونکە مووشەکەکانی سۆڤیەتی لە جۆری SS-١٨ کە ئەمریکا هاوشێوەی نەبوو لە توانایاندابوو زیانی زۆر بە هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا بگەیەنن.

بیرکردنەوەیەکی وا هەبوو لەسەر گرنگی سنورداری پڕچەککردن، بەڵام هەر لایەنە و لە هەوڵی پاراستنی ئەو چەکانەدا بوو کە دروستیان کردوون، دانوستانکارەکان هەوڵی سنوردارکردنی چەکە مەترسیدارەکانیان دەدا، بۆیە یەکێتی سۆڤیەت فشاری دەخستە سەر ئەمریکا بە هۆی چەکەکانی بەرگریەوە، ئێمەش کارمان لەسەر کەم کردنەوەی ژمارەی مووشەکەکانی سۆڤیەت دەکرد، بەم شێوە ڕێککەوتنی سالت١ جۆرێک بوو لە ڕازی بوون بە نەخشەی تاک لایەنە. بە دڵنیایی ئەم ڕێککەوتنە لە لایەن ئەمریکاوە هیچ بەرنامەیەکی ڕانەگرت، یەکسانی لە مووشەکەکان کە ڕێککەوتنی لەسەر کرا، بژاردەیەکی خۆرسکی بوو، بە هەمان ڕێگاش ڕێککەوتنی (سالت ٢) ئەنجامدراوە.

ئەم جۆرە پرسانە دۆخێکی ناڕواڵەتی دەخولقێنن، بەرنامەی هەر لایەنێک لەسەر بنەمایەکی جیا پەرەی پێدەدرێ، یەکێتی سۆڤیەتی مووشەکی زیاتری هەبوو کە بنکەیان لەسەر خاکی خۆی بوو، بەڵام مووشەکەکانی ئێمە بچووکتر و نیشان شکێنتربوون، ئامۆژگاریەکانی بنتاگۆن بۆ کۆشکی سپی چاکتر کردنی چۆنایەتیی مووشەکەکان بوو نەک زیاد کردنی ژمارەیان، ئەو کاتەی فۆرد هاتە سەر دەسەڵات ئێمە لە ئاستێکی باڵاتربووین لە ڕووی ڕۆکێت و نوکە شەڕکەرەوە، بەڵام سۆڤیەتیەکان بۆ ئامرازی گواستنەوەی مووشەک لە پێشتر بوون.

بەڵام ڕێککەوتنی سالت ڕێکەوتنێکی یەک لایەنە نەبوو بە ئازادی هەردوو لایەن بوو، بەراستی پرسێکی ناکۆک بوو یەکسانی لە مووشەکەکان تەنها دروشم بوو جەخت

لە ژمارە نەدەکرایەوە جەخت لە چۆنایەتیی مووشەکەکان دەکرایەوە، بە هۆی بوونی جیاوازی لەو دوو هێزە ئەم قەیرانە دروست دەبێ:

ئەگەر ئاسۆکانی یەکسانی بە پێوەری ئەمریکی بوونیان هەبووایە، دەبووایە یەکێتی سۆڤیەتی پەیمانی کەم کردنەوەی هێزەکانی خۆی بە یەک لایەنی بدابایە، ئەگەر لەسەر بنەمای سۆڤیەتیش بووایە ئەوا ئێمەش مافی ئەوەمان هەبوو ئەم بەرنامە بنیادبنێین، بەڵام ئێمە نەمان بوو.

ئەوکاتەی فۆرد بۆ یەکەمجار لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بۆ کاروباری ڕێککەوتنی (سالت) لە ٧ی کانونی یەکەم کۆدەبێتەوە، زۆر بەرونی ئەمە دەردەکەوێ، چونکە ئێمە هیچبەرنامەیەکمان نەبوو بنکەی هاویشتن لە ٢٠٠٠ زیاتر کەین دیارە دانانی بەرنامەی نوێش ماوەیەکی زۆری گەرەکە، ئەو پێشنیارەم پێشکەش کرد کە نیکسۆن بەر لە دوو مانگ بە بریژنیڤی دابوو، کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیش ڕەزامەندیی لەسەر دابوو، لە نێویاندا شلیسنجەر. پێشنیارەکە داوا دەکا بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەسەر هەمان ژمارە بمێننەوە کە لە ساڵت ١ دا هاتووەو ئەوکات بریژنیڤ ڕەزامەندیی سەرەتایی لەسەر دابوو بەڵام بەهۆی ئەوەی لەسەر ژمارەی نوکی MIRV ڕێک نەکەوتبوون بۆیە نیکسۆن لەسەری ڕازی نەبوو.

لەگەڵ ئەوەیدا کە نەخشەی (هەموارى ناهاوسەنگی) لە سەردەمی نیکسۆن و شلیسنجەر دانراوە، سوپاسالاری هاوبەش (جەنەراڵ جورج براون) پشتگیریی لێ کردووە بەڵام کاتێک فۆرد دەبێتە سەرۆک جەنەراڵ براون هەڵوێستەکانی دەگۆڕێ، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەبادا هنری جاکسۆنی سەرۆکی (لیژنەی خزمەتی چەکداری) بەهۆی بوودجەی وەزارەتی بەرگرییەوە هەرایەک بنێتەوە، چونکە ئەو پرسە لە لایەن لیبراڵیستەکانەوە هێرشی دەکرایە سەر. ئێستا شلیسنجەر یەکسانی دەبینێ کە ڕێژەی ٢٥٠٠ سەکۆی تەقاندن و ١٣٢٠ گالیسکەی .MIRV پشکی ئەمریکی پێک هاتبوو لە نزیکەی ٣٠٠ مووشەکی MIRV وهەزار سەرە شەڕکەر کە نیکسۆن پێشنیاری کردبوو، ئەمە کەمترە لەو ژمارەی پنتاگۆن داوای کردبوو، ئەمە ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت ٦٠٠ لە نوکە مووشەکی فرەجۆر دابمەزرێنێ چونکە ئەوکات مەوداکەیان دەگاتە ئامانجە ئەمریکیەکان.

فۆرد لە ڕێگەی کارکردنی لە لیژنەی بەرگرییەوە زانیاریی تەواوی هەبوو لەسەر پرسی کاروباری ئاسایش، بۆیە لەو پێشنیارە ڕازی نەبوو کە بۆ ئەمریکا درابوو لەسەر پرسی ژمارەی ڕۆکێت و گالیسکەکان، لەم میانە کێشە و مشتومڕانێ دەکەوێتە نێوان شلیسنجەرو فۆردەوە، بەو هۆیەوە ئەو نەخشە ڕەتدەکاتەوە کە بە ناوی (چاودێری پرچەکبوونەوە) پێشکەش دەکرێ، ئەگەری ئەوە هەیە بەم بەرنامە ئەو چەکانە بداتە سوپاکەمان کە ئێمە نیازی دوورخستنەوەمان لێی هەبوو، بەڵام کۆنگرێس کە بوودجەی بەرگریی بە ٤، ٧ ملیار کەم کردۆتەوە ڕەزامەندیی لەسەر نادا.

من وەکو جیم لە کۆنگرێس گەشبین نیم، من باس لەم کۆنگرێسەی ئێستا دەکەم بەڵکو کۆنگرێسی داهاتوو جیا بێ بۆیە گەشبین نیم کە بوودجەی بەرگری زیاد بکرێ تەنها ئەگەر ڕوبەڕوی قەیرانێک بنەوە.

لایەنە سەیرەکە لەم مشتو مڕانەدا هیچ کێشەو ناکۆکیەک لە ژورەکانی گفتوگۆ بەدی ناکرێ، جیاوازیەکان لە ڕوی ستراتیژەوە هیچ نین، ئەگەر ئەم نەخشەیە لە لایەن شلیسنجەرەوە ڕێکخرابێ یا نیکسۆن ڕەزامەندیی لەسەردابێ.

لەم میانە فۆرد ئەولایەنەی هەڵبژارد، کە زۆرترین مەرجی قبوڵکردنی تێدایە، نەخشەکەی شلیسنجەر خەسڵەتێکی سیاسیی هەبوو، کە ڕێژەی یەکسانیی تێدا بە دی دەکرا و بواری ئەنجامدانی ڕێکەوتنی تێدا هەبوو. بێ ئەوەی گوێ لە نیکسۆن بگرم فۆرد هانیدام پشتگیری لە پێشنیار و نەخشەکەی شلیسنجەر بکەم کە بە بژاردە چەپەڵەکە ناوی دەبرد و گوتی با نەخشەکەی نیکسۆن وەکو نەخشەیەکی یەدەگ لە دەستمان بێ.

لە خۆئامادەکردندا بووم بۆ سەفەری مۆسکۆ ئومێدم دەخواست بژاردەکەی فۆرد سەر بگرێ، بەڵام ڕێککەوتنی (ساڵت) کە بە سەنتەری پەیوەندیەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا دێتە ئەژمار لە حاڵەتێکی سستی دابوو، چونکە تەنها چاودێری پرچەککردن ناتوانێ پەیوەندیەکان بخاتەوە سەرپێ، یەکێکیش لەو پرسانەی مابوونەوە پرسی کۆچی جووەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو.

## کۆچی جووەکان لە یەکێتی سۆڤیەتەوە

کاتێک فۆرد دەسەڵات دەگرێتە دەست بابەتی کۆچی جووەکانی یەکێتی سۆڤیەت بەم شێوەیە بوو، هنری جاکسۆن بریاری دا ڕێژەی ١٠٠ هەزار کۆچبەر بۆ ساڵێک ڕێژەیەکی گونجاوو باشە بۆ (هەمواری جاکسۆن فانیک) ، حکومەتی سۆڤیەتی سوربوو لەسەر ئەوەی پرسی کۆچی جوەکان پرسێکی ناوەخۆییەو پەیوەندیی بە سەروەری وڵاتەوە هەیە، منیش هەوڵمدا میانگێریەک بدۆزمەوە لە نێوان ئەو دوو بۆچونە، ویستم لە ئەندرێ گرۆمیکۆوە ببیستم مەبەست لە کۆچی جووەکان لای ئەوان چی دەگەیەنێ ئەوسا شتێک بۆ ئەنجومەنی پیران دەنووسم لەسەر هەمواركردنی جاکسۆن فانیک. بەمشێوە جاکسۆن دەتوانێ لە دۆسیەی کۆچی جووەکان سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

گرۆمیکۆ بە دڵگرانی لەسەر ئەو نزیککردنەوە ڕازی بوو، لە کۆبوونەوەکانی مۆسکۆو جنیف ئاماژەی بەوە دا کە دەکرێ ژمارەی ٤٥هەزار کۆچبەر یا ٢٥ %لە سەر ڕێژەی جاران زیاد بکرێ، جاکسۆن لەسەر ئەم ژمارەیەش ڕازی نابێ و پێداگری لەسەر ١٠٠ هەزارەکە دەکا، ئیتر هەموو گفتوگۆکانی لەگەڵ ئیدارەی نیکسۆندا کران لە کۆتایی مانگی حوزەیران کۆتاییان پێدێ.

لە مانگی تەموزدا دۆبرینن دەڵێ ئەو ژمارەی گرۆمیکۆ دایناوبوو لە هەموویان ڕواڵەتی ترە، ڕێژەی ڕەت کردنەوەی ڤیزەکان ناگاتە ٠.٦ ١%ی کاتی خۆی، سەرکردەکانی سۆڤیەتیش لە داهاتونایانەوێ ئەم ڕێژەیە زیاد کەن، لەمەش زیاتر لە کاتی یەکەم کۆبوونەوە لەگەڵ فۆردا لە ١٤ی ئابا دووپاتی گفتەکانی پێشووی کردەوە، گوتیشی ئەگەر هەر کێشەیەک لەمە ڕووبدا فۆرد دەتوانێ لەگەڵ برجنیڤدا ڕاتسەوخۆ چارەسەر کەن.

لەسەر ئەم بنەمایە فۆرد بریاریدا لەگەڵ ئەنجومەنی پیران بکەوێتە دانوستان، لە ١٥ی ئاب واتە شەش ڕۆژ دوای دەست بەکار بوونی داوای (هنری جاکسۆن و جافیتس و ئاب ڕیبیکوفی) کرد کە شاندی دانوستانی ئەنجومەنی پیران بوون، بۆ کۆبوونەوە لە کۆشکی سپی پێێ ڕاگەیاندن کە لەگەڵ دوبرینیندا باسیان کردووەو دەبێ لاپەرەیەکی

نوێ هەڵدەنەوە دوور لە ڕق و كینەكانی سەردەمی نیكسۆن. كە بتـوانین چارەسـەری كارەكان بكەین.

جاكسـۆن بە شـێوەیەكیتر وەڵامـی دایەوە گـوتی: ڕێـژەكەی بـۆ ٧٥ هەزار دابەزاندوەو دوا بریاریش بۆ فۆردە، بەڵێ ئەم ژمارەیە دوو بەرانبەری جارانە بەڵام ٣٠٠ هەزار كەس داوای كۆچكردنی كردووە كە دەبێ بە ماوەی چوار ساڵكۆچیان پێ بكرێ، ئەمە ئەگەر كرملین پابەندی گفتەكانی بوو كە ڕێژەی ٦٠.١ %زیاتر داواكاریەكـان ڕەت نەكاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەک نییە كە سۆڤیەت پابەندی ئەم ڕێژەیە دەبن چونكە گرۆمیكۆش بە پێچەوانەی ئەم بۆچونە لێدوانی داوە، گوتی ئەو جـوانەی داوای كۆچكردن دەكەن دوای شەری ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـت ڕێژەیـان سـەرەو لێژبـۆتەوە بەرەو كەم بوونەوە. لە گەڵ ئەوەشداو بۆ نیشاندانی نیازپاكی، هیلموت (هال) سـونینگیلدت كە ئەوكات ڕاوێژكاری وەزارەتی دەرەوە بوو كار لەگەڵ جاكسۆن و تیپەكەیدا بكـات بـۆ نوسینەوەی كورتە نامەی ئەو پێداگریانەی مۆسكۆ بە ئێمەی داوە. بە فۆردم گـوت بـە ڵكو ڕەشنووسەكە گونجاو نەبێ، ئەوكات جاكسۆن بریاریـدا سـێ پیـرەكە لێكـدانەوەی نامەكەم بكەن، ئەمەش لە كۆنگرێس پێداچونەوەی بۆ دەكرێئەوكاتەی یەكێتی سۆڤیەت لە (خـانەی دەولەتـی یەكەم بـۆ چـاودێری) دادەنـرێ زۆر ڕوون بـوو كە ئـێمە لە نێـو خۆماندا دانوستان دەكەین، لە كۆبوونەوەی ١٨ سەپتەمبەر سێ پیرەكە هۆشـداریانداو گوتیان:

دەتوانم بیانو بۆ نامەكەم بێـنمەوە تـا گوتوبێژەكانمـان لەگەڵ سـۆڤیەت پـوچەڵ كەم و لە لوتكەی مۆسكۆ جێگیریان بـكەم، دەتـوانم هەرەوەهـا لێكـدانەوەكانتان وەكـو خوێندنەوەی خاڵەكانی نامەكەم وەرگرم، بەڵام ناتوانم ئەمە پێشكەشی ئەندامان بكەم، پێم وایە سۆڤیەت لە یەک تێگەیشـتنەكانیان پاراسـت و ئەوانەی داوای ڤیزاشـیان كـرد ژمارەیەكی ئاسایی بوون، ئەوكات ژمارەكە لە خۆیەوە بەر دەبێـتەوە، بەڵام مـن پـێم وایە سـۆڤیەتییەكان لەسـەر پێشـنیارەكەی جاكسـۆن ڕازی نـابن و منـیش لەمە بەرپرسیارنیم.

كاتێک جاكسۆن سور دەبێ لەسەر ئەوەی بەڵگەنامەی سازشی سـەرۆک تـایبەت بە هەمواری جاكسۆن-فانیک، دەبـێ بە ڕەزامەنـدی كۆنگرێسـەوە بـێ، ئیتـر پرسـەكە

زیاتر مەترسیی لێ کەوتەوە، لە دوای ١٨ مانگ لە یەکەم پێداچوونەوەدا، ئەمە کرایە سالآنە کە هاوکات دەبێ لەگەڵ کاندیدکردنی سەرۆکایەتیی لە ١٩٦٧ کە جاکسۆنیش چاوی لێدەبێ ببێتە یەکێ لە کاندیدەکان، دواجار یاوەرانی جاکسۆن داوای بەڵگەنامەی سێیەمیان لێ کردم، نامەیەک لە منەوە پێداگریە لە لێکدانەوەکەی پیران، پێشیان ڕاگەیاندم کە جاکسۆن سورە لەسەر بڵاوکردنەوەی ئاڵوگۆڕەکان لە نێویشیاندا ژمارەی داواکراو.

لە نێو نەریتەکانی ئەنجومەنی پیران ئەمە زانراو بوو کە کەس ئەو دەسەڵاتەی نییە دانوستان لەگەڵ سۆڤیەتدا بکا، ئەوانەی کە پێیان وابوو سۆڤیەت مەبەستیەتی لە ڕێگەی شەرەوە دەست بەسەر دونیادا بگرێ و بڕوایان بە لێدانی ئەتۆمی هەیە، پێیان وایە کە مەکتەبی سیاسی بە پیر داواکانی ئەمریکاوە دێت، جارێکیتر جاکسۆن و یاوەرانی هۆشداریان داو گوتیان:

(دەتوانین تەنها نامەی یەکەم بەدەست بێنین) ، بەڵام بەیاننامەکانی شیکردنەوە، لە ئاستی ئاسایی تێپەریوە.

بەڵام جاکسۆن دەیەویست ئەوە بسەلمێنێ کە سۆڤیەتەکان ئەگەر فشاریان بخرێتە سەر چەندە گوێڕایەل دەبن ( ئەمەش مانای ئەوەیە کە من چەندە لەگەڵیان نیان بووم. دواتر جاکسۆن و گروپەکەی چارەسەریەکی ئاسانتریان خستە ڕو:

ژمارەی پێویست کرایە ٦٠ هەزار واتە ئەمە ژمارەیەکی مامناوەندیە لە نێوان ژمارەکەی گرۆمیکۆ کە ٤٥ هەزار بوو هی جاکسۆن ٧٥ هەزار بوو.

بە نیگەرانی داوام لە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (ئیسحاق ڕابین) کرد میانگێریەکمان بۆ بکا لەگەڵ ئەنجومەنی پیران، دیارە ئەمە شەرمەزاریە بۆ وەزیری دەرەوە داوا لە وەزیرێکی بیانی بکا بەم میانگێریە هەلسێ جا هەرچەندە ئەو بێگانە دۆستێکی نزیکیش بێ چونکە پرسەکە پرسێکی ئەمریکی ناوەخۆییە. لە ١١ی سەپتەمبەری ١٩٧٤لە کاتی سەردانییەکەم بۆواشنتۆن بە ڕابینم ڕاگەیاند:

دەتوانین تا هەتایە نامە بنوسین، دەتوانین بەڵگەنامەیەکی جوان بنوسین، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانن ڕێگە چارەی ئیداری بدۆزنەوە کە ڕێگری لەو خەلکە بکاو دایان مرکێنێتەوە، ئەمە ئەگەر خۆیان بیانەوێ. ئێمە دەمانەوێ ئەم پرسە لە سیاسەتی

ناوەخۆ دوور خەینەوە، ئەمە پیرەکانن دەکرێ سود لەم کارە وەرگرن. ئەگەر سۆڤیەتیەکانبتوانن لەگەڵ سەرۆکە نوێکە بکرێنەوە کە بۆی هەیە ٦ ساڵ حوکمرانی بکا، دەکرێ ئەنجومەنی پیرانیش ڕەزامەندی لەسەر ٦٠ هەزارەکە بدا، خۆ ئەگەر بشمانەوێ یاریەکی ئاژاوە گێری بکەین ئەوا دەتوانین ئەمیشیان بکەین.

بەڵام چونکە ڕابین پێویستیی بە ئەنجومەنی پیران هەبوو بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر بوودجەی ساڵانەی ئارەزوی ئەوەی نەبوو کێشە لەگەڵ پیران دروست کات، کاتێکیش گرۆمیکۆ لە ٢٠ ی سەپتەمبەر سەردانی فۆرد دەکا لە کۆشکی سپی، بۆمن ئەو دەرفەتە ڕەخسا کە نیشانی سەرۆک بدەم ئاخۆ ئێمە وەکوهەڵوێست و پێگە لە کوێی پرسەکە داین، بەم شێوە بۆیم کورت کردەوەو تێیم گەیناد:

دەبێ لە لایەن سۆڤیەتەوە کۆت لەسەر داواکاری کۆچکردن نەبێ. نابێ لێپێچانەوەو سزادانیشی لەسەربێ، تەنها بە هۆکاری ئاسایشی نەتەوایەتی نەبێ هیچ ڕێگریەک نابێ لە دەرچون وکۆچکردن هەبێ، ئەگەر ئەمانە دەستەبەر کران کارەکە لەسەر ژمارەی داواکاریەکان دەوەستێ، سۆڤیەت لەوە بەرپرسیار نییە ئەگەر ژمارەی ١٠٠ هەزار کەس داوای کۆچکردنیان کرد دواتر ٩٩ هەزار دەرچون یا ٩ هەزار داوایان کرد وداتر ٨ هەزار دەرچون، ئەمەمان بۆ ئەنجومەنی پیران ڕوون کردەوە.

جە نابی وەزیر ئێمەت ئاگادار کردۆتەوە لە مۆسکۆو جنیف تائێستاش هیچ سازشیەک لە لایەن تۆوە نەکراوە. ئیستا ئەنجومەنی پیران دەتوانن بیر لەوە بکەنەوە کە چی دەتوانن بریاری لەسەر بدەن، بەڵام لەسەر ئەمە گفتوگۆیان لەگەڵدا ناکەین، گرۆمیکۆ ئەمەی لەگەڵدا باس کردم و دووپاتی کردەوە کە ژمارەی ڕەتکراوەکان لە ١. ٦ %ڕەت ناکا، ئەمەش بۆ من دەرفەت بوو بە ئامادەی فۆرد ئەمەیان بۆ باس کەم، گرۆمیکۆ ڕوخساری تێک چو بەڵام دانی بەخۆداگرت، هیچ ژمارەیەک و مەرجێکی سۆڤیەتیی نەخستە ڕو.

لەم کاتە ئەوەی پێویستبوو بیکەین من و گرۆمیکۆ پوختەی نامەکە بدەینە دەست ئەنجومەنی پیرانو پێیان بلێین لەمە زیاتر ئێمە ناتوانین پابەندی بین، هەر ناکۆکیەکیش لە نێوان ئیدارەو ئەنجومەنی پیراندا هەبێ دەبێ بیخەنە ئەم نێوەندە ئەگینا دەبێ لە پێناو پرسی کۆچبەراندا دەست بەرداری ڕێککەوتنی بازرگانی بن، بەڵام

فۆرد حەزی لەوە نەبوو لە دەستپێکی سەردەمی حوکمرانیی لەگەڵ ئەنجومەنی پیران بەگژ یەکدا بچن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە من دەبێ بگەڕێمەوە ئاشی دانوستانەکان لەگەڵ پیران لەسەر پرسێک لە دەرەوەی ئیرادەی من، چەندین جار پێیانم گوتووە کە هیچ بنەمایەک بۆ ئەو ژمارانەی کۆچبەران نییە.

دواجار لە ١٨ی ئۆکتۆبەر فۆرد لەگەڵ جاکسۆن گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە بە شێوازێکی توند ئالوگۆڕی بۆچونەکانیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتیدا بکەن، لەمەش زیاتر جاکسۆن بەردەوام بوو لە ئاماژەدان بە ژمارەی ٦٠ هەزار.

لە بێ شەنسیەوە فۆرد ڕێگە بە جاکسۆن دەدا لە ژووری گفتوگۆکان لە کۆشکی سپی لێدوان بدا بەو هۆیەوە پرسەکە ئالۆز دەکا، هەڵوێستەکانی هێلە وردەکانی ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەتی تێپەراندن ئێمە ئەوانەمان لەگەڵ سۆڤیەت باس نەکردبوو، تێگەیشتنمان لەگەڵ ڕوسەکان لە ڕێگەی ئالوگۆری نامەوە دەبوو بەڵام جسکۆن بە پێچەوانەی ئەمەوە دەیگوت، سیناتۆر گوتی سەرکەوتنێکی مەزنمان لە بەرژەوەندی مافی مرۆڤی سۆڤیەتی وەدەست هێناوە، کاریگەری خۆی لە دانوستانەکانی دەرخست، سەبارەت بە ژمارەی کۆچبەرانیش بە ئاشکەرا ڕاسپاردەکەی ئێمەی تێپەراند، لەسەر تایبەتمەندیش گوتی:

ئێمە وەکو پەیوەندی نەک پشکمان لە کۆچکردن بە ژمارەی ٦٠ هەزار دیاری کردووە بۆ هەر ساڵێک، گومان دەکەم لەم ژمارەش ڕەت دەکا بە پێێ داواکاریەکان کە خۆی لە ١٣٠ هەزار دەدا.

ئەوەی ئەنجامیدا زیان بە پرسەکە دەگەیەنێ دەبووایە من لە ماینەی هەفتەیەکدا سەردانی مۆسکۆ بکەم. بۆ لوتکەی ڤلادیڤۆستوک. لە هەمان کاتیشدا کۆشکی سپی بەیاننامەکەی جاکسۆنیان ڕاست کردەوەو دوپاتیان کردەوە کە نامەکەی من بۆ سیناتۆر هیچ ژمارەیەک لە خۆ ناگرێ، گوایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاهەنگیان گێرا بە سەرکەوتنی تاکتیکەکانی جاکسۆن، بە مانای ئەوەی ئەگەر سۆڤیەتیەکان ڕوبەڕوی دانوستانکارە ئەمریکیەکان ببنەوە ناچارن خۆیان ڕادەست کەن.

بەڵام وا پێدەچێ سەرکەوتنەکە کورتخایەن بوو ئەوەندەی نەبرد سۆڤیەت ڕەتی کردەوە لە ( دەولەتانی زۆرترین چاولێکراو بێ) و سنوریشیان بۆ کۆچکردوان دانا، بەڵام لەو ئان و ستان خولێکی تری دانوستان لەگەڵیان دەستی پێکردبوو.

---

## سەردانی لەگەڵ بریژنێڤLeonid Brezhnev
## بریژنیڤ و سەرکردەکانی کرملین

سەردانی بۆ مۆسکۆ لە سەردەمی جەنگی ساردا واتە هەست کردن بە کاردانەوەی ناکۆک، هەرکەسێک زانیاریی لەسەر ڕاپۆرتەکانی هەواڵگری هەبێ دەزانێ کە جبەخانە کەلەکە بووەکەی ئەتۆمیی سۆڤیەت دەتوانێ وڵاتمان بە تەواوەتی بە شارستانییەتیەوە کاولکا، مرۆڤ ناتوانێ ئەو هەستەی کرملێن لە بیرکا کە بڕوابوونە بە سەرکەوتنی حەتمیی کۆمۆنیزم، ئەم سیاسەتەبوو کە زۆربەی کارەساتەکانی دروست کردن.

وێڕای ئەو دۆخە هەمیشەییە هەرکاتێک دانوستانکارە باڵاکان یا سەرۆکەکان بەیەکەوە دادەنیشتن ئومێدیان دەبەخشی کە ئەو ناکۆکیە دێرینە لە ئان و ساتێک و دانیشتنی چەند ڕۆژی کۆتایی پێدێ لەو سەردەمی ئەتۆمیدا هیچ سەرکردەیەک نییە بتوانێ ئاشتیی سەپێندراو ڕەت کاتەوەو شارستانییەت بخاتە مەترسیەوە.

بۆیە کاتێک مرۆڤ دەچێتە سۆڤیەت و واقعەکە بە چاوی خۆی دەبینێ دوورە لەگەڵ ئەو پڕۆپاگەندانەی مۆسکۆ بڵاوی دەکردەوە، ڕاپۆرتەکانی هەواڵگری وێنەیەکی مەترسی داری هێزەکانی مۆسکۆ نیشان دەدەن، بەڵام هەر کەسێک سەردانی ئەو وڵاتە بکات ئەگەر لە پلەو پۆستێکی باڵاشدا بێت هەست دەکات کە ئەم وڵاتە پێویستی بە بنیادنانەوە هەیە ئەگەر ئەمەش نەکرێت لە هەر کاتێکدا ئەگەری دارمانی هەیە. لە دوای هەر ڕیزو ستایشێکیش نهێنی ترس و تۆقاندنێک هەیە کە دواجار بە دیوارێکی چەقیوی کۆمنیستت دەگەیەنێ.

فشار خستنە سەر کۆمەلگایەکی ئامادە نەکراو دەبێ باجەکەی بدرێ. سەرەڕای هێزی زەبەلاحی مۆسکۆ و دڕندەیی سەرکردەو حوکمرانەکانی ئەگەر سەیرێکی ئەو وڵاتە بکەیت دەزانی کە لە ئامادە باشی دان، لەگەڵ ئەمەشدا سیناریۆ مەترسیدارەکانی ئەمریکی لەسەر جەنگی یەکلا کەرەوە بوو. ترسیان لە هزری فراوانخوازی سۆڤیەت بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لە مێژوودا بەمە ناسراون.

دیدارەکانی سالآنی حەفتام لەگەڵ سەرکردەکانی سۆڤیەتی تێبینییەکانمی سەرراست کردنەوە، حکومەتە سێ قۆلیەکەی کرملین لە سەردەمی نیکسۆن بریتی بوو لە کۆمەڵێک گرکانی نیمچە بێدەنگ:

١ /ئەمینداری گشتی لیونید بریژنیف کە لە خەندەکانی بەدی دەکرا هەست بە ئارامی و ئاسایشی بەرقەرار دەکا.

٢ /بینەو بردە بیروکراتیەکانی ئەلیکسی کۆسیگنی سەرۆک وەزیران.

٣ /سەرۆک نیکۆلای بودگورنی کە لە ناوەوە کار دەکا و بایەخ بە سیاسەتی دەرەوە نادا، حەزی لە سەردانی نییە، ئەگەر بۆ دەربڕینی نیازپاکی نەبێ، بە قەدەر جیاوازیەکانی ئەم سێ سەرکردە، ئەگەر ناکۆکی و ململانێکانیان هەرچەندەی توندبێ ڕەفتارەکانیان بە دەربوون لە جوڵەی ناوەخۆیی، بەو هۆیەوە لە ئەکتەر دەچوون کە بە ڕووخسارنواندن دەکەن و لە ناوەوە و ناخەوەش وێنەیەکی تر هەیە، ئەوەی ئەمانەی کۆکردنەوە دوورخستنەوەی ستالین و خەباتی دژی ئەڵمانیای نازی بوو.

هەرچەندە دوای مردنی ستالین من چەندین جار لەگەڵ ئەم سێ سەرکردەیە دیدارم ئەنجام داوە، هەستم ئەوەبوو کە ئەو دکتاتۆرە دڕندەیە جێی هێشتون بۆیە پێویستیان بە دەستپێشخەری و وزەی هزری هەیە. لە سیەکان هەموو ئەو سەرکردانە لە پێگەی حزبی بیروکراتیدا پەیامەکانی ئەم سەرکردەیان بەجێ گەیاندوە ئەو کاتەی کە ستالین لە لوتکەی دەسەڵات بوو یەکە یەکە سەرکردە ناڕەزاییەکانی لە ناودەبردن.

چونکە ئەم سێ سەرکردانە چارەنووسی هەندێک لەو کەسانەیان بە چاوی خۆیان بینیکە دەستیان هەبوو لە هەلگیرساندنی شۆرشو دواجار بەچی گەیشتن بۆیە ئەمان لە هەموو کەسێک زیاتر لە مانای گوێڕایەلی دەگەیشتن، بۆیە سور بوون لەسەر ئەوەی پۆستو ژیانیان نەکەنە قوربانیو سوتەمەنی ئەو دۆخە، بەو هۆیەوە بە خێرا لە پلەکان

سـەردەکەون بەڵام کە گومـان دەکەن لەوەی بە شـەرعی بەو پـلانە گەیشـتون بـاجە قورسەکەی دەدەن. کاتێک ستالین لە ژیاندا مابوو ئەوانەی لە تینـوێتی خـوێن ڕشـتنی ستالین ڕزگاریان بوو ئاسـایی بـوو بە ناشـەرعی بەرز بکـرێنەوەو پۆسـت و پـایەی بـاڵا بگرنە دەست، هەموو سەرکردەکانی سۆڤیەتی یا لە نا وبردراون یا لە کاتی دەسـەڵات مردون بە نموونەی نیکیتا خروشۆڤ کە لە ڕێگەی پلانێکی هاوڕێ و یاریدەدەرانییەوە لە ناو دەبردرێ، هەموو ئەو سەرکردانەش ئەوانە بوون، کە مـن چـاوپێکەوتنم لەگەڵیانـدا دەکرد.

پۆستی باڵا لە یەکێتی سۆڤیەت تەنها حەزو ئارەزو نەبوو بەڵکـو مەرجـی نەجـات بـوون بـوو لەدەسـت ئەو کـردەو ڕووداوانە. ئەگەر بەرپرسـێکی بـاڵا دەسـت لە کـار بکێشێتەوە کە ئەمەش دەگمەنە تەنها ئەگەر بە هۆکاری شکستێکی سەربازیەوە بـێ لە مەیدانی جەنـگ ئەوکـات کۆتـاییەکەی بە خۆکوشـتن دێتـو دواتـریش دابەزینـی ئاسـتی بژێویی، لە کۆمەڵگای سۆڤیەتیی بێ چینایەتی پـلە پشـتی پـێ دەبەسـترێ و ئاسـتی دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتیی دیاری دەکا، ئەمە هەروەکو کۆمەلگای دەرەبەگـایەتی وایە، ئەو پۆستەی دەتوانی وەدەستی بێنی ئاستی کۆمەڵایەتیت دیاری دەکا.

لە کاتی بەستنی کۆنگرەی مۆسکۆ لە ئایاری ١٩٧٢ من ڕووداوێکی سەیرم بینـی کە زۆر کاریگەر بوو، لە ئاهەنگی پێشوازی لە هۆلی سان جورج لە کرملین، بەشـێک لەو هۆلە بۆ ئەندامانی بیرۆی سیاسـی وگەورە بەرپرسـانی ئەمریکـی تەرخـان کرابـوو، یەکێـک لە بەرپرسـەکانی ئەمریکـی پیـرە پیـاوێکی لە ڕیزەکـانی جەمـاوەر بینـی کە (ئەنستاس میکویان) بوو هاورێی دیرینی ستالین و ئەنـدامی بیـرۆی سیاسـیی بـوو بـۆ چەند دەیەیەک ئەو لە ڕیزی جەماوەر وەستابوو، بەڵام چونکە ئەسـتێرەکەی لە کـاتی کەوتنی خرۆشۆڤەوە لە ئاوا بووندا بوو، ئەوەتا میکۆیان بە تەنیـایی لە ڕیـز جەمـاوەر وەستاوەو بەرپرسە بچوکەکانی سۆڤیەتیش خۆیـان لێـی دوور دەکـردەوە، هەنـدێک لە ڕۆژنامە نوسانی ئەمریکی کە دەیان ناسیەوە یا بە گومان بـوون لەو داوایـان لێـی کـرد بێتە ڕیز گەورە میوانەکان. میکویان لە دۆشـداما ناچـار بە شـەرمەوە چـوە ئەو ڕیـزەی کاتی خۆی هی ئەو بوو، بەڵام هەڵەی کـرد چـونکە هـیچ یەک لە هاورێیـانی لە گەورە

بەرپرسانی یەکێتی سۆڤیەت ڕوویان بە لایدا نەگۆری و سەرنجیان بۆی نەدا بۆیە بە ناچاری دەگەرێتەوە گۆشەگیری خۆی.

هەموو بەرپرسەکانی سۆڤیەتی دەبێ بەم دۆخەدا تێپەریبن، هەرچیەکی پلەو پۆستی بێ، یەکێک لە مەرجەکانی ڕژێمی سۆڤیەتی ئەوەیە پلەو پایەکانی سیاسی بە ئەمانەتەوە ببڕی وپێش هاورێکانت بکەوی، فەرمانبەرە سۆڤیەتیەکان خاوەنی تواناو داهێنانی باشن بەڵام ئەگەر تواناى تریان نەبێ دەبنە قوربانیی توانا وبەهرەکانیان دەبێ لە ڕوی زانستی ستراتیژیەتی گەردونی شارەزا بن. ئەو نەوەی لە حەفتاکان حوکمی یەکێتی سۆڤیەتی کرد دەسەڵاتی سەربازی و جیوپۆلەتیکیان بە کەمی خستە خزمەت ئامانجەکانی جیوپۆلەتیکی دوورخایەن. بە دڵنیاییی هەوڵدانی هەنگاو نان بەرەو هێز زۆربەی وڵاتانی نا کۆمۆنیستی بەرەو یەکگرتن بردن و هاوپەیمانێتیەکی ژێر بەژێریشی لە نێوان وڵاتە پیشەسازیەکانو چین لە دژی یەکیتی سۆڤیەت دامەزراند کە ڕوخانی بووە ئەگەرێکی مسۆگەر.

لە میانی دە کاتژمێر لە گوتوبێژ لەگەڵ بریژنێڤ ڕوبەروی شێلکە پاساوێکی تەکتیکی بوومەوە، هیچیشیانم وەکو نەخشەو بەرنامەی سیاسی نەبینی، چونکە هەمیشە چینی لە مێشکدا بوو بۆیە هەندێک پێشنیاری دەکرد (کە دواتر باسیان لێوە دەکەین) وەکو کۆماندومینوم سۆڤیەتی-ئەمریکی نێودەولەتی بە ئاراستەی درواسێ زەبەلاحەکەی بوو، هەرچەندە دەورو بەرانی ئەوەیان پێ ڕاگەیاندوە کە ئێمە ئەم جۆرە پێشنیارانە ڕەت دەکەینەوە، بەڵام ئەو بە دوورو درێژی باسی لێوە دەکردو دواتر دەچوە سەر بابەتێکیتر بێ ئەوەی ئارەزوەکانی دەرببرێ لەسەر ڕونەدانی.

بەر لە هەلوەشانەوەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی ئەمریکی لە ژێر کاریگەری واتەرگێت (watergate) بریژنێڤ پێشینەی کەکانی هێور کردنەوەی توندو تیژیەکانی نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بوو، بە بێزاریەوە ڕەزامەندییدا کە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم کاتەوە، لە کاتی ئابڕوچونەکەیواتەرگێت هیچ هەوڵێکی نەدا سود لە لاوازی ناوەخۆی نیکسۆن ببینێ، لە تەک بایەخ دانی بە (کۆندۆمنیومی ئەتۆمیی ئاڕاستە کراو دژ بە چین. بایەخی یەکەمی ئەوە بوو ڕەزامەندی ئەمریکا وەدەست بێنێ بۆ چوونە ناو (کۆنگرەی ئاسایشی

ئەورووپی.) من هیچ  مانایەک بۆ ئەو داواکاریەی وڵاتێکی زەبەلاحی خاوەن هیزو توانای ئەتۆمئ نابینم تا لە ڕێگای زنجیرەیەک ڕێککەوتن و پەیمانامەوە سنورە دان پێدانراوەکانی خۆی مسۆگەرو بێخەم کا. لە کاتێکدا هیچ وڵاتێکی دراوسێی بەقەدەر ئەو لەروی سەبازیەوە بە هێز نییە، کەچی بریژنێڤ سوربوو لەسەر دان پێدانانی لە هەموو بەڵگەنامە کاندا، بەڵام یەکێک لە داینەمۆکانی هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، یەکپارچەیی خاکی ئەلمانیا بوو کە دیموکراتخوازەکان خاکی ڕۆژهەڵاتی ئەلمانیا بۆ مەرامەکانیان بەکار دێنن کە خۆی لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەبینییەوە.

دوای شکست هێنانی پرۆسەی کرانەوە بریژنێڤ بە ئەقەست چەند پێشێلکاریەکی لە ئەفریکاو یەمەنی باشورو ئەفغانستان ئەنجام دا. ئەمە بە خۆفراوانکردنی هەلپەرستانە دەزانین چونکە لە ئەنجامی هاتنە کای دۆخێک ئەمەی کرد کە یەکێتی سۆڤیەت لە دروست کردنی ئەو دۆخە دەستی نەبووە. دوبرینن دەڵێ بریژنیف ئەمەی لە ئەنجامی فشاری باڵی بڕواگەراییەکانی نا ومەکتەبی سیاسی کرد، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر لەم کارانە ورد نەبینەوە ئەمە دەچێتە خانەی زال بوون بەسەر دونیادا. لە ڕاستیشدا ئەو فراوانخوازیە نوێیە خوێنبەردانی سۆڤیەتیەو هیچیتر نا، ئەمە لە کاتێکدا ڕودەدا کە ئیدارەی ڕیگن بەرەو بنیادنانی بەرفراوانکردنی هێزەکانی ئەمریکی دەچێ.

شارەزایی سەرکردە سۆڤیەتیەکانی نەجاتبوو لە جەنگی دوەمی جیهانی بۆیان بووە پاڵپشت بۆ ڕوبەرو بوونەوەی کاولکاری، دونیای دەرەوە وەکو دەولەتێکی قین لە دڵ سەیری یەکێتی سۆڤیەت دەکەن، بەڵام سەرکردەکانی ئەوە لە بیر ناکەن ئاخۆ ئەم وڵاتە چۆن چۆنی لەم جەنگە بە سەرکەوتویی دەردەچی دوای ئەوەی ٢٧ ملیۆن قوربانی دەدا لەگەڵ کاول بوونی سێ یەکی وڵات. سەرکردەکانی کە شانازی بە خۆیانەوە دەکەن چونکە بە سەرکەوتویی لەم جەنگە دەرچون ئارەزویان نییە جارێکیتر ڕوبەروی ئەم جۆرە جەنگە کاولکاریە ببنەوە.

بریژنێڤی خۆهەلکێش ناتوانێ خۆی بە ئارامی و هەست ناسک نیشان بدا، هەڵوێستە کانی لەسەر ئەمریکا لە نێوان ئێرەیی و توندو تیژی هاتو چۆی دەکرد، بریژنێڤ هەڵوێستی ناشیرنی سەرمایەدارو ناحەزانی کۆمۆنیستی بە خەلات دەزانی بۆیە

ڕەفتارەکانی لەگەڵ گوتەکانی یەکیان نەدەگرتنەوە کە پێی وایە ڕژێمی کۆمۆنیستی لە ئاستێکی بەرزدایە.

لە ١٩٧٣ بریژنێڤ بۆ ماڵی پشوو حەوانەوەی سەربە بیرۆی سیاسی لە زافیدوف داوەت کردم ( نزیکەی ٩٠ میل لە مۆسکۆوە دوورە) بۆ ئەوەی ئامادە کاری بۆ سەردانێکی بکا بۆ ئەمریکا لە حوزەیران، ئەلبەت دیدارەکانمان بە یەکسانی هەموو ڕۆژێک و بەدوورو درێژی بەردەوام بوون، هەر منیش داوام لە بەرپرسەکانمان دەکرد لەسەر بنەمای یەکسانی مامەلە لەگەڵ بریژنێڤدا بهۆی کەن، بەئەم دوپاتیەمەوە بوو بریژنێڤ لەسەر کورسیەکەی هەل دەستاو لە دەوری مێزەکە دەخوالایەوە تا لە باوەشم بگرێ، لەسەر ئەم بنەمایانە پرسی ( دەولەتی یەکەم لە چاودێری) بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەسەر برژنێڤ نەوەستابوو بەڵکو لەسەر دانوستانەکانی بازرگانی و تاقیکردنەوەی هەڵوێستێکی ئەمریکیش بوو.

بریژنیڤ شارەزاییەکی باشی لە کاروباری سەربازی و ئابووریدا هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر بە کەمی بۆچونی خۆی لەسەر داهاتوو دەردەبڕی، کاتێکیش کێشەیەکی هونەری دەبوو دیسان بەکەمی بەر لە وەڵام دانەوەی ڕاوێژی لەگەڵ لایەنی سۆڤیەتی دەکرد. ئەوکاتەی بریژنێڤ لە خۆیەوە هەڵسوکەوت دەکا، هەروەک لە دانوستانەکانی سەرەتایی بۆ ڕێککەوتنی ساڵت لەگەڵ نیکسۆن لە ١٩٧٢ لە لوتکەی مۆسکۆ کردی، هەرزو خۆی لەبەردەم کێشەیەکدا بینییەوە کە دەبووایە بە زوترین کات لێی دەرچێ ئەویش بابەتی جیوپۆلەتیک بوو، ئەو ڕاو بۆچونی قوڵی خۆی دەرنەدەبڕی تەنها ڕەزامەندیی لەسەر ئەو کارو ڕێککەوتنانە دەدا کە گرۆمیکۆ لەسەری ڕێککەوتووە، بریژنێڤ وەکو ئەمینداری گشتی دەسەلآتی ئەوەی هەبوو گەلێک لە کێشەی دبلۆماسی چارەسەر کات، دیارە ئەمەی کردووە هەروەکو لە لوتکەی ڤلآدیڤوستوکلە تشرینی دوەمی ١٩٧٤ بینیمان لەگەڵ فۆردا بۆچونی خۆی بەسەر وەزارەتی بەرگریدا سەپاند کە ئەندرێ گریشکۆ لەسەر تەلەفۆن بوو، بە گوتەی دوبرینن، بە پێچەوانەی دانوستانەکانی یەکێتی سۆڤیەتی بریژنێڤ لە کاتی دانیشتنەکاندا هەندێک نوکتە دەگێرێتەوە کە دەکرێ پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەبێ یان هەرنەبێ.

زۆربەی دانیشتنەکانی دانوستاندن لە ژووری کۆبوونەوەکانی بیرۆی سیاسی ئەنجام دەدران کە لە ئەشکەوتێکی تاریک دەچو، درێژیەکەی ٦٠ پێیە مێزێکی درێژی لە ناوەراستە لە پشتیەوە کورسی و مێزێکی بچوک هەیە لەگەڵ بلینگۆیەک کە ئەمیش بۆ دەنگ مەزن کردن نییە بەڵکو بۆ تۆمار کردنی دانوستانەکانی لایەنی بەرانبەری بریژنێڤە ئەمەش ئەو کاتە ئاشکەرا دەبێ کە کارمەندی هونەری بە هەڵە دەست دەنیت بە دوگمەیەکەوە ئەوکات دەنگی دانوستانکارانی بریژنێڤ دەردەکەون لەوانە تێبینییەکانی هیلموت سوننفیلد ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە کە بە فسکە فسک چرپاندویەتی ئەوکاتیش هەموو گوێیان لێی بوو. ریژنێڤ پێی وابوو گوێ گرتن لە بۆچونەکان کە بە زمانێکن لێی تێناگا بە کات کوشتنی دەزانی، کاتێک من گوتەکانم ئاڕاستەی دەکرد لە شوێن خۆی هەلدەستایەوەو لە ناو ژورەکە پیاسەی دەکردو نوسراوەکانی واژۆ دەکردن یا بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ هاوەڵەکانی دەکرد بە دەنگێکی بەرز، دواتر دەگەرایەوە بۆ سەر مێزەکە تا گوێ لە وەرگێرەکە بگرێ، کە وەڵامەکەی دەدایەوە دووبارە دەستی دەکردەوە بە پیاسە کردن تا وەرگێڕەکە لە گوتەکانی تەواو دەبوو لە هەمان کاتدا وەرگێڕە زیرەکەکەی (ڤیکتۆر سکۆدروڤ) زیرەکانە تێبینییەکانی لەسەر وەرگێرانە ئینگلیزیەکە دەدا.

کاتێک گرۆمیکۆ لەگەڵ بەرانبەرەکەی دەدوا بریژنێڤ ئەو سەبرەی نەبوو، دوپاتی ئەوەی دەکردەوە بۆ دەستپێشخەریو سازشیەکان دەێ برەزامەندی بیرۆی سیاسی وەرگیرێ، بەم شێوە بۆ مۆسکۆ کارێکی حەکیمانە بوو بەرنامە بۆ کۆبوونەوەیەک دارێژی پێیان وابێ دەست تێوەردانە ئەمە. کاتێکیش بەهۆی ناڕەزایی بیرۆی سیاسیان ئەم کۆبوونەوانە درێژە دەکێشێ بریژنێڤ سەبری نامێنێو دەسەڵاتەکانی بەکار دێنێ تا بگاتە ئەنجام و کۆتایی، دۆخی کۆبوونەوەکانی لوتکەیی لە مۆسکۆ لە ئایاری ١٩٧٢ و دواتریش لە ڤلادیڤوستوک لە تشرینی دوەمی ١٩٧٤ بەم شێوەیە بوون. دواجاریش لە ئامادە کاری بۆ کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپا لە هاوینی ١٩٧٥ لە هلسنکیش بە هەمان شێوە بوو.

## هەڵوێستی کرملێن لە پرۆسەی کرانەوە

سەردانەکەم بۆ مۆسکۆ لە ٢٣ تا ٢٧ی تشرینی دوەمی ١٩٧٤ ئەو کەلێنە پان و بەرینەی نێوان هونەری کلاسیکی لە واشنتۆن و تێگەیشتنەکانی مۆسکۆی ئاشکەرا کرد، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی وزۆر لە ئەندامانی کۆنگرێس و هەندێک لە ئەندامانی ئیدارەی فۆرد گوێ لە ڕەخنە گرانی پرۆسەی کرانەوە دەگرن، گوایە یەک ئاڕاستەی گرتوە ئەویش بەرەو سازشو دەستبەرداریەکانی ئەمریکای دەبا گوایە هەموویان لە پێناو نیازپاکی مۆسکۆ کراون ئەویش خەیالێکی نا ڕوالەتییە.

بەڵام لە مۆسکۆ مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەمە دەبیستێ، لە هەر پارچەیەکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە تواناياندا بوو سودی هەر سەرکردەیەک دیاری بکەن. سەبارەت بە یەکلایی کردنەوەی پرسی ( دەولەتی یەکەم لە چاودێری) بەرامبەر بە کۆچی جووەکانی یەکێتی سۆڤیەت کە جاکسۆن ڕایگەیاندبوو بەر لەوەی من مالئاواییان لێ بکەم پێم وابوو ئەمە سوکایەتیە دەیکەن. یەکێتی سۆڤیەت لە دبلۆماسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و کۆنگرەی ئاسایشی ئەورووپی دوور خرایەوە. پێشکەوتنە کانیش بە خێرایی کیسەل دەچون بەرێوە، بەڵکو ئەمەش بەهۆی ئەوە بێ کە ئێمە مەبەستمان بوو زیاتر هەماهەنگی ببەستین. پێشنیارەکەی بریژنێڤیش لەسەر سەروەری ئەتۆمیی هاوبەش، کە درایە دەست نیکسۆن لەلایەن فۆردەوە وەڵامی نەدرایەوە، جگە لە ڕێککەوتنی سالت SALT هیچی تر نەبوو ئەمیش بووە ڕێگایەک بۆ چاککردنی بەرنامەی ستراتیژی یەکلایەنە بۆ هەردووکیان.

لە نێو سەردانەکانمدا بۆ یەکێتی سۆڤیەت، سەردانەکەی مانگی تشرینی یەکەمم بۆ ئامادە کاری کۆنگرەی ڤلادیڤوستوک بوو، هەرلایە و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی موزایەدەی پێوە دەکرد، دانوستانە ئەمریکیەکان هەستیان بەوە دەکرد کە پرۆسەی کرانەوە لە ناوەوەی ئەمریکا لە خورانو لەناوچون دایە، بەڵام دەمانزانی کە سەرۆکە نوێکە پێویستی بە ماوەیەکی ئارام هەیە تا خۆی ئامادە دەکا، ئیتر ئەرکی ئێمە ڕزگار کردنی ئەو دۆخە بوو لە ڕێگەی دانوستانەکانی سالت کە تا ئەوکات بەردەوامیی هەبوو. دیارە کە دۆخی سۆڤیەت لەوە خەراپتر بووە، بەپێی بنەماکانی شەری سارد دەبووایە

یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ مەرامـی فراوانخـوازی سـودی لە ئـابڕوبەریەکەی واتەرگێت وەرگرتبـایە، بەڵام هـیچ لەم ئەنجامـانە بەدی نەکـران تەنهـا ئەوە نەبـێ کاتێـک بـۆ ناساندنی باجی گومرگ بەپێێ ئەو خشتەی جاکسۆن و ستیگنستون دابنابوو، یەکێتی سۆڤیەت ئەم پرسەی ڕەت کردەوە.

ئامانجمان ئەوەبوو کرملێن زیـاتر بـێ دەنـگ بـێ، هـەمووممـان لە کـرملێن زیـاتر هەستمان بە دۆخەکان دەکرد، بوونی کۆنگرێسـێکی لیبراڵیسـت ئاسـودە نییـە چـونکە ڕەخنەی زۆری لێ دەگیرێ، سەرۆکیش تازە دەسەڵاتەکانی دادەمەزرێنێ، ئەمە وادەکا کە توانای ڕوبەرو بوونەوەمان نەبێ، دواتر مۆسکۆ توانای نانەوەی ئاژاوەو ناڕەحـەتیی هەبوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، دەرفەتی زۆریش هەبوون بۆ بەکار هێنانی تو ندرەوەکان و پیاوە چەتەکان لە جیهانی سێیەم.

لە مـانگی تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٤ هـیچ پێـداگری و ڕکە لەبنـنانێـک سـەری هەڵنەدابوو. یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەو لێـژ بـوونەوەی دەسـەڵاتی ئەمریکـا بـوو کە سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەت پێیـان نەزانیبـوو، لە بەشـە باشـەکەی دوو سـالەکاندا پێشبینیان دەکرد دۆخەکـان بەخێـرا بـۆ دۆخـی جـاران بگەرێنـەوە مەبەسـتیان فشـارو سەردەمی نیکسۆنی بێ مەترسیی لێدان بوو. ڕەخنەگرانی پرۆسەی کرانەوە پێیان وابوو کە کرملین لەم پرۆسە سودی زۆری بینیوە بەو هۆیەوە ڕەخنەکانیان ئاڕاستە دەکردن، لەو سەردەم بریژنێف هەوڵەکانی بۆ پرسی ( دەولەتی یەکەم لە چاودێری) بوو ئەمەش بە دڵنیایی نیشانەی هەسـت کـردن بـوو بە نائـارامی، چـونکە ئەوانەی دلنیـان لەوەی یەکسانن پێویستیان بە شایەدنامەی لایەنێکی تر نییە ئەم شایەدیەیان بۆ بدا.

لە هـەمـووی گرنگتـر ئەوەبـوو کە پابەنـد بـوونی بریژنێـف بە پرۆسـەی کـرانەوە هۆشداریەکی سەرەتایی بوو بۆ دەولەتی سۆڤیەتی کە بەرەو قەیرانێکی کوشندە هەنگاو دەنـێ، چـونکە تـاکتیکە مۆسـکۆ بەرانـبەر بە دراوسـێکانی ئامـاژەی ئەمە بـوون، تێبینیمان کرد کە سەرجەم وڵاتەپیشەسازیەکانی دونیا بە چینیشەوە لە دژی سـۆڤیەت هاوپەیمانێتیان گرێدا، هەروەک جێگرەوانـی برژنێـف باسـیان لەو هەڵوێسـتە کـردو بە هەڵوێستێکی گەمـژانەی دایە ناسـین. مەبەسـتی بریـژنێڤیش لە پرۆسـەی کـرانەوە لەت کردن یا ڕاگرتنی هاوبەشی ستراتیژی ئەمریکا وچین بوو.

هەموو کێشەکانی ئەمیکا کاتی بوون دەکرا لە کاتێکی نزیک تێپەر بکرێن، بەڵام لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە دۆخێکی ململانێدا بوون، بۆ یەکێتی سۆڤیەت ئەوەی گرنگ بوو ململانێو کێبەرکێی سەربازی بوو برسێتی ودابەزینی ئاستی بژێوی گرنگ نەبوو.

کێبەرکێی چەک گەمارۆی پیشەسازیی ئەو وڵاتە دابوو، دەبێ سەرکردانی یەکێتی سۆڤیەت بە پێچەوانەی ڕەخنەگرانی فۆرد لە ناوەوە بیر بکەنەوە کە پێیان وایە: کەمتر هەست بە پێشکەوتن بکە بەشترە لەوەی زیاتر هەست بە مەترسی بکەیت، هەموو داهێنانەکانی سۆڤیەت لەسەر مسۆگەری مێژوویی بە سەرکەوتنی کۆمۆنیزم پێچەوانەی ڕەخنەگرانییەتی، کاتەکان لە بەرژەوەندی ئەمریکا بوون.

وادیارە بریژنێف پێی وابوو بە زیاد بوونی پەیوەندیەکانی ئابووری لەگەڵ رۆژئاوا دەتوانێ چارەسەری قەیرانەکانی بکا ئەوکاتیش پێویست بە چاکسازی ناکا، بەڵام ئەو رێکارانەی گرتبوونییە بەر ئەوە نەبوون چارەسەری کێشەکانی بۆ بکا، زوو یا درەنگ دەبێ یەکێتی سۆڤیەت ڕوبەروی ئەو پرۆسە ببێتەوە کە ناویان نابوو کێشە یا قەیرانی میخائیل گۆرباچۆڤ: ڕژێمی سۆڤیەتی بەبێ چاکسازی بەردەوام نابێ بەڵام چونکە دەمارەکانی خوێن بەری توند و ڕەق بوونە دیسان ناتوانێ خۆی ئەو چاکسازیە ئەنجام بدا.

بە مسۆگەری ئەگەر رێگە بە یەکێتی سۆڤیەتی درا چەکو تفاق کۆکاتەوەو کەلەکاین کا بەبێ ڕەد دانەوەی ئەمریکی یا ئەگەر ئەمریکا رێگریەکانی سست کردن، ئەوکات سۆڤیەت ئەو هەڵوێستە نەگونجاوەی لە رێگەی هێزی وەحشیگەراییەوە دەکاتە دەستکەوتێکی ستراتیژی بۆخۆی، بەڵکو ئەمە وەکو هەڵوێستی یاریکەرێکی شترنج وابێ کە ئەگەر دوو پارچەی دامەکانی بدۆرێنی ئەوساش هەر بیباتەوە، بەڵکو ئەم سەرکەوتنە لە هەندێک شوێن بکرێ بەڵام بەرانبەر بە ناحەزێکی بەتوانا مومکن نییە، دیارە ئیدارەی فۆرد نیازی ئەمەی نییە ) هەروەها پێشتریش ئیدارەی نیکسۆن نیازی نە بووە.)

## لە ژووری بیرۆی سیاسی

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤لە سەر مێزی دانوستانەکان لە مۆسکۆ بۆ هەردوو لایەن ڕوون بووەو، کە پەیوەندیەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بە تەلە داوێکەوە ماوە، لە کاتێکدا شاندی ئەمریکی لەوە ئاگادار بوو، کە دۆخی ناوەخۆی بە چی گەیشتوە بێ ئەوەی بتوانێ هیچگۆرانکاریەک ئەنجام بدا، سەرکردەکانی سۆڤیەتی کە هیچ شارەزاییەکیان لە دۆخی ناوەخۆی ئێمەدا نەبوو. لە زۆربەی پرسەکان پەشۆکاو و ناڕەحەت بوون، جگە لە پرسی سنورداری پڕچەککردن نەبێ، هەر لایەنێکیش لەو ناوە بەبێ دەنگی کارەکانی خۆی دەکرد، ئەوەی لە نێو دانوستانەکان دەگوزەرا تەنها پرسی سالْت SALTبوو، بەڵکو هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بێ کە دانوستانەکان ببوونە دیالۆگێکی فەلسەفی.

بریژنێڤ ڕۆژی سێ شەممەی ٢٤ی تشرینی یەکەم بەیانییەکەی دانیشتنەکانی لە ژورەکانی بیرۆی سیاسی کردەوە، دوای بەخێر هاتنێکی گەرم بەیاننامەیەکی تێرو تەسەلی لەسەر بایەخداری یەکێتی سۆڤیەتی خوێندەوە.

هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی دانوستانەکان لە بەرگری دابوون، دیارە کە ئەمە ئەتەکێت و شێوازی دانوستانەکانی سۆڤیەتین. بەڵام دەبێ لیستی سکاڵاکان لە پێشەوەی داواکاریەکاندا بێ، لەم دانیشتنە بریژنێڤ هیچ پێشنیارێکی نەبوو، تەنها داوایەکی بچوکی هەبوو، داوای ڕونکردنەوەی لەسەر ڕەفتارێکی ئەمریکی کرد:

(ئەوەی مەبەستمە بیلێم ئێمە لە یەکەم کۆبوونەوەمانەوە تا ئەمڕۆ، پێم وایە کە ئەمریکا هیچ هۆکارو پاساوێکی نییە تا گلەیی لە پابەندیمان بکا، ئەم تێبینییەم تەنها بەم دانوستانە نابەستمەوە، پەیوەستە بە سیاسەتی گشتی و بەیاننامە فەرمیەکانی لە ئێمەو هاوڕێیانمانەوە دەردەچێ، هیچ بەیاننامەیەکمان دەر نەکردە ئاماژە بێ بە دەستێوەردان لە کارو باری ناوەخۆی ئەمریکا تەنانەت ئەو کاتانەی کە هەندێک ڕووداوی ئاڵۆزیش هەبوون ئێمە بۆ بەرژەوەندی خۆمانمان بەکار نەهێنا.)

بریژنێڤ بەراوردێکی لە نێوان فشارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی لە پرسی واتەرگێت (Watergate) و کارو بەیاننامە بێزارکەرەکانی ئەمریکیدا کرد. بە خۆ

دوورخستنەوە لە ڕەخنەگرتن لە سەرۆک فۆرد، ڕەخنەی توندی لە گوتەکانی جاکسۆن گرت کە لەبەردەم لیژنەی MNF دا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کۆچی جووەکانی گوتوە.

(گوتی سۆڤیەت لەسەر مەرجەکانی نیکسۆن بۆ چارەسەری قەرزی ( خواستن و بەکرێدان) بەرانبەر بە (دۆخی دەولەتی یەکەم لە چارەسەری) ڕازی بووە سەرەڕای تەواوبوونی مەرجەکان کەچی جاکسۆن مەرجی تر وەکو تەواوکەر بۆ پرسەکە خستۆتە سەر لە کاتێکدا هیچ پەیوەندیە کیان بە پەسند کردنی ئەو بڕیارانەوە نییە .ئەمە تەنها بۆ تورە کردن و ناشیرن کردنی یەکێتی سۆڤیەتە.)

واتا جاکسۆن سەرکەوتنێکی مەزنی بەسەر کۆشکی سپیدا بەدەست هێناوە، یا توانیویەتی چند سازشیەک بە یەکێتی سۆڤیەت بکا.

بریژنێڤ درێژەی پێداو دەڵێ: ئەو ژمارانەی جاکسۆن لەسەر کۆچی جووەکانی پێشکەش کردون هیچ بنەمایەکی ڕاستیان نییە، ئەو ئاماری داواکاریەکانی کۆچی جووەکانم پێ دەدا. دواجار یەکێتی سۆڤیەت خۆی لە هەڵوێستێکی نەخوازراوی سوکایەتیی بینییەوە، چونکە ئەوتاقە وڵاتە لە هەموو دونیا ڕووبەڕووی مەرجێکی نێودەوڵەتی دەبێتەوە لەسەر چاودێری کردنی هاوڵاتیانی.

ڕێککەوتنی بازرگانیی نوی سەلماندی کە ئەمریکا لە دژی یەکێتی سۆڤیەت سەنگەری گرتوە، لە بابەتی:

١ /لەسەر بابەتی ( دەولەتی یەکەم لە چاودێری) MNFبۆ یەکێتی سۆڤیەت تەنها بۆ ماوەی ١٨ مانگ هەنگاوێکی نوێ تۆمار دەکا. ڕێگەم م بدەن پێتان بلێم کە ئێمە ئەم دیاریەمان قەبوول نییەو وەری ناگرین ( لەم کاتە بە هێز دەستی دەکێشێ بەو مێزەی بەردەمیدا) ئێمە ئەمریکا وەکو لایەنگیریەک دەبینی بۆیە ڕازی نابین، دەمەوێ ئەمەش دوپات کەمەوە. سکاڵاکانی بریژنێڤ ناگەنە کۆنگریس. من و نیکسۆن لە سانت کلیمنت لە حوزەیرانی ١٩٧٣ هۆشداری ئەوەمان نەداوە کە جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرو بەندیەتی، دواتر وا زانرا کە ئێمە گەیشتوینەتە لەیەک تێگەیشتنێک لەسەر نزیک بوونەوەی هاوبەشی بۆ کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆمان دەرکەوت کە ئێمە لێێ وەدەر نراوین و عەرەبەکانیشتان پەرتەوازەکردن ( بەبۆچونی خۆی.)

تۆ گەشتت ئەنجام داو یاریت بە وڵاتان کرد تا پەرشو بڵاوەیان پێ بکەیت، پێم وایە ئێستا گەیشتویتە ئەو بڕوایە کە ئەم شێوازە کارە هیچ گۆڕانێک ئەنجام نادا.

٢ /سکاڵای دوەمی بریژنێڤ پەیوەندیی بە هەنگاوە لەسەرەخۆکانی دانوستانی تایبەت بە ( کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپا) وە یە. ئەگەر ئەمریکا بەراستیەتی با پەلە لە هەنگاوەکانی بکا. وەکو دەڵێن ( دۆستەکانتان چاڵاک دەبنەوە.)

بەڕاستی لەسەرەخۆ بووین هۆکارەکەشی بۆ ئەوەمان بوو تا هانی یەکێتی سۆڤیەت بدەین بۆ پرسەکانی تر وەکو پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیاوازیەکە ئەوەبوو تا کۆسپ و تەگەرەکان بۆ پرسی بازرگانی و سنورداری پرچەککردن زیاد دەبوون، خۆگرخاندنی ئێمە لە پرسی ( کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپا) زیادیان دەکرد.

لە سکاڵاکانی برێژنێڤ ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە هیچ بنەمایەکی پتەو بۆ پەیوەندیەکانمان لە ئارادا نییە.

هەندێک شت مایەی تورەبوون و وروژاندننوەکو هەمووارییەکەی جاکسۆن — فانیک، ئەمەیان وەکو درێژە پێدانی ئیدارەی ستراتیژیی جیوپۆلەتیک بوو بەڵام شتەکانی تر وەکو ( کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی) ڕەنگدانەوەی تەکتیکەکانی دانوستانکاری بوون.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناو بە هاوشێوەی ئەو بەدرێژی وەڵامیم دایەوە، سەبارەت بە بەیاننامەکانی جاکسۆن، دەتوانم تەنها ئەو هەڵوێستە کورت کراوە بڵێم کە لەبەر دەم نیکسۆن و گرۆمیکۆ گوتومە، لەوە گەیشتین کە ناو نرابوو بە ڕەت کردنەوەی چۆنایەتی لە ڕێژەی ١، ٦ %زیاتر نەبێ کە سەرەتا گرۆمیکۆ دەریخستبوو دواتریش دۆبرێنن بە ناوی بریژنێڤ دوپاتی کردەوە. ژمارەی ٦٠ هەزار هی جاکسۆن بوو، هی ئێمە نەبوو !ئەگەر بەشداریەکی تر نەبێ ئیدارە لەم هەڵوێستەی زیاتر نییە.

بە ڕاستیش، من گلەییەکان لە گرۆمیکۆ دەکەم کە لە لای ڕاستی بریژنێڤ دانیشتوە. سیاسەتەکانی سۆڤیەتی تایبەت نەبوو بە ئەجنداکانی عەرەبی ڕادیکاڵیست، ئەو داوای هەندێک شتی ناشیرنی لێ دەکردین بەسەر ئیسرائیلدا بسەپێنین.

لە کاتێکدا هیچ جیاوازیەک لە نێوان بەرنامەی سۆڤیەتیو عەرەبیدا نییە، ئەی بۆ ڕاستەوخۆ مامەلە لەگەڵ عەرەبەکان ناکەین؟ کە هەموویان هەمان شتمان لێ داوا دەکەن.

گوتوبێژی لە یەکێتی سۆڤیەت بەم شێوە ئاسان نەبوو، لە ناوەرۆکا پشتگیریی لە هەموو هەڵوێستەکانی عەرەبی دەکرد، لە تەکتیکیشدا ناچار بووین بەسەر ئیسرائیلدا بسەپێنین. بە شێوەیەکی تر بلێین تا یەکێتی سۆڤیەت کەمێک خۆی لە هەڵوێستی دۆستە عەرەبەکان دوور نەخاتەوە، سیاسەتی ئەمریکی لە بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتەکانی سۆڤیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەردەوام دەبێ.

سەبارەت بە کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی من دەتوانم بڕێک پشو بە بریژنێڤ بدەم، ڕامگەیاند لە دانوستانەکان کەمێک کاراتر بن تا لە ماوەی ساڵێک تەواو بین.

گریمان یەکێتی سۆڤیەت بۆ یەکلایی کردنەوەی هەردوو پرسەکە هاوکاریمان دەکات !ئەوەی پێی دەگوترێ (زنجیرەی سێ یەم) کە مافەکانی مرۆڤ لە ئاسایشی ئەوروپی بە خالێکی فەرمی دادەنرێ. لەگەڵ مسۆگەر کردنی ئەو بنەمایانەی کە دەڵێ دەکرێ سنورەکانی ئەوروپا بە ڕێگەی ئاشتیانە ڕاست بکرێنەوە، ئەوش مەرجێکە بۆ دوبارە یەکخستنەوەی ئەلمانیا.

دەبێ بریژنێڤ درکی بەو ئاستە مەترسیە کردبێ کە پەیوەندیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێی گەیشتون. بۆیە لە کۆبوونەوەکانی ٢٤ی تشرینی یەکەم نیانیی نواند.

پێش فراوین (نان خواردنی نیوەرۆ) منی خلوە کردەوە تا بۆم بسەلمێنێ یەکێتی سۆڤیەتهانی شەڕی ١٩٧٣ی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی نەداوەو پێشتریش تەنها زانیاریەکی بچوکی هەبووە.

ئەوکاتەی لە ١٩٧٢ پسپۆرەکانی ڕوسی لە میسر دەرکران تەنها ٣ ڕۆژ لە هۆشداریەکەی دەست پێکردنی شەڕ مابوو، بریژنێڤ گوتی:

(نەمان توانی پێتان بلێین لەترسی ئەوەی بە ئیسرائیلی ڕا نەگەیەنن و ئەویش ئامادە سازی خۆی لەو شەرە بکا.) ئێ ئەوەتا ئێستا هەڕەشە لە ناوەندی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەکا.

دیارە سۆڤیەتیەکان بە شێوازێکیتر ئێمەیان ئاگادار کردۆتەوە کاتێک بەر لە ٤٨ کاتژمێر هۆشداریان داوەتە هاولاتیانی خۆیان لە میسرو سوریە کە بگەرێنەوە ولاتی خۆیان، ئەگەر ئەمە مەبەستینا بێ ئەوا ئێمە بە هەڵە لێیان تێگەیشتوین، چونکە ئەمە شێوازە شاراوەکەی ئاگادار کردنەوە نییە بۆیە ئێمە هێرشی عەرەبمان بۆسەر ئیسرائیل بە دوور دەزانی.

ئەم شێوە ئاشکەراکردنەی هەوەستمەندی لە لایەن بریژنێڤەوە بە پلە یەک مەبەستی ڕێ خۆشکردن بوو بۆ کۆمەڵێک پرسیار کە مەبەستی بوو بیکا ئەگەر هەندێک لە پسپۆران لەگەڵماندا بەشداریان بکردبایە، ئەوکات مەبەستی بوو لەسەر نیازە دوورخایەنەکانی ئەمریکا بێتە پرسیار:

١ /مانای چیە. دەبێ کاردانەوەمان لەسەر هەندێک بەیاننامەی جیاواز لە لایەن بەرپرسە ئەمریکیەکان چی بێ، لە نێوانیان هەندێک بەرپرس لە حکومەتی ئەمریکا دەڵێن دەبێ ئەمریکا دەولەتی یەکەم بێ لە ڕوی هێزەوە ئەوکات ئاشتی لە دونیا بەرقەرار دەبێ؟

(دوبرینن ئەو دەستەواژەی بۆ ڕاست کردەوە. بەهێزترین دەولەت بێ) چۆن لەو جۆرە بەیاننامانە بگەین؟

لە یاداشتەکانتا بەدوای زانیاریدا دەگەرێی، ئەمانە دەبێ بگوترێن چونکە ئەم زانیاریانە ئەوانەن کە بۆ کاتی گونجاو ئامادەت کردون تا ڕوبەرو بلێی.

٢ /ئێمە بەیانی پرسی چەکی ستراتیژی چارەسەر دەکەین، پێت وایە یا بڕیاردەدەی کە جەنگی ئەتۆمی لە نێوان دوو دەوڵەت یا لە هەر شوێنێکی دونیا ڕوو نادات؟ کاتێک تۆ گوێت لێمە پابەندی بە وەڵام دانەوەم. هیواو ئومێدی خەونێکی خۆشتان بۆ دەخوازم.

دیالۆگە فەلسەفیەکان کەم وێنە بوون، ئەوان پێیان باشە هەمیشە لە ڕێگەی خشتەی کارەکانەوە کۆبوونەوەکان ببەن بەڕێوە، بەڵام لەم بۆنەیەدا کە هەرگیز دوبارە نابێتەوە، بەراستی بریژنێڤ شیکاریەکی دوورستی بۆ بڕوا ستراتیژیە کانی ئەمریکا کرد. کۆبوونەوەی ڕۆژی دواتر لەسەر دەستەواژەو چەمکەکان بوو. گوتوبێژ لەسەر دەستەواژەی ( دەزگەی سەربازی یەکەمە) لە سەر مامەڵە بوو زیاتر لەوەی لەسەر

سەرکەوتووتربێ. ئەم جۆرە دروشمانە هۆکاری بەستەڵەکی دانوستانەکانی (سنورداری پڕچەککردن) نەبوون، کێشەکە لەوەدابوو لەگەڵ بەسەرچوونی ساڵەکان دوو هێزی ستراتیژی دێنە مەیدان کە هەر یەکەیان بۆ مەبەستی خۆی و بە ئاڕاستەی جودا کار دەکەن، هێزی ستراتیژی ئەمریکی لە بنەرەتدا بە پلەیەک بۆ بەرپەرچ دانەوە بەسودە لە کاتێکدا هێزی یەکێتی سۆڤیەتی بەمەبەستی دەست وەشاندنی یەکەم دروست ببوو.

ئەمینداری گشتی ئاماژەی بە ژمارەی کڵاوە ئەتۆمیە شەرکەرەکان کرد کە ئێمە هەمانە بەڵام ئەو خۆی دەزانێ کە زۆربەی ئەو کڵاوە ئەتۆمیانە. نزیکەی دوو لەسەر سێیان لە سەر غەواسە دامەزرێندراون دیارە کڵاوە ئەتۆمیی سەر غەواسەش بچوکن. هەر خۆی باش دەزانێ کە ئەمانە بۆ هەماهەنگی نێوان غەواسەکانە جەنگا، لە ڕاستیشدا دەبێ ئەمینداری گشتی ئەوە بزانێ کە ئەو ژمارەی کڵاوە ئەتۆمیی غەواسەکان کاردانەوەی بەرنامەکەی سۆڤیەتیە کە پەرەی پێدا، بۆیە ئێمەش مەبەستمان بوو ژمارەیەکی تەواومان لەوکڵاوە ئەتۆمیانەهەبێ تا بەرگری خۆمانی پێ بکەین.

گوتم بنیادی سۆڤیەتی بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، ئەو کاتەی بریژنێڤ سوربوو لەسەر ئەوەی دەیگوت ( نیازمان نییە هێرشتان بکەینە سەر) دەکرا توانای ئەوەی هەبی هەڕەشە لە بنکەکانمان بکا، گوتم نیازەکان پەیوەندیان بە بابەتەکەوە نییە:

من ناڵێم نیازتان هەیە، بەڵام بە دڵنیایی تواناتان هەیە.

کاتێک سەیری هێزەکانی سۆڤیەتی دەکەین هەندێک دیاردە دەبینین تووشی دڵەراوکێ دەبین. ئێستا مووشەکەکانتان لە هی ئێمە مەزنترن، کڵاوە شەڕکەرەکانی مووشەکەکانیشتان لە هی ئێمە گەورە ترن دیزاینی هێزە ستراتیژیەکانیشتان هەڕەشەیە بۆ سەر هێزەکانمان جا ئەگەر نەخشەتان بۆی داڕشتبێ یان نا، گریمان لە ١٩٨١و١٩٨٢ کڵاوەشەڕکەرتان بەقەدەر ئێمە نەبوو بەڵام ئەمە پەیوەندیی بەو بابەتەوە نییە چونکە دوای ئەو مێژووە ئێوە لە تواناتان بوو ژمارەیەکی زۆر لەو سەرە شەڕکەرانە دروست کەن بۆ مووشەکەکانتان. شیکاری و توێژینەوە و بەراوردیەکەم بە ئاستی پێویست نەبوو بە بەراورد لەگەڵ ئەو شیکاریەی پسپۆرە ئەمریکیەکان بە تێڕوانینی لیبراڵیستەکان دەیانکرد، جیاوازیەکەش لەگەڵ بیرکردنەوەی پارێزگارو پارێزگارە نوێکان تەنها ئەنجام و دەرهاوێشتەکەی بوو.

جاکسۆن پێی وابوو دەبێ دانوستانەکانی سنورداری پڕچەککردن بەکار بێنین بۆ ناچارکردنی سۆڤیەت بە دووبارە پێداچوونەوە بە دارشتنی هێزەکانی، ئێمە لە ئیدارەی نیکسۆن بریارمان وابوو کە ئەمە ناکرێ، لە جیات ئەم رێگایە کارمان لەسەر پەیدا کردنی هەوەستی سۆڤیەتی کرد لە رێگەی هۆشداری پێدان ئەگەر هاوسەنگی هێز دروست نەبێ ئەمریکا ناچارە بە گورو تینێکی زۆرەوە کار لەسەر بنیاد نانی هێزی ئەمریکی بکا و گوتم:

ئەگەر ئێمە لە ئاستی دیالۆگێکی نابەرانبەردا بین ناچارین پارێزگاری لە خۆمان بکەین نەک بە مەبەستی بەسەردا زاڵ بوون بەڵکو بۆ خۆپاراستن لە مەترسیەکان، ئەوەتا ئەمینداری گشتی ئێوە هەندێک هەرەشەی کردون دەبێ لەبەرچاویان بگرین، بۆیە مافی خۆمانە کاتێک ببینین لە ژێر هەرەشەداین ناچارین مووشەکی دوورهاوێژ و کڵاوە ئەتۆمی دروست بکەین.

بریژنێڤ نە دژم وەستایەوە نە پشتگیریی لێ کردم تەنها ئەوەندەی گوت کە هیچ کاتێک یەکێتی سۆڤیەت دەستپێشخەری شەڕی ئەتۆمی نابێت لە ژێر هەر دۆخێکدا، لە ڕاستیشدا ئاستەمە بڕوا بکرێ کە کەسانێک لە ژێر زەبرو ستەمی ستالین ڕزگاریان بووە جارێکیتر ئەو میللەتە ڕوبەرووی نەهامەتی و جەنگێکیتر بکەنەوە، بەڵام ئەم بیرکردنەوانە هیچ نەوایی و متمانەییەکمان پێ نابەخشێ کە یەکێتی سۆڤیەت لەم جۆرە کارانە بەدەر بێ، چونکە کاتێک کڵاوە ئەتۆمیەکانیان تەواو دەبن دەکرێ هەندێک سەرکردەی سەرەرو لە کرملین دەست بگرن بە دەسەڵات و ئەم هەنگاوە بنێن بۆیە بە برژنێڤم گوت:

ئایا بڕوام بە جەنگی ئەتۆمی هەبێ؟ من بڕواناکەم سەرکردانی ئێستا ئەم بریارە بدەن لە جیات ئەوە ڕو لە بریاری ئاقڵانە دەدەن، چونکە ئەنجامی هەموو جەنگێک پەشیمانییە. لە دجەنگی ئەتۆمیشدا دەبێ سەرکردە سەربازیەکان ئەو ڕاستیە بە سەرکردە سیاسییەکان بڵێن کە ئەو مووشەکە ئەتۆمیەی پێشتر لە ئامانجی ڕاستەقینە بەکار نەهاتووەو تاقی نەکراوەتەوە دەکرێ ئامانجەکەی نەپێکێ و کارەساتی لێ بکەوێتەوە. لە ڕوێکی ترەوە ئەگەر ئەم ناکۆکی ونا ئارامیە لە نێوان ئەمریکا ویەکێتی سۆڤیەت بەردەوام بێ بە دووری نازانین کێشەو ناکۆکیی لۆکالی لە نێوان ئەم دوو وڵاتە

دروست بێ ئەوسا ناچار دەبن ترسانە و هێزە دەریاوانییەکان بەشدار ببن کە ئەمەش بە زیان و قوربانی تەواو دەبێ. بریژنێڤ ڕەتی کردەوە جەنگی ئەتۆمی دروست بێ تەنانەت لە ماوەیەکی دووریشدا. ئەگەر هەمان پرسیار ئاڕاستەی منیش بکەیت من دەڵێم بڕواناکەم ئەم جەنگە دروست بێ چونکە کارەکە پەیوەندیی تەنها بە سەرکردەکانەوە نییە بەڵکو بە گەلەکانیشەوەیە لە ناویاندا زاناو پسپۆرەکانیش ئەوان دەزانن لەم جۆرە شەرانە چەند کەس دەبنە قوربانیو زیان لێ کەوتوو بۆیە ڕێگە نادەن.

ئای لەو ناکۆکیەی نوێنەری کۆمەلگایەتکی پراگماتیکی زانیاریی لەسەر جیوپۆلەتیک نەبێ بڕوای وابێ دەتوانێ دوایخۆشی ئاڕاستەکانی مێژوو بگۆڕێ، دواتر بیرکردنەوەکانی ئەمینداری گشتی لەسەر ئەو بڕوایە بنیاد نراوە کە حەتمیەتی مێژوویی و کاریگەریەکانی ماتریالیزمی بەرەو پێش دەچن، هەر چیەکی بێ ئەنجامەکانی جەنگی ئەتۆمی دواجار ترسەکانی هەر دەمێنن.

## هەنگاوێک بەرەو ڕەتکردن

ئەوکاتەی لە ٢٥ی تشرینی دووەم بەرەو ڕێککەوتنی سالْت ڕومان وەرگێڕا، لە ڕۆژی سێیەمی سەردانییەکەماندا کت وپڕ فەلسەفە لەسەر چەکی ئەتۆمی لە پێناو (ئاسایشی هاوتەریب) لە نێو خشتەی دانیشتنەکانماندا نامینێ، هەردوو لا بایەخیان بە پاراستنی بەرنامەی ستراتیژی دەدا، کە هەموویان بەر لە دەستێکردنی دانوستانەکان دارێژرابوون، مەبەست لە دانوستانەکانی سالت دانانی هەندێک مەرج و کۆت و بەند بوون لەسەر دروست کردنی چەک.

فۆرد منی دەستکراوە کرد دانوستان لەسەر بژاردەی نابەرانبەر بکەم، بنکەی هاویشتنی سۆڤیەتی بەرانبەر بە پێشوەچونی ئەمریکی لە بواری سەرەشەرکەری کە نیکسۆن لە کاتی کۆبوونەوەکانی حوزەیران پێشنیاری کردبوو. بەلام لە پێناو ئەوەی وەی لە مشتومرەکانی ناوەخۆ دوور کەوینەوە لەسەر چی دەبێ ڕێککەوین، لەسەر ئەم

بابەتە فۆرد هەندێک ڕێنمایی نوێی پێدام تا لەسەری ڕێکک بکەوین، بریژنێڤ سەری سورما کە ئێمە دانوستانەکان بەرەو ئاڕاستەو بۆچونەکانی نیکسۆن دەبەین کە منیشبەر لە چوار مانگ هەمان بۆچونم هەبوو. ئەوەتا ئێمەش دەگەڕێنییەو هەمان بۆچونە کلاسیکیەکەی سۆڤیەت کە دەبێ توانا ئەتۆمیەکەی فرەنساو بەریتانیاش بخەینە خشتەی بەرنامەکان و سۆڤیەتیش داوای قەرەبوومان لێ دەکاتەوە بۆ بنکەکانی دەریاییمان، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە ئەفسەرێکی خۆی دەکا لەسەر نەخشەکە ئاماژە بەو بنکانەمان بدا کە گومانی ئەوە دەکرێ لەو بنکانەوە هێرشیان بکرێتە سەر.

بریارمان دا سەرەتا ئەم بابەتانە بخەینە لایەکەوە و کار لەسەر دانانی نەخشەیک بکەین، کە لەسەری ڕێک دەکەوین. من پێشنیاری ١٣٢٠ گالیسکەی MIRV م کرد لە گەڵ کۆی ٢٢٠٠ سەکۆی هاویشتن. لە ناویشیاندا فرۆکەش هەیە. هەر زوو ئەم پێشنیارەم پەسند کرا، ئایا ئەمە دەبێ هێزی ئاسمانی سۆڤیەت بەرانبەر بێ بە هێزی ئاسمانیی ئێمە؟ یا دەبێجەنەراڵە سۆڤیەتیەکان بڕوایان وابووبێ کە لە ماوە ئەو دە ساڵە بەم ژمارە ناگەن؟

سەبارەت بە ڕێژەی ٢٢٠٠ جیورجی کۆرینینکۆ، کە سەرۆکی بەشی ئەمریکی بوو لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتی سەری سوڕما، چۆن بەم ژمارە دەگەین، بە پێی ساڵت ١ ڕێگەمان پێدرابوو بە ١٦٤٠ مووشەک، بەڵام ڕۆکێتی تەواومان نەبوو تا ئەو ژمارەی ٢٢٠٠ تەواو کەین، کورینینکۆ دەپرسێ ئایا ئێمە ڕێککەوتنی ساڵت ١ بۆ بنیادنانی خۆمان بەکار دێنین، لە ڕاستیشدا دۆخەکە لەمە خەراپتر بوو پنتاگۆن نەخشەی بە شێوەیەکیتر دادەڕشت[×]، ئەوەی ئێمە بۆ هێور کردنەوەی ناکۆکییەکانی ناوەخۆ دەمانکرد هیچ کام لە ئیدارەکانی پێشو ئەمەیان نەدەکرد.

چونکە لە بنەڕەتدا من بەمە ڕازی نەبووم بۆیە مشتو مڕێکم نایەوە لەسەر ئەوەی چۆن بەم ژمارە دەگەین کە ٢٢٠٠ مووشەکە بۆم ڕوونکردنەوە، کە ڕۆکێتە ستراتیژیەکان لەم نزیکانە دەگەنە دەست هێزەکانمان ( ئەوانیش فرۆکەن کە لە نێو ڕێککەوتنەکانی سالدا نین بە دڵێکی فراوانەوە داوای سنوردار کردنی فرۆکەم کرد وەکو بەشداری لە ساڵت داوای ٢٥٠ لەو فرۆکانەم کرد، ئەمە فێڵێک بوو کردم چونکە من باش دەزانم کە سۆڤیەت لەوە ئاگادار نین ئێمە بەرنامەی ٢٤٠ ڕۆکێتمان لەبەر دەستدایە چونکە ئێمە بە

درێژایی ئەو سەردەمە بە سەردەمی ڕێگنیشەوە توانیمە تەنها ١٠٠ فرۆکە ئامادە بکەین بەهۆی هونەری و کێشەو گرفتەکانی کۆنگرێسەوە.

بریژنێڤ گوتی ئەگەر ڕێککەوتنەکە لەسەر ٢٢٠٠ مووشەک بێت دەبێ ئێمە ٢٠٠ مووشەکی نوێ دوورخەینەوە لە گەل ٢١٠ی کۆن کە بە پێی ڕێککەوتنی سالْت دوورخرانەوە، لە چوار چیوەی ڕێککەوتنی سالْ بێ ئەمە هەنگاوێکی باش بوو بریژنێڤ دای، چونکە ئەو تەنها لەسەر ژمارەکان ناڕەزایی هەبوو لەسەر بنەمای یەکسانی لە ژمارەکان نەیبوو، من پێشبینی ئەوەم دەکرد کە کۆبوونەوەی بەیانی دوا دەخرێ بەهۆی ئەوەی بیرۆی سیاسیان داوای کۆبوونەوە دەکەن لەسەر ئەو پێشنیارانە.

دوای ئەوەی مۆسکۆمان جێهێشت بە ١٢ کاتژمێر بریژنێڤ بۆ خستنە ڕوی نەخشە نوێکەی یەکێتی سۆڤیەت کاتێکی بۆ کۆبوونەوە دیار کرد کە ٢٦ تشرینی یەکەم بوو، لە یەکێک لە ک بۆنەکانی ناوازە کە سۆڤیەت گوێ لە ڕوونکردنەوەکانمان دەگرێ، بریژنێڤ داوای دە سالّی کرد، بۆ ئەو ڕێککەوتنە کە لە ١٩٨٥ کۆتایی بێ، گریمان فۆرد و ئەو توانیان ڤلادیڤوستوک ڕەتکەن. ژمارەی ٢٤٠٠ بۆ سەکۆکانی مووشەک هاویشتن جێگیر دەبێ، ئەمریکاش ڕازی دەبێ بە دروست نەکردنی ٢٢٠٠ سەکۆ تا ماوەی یەک سالّ، هێزەکانی فرەنساو بەریتانیاش ئەوکات دێنە ڕیز ئەژماری هێزەکانی ئەمریکی، واتە سنورە دیاریکراوەکانی کاتی دەبنە هەمیشەیی.

هەردوو لا لە ڕەتکردن ( ڕەت کردن لە ڤلادیڤوستوک) نزیک دەبوونەوە، وەکو بنەمای لێکتێگەیشتن ئەو دەستەواژە ڕەت کرایەوە گوایە هێزەکانی فرەنسی و بەریتانی دەخرێنە سەر هێزەکانی ئەمریکی، بەلأم بۆ هێور کردنەوەی انوەخۆ هەردوو قۆناغەکە بە ژمارە دەربڕدرا، ئەمەش لەگەلّ بەرنامەکانمان دەگونجا.

دواتر دوور نییە بابەتی یەکسانی هەموو ڕۆژەکە بخایەنێهەستمکرد دواجار بریژنێڤ ڕازی دەبێ، چونکە لە بەرنامەمدا بوو لە ماوەی کەمتر لە ١٢ کاتژمێر دەبێ سەفەری هیند بکەم و ئەو ماوەیەشم لەبەردەستدا نەماوە بیرۆی سیاسی جارێکیتر کۆببێتەوە بۆیە داوام کرد پرسەکانی تر بۆ دوای دیداری ڤلادیڤوستوک بمێنێتەوە. لەو ماوەیەشدا من و دوبرینن هەولّ دەدەین کەلێنەکان بەرتەسک کەین ولەەکتریان نزیک کەینەوە، من

پەسەکەم بە کراوەیی جێ نەدەهێشت ئەگەر دڵنیا نەبووما کە بریژنێڤ ڕەزامەندی لەسەردەدا.

ڕونو ئاشکەرابوو کە بریژنێڤ مەبەستی بوو لە ڤلادیڤوستوک کۆتایی بە پرسەکە بێنێ بە نزیک کردنەوەی مەرجەکانی هەردووک لامان لە ڕێگەی پێشنیارەکەمەوە:

من بە مەرجێک لەگەڵتان ڕێک دەکەوم، ئەگەر هەمووارەکە هەر چۆنێکی بێ نابێ دەستکاری ناوەرۆک و گەوهەری پێشنیارە نوێکە بکرێ، چونکە م نامەوێ لە یەکەم کۆبوونەوەی دادێ لەگەڵ سەرۆک بکەومە کێشە.

تازە هەستم کرد خەریکە بکەوینە ڕێککەوتنی ساڵتنامەیەک SALT و بەرنامەیەک بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاسایشی ئەورووپی، لەگەڵ ئەوەشدا من لە دلەروکێدابووم کە جاکسۆن و یاوەرانی بتوانن ڕێککەوتنی چاودێری چەک ڕەت کەنەوە. دیارە بریژنیڤیش لە لای خۆیەوە درکی بە شتێک دەکرد بۆیە هۆشداریی پێدام، بە شێوازێکی سۆڤیەتیانەی بەرێزەوە گوتی ئەوەش بزانە کە سەبرو ئارامیش لەسەر مشتومرەکانی ناوەخۆمان سنوری خۆی هەیە:

تکایە تەنها گوتوبێژی مووشەک نەبێ کە لەبیری ناکەیت، بەڵکو ئەوەی ڕۆژی یەکەمیش گوتوبێژمان لەسەر کرد، من دەزانم کە لەبیریان ناکەیت و لەوە زیاتر گوتوبێژی لەسەر ناکەیت، من بەپێێ توانا هەوڵم دا هەڵوێستەکانمان ڕوون کەمەوە.

## سەرووەرییەکی ئەتۆمیی هاوبەش

وێڕای پەیوەندیی گەرم و ڕێککەوتنی ساڵ، دوو ڕووداو سەلماندیان کە پەیوەندییەکان هێشتا لە مەترسی دان:

یەکەمیان/ ڕەتکردنەوەی ئەمریکی کە هۆکارەکەی بریژنێڤ بوو.

دووەمیان/ ئەو لە ڕووداوانەی گەشتیارانی ئەمریکی بوو کە بەهۆی سیاسەتی ناوەخۆی ئەمریکاوە تووشیان بوو. لە کاتی کۆبوونەوەی لوتکە لە حوزەیرانی ١٩٧٤ بریژنێڤ پێشنیار دەکا هەردوو دەوڵەتی ئەتۆمی بەرپرسیارێتی دونیا لە خۆ بگرن لە

چاودێری و پێسپاردەیی، دوای چەند ڕۆژێک لە کاتی ئاهەنگی نانخواردنی نیوەڕۆ کە بریژنێڤ لە تەک نیکسۆن دانیشتبوو، نیکسۆن بانگی کردم و پێشنیارەکەی بریژنێڤی پێ ڕاگەیاندم، لە ڕاستیشدا ناوەڕۆکەکەی بریتیی بوو لەوەی هەردووک وڵات هاوکاری یەکتری بکەن بۆ بەرگریکردن لە هەر وڵاتێکی تر ئەگەر بە چەکی ئەتۆمی هێرشی بکرێتە سەر، نیکسۆن ئەم بیرۆکەی پێ وروژێنەر بوو، گوتم دواتر من و گرۆمیکۆ یا دوبرێنن ئەم بابەتە دەخەینە باس و گفتوگۆ. ئەم پێشنیارەی بریژنێڤ ئەوەمان بۆ دەردەخا ئاخۆ مۆسکۆ چەندە بایەخ بە ئاوەژوبردنی مێژە بەسەر بیجیندا.

ئەوانەی نیکسۆن دەناسن دەزانن ئەم پێشنیارە لای ئەو چەندە گرنگە بۆیە ئەوەندە بایەخی پێنادا، ئەو پێی وایە ئەمریکا هیچ مەترسیەک هەست پێناکا لەلایەن چینەوە کە تا ئێستا لەم ڕووەوە لاواز و بێ توانایە بۆیە پێویست ناکا لەگەڵ مۆسکۆ بکەوێتە نێو ئالوگۆڕییەکی وا قورس. من لە چاوەڕوانی ڕوونکردنەوە و ڕێنمایی بووم لە نیکسۆنەوە لەسەر ئەم بابەتە بۆیە هیچ ڕێکارێکم نەگرتە بەر، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک نیکسۆن دەست لە کار دەکێشێتەوە بێ ئەوەی بەلای ئەم بابەتەوە بچێ، هەروەها دوبرێننیش باسی لەم بابەتە نەکرد کاتێکیش فۆرد دەسەڵات دەگرێتە دەست و ئەم بابەتەی دەخرێتە بەردەست، دەڵێ ئەم لاپەڕە و پێشنیارەی بریژنێڤ هەڵدەنەوە و باسی لێوە نەکەن.

بە ڕاسپاردەکانی بریژنێڤ نەوەستام چونکە بەرلەوەی مۆسکۆ جێبێلم داوەتی نووسینگەی خۆی کردم بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، ئەو کاتەش لە لایەن سۆڤیەتەوە تەنیا گرۆمیکۆی وەزیری دەرەوەی ئامادە دەبێ لەلای ئێمەش هال سونینگیلدت ئامادە دەبێ، لەگەڵ وەرگێڕە بەڕەونەقەکەیان فیکتۆر خودریڤ، بۆ ئەوەی هزرەکانی بریژنێڤ بە دروستی بگوازمەوە ئامارە بەم گوتوبێژەم دەدەم کە لەگەڵ نیکسۆن ئەنجامم داوە:

ئەرێ ناتوانین پشت بە تواناکانی وڵاتەکەمان ببەستین کە خاوەن سەرمایەیەکی لە بن نەهاتووە بە تایبەت لە بواری سەربازی، تا ئەو پەیماننامەیە بە شێوەیەک ئەنجام بدەین لە بەرژەوەندیی سەرجەم مرۆڤایەتیدا بێت، هەرەشەی چەکی ئەتۆمیش لە پای هەموو مرڤێک حسابی بۆ بکەین، بە شێوەیەک بێت ئەو هاوپەیمانێتیە ئەگەر لایەنی

سێیەم هێرشی کردە سەر هەر وڵاتێک هەردوو لامان ڕێگریی لێ بکەین و بەرگری لە سەرجەم مرۆڤایەتی بکەین، تەنانەت ئەگەر هێرش کرایە سەر ئەلمانیا و ئیتالیاش دەبێ لە دژی هاوپەیمانانمان بەرگریان لێ بکەین.

لەوکاتە نیکسۆن گوتی ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە دەبێ بایەخی پێ بدەین و دوای دوو مانگ دەتوانم وەڵامت بدەمەوە، هیچی زیاترم نەگوت ئەمەش بەشێک بوو لە گوتوبێژەکەی پێشترم ئەوەتا گوتەی خۆم و هی سوخودریڤی وەرگێڕی بریژنێڤت پێ دەدەم کە ئەو پیاوە لە مێژووی بریژنێڤ بەرپرسە و من ئەم گوتوبێژەم بە کەسی تر نەداوە.

بەهۆی سروشتی بیرۆکراسیەتی سۆڤیەتیەوە، دەکرێ بلێین ژیانی سوخودریڤ نموونەی بنەمای ئەو لێدوانەیەتی، بەڵام هەرچیەکی بێ ئەو پێشنیارە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی ڕوونە کە مانای ئەوەیە ئەگەر هەریەک لە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت ئەگەر لە کێشەیەکی ئەتۆمی گلانەوە دەبێ لایەنەکەی تر بچێتە هاوکاریی، بەڵام بەتایبەتی ئێمە ناچینە هاوکاری یەکێتی سۆڤیەت ئەگەر لەگەڵ چین بە گژ یەکداچونەوە، ئەمە تەنیا لەگەڵ هاوپەیمانانمان جێ بەجێی دەکەین وەکو بەریتانیا و فرەنسا ئەگەر لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە هێرشیان کرایە سەر، لەم دیالۆگە دەردەکەوێ کە گوتوبێژەکان ئاڕاستەیەکی تریان وەرگرت:

کیسینجەر: هەرگیز ئەمینداری گشتی هێرش ناکاتە سەرمن.

( بریژنیف ڕەخنەی لە سونینفیلدت گرت)

گرۆمیکۆ: دەبێ لەسەر وەزیری دەرەوەتان تاقی بکەیتەوە ئەگینا ئەمریکییەکان دەترسێنی.

( بریژنیف فیشەکێک دەخاتە نێو دەمانچەکە و دەست دەنێتە سەر پەلاپیتکەی، هیچ ڕوونادا)

بریژنیف: دەبێ داوای یەدەگ لە سادات بکەم.(وەکو گاڵتەپێکردن ناوی ساداتی هێنا)

لەم دۆخەدا کە کتوپڕ، بوو بە پیلانگێڕی، ناچار بووم وەلامێک بۆ پێشنیارەکەی بریژنێڤ سازکەم، ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین بەبێ وێرانکردنی (هاوپەیمانی ناتۆو) کۆتاییهێنان بە کرانەوەمان بە ڕووی چین و خۆشمان لەو دونیایە گۆشەگیر کەین.

لە ڕاستیشدا ئەگەر بریژنێڤ مەبەستی بێ ئەم پرسە بە جددی وەرگرێ، هەر وڵاتێک ئەگەر بیەوێ لە پێسپێردراوی ئەو دوو دەوڵەتە دەرچێ، دەبێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ دوو وڵاتە زلهێزەکە ببڕێ، ئەوکات تەنیا بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەنی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە، بۆیە خۆم بە ناچاری بینییەوە ئەو پرسیارانە بکەم کە لە جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارە دێنەپێش لە هەمان کاتدا نابێ لە ژوری بیرۆی ئەمینداری گشتی باس لە ڕێوشوێنەکانی سەرەوژێر کردنی سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست بکرێ، بۆیە ناچارم بلێم ئەم بابەتە دەبێ بخرێتە بەردەم سەرۆک ( لە ڕاستیشدا من لەگەڵ فۆرد ئەم بابەتەم باس نەکرد) پێم گوت کە ئەم بابەتە دەبێ لەگەڵ سەرۆک نیکسۆن باسی لێوە بکەن تا من لە ڤلادیڤوستوک دەگەڕێمەوە.

ئاسان نەبوو بزانرێ چی وای لە بریژنیڤ کرد ئەم بابەتە بخاتە ڕو، گرۆمیکۆ کەسێکی وشیاربوو، ئەو دەیزانی کە ئەم بابەتە ناگونجێ، ئەو بە پێچەوانەی فەرمانبەرەکانی تری سۆڤیەتی کە هەرگیز بە پێچەوانەی بریژنێڤ نادوێن بەلام گرۆمیکۆ ودوبرینن باسیان لەو بابەتە نەدەکرد تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە بریژنێڤ ئامادە دەبوو، ئەم پێشنیارە تەنانەت لە ڤلادیڤوستوکیش هیچ ئەنجامێکی نەبوو سەرەڕای ئەوەی نەک جارێک دوو جاری خستەڕو.

ڕاستی بریژنێڤ لەو پێشنیارە چی بوو؟ بەدوای کرانەوە و کۆپیی پەیوەندییەکاندا دەگەڕا؟ یا هەوڵێک بوو دای تا ئەمریکا و سۆڤیەت بەیەکەوە دونیا بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان بۆئەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ چین تێک بدەن؟ بەڵکو هەموو گریمانەکان ڕاست بن.

ئایا بەردەوامی لە کەمبوونەوەی ئالۆزیەکان ناچاری دەکا چاکسازی ناوەخۆ ئەنجام بدا و تواناکانی سۆڤیەتیش لە پرسەکانی ناوەخۆ سەرف بکا؟ هەروەکو میخائیل گۆرباشۆڤ دەیزانی کە ڕژێمی سۆڤیەت لەگەڵ ئابووریی نوێی دونیا نایەتەوە؟ یان لە پێناو سیاسەتێکی دوژمنکارانە یاری دەکات ؟

هەرگیز ئەوە نازانین. هەرچەندە من هەست بە ئازار دەکەم کە هۆکارەکان نازانین. دواجار بەهۆی ناکۆکییە ناوەخۆکانی ئەمریکا پرۆسەی کرانەوەش داد نادا، بەهۆی ئەوەی کە بریژنێڤیش ناتوانێ بەرگەی حەزی سوودوەرگرتن لە ناکۆکییەکانی ناوەخۆی ئەمریکا بگرێ و رێککەوتنی بازرگانیش شکستی هێناو رێککەوتنی سالتیش لە نێو لمی دەریا ون دەبێ. ئەوەی رویدا ئەو دانیشتنەی کە بریژنێڤ هۆشداری ئەوەی دابوو رێککەوتنی سالت برکا لە هەردوولاوە پەلوپۆی کرا، دواجار بووە مایەی ئەوەی پەیوەندییەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوا تێک بچن. ئەمەش بەو پێشنیارە دەستی پێکرد کە لە هێزێکی زەبەلاحئەتۆمییەوە پێشکەش کرابوو کەوا لە دەست گرتن بەسەر دەولەتاندا هەبوو بە ناوی پێسپاردنی دەولەتانی دونیا بە دوو دەولەتە زلهێزەکەی ئەتۆمی، دوای ئەوە دەستپێشخەری ئەمینداری گشتیی حزب لەسەر هەمواری جاکسۆن —فانیک بوو کە جەخت لەسەر یەکنەگری ناوەخۆی ئەمریکا دەکاتەوە.

دوای خواحافیزی فەرمیم، بریژنێڤ ئەمجارەش بانگێشتی دانیشتنێکی تایبەتیی کردم، گوتی نابێ بەهەلە لێک بدرێتەوە، هەر چەندە هەلوێستی بیرۆی سیاسی لەسەر جاکسۆن توند بووبێ، یەکێتی سۆڤیەت لە نێو سەت دەولەتی ئەندام لە سەندوقی کاشی نێودەولەتی MNF تاقە دەولەت بوو مامەلەی تایبەتیی لەگەلدا دەکرا.

بەیانیی دواتر تاقە پێلاوەکەی تریش دەکەوێ، لە ٢٧ی تشرینی یەکەم لە رێگامدا بەرەو فرۆکەخانە، گرۆمیکۆ نامەیەکی بە بەرواری رۆژی پێشتر پێدام، بەلگەنامەیەکی سەیر بوو، هەر لەسەر کاغەزێکی ئاساییش بوو، لەسەر نامەی وەزارەتی دەرەوە نەنوسرابوو، هەروەکو نامەیەکی ئاسایی وابوو، لەم نامەیە نوسرابوو کە گرۆمیکۆ ئامادە نابێ هیچ نامەیەک لەگەل جاکسۆن ئالوگۆر بکا کە لە کۆشکی سپی دەنووسرێنەوە، گوتی سەرۆکایەتی سۆڤیەت لەسەر داوای من رازی بووە کە پەیوەندییەکان لەگەل کاروباری ناوەخۆ ئەنجام بدرێ و گرۆمیکۆ ئامادەش نەبوو هیچ رونکردنەوەیەک لەسەر ئەم هەلوێستە بدا.

ئەوەی دوو سال بوو لێی دەترسام ئەوەتا روویدا، ئەوکاتەی فۆرد دەسەلات دەگرێتە دەست، رێککەوتنی بازرگانی ئامادەبوو بۆ واژۆکردن، رێژەی کۆچبەرانی جووش گەیشتبووە ٤٥ هەزار کە گرۆمیکۆ پەیمانی دابوو و بریژنێڤیش رەزامەندیی لەسەر دابوو،

ئێستا سۆڤیەت خۆی دەگنخێنێ بە نووسینیش لێکتێگەیشتنمان هەبوو، فشارەکانی کۆنگرێس ناچاریکردین کەلێنەکان بگرین، پێداگری جاکسۆن لەسەر بڕیارەکانی خەریک بوو ڕێککەوتنی بازرگانی و کۆچی جووەکانی لە ناو دەبرد.

مۆسکۆمان لە ٢٧ی تشرینی یەکەم جێهێشت بەڵکو جێهێشتنێکی سومبولی بێ، نانسیی هاوسەرم پێڵاوەکەی جێهێشتبوو، بوول بریمەری یاریدەدەرم ناچار دەبێ و بۆی دێنێتەوە، دەتوانم بیر لە هەستی سۆڤیەتیەکان بکەمەوە لە فرۆکەخانە، کە هاوسەرم دەبینن بە پێڵاوی پیاوانەوە، ئەو ڕەخنانەی لە مۆسکۆ لێمان دەگیرا ئەوەبوو کە کراسمان لەبیر کەین نەک پێڵاو.

# (١٠)

# ڤلادیڤوستوک و قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت

## گەیشتن بە ڤلادیڤوستوک

لە ٢٣ی تشرینی دووەم فۆرد لە سەر ڕێگای خۆی لە سیئولەوە بەرەو ڤلادیڤوستوک بەڕێکەگوت، چونکە تا ئەوکات یەکێتی سۆڤیەت بە فەرمی دانی بە کۆریای باشور نەنابوو بۆیە فڕۆکەی سەرۆکایەتی لە تۆکیۆ نیشتەوە، دوای ڕێوڕەسمەکان و ئاهەنگ گێڕان، بە پیادە بەرەو سۆڤیەت بەڕێکەوتین کە گەشتێکی خۆش نەبوو.

فڕۆکەی جەنگی ئاسمانیی سەرۆکایەتی لە بنکەیەک نیشتەوە کە ٥٠ کم لە ڤلادیڤوستوکەوە دوور بوو. ڕۆژی پێشتریش گەردەلولێکی بەفری هەڵیکردبوو، گومانمان هەبوو لەوەی بتوانین بنیشینەوە بۆیە خانەخوێکان بڕیاریاندا ئاڕاستەمان بەرەو کاباروفسک بگۆڕین، ئەم بڕیارە تووشی دڵەڕاوکێی کردین کە کۆبونەوەی لوتکە لەم شوێنەی سیبیریا ببەسترێ، زیاتریش لەبەر ئەوەی تەنیا هەزار میلێک لە مۆسکۆوە دووربوو، دواتر بەستنی کۆبوونەوەی لوتکە لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لەسەر سنووری چین بە دڵنیایی لای چینەکان گومان و پرسیار دروست دەکا کە ئەم کۆبوونەوە بۆ بێزارکردنی بێت، هەرچەندە ئێمە لەم بژاردەیە دەترساین چونکە دەستنیشانکردنی ڤلادیڤوستوک لای چینییەکان بە نیاز پاکی لێک نەدەدرایەوە.

بەهۆی داپۆشینی فڕۆکەخانە بە بەفر سەرجەم بنکە سەربازییەکان سپی هەڵگەڕابوون، هیچمان لێوە دیار نەبوو جگە لە چەند تارماییەک کە بۆ پێشوازیکردنمان ئامادە ببوون، هەر بەهۆی ئەو سەرمایەوە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن، گۆڕدران، بریژنێف

چالآکانە دەجولآیەوە، بە شەمەندەفەر چووینە (ئوکیانسکایا) کە سەیرانگایەکە نزیکەی ١٠ میل لە ڤلآدیڤوستوکەوە دوورە، شەمەندەفەرەکە پان و بەرین بوو، بۆ سەردەمی تزاری (قەیسەری) دەگەڕایەوە، خزمەتکارەکان بە جلی گەلەرییەوە چایان لە سەماوەر بۆ دەهێنایین، سەیری ئەو دیمەنە جوانانەمان دەکرد کە بە بەفر داپۆشرابوون هەندێک لەو چیایانەی لێمانەوە دیاربوون سنورەکانی چین بوون، کە پێکدادانی نێوان هێزەکانی سۆڤیەتی و هێزەکانی چینی لە ساڵی١٩٦٩تێدا ڕوویدابوو. دیمەنەکان لە دیمەنی سالآنی ١٩٦٧ی ئیسرائیل دەچون کە دەکەوتە نێوان هەردوولا تێکهەڵچوبوون.

دواجار بریژنێڤ ئێمەی بە ڤلآدیڤوستوک گێرا کە تا ئەوکات بە ڕووی بێگانەکاندا داخرابوو، چونکە ڕۆژەکە یەکشەم بوو شار خامۆش بوو، لە ڕووی سیماوە بە شارەکانی ئەوروپای ناوەڕاست دەچو کە بۆ سەر ئاسیا دەڕووانن. چونکە دانیشتوانەکەی زۆرینەیان ئەوروپی بوون لە سان فرانسیسکۆ دەچو، هەندێکیش لە شارەکانی کۆریا و ژاپۆن دەچو، کە فۆرد سەردانیی کردبوون. مەبەستی تزاریەکان لە دامەزراندنی ئەم شارە بۆ ئەوە بوو لەوێوە ئیمپراتۆریەتی ڕوسی بەرەو ئاسیا هەنگاو بنێ. لە شەمەندەفەرەکەدا من و سەرۆک فۆرد لە ژووری نانخوارد دانیشتبووین مێزەکەمان بە سەرمێزێکی سپی داپۆشرابوو، هەریەک لە بریژنێڤ و ئەندرێ گرۆمیکۆ و ئاناتولیی باڵوێزو دوبرینین و فیکتۆر زاخارۆف و وەرگێڕەکەش لە مێزەکەی تەنیشتمانەوە بوون لەگەڵ ئێمەدا، وەرگێڕیشمان لەلا دانیشتبوو لەگەڵ باڵوێزمان لە یەکێتی سۆڤیەت، هاوسەفەر بوونی وەرگێڕ لە نەریتەکانی نیکسۆن بوو، کە پێی وابوو وەرگێڕەکانی وەزارەتی دەرەوە نهێنییەکان دەدرکێنن.

دواجار فۆرد و بریژنێڤ روبەڕ لەگەڵ یەک دوانی کە زۆر شتی لێ خوێندەوە، لە یادەوەریەکانمدا ئەم کورتەیەم لەسەر بریژنێڤ باس کردووە:

کەسێکی لێهاتوو نییە و بێ سەبرە، گەلێک جار ئامادەباشیی نییە، ئەم خەسڵەتانە بەرەفتارو قسە و خۆدزینەوە دادەپۆشێ. هەرچەندە لە بڕیارەکانیدا زۆر بێ بەزەیی و توندە و هیچ دەرفەتێک بۆ نیازپاکی نایهێڵێتەوە.

ئەگەر نەتناسێ بە وشیارییەوە هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکات، بەهۆی هێزی ئەمریکاوە ڕیزی تایبەتیت لێ دەگرێ، باشترین مامەلە ئەوەیە بەڕونی هەڵوێستەکانی خۆتی پێ بڵێی.

بەڵکو حەزی لە جیاکردنەوەت بێ وهەندێک قسە و باسی خۆشت لەگەڵدا باس بکات، نیشان بدات کە بایەخ بە پەیوەندییەکانی دەدا، بەلام لای ئەو بۆ ئەم پەیوەندییانە هەندێک مانای تایبەتی هەن. دەبێ هەڵوێستەکانت لەسەر چین بزانێ.

فۆرد لە کاتی ئامادەکاری بۆ گەشتەکە هەستی نائارامیی دەربڕی، ئێستاش کە خۆی لە سیبیریا دەبینێتەوە هیچ پاساوێک نابینێ دەستبەرداری خەسلەتەکانی بێ.

بریژنێڤ بە هەوەسی خۆی دەستی بە دانوستانەکان کرد، پەلاری لەسەر (ئورهو کیکۆنین) ی سەرۆکی فینلەندا دەدا کە زۆر حەزی لە قاوەیە، چونکە خۆی ڕقی لێیەتی، هەروەها لەسەر سەرۆکی کۆچکردووی میسر(جمال عبدالناصر) گوایە سیاسەت تێکەڵاو دەکا. نوکتەکانی هەمووی لەسەر گرۆمیکۆ بوو. ڕەفتارەکانی بۆ فۆرد باس دەکرد.

لە نەریتەکانی فۆرد بوو کە ئەگەر بۆ یەکەم جار لەگەڵ کەسێکدا دانیشێ باسەکان لەسەر کارەکە چڕ بکاتەوە، پرسیاری لەسەر وزەی کشتوکاڵ لە بریژنێڤ کرد، کەچی ئەو خۆی بۆ ئەم پرسیارانە ئامادە نەکردبوو، کاتێک باسی لەسەر پلەی گەرمای سیبیریا کرد بۆ کشتوکال کە لەوێ ئەمە ناکرێ، فۆرد ڕاستەوخۆ چووە سەر باسی دانوستان و لێی پرسی بەرنامەکانی ئێوە بۆ دانوستان چۆنن؟

چونکە لە شێوازی نیکسۆنەوە فێر ببوو، بە کورتی وەلامی دایەوە کە بەرنامەکە لەسەر سنورداریی پڕچەککردن وڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی دەبێ، دواتر بریژنێڤ دەڵێ:

دەی با وەکو دبلۆماسی نا، با وەکو ئادەمیزاد قسە بکەین، هەردوولامان لە جەنگی دووەمی جیهانی بەشداریمان کرد. ئەم جەنگە بە بەراورد لەگەڵ جەنگی ئەتۆمی یاریی مندالان بوو، فۆرد خۆی تێهەڵقورتاند و گوتی: بەڕاستی ئەنجامەکانی جەنگی ئەتۆمی شتێکە بڕوا ناکرێ، ئەمەشی دوپات کردەوە کە سیاسەتی ئێمە درێژەپێدەری سیاسەتی نیکسۆن دەبێ.

بریژنێڤ هەنگاوێکی تری جیای نا گوتی: پێموایە ئێمە بە ئاڕاستەیەکی هەڵە دەڕۆیشتین کە کێبڕکێی چەکمان دەکرد، بەیانی، زانست داهێنانی وامان نیشان دەدا کە بڕوا ناکەین، من نازانم تا چەند ئێمە دەتوانین ئاسایش بنیاد بنێین، من نامەوێ بە ژمارە و داتا قسە بکەم بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە کێبڕکێی چەک مەترسیدارە، خەڵک وردەکارییەکان نازانێ ئەگینا ئێمەیان ڕەوانەی دۆزەخ دەکرد، ئێمە بە ملیاران لەم بوارە خەرج دەکەین ئەو ملیارانە لە خزمەتی گەلدابان باشتر دەبوو.

ئەمە ئاماژەیەکی باش بوو لەم کات و ساتەی نێوەندی قەیرانی جەنگی ساردا: کێبڕکێی چەک بەبێ متمانە بەیەکتربوون چارەسەر نەدەکرا، بەڵام بۆشایی و مەودای نێوان ئایدیۆلۆژیەکان وای کردبوو هەریەکەیان بایەخی زۆر بە بواری ئاسایش بدا، ئەمە گرفتێکی مەزن بوو کە بووە مایەی دواکەوتنی چارەسەری و سستی لە دانوستانەکان. جێگەی داخە کە ئێمە ئەوەندە ئازاد نەبووین ئومێدەکانی بریژنێڤ بزانین، ئەو ماوە درێژە لە نێو شەمەندەفەر بەناو خاکی سیبیریا بەم گوتوبێژانە بردرانە سەر، فۆرد ئەمەی نەدەویست، دەبووایە هەندێک ڕێککەوتن ئەنجام بدرابا:

جەنابی ئەمینداری گشتی من بایەخ بە چارەسەریەکانت دەدەم، ئێوە وەکو پیاوی دەوڵەت بیر لەم کێشانە دەکەنەوە، لای من جێگەی بایەخە، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەمە لە دەرفەتێکیتر باس بکەین.

پێم باشە ئەم بابەتە لەم کۆبوونەوەدا بە مەرج وەهەنگاوبەهەنگاو باسیان لێوە بکەین، پێموایە پێشنیارەکانی ئێمە و ئێوە دەکرێ ببنە بنەمایەکی باش بۆ درێژەپێدانی کەلتوری ڕێککەوتنی ١٩٧٢.

هیچ بابەتێک بۆ گفتوگۆ نەبوو تا کاتی کۆبوونەوە، گرۆمیکۆ بینیی کە سیناتۆر ولتەرموندیل دەستبەرداری ئارەزووی سەرۆکایەتیی ١٩٧٦ بووە چونکە بریژنێڤ ئامادە نەبووە لە مۆسکۆ پێشوازیی لێ بکا، ئەمەی بۆ ئەوە گەڕاندبۆوە کە بریژنێڤ هنری جاکسۆنی پێ باشتر بووە، وەکو خالی فشار بۆ گەڕانەوە سەر هەمان بابەت، فۆرد ویستی سود لە ڕقی سۆڤیەتیەکان لە هنری جاکسۆن وەرگرێ :



Henry M. Jackson

لە سیستەمی ئێمەدا بۆ تاک، جاکسۆن مافی خۆیەتی ئەمە ڕەتکاتەوە، بەڵام پێموایە کە گەل دەیەوێ ئێمە هەمان ڕێچکەی حالیحازر بگرینەبەر، ئەگەر بتوانین لە ماوەی ١٩٧٥-١٩٧٦ ڕێککەوین ئەوا دەرفەتی زیاترمان لەبەر دەستدا دەبێ بۆ پیادە کردنی سیاسەتەکانمان لە ١٩٨٠. نیکسۆن هەمیشە باسی لە پەیوەندییە باشەکانی دەکرد لەگەڵ بریژنێڤ، نەک لەبەر ئەوەی هەندێک نەستی لەسەر سۆڤیەت هەبووبەڵکو بۆ ڕوخاندنی ناحەزانی بوو لە ناوەوە، ئەمەش بە ڕیزلێنانیان دەبوو لە دەرەوە. بەڵام لەم ڕووەوە فۆرد زۆر هەستیارتر بوو.

مانەوەمان لە ئوکیانوسکا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بووە پشوویەک بۆ کارمەندان، هەرچەندە هەندێک لە یاوەرانمان ناویان نابوو شێتخانە. پێکهاتبوو لە باخچەیەکی دروستکراو لە بەرد، دەورە دراو بە چەند کوخێکی دارین، یەکێکیان بۆ من تەرخان کرابوو هەرچەندە ژیکەلەو ڕێک نەبوو بەڵام هەر باش بوو لە سەرما دەیپاراستم، ئەو

سۆپا بچوکەشی ئـاگرو دوکەڵ و بـۆنی تێکەڵکردبـوو، سـەرمای وام لە ژیانمـا نەدیبـوو، تەنیا فۆرد لە خانووی بەردین دەخەگوت، کە بەهۆیەوە لە دڵەڕاوکێ ڕزگاری ببوو.

## یەکەم دیداری تەواوکەر

دانیشتنی تەواوکەر لە باخچەی زستانەی ئەو بینا بەردینە ئەنجام درا، کە بە گوڵ ڕازێندرابۆوە. دوبرینن پێی ڕاگەیاندین کە بریژنێف دوای بەیەکگەیشتنی لەگەڵ فـۆردا لە شـــەمەندەفەر تووشـــی لێـــدانی دڵ بـــووە. بـــۆیە دکتۆرەکـــان داوایـــان لێـــی کـــردووە دانوستانەکان بۆ ئێوارە دوابخا، ئەگەر وابێ ئێمە بە پێویستی نازانین زۆر لە خۆی بکا.

ئەمە یەکەم جـارە لە سـەردەمی حـوکمڕانی فـۆردا لەسـەر پرسـی سـاڵت یەک هەڵوێست دەبین، لەسەر یەکسانی لە ژمارە هاوڕا بووین، کە دەسـتەواژەیەکی هـونەرییە بۆ ئەم پرسە، من وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی لە یاداشتەکانمدا نووسـیومە کە بە فۆردم وتووە تەنانەت لە حاڵەتی ئەوەی لەسەر سـاڵت ڕێـک بکەویـن بەڵام نـاڕەزاییە ناوەخۆییەکـان بەردەوامیـان هەر دەبـێ، پارێزگارەکـان فشـار دەخەنە سـەر گـۆڕینی دەرەنجامی یەکسانی بـۆ قورسـایی هاویشـتنی یەکسـانی، ئەمە قـابیلی دانوسـتانە بەڵام دوای ئەوەی ئەمریکا هێـزی زەبـەلاحی سـەربازیی بنیـاد دەنـێ، بە دڵنیـاییش ئەمە لای کۆنگرێس ڕەت دەکرێتەوە. لیبراڵیستەکانیش دژی زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکـان کە لە پێشـنیارەکەی دەرەنجـامی یەکسـانیدا هـاتووە، وێـڕای ئەم هۆشـدارییانە ڕامسـپارد بەرەو پێش برۆین لەبەرئەم هۆکارانە:

١/لە ڕووی سیاسییەوە، ئەگەر توانیمان ڕێکەوتنی (ساڵت) بڕ بکەیـن ئەوە بەردەوامـی پەیوەنـدییەکانمان پاراسـت. لە کاتێکـدا ا/ دەتـوانین لەو ڕێگـایەوە ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینەوە. ب/ پێویست ناکا هەموو کاتێک چالاکیەکانمـان کـارا بن، ئەمەش بۆ بودجە بە باشی دەگەڕێتەوە.

٢/ بە بـــوونی کۆنگرێســـێکی نـــوێ و بەر لە هەڵبژاردنەکـــان و لە کـــاتی قەیـــرانە ئابوورییەکانی بواری وزە. بـواری ترمـان بـۆ دەرەخسـێ تـا پشـتی پـێ ببەسـتین و

گەشــە بە بەرنامەكانمــان بــدەین، بە تــایبەت ئەگەر پێشــنیارەكە بــووە بنەمــای ڕێككەوتن.

٣/ ڕێككەوتنە مەزندەكراوەكە خەسڵەتێكی تایبەتیی هەیە بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەی (ترایدینت و ب،ا) بەمەش دەرفەتی زیاترمان بۆ دەرەخسێ بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی كۆنگرێس.

كاتێك پرسی سنورداركردنی پرچەك بوون دەبێتە بەرنامەی ستراتیژی نوێ، لە مەبەستەكە دوور دەكەوێتەوە .

پشتگیریی شلیسنجەر ئالۆزو بێزاركەر بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕەزامەندیی لەســەر ڕێككەوتــنەكە هەبــوو بە ٢٤٠٠ ســەكۆی هاویشــتن و ١٣٢٠ مووشــەكی میرف (MIRV). بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەگرانمان ڕوونكردنەوەی تەواومان هەبوو. دواتر فۆرد پشتگیریی باشی هەبوو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەكانی ناوەخۆ.

كۆبوونەوە فەرمییەكان لە كاتژمێر شەش و چارەگی ئێوارە دەستیان پێكرد، بریژنیف كە بە چای و پارچە كێك میوانەكانی بەخێر هێنان ئەو كورتە نووسینە فەلسەفییەی نێو شەمەندەفەر دووبارە هێنایەوە گۆڕێ، دواتر ڕاستەوخۆ گوتوبێژەكان لەسەر سنورداركردنی پرچەكبوون دەستیان پێكرا. گفتوگۆكە لە یاریی كابۆی دەچو (كابۆی كورتە شانۆگەریەكی ژاپۆنییە بە گۆرانی و مۆسیكا نمایش دەكرێ)، شێوازێكی كۆن بە ئەنجامێكی قەزا و قەدەری كۆتایی هات، جیاوازییەكە تەنیا ئەوەبوو دەروونی ئەكتەرەكان جیابوو، هەرچەندە ئەنجامەكەی ڕوون و دیار بوو چونكە گونجاو نەبوو بریژنێف ئەو هەموو ڕێگایە بگرێتەبەر تا دەگاتە ڤلادیڤوستوك تا سەرسام بێ لە (ئەنجامەكانی یەكسانی) دواتر بەڵكو بریژنێف لە توانایدا نەبێ مەكتەبی سیاسیەكەی بەم ئەنجامە ڕازی بكات.

بۆ مۆسكۆ جیرالد فۆرد ئەزمونێكی نوێ بوو چونكە نیكسۆن لە وردەكارییەكان زوو بێ تاقەت دەبوو، بەتایبەتی لایەنە هونەریەكەی ساڵت، بۆ چارەسەریی لەگەڵ بریژنێڤدا بەڵكو كاتێكی زۆر دەخایەنێ، سەرەتا لە هەندێك گریمانەی ستراتیژی سیاسیی گشتیەوە دەست پێدەكەن، دواتر چاوەڕوان دەبن تا بریژنێف هەندێك پێشنیار دەخاتەڕوو، ئەوكات نیكسۆن وردەكارییەكان بۆ گرۆمیكۆ جێ دەهێڵێ، بەڵام فۆرد بە

پـێچەوانەی ئەوە، ڕاسـتەوخۆ دەچێـتە نـاو بابەتەکـان و وردەکارییەکانییـەوە و لەسـەر لایەنە هونەریەکەش گفتوگۆ دەکا، بڕیاری مەزن لە چاوەڕوانیی ئەودا بوون بۆیە هەندێک مەترسـیی لـێ دیـار بـوو لەسـەر لایەنـی بـودجەی بەرگـری کە پێـوەری سـەرکەوتنی کۆبوونەوەی لوتکەیانە.

هەرپەشە شاراوەکان لە فێڵ دەچـوون چـونکە دارشـتنی بـودجەی سـالّی نـوێ تەواو ببوو، بەلاّم ترسە مەزنەکەی ئێمە لە کۆنگرێسـە نـوێکە بـوو (مکگفـرن)- کـە لەسـەری زالّە- داواکاریەکانمان قوت کـات، بەرزکردنەوەشـی وەکـو خەیـالّ وابـوو، فـۆرد هەمیشـە دوپـاتی دەکـردەوە کە هەر ڕێککەوتنێـک بکـرێ دەبـێ لەسـەر بنەمـای یەکسـانی (بەرانبەری) بێ ئەمەش ناڕاسـتەوخۆ ئەوە دەگەیەنـێ کە مـن ئەو داواکـاریەی بریژنێـڤ ڕەتـکەمەوە کە لە دوا گەشـتەکەمدا بـۆ مۆسـکۆ داوایـان کردبـوو ڕێـگە بە مـانەوەی ٢٠٠مووشەکیان بدەم تا کۆتایی ئەم هەژدە مانگەی لەسەری ڕێککەوتوین.

بریژنێڤ بەوە تۆمەتباری کردین کە ئێمە مەرجەکانمـان تونـد دەکەیـن، گرۆمیکـۆش پێـداگریی لەسـەر بیـانووی کلاسـیکیی سـۆڤیەتی کـرد، کە هەڵگـری فڕۆکەکـان دەبـێ بەچەکی ستراتیژی بێتە ئەژمار، دواتر هەردوو فەرماندە سۆڤیەتەکە دووبارەیان کـردەوە کە هێزی ئەتۆمی فرەنسی و بەریتـانی لە میـانی کـۆی ٢٤٠٠ ەکەی پێشـنیارکراو دەبـێ، واتە دووبـارە پێـداگری لەسـەر داواکەی سـۆڤیەتە کە پێشـینە بە چەنـدایەتی بـدرێ، بەرانبەر بە سەکۆکانی ئەمریکی، بریژنێڤ دووبارە گەڕایەوە بۆ تۆمەتە هەڵبەسـتراوەکە، سـەیری دەسـپێکی دواکەوتـویی سـۆڤیەتی دەکـرد، پێـی وابـوو کە ئەمریکـا تـا کۆتـایی هەشـتاکان دەبێـتە خـاوەنی ژمـارەیەکی زیـاتر لە مووشـەکی ( میـرف)، بەدەر لەو ژمارەیەی ڕاگەینادراوە.

دواجـار بۆیـان دەرکەوت کە دوورن لە نوێکـاری سـتراتیژی، چـونکە زۆر دەگـمەن سەرکردەکان لەم بوارە شارەزان، بریژنێـڤ چەنـد پرسـێکی هـونەری ئـالّۆزی وروژانـدن، بەلاّم دواجـار بەهـۆی ناشـارەزاییانەوە لەم بـابەتەوە مشـتومڕەکان بلاّودەکەنـەوە، بە فسکەفسـک، هەریەک لە دوبـرینین وجـورج کورنییننکـو سـەرۆکی بەشـی ئەمریکـا لە وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت هەڵسان بە ڕونکردنەوەی هەندێک لە ڕاستیەکان بۆ سـەرۆکە پەشـۆکاوەکەیان کە لە ڕێـگەی بلینگۆکـانەوە دەنگیـان دەگەیشـتە گـوێچکەی

شاندەکەمان، دووجار جەنەڕال میخائیل کوزلوف ی سوپا سالاری سۆڤیەتی هەڵسا بە نەخشەکێشان، بریژنێڤی تێگەیاند کە پەرەپێدانی مووشەکەکان بە ئەندازەی ١٥% بەسە بۆ ئەوەی پەرە بە نەخشەی سۆڤیەتی بدەین.

پێموایە بریژنێڤ دیدێکی تری هەبوو بەڵام نەی وروژاند. نوێکردنەوەی ڕێککەوتنی سالت ڕێگە بە ئەمریکا دەدا هەموو دەرگاکان لە یەکێتی سۆڤیەت بەرتەسک کاتەوە. هیچ گرفتێک لەبەردەمدا نەما بۆدانانی مووشەکی زیاتر لە مووشەکەکانی (مینیوتمان٣ ) کە ئێستا هەمانە، لە هەردوولا دەتوانین سەرە ئەتۆمیەکان بۆ دوو ئەوەندە زیاد کەین بەو شێوە توانای کاولکردنمان زیاتر دەبێ، لە ڕاستیشدا لە تواناماندایە هەردوو کارەکە ئەنجام بدەین و هەر کەلێنێکی ستراتیژیش لەم میانە دروست بێ دەتوانین دایخەین، لەگەڵ ئەمەشدا پنتاگۆن هیچ کاتێک داوای مووشەکی نەکردووە لە مووشەکی MX بەرزتر بێت، کە ئەم مووشەکە لە دوای مووشەکی (مینیوتمان)ەوە دێت، من هیچ کاتێک داوای مووشەکی قورسترم لە ئیدارەی هیچ وەزارەتێکی بەرگری نەکردووە و بە بەرنامەی پراکتیکی (سالت١) ڕازیم.

پاش ئەوەی یاوەرانی هەڵەکانیان بۆ ڕاست کردەوە، بریژنێڤ دەگەڕێتەوە لامان بۆ باسکردنی نەخشەی سەرپەرشتی هاوبەش لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت:

من پێشنیارێکی ترم هەیە، دەبێ د. کیسینجەر ڕازی بکەن کە ئێمە دەبینە هاوپەیمان لە بواری ئەتۆمی، ئەوکات هەموو شتێک کۆتایی دێ و سازش بۆ یەکتری دەکەین و ڕێکدەکەوین، نەک لێرە بەڵکو لە واشنتۆنیش، ئەوکات لە بواری ئەتۆمی هیچ کێشەیەکمان لە نێواندا نامینێ چونکە هاوپەیمانان متمانە بەیەکتری دەکەن و لەیەکتری دڵنیا دەبن.

ئێمە خۆمان لە هەر گومانێکی کۆنترۆڵی هاوبەشی لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت دوور دەخستەوە، فۆرد خۆی لە ئاماژەکانی بریژنێڤ دوورخستەوە کە گوتی:

دەبا هەنگاو هەنگاو کارەکە ئەنجام بدەین، ئێمە لە گەلێک بواردا هاوکاری یەکتری دەکەین، بۆیە نازانین تا کوێ هەنگاو دەنێین.

دوای پاشگەزبوونەوەیەکی گشتی لە (دەرەنجامە هاوبەشەکان) بریژنێڤ پێشنیاری کرد٢٤٠٠ سەکۆی هاویشتن بۆماوەی دە ساڵ، دیاری بکرێ. لە بەرانبەر

نامەیەک لە لایەنی ئەمریکییەوە کە تا ۱۹۸۳له ۲۲۰۰ زیاتر نەکا. واتە هەمان ئەو پێشنیارەیە کە لە مۆسکۆ بە من درابوو بە جیاوازی ئەوەی دەبووایە بە نهێنی بێ، نەک ئاشکرا. فۆرد ڕوونی کردەوە کە ڕای گشتی جیاوازی قەبووڵ ناکا.

بریژنێڤ پێشنیارێکی سوکی کرد گوتی:

( دەبا سەرۆک فۆرد لە دەسەڵات بمێنێتەوە بۆچی بڕوا؟ )ئەم پێشنیارە لە نێو سۆڤیەتییەکان فسکە فسکێکی تری دروست کرد، گرۆمیکۆ بۆی ڕوونکردەوە کە ئەمریکییەکان مافی ئەوەیان نییە لە دوو خول زیاتر بەردەوام بن.

لە پێناو قەرەبووکردنەوەی سۆڤیەتیەکان تا بە ئەنجامی یەکسانی ڕازی بن و دەستبەرداری قەرەبوو بە بنکەی دەریابڕ ببن، فۆرد پێشنیاری بۆ کردن کە (غەواسەی مووشەک هەڵگر) لە بەندەری ڕوتای ئیسپانی لە دوای ساڵی ۱۹۸۳ وە بووەستێندرێ.

دواتر بریژنێڤ ئەو پرسەی وروژاند کە لەلایەن کورنینکۆ لە مۆسکۆ خرابووە بەردەمم لە سەر ساڵت ۱ ئەویش لە ژێر کاریگەری پرسی ناوەخۆماندا بوو. ئەمە تەنیا گفتوگۆیەکی دانوستانی بوو، بەرنامەی ڕاستەقینە دواتر دوای بیست ساڵی داهاتوو دێت کە ئەهوەنتر بوو.

لەم خاڵە، لە کاتژمێر ۹،۳۰ خولەک بریژنێڤ داوای پشویەک دەکا، دواتر زانیمانەوە کە ناکۆکیەک لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ مارشال ئەندرێ گریشکۆی وەزیری بەرگری دروست بووە، ناوبراو دژی ئاسانکاری ناوچەکانی پێشەوە وەستابۆوە، بەڵام بریژنێڤ دەسەڵاتەکانی خۆی سەپاندبوو، ساتەکانی کرانەوەش لەسەر زمانی بریجنێف دێن:

باشە جەنابی سەرۆک دەتوانین چی بکەین؟ ڕازیم لەسەر ئەوەی کە هەڵوێستی ناوەخۆتان جیایە لەگەڵ هەڵوێستی ناوەخۆمان، بەڵام من دەمەوێ پرسیارێک بکەم: بۆچی ئاسایش و ئاسودەییەکی یەکسانمان نییە؟

ویستمان بابەتەکە بەمشێوە چارەسەر کەین، سێ خولی گفتوگۆمان ئەنجام دا، ئاشکرایە کە ئێمە ناتوانین هەموو کێشەکان لە دوو ڕۆژدا چارەسەر کەین. ئەوەی پێویست بوو هەوڵ بدەین گونجانێکی سەرەتایی بەمشێوەیە ڕێک بخەین: ۲٤۰۰ سەکۆی هاویشتن بۆ ئێوە، ۲٤۰۰ یش بۆ ئێمە، ۱۳۲۰ مووشەکی (میرف) بۆ ئێوە، هەمان

ژمارەش بۆ ئێمە. من و فۆرد داوامان لە بریژنێڤ کرد پەیمان بدا کە نە نامەی لاوەکی، نە هیچ کردەیەکی نهێنی نەبن، بریژنێڤ وەڵامی دایەوە:

بە پێی ئەم ڕێکەوتنە بێ نە نامەی لابەلا نە هیچ کردەیەکی نهێنـی ناکا پێویسـت نییە، چونکە تا ١٩٨٥ بەو ڕێـژە دەگەیـن کە لەسـەری ڕێککەوتـوین. بەمشـێوە دەتـوانن بگەڕێنەوە یا بە گەلەکەتان ڕابگەیەنن کە ئێمە گەیشـتینە ڕێککەوتنێـک لەسـەر بنەمـای یەکسانیی تەواو.

فراوین دواخرا، دانیشتنەکانیش بە دەم خواردنی باڵووڵە و چای بۆ ماوەی شەش کاتژمێر بەردەوام بوو، واتە تا ١٢،٣٥ی شەو جگە لە چەنـد کـورتە پچڕانێـک کە تیایـدا بریژنێڤ پەیوەندیی بە مۆسکۆوە دەکرد.

فۆرد و شاندی ئەمریکی دڵخۆش بوون، دوا بڕیارەکەی فـۆرد- کە پەیوەنـدیی بە سـنورداری پڕچەککـردن بـوو- ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ ئەو ڕێککەوتـنە و لەگەڵ سـەلیقەی خەڵکی واشنتۆن دەهاتەوە، دیارە بریـژنێڤیش لەسـەر ژمارەکـان ڕازی دەبـێ کە هەمـان پـڕۆژەی فـۆردە و لەلایەن پنتـاگۆنەوە پێشـکەش کـراوە. هـیچ سازشـێکی گرنگمـان نەکردووە، بەر لە ڕازی بوونی فۆرد ڕاوێژی لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی خۆی کـردووە، ئـێمەش هەر حەگوتمـان (سـەرۆک و هیلمـوت سـونینفیلدت، برینـت سـکوکروفت، ولیـام هیلاند، جون لودال، باڵوێز ستویسیل) بۆ ئەوەی ئامیرەکانی گوێبیستنی سۆڤیەتی سودمان لـێ وەرنەگرێ بەو هەوا ساردە لە باخچەکە پیاسەمان دەکرد، هیلانـد گـوتی بریژنێـڤ وردە وردە زۆر بە ئاسانی پاشەکشەی دەکرد. دەبێ هەندێکی تریش لێی بسەنین، لە مۆسـکۆ بریژنێـڤ پێـی ڕاگەیانـدم کە سـۆڤیەت نیـازی وایە ١٨٠ مووشـەکیتر لە جـۆری میـرف دروسـتکا، هیلانـد هـانی دایـن کە ئەم دەسـتبەرداریەی بکەیـنە بەشـێک لە ڕێککەوتنـی ساڵت.

لە دانیشتنی ڕۆژی دواتر کە کاتژمێر دەی بەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ٢٤ی تشرینی دووەم دەستی پێکرد، فۆرد کاری بـۆ ئەو پێشـنیارە کـرد، گرۆمیکـۆ دیـالۆگەکەی گـرتە دەسـت کە دڵنیـابوو لەوەی شـەوی پێشـو سـەرۆکەکەی ئەوەی پێویسـت بـوو کـردی. گرۆمیکۆ دیالۆگیستە نموونەییەکە ئەو کەسە بوو کە هیچ سازشـێک قبـوڵ ناکـا، بـەڵکو هەوڵ دەدا سازش لە لایەنی بەرانبەر وەدەست بێنـی، گـوتی بـەڵکو ڕازی دەبـێ لەسـەر

١٨٠ مووشەک لە جۆری (میرف) بەو مەرجەی ئەمریکا لەسەر ٢٢٠٠ سەکۆی هاویشتن تا ساڵی ١٩٨٣ ڕازی بێ.

دەرکەوت دیالۆگەکە لەسەر ڕێککەوتنی (سالْت) بووە، گرۆمیکۆ داوای سنوردارکردنی مووشەکی (میرف) دەکرد کە تا ١٩٨٣ بەڵکو یەکێتی سۆڤیەت پێی نەگا، لە بەرانبەردا ئەمریکاش مووشەکەکانی تا ١٩٨٣ سنوردار بکا کە ئێمە ئەو ڕێژەیەمان تا ئێستا لەبەردەستدا نییە، بەمشێوە گفتوگۆ لەسەر سنووردار کردنی ڕۆکیتی (میرف) کاتێکی زۆری برد، کاتێکی کەم بۆ پرسەکانیتر مایەوە.

بریژنێڤ جەختی لە هێڵی سۆڤیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، دوپاتی ئەوەی کردەوە کە دەبێ ئیسرائیل بگەڕێتەوە سنورەکانی ١٩٦٧ و کۆنگرەی جنیف دووبارە ببەسترێت بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی، وەڵامی فۆرد زانرا بوو، لەسەر گەڕانەوەی کۆنگرەی جنیف ڕازی بوو، پێشنیاری کرد دوبرینین و من گفتوگۆ لەسەر مەرجەکانی بکەین، بریژنێڤ دەبێ هەستی بەوە کردبێ کە ئەمەش درێژەدانە بە تەکتیکەکانمان.

فۆرد ئامادەیی زیاتری نیشان دا لە کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی، لەگەڵ هیلمۆت شمیدتی ڕاوێژکاری ئەلمانیا و ڤالیری جیسکار دیستانی سەرۆکی فرەنسی، ڕایگەیاندبوو کە پشتگیری لە بەستنی کۆنگرە دەکا لە ١٩٧٥، بەو ئەگەرەی کە ناتوانێ هیچ پێشکەوتنیک بەدەست بێنی.

پرسی جووەکان و ناوەندی (دەوڵەتی یەکەمی ژێر چاودێری)ی یەکێتی سۆڤیەت لە گفتوگۆکان باسی لێوە کراوە، بریژنێڤ باسی لەو نامەیە نەکرد کە گرۆمیکی لە مۆسکۆ لە کاتی گەشتەکەمدا لە تشرینی یەکەم پێی دابوو، ئەمەش زیاتر ئەو بڕوایەی لا دروست کردین کە دەبێ باسی لیوە بکەین، فۆرد تێگەیشتنی بۆ پرسەکان بەمشێوە کورت کردەوە:

بۆ بەدبەختی یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی ئێمە باسی لە ژمارەیەک کرد کە هیچکاممان پێی ڕازی نەبووین، من دەمەوێ پێتان بلێم کە من هیچ ژمارەیەکم پەسند نەکردووە، لە کاتی گفتوگۆکانیشمان باس لە هیچ ژمارەیەک نەکراوە، ئێمە تەنیا باسمان لە سێ بۆچون کردووە:

یەکەم / نابێ هیچ داواکارییەک دیاری بکرێ.


دووەم/ ڕەتکردنەوە تەنیا بەهۆکاری ئاسایشەوە دەبێ.

سێیەم/ نابێ سازش لەگەڵ داواکار بکرێت.

بریژنێـڤ پشـتگیری لە بۆچـوونە کـورتکراوەکەی فـۆرد کـرد ( کەس سـزانادرێ، ڕووبەڕووی هیچ ئازارێکیش ناکرێتەوە و باجیشی بەسەردا ناسەپێندرێ، بەڵام هەروەکـو مۆسـکۆ کـردی لە کـاتی شـەڕی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە لە ١٩٧٣ ژمـارەی داواکراوانـی کۆچکردن بۆ ئیسرائیل کەمیان کردووە.

لە دیدارێکی تایبەتیدا بە بەشـداری هەریەک لە بریژنێـڤ و گرۆمیکـۆ و دوبـرینن و یاریدەدەری تایبەتیی بریژنێڤ لەلایەن سۆڤیەتەوە، لایەنی ئەمـریکیش هەریەک لە فـۆرد و برینت سکوکروفت و باڵوێز ستویسیل و من. بریژنێـڤ دووبـارە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەر پرۆژەکەی سەروەری ئەتۆمیی هاوبەش لەلایەن هەردوو هێزە زەبـەلاحەکەوە، لەو کـاتەی مـن گەشـتەکەم کردبـوو بریژنێـڤ پێشـنیاری کردبـوو کە پەیمانێـک لەنێـوان هەردوک لا ببەسـتـرێ کە چەکـی ئەتـۆمی دژی یەکتـری بەکارنەهێنـدرێت. ئەمەش بکـرێتە هاوپەیمـانییەک دژی لایەنـی سـێیەم ئەگەر بەکـاری هێنـا، فـۆرد هەنـدێک پرسـیاری ڕوونکاری کرد، دواتر بابەتەکەی دایە دەست مـک و دوبـرینن. مەبەسـتی سـەرەکیمان لە ڤلادیڤوسـتوک ڕاگرتنـی پەیوەنـدییەکانی نێـوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا بـوو لە مـاوەی ئاڵۆزییەکـانی نـاوەخۆی ئەمریکـا و هێرشکردنەسـەر پرۆسـەی کـرانەوە، هـیچ لایەک لەو خەیـاڵەدا نەبـوو ئەو ڕێککەوتـنە سـەرەتاییە دەیـانگەیەنێتە ڕێککەوتنێکـی باشـتر لە کێبڕکێی پڕچەککردن. لەگەڵ ئەمەشدا گوتمان کە هەنگاوێکی سەرەتایی باش، هەرنەبێ بۆ خاوکردنەوەی ئاڵۆزیەکان و دەرفەتێکی کراوەی زۆریشی جێهێشت بۆ ئاشتیەکی دوور و درێـژ کە ئامانجەکـانی یەکێتـی سـۆڤیەت ڕاسـت دەکـاتەوە و بـەڵکو سیسـتەمی حوکمەکەشـی، دیـارە هەر سـەرکردەیەک بـۆ مەبەسـتی تـایبەتی خـۆی دۆخـی هاوکـاری دەپارێزێ، کـاتێکیش فـۆرد و بریژنێـڤ لەیەک جیـابوونەوە هەردوکیـان بـڕوای تەواویـان هەبـوو کە دەسـتکەوتیان بەدەسـتهێناوە بەوەی بنـاغەیەکی نوێیـان لە پەیوەنـدییەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بنیادناوە.

## ئەنجامی ڤلادیڤوستوک: کرانەوە لە ژێر فشار




لە ڕێـگەی گەڕانەوەمانـدا بـۆ وڵات، شـاندی فـۆرد پـڕ بـوو لە چـالاکی و ئنێرگـی، سەرۆک دەتوانێ بڕوای وابێ کە بەڕاستی گەشـەی بە هەڵوێسـتی ئەمریکا دا، هەرنەبـێ ململانێـی نێـوان وەزارەتـی بەرگـری و دەرەوەی ڕاگـرت. لە بەراوردێکـدا لە نێـوان هەڵوێستەکانی هەردولا بۆمان دەردەکەوێ کە لایەنی سۆڤیەتی سازشی کردووە، ئەمەش لە گوتەکانی بریژنێڤ دەردەکەوێ کاتێک ماڵئاواییمان لێـی کـرد بە فـۆردی گـوت: ئەمە

ئەوپەڕی توانام بوو خستمە گەر تا سەرۆک بە شێوەیەک بگەڕێتەوە وڵات هەست بکا دەستکەوتێکی بەدەستهێناوە کە کەمتر نییە لە دەستکەوتەکانی نیکسۆن.

ڕون نیسینی سکرتێری ڕۆژنامەوانیی سەرۆک، ئەم خۆشییەی لە نێو فڕۆکە دەربڕی کاتێک گوتی: ئەوەی سەرۆک فۆرد بە سێ مانگ وەدەستی هێنا نیکسۆن بە پێنج ساڵ وەدەستی نەهێنابوو. بەڵام ئەمە یەکێکە لە بەیاننامە ڕۆژنامەوانییە بێ ئابڕووەکان کە ستایشی ڕۆڵی سەرۆکەکەی بکات و بڵێ لە مێژوودا ڕوینەداوە، من ئەوکات لە هەڵوێستێکی وادا نەبووم بەشداری لە خۆشیەکەی نیسیندا بکەم و بە ڕاشکاوی لەگەڵیان بدوێم چونکە بەڕێوەبووم بەرەو چین.

خۆشییەکەمان لە شوێن خۆیدا نەبوو، چونکە هێڵە دیارەکانی مشتومڕەکەی سەر پرۆسەی کرانەوە لە واشنتۆن لەلایەن ئەو ژن و پیاوانە دادەڕشترا کە بڕوایان وابوو پەیوەندیی سڕکراو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت باشتر و بەسودترە لە ڕێککەوتن لەگەڵیدا، ئەوان دژی ڕێککەوتن بوون.

هەرکە فۆرد گەڕایەوە واشنتۆن ڕووبەڕووی هێرشی ئەوانە بۆوە کە دژی سیاسەتی ڕۆژهەڵات- ڕۆژئاوای بەر لە ڕێککەوتن بوون:

- لیبراڵیستەکان ڤلادیڤوستوکیان بە بنیادنانی چەک دەزانی نەک سنوردارکردنی چەک، دژی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرنامەی ئێستا بوون.

- ( یەکێتی چاودێری پڕچەککردن) ڕەخنەی لە لایەنە کەم و کوڕیەکان گرت.

- ڕابەری بیردۆزی سنوردارکردنی پڕچەککردن (جورج ڕاثجینز) ئاگاداری دوو لە یاریدەدەرانی کردەوە کە سڕکردنی ڕێککەوتنەکەی پێ باشتر بووە لەو ڕێککەوتنەی لە ڤلادیڤوستوک کراوە.

- ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستیش لە مانشێتی ڕۆژنامەی ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەم نوسیبووی کە خۆشی و ئومیدێکی کەم لە ڕێککەوتنی (ڤلادیڤوستوک) دا دەبینرێ و داوای چاودێرییەکی توندی کرد لە لایەن کۆنگرێسەوە.

- پێشنیارەکەی تایمز بۆ کات کوشتن بوو، گەڕانەوە بۆ مێزی گفتوگۆ و هەوڵدان بۆ سنوردارکردنی چەک مەبەستێکی تری هەبوو. (تایمز) مەبەستی بوو (ڕێککەوتنی ساڵ) بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن کێش بکا، بەڵام نووسەرە بە تواناکە (جیمیس ڕیستون)

لە ڕۆژنامەی تایمز ئاماژەی بەوەدا کە دوای یەک هەفتە لە ڕێککەوتن تا ئێستا شاشی هەیە بۆیە دۆخەکە چەند پرسیارێک لە خۆ دەگرێ.

- واشنتۆن پۆست کە بە شێوازێکی نیانتر لە جاران دەرکەوت پێناچێ بکەوێتە تۆڕی گومانەوە کە دوای چەند ڕۆژێک دەیەوێ پارێزگاران تۆمەتبار بکا بەوەی ڕێککەوتنەکە هەڕەشە لە هێزەکانی ئەمریکای ستراتیژی دەکا، چونکە ڕێگەی بە سۆڤیەت داوە سەرە مووشەکی ئەتۆمیی زیاتری هەبێ.

- ڕۆژنامەی (پۆست) بێدەنگیی هەڵبژارد چونکە لە ڕێگەی شیکردنەوە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەم شرۆڤەیە ڕاست نییە، بۆ ماوەی چەندین سەدە ئێمە خاوەنی سەرە ئەتۆمیی شەڕکەری زیاتر لە سۆڤیەتیەکان دەبین، لە کاتێکدا سێیەکی هێزەکانی ستراتیژیمان بە خاک بەستراونەتەوە کەچی ٩٩%ی هێزەکانی سۆڤیەتی بە خاک بەستراونەتەوە.

مایەی سەرسوڕمان بوو سەرکەوتنی فۆرد لە ڤلادیڤوستوک گوتوبێژەکانی لە سنورداری پرچەککردنەوە گۆڕی بۆ کەمکردنەوەی چەک، کە تا ئێستا بابەتێکی پەراوێزی بووە. وەکو هەموو جارێک دەستپێشخەرییەکە جاکسۆن و یاوەرانی پێشکەشیان کرد، ئێستا بابەتی (یەکسانکردنی ژمارە) ئەنجام درا کە پێشتر سوربوون لەسەری، کەمکردنەوەش بووە زاراوەیەکی بیستراو. بۆ ئەم بۆچوونە دوو جۆرە توێژ هەبوون هەندێک لەو کەسە کلاسیکیانە بەرگری لە سنورداری پرچەککردن دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایە فشاریان خستبووە سەر بۆ کەمکردنەوەی پرچەککردن چونکە کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمی هەڕەشەکانی سەر هاوڵاتیی سڤیل کەمتر دەکاتەوە، لە ڕاستیشدا ئەمە زۆر پێویست نەبوو، سەبارەت بەو ئاستەی کە ئێستا هەیە لە سەرە ئەتۆمیی شەڕکەر و کەمکردنەوەی تا ئاستیی٥٠% هیچ لە توانای هەردوولایەن کەم ناکاتەوە بۆ لەناو بردنی ژیانی سڤیلی ئەگەر ئەم کەمکردنەوە مەرجدار نەبێ بە ڕێگری لەو توانایانەی دەبنە مایەی لەناوبردنی ژیانی سڤیلی.

جاکسۆن بانگێشتی ئەو گروپەی کرد کە خەسڵەتی لیبرالیزمیان بەسەردا زاڵە، پێشنیار بکەن ئاستی ڤلادیڤوستوک بۆ ١٧٠٠ کەم بکرێتەوە و داوا بکرێ سۆڤیەت هێزەکانی ستراتیژیی بۆ سێ یەک کەمکاتەوە . لە کاتێکدا ئەو خۆی و هاوپەیمانانی

ئاستی بازرگانی و قەرزەکانیان کەم دەکردەوە کە ئەمانەش بە پاداشت و دەستکەوتی سۆڤیەت دەهاتنە ئەژمار. ئەمە باشترین ئاقڵمەندی بوو، بەڵام قابیلی جێبەجێکردن نەبوو لە ماوەیەکی کورتدا، لە کاتێکدا کە مووشەکەکانی سۆڤیەت لە مووشەکەکانمان مەزنتر بوون، کە هەریەک لە مووشەکەکانیان توانای هەڵگرتنی باری تەقینەوەی زیاتری هەبوو، کاتێکیش ئاستی یەکسانی دیاری دەکەین بۆ ئەنجامدانی پارسەنگی لە کۆی سەرە مووشەکەکانمان، بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن دەگەینە ڕێگایەکی داخراو، بە دڵنیاییەوە ئێمە دەتوانین ئەو کەلێنەی سەرە شەڕکەر بە ڕۆکێتی (مینیگوتمان ٣ مووشەکیMX) ئالوگۆڕ پێ بکەین کە بە پێی ڕێککەوتنی ڤلادیڤوستوک ڕێگە پێدراوە، بەمەش هێزە ستراتیژییەکانی سۆڤیەتی لە هێزەکانی ئێمە زیاتر لەبارییەک هەڵدەوەشێتەوە. ئەم پێداگرییەم لە ٧ی تشرینی یەکەم لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی خستەڕوو.

تاقە ڕێگا کە بەهۆیەوە بتوانین سۆڤیەت ناچارکەین پرچەککردنەکانی کەمکەینەوە، ئەوەیە گرفت لەبەردەم پەسندکردنی ڕێککەوتنەکە دروستکەین و دەست بکەین بە داڕشتنی بەرنامەیەکی ئەمریکیی مەزنتر، نیشانیان بدەین کە ئێمە بەرەو پێش دەڕۆین تەنیا قسە ناکەین، بەڵام جاکسۆن و ڕەخنەگرانی تر دڵنیابوون کە کۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر ئەمە نادات، لە ڕاستیشدا ئیدارە هەوڵی ئەمەی نەداوە. بەمشێوە پێشنیاری کەم کردنەوە سۆڤیەتیی خستە بەردەم دوو بژاردەی ناچار بە ڕەتکردنەوە، یا دەبووایە بژاردەی کەمکردنەوەی مووشەکەکانیان هەلبژێرن کە ئەمەش باشە بە ئێمە نادا، یا دووبارە داڕشتنەوە بە هێزەکانیان بکەنەوە بە شێوەیەک بە پێچەوانەی داڕشتنی ئێمە بێ، گەوهەر و کرۆکی مەبەستەکە ئەوەبوو ئازادی بە بەرنامەکەی ئەمریکا بدات و کۆت و بەندیش بخاتە سەر بەرنامەکەی سۆڤیەتی، لە پێناو مسۆگەرکردنی پارسەنگ، ڕەخنەگران لە شیکردنەوەی ئەوەی بۆچی ڕێککەوتنی ڤلادیڤوستوک ناسەلمێندرێ شکستیان هێنا، کە بنەمای یەکسانی و هاوبەرانبەریی بەدی هێنا، لە کاروانی دانوستان بەرەو چارەسەری گەیشتینە ئەو ئەنجامەی: بێ فشار لەسەر بەرنامەی سۆڤیەتی، بێ زیادەیەکی زۆر لە بەرنامەکانمان.

ئیدارە بایەخی دوورخایەنی یەکسانی سەرتاسەریی پشتگوێ نەخست، ئەگەر جاکسۆن کەمترین ئامادەباشیی بۆ هاوکاری دەربڕیبا، ئەوکاتەی بنکە دادەمەزرا ئێمە بەدواداچوونمان بۆی دەکرد، هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد لە پێناو ئارەزووەکانماندا ڕێککەوتنی ڤلادیڤۆستوک هەڵوەشێنینەوە.

خۆگرمخاندن بووە ستراتیژییە نوێکەی ڕەخنەگران، یەکێک لە ڕێگرییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ڤلادیڤۆستوک داواکردنی مووشەکەکانی مەودا ناوەنجیی سۆڤێتی بوو کە لە (ناتۆ) بە ( باکفایر) ناو دەبردرا. گوایە ئەگەر لە ئاسمانەوە سوتەمەنیی پێ بدرێ مەودای دەگاتە ئەمریکا. لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی لە ٧ی تشرینی یەکەم، وەزیری بەرگری ئەمریکا جیمس شلیسنجەر و پنتاگۆن فرۆکەی باک فیریان بە چەکێکی ستراتیژیی پەراوێز زانی، تەنیا ئەوکاتە دەتوانین قسەی لەسەر بکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داواکانی سۆڤیەتی لە قەرەبووکردنەوەی بنکەکانی دەریابڕمان، کاتێکیش سۆڤیەت دەست بەرداری قەرەبووەکەی دەبێ ئەوکات ناچار دەبین هەڵوێستی سازشیمان بگۆڕینەوە بە شل و پەیت کردن.

ئەوەتا خۆمان بینییەوە لەگەڵ ڕەخنەگران ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئەوانەی خۆیان بە بەرگریکار دەزانن لە سنورداری پرچەککردن کە پێشتر بە هاوپەیمانی خۆمان دەزانین، من و فۆرد دەمان بینی چۆن بە بەرچاوی خۆمان ڕێککەوتنی ڤلادیڤۆستوک پارچە پارچە دەکرێ، شلیسنجەر بروسکەیەکی تون دی بۆ فرۆکەی چەکی ئاسمانیی ژمارە ١ نارد تیایدا پیرۆزباییی لە فۆرد کرد لەسەر دانوستانەکان. بەڵام کاتێک جاکسۆن دێتە نێو مشتومڕەکان شلیسنجەر بێدەنگ دەبێ، لە ئەنجومەنی پیرانیش هەریەک لە ئیدوارد کینیدی و ۆلتەر مونديل و چارلز ماتیاس پشتگیری ڕێککەوتنی ڤلادیڤۆستوکیان کرد بەڵام پێشنیارێکیان کردە هاوپێچ و مەرج ئەویش کەمکردنەوەی پێشوەختی بوو لە ڕێگەی دانوستانەوە. لە وەڵامی پرسیارێکیدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی، لەسەر کاردانەوەی فشار لە پێناو کەمکردنەوە، گوتی: (تاقە ڕێگا بەدەستهێنانی کەمترینی ئەو ژمارانەیە کە ئێمە مەبەستمانە، بنیادنانی هێزی ستراتیژیمانە تا لایەنی بەرانبەر ناچار بکەین ژمارەی هێزەکانی کەمکاتەوە) کێشەی

نـاوەخۆیی ڕووبەڕووی فـۆرد دەبـۆوە ئەوەبـوو کە ئەو ئەنـدامانەی پیـران کە لایەنگـری ڕێککەوتنی ڤلادیڤوستوکن لە هەمان کات لایەنگری لە کەمکردنەوەی بـودجەی وەزارەتـی بەرگـری دەکەن، لە کاتێکـدا ئەوانەی دژی ڤلادیڤوسـتوک بـوون لایەنگـری زیـادکردنی بودجەی وەزارەتی بەرگری بوون.

لەگەڵ بەردەوامـــی مشـــتومڕەکان، کـــاریگەری کەلەکە بـــووی ڕێککەوتنـــی ڤلادیڤوسـتوک یەکێـک بـوو لە هانـدەرانی چـاککردنی پەیوەنـدییەکانی نێـوان ئەمریکـا ویەکێتی سۆڤیەت، لە ڤلادیڤوستوک فۆرد بانگێشتی بریژنێڤی کرد بۆ سەردانی ئەمریکـا لە ١٩٧٥ بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنە نوێیەکە. ڕوونبوو کە ئەم سەردانییە ئەنجام نادرێ و ڕێککەوتنی ساڵتیش خەریک بوو لەکار دەکەوت.

ئەگەر ئەمە ڕوویدا کارێکی زۆر قورسـە بەتـایبەتی بـۆ بریژنێـڤ کە سازشـی زۆری لەم پێناوەدا کرد بـۆ ئەوەی پەیوەنـدییەکانی یەکێتـی سـۆڤیەت و ئەمریکـا بەرەو پـێش بچـن، دیـارە زۆر لەو ڕاوێژکـارانەی لە ڤلادیڤوسـتوک دژی ئەو سازشـیانە بـوون ئـەمڕۆ هۆشـداری دەدەن، تـا درەنگـانی شـەو ئـێمە بەوەمـان نەزانیبـوو کە بریژنێـڤ لەم کـاتە تووشی تێکچونی تەندروستی ببوو، ئەو لە ڤلادیڤوسـتوکەوە بەرەو مەنگۆلیـا دەرۆیشـت، دیارە لەم حاڵەتەشدا تواناکانی لاوازتر بوونە لەسەر حوکمدانی چۆنییـەتی بەڕێوەچـونی دانوستانەکان کە ئێستا لە مۆسکۆ بەڕێوە دەچێ.

## کۆچی جووەکان و هەرەسهێنانی ڕێککەوتنی بازرگانی

لەگەڵ نـاڕازیبووانی سیاسـەتەکەمان لەسـەر پەیوەنـدییەکانی نێـوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا و هەوڵەکانیـان لە پێنـاو پـوچەڵکردنی ڕێککەوتنـی (سـاڵت)، بازرگـانی بـووە ئامانجی داهاتویان، لە ٣ی کـانونی یەکەم، لەبەردەم لیـژنەی دارایـی ئەنجـومەنی پیـران بەرگری لە ڕێککەوتنـی MFN کرا، ئەو نامەیەشـمان ئاشـکرا نەکردبـوو کە گرۆمیکۆ سەبارەت بە هەمواری جاکسۆن فانیک، لە مۆسکۆ بە منی دابوو.

لە کـاتی گواسـتنەوەی نـامەی گرۆمیکـۆ بـۆ فـۆرد لە ٢٧ی تشـرینی یەکەم، هۆشداریم لە مەترسی بڵاوبوونەوەی نامەی گرۆمیکۆ دا، کەچی پەیمانی دابوو کە سودی لێ وەرنەگرێ تا نەگەمە واشنتۆن لە دەوروبەری تشرینی دووەم، بۆیە:

دەبێ دوای گەشتەکەم دەرفەت لەبەردەم سێ ئەندامەی پیران والآکەین بۆ ئەوەی بتـوانین لەسـەر ڕۆشـنایی نـامەکەی سـۆڤیەتی هەڵسـوکەوت بکەیـن کە دوو بژاردەمـان لەبەردەست دابوو:

١/ دەبێ بەردەوام بین لە نامە گۆڕینەوە و چاوەڕوانی دەرەنجامەکانی بکەین.

٢/ یا دەبێ هەموو هەوڵ و کردەکان هەلوە شێنینەوە.

ئەنجام نەدانـی دیـدار لەگەڵ پیرەکـان و ڕێـک نەخسـتنیان هەڵـەیەکی مەزن بـوو. دواتر هەموو هەوڵێک درا بۆ شاردنەوەی ئەم هەڵانە و چەواشەکردنی کـۆنگرێس، بـەڵکو بە تێپەڕبوونی کات لێکدانەوەی باشترمان بۆ دەردەکەوێ.

کاتێـک گرۆمیکـۆ نـامەکەی دایە دەسـتم، نەم دەتـوانی تـا دوو هەفـتەی تـر بگەڕێـمەوە بـۆ واشـنتۆن، دەبـووایە لە هینـد و بەنگلادیـش و پاکسـتان وئەفغانسـتان و ئیران و ڕوما و یوگوسلافیا و ئیتالیا ومیسر و سعودیە و ئوردن و سـوریا و ئیسـرائیل و تـونس بووەسـتم، فـۆردیش بەرلە دەرکەوتنـی ئەنجامەکـانی هەڵبژاردنـی کـۆنگرێس بەشداریی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکرد، ماکگفرن بەسەر کۆنگرێسدا زاڵ بـوو، ئەمەش مانای ئەوەیە ئاستەنگی زیاتر ڕووبەڕووی سەرۆکە نوێکە دەبنەوە. یەک هەفتە کەوتبووە نێوان گەڕانەوەی من و سەفەری فۆرد بۆ تۆکیۆ و سیئول و ڤلادیڤوستوک.

گرفتێکـی بچـوک هەبـوو لەبەردەم ئاشـکراکردنی هەواڵەکە، کـۆنگرێس لە پشـو دابوو، پیرەکان لە دەرەوەی شار بوون، دەبووایە پەیوەندییەکان لەگەڵ گروپی جاکسۆن بکرێن، ئەمەش ئەو ژوانە بـوو کە ئـێمە ئارەزومـان لێـێ نەبـوو وەکـو ئەو ژوانەی لەگەڵ دکتـۆرێکی ددانـی بـێ بەنـج هەتبـێ وابـوو. بـۆیە بڕیارمانـدا چـاوەڕوانی ئەنجامەکـانی ڤلادیڤوستوک بکەین، ئەوەتا نە بریژنێڤ نە گرۆمیکۆ هیچ ئاماژەیەکیان بەو نامەیە نەدا، کـاتێکیش گەڕایـنەوە واشـنتۆن دەبـووایە بەرگـری لە ڤلادیڤوسـتوک بکەیـن لە دژی هێرشەکانی جاکسۆن. فۆرد پێـی بـاش بـوو چـونکە گرۆمیکـۆ و بریژنێـڤ ئاماژەیـان بە نامەکە نەدا باشتر وایە ئاماژە بە ناوەڕۆکی نامەکە بدەن.

بەیاننامەیەکی کورتکراوەم لەسەر نامەکەی گرۆمیکۆ لەبەردەم لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی پیران دانا، بەمشێوە بوو:

بۆمان ڕون بۆوە کە لێکدانەوەی سۆڤیەتی مەبەستی دیاریکردنی پێوەرەکان بوو نەک پابەند بوون بە ژمارە. دیاریکردنی هەر ژمارەیەک بۆ کۆچبەرانی سۆڤیەتی ئەرکی ئێمەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە حکومەتی سۆڤیەتی نە پابەندە نە بەرپرسیارە لە هیچ ژمارەیەک. ئەم خاڵە بە ڕونی بۆ ئەندامانی کۆنگرێس ئەوانەی لەگەڵمان مامەلەیان دەکرد شیکرایەوە، مایەی سەرسوڕمان بوو کە جاکسۆن پێشوازیی لە بەیاننامەکە کرد (چونکە لەوە زیاتر بوو کە ئێمە پێشتر ڕامانگەیاندبوو) لامان گرنگ نەبوو ئەگەر ئەمە ئاماژەی ڕازیبوون بێ یا توڕەبوون، دواجار سەرتووەکەیان پێشکەش بە جاکسۆن وهێزەکەی کرد.

ئەو کۆت و بەندانەی دەبێ یەکێتی سۆڤیەت جێبەجێیان بکا بۆی ڕونکرانەوە. قەرزی بانکی هەنارده و هاوردە لە سنوری ٧٥ ملیۆن $ ی بۆ ساڵێک دیاری کرد، یا ٣٠٠ ملیۆن بۆ چوار ساڵ، قەرزی زیاتریش پێویستیان بە ڕەزامەندی کۆنگرێس دەبێ، قەرزەکانی بۆ ئاسن و کانزا سروشتیەکانیش قەدەغە کران.

ئێستا دۆخی بازرگانیی یەکێتی سۆڤیەت زۆر لە کاتی سەردەمی پێش کرانەوە یا پێش یاسای بازرگانی، خەراپترە. کۆنگرێس هەوڵەکانی بۆ یەکسانیی بە سیستەمی جیاوازی و جیاکاری گۆڕیەوە، دۆخی دەوڵەتی چاودێرکراو تەنیا بە سازشی سەرۆکایەتی مسۆگەر دەبێ، ئەمەش وادەکا کە یەکێتی سۆڤیەت تاقە دەوڵەت بێ ڕووبەڕووی ئەم کۆت و بەندانە بێتەوە، یەکەم نوێبوونەوەش مانگی نیسانی ١٩٧٦ بوو، بۆیە ئەم کاتە دەستنیشان کرابوو تا زۆرترین دەرفەت و توانا بە جاکسۆن ببەخشێ بۆ کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی.

ئەمە بۆ سۆڤیەتیەکان دۆخێکی باشتری بەدی نەدەهێنا: چونکە ئەگەر کۆچکردن زیاد بکا جاکسۆن ڕاستگۆییەکە بۆخۆی ئەژمار دەکا ئەمەش وەکو ئەوەی ئاماژەیەک بێ بەوەی (فشار ئەنجام بەدی دەهێنێ ) ئەگەر ئەنجامەکەش بەدی نەهات بەو ڕێژەی کە جاکسۆن دیاریی کردبوو، ئەوکات سەرکردەکانی سۆڤیەت بەپێشێلی پشتراستیەکانیان و مەرجی قورس خستنەسەر قەرزەکانی بانکی تۆمەتبار دەکرێن، بۆ یەکەم جار

پەیوەنــدییەکانی ئەمریکــا و یەکێتــی ســۆڤیەت بــێ ڕەخــنە و هێــرش دەبــێ لەلایەن لیبراڵیست و پارێزگارانەوە.

دۆخی (دەوڵەتی خاوەن زۆرتـرین چـاودێری) کە مەبەسـتی سۆڤیەت دەبێ، بەو مەرجە بــوو کە ڕەفتــارە نێودەوڵەتییــەکان بەرپرســیارانە بــن، ئەم دۆخ و هەڵوێســتە نیکســۆن هێنــایە کایــەوە لەبەر دروســتبوونی دۆخــی ڤێتنــام و میحــوەری بەرلــین و ڕێککەوتنــی (ســاڵت) و پێـدانی پـارەی قەرزی بەکرێگـرتن و خواسـتن بـوو، سـەرەڕای ڕەخــنە بەردەوامیەکــانی لیبراڵیســتەکان، ئێســتا ڕودانــی گۆرانکــاری لە ڕەفتارەکــانی سۆڤیەتی ناوەخۆ و پارسـەنگ لە نێـوان هەردوو ڕژێمـی سـتراتیژی لە بەرنـامەی چەکـی ئەمریکی، بوو بە مەرج. بە بەردەوام پێداگریمان لەسـەر سـازش دەکـرد بەڵام بـێ بەش بووین لە توانای قەرەبووکردنەوە. ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا دەبـێ وەکـو پاداشـتێک بـێ بۆی.

لە ١٨ کـانونی یەکەم سـۆڤیەت مەرجـی خسـتنە سـەر ئەم کـاروانە، نـامەکەی گرۆمیکۆ لەسەر سـەندوقی کاشـی نیودەوڵەتییـان لە ٢٦ی تشـرینی یەکەم بڵاوکـردەوە، لەگەڵ بەیاننــامەیەک تیایــدا پێــداگرییان لەســەر ئەوە کــرد کە هەر مەرجێکــی نــوێ ڕەنگـدانەوەی لەســەر ڕێککەوتنــی بازرگــانیی ١٩٧٢ دەبـێ کە ڕێککەوتنــی ( دەوڵەتــی زۆرتـرین چـاودێری)ی بە یەکلایـی کـردنەوەی قەرزی بەکرێگـرتن و خواسـتنی مەرجـدار کردبوو. لەگەڵ ئەوەی ئێستا ڕون بۆوە کە ژمارەکانی جاکسـۆن لەسـەر کـۆچبەری، بـێ بنەمان، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرێس کاری لە سەر دەرکردنی (یاسای بازرگانی) ی ساڵی ١٩٧٤ کرد. جاکسۆنیش بە ئەنقەسـت مشـتومڕەکانی ئەم پرسـەی داخسـت، واتە کـۆتی خستە سەر گوتارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران.

ئەو کاتە بەسەر چو پرسی ( دەوڵەتی خاوەن زۆرترین چاودێری) و ڕێککەوتنی کـۆچبەری لە ڕێـگەی گفتوگۆکـانی پەرلەمـانی ڕزگـار بکـرێن، لە ١٥ی کـانونی یەکەم بریژنێڤ نامەیەکی تایبەتیی بـۆ فـۆرد نـارد، ئەمە یەکەمـین نـامەی لەمجۆرەیە لە دوای ڤلادیڤۆستوک بریژنێڤ بۆ فۆرد بنێرێ، نامەکە بە توڕەیی نوسـرابوو جـارێکیتر بریژنێـڤ یاسا پێشنیاریەکەی کۆنگرێس ڕەت دەکاتەوە کە بازرگانی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا بە پرســی کــۆچی جووەکانــەوە دەبەســترێتەوە، ســۆڤیەت هــیچ مەرج و یەکلایــی

کردنەوەیەکی تر قبول ناکا جگە لەو یەکلایی کردنەوەی لەسەری ڕێککەوتون دەربارەی بەکرێگرتن و خواستنەکان. بەڵام بریژنێڤ سور بوو لەسەر ئەوەی ڕێکنەکەوتن لەسەر بازرگانی کاریگەری نابێ لەسەر پرسی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا:

لەلای خۆمانەوە هەموو هەوڵەکان دەخەینە گەر بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانمان ئاسایی بن بەتایبەت لەو ناوچانەی لای ئێمە بایەخیان هەیە کە هەردوولامان توانای زۆرمان بۆ خستۆتە گەڕ. ئەمەش لەسەر پەیوەندییەکانمان جێبەجێ دەکرێ کە ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە.

نامەکە بە بانگەوازێکی خەمگین کۆتایی دێت، داوا لە فۆرد دەکا دەرفەتێکی خۆش گوزەران بە فەرماندەکانی سۆڤیەتی ببەخشێ، بۆ چاک کردنی دۆخی حالی حازر.

فۆرد قسەیەکی زۆری نەبوو بیلێ. یاسای بازرگانی بە زوترین کات دەوەستێ، ڕێککەوتنی (ساڵت) نێچیری سازشیە لەسەر پرسە هونەریەکان و چارەسەریی بۆ نییە، دواجار دەبێتە جێی مشتومڕێکی زۆر لە کۆنگرێس لەسەر پەسند کردنی. تاقە کاریگەریش لەم میانە ( کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی) دەبی، هۆکاری سەرەکیش بۆ ڕزگاربوونی لە ڕەخنە ئەوەبوو کە ڕەخنەگرەکانمان بە جدیان وەرنەگرتووە، بەڵام کاتێک نزیک دەبێتەوە لە کاتی بڕیار لەسەردان ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند دەبێتەوە.

فۆرد وەڵامدانەوەی بریژنێڤی دواخست بۆ ئەوەی پڕۆژە یاسای بازرگانی پێداگریەکەی کۆنگرێس تێپەڕبکا. لە ٣ی کانونی دووەم یاسای بازرگانیی ساڵی ١٩٧٤ واژۆی لەسەر دەکرێ، ئەمەش بە لایەنێکی گرنگ دادەنرێ لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتە کۆمۆنیستەکان. هەوڵم دا دوبرینن ڕازی بکەم یەکێتی سۆڤیەتی مشتومڕی مەرج دوابخا تا کۆنگرێس پێداچونەوەی یەکەمی ساڵانەی خۆی ئەنجام دەدا لەسەر ( دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرێ) MNF کە بڕیارە لە ماوەی ١٨ مانگ لە ئێستاوە ئەنجام بدرێ.

داواکە بێ سود بوو، لە ١٠ی کانونی دووەم بە فەرمی دۆبرینن یاداشتی ڕەت کردنەوەی مەرجەکانی کۆنگرێس بۆ قەرزی ناوەندیی ( دەوڵەتی زۆرترین چاودێری) ڕادەست کرد. ئێستا خاڵە بنەڕەتییەکانی ستراتیژی کە پەیوەندیی لەسەر بنیادنرابوون نەمان، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەگەری نائارامی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا زیاتر لە ئارادا

بوون بۆیە یەکڕیزیی ناوەخۆیی پێویستتر بوو، بەمجۆرە سەرەڕای هەموو ئەوانەی ڕویان دان، لە کـۆنگرەی ڕۆژنـامەوانی لە ١٤ی کـانونی دووەم لقـە زەیتونیـان پێشـکەش بە کۆنگرێس کرد، تیایدا داوا لە دوو حزبەکە کرا یەکریز بووەسـتن لە بەرانـبەر گەردەلـولی ناحەزان کە لە وڵات نزیک دەبێتەوە:

دەمانەوێ بلێێن هیچ ناکۆکیەک لە ئامانجەکاندا نییە، لەگەڵ هەندێک لە ئەنـدامانی کۆنگرێس لەسەر شێوازی ئەنجامدانی ئامانجەکـان نـاکۆک بـووین، ئەم ناکۆکیـانە ئێسـتا بۆتە بەشێک لە مێژووی یاسا دانانەکانمان.

بە قەدەر ئەوەی کە ئامانجەکە پەیوەنـدیی بە ئیـدارەوە هەیە بەڵام کۆنگرێسـیش لەم بوارە هەماهەنگی دەکا .

بەم ڕۆحیەتە هۆشداری درایە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕەتکـردنەوەی یاسـای بازرگـانی کە وەکو پێشەکییەک بوو بۆ هەڵکشانی نائارامی نیودەوڵەتی:

ئەمریکا وەکو یەک گەل بە مۆڕاڵەوە بەرگری دەکا .

ئـێمە لە ئەگەری ڕوودانــی ئەمەدا نەبــووین، چــونکە پرســەکە پەیوەنــدیی بە ئەمریکاوە هەیە، هەوڵدەدەین ناڕەحەتییەکان کەمکەینەوە و پەیوەندییەکانمان کە دەبنە مایەی ئاشتی و سەقامگیری چاک کەین.

هەستمان دەکرد بووین کە پەیوەنـدییەکانی ئەمریکـا و یەکێتـی سـۆڤیەت لە ژێـر کاریگەری هەڵمەتی ئایـدیۆلۆژیی تونـد بەرەو پووکـانەوە دەچـوو، بـێ گوێـدانە ئەنجـامە دوورخایەنەکــانی نێــودەوڵەتی، ڕەخنەگرانمــان کاتێــک دەیــانوت پێویســـتیمان بە سیاسەتێکی باشترە بۆ بڕواداریيەکانی گەلی ئەمریکا، مەبەستی تایبەتی خۆیان هەبـوو. ئـێمە لە پێنــاو بەرگرییەکــانی ئەمریکــی پێشــوازیمان لە فشــارەکانیان دەکــرد. بەڵام زۆربەیان پێداگریان لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان دەکرد بێ ئەوەی تێگەیشتنێکیان لەسەر ئەو کێشانە هەبێ کە ڕووبەڕووی سـەرۆکە هەڵنەبژێـردراوەکەی ئەمریکـا دەبـنەوە، کە لە دوای واتەرگێت (Watergate) دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەوەی دەبێتە بەڵـگە کە فشارەکانیان لە جێی خۆیـدا نەبـوو، لە دوا کاتەکـانی فشـاری سـۆڤیەت دێـن، ئەمەم لە کۆبوونەوەی کۆشکی سپیی ٦ی کانونی دووەم بە فۆرد ڕاگەیاند.

یەکێک لە هاوپەیمانانی ئەوانمان تەفروتونا کرد هیچیان نەکرد، ئەوروپامان هێمن کردەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێمن بوون بەڵام هاوکار نەبوون، لە کۆبوونەوەی لوتکەی ١٩٧٣ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپەرچی سۆڤیەتمان دایەوە، کەلبەی چەپمان لە ئەوروپا لێ دەرهێنا، بە گاڵتەوە تێمان گەیاند کە دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا مەترسیدارە بۆ خاوکردنەوەی تەنگژەکان.

هەمان شت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. چەپ ( جەنگاوەری مۆسکۆ)ی ئێستا، بەڵام ئەگەر دەستبەرداری پرۆسەی کرانەوە بین، دووبارە بەلای چەپ وەردەچەرخێن.

لە ٧ی کانونی دووەم بەر لە سێ ڕۆژ لە یاداشتی ڕەتکردنەوەی سۆڤیەت بۆ مەرجەکانی یاسای بازرگانی، لەبەردەم فۆرد پێشبینیم کرد:

سۆڤیەتیەکان لەبەر هۆکاری سیاسی دەست بە پرۆسەی کرانەوەدا دەگرن، بەڵام فشارەکانمان پرۆژە ئابوورییەکانی لە بەین بردن، ئێمەش بە کاتێکی قورسدا تێدەپەرین لەگەڵ سۆڤیەتیەکان.

ئەمە ڕوویدا، سۆڤیەتییەکان کۆچی جووەکانیان کەمکردەوە، پەیوەندییەکانیشمان لەگەڵ سۆڤیەت چووە ئاستی خۆلەمێشی، ئەوەندەبوو ڕووبەڕووبوونەوەی تیادا نەبوو، مانگی کانونی یەکەم شاندێکی باڵای سۆڤیەتی سەردانی ڤێتنامی کرد، سەردانەکە بە هاوکاری سەربازییەوە بوو، هاوکات بوو لەگەڵ پڕچەککردنی سۆڤیەتی بۆ هێزەکانی کۆمۆنیستی ئەنگۆلی، ئایا ئەمە بەرنامە و نەخشە بۆ داڕێژراو بوو یا لە ئەنجامی هەڵەی سیاسەتەکانمان بوو؟

هەمواری جاکسۆن کاتێ یەکەمجار خرایە ڕوو ئامانجێکی بە سودی هەبوو، بە وەدەستهێنانی پێناسەیەکی ڕونتر بۆ کۆچبەران، بەڵام کاتێک کۆنگرێس ئەم دەستکەوتانە تێپەڕ دەکا ئەوە ڕوودەدا کە ڕوویدا.

ئەگەر سیناتۆر و ئیدارە ڕێگەچارەیەکیان بۆ هاوکاری بدۆزیبایەوە، ئاسان بوو ڕێژەی کۆچکردووەکان زیاتر بکرێ بۆ ساڵانە ٤٥هەزار کۆچبەر کە گرۆمیکۆ خۆی ڕەزامەندیی لەسەر دابوو، بەڵکو بۆ ٥٠ هەزاریش چونکە فۆرد دەڵێ من جارێک لە بریژنێڤم بیست کە دەکرێ بۆ ئەو ژمارەیە بەرز بکرێتەوە بە هاوکاری هەردوولا، ئەوەتا

جاکسۆن و یاوەرانی بوونە قوربانیی ئەو دەستاوەستییە و پاساویشیان دایە دەست سۆڤیەت تا لە هەندێک ناوچەدا، توندبێ.

بە کردەوە سیناتۆر و جەماوەرەکەی یەکیان بارمتەی ئەویتریان بوو، بە ئومێدی بەشداربوون لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٧٦ جاکسۆن زاتی ئەوەی نەکرد لە ڕێچکەی فەرمی لابدا، لایەنگران و خەڵکە جووەکە هەستیان بە دڵەڕاوکێ دەکرد، هەندێکیان بە ڕاشکاوانە پێیان دەوتم کە ناتوانن لە پاڵەوانەکەیان بەڵکو پارێزەرەکانیشیان جیا ببنەوە، ئەگەر ئەمریکا لە پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرچوو، ئەمە بۆچونی تایبەتی خۆیان بوو.

تەنانەت جاکسۆنیش پێدەچوو هزری دیکەی هەبێ، ئەگەر دوبرینن ڕاست بکا سیناتۆر بانگێشتی نانی بەیانیانی کردووە لە ماڵەکەی خۆی لە مانگی تەموزی ١٩٧٥ و لەوێ دانی بە هەندێک شتی گرنگدا ناوە:

سەرکردەکانی کۆنگرێس، خۆیان لە ناویاندا، گەیشتنە ئەو بڕوا بێ بنەمایە، ئەگەر بەردەوام بن لە فشارەکانیان بۆ سەر سۆڤیەت دواجار مۆسکۆ لەسەر پرسی کۆچبەران ناچاردەبێ ئاسانکاری بکا، هەڵەکانیان ڕوونە، بەڵام ئەوکات هەستەکان وابوون کە دەرفەتی گەیشتن بە یەکلایی بەسەرچووە، ئەو ڕێگایەی پێی گەیشتن داخرا و بوو، هیچ سودی نەبوو.

ئەگەر دۆبرینن لە جاکسۆن گەیشتبایە، دەیزانی کە ئەو سیناتۆر نیە و دواجار ئێمە دوژمن نین، هاوپەیمانین.

نزیک بوونەوە لە یەکێتی سۆڤیەت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ نزیک بوونەوەی نیکسۆن و فۆرد، بەڵام هەردوو سەرۆکەکە دەبووایە یاری بە سیاسەت بکەن، دواتر دید و بۆچوونەکانیان لە ڕەفتارو کردارەکانیان بەدەر دەکەون. گوتی پشتگیری لە پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا دەکا، دواتر ئەو وەکو ئەندامێک لە ئۆپۆزسیۆن دەبێ ناوە ناوە ڕەخنەگرتن وەکو تەکتیک نەک ستراتیژ بەکاربێنێ.

جاکسۆن دەیتوانی هەر ئەرکێکی گرنگ جێبەجێ بکات ئەگەر بە پێی دید و بۆچونەکانی کاری بکردبا و ئێستاش دەرفەت هەر ماوە.

# کۆتا تێبینی

ناتوانم کۆتایی بەم بەشە بێنم بێ ئەوەی وشەیەک لەسەر سکوب جاکسۆن نەڵێم، سەبارەت بەو ڕووبەڕووبوونەوانەی لێرە باسم کردن، لە جۆری ناحەزی هەمیشەیی بوو. بەڵام سەبارەت بە بەشداریی لە ئاسایشی نەتەوایەتی ئەمریکا، هەمیشە وەکو کەسێکی بەشداربوو پەرەپێدەر دەبینم بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی ئەمریکی، دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەی من لێرەدا باسم کردون، جین کیرکباتریک هەڵسا بە ئاشتکردنەوەی من و سیناتۆر، من هەمیشە سوپاسگوزاری ئەوم، بەر لە مردنی ناوەختی، جاکسۆن ئامۆژگاری ڕێگانی کرد کە من بە سەرۆکی لیژنە حزبییەکانی نیشتمانپەروەری ئەمریکای ناوەڕاست دابمەزرێم. لای جێگری سەرۆک بۆش پشتگیریی لێ کردم کە لە ئەیلولی ١٩٨٣ بۆ سیاتیل ی بردم بۆ ڕێزگرتنی نەتەوایەتی، وەکو یەکێک لە ئەندامانی شاندی فەرمی.

# (١١)
# لێکۆڵینەوە هەواڵگرییەکان

## پێشەکی بۆ لێکۆڵینەوەکان

لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٧٤ دوای هەرەسهێنانی (یاسای بازرگانی) واشنتۆن هەستی بە قەوارەی ئەو کێشانە کرد کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، کاتێک ئەم ناونیشانانە بە پێنوسی ڕۆژنامەنوس (سیمور.م،هیرش) لە ڕۆژنامەی نیویورک تایمز دەردەچن:

کردەیەکی مەزن لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دژی هێزەکانی ناحەز بە جەنگ تۆمار دەکرێ. بوونی ژمارەیەکی زۆر لە جیاخوازان لە سەردەمی نیکسۆن، کۆشکی سپیی لێ ئاگادار نەکرایەوە، بەڕێوەبەری هەواڵگریش (ویلیام کولبی) ئەم پرسەی پشتگوێ خست کە هۆشداری بە من و سەرۆک بدا. کۆشکی سپی هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییە نەبوو کە لەگەڵ هیرش ئەنجام درابوو بەر لە دوو ڕۆژ، هەرچەندە ناونیشانی چاوپێکەوتنەکە بە پێچەوانەی ناوەڕۆکەکەی بوو، ئەوەی هەبوو لە سەردەمی حکومەتی پێشو ڕوویدابوو: هەر لە ئاشکرابوونی لێکۆڵینەوەکان کە جۆنسۆن فەرمانی دابوو ئەنجام بدرێ تایبەت بوون بەو خەرجییانەی بە جوداخوازە ئەمریکییە ڤێتنامییەکان درابوون، بەڵام ئەم ئەرکە قورسە کە سەرجەم هەواڵگرییە ناوەخۆییەکانی دەگرتەوە لە ڕێگەی دەستوری کۆنگرێسی تایبەت بە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی، ڕێگەی لێگیراو وەستێندرا.

یەکەم جاربوو فۆرد گوێبیستی نێزیکبوونەوەی ئەو ئابڕوبەرە دەبوو، لە هەمان ڕۆژی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکە، کۆلبی پەیوەندیی پێوە کرد لە کۆلۆرادۆوە. نە فۆرد نە من هیچ زانیاریەکمان لەسەر ڕاستیی ئەو تۆمەتە نەبوو. سەرسام بووین لەو گوتوبێژەی لەگەڵ ڕامسفیلدی سوپاسالار کردمان کە لە خەودابوو خەبەرم کردەوە:

کیسینجەر:

دەمەوێ لەسەر پرسی (هیلمز) لەگەڵت بدوێم (وتارەكەی هیرش بووە مایەی لۆمەیی كردن لە سەرۆكی هەواڵگریی پێشو، ڕیچارد هیلمز) من لە دوورەوە ڕاستییەكان نازانم، ئەگەر ئەمجۆرە چالاكییانە هەبن بە دڵنیاییەوە ناگەڕێنەوە بۆ نووسینگەی ( ن،ئێس،سی) من پێموایە هێرشكردنە سەر فەرمانبەرێكی حكومی بێ ئەوەی حكومەت ناڕەزایی دەربڕێ، ئەمە كارێكی مەترسی دارە، تائێستا هیچ ڕاستیەك نییە هەمووی پرۆپاگەندەن، بۆیە دەبێ ئێمە داوا لە كۆلبی بكەین بە ڕاپۆرتێك ڕاستیەكانمان بۆ بنێرێ كە ئاماژەیان پێدەكا. هیرش دەتوانێ چی لەگەڵدا بكا؟ لە پێناو چ ئامانجێك ڕابەرایەتی ئەم ڕاستیانەیان كردووە؟ ئایا لە مەبەستم دەگەی؟ ئەوكات لانیكەم دەزانین باسی چی دەكەین، بەڵام ئێستا من هیچ نازانم.

ڕامسفیلد:

لەبەر ئەم هۆكارە مەبەستم بوو بە تۆ یا بە برنت بگەم، بەڵام دواجار گەیشتمە كیندی (جێگری تیمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی).

كیسینجەر:

هیچ زانیاریەكم لەسەر هەوڵەكانی هەواڵگری نییە. پشكنینەكان لەگەڵ هاوكارە بێگانەكاندا دەكرێ، ئەگەر هەر دۆسیەیەك بكرێتەوە ئەوا بەم ئاڕاستەیە دەبێ، بەڵكو لەسەر نیكسۆن پشكنینیان ئەنجام داوە بەڵام من هیچ زانیارییەكم لەم بارەیەوە نییە. دوای هێنان و بردنێكی زۆر من پێشنیارم كرد:

داوا لە كۆلبی دەكەم ڕاپۆرتێكی دەستنووس لە پێناو سەرۆك بنووسێ، نازانم ئەم پێشنیارەم بە چ ڕاستییەك دەگات، هەمان داوا لە شلینسجەریش دەكەم، (نیسین)ی سكرتێر دەتوانێ بڵێ سەرۆك ئەم ڕاپۆرتەی داوا كردووە، هەر خۆی دواتر بڕیاری لەسەر دەدا، پێموایە كە ئێمە ناتوانین هیچ تێبینییەك لەسەر ئەو پشكنینانە بدەین، من دەڵێم ئەگەر هیلمز هەر لیژنەیەكی پەرلەمانیی بووێ ئەوا ئێمە دەینێرین، (دوای وازهێنانی ڕیچارد هیلمز لە هەواڵگری لە ١٩٧٣بە باڵوێزی ئەمریكا لە ئێران دامەزرا) .

فۆرد ڕەزامەندیی لەسەر ئەم ڕێكارانە دا، كاتێكیش لە ٢٣ی كانونی یەكەم لەگەڵ كۆلبی دەست پێكرا، هەستم بەو مۆتەكە كرد كە ڕووبەڕوومان بۆوە، تۆمارەكە بریتی بوو لە چەند دەنگێكی پچر پچر، كە بەم چەند وشانە كورتی دەكەمەوە.

لە ئەیاری ١٩٧٣ کە جیمس شلیسنجەر ماوەیەکی کورت بەڕێوەبەری هەواڵگریی ناوەنـدی ئەمریکـا بـوو، خـۆی بینییـەوە کە بە ئاڕاسـتەیەکـی هەڵـەدا دەڕوا، ئەمەش ئەوکاتەی ڕایگەیاند کە ئاژانسی هەواڵگری کاتی خۆی هاوکاریی (هوارد هنت)ی کردووە کە بەدوای نامەکانی پنتاگۆندا کـە بـۆ نیکسـۆن نێـردراوە دەگەڕا. لە ٩ی ئایـارو پـێش یەک ڕۆژ لە دامەزراندنی وەکو وەزیری بەرگری، شلیسـنجەر داوا لە ئاژانسـی هەواڵگریـی ناوەندی دەکا ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل لەسەر چالآکییەکانی پـێ بـدا. تەنـانەت ئەوانەی لە دووریشەوە پەیوەندییان بە واتەرگێت (Watergate) ەوە هەیە. کاتێکیش کۆلبی دەبێتە جێگرەوەی شلیسنجەرداواکە بەرفراوانتر دەبـێ تەنـانەت ئەو چالآکییـانەی کـە لە دەرەوەی دەسەڵاتی پارێزبەندی هەواڵگریشدا ئەنجام دراون پێیـان بـدا. لێکۆڵینەوەیەک لەمجـۆرە و لە دۆخێکـی وەکـو واتەرگێـت (Watergate ) ئەلـبەت لە دەسـت دەردەچێ.

کاتێـک تاوانبـارکردن دەسـتی پێکـرد ئیتـر هـەموویان ترسـیان لـێ نیشـتەوە هەر یەکەو پەنـجەی تـۆمەتی بـۆ ئەویتـر درێـژ دەکـرد، یـا بـۆ سـەرۆکەکەیان، نـزیکەی ٦٩٣ بەرپەڕ پێشکەش کران، هەموویان باسیان لە پێشێلکارییەکانی نووسینگەی کلبی دەکـرد لە ماوەی چارەگە سەدەیەکدا. لە نێویاندا یاداشتێکیان بە حەفتا لاپەرە دەرکـرد لەسـەر خشـڵ و زێـڕی خـانەوادە. زۆربەیـان ئاماژەیـان بەوە دەدا کە ئەم پێشـێلکارییانە لە سەردەمی نیکسۆن ئەنجام دراون، ئەلبەت ئەو کاتەی ئەم ڕاپۆرتانە کۆکراونەتەوە فـۆرد لە نووسـینگەی خـۆی نـەبووە، بـوونی ئەم کـۆمەڵە کەسـە وەکـو دینامێـت وابـوو، هـیچ گومـانیش لەوەدا نەبـوو کە ئەم زانیارییـانە دزە نـاکەن، پرسـیارەکە ئەوەبـوو کەی دزە دەکەن؟ کـاتێکیش دوای پـانزە مانـگ یاداشـتی خشـلەکانی خـانەوادە ئاشـکرا دەبـن سەرسـوڕمانییەکە لە یاداشـتەکەدا نەبـوو، لەوەدا بـوو بـۆچی دوای ئەو مـاوەیە ئاشـکرا دەبن.

کۆلبی، نە من وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتـی، نە هەردوو سـەرۆکەکەی لـێ ئاگـادار نەکـردەوە، بێـدەنگی کـۆلبی بەرانـبەر بە سـەرۆکەکانی شـتێکی سـەیر بـوو، لە کاتێکدا ئەو ئاگاداری سەرۆک لیژنەکانی کردبۆوە، ئەوانیش وەکو پاراسـتنی نهێنییـەکان بێدەنگیان نوانـدبوو، بەمشـێوە ئەم زانیارییـانە نەگەیشـتنە نووسـینگەی کۆشـکی سـپی

گوایە ئێمە لێی ئاگادارین، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لە ٢٣ی کانونی یەکەم کۆلبی ڕەفتارە نا ئاساییەکەی خۆی باس دەکا بێ ئەوەی هۆکارەکەی باس بکا گوتی: ( من کۆیانم کردونەتەوە و پوختم کردون بۆ هەردوو سەرۆکەکە و لە چەکمەجەکەمم داناوە بەو ئومێدەی لەوێ بمێنێتەوە).

بەقولّی گوێم لە ڕاپۆرتەکەی کۆلبی گرت، تەنانەت لە دۆخە ئاساییەکانیش دەبووایە یاداشتی خشلەکانی خانەوادە بدرێتە لێکۆڵینەوە. لەگەڵ هەستیاری بابەتەکە و جیاکردنەوەی لەگەڵ بابەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی شاراوە، ئێستاش کە مانگە سەرەتاییەکانی حوکمی سەرۆک فۆردە، پارێزی واشنتۆن لەسەر قەوقاس نامێنێ. بەهۆی کارەکانییەوە ڕاستگۆیی حکومەت لاواز دەبێ، لێکۆڵینەوەکان هەموو کۆت و بەندەکان دەبەزێنێ، تۆمەتەکانیش لە ڕێگەی زانیارییە نا دروستەکانەوە دابەش دەبێ، هەندێک لە فەرمانبەرە حکومییەکان بەهۆی تۆمەتی دروست و نا دروستەوە ژیان و چارەنووسی یەکتری لەناو دەبەن، هەندێکیش خۆیان دەکێشنەوە تا چاوپۆشی لە یەکتری بکەن، چونکە دزەکردنی هەر زانیارییەک ئاڕاستەی لێکۆڵینەوە دەگۆڕێ، زۆربەی ئەو زانیارییانەش لە کۆشکی سپی نەبیستراوبوون بۆیە ناچار دەبێ لێکۆڵینەوەی تایبەتی ئەنجام بدا.

زوو دەرکەوت کە تۆمەتەکانی هەواڵگری فیشەکی یەکەم بوو، دۆسیەی ( خشلەکانی خانەوادە) کۆمەڵێک هەڵبەستراوی بۆ دروست کرابوو هەندێکیان دژی سەرکردەکانی دەرەوە پیلانرێژی بوون لە ماوەی سەرۆکایەتی کینەدی و جۆنسۆن. ئاماژەی بە هەموو چالاکییە نهێنی و سەربازییەکانی ئەمریکا دابوو کە لە ماوەی پانزە ساڵ ئەنجام دراوە کە بۆ پشتگیری لە سیاسەتی دەرەوە بە پێشێلی جێبەجێ کراوە و پێویستی بە سزادان هەیە.

کاتێک لێکۆڵینەوەکان بۆ گشت ئەمریکا دزە دەکا، بەشێوەیەک بەرفراوان دەبێت کە سەرجەم چالاکی و لێکۆڵینەوەکانی هەواڵگری دەگرێتەوە، تەنانەت لە دەوڵەتە دیموکراسییەکانیشدا ئاشکرابوونی نهێنییەکانی دەوڵەت کارێکی مەترسیدار و هەڵەیە، لەلایەن دۆست و ناحەزانی بەوە لێکدەدرێتەوە کە نیشانەی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتە.

هەندێک شارەزاییمان لەسەر بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەکان پەیدا کرد، وتارەکەی هیرش بەردەوام بوو لە هێرشکردنە سەر گروپی هەواڵگری. کارەکانی ئاژانسی هەواڵگریی نهێنی لە چیلی دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ کرایەوە لەسەر ئەو نوێنەرایەتییەی فرانک چترش سەرۆکایەتیی دەکرد، ئەو سێ حکومەتەی خاوەن حزبەکانی ( کیندی و جونسون و نیکسۆن) بڕوایان وایە سلفادۆر ئەلندی گۆسینز کە هەڵگری ئالآی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٠و ١٩٧٤ لە نموونەی کوبای دیکتاتۆری کۆمۆنیزم دەبێ کە پارتە دیموکراتخوازەکەی چیلی بە نهێنی هاوکارییان دەکرد، سەرکەوتن بەدەست دێنێ و پێگەی توند دەبێ، سەرکەوتنی ئەلندیش کاریگەریی لەسەر وڵاتە دراوسێکانی هەبوو کە هەریەکەیان لە ژێر فشاری توندڕەواندا بوون، ئەم سەرکەوتنە بە دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەزاندرێ.

باڵوێزی ئەمریکا لە چیلی ( ئەدوارد کوری) کە دیموکراتخوازێکی کۆنە لەلایەن جۆنسۆنەوە دامەزراوە و نیکسۆن هێشتویەتیەوە، سەرکەوتنی ئەلندی لە ١٩٧٠ بەمشێوە باسی لێوە دەکات:

ڕاستییەکی ناخۆشە چیلی بە ڕەزامەندی ڕێژەی٣٦% ڕێچکەی کۆمۆنیزم بگرێتەبەر، بەڵام ئەمە ڕاستیەکی چەسپێندراوە، زۆرترین کاریگەریی لەسەر ئەمریکای لاتین دەبێ: شکستێکی نەخوازراومان بینی، کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و جیهان دەبێ. لە هەندێک وڵات زوو ئەم کاریگەرییانە بەدی دەکرێن، لە هەندێکیش بە درەنگ.

لە دۆخێکی قوڕسی ساڵانی حەفتا کە لە دۆخی سەردەمی جەنگی ساردی ١٩٦٠ دەچوو، کارە نهێنییەکانی حزبە دیموکراتخوازەکانم بە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوەخۆی چیلی لێکدایەوە، لە هەڵبژاردنی ١٩٧٠ کە لە ئەیلول ئەنجام درا، ئەلندی زۆربەی دەنگەکانی وەدەستهێنا، کارە نهێنییەکانیش لە کردەی ناوەندی هەواڵگری بوون بە خەرجی کۆشکی سپی و بۆ هاندانی پەرلەمان لەسەر کێبڕکێ لە نێوان هەردوو کاندیدەکە، ئەگەر حزبە دیموکراتخوازەکان بە یەک لیست دابەزیبان، ئەگەری دەرچوونیان هەبوو.

هەوڵەکانی کە بە کردەی (١) ناسرا شکستی هێنـا، ئەلینـدی بە زۆرینـەی دەنگـی پەرلەمانتاران بە سەرۆکی چیلی هەلبژێردرا.

سەرۆک نیکسـۆن فەرمانیـدا وردبوونـەوە لەسـەر ئەنجامەکـانی هەڵبژاردنـی چیلـی بکرێ، ئەم کردەیەشی ناونا بە ئاڕاستەی(٢) ( لە ڕاستیدا هـیچ نەخشـە و پلانێـک لەم بەرنامە نەهاتە جێبەجێکردن) مەبەستیش لەم فەرمانە دروست نەکردنی هـیچ کێشـەیەک لەگەڵ بیروکراتییەکـان بـوو. ڕوون بـۆوە کە جـۆرج ئیلیسـاندری لە حزبـی پارێزگـاران زۆرتـرین شانسـی بـۆ سـەرکەوتن هەبـوو، کاندیـدی دیمـوکراتی کریسـتی (رادوو میـرو تومیک) تەنیا ٢٠% دەنگەکانی وەدەست هێنابوو، نیکسـۆنیش کە دژی دروسـت بـوونی ڕژێمێکی هاوشێوەی ڕژێمـی کاسـترۆ بـوو، مەبەسـتی بـوو پشـتگیری ئیلیاسـاندری بکـا. هەواڵگری ناوەنـدی و ئیـدارەی ویـلایەت ڕاهـاتبوون کـار لەگەڵ دیمـوکراتە کریسـتیەکان بکەن و خۆیان لە هاوکاریکردنی پارێزگـاران دوور خەنەوە، ئەوان دژی ئەم یەکـانگیرییە بوون، پێیان وابـوو ئیلیاسـاندری پێویسـتی بە هاوکـاری دەرەکیـیە، دوای پێـداگرییەکی زۆری کۆشکی سـپی ئاژانسـی هەواڵـگری و وەزارەتـی نـاوەخۆ ڕەزامەنـدیان دا، بەڵام بە درەنگ وەختان، لەسەر دابەشکردنی هاوکارییەکان کە ٢ ملیۆن دۆلار بـوو بەسـەر حـزبە دیموکراتخوازەکان بەیەکسانی.

کـاتێکیش ئەلینـدی سـەردەکەوێ، بە پـێچەوانەی مەزنـدەی وڵاتـان و ئاژانسـی هەواڵگری، نیکسۆن هەستی کرد کە ڕەفتارەکـانی بە پاسـاو بـوون، بڕیاریشـی دا چیتـر ڕازی نەبـێ لەلایەن دیموکراتخوازەکـانەوە دژایەتیـی بکـرێ، بـانگی هیلمـزی کـرد ڕێـگە چارەیەک بـدۆزێتەوە ڕێگـری لە بەهێزبـوونی ئەلینـدی بگیـرێ و هەسـت نەکـا لە بـواری خەرجیەوە دەستەکانی بەسـتراون، بەڵام هـیچ نەخشـە و پلانێکـی بـۆ ئەم کـارە دیـاری نەکرد.

هەرکە ئەمە ئەنجام درا، بیرۆکراسخوازەکان کە لە ڕێگەی کەناڵە فیلتەرییەکانەوە چـاک کرابـوون هەڵسـان بە جێبەجێکردنـی بیـرۆکەکە بە ئامـادەکردنی کێبڕکێـی سەرۆکایەتی لە نێوان دوو کاندیدی ڕکابەر. کـردەی تـراک٢ (Track ٢) هەر بە ڕوونـی هاوکاری هێزەکانی چیلیان کرد بۆ ئەنجامدانی کـردەی١ (Track١)، لە ١٥ ی تشـرینی یەکەم فەرمـانی ڕاگرتنـی کـردەی ٢ دا بەر لە جێبەجێکردنـی ( دوای یەک هەفـتە

سوپاسـالاری چیلـی دەرفرێنـدرێ و لەلایەن پیلانگێـرانەوە دەکـوژرێ، کە لە کـردەی ٢ تێوەگلان ) پشکنینە گشتییەکان کە لیژنەیەک لە ئەنجومەنی پیران کە سەرۆک نیکسۆن پێی هەڵسا، ئەمی لە تۆمەتی نەخشەی ڕفاندن بێگوناه کرد.

ئەڵبەت کردەکە بە هەڵبژاردنی ئەلیندی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی چیلـی بە سەرۆکی چیلی کۆتایی هات.

بەمشـێوەیە خەونەکانمـان هـاتنە دی چـونکە لەگەڵ دەسـت بەکـاربوونی ئەلینـدی دەنگە ئازادەکان دەمکوت دەکات، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن سەرکوت کران و یەکێتیەکـانی کرێکـارانی ئـازادیش سـنوردار کـرا، چەنـد گۆرانکـارییەکی کـۆمەڵایەتیی و دەسـتوریی ئەنجامـدا، ئەوکـات ژێـر بەژێـرەوە هاوکـاری دەزگـا ئازادیخوازەکـان کـرا بـۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی ئازاد لە ژیاندا بمێنی.

سەرەڕای ئەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی ئاژانسی هەواڵگری کـران بریتـی بـوون لە بەکارهێنانی دەسـەڵات بە شـێوەیەکی خەراپ بەڵام کرۆکـی هێرشـەکە بریتـی بـوو لە هێرشـکردنە سـەر سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکـا، هێرشـکردنە سـەر ئاژانسـی هەواڵگـری کەمکـردنەوەی ڕۆڵـی ئەمریکـایە لە پرسـی نەتەوایەتـی، ئەنـدام پەرلەمـان ( چیـرش) پرۆسـەی چیلیـی بە پرسـی پاراسـتنی دیموکراسـیەت لە چیلـی ناونـا، بە سـومبوولی ڕاکردنـی کۆشـکی سـپی لە تێـوەگلانی بە کێشـەیەکی دەرەکـی کە زەرور نەبـوو ناونـا. ڕێککەوتنـی هەرسـێ سـەرۆکەکە دوانیـان دیموکراتخـوازو یەکێکیـان کۆمـاریخواز لەسـەر ئەوەی ئەلیندی هەڕەشـە بـێ لەسـەر بەرژەوەنـدییە زینـدووەکانی ئەمریکـا. ئەمە واتـای لادانە نەک ڕێککەوتنی دوو حزب.

لە ٨ی ئەیلـولی ١٩٧٤ دوای چـوار هەفـتە لە سـوێند خـواردنی فـۆرد، وتارێـک لە ڕۆژنامەی نیویورک تایمز بڵاوکرابووەوە تیایـدا حکـومەتی نیکسـۆنی بەوە تۆمەتبـار کـرد گوایە لە ڕێگەی شاشکردنی ڕای گشتی و ئەنجومەنی نـوێنەران چـالاکیی نهێنـی لە دژی حکـومەتی ئەلینـدی ئەنجـام دەدا. دەڵـێ گەلێـک جـار سـەبارەت بە ڕۆڵـی ئەمریکـا لە دەسـتێوەردانی لە کاروبـاری نـاوەخۆی چیلـی گەلـی ئەمریکـا و کۆنگرێسـی چەواشـە کردووە. ئەمە ڕاست نەبوو، چونکە هیچ کردەیەکی نهێنی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نـاکرێ، دواتر کۆنگرێس لە هـەمـوو کردارەکـان ئاگـادار بـووە، ئەنـدامی نـوێنەران ( چیـرش) ئەم

تۆمەتـــانەی ڕەتکـــردنەوە گـــروپەکەی لە ١٦ی ئەیلـــولی ١٩٧٤ هەڵســـان بە چەنـــد لێکۆڵینەوەیەک لەگەڵ شایەدمەندان و بە تـۆمەتی سـوێند خـواردن بە درۆ لێکۆلینەیـان لەگەڵدا دەکردن، یەکێک لەوانە بەڕێوەبەری هەواڵگریی پێشو ( ڕیچارد هیلمـز) لەبەردەم لیژنە لە ١٩٧٣ ئامادە دەبێ.

فـۆرد ئاگـاداری ڕێکـارە نهێنییـەکان بـوو کە بەهـۆیەوە سـەرجەم ڕاپۆرتەکـان لە هەواڵگـرییەوە دەچـوونە کـۆنگرێس، سەرپەرشـتی کردنیشـیان تـایبەت بـوو لەلایەن لیژنەیەکـی پســپۆری ســەربازی هەر دووان لە یەک ئەنجــومەن، هــیچ زانیــاریەک بە لیژنەکانی تر نەدەدرا، کاتێک یەکێک لە پیاوەکان لەبەردەمیـان ئامـادە دەبـوو خـۆی لە وەڵامی پرسیارەکان دەدزیەوە. ئەمە ئەسـلی تـۆمەتی شـایەددان بە درۆکە بـوو کە دژی هیلمز دەکرا.

ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرجەم ئەنجومەنەکانی کـۆنگرێس هـەبوو بە درێژایـی جەنگی سارد تا کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتی نیکسۆن.

هەروەها ئەو کۆدەنگیەش بوو کە فۆرد لە کـۆنگرەی هەواڵـدەری لە ١٦ی ئەیلـول بـانگخوازیی بـۆ دەکـرد، بە شـێوەیەک کـە هـیچ سـەرۆکێک ئەمەی پـێ نەدەکـرا، بـۆ یەکەمین جار بوو فۆرد پێداگری لەسەر بوونی لیژنەی (ئین،ئێس، سی) دەکا کە دواتر ( لیـژنەی چـل)یش دانـی پێـدا دەنـێ، هەروەهـا فـۆرد ئەمەشـی ئاشـکرا کـرد کە لیژنـە تایبەتییـــەکانی ئەنجـــومەنی نـــوێنەران ئاگـــاداری بەرنـــامە نهێنییـــەکە بـــوون بە پێـــی بەرنامەیەکی تایبەتی لەلایەن سەرۆکایەتی کۆنگرێسەوە:

لیـــژنەی ( چـــل ) لە ســـاڵی ١٩٤٨ دامەزرا، ئەم لیـــژنە لەوکـــاتەوە لە خـــزمەت سەرۆکایەتیدا بوو. کاری ئەوەبوو پێداچونەوە بۆ هەموو کردەیەکی نهێنـی بکـا ئەوانـەی حکـومەت جێبەجێـی کـردوون، زانیارییەکـانیش دەگـوازێتەوە بـۆ نـوێنەرایەتی کە لێـی بەرپرسـیارە و دووبـارە لەلایەن کۆشـکی سـپی و ئەنجـومەنی پیـران پێـداچونەوەی بـۆ دەکرێ.

فـۆرد دانـی بەوە نـا هاوکـاریی حـزبە دیموکراتخوازەکـان و ڕۆژنـامەگەری چیلیـی کردووە:

لە سێ یا چوار ساڵی ڕابردووو حکومەتی ئەلیندی هەوڵی زۆری دا بۆ لەناوبردنی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن: نوسراو و ئەلکترۆنی و لەناوبردنی حزبە سیاسیە ناڕازییەکان.

ئێمەش هەوڵی زۆرمان دابوو بۆ هاوکاریکردنی ڕاگەیاندنی ناڕازی وئۆپۆزسیۆن و حزبە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان. تا کاتی تێپەڕبوونی ئەم قۆناغە ڕەفتارەکانی بەڕێوەبەری هەواڵگری ناڕوون بوون. دیارە کە کۆلبی نەوتی بە ئاگردا ئەکرد بەوەی ناتوانێ یا ڕێگە ناگرێ لە دزەکردنی هەواڵەکان، بەر لەوەی کۆلبی ببێتە بەڕێوەبەر دزەکردنی هەواڵ کێشەیەک نەبوو، بەڵام ئێستا بۆتە کێشەیەکی مەزن، کۆلبی بەو زانیارییانەی دزە دەکەن هەڕەشە لە کۆشکی سپی دەکا.

نموونەیەکی باش لەم وتارە دەردەکەوێ کە لە ڕۆژنامەی نیویورک تایمز لە ٢٠ ی ئەیلول و بە پێنوسی هیرش بڵاوکرایەوە، تیایدا من و فۆرد بە درۆ دەخاتەوە، هەروەها لە ١٦ی ئەیلول گوایە داهاتی ئاژانسی هەواڵگری چۆتە بەرکی حزبە سیاسیەکان، نەک بۆ هاوکاری کارو چالاکییە سیاسیەکان لە نموونەی مانگرتن.

ئەم وتووێژە تەلەفۆنییەی نێوان من و کۆلبی تامی ئەو دۆخە دەدا کە کارێکی قورس بوو کۆشکی سپی بتوانێ زانیاری لە بەڕێوەبەری هەواڵگری وەدەست بێنێ:

کیسینجەر: چیرۆکی ئەمڕۆی هیرش چیە ؟ بەڕاستی ئێمە ئەمەمان کردووە؟

کۆلبی: دوێنێ تەلەفۆنی بۆ کردم.

کیسینجەر: من لێت ناپرسم هیرش چی کردووە، بەڵام دەڵێم پشتگیری مانگرتنی کرێکارانی بارکردنمان کردووە یان نا؟

کۆلبی: نەخێر نەمان کردووە. ئەو ئاماژەی بەساڵی ١٩٧٢داوە.

کیسینجەر: سەرۆک بە ئاشکرا گوتی کە ئێمە پشتگیری حزبە سیاسیەکانمان کردووە.

کۆلبی: ئەمە ئەو خاڵە بوو کە لە (ا.ب.سی) جەختم لەسەری کردووە.

کیسینجەر: من تووشی شۆک هاتم لە ڕەفتاری پیاوانی هەواڵگری. ئەگەر کارەکان بەمشێوە بڕۆن ناچارم قسە لەگەڵ سەرۆک بکەم بۆ ئەوەی ڕێگەیەکمان بۆ دیاری بکا تا کارەکان لە دەستمان دەر نەچن. سەرۆک گوتی، منیش هەروەها، کە ئێمە پشتگیری و هاوکاری حزبە سیاسیەکانمان کردووە، ئێستاش تۆ باسی (ا.ب.سی) م بۆ دەکەی.

کۆلبی: من وتم ئێمە هاوکاری و پشتگیری حزبە سیاسیەکانمان کردووە تا بەهێزتر بین. بەڵام ئەو پارانەیان لە بانک دانەنابوو، منیش نازانم چۆن چۆنی خەرج کراوە.

کیسینجەر: کەوابێ ئێمە پارەمان نەداونەتێ؟

کۆلبی: نەخێر نەمان داوەتە مانگرتوەکان.

کیسینجەر: ئایا زانیاریمان هەبوو کە دەچێتە بەرکی مانگرتوەکان؟

کۆلبی: نازانم دەبێ پشتڕاست بکەم.

کیسینجەر: ئەی لیژنەی ( چل ) پێی دەزانێ؟

کۆلبی: نەخێر چونکە پارەکە بە حزبەکان دراوە.

کیسینجەر: کارێکی بڕوانەکراوە، چۆن دەبێ پیاوانی هەواڵگری ئاوا بڕوا بکەن.

کۆلبی: نازانم سەرچاوەکە کێیە.

کیسینجەر: لیژنەی (چل) ماوەی چەندین ساڵە هەن.. سەرکردەکانی ئەم وڵاتەش بەم پرسە دەزانن، کەچی هەموویان جێمان دەێلن پێموایە ئەمە ئابڕوچوونە.

کۆلبی: ئێمە هاوکاریمان کردوون، من دوێنێ ئاماژەم پێیداوە بەڵام من دەستەواژەی (ناسەقامگیر)م بەکار نەهێناوە، ئەمە نوێنەرایەتییەکی ڕاستی سیاسەتەکەمان نییە، من سورم لەسەر ئەم کارە.

کیسینجەر: ڕای من ئەوەیە ئەگەر سەرۆک شتێکی گوت دواتر منیش وتم، ئەوکات وا لێکدەدرێتەوە کە ئەمە درۆیە.

کۆلبی: کارەکە وا نییە ئێمە پارەمان بە حزبەکان داوە.

کیسینجەر: بەم کارەش نازانین؟

کۆلبی: مۆڵەتم بدە با بەدوایدا بگەڕێم. من دەزانم کە ئێمە لە ١٩٧٣ وە ئەمەمان نەکردووە، هەرچەندە ئەم پرسە خراوەتەڕوو بەڵام ڕەتکراوەتەوە، دەڵێ گوایە لە پایزی ١٩٧٢ پشتگیری ڕێکخراوانی مانگرتن کراوە، بەڵام من دڵنیام کە نەمان کردووە.

کیسینجەر: ئەی ئەمە خراوەتە بەردەم لیژنەی (چل) ؟

کۆلبی : نەخێر لیژنە بڕیاری لەسەر هاوکاریکردنی حزبە سیاسیەکان داوە.

کیسینجەر: سوپاس بۆتۆ.

ئەم دیالۆگە تەلەفۆنییە بەیانی کاتژمێر هەشت و پێنج خولەک ئەنجام دراوە، نزیکەی کاتژمێر چوارو چل خولەک کۆلبی پەیوەندیی پێوە کردم، کارەکانی لێ تێکەل و شپرزە ببوو:

کۆلبی: دەمەوێ پێت ڕابگەیەنم کە هیرش لەگەڵ هەماهەنگی کاروباری گشتی گفتوگۆی کردووە، وتویەتی بەتەمای نووسینی وتارێکە لەسەر داواکردنت بۆ هاوکاریکردنی هەڵمەتی پرۆپاگەندە نەک لەسەر شتی تر. ئێمەش هیچمان نەوت.

کیسینجەر: چی دەگەیەنێ؟

کۆلبی: پێموایە ئەوە بۆ خەڵک دەربخا کە تۆ نیوەی ڕاستیەکانت وتووە.

کیسینجەر: لەسەر چیلی؟

کۆلبی: لەسەر چیلی و ئەو کۆبوونەوەی حکومەت کە ڕێنمایی بە فەرماندەکان داوە.

کیسینجەر: ئەی تۆ چیت کرد؟

کۆلبی: تەنیا تێبینییەکی بچوکم پێدای دواتر لە وردەکارییەکانت ئاگادار دەکەمەوە.

کیسینجەر: ئەی چیتری پێ بوو؟ دەبێ تۆ بزانی چونکە پەیوەندیی بە ئاژانسەوە کردووە.

کۆلبی: پێیەتی..

کیسینجەر: بەڕاستی پێکەنیناویە.

کۆلبی: چیرۆکێکی پێیە سەبارەت بە پشتگیریەکانمان بۆ جێبەجێکارانی مانگرتووان کە ئەم بەیانییە گێڕاویەتەوە، بە دڵنیاییەوە ڕاست نییە.

کیسینجەر: کەوابێ ئەوەی دەیلێ ڕاست نییە.

کۆلبی: بەڵێ ئەمە ڕاستە.

کیسینجەر: هیچی تر هەیە؟

کۆلبی نەخێر هەموو ئەوانەی هەیە بۆتم ناردون.

کیسینجەر: باشە سوپاس بۆتۆ.

---

## فۆرد نەخشە دەکێشێ

وتـارەکەی هیـرش و ئاشـکراکردنی دۆسـیەی ( خشـلەکانی خـانەوادە) کـاریگەری بەقەدەر چـیلکەی شـقارتە لە عەمبـاری نەوتـدا هەبـوو. لە سـەروبەندی دەسـت لە کارکێشـانەوەی نیکسـۆن سـەرکردە سـڤیلیەکان و فەرمـانبەرە کۆنەکـان و بەرگریکـارە کلاسیکەکان کە هەردەم لایەنگری هەواڵگری بـوون، لە پێشـکەوتن وەسـتان، بـۆ ئەوەی هیچیتـری نـوێ ڕوونەدا و وا گومانیـان لەسـەر بـکەن کە ئەوان لە پشـتی ئەو ڕووداوانە دان. تێـوەگلانی هەنـدێک لە پیـاوانی ئاژانسـی هەواڵگریـی خانەنشـین لە چالاکییەکـانی واتەرگێت (Watergate) زیاد دەکەن.

پشکنین و بەدواداچوون و چاودێرییەکان کە هێرشەکانیان لە دۆخی ئاسایی لەسەر ئاسایش چڕکردبووەوە دەوەسـتێندرێن، بەڕێـوەبەری هەواڵـگری بـۆ ئاشـکراکردنی هەوڵە نهێنییـەکانی دژی ئاسایشـی نەتەوایەتـی هۆشـداریی دەدا. سـەرۆک هەوڵـی دا بە ڕاوێـژ لەگەڵ بەڕێـوەبەری (C.I.A) و وەزیـری بەرگـری هەنـدێک لە کـۆت و بەنـدەکانی بەرتەسـک بـوونەوەی ئازادییەکـان خـاوکەنەوە، لەم بـوارە تـوانیی بە ڕاوێـژو هاوکـاری سـەرکردەکانی کـۆنگرێس هەنـدێک لەو ڕێکـارانەی دەبـنە مـایەی پێشـێلی و سـوکایەتی ڕێگرییان لێ بکەن، بە پاراستنی چالاکییەکانی هەواڵگری و دەستکاری نەکردنییەوە.

بەڵام لە کاتە ئاساییەکان نا، ئاشکرابوونی دۆسیەی ( خشلەکانی خانەوادە) بلێسەی دەرکرد، کەچی تاقیکردنەوەی ڕێکارە سەرەتاییەکان هەرەسیان هێنا، چونکە مەبەستیان بوو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانەوە پەردەپۆشی بکەن، فۆرد بە پێشنیارەکەم ڕازی بوو کە بریتی بوو بە ئامادەکردنی یاداشـتێک لەلایەن کـۆلبیەوە لەسـەر ئەو ڕێکـارانەی سـەرۆک دەبێ ئەنجامی بدا.

لەو ساتەی داوای فۆرد گواسترایەوە، کۆلبی ڕایگەیاند کە بۆچونێکی جیـای هەیە لەگەڵ فـۆردا لەسـەر ئەو بڕیـارو ڕێکـارانەی دەبـێ بیکـا، وا پێـدەچو بایەخـدان بە ئەنجامـدانی لێکـۆڵینەوەیەکی پوخـت و ورد کەمتـر بـایەخی هەبـێ لەو هەڵانەی کـە هەواڵگری پێی هەڵساوە و بێ لێکۆڵینەوە دەستی لێ هەڵگرین، لە ٢٣ کانونی یەکەم لە

جیاتی سەرۆک داوام لە کۆلبی کرد، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلم لەسەر وتارەکەی هیرش بۆ بنووسێ ئاخۆ چیی گرتۆتەوە، ئەم گوتوبێژەش لە نێوانمان ڕویدا:

کۆلبی: دەقەکەت لەبەردەستدا دەبێ، کێشەکە لەوەدایە لە تەمەنی بیست ساڵەی هەواڵگریدا تا ئێستا هەندێک شت هەن نابێ هەواڵگری بیانکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەیکەین کە ناتوانین بلێین هەڵە ناکەین.

کیسینجەر: ئایا ڕاپۆرتەکان بەڕێکی بۆ سەرۆک دەنێری؟

کۆلبی:بەلێ، لە داهاتوودا ئێوەش هەموو شتێک دەزانن، من ئەمانە بە نیمچە ئاشکرایی دەیانکەم.

کینسجەر: گرنگ ئەوەیە سەرۆک هەموو ڕاستییەکان بە وردی بزانێ، دەبا ئێستا بەهۆی نهێنی نەبوونەوە بە دڵەڕاوکێوە نەبین.

کۆلبی: نەخێر هەردووکیان ڕاستن و....

کیسینجەر: دەبێ ڕاپۆرتەکە لە هەموو ڕووێکەوە گشتی بێ.

کۆلبی: بەڵێ دەتوانم لە هەموو بارێکەوە ڕوماڵی بکەم.

کیسینجەر: ئەگەر بە ئاشکرا پێشکەشت کرد، دزە دەکا.

فۆرد ڕاپۆرتەکەی کۆلبیی ڕەتکردەوە چونکە ویستی لێکۆڵینەوەکان بە پێی نەخشەی خۆی بڕوات، بڕیارەکانی گەیاندیانە دەستەی کۆنگرێسی جێبەجێکردن کە لەلایەن دوو حزبەوە پشتگیریی لێ دەکرا، لەو لیژنەیە دەچو کە بە ناوی لیژەی (وارن) ناسرابوو فۆرد کاتی خۆی کاری تێدا کردبوو، ئەو لیژنەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی کینیدی دامەزرابوو، بەڵام کۆنگرێس تووشی شۆک بوون کە پرسیان پێ دەکرێ، بۆیە فۆرد لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٥ پێکهێنانی لیژنەیەکی لەو دوو حزبە ڕاگەیاند، بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک نیلسون ڕوکفلەر، پێکهاتبوو لە حەوت ئەندامی بەرز لە ژیانی تایبەتی دەستەبژێر کرابوون، دەبووایە ئەو لیژنە لە ماوەی سێ مانگ ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن، ( دواتر دوو مناگی تری بۆ درێژکرایەوە) دەسەڵاتەکانیشی ئەمانەن: پشکنینی دۆسیەی ( خشلەکانی خانەوادە)و ڕاپۆرت لەسەر قەوارەی پێشێلکارییەکان ئەگەر هەبن. پێشنیار لەسەر بێژینگکردنی پێشێلکارییەکان و جوداکردنەوەیان لە تۆمەت و ناڕەزاییە مەترسیدارەکان.

کۆلبی لە شایەددانەکەیدا لەبەردەم لیژنەی ئەنجومەنی پیران خۆی گرمخاند. کۆلبی ڕازی بوو ڕاپۆرتەکەی لەلایەن لیژنەوە بڵاوبکرێتەوە بێ ئەوەی ڕاوێژ بە کۆشکی سپی بکرێ یا لانیکەم ئاگادار بکرێتەوە.

( ئەو ئێوارەیە من بە ڕێوەبووم لە گردەکە دەهاتمە خوار، بەوەمزانی کە ئاگاداری کۆشکی سپیم نەکردووەتەوە کە بەیانی لە ڕۆژنامەکان چی دادەبەزێ، بۆیە لەوێ وەستام تا دانەیەک لەو بەیاننامەی لیژنەکە دەری کردووە بدەم بە برنت سکوکروفت:

ناوەڕۆکەکەی بۆ ئەوان زانرا بوو، پشکنین لەسەر تیرۆرکردنی کینیدی کرابوو، فۆرد خۆی کاری تێدا کردبوو، بەڵام بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکانی وەکو تەقینەوەی بۆمبێک وابوو.

ئەمە هاندانی خەڵک بوو بۆ ئاژاوە، لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٧٤ ئەنجومەنی پیران بە ڕێژەی ٨٢% تا ٨٤% دەنگی لە بەرژەوەندی پێکهێنانی لیژنەیەکی هەڵبژاردراو دا، پێک بێت لە شەش ئەندامی دیموکراسی و پێنجی کۆماری، بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی چالاکییەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکی. ئەم لیژنە سیناتۆر (فرانک چیرش سەرۆکایەتی دەکا بڕیاریش وابوو لە یەکەم ڕۆژی ئەیلولی ١٩٧٥ دابمەزرێ، بەڵام دواتر بۆ ٣٠ی نیسانی ١٩٧٦ دواخرا).

بۆئەوەی کەس لەسەرویانەوە نەبێ، ئەنجومەنی نوێنەران لە ١٩ی شوباتی ١٩٧٥ بڕیاری ژمارە ٣٨ی دەرکرد. بریتی بوو بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هەلبژێردراوی تایبەت بە هەواڵگری، سەرۆکی ئەنجومەن دە کەس دیاری دەکا بۆ ڕابەرایەتی لیکۆڵینەوە لەسەر هەڵە و پێشێلکارییەکانی هەواڵگری، دوای ململانێ و کێشەی زۆر بڕیاردرا ئەو لیژنەیە بە سەرۆکایەتی ئوتیس.ج بایک ی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی دیموکراتخوازەکان (نوێنەری نیویۆرک) بێ.

ئێستا سێ لێکۆڵینەوەی هەواڵگری لە یەک کاتدا بەڕێوە دەچن:

١/ لیژنەی ڕۆکفلر، فۆرد بڕیاری لەسەردا.

٢/ لیژنەی چیرش، لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە دامەزرا.

٣/ لیژنەی بایک، لەلایەن ئەنجومەنەوە .

سەرەڕای ئەمە، بەیاننامەکانی هەردوو لیژنەی پەرلەمانی، سەرجەم لایەنەکانی کاری هەواڵگریی ئەمریکیی ڕوپێو کرد، بۆ جیاکردنەوەی پێشێلکاری و دژە کارەکان هیچ پێوەرێک نەبوو. ئەو کارانەش کە پێشتر بە کاری نهێنی دەزاندران دەبووایە ئێستا سەرچاوەکانیشی ئاشکرا بکرێن.

لە دۆخە ئاساییەکان مەزندەی ئەوە دەکرێ بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی هەندێک سەرچاوە بە نهێنی لای خۆی بهێڵێتەوە. تەنانەت ئەگەر کۆشکی سپیش دەستی خستە نێو و میانگیریی بۆ کرد، بەڵام کۆلبی تەنیا ئەمەی ڕەتنەکردەوە بەلکو ئەوانەی لەبەر دەستیشیدا کاریان دەکرد لەو سوێندەی بووردن کە پێشتر کاتی دەستبەکاربوونیان خواردبوویان و بریتی بوو لە پاراستنی نهێنییەکان.

ئیتر ئاشکرابوونی نهێنییە نەتەوەییەکان خۆی لە میزاج و هەوەستی کارمەندی هەواڵگری دەبینییەوە.

کۆلبی پارێزەرێکی لە دەرەوەی کارەکان دامەزراند، بۆ ڕاوێژ پێکردن لەسەر کاری لێکۆڵینەوە، ئەو ڕاوێژکاریی لەدەست خۆی هێشتەوە بێ ئەوەی پرس بە کۆشکی سپی بکا کە زۆربەی جارەکان زانیارییەکانی دوای ڕووداوەکانی بۆ دەگواستنەوە. بە نیانی و هەماهەنگی کاری لەگەڵ ئەنجومەن دەکرد و داواکارییەکانی بەجێ دەگەیاندن، بەو هۆیەوە زۆربەی بەڵگە و زانیاریی نهێنی لەسەر چالاکییەکانی هەواڵگری لەبەر دەستی خەڵکدا بوون.

ئێستا کۆلبی وا هەست دەکا هەموو ئازادییەکی هەیە بۆ پێدانی هەرچی بەڵگەیە بە کۆنگرێس تەنانەت ئەوانەی داواشی نەکردون، بە پێویستی دەزانم بڵێم ( ئەو دۆسیانەی لەلایەن لێکۆلەران دەستنیشانکران، مانا و سەنگی تایبەتی خۆیان هەبوو. لە ئەیلولی ١٩٧٥ دوای ئەوەی زانیارییەکی زۆر لە ڕێگەی لیژنەی بایکەوە بڵاوبۆوە، دواتر فۆرد بڕیاری دا بە بڵاونەکردنەوەی دۆسیە نهێنییەکان ئەگەر لیژنەکە بڕیاری لەسەر نەدا، بەڵام کۆلبی توانیی خۆی لەم بڕیارە دەرباز بکات و لێی بسوڕێتەوە، ئەمەش بە ڕێگەی وەرگرتنەوەی ئەو دۆسیانەی کە کێشەی لەسەرە و بیداتە لیژنەکە. کۆشکی سپی هیچی پێنەکرا جگە لە بێزاری و نائومیدی. ئەمەش کاتێک بەڕێوەبەری دەستەی لیژنەی بایک ا.سیرل فید لە دانیشتنێکدا ڕایگەیاند خاوەنی دەستەیەکی لێکۆڵینەوەیە بە

پاشـخانی کرێگـرتەی نهێنییـەوە، ئەم بڕیـارەش لە خزمەتـی هـیچ لایەنێکـدا نییـە، ڕاوبۆچونی فۆرد و ڕاوێژکاریان بەم پرسە وەرنەگرت، تـا ژیانی ئەو خەڵکەیـان خستە مەترسی.

کۆلبی ئەم پاساوانەی بۆ ڕەفتارەکانی هێنایەوە، گوایە ئەرکێکی دەستورین:

سیاسەتێکی خاکیم هەبوو، ئەمەش بە پێی دەستورو بیرو بڕواکانم بوو، واتە دەبێ لەگەڵ لێکۆڵینەوەکـان هاوکـار بـم و کـۆنگرێس و ڕۆژنامەکـان و گەلـی ئەمـریکیش لە ڕووداوەکان ئاگادار بکەمەوە..

تا سەردەمی کۆلبی، هیچ بەڕێوەبەرێک ئەمەی نەخستۆتەڕوو کە مـافی خـۆیەتی هەرچی ڕاپۆرتە یا زانیاریی هەواڵگرین دەتوانێ بڵاویان کاتەوە، یا لانیکەم مـافی ئەوەی هەبێ شـیکاری بـۆ بنەماکـانی دەسـتور بکـات بە شـێوازی تـایبەتی خـۆی. یـا سـوێند خواردنی سەربەخۆ کە هەواڵگری بە پێی یاسای ئاسایشی نەتەوایەتـی لە ١٩٤٧ بڕیـاری لەسـەر داوە کە دەزگـای ڕاوێژکـاری ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی سـەرۆک خـۆی سەرۆکایەتی بکا، ئاڕاستەکانی کۆلبی ئەوەبوون لایەنی دەستوری بۆ سەرۆک جێ بهێڵـێ و ئەو ئازاد بێ، ئەگەر کێشەیەکیش لە نێـوان ئەو و کـۆنگرێس ڕوویـدا بڕیـاری یەکلایـی کردنەوە بۆ دادگا جێ بهێڵێ.

فۆرد سەرۆکێکی نوێ بوو، پێنج مانگ بەسـەر دەسـت بەکـاربوونی تێـپەڕ نەببـوو، بەهـۆی ئەوەی سـور بـوو لەسـەر زاڵبـوون بەسـەر تـوڕەیی جەمـاوەر لە ئـابڕوچونەکەی واتەرگێـت (Watergate)، هەنگـاوێکی باشـی بڕیبـوو بـەوەی بـڕوایەک لای خەڵـک دروست کا کە ئیتر شورە لە دەوری لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرێس دروست ناکا، تا ئەوکـات لەژێر کاریگەری ئەو هێتمەیە دابوو کە بەهۆی لێبووردنی نیکسۆنەوە تووشی هاتبوو.

شـێوازی ن.س.سـی (NSC)ی لەخۆبـایی. سـەلماندی نـاتوانێ مـامەلە لەگەڵ کـۆنگرێس و بەڕێـوەبەری ئاژانسـی هەواڵگریـدا بکـا، بەهـۆی ئەوەی مـن تـا ئەوکـات یاریـدەدەری کاروبـاری ئاسایشـی نەتەوایەتـیم لە بەشـە مەزنەکەی لێکـۆڵینەوە، زۆربەی توانا و وزەکانم لە گەشتی فرفرۆکی سێ جەمسەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و کێشـەی کەوتنی هیندی و چینـی، بـردە سـەر. بـۆیە برنـت سـکوکروفت زۆربەی لێکۆڵینەوەکـانی هەواڵگریـی بەڕێـوە دەبـرد، زۆر بەرپرسـیارانە لە هـەموو شـتێکی ئاگـادار دەکـردمەوە،

کێشـەی مـن لەگەڵ کۆشـکی سـپی ئەوە بـوو کاتێـک زانیارییەکـان دەگەیشـتنە دەسـت کـۆلبی، ئەو بە هەوەسـتی خـۆی ڕەفتـاری دەکـرد، ئیتـر سـکۆکروفت کـاتی ئەوەی بەدەسـتەوە نەدەمـا مەزنـدەی پانتـایی ڕاگەیانـدنەکانی کـۆلبی بکـا، دواتـر ئاگـادار نەدەکرایەوە تا ئەوکاتەی بەدوای هاوکارییەکـانی کۆنگرێسـدا دەگەڕان لەو دۆسـیانەی لە بارەگـای سـەرەکیی ناوەنـدی هەواڵگری هەن (CIA) و تـا ئەوکـات ڕادەسـت نەکـراون، دونالد ڕامسفیلد توانیی ڕێـگە لە هەواڵگری بگـرێ قەیرانـی غەواسـەی سۆڤیەتی کە لە دەریای باسفیک نقوم ببـوو بـڵاو بکـاتەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا چیرۆکـی گلـومر ئیکسـپلورر (Glomer Explorer) هەر دزەی کردبـوو. بە گـوێرەی یادگارییەکـانی کە خـۆی نووسیویەتەوە، من و شلیسنجەر گونجان و هاوهەڵوێستی خۆمان لە میانی خەمخۆریمان بـۆ دارِمـان و زیـان لێکەوتنـی دەزگـای هەواڵگریمـان بـۆ کـۆلبی دەرخسـت، تـورەیی و ناڕەحەتی خۆمم دەربڕی، کۆلبیش لەمە زۆر ئاسودە و دڵخۆش بوو.

کارەسـات بـوو، وانەی بە خوێنـەرانی زانسـتە سیاسـیەکان دەدا، بەڕێـوەبەری هەواڵگریی سـەربە سـەرۆک بـوو، بەڵام بە گـوتەی سـەرۆک نـاتوانێ لەو کـارەی لابەرێ، تیپـی کۆشـکی سـپی لەو ئاسـتەدا نەبـوون دووبـارە بە وردی بە بەڵگەکانـدا بچنەوە یـا بتوانن بڵاویان بـکەنەوە، مـایەی گاڵتەجـاڕییە پشـکنینەکان پەیمانیـان دابـوو چـاودێریی توند دەخەنە سەر ئاژانسەکانی هەواڵگری، هەرنەبێ لە کاتی بەردەوامی لێکۆڵینەکان بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بەسەر هەواڵگریدا زاڵ بن.

پاش ئەوەی لیژنەی پایک فەرمانی بانگێشتن دەردەکا، دواجار فـۆرد دان بەوە دەنـێ کە کارەکـان لە دەسـت دەرچـوون، هەڵسـا بە دانـانی مـافی جێبەجێکـردن لە شـوێن جێبەجێکـردن، لاریـی نەبـوو لە ڕادەسـتکردنی هـیچ بەڵـگە و فـاتورە و پسـولەیەک کە پەیوەندیی بە سوکایەتی وپێشێلکارییەوە هەبێ، ئەو سور بوو لەسەر ئەوەی دەبـێ هـەموو پێشێلکارییەکان کۆتاییان پێبێ ئەگەر هەبن، پێشنیاری کـرد بەدواداچـوون بـۆ پێـدانی ئەو بەڵگەنامانە بکا کە لیژنەی لێکۆڵینەوە داوای دەکەن بەو مەرجەی نهێنییەکانی بپارێزن.

فۆرد بڕوای نەدەکـرد بەرژەوەنـدییە باڵاکـانی وڵات بەهـۆی نهێنیـی بەڵگەنامەکـانەوە ڕووبەڕووی مەترسـیی دادوەری بـۆتەوە، بەتـایبەت ئەو بەڵگەنامـانەی دەبـووایە نهێنیـان بپارێزرێ کەچی لە دادگا ئاشکرا کران، دواجار گەڕانەوەی کۆلبی بۆ پۆستەکەی لەو کاتەی

واتەرگێت (Watergate) باڵی بەسەردۆخەکاندا کێشابوو، بە بۆچونی فۆرد ئەگەری ئەوە هەبوو بەگژداچونەوە لە نێوان لقەکانی جێبەجیکردن و یاسادانانداندا هەبی، سەرەڕای ئەوەی دواجار ئەمە بوو ئەنجامەکەی، بەمجۆرە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک خوێن بەردان بەردەوام دەبێ تا ئەوکاتەی کۆنگرێس سنورێک بۆ لیژنەی بایک دادەنێ بەڵام ئیتر زیانی مەزنمان بەرکەوت کە ئاستەم بوو سارێژ بکرێن.

مـن دان بەوەدا دەنـێم کە مەرام و مەبەسـتەکانی کـۆلبیم نەزانـی، بەتـایبەت ئەو ڕەفتارەی کارکردنی سەربەخۆی کە بەبێ ڕاوێژ و ئاگاداری سەرۆک و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتـی کـاری دەکـرد، تەنـانەت دوای وازهێنـانی لە خـزمەت و بڵاوکـردنەوەی یادەوەریەکانیشی مەبەستی بۆ برادەرانیشی باس نەدەکرد.

یەکەم دیدارم لەگەڵ ئەو بەرپرسە ئەمریکییە کە شاشترین بەرپرسی ئەمریکی بوو، لە سایگۆن بوو لە ١٩٦٥ کاتێک بۆ ماوەی مانگێک وەکو ڕاوێژکاری باڵوێز ( هنری کابووت لودج) کارم دەکرد. چاوە خۆڵەمێشیەکانی کولبی لە پشت چاویلکەکانییەوە دەخولانەوە بێ ئەوەی کەسێک بزانێ سەیری چی دەکا، سەرەڕای پۆشتەیی، وەکو کەسێکی وەرزشوان خۆی نیشان نەدەدا، ئەگەر کەسێک شارەزای تواناکانی نەبووایە کە لە جەنگی دووەمی جیهانی نواندی( بە پەرەشوت خۆی هەڵدایە سەر فرەنسا و نەرویژ، ئەوکاتەی گەنجێکی سیخوڕی هەواڵگری بوو) وای دەزانی ئەوە ئەو سیخوڕەیە کە لە ڕۆمانەکەی جۆن لوکاریە دا دەرکەوتووە. ئەو نموونەی متمانە و ئاگاداری بوو.

کۆلبی هەروەکو سیناتۆر بووب کیری لەو ڕاپۆرتەی لە ئایاری ١٩٩٦ بۆ دەسەڵاتی بەرز کردۆتەوە، شایەنی ستایش و پیاهەڵدانە. کۆلبی نوێنەرایەتی ئەو نەوەیە کە بەسەر نەهامەتی و نەداریدا زاڵ بووە و جەنگی لە بەرانبەر بە کۆمۆنیزم بردەوە بێ ئەوەی بکەوێتە شەڕ، بەشداریی لە یەکێک لە گرنگترین جەنگەکانی هەواڵگریی کردووە کە بووە مایەی سەقامگیری و ئازادی، دواتر ڕۆژێک لە ڕۆژان مزایەدەی بە ڕابردووی خۆیەوە نەکردووە و بەسەر کەسیدا نەفرۆشتووە.

لە سایگۆن بووە بەرپرسی بەناو بەرنامەی فونیکس کە کاری بۆ شکستپێهێنانی چەتە کۆمۆنیستەکان دەکرد، کۆلبی بۆ ئەم پیشەیە نهێنیپارێز بوو، سەلماندی ئامادە نییە هیچ زانیارییەک لەسەر بەرنامە و هەنگاوەکانی داهاتووی بدا.

دوای ئەوەی مـن پۆسـتی ڕاوێژکـاری ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی دەگـرمە دەست، کۆلبی دێتەوە واشنتۆن بەڵام تەنیا لە کۆبوونەوەکانی کۆشـکی سـپی یەکترمـان دەبینی. کۆلبی کەمـدوو بـوو، لە تەمـوزی ۱۹۷۳ شلیسـنجەر لە ئاژانسـی هەواڵـگرییەوە دەگواسـترێتەوە بەشـی بەرگـری، لە شـوێن ئـالیوت ڕیچاردسـۆن کە دواتـر دەبێـتە بەڕێـوەبەری گشـتی، ئـال هیـگ ی سـەرۆکی سـتونی نیکسـۆن، کـۆلبی بـۆ بەڕێـوەبەری ئاژانسی هەواڵگری کاندیـد دەکـا، بەمەزنـدەی ئەو، ئـاژانس توانـای زیـاتر دەخـاتە گەر ئەگەر لەلایەن کەسـێکی پسـپۆر بەڕێـوە ببرێـت. منـیش بە هـیچ شـێوەیەک خـۆم تـێ هەلنەقورتاند بەڵام پێم وابوو کە دامەزراندنی کۆلبی لە شوێن خۆیەتی.

بە تێگەیشتنی من دوو لێکدانەوە بۆ ڕەفتارەکانی کۆلبی هەن:

١/ بۆچونی یەکەم لەلایەن جەنەڕال فیرون والتەرز، دۆستی دلسۆزو جێگری کـۆلبی بوو، والتەرز سەلماندی کە کۆلبی بڕوای وایە گۆڕانی سیاسی لە تەرازوی هێزی واشنتۆن بـووە مـایەی ئەوەی کارەکـان بـکەونە ژێـر دەسـەڵاتی کۆنگرێسـەوە، کە تـاقە ڕێـگە بـۆ پاراستنی ئاژانسی هەواڵگری، ئاشـکراکردنی نهێنیـی لیژنەکـانی سـەربە کۆنگرێسـن، بە کردار ئاژانسی هەواڵگری کەوتە ژێر میهرەبانی کۆنگرێسەوە.

٢/ لێکدانەوەی دووەم، دەگوترا کۆلبی گۆڕانکارییەکی گرنگـی لە پیشـەکەی خۆیـدا دروست کردووە، شیوازی توندبوونی جەنگی ساردی بەوە نیشاندا کە ژێرخـانی ڕەوشـتی کۆمەڵگای ئەمریکیی لاواز کردووە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە دەستی پێبکردبا، بە دڵنیـایی ئامـانجی دەبـووە پـاککردنەوەی وڵاتەکەی، ئەمەش بە بەشـداریکردن لە سیاسـەتی نـاڕەزایی، لەم ئاڕاسـتەوە کەمکـردنەوەی ئاسـتی ئەو کـارەی پێیـان سـپاردووە بـووە قوربانییەکی زەرور، ئەو بڕوای وابوو وەکو جەنگاوەرێکی جەنگی دووەمی جیهانی دەبێ ئەم قوربانییە بدا .

ئێستا بە پشتبەستن بەم پاشخانە دەتوانین ڕوناکییەک بخەینە سەر ئەو کـارانەی لیژنە جیاجیاکان ئەنجامیان داون:

## لیژنەی ڕۆکفلەرRockefeller

لیژنەی ڕۆکفلەر لەلایەن سەرۆکەوە دامەزرابوو بە شێوەیەکی تایبەتی کاری لەسەر پرسە لۆکالییەکانی ئاژانسی هەواڵگریدا دەکرد. لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٥ ڕاپۆرتی بە ٩٦ پرسەوە بینرا. کە لە ماوەی چارەگە سەدەیەک ڕوویان دابوو، بریتی بوو لە شێواز و ڕەفتاری نا یاسایی و ڕێگە پێنەدراو لە ڕوی یاساییەوە، زۆربەی ئەو پرسانەش لە سەردەمی نیکسۆن ڕویان دابوو نەک فۆرد.

ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەم بینی سەرجەم ئەو پێشێلکارییانەی ڕوویانداوە بە پشتبەستن بەدەسەڵاتە دەستورییەکان ڕوویاندابوو، بەڵام لە ماوەی ٢٨ ساڵدا، ئاژانسی هەواڵگری لەم ڕووەوە بەم کارانە هەڵساوە:

- لە هەندێک کار تێوە گلاوە کە دەبووایە خۆی ڕێگریی لێ بکا و ڕەخنەیان لێ بگرێ.. هەندێک لەو کارانە بە فەرمانی سەرۆک بوونە، جا یا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هەندێکیشیان نایاسایی بوون پێشێلێکی ئاشکرا و زیادەڕۆ بوون بۆ سەر مافەکانی ئەمریکا.
- ڕۆژنامەگەری جەختیان لە دەستەواژەی ( هەندێک) دەکردەوە، بەڵام دەستەواژەی (زۆرینەی ڕەها) یان پشتگوێ خستبوو.

ئەگەر نوسەرانی مانشێتەکان لە درێژەی هەواڵەکان ورد ببانەوە، دادپەروەرتر دەبوون. سێ لەسەر چواری بەشی پرسەکانی بەناو پرسی سیخوڕی نیشتمانی لەسەر کارمەندانی هەواڵگری بوون، ٢٦ لێکۆڵینەوەش لەسەر ئەو کەسانە بوون کە پەیوەندییان بە ئاژانسی هەواڵگرییەوە نەبوو. ٢١ لێکۆڵینەوەش لەگەڵ کەسانێک بوون کە پەیوەندییان بە فەرمانبەرانی حالی حازر یا کۆنی هەواڵگرییەوە هەبوو، لیژنەی ڕۆکفلەر ١٥ شایەدحالی لەو کەسانە بوو کە نە ڕاستەوخۆ نە ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئاژانسی هەواڵگریەوە نەبوو.

لیژنەی ڕۆکفلەر ٣٠ ڕاسپاردەی پێشکەش کرد تیایدا داوای گۆڕینی ڕێکاری یاسایی و ئیداری و نوێنەرایەتیی دەکرد، لە نێو ئەو ڕاسپاردانە، داوای پێدانی ڕۆڵی زیاتری

دەستەی ڕاوێژکاریی هەواڵگریی سەرۆکایەتیی دەرەوەی دەکرد، ئەم دەستەیە لە کەسانی ناسراو لە بوارە جیاجیاکانی ژیان بوون، بە سەرۆکایەتی کەسێکی بێکار لە تیمێکی بێکار بوو، ئەرکی ئەو چاودێریکردنی هەواڵگری لە چۆنییەتی گونجان و هاتنەوەی لەگەڵ دەسەلآتی دەستوری و دیاریکردنی گروپە هەواڵگرییەکانی دەرەوە و ڕێکخستنیان بوو، لەگەڵ پێدانی پێشنیارو ڕاسپاردە بە سەرۆک و بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی و داواکاری گشتی، سەرۆک فۆرد ئەم ڕاسپاردانەی قبوڵکردن.

## لیژنەی چیرچ

بەدەر لە هەندێک کەم و کوڕیی ناوەناوە، وەکو ناساندنی سیناتۆر والتەر موندیل بە پیاوانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی کە بۆ ڕۆژنامەی تایمز لێدوانی دا، گوتی لیژنەی چیرچ بەرپرسیارانە کاری لە ڕێکار و مامەڵەی بەڵگەنامەی نهێنیدا کردووە بەو هۆیەوە مافی بە ئاژانس دا کە هەندێک ڕستەی هەستیار بسڕێتەوە. کێشەکەی پێ ئاسان بوو بەڵام چارەسەر نەبوو، چونکە توێژەرانی هەواڵگری دەرەوە توانای دووبارە گەڕاندنەوەی بەشە پچڕێندراوەکانیان هەیە، دەبێ ئەو بەڵگەنامانە بە زووترین کات بدرێنە لیژنەکە.

هۆکاری ئەوەی لیژنەکە ڕو لە کارە هەستیارەکان دەکا، ناوبانگ دەرکردن بووە. لە ڕۆژی یەکەمی دانیشتنەکان لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٧٥ نموونەیەکی باش پێشکەش کرا. سیناتۆر چیرچ پرسیارێکی مین ڕێژکراوی لە کۆلبی کرد:

( ئایا هەندێک لەو ئامیرانەت لەگەڵ خۆتدا هێناوە کە ئاژانسی هەواڵگری بۆ ژەهراوی کردن و کوشتنی خەڵکیی بەکار دەهێنا؟) ئەوکات بە بەرنامەیەکی پێشوەخت کۆلبی ئەوەی کە پێی دەوترێ (دەمانچەی تیرهاوێژی ئاژانسی هەواڵگری)ی نمایش کرد. بریتی بوو لە وێنەی سیناتۆر چیریچ و یاوەرانی کە ئیدارەیان دەپشکنی و لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان هەڵدەدایەوە ڕوخساریان ئاماژەی مەترسیداری نیشان دەدا، ئەو تێبینییە لای خەڵک دروست بوو کە فەرمانبەرانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی لەو ناوە دەخولێنەوە و دەمانچەکانیان لە ژێر قاپوتا حەشار داوە.

دوو ڕۆژ تێپەڕی بەر لەوەی چارلز سنسینی کە فەرمانبەرێکی وەزارەتی بەرگری بوو، سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەم ئیدارە مەترسیدارە ڕون بکاتەوە، بە هیچ شێوەیەک

دەمانچەی تیرهاوێژ ئامرازی ئاژانسی هەواڵگری نەبوو، تەنیا چەکێک بوو سوپا پەرەی پێدا، چونکە نرخی گران بوو، حکومەت هەوڵیدا ئاژانس ڕازی بکا ئەم چەکە بکڕن، دواجار دەرکەوت سوپا ئەم چەکەی پەرە پێداوە زیاتر لەوەی ڕەواجی بکا، بەڵام سەلمێندرا کە ئاژانسی هەواڵگری ئەم چەکەی نە کڕیە و نە بەکاری هێناوە.

لێکۆڵینەوەکانی لیژنەی چیرچ لە کۆبوونەوە جێبەجێکارییەکانی داخراو و شایەدی دانی تەلەڤزیۆنی بەڕێوە دەچوو. جیاکردنەوە لە نێوان ئەم دووە وەک لاستیک وابوو. چونکە دوای هەر دانیشتنێکی جێبەجێکاری سیناتۆر چیرچ توانا گوتارییەکانی بەکاردەهێنا و ڕێکارییەکانی کورت دەکردەوە.

دانیشتنێکی یەکجار زۆری لیژنە بۆ نەخشە و پیلانەکانی تیرۆری فەرمانڕەوە بێگانەکان تەرخان کرا. لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ لیژنە لێکۆڵینەکانی خۆی لەم بابەتە کۆتایی پێهێنا. سەرۆک فۆرد ترسی لەوە بوو گوتوبێژە ئاشکرابووەکان دەبنە یارییەک بەدەستی توندڕەوانی ناحەزی ئەمریکا و سەرتاپای جیهان، نەخاسمە لە وڵاتێک کە گوایە پیلانی لێ ئەنجام دراوە، بۆیە داواکرا ڕاپۆرتەکە بڵاو نەکرێتەوە. لە توانایدا بوو ئەم داواکارییە بە ویژدانێکی هەساوە پێشکەش بکا چونکە هەموو پیلانەکانی تیرۆرکردن لە سەردەمی ئیدارەی دیموکراتی ڕوویان داوە.

سیناتۆر چیرچ داواکەی فۆردی ڕەتکردەوە، بە بیانوی ئەوەی لیژنەکە دەنگی لەسەر بڵاوکردنەوەی داوە، ڕاپۆرتەکە دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی ئەنجومەنی پیران نمایش دەکرێ دواتر بە بڵاو دەکرێتەوە. لەسەر ئەوەی ئارەزووی لە زیادەڕۆیی نییە بە دووری نازانێ ڕێگە لە هاوڕێیانی بگرێ کە ڕاپۆرتەکە بڵاو نەکەنەوە، چیریچ لە شەوی دانیشتنەکە لە ٢٠ی تشرینی دووەم ڕایگەیاند کە مەبەست لە دانیشتنی داخراو ڕەزامەندی نییە لەسەر بڵاو کردنەوە، بەڵکو بۆئەوەی دەرفەت بە پیرەکانی تر بدرێ پرسیار پێ بکەن. ئەوکات ئیتر ڕاپۆرتەکە چاپکرابوو هەر سیناتۆرێکیش دانەیەکی بۆ لەسەر مێز دانرا.

ئەو هەواڵانەی چیریچ بۆی سوتابوو لە خەڵکی بگەیەنێ، بریتی بوون لە پێنج پیلانی کوشتن. هەمووشیان لە سەردەمی کینیدی بوون جگە لە یەکیان نەبێ:

١/ لە ١٩٦١ دژی فیدل کاسترۆی کوبا.

٢/ دژی باتریس لومومبا لە کونگۆی زائیر لە ١٩٦١.

٣/ دژی ڕوفائیل تروجیلۆی کۆماری دۆمنیکان لە ١٩٦١ .

٤/ دژی نگودینە دییم لە ڤێتنامی باشور لە ١٩٦٣ .

٥/ دژی جەنەڕاڵ ڕینییە شنایدەر لە چیلی لە ١٩٧٠.

لە دوو حاڵەتی کاسترۆ و لومومبا لە ڕاپۆرتەکە دیاربوو کە پیلانی تیرۆرکردنە لەلایەن فەرمانبەرە فەرمییەکانی ئەمریکی دارێژراون. پرسی شنایدەریش بە پیلان نەهاتە ئەژمار، سەبارەت بە لومومبا لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو کە ئەمریکا لەم پرسە تێوە نەگلاوە، کوشتنەکەی لەلایەن سیاسیە ڕکابەرەکانییەوە لە ١٩٦١ ئەنجام دراوە. وەکو هەموو جارێک لە مێژووی تیرۆرکاریدا، هیچ جارێک بە کاری تیرۆرکردنی فەرماندەیەکی بێگانە هەلنەستاوە.

لە دانیشتنە ئاشکراکانیدا لیژنەی چیریچ جەختی لەسەر کارە نهێنییەکان دەکردەوە کە هیچ پێشێلکارییەکی بەدی نەدەکرد بەڵکو ڕوتووشی بۆ کارەکان دەکرد، جگە لەو کارانەی پێی دەوترا جێماوەکانی نیکسۆن لە چیلی، کێشەکە لەوەدابوو سەرۆک و ئەندامەکانی زۆرینەی ئەنجومەنی پیران لە بیروڕادا دژی کردە نهێنییەکان بوون، ئەوان بە جێگەیاندنی سیاسەت لایان، پاساوی ئاشکراکردنی ڕاستیەکان بوو، بەمشێوەیە لەگەڵ ناساندنێکی وردی ئامانجە گشتیەکان و بەرنامەی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی بۆ کارە نهێنییەکانی. ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەی چیریچ کورتەیەکی پوختی شێوازو سەرچاوەکانی تیابوو، باسی لە ژمارەیەک لەو کەسانە کرد کە هاوکارو یاریدەدەر بوون لە کارەکانی، گەلێکیش لەو کەسانەی پشتگیریان لە سیاسەتی ئەمریکا کردووە بوونەتە قوربانیی و باجیان داوە و تواناکانی ئاژانسی هەواڵگریش بۆ کردەی داهاتووی، لاواز دەبینی.

ئیتر لیژنەی چیریچ کۆمەڵێک پێشنیاری ڕێکخستنەوەی بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری دەستنیشانکردن . هەروەها توانای ئەوەیان هەبوو گوێ لە سەرۆکیان بگرن ئەوکاتەی ڕاپۆرتی کۆتایی دەخوێندەوە و بە دەستەواژەیەکی ڕوون ئاماژەی بە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی دەدا کە (لە دەست دەرنەچووە).

## لیژنەی بایک

تەنانەت ئەم قۆناغەش، توانرا هەماهەنگی لە نێوان هەردوو لقی جێبەجێكردن و یاسادانان بپارێزرێ، ئاشكراكردنێكی مەترسیدار هەبوو لە بۆچوونی ئیدارە بۆ زانیارییەكانی هەواڵگری، بەڵام ئێمە لە ئەنجومەنی پیران بەرپرسیارانە مامەڵەمان لەگەڵ كەسانێكدا دەكرد ئەگەر سەركەوتووش نەبووبن، ئەوان بۆچونەكانی ئیدارەیان لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەكانەوە دەبینی.

لێكۆڵینەوەش لە ئەنجومەنی نوێنەران بە شێوەیەكی جیاواز دەستی پێكرد، سەرەتایەكی دواكەوتووی هەبوو و لە پشتەوەی پەردەی ( لێكۆڵینەوەكانی هەواڵگری) ئەنجام درا، ئەنجومەن خۆی پابەندی دەربڕینی بۆچوونی دووەم كرد لەسەر سیاسەتی دەرەوە، تا نیشان بدا چەندە كاریگەریی لەسەر هەواڵگری هەیە.

یەكەم كاری ئەنجومەنی پیران دوورخستنەوەی (لوسیان نیدزی)ی سەرۆكی بوو. چونكە لەلایەن كۆلبییەوە گوێی لە كورتەی دۆسیەی (خشلەكانی خانەوادە) بووە و ئاگاداری ئەندامانی لیژنەكەی نەكردووەتەوە، لیدز گۆڕدراو لە شوێن ئەو ئەكتەر (ئوتیس بایک) دانرا ئەمەش بۆ ئامانجێكی لێكۆڵینەوەی هەواڵگری بوو.

لیژنەی بایک بە وەرگرتنی هەڵوێستێك دژی كۆمەڵگای هەواڵگری و حكومەتی فۆرد قەرەبووی دواكەوتنی كردەوە، ئەندامانی تیپەكەی كە ژمارەیان پەنجا كەس دەبوون بەسەرۆكایەتی (سیرل فیلد) ی تەمەن سی ساڵ هێرشی توندیان كردە سەر كۆلبی، ئەمەی لەسەر نووسین:

بایک كەسانی پێ نەگەیشتوی لە لیژنەكەی خۆی وەرگرتووە كە بەدوای ناوبانگدا دەگەڕێن و بۆ مەبەستی لێكۆڵینەوە كۆ ببوونەوە، ئەوان كۆمەڵێك منداڵن بایەخ بە كاری وروژێنەر دەدەن دوور لەو پرسانەی پەیوەندیی بە هەواڵگرییەوە هەیە.

لیژنەی بایک پابەندی ئەو بنەما نیانانە نەبوو كە لەبەردەست لیژنەی چیریچ و لقی جێبەجیكردندا بوون، ئەندامانی ئەم تیپە بێ ئەزمونانە مامەڵەیان لەگەڵ بەڵگەنامە نهێنییەكاندا كردووە بێ ئەوەی پاشخانێكی ئەزموونیان هەبێ، كۆلبی نزیكەی ٧٥٠٠٠ بەڵگەنامەی نهێنیی خستبووە بەردەستیان.

ئەوكاتەی لیژنەی بایک مامەڵەی لەگەڵ هەندێك لە نامەی هەستیار دەكرد، كارەكان گەیشتبوونە لوتكە. سەرەڕای ناڕەزاییەكانی كۆلبی و هەندێك لە ئەندامانی لەو

بەرزتــر لە نێــو کۆمەڵگــای هەواڵگــری، کەچــی لیــژنە بەردەوام دەبــێ لە هەڕەشــەی ئاشـکراکردنی پێـنج ڕاپـۆرتی هەواڵگریـی جۆراوجـۆر کە پەیوەنـدییان بە نزیکبـوونەوەی ڕوودانی جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیلە لە تشرینی ١٩٧٣. پیاوانی هەواڵگری باسیان لەوە کردووە کە ئەمە توانای ئەمریکـای داهـاتوو لە چاودێری و شـیکردنەوەی نامەکـان دەردەخەن. ئەم شێوازە پێشتر لە لیژنەکانی سەربە کۆنگرێس ڕووی نەداوە.

لەگەڵ ئەوەشـدا کاتێـک لیـژنەی بایـک خەراپکاریەکـانی لە ١١ی ئەیلـولی ١٩٧٥ بڵاوکردەوە، فۆرد پشکی خـۆی بەرکەوت، جەنەڕاڵ ڕیکـس ئـی لـی پـارێزەری دادوەر لە دانیشــتنی گوێبیســتن دەردەکــەوێ، کــە چەنــدین جــار لەلایەن ســەرۆکەوە قســەی پــێ دەبڕدرێ، ئێمە ئەمەمان لە گوتەکانی هەڵهێنجا:

(بەرپرسیارییەتیی سەرۆک بەرانبەر بە ئاسایشی نەتەوایەتیـی و پەیوەنـدییەکانی دەرەکیی ئەمریکا، پیرۆزنابێ ئەگەر داوای خێرای گەڕاندنەوەی دۆسیە نهێنییـەکان نەکـا کە بە لیژنەیان دابوو، لەگەڵ دەرکردنی فەرمانێک بۆ سەرجەم لقەکـانی جێبەجێکـردن، کە چیتر زانیاری بە لیژنە نەدەن).

ئەم بێ سەروبەریەی لیژنەی بایک ئەوەی دەرخست ئاخۆ لیژنەکانی کۆنگرێس مافی دەســتوری ئەوەیــان هەیە زانیــارییە نهێنییــەکان ئاشــکرا بــکەن کە لە لیژنەکــانی جێبەجێکـردنەوە بۆیـان دێـن؟، هەرچەنـدە هەڵوێسـتی لیـژنە بەسـەر بـاقی لیژنەکـانیتر گشتگیر دەکرێ، کەوابێ لەمرۆ بەدواوە هەستیارترین پرسی هەواڵگری بڵاودەکرێتەوە.

دوای بەدواداچـوون و یەکلایـی کـردنەوەی پرسـەکانی، پێـداگریی کـرد کە مـافی ئەوەی هەیـە، بـۆیە ڕازی نەبـوو هـیچ دۆسـیەیەک بگێـڕێتەوە جـگە لەمەش ئەو پـلانەی ڕاگەیاند کە بۆ داداگـایی کردنـی ئاشـکرا بـۆ پرسـی ( تیـت ئوفینسـیڤ ١٩٦٨ Tet Offensive) داڕشتووە کە لەسەردەمی سـەرۆک جونسـون ڕویـدابوو. کۆشـکی سـپی داوای ئەو دۆسـیانەی کـرد کە کێشـەیان لەسـەرە، بەو مەرجەی بە نهێنـی بمێننـەوە تـا ئەوکاتەی سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەکرێن، بایـک ئەم داوایەی ڕەتکـردەوە، هەرکە لیژنەی بـایکیش دەرگـای دانیشـتینی لێکۆڵینەوەی لەسـەر پرسـی ئوفینسـیڤ لە ١٨ی ئەیلولی ١٩٧٥ کردەوە، بـە هەوەسـتی خـۆی دەسـتی کـرد بە بڵاوکـردنەوەی بەڵگەنامـە نهێنییەکان، لە نێویاندا شتی نهێنێ لە نەخشەی ( تەنیا چاوە نهێنییـەکان Secret Eyes) هەروەهــا نــاوی چەنــد ســیخوڕێک و ئاژانســێکی هەواڵگــری کە لە دەرەوە کاردەکەن.

تا ئەوکات بەهۆی هەندێک هۆکاری دەرەوە من تەنیا چاودێرێکی ئەو شانۆگەرییە بووم، لە دەرچونی بەڵگەنامە نهێنییەکان ئاسودە نەبووم، بەڵام وەکو ئەندامانی تری کۆشکی سپی هیچم بەدەست نەبوو تا ئەو لێشاوە بووەستێنم، پێدەچوو سەرۆک بایک منی کردبووە ئامانج، بۆ ئەم پرسەش قەیرانی قوبرسی هەڵبژاردبوو تا دژی من بەکاری بهێنێ، گومانی خستبووە سەر من کە بە درەنگ وەختان هۆشداریم لەسەر شۆرشی تۆماس بوویات داوە، کە دواتر دەبێتە وەزیری دەرەوەی قوبرس، بایک و تیمەکەی پرسی بڕیاری باڵوێزی ئێمەی لە ئەسینا دووبارە هێنایەوە کە لە حوزەیرانی ١٩٧٤پەیوەندی بە وەزیری دەرەوە دەکا و ئەگەری هەڵگیرسانی شۆڕش دژی ئەسقوف سیرافیمی پێرادەگەیەنێ لە ئەسینا، کە دژی وەزیری دەرەوە بوو نەک دژی پیاوە بەهێزەکە (دیمتریوس لوانیدیس)، ئەمانە هەمووی هیچ پەیوەندییان نە بە توانای هەواڵگری نە بە شێوازی سیاسەتەکانمانەوە هەبوو.

لە میانی گەڕان و پشکنینیان لەسەر پرسی قوبرس، بایک و تیمەکەی داوای سەرجەم بەڵگە ناوەخۆییەکانیان کرد کە پەیوەندییان بە وەزارەتی دەرەوە هەیە، لە ناویاندا هەر داواکاری و ڕاسپاردەیەکی بچوکترین فەرمانبەری، سەرو ژێر هێل بوو.

من لە گەڵێک بۆنە، سیاسەتی خۆمانم لەبەردەم لیژنەی نوێنەرایەتی لەسەر قوبرس ڕوون کردۆتەوە، لە نێویاندا کاردانەوەمان لەسەر ڕاسپاردەکانی (بوویات)، بەڕاستی من زۆر ئارەزووم لەوە هەبوو جارێکیتر ئەمە بکەم، هەرچەندە هەواڵگریمان نە لە دوور نە لە نزیک پەیوەندیی بەم پرۆسەوە نییە. بەڵام بڕیارم دا هەڵوێستی بینەر هەلنەبژێرم لە کاتێکدا وەزارەتی دەرەوە لە حاڵەتی پارچەپارچەییدایە. هەروەکو ئاژانسی هەواڵگری.

بۆ شیکردنەوەی سەرجەم سیاسەتەکانمان ئامادەیی خۆم دەربڕیبوو، گوتم من بەرپرسیارێتی ئەنجامەکەشی هەڵدەگرم. بەڵام ڕازی نەبووم ناوی ئەو فەرمانبەرە بدەم کە فەرمانی بە ڕێکارێکی دیاریکراو داوە، هەڵسان بەمجۆرە کارە بێ ئەوەی هیچ داواکارێکی لەسەر بێ کە پێشێلکاری کراوە، دەبێتە مایەی لەناوبردنی بێگەردیی کاری نهێنی و دروستبوونی بڕیاری ناوەخۆی وەزارەتی دەرەوە. ئەگەر ڕاسپاردنی هەر کارێک لەلایەن فەرمانبەرێکی بچوک ببێتە مایەی ئەوەی لەبەردەم لێژنەیەکی کۆنگرێس ئامادە بێ ئەوا بە درێژایی ساڵ دوای هەر ڕووداوێک لیژنەکان نەخشەی ڕۆژانەی وەزارەتەکانی دەوڵەت دەکەنە یاری تۆپی پێی سیاسی.

پرسی من پرسێکی دەزگایی و بەکۆمەڵ بوو نەک تاکە کەسی. هەرکە ڕاوبۆچونەکانی (بوویات) بە شێوەیەکی بەربڵاو لە واشنتۆن بڵاوبووەوە، من دڵنیا بووم لیژنەی بایک یاداشتەکانی لایە، دواجاریش هەروا دەرچوو، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەوانان خوێندیانەوە، بە ڕوونی دەرکەوت لیژنە هەوڵ دەدا بە یاداشتێک داوای بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوە بکا، ئێستا ئامانجەکە وەزارەتی دەرەوەیە، دیارە ڕێگەی بەدەستەوەیە کە بەرگری لە خۆی بکا. دەکرێ بەیانیش ئامانجی هەندێک فەرمانبەری بچوک بێ، لەبەردەم لیژنەی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی بووەستن بە تۆمەتی پێدانی ڕاسپاردە، دەردەکەوێ کە ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە دروست نییە.

لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ داوام کرد لیژنەکە لەگەڵ مندا کار بکات و بۆ زانیاری لەسەر لێکۆڵینەوەکان و بە شێوازێکی جیا. پەیمانیشم پێدان کورتەی ئەو ئامۆژگارییانەیان پێ بدەم کە تایبەتە بە پرسی قوبرس، چونکە زەرور نەبوو سەرچاوەی ئامۆژگارییەکان ئاشکرا بکەم، پێشنیارم کرد لەبەردەم لیژنەکە ئامادە بم، بۆیە (لورانس ئیگلبەرگر) جێگری سکرتێری دووەم لە وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری ئیداری بڕیاری لەسەر ئەم هێڵانە دا بۆ ئەو ئەفسەرانەی فەرمانی دامەزراندنی سەرۆکایەتییان نییە:

١/ بە فەرمانی سەرۆک ڕێگە نادرێ گوتوبێژ لەسەر پرسە نهێنییەکان بکەن.

٢/ بە فەرمانی وەزیری دەرەوە هیچ زانیارییەک نەدرێ کە ئەو بڕاردانە ئاشکرا بکا کە ئەفسەرێک بە پلەیەکی بەرز لە وەزارەتی دەرەوە ئامۆژگاریی دابێ. جیاوازی لە نێوان فەرمانەکانی سەرۆک و ئەو دەسەڵاتانەی پێم دراون وەکو وەزیری دەرەوە مانای خۆی هەبوو. سەبارەت بە خۆم مەزندەی مەترسی دەکرا، فۆرد بۆخۆی هەندێک نهێنیی شاردنەوە چونکە لیژنە سیستەمی ڕیزلێنانی لە نهێنییەکانی هەڵوەشاندبۆوە کە بە فەرمانی سەرۆکی جێبەجێکردن دانرابوو. هەروەها ئەو پارێزبەندییەی خۆی بانگخوازیی بۆ دەکرد لەلایەن داواکاری گشتییەوە پشتگیریی لێ دەکرا، دەبوایە دادگاکانیش پشتگیریی لێ بکەن، لە بەرانبەردا منیش لەلای خۆمەوە بەرگریم لە پاکی بڕیارەکانی وەزارەتی دەرەوە و چۆنێتی دروستبوونیان دەکرد، هەوڵم دەدا ئەفسەرە پلە نزمەکان لە ژێر هەژمونی حزب وەدەرنێم و ئازادیان کەم. پێداگریم لە پرسەکە دەکرد چونکە بۆ من پرسێکی بیروباوەری بوو، ئامادە بووم لە پێناویدا دەست لەکاربکێشمەوە و داوا لەسەر داداگا تۆمار بکەم بە تۆمەتی ڕیزنەگرتن لە دادگا.

تەنیا بۆ یەک جار جەماوەر پشتگیریی لە کێشەی ئاشکراکردنی نهێنییەکان کرد، لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ ئەنجومەنی حوکمڕانی ڕێکخراوی خزمەتگوزاری دەرەوەی ئەمریکا پشتگیری لە هەڵوێستەکانم کرد بە٧ دەنگ بەرانبەر بە هیچ دەنگ. لە ١٩ی تشرینی یەکەم وتارێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز هەڵوێستی لیژنەی بایکی بە ( پشتگوێ خستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان)ی دایە قەڵەم، جۆرج کینانی ئەفسەری خزمەتگوزاریی دەرەوە کە بەڕێزترین ئەفسەری وڵات بوو لە نامەیەکیدا بۆ واشنتۆن پۆست قورسایی خۆی خستە سەر ئەم بابەتە و نووسیی:

کیسینجەری وەزیر لەسەر زەوییەکی ڕەق وەستاوە و پێداگرە بەرانبەر بەو داواکارییانە، لە ڕاستیشدا هیچ بژاردەیەکی تری نییە جگە لەم هەڵوێستەی نەبێ، شایەنی پشتگیری جەماوەرە لەسەر ئەم هەڵوێستانەی.

چیرۆکی چۆنییەتی پاشگەزبوونەوەی لیژنە لە هەڵوێستەکانی کە هەڕەشەی توندی دەردەکرد، بۆ گێڕانەوەیان پێویستی بە کتابێک هەیە.

لە کۆتایی، ڕێگری لە پیاوی کۆنگرێسی دیموکراتخواز (لیس ئاسپین Les Aspin) کرا هەڵوێستێکی نەخوازراو دروست بکا، ئەمەش ئەوکاتەبوو کە سەرۆک دەست لە بەرپرسیارێتی لیژنە دەکێشێتەوە و ڕازی نابێ لە دژی من دەنگ بدا، بەمەش دەنگدانی دژی من شکستی هێنا.

ئەم بەرەو پاش چوونەی بایک و لیژنەکەی بەردەوام دەبێ، لە ٦ی تشرینی دووەم لیژنەی بایک داوای وردەکاریی ڕووداوی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی دەکا کە لەگەڵ هەواڵگری باس لە پرسە گرنگەکان دەکا.

ئەگەر لایەنی ئاسایشی وەلانێین ئەوا ئەستەمە بتوانرێ لەم کاتە کورتە ئەو هەموو بەڵگەنامانە کۆ بکرێنەوە، جگە لە شیکردنەوە و پوختکردن و نووسینی ڕاپۆرتی تێروتەسەل لە ماوەی دە هەفتەی ماوە لە تەمەنی لیژنە، کە پێشتر بە یاسا بۆی دیاری کراوە.

فیل بووکن کە ڕاڕا بوو هەمیشە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە دوور دەخستەوە، یەکلایی کردنەوەیەک بێ، بە مەرجی ڕادەستکردنی سەرجەم بەڵگەنامەکان بە لیژنە جگە لە بەردەستەکانی چل لیژنەکە ( بە زارەکی بەم دەستەواژەیە کورت دەکرایەوە) و بە ڤیتۆی سەرۆک مەرجدار بکرێ بۆ بابەتی ئاشکراکردنی پێداچوونەوەی یاسایی.

بەڵام لەگەڵ لێشاوی هەواڵەکان دەرکەوت لیژنەکە پابەند نیە بەو ڕێکارانەی کۆشکی سپی بۆیانی دیاری کردووە.

لیژنەی بایک ڕاپۆرتی کۆتایی باش دەپاراست، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزو واشنتۆن پۆست لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٦ هەندێک کورتە چیرۆکیان لەسەر ڕەشنوسی ڕاپۆرتەکە بڵاوکردەوە، هی ئەو کاتەی ئامادە دەکرا بۆ بڵاوکردنەوە، چیرۆکەکان لەسەر کێشەی قوبرس بوون هی ساڵی ١٩٧٤ و کردە نهێنییە هەواڵگرییەکانی نێو سنوری ئاویی هەرێمایەتی سۆڤیەتی کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی غەواسەی ئەمریکییەوە ئەنجام دەدران، هەروەها دەستدرێژییەکانی هەواڵگریی ناوەندی لەسەر سومبولەکانی ئەنگۆلاو ئەو کردە نهێنییانەی لە ئێراق ئەنجام دران و شکستی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی لە پێشبینی کردن لەسەر تاقیکردنەوەی هیندیی قونبوولەی ئەتۆمی لە ١٩٧٤.

ڕۆژی دواتر واشنتۆن پۆست بڵاوی کردەوە گوایە دەستی بە ڕەشنوسی لیژنەی بایک گەیشتووە، ئەم دەنگۆیە بە چەند شێوازێک دەگێڕدرایەوە، گوایە بە پارەی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی، پادشاکان بە یاوەری ژنان، بەکارهێندراون، کاتێک هەمان ڕۆژ ئەوکەسانەی بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەنگیان لەسەر ڕەشنوسی ڕاپۆرتەکە دەدا، سەرۆکی لیژنە (بایک) وەڵامی دەدایەوە کە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆشکی سپی لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ڕاپۆرتی لیژنەوە هەیە، بەزۆرەملێ نییە. لقی جێبەجێکردنیش ئەو دەسەڵاتەی نییە ئەوەی بیەوێ بە ڕاپۆرت بۆ کۆنگرێس بەرزی کاتەوە.

سەلمێندرا، ئەمە بۆ واشنتۆن پۆست کە دۆستی ئیدارەی سەرۆک فۆرد نییە، کەسێکی زۆرەو نوسیبووی:

بە کورتییەکەی. هەڵوێستی بەڕێز بایک لەسەر ڕاپۆرتی هەواڵگری لە ئەنجومەنی نوێنەران بەرگریی لێ ناکرێ، لە ئەیلولی ڕابردوو لەسەر هەندێک زانیاریی نهێنی ڕازی بووبوو کە لەلایەن لقی جێبەجێکردنەوە دەیگوت، دەبێ دوا دەسەڵات و حوکم لەسەر هەر زانیارییەک هی کۆشکی سپی بێ .

ئەوکات ئەنجومەنی نوێنەران بەگشتی دووبارە چاویان بە کارەکان دەخشاندەوە کە دوای ڕوودانی تیرۆرکردنی ڕیچارد ویلشی سەرۆکی وێستگەی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی بوو لە ئەسینا.

لە ٢٣ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥ ناوی لە لێکۆڵینەوەکانی هەواڵگری ئاشکرا دەبێ و دواتــریش لە هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن بڵاودەبێـتەوە. لە ٢٩ی کـانونی دووەمــی ١٩٧٦ ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕێـژەی ٢٦٤ بـۆ ١٢٤ دەنگیـان بە دووبـارەکردنەوەی ڕێککەوتـن لەگەڵ سـەرۆک فـۆرد دا و ڕێـگەش لە بڵاوکـردنەوەی ڕاپـۆرتی لیـژنەی بایک بگـرن تـا ئەوکـاتەی سـەرۆک دەتـوانێ لەوە دڵنیـا بـێ کە هـیچ زانیـارییەکی دژی چالاکییەکـانی هەواڵگری ئەمریکیی تیادا نییە.

دوای دوو هەفتە، ڕاپـۆرتەکە هەلدەوەشـێتەوە، لە ١٦و٢٣ی شـوبات ڕۆژنـامەی ( ذە فیلج فویس) شتێکی بڵاوکردەوە ناوی نا ڕاپۆرتی لیژنەی بایک. دواتر دانییـل سـکور هەواڵنێری CBS ئەمی پشتڕاست کردەوە، ناوەنـاوەش کـۆپلەی لـێ بڵاودەکـرایەوە و وێنەیەکی نا فەرمیی دابووە ئەو ڕۆژنامەیە.

ئێسـتا ئەنجـومەنی نـوێنەران بە پشـت بەسـتن بە لیـژنەی فەرمـی Official Conduct خۆی دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، ئەمە نەریـتە لە واشـنتۆن، سـەرچاوەی دزەکردن نەدۆزرایەوە.

لە میانی ئەو جۆشچونە لیژنەی بایک بەدواداچوونی بۆ دەرکردنی دەقی نـوێی ئەو ڕاپـۆرتە دەکـرد، دوای ئەوەی چەنـد ڕیوایەتێـک لەسـەر چـۆنێتی ئەو ڕووداوە سـەرئاو دەکەون ئێستا من هیچ هۆکارێک نـابینمەوە بـۆ گـۆڕینی بۆچوونەکـانم لەسـەر ئەوەی لە (ذە فیلج فویس) بڵاوکرایەوە.

لەم ڕووداوە ڕاپۆرتەکەی بایـک نەگەیشـتە ئاسـتی بەفەرمـی ناسـاندن. بەڵام یەک ڕاسپاردەی لیژنەی بایک سنورەکانی بەزاندن کە کۆتایی بە مشـتومڕەکان هێنـا: ئەویـش پێکهێنانی لیژنەیەکی پەڕلەمانی بۆ کاروباری هەواڵگری. چـونکە نابەرپرسـیارێتی نەبـوو تواناکانی هەواڵگری ئەمریکایـان لاواز کـردن و بـۆ مـاوەی چەنـدین مانـگ دروسـتکەرانی بڕیاری ئەمریکایان سەرقاڵ کردن و لە ئەرکە سیاسیەکانیان دوور خستنەوە.

---

## ئایا ئابڕوبەرێکی هەواڵگری بوو، ئەی ئەنجامەکەی چی بوو؟

لەوکــاتەی لێکۆڵینەوەکــانی هەواڵگــری دەســتیان پێکــرد. توانــای کلاســیکی دەرهاوێشـتەی توانـای لیبراڵیسـتی کلاسـیکی بـوو، سـیناتۆر چیـریچ بـەم دەسـتەواژەیە دەربیبڕی، ( ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی وەکو فیلێکی هار لە دەست دەرچووە). دواتـر

چیریچ لە پێناو بەرژەوەندی ئەم لێدوانانەی لە ڕاپۆرتەکە دەرهێناوە. بەڵام لەو کاتەوە بۆتە هێمایەکی فۆلکلۆری زارەکی، بەهەرحاڵ لێکۆڵینەوەکان پێچەوانەی ئەمەیان سەلماند. ئەگەر لێکۆڵینەوەکان شی بکرێنەوە ئەمە ڕون و ئاسان دەبێ.

چالاکییەکانی هەواڵگری ئەمریکی خۆی لە سێ توێژدا دەنوێنێ:

یەکەمیان:

بریتییە لە لقەکانی توێژینەوەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی، ڕاپۆرت لەسەر کەسایەتیەکانی سەرکردایەتی و فەرماندە بێگانەکان دەداتە بەرپرسان.

دووەمیان:

لە لقەکانی کردەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی پێک دێت کە مامەلە لەگەڵ بابەتە ناوبراوەکاندا دەکا، ئەوانەی ببوونە بابەتی چەندین فیلمی سیخوڕیی کردەی نهێنی و نیمچە سەربازی کە حکومەت بە بەرژەوەندی نیشتمانییان دەزانێ و لە بۆچوونەکەی خۆشی بەگومانە.

سێیەمیان:

بریتییە لە ژمارەیەک ڕێکخراو، هەندێکیان لە ژێر چاودێری وەزارەتی بەرگری کار دەکەن و چەند پیاوێکی هەواڵگری دەیانجولێنن.

لقی یەکەمیان ( توێژینەوە) باراشی تەواوی بۆ ئاشەکەی نەدەنارد، بۆیە بەهۆی مەیلی لیبراڵیستی کلاسیکیانەوە لە ڕاپۆرتەکانیان بێزار دەبووم، ئەوان ماندوو بوون کاتی پشویان نەدەزانی، بۆیە نەدەتوانرا لە کاتەکانی قەیراندا دەستبەرداریان بین، لیژنەی بایک هەوڵیدا پرسی قوبرس بخاتە ئەستۆی هەواڵگریەوە، بەڵام بەڕاستی ئەم پرسە هەوڵێکی سیاسیی لە پشتەوە بوو.

گەورەترین ئەو پرسانەی ڕوخێنەرو بێزارکەر بوون پەیوەندییان بە تەکنەلۆژیای هەواڵگرییەوە هەبوو. لە نێو ئەو پرسانە، ئاشکرابوونی گوێگرتنی غەواسەکانی ئەمریکی لە کابلەکانی سۆڤیەتیی ژێر دەریا، ئەو سەرچاوانە تێکدران کە توێژینەوەی ئاژانسی هەواڵگری توانیی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی مووشەکی دوورهاوێژی سۆڤیەتی بخوێنیتەوە. زۆر لەم مووشەکانە لە نیمچە دوورگەی کامنشکا لە لوتکەی سیبیریاوە دەهاویشتران و لە ڕێگەی کابل و لە ژێر ئاوەوە گواسترابوونەوە بۆ بارەگای سەرەکی،

نموونـــەی تـــری ئـــابڕوچوونی تەکنەلۆژیـــای هەواڵگـــری زۆرن لەوانەی پەیوەنـــدییان بە (گڵامور ئیکسبلورر)ەوە هەیە، ئەمەش بریتییە لە کەشتییەکی تایبەت کە دروست کراوە بـۆ بەرزکـردنەوەی غەواسـە نقومبووەکـانی سـۆڤیەتی لە قـولایی زەریاکـانەوە. نموونـەی تریش هەن.

دەرکەوت ئامانجی سەرەکی لەو لێکۆڵینەوانە ئۆپەراسیۆنی نهێنییە. جەنگـی سـارد نـاوچەیەکی خۆڵەمێشـیی دروسـت کـرد بـۆ ململانیـی دوو هێـزە زەبەلاحەکە. کە نە بە ڕێگەی دبلۆماسی نە بە کـردەی سـەربازی گەمـارۆ نـادرێ، ژمـارەیەکی زۆریـش لە تـۆڕە نێودەوڵەتیەکانی تیرۆر و چەتە و حـزبە ڕادیکالیسـتە شۆڕشـگێڕەکان و کۆمۆنیسـتەکان کە مۆسکۆ هاوکـاریی دەکـردن، هەڕەشـەیان دەکـرد، ئەمـانە بـوونە مەترسـییەکی مەزن لەسەر هاوسەنگی هێزی جیهانی.

ئەمە ئەو هۆکارە بوو کە سەرجەم سـەرۆکەکانی ئەمریکـای دوای جەنگـی دووەمـی جیهانی ڕاییگەیەنن کە ناتوانن دەستبەرداری توانا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا بن، تەنـانەت هەردوو ســـەرۆک کـــارتەر و کلینـــتن کە خۆیـــان بە گومـــان بـــوون، زۆربەی کـــردە هەواڵگرییەکانیان بریتی بوو لە هاوکاریکردنی حزبە دیموکراتخوازەکان یا ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتـانەی لەلایەن ڕادیکالیسـتەکان یـا کۆمۆنیسـتەکانەوە هەڕەشـەیان لـێ دەکـرێ: ئەو وڵاتانەی لە دەرەوە هاوکاری دەکرێن بۆ ئەوەی دەنـگە ئازادەکـان کـپ بکـرێن، هەنـدێک جاریش هاوکەرییەکی کەمی نیمچە سەربازی ئەو لایەنانە دەکـرا کە دژی کۆمۆنیسـتەکان دەجەنگین و بۆ بەرەژوەندییەکانی نیشتمانیمان هەڕەشـە بـوون، لە میـانی خزمەتمـدا لە حکومەت، ئەمجۆرە هاوکارییە نهێنیانە هانی ئۆتۆنۆمیی کوردەکانی ئێراقی دا، ڕێگەشـی لە سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکانی ئەنگۆلا گرت، من لە شایەدینامەکەمدا لە ٥ی شـوباتی ١٩٧٦ لەبەردەم لیژنەی چیرچ ئەو هۆکارانەم ڕوونکردۆتەوە کە بووە هـۆی ئەوەی فـۆرد ڕەزامەندی لەسەر هاوکاری ئەنگۆلا بدات.

ئەو کاتەی هێزی سەربازی سۆڤیەتی و کوبیمـان لە ئەفریکـا بینـی، لەسـەر داوای خۆیان هاوکاری وڵاتە ڕەشەکانی ئەوانمان کـرد، ئەمەشـمان بـۆ ئەوە کـرد تـا ڕێـگە لەو جۆرە هەنگاوانەیان بگرین و لە وڵاتی تر ئەنجامی نەدەن.

ئیدارە یەک لە دوای یەکەکانی تر بە پێی پێوەری بنەڕەتی تا نووسینی ئەم دێرانەم هاوکاری کردەی نهێنییان کردووە بە نموونە لە ئەمریکای ناوەڕاست، کاریبی، کەناڵی فارس، بۆسنە، تەنانەت ئیدارەی کلینتۆنیش بە نهێنی مەشقی سوپایی بە هێزەکان کردووە، دیارە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان بەقەدەر ئۆپەراسیۆنە کلاسیکی و ئاشکراکان ژیانی هاولآتیانیان پێ پارێزبەند ناکرێ، ئەمەش بەهۆی ناڕوونی کارەکانیانەوەیە، بەو هۆیەوە لە هەموو ئیدارەکان ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنیانە لەژێر چاودێری بەرزترین دەسەلآتداری دەولەت دابوونە.

هەلەکان هەندێک جار لە کورتبینی سەرکردە سیاسییەکانەوە بووە، نەک لە زیادەڕۆیی یا پێشێلی پیاوەکانی هەوالگری. واتە هیچ مەبەستێکی خەراپ لە پشت لێکۆلینەوەکاندا نەبوون کە شێواز و ڕێکارەکانی دژ بە دیموکراسیەتی ئەمریکا بووبێ.

سەیرەکە ئەوەیە توێژی هەوالگری زیاتر پیویستیان بە بەدواداچوون هەبوو، زۆر کەم لەلایەن لێژنەکانەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکرا، چالآکیی سەربازی و نیمچە سەربازی بوون کە بە ڕۆژی ڕووناک ئەنجام دەدران، نهێنییەکەی لە هاوکاریکردن و پێدانی تین و وزەدا بوو، بە نموونە: ئۆپەراسیۆنەکانی لاوس لە سەردەمی ئیدارەی کینیدی و جونسۆن و نیکسۆن. ئۆپەراسیۆنی ئەنگۆلا لە سەردەمی ئیدارەی فۆرد، هەروەها ئۆپەراسیۆنەکانی بۆسنە لە ئیدارەی کلینتۆن.

لێکۆلینەوە هەوالگرییەکانی سالآنی حەفتاکان لەسەر چالآکییە هەوالگرییە نهێنییەکان کلاسیکی چڕ ببوونەوە، لەم ڕوانگەیەوە دوو ڕەهەند پشتگوێ خران:

١/ بەهۆی ئەوەی لە ناوچە مەترسیدارەکان ڕودەدا، شاشیەک دۆخ و پرسەکەی داپۆشی بوو، بەو هۆیەوە ئەگەری شکست زیاتر بوون، ئەگەر وانەبووایە بە نهێنی ئەنجام نەدەدرا.

٢/ لەمەش گرنگتر لە میانی قەیرانی بەرلین و مووشەکەکانی کوبا و فشارەکانی کۆمۆنیزم، بایەخ بە جەنگی سارد نەدەدرا، دۆڕاندنی کۆمۆنیستەکان بۆ شیلی و ئەنگۆلا کۆتا کارەکان بوون.

هەموو ئەوانەی لە کاری هەواڵگری شارەزا بوون بەم ئەنجامانە سەرسام بوون، جیمس شلیسنجەری کۆنە بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا کە دواتر دەبێتە وەزیری بەرگی لە ئابی ١٩٧٥ دەڵێ:

وامان دەزانی سەرچاوەکانی هاتنی هەواڵەکانمان بەرەو نزمی چوونە، بەتایبەت لە بواری ئامادەبوونی بێگانەکان لە هاوکاریکردن لەگەڵ هەواڵگریمان. ئەمەش ئەنجامێکی مسۆگەرە بۆ ئاشکرابوونی کردە نهێنییەکانمان بەم ڕێگایە.

تەنانەت کارتەریش کە ئاڕاستەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی دژی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی و بیروڕا نهێنییەکانی بوو، هەر زوو لە بەڕێوەبردنیەوە دەرکەوت کە کارەکان لەم ئاستەیان ڕەتکردووە، لە تەموزی ١٩٧٨ لەلای کۆنگرێس سکالای کرد کە دزەکردنی زانیارییە نهێنییەکان بوونەتە مایەی وشکبوونی سەرچاوەی هەواڵگری و ڕوخانی ئاسایشی نەتەوایەتی ئەمریکی. لە ئاداری ١٩٧٩سیناتۆر دانیال باتریک مونیهان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران سەبارەت بە هەواڵگری ئەوەی پشتراست کردەوە کە : (لە نێو حکومەتی ئەمریکی، هەواڵگری هیچ بایەخێکی نەماوە). لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ ئەدوارد هیت سەرۆکوەزیرانی کۆنی بەریتانیا بۆچوونەکانی خۆی بەمشێوە دەردەبڕێ:

ئەوەی بەسەر هەواڵگری ئەمریکادا هات دڵەڕاوکێی لە دڵی جیهانی ڕۆژئاوا دروست کرد، دواجار شلیسنجەر کە بە حوکمی کارەکەی وەکو بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی دۆسیەی (خشلەکانی خانەوادەی) پوخت کرد، گوایە پەیوەندیی بە واتەرگێت (Watergate)ەوە هەیە.

لە ١٩٧٥ بەدواوە لە جیاتی ئەوەی کار بۆ بەهێزکردنی ئەم ڕێکخراوە بکەن، لە ڕێگەی داڕشتنی یاساوە کاریان لەسەر لاوزکردنی کرد و لە ڕێگەی ڕێکارەکانیشەوە تەگەرەیان بۆ کردە نهێنییە هەواڵگرییەکان دروست کرد کە بە زۆر نهێنییەوە لە بەرژەوەندی نیشتمانی بوون.

فۆرد ناوەڕۆکی سەرجەم تۆمەتەکانی بە جددی وەرگرت. چاوەڕوانی لیژنەی بایک بوون تا کارەکانی تەواو دەکا، بەر لەوەی لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٦ فەرمانی جێبەجێکردن بە ژمارە ١١٩٠٥ دەربکا کە بەپێی ئەو فەرمانە، لەسەر ڕاسپاردەی هەردوو

لیژنەکەی ماکفلر و چیریچ دووبارە هەواڵگری ڕێک دەخرێتەوە، فەرمانی جێبەجێکردنەکە بەمشێوەیە هات:

١- دامەزراندنی پەیکەرێکی نوێی هەواڵگری دەرەوە. ئاماژەی نوێ بە پیاوانی ئەم بەشەی هەواڵگری دەدرێ.

٢- هێڵە گشتییەکانی کاری ئەم توێژە دیاری دەکرێ.

٣-ڕێکاری نوێ بۆ پشکنین لە چالأکیەکانیان دادەڕێژرێ.

٤-کۆت و بەندی نوێ دادەنرێ وەکو ( قەدەغەکردنی تیرۆر) و دانانی سیستەم و یاسای نوێ بۆ چاودێریی ئەلەکترۆنی. لە لیستی کارە ڕێگەپێدراوەکانی هەواڵگری هەندێک چالأکیی تایبەتی بوون، کە پێشتر بە نهێنی ئەنجام دەدران.

ئەو هەنگاوانە بەسود بوون، بەڵام مایەی گاڵتەجاریە دوای دوو دەیە دەرکەوت مەترسییەکان لە زیادە بەسەرەوەنانی هەواڵگریدا نەبوو بەڵکو لە حیکمەتی فەرمانەکانی دەسەلأتدا بوو. ئەم فەرمانانەش زۆربەیان لە کۆشکی سپیەوە دەردەچوون، لەسەر ئێران کونترا لە سەردەمی ئیدارەی ڕیگان و پرسی هاوکاریکردنی بۆسنە بە چەک لەلایەن ئێران لە سەردەمی ئیدارەی کلینتۆن. داواکارییەکانی ڕاوێژکاری کە ژمارەیان بۆ هەشت لیژنە بەرز بۆوە نەیانتوانی نە ئارامی بپارێزن نە پێداگری لە هەماهەنگی پەرلەمانی بکەن، یەکێک لە نموونەکانی ئەم حاڵەتانە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی فۆرد لە ئەنگۆلا لە ١٩٧٥، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژمونی سۆڤیەتی و کوبی لەو بەشەی ئەفریکی.

پاش ئەوەی فۆرد ئۆپەراسیۆنەکە پەسند دەکا، سێ لیژنەی سەرپەرشتی ڕاگەیەندرا لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران و دوو لیژنەکەی هەواڵگریش بە جیا لەگەڵیان بەردەوام دەبن. ئەو لیژنانە لە وردەکارییەکاندا زیادەیان بەسەروە دەنا، ئەنجامەکەی گەیشت بە ٢٤ جار ئاگادارکردنەوەی هەشت لیژنە لە کۆنگرێس. زیاتر لە ٢٠ سیناتۆر و سەد ئەندامی پەرلەمان و ١٥٠ ئەندام لە ئیدارەی بەڕێوەبردنی ئەنگۆلای نهێنی.

پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەم ئالۆزیە زەرور بوو بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانە؟ کەچی ڕایان دەگەیاند ئەم لێکۆڵینەوانە بۆ پەرەپێدانی چالأکییەکانی هەواڵگرین،

هەوڵەکان بە تایبەتی هی لیژنەی بایک بۆ هێرشکردنە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تەرخـان کرابـوو، هەنـدێک زانیـاریی گرنـگ ئاشـکرابوون وەکـو ناونـانی ئەفسـەران و ئاشکرابوونی ناوەڕۆکی هەندێک لە بروسکەی نهێنی و ناوی سیخوڕ و هاوکارەکان لەگەڵ نـاوی ئەو وڵاتـانەی کـردەی هەواڵگرییـان تێـدا ئەنجـام دراوە بە وردەکارییەکانیـانەوە، کەچی ئەمانە هیچیان بۆ کاری پەرلەمانی زەڕور نەبوون تەنیا بۆ خۆدەرخستن بوو.

ئازاردانی پیاوانی هەواڵگری بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێ. چـونکە ئاشـکرابوو چۆن ڕووبەڕووی سوکایەتی و گاڵتەپێکردن دەبێـتەوە، لە هێـز و توانـا دەکەوێ و چیتـر نابێتە خاوەنی ئەو متمانەیەی هەیبوو، دواتر چونکە باڵێکی لقی جێبەجێکـردن بـوو، بە گوتەی بەڕێـوەبەرەکەی ( ڕوبـرت م گیـتس ) کـت و پـر خـۆی لە دۆخێکـی تـایبەتی و نەخواسـتراو دەبینێـتەوە. بە یەک مەودا دوور لە سـەرۆک و کـۆنگرێس، چـونکە لەلایەن کەسانێکی خاوەن پاشخان ڕووبەڕووی فشار دەبێتەوە، فەرمانبەرانی دەڵێن تەنـانەت بـۆ جێبـەجێکردنی فەرمانەکـانیش هـیچ پاسـەوانیەک بـۆ گـۆڕینی ڕای گشـتی دانـانێن، بـەو هۆیەوە دەبـێ وشـیارتر بـین، لە ڕاسـتیدا هـەموو کارمەنـدێکی هەواڵـگری پیویسـتیی بە پارێزەرێـک هـەبوو بـۆ وردبینـی لەسـەر ئـەو ئەرکانـەی پێـی دەسـتپێردرێ نـەبادا ئـەو فەرمانەی پێی دەسپێرن ڕووبەڕووی بەرپرسـیارێتیی بکـا ، بـۆیە باشـتر و ئاسـانتر بـوو مرۆڤ خۆی بە کـاری نووسـینی بیرۆکراسـی حەشـار بـدات نەک لەم پێنـاوە ملـی خـۆی بکـاتە قوربـانی، چـونکە ئەوان لە ماڵەکانیـان زیـاتر لە مەترسـیدان لەوەی لەسـەر کارەکانیان بن.

گۆڕانکاری لە ڕێکخستنەوە و کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان ئاژاوەی نـایەوە، هەر لەسـەرەتای لێکۆڵینەکـانەوە. زۆربەی کـارە نهێنییـەکان ئەگەر نەلـێم هـەموویان لەلایەن خەڵـک زانـراو بـوون، بەو هـۆیەوە ئاڕاسـتەکردنی هەنـدێک لەو ئۆپەراسـیۆنانە کەوتبـوونە دەسـت ڕۆمانسـیەکان نەک ستراتیژسـازەکان، هەروەکـو لە حـاڵەتی ئێـران کونتراو داگیرساندنی گلۆپی سەوز بۆ پێدانی چەک بە بۆسنە لە لایەن ئێرانەوە.

زۆربەی ئەوانەی هەستی فەرمانبەرانی هەواڵگرییـان برینـدار دەکـرد لە سـەردەمی جەنگـی سـارد، ئەو کەسـانەبوون، کە لە جیـات کۆمەڵگـا، بەرپرسـەکانیان ئەرکـی بەرگریکردنی هێڵەکانی بەراییان پـێ سـپێردرابوو. ژن و پیاوەکـانی ئەم ئەرکانەیـان بـێ

بەرانبەر جێبەجێ دەکرد ئەم بوارەیان بەجێ هێشت، ئەم توێژە لە پڕ چەتری پاراستنیان لەسەر لادەبردرێ و سەرۆکەکانیان بەرگریان لێ ناکەن دەبنە نێچیری گورگەکان.

مەزنترین قوربانیی ئەم بوارە ڕیچارد هیلمز دەبێ، یەکێک بوو لە مەزنترین کەسایەتیی ئەم خزمەتە، لە کاتی سویندخواردنی لە بەردەم لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران لە ۱۹۷۳ بە درۆ سوێند خواردن تۆمەتبار دەکرێ، ئەوکاتەی گوێی لێ دەگیرێ بۆ ئەوەی وەکو باڵوێزێکی هونەری ئەمریکا لە ئێران دابمەزرێ. ئەگەر شایەدییەکی کەم وکورتی دابێ بەڵام لە بەسەردا جێبەجێکردنی ڕێکارەکان ستەمی لێکرا کە پێیان وابووە ئاساییە، هیلمز لە بەردەم ئەو لیژنە کە سەرفراز نەکرابوو بە وەرگرتنی زانیارییەکان حاشای لە کردە نهێنییەکان دەکرد، لە کاتێکدا ئەو سەرجەم زانیارییەکانی خستبووە بەردەم چوار لیژنەکە کە بۆ ئەم بەرپرسیارێتییە دامەزرابوون، ئەم تۆمەتبار کردنە ژیانی ئەوی لە بەین برد چونکە دەستەواژەی بە درۆسوێند خواردن سەرنجی (ولیام کولبی)ی داواکاری گشتیی بەلای پاشخانی هیلمزدا کێشا.

لێکۆڵینەوەکانی هەواڵگری تەنیا بەشێک بوون لە بەشەکانی نەهامەتی کە لە ڤێتنامەوە دەستیان پێکرد، بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا لە پێناو جیهانێکی ناتەواو خەبات بکا کە نەدەتوانێ دەستبەرداری بێ نەدەتوانێ دەستی بەسەردا بگرێ، ئێستاش کۆمەڵگای هەواڵگری کە دەکەوێتە دەست ئەمانە لە کاتی جەنگی ساردا پێداگری لەسەرڕەوشتی بەرزی بێ گەردی ئەمریکی دەکەن و بە دەست ئەوانەی دژی هەموو خەتەرناکێک بوون، لەم میانە هەوڵە مێژووییەکانی نەتەوەمان لە بار یەک دەچێ، دوای تەواوبوونی جەنگی سارد، بۆ ئەمریکا دەرکەوت کە ئەو هەواڵگرییەی ئێمە ناشیرنی دەکەین بۆ ئەم سەردەمەی تیرۆر و چەکی کۆکوژ و کێبڕکێی ئابووری زەڕور بووە، لە دیموکراسیەتیدا ئەمجۆرە خزمەتە دەبێ پشتی پێ ببەسترێ و لەسەری ڕابهێندرێ، بەڵام ڕێگە زۆرن بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە بەبێ لادان و خۆ گۆڕین.

بەشی چوارەم

# دەستوەردان

# لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

# (١٢)

## فۆرد و دبلۆماسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئیــدارەی ســەرۆک جیرالــد فــۆرد یــارمەتی  هەریەک لە ئیســرائیل و عەرەبە دراوسـێکانی دا، بـۆ ئەوەی ئەو مەودایە ببـڕن کە دەکەوێـتە نێـوان ڕێککەوتنـی لەیەک دوورخســتنەوەی هێزەکــانی ســەربازی تــا دەگــاتە پرۆســەی ئاشــتی، پشــگیری لە پەیماننــامەی لەیەکجیــاکردنەوەی هێزەکــانی کــرد لە ١٩٧٤، لە ســەردەمی حــوکمرانی نیکسۆن بوو لە ١٩٧٣ ئاگر بەست لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل ئەنجام درا کە بەهۆیەوە کۆتایی بە جەنگ هێندرا، پەیماننامەی سینای دووەمی ١٩٧٥ یش لە سەردەمی سەرۆک فـۆرد بـوو، کە هەنگاوێـک بـوو بـۆ گەیشـتن بە پەیماننـامەی کۆتاییهێنـان بە جەنـگ لە نێوان میسرو ئسرائیل لە ١٩٧٩، هەروەها دواتر پەیماننامەی ئوسلۆی نێـوان ڕێکخـراوی ئـازادیخوازی فەلەسـتین و ئیسـرائیل لە ١٩٩٣ و دوای ئەویـش پەیماننـامەی ئاشـتی لە نێوان ئوردن و ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری  ١٩٩٤  ئەنجام دا.

دەمێنێــتەوە ئەوە بپرســین ئــاخۆ ئەو پێشــوەچونانەی لە ســەردەمی فــۆرد ئەنجامدران سروشتی بوون؟ لە کاتێکدا فۆرد هەفتەی یەکەمی بوو لە کۆشکی سـپی کە دەست دەکاتە ئەم پرۆژە ئاڵۆز و ترسناکانە، بەڵام دۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و مەترسـییەکانی وڵاتــانی پیشەســازی لەئاســت وزە هــیچ بژاردەیەکــی تریــان بـۆی نە هێشــتبۆوە، ئەو بــانگەوازەی ســەرۆک نیکســۆن بــۆ ســەرکردەی وڵاتــانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاستی کردبـوو ئەوەتـا بەرهەمەکەی گەیشـت، لە مـانگی تەمـوزی ١٩٧٤ کە دەکـاتە دوایـین مـانگی حـوکمرانیی، چـاوپێکەوتنی لەگەڵ سـەرۆک وەزیـران و وەزیـری دەرەوی ئیسرائیل (ئیگال ئالۆن) و سەرۆک وەزیرانی ئـوردن زیـد الرفـاعی ئەنجـام دا، هەروەهـا بەرنامە بۆ چەند وەزیرێکی تر دارێژرا لەوانە هی میسرو سوریە و پادشا نشینی عەرەبـی

سعودی و لە نێویاندا شا حوسێن پادشای ئوردن کە بە ڕێژەی یەک چاوپێکەوتن لە هەفتەیەکدا بۆ هەر یەکێکیان، ئەمانە هەموویان لە مانگی ئابدا ئەنجامدران. لە نێو ئەو دۆخە نالەبار و پڕ مەترسیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ترس لەوە هەبوو ئەگەر سستی لەو سەردان و چاوپێکەوتنانە بکرێ، بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ دەکرێ وگوایە پشت لە پرۆسەی ئاشتی کراوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لەوە مەترسیدار تر بوو ئەویش گۆڕان لە سیاسەتی کۆشکی سپی بەڕێوەبوو، بە دووری نازانن بەهۆیەوە ناوچەکە گڕ بگرێ.

## مەنجەڵ

تارمایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاردەیەکی ئاساییە، لەم بەشەی ئەم دونیایە هیچ شتێک وەکو وێنەی ڕاستەقینەی خۆی نیشان نادرێ. کاتێک سەرۆک نیکسۆن کۆشکی سپی جێ دەهێڵێ پرۆسەی دانوستانەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەب لە سەروبەندی تەواو بووندا بوو خەریک بوو ئاسەواری بیست و پێنج ساڵە و چوار شەڕی مالوێرانکەر نامێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی دانی بە ئیسرائیل نەنابوو. هیچ سەرکردەیەکی عەرەبیش ڕەزامەندیی لەسەر ئەنجامدانی دانوستان نەکردبوو کە لەگەڵ ئیسرائیل ئەنجام بدرێ جگە لە شا حوسێن نەبێ کە بە نهێنییەکی زۆر ئەنجامی دابوو بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. زۆرترین ئەوەی کە عەرەبەکان کردبێتیان ڕازی ببوون لەسەر ئاگربەست و ڕێگەدان بە گوتووێژی سەربازی لە ژێر چاودێری لایەنی سێیەم، کە زۆربەی جارەکان لایەنی سێیەم ئەمریکا دەبوو هەندێک جاریش نەتەوە یەکگرتوەکان.

پرۆسەی ئاشتی بە زاراوەی دبلۆماسیی کلاسیکی مانای دۆخێکی نموونەیی ناگەیەنێ، زۆر لە گەلان و دەوڵەتان دان بەیەکتری نانێن کەچی باس لە ئاشتی دەکەن، بەرنامەی هەندێک لەو دەوڵەتانەی لە پرۆسەی ئاشتیدا بەشدارن تا ئێستاش دروشمیان لە ناوبردن و هەلتەکاندنی دەوڵەتی جوە، ئەمە ناکۆکیەکی تەواوی لەگەڵ بڕیاری ٢٤٢ ی ئەنجومەنی ئاسایش هەیە لە نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە نۆڤەمبەری

١٩٦٧ دەرچوو بە بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی دادەنرێ بۆ دانوستانەکان. بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و عەرەب ئەنجامدرا دەبوایە ئیسرائیل بگەڕێتەوە سنورە ئارامەکانی کە لەو ڕێککەوتنە دانی پێدا نراوە. دەوڵەتە عەرەبیەکانیش داوای کشانەوەی ئیسرائیلیان دەکرد لە هەموو خاکەکانی عەرەبی، ئەوسا دان بە ئیسرائیل بنرێ، بەڵام ئیسرائیل سور بوو لەسەر داواکەی کە لە سەرەتای پرۆسەی ئاشتی و دانوستانەکانەوە دان بەئیسرائیل بنرێ، هەر لایەکیان داوای دەستکەوتی زیاتریان لە یەکتری دەکرد لە پای بەشدارییان لە دانوستانەکان، ئەمەش بوو هۆکاری ئەوەی ساڵانێک ئەو پرۆسەیە لە شوێن خۆی بچەقێ. هەرچەندە یاریکەرانی ئەم پرۆسەیە لەگەڵ بەسەرچوونی کات دەگۆڕدرێن بەڵام سیناریۆکە ناگۆردرێ.

هەریەک لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل بە پێی قالبی دارێژراوی مێژوویی کەشتییەکەیان لێ دەخورێ، ئیسرائیلییەکان کە لە بڕوای میتافیزیکی خۆیانەوە گرەویان لەسەر دانوستان و بردنەوە کردبوو، لە پای دانوستان داوای ئاشتی و پەیوەندییەکی ئاساییان لە وڵاتە عەرەبیەکان دەکرد لە شێوەی پەیوەندییەکانی بەلژیکا و هۆلەندا، کەچی ئەمجۆرە پەیوەندی و ژیانە تەنانەت لە نێو دەوڵەتە عەرەبیەکان خۆیاندا نییە. پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و دراوسێ عەرەبەکانی هیچ کاتێک لە چوارچێوەی بەڵگەنامەی فەرمی دەرناچێ تا ماوەی چەند ساڵێکی بەسەر نەچێ.

دید و تێڕوانینی ئیسرائیلییەکان پرۆسەکەی ڕووبەڕووی گرفت و بەرەو شکست برد. بەڵام لایەنی بەرانبەر بە پێچەوانەی ئەوان ئامادە بوون خۆیان لەم مەترسیە بدەن لە بەرانبەر کەمێک دەستکەوت، توێژێکی زۆری ئیسرائیلیەکان ڕووبەڕووی شۆک و مەترسی بوونەوە، بەو هۆیەوە ئاستەم بوو لە ئیسرائیل بگەیتە هاوسەنگیەک لە نێوان بانگخوازانی ئاشتیی ڕەها و بانگخوازانی ئاسایشی ڕەها.

ئەم ململانێ دوور و درێژە بۆ عەرەبەکان سوکایەتی بوو. هەروەکو سەرۆکی سوریا




(حاف× الاسد) لای من ئاماژەی بە گوتەیەکی پادشـای سـعودیە (مەلیـک عبـدالعزین) دا کە بەر لە سی ساڵ بۆ سەرۆک فرانکلن و د.روزفلتی گوتووە:

(بۆ دەبێ عەرەب بە خاکی خۆیان باجی ستەمی ئەوروپییەکان بدەن کە بەرانبەر بە جوەکان ئەنجامیان داوە؟ بۆ دەبێ عەرەب دان بە گوتەکانی کتـابی پیرۆزیانـدا بنـێن لە کاتێکدا خۆیان بڕوایان پێی نییە؟ ) بە درێژایی چوار جەنگ هەوڵدراوە بیان گەیەننە بـڕوا و قـەناعەت، لەم مـاوە کارەسـات ڕووی داوە لە ئەنجـامی مەزنـدەکردنی هەڵــەی دراوسێکانی ئیسرائیل لە تواناکانی سەربازیی، نەخشە و پلانی ١٩٤٧ یان ڕەتکردەوە کە تـایبەت بـوو بە ئـاوێرکردنی هێزەکانیـان لە یەکتـری، شـەڕیان پـێ باشـتر بـوو، بەڵام شکستیان هێنا و ئیسرائیل تێیدا سەرکەوت و پانتایی زیاتری خستە ژێر دەسـتی خـۆی لە ١٩٦٧ کە دواتر بە زەوییەکانی بەر لە شەست و حەوت ناسـرا (بەڕاسـتی ئەو هێڵـی ئاگربەستی ١٩٤٩ بوو) هەر لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنە ئیسرائیل پایتەختی خـۆی بـۆ بەشی ڕۆژئاوای قودس گواستەوە، کە وێڕای شارۆچکە کۆنەکە لە ژێر ڕاسپاردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو، شارۆچکە کـۆنەکەی قودسـیش تـا ١٩٦٧ لە ژێـر ڕاسـپاردەی ئـوردن دابوو.

وێـڕای ئاگربەسـتی نێـوان ئیسـرائیل و چـوار دەوڵەتـی عەرەبـی لە ١٩٤٩ هـیچ لە هەڵوێسـتی عەرەبەکـانی نەگـۆڕی بـۆ داننـان بە دانوسـتانەکان. لە سـاڵی ١٩٥٤ لەسـەر

داوای جەمال عەبدولناسر بە مەرجی گەڕانەوەی ئیسرائیل بۆ سنورەکانی کە نەتەوە یەکگرتوەکان دیاری کردبوو، بەریتانیا دەستپێشخەریەک دەکا بۆ دانوستان لەگەڵ ئیسرائیل بەمەرجی ئەوە. ئەمەش واتا ئیسرائیل لە نیوەی ئەو خاکە بکشێتەوە کە لە ژێر دەستی دایە و ئەم داوایەش تا ١٩٥٦ لای عەرەبەکان بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی هێرشە سێ قۆلیەکەی بە هاوبەش لەگەڵ بەریتانیا و فرەنسا کردیانە سەر میسر و سینایان داگیر کرد، ئەمەش ئەو کاتە دێ کە میسر هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی کۆمۆنیست دەبەستێ و کەناڵی سویسیش خۆماڵی دەکا. کاتێکیش ئەمریکا داوا لە ئیسرائیل دەکا وڵاتانی دراوسێی داگیر نەکا ئەوسا وڵاتە عەرەبییەکان متمانە بە ئەمریکا دەکەن گوایە ئەمریکا ڕێگە نادا جوگرافیای ناوچەکە بگۆڕدرێ.

بەڵام ڕووداوەکانی ١٩٦٧ شتێکی تری فێر کردن، لە حوزەیرانی هەمان ساڵ جەمال عەبدولناسر داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان UNEF دەکا هێزەکانی لە نێوان سنورەکان لابەرێ کە لە ١٩٥٦ وەکو هێزی جیاکەرەوە دوای کشانەوەی ئیسرائیل لە سینا لەو ناوچە جێگیر کرابوون.

دوای ئەوە بەنداوی تیران دەگرێ، ئەم بەنداوە تاقە ڕێگا بوو لەبەردەم ئیسرائیل تا لە ئیلاتەوە بگاتە بەندەری دەریای سور، چونکە هیچ لایەک نە نەتەوە یەکگرتوەکان نە ئەمریکا بەرپەرچی هێرشەکانی ئیسرائیلیان بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی نەدایەوە بۆیە هێرشێکی کتو پڕ دەکا و سەرکەوتن بەدەست دێنێ، جارێکیتر هێزەکانی دەگەنە کەناڵی سوێس و بەرزایەکانی جۆلان، کەناری ڕۆژئاوای ڕوباری ئوردنیشی داگیر کرد جگە لە کۆنە شارۆچکەی قودس، بەمشێوەیە ئیسرائیل پانتاییەکەی خۆی دوو بەرانبەر کرد.

لە پڕ سنوری ١٩٦٧ کە دەوڵەتە عەرەبییەکان ڕازی نەبوون دانی پێدا بنێن لەکاتێکدا بوونی هەبوو بووە سنورێکی پیرۆز، عەرەب بۆیان نەبوو بیبەزێنن، ئەمەش بووە خاڵێکی تری گرفتەکانی دانوستان بەتایبەت لای ئەو دەوڵەتانەی نیازیان نەبوو دانوستان بکەن، ئیتر لەو کاتەوە وشەی ئاشتی لای هەندێک سەرکردەی عەرەب وشەیەکی قورس بوو، لە ١٩٧٣ سەرکردەیەکی وەزارەتی دەرەوە پێی ڕاگەیاندم گوتی: حەز ناکەم ببمە وەزیرێک نەوەی داهاتوو نەفرەتم لێ بکا کە لەگەڵ ئیسرائیل پرۆسەی ئاشتیم پێک هێناوە.

تاقە سەرکردەی عەرەب کە ئەم بوێرییەی هەبوو بەر لە ۱۹۷۳ سوارچاکی عەرەب شا حسێنی پادشای ئوردن بوو، هەر ئەوبوو حوکمرانیی لە کۆنە شارۆچکەی قودس و کەناری ڕۆژئاوای قودسی تا ۱۹٦۷دەکرد، دۆستێکی وەفاداری ڕۆژئاوا بوو، نەترسا و چەندین سەردانی نهێنیی بۆ ئیسرائیل ئەنجام دابوو، بەڵام چونکە هەموویان بە تاقی تەنیا کردبوونی، ئەوە نەبوو ببێتە ڕێککەوتنێکی فەرمی چونکە خۆی نیازی نەبوو یەکەم دەوڵەت بێ لەگەڵ ئیسرائیل بکەوێتە پرۆسەی ئاشتەوایی بەڵام بۆ دووەم دەوڵەت لاریی نەبوو، ئەی دەبێ کێ یەکەم دەوڵەت بێ لە ژێر فشاری دبلۆماسیی ئەمریکی ئەم ئاشتەوایيە ئەنجام بدا و بە چ ڕێگایەک دەبێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە کێشە بوو بەهۆی ئەوەی لە نێو خۆیاندا عەرەبەکان لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتبوون ئاخۆ کێ نوێنەرایەتی فەلەستینییەکان دەکا، ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین یا ئەو دەوڵەتانەی فەلەستینییەکان بەسەریدا دابەش بوونە کە ژمارەیان یەک ملیۆن و نیو هاوڵاتی دەبێ، ئەو کاتەی نیکسۆن دەسەڵات دەگرێتە دەست بەم ڕێژەیە ئاوارەی فەلەستینی لە وڵاتانی دەرەوە هەبوون.

ئەو کات ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین ڕێکخراوێکی توندڕەو بوو زیاتر لەوەی ڕێکخراوێکی سیاسی بێ. کە لەگەڵ ئیسرائیل لە ۱۹۹۳ ڕێککەوتنی ئاشتیی لە ئۆسلۆ واژۆ کرد، تا ئەوکات چەکی ئەم ڕێکخراوە و خەباتیان تیرۆرکردنی ئەو کەس ولایەنانە بوو کە مەیلی دانوستانیان هەیە لەگەڵ ئیسرائیل، ئەوان سیاسەتێکی توندڕەویان هەبوو پشتگیری سۆڤیەتیشیان دەکرد، لە دروشم و بەرنامەیاندا داوای لەناو بردنی ئیسرائیل دەکەن، بەڵام ئیسرائیل ئەو چاکەی دایەوە کاتێک لە ۱۹۷۰ ڕازی نەبوو دانوستانی لەگەڵ ئەنجام بدا.

هەڵوێستی وڵاتە عەرەبییەکان لەم ڕێکخراوە لە نێوان ڕاڕایی و ڕێزلێنان بوو، هەژمونی ئەم ڕێکخراوە لە نێو خەڵک بەهۆی تیرۆر و کوشتن، لە لایەک خەباتی چەکداریان دژی ئیسرائیل و لە لایەکیتر جێی مەترسی و وروژاندنی ئاژاوە بوو، بەم ئەگەرە لایەنگیری زۆریان لە نێو جەماوەری عەرەبی و وڵاتانی بێلایەن پەیدا کرد. لە ۱۹٦۹ کاتێک نیکسۆن دەچێتە بیرۆی سەرۆکایەتیی لە کۆشکی سپی، جگە لە ئوردن سەرجەم وڵاتە عەرەبیەکان ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینیان بە تاقە نوێنەری

فەلەستینییەکان دەزانی، ئەمەش وای کرد پرۆسەی ئاشتەوایی ئالۆزتر بێ، هەندێک وڵاتی عەرەبی بۆ ئەوەی لەم گرفتە دەرچن ئامادە بوون لە ڕێگەی ئوردنەوە ئەم دانوستانە بکەن، وەکو ڕویدا لە سەپتەمبەری ١٩٧٣ لە کۆنگرەی جنێف.

یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئەم مەنجەڵە دەخولایەوە. خۆی بووە سەرچاوەی پێدانی چەک بە عەرەبە توندڕەوەکان لە نێویاندا سەرۆکایەتی ناسر، ئەمە ئەو کاتە بوو کە نیکسۆن دەسەڵات دەگرێتە دەست، پەیوەندییەکانی هەواڵگریی سۆڤیەتی لەگەڵ گروپە تیرۆریستییەکان هەبوو، زۆربەیان لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە سەردەستی هەواڵگرییەکانیان مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرا، دبلۆماسیەتی سۆڤیەتی هاوکاری و پشتگیرییەکی زۆری وڵاتە عەرەبییە توندڕەوەکانی دەکرد. بە بەرنامەی گەڕاندنەوەی ئیسرائیل بۆ سنورەکانی ١٩٦٧ و مسۆگەرکردنی مافی فەلەستینییەکان و لێ سەندنەوەی سەرجەم خاکەکانی ئیسرائیل کە تەنیا ڕێرەوێکی تەسکی بۆ بمێنێتەوە بریتی بێ لە دوو شاری کەنار دەریا ( حەیفاو تەلئەبیب)، لە بەرانبەردا سۆڤیەت لە پای ئەو دەستکەوتانەیان داوای قوربانییان لە عەرەبەکان نەدەکرد .

ئەم نمایشە بۆ ئەمریکا بێ هودە و بێ سود بوو، دواتر چاوی ئەوەمان نەبوو لە پرۆسەی دبلۆماسی بەشدار بین کە وەکو بەشداریی کۆنگرەیەکی فرە لایەنە، تیایدا یەکێتی سۆڤیەت وەکو پارێزەری مافی فەلەستینییەکان قسە بکا و ئێمەش بخاتە خانەی بەرگری لە ئیسرائیل یا بمانخاتە قالبێک ئیسرائیل ناچار بکەین مل بۆ داواکارییەکانیان کەچ بکا کە ئێمە بڕوامان پێی نییە، بەمشێوەیە یا شەرمەزار دەبین یا ئەوەتا دەبێ پشتی هاوپەیمانێکی بەهێزمان بۆ لایەنانی تر بشکێنین و دەرفەتێکیش بە سۆڤیەت بدەین کە چاکە لەگەڵ ئەواندا بکا، خۆ ئەگەر نەمانتوانی ئیسرائیل بپارێزین ئەوکات تەنانەت عەرەبە میانڕەوەکانیش لێمان زویر دەبن، بە باڵوێزی سۆڤیەتی (ئەناتۆلی دوبرینن)م ڕاگەیاند کە دەکرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوکاری یەکتری بکەین ئەگەر سۆڤیەت دەستبەرداری دۆستە عەرەبە توندڕەوەکانی بوو، لە بەرانبەردا ئێمەش لە خانەی سەنگەری ئیسرائیل بێینە دەر و خۆمان لێی جیا بکەینەوە.( دۆبرێنن ناڕەزایی لە بیرۆی سیاسی دەکرد کە پێداگرە لەبەرانبەر ئەم ڕێگە چارانە).

ئیدارەی نیکسۆن پێی باش بوو تەماحێک بداتە عەرەبە میانڕەوەکان بۆ ئەوەی لەگەڵیدا هاوکار بن تا ڕێگەی سۆڤیەت لاواز کەن و لەسەر ئەم بنەمایەش دانوستانەکانی عەرەب و ئیسرائیل بجولێنن. ئێمە بودجەیەکی باشمان بۆ ئەم سیاسەتە تەرخان کرد، بەهۆی ئەوەی ئەمریکا توانیی ئیسرائیل بەهێز بکا، بۆیە لەسەر پێ مایەوە و یەکێتی سۆڤیەتیش لە ڕێگەی هێزەوە ناتوانێ لەناوی بەرێ، هەرچەندە لە بواری دبلۆماسی کارەکانی چڕکردنەوە بۆ ئەوەی لەم کەلێنەوە بتوانێ دزە بکاتە ناوی، هەموو جارێک کرملێنییەکان هەڕەشەی دەستێوەردانیان دەکرد هەروەکو لە ١٩٥٦ و ١٩٧٣ ڕویدا لە هاتنە پێش و پاشەکشێ دابوو کاتێک هەستی بە ڕووبەڕووبوونەوە دەکرد لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکی.

گریمان شیکاریەکەمان بۆ کارەکان لە جێی خۆی بوو بە شێوەیەکی دروست یاریمان بە کارتەکان کرد، واتە ئەمریکا دەتوانێ زۆر لە یەکێتی سۆڤیەت بکا بە ویستی ئەمریکا بەرنامەیەک دارێژێ بۆ پرۆسەی ئاشتی زوو یا درەنگ، لە بەرژەوەندی نیشتمانیی یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی یەکێتی سۆڤیەت هێڵەکە دەبەزێنێ و سەنگەر دەگوازێتەوە و دێتە سەنگەری ئەمریکا، لە سەرەتای دەسەڵاتی نیکسۆن من پێشبینییە حکومییەکانی نیکسۆنم بە ڕۆژنامەوانان دا: ئیدارە نوێکەی ئەمریکا بەدوای ئەو ڕێگایەدا دەگەڕێ کە یەکێتی سۆڤیەت گۆشەگیر و بێ دەسەڵات کەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە تەنیا تێبینی بوون دبلۆماسیەت نەبوو، ئەوکات تورەبوونێکی زۆری خولقاند بەڵام من تەنیا باسم لە ستراتیژیەتی نیکسۆن کردووە.

لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئامانجە دوو سیاسەتی تەواوکەرمان داڕشت: ١/ ڕێگری و بەرپەرچدانەوەی هەر جولەیەکی عەرەبی کە بە پشتیوانی هەڕەشەی سەربازی سۆڤیەتی ئەنجام بدرێ .

٢/ کار کردن بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی ئاشتی و پەیمانەکانی.

کاتێک لەم بوارە هەندێک سەرکەوتن بەدی دێن هەندێک لە دەوڵەتە عەرەبەکان تووشی شۆک دەبن و بەرەی سۆڤیەت جێ دەهیڵن.

یەکەم ڕەنگدانەوەی ئەم دەستپێشخەرییە لە حوزەیرانی ١٩٧٢ دەرکەوت، کاتێک لە مایسی ئەو ساڵ نیکسۆن و بریژنێڤ لە کۆبوونەوەی لوتکە هیچ سەرکەوتنیکیان لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست نەهێنا هەر زوو میسرراوێژکارە سەربازییەکانی سۆڤیەتیی لە میسر وەدەرنان و پسپۆڕەکانیشی لە کار دوور خستنەوە، دوای ئەوە سەرۆک ئەنوەر سادات لە شوباتی ١٩٧٣ محمد حافز ئیسماعیلی ڕاوێژکاری سەربازیی خۆی دەنێرێتە ئەمریکا بۆ گوتوویژ، دوای ئەوە دیدەنییەکی نهێنی لەگەڵ من ئەنجام درا، لەبەر دوو هۆکار دانوستانەکان بە هێواشی بەڕێوە دەچوون:

یەکیان / ئابرووبەرەکەی واتەرگێت

دووەم/ ناڕەزایی عەرەبەکان لە سادات. لە ئەنجامی ڕوو وەرگێڕانی سادات لە ئەمریکا و پشت لە سۆڤیەتکردن. گوایە پێویستی سەربازییان پێی دەبێ، ئەوەی ئیسماعیل لە ئێمەی داوا کرد گەڕانەوەی ئیسرائیل بوو بۆ سنورەکانی ١٩٦٧ کە هەمان داواکەی عەرەب بوو، لەگەڵ پێدانی هەندێک متمانە بە دەستکەوتدان بە عەرەبەکان.

بە پشت بەستن بە ئەزمونی شەڕەکانی عەرەب و ئیسرائیل، ئێمە لە مەزندەکانی ئەنوەر ساداتدا هەڵەمان کرد، کە پێی وابوو ئەگەر بە دبلۆماسی نەگەینە ئەنجام ڕێگەی شەڕ دەگرینە بەر، ئەمەمان بە کۆتاییهێنانی شانۆگەریەکە دەزانی، تەنانەت دەرکردنی ڕاوێژکارەکانیشمان بە یارییەکی ئاژاوەگێڕی دەزانی، هیچ کاتێک ئەوەمان بە هزردا نەدەهات ئەمە ڕێخۆشکردنە بۆ کردەیەکی سەربازی. خۆی سادات لەسەر هەق بوو چونکە دوا ئەگەری گریمانە ئەوەیە یەکێتی سۆڤیەت ڕازی ببێت هێزەکانی لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێوەگلێنێ.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ لە پڕ سوریا و میسرهێرشیان کردە سەر ئیسرائیل، هەرچەندە سوپاکانی عەرەب لە جاری پێشو باشتر شەڕیان کرد بەڵام ئیسرائیل ئەم جارەش توانیی لە کەناڵی سویس بپەڕێتەوە و بچێتە نێو قولایی خاکی میسرو سوپای سێی میسر بخاتە گەمارۆ، لە سوریاش هەندێک ناوچەی لێ داگیرکردن تا گەیشتە نزیک دیمەشق.

بەڵام ڕووداوێکی نوێ ڕودەدا، ئەنوەر سادات یەکەم سەرکردەی عەرەب دەبێ ئاڕاستەی ئاشتی دەگۆڕێ. دوای ئەوەی تواناکانی میسری نمایش کردن دەستبەرداری بیردۆزی عەبدول ناسر بۆوە کە دەلێ ( یا هەمووشت یا هیچ شت) ئاڕاستەی دبلۆماسیەتی گۆڕی، پێشینەکانی دبلۆماسیی میسریشی لە مۆسکۆوە بەرەو واشنتۆن

گۆڕی. سادات یەکەم سەرکردەی عەرەبی بوو کە درکی بەوە کرد کێشەی ئیسرائیل و عەرەب بەر لەوەی کێشەیەکی سەربازی و سیاسی بێ کێشەیەکی سایکۆلۆژیە، لە ئەمریکاش کێشەی عەرەب لە میانی کار و بزوتنەوەکانی تیرۆر هاتە ناسین.

سادات دەستی بە گۆڕینی ئەو دوو دیدەی لەسەر عەرەب کرد، هەر دوای کۆتایی هاتن بە شەڕ، ڕەزامەندیی دا لەگەڵ نوێنەرە سەربازییەکانی ئیسرائیل بکەوێتە گفتوگۆ، بەو مەرجەی ئاگربەست ئەنجام بدرێ لەکیلۆمەتری ١٠١ لەسەر ڕێگای سویس — قاهیرە، دوای چەند هەفتەیەک سادات نامەیەکی پێدام بۆ گۆلدامائیر کە ئامادەیە پابەندی ئاشتی بێت و تیایدا گوتی:

( کاتێک بە شەڕ هەڕەشەم دەکرد دەمزانی چی دەڵێم، ئێستاش کە باس لە ئاشتی دەکەم دیسان دەزانم چی دەڵێم، لە ١٨ ی جەنیوەریی ١٩٧٤ وەلامنامەی گۆلدامائیرم بۆ سادات بردەوە تیایدا دەڵێ:

ئەوەی لە توانام دایە دەیخەمە گەڕ بۆ ئەوەی متمانە لە نێوانماندا دروست بێ، چونکە گەلەکانمان پێویستیان بە ئاشتیە و شایەنی ئەوەشن) لەو ڕۆژانەی ئەو مانگە پیرۆزە بوو کە من و سادات لە نووسینگەی ئەو دانیشتبووین کاتێک یاریدەدەرێکی دێتە ژوور و بەگوێیدا دەچرپێنێ، سادات لە شوێن خۆی هەڵدەستی و فرمێسک بە چاوانیدا دێنە خوارێ و گوتی:

هەر ئێستا ڕێککەوتنیان لەسەر هێڵی ١٠١ کم واژۆ کرد، لەمڕۆ بەدواوە جلی سەربازی دادەکەنم، بڕواش ناکەم چیتر لەبەری بکەم جگە لە ڕۆژانی ئاهەنگە فەرمیەکان نەبێ، پێی ڕابگەیەنە (بە گۆلدا مائیر) ئەمە وەلامی نامەکەیەتی..

سادات پەیمانەکەی بەجێ گەیاند، کاتێک لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١ دەکوژرێ لە ئاهەنگی یادی جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ دابوو بە جلی سەربازییەوە.

ڕێککەوتنی لە یەک دوورخستنەوەی هێزەکانی ئیسرائیل و میسر لە کانونی دووەمی ١٩٧٤ واژۆ کراو ئیسرائیل لە کەنالی سوێس کشایەوە و هەردووک لایەنیش پەیمانی درێژەپێدانی پرۆسەی ئاشتیان دا، هەر دوای چەند مانگێک لە ئایاری هەمان ساڵ حافز ئەسەد سەرۆکی سوریا کە بە کلاسیکیترین سەرکردەی عەرەب دێتە ئەژمار

ڕێککەوتنێکی هەمان شێوەی بە چاودێری ئەمریکا لەگەڵ ئیسرائیل بەست لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان بەڵام قورستر لەوەی میسر.

ئەو ڕێککەوتنانەی عەرەبی کە یەکەم بەیەکگەیشتنیان دەبێ لە دوای ١٩٤٩ ناکۆکییەکانی شەڕی ١٩٧٣ی خاوێن کردەوە، ئەوەتا ئیسرائیل لە سوێس دەکشێتەوە و شاری قونەیترەش بۆ سوریا دەگێڕێتەوە، لەگەڵ گەیشتنی سەرۆک فۆرد بۆ کۆشکی سپی ڕیشەی ئەو شەڕو ناکۆکییانە نەبرابوونەوە بۆیە زیاتر هەست بە درێژە پێدانی دانوستانەکان دەکرا، ئەم پرسەش بووە داینەمۆی جوڵانەوەکانی دبلۆماسیی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێناو دابینکردنی ئاشتی لەو ناوچەیە.

## داڕشتنی ستراتیژیەتێکی نوێ

فۆرد سەرەتای حوکمڕانیی هەوڵەکانی لە پێناو ئەم پرسە چڕکردەوە، عەرەبەکان بانگخوازی یەکێتی عەرەبی دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا پارچە پارچەن و گومانەکانیان لەسەر یەکتری بووە هۆی نەبوونی هاوکاری لە نێوانیاندا، ئیسرائیل ئامادە نییە بگەڕێتەوە سنورەکانی ١٩٦٧ و لە جۆلان بکشێتەوە یا دانوستان لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین لەسەر کەناری ڕۆژئاوا بکا، بۆیە هەوڵەکانی گەیشتن بە ئاشتییەکی گشتگیر یا دەبێ بەم دۆخە چەقبەستووە ڕازی بی یا بکەیتە شەڕ.

ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر توانیی باشتر لەم گرفت و گرێکوێرەیە بگات کە بە تەنیا بەرەو پرۆسەی ئاشتی هەنگاوی نا لەگەڵ ئیسرائیل کەوتە دانوستان، ئەو لە برا عەرەبەکانی جیابۆوە و لێیان هەلفڕی، وێڕای دڵەڕاوکێی لە سۆڤیەت و دڵنیا نەبوونی لە ئەمریکا کە پشتی ئەم پرسە بەرنەدا و جێی نەهێڵێ.

لەم پێناوە سادات ستراتیژیەتێکی قێزەوەن و نادیاری بەکارهێنا، کاتێک بە ناوی فەلەستینییەکان دەدوا پەیمانی بە عەرەبەکان دەدا کە مافەکانیان بۆ وەردەگرێ، سور بوو لەسەر بانگکردنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی بۆ دانوستان و ئێمەشی بۆ ئەم مەبەستە بانگ کرد، لە کاتێکدا بە مسۆگەری دەیزانی ئەمە سەرناگرێ چونکە ئەم ڕێکخراوە فەلەستینییە دەستی لەگەڵ تیرۆر تیکەڵاو کردووە و تێوە گلاوە،

دروشمەکانیشی لەناوبردنی ئیسرائیلە، سادات بە هەڵچوون باسی لە بایەخی ئەم گۆڕانکارییە دەکرد کە بە مەرجی ئەوەی لە سێ مانگدا ئیسرائیل لەو ناوچانە بکشێتەوە، لە کاتێکدا لەمەشیا بە مسۆگەری دەیزانی ئیسرائیل لەو بەرانەی جەنگ ناکشێتەوە جگە لە بەرەی میسری نەبێ، دیارە ئەو هەرگیز نەبوونانە بووە بیانوی ئەوەی بە تەنیا ئەم ڕێککەوتنە ئەنجام بدا، داوای لە من کرد لە ڕێگەی بەیاننامەی ناڕوونەوە ئەم داوایەی بۆ ئەنجام بدەم، گەلێکجار ستایشی دەکردم گوایە دبلۆماتکارێکی سەرکەوتووم، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی لەخۆی دڵنیا دەبوو کە باری قورسی دەخاتە سەر شانم .

سەرۆک ئەسەد کە ئیسرائیل ڕازی نەبوو ڕێککەوتنی تەنیایی لەسەر یەک بەش لەگەڵدا بکا ئەویش ئارەزووی لە ڕێککەوتنیکی گشتگیر بوو بەڵام بۆی نەدەکرا هەرچەندە لەوە ئاگادار بوو کە ئەمە دەبێتە دەرفەتێک بۆ گەڕاندنەوەی خاکی داگیرکراوی، بەڵام بۆی نەڕەخسا.

لە نێوان چەکوشی چارەسەری گشتگیر و سندانی چارەسەری بەش بەشێنی سادات، لەم میانە شا حوسێن لە دەرەوەی یاریەکە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو سەلماندی کە هەموو جارێک ژیان هاوشێوە نییە، ڕێگەی بە فەلەستینییەکان نەدا لە ١٩٧٠ لە خاکی ئوردنەوە هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خاکانەی لێیان داگیرکرابوو، بە نهێنیی درێژە بە دانوستانەکانی دەدا لەگەڵ ئیسرائیل کە کۆی ئەو کاتژمێرانەی بەیەکەوە دانیشتون گەیشتە٥٠٠ کاتژمێر. چونکە لە شەڕی ١٩٧٣ بەشدار نەببوو بۆیە هیچ دیلێکی لای ئەوان نەبوو ئالوگۆڕیان پێ بکەن، لە هەمان کاتیشدا لاوازتر بوو لەوەی بەتەنیا شەڕێک هەڵگیرسێنێ، هەر بەو هۆیەوە لای ئیسرائیل ئەوەندە کاریگەر نەبوو تا تامەزرۆی دانوستاندنی بێ، لەو دەوڵەتانەش نەبوو کە کاریگەرییان لەسەر ڕیکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین هەبێ.

زۆر لە سەرکردە عەرەبە زیرەکەکان لەنێو ئەم یارییە لە ڕێگەی دیموکراسیەتی پیشەسازیەوە فشاریان دەخستە سەرمان، هەندێکیان باسیان لە ئازاری زۆر دەکرد کە بە ئیسرائیل دەگات و ئەویش بەرگەی ئەو ئازارانە ناگرێت، گەلێک جار دەهاتە گوێم باسیان لە خاڵە لاوازەکانی ئیسرائیل دەکرد کە بەڕاستی دۆزیبوویانەوە، ئەو

دەوڵەتانەی ژمارەی دانیشتوانیان کەمە و حکومەتەکانیان سور و خەمخۆرن لەسەر ژیان و ئاسودەییان کەمترین ئازار دەیان هەژێنێ و کاریگەری خۆی دەبێ.

بیرۆکەی چارەسەری گشتی ڕاوبۆچونێک بوو لە هەموو چارەسەریەکانی تر نزیک بوو لە حەز و تامەزرۆیی، کە دیارە لەلایەن ئەکادمیستەکانیشەوە پشتگیرییەکی باشی لێ دەکرێ، ئەم بژاردەیە تا ١٩٧٣ لای ئەمریکا باشترین بژاردە بوو.

کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنە عەرەبیەکان لەوانە توندڕەوەکانیش لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە جنێف، بە دڵنیاییەوە یەکێتی سۆڤیەت دەبێتە پارێزەریان و ئەوانیش داواکاریەکانیان لە پاکێجێکدا کۆ دەکەنەوە، ئێمەش لەو ناوە هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆمان نابێ و پەراوێز دەخرێین و دۆخەکانی لە ڕووی دبلۆماسیەوە چەقبەستو دەبن.

سەبارەت بە ئیسرائیل و خۆ دەرخستن و خۆ بە زلزانینی لە ڕکەلەبننان لەگەڵ هەموو، شەڕکردن لەگەڵ هەموو، ئەمە ئەو سیاسەتە بوو کە لە ناوەوەش سیاسەتوانانیان هەمان شێوازیان بەکاردەهێنا، دواتر بۆ ئیسرائیل گونجاو نەبوو دانوستانێکی گشتی ئەنجام بدا، تا ئەوکات هیچ لە سەرکردەکانی ئیسرائیل ئامادە نەبوون بە سنورەکانی ١٩٧٦ لە هەموو بەرەکان ڕازی بن یا گەڕاندنەوەی شارۆچکەی کۆنی قودس بۆ ژێر دەسەڵاتی عەرەبی یا دەست بەرداربوونی ئەو کۆمەڵگا نیشتەجێیانەی لەسەر خاکە داگیرکراوەکان دروستیان کردووە، دەبووایە ئەمانە هەمووی بەرنامەیەکی هاوبەشی عەرەبی بن.

لەبەر ئەم هۆکارانە من پێشنیاری (هەنگاو بە هەنگاوم) کرد کە پێشتر ڕەزامەندی نیکسۆن و دواتریش هی فۆردم لەسەری وەرگرتبوو، لە یەکەم سەردانی فۆرد لەسەپتەمبەری ١٩٧٤بۆ ئیسحاق ڕابینی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلیشم ڕون کردبۆوە:

ئەو بژاردانەی لەبەر دەمماندا بوون بریتی بوون لە:

١/ یا یەکلاییکردنەوەیەکی گشتی.

٢/یان یەکلایی کردنەوەیەکی بەش بەشی، یەکەمیان هەموو پرسەکانی لەیەکجیاکردنەوە لە خۆ دەگرێ ئەگەر سەرنەکەوت فشارەکان زیاد دەکەن. دووەم ئەم چارەسەریە پرسی سنورەکانی ١٩٦٧ بە پێشوەختی دەوروژێنێ.

٣/ پرسی قودس و ئاوارەکانی تاراوگە و هی تـریش دەوروژێنـێ. لەبەر ئەمە دەبـێ ئەلتەرناتیفێک هەبێ بۆ ئەوەی پرسی فەلەستین بەسەر کار و بایەخەکانماندا زاڵ نەبـێ، دواخسـتنەوەی کـۆنگرەی جنیڤـیش بەو ئومێـدەیە بـەڵکو ئەو پـڕۆژەی ئامـادە کـراوە و ڕەزامەندیی لەسەر دەدەن.

ئەگەر سیاســـەتی دەرەوە بەقەدەر ئەوە ئاســـان بـــێ کە لە ئەکادیمییەکـــان دەخوێندرێ ئەوا ئوردن بە ڕابەرایەتی شا حوسێن بژاردەی دووەم دەبـوو بـۆ پرۆسـەکە، چونکە دانوستانەکانی ئوردن لەگەڵ ئیسرائیل بێ غەل و غەش بوون، هیچ تۆزی لەسەر نەکەوتبوو، فشارەکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستینیشیان لەسەر نەبوو.

ئەگەر بتوانرابا ئوردن کێش بکەینە دانوستانەکان لەسەر کەناری ڕۆژئـاوا ئەوکـات پرسی فەلەستین لە ئەجنـدای کـۆنگرەی جنیـڤ بـوونی نەدەمـا، مـن بەمشـێوە لیـژنەی پەیوەندییەکانی ئەنجومەنی پیرانم لە خولی ٣١ی ئایاری ١٩٧٤ ئاگادارکردەوە.

باشترین ڕێگا بۆ کێشکردنی نوێنەرایەتی فەلەستین بۆ دانوستانەکان کێشـکردنی ئـوردنە بـۆ دانوسـتان لەسـەر کەنـاری ڕۆژئـاوا ئەوسـا دانوسـتان دەکەوێـتە نێـوان فەلەستینییەکان و ئوردنەوە.

لە مـــانگی تەمـــوز بەر لە دەســـت لەکارکێشـــانەوەی نیکســـۆن بە ( ئیگـــاڵ ئالۆنYigal Allon)ی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیلم ڕاگەیان، هـیچ سـودی نییـە ئێـوە دانوســـتانەکان لەگەڵ ئـــوردن دوا دەخەن و دۆخەکە بەمشـــێوەیە بە چەقبەســـتویی دەهێڵنەوە گوایە هەرکاتەی بتانەوێ ئوردن ئامادەیە بۆ دانوستان، ئەمە لە بەرژەوەنـدی ئێوەدا نییـە، ئەگەر ئێسـتا ئیسـرائیل دانوسـتان لەگەڵ شـا حوسـێنی پادشـای ئوردنـدا نەکات دواتر (یاسـر عەرەفـات)ی سـەرۆکی ڕێکخـراوی ڕزگـاریخوازیی فەلەسـتین دەبێـتە گوتەبێژی فەرمیی کەنـاری ڕۆژئـاوا، لە سـەردانییەکەی سـەپتەمبەری ١٩٧٤ ئەمەشـم بە ئیسحاق ڕابین گوت.

سـەبارەت بە ئـوردن ئـێمە لەو بـڕوایە دایـن، ئامانجەکـانی دەوڵەتـی فەلەسـتین لەناوبردنی ئیسرائیل و ئوردن دەبێ.

لە تواناشـیدا دەبـێ نـاوچەکە ڕووبەڕووی نائـارامیی و نـا هاوسـەنگی بکـاتەوە، دووەمیش فەلەستینییەکان ئێستا هۆکاری ئەو وەستانەن بۆیە ئەمریکا چاوی لەوە نییـە

فەلەستینییەکان بەرز کاتەوە، ئیتر پێمان وایە باشترین یاری لەم بوارە بەیەک گەیشتنی ئیسرائیل و ئوردنە، بە ئاشکرا ئەمەمان زۆر جار وتووە، هەر ئەمەیە سیاسەتەکەمان، بۆیە دانوستانەکانی ئوردنمان بە پێشینە زانیوە.

ستراتیژیەتیی ئوردن ڕووبەڕووی گرفتێکی مەزن بووەوە، دیارە ئوردن ئەو کارتەی لەدەستدا نییە دەست پێشکەری جەنگی ئیسرائیل و عەرەب بێ بەهۆی لاوازییەوە، ئیسرائیل لەوە ئاگادارە کە ئوردن لەسەر پرسەکە کاریگەری ئەوتۆی نابێ ئەگەر پشتگیری وڵاتانی عەرەبیی لەگەڵدا نەبێ. لە ساڵی ١٩٧٤ ی شوم دەوڵەتە عەرەبیەکان لە پەرتەوازەیی دابوون، کاتێک زەید ڕفاعی دواتریش سەرۆک وەزیران بوونە یاوەری شا حوسێن لە سەفەریدا بۆ واشنتۆن لە هاوینی ١٩٧٤ وەکو کەوکەبەی کرانەوەی سەرکردە عەرەبەکان بوو، ئەمەمان بە هەولێک بۆ یەکخستنی هەڵوێستەکانی عەرەبی دایە ناسین:

بڕیارمان دا لە کۆنگرەی جنیف هەریەک لە میسر و سوریا و ئوردن و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین ببینین بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەسەر ستراتیژیەتی هاوبەش بکەین. بەڵام بەهۆی ئامادەبوونی ئوردن فەلەستینییەکان ئامادە نابن، هەروەها بەهۆی ئامادە بوونی فەهمیی وەزیری دەرەوەی میسر، سوریاش ئامادە نابێ، کەوابێ تەنیا میسر و ئوردن و فەلەستینییەکان ئامادە دەبن بۆیە ئێمەش ئامادە نابین.

سەرەڕی ئەمەش هەندێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان پشتگیرییان لە ئوردن کرد بەڵکو بە فێل بەشێک لە خاکی کەناری ڕۆژئاوا لە ئیسرائیل وەردەگرێتەوە و دواتر دەتوانن پشتگیری و هاوکاری فەلەستینییەکان بکەن بۆ گێڕانەوەی خاکەکانیان، بەڵام ئیسرائیل دانوستانێک ئەنجا نادا براوە سەرەکیەکە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین بێ.

دەکرا ئەم گرفتانە تێپەڕ بکرێن ئەگەر شیکاریەکەی شا حوسێن بۆ پێویستی سادات نزیکتر بووایە، ئەو زیاتر بەرگریی لە ستراتیژییەکانی ئوردن کرد لەوەی پێویستی بە سادات، ئەوکات ستراتیژیەکەمان لەسەر سادات بوو پێمان وابوو کە کلیلی ئاشتیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەوەی لە هەموو سەرکردە عەرەبەکان میانڕەوتر بوو سەرۆکی مەزنترین دەوڵەتی عەرەب بوو بەڵام دواتر دەرکەوت کە هەندێک دیدی سادات جیاوازن، ئەو پادشاکانی خۆش نەدەویست هەر بەو هۆیەوە خۆشەویستیی بۆ

شا حوسێن نەبوو، بڕواشـی وا نەبـوو کە شـا حوسـێن بتـوانێ دۆخێکـی بـۆ برەخسـێنێ تیایدا ئەو ئامانجەکانی بێنێتە دی، دواجار خۆگرمخانـدنی ئیسـرائیل و نـاڕەزایی سـادات بژاردەکانی ئوردنیان لە گۆڕ نان.

## بژاردە ئوردنییەکان

لە ٣٠ی تەموزی ١٩٧٤ ئیگال ئالۆن Yigal Allon وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل دەگاتە واشنتۆن. لە ناخۆشترین کاتەکانی ئیدارەی نیکسـۆن بـوو. لە ١٩٥٧ کاتێـک لە یانەی هارفۆردی نێودەوڵەتی ئامادە دەبم لەو کاتەوە ئەم پیاوە دەبێتە دۆستم، ئەو یانە وەکو بەرنامەی هـاوینی سـەرکردە بێگانەکـان مـن بەڕێـوەم دەبـرد ، ئەوکـات بەیـەکەوە گەشـتێکی نیـو ئینگلانـدمان کـرد لەو گەشـتەدا جـوامێری ئەو پیـاوەم بـۆ دەرکەوت، سەربووردەی ساڵەکانی ١٩٤٨ی خۆی بۆ گێڕامەوە، باسی لەو سوپایە بێ چەکە کرد کە لە پاشماوەی چەکە دزراوەکانی ئەورووپا خۆی چەکدار دەکرد کە چۆن سوپای میسـر کە لەلایەن ئیگلیزەوە مەشقیان پێکرابوو بە چەکـی ئەوانەوە توانیـان بیـان بەزێـنن، ئەمەی وەکو خۆ دەرخستن باس نەدەکرد بەڵکو بە ئاسایی و خاکی دەیگێڕایەوە.

لە ١٩٦١ سەردانی ئالونم کرد لە کیبووتز جینوسار لەسەر کەناری دەریای جەلیل، لە شوقەیەکی سادە دەژیا. ئەوکـات کە سـەردەمی ئاگربەسـت بـوو لە هـەموو شـوێنێک چالی خۆ حەشاردان بۆ هاوڵاتیان هەلکەنـدرابوو بـۆ خۆپاراسـتن لە بۆردومانـەکانی ئـەو هێرشـە بەردەوامانـەی لە بەرزاییەکـانی جـۆلانەوە بۆیـان دەهـاتن کە ئەوکـات جـۆلان بەدەست سوریاوە بوو.

ئیگال ئالۆن هەمان کەسـایەتیی منـداڵیی مـابوو، خـۆی بە نەوەی کـۆن نەدەزانـی لەسەر ئومێدەکانی ئاشتی دەژیا چونکە زۆر شکستی بینیبوو ئومێدی لەسـەر لەنـاوبردن بنیاد نەنابوو لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوە پێی وابوو پرۆسەی ئاشتی دەبێ:

هاوسەنگی لە نێوان ئاسایش و شەرعیەت بـێ، لە نێـوان متمـانە و خـاک دروسـت بکـرێ. ئـالۆن زۆر بـڕوای بە ئاشـتی هەبـوو بەڵام دواتـر لە جێبەجێکردنـی پاشـگەز دەبێتەوە.

ئەم دووفاقیە جیاوازیی لە ڕێکارەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا دروست کرد، ئاخۆ چۆنچۆنی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرقەرار دەبێ، ئەو جیاوازییە تا ئەمرۆش بەردەوامە، سەبارەت بە دیدی ئێمە بەرنامەی (هەنگاو بە هەنگاو) ئەو بیردۆزە بوو کە بەهۆیەوە جلەوی کارەکان لە دەست ئەمریکا دەمێنێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عەرەبە توندڕەوەکان و فشاری کۆمۆنیستەکان، ئیسرائیلیەکان پێشوازیان لەو بیرۆکەی ئێمە کرد بەڵام بە ڕواڵەت ئامادە نەبوون بڕیارەکانی کە پرۆسەی ئاشتی بەسەریاندا دەسەپێنێ جێبەجێی بکەن.

ئیسحاق ڕابین وەکو سەرۆکی پارتی کرێکاران بە چەند دەنگێک بەسەر شمعون پێرز سەردەکەوێ و لە شوێن گۆلدامائیر دەبێتە سەرۆکی وەزیرانی ئیسرائیل، لە نۆمانگی دوایی ئیسرائیل ڕووبەڕووی هێرشێکی کتو پڕ دەبێتەوە، بەو هۆیەوە زیانی ٢٨٠٠ کوژراوی لێ دەکەوێتەوە کە دەکاتە ڕێژەی ٢٠٠٠٠٠ قوربانی لە ئەمریکا. هەر لەو کاتەنە بوو ئیسرائیل لە پێناو ئاگربەست خەریکی ڕێککەوتن بوو، ڕووبەڕووی هێرشی توندڕەوانی فەلەستینی دەبێتەوە و ٣٧ کەسیان لە معالوت لێ دەکوژرێ کە زۆربەیان منداڵ بوون، ئێستاش دوای ٣ مانگ لە دانوستان لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان داوا لە ئیسرائیل دەکرێ بگەڕێتەوە هێڵەکانی ئاگربەستی پێشوو، لە کەناری ڕۆژئاواش بکشێتەوە کە هەستیارترین شوێنی جوگرافییە، ئێستاش لە ناوەوەی ئیسرائیل لەسەر ئەو پرسە مشتومڕ دروست بووە ئاخۆ سەرکردە ئیسرائیلییەکان مافی ئەوەیان هەیە لە خاکێک بکشێنەوە کە جوەکان بە خاکی پیرۆزی دەزانن؟.

لە تووشترین کاتەکان ئەنجومەنی وەزیرانی ئیسرائیل خۆی دەبینێتەوە ناچارە بکشێتەوە سنوری ١٩٦٧، هەرچەندە ئێستا هێڵی ورد بۆ ئەمریکییەکان وەدەرکەوتن بەڵام بۆ ئیسرائیلیەکان ئەمە هێڵی مەزنە کەچی کۆی ئەو پانتاییەی دەبێ لێی بکشێتەوە ٥٠ میل دەبێ. ئەوکاتەی لەسەر بژاردەکانی ئوردن قسەمان دەکرد لە ١١ی ئەیلولی ١٩٧٤ ڕابین ئەمەی وروژاند:

کیسینجەر:

سەرەتا من لە مەترسییەکانی ئیسرائیل دەگەم کە ئەو سیاسەتەی ئیسرائیل گرتویەتیە بەر وەکو تەکتیکێکی ئاشتیانە وایە.

رابین:

دەکرێ ڕوالەتێکی تەکتیکی دروست بکا.

کیسینجەر:

نابێ هەردووکیان بکا، من بۆ ئەمە هیچ وەڵامێکم لەدەستدا نییە تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندیی متمانە نەبێ .

هیچ سەرکردەیەکی ئیسرائیلی بەقەدەر ئالون تامەزرۆی ئاشتی نەبوو، کاتی گەشتە ٣٤ ڕۆژیەکەم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوریا ئەو زۆر لەگەڵم ماندوو بوو ئەوەندەی لە فڕۆکەخانەی بنگۆریۆنەوە بمگەیەنێتە قودس و بە پێچەوانەوە، زۆر بڕوای بە من بوو بۆ پرۆسەی ئاشتی، بەڵام هیچ ڕێنمایی و پێشنیارەکی بۆ ئەم پرۆسەیە پێ نەدەدام، گەلێکجار ئەو کاتەی لە هوتێلی مەلیک داودیش بوو هەڵوێستەکانی نەگۆردران پێی دەگوتم کە شەوان لە پێناو دابین کردنی ئاشتی نوێژ دەکا، کاتێکیش لێیم پرسی ئامادەن کامە بەش لەو خاکەی لە ١٩٦٧ ڕادەست کەنەوە، گوتی تۆ شێتی مەبەستت خاکی سوریایە؟ ئەمە چۆن دەکرێ.

لە کاتی دانوستانەکانی کامب دیڤد بانگێشتی خوانێکم کرد لەگەڵ هەریەک لە سەمحا دینیتز باڵوێزی ئیسرائیل لە ئەمریکا و برینت سکوکروفت و بیتەر ڕودمانی یاریدەدەرم، تا لەوێ لەسەر ئەم پرسە زیاتر گفتوگۆ بکەین.

نامەکەی ئالۆن هەرچەندە سۆزداری بوو بەڵام ئالۆزیش بوو: ڕابین تازە بۆتە سەرۆکی حکومەت، داوای لەو کردبوو کە ئەویش داوا لەمن بکا خۆی لە هەر دەستێوەردانێکی هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل دوور خاتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەبەستیان نییە دەست بە بژاردەی ئوردن بکەن، چونکە پەیمانی بە دەنگدەرانی ئیسرائیلی داوە کە هیچ گۆڕانکارییەکی جوگرافی لە کەناری ڕۆژئاوا نەکا.

ئالۆن وەکو خۆی پێی باش بوو ئیسرائیل لە بەشێکی کەناری ڕۆژئاوا بکشێتەوە.




ئەو لە مێشکی خۆیدا چارەسەریەکی دانابوو، خاکەکە هەمووی بریتی بوو لەو شوێنەی دەکەوێتە نێوان ڕوباری ئوردن و دەریا بە قولایی ٥٠ میل، کشانەوەی ئیسرائیل بە درێژایی کەناری دەریا لە ستراتیژیەتی بەرگریی بێبەش دەکا، کە زۆربەی دانیشتوانی لەلایەن عەرەبەکانەوە دە پارێزرێ و دوای مردنی شا حوسێن بە دووری نازانن بچنەوە سەر ئوردن، بۆیە دەبێ ئیسرائیل ئەو هێڵە درێژە بپارێزێ و ڕێرەوێکی تەسک بە ئوردن بدا لە دەوری ئەریحای کەناری ڕۆژئاوا، لەوێ بە ڕێژەی ٩٨% دانیشتوانەکەی عەرەبن، ئەو شوێنانەی ڕادەستی عەرەبەکانی دەکاتەوە دەبێ ئیدارەکەی ئیسرائیل خۆی بیگێڕێ.

دوای بیست ساڵ لەو ڕۆژە ئەم بیرۆکە بووە بنەمای ڕێککەوتنی ئۆسلۆ.

کێشەکە لەوەدایە نەخشەی ئالۆن بە خێرایی بڵاودەبێتەوە و هاوڕێیانیشی لە نێو نەخشەی (ترویکا) دەخولانەوە کە ستراتیژیەتێکی گشتی بوو لەگەڵ نەخشەکەی ئالۆن نەدەهاتەوە. ڕابین پێی وابوو ڕێککەوتن لەگەڵ میسر پشوییێک بە ئیسرائیل دەدا، بەڵام شەمعون پیریز کە دواتر دەبێتە سەرۆکی حزبی کار، پێی وابوو ئەمە هەڵوێستێکی مەترسیدارە دژی ڕێککەوتنە کاتیەکانە چونکە پیریز چارەسەریی گشتیی پێ باش بوو.

ئەنجومەنی وەزیران ڕازی دەبێ لەسەر پشتگیری نەکردنی ئالۆن، هەموو ئەو پێشنیارانەی کە بە منی دەدا هەموویان تایبەتی و کەسیی خۆی بوون فەرمی نەبوون، دەکرا ڕەتبکرێنەوە، ئەوە نەبێ حکومەت تەنیا یەک بڕیاری دا و گوتوبێژی لەگەڵ ئالۆندا کرد کە تەنیا لە بەرەی ئوردن کشانەوە نابێ ڕوو بدا چونکە هەر کشانەوەیەکی کاتی دەبێتە هێڵێکی هەمیشەیی نێوانیان، ئەمە حوکمی لەسەر گوتوبێژەکانی من و ئالۆن کرد لە کامب دیڤید، چونکە لە سەرەتاوە شا حوسێن ڕازی نەبوو بە چارەسەریی هەمیشەیی لەسەر بنەمای ئیدارەی ئوردنی لە ژێر دەسەڵاتی سەربازی ئیسرائیلی.

لە پێناو ئاسانکاری دانوستانەکانی ئیسرائیل و عەرەب ئەمریکا هەموو ڕێککەوتنەکانی ئاگربەست و لەیەک دوور خستنەوەی بە یاداشتی لەیەک تێگەیشتنی ئیسرائیلی یەوە بەستنەوە، هەرکە ڕێکاری لەیەک جیاکردنەوە لەگەڵ سوریا ئەنجام درا ئەمریکا بیری لە پێویستییە زیادەکانی ئاسایشی ئیسرائیل کردەوە، بەتایبەتی بۆ نەوەی داهاتووی.

لە حاڵەتەکانی پێشو ئەمجۆرە بەیاننامانە دەربڕی بڕوابوونە بە زەرورەتی بەدواداچوونی هونەریی دانوستانەکان، بەڵام ئەنجومەنی وەزیرانی ئیسرائیل بە شێوەیەکی تر لێکی دایەوە گوایە ئەمە پابەندیەکی یاساییە بۆ ماوەی دە ساڵ بە گوژمەی ٤٠ $ ملیۆن لە بەرژەوەندی ئیسرائیل بدرێتە کۆنگرێسی ئەمریکی.

ئەمجۆرە پابەندیە پێشتر ڕووینەداوە کە ئەمریکا لە بەرژەوەندی دەوڵەتێکی بێگانە ئەمە بکا. نیکسۆن لە دوا مانگەکانی دەسەڵاتی ئەم داوایەی ئیسرائیلی ڕەتکردەوە تەنانەت ڕازی نەبوو دیراسەش بکرێ، کاتێک گوتوبێژم لەگەڵ ئالۆن لەسەر فاکتورە مەزنەکەی کرد کە ئەمریکا لە پێناو بەردەوامی پرۆسەی ئاشتی دەبێ پابەندی پێدانی

ئەم ژمارە چەک و تفاقە بێ و لیستەکەم خستە بەردەمی، نیکسۆن ڕەتی کردەوە و فەرمانی دا بە یەکجاری پرۆسەی ئاشتی ڕاگیرێ.

بەمشێوە یەکەم داوای ئیسرائیل بۆ هاوکاریکردن یەکەم کار بوو خرایە بەردەم فۆرد، هەرچەندە فۆرد لە کێشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست شارەزایی لە کێشە ئالۆزەکانی نەبوو بەلام لە ئالۆزیی کۆنگرێس شارەزابوو بۆ بودجە تێپەڕاندن، دوای ٢٤ کاتژمێر لە سوێند خواردنی فۆرد شلیسنجەری وەزیری بەرگری دەرفەت وەردەگرێ و داوای کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی دەکا، بۆ ئەوەی ڕێنماو بڕیارەکان لەسەر داواکەی ئیسرائیل وەرگرێ.

کۆبوونەوەکە زۆر بەخەراپی بەڕێوەچوو، فۆرد شارەزایی لە شێوازی ئیسرائیلیەکان نییە بۆ دانوستان، کە ئنجیل لەسەر سەبر و مۆلەتدان پێداگری دەکا بەلام ئەمان پێیەوە پابەند نین، زیاتر توڕەبوو کاتێک بەوەی زانی داواکارییەکانی ئیسرائیل یەدەگی سوپایی ئەمریکا کەمدەکاتەوە دواتریش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئامادەباشیەکانی هێزی چەکداری ئەمریکی:

شلیسنجەر:

ئەو ڕێژەی داوای دەکەن ئەگەر پێیان بدەین دەبێ لە هێزەکانی ئەمریکی بکێشینەوە بەمەش ئامادەباشیەکان کەمتر دەبنەوە.

فۆرد:

ئایا ئەوان بەمشێوەیە لە دۆخەکە دەگەن؟

شلیسنجەر:

بەڵێ گەورەم بەلام ئەوان پێیان وایە کە پێویستیەکانی خۆیان لە پێشترە.

فۆرد بە مسۆگەری ئەمە هەڵوێستێکی خۆپەرستی نییە؟.

لەگەڵ ئەمەشدا دوای دوو ڕۆژ فۆرد بڕیار دەدا لەگەڵ کۆنە هاوڕێکەی نەکەوێتە مشتومڕ، لەسەر دیراسەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی ڕازی بوو کە نیسکۆن ڕەتی کردبۆوە، بەمشێوە پڕچەککردنی ئیسرائیل ئازاد کراو درایە دەست بیرۆکراسیەت.

ئەمە بڕیارێکی دەستاودەستی بوو بۆ ئەوەی بڕیارێکی خێرا نەدرێ، وا پێدەچێ فۆرد لە واشنتۆن ڕێگای خۆی دەزانێ:

پێموایە دەبێ ڕایانگرین تا ئەوکاتەی لە هەڵوێستیان دەگەین، ئەمە ئەو کارتە خاڵییەیە کە لەدەستمانە. پێموایە کۆنگرێس لەم ئانوساتەدا وا بەئاسانی ڕەزامەندیی لەسەر نادا.

## بژاردەی میسری

ڕۆژی یەکشەم ١١ی ئاب ئیسماعیل فەهمیی وەزیری دەرەوەی میسر دەگاتە واشنتۆن، واتە دوو ڕۆژ بەر لەوەی فۆرد دەسەڵات بگرێتە دەست و دوو ڕۆژیش پێش ئەوەی تورکیا دەست بە ئۆپەراسیۆنەکانی بکا لە قوبرس ( بڕوانە بەشی حەوتەم).

لە ٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ فەهمیم ناسیوە، ئەوکاتەی هاتە واشنتۆن تا ببێتە جێگرەوەی (محمد حافظ اسماعیل) ڕاوێژکاری سادات بۆ کاروباری ئاسایش. ئەوکات هاتە لام گوتی من هاتووم تا تۆ بناسم و بە سەرۆک ساداتت بناسێنم و سەردانیت بکەم، ئەو خۆی هاتووە داوەتمان نەکردووە، بۆ ناسین هاتووە نەک بۆ دانوستان، بژاردەکان لای خۆیەتی.

فەهمی کەسێکی وشیار و زیرەک بوو، هاتبوو تا جیابوونەوەی سایکۆلۆژیەتی میسر و ڕۆژئاوا و ئەمریکاش نەهێڵێ، لەسەرەتا کە پرۆسەی ئاشتی بوونی نەبوو پێم وابوو مەبستی منە، پرسە پێداگریەکەی ئەوکات پرسی سوپای سێی میسری بوو لە سینا کە شارۆن ڕێگەی لێ گرتبوون و کەوتبوونە تەلەی ئەوانەوە، فەهمی وا ڕەفتاری دەکرد کە دەرکردنی ئەو سوپایە لەدەست منە، گوتی میسر و ئەمریکا دەبنە هاوبەش لە پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرچەندە وڵاتەکانمان تا ئەوکات پەیوەندییە دبلۆماسیەکانیان نە گێڕاوەتەوە کە جمال عەبدول ناسر لە دوای شەڕی ١٩٦٧ پچڕاندبووی، فەهمی لە گوتوبێژا زیرەک بوو وای لێ دەکردین گوێی بۆ ڕاگرین منی بەرز دەکردەوە بۆ ئاستی دبلۆماتکاری بەتوانا، کاتێک فۆرد چاوی پێی کەوتبوو گوێی بۆ گوتەکانی شل دەکرد و سەرنجی بۆی ڕادەکێشا.

فەهمی هەندێک جار لەلایەن برادەرانییەوە تۆمەتبار دەکرا گوایە لایەنگیری ڕۆژئاوا دەکا، بە تایبەت سورییەکان بە تەوسەوە پێیان دەگوتم ئاخۆ لە کۆبوونەوەی داهاتوی

ناتۆ فەهمی بانگێشت دەکەیت؟ چونکە شێوازی ژیانی ڕۆژئاوای دەنواند ناحەزانی ئەمەیان کردبووە کارتی بێزاریی، فەهمی پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو میسری خۆش دەویست و لەگەڵ ساداتیش هاوڕا بوون لەوەی بەبێ دبلۆماسیەتی ئەمریکی پرۆسەی ئاشتی بەڕێوە ناچێ چونکە هیچ لە وڵاتانی عەرەبی ناتوانن بە تەنیایی پێشوەچوون لەم بوارە بەدەست بێنن .

فەهمی وەکو هاوەڵانی شێوازی خۆپارێزیی گرتبووە بەر بۆ پاراستنی نهێنییەکان، لەوەدا لەگەڵیان جیاواز بوو کە هونەری گوتاربێژیی بۆ تەکتیکی دبلۆماسی دەگۆڕی، لە میانی دەستاودەست پێکردنی سۆزی عەرەب و گومان لەسەر ئیسرائیلیەکان و بڕوا بوون بە سۆڤیەت و نیازپاکیی بە ئەمریکا، توانیی زیاتر لە ڕێککەوتنی بەجیا نزیک بێتەوە.

هاوینی ١٩٧٤ تاقیکردنەوەی سۆزداری فەهمی بوو کە بەدوای هەوڵی ڕێککەوتنێکی تەنیاییدا دەگەڕا. سادات و فەهمی پێویستیان بە یەکبوونی عەرەبی بوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی سینا مسۆگەر کەن، ئەمریکا پێی باش بوو یەکەم جار هەنگاوەکە بەرەو ئوردن بێ بە تێڕوانینی ئەوان، فەهمی و سادات ئەمە چەند مانگێک بۆ ڕێککەوتنی میسر پاشەکەوت دەکات، لەوکاتەی ناکۆکی لە نێوان ئوردن و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی هەبوو لەسەر ئەوەی کامیان نوێنەرایەتی فەلەستینییەکان دەکەن، سەرکردە مسریەکان بێ ئومێد نەبوون لە گێڕانەوەی بەشێک لە سینا، لە هەمان کاتدا فەهمی لە بیری دەرکردنی میسر بوو لە ژێر هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت چونکە ئەو بڕوای تەواوی بە ئەمریکا هەبوو.

فەهمی هەموو بژاردەکانی کردنە قوربانی لە پێناو ڕێککەوتنێکی بەتەنیا لەگەڵ ئیسرائیل، ئاگاداری کردینەوە کە بە نیازی قبوڵکردنی داوەتنامەیەکە بۆ سەردانی بۆ مۆسکۆ، بەڵام دڵنیای کردینەوە کە هیچ گرێبەست و ڕێککەوتنێک ئەنجام نادا. پێداگریشی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ ئەمریکا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین دانوستان بکا هەرچەندە ئیسرائیل لەمەیان نارەحەت دەبێ.

فەهمی لەو گوتەیە پێکەنی، کە دەڵێ میسر پێویستی بە چەتری ئوردنییە بۆ سەربەخۆیی دبلۆماسی، پێچەوانەی ڕاستە:

ئـوردن نـاتوانێ بـێ ئامـاژە و پشـتگیری میسـر هـیچ جـولەیەک بکـات و هـیچ سەرکردەیەکی عەرەبیش ناتوانێ هاوکاری شا حوسێن بکا هەروەکو گوتم. ئەو پیـاوەکی باشە بەڵام ئەوەی بەناوی ئەیلولی ڕەشە کە لە ١٩٧٠ سوپای ئوردن شکست دێنێ بووە مایەی ئەوەی بەبێ قاهیرە هیچی پێ نەکرێ.

لە ڕەوانبێژی فەهمی ئەوەم بۆ دەرکەوت کە میسر ئامادە نییە چاوەڕوانی ئـوردن بکا و سادات ئامادەیە بە تەنیا لەگەڵ ئیسرائیل بکەوێتە گفتوگۆ، بەڵام ئەو پێـداگریەی ئێمە بۆ هێورکردنەوە و پشت بەستنمان بە بژاردەی تـر بـوو، لە ڕاسـتیدا بەڕێوەچـوونی دانوستانەکان لەسەر هەردوو تەوەری سینا و کەناری ڕۆژئاوا بۆ ئەمریکا و ئیسـرائیل لە ڕووی سـۆزدارییەوە قـورس بـوو، مەبەسـتیش لە سـەردانەکەی فەهمـی پێـداگری و دوپـاتکردنەوەی ئەو بۆچـوونە بـوو کە دانوسـتانی بەتەنیـا لەنێـوان میسـر و ئیسـرائیل هەنگاوی داهاتوو دەبێ کە مسۆگەرترین هەنگاوە لە کاروانی پڕۆسەی ئاشتی.

## شا حوسێن و پڕۆسەی ئاشتی

دوای دوو ڕۆژ لە گەڕانەوەی فەهمـی لە ١٦ ئـاب واتە حەفـتەیەک لە دەسـت بەکاربوونی فۆرد شـا حوسـێن دەگـاتە واشـنتۆن بـۆ بەدواداچـوونی کەیسـی ئـوردنی کە سادات و ئیسرائیل دژی بـوون، پێـداگری شـا حوسـێن لە پێنـاو پاراسـتنی شـکۆمەندی تاجی پادشایەتی و گەلی ئوردن بوو.

لە سـەردانەکەی شـا حوسـێن زەیـد الرفـاعی سـەرۆک وەزیرانـی یـاوەری بـوو کە پێشـتریش لە ١٦ی ئـاب سـەردانییەکی چـاودانیی کردبـوو واتە ٤٨ کـاتژمێر بەر لەوەی نیکسۆن دەست لەکـار بکێشـێتەوە، ئەوکـات دبلۆماسـیەتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـاری سەرەکی ئێمە نەبوو، الرفاعی یەکەم سەردانیکەر دەبێ کە مـن لە فرۆکەخـانە پێشـوازیم لێی نەکر، بەڵام بەهۆی پەیوەندیەکانمانەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو.

گرنگی الرفاعی بەهۆی پـێگەی وزاریەوە نەبـوو کە پۆسـتێکی کـاتی بـوو، بـەڵکو بەهۆی پەیوەندییە توندەکانی لەگەڵ شـا حوسـێنەوە بـوو کە پەیوەنـدیەکی هەمیشـەیی هەبوو.

ڕفاعی لە نێو بازنە تەسکەکەی شا حوسێندا بوو، هەرکاتەی هەستی بە نائارامی دەکرد الرفاعیی لە تەک خۆی دەبینییەوە، وێڕای یارییە ڕەشبینەکانی شا حوسێن بەڵام ئەو هەمیشە گەشبین بوو لە سیاسەتەکەی و دڵنیا بوو بە پرسەکە، چونکە متمانەی تەواوی بە ئەمریکا هەبوو، هەرکاتەی پێویست بکرابا ئەو خۆی لە پێشەوەی حکومەت دەبینییەوە، کاتێکیش گەردەلولی توندڕەوی هەڵیدەکرد ئەم هەندێکی لە خانەوادەی پادشا دەهێنایە بەرچاوی جەماوەر و دۆخەکانی پێ هێور دەکردەوە ئەو هیچ کاتێک لە نێو بازنەی ناوەوە ون نەدەبوو.

ڕفاعی یاریکەرێکی گونجاو بوو بە پلەیەکی بەرز زیرەک و بە توانا بوو بۆ دەستاودەستی و هێنان و بردن، دانوستانکارێکی ئازا و بە تواناش بوو بۆ بەرگری لە خانەوادەی هاشمی و وڵاتەکەی، لە نێو هەموو سەرکردە عەرەبەکان کەمترین حەزی بە ڕۆمانسی بوو کە هەندێک جار ساداتیان بەرەو هەڵدێر دەبرد بە هاندانی بۆ تۆمارکردنی داستانێک.

ڕفاعی دیدێکی تایبەتیی هەبوو بۆ یەکلایی کردنەوەی پرسەکە، ئەم دیدەش لە نێو ئیسرائیل دەنگ و سەدای خۆی هەبوو، ڕفاعی داوای کشانەوەی ئیسرائیلی دەکرد بە درێژایی ١٩ کم لە ڕوباری ئوردنەوە تا خاکەکەیان، هەر پێشوەچونێکی ئوردنیش دەتوانرا بگاتە بەرزاییەکانی (جودین) لەوە دڵنیا بوو کە ئیسرائیلیەکان دەست بەرداری لوتکەی بەرزاییەکان نابن، چونکە ئەو پێشنیارە بە کشانەوەی ئیسرائیل بە درێژایی ڕوباری ئوردن ڕەت کرایەوە، ڕفاعی پێشنیاری کرد نەخشەی ئالۆن جێ بەجێ بکرێ بەمەرجێک کشانەوەکە بە کات بۆی دیاری بکرێ کە هێزەکانی ئیسرائیلی لە سەرجەم خاکی ئوردن بکشێتەوە.

دواتر بۆی دەرکەوت کە لە دۆخی دانوستانەکە بەهەڵەداچووە، ڕفاعی دڵنیا بوو کە بژاردەی ئوردن بژاردەیەکی ڕواڵەتییە چونکە هەرگیز سادات دژایەتی عەرەب ناکات، ڕێککەوتنێکی بە جیای لەگەڵی ئەنجام بدا، بۆیە ڕفاعی هانی دا تا ڕێککەوتنێکی ئوردنیی ئیسرائیلی یا دانوستان بە بەستنەوە بە کاتی دیاریکراو لە نێوان میسر و ئیسرائیل لەلایەک ئوردن و ئیسرائیل لە لایەکی تر.

بەم مۆڕاڵە دواتر شا حوسێن سەرۆک فۆردی ئاگادارکردەوە :

جەنـابی سـەرۆک دەمـانەوێ بـزانین ئـێمە لە کـوێ وەسـتاوین؟ ئەگەر ئـێمە نەخراوینە لیستی دانوستانەکان ئەوا با ڕو لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین بکەین بۆ چارەسەری کێشەکەمان، ڕفاعی ئەمەشی لەسەر زاری شا حوسێن زیاد کرد گوتی گرنگ نییە کە بەکارمان دێنن بەڵام لە کۆتایی دەبێ دەستکەوتمان هەبێ، شا حوسێن دەڵێ دوای یەکلایی کردنەوەی کەناری ڕۆژئاوا لە ڕیفراندۆمێکدا چارەنووسی ئەم هەرێمە دەخەینە بەردەم دانیشتوانەکەی بە چاودێری لایەنێکی دەرەوەی عەرەبی وەکو نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ئاخۆ دەخرێنەوە سەر ئوردن یان داوای مافی ئۆتۆنۆمی دەکەن و بە سیستەمی کۆنفیدراڵی لەگەڵ ئوردن یەک دەگرن.

ئەگەر ئەو دەسەڵاتەمان هەبووایە بەدوای سۆزداریدا هەنگاو بنێین ئەوا من و فۆرد دەمیک بوو بڕیاری خۆمان دابوو بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین کە جێگەی داخە ئەو دەسەڵاتەمان نییە بڕیار بدەین بەجیا لەگەڵ ئوردن دانوستان دەست پێبکەین.

باشترین شت کە بتوانین بیکەین هەرچەندە بە بڕواوە نییە، ئەو پێشنیارەی هی فەهمیە کە دانوستانەکان لە یەک کاتدا لەگەڵ ئوردن و میسردا بکرێ ئەگەر ئەمەش نەکرا دوای میسر بە ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئوردنیش دەست پێبکرێ.

## دوو میوانیتری عەرەب: سوریا و پادشانشینی عەرەبی سعودی

لە نێو خشتەی کارەکانی وەزارەتی دەرەوە گوێ گرتن لە وەزیری دەرەوەی دوو دەوڵەتی عەرەب بوو، کە فۆرد بیان بینێ بەرلەوەی بچێتە سەر پرسە ئاڵۆزەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ٢١ی ئاب عەبدولحەلیم خەدام وەزیری دەرەوەی سوریا گەیشتە واشنتۆن، ٢٨ی مانگیش عومەر ئەلسەقاف لە پادشانشینی عەرەبی سعودی دەگات.

لە فڕۆکەخانەی دیمەشق عەبدولحەلیم خەدام پێشوازیی لێ کردم و بەخێرهاتنی یەکەم سەردانیی لێ کردم، هەر زوو پێی ڕاگەیاندم لە پرسی ڕێککەوتنی بەش بەشێن هیچ پەیوەندیەکی بە سوریاوە نییە ئێمە لەگەڵ چارەسەری هەمە لایەنەین بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانی فەلەستینیان، عەبدولحەلیم ئەو مافانەی بۆ دیاری نەکردم باسی

لە هەڵوێستی خۆیان نەکرد لەسەر ئیسرائیل، ڕۆژنامەکانیشیان باسیان لەو سەردانەم کرد کە لە خاکی داگیرکراوەوە هاتووە بۆ سوریا.

ئەوەبوو هەر زوو وەزیری سوری هەڵوێستەکانی خۆی لەگەڵ هەڵوێستەکانی فەهمی جیا کردەوە، پاش ئەوەی لەگەڵ ئەسەد یەکترمان بینی بۆم دەرکەوت کە ئەم ئاگاداریانە لە ئەسەدەوە دەرچوونە وەکو دەربڕینی ئەو هەڵوێستەی کە هیچ سازشێک بەبێ ئەسەد ناکرێ.

دواتر گەلێک لەو نەتەوەخوازانەم بینی، خەدام پیاوێکی بەتوانا و بە سەلیقە بوو لە دانیشتنەکاندا خۆشگوزەر بوو چونکە ئەو لە نێو بازنەی ناوەخۆی ئەسەددا نەبوو بۆیە تەنیا ئەوکاتانەی لە دانیشتنەکان دەبوو بە تێبینی و بۆچوونی تایبەتی خۆی سەرنجی دانیشتووەکانی ڕادەکێشا، دانوستانکارێکی بەهێز و یەککگر بوو گەلێک جار بەیەکەوە لە فڕۆکەخانەی دیمەشقەوە بۆ ناو شار لە ئۆتۆمبێلەکەدا دادەنیشتین و دەدواین.

هەر لە میانی ئەو سەردانانەمدا خەدام لە گۆڕاندا بوو بەرەو قبوڵکردنی جۆرێک لە یەکلایی بوونەوە، کاتێکیش سەردانی واشنتۆن دەکا لە ڕۆژنامە ئیسرائیلیەکانەوە دەبینێ کە ئیسرائیل بە هیچ شێوەیەک ڕازی نییە لە بەشێکیتری جۆلان بکشێتەوە، تەنانەت ئەگەر یەکلایی بوونەوەیەکی گشتیش بوو، ئەو بۆ ستراتیژیەتی خۆی ئەو پارچەی بەرزاییەکەی جۆلان ناداتەوە، ئەگەر ئیسرائیل لەم هەڵوێستەی بەردەوام بێ ئەوا سوریا لە نەخشەی (هەنگاو بە هەنگاو) دەردەهێندرێ و هیچ سودێک لەو کاروانەی ئاشتی ناکا ئەگەر بە گشتگیریش بێ. بەیانییەکەی بە هەستیاری هەریەک لە میسرو سوریا ڕایانگەیاند کە ڕۆڵی ئەمریکا نابێ فەرامۆش بکرێ، واتە مەبەستی سەرەکی سەردانەکەی خەدام بۆ ئەوەبوو کە سوریا لە پرۆسەی دبلۆماسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور نەخرێتەوە، بۆیە بە پێچەوانەی سەردانییەکەی پێشومان بۆ دیمەشق هیچ هەڵوێستێکی خۆ دەرخستنیان لە واشنتۆن نەنواند، خۆی لەو هەڕەشانەش دوور خستەوە ئەگەر جولەیەکی سەربازی سوری بە تەنیا ئەنجام بدرێ، چونکە ئەمە ئاماژەی سەرکردە عەرەبەکان بوو کە هەرکاتەی مەبەستیان بووایە ناڕاستەوخۆ بە سوریا هەڕەشەیان دەکرد.

سەردانییەکەی خەدام لە ئابی ١٩٧٤ لە گەڵێک ڕووەوە خالی گەرمی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا وسوریا بوو، بە گاڵتەوە نموونەی هێنا و گوتی: لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیی داهاتوو بانگێشتت دەکەم چونکە هاوڕێیانی عەرەبیم لەسەر تۆ هەموو شتێکیان بۆ باس کردوم، وەکو پەراوێزخستنی مسریەکان لاریی نەبوو لە دانوستانی تەنیاییی ئوردن لەسەر کەناری ڕۆژئاوا، بەدەر لەوەی چەند لەگەڵ ئۆتۆنۆمی فەلەستینییەکان دەگونجی، بە پێچەوانەی سەرکردە عەرەبەکان وەزیری دەرەوەی سوریا ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی یەکسان نەدەکرد لەگەڵ ئۆتۆنۆمی فەلەستینییەکان، ئەسەد زۆر حەزی لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی نەدەکرد چونکە پێی وابوو دەوڵەتی فەلەستین ڕێگر دەبێ لەبەردەم دەوڵەتی مەزنی سوریا کە ستراتیژیەتی خۆی بوو، هەمیشە کاری لەسەر ئەوە دەکرد سەرکردایەتیەکی فەلەستینی هەبێ لە ژێر فەرمانی ئەو کار بکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یاسر عەرەفات.

وەکو بەدواداچوونی ئەو سیاسەتە خەدام گوتی سوریا ئامادەیە هەماهەنگی لەگەڵ ئوردن بکا لە پێناو دۆزینەوەی شێوازێکی تایبەتیی ئۆتۆنۆمی کە سەر بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینەوە نەبێ، بەڵام دڵنیا بووین لەوەی شا حوسێن متمانە بە سوریا ناکا بۆیە ئەم بیرۆکە سەرناگرێ، لەوەوە زانیمان کە سەردانەکەی خەدام بۆ خۆگرمخاندنە بۆیە بڕیارماندا درێژە بە دانوستانەکانمان بدەین لەگەڵ سوریا.

میوانەکەی تر عومەر ئەلسەقاف بوو وەزیری دەرەوەی سعودیە، کۆمەڵگای پادشانشینی سعودیە کۆمەڵگایەکی کلاسیکی ئاینیی ئسولی بوو، بەرلەوەی ئەم ئسولیەتە بە سیاسەت بکرێ، خۆیان لە نێوان توندڕەوی عەرەبی و ڕزگاریخوازی فەلەستینیی یەکگرتوو دەبینییەوە، ترسی مەزنی لە دراوسێیە چاوتێبڕیوەکان و کۆمۆنیستەکان بوو، لە کۆتاییدا ئەمە لای سەرکردەکانیان زانراو بوو کە ئاسایشی سعودیە لە گۆشەگیریی دایە و تەنیا بە ئەمریکا دەکرێ، بەڵام متمانەی کەمتریان بە ئێمە بوو، ئەگەر بکرابانە یاریکەری سەرەکی لە دبلۆماسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز دەبوون، چونکە لە ترسی لەدەستدانی سەقامگیری ناوەخۆ، خۆی لە پرسی تێوەردان لە پرۆسەی ئاشتی دوور خستەوە، پێی باش بوو ڕۆڵی چاودێری و هاندانی پرۆسەی ئاشتی بگێڕێ بێ ئەوەی کێشە بۆ ڕادیکالیستەکانی دراوسێی دروست بکا.

وشە ڕازاوەکانی دبلۆماتکارە سعودیەکان کە بە ناوی پرسی عەرەبیەوە دەدوان دوور بوون لە هەڵە و پێداگری، دووریش بوون لە سۆزداری، هەمیشە پاڵپشت بوون بۆ دبلۆماسیەتی ئەمریکی، لە کاتی شەڕی ئۆکتۆبەر لە پێناو یەکڕیزی عەرەبی، گەمارۆ دەخاتە سەر نەوت لە دژی ئەمریکا وهۆلەندا. بەڵام ئەمە ڕێکارێکی ڕوخساری بوو هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەمریکا نەبوو چونکە ئەمریکا لە توانایدا بوو نەوت لە کڕیارەکانی نەوتی سعودی بکڕێتەوە هەرچەندە لە ئەنجامی ئەو گەمارۆیە نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە و دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان هەوڵی داکردنی نەوتی زیاتریان دا ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێ.

عومەر ئەلسەقاف باسی لە هەموو ئاڵۆزی و گرێ و گرفتی دانوستانەکانی سعودیە کرد، وەزیری دەرەوە جێبەجێکاری سیاسەت بوو داهێنەر نەبوو.

چونکە ستراتیژییەکان لەدەست پادشا دایە، تەنانەت لە کاتی دانیشتنەکانیشم لەگەڵ پادشا سەقاف لە دوورەوە دادەنیشت دوور لە ڕاوێژکارەکانیش بۆ ئەوەی پادشا لێی تێبگا دەبووایە دەنگی بەرز کاتەوە.

خۆی سەقاف گەیەنەری نامەکانی پادشا بوو لەوە زیاتر نا، زۆر بە ئەمانەت و شارەزاییەوە نامەکانی دەهێنا و دەبرد و خۆی لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەک دوور دەخستەوە.

سەقاف لە کاتی سەردانییەکەی بۆ واشنتۆن بایەخی بەوە دەدا تووڕەیی ڕۆژئاوا لە سعودیە دوورخاتەوە کە لە ئەنجامی گەمارۆی نەوت دروست بووبوو، پێیم گوت سەبری ڕۆژئاوا سنوری هەیە: من پێمـوایە ئەو نرخانەی نەوت قەیرانێکی ئابووری لە ڕۆژئاوا دروست دەکا، بەو هۆیەوە حکومەتەکانی تر ئەگەر هەر بۆچونێکی تریان هەبێ هەڵوێست وەردەگرن.

سەقاف پێی وابوو لەم دۆخە بەهۆی گەمارۆی نەوت لە ڕێگەی فشار خستنەسەر دانوستانەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کێشە لە نێوان عەرەب و ئەمریکا دروست نەکرێ باشە . لە ترسی بەیاننامەی هاوبەش، هۆشدارییەکی فەرمیی دایە ئەو لایەنەی بە تەنیا دانوستان دەکا، بەڵام پێمان گوت کە سعودیە ڕەزامەندی دەداتە بەرەوپێشچونی هەر هەنگاوێکی دبلۆماسی بێ ئەوەی بەرپرسیارێتی خۆی لێ ڕابگەیەنێ.

## رابین سەردانی فۆرد دەكا

زۆر كەس پشت بە سەردانیی ئیسحاق ڕابین بۆ لای فۆرد دەبەستێ كە ئێستا بۆتە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و لە ١٠ ی ئەیلول گەیشتە واشنتۆن.

بۆ بێ بەختی پەیوەندییەكانی ڕابین و فۆرد باش نەبوون، یەكەم بە گژیەكداچوونیان لە ئەنجامی سیاسەتەكانی ناوەخۆی هەردوكیاندا خەریك بوو كارەساتی لێ دەكەوتەوە، كارێكی ناخۆش بوو دەبووایە هەردوكیان بەسەر ئەم ئاستەنگەدا زاڵ بن، ڕابین باڵوێزێكی درەوشاوەی ئیسرائیل بوو لە واشنتۆن، لە خۆ پارێزی فۆرد دەگەیشت و خۆی لێ دەپاراست، ئەو كاتەی فۆرد ئەندامی كۆنگرێس بوو لایەنگرێكی بەهێزی ئیسرائیل بوو، لەگەڵ ئەویشدا یەكەم چاوپێكەوتنیان لە دۆخێكی بە ئاستەنگی پەیوەندییەكانی ئەمریكاو ئیسرائیلدا بوو.

بەشێك لە كێشەكە بۆ چۆنایەتی دەرونی ئەو دووە دەگەڕایەوە، خەسلەتەكانیان:

ڕابین كەسێكی ئاقلمەند و شیكاری بوو. بەڵام فۆرد كەسێكی خۆكاری بوو بە هەوەست ڕەفتاری دەكرد. ڕابین بە خۆپارێزی ڕەفتاری دەكرد. هەرچی فۆردە بەگوڕ و نیازپاكی ڕەفتاری دەكرد. فۆرد لەسەر بنەمای میانڕەوی لە كۆنگرێسەوە مێژووی پیشەیی بۆ خۆی دروست كرد . بەڵام ڕابین وەكو سەرۆكی ستونی سوپای ئیسرائیل ناوبانگی دەركرد و پێگەیشتووە. فۆرد هەموو ژیانی لە سیاسەت بردە سەر. هەرچی ڕابینە ئەو كاتە فێری هونەری سیاسەت بوو كە چووە ناو ئەو پیشەیەوە.

بیر لەو جیاوازییە ناكەیتەوە كە لە نێوان گۆلدامائیر و ڕابینی جێگرەوەیدا هەبوو، لە ڕاستیدا گۆلدامائیر لە ڕابین توندتر بوو بەڵام توندی و ڕەقیی دەشاردەوە، ئەو شارەزاییەكی باشی بست بە بستی خاكی ئیسرائیل هەبوو بۆیە لە ستراتیژیەتی ئەو شوێنانە دەگەیشت، ترسی زۆری لە دەستەگوڵ هەبوو كە لە نێوان ئەمریكا و سۆڤیەت بكرێ لەسەر حسابی ئیسرائیل كەچی ئەم پرسە هەرگیز قسەی لەسەر نەكراوە.

گۆلدامائیر بەدواداچوونی بۆ لەیەكجیاكردنەوەی هێزەكانی میسر و سوریە كرد بێ ئەوەی سووربوونێك دیاربێ لە هەوڵەكانی بۆ ئازادكردنی دیلەكان، نیكسۆن لە

حــوزەیرانی ١٩٧٤ ســەردانی ئیســرائیل دەکــا، گولــدامائیر دوای هــاتنەخوارەوەی لە پۆستەکەی بە دوو هەفتە بەسەرۆک دەلێ: من دژی هەر کشانەوەیەکی پـارچەیی دەبم، دواتــر دەڵــی نــابێ ئیســرائیل بکشـێتەوە تەنیـا بە ڕێککەوتنێکـی کۆتـایی نەبـێ، بەم هەڵوێستەی ڕێککەوتنی سنورەکانی ١٩٦٧ یش ڕەت دەکاتەوە کە لەگەڵ میسر دانراوە.

هەرچەنـدی گۆلـدامائیر لە دانوسـتانەکان تونـد بـوو بەڵام لەو کاتـانەی باسـی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکـا و ئیسـرائیل دەکـرد ئەم تونـدیەی بەدیـار نەدەخسـت. ئەو لەو ڕاســتیە دەگەیشــت کە مــانەوەی ئیســرائیل بە پشــتگیری ئەمریکــا دەبــێ بــۆیە ئەو دۆستایەتی و پەیوەندیەی دەپاراست بە تایبەت لە کاتی چا وپێکەوتنەکانی تەلەڤزیۆنیدا کە خۆی وەکـو دایکـی خـاک نیشـان دەدا تاوێـک غەمگـین و تاوێـک بە سـۆزەوە، بەڵام ڕابین بەقەدەر ئەو بەسۆز و سور نەبوو لە کاتێکدا یەکەم کەس بوو لە ئیسرائیل لەدایک ببێ و بەو پۆستە بگات و نەگاتە ئاست ئەوانەی لە دەرەوەی ئیسرائیل لەدایکبوون و لە پێنا و بنیادنانی دەوڵەتی ئیسرائیل خەباتیان کرد، بەڵێ نوێنەرانی ئەمجـۆرە کەسـانەی وەکو مائیر بە سەرۆکایەتی مۆشێ دایان تووشـی شـۆک دەبـێ کە سـەرکەوتن بەدەسـت ناهێنێ لە کاتی (شەڕی ڕۆژی غوفران) و بەو هۆیەوە لە پۆستەکەی بێبەش دەبێ.

لەهەمان کات ڕابین لەو کەسانەی لە دەوری بـوون لە حکومەت هۆشـیار و بەئاگـا بوون لە نموونەی ئیگال ئالۆن و شەمعون پیریز، ڕابین متمانەی بە ڕەوشتی ئـالۆن بـوو زیاتر لەوەی بە زیرەکیـی بـێ، هەڵسـەنگاندنی بـۆ پیریـز بە پـێچەوانەوە بـوو، ئـالۆن لە سوپای ئیسرائیل لەو بەرزتر بوو بەڵام زیاتر بایەخی بە پارە دەدا لەوەی بە پۆست.

دوای ئەوەی هەردوکیــان کــۆچ دەکەن شــەمعون پیریــز وەزیــری بەرگــری دەبێــتە جێگـرەوەی هەردوکیـان، پیریـز ئەنـدازیاری پەیوەنـدییەکانی ئیسـرائیل و فرەنسـا بـوو، بەهۆی ئەو چەکانەی ئەوانەوە توانیی لە جەنگی ١٩٧٦ سەرکەوێ، یارمەتی زۆری دابوو بۆ پەرەپێدانی زۆر لە چەکەکـان کە تـا ئێسـتاش پشـتی پـێ دەبەسـتن، لە ناسـراوترین کەسـایەتیی ئەو سـەردەم بـوو کوشـتەی پۆسـت و پـلەی بـاڵا بـوو، بەڵام ئەم دوو خەسلەتەی ئەقڵانی و حەزی کوشندەیی لە یەک چوارچیوە لە نێو کۆمەڵگای ئیسرائیلی جێگای نابێتەوە هەر ئەو هۆکارەش بـوو پێـنج کەڕەت لە هەڵبژاردنەکـان دەدۆڕێنـێ، لە نێویانـدا هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتی وەزیـران. لەو مـاوەی دەسـەڵاتی سیاسـەتی لەگەڵ

دراوسێکانی لە سیاسەتی ڕابین دەچوو کە دەڵێ: ( هەڵۆ) بە تا لە (کۆتر) دەچـی. تـا ئەوکاتەی کۆتایی بە ژاینی ڕابین دێت هەردوکیـان هاوبەشێکی نموونـەیـی پێک دێنن، پیریز بیرۆکەی باشی هەبوون ڕابینـیش بـۆ سـتراتیژیەتی خـۆی سـودی لـێ وەردەگـرت، کاتێـک ڕابـین لە تشـرینی دووەمـی ١٩٩٥ دەکـوژرێ، پیریـز خەونـی ئاشـتیی ون دەکـا چونکە بەبێ ڕابین لەخۆی ڕانابینێ ئەم پرسە بخاتە بەردەم جەماوەر.

لە حوزەیرانی ١٩٧٤ ڕابین و پیرێـز لە یەک حکومەتـدا دەبینـرێن، دوو ڕکـابەری توندی یەکتر دەبن، پیریز ڕەخنەی توندی لە ڕابین دەگرت گوایە زۆر گـوێ بـۆ ئەمریکـا شـل دەکـا. بەو هـۆیەوە ڕابـین بە هۆشـیاری ڕەفتـاری دەکـرد، پێشـینە و گرنگیـی بە یەکگرتویی حکومەت دەدا نەک بە کاری دبلۆماسی، کەسێکی شەرمن بوو شەرمی دەکرد بۆچوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو، تەنیا کچەکەشی باسـی لە خەسـلەتی هەسـتیاری بـاوکی دەکرد، ڕابین لە گۆلدامائیر باشتر دەیزانی کە چەقبەستنی دبلۆماسی بۆ ماوەیەکی دوور بۆی هەیە ئیسرائیل گۆشەگیر بکا، بە شێوەیەک تەنانە لە ئەمریکاشی دوورخاتەوە، مـن ئەمەم لە کاتی شەڕی ئەمریکا وڤێتنـام هەسـت پێکـرد کە حەزی لە درێژەپێـدانی شـەڕ نەبوو لەگەڵ ڤێتنام لەبەر مەترسی گۆشەگیربوونی و قەیرانـی ئـابووری، دوای مـاوەیەک دڵنیابووم کە ڕابین لەسەر سـتراتیژیەکەی ئـێمە ڕازیە، ئەو ڕازیبـوونەی لە کۆبـوونەوەی ١١ی ئەیلول لەگەڵ فۆرد باسی لێوە کرد گوتی:

ئەم دۆخە چەقبەستووەی ئێستا نابێ بەردەوام بـێ، چـونکە ئـێمە پێمـان وانییـە ئەم کاتە دۆخێکـی تـری نـوێ دروسـت دەکـا، دڵنیـاین لەوەی دەوڵەتـانی عەرەبـی لەوە فێربوون کە کۆکردنەوە لە نێوان گۆشەگیرکردنی ئیسرائیل و بەکارهێانی هێز بە نموونـە هێـزی نەوت بەرانـبەر بە ئەمریکـا دەکـرێ ئەلتەرنـاتیفی ئەوە بـێ دۆخەکە چەقبەسـتوو نەبێ بۆیە دوو ئەگەر هەن:

١/ یا جولەکردن بەرەو یەکلایی کردنەوە.

٢/ یـا جەنگێکـی تـر. هـیچ پاساوێکیشـمان بەدەسـتەوە نییـە تـا بلێـین ئەم دۆخە ناهەمووارە بەرگە دەگرێ، بەڵکو تا سێ یا شەش مانگی تر، بەڵام تا دوایی نا.

پیاوی لەشکرداری ڕابـین، هەنگـاو بە هەنگـاو وەکـو نەخشـەی ئاشـتی لە ژیانیـدا خزمەتی سەربازیی فێر بووە. بڕوای بەوەیە کە ئیسرائیل دەبێ ئومێدێکی درێـژ خـایەنی

هەبێ بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن هێزێکی سەربازی، گەلەکەمان لە مێژووی پڕ کارەساتی جوەکان نەجاتی بووە، نابێ پشت بکاتەوە و خۆی ڕادەستی ئیدارەی دەوڵەتانی تر بکات. بەڵام گەلێکی ٥ ملیۆنیی هەڵکەوت لە نێو دەریا و بە سەدان ملیۆن دەوریان دابێ کە پێیان وایە بوونی ئیسرائیل ناشەرعیە دەبێ بسڕێتەوە، بڕوایەکی لای ڕابین دروستکرد، کە دەبێ بەرەو ئاشتیی هەنگاو بنێ، نەک تەنیا بە بەکارهێنانی هێز.

دەبووایە ڕابین هێزی تایبەتی خۆی بەکار بێنێ تا بەو ئەنجامە دەگا، بەر لە دوو هەفتە لە کوشتنی، گاریت ئیفانز کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا بوو هانی دەدا چەند هەنگاوێک بەرەو ئاشتی بنێ، ئەو ئاماژەی بە دەستدرێژیەکە دا و گوتی: ( نەک ئەوەی دەستدرێژیی کراوەتە سەری، بەڵکو ئەوەی پێویستە کاری بۆ بکرێ))، هەستی بەوە دەکرد ئەو کارە سەربازییە و دەبێ بیکا لە سەروی تواناکانی ئیسرائیل دایە.

گەشتێکی ئاسان نەبوو ڕابین وەکو هەر هاوڵاتیەک ڕقی لە بیرۆکەی گۆڕینەوەی خاک بەرانبەر بە دان پێدانان و کەمکردنەوەی دژایەتی عەرەب بوو، وەکو شارەزایی و پسپۆری سەربازیی دەیزانی سازشەکانی ئیسرائیل دەبێ بەردەوام و هەمیشەیی بن، لە کاتێکدا لێدوانی ڕاوێژکارەکانی ئاماژەیان بە دوورکەوتنەوە دەدا لە پرۆسەی ئاشتی و دان پێدانان بە ئیسرائیل.

لە سەرەتا ڕابین قسەی لەسەر (بستێک ئاشتی بەرانبەر بە بستێک خاک )دەکرد، بەڵام دواتر زۆر توند بوو لەسەر دابەشکردنی ئاشتی، دیدی بەمجۆرە بوو:

ئاشتی بۆ گەلی ئیسرائیل و گەلی جو خولقاندنی ڕواڵەتێکی نوێیە نەک دیاریکردنی یاسا، چونکە ئەو گەلە ماوەی دوو هەزار ساڵ لە گەڕەکەکانی (گیتۆ)ی جونشین ژیاوە نابێ دەوڵەتی نەتەویان بگێردرێتەوە بۆ (گیتۆ) یەکی تر و لە هەموو مرۆڤەکان دابڕدرێن، لە سیاسەت و فەلسەفەش بەدوور بن، دواتر نابێ دەستبەرداری ئاسایش بن لە پێناو ئەم هۆکارە، چارەنووسی ئەم گەلە نابێ بە ڕێگای سەربازی دیاری بکرێ، هەستی دونیا بە لەدەستدانی ڕابین ئەوە بوو کە لەم ئاواتە نزیک ببۆوە.

ڕابین هیچ گومانی نەبوو کە ئەم کاروانە پڕ ئازارە، هیچ کاتێکیش وێنەی ئاشتیی بە خەیاڵ نەدەکێشا، لەوەش دڵنیا نەبوو کە هەوڵەکانی سەردەکەون و ئیسرائیل

ڕووبەڕووی دۆخێکی ناهەموار دەبێتەوە، ئەو لە جوەکانی (سابرا) بوو ژیانی پڕ بوو لە هەموو جۆرەکانی خەبات، کاتێک ڕێگەی پێدرا باسی خۆی بکا، باسی لە ڕووداوەکانی شەڕ دەکرد کە بەسەر سەربازە ئیسرائیلیەکاندا هات لە کوشتن و بەدیلگیران، ئەم باسەی کۆتایی نەدەهات، ئەم باسەی لە کاتی سەردانیی وەکو سەرۆکوەزیران لە کۆنگرە، وتاری دەخوێندەوە و گوتی:

من وەکو وەزیری بەرگری و فەرمانـدەیەکی سـەربازی فەرمـانی گەلێـک ئۆپەراسیۆنی سەربازیم داوە، لەو فەرمانانە دڵخۆش بووم بە سەرکەوتنەکان و دڵتەنگ بووم بە لەدەستدانی خانەوادەم، ئەوکاتانەم بە بیر دێنەوە کە بڕیارم تێیدا دەدا و ئەفسەر و سەربازەکان بە بێدەنگی هەڵدەستانە سەرپێ و بەرەو دەرگا دەڕۆیشتن، پێ خوستەکانم لە گوێدا ماوە لەگەڵ دەنگی دەرگا داخستنی دوای خۆیان، ئەمە ئەو کات بوو کە بڕیاری کوشتنی خەڵکم دەدا، خەڵکانێک لە نەوەی خۆم لە خوێن و نەتەوەم کەچی هەر ناشم ناسن و بەپیر مەرگەوە دەڕۆیشتن بەبێ دەنگی.

ئەوکات پێدەکەنین، دەگریان، بیریان لە کات و ساتی خانەوادەکانیان دەکردەوە، بیریان لای کاری کشتوکاڵیان بوو کەچی دوا کاتژمێرەکانیان بوو لەسەرزەوی، دەبێ کامیان لە مردن بە هێزتر بێ؟ کامیان ڕۆژی دواتر وێنەی لە نێو چوارچیوەیەکی ڕەشدا هەلدەواسرێ؟ کێ زووتر دایکی پێی دەگا؟

من وەکو سەربازێکی کۆن لەبیرمە ئەوکاتانەی لە هزری ئەو ساتەدا دەبووم کە پاش کەمێکیتر دونیا دەهەژێ، بەڵێ لەو کاتانە بەر لەوەی پەلاپیتکە بجولێ و دونیا بێتە لەرزین و کاولبوون، هێشتا کات مابوو یەکێک بپرسێ ئایا زەرورە ئەمە بکەین؟ دەبێ هیچ ڕێگە چارەیەکیتر نەبێ؟)

ئەمە ڕابین بوو کە سەرەتای پەیوەندییەکانی لەگەڵ فۆرد خەراپ بوو، خەراپ بەهۆی ئەوەی خۆی لە سەردانی فۆرد دەگرمخاند بۆ ئەوەی کات بەسەر بەرێ و درێژە بە دانوستان بدرێ تا دۆخی ناوەخۆی چاک دە کا، دواتر پێی وابوو کە ئیسرائیل پێویستی بە پشوێک هەیە دوای ئەو هێرشە کتوپڕەی میسر و سوریە کردیانە سەری، تا خۆی ڕێکبخاتەوە، ئێستا ئەو هەڕەشەی ئەوە دەکا بیکاتە هاوبەشی خۆی لەو بڕیارانەی کە کۆتاییان بۆ نییە و بە مسۆگەریش هاوەڵەکەی دەخاتە نێو کێشەوە.

کاتێکیش وەزارەتی دەرەوە ڕایگەیاند کە ڕابین لە نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلول چاوی بە سەرۆک فۆرد دەکەوێ، ئەو گوریسەکەی کێشکرد، وەڵامی دایەوە گوتی سەردانێک بێئەوەی پرس بە میوان بکرێ پێشێلی پرۆتۆکۆلیە، ڕابین ڕاستی دەکرد، دواتر پێشتر ئەمە نەبووە وەزیرێک سەرۆکوەزیران تووشی لەڕوداماان بکا بەوەی کاتی سەردانیی بۆ دیار بکا، بێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێ جا سەردانیش بۆ سەرۆکێکی نوێ و خۆشەویستترین دۆستی ئیسرائیل بێ. لە کاتێکدا وەزیرە عەرەبەکان بە مانگ لە واشنتۆن لە نۆرە و چاوەڕوانی دابوون.

هەرکە ڕابین گەیشتە ئەوێ بەرگریی لە نەخشەی (هەنگاو بە هەنگاو) کرد بەڵام فۆرد لەگەڵ دیاریکردنی کاتەکان ناکۆک بوو، ڕکە لەبنەان و پێداگری لای دانوستانکارەکان بۆ پرسی کشانەوەی ئیسرائیل خەسلەتێکی کارپێکراو بوو بەڵام ڕابین ئەم خەسلەتەی شکاند، بەرانبەر بە سەرۆک پێداگریی نەکرد.

گولدا مائیر ڕق و کینەی لە سەرۆک دەر نەدەکرد بەڵکو لە یاریدەدەرانی بەتایبەتیش لە من، بەڵام ڕابین ویستی وێنەی خۆی لای وەزیرەکان بە درەوشاوەیی نیشان بدا بۆیە دژی بۆچونەکانی سەرۆک فۆرد وەستایەوە، بەڵکو زانیویەتی کە فۆرد لە من کراوەتر و ئاسانترە بۆیە ئەم هەڵوێستەی نواند و پێداگریی دەکرد.

ڕابین ئەو پێداگریانەی لەسەر بابەتی هاوکارییەکان دەکرد بۆ ئەوەی وەکو شاندەکانی تری ئیسرائیلی لە گەڕانەوەیاندا بڵێن بە دەستی پڕ گەڕاینەوە ( بەڵام لە ڕاستیدا پێدانی هاوکاریی سەربازی بە شاندە ئیسرائیلیەکان بڕیارێکی هەمیشەیی بوو) ڕابین مەرجەکانی سەربازیی بە فۆرد دان وەکو مەرجی دانوستان هەروەکو ئالۆن بە نیکسۆنی دەدا، بۆ ئەوەی ڕابین سەرکەوتنێک بۆ خۆی تۆمار بکات، لیستی هاوکاری و داواکاریەکانی زۆر بوون، بەڵام کە فۆرد وەڵامی دایەوە هەوڵدەدا لە دوو ساڵی داهاتوو بەشێکی زۆر لە داواکاریەکانتان جێبەجێ بکەین، بێدەنگیەک ڕابینی داپۆشی، بێدەنگیەکی ئازاربەخش، سەمحا دینیتزی باڵوێزی ئیسرائیل لە ئەمریکا چەند وشەیەکی بە گوێی ڕابیندا چرپاند، بەڵام ڕابین ئاماژەی بەو پاساوانە دان کە لە ڕێککەوتنی دوورخستنەوەی هێزەکانی سوریا هاتووە، تیایدا بڕیار لەسەر ئەو بەرنامەی پڕ چەککردنی ئیسرائیل دەدا کە لە ماوەی دەساڵ دەبێ جێبەجێ بکرێ.

بابەتەکـــان گوســـترانەوە بـــۆ بـــابەتی چارەنوســـی ئاشـــتی، ڕابـــین نەخشـــە و ستراتیژیەکانی ئێمەی پێ باش بوو لەسەری ڕازی بوو، بەڵام بێ ئەوەی پابەندی بێ و ئەم شیکاریەشی بۆ هەبوو:

بە ڕای من لە میسرەوە دەست پێ بکرێ، ئەمە مەرج نییە چونکە لە بیست ساڵی ڕابردوو هیچ کردەیەکی سەربازی دژی ئێمە بەبێ فەرماندەی میسری نەکراوە، لە ١٩٥٦ شەڕ لە نێوان میسر و ئیسرائیل بوو، لە ١٩٧٦ شـەڕ لە نێـوان میسـر و ئیسـرائیل بـوو دیسان، پێموایە ئەم ڕیزبەندییە ناگۆڕێ.

وای دەبینـین ئـوردن لەوە زیـاتر نـاتوانێ بیکـا کە عەرەب کردیـان ئـەویش لەیەک دوورخستنەوەی هێزەکانیان بـوو، بـۆیە هەردەبـێ لە میسـرەوە دەسـت پێبکەین، ئەگەر سوریاش هەوڵی شەڕی دا ئەوکات مەترسیەکان کەمتر دەبن.

ئەوەی ڕویدا تا گەشتەکەشم ئەنجام دا لە ٩ی تشرینی یەکەمەوە تا ١٥ی تشـرین کە تیایدا سەردانی میسر و دواجار سوریا و سـعودیە و جەزائیـر و ئـوردن و مەراکـش و ئیســرائیلم کــرد. هــیچ ئەنجــامێکی نەبــوو، هــەموو لایەنە ناکۆکەکــان هەمــان ئاوازیــان دەخوێندەوە. ڕابین و ئەوانی تر باسیان لە مێژوو و نەهامەتییەکان و ئازارەکان دەکرد، بەڵام واقـعەکە دەڵــێ مەترسـیی بیکـردنەوە لە ڕابـردوو مەزنتـرە لە ڕووبەڕوو بـوونەوەی داهاتوو ئەگەر نەخشەی هەنگاو بە هەنگاو پیادە نەکرێ.

ســتراتیژیەتی ئـێمە ئەوەیە پرســەکان بەش بەش بکـرێن بە شـێوەیەک ئیسـرائیل لەگەڵ دراوسێکانی یەکە یەکە دانوستانیان لەسـەر بکـا و لەگەڵیـان ڕێـک بـکەوێ دواتـر پشـت بە زنجیـرەیەک لە ڕێککەوتـن ببەسـترێ بـەڵکو دۆخێکـی نـوێ دروسـت دەکـا بەو هۆیەوە ڕێککەوتنێکی سەرتاسەری ڕودەدا.

## بڕیاری ڕەبات

بەمشێوە وڵاتە عەرەبیەکان بڕیارەکانی ئێمەیان هەڵواسی هەروەکو ئابا ئیبان گوتی نابێ (هیچ دەرفەتێک لەدەست نەدەن تا دەرفەتێک لەدەست نەچێ).

لە ٢٨ی تشرینی یەکەم لە ڕەبات کۆبوونەوەیەک دەبەستری تیایدا هەموویان دانیان بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین نا وەکو نوێنەری ڕاستەقینەی فەلەستینییەکان، ئەوکاتەی دەکرا لەگەڵ ئوردن هەندێک پێشوەچون ئەنجام بدرێ بەڵام ئێستا شا حوسێنیش کەوتە دەرەوەی پرسەکە، بەمشێوەیە بێ، پرسی کەناری ڕۆژئاوا دەبێ لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین دانوستان بکرێ کە دان بە ئیسرائیل نانێ، شا حوسێن بە ئاشکرا ڕایگەیاند (کاتێک نەتەوەپەروەرێک سەرەولێژ دەبێ منیش لەگەڵیدا سەرەولێژ دەبم) چونکە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین دان بە ئیسرائیل نانێ و دروشمی لە ناوبردنی بەرز کردۆتەوە بەو هۆیەوە بۆ ماوەی ١٩ ساڵ دانوستانەکان بەستەڵەکی دەبن تا ئەوکاتەی لە کەناری ڕۆژئاواوە دەست پێدەکرێتەوە.

من هەمیشە دەیلێمەوە بژاردەی ئوردنی ١٩٧٤ دەرفەتێک بوو لەدەستمان چوو، ئەمە ئەنجامی گوێنەدان بە ستراتیژیەکەمان بوو، ئێستا چاوەڕوانییەکی بیست ساڵی تا ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین دەبووژێتەوە و شا حوسێن لەسەر یەکلایی بوونەوەی کەناری ڕۆژئاوا تووشی گرفت و فشار دەبێ، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی سادات سور بێ لەسەر ئەوەی میسر یەکەم وڵات بێ دەست بە دانوستان بکات.

دوای دوو دەیە لە ١٩٩٤ لە پاریس لە تەک عەرەفات دانیشتبووم بە بۆنەی پێدانی خەڵاتی ئاشتی بە عەرەفات و ڕابین و پیریز، قسەمان لەسەر بیرەوەرییەکانی ڕابردوو دەکرد، لە شەڕەکان کێ دەربازی بوو کێ تیاچوو تا شەڕەکانی ١٩٧٤ هاتین، عەرەفات گوتی یەکلایی کردنەوەی پرسی کەناری ڕۆژئاوا بە نیشتەجێکردنی کە لە ئەیلولی ١٩٩٣ ئاهەنگمان بۆی سازدا، هەمان ئەو چارەسەرییە بوو کە بەر لە دوو دەیە من هانی برادەرانم بۆی دەدا، مەبەست دوورخستنەوەی ڕێکخراو بوو نەک گەڕاندنەوەی خاک، وەکو مامۆستایەکی دانشگا قسە بۆ خوێندکارێکی بکا بە هێمنی گوتی: قەیناکا حوسێن ناتوانێ بە تەنیا دەستی بەسەردا بگرێ، ئێمە بوونی خۆمان لەوێ سەلماند.

مێژوو بە شێوازێکی سەیر ڕۆڵ دەگێڕێ، لە پایزی ١٩٧٤ دانوستانەکان چەقیان بەست ئەمەش مەرجێکی پێشوەختەی دزەکردنی دانوستانەکانی میسر و ئیسرائیل بوو کە کۆتاییەکەی بە ڕێککەوتنی ئاشتی هات، بە هێڵێکی خێچ و خوار چومە نێو مەیدان هەموو بژاردەکان وەلانران، ئەم ئەرکە بە دوو پیاوی مەزن کرا، ئیسحاق ڕابین و ئەنوەر سادات. هەریەکەیان هۆکارو پاساوی خۆی هەبوو بۆ سست کردنی دانوستانەکان.

لەسەر حسابی ١٩ ساڵ لە بەستەڵەکی پرسی فەلەستین، ڕابین کە خۆی بۆ سەرۆکی وەزیران ئامادە دەکا دەتوانێ کات بەدەست بێنێ و دەست بە دانوستان بکا لەگەڵ میسر.

لەلایەکی تر سادات لەسەر حسابی گۆشەگیریی لە دونیای عەرەبی، توانیی بەتەنیا دانوستان لەگەڵ ئیسرائیل بکا و ئاشتییەکی هەمیشەیی دەستەبەر بکا.

سەرکردە عەرەبەکانیتر بۆ ڕازیکردنی ناوەخۆ بە شێوەیەکی تر ڕەفتاریان کرد، خۆیان لە دانوستانەکان دوورخستەوە کە لەسەر پرسی کەناری ڕۆژئاوا دەکران.

لەم ماوە ئەمریکا گەماڕۆی ئەو هێز و لایەنانەی دا کە پێویستی نەدەکرد بەشداری لەو دانوستانانەدا بکەن و ئاشتی لە بەین بەرن، ئەوانیش ڕادیکالیستە عەرەبەکان و یەکێتی سۆڤیەت بوون، لەوکاتدا زۆربەی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانمان هەوڵی ئازادکردنی نەوتیان دەدا بە پشتگیریکردنی عەرەبە توندڕەوەکان، پێوەرەکە ئەوەی سەلماند کە چوارچێوەی ئەو دبلۆماسیەتەی ئێمە دیاریمان کردووە دەبێ لەژێر چاودێری ئەمریکا بەردەوام بێ.

# (١٣)
# گەشتێکی فرە جەمسەر

## دەڵتەنگیی دوای ڕەبات

بەهۆی ئەوەی ڕەبارت بڕاردەی ئوردن وەدەر دەنێ و ئیسرائیلیش ئامادە نییە لەگەڵ سوریا ڕێککەوتن لەسەر بەشێک بکات، بۆیە دانوستانی ئیسرائیل و میسر تاقە ئەلتەرناتیف دەبێ، وێڕای بەستنی کۆنگرەی جنیڤ کە ئێمە حەزمان لێی نەبوو بەڵام ڕواڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمەی دەخواست، تەنانەت ئەگەر هەنگاوی داهاتوی هەر لایەنێک ڕاکردن بێ بە دوای ئامانجەکانیان کە یەکیان لەگەڵ ئەویتریان یەک ناگرنەوە. سادات ئامادە بوو دەستبەرداری یەکگرتوویی عەرەبی بێ کە تازە لە ڕەبات دامەزرابوو هەرچەندە هەندێک وردە دەستکەوتیشی هەبوون، سادات مەرجەکانی خۆی بۆ ڕێککەوتن لەسەر سینا و هەردوو ڕێڕەوی (جدی و مشلا) ڕاگەیاند، ئەو ڕێڕەوانە نزیکەی ٥٠ میل لە کەناڵی سوێس و کێڵگەی نەوتی ئەبوو ڕدیس لە کەناری باشوری ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەوە دوورن.

ئەگەر کشانەوە بەو ئاستە گرنگە بێ وەکو سادات دەیڵێ، ئەوا ئیسرائیل ناچارە بۆ هەندێک داواکاری سیاسی، مل کەچ بکات. من لەو داواکاریانەوە کۆتایی حاڵەتی فەرمیی شەڕ لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا دەبینم. سەمای (میویت) م کرد کە دواتر سادات و ئیسرائیلیش دەیکەن، بە شێوەیەک هەردولا گرنگی ئەو داواکارییانە بزانن. ڕەتکردنەوەی حاڵەتی شەڕ خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی باشە بەرەو ئاشتی. بەڵام ئەو ڕێڕەوانە هیچ کار ناکەنە سەر دۆخی لەشکری. ڕێڕەوی دوایی پێشنیاری دوو شاندی دانوستاندکاری ئیسرائیل و میسری بوو. هەروەک لەم دیالۆگی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیسرائیل لە ١٨ی ئاداری ١٩٧٥ لە قودس دەردەکەوێ:

کیسینجەر:

جەمەسی (وەزیری بەرگری میسر) کارێکی شێتیە ئەگەر ئەو دوو ڕێڕەوە بۆ مەرامی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەکار بێ، چونکە ئەمە تەنیا بۆ پیادە بەکار دێ، شەڕی مەزن و یەکلایی کەرەوە لە باکور دەبێ و لە داهاتووش دەیزانن.

ڕابین:

ئەمە ڕاستە.

کاتێک لەم دیدارە بەم یەک دیدیە دە چەسپێندرێ، دەبێ بزانین مەبەست لە کشانەوەی ئیسرائیل لەو دوو ڕێڕەوە چییە، لەگەڵ بەرەوپێشچونی دانوستانەکان داوا لە ئیسرائیل نەکرا ئەم دوو ڕێڕەوە ڕادەستی میسر بکاتەوە بەڵکو داوا کرا ڕادەستی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێتەوە.

لەو شوێنە هێزە میسرییەکان لە دە میل کەمتر دوور نەبوون. لەسەر ئەوە ڕێککەوتن هێزە میسرییەکان لەوبەری کەناڵی سوێس بە دووری پەنجا میل بوونی هەبێ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەگەری هەر هێرشێک، لای هەمووان ئاشکرایە کە نەوت لە کێڵگەکانی ئەبوو ڕدیس بەرەو نەمان دەچوو، کێشەکە لەوە دابوو ئاخۆ دوای چوار یا شەش سالی تر نەوت دەبێ یان نا. یەکێک لە خاڵە کێشەلەسەرەکانی ڕادەست کردنەوەی ئەم کێڵگانە ئەوەبوو ئاخۆ لە پای ئەو نەوتەی کە ئیسرائیل بە بازاری جیهانی دەدا لەم کێڵگەیەوە قەرەبووی دەکرێتەوە یان نا.

بەڵام بۆ هەردوکیان گرنگی ڕێککەوتن لە گەوهەر و ناوەرۆکی دایە بۆیە دەبێ وێنەیەکی باش نیشان بدرێ، کە بۆ ئەنوەر سادات ئەم ڕێککەوتنە ببێتە پاساوی دەرچوونی لە کۆڕبەندی عەرەبی، بۆ ڕابینیش گرنگ ئەوەیە لە هێڵی جیاکەرەوە کە لە ڕێککەوتنی ئاگربەست لەسەری پێکهاتون بمێنێتەوە، پێی وایە ئەمە هەنگاوێکی باشە بەرەو ئاشتی دەنرێ، بۆیە لێکدانەوەکان لە بەرژەوەندی هەردوولا بوو.

کێشەو گرفتە مەزنەکەی بەردەم پرۆسەی ئاشتی گرفتی دەروونی بوو: چونکە ئەم دوو شاندە پێشتر ڕووبەڕوو لەگەڵ یەکتردا دانەنیشتون بۆیە تێگەیشتنی هەڵەیان لەسەر یەکتری هەبوو، بەو هۆیەوە لە کاتی نەگەیشتنیان لە هەر خالێک گلەییان لە لایەنی سێیەم لایەنی میانگێر دەکرد کە نەیتوانیوە بەیەکیان بگەیەنێ، سادات پێی وابوو نەتەوە یەکگرتوەکان دەتوانێ ئیسرائیل ناچاربکا بێتە ژێر باری داواکارییەکانیان.

هەرچی سەرکردە ئیسرائیلییەکانە بوونە قوربانیی هێرشە کتوپڕەکانی ئەم دوایەیی میسر، پێیان قورس بوو ئەوە بڕوا بکەن کە گوایە سادات کەسێکی میانڕەوە.

دانوستانکارە ئیسرائیلیەکان بەتایبەت ئیگال ئالۆن هەموو جارێک دوپاتی دەکردەوە دەیگوت: سادات ئەوەندەی نەماوە وەرچەرخێتەوە بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت. (من پێم وابوو تا ئەوکاتەی دانوستانەکان نەگەنە بنبەست ئەمە ڕوونادا) یانیش ئامادەیە ڕێککەوتن پێشێل بکا. (ئەمەشم بە دوور دەزانی بەو مەرجەی سادات بە تەواوەتی لە سۆڤیەت و بڕیارەکانی ڕەبات دوور کەوێتەوە).

هەرکاتەک کە لە حکومەتی ئیسرائیل دابەش بوون ڕوی دەدا، دانوستانکارەکانیان نیان دەبوون. ڕابین ڕێککەوتنی لەگەڵ میسر پێ باش بوو، ئالۆن لەگەڵ ئوردن، پیرێز لەگەڵ هیچیان و سستیی دەدایە بەڕێوەچوونی دانوستانەکان و هەندێک جاریش گرفتی بۆ دروست دەکردن، هەڵوێستی شاندەکەم بەمشێوەیە دەبینی.

بەڵکو هەڵوێستی دانوستانکارانی ئیسرائیل سەقامگیر نەبێ هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەزیرەکانی لە هاوپەیمانێتیەکی ناکۆک پێک هاتبوون هەرەها لە حزبی ناکۆکیش بوون، ئەگەر سەرۆک وەزیران لە دانیشتنەکان ئامادە نەبووایە هەڵوێستی ئیسرائیل بریتی دەبوو لە هەڵوێستی وەزیرە بنەڕەتیەکانی حکومەتی ئیسرائیل بەتایبەت لە سەردەمی حکومەتی ڕابین.

ئەوانەی لەم بوارە شارەزان دەبێ لەو کاتەی دەماریان دەگیرێ و توند دەبێ بە خەندەوە ڕەفتار بکەن خەندەیەکی دەستکرد، دەبێ خۆیان لەسەر ئەو ڕۆڵە ڕابێنن کە بۆ پرسێکی هەستیار ڕاسپێردراون.

لە کاتی گفتوگۆ لەسەر پرسی سینا ئەوەی خەریک بوو پرس و گفتوگۆکە بەرەو هەڵدێر ببا، گۆڕینی سەرۆک وەزیران بوو. ئەگەر گۆلدا مائیر بە گیان دڵگەشی پرسەکەی ببردبا بەڕێوە، ئەوکات بەرەو هەڵدێری نەدەبردوو لەو مەترسیانەشی دوور دەخستەوە، بەڵام شێوازی ئەقڵانیی ڕابینیش دەتوانێ بۆچوونەکان کە یەک ناگرنەوە لەیەکیان نزیک بکاتەوەو دۆخەکەش ئارام کات.

هەرچەندە دۆستەکانی ئەو دوو سەرکردە دەڵێن هیچ لەیەک چونێک لە نێوانیانـدا نییە و قابیلی بەراوردیش نـین. تەنیـا هەنـدێک لەیەکچـوونی کەم هەبـوون لە سـەردەمی ڕابین و بینامێن نەتەنیاهۆ کە جێگرەوەی بوو.

هەردوکیـان وەکـو نەوەی یەکەم ڕابەرایەتـی حـزبەکەی خۆیـان کـرد، هەردوکیـان لەسەرەتا لایەنگریان کەم بوون، لە بەرانبەر داواکارەکانیش هەستاین بە پێویستبوون بە بەرگری لەخۆ کردن هەبوو، هەردوکیان نیازی دواخستنی دانوستانەکانیان هەبوو بۆیە لە پێناو چارەسەری هەندێک کێشەی ناوەخۆ، لە بزاو و جولەی خۆپارێزییەکی زیرەکـانە دا بــوون کە واشــنتۆنیان پــێ تووشـــی شــۆک کردبــوو، ڕابــین هەمیشــە هاوپەیمــانە ئەمریکییەکانی لە کارە پێشینەکانی خۆی ئاگادار دەکردەوە، کەچی نەتەنیـاهۆ خـۆی لە باسکردنی کارە گەوهەریەکان دەدزیەوە، هەوڵیشی دەدا بەرێوەچـوونی پرۆسـەی ئاشـتی خاو بکاتەوە، بەڵام پێداگریی ڕابین لەسەر زەلالیی توانی لە ڕێگەی کەنداوەوە پردێک لە نێوان خۆیان و ئەمریکا دروست کا، شەراکەتی ڕاستەقینەی خۆی بۆ سەلماندن. هەرچی نەتەنیاهۆیە تا کاتی نووسینی ئەم چەند دێرەم تاقی کردنەوەی هێز کوشتویەتی.

ســەبارەت بە فــۆرد دوو مانــگ بــوو دەســتی بەکــار کردبــوو، پێویســتی بە دوورخسـتنەوەی  ئەمجۆرە سـەرقاڵیانە بـوو، ئەو هەوڵ وهەنگـاوە پەرش و بڵاوەکـانی تەرویکای ئیسرائیلی ڕابین و پیریز و ئالۆن کە دەیان برد بەرێوە، بە بۆچـونی تـایبەتی خۆیانی دەزانـی، پێـی وابـوو ئەم هەنگـاوانە زۆر دوورن لەوەی ئاڕاسـتەکانی لایەنگرانـی ئیسرائیل لە کۆنگرێس بگۆڕن.

هۆشداریی دابووە سمحا دینیتـز و ئیسـحاق ڕابـین کە نیازپـاکی سـەرۆک فـۆرد و لاوازیـی تـێکە ڵ بەیەک نەکەن، چـونکە بە دڵنیـایی سـەرۆک بـایەخ بە بۆچـونی ئەوان دەدا، بەڵام هیچ سـەرۆک ئەمریکییەکی بەرپـرس دانوسـتانە دبلۆماسـیەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست هەلناواسێ تا ئەنجومەنی وەزیرانی ئیسرائیل کێشە ناوەخۆییەکـانی چارەسـەر نەکـا. بەداخەوە دۆسـتایەتیم لەگەڵ سـەرکردە ئیسـرائیلیەکان ئەوەی بـۆ سـەلماندم کە ئەوان گرفتن لەبەردەم بەرەوپێشچونی دانوستانەکانی ئاشتی.

بەهـۆی ئەوەی دۆسـتایەتیم لەگەڵ ئـالۆن و رابـین بۆچەنـد سـاڵ لەوە پـێش دەگەڕایەوە، هەرسـێکمان ئەو بڕوایەمـان هەبـوو کە هـەموو کاتێـک ڕەتکـردنەوە تاسـەر نابێ، لە کۆتایی هەر دەبێ لایەنێک سستی بدا و دۆخەکە خاو کاتەوە.

ئالۆن لە ناخەوە بڕوای بە توانام هەبوو کە دانوستانەکان بەرەو پێش دەبەم، ئەو بڕوایەی نەدەشاردەوە بەتایبەت لە کاتی کردنەوەی دەرگای دانوستان لەگەڵ سوریەکان، سەرەڕای کۆتاییە درامیەکەی نێوان من و ڕابین، نێوانمـان هەر بەخۆشـی مـایەوە، بەڵام هەندێک لە ئەمریکییەکـانی لایەنگری ئیسـرائیل لـێم هەلـگەڕانەوە، بەرگـری کردنیـان لە ئیسرائیل بە هێرش بۆ سەر من و فۆرد دەست پێدەکرد، گوایە بەهۆی پڕۆسەی کرانەوە و لە پێناو ڕازیکردنی یەکێتی سـۆڤیەت سسـتیمان بە دانوسـتانەکان داوە و پشـتمان لە ئیسرائیل کردووە.

بەهەرحاڵ لە توانای ئەو زۆرانبازییەی پڕۆسەی کرانەوەدا نەبوو ڕاستییەکان بگـۆڕێ کە دوو بۆچوون لە نێو ئیدارەی فۆرد هەبوون:

یەکەم/ یـا جێبەجێکردنـی نەخشـەی (هەنگـاو بە هەنگـاو) (واتە دانوسـتان بـۆ ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ میسر).

دووەمیان / داواکردن بۆ دووبارە بەستنەوەی کـۆنگرەی ژنێـڤ بە بەشـداری هـەموو ئەو لایەنـانەی پەیوەنـدییان بەو پرسـەوە هەیە بە مەبەسـتی گەیشـتن بە ڕێککەوتنێکـی گشـــتی (واتە بەشـــداری پێکردنـــی ســـۆڤیەتیش). لە کـــۆنگرەی ژنێـــڤ بە هـــۆی هەڵوەشـانەوەی ڕێککەوتنـی بازرگـانی و نەگەیشـتن بە ئەنجـام لەسـەر پرسـی سـاڵت SALTپەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکێتی سـۆڤیەت خەراپ بـوون، بە دڵنیـایی کـرملێن بە پەسـندکردنی هاوپەیمانییـە ئەوروپیەکـان و ژاپـۆن، پشـتگیری لە بەرنـامەی عەرەبە ڕادیکالیستەکان دەکا.

هەرچەندە ڕابین و ئالۆن دژی ئەم لێکدانەوەی من نەبوون، بەڵام وا پێـدەچوو کە ئامادە نەبن یا لە توانایاندا نەبێ گوێڕایەڵی داواکەی فۆرد و من بن، بیانەوێ شـێوازێکی تری دبلۆماسی وەکو ئەلتەرناتیف بۆ دانوستانەکان بگرنە بەر.

لە پێناو سـتراتیژیەتێکی هـاوبەش لە ٨ی کـانونی یەکەمـی ١٩٧٤ ئـالۆن دەگـاتە واشنتۆن، بەڵام ئەو دەسـەڵاتەی نەبـوو لەو نمایشـەی ڕابـین کـە لـە ئەیلـول ڕادەسـتی

کردبووین زیاتر بڕوا. باسی لە هەندێک داواکاری کردبوو کە میسر بە ئیسرائیلی بدات، بەڵام لە بەرانبەردا ئیسرائیل چی بە میسر بدا؟ ئەمەی باس نەکرد، هەرچەندە هەر پێشنیارێکی فەرمی ئسرائیل دەبێ ڕەزامەندی حکومەتی لەسەر بێ بەڵام ئالۆن لیستێکی لە ڕێکارەکان پێشکەش کرد گوتی ئەمە تەنیا (چەمکن) بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئەگەری هێرشی میسر بۆ سەر ئیسرائیل بگیرێ.

لەو ڕێکارانە:

١/ ئەو شوێنانەی ئیسرائیل چۆلی دەکات نابێ هیچ سەربازێکی میسریی بچێتە شوێنی .

٢/میسر پەیمان بدات لە هیچ هێرشێکی عەرەبی بۆ سەر ئیسرائیل بەشداری نەکات.

٣/ کۆتاییهێنان بە شەڕی ئابووری.

٤/ سنورێک بۆ هەڵمەتی ڕاگەیاندن و دبلۆماسیی دژ بە ئیسرائیل دابنرێ.

٥/ مافی هاتوچۆی کەشتییە ئیسرائیلییەکان لە کەناڵی سوێس بدرێ.

هەروەکو دەزانین میسر ئامادەیە ئەم مەرجانە جێبەجێ بکات بەڵام ئەوکاتەی ئیسرائیل کشانەوە مەزنەکە ئەنجام دەدا.

لەکاتێکدا ئالۆن بە فەرمی ڕانەسپێردرا بوو دانوستان بکات لەگەڵ ئەوەشدا مەرج و داواکاریی خستە بەردەممان. لەسەر کشانەوە گوتی ٣٠ تا ٥٠ میل دەکشێینەوە بەڵام باسی لە دوو ڕێڕەوەکە نەکرد (جدی و مشلا) .

گفتوگۆکانی سەرۆک فۆرد و ئالۆن لە ٩ی کانونی یەکەم لەسەر هێڵە سەرەکیەکان بوو، ئەوکاتەی سەرۆک فۆرد گوتی کار لەسەر لابردنی گرفتەکان دەکەم پشتگیری لەو لایەنە دەکەم کە کۆتایی بە شەڕ دێنێ، ئالۆن هیچی فەرمیی بەدەستەوە نەبوو ئەو دەسەڵاتەشی نەبوو خۆی پابەندی هیچ پەیمانێک بکا، بۆیە فۆرد کە تازە بڕیاری لەسەر هاوکارییەکی مەزنی ئسرائیل دابوو هیچی پێ نەمایەوە بڕیاری درێژخایەنی هاوکارییەکانی ڕاگرت، گوتی ناتوانم پشتگیری لە بڕیاری پابەندی درێژخایەن بکەم بۆ هاوکارییەکانی ئیسرائیل، چونکە تا ئێستا هیچ پشتگیریەکی ئێوە بۆ سیاسەتی دەرەوەمان بەدەست نەگەیشتوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچونەکانی ڕابینمان بۆ سادات گواستەوە، هەروەکو پێشبینیمان دەکرد، سادات تەقیەوە، هرمان ئیلتس بالۆیزی ئەمریکا وەڵامی ساداتی بە ڕاپۆرت پێ داین دەڵێ:

ئەو سازشیانەی ئالۆن لێمان داوا دەکا لە پێنا و کشانەوەیان بە مەودای ٣٠ تا ٥٠ میل بێ ئەوەی ئەوان لە شوێن خۆیان بجولێن، وەکو ئەوەیە ئیسرائیل داوامان لێ بکات دەست بەرداری خاک و دەسەڵات بین. ئەم دەستبەرداریە هەرگیز قبول ناکەین.

وەکو هەوڵێک بۆ جولەپێکردنی دانوستانەکان بڕیارم دا لە گەشتێکدا بەسەر ناوچەکەدا بسوڕێمەوە، ئیسرائیل بە گەرمی پێشوازیی لە بیرۆکەکە کرد و گوتی بەڵکو جولەیەک دەکەوێتە پڕۆسەکە، ساداتیش بە خۆپارێزی بیرۆکەکەی قبول کرد وەکو دەستپێکی دانوستانەکان بەڵکو لایەنی ئیسرائیلی پابەند دەبێ. دەرکەوت سادات لەسەر هەق بوو.

لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٤ ئالۆن بۆ دووەمین جار سەردانی فۆرد دەکا، بێ ئەوەی هیچ گۆرانکارییەک لە دۆخەکە هاتبێتە کایەوە، بەر لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک، ئالۆن یاداشتێک بە کورتی لەسەر دۆخەکە پێشکەش بە سەرۆک دەکا:

سادات هەندێک بیرۆکەی لەسەر سازش پێدام کە ئامادەیە جێبەجێی بکا، بەڵام کێشەکە لەوەدایە دەست نیشانی سازشیەکانی نەکردووە بەبێ جێگیرکردنی بۆچوونەکانی خۆی لەسەری.

بە هەر حاڵ ئاماژەی بەوە دابوو کە ئیسرائیل بە تایبەتی و بە ئاشکرا ئامادە نییە واژۆ لەسەر کشانەوە بکا تا ئەو کاتەی میسر سازشە سیاسیەکان ڕانەگەیەنێ. فۆرد لەگەڵ ئالۆن چووە گوتوبێژێکی تر، ئەمجارەیان لەسەر پێویستی ئەمریکا لە دەرچوون لە قەیرانی ئابووری و سیاسی گوتی:

دەمەوێ هینری بنێرمە میسر، بەڵام دەبێ بە هەگبەیەکی پڕەوە بینێرم نابێ وەکو دانوستانەکەی جاران بێ. پێموایە لە کۆتایی شوبات ئێمە پێویستیمان بە یەکلایی کردنەوەیەکی تر هەیە، هەروەها پێویستیمان بە سەقامگیری زیاترە بۆ ساڵ و نیوی داهاتوو کە لە دوو ساڵی ڕابردوو باشتر بێ، لە پێناو باشترکردنی دۆخی ئابووری خۆمان لە دونیا پێویستیمان بە کاتە، دیارە یەکلایی کردنەوە ئەمەشمان پێدەدا، بەڵام دەبێ هنری لە جاری پێشوی زیاتری بۆ سادات پێبێ.

هەروەکو و گوتم ئالۆن سەرفراز نەکرابوو بە پیر داواکانی سەرۆکەوە بچێ، بۆیە ئێستا پێویستی کرد ئەم گەشتە ئەنجام بدەم.

## بەسەردا سوڕانی پێشوەخت

لە شوباتی ۱۹۷۵ بە ئومێد و دڵەڕاوكێوە گەشتێكی بەسەرداسوڕانی پێشوەختمان ئەنجام دا، بەر لە دوو هەفتە لەم گەشتەم واتە لە ۲۷ی كانونی دووەم ئەمەم بە دینیتز ڕاگەیاند:

نیازم نییە فشار بخەمە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی لە توانای خۆی زیاتر بكا. بەڵام ئەوەی دەیكەم هەوڵێكە دەیدەم.

بۆ بێ بەختی خۆمان ئەوەی پێویستمان بوو بۆ دووبارە ڕێكخستنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە ئەمریكا لەگەڵ ئەوەی دوو تیپەكە بە پێوستیان دەزانی بۆ یەكخستنی ریزەكانی ناوەخۆ، یەكیان نەدەگرتەوە. ئەو تاقیكردنەوەی لە بەر دەممان بوو بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارە هەڵنەگیرساندنەوەی جەنگ دەبێتە مایەی لەدەستدانی كۆنترۆڵكردنی قەیرانی وزە. پێویستیم بە سادات بوو بۆ ئەوەی بۆ هاوڕێیان بسەلمێنم میانڕەوی سودێكی كاتیی هەیە، بۆ ئیسرائیلیش یەكڕیزی ناوەخۆ گرنگە، سازش لە سادات وەدەست هێنرا، ئەمریكاش بە چەك هاوكاریی كرد بەڵام هیچ پانتاییەكی زەویی ئەوتۆی ڕادەست نەكرا تا هەردوولا ڕازی بكرێن .

لە هەمان كاتیشدا بەهۆی هەرەس هنانی ڕێككەوتنی بازرگانی پەیوەندییەكانی ئەمریكا و یەكێتی سۆڤیەت بەرەو ڕوخان دەچوو. سەرەڕای پێشێلییەكانی لە سەر ڕێككەوتنی فلادیفوستوك دەكرا. لە كانونی دووەم فۆرد بە نامەیەك بریژنێڤی لە گەشتەكەم ئاگادار كردەوە . لە نامەكە پێی ڕاگەیاند بوو كە ئەم گەشتە وەكو هەوڵێكە بۆ كەمكردنەوەی گرژییەكان و دواتریش لە ئەنجامەكان ئاگادار دەكرێتەوە ئەگەر بكرێ شتێ بەیەكەوە بكەن دوای ئەو ڕێكارانەی ئەمریكا دەیكا.

بریژنیف هەڵە ناكا، كە فۆرد باس لە هاوكاریی داهاتوو دەكا بێ ئەوەی ئاماژە بەو هاوكاریانە بدا، لە ۲۷ی هەمان مانگ بە شێوەیەكی ئازاربەخش وەڵامی دەداتەوە: ئەو هەنگاوانەی لە داهاتوو گوایە لەگەڵ ئەمریكا بیكەین بە تەواوەتی لەگەڵ ڕێككەوتنەكانمان ناكۆكن، دواتر پرسیارێكی لێ كرد لەسەر هۆكاری ئەو هاوكارییە هاوبەشانە، بەر لە هەموو شتێك بریژنێڤ ڕەزامەندیی لەسەر كۆبوونەوەیەكی من و گرۆمیكۆ دا، هەرچەندە هۆكارەكەی بۆ داواكاری عەرەبەكان گێڕایەوە كە بگەڕێنەوە سنورەكانی ۱۹٦۷ و دامەزراندنی قەوارەی فەلەستین، ئەمانە نموونەن لەسەر پێداگری و

ڕکەلەبننانی سۆڤیەتی، چونکە هەرگیز ئەمە ڕونادا لەسەر بنەمای مەرجەکانی سۆڤیەت کۆبوونەوە ئەنجام بدرێ لە کاتێکدا سۆڤیەت خۆی دوور خرابۆوە لە دانوستانەکانی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دەستم بە گەشتەکەم کرد و واشنتۆنم لە حاڵەتێکی دابەشبوودا جێهێشت، هەر کرانەوەیەک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕویان دەدا کۆمەڵێک گرفتیان بۆ دروست دەکردم کە کاریان دەکردە سەر دانوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لێکۆڵینەوە هەواڵگرییەکان بە پێی ڕووداوەکان دەڕۆیشتن زۆربەی ڕاپۆرت و چاوەکانیش لەسەر من بوون، بەڵام فۆرد بە ئارامی ڕووبەڕووی ئەم هەڵمەتانە وەستایەوە و بڕوای بەمن لەق نەبوو، ڕۆژێکیش بەر لە سەفەرەکەم ئەم گوتوبێژە لە نێوانماندا ڕویدا:

فۆرد:

هنری من بڕیارم دا و کۆتاییم بە پرسەکە هێنا، دەمەوێ لەسەر ئەو بابەتە تێبینییەکانی تۆم هەبێ، بەیانی دێمە فڕۆکەخانە، پێموایە کە من و تۆ و نیکسۆن کارێکی کەموێنەمان کردووە.

کیسینجەر:

مۆلەتم بدە ئەم شەو بیرێکی لێ بکەمەوە وەکو ئەوەی من داوام لە تۆ کردبێ پشتگیریم لێ بکەیت. من هیچ گومانم لە هەستەکانت نییە، دواتر من لەوە زیاتر داوات لێناکەم پشتگیریم بکەیت.

فۆرد:

هنری تۆ لەسەر هەقی دەبێ زۆر بەهێز بیت، من بە ئاستێکی بەرز لەگەڵتام.

کینسجەر:

پشتگیریەکانت و خۆشیی کارەکەم جێی ڕەزامەندیمە، ئەوەی کە دەیلێم هیچ پەیوەندیەکی بە پەیوەندیەکانمانەوە نییە.

فۆرد:

من لەمەیان لەگەڵتم، ئەگەر هەر جیاوازی و ناکۆکیەکیش لە نێوانماندا هەبوو بە ڕاشکاوی بۆچونەکانی خۆتم بۆ بڵێ.

تێبینییەکم لا دروست بوو کە ڕێککەوتنێک لەسەر ئەنجامەکان هەیە، پێداگریی لەسەر وەرگرتنی تێچووی گواستنەوەی مەیدانی دابەزینی فڕۆکەکانی دەکرد، کە

کەوتووەتە دواوەی خاڵی پەڕینەوەکە، من وای بۆچووم، لەسەر هەمووی ڕازییە، ئەوەی ماوەتەوە ڕێککەوتنی نرخەکەیە.

بەڵام دوای کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرجەم شاندی دانوستانکار بۆم دەرکەوت کە ڕابین نەیتوانیوە شاندەکەی ڕازی بکات، دواتر حاڵەتی ئارامی و بێدەنگی کە باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشابوو لە کاتی کشانەوە نهێنییەکە بە پێچەوانەوە هەستێکی دڵەڕاوکێیی و پشێویی دروست کردبوو، لەجیاتی ئەوەی جەخت لەسەر ئەو مەبەستە بکەنەوە کە من بۆی هاتوم کە بریتی بوو لە: مەرجە دیارەکانی ڕێککەوتنی جیاکردنەوەی هێزەکان لە سینا. شاندی ئیسرائیلی لە گوتوبێژەکانیدا لە جیاتی ئەوەی جەخت لە تەوەرەی گشتی بکاتەوە، جەختی لە لایەنی ئاسۆی فەلسەفی دەکردەوە.

هەموو هەوڵەکانم خستنەگەڕ تا دۆخی نائاسایی خۆمانیان تێبگەیەنم کە لە ئەنجامی وتەرگێت هاتۆتە کا. جیاوازی هەبوو لە نێوان بەستنی کۆنگرەی ژنێڤ دوای سەرکەوتنی ئەمریکا لە بەڕێوەبردنی دانوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەوەی کە بە زۆر لە نێو ئەم دۆخەدا کێشمان دەکەنە کۆنگرەیەکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەگەری شکستی هەبێ و لە ژێر میهرەبانی هاوپەیمانێتییەکی مەزندەکراوی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و عەرەب و ئەوروپا بێ، ئەمەو وێڕای ئەوەی تەوەری هەنگاو بە هەنگاو دوورنییە هەندێک دەوڵەتی عەرەبی کێشکاتە ڕێککەوتنێکی بە جیا.

لە ئەمریکا وێنە و دۆخەکان بەمشێوەیە بوون: لە ئەنجامی تیرۆر و کێشەی ڤێتنام و واتەرگێتەوە، ئەمریکا لە دۆخێکدا بوو کە ئیرەیی پێ نابردرێ بۆیە: لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی هەبوو بە تایبەتی و بە پلە یەک لەسەر ڕوخانی سیستەمی ناوەخۆی بەشی جێبەجێکردن.

لەبەر ئەم هۆیانە ڕەوتی هەنگاو بە هەنگاو دەبێتە مایەی:

یەکەم/ ڕای گشتی جیهانی لەسەر ئەوە ڕادێ کە ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزە.

دووەم/ لای هەمووان ئەو بڕوایە جێگیر دەبێ کە ئەم کێشە چارەسەریی ئاسان نییە. دواتر دۆخێک دروست دەکا کە دەوڵەتە عەرەبییەکان هەوڵبدەن ئارامی بەرقەرار بکەن بۆ ئەوەی لەم دۆخە نالەبارە ڕزگاریان بێ.

شاندی ئیسرائیل دژی ئەم شیکارییەم نەبوو بەڵام هیچ پاساوێکیان بەدەستەوە نەبوو پێی بکشێنەوە و دەستبەرداری زەوی بن، ڕابین دیالۆگەکەی بەمشێوە کۆتایی پێ هێنا:

بیرۆکەی بایەخدانمان بە تەوەری هەنگاو بە هەنگاو لە ترسی ژنێڤ نییە. بەڵکو لەبەر چاکەی سیاسەتەکەیەتی، بەڵکو ئەم سیاسەتە سود بە ئیسرائیل و ئەمریکا بگەیەنێ ئەگەر بە زۆر کێشمان نەکەنە ژنێڤ و ئەنجامەکانیش بە دڵی ئێمە نەبن.

ئەو لێدوانەی بە پێش خرا، کە میسر ئامادەیە دانوستان بە تەنیا ئەنجام بدا، هەنگاوێکی باش بوو بەڵام من لە ئەنجامەکەی دەترسام کە بۆ سادات باش نەبێ بە جیا لە یاوەرە عەرەبەکانی ئەم کارە بکا، کە لە ١٢و١٣ی شوبات بە سەردان دەچمە قاهیرە، ئەم بۆچوونەم بۆ دەرکەوت. سادات لەو گەشتەم خۆشحاڵ نەبوو مەترسیی ئەوەی هەبوو ئیسرائیل کارتە براوەکان دەشارێتەوە و خۆی بە نارەحەت نیشان دەدا، گوتی لە ئەنجامی ئەو پرسیارەمدا ئاخۆ هەڵوێستی ناوەخۆی ئیسرائیل لەسەر ڕێککەوتنێکی مەزن یەکڕیزن یا دابەش بوونە.

سادات هۆشداریی دا کە بڕیاردان بە ڕاگرتنی شەڕ لە یەک لایەنەوە لای عەرەبەکان دەبێتە ناپاکیەکی مەزن بۆ من، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەتی کردەوە پەیمان بدات کە بە فەرمی شەڕ ڕاگیرێت، لەسەر هەندێک برگە ڕازی بوو کە حاڵەتی شەڕ ڕادەگرێ، بەڵام دیسان لە دزەکردنی ئەو برگەیە دەترسا لەوەی ئیسرائیل بەو هۆیەوە سود لەم خاڵە وەرگرێ و داوای سازشی زیاتر بکا.

دیارە هەردوولا چاویان لە یەکتر بوو دەستپێشخەری بکەن یا ئەمریکا یەکێکیان هان بدا بۆ ئەم دەستپێشخەریە بۆیە ڕابین یەکەم جار ئەم دەستپێشخەریە لە کاتی گەشتی دووەمم لە ١٣و١٤ی شاباتدا دەکات، لە کاتی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە ١٤ ی مانگ، ڕابین بۆ ڕۆژنامەوانانی یاوەرم لێدوانی دا کە لە بەرانبەر هەندێک قەرەبووی گونجاو ئامادەیە ڕێڕەوەکان ڕادەست کاتەوە.

تیایدا دیاریکردبوو کە میسر پەیمان بدا بەشداری هیچ شەڕێک نەکات لەگەڵ عەرەبەکان دژی ئیسرائیل، جا ئەو شەڕە بۆ وەرگرتنەوەی خاکی بێت یا وەکو هاوکاری عەرەبەکان بێ، هەرچەندە ئاراستەکانی ساداتیش بۆ هەمان خاڵ بوون بەڵام زیاتر مەبەستی بوو لەو دەستەواژەیە بگات کە ڕابین بەکاری هێناوە بۆ ڕاگرتنی شەڕ.

بەهەرحاڵ هەرکە ڕابین بە ئاشکرا ئامانجەکانی دەستنیشانکرد من گەشبین بووم بەوەی ڕێککەوتنێک ئەنجام دەدرێ، سادات ڕازیە داواکەی ئیسرائیل کە ڕاگرتنی شەرە جێبەجێ بکا، هەرچەندە ڕابین دوا گوتەی خۆی نە گوت بەڵام گوتی دەبێ گەشتەکەت لە ماوەی سێ هەفتەی تر دەست پێ بکا.

گۆلـدامائیر بە گوتەکـانی، منـی گەڕانـدەوە نـاو واقـیعەکە، گـوتی ئەوەی دەیڵێـی هەرگیـز ڕوونـادا و حکـومەت بەم داوایـانە ڕازی نـابێ، بەڕاسـتی ڕابـین سـەرنجێکی پێچەوانەی لا دروست کردم. دواتر وەزیری دەوڵەت جوزیف سیسکۆم لە گوتەکانی مائیر ئاگـادار کـردەوە، گـوتی بەڕاسـتی سـەیرە چـۆن دەبـێ مـرۆڤ وا زوو بە دەرچـوونی لە بازنەی پۆستەکانی، لە دونیا بێ خەبەر بێ.

بەڵام بەداخەوە گۆلدا مائیر لەدەرەوەی بازنەکە نەبوو من بووم لەدەرەوەی بـازنەی ڕووداوەکان. من هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم ئیسـرائیل ڕازی بـێ ئەم گەشـتە بـکەم بـێ ئەوەی ئامـادەی دانوسـتان بـێ، بـۆ ئەوەی وا دەرخەم کە نـاڕازین لە ڕێککەوتنـی یەک لایەنە و بەش بەشێن، لەسەر ڕێگای خۆم لە دیمەشق وعەقەبە و ڕیـاز وچـانێکم دا، بـۆ ئەوەی دبلۆماسیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بسەپێنم، هەرچەندە حافز ئەسـەد دژی ڕێککەوتنی یەک لایەنە بوو بەڵام بۆ ڕێککەوتنی گشتی بەپەرۆش بوو.

لەوەش گرنگتر گوتی: ئەگەر ئیسرائیل لە هـەموو بەرزاییەکـانی جـۆلان بکشـێتەوە ئامادەین شـەڕ ڕاگـرین، هەرچەنـدە مـن دڵنیـا بـووم هەردوک پێشـنیار لەلایەن ڕابیـنەوە ڕەتدەکرێتەوە بەڵام چـونکە گۆڕانێـک لە هەلویسـتەکانی ئەسـەد بەدی دەکـرا بە بەراورد لەگەڵ دیدەنی پێشتر، پێم باش بوو.

لە خاکی عەرەبی سعودی چاوم کەوت بە دبلۆماتکارەکـانی، هەرچەنـدە مـن ڕێـزی تایبەتی زۆرم بۆ شا فەیسەل هەیە بەڵام ئەو خاوەنی ڕەفتاری جیایە دوورە لە ڕەفتاری عەرەبەکـانی تـری، بەیەکەوە دانیشـتین چەنـد کاتژمێرێـک بە هێواشـی لەسـەر پرسـەکە قسەی بۆ دەکردم لەو کاتانەی دەپچرا دەرفەتم وەردەگرت بۆچوونی خۆمانم لەسـەر ئەو پرسە بۆ باس دەکرد، ئەو دژی ڕێککەوتنی بەش بەشێن بوو زۆری بە مەترسی دەزانـی، کاتێـک بەرێـی کـردم لە دەرگـا بە ئینگلیـزی قسـەی لەگەڵ کـردم و گـوتی داوا لە خـوا دەکەین سەرکەوتووتان بکـا بـۆ هەوڵەکانتـان، مـن بە ڕاشـکاوی لەگەڵ تـۆ قسـە دەکەم چونکە ڕێزم بۆ تواناکانت هەیە.

دواجار پێم ڕاگەیاند کە ئەو هەوڵانە هـی ئیـدارەی یەکەمـی فـۆردن، ئەوەی لێمـان کەم بوو بەیەکتر ناساندنی لایەنە بەرپرسیارەکانە.

## بەشی پێنجەم

# روخان لە هیندیی چینی و کارەساتی کوردەکان

# (١٥)
## کارەساتی هیندیی چینی_ سەرەتای کۆتایی خنکاندنی ڤێتنام

لۆرنس دریل دەنووسێ و دەڵێ: هەموو تاکێک ئازایەتییەکی یەدەگی هەیە. نە تەواو دەبێ و نە جارێکی تریش پڕ دەکرێتەوە. لە هیندیی چینی لە ١٩٧٥، ئەوە بەسەر ئەمریکادا هات، دوای دوو ساڵ لە ڕێککەوتنی پاریس لەسەر کۆتاییهێنان بە جەنگ، خەیاڵ ئەمریکای بەرەو هیندیی چینی برد و لەبەربردنی تواناکانیش ناچاری کرد لێی دەرچێ.

ئەمریکا لە پێناو هاوکاریکردنی کۆمەڵگایەکی تازە ڕزگاربووی لاواز بەقەدەر جوچکەی باڵندەیەک، لە ترسی دراوسێ کۆمۆنیستەکانی کە لە ڕووی سەربازییەوە زۆر لەوان بەهێزتر بوون لە ڤێتنامی باکور، دوو دەیەی بۆ خوێن بەردان و بەهەدەردانی سامانەکان تەرخان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک بە پێی ڕێککەوتنی پاریس ڕووبەڕووی ئاشتیەکی ناچاری بۆوە، لە گەرمەی ئازارەکانی کشانەوەیدا کت و پڕ دەست لە هاوکاریکردنیان هەلدەگرێ، ئەو هاوکارییە سەربازی و ئابوورییانەی پێمان دەدان و پەیمانی پاراستنیانمان گرتبووە ئەستۆ، ئەمانەمان دایە دەست میهرەبانی داگیرکاری کۆمۆنیستەکان هەروەکو لە کەمبۆدیاش گازی کۆمۆنیستەکان ڕووبەڕووی جینۆسایدیان دەکا.

بە بەسەرچوونی کات ئازارەکانیان کەمتر دەبێتەوە، بەڵام تا ئێستاش ئەو ڕێگایەی بەهۆیەوە هیندیی چینی لە ١٩٧٥ تووشی ڕوخان بوو، کە بیرم دێتەوە وا هەستدەکەم لە زەڵکاوێکدا مەلە دەکەم، ئەو هەستەیە کە لە ئەنجامی دەستبەرداری ئەمریکا لە پاراستنیان ڕووبەڕووی ئەو قوربانییە بوونەوە، من لێرە ئەو بڕیارانە نیشان نادەم کە بەر لە کارەساتەکە دەرکران، ئەگەر بەو کارەساتەدا بچینەوە چەندین ڕەفە پڕ

کتێب دەبن، من لە بۆنەی تر هەندێکم لێی باس کردووە، دواتر ئەو لایەنەی دڵ دەهەژێنی کۆتاییەکەیەتی ئەوە لە ئەنجامی کاری سالآنی ڕابردوو ڕویدا لە سەردەمی کینیدی و جونسون و نیکسۆن، گریمان بلێین پەیوەندیی بەو بابەتەوە نییە، بەڵام کاتێک دامانانا ڕێککەوتنی کۆتایی شەڕ، دەبێ لە کانونی یەکەمی ۱۹۷۳ ئەنجام بدرێ، ئیتر هەر حوکمێک لەسەر ئەو بابەتە هەبێ، ئەوا ئێمە قەرزاری گەلی ڤێتنامی باشور و کەمبۆدیاین کە لە تەکمان بوون بۆ هاوکارییە ئابووری و سەربازییەکان بەڵام دەرفەتیان بۆ نەڕەخسا بەبێ ئێمە بەرگری لە خۆیان بکەن.

لە جیاتی ئەوە، ئەمریکا وا پێ دەچوو لە پڕهەستێک بەسەریدا زاڵ بووە ئەویش پەراوێزخستنی ڕابردوو بوو، لە ڕاستیشدا لێی ڕا نەدەکرد، نەخێر بەڵکو لە زاڵبوون بەسەر دۆستە کۆنەکانیدا ماندوو بووبوو.

پرسی ئەوەی ڤێتنامی باشور و لاوس و کەمبۆدیا دەکرا بە هاوکارییەکانی ئێمە ڕزگاریان بێ، ئەمە کەس نایزانێ، بەڵام دەڵێم بە دڵنیاییەوە ئەگەر هاوکارییەکانی ئەمریکا لە ئاستێکی بەرزتر بوونایە هەرگیز لە ۱۹۷۵ نەدەڕوخا. ئەی چۆن ئەمە کراوە؟ چۆن ڕوویداوە لەسەر ئاستی سیاسی لە واشنتۆن؟ چۆن لەگەڵ سەرۆک چارەسەری ئەو کێشە جێماوە کرا؟ ئەمانە بابەتێکی ترن.

دیارە ئاستەمە ئەو حاڵەتە دەرونییەی جاران بتوانرێ دووبارە دروستی بکەنەوە، تەنیا ئەوانەی لەو سەردەم ژیاون دەتوانن وێنەی پەرتەوازەیی و پەرشوبڵاوی بێننەوە بەر چاویان. کۆتاییەکە لە هینددیی چینی بە تراژیدیا هات، هەروەکو ئەغریقیەکان ڕەفتاری سەرکردەکانیان بەرە و ئەو چارەنووسە نەهامەتیە دەبا کە پێشتر خۆیان لێی ئاگادار بوون و لە چاوەڕوانیی دابوون. لە هینددیی چینی ئەوەی ڕووبەڕووی نوێنەرە سەرەکییەکان بۆوە لە سەردەمانی پێشو هەمان کۆپی لە ۱۹۷۵ دووبارە دەبێتەوە، بژاردەکانیش هەمواری هەمان بژاردەی پێشو بوون، تەنانەت سەرۆکی ئەمریکاش لەو بڕوایەدا بوو کە دەرچوون لەم زەڵکاوە ئاسان نییە هیچ ڕێگایەکی تر نییە بۆ دەرچوون جگە لەو ڕێگایە نەبێ کە گرتیانە بەر، بۆیە ئەو کارەساتە دەبووایە ببێ.

ئەگەر چاوێک بە ڕابردوودا بخشێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەو پەردە پەمەییەی بەسەر بەشی کۆتایی داهات لەو ڕۆژەی دەست بە ئاشتی کرا وەکو ساتێکی تێپەڕبووی لێهات .




باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا لە ١٩٧٣تا١٩٧٥

لە ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٣ ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانیم لە کۆشکی سپی لەسەر ڕێککەوتنی پاریس ئامادە کرد، بە پێدانی، لقە زەیتونێکم بە ڕەخنەگرانم دا:

دەبێ لە ئێستاوە لای هەمووان ڕون بێ کە کەس ناتوانێ چاوپۆشی لە ئازارەکان بکا هەروەها ئەوەشیان لا ڕوون بێ کە کەس ناتوانێ چاوپۆشی لە جیاوازییەکان بکا، دواتر کە ئێمە توانیمان نەخشە بۆ ئەو ڕێککەوتنە بکێشین کە چارەنووسی دۆستەکانمانی تێدا دیار نییە، دەبێ ئەو ڕێککەوتنە ڕێز و کەرامەتی تیادا پارێزراو بێ، سەرەڕای ئەوەی دەبێ زامەکانی هیندیی چینیش سارێژکا، دیارە خەریکە ئێمە بتوانین زامەکان لە ئەمریکا سارێژکەین.

لەو کاتەی من دەدوام، بە هۆی بێ خەبەریم لە واتەرگێتەوە لەوە ئاگادارنەبووم، کە دۆخی ناوەخۆی ئەمریکا بەرەو ئاڕاستەیەکی تر دەڕوا، دەرگا بەڕوی ئومێدەکان دادەخا، بەڵام ئەمریکا سور بوو لەسەر سوککردنی دۆخەکان لەسەر ڤێتنام، ڕێککەوتنی ئاشتی بووە پشویەک بۆ ئەمریکا.

ئومێدمان وابوو هەرواش دەمان بینی کە ڕێککەوتنی پاریس سەرکەوتن بەدەست دێنێ و یەکڕیزی گەلی ئەمریکاش بەرقەرار دەکا، چونکە بزوتنەوەی ئاشی لە ڕێگەی کۆتاییهێنان بە کردە دوژمنکاریەکانەوە دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ و بەرگریکارانی ئاشتیش دەتوانن شانازی بە خۆیانەوە بکەن کە توانیان ئەمریکا ڕزگار بکەن لە بێ بڕوایی دۆستەکانمان. ئومێدیشمان دەخواست ناحەزە کۆنەکانمان ڕیزەکانیان یەک بخەن، دوای ئەوەی بە ئەگەری کە ڤێتنامی و کەمبۆدی و لاوسیەکان لە ڕێگەی هاوکارییەکانمانەوە دەتوانن درێژە بە خۆ ڕێکخستنەوە بدەن، لە ڤێتنام دەکشێینەوە .دوای ئەو هەمووەی ڕویدا کە دەکرا ڕوونەدا هیوا دەخوازین برینەکان بۆ هەردقووک لایەن قوڵ نەبن. دیارە واتەرگێت بوو ئەو پاساوەی دایە دەست بەم هەنگاوە هەڵسین.

بزوتنەوەی ئاشتیی لە ڕوانگەی توێژینەوە لە کۆتاییەکانی شەڕ هەڵقولا و لە پێناو چارەسەری حاڵەتی شۆکبوونی ئەمریکا لە هیندیی چینی، کە وەکو ئاماژەی ڕووخانی مۆڕاڵەکانی ئەمریکا دەهاتە پێش چاو، دروست بوو. ئەو پابەندیانەی سیاسەتی ئەمریکا

لە دوای ١٩٤٥ پێیەوە بەسترایەوە و بووە بنەمای کارکردنی، بریتی بوون لە پاراستنی گەلانی ئازاد و پشتگیریکردنیان، بەڵام کت و پڕ بە کارێکی جادوگەری دەکەوێتە دەستانێکی خاوەن کەلتوری دژ بە نوێکاری، سەرەڕای خەباتی سێ لایەن لە ئیدارەی ئەمریکا بە پاساوی ئاسایشی نەتەوایەتی ڕوخانێکی گشتی لە هیندیی چینی ڕوو دەدا.

لە پایزی١٩٦٥ هنری کابووتی باڵوێزی ئەمریکا بۆ ڤێتنام بانگێشتی کردم تا وەک ڕاوێژکاری خۆی لەوێ کار بکەم، هەرچەندە ئەو لە شەڕی سارد دا شارەزا بوو بەڵام من ئەوکات بڕوای تەواوم وابوو بە پێی بنەماکانی شەڕ، ئەم پرسە نابەینەوە چونکە لە بنەماکانی شەڕی پارتیزانیدا ئەوان شوێن و کاتی شەڕ دەستنیشان دەکەن، دواتر سەرۆک جونسۆن ڕێگە نادات بۆ لەناوبردنی پارتیزانەکان بەدوایان دا بچینە ناوچە قەدەغەکراوەکان لە لاوس و کەمبۆدیا، لە ڤێتنامی باشوریش بەرەی جەنگ بوونی نییە بۆیە تاقە چارەسەری دانوستانە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧ سەرۆک جونسون ئەرکێکی دبلۆماسیی پێ سپاردم بە هاوکاریی یەکێک لە میانگێڕانی فرەنسی، کە (هۆشی منە) لە ١٩٤٦ لە کاتی دانوستانەکانی پاریس لای ئەو نیشتە جێ بووە. کۆتاییەکەی وەکو هەموو قەدەرەکانی تری ئەمریکی دێت کە لەگەڵ جەنگاوەرێکی پێداگر دەدوێ، (ریمون ئوبراک) سەفەری هانۆی دەکات و چاوی بە هۆشی منە دەکەوێ کە تەنیا چەند پەیڤێکی ناڕوونی لە دەم دەدەچێ، لە واشنتۆن ئەم چەند پەیڤە بەوە لێکدرایەوە کە مەبەستی دانوستانی هەیە، بەڵام نازاندرێ ئایا بۆ هێورکردنەوەی ئەمریکایە یا بۆ ڕاگرتنی ئەو هێرشەیە کە ئەمریکا بە نیازە بەبۆنەی ساڵی نوێوە بیکاتە سەر ڤێتنام، واتە دوای چەند مانگێکی کەم.

ستراتیژیەتی نیکسۆن ڕێگەی بە من دابوو ئەو نووسینەی لە ڕۆژنامەی (وەزارەتی دەرەوە) نوسیبووم بڵاوی بکەمەوە کە ئەوکات لە زانکۆی هارڤارد مامۆستا بووم. بەڵام بەو ماوە دوورە بڵاو نەکرابۆوە و ئامادەکاریشی بۆ نەکرابوو، تا ئەوکاتەی بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی دادەمەزرێم، تیایدا من داوای چارەسەری پرسی سەربازی بەجیا لە پرسی سیاسیم دەکرد، گوتبووم پرسی سەربازی دەبێ لە نێوان ئەمریکا و حزبە ڤێتنامییەکاندا بکرێ بۆ ئاگربەست و کشانەوەی هێزەکانی بێگانە و ئالوگۆڕکردنی

زیندانییەکان و دانانی کۆت و بەند لەسەر پڕچەککردن، ئەوکات حزبە سیاسیەکان دەستپێشخەری بۆ چارەسەری پرسی هیندیی چینی و چارەنووسی ولآتەکەیان دەکەن.

نیکسۆن ئەم ڕێچکەی گرتەبەر و کردی بە بنەمای چارەسەری، هانۆی بەردەوام ڕەتی دەکردەوە تا ئەنجامەکە پێشتر دیار نەبێ و دان بە سەرکەوتنی کۆمۆنیست نەنێ، دانوستان ناکا. ئەمە هەڵوێستی بوو تا ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢ کە درزە دەکەوێتە ناویان. هەرچەندی ئێمە مەرجەکانی خۆمان دەگۆڕین ئەوان لەسەر مەرجەکانیان بەردەوام و سور بوون، ناڕازییەکانیشی بەوە بڕوا پێدێنا گوایە ئەوان لەگەڵ چارەسەری دان، بەڵام ئەمریکا تینوی خوێنڕشتنە، مەرجەکانی هانوی بریتی بوون لە: دەبێ پێشوەخت ئەمریکا پابەندی کاتی کشانەوە بێ و ئەم بەرنامەش جێگیر بکرێ، ئەمە بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو گۆڕانکارییانە بکرێ کە لە بوارەکانی تری دانوستان ڕوو دەدەن بەتایبەت لە ڕووی سەربازییەوە.

جگە لەوەی مەرجەکانی هانۆی بریتی بوون لە دەستبەرداری حکومەتە سێبەرەکەی ئەمریکی لە سایگۆن، کە (نگوین ڤان تیو) سەرپەرشتیی دەکا و دەبێ بە حکومەتێکی هاوپەیمانی بگۆڕدرێ کە کۆمۆنیستەکان نوێنەری هێزی سێیەم بن تیایدا و ئەم حکومەتەش بێلایەن بێ، دواجار ئەم حکومەتە کە کۆمۆنیستەکان و پاشماوەی نگویین دەیبەن بەڕێوە بەبێ بەشداری ئەمریکا لە نێوان خۆیان دانوستان لەسەر یەکلایی کردنەوەی یەکجارەکیی حکومەتی کاتیی کۆمۆنیستەکان دەکەن، واتە دەبێتە (حکومەتی شۆڕشگێری ڤێتنامی باشوری کاتی PRG) (ئەم حکومەتەش سێبەری بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بوو کە بەڤیتکۆنگ NLF دەناسرا) پێناسەیەکی باشی خۆبەدەستەوەدانە.

لە چوار ساڵی دانوستاندا هیچ سودێکمان بەدەست نەهێنا و نەمانتوانی تەنیا یەک ناوی خاوەن پۆشاکی فەرمیی سیاسەتوانانی ناسراوی ڤێتنامی بناسین و لە ((لی دوک ثو)ی ئەندامی بیرۆی سیاسی و گەورە دانوستانکارلە ڤێتنامی باکوری وەرگرین، وەکو ئەوەی لە هانۆی لێی ڕازی بن ببێتە نوێنەری (هێزی سێیەم) لە نێو ئەو هاوپەیمانییە پێشنیارکراوە. کاتێکیش هانۆی شاراوەکانی لێ ئاشکرا دەبن دەرچوونی بێ مەرجی سوپاکانی ئەمریکا دەکاتە دروشم. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ڕوخانی ئەو حکومەتەی

لەگەڵ ئەمریکا هاوکار بوو هەر لەلایەن خۆمانەوە ڕوخێندرا. بەو هۆیەوە ڤێتنامی باشور بە ئاسانی ڕادەستی کۆمۆنیستەکان دەکرێ. ئیتر نە من نە نیکسۆن ئامادەبووین کۆتایی بە پابەندییەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە ڤێتنام بێنین. وەکو ئەوانەی پێش ئێمە کردیان ناپاکی لەگەڵ ملیۆنەها کەس بکەین کە متمانەیان بە وڵاتەکەمان بوو.

کاتێک ناتوانین بە پێی ڕێککەوتن هێزەکانمان بکێشینەوە ناچارین بەپێی بەرنامەی تایبەتی خۆمان یەکلایەنە ئەمە بکەین، هاوکاری هێزەکانی ڤێتنامیمان کرد و لە ماوەی ویلایەتی نیکسۆندا نیو ملیۆن سەربازمان کێشایەوە لەگەڵ کەمکردنەوەی ژمارەی کوژراو و قوربانییەکان، ڕێژەکە بۆ هەر مانگێک ١٢٠٠ی لە ١٩٦٨ کەم کردەوە، لە ١٩٧٢ و١٩٧٣ ڕێژەکە بۆ دوو لەسەر سێ کەم بۆوە. لە نێو هێزەکانی ڤێتنامی تەنیا ٣٠ هەزار سەربازی ئەمریکی لەسەر خاکی ڤێتنام مانەوە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی لەم شێوەیە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتییەکی توندی بزوتنەوەی ئاشتی دەبووینەوە کە یەکلایەنە دەکشێینەوە، دەبووایە ئەم کشانەوەیە لە بەرانبەر گۆڕینەوەی دیلەکان بووایە.

بەمشێوەیە مشتومڕەکانی ناوەخۆ لەسەر ئەم بابەتە درێژەیان دەبێ بە داماڵینی ڕەوانبێژی لە مافی خاوەن ماڵ، ئیدارەی نیکسۆنیش هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو کە بۆ گەلێکی سەرەکی و حکومەتەکەی لە ڕووی ڕەوشتەوە ڕەوایە و ڕێگە پێدراوە، بەم ئاسانییە دەست بەرداری حکومەتێکی لایەنگری خۆی بێ و بی ڕوخێنێ، لایەنگرانی جەنگیش دژی ئەمە ناڕەزاییان دەردەبڕی: گوایە بەم خۆشحاڵیە ئەمریکا خۆی لە لەخۆباییبوون پاک دەکاتەوە و ئیدارەش لە تینوێتی خوێن، لایەنی دووەمیش دەبێتە گرفت لەبەردەم ئاشتی نەک توندی هەڵوێستەکانی هانۆی.

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٢ هانۆی لە سەپاندنی مەرجەکانی پاشگەز دەبێتەوە، بە مەرجەکانی نیکسۆن ڕازی دەبێ کە بە ئاشکرا لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١ ڕایگەیاند، ئەمە دەکاتە پێش هەڵبژاردن بە نۆ مانگ، مەرجەکان:

١- بەردەوامبوونی حکومەتی سایگۆن.

٢- ئەنجامدانی ئاگربەست.

٣- کشانەوەی ئەمریکا.

٤- وەستان وکۆتاییهێنان بە هاوردە کردنی چەک لە ڤێتنامی باکورەوە.

٥- گەڕانەوەی دیلەکان.

٦- دەست پێکردنی گفتوگۆی سیاسی لە نێوان لایەنەکان.

لە بەرانبەر مەرجەکانمان نە من نە نیکسۆن لەو بڕوایە دابووین کە پێداگری سەرکردە توندڕەوەکانی هانۆی دەستبەرداری خەباتی تەمەن دەبن. من لە کاتی دانوستانەکان لە ١٩٧٢ بە نیکسۆنم گوت لە دواجار هانۆی گرفت دروست دەکات بۆ ئەوەی نەگەینە ڕێککەوتن، ئاشتیش تەنیا بە هۆشیاری دەپارێزرێ. هەمیشە دەموت ئەم دانوستانە مەترسیدارە ئەنجامەکانی ئاوەژو دەبنەوە، چونکە ڕق و کینە و بێزاریمان لە هەردوو لایەنی ڤێتنامی بەدی کردن بۆمانیش دەرکەوت کە هانۆی مەبەستی نییە لە ئامانجە ستراتیژییەکانی بکشێتەوە، بۆیە ڕووبەڕووی ئەم دیفاکتۆیە بووینەوە، بە دیدی ئێمە ئەوەی پێویست بوو لانیکەم بڕوابوونەک هەبێ لە هەردوو لا، ئەگینا بە دووری نازانین ئەم دانوستانە هەرەس بێنێ بەو هۆیەوە دەبێ ئێمە لە ئامادەباشیی ئەگەری هەر ڕووداوێک دا بین لە ڕێگە نەدان بە دەستێوەردانی هانۆی و هاوپەیمانانی لە ڤێتنامی باشور.

لە سەرەتای ١٩٧٣ وا هەستمان کرد ئەگەر سایگۆن هاوکاریی تەواوی ئێمەی بەدەست بگات ئێمە لە دۆخێکدا دەبین سایگۆن دەتوانێ بەرگری لە فشارەکانی هانۆ بکا، بەڵکو لە هێرشی بەربڵاوی بەرەیی ڤێتنامی باکوریش، ئەوسا هاوسەنگی هێزەکان دەگۆڕدرێ، خۆ ئەگەر ڤێتنامی باکور پێشێلی ڕێککەوتنی کرد و هێرشی کردە سەر باشور ئەوسا ئێمە بە هێزی ئاسمانی و دەریایی هێرشی دەکەینە سەر، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە ٥٥ هەزار ئەمریکی لە پێناویدا خۆیان کردە قوربانی.

بەڵام سیاسەتی دەرەوە لە بنکەی ناوەوە بەهێزتر نییە، بە دیدی ئێمە ڕێککەوتنی پاریس مافی خۆسەپاندن دەستەبەر دەکا، هەروەکو هەموو کێشە و ململانێکانی تری ئەمریکی کە بە گیان خۆیان کردە قوربانی، بەڵام واتەرگێت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی لاواز کردن و هاوسەنگییەکەی نێوانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانی تێکدا و ڕێککەوتنی پاریسیش هیچی پێ نەکرا.



Nguyen Van Thieui & Lyndon B. Johnson

له ١٩٧٣و ١٩٧٤ سەپاندنی ڕێککەوتنەکە بووە مایەی سەرنج ڕاکێشان هەروەکو ئەوەی شەڕ بێ، بیانووەکانی لە بیانووەکانی شەڕ دەچون، بزوتنەوەی دژ بە جەنگ بە پێشەکییەکەی ڕازی نەبوون کە دەڵێ:

ئێمە ئاشتیەکی ئابڕومەندمان دابین کرد، چونکە قبوڵکردنی لەگەڵ بابەتە بنەڕەتیەکەیدا ناکۆکە، کە دەسەڵاتەکانی ئەمریکا خۆیان بوونە سەرچاوەی شەڕ لە دونیا، هەموو ئەو لایەنانەی دژی هەر ڕێکارێک بوون کە بەهۆیەوە کۆتایی بە شەڕ بێت، ئێستا هەموو سیاسەتەکان ڕەتدەکەنەوە، جا ئەگەر بۆ سەپاندنی ڕێککەوتنەکە بێ یان بۆپشتگیریکردن لەو جەماوەرەی کە ئەم شەڕەی لە پێناودا کرا .

دواتر پاساوی ئەم خۆ وەدەستەوەدانەیان بەوە دەهێنایەوە گوایە هیچ پابەندیەکی فەرمی لەلایەن ئەمریکا  یان ڕێککەوتنی پاریسەوە نەبووە بۆ پشتگیری ڤێتنام، تەنیا نامەیەکی نهێنیی سەرۆکایەتی هەبوو کە نیازەکانی دەردەبڕی. ئێستا ئەو ئەندامانەی

ئیدارەی پێشو تۆمەتبار دەکرێن کە بەو دۆخە ڕازی بوونە، دەبووایە ئاگادرییەکی باشی ئەو جۆرە نامانەیان هەبووبێ لە کاتی بوونیان لە دەسەلأت، ئەو نامانە لە ئاست ئەو سۆزەی نیکسۆندا بوون کە بە سەرۆک (ثیو Nguyen Van Thieui ) یدابوو.

نامەی سەرۆک پابەندیی فەرمی ناگەیەنێ تەنیا نیاز و خواستێکە بەرانبەر بە ڕووداوەکان، دەکرێ جێگرەوەیان وەکو ڕەفتارێکی ڕەوشتی جێبەجێی بکەن ئەگینا پابەندیی فەرمیی نابێ، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی کاتی نامەکە، کاریگەرییەکەشی کەم دەبێتەوە، لە ڕاستیشدا هیچ سەرۆکێک ناتوانێ کۆنگرێس پابەندی ئەم نامانە بکات.

سەبارەت بە ڤێتنام، نامەکانی سەرۆک لەو کاتە نووسراون کە پێش ئەوەی سەرۆک دەسەلأت جێ بهێلێ و بەر لە هاتنی سەرۆکە نوێکەش، بۆیە (نگیون ڤان ثیو Nguyen Van Thieui) بڕوای تەواوی هەبوو کە چوار ساڵ لەبەردەم نیکسۆندا ماوە گفتەکانی کە بە نامە داویەتی جێبەجێیان بکات، چونکە ئەمە لەگەڵ ڕابردووی دێتەوە، جگە لەمەش هاورێیانی سەرۆک چەندین جار بە ئاشکرا بڕیاریان دابوو کە پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بکەن و دەیسەپێنن. دیارە ئەم بەیاننامانە لە نامەکانی ثیودا هەردەبێ نوسرابن.

هەموو جارێک مشتومڕ لەسەر خاڵی شێوازی پابەندبوونی ئەمریکا بوو لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان، نە ئیدارەی نیکسۆن نە ئیدارەی فۆرد پابەندییان بە یارمەتیدانی ڤێتنام نەخستە بواری جێبەجێکردن .

ئەوەی پێداگریی لەسەر دەکەین تەنیا ڕەوشت بوو، لە ئەستۆماندا بوو ئەو گەلأنەی لە تەکمان وەستان، دەبێ هاوکارییان بکەین هەروەها بەرانبەر بەو ڕۆحانەی لەم پێناوەدا بوونە قوربانی، دەبێ هاوکاری بکرێن.

کاتێک ئەمریکا واژۆی ڕێککەوتنی ئاشتی دەکا دەبێ لایەنی بەرانبەر ئەوە بزانێ کە ئێمە ڕێگە نادەین پێشێلکاری ئەو ڕێککەوتنە لە دەست سزاکانمان ڕزگاری بێ، بەبێ سزادانی ئاگربەست شکێن ئەو لایەنە دەبێتە قاچاخچیی ئاشتی. هەموو ئیدارەکانی پێشتر و داهاتوو ئەم سیاسەتەیان پەیڕەو دەکرد. دواتر لە شەڕی کەنداویش لە ١٩٩١هەمان سیاسەت پەیڕەو کرا و ئەنجامی بەدەست هێنا، چونکە هەر یەک لە سەرۆک

بووشڤو کلینتۆن هێزیان بەکارهێنا یا پێشتر هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزیان کرد بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ئێراق.

دوای شەش مانگ لە ڕێککەوتنی پاریس ناڕازییەکانی تێوەگلانی ئەمریکی لە هیندیی چینی بە ڕەزامەندی کۆنگرێس دەستیان بە چالاکیەکانیان کرد کە پێشتر ئەمەیان نەکردبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی شەڕ لە ئارا دابوو ئەم دەرفەتەیان وەرگرت. ئەو کاتەی لە حوزەیرانی ١٩٧٣ کۆنگرێس بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەهیندیی چینی قەدەغە دەکا ئیتر ئەمریکا ڕێگەی لێ دەگیرێ، ئەو ڕێککەوتنەی ٥٥ هەزار سەربازی لێ کردە قوربانی بە هێز جێبەجێی بکات و هاوکارییەکانیشی بۆ ڤێتنام لە ١،٢ ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ یەک ملیار دۆلار لە ١٩٧٤ کەم کردەوە و، لە ١٩٧٥ کردی بە ٧٠٠ ملیۆن دۆلار.

لەو کاتە و لە ماوەی ساڵ و نیوێک هانۆی ١٣٠٠٠٠ تانک و ژمارەیەکی زۆر لە هاونی قورسی کشاندە ڤێتنامی باشور و بنکە و پادگاکانی لە ڕێگەی ڕێگاوبان بەیەک بەستنەوە، ئەمانە هەمووی پێشێلی ئەو ڕێککەوتنە بوون لەکاتێکدا ئەمریکا ڤێتنامی باشوری دەست و پێ بەستراو کردبوو، بەهۆیەوە لە جوڵە کەوتبوو، سەیر نەبوو کە سوپای ڤێتنامی باکور هێرش دەکاتە سەر ڤێتنامی باشور و داگیری دەکا، کەچی ئەمریکا دەستەوەستان دەوەستێ، بە ناکۆکیە ناوەخۆییەکانییەوە گیرۆدە ببوو.

## فۆرد و ڤێتنام

کاتێک فۆرد دەسەڵات دەگرێتە دەست هاوکارییە ئابووری و سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ هیندیی چینی بەرەو داتەپین دەچوو، یەکەم بڕیارەکان ئەوە بوو، چۆن دەتوانێ کاردانەوەی لەسەر ئەو بودجەی هاوکارییە هەبێ کە بەشیان ناکا و بۆتە مایەی بێ ئومێدی؟. بەم ئاڕاستەیە ڕێگاکانی بەرەو کۆنگرێس دەبڕی کە دەرمالەکانی ڤێتنامیان لەو کاتەی واژۆ لەسەر ڕێککەوتنی پاریس کراوە بۆ ٥٠% کەم کردبۆوە، ئیدارەی نیکسۆنیش داوای ٤،١ ملیار دۆلاری کردووە وەکو هاوکارییە سەربازییەکان بۆ

سـالّی ١٩٧٥، لیـژنەی خزمەتگـوزاریش لە ئەنجـومەنی پیـران کە جـون تینسـی سەرۆکایەتیی دەکا، ئەم بودجەی بۆ یەک ملیار دۆلار کەمکردبۆوە، ئێستاش لیژنەی دەرماڵەکـان لە ئەنجـومەنی پیـران کە پارێزگـارخوازێکە بە نـاوی جـون مـاکیلا لە ئەرکنساس، ئەو هاوکارییەی بۆ ٣٠٠ ملیۆن کەم کردۆتەوە، بەمشێوەیەش هاوکارییەکان لەگەڵ نرخی نەوت گۆرانکاری و کەمکردنەوەیان بەخۆوە دەبینی.

شـەڕو ململانێکـان لەسـەر بـودجە ئەو کێشـە و ململانێیـانە بـوون کە هەمیشـە ڕووبەڕووی سـەرۆک لە لایەن کۆنگرێسـمان مـاک جـوفرنەوە کە لە سـالّی ١٩٧٤ هەلبژێردرابوو دەکرانەوە، ئەم کێشە لە نیکسۆنەوە بۆی مابۆوە. ئەو کێشـەی یەکلایی کردنەوەی دارایی کە ئەمریکا لە سەر هیندیی چینی تێیەوە گلاوە، بەناوی کۆتاییهێنانی شەڕ ئەنجام دەدرا، هەندێک لە برادەرانی فۆرد لە کۆنگرێس پێیان وابوو کاروانی ژیان بەهۆی پرسی ڤێتنام بۆگەن دەبێ، هانیان دەدا کە چیتر بەرەو ئەو کێشە نەچێ، بە تایبەت چونکە بە دیدی ئەوان ئەمە شەڕێکی دۆڕاوە، لە ساتەکانی هەرە ساویلکەیی، خۆیان بەم گوتەیە لە گێلی دەدا (دەکرێ دۆستە کۆنەکەیان لە پێناو کۆتاییهێنان لە تێوەگلانی ئەمریکا بە پرسی هیندیی چینی متمانە کۆبکاتەوە سەریەکدی).

فـۆرد ئـەم جـۆرە بیرکردنـەوە هەڵانـەی لا نـەبوو، بـە زیرەکـی خـۆی لێیـان تـێ دەگەیشت، هەندێک جار خەڵکانێک لە پێناو وەرگرتنی پۆست بەرەو دەمـەقاڕێ دەچن، درکی بەوە کرد کە ئەمە دروشمی ئەمریکییەکی دەربڕی داخوازییەکی ناشیرنە. دیارە کە ئەمریکا دەستبەرداریان بووە مانای ئەوەیە هینـدیی چینـی بکاتـە نێچیرێـک لەبـەردەم ناحەزانی تا بە هەوەستی خۆیان تـەرەنتێی تێدا بکـەن، ئێستا تێوەگلانمـان تـەنیا لـە ڕێگەی هاوکارییـە ئـابووری و سـەربازیەکانەوە دەبێ، کـە بـووە مایـەی ئـەوەی ئێمـەش بەشـدار بـین لـە تێکـدانی دامودەزگاکانیـان، بـەو هۆیـەوە ناحـەزانمان دەسـتکەوتیان بە دەستدەهێنا و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پێگـەیان بـەهێزتر دەبـوو هـیچ بوارێـک بـۆ مشـتومڕ نەمایەوە، لەگەڵ وەستانی تۆپـەکان کـە سـەرۆک جونسـون ١٩٦٨ بڕیـاری وەسـتانی دا پارێزگارەکانیش گیانی مۆڕاڵیان لەدەست داو ئەو توانایەیان نەما لەسەر پـێ بووەسـتن، لایەنگرانی نیکسۆنیش بەهۆی وۆتەرگێتەوە ڕووبەڕووی داڕمان دەبوونەوە. دەستەی نوێی کۆشکی سپیش ئامادە نەبوون بەرگەی ئەو شـەڕە دڕندانەییـە بگـرن کـە لـە تەنیشـتەوە

ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، من و سکۆکروفت بەردەوام لەلایەن سەرۆکەوە لەسەر پاڵپشتیکردن لە هاوپەیمانەکانمان پشتگیری دەکراین، ئازاری ڤێتنامی و کەمبۆدیەکان دڵی پڕ لە ژان کردم، هەوڵم دا ئەوەی بتوانم بەر لە کارەساتی کۆتایی کە دەزگای ڕاگەیاندن و کۆنگرێس بەسەریاندا سەپاند، لەو دۆخەیان ڕزگار بکەم بە پێی توانا.

بۆ ئەوەی فۆرد وەکو سومبوول نیشان بدرێ، پابەندی خۆی لەسەر ڤێتنامی باشوری ئازاد ڕاگەیاند، بایەخی بە پێشوازیی باڵوێزی ڤێتنامی باشور دا (ثران کیم فونگ) لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی و دانیشتن لەگەڵیدا، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بۆ فونگی دوپات کردەوە کە پابەندی هێشتنەوەی سایگۆنن تا ئەو کاتەی پێگەکەی بەرز دەکەینەوە. هەر ئەو ڕۆژە چەندین جار فۆرد ئەم دەستەواژەیەی دووبارە کردەوە و پێداگریی لەسەر کرد، لە نامەیەکیدا دەڵێ لە ڕەشنووسی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی ئەمەمان داڕشتوە:

پرۆسەی یاسادانانمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، هەرچەندە کاتێکی زۆر دەخایەنێ، بەڵام دەمەوێ ئەمەت بۆ دوپات بکەمەوە کە پشتگیرییەکانمان تا کۆتایی لە هەردوو تەوەرەکەدا، بە تەواوەتی دەبێ.

نە من نە فۆرد گوێمان نە بەو ناڕەزاییانەی کۆنگرێس نە بە نامەکانی دا، کە هەمواری هاوکارییەکانی ڤێتنامیان کردەوە، دیارە ئەمانیش هەر لەلایەن کۆنگرێسەوە پشتگیریان لێ کراوە لە حوزەیران، کە ئەوکات هێشتا نیکسۆن لە پۆستەکەیدا مابوو، سیناتۆر جیمس ئالین کە نوێنەری ئالاباماى پارێزگاران بوو، ڕایگەیاند تا ئەوکاتەی دیلەکان دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمانیان، ئەو پشتگیری لە ئیدارەی حکومەت دەکا، بەڵام کە ئێستا ئەم ئەرکە بەجێ گەیشتوە دەبێ لێی دەرچین. دواتر هیوبرت همفریی سیناتۆر و بەڕێوەبەر کە مافی دوانی لەسەر فاتۆری هاوکارییەکانی دەرەوە هەبوو، بە ڕەوانبێژییەکی لیبڕالیستیانە گوتی (ئێمە هەمیشە وانە هەرە گرنگەکە لە بیر دەکەین، ئەویش ئەوەیە کە شەڕی سیاسی بە هێزی چەک کۆتایی نایە).

ئەمە ئەو ئەنجامە نییە کە زۆربەی مێژوونوسان پێی گەیشتون. بەڵکو ئێمە وانەیەکی توندمان دابێتە هاوڕێیە دڵنیانەکەمان کە نەمان هێشت لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٨ بگاتە پۆستی سەرۆکایەتی، بە هۆی دژایەتیی لە پرسی ڤێتنام، پارێزگارەکان کە

سەرقاڵی ڕەخنە و هێرشکردنە سەر فۆرد بوون. لە میانی هەڵوێستە نیانەکانی لەگەڵ سۆڤیەت، لە هیچ شوێنێک بۆ بەرگریکردن لەو هێرشە دوژمنکاریەی کۆمۆنیستەکان کە دەکرانە سەرمان نەدەبینران.

لە میانی کەمە هەفتەکانی دەست بەکاربوونی سەرۆک، واتە لە ئابی١٩٧٤ فۆرد بە پلە یەک، بە پرسی قوبرس و دابینکردنی دەستەی کارگوزاری بۆ خۆی و بیرکردنەوە لە نەهێشتنی سزاکان لەسەر نیکسۆنەوە سەرقاڵ بوو، ئەو دەرفەتەی نەبوو بپرژێتە سەر پرسی هیندیی چینی تا ٥ی ئەیلول، ئەوکات لە کۆبوونەوە ئاگادارم کردەوە و گوتم: (خۆت هەوڵێکی تایبەتی نەدەیت لە ڤێتنام تووشی گرفتێکی مەزن دەبینەوە، ئەگەر هەمو شتێکیش نەکەیت، بەڵام گرنگە هەوڵێک بدەیت ئەگەر کەمیش بێت. وا پێدەچێ ڤێتنامی باکور ڤۆی پێ ناگیرێ، بەڵکو لەگەڵ خۆت دەکەویتە کێشە و لەگەڵ سەرکردەکانی کۆنگرێس کۆدەبیەوە، چونکە هەردووکمان کێشەمان هەیە لەسەر هێڵە سورەکان، هەندێکیش چاوەڕوانن ئاخۆ چی بەسەر ئەو گەلە دادێت، کە پشتیان بە هاوکاریەکانی ئێمە بەستووە، سەرەتا بە یەکلاییەکی حەز لێنکەکراو کۆتایی دێت، بەڵام بە پەیمانی نادیار و دوای دوو ساڵیش هاوکارییەکان دەبڕدرێن، لە پێناو هەماهەنگی پێشنیار دەکەم دەستبەرداری ڤێتنام بیت:

به حوکمی ئەوەی تۆ سەرۆکی و دەسەڵاتت لەسەر هەندێک بژاردە هەیە، دەکرێ ڕێگە بدەیت بڕوا .لانیکەم لە ١٩٧٦، دەبێ بڵێم کە ئەمە هەڵەیە، دەکرێ لیبرالیستەکان کە بۆ ئەم هەنگاوەت چەپلە لێ دەدەن، بەڵام لە کاتی تەنگانەکاندا شتی تری لێ دەهەڵێنجن.

هەرگیز فۆرد بیری لەم بژاردە نەکردبووەوە، لە کاتی شەڕی ڤێتنام لە لیژنەی لاوەکیی تایبەت بە کۆمیتەی دەرماڵەی نوێنەران، لە دوای سەرۆک کۆماریخوازێک بوو، ئەو لە گرنگی ئەو هاوکاریانە دەگەیشت، گەرەکی بوو بزانێ ئاخۆ دابەزینی ڕێژەی هاوکارییەکانی ئەمریکا کار دەکاتە سەر لایەنی دەروونی و سەربازی، لە ١٢ی ئەیلولدا یاداشتێک دەداتە سەرۆک فۆرد تێیدا کاریگەریی ئەو حەوت ملیۆنە بۆ هاوکارییەکانی سەربازی دیاری دەکا.

- گوژمەیەکی تەواوە بۆ چاککردنەوەی ئەو ئامێرانەی زیانیان پێکەوتووە.

- کەمکردنـــەوەی ٥٠% ی بوودجـــەی بـــەکارهێنانی فرۆکـــەکان و ١١٢ ســـربی فرۆکەکان کە لە فرۆکەخانە نیشتونەتەوە.
- کەمکردنەوەی پرۆسـەکانی دەریـاوانی بـە ڕێـژەی٣٠% . لەگـەڵ کەمکردنـەوەی کردەی کەشتییەکان بە ڕێژەی٨٢%.
- پێداویسـتییەکانی تەندروسـی و پزیشـکی لـە کۆتـایی مـانگی ئایـار ١٩٧٥ بـە دروستی تەواو دەبن.
- سوتەمەنی هێزەکانی وشکانی لە نیسانی١٩٧٥ تەواو دەبێ.
- لەگـــەڵ دەســـتپێکی ســـاڵی داراییمـــان لـــە ١٩٧٥ تـــەنیا چارەگێـــک لـــە پێداویستییەکانی یەدەگی، لای هێزەکان بۆ کاری هێرشبەری دەمێنێتەوە.
- فرۆکە بەکار نەهێندراوەکان و ئامێرەکانی سەر زەوی حاڵەتیان بەرەو تێکچوون دەچێ.

زیانـە مرۆییـەکان لـە ڤێتنـامی باشـور بـە ڕێژەیـەکی نائاسـایی بـەرز دەبـووەوە، گەیشتبووە ٢٦٠٠٠ مردوو لە ڕۆژی واژۆکردنی ڕێککەوتنی پاریسەوە، واتە بەر لە بیست مانگ، ئەم ژمارەیە کاری لـە سـەرکردەکانی کـۆنگرێس نـەکرد، زۆرتـرین دەسـتکەوت کە فۆرد توانیی لێیانەوە وەدەست بێنێ ئەو گفتە بوو کە سـیناتۆر سـتینیس بە فـۆردی دا کە بە چاوێکی مهیرەبان و سۆزەوە سەیرێکی داواکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلارەکە دەکـات، بـۆ ئەوەی لە بـودجەی تەواوکەر لە کـانونی دووەمـی ١٩٧٥ بڕیـاری لەسـەر بـدرێ. ئەمە دۆخەکان چارەسەر ناکات، چونکە ئەو لە میانی حەوت سەد ملیۆنەکەی سایگۆندا خەرج دەکرێ تا ئەو کاتەی بودجەی تەواوکەر بڕیاری لەسەر دەدرێ.

داواکردنی بودجەی تەواوکەر بووە سەرچاوەی هێرش و تانەلێدان، هەر بە ئاشکرا داوای وازهێنانیـــان لەو داوایە دەکـرد: ئایـا هـیچ پابەنـدییەکی فەرمیمـان هەیە بـۆ هاوکاریکردنی ڤێتنام؟، دەبێ ئاستی هاوکارییەکانمان بگەیەنینـە ئاسـتی هاوکارییەکـانی سـۆڤیەت و چـین؟ یەکەم جـار دەبـێ بەدوای چارەسـەرییەکی سیاسـیدا بگەڕێـین نەک سەربازی، ئەم بینەوبردەیە چەند هەفتەیەکی بـرد تـا ئەوکـاتەی ناڕازییەکـانی بـودجە و هاوکاری، لە دژایەتی وەستان بەرە و ئەو بیرۆکە چوون کە کارێـک بـکەن تـا ڤێتنـامییە

باشورییەکان پشت بە خۆیانەوە ببەستن، بە نموونە بەخشینێکیان پێ بدەن تا چارەسەری بێکاری دەکا.

من لە نێو ئیدارەدا بووم. بەرگریکارێکی سەرەکی بووم لە سەرۆک، بەهۆی ئەوەی ئەندامی شاندی ڕێککەوتنی پاریس بووم، بەرپرسیارێتییەکی تایبەتی کەوتبووە سەر شانم، ئەگەر دڵنیا نەبوومایە دەتوانین هاوکارییەکانی دوای کشانەوەمان بگەیەنینە دەستیان، هەرگیز کۆتاییم بە ڕێککەوتنەکە نەدەهێنا، هیچ کاتێک ئامادە نەبووین خۆمان بەرانبەر بەو گەلە بەرپرسیار بکەین کە بەرەو داڕمان دەچێ، بانگەوازەکەم بە پێچەوانەی ئەو دەستەواژانە بوو کە بوونیان هەبوو وەکو، ئابڕو و پابەندی ڕەوشتی، نەک سیاسەتی ڕواڵەتی.

لە ٢٢ی ئاداری ١٩٧٤ یش لای ڕەخنە گرانمان ئەمەم گوت:

هەست بە هێز دەکەم کە بەهۆی ٥٠ هەزار قوربانییەوە وڵاتمان پەرتەوازە بوو، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە داواکەم زۆر دوورە، بەرانبەر بە ١٠٠ ملیۆن دۆلار و بەم شێوازەش، بەڕاستی شەرمەزاری و بێ ئابڕوییە کۆنگرێس ئاگادار بکەمەوە، کە پێموایە پێویستیمان پێیەتی و داوایان لێ بکەم بەرپرسیارێتیی هەڵگرن.

هیچ دەوڵەتێک نەبووە، ئەمریکا لە کاتی شەڕی سارد بەرگریی لێ کردبێ دواتر ڕۆژێک لە ڕۆژان داوای لێ بکا بێلایەن بوەستێ بێ ئەوەی ئەمریکا بیپارێزێ، هێزەکانی ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەورووپا نەکشانەوە، بەڵکو تا ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت لەوێ مانەوە، لە کۆریاش بۆ ماوەی نیو سەدە هێزەکانمان لە کۆریای باکور مانەوە، لە کەنداویش دوای دەرکردنی ئێراق لە کوێت بنکەکانی ئەمریکا بە هێزەوە مانەوە، ڤێتنام تاقە دەوڵەت بووە لە هاوپەیمانەکانمان کە پێداگری دەکەین لەسەر ئەوەی دەبێ خۆیان خۆیان بپارێزن، ئایا ئەرکی ئێمە نییە دەرفەتێک بدەینە ڤێتنام تا دەکەوتە سەرپێ و دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکا، ئەوسا هاوکارییەکانی لێ ببڕین؟ ئەگەر ئەمریکا لە ئەورووپا و کۆریا و کەنداو بکشابایەوە و هاوکارییەکانی لێ بڕیبایە و یاسایەکیشیان دارشتبا، تیایدا ڕێگە لە هێزەکانی ئەمریکا بگرێ بەرپەرچی هێرشەکان بداتەوە، ئەوکات ئەمان چیان بەسەر دەهات؟

لە ١٩٧١و ١٩٧٣ کاتێک خۆمان لە پرسی ڤێتنام ڕزگار کرد هەندێک دەنگ بەرز دەبوونەوە بۆ پشتگیریکردنی کۆنگرێس لە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ڤێتنام لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکی، جاکوب فیتس داوای پێدانی ٢ ملیار دۆلاری دەکرد وەکو دەرماڵەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بە ڤێتنام، گوایە ئەمە دەربڕی پابەندی ئەمریکایە بە گەلی ڤێتنام، لە ١١ی ئەیلولی ١٩٧٢ ڕۆژنامەی (ساینس مۆنیتۆر) لەسەر زاری سیناتۆر فرانک چورش بڵاوی دەکاتەوە دەڵێ:

سیناتۆر و (کۆترەکان)ی یاوەرانی، گوایە لەگەڵ ویستەکانی نیکسۆندان بۆ پێدانی ئەو بڕە هاوکارییە بە سایگۆن کە پێویستیەتی، سیناتۆر ئاماژە بەوە دەکا دەڵێ ئەگەر حکومەت بگۆڕدرێ جەنەڕاڵێک لە نموونەی ( ونگ فان منە) لە پێشەوە دەبێ ئەو دەتوانێ گۆڕانێک بکات کە کەمتر پشت بە هاوکارییەکانی ئەمریکا ببەستن. لە ٢١ی شوبات سیناتۆر کلیفۆرد کیز لە نیوجێرسی کە یەکێکە لە پیاوانی (کۆترەکان)، بڕیار لەسەر بەردەوامی هاوکارییەکان دەدا.

ئامانجمان لە هیندیی چینی ئەوەیە ئەو وڵاتە بگەڕێنینەوە ئەو دۆخەی بەر لە دروستبوونی ئەو کێشانە، لەسەر ئەم بنەمایە پشتگیریەکی تەواو لە هاوکارییەکان دەکەم.

لە پڕ هەوای بیرکردنەوەی یادەوەرییەکان هەڵدەکا و کۆنگرێس دەبێتە هاندەری پێدانی هاوکارییەکان بەو مەرجەی ئەو هاوکارییانەی بە سایگۆن دەدرێن لەو هاوکارییانە زیاتر نەبن کە سۆڤیەت و چین بە هانۆی دەدا. بەڵام ئەم ڕێژەیە نابەرانبەرە چونکە سایگۆن دەبووایە پاسەوانی لە سنورێک بکات کە هەزاران کیلۆمەتر درێژ دەبوون لە نێوان ئەوان و ڤێتنامی باکور کە لە هەر دەرفەتێک دەکرا ڤێتنامییە باکورییەکان لە نێو ئەو دارستان و شاخانە هێرش بکەنە سەر باشورییەکان، بۆیە بۆ بەرگری لەو سنورانە ئەوان پێوسیتی زیاتریان بە هاوکاریی سەربازی هەبوو، دواتر سۆڤیەتی و چینییەکان بە ئاشکرا پێشێلی ڕێککەوتنی پاریسیان دەکرد لە هاوکاریکردنی باکورییەکان. تا هاوینی ١٩٧٤ هێزەکانی ڤێتنامی باشور لە توانایاندا بوو لە ڕێگەی هاون و هێزی ئاسمانییەوە پارسەنگی هێز ڕاگرن، ئێستاش کۆنگرێس هاوکارییەکانی ئەمریکا کەم بکاتەوە پارسەنگەکە بە لایەکی تردا دەشکێتەوە.

دوای ئەوە پاساوێکی تر هەبوو بۆ کەمکردنەوەی هاوکارییە مرۆییەکان بە ڤێتنامی باشور: زیادکردنی هاوکارییەکانی ئەمریکا هانی سایگۆن نادا پابەندی زیاتری ڕێککەوتنی پاریس بێ، بە نموونە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد، ئاشکرابوو کە سایگۆن بە نیازبوو هەندێک بڕگەی سیاسی لە ڕیککەوتنی پاریس جێبەجێ بکا، کەچی ڕەفتارەکانی هانۆی، پێش سەرکەوتنی یا دوای سەرکەوتنی ئاماژەیەک نادەن کە نیازی هەڵبژاردنێکی ئازادی هەبێ، بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتا پێشێلکردنی بڕگە سەربازییەکان لەلایەن هانۆیەوە بووە مایەی شکاندنی ڕێککەوتنی پاریس، دواتر ناڕازیبوونی کۆنگرێس کە هەڵکەوتبوو لەگەڵ واتەرگێت و بەهۆیەوە چارەنوسی مسۆگەری سایگۆن بەدەرکەوت.

لە بەهاری ۱۹۷۳ خۆمان ئامادە دەکرد بۆ بۆردومانی ڕێرەوی هۆشی منە بۆ ڕاگرتنی ترسی هێرشەکانی هانۆی یا هەر نەبێ سستی پێدانی. بەڵام کاتێک لێکۆڵینەوەکانی واتەرگێت ڕێچکەی خۆیان دەگرنە بەر نیکسۆن بڕیار دەدا ئەم دۆسیەیە لەسەر ڕەفەکان دانێ. لە حوزەیرانی ۱۹۷۳ کۆنگرێس هەموو کردەیەکی سەربازیی لە ڤێتنام قەدەغە کرد، لە ۱۹۷٤ی بڕینی بودجەکە دێت کە مشتومڕی لەسەر بوو. لە ۱۹۷٥ پشتی سایگۆنیان شکاند لە ڕووی دەروونییەوە.

## لەناو بردنی ترسی هانۆی

هەر لەو ڕۆژەی ڕێککەوتنی ئاشتی واژۆ کرا، هەموو بەڵگە و ئاماژەکانی ئەوکات و ئێستاو گێڕانەوەکان، گومانی ئەوە هەڵناگرن کە هانۆی ڕۆژی دەژمارد بۆ ئەوەی کێشەکە لە ڕێگەی سەربازییەوە یەکلایی بکاتەوە، ئەگەر ڕەفتارەکانی سایگۆن هەرچیەکی بێ، ڤێتنامییە باکورییەکان بە دەستوبرد دەکەونە خۆ و هێز و ڕێکخستنەکانیان لە باشور دووبارە ڕێک دەخەنەوە و ڕێگاوبانەکان ئاوەدان دەکەنەوە، بە درێژایی هەزار میل لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور و باشوری ڤێتنامی باشور ڕێگا دروست دەکەن، لە نێویاندا ڕێگا بە پانایی هەشت مەتر هەبوو کە بۆ هاتوچۆی

بـارهەڵگر بشـێ، هەروەهـا بە درێژایـی ٥٠٠٠ کـم بـۆڕیی نەوتیـان دانـا بـۆ گەیانـدنی سوتەمەنی بە بارهەڵگرەکانیان، ئەمانە هەموو پێشێلی ئاشکران لە ڕێککەوتنی پاریس.

لە تشرینی یەکەمـی ١٩٧٣لە دانیشـتنی تەواوکەری بیسـتویەکی لیـژنەی ناوەنـدی حزبی کۆمۆنیستی ڤێتنامی باکور، بڕیاری دا بەرنامەی توندوتیژی جێبەجێ بکا کە پێـی دەگوترا (توندوتیژی شۆڕشـگێرانە). لە ئـاداری ١٩٧٤ کۆبـوونەوەی لەشـکری ناوەنـدی، نەخشەی بۆ هێرشـی سـتراتیژی کێشـا، لە گێـڕانەوەی فەرمانـدەی ئەو هێرشـە جەنەڕاڵ فـان تیـان دونـگ لە ڤێتنـامی بـاکور دەڵـێ: یەکەکـانی ڤێتنـامی لە نیسـان و تشـرینی دووەمی ١٩٧٤ هێرشیان کردۆتە سەر بنکەکانی دوژمن، بێ ئەوەی جـێ پێیـان ون بـێ، ڕۆژانە سەرکەوتنی مەزنیان بەدەست دەهێنـا و زیـانی باشـیان لە دوژمـن دەدا، سـتونی گشتی لەم هێرشانە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە هێزە گەرۆکەکانمان توانـایەکی بـێ وێنەیـان هەیە لە سەرکەوتن بەسەر دوژمندا.

هەروەکـو فەرمانـدەکە دەیگێـڕێتەوە، هۆکـاری ئەو سـەرکەوتنانە بەهـۆی تانـک و تۆپی فڕۆکە جەنگیەکانەوە بوو کە لە باشور بڵاوەیان پێیان کردبـوو، بەو هـۆیەوە وردە وردە هێزەکانیان بەرەو پـێش دەچـوون، لەو کاتـانەی ڤێتنـامی باشـور ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنگەی پێ هەڵدەچنرا، واشنتۆن بە کێشـە ناوەخۆییەکانیـەوە سـەرقاڵ بـوو، سـەرباری هەموویان بەکێشەی ڤێتنامەوە ماندوو بووبوو.

بە سەرکەوتنی هێزی دیموکراسی لە واشنتۆن لە ١٩٧٤ تەوژمێکـی تـر بە دۆخەکە دەدرێ، بەمشێوەیە لەو کاتانەی ڤێتنـامی باشـور لە مـردن نزیـک دەبـۆوە، لە واشـنتۆن لەسـەر بـڕی کەمکـردنەوەی هاوکارییەکـان مشـتومڕیان بـوو، لەگەڵ دیراسـە کردنـی ئەو کارەکتەرانەی دەبنە مایەی بەرەوپێشبردنی کاروانی ( گۆڕینی دیموکراسی) لە سایگۆن، ئاژانسەکانی هەواڵگری لە خەیاڵدا نەدەژیـان، هەر لە ٢٣ی ئایـاری ١٩٧٤ لە ڕاپۆرتێکـدا هەواڵگری نەتەوایەتی هۆشداریی داوە کە ڤێتنامی بـاکوری کـردۆتە بەشـێک لە یەدەگـی ستراتیژیی:

بۆی هەیە هێزەکانی ڤێتنـامی باشـور لە توانایـدا نەبـێ جـلەوی کارەکـان بگـرێتە دەسـت و گومـانیش هەیە کە سـایگۆن نەتـوانێ لە بەرانـبەر ئەم دۆخـانەدا لەسـەر پـێ بووەستێ بەبێ هاوکارییەکانی هێزی ئاسمانی و یەکەی دەریاوانی ئەمریکا.

لانیکەمی هاوکارییەکانی ئەمریکا دەبێ ڕاگرتنی پێشوەچوونی سۆڤیەت بێ. لە ڕاپۆرتی نووسینگەی هەواڵگری و توێژینەوەی وەزارەتی دەرەوە کە لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ دەرچووە، دەرکەوت، ئەگەر ئاراستەکانی بودجە نەگۆڕدرێ، ڕوخانی حکومەتی ڤیو لەسەر ئان و ساتیەتی:

هاوکارییەکان بە ئاستێک کەمبوونەوە تەنیا پڕکردنەوەی حاڵەتە ئاورتەییەکانی ( ×ساریێ) گرتبووەوە، لە کاتێکدا بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ڤێتنامی باکورو ڤیتکۆنگ لە ١٩٧٥ زۆر پێویستیان پێی بوو. کۆمۆنیستەکانیش پێیان وابوو ئەمریکا بە پرسی ئابووری جیهانی کە پەیوەندە بە وزەی خۆراکەوە سەرقاڵە. ڕاپۆرتەکان وا ڕادەگەیەنن کە توانای سەرۆک فۆرد بەهۆی ڕێگری کۆنگرێسەوە کەمە بۆ هاوکاریکردنی سایگۆن، حەزیشی زۆر لەوەیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆنگرێس بە باشی بمێننەوە.

ئەوانەی لە هانۆی حساباتەکەیان دەکرد بێ ویژدانانە هەمان ئەنجامیان دەدا. لەم ڕووەوە گۆڤارێکی ڤێتنامی باکوری (هوک تاب) ئەم ڕاستییەی درکاندووە، کە گۆڤارێکی فەرمیی وڵاتە، کاری شیکردنەوەی ئەنجامەکانی، هەر کەمکردنەوەیەکی هاوکارییەکانی ئەمریکا بوو بۆ ڤێتنامی باشور، لە کانونی دووەمی ١٩٧٥:

گڕی ئاگر و بڕی ئامێرەکانی حکومەتی بووکەڵەی (سایگۆن) زۆر کەمبۆتەوە. لە چواریەکی سێیەمی ١٩٧٤ ڕێژەی تەقەکردن و کردە سەربازییەکانی حکومەتی بووکەڵەی سایگۆن کەم دەبنەوە بە نزیکەی سێ لەسەر چواری، ئەگەر بەراوردمان لەگەڵ ساڵی ١٩٧٣ پێ بکردبایە. بە هەمان شێوە بۆ هێرشە ئاسمانییەکان و تۆپ و هاونەکانیان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێ خستنمان، کە ئێستا کاتی هێرشەکانی کۆمۆنیستەکانە .

گۆڕانی هەڵوێستەکانی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بەڵگەی هاندانی بەرزکردنەوەی ئاستی هێرشەکانی هانۆی بوو. لەوەتەی ڕێککەوتنی پاریس کراوە بۆ یەکەمجار بەرپرسێکی باڵای سۆڤیەتی لە کانونی یەکەمی ١٩٧٤ سەردانی هانۆی دەکا، دەرکەوت کە پرسەکە بۆ هەر شتێک بێ، تەنیا بۆ ڕووخۆشی نییە، چونکە سوپاسالاری سۆڤیەتی (ڤیکتۆر کولیکوف) لە بیرۆی سیاسی، بەشداریی لە گفتوگۆی ستراتیژی کردبوو.

تا ئێستا لە بیرمان نەچووە، لەسەر بنەمای ئامۆژگارییەکانی سۆڤیەتی باس لەو پرسە بکەین، بەڵام وا پێدەچێ هەندێک لە گرفت و تەگەرەی کۆن لابراون، بڕی هاوکارییە سەربازییەکانی سۆڤیەتیش لە مانگە بەراییەکاندا بۆ چوار بەرانبەر بەرزبووونەتەوە، ئێمە نەمانزانی هاندەری ئەم هاوکارییانەی سۆڤیەتی چین، ئایا مەبەستی لە چینە یا کاردانەوەی بڕیارەکەی کۆنگرێسە لەسەر بازرگانی و گلادیفوستوک؟ یانیش بەشێکە لە ستراتیژییەکانی سۆڤیەتی؟ هەرچیەکی بێ ئێستا هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە سۆڤیەت هانی ململانێکەی هانۆی دەدا.

تاقە گومان لەسەر هانۆی هەڵوێستی ئەمریکا بوو، دەبێ سود لە گێڕانەوەکەی جەنەڕاڵ دونگ ئان لی ئەمینداری گشتیی حزب کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ ئەم بڕوایەی هەبوو، ناکۆکییەکانی ناوەخۆی ناو ئیدارەی ئەمریکی لەگەڵ حزبە سیاسیەکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر دەبوون و پرسی واتەرگێتیشی هاتە سەر، بەو هۆیەوە کاریگەرییان لەسەر هاوکارییەکانی ئەمرکا بۆ سایگۆن دروست کرد ( حکومەتی بووکەڵەی هاوکار لەگەڵ بێگانە) ئەم دۆخە بە شێوەیەک بەرەو داڕمان چوو کە ئەمریکا لە توانایدا نەبێ پێش لە ڕوخانی کارەساتی و هێرشەکانی ١٩٧٥ بگرێ، لە داهاتوو ئەم گوتەمان دەسەلمێندرێ.

لەم ڕووەوە هەموویان لەسەر ئەم خاڵە کۆکن:

ئەو هێرشانەی لە پێناو ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخران دەکرێ بلێین تەنیا پێشەکیی سەرکەوتنەکانی یەکجارەکیی ١٩٧٦ و تا ١٩٧٧ بوون. کاردانەوەی ئەمریکاش لەسەر ئەو هێرشانە دەبێتە تاقیکردنەوەی تواناکانی بۆ بەردەوامیی لەو کاروانە.

شێوازی پەیوەندییەکانی لی دوک ثو لە سەر ئاستی بیرۆی سیاسیی هانۆی، وەکو ئاماژەی باش دەخوێندرانەوە. دەست بەردار بوونی نیکسۆن لە پۆستەکەی کە بەشێکی لە بودجە و دەرماڵەی سایگۆنی بڕی، بووە مایەی غرور و لەسەرخۆچوونی هانۆی، پێی وابوو بایەکە لە بەرژەوەندی کەشتییەکەی هەڵدەکا. لە ١٩ی ئابی ١٩٧٤ فۆرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی، دەرفەت وەردەگرێ و پەیامێک بڵاودەکاتەوە تیایدا، هۆشداری دەداتە ئەوانەی بە نیازن بۆ مەرامە سەربازییە کانیان سود لەم گۆڕانکارییەی

ئەمریکا وەرگرن، لە هەمان کاتدا خۆشحالی خۆی لە دروستبوونی پەیوەندیی لەگەڵ هانۆی دەردەبڕی.

دەبێ فۆرد لە ڕێگەی لایەنگرانی سیاسەتی نیکسۆنەوە لە دۆسیەی هیندیی چینی ئاگاداری سیاسەتی ئەم پرسەی پێنج ساڵ و نیوی ڕابردوو کرابێتەوە . جەنابی ڕاوێژکار بە گیانێکی ڕاشکاوانە بەرانبەر بەیەک پێتان بلێم کە سەرۆک فۆرد پیاوێکی هەستیار و ئابڕومەندێکی ئەمریکییە، بەشدارە لەو گوتەی کە دەڵێ:

کاتێک هەمووومان بە یەکڕیزی لە تەک کۆماری ڤێتنامی دیموکراسی (ڤێتنامی باکور) کارمان دەکرد دەرگایەکی کراوەی ئەرێنی هەبوو بۆ یەکلایی کردنەوەی ئاشتیانە و بنیادنانەوەی وڵات، ئێستاش سەرۆک ئامادەیە لەگەڵ تۆ ئەم تەوەرە بگرێتە دەست.

لو دوک ثو بەوە دڵی ئاو ناخواتەوە بە وەڵامێکی چەقاوەسوییی لە ٢٥ ئاب چاکەی نیکسۆن نەداتەوە، بەڵکو هەڕەشە لە فۆرد دەکا دەڵێ هەمان چارەنوسی دەبێ:

نیکسۆن بە بێ ئومێدی و شکست خواردوویی ئەم پرۆژەی گرتە دەست تا لە کۆشکی سپی دەرچوو، ئەگەر فۆرد ئەم پرۆژە دەست پێ بکاتەوە بەڵکو هەمان چارەنوسی دەبێ کە هیچ گومان هەڵناگرێ.

دوای ئەوەی بە تۆمەتی واژۆ و پابەندی، تۆمەتبارم دەکەن، ئەم تۆمەتە ئەو کاتە دەخرێتە پاڵ دبلۆماتکاران کاتێک بە مسۆگەری دەزانی کە لە دانوسانەکان بە سەرکەوتوویی دەردەردەچێ، ثو کۆتایی گوتەکانی لەسەر من بەمشێوە دوایی پێ هێنا:

لەو حاڵەتەی ئەمریکا بەبێ نیکسۆن بەردەوام بێ لە پێداگری لەسەر بڕواکانی نیکسۆن و دەستەی نگوین ڤان ثیو بەکاربێنێ بۆ بەدواداچوونی جەنگ و لە بەینبردنی ڕێککەوتنی پاریس، ئەوکات گەلی ڤێتنام بەردەوام دەبێ لە خەباتی لە پێناو بەرگری لە ئاشتی و ڕێککەوتنی پاریس تا سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست دێنێ.

هانۆی سەرکەوتن دەکاتە بژاردەی خۆی، کەچی واشنتۆن قسە و باسی لەسەر ٧ سەد ملیۆن دۆلارەکە دەبێ کە وەکو هاوکاری بە ڤێتنام دەدا بە مەرجەوە، دوای ئەو هەموو کەمکردنەوە چەند جارەییە کە بە سێ چارەگ مەزندە دەکرا. لە کاتێکدا پرۆسەی ئاشتی لە ساڵی یەکەمی دابوو.

کاتێکیش فۆرد داوا لە ستینیس دەکا ئەو گوژمە ۳۰۰ ملیۆنە زیندو بکاتەوە کە کۆنگرێس لە بودجەی دەرماڵە کەمیکردۆتەوە، ئەوکات ئەو دۆستە وەفادارە گوایە لە دەستەی (کۆترەکان) ە کەچی بەس لەو دەستە نەدەوەشایەوە دەڵێ:

من وتم ئەگەر لە سەربازەکانەوە گەیشتمە ئەو بڕوایە کە ئەو ۷۰۰ ملیۆنە بەش ناکات من کار بۆ زیاتر دەکەم، بەڵام ئێستا زانیاریم پێ گەیشتووە، دەڵێ دەتوانین کەمی کەینەوە، داواکارم کەسێک بنێریتە ئەوێ تا تێچووەکە بخەملێنێ.

یەکێک لەو شارەزایانە بلنگتون ی بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوە بوو کە پێشتر لەوێ کاری کردبوو، لە ڕاپۆرتێکدا تێچووەکە دەخەملێنێ و دەڵێ: تەنانەت ئەگەر ئەو ۳۰۰ ملیۆنەش زیاد بکرێ بەشی خەرجییەکانی سایگۆن ناکا، پێمان وایە ئەگەر ئەو بڕە پارەیە بکرێتە ۱۳۰۰ ملیارێک و سێسەت ملیۆن دۆلار بۆ ساڵی ۱۹۷٦ بەشیان دەکا، ئەوکات چاککردنەوەی ئامێرە تێکچووەکان دوا ناکەوێ، لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا هاتووە: هەڵوێستی ڤێتنامی باشور بەبێ بودجەی تەواوکەر هیچ ئومێدێکی بەرەو چاکبوونی نابێ، لەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە تەنیا یەک بژاردەمان لەبەردەستدایە ئەگەر بودجەی تەواوکەر بڕیاری لەسەر نەدەین ناتوانین ڤێتنامییەکان لەم نەهامەتییە ڕزگار بکەین:

ئەگەر ئەم تەواوکەری هاوکارییە نەگات هیچی ترمان لەدەست نامێنێ جگە لە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی زۆرینەی ڤێتنامییە باشورییەکان نەبێ. نموونەیەکی تر، ئایا ئێمە پابەندی دابینکردنی ژیانی هەزاران ڤێتنامی نین کە لە دەزگاکانی ئەمریکا کاردەکەن؟ کورتهێنانمان لە پابەندبوون و هاوکاریکردنی ئەم کەسانە شەرمەزارییەکی مەزنمان بۆ دێنێ، وەکو دۆڕانمانە لە ڤێتنام.

لە ۳۰ی کانونی دووەمی ۱۹۷٤ لە فیل لە کۆلۆرادو، فۆرد و بتلکۆ پەیمانی هاوکارییەکانی دەرەوەیان واژۆ کرد، بەهۆی کەمکردنەوەی هاوکارییەکانەوە ناڕەزایی زۆری لێ دەکەوێتەوە، ئێستا مانەوەی ڤێتنام لەسەر هاوکارییەکانمان وەستاوە کە کۆنگرێس پەیمانی داوە.

## هانۆی دەست بە هێرش دەکاتەوە

ئەوەی وایکـــرد ڤێتنـــامی باشـــور لە مـــۆتەکە بچـــێ، لایەنـــی نەهـــامەتیی دەستاودەســـتکردنی پرســـەکە بـــوو کە لە ڕێوڕەســـمی ئـــایینی دەچـــوو: دیـــارە ئەمە کۆتاییەکەیەتی، ئەوەی دەگوزەرا هیچ پەیوەندیەکی بە ڕواڵەتەکەوە نەبوو، هیچی کتوپڕ لە هیندیی چینی ڕووی نەدابوو کە بەدەر بێ لە ڕووداوەکان، تەناتەت ئەو ئامادەکاریەی هانۆی لە ڕێکخستنی سەربازی بۆ ئامادەسازی هێرشبردنی ناوە ناوە نەبێ، کە لە بیرۆی سیاسیەوە فەرمانی بۆ دەردەچوو، ئەوەبوو لە ناوەندی ئەیلول زنجیرەیەک لە هێرش بـۆ سەر ڤێتنامی باشور ئەنجام دەدرێـن، لە کـانونی دووەمـی ١٩٧٥ هێزەکـانی کۆمۆنیست شاری فوک بنەیان داگیکرد کە پایتەختی فودوک لونگ بوو، ئەمەش یەکەمین پایتەختی هەرێـم بـووە داگیردەکـرێ و سـایگۆن پێـی وەرنـاگیرێتەوە، ئەم داگیرکـارییە بە بڕیـاری بیرۆی سیاسی دەکرێ وەکو نموونە هاتبووە دەستنیشانکردن.

ئەگەر کاردانەوەیەک لە ئەمریکاوە دەرچێ ئەوا دەرفەتێک لەبەردەم هانۆیدا دەمێنێ تا لە لێواری مەترسیەکان دوورکەوێتەوە.

بەڵام ئەمریکا سـور بـوو لەسـەر ئەوەی خەرجیەکـانی لەو دۆسـتە بسـێنێتەوە کە ئێســتا چەقــۆ خــراوەتە ســەر ملــی، مــن گەڵێکجــار لەبەردەم کــۆنگرێس و کــۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانـدا ڕام گەیانـدوە، بەهـۆی دابەزینـی ورەی دۆسـتەکانمان لە پاڵپشـتی کردنیـان، بەرژەوەنـدییەکانمان لە مەترسـی دان. نموونـەی گوتەکـانم، ئەمەی لەبەردەم گەورە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە گوتم:

لەسەرمانە بەرگری لە بەرژەوەندییە نەتەوییەکانمان بکەین، هیچ شتێکمان نییە لە دانیشـتنەکانی کـۆنگرێس بە پێویسـتی بـزانین بـیکەین جـگە لە کـارکردن لە پێنـاو بەرژەوەندیەکانمان نەبێ، ئەگەر بە گەرمی لەلایەن کۆنگرێسـەوە پێشـوازیمان لـێ بکـرێ ئەوا ڕازی دەبین.

کۆنگرێس ئامادە نەبوو بە خێرایی ڕەفتار بکا، بەمشـێوەیە پرسـەکە کەوتە لێـژی، دەبێ هەوڵی ڕێکارێکی تری بەرگری بدەین بۆ فووک لونگ، شێوازی جاران دووبارە بۆوە

سۆز و ئارەزووەکان بۆ تەواوکردنی هاوکارییەکان نزم بوون، تروسکاییەکی کەم مابوو ئەویش بوونی کەسێک بوو لە لیژنەی لاوەکیی جێبەجێکردن کە هاوڕا بوو لەگەڵم، وا هەڵدەکەوێ ئەو کەسە سەرۆکی ئەمریکا بوو، لە ژێر کاریگەریی دەزگای ڕاگەیاندن و دەستەی کارمەندانی نزیک لە خۆی، کار لەسەر ئەوە کرا کە من و ڤێتنام لەیەک جیاکەنەوە. لەسەر ئەو بۆچونەی گەلێک لە هەڤاڵانی لە نێو کۆنگرێس لێی ناڕازی بوون . فۆرد بە هێمنی و لەسەرەخۆ لەسەر بۆچوونەکانی سور دەبێ، بەر لە هەموو کۆبوونەوەکانی هەردوو ئیدارەکە، من لەگەڵیدا بە کارەکاندا دەچومەوە تا دڵنیا بم لەوەی من ڕەنگدانەوەی بۆچونەکانی ئەوم. هەروەکو لە کۆبوونەوەی ٧ی کانونی دووەم بەر لە کۆبوونەوەی WSAG بۆ چارەسەری هێرشی فووک لونگ، وەڵامی سەرۆک کورت و پوخت بوو:

کیسینجەر:

کۆبوونەوەی WSAG مان لەسەر ڤێتنام هەیە، من هەوڵدەدەم هێڵێکی ڕوون بگرمەبەر، گریمان ئێوە ئامادەن بۆ داواکردنی ئەو بڕە پارەیە.

فۆرد:

ئەلبەت.

جارێکی تریش لە ٨ی کانونی دووەم سەبارەت بە ڕێکارە سەربازییەکان پرسیارم لێی کرد کە لە کۆبوونەوەی WASG گفتوگۆما لەسەری کردبوو، گوتی:

(پێمـوایە دەبـووایە ئەوە بکەین، بەڵام بۆ بێ بەختی، گەنجینەمان خاڵیە، لە ڕاستیشدا هەرکە مشتومڕەکان دەچنە سەر ئەو ڕێکارانەی دەبێ بگرێنە بەر بۆ پاککردنەوەی هانۆی، ئێمە وای دەبینین کە ئەو ڕێکارانە مەترسیدارن، لیستی وەزارەتی دەرەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە بەڕاستی ئێمە لە بەرانبەر ئەو کارە بێ ئەنجامین، بۆیە بە باشی دەزانین دەرفەتێکی تر بە هانۆی بدەین، ڕێکارەکان مایەی تۆقاندنن، بریتین لە بانگەوازی مۆسکۆ و پەکین و ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ناڕەزاییش لە لایەن وڵاتانی دی دەربـبڕدرێ (ئەو یانزە لایەنەی لەسەر ڕێککەوتنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەسەر ڤێتنام لە ٢ی ئاداری ١٩٧٣ واژۆیان کردووە وەکو مسۆگەربار) .

پێناچێ هیچ یەک لەم ڕێکارانە پێش لە هێرشی ئایندەی ڤێتنامی باکور بگرن و کارەسات لە ڤێتنامی باشور دووربخەنەوە، بروسکەیەکمان بۆ هەموو ئەولایەنانە نارد کە لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەسەر ڤێتنام ئامادەبوون جگە لە ڤێتنامییەکان، هەمان بروسکەمان بۆ سێ ئەندامی چاودێریش نارد کە بریتی بوون لە ( ئەندنوسیا، هەنگاریا، کەنەدا) وەڵامەکان هەموویان خۆدزینەوەی پێوە دیاربوو، بەڵام زۆربەیان بێ دەنگییان هەڵبژارد، ئەوەی زۆر ئاسودەی کردم ئەو پێناسە بوو کە بۆ وەڵامەکانم بینییەوە ئەویش وەڵامی (لەڕودامان) بوو من کەوتبوومە ئەو بڕوایەی کە هانۆی بەم هەڵوێستانە ڕێگریی لێ ناکرێ، ئەوەی ڕێگریی لێدەکا ڕێکارەکانی مەیدانین، دواتر لە میانی نامە و هەڵوێستەکان بۆچارەسەری سەربازی و سیاسی، لەوە گەیشتین کە ئیدارە ناتوانی بڕیاری کۆنگرێس بشکێنێ کە بریتییە لە ڕێگەنەدان بە هەر کردەیەکی سەربازی لە ڤێتنام، بەڵام بە نزیکبوونەوەی دۆخەکانی هاوشێوە لەو پێویستیانە. ئومێدێکی کەم هەبوون بەوەی بتوانین بەشێک لە هێزەکانمان جوڵە پێبکەین و لە هیندیی چینییان نزیک بکەینەوە بەڵکو هانۆی بەخۆیدا دێتەوە، وەزارەتی بەرگری بۆ ئەم مەبەستە لیستێکی لە دەسەڵات و تواناکانی خستە بەردەستمان:

- بەرز کردنەوەی ئاستی چالاکییەکانی چاوگێڕی لەسەر ئاسمانی ڤێتنام.
- ئامادەدان بە هەڵگری فڕۆکەکانی (ئەنتر پرایز)کە بەرنامەی جوڵانەوەکانی لە کەنداوی سوبیک لە فلبینەوە تا زەریای ئارام بوو، ئاڕاستەکانی بگواستەوە بۆ بەرەو کەنداوی تونکین.
- گواستنەوەی فڕۆکە جەنگیەکانی ف٤ لە فلپین و تایلاندەوە و فڕۆکەکانی ب٥٢ لە ئەمریکاوە بۆ دوورگەی گوام.

بریا ئەم جوڵانەوانەم پشت بەو ئەزمونەم ببەستێ کە بریتییە لەوەی (ئەگەر بە ترسەوە جوڵە بکەین زیانمان پێ دەکەوێ، ئەگەر ئازا و زیرەک بین سەردەکەوین).

WSAG ڕاسپاردەکانی منی پەسند کرد و فۆردیش لەسەر هەموو لیستەکە ڕازی بوو، بەڵام بەر لەوەی پێشنیارەکانم جێبەجێ بکرێ و هیچ جوڵەیەک بکا، وەزارەتی بەرگری لە پەیمانەکەی پاشگەز دەبیتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنگرێس و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە دژی ڕەتکردنەوەی بودجەی تەواوکاری هاوکارییەکان. ئەم

جارەیان کۆنگرێسێکی نوێ بە سەرۆکایەتی مابک گوفرن، دۆخی کۆنگرێس ڕێگە بە خەرجیی زیاتر بۆ ڤێتنام نادا، ئێستا هیچ ڕێگایەک لەبەردەم نەمایەوە، یا هەڵکشان بەرەو جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی WSAG یا بەرپرسیارێتیەکە بخاتە ئەستۆی وەزارەتی دەرەوە. هانۆی نارەزایی لە گەشتە ئاسمانییەکانی فرۆکە ئەمریکییەکان دەربڕی، گوایە پێشێلی ڕێککەوتنی پاریسە، دەنگەکان بەرزبوونەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردیانە هەڵڵا، کۆنگرێس داوای ڕونکردنەوەی کرد، پنتاگۆن وەڵامی دایەوە کە وەزارەتی دەرەوە ڕونکردنەوەی هەیە، بەمشێوەیە سەبارەت بە بەرپرسیارێتی ڕایانگەیاند، دەستی لێ بشۆن. دواجار شلیسنجەر تەنگەتاو دەبێ، لە ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٥ بەرگریەکی توندی لە گەشتەکان کرد، هانۆی هەستی بەوەکرد ئەوەی تا ئێستا نەیزانیوە ئێستا دەبێ بیانزانێ: ( ئەوەی کردمان لانی زۆری توانا و دەسەڵاتەکانمان بوو). بڵاوکردنەوەی هەڵگری فرۆکە جەنگییەکان لە کەنداوی تونکین هەرگیز ڕووی نەدا. بە هەمان شێوە بۆ فرۆکە هەڵگرەکانی ( ئەنتر پراین)یش. ئێستا لە تەکتیکەکانی هانۆی گەیشتین کە بریتی بوو لە بێزارکردنمان بۆ ئەوەی لە تواناکانمان بگات، دواتر دڵنیامان دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێمان بڵێ کە ئێمە بە ڤێتنامیە باکورییەکان ناوێرین، پنتاگۆن زۆر بایەخی بەوە دەدا کۆنگرێس تورە نەبێ، هەر بۆیە ئاڕاستەی فرۆکە هەڵگرەکانی گۆڕی.

دواتر وەزارەتی بەرگری داوای کرد لە جیاتی ئەو فرۆکە هەڵگرانە، هیتری پێشنیار کرد بۆ شوێن گرتنەوەی بچێتە کەنداوی تونکین، بەڵام ئێمە ئەو توانایەمان لەدەستدا نەبوو ئەو هەموو جوڵە بە فرۆکە هەڵگرەکان بکەین، لە ١٣ی کانونی دووەم داوام لە فۆرد کرد سەرجەم ئۆپەراسیۆنەکانی بڵاوکردنەوە سەراوژێر کا:

تا ئێستا بڕوام وایە جوڵانەوەکانمان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کارێکی دروستە، بەڵام وەزارەتی بەرگری وا دەردەخا کارێکی نارەوایە و خەریکە کێشەمان بۆ لەگەڵ دەستەی کاپیتال دروست دەکا (ئەنجومەنی پیران)، دواتر بە ناچاری دەبێ هەزاران پرس داوابکەی، ئەمەش خەراپترین شێوازی مامەلەیە لەگەڵ ڤێتنامییە باکورییەکان.

دەستەی کارمەندانی کۆشکی سپیش تووشی پەتای میزاجی بوونەوە، واتە خۆدزینەوە و پاشگەزبوون، هەندێک لە دۆستانی سەرۆک بە خەیاڵ دەجوڵانەوە، هانی سەرۆکیان دەدا بۆ کۆتاییهێنان بە پرسی ڤێتنام بەو نیازەی ئافەرینێک لە سەرۆک

وەدەست بێنن، کۆتاییهێنـان بە شـەڕی ڤێتنـام مەرج نییـە هـیچ دەسـتکەوتێکی بـۆ سـەرۆک تیـابێ، چـاکە و ئازایـەتییەکەی سـەرۆک لەمەدابـوو کە خـۆی ڕادەسـتی لە خشـتەبردن نەکـرد. گـوایە کۆتاییهێنـان دەرچـونێکی ئاسـانە. پێـداگریی لە ئـابڕوی پۆستەکەی کرد، ڕەتی کردەوە سەر بۆ هانۆی دابنوێنێ و دۆستەکەی لە ناو بەرێ.

هەڵوێستی کارمەندانی کۆشکی سپی بە کورتی لە ڕون نیسین بیسترا کە کرابـووە سکرتێری ڕۆژنامەوانیی، دوای ئەوەی بژاردەی یەکەمی (سکرتێری ڕۆژنـامەوانی) بەهـۆی لێبـوردنی لەلایەن نیکسـۆنەوە دەسـت دەکێشـێتەوە، لە یاداشـتەکەیدا نیسـین بـاس لە خەیاڵێکی وشک دەکا کە ڕۆژگارێک دێت لە ڕێگەی بەیاننامەکانی ڕۆژنامەوانییـەوە شـەڕ کۆتـایی هـاتووە. ئەو وەکـو ئەنـدامی دەسـتەی کارمەنـدان مەبەسـتی بـوولە ڕێـگەی ڕۆژنامەگەرییەوە ڤێتنامی باکور ڕسوا بکرێ هەر نەبێ بە دەرخستنی نیازەکانی ئەمریکا، منیش وەڵامـم دایەوە: مـن پێمـوایە هـانۆی بە پێـی وەڵامەکـانی مـن نەخشـەکانی خـۆی دادەڕێژێ. منیش لەلای خۆمەوە پەیمانم پێی دا کە لە ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی لە دەرکردنی بەیاننامە دریغی ناکەم بۆ ڕسواکردن و ترساندنی ڤێتنـامی بـاکور، چـونکە ئەم ترساندنە ئەمریکییەکانیش دەترسێنێ بۆیە پێویست ناکات.

لەگەڵ بوونی ئەم هەڵوێستە ئیتر بەیاننامەکانی ئەمریکا مانای ئەوە نییـە هـانۆی بەهەمـان ئاسـت هەنگـاو دەنـێ، یـا بلێـین هێرشـە مەزنەکەی کۆمۆنیسـتەکان لەسـەروبەندیەتی. لە ٧ی کـانونی دووەم ڕۆژی لەدەسـتدانی پـایتەختی هەرێمـی فیـوک لونگ بوو، وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ڕەتـی کـردەوە ئاسـتی چـالاکییە سـەربازییەکانی کۆمۆنیستەکان بەرز بووبێتەوە و هێرشەکان سەرجەم وڵاتیـانی گـرتبێتەوە، ڕۆژی دواتـر نیسین ڕایگەیاند، هەرگیز نیاز ئەوە نییە قەدەغە سەپێندراوەکانی سەر سوپای ئەمریکـا بۆ هیندیی چینی بشکێندرێ.

هەرچەنـدە نیسـین بە پـێچەوانە بیـری دەکـردەوە بەڵام ڤێتنـامییە باکورییەکـان چـاودێریی دۆخەکەیـان دەکـرد، لە دوو سـەرچاوەی سـەربازی ڤێتنـامی بـاکور سـودمان وەرگرت کە سەرۆک وەزیران فام فان دونگ لە کۆبوونەوەی بیـرۆی سیاسـیی لە کۆتـایی ساڵی ١٩٧٤ تێبینییەکی باشی داوە، گوتویەتی:

(واشــنتۆن تووشــی هەرەســێک بــووە تەنــانەت ئەگەر بەرتیلــیش بــدەینە ئەمریکییەکـان نـاتوانن هێرشـمان بـکەنە سـەر، لەسـەر ئەم بنەمـایە دەبـێ دەسـت بە هێرشـەکەی باشـور بکـرێ)، سـەرچاوەیەکی تـر لە ڤێتنـامی بـاکور هەمـان زانیـاریی لە سـەرۆکی هـانۆی کۆمـۆنیزم دەگێـڕێتەوە کە ئەنـدامانی بیـرۆی سیاسـیی گەیانـدۆتە ئەو بڕوایە، چونکە تواناکانی دوژمن بەمجۆرەیە دەبێ هـانۆی ئەو نەخشـەی کە داینـاوە بـۆ هێرشکردن لە ساڵەکانی ١٩٧٥و ١٩٧٦ پەلەی لـێ بکـا و لە ١٩٧٥ هـەمووی جێبەجـێ بکـات، کە پێـی دەگـوترێ دەرفەتـی ڕەخسـاو بـۆ ڤێتنـام و لە سـودوەرگرتن وەپـاش نەکەوێ.

## کۆتایی ڕێگاکە

تـاقە کـارتێ کـە بەدەسـتمانەوە بـوو بـۆئەوەی سـایگۆن نەڕوخـێ، تەواوکـاریی هاوکارییەکـان بـوو، بەبـێ ئەوکـارتە چارەنوسـی ڤێتنـامی باشـور دیـار بـوو، کە هـەموو لایەنەکان ڕازیبوون لەسەری، بەڵام ئەگەر ئەم هاوکارییە نەختێکی تر دوا بکەوێ ئەوکات سودی نامێنێ.

هـیچ کەسـێکیش لەو بـڕوایەدا نەبـوو ئەو بـڕە پـارە ٣٠٠ ملیـۆنە بەش دەکـات. دەبـووایە لیسـتی پێویسـتییەکان بەرز بکرابـایەوە تـا هەردوو قۆنـاغەکە لە کـۆنگرێس ڕەتبکرێتەوە :

١/ قۆناغی دەست واڵاکردن.

٢/ قۆناغی دیـاریکردنی تێچووەکـان. چارەسـەری ئەم بڕیـارانە لە ڕێـگەی لیـژنەی تایبەتی کرا، بەڵام ئەو لیـژنە تـایبەتیە نەیتـوانی لەو بـڕە پـارەی تەرخـان کـراوە زیـاتر تەرخان بکا کە ناوی نرابوو تەواکەری هاوکارییەکان. ئەگەر مەبەستیان زیادکردن بووایە دەبووا، لە ڕێگەی لیژنەی خزمەتی سەربازییەوە داوا بکەن. بیروکراتەکانیش دەستیان بە ژمـارەی ٣٠٠ ملیـۆنەوە گرتبـوو، لە ڕاستیشـدا هـیچ بنەمـایەکی دروسـت بـۆ ئەم ژمـارە نەبوو، ئێمە داوای ١،٤ ملیار دۆلارمان کردبوو، لیژنەی خزمەتی سەربازی بە یەک ملیـار

دۆلار دەستی والآ کرد. بەلآم چونکە لیژنە سور بوو لەسەر کەمکردنەوە، منیش لە ٢٠ی کانونی دووەمی١٩٧٥ لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە ئەمەم ڕاگەیاند:

من وەکو پابەندی بە دەستپاکیەوە بە سەرسوڕمانەوە ئاگادارتان دەکەمەوە، ئەو ژمارەی کە ناگونجێ لەگەڵ داواکارییەک لە ڕۆژێکا بە ڕێگەی هەڵکەوت دابەزیوە، دەبێ ئەو ژمارە بێ کە پێویستییەکان جێبەجی دەکا.

ئێستاش ڤیو کە بێ ئومێد بووە، لە ٢٤و٢٥ی کانونی دووەم بە دوو نامە فۆرد ئاگادار دەکاتەوە، تیایدا ناڕەزایی خۆی بۆ داگیرکردنی فودوک بینەی دەربڕی گوایە کارێکی بێ ڕەوشتانەیە، باسی لە ئاستی هێرشەکانی سەر ڤێتنامی باشور کرد بەو هاونە قورسانە لەو هێزە زەبەلاحەوە کە ڤێتنامییە باشوریەکان لە هەر هاونێک ترس و تۆقانیان لێ دەخولقێ، داوای لە فۆرد کرد دڵنیایان بکاتەوە لەو هاوکارییانەی کە لە ڕێککەوتنی پاریس واژۆی لەسەر کردووە.

ئەم دوو نامەیە ئاگری لە بڕیاری فۆرد بەردا، بە ڕەتکردنەوەی بڕیاری دەستەی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی بە کەمکردنەوەی دەرماڵەی تەواوکاری. لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنییدا لەگەڵ هەریەک لە جۆن چانسیلون و توم بروکاو لە ٢٣ی کانونی دووەم فۆرد جەختی لەسەرکۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی کۆنگرێس کردەوە کە لە ٢٨ کانونی دووەم ئەنجام بدرێ، لوتکەی ئەو سور بوونەی گەیشتە ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٩ی کانونی دووەم تیایدا داوای لە کۆنگرێس کرد و هۆشداریی دایێ کە مەترسییەکانی ڤێتنامی باکور لەسەر ڤێتنامی باشور گەیشتونەتە لوتکە و گوتی:

ئاگاداری ڤێتنامییە باشورییەکانمان کردۆتەوە کە ئێمە بە هێزی سەربازیمان هاوکاریتان ناکەین، بەڵکو بە ئامرازی بەرگریکردن هاوکاریتان دەکەین تا ئێوە خۆتان بپارێزن، ڤێتنامییە باشورییەکان ئەم لەڕووداوەستانەیان قبول کرد و کار و بەرگرییەکی باشیان کرد.

بانگی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد تا یەکریز بن: دوێنێ بڕی تەواوکەری هاوکارییەکانم بۆ هیندیی چینی نارد، دەمەوێ لاتان ڕون بێ کە ئیدارە بە ڕوونی و

بەمشێوەیە کار دەکا، ئێمە ئەمەمان دەوێ و لە پێناوی ئەمەشدا دەجەنگین، نامەوێ بە هەڵە لێمان تێبگەن.

لە ڕۆژنامەکان باس لە پابەندی نوێ دەکرێ، ئێمەش باس لە پاراستنی پابەندی کۆن دەکەین. ئەگەر نەمانەوێ ئەوە بکەین کە بەشدەکات، ئەوا پرسیارێک هەیە لەسەر ئەوەی دەبێ هەر شتێک بێ بیکەین. نابێ بە بیانویەک ئەوەی کەمترین پێویستی لە هاوکارییەکان بدەین، لەسەری ڕابێین، چونکە ئەم هاوکارییە کۆنگرێس بریاری لەسەر داوە، ئایا دەمانەوێ ئەو ٥٥ هەزار قوربانییە کە خوێن و سامانیان لەم پێناوە بەخت کرد بە فیرۆ بدەین؟.

مەبەستە سەرەکیەکە لەم گفتوگۆیە ڕزگارکردنی هێزەکانمان و گەڕانەوەی دیلەکان بوو، لەوەی حکومەت بەرگری لە خۆی بکات کەس لاریی نەبوو، ئێستا ڤێتنامییە باشورییەکان بڕیاریان دا بەرگری لە خۆیان بکەن و ئێمەش دەتوانین هاوکاریان بکەین، دەرفەتیان هەیە ئەم بەرگرییە بکەن، ئەو دەرفەتەش هاوکارییەکانی ئەمریکایە.

ئەمە هیچ سودێکی نەبوو، کۆنگرێس لەو کاریگەرییانە دوور بوو، سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجومەنی پیران مایک مانسفیلد دەڵێ: من دەنگ بە پڕۆژەی تەواوکەری دەدەم چونکە برادەرانمان هی ئەم وڵاتەن نەک هی ڕۆژهەڵاتی باشوری ئاسیا یا هی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کارل ئەلبێرتیش کە لە بەهێزترین کەسی لایەنگرانی سیاسەتی ئیدارەیە، هیچ ئاماژەیەک نادا کە بڕیارەکە هیچ بنەمایەکی هەبێ و دەڵی: من نالێم ئەمە دەکەم، بەڵام کاتێک هەموو لایەنگرانتان دژی ئێوە بن من دەتوانم چی بکەم؟ سەرۆکی کەمینەش لە ئەنجومەنی پیران هیوج سکوت هەموو هەوڵێکیدا بۆ بەرگریکردن لە سەرۆک، بەڵام کوتلە زۆرینەکە لە نێوان بێلایەن و دژایەتی دابوون.

بابەتە سەرەکیەکە لای ئەوانەی دژی تەواوکاریەکە بوون، گوایە دەبێ ئەمریکا بەدوای چارەسەریەکی سیاسیدا بگەرێ نەک سەربازی. بەڵام شۆڕشگێرە مەزنەکانی هانۆی ئەوەندەیان بڕوا پێبوو کە بە گاڵتەوە بڵێن هەوڵی دبلۆماسی ڕێگایەکی جیایە لە هەوڵە ستراتیژییەکان، ناکرێ لە ڕێگەی بیردۆزی ئەکادیمییەوە لە مافە ڕەواکانیان بێبەش بکرێن، بە دبلۆماسیەت و لە مەیدانیش هیچمان بۆیان پێ ناکرێ.

ئێستا زۆربەی هێرشەکان لە لایەن ڕەوتی دیارەوە بوون، بەڵام ئەوەی جێی بێ ئومێدی و چاوەڕوان نەکراو بوو، سیناتۆر جاکسۆن بوو دەستبەرداری پرسی ڤێتنام دەبێ، ئەو میانگێڕێکی بەرزی کرانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوو، ڕەخنەگرێکی توندی فۆرد بوو لەسەر نیانی فۆرد بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکان، جاکسۆن لەسەر لێواری کاندیدکردن بوو بۆ سەرۆکایەتی، ئەو لە نیویۆرک و کالیفۆرنیا بڕیاری شکست دەدا و دژی دەرماڵەی تەواوکاری دەوستێتەوە:

من ساڵی پار لە بەرژەوەندی بڕینی ئەو ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە دەنگم داوە، ئێستا بۆ گەڕاندنەوەی دەنگ نادەم، کێشەکانی باشوری ئاسیا بەم بڕە پارەیە چارەسەر ناکرێن.

کاتێک پاسەوانە کلاسیکییەکەی دوژمنی کۆمۆنیزم دەستبەرداری هیندیی چینی دەبێ، کەلێنی بەینی ئیدارە و کۆنگرێس مەزنتر دەبێ بەشێوەیەک بڕە پارەی زیادە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خاکی ڤێتنام نەبێ، دەبووایە لە ئادار ئەو بڕیارە بدرێ بۆ ئەوەی پێداویستیەکان زوو دابین بکرێن، دواخستنی، زیانی زۆری لە ڕووی مۆڕاڵییەوە لە ڤێتنامییەکان دا، لە ڕوی سوتەمەنی و خۆراک و پێداویستییەکانی تر کەمی و قەیران دروست بوو، بەو هۆیەوە ڤێتنامی باشور ڕووبەڕووی مەترسیی لەبەر یەک هەڵوەشانەوە بۆوە.

ئێستا دۆخەکان بەوە گەیشتون لای ڤیو پرسەکە نەبۆتە چۆنییەتی بەرگریکردن لە وڵات، بەڵکو بۆتە ئەوەی دەتوانێ دەستبەرداری چی بێ، ئەگەری هێرشەکانی هانۆی زیاد دەبن، لە شوبات ڤیو کە هێشتا لە چاوەڕوانی هاوکارییەکاندا دەبێ، بڕیار دەدا یەکەی ئاسمانی بەرەو دانانگ تا درێژایی کەنار بڕوا، ئاماژەی جوڵەکردن لێدرا تا سوپاسالار ئەرکی هێرشکردن بگرێتە ئەستۆ، جەنەڕاڵ فان تیان دونگ وەکو فەرماندەی مەیدانی لە باشور، (لەم ڕووەوە سود لە یاداشتەکانی تونگ وەردەگیرێ) کە بەرنامە وابووە هێرش بکرێتە سەر بەرزاییەکانی ناوەندی، لە ماوەی وشکانی ساڵی ١٩٧٥ دواتر بەرەو ناوچەکانی نزیک لە سایگۆن جوڵە بکەن.

بڕوا بەخۆبوون، هانۆی گەیاندە ئەو ئەنجامەی سیاسەتێکی نوێ نمایش بکات، هەر زوو بزوتنەوەی ئاشتیی جیهانی دەهۆڵی بۆ لێدا گوایە (میانڕەوانەیە) بەڵام لای ئێمەی دانوسانکاران ناسراو بوو، هەمان ئەلتەرناتیفە کۆنەکە بوو کە بریتی بوو لە کۆتاییهێنانی

ئەمریكا لە تێوەگلان و دەستێوەردانی و دامەزراندنی ئیدارەیەكی نوێ لە سایگۆن، كە پێڕەوی كەلتوری ڕێككەوتنی پاریس بكات، بەر لە سێ ساڵ لە (لی دول ثوم) پرسیی مەبەستی چییە لە دەستەواژەی نهێنیی پیرۆز؟.

ئەو چارەسەرییەكی پەلەی پێشنیار كردبوو: بریتی بوو لە كوشتنی ثو، وادیاربوو تێنەگەیشتبوو بۆچی لە پێشنیارەكەی بێزارم . چونكە كۆنگرێس ڕازی نابێ بڕی پارەی زیاتر وەكو دەرماڵە بە ڤێتنام بدا، بۆیە بڕوایان بە چارەسەری سیاسی نەمابوو.

ئەو بزوتنەوەی لە باشور ڕاپەری بۆشاییەكی لە نێوان خۆیانو كۆنگرێس دروست كرد. ڕۆبیرت ثومبووسون پسپۆری بەریتانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبووەكان، لە شوبات سەردانێكی باشوری ڤێتنامی كرد و ئاگاداری فۆردی كردەوە كە ئەگەر هانۆی ئازا بێ و تیپە یەدەگەكانی بنێرێتە باكوری هێڵی سنوری DMZ كە هەردوك ڤێتنام لەیەك جیا دەكاتەوە:

ئەو كات ڤێتنامی باشور لانیكەم تیپی یەكەم و سێیەم لە هێزەكانی مارینزی ئاسمانی لەدەست دەدا و جەنگ كۆتایی دێ، پرسەكە هەمووی لەسەر ئەو كۆتوبەندانە وەستاون كە خراونەتە سەر هانۆی، بەشێك لە بڕیارەكەش بۆ كۆنگرێس و گەلی ئەمریكا دەگەڕێتەوە، سایگۆنیش ئامادەیە بۆ شەڕكردن و بەرگری و خۆراگری، ئەگەر لانیكەمی هاوكارییەكانیش بدرێن ئەوا گەلی ڤێتنامی بۆ بەرپەرچدانەوەی هانۆی خۆی ڕادەگرێ. دەكرێ بەمشێوەیە كۆتایی بە تێوەگلانی ئەمریكا بێ، بەڵام ئەگەر بەمزوانە هاوكارییەكان نەگەن ئەوكات ڤێتنامی باشور دەكەوێتە نێو بازنەی كوشتار و ئیتر پشكی ئەمریكا دەبێتە شورەیی و شەرمەزاری.

كێشەكە لەوەدابوو هەموو ئەوانەی خاوەن دەنگ بوون لە نێو كۆنگرێس مافی قسەكردنیان هەبوو، بەتوندی ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی و ڕەخنەیان دەگرت، پێیان شەرم و شورەیی بوو هیچ پەیوەندییەكیان لەگەڵ هاوپەیمانە سایگۆنییەكاندا هەبێ. دواجار ناڕەزایەتییەكانیان گەیشتە لوتكە كە دژی پێدانی هەر هاوكارییەك بن لە دەرەوەی ڤێتنامی كۆمۆنیستی و لاوس و كەمبۆدیا، ئەم بۆچوونەشیان لە ڕۆژنامەی لوس ئینجلۆس بە كورتی ڕۆژی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ بڵاوكرایەوە.

ئامـانجە بنەڕەتیەکـان دەبـێ ئاسـتی هاوکارییەکـانی ڤێتنـام دیـاری بـکەن نەک داخواستەکانی نگوین فان ثیو بۆ بەردەوامبـوونی لە حکـومتی تـاک سـالآری. کۆنگرێس شێوازی خۆگرمخانـدنی لە کۆبوونەوەکـان پیـادە دەکـرد، ئەو کۆبـوونەوانەی کـە مـانگی شوبات ئەنجام دران زۆربەی کاتەکانی بۆ ئەو پرسە بوو.

لەوکاتـانەدا هێرشـەکەی ڤێتنـامی بـاکور دەسـتی پێکردبـوو، سـیناتۆر همفـری بیرۆکەیەکی پێشنیار کرد کە دەستەیەک لە نێردەکان بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕاسـتیەکان بنێـردرێنە ئەو شـوێنە کـە ئـەوایش پێـک بـێن لەو دوو حـزبە، بـۆئەوەی لە ئاسـتی ئەو هاوکارییـانە بـگەن کە پێویسـتیانە، دوای نەختێـک بیرکـردنەوە فـۆرد بە پێشـنیارەکەی همفری ڕازی دەبێ، ترسی لەوەبوو ئەو بەرپرسـە پیـرە باڵآیـانەی همفـری نـاوی دانـاون، ڕازی نەبـن بەم ئەرکە ئەگینـا وردە پیرەکـان ڕازی دەبـوون، ئەوان لە پێنـاو ئاشـتی ئامادەن خۆیان بخەنە مەترسیەوە.

دیارە هەستەکانی فۆرد هەڵە ناکەن، هەر وا دەرچوو، پیرە باڵآکان ئەم ئەرکەیـان ڕەتکردەوە، دوای مشتومڕێکی زۆر تەنیا یەک لە پیرە باڵآکـان ئامـادەیی خـۆی دەربـڕی لەگەڵ حەوت لە پیرە بچووکەکانی تـر کە هـەموویان لە ئەنـدامانی بـزوتنەوەی نـاڕەزایی بوون دژی ڕۆڵی ئەمریکا لە هیندیی چینی و تێوەگلانی. شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبـوو، ئەو شـاندە دوای مـاوەیەک هیچـی پـێ نـاکرێ بەهـۆی ئەوەی ئەو کـات ڤێتنـام بەرەو ئاڕاستەی کارەسات هەنگـاوی دەنـا، ناچـار فرانـک چیـرش کە دژی بۆچوونەکـانی فـۆرد بـوو، پشـتگیریی لە پێشـنیارەکەی فـۆرد کـرد کە چارەسـەری مامناوەنـدی بـوو، ئەو پێشـنیارەش بریتـی دەبـێ لە پێـدانی دەرفەتـی دوو تـا سـێ سـاڵ بە هاوکـارییە ئەمریکییـەکان بە ڤێتنـام بـەڵکو بتـوانێ بکەوێـتە سـەرپێ و پشـت بە خـۆی ببەسـتێ، ئەمەش هەرچەندە واتای ئەوە دەدا کە ئەم هاوکارییە کارێکی خەیرییە نەک سیاسەتێکی دیار، من هەرگیز لەوەدا دەروون ئاسـودە نەدەبـووم کاتێـک دەمبینـی ڤێتنـام لەژێـر ئەو بـارە قورسـەی هێرشـدا دەنـاڵێنێ و ئـێمەش داوای ئەمەی لـێ بکەیـن، کەچـی ئەم داوایەمـان لە هـیچ هاوکارێکمـان نەکـردووە. بەڵآم باڵوێزمـان لە سـایگۆن گراهـام مـارتن پێشنیاری کرد کە ئەم هاوکارییە بۆ کاتێکی نادیـار بـێ، باشـترە، فـۆرد ئەم پێشـنیارە قبول دەکا و ماوەی هاوکارییەکان بە نادیـاری جـێ دەهێڵێـتەوە. ئەم بیرۆکەمـان قبـول

نەکرد تا ئەوکاتەی هەموو هاوکارییەکان لە سایگۆن دەبڕدرێن ئیدی ئێمە بیرمان لە چەند ملیار دۆلارێک دەکردەوە. چیرش پێشنیاری کرد ئەم هاوکارییە بۆ یەک جار نزیکەی ٧٥٠ ملیۆن بدرێ و دووبارە نەکرێتەوە، ئەم برە پارەش کەمترین خەملاندنەکانمان بوو کە بۆ سالێکیان بەشیان بکا، بۆ ئەوەی ڕێچکەی ئەم برە هاوکارییە بگرێتە بەر دەبێ هەموو ڕێکارەکانی لە کۆنگرێس و لیژنەکان جێبەجێ بکرێن، ئەمەش تا ئادار دەخایەنێ، ئەوکات ئیتر دوا دەکەوین و ڕووداوەکان ڕێچکەی خۆیان دەگرنە بەر.

# (١٦)
## روخانی کەمبۆدیا



نوردوم سیهانۆک

هیچ شوێنێک بەقەدەر خاکی سەوزی خمیرەکان لە ئەنجامی ململانێ لە هیندیی چینی، ئازاری نەچێشتوە، خمیرەکان کاتی خۆی بنکە و سەرچاوەی شارستانی بوون لەو ناوچەیە، بەرهەم و شارستانێتیان بۆ دەوروبەر پەخش دەکرد، بەڵام بە درێژایی سەردەم گەڕانەوە دواوە بۆ ناو سنورەکانی خۆیان، تا ئێستاش ئاسەواری ئەنجکورواتی پایتەختیان، شوێنەواری کۆنین و شارستانێتیی پێوە دیارە.

بە دروستیش نازانین کێ لە ئەنجکوروات حوکمی دەکرد یا ئەوکاتەی ئیمپراتۆریەتیان دەڕوخێ چۆن ڕوخاوە، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایەی کە ئارام و هێمنە قۆناغی توندڕەویی تێپەڕکردووە، هەندێک جار گەیشتونەتە ئەو حاڵەتەی تینوی خوێنی خۆیان بن؟ ئەوسا بەم ئاستە گەیشتبن، ئەوەی دەیزانین ئەوەیە خمیرەکان لە شەڕی کەمبۆدیا کە ملیۆن و نیوێک تا دوو ملیۆن کەسیان لێ کوژرا (بە ڕێژەی ١٥و٣٠% ی دانیشتوانی)، بە بۆنەی سەرکەوتنیان ئاهەنگیان گێڕا.

ئەمریکا لە خەمساردی خۆیەوە لە کەمبۆدیا تێوەگلا. ئیدارەکانی یەک لە دوای یەکی ئەمریکا دانیان بەوە نەنا کە سەرجەم خاکی هیندیی چینی بۆ هانۆی، مەیدانی شەڕن، فون نگوین جیاب لە ١٩٥٠ وە ڕایگەیاند هیندیی چینی یەک ستراتیژ پێک دێنێ و یەک مەیدانی شەڕن، بۆیە دەبێ ئێمە لەپێناو هەموو خاکی هیندیی چینی خەبات بکەین. دوای یەکلایی بوونی پرسی لاوس لە ١٩٦٢ ڤێتنامییەکان خۆیان لە پەیمانەکەی خۆیان گێل کرد کە ڕێز لە سەروەری لاوس بگرن، هێڵێکی گەیاندنی پێداویستیەکانیان لە ڕێڕەوی هۆشی منە بەسەر خاکی لاوس و کەمبۆدیادا تێپەڕاند تا گەیاندیانە هەرە باشور لە ناوچەی دەلتای میکونگ لە باشوری ڤێتنام، کاتێکیش هێزەکانی ڤێتنامی باکور چونە ناو ئەو ناوچانە، ئەو بەشەی کەوتە درێژایی سنورەکانی ڤێتنامی باشور لەناو خاکی کەمبۆدیا، داگیریان کرد و کردیانە ناوچەیەکی سەربازی. دوای ئەوەی سەرجەم دانیشتوانە سڤیلەکانیان لێ وەدەرنا، نزیکەی چوار تیپی سەربازی ڤێتنامی باکوریان لە ناوچەکانی ڤێتنامی باشور جێگیر کرد، هەرکە هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە کەمبۆدیا، لە هەر مانگێکدا دەیان سەربازی ئەمریکی دەکوژن، سود لە لاوازی خاوەن ماڵ وەردەگرن و ئەم ڕووداوانە لەسەر خاکی ئەوان دەقەومێنن، ئەمانە پێشێلی نێودەوڵەتی بوون هەر بە ئاشکرا. مایەی سەرسوڕمانە هەردوو ئیدارەی کینیدی و جونسۆن کە بەرپرسیارێتی شەڕی هیندیی چینیان گرتبووە ئەستۆ، ڕازیبوون لەسەر ئەمجۆرە نوێنەرایەتییەی کە ڕێگەی بە کوشتنی هەزاران ئەمریکی دەدا، لە ڕێگەی تەکنیکی کار و لەسەر خاکی وڵاتێکی خاوەن سەروەری بێلایەن.

زانینی ئەمجۆرە پاشخانییە زەڕوڕە، تا لە سیاسەتی ئیدارەی نیکسۆن بگەین لەسەر کەمبۆدیا. هەر لە سیاسەتی (بۆردومانی نهێنییەوە هەتا ئەوانی تر کە من لە بەشەکانی داهاتوو ئاماژەم بە هەموویان داوە.)

( بۆردومانی نهێنیٚ) کاردانەوەی نیکسۆن بوو لەسەر هێرشی ڤێتنامی باکور( مەبەست لە هێرشی mini- Tet ە کە دوای دوو هەفتە لە دەست بەکاربوونیان ئەنجامیاندا) ڕێکخسنتێکی پێکەنیناوی بوو، تا ئەو کات هیچ سیاسەتێ لەسەر ڤێتنام دانەڕشترابوو بە چاک یا بە خەراپ. زۆربەی هێرشەکانیش لەلایەن هێزەکانی کەمبۆدیاوە دەکران، دوای چوار هەفتە زیانی نزیکەی هەزار قوربانی لە هێزەکانی ئەمریکا کە گوت، نیکسۆن تۆڵە دەکاتەوە، لە ئاداری ١٩٦٩ ناوچە سنوریەکانی بە پانتایی ١٠کم کە ئەو ناوچەیە بوو ڤێتنامییە باکورییەکان لە ترسا پەنایان بۆی دەبرد، بۆردومانی کرد، دەگوترێ نوردام سیهانۆکی سەرۆکی کەمبۆدیا خۆی داوای لە ئەمریکا کردووە ئەم هێرشانە ئەنجام بدرێ، دیارە لێی خۆش بووە بۆیە بە نهێنی و بە ئاشکرا خۆی لەمجۆرە هێرشانە بێ خەبەر دەکرد، لە دیدارێکیدا ئەمەی بە نێردەی ئیدارەی جونسۆن ڕاگەیاندووە، ئەم پێخۆشبوونەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانە کەمبۆدییەکانی ئەو ناوچانە لەلایەن ڤێتنامییە باکورییەکان دەرکرابوون.

هەرچۆنێک بێ، مرۆڤ دەبێ ئەم بڕیارانە هەڵسەنگێنی، ئەگەر ویستمان هەمان پرۆپاگەندە دووبارە ببنەوە کە گوایە ئەم پێشێلکارییانە، کەمبۆدیا بێزار ناکا کە وڵاتێکی بێلایەن (هەروەکو هەندێک ڕەخنەگران دەیڵێن) گوایە ئەمە شێواندنی مێژووە. لە ڕاستیدا ئێمە نەخشەی ڕەتدانەوەی ڕەخنەی سیهانۆکمان دارشتبوو کە ڕێگەی بە بنکەکانی هێزی ڤێتنامی داوە ئەم زیانانە لە سوپای ئەمریکا بدەن و لە بەرانبەردا ئێمە ئەو بۆردومانانەمان ئەنجام دا، بەڵام سیهانۆک هیچ ڕەخنەیەکی نەگرت. لەوکاتەی بۆردومانەکان بەردەوامبوون داوەتی نیکسۆنی کرد بۆ بنوم پنە، نیکسۆن کۆنگرێس وسەرجەم لیژنەکانی بەرگری و سەرکردەکانی کۆنگرێسی لێ ئاگادارکردەوە کە زۆربەیان لە دیموکراتەکان بوون، بەڵام نەمزانی هیچ ناڕەزاییەکی لێ کەوتبێتەوە. ئەگەر لە نێو بازنە نهێنییەکە.

ئەم كارە بە نهێنی نەبوو هەموو جارێكیش ڕۆژنامەنووسەكان داوایان لە سیهانۆك دەكـرد تێبینیـی لەسـەر ئەو بۆردومانـانە چـیە؟ بەڵام ئەو هەمـان لێـدوانی دووبـارە دەكردەوە كە لای نێردەی ئێمە لە ١٣ی ئایاری ١٩٦٩ گوتبووی، واتە ئەم بووردومانانە هیچ زیانێكی گیانیی لێ نەكەوتۆتەوە.

كەمبۆیا تەنیا لەسەر زیانی گیانی كەمبۆدیەكان نـاڕەزایی دەردەبـڕێ، لە ڕاسـتیدا من ناتوانم ناڕەزایی دەرببڕم ئەگەر پێم ڕانەگەیەندرێ، من تەنیا لەسەر گیانلەدەستدان و تێكچوونی سامانی خمیرە كەمبۆدیەكان ناڕەزایی دەردەبڕم.

لێرەدا چەند ڕاپۆرتێكم بەدەست گەیشتوە لەسەر بۆردومـانی فڕۆكەكـانی ئەمریكـی بەڵام بەهۆی لەدەستنەدانی زیـانی گیـانی و مـاڵیی خمیـرە كەمبۆدیەكـان مـن نـاڕەزاییم دەرنەبڕیوە.

لە ٢٢ی ئابی ١٩٦٩ سـیهانۆك بە سـیناتۆر مایك مانسـفیلدی میـوانی ڕاگەیانـد، چونكە ئەم بۆردومانانەی ئەمریكا زیان بە كەمبۆدیەكان و گوندەكانیان ناگەیەنێ، تەنیـا بە فیدكۆنگەكان دەگەیەنێ، بۆیە من ناڕەزایی بە ئەمریكا نادەم، بە توندیش داوای كـرد خۆیـان لە زیـانی گیـانی كەمبۆدیەكـان دوورخەنەوە، هەرچەنـدە ڕاپـۆرتی ڕۆژنـامەگەری لەسەر ئەو بۆردومانانە ڕۆژانە بڵاودەكرانەوە.

لە ئـــاداری ١٩٧٠ بەهـــۆی ڕێكـــارێكی هـــاوبەش لە نێـــوان حكـــومەتەكەی و پەرلەمانەكەیدا، سـیهانۆك لەسـەر حـوكم دێـتە خـوار، لـون نـول سـەرۆكوەزیران دەبـێ، هۆكـاری كودەتـاكەش زۆر دوور بـوو لە هۆكـاری نـاوەخۆ یـا ئەمریكـا، ئـێمە ئەو كودەتایەمان بە یارییەك لێكدایەوە، كاتێـك حكومەتە نوێیـەكە داوا لە ڤێتنـامی بـاكور دەكا هێزەكانیان لە خاكی كەمبۆدیا بكێشنەوە، شێت و هار دەبن، دەكەونە ئەنجامـدانی كاری دوژمنكارانە، هەڕەشەی داگیركردن لە كەمبۆدیا دەكەن.

بـۆ خۆدەربـازكردن لە نێـوان هـانۆی و كـردنەوەی سـنورەكانی ڤێتنـامی باشـور لەبەردەم كۆمۆنیسـتەكان و هەڕەشـەكردنی هێزەكـانی ئەمریكـا لە كـاتی كشـانەوە، كە ژمارەیان گەیشتبووە ١٥٠هەزار سەرباز لە سـاڵێكدا، نیكسـۆن فەرمـانی بە هێزەكـانی دا سەرجەم بنكەكانی ڤێتنامی باكور تێك بدەن. لە ماوەی دوو مانگدا ٢٠هەزار تـۆن چەك و ئازوقە و تەقەمەنیی كۆمۆنیستەكان لەناوبردرا و بەندەری سیهانۆك فیلـیش داخـرا كە

زۆربەی هاوردەکانی لە ڤێتنامی باکور بۆ هێزەکانی، لەم بەندەرەوە دەگەیەندران. بەو هۆیەوە وێڕای کەمبوونەوەی زیانە گیانییەکانی ئەمریکا کە بۆ نیوە کەم بۆوە، زۆربەی ئەو ناوچانەی ڤێتنامی باشوریش لە هێزەکانی هانۆی ڕزگار کران و شەڕ لەو ناوچانە لە بەین برا، نیکسۆن سنوری بۆ هێرشەکانی ئەمریکا دانا کە لە ٣٠ کم ڕەت بکا و هێزەکانی ئەمریکاش لە کەمبۆدیا بکێشێتەوە، ئەمە یەکم کشانەوە بوو هیچ ناڕەزاییەکی لەلایەن توندڕەوان لێ نەکەوتەوە.

لە ئەنجامی ئەمە هانۆی ئاستی هاوکارییەکانی چەکی بۆ کۆمۆنیستەکانی ناوچەی (خمێرە سورەکان) زیاد کرد، لە سەرەتاکانی ١٩٧٣ تێکەوتنێک ڕویدا لە ئەنجامی نابەرانبەری هێزە کۆمنیستەکان و هێزی کەمبۆدیی بە فرۆکەو چەکی ئەمریکی پڕ چەککراو، بەو هۆیەوە هاوسەنگیەکە دەگۆڕدرێ، بەڵام لە حوزەیرانی ١٩٧٣ کۆنگرێس ئەو هاوسەنگیە تێک دەدا کاتێک بڕیار لەسەر نەهێشتنی هاوکارییەکانی ئەمریکا دەدا بۆ کەمبۆدیا، لە ئاداری ١٩٧٥ یش سەرجەم هاوکاریە ئابووری و سەربازییەکان دەبڕدرێن.

پێشتر بە وردی باسم لە ڕۆڵی خۆم کردبوو لەسەر بڕیارەکان. ئێستا کەمبۆدیا ئەو تاقە وڵاتە بوو کە ئیدارەی کینیدی و جونسۆن نووسینگەیان تیادا نەکردبۆوە. ڕووی گلەییەکان لە من کران و هێرشێکی توندم دەکرێتە سەر، بە بۆردومانی نهێنی ناو بردرا کە حکومەت لە ئاستیدا خۆی بێ دەنگ کرد. لە پێناو هاوکاریکردنی جێگرەوانی سیهانۆک و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کەمبۆدیادا هات لە کاولکاری و کوشتار بەوانەی بۆل بۆتیشەوە.

جا حوکمی خەڵک لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا هەرچی بێ، دەستەیەکی خوێنڕێژی چاوبرسی دەستیان بەسەر کەمبۆدیادا گرت، دیارە هۆکارەکەیان گێڕاوەتەوە بۆئەوەی چونکە ئەمریکا دۆزی کەمبۆدیای بە شانۆگەری خۆیانەوە بەستەوە، کاتێکیش لە ئەنجامی ڕەفتارەکانی هانۆی شەڕ دەگاتە نێو کەمبۆدیا. تاقە چارەسەری و دەرچوون بۆ ئەمریکا، یا سەرکەوتن یا چارەسەرییەکی سیاسیە. ئەمجۆرە چارەسەرییە بۆ دانیشتوانە خۆجێیەکان کە کۆمۆنیست نین، دەرفەتێکی سیاسی دەرەخسێنێ تا بتوانن بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن، لە جیات ئەمە کەمبۆدیا دەبێتە قوربانییەکی تری شەڕی ئایدیۆلۆژیای ئەمریکا.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ نیکسۆن کەمبۆدیای بە پـــوختەترین نـــوێنەری بڕواکـــانی نیکســـۆن ناســـاند، ئەمەش واتـــا کەمبۆدیـــا بە هاوکارییەکانی ئەمریکا و کەرەستە سەربازییەکانییەوە دەتوانێ بەرگری لە خـۆی بکـات. بەڵام بەبێ هێزی مرۆیی ئەمریکـی، نـاحەزانی نیکسـۆن کاریـان لەسـەر ئەوە دەکـرد ئەم بۆچونە بە ڕاست نەزانرێ. چونکە لەوە دەترسان بڕواکانی نیکسۆن بکـرێتە خۆراکێـک و ئەمریکا کێش بکاتە ناو خۆیان. بەم هۆیەوە گرفتیان لەبەردەم هاوکارییەکانی کەمبۆدیا دروست دەکرد. هەموارەکانی فولبرایت ڕێگەی بە پێدانی دەرماڵەی تایبەت بە بـودجەی ١٩٧١ دابوو کە لە ٧ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٠ بڕیـاری لەسـەر درابـوو، تیایـدا هـاتبوو وڵاتانی ڤێتنام و دراوسێکانی ناتوانن ئەو دەرماڵەی بۆ کەمبۆدیـا تەرخـان کـراوە، خەرج بکەن، لە هەمان کات ڕێـگەی بە ڤێتنـام و هاوپەیمانەکـانی تـری نەدا ئەو چەکـانەی بە (شیک) پێیان دراوە بیدەنە کەمبۆدیا، پوختیەکەی ئەوەیە دراوسێکانی کەمبۆدیـا نـابێ بە چەکی ئەمریکی دۆخی ئاسایشی خۆیان چاک کەن.

هەر لە هەموارەکەی کوپەر-چیرش دا هاتووە، نابێ لە ڕێگەی (شیک)ی هاوکـاریی تەواوکەرەوە کە سـاڵی ١٩٧٠ دەرکـراوە و لە ٥ی کـانونی دووەم١٩٧١ بڕیـاری لەسـەر دراوە سـامانی ئەمریکـا بـۆ بردنـی هێـزی ئەمریکـا بـۆ نـاو کەمبۆدیـا بەکاربێـت، یـا بـۆ خەرجی ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان، واتە ئەو قەدەغەکردنە تەنیا هێزی چەکداری ئەمریکای نەگرتەوە، بەڵکو بواری تریشی گرتەوە.

هەمواری سیمنگتون-کیز کە ئەلتەرناتیفی تـایبەت بە هاوکارییەکـانی دەرەوە بـوو لە ٧ی شوباتی ١٩٧٢ بڕیاری لەسەر درا، چەند کۆت و بەندی لەسـەر خەرجکردنـی ئەو شیکانە دانابوو، تیایدا قەدەغەی دانابووە سەر خەرجکردنی شیکەکان بۆ ئەو سـڤیلانەی لە کەمبۆدیا کار دەکەن، لەگەڵ ژمارەیەک لە فەرمانبەر لە ئاژانسی جێبەجێکردن لە نێو حکـومەتی ئەمریکـا، لەگەڵ هاوڵاتیـانی ئەمریکـی و ژمـارەیەک لە هاوڵاتیـانی هەڵگـری ڕەگەزنامەی وڵاتانی تری بیانی.

شـیکی دووەم کە هـی تەواوکەری هاوکارییەکـانی سـاڵی ١٩٧٣ بـوو، بە هێواشـی واژۆی لەسـەر دەکـرێ. لەلایەن سـەرۆک نیکسـۆنەوە لە ١ی تەمـوزی ١٩٧٣ دەبێـتە یاسای: بەکارهێنانی بڕی پارەی دیـاریکراو لە شـیک لە بـواری پشـتگیریی ڕاسـتەوخۆ و

ناڕاستەوخۆی چالآکییەکانی شەڕ لە کەمبۆدیا، یا لە پێناوی کەمبۆدیا و لاوس و ڤێتنامی باکور و باشور و کەنارەکانی بەرانبەر بە کەمبۆدیا بەکار دێ.

بەمشێوەیە شیکەکان و ساڵەکان بۆ کەمبۆدیەکان دیاریکران، لەگەڵ بواری ڕێگەپێدراوی خەرجییەکان و بڕیاری واژۆکردنیان .

لە ساڵی ١٩٧٤ گوژمەی هاوکارییەکان بۆ کەمبۆدیا بە ٣٧٧ ملیۆن خەملێندران، هەموو خەرجییەکانی تاک لە نێو ئەو بڕە پارەیە ئەژمار کرابوو، بەو هۆیەوە نەدەکرا هاوکارییە سەربازی و ئابووری و خۆراکییەکان پێشکەش بکرێ، ئەم دۆخە توانای خمیرەکانی زیادکرد و پێی بووژانەوە، چونکە لە قۆناغی دروستبووندا بوون، کاتەکان لە بەرژەوەندی ئەواندا دەبن بۆ گەشەکردنیان، کۆت و بەندەکانی ئەمریکا لەسەر مەشق پێکردنیان ناچاری کردن، پشت بە هێزی ئاسمانی ئەمریکی ببەستن، کاتێک ئەمانە لە ژێر بڕیاری کۆنگرێس ئەنجام دەدرێن ئیتر هاونی کەمبۆدی و هێزی تەکتیکی ڕۆڵێکی محوەریی هەبوو، چونکە ڕێگەمان پێ نەدەدرا مەشق بە هێزەکانی کەمبۆدی بکەین. لە کۆتاییدا لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی تێچوی تەقەمەنییەکان، هیزی بەرگری کەمبۆدی تووشی شۆک هات.

لە وەرزێکی وشکە ساڵیی ١٩٧٣ لە نێو ئەم گرفت و کۆتوبەندانەدا سوپای کەمبۆدی ڕشت بوو لەسەر بەرگریکردن دژی هێرشەکانی خمێرە سورەکان ( بە هاوکاری هێزە ئەمریکییەکان). لە ١٩٧٤ ئەمە دووبارە دەبێتەوە بەڵام ئەم جارەیان بە پشتبەستن بە هێزەکانی خۆیان، بەهۆی گۆڕانی هەڵوێستی هانۆی کە ئەم جارەیان مەبەستی بوو خمیرە سورەکان زیاتر لە دژی ئەمریکا بەکار بێنێ بۆ دەرکردنیان و دواتریش لە دژی ڤێتنام.

بەو هۆیەوە هانۆی جلەوی خمیرە سورەکانی گرتبووەدەست، بە درێژایی ١٨ مانگ بەکاری دەهێنان، بە هەرحاڵ لە ١٩٧٤ ئاڕاستەکان دەگۆڕدرێن، چاوەکان لەسەر چەک و تەقەمەنی دەبن، بەڵکو ئەمە هێرشێکی گشتی بێ بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە کێماسیە کە لەلایەن کۆنگرێسەوە بڕیاری لەسەر درابوو، حکومەتی لون نول بەو بڕیارە سزا درابوو، ئێستاش لە ئەنجامی ووژاندنی خمیرە سورەکان چاوەڕوانی هیچ سودێک ناکەین.

لە یەكی كانونی دووەم، هێرشێک سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە و شەڕو پێكدادان زیاد بوون. خمیرە سورەكان ڕێگەی هاتوچۆی بنوم پنەیان گرت، بەو هۆیەوە هاوكارییەكانی كۆنگرێس لە تەواوبووندا بوون، واتە تەقەمەنیی سوپای كەمبۆدیا خەریكی تەواوبوون بوو، لە ئەنجامی سنورداری هاوكارییەكان، یەدەگی داكردە ئەوەندە نەبوو تا مانگی ئادار بەش بكات. لە ٢٨ی كانونی دووەم فۆرد داوا لە كۆنگرێس دەكات هاوكارییەكانی كەمبۆدیا دوقات زیاد بكەن لەگەڵ بڕی ٢٢٢ ملیۆنی دیكە ( ناتوانم بگەمە ئەو ئەنجامەی ئەو بڕەی دیاریكراوە چۆن چۆنی پێی گەیشتوون كە وا بەوشێوەیە وردە).

جگە لەم داوایە، فۆرد نامەیەكیشی بۆ كارل ئەلبێرتی وتەبێژی كۆشكی سپی نارد تیایدا پرسی ڕەوشت ئاشكرادەكا و بە شێوازێكی شایستە دەڵێ:

دەتانەوێ بمانبینن بە ئەنقەست دەست لە وڵاتێكی بچوک هەڵگرین كە لە گەرمەی خەباتێكی مان و نەماندا بن؟ دەبێ ئەوە بەسەر ئەمریكادا سەپێندرابێ كە هەمیشە لە تەک دۆستەكانیدا بووە لە تەنگترین دۆخەكانیاندا، كەچی ئێستا بڕیار لەسەر مردنی گەلێكی بچوكی ئاسیایی بدا كە پشتی بە ئێمە بەستوە؟

من دەنگۆی ئەم نامەیەم لە زۆر شوێن دەبیست. بەڵام لە دۆسیەكانی وەزارەتی دەرەوە و كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتیی كۆشكی سپی دەمان بینی كە لە تەک هەستەكانی ناوەوەمان تایبەت بە ئابڕووی ئەمریكا و ڕیزگرتن لە پێشینەكانمان، لەگەڵ بڕیارەكانمان گونجاو بوون كە بە ئاشكرا و نهێنی دابوومان، ئێمە هیچ بەرنامەیەكی شاراوەی جیوپۆلەتیكمان نەبوو كاری پێ بكەین و شەڕی لە پێناودا بكەین. فۆرد بۆ ئەلبیرت دەنووسێ، دەڵێ: ئەو وڵاتانەی دۆستمانن و پشت بە هاوكارییەكانمان دەبەستن كارەكانمان دەبینن و حوكمی لەسەر دەدەن، بەتایبەت كەمبۆدیا لە هزرمان دایە، كاتێک بەپیر هەناسەی مردنی دەچوم گەشتم بەسەر وڵاتاندا دەكرد تا ناچاریان بكەم ڕازی ببن، ئەم جارەیان ئیسرائیلم ڕازی كرد، دەبێ لە پێناو ئاشتی وڵاتەكەیدا دەست بەرداری هەندێک لە خاكەكەی بێت، وەكو مسۆگەركردنی هاوكاریی هەمیشەیی ئەمریكا.

بانگەوازەكانی من و فۆرد لەلایەن هەندێكەوە گوێیان لێگیرا.( تەنیا ژمارەیەكی كەمی خۆبەخشان هەبوون) هەمان پێشوازیی بانگەشەی ڤێتنامم لێكرا بەڵكو زیاتریش،

چونکە بۆی هەبوو هەڵوێستی کۆمارییەکان بەرانبەر بە کەمبۆدیا ناڕەزایی و گلەیی لێ بکەوێتەوە، بۆچوونی کۆنگرێس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر دوو تەوەر لە دژی هاوکارییەکانی ڤێتنام کاریان دەکرد. لەگەڵ ئەو وەرچەرخانەی بەدی دەکرا لە ئامادەبوونمان لە کەمبۆدیا، هۆکارێکی تری ڕاگرتنی هاوکارییەکان بوو لە جیاتی ئەوەی پەرەی پێبدا. کەسان و لایەنی شارەزا ئەگەر پرسیاری ئەوەت لێی بکردبان ئاخۆ کەمبۆدیا پێویستی بە هاوکاری زیاتر هەیە؟ لە وەڵامدا دەیانگوت بەڵێ، بۆ لایەکانی دیکە بە پێچەوانەوە، لە وەڵامدا دەیانگوت هاوکارییەکان بۆ کەمبۆدیا بەهۆی دواکەوتنیان بێ سودە، ناتوانێ کەمبۆدیا لەم دۆخە دەرباز بکات، هەندێکیش لە توێژینەوەی هۆکاری دواکەوتنی هاوکارییەکان بەردەوام بوون، لە ڕاستیدا دیدەکانی دوای حەفتاکان ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ پابەندیەک بۆ هاوکارییەکانی کەمبۆدیا نەبووە. لە ١٣ی شوباتی ١٩٧٥ ڕۆژنامەی (بلتیمور سن) سیناریۆی ڕوخانی سیهانۆک بڵاودەکاتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە دەستمان تێیدا نەبووە، گوایە بە ئەگەری ئەوەی ئەمریکا هیچ پابەندیەکی بۆ جێگرەوەی سیهانۆک نییە و هاوکارییەکانی ئەمریکاش دەبێتە هۆکاری درێژەپێدانی شەڕی ناوەخۆیان، باشتر وایە خۆیان کێشەکانیان بە ئاشتی چارەسەر بکەن، چونکە گرەومان لەسەر هیچیان نەکردبوو، دیدێکی هەڵەیە ئێمە وا بیر بکەینەوە بە ڕوخانی سیهانۆک، ڕاستگۆیی و پێشینەکانمان دەکەونە مەترسی، ئێستاش هیچ سودێکی نییە بۆ هەوڵدانی یەکلایی کردنەوە لە ڕێگەی دانوستانەوە.

## سەرەتای ڕوخان

داڕشتنە ژیکەڵەکە (هەڵەیەکی مەزن بوو) بۆ گەلی کەمبۆدی، لە خراپیدا هاوتای هیچ شتێک نییە، هاوکارییە سەربازییە ئەمریکییەکان بە خێرایی بڵاوبوونەوە. وا بیر دەکرایەوە کە بە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا کۆتایی بە نەهامەتییەکانی کەمبۆدیا دێ، هۆشدارییەکانی ئیدارە کە پێشبینی ڕوباری خوێنی دەکرد بە ناراستی دەزانی، یا

پێی وابوو ئەمە پیلانێکە بۆ کۆنگرێس نراوەتەوە، بە دروستکردنی مەترسی و تۆقاندن لە دڵی هاوڵاتیان، بە کورتیەکەی ڕاگرتنی هاوکارییەکانی کەمبۆدیای بە هەڵوێستێکی مرۆیی و ڕەوشتی دەزانی.

ڕومالّیەکە لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە یەک لایەنەوە کرا، ڕۆژنامەی (نیویورک تایمز) لە ١٣ی ئادار وتارێکی لە ژێر ناونیشانی ( یاخیبووە کەمبۆدییە نەدیارەکان) نوسەر بە هۆکاری جیاواز سوکایەتیی بە هۆشداری ڕوباری خوێن کردبوو، گێڕانەوەی ڕەفتارە بێ ئابڕوییەکانی خمیرە سورەکان لەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا دەگرت نموونەی ئاژاوەگێریی سەربازیی دوای شەڕەکان بوون، ئەو کاتەی خمیرەکانیش کارەسات دەخوڵقێنن دبلۆماسیەکان دەڵێن پێویست بە کاری ڕۆژنامەگەری ناکا چونکە ئەمە پرسێکی ناوەخۆیی خۆیانە دەتوانن بە ئاشتی چارەسەری بکەن، بە هەرحاڵ، سەرکردە کۆمۆنیستەکان لە کۆمۆنیستەکان نیشتمان پەروەرتر بوون.

لە نێو بزوتنەوەی یاخیبووەکان کەسانی ناکۆمۆنیست بەڵکو دژە کۆمۆنیستیش هەبوون، پێناسەی (کیو سامگان)سەرۆکی کۆمۆنیستەکان بەوە کرابوو، لە ڕووی کەلتورەوە بیرمەندێکی فرەنسیە، لە شەستەکان چۆتە ڕیزی کۆمۆنیستەکانەوە بۆ ئەوەی شەڕی دەرەبەگەکان و نایەکسانی بکا. دەکرێ لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵات نەختێک بەرەو ڕاستڕەوی هەنگاو بنێ، ئەو لە ئەنجامدا بووە کەسێکی سۆشیالیستی نەتەوەیی، بۆ کەمبۆدیا زیاتر نیانی دەنوێنێ.

بە دڵنیاییەوە ئەو بەیاننامەی لەم ڕۆژنامە بەناوبانگەدا بڵاوکرایەوە کار دەکاتە سەر مشتومڕەکانی ناو کۆنگرێس لەسەر هاوکارییەکانی کەمبۆدیا. بەڵام کۆنگرێس پێیوستی بە هەندێک ئازایەتی هەبوو بۆ ئەوەی کەمبۆدیا بخنکێنێ.

لە ١٢ی ئادار ئەندامانی کوتلەی دیموکراتخوازەکان پڕۆژەی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکایان بۆ کەمبۆدیا بە زۆرینەی ١٨٩ بەرانبەر بە ٤٩ دەنگ ڕەتکردەوە، ئیدارە بە ناچاری بەو یەکلایی کردنەوە ڕازی دەبێ کە لیژنەی لاوەکیی سەر بەوەزارەتی کاروباری دەرەوە لە ئەنجومەن، کە لی هامیلتۆن سەرۆکایەتیی دەکرد ڕازی بێ، لیژنەکە مۆڵەتی تا ٣٠ی حوزەیرانی دابوو بۆ یەکلایی کردنەوە، بەم هۆیە ئیدارە لە لەڕوداوان نەجاتی دەبێ، جا ئەگەر لە ڕێگەی دەنگدانەوە بێ یا بە واژۆی ڕێگە پێدراو

کە بۆ ماوەی سێ مانگ بێ چونکە لیژنەی کاروباری دەرەوە لە ئەنجومەن لە ١٣ی ئادار بە زۆرینەی ١٨ دەنگ بەرانبەر بە ١٥ دەنگ لەسەر یەکلایی کردنەوە ڕازی نەبوو. بۆیە ڕەزامەندی وەرنەگیرا هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە بگرنەبەر .

مەبەستی دونالد فریسبۆ، کشانەوە بوو بە کەمترین زیان، لەهەمان ڕۆژ کوتلەی دیموکراتخوازەکان چوونە پاڵ ڕکابەرەکانیان لە ئەنجومەن و دەنگیان بە ٣٨ بەرانبەر بە ٥ دەنگ دا لە دژی هاوکاریی سەربازی بۆ کەمبۆدیا و ڕەتکردنەوەی هاوکاریی سەربازیی زیاتر بە ڤێتنام بە ڕێژەی ٣٤ دەنگ بەرانبەر بە ٦ دەنگ. هەرکە بۆمان دەرکەوت کۆنگرێس دەنگ بە هاوکارییەکان نادا، ڕۆژی ١٤ی ئادار شلیسنجەری وەزیری بەرگریی ڕایگەیاند، بڕی ٢١،٥ ملیۆن دۆلاری پاشەکەوتمان هەیە، کە بۆ ڕۆژانی سەخت و کاری زەروڕمان هەڵگرتوە، ماوەی دوو تا سێ هەفتەمان لەبەردەستە تا زەخیرەی زیاتر لەوەی کۆنگرێس بۆ ئێمەی دیاری کردووە ڕادەستیان بکەین.

ئەم هەواڵە وەکو هستیریایەک بە لەشماندا هات بەوەی توانیمان کەلێنێک دروست بکەین تیایدا دەرفەتێک بۆ ژیانی ئەوانە فەراهەم کەین کە چاویان لە ئێمەیە و ژیانیان لە مەترسی دایە، بڕیاری فۆرد ئەوەبوو هەر زوو ئاگاداری کۆنگرێس بکرێتەوە، هەروەکو ئەوەی شتێکی تۆقێنەر ئاشکرا بکەین، بۆ بەختی باشمان کۆنگرێس بە بۆنەی جەژنەکانەوە کۆبوونەوەکانی دواخستبوون، بۆ ئەوە باش بوو مۆڵەتی چەند هەفتەیەکی بۆ وڵات دەستەبەر کرد بۆ ڕسواکردنی مشتومڕ لەسەر نەجاتبوون لەدەست هاوپەیمانێکی بێ ئومێد. دوای ماوەیەک کۆنگرێس دەگەڕێتەوە سەر کۆبوونەوەکان، ئەوساش کەمبۆدیا بێ هاوکاری دەمێنێتەوە و ڤێتنامیش لە باریەک دەردەچێ.

## داستانی (هەرەسی دانوستان لەگەڵ کەمبۆدیا)

پاساوی ڕێگری نەکردن لە کارەساتەکە، فشاری ئیدارە بوو بۆ کۆتاییهێنان بە دانوستانەکانی شەڕی کەمبۆدیا. لە ڕاستیدا بڕینی هاوکارییەکان ماوەیەک بوو وەکو باشترین ڕێگە دەهاتە ناساندن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی سیاسی بۆ ئەوەی کەمبۆدیا توانای بەرگریکردنی نەمێنێ. هەموو ئەوانەی ئەم بیانووانەیان دەهێنایەوە هەڵە نەبوون، هەرچەندە دووزمانی لەم کارە بێبەش نەبوو،

سەرەڕای ئەوەی هەندێک کەس پێێ وابوو دۆزینەوەی چارەسەری دبلۆماسی بە چەواشەکردنی دانوستانەکان ئەنجام دەدەرێ، ئەم جۆرە کەسانە هیچ بنەمایەکی خۆشەویستییان بۆ ئەمریکا و مێژووەکەی نەبوو، زۆر قورسە بەهەڵە واتێبگەین کە بیرۆی سیاسی لە هانۆی و خمیرە سورە تاوانبارەکان، لە ڕێگەی ئاسانکاریەکانی زارەکیی دانوستانکاری ئەمریکییەوە دەستکەوتی سەربازی وەدەست بێنن. مەبەستی سەرەکی هانۆی سەرکەوتنی یەکجارەکی بوو، ئەمەش تەنیا بە ئاسانکاریی هاوسەنگی هێز دەکرێ کە دوای ناخەن، هەر گریمانەیەکی دیکە یان هێنان و بردنە یان سازشە، ئەم هاوسەنگیەش لە کەمبۆدیا تەنیا بە هاوکارییەکانی هێزی ئاسمانی ئەمریکی دێتە دی، بە بێ ئەو هاوکاریانە فشارە دبلۆماسیەکان هیچ گۆڕانێک لە مەیدان دروست ناکەن.

ڕاستەوخۆ لە دوای ڕێککەوتنی پاریس، دەست بە ئەنجامدانی هاوسەنگی سەربازی کرا، خمیرە سورەکان زۆر لە ڤێتنامییە باکورییەکان لاوازتر بوون، بە پێچەاونەی هانۆی هیچ هاوکاری و داهاتێکی ئەوتۆیان نەبوو، هەوڵێکیان هەبوو بۆ مەشق پێکردنی سوپای کەمبۆدی بە ئومێدی دروستکردنی هاوسەنگیەکی هێز بەڵکو (خوانەکا) زیاتریش، گومان دەکرا دانوستانەکان بکرێن.

زۆر لە هێزە ڕکابەرەکان لە کێشەی کەمبۆدیا تێوەگلابوون، تا کۆتایی یەکێتی سۆڤیەت وەکو حکومەتێکی شەرعی دان بە بلون نول دەنێ، لە چین بە هۆی جیاوازی ئایدیۆلۆژیا و مێژووەوە، جارێک ژو ئانلای پێی گوتم دوور نابینم بەو هۆیەوە چین

هاوکاری ڤێتنامی باکور بکات، بەڵام جوگرافیای سیاسی بووە مایەی ئەوەی چین لەوە دودڵ بێ، هانۆی بکاتە باڵا دەست لەسەر هیندی چنی تا ببێتە مەزنترین هێز لەسەر سنوری باشوری چین، جارێکیش ژو ئانلای لە شوباتی ١٩٧٣ بوو پێی گوتم: چین کەمبۆدیای سور بە گشتی لە بەرژەوەندی خۆی نازانێ.

گومانەکانی چین و ڤێتنام بەرانبەر بە هانۆی وەکو یەکبوون، کاتێک لە شواباتی١٩٧٣ سەردانی هانۆیم کرد، لی دوک ثو منی بردە مۆزەخانەی مێژوویی خاڵێکی نیشان دام کە تیایدا خەباتی چەندین سەدەی ڤێتنامی لە دژی چین لە خۆگرتبوو، پێشتر وتبووم کە هانۆی هەرگیز بڕوا بە خمیرە سورەکان ناکات.

نوردوم سیهانۆک کە لە ئاوارەیی لە شاری بیجینگ لە چین بە خۆشی دەژیا، ئەو بیکردنەوانەی لەسەر خمیرە سورەکان نەبوو. ئەو دوای ئەو هەمووە بە تۆمەتی ناپاکی حوکمی کوشتنی لەسەر سەرکردەکانی دابوو، بەر لەوەی لە دەسەڵات لایبدەن، سیهانۆک هەمیشە دانی بەوە دەنا کە ئەگەر خمیرە سورەکان سەرکەوتن بەدەست بێنن ئەو نەئێستا نە لە داهاتووش دەتوانی هیچ بکات.

لە ناوەوەی کەمبۆدیا حکومەتی لون نول بەهێز و کارا بوو ئەوکاتەی بە بەبێ سیهانۆک بوو، ئەگەر هەر هێزێک جگە لە کۆمۆنیستەکان بەشداریی لە کۆتایی پێهێنانی دانوستانەکان بکردبا، ئەو لە لون نول دوور دەکەوتەوە بەڵام کەسی تر نەبوو، بەو هۆیەوە سیهانۆک ڕق و کینەی لە لون نول و لایەنگرانی بوو نەک دژەکانی، هەر بەو هۆیەوە هیچ دانوستانێکی ڕەت نەدەکردەوە ئەگەر لە ژێر فەرمانی ئەو بووایە. دوای ڕێککەوتنی پاریس واتە لە شوباتی ١٩٧٣ داوام لە ژو ئانلای کرد میانگێڕی لەچارەسەرییەکی دبلۆماسی بکا بۆ کێشەی کەمبۆدیا، لە ٢٧ی ئایاریش چوارچیوەی ئەم دانوستانەمان پێشنیار کرد:

ا/ لە ڕوی لەشکریەوە، دەست بەجێ ئاگربەست ڕابگەیەندرێ، بە بۆردومانەکانی ئەمریکاشەوە.

ب/ لە ڕوسی سیاسییەوە، دوای ماوەیەکی کەم لە ئاگربەست لون نول وڵات جێبێڵێ. بەڵام باقی ئەندامانی حکومەتەکەی بمێننەوە و درێژە بە دانوستانەکان بدەن لەگەڵ سیهافۆن لە بیجینگ، ژو گوتی:

کەمبۆدیا لە چینەوە دوورە بۆیە هیچی لێ نازانین، ئەم پێشنیارە بەرز دەکەمەوە بۆ جەنابی میر کاتێک لە سەرەتای مانگی تەموز دێتە پکین، گفتوگۆ لەگەڵ سیهانۆک ڕۆڵێکی گرنگی دەبێ.

پلانەکەمان لەلایەن کۆنگرێسەوە هەرەسی پێ هێندرا، کۆتایی بۆردومانەکانی ئەمریکا بە ١٥ی ئاب دیاریکرا و هەموو کردەیەکی سەربازیش لە هیندیی چینی لە ئەمریکا قەدەغە کرا. کۆتایی بە هەوڵەکانی چارەسەریەکی نیان هێندرا کە هەریەک لە واشنتۆن و بیجینگ پێی هەڵسابوون، کاتێک کۆنگرێس لایەنی ئەمریکای یەکسان کرد بە یەک. دوای سێ هەفتە ژو ئانلای ئاگاداری کردمەوە بەهۆی ئەنجام نەدانی سەردانییەکەی لە ١٢ی ئاب، ئامادە نییە پێشنیارەکەی بداتە سیهانۆک، هۆکاری سەردانی نەکردنم بۆ بڕیارەکەی کۆنگرێس دەگەڕێتەوە کە کەوتبووە بواری جێبەجێکردن . ئەم یاسایە تەنیا فنوم پنە و سیهانۆک و دبلۆماسیەتی ئەمریکی و چینیی تێک نەدا، بەڵکو بۆ ژو ئانلای سەرەتای لەدەستدانی لایەنگرانی و لاوازبوونی پێگەی بوو، هەر چەندی کۆنگرێس بڕیارەکانی قەدەغە کردنی لەسەر بۆردومانی ئەمریکا دادەنا ئەوەندە خومیرە سورەکان زیاتر بڕوایان بە سەرکەوتنی خۆیان دەبوو، بە هێز دەبوون، هەوڵە دبلۆماسییەکانی ئێمەش بۆ ڕزگارکردنی گەلی کەمبۆدی، بە هەدەر دەڕۆیشتن. لە کۆنگرێس هانی دەستبەرداری چارەسەری سەربازیان دەداین تا بەدوای چارەسەری سیاسیدا بگەرێین، بەڵام ئەوان هەموو فاکتەرەکانی چارەسەری سیاسیان لەبەردەست دەرهێنابووین، چونکە بەدەر لەو فاکتەرانە هەوڵی دبلۆماسی بۆ چارەسەری سیاسی دەبێتە گفتوگۆ و مشتومڕ بە مەرجی خۆ وەدەستەوەدان.

بە نزیکبوونەوەی کۆتاییەکانی کەمبۆدیا، مشتومڕ لە نێو ئیدارە دروست دەبێ، لەگەڵ مانەوەی باڵوێزەکان لە سایگۆن و فنۆم پنە کە بەشەڕ دەوریان درابوو لە توانایاندا نەبوو بەقەدەر بەرپرسیارێتیەکەیان بیر بکەنەوە و بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەرکەکانی خۆیان بێ خەبەر نەبوون. بۆیە ناچار دەبن دەستبەرداری فەرمانبەرانی ڤێتنامی و کەمبۆدی بن و چارەنوسیان بخەنە مەترسی و باڵوێزخانەکانیان خاڵی بکەن. چونکە هەریەک لەو باڵوێزانە بڕیاریان دا ڕێز لە ڕێنماییەکان نەگرن و بە ویستی گونجاوی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن.

لە سـایگۆن گراهـام مـارتن وەکـو فەرمـانبەرێکی بـالآ لە وەزارەتـی دەرەوەی مەدرەسەی کۆن ڕەفتاری دەکرد، کەسێکی توند و بـڕوا بەخـۆ بـوو، ئەو کەسـێکی دیـار بوو لە شەڕی سارد، بەتوانا و بووێر، بۆیە بەرپرسـیارێتی ئەو مەترسـیەی گرتە ئەسـتۆ کە لە ئەنجامی ڕەفتارەکانی، بێ ویستی واشنتۆن لە باڵوێزخانەکە گـرتیە بەر، شـێوازی کارکردنی ئاڵۆز بوو هەمووکاتێک واشنتۆن بۆی لێک نەدەدرایەوە.

سەرەڕای تایبەتمەندێتیی، بەئەگەری بەتوانایی دوای ڕێککەوتنی پاریس من بڕیاری دامەزراندنیم دا وەکو باڵوێز لە سایگۆن، چونکە ڕەفتارەکانی مارتن لە سایگۆن بووێرانە بـوون، پالەوانـانە پابەنـدی ئەمریکـای بە ڤێتنـامێکی ئـازاد دەسـەلماند لە پێنـاو بـڕوا پێهێنانی واشنتۆن بە بۆچوونەکانی، ئەو نمـوونەی لەسـەر کـار و بۆچوونەکـانی ڕابـردوو دەهێنایەوە کە لەگەڵ واقعەکەدا یەکیان دەگرتەوە. فیلیب حەبیب یاریدەدەری وەزارەتـی دەرەوە بـۆ کاروبـاری ڕۆژهەلآتـی ئاسـیا کە سـالآنێک لە ڤێتنـام کـاری کـرد (سـەر بە کۆترەکان) بوو، ڕێنمایی و زانیاریی پێ دەدان.

ئەو کاتەش کە مارتن لە کارەساتەکە نزیک دەبێتەوە جـوامێرانە ڕێگـاکە دەبـڕێ و بەرگری لە بڕوا و بۆچوونەکانی دەکا، بـڕوای وابـوو ئەمریکـا هەڵـەیەکی مەزن دەکـا کـە دەسـت بەرداری ڤێتنـامی باشـور دەبـێ، بەرەنگـاری ڕاگەیانـدنی کلاسـیکی و کـۆنگرێس بۆوە، لەو بڕیارەیان، سازشی بۆ یەکلایی کردنەوەی چەواشەکاریەکان نەکرد، من ئەوکات دەمزانی ئەم نامانەی مارتن هەڵگری زۆر شتن، ئەو پێی وابوو هەر ڕاپرسـیەک ئەگەر بە سـەت دەر سـەت دەنـگ بە پشـتگیری نەدا ناپـاکیەکی مەزنە، هەر چۆنێـک بـێ، بەرگرییەکانی مارتن لە ڕەوشت و پابەندییەکانی ئەمریکا من لەگەڵیدا بـووم، هەرچەنـدە بەهۆی نەگونجانیەوە هەموو کاتێـک لەگەڵ جێبەجێکردنیـدا نەبـووم، مـن بە هاوپەیمـانم دەزانی، ئەگەر لە ڕەفتارەکانیدا تایبەتیش بوو، بەلآم دڵم لەگەڵیدا بوو.

جۆن جانثەر دین باڵوێزمان لە ڤنۆم پنە لە نەوەیەکی جیا بوو، هەرچەنـدە ئەویـش وەکـو مـارتن لە بۆچوونەکـانی بە بـڕوا بـوو بەلآم گرنگیـی بەوە دەدا وەکـو کەسـێکی خۆپارێز بمێنێتەوە. دڵنیـابوو کە هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن چـاودێریی دەکەن لە چـۆنێتی پابەندیی بە چارەسەری سیاسـیانەی دروسـت یـا کە پێـی دەڵـێن ( یەکلایـی کـردنەوەی سیاسی).

دین زیرەکانە لەوە دەگەیشت مەرجەکانی کۆنگریس لەسەر هاوکارییەکان دەبێتە مایەی ناڕەزایی لەو وڵاتەی پابدنی ئەو هاوکارییانە بووە، ئەو لە سەرەتاوە ڕایگەیاند کە لەگەڵ بەلەمە نقوم بووەکە ناکەوێتە خوارەوە. دین هاوشێوەی (کۆترەکان)ی دیکەی کۆنگریس، هەولی دەدا بە شێوازێکی سیاسییانە لەو کارەساتە دەرچێ کە داوای لێکراوە بیگرێتە ئەستۆ، هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانی لە پێناو دەستپێکردنی دانوستان خستە گەڕ، لەگەڵ بەرگریکردنی لەو شێلکە بروسکەی لە واشنتۆنەوە بۆی دەهاتن، بەڵام دین بڕیاری دا ستراتیژیەتی نەتەوایەتیی بگۆڕێ ولە شانۆی ڕووداوەکانی دوورخاتەوە کە خەریک بوو لە ڤنوم پنە ڕویدەدا. ستراتیژیەتی دین بریتی بوو لە دانوستان لەگەڵ خمیرە سورەکان بە ئامادە بوونی سیهانۆک، هەوڵێکی لە ڕێگەی سۆهارتۆی سەرۆکی ئەندەنوسیا دا، جارێکیش لە ڕێگەی لی کیوان یوی سەرۆکوەزیران لە سەنگافورا، ستراتیژییەکانی دین لەم ڕووەوە گۆڕانی حکومەت بوو کە بە دەستەجەمعی بڕیاری دامەزراندنیان دابوو، ئەمەی وەکو سەرەتایەک بۆ دانوستانەکانی لەگەڵ خمیرە سورەکان دەبینی.

چونکە پابەندی ئەوە بووین ڕۆژانە دەبێ لەگەڵ کۆنگریس مامەلە بکەین، پێویستیمان بە ڕێنمایی هەبوو لەسەر ئەو دۆخە مەترسیدارەی کەمبۆدیا، لە هەمان کاتدا لەگەڵ دین هاوڕا بووین لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی چارەنووسی کەمبۆدیا، دەرفەتەکانیش لەسەر بنەمای دۆخی سەربازی هەرچییەک بن بۆ ئەنجامەکانی دانوستان و کەمکردنەوەی هاوکارییەکان کە پێمان وابوو کەمە، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووین کە باڵوێزمان لە ڤنوم پنە کەسێکی گونجاوە بۆئەوێ، کارتی گرنگمان هەبوون بۆ کەمێک سازش، یەکێک لەو کارتانە دەزگای سەربازی و پێکهاتەی حکومەتی لون نول بوو، کۆنگریس دەزگای سەربازیی هەڵوەشاندەوە، فشارەکانی دینیش بوونە مایەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت لە ڤنوم پنە وەکو سەرەتایەک بۆ پرۆسەیەکی دبلۆماسیی نادیار.

گریمان کلیلی هەر دانوستانێک بەدەست سیهانۆکەوەیە کە ئەوکات لە بیجینگ بوو، مەبەستمان بوو کەناڵەکان بدۆزینەوە، لەناویاندا ئەو کەناڵانەی دین گرتبوونییە بەر لە سودوەرگرتن لە سۆهارتۆو لی، وەکو کەسانی میانگیر. دیارە دۆخی دین لەو دوو

کارتەی دانوستان باش نەبوو، ئێمە بڕیارماندا لە ستراتیژیەتێکی تردا ڤنوم پنە بە یەکگرتویی بێڵینەوە تا ئەوکاتەی میانگێڕێکی گونجاو دەدۆزینەوە. لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٥ کاتێک لە گەشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمدا بووم بەم نامەیە ئاگاداری وەزارەتی دەرەوەم کردەوە:

ئێستا دین هەنگاوێکی باشی ناوە بە داوەتکردنی سەرکردە سەربازی و سیاسیەکانی خمیرە سورەکان بۆ ماڵی خۆی تا گفتوگۆ لەسەر لادانی سەرۆکی دەوڵەتی کەمبۆدیا بکەن، ئەوەی پەیوەندیی بە منەوە هەیە، ئەگەر کەمبۆدیا جێ دەهێڵین با بە ئابڕومەندی جێی بێلین. دەمەوێ گوێم لە هەر ڕاسپاردەیەک بێ لەسەر ئەم ئامانجە، بەڵام ئەوەی بۆی دەچم ئەوەیە کە دین بەم ڕێگایە ناتوانێ چارەسەری هیچ بکات، پشتگیریی دەکەم لەسەر ئەوەی سیاسەتێکی هاوسەنگ بگرێتە بەر کە ناچارمان نەکا ڕووبەڕووی کارێکی شێتانە ببینەوە.

سەرکەوتنەکانی ئەم دوو باڵوێزە ئەوە دەسەلمێنێ، سەرپێچیکردنی کۆنگرێس و میدیاکان لەوە مەترسیدارترە به بەراورد لەگەڵ ماندوکردنی وەزیری دەرەوە، لەو کاتەوە مارتن هیچ پۆستێکی باڵوێزیی نەگرتە دەست، چونکە سەلماندی لەمەودوا جێگیر نابێ. بەڵام دین بەر لەوەی خانەنشین بکرێ وەکو باڵوێز نێردرایە دانیمارک و هیند.

## کۆتایی ڕوخان

ستراتیژیەتمان ئەوە بوو پەیوەندی بە سیهانۆکەوە بکەین باشترە، چی ڕاستەوخۆ یا لە ڕێگەی باڵوێزە باوەر پێکراوەکان. بەنموونەی دیڤید بروس و دواتریش جورج بووش لە پکین. یانیش لە ڕێگەی پایتەختەکانی ترەوە کە لایەنگرانی کەمبۆدیایان لێیە وەکو ئەندونسیا و جەزائیر. بەڵام ئێمە سیهانۆکمان پێ باشتر بوو چونکە خمیرەکان بۆ چارەسەری ئاشتیانە توند بوون. سور بوون لەسەر لەباریەکبردنی پێکهاتەی ڤنوم پنە گوایە ئەمە قەرەبووی دەست پێکردنی دانوستانە، ئێمە (دین)مان لەمە ئاگادار کردبۆوە.

ئێمە لە بۆنەکانی ١٩٧٤ نەخشە ڕێگای چارەسەریمان لە دیدارەکانماندا لەگەڵ چینییەکان ڕاگەیاندبوو بۆ ئاگربەست و لادانی لون نول، هەروەها لەگەڵ عبدالعزیز بۆتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی جەزائیر کە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی بێلایەنی دەکرد، سەرەڕای ئەمە لە ١٩٧٤ هەوڵمان دا کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی کەمبۆدیا ببەستین، بەڵام توانای ئەوەمان نەبوو بە سودمەندی لێی دەرچین، لە شوباتی ١٩٧٥ ڕوومان لە (لی کوان یو )ی سەرۆکوەزیران و سەرۆک سۆهارتو کرد تا ڕێگە چارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە، ئەوان هیچ ڕێگە چارەیەکیان بۆ نەدۆزرایەوە چونکە ڤنوم پنە لە هەرەسهێناندا بوو.

لە هەوڵێکی دیکەماندا لە ١٩٧٤ کاتێک ڤالێری جیسکار دیستان لە لوتکەی خۆیان لە دوورگەی مارتینیک ئاگاداری فۆرد دەکاتەوە کە باڵوێزەکەی لە چین ڕازی کردووە کە ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ سیهانۆک بە نیازە بیکەن، بۆی هەیە چین بتوانێ هاوکاریی بکا، هەرچەندە گومانمان هەبوو لەوەی چین دوای نەمانی ژو ئانلای بەم ڕۆڵە هەلدەستێ یان نا، ئێمە بە گومان بووین بەڵام وەزارەتی دەرەوەی فرەنسیمان لەم پرسە سەرفراز کرد، ڕامان وابوو لەگەڵ سیهانۆک بەردەوام بین ئەویش لەگەڵ لایەنی بەهێز بچێتە نێو ئەو حکومەتە کە کۆمۆنیست نەبن، واتە لەگەڵ ئەندامانی لون نول مەرج نییە خودی لون نول بێ. هەر مەرجێکی دیکە واتە خۆوەدەستەوەدان، بۆ ئەوەی کارەکان ڕێکخەین داوای میانگیری فرەنسیمان نەکرد. بە یاداشتێکی فەرمی ئەم داواکاریانەمان لە٢٤ی کانونی یەکەم پێشکەش کرد:

ئێمە ئامادەین سیهانۆک وەکو سەرۆک قبول بکەین.

- ئەگەر سیهانۆک وەکو فەرماندەیەکی نیشتمانیی ڕاستەقینە بگەڕێتەوە نەک سەرۆکێکی شکلی.

- بۆ ئەوەی سیهانۆک ببێتە سەرۆکێکی نیشتمانیی ڕاستەقینە، دەبێ کەسانی بەهێز لە نێو حکومەتەکەیدا بن لە سەرجەم ڕەوتەکان، لە نێویانیشدا پێکهاتەی ئێستاشی تێدابێ، جا چۆن بۆ ئەم ئامانجە نەخشە دەکێشن؟ پێکهاتەی ئەو حکومەتەی سیهانۆک چۆن دەبێ؟

نابێ گفتوگۆکان بۆ کوشتنی مۆڕاڵی حکومەتی ئێستا بەکار بێنین، با کاتەکان نەکوژین و بەپەلە پێکی بێنین، ئێمە بەباشی دەزانین ئەو حکومەتەی دروست دەکرێ، دەبێ لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەی بێلایەن بێ.

دەبێ دڵنیایی و مسۆگەریەک هەبێ بۆ بەردەوامی ئەو حکومەتە، ئێمە بەرپرسیار نین لە هەر فرتوفێل و چەواشەکاریەک کە لە دوای ئەو دامەزراندنەدا سەرهەڵبدا و دواتریش خرۆشاندنی بەدواوە بێ.

دیارە پکین لەبەر ئەزموونی ساڵی پاری بە ئازار بوو، ڕەتی کردەوە گفتوگۆش لەسەر ئەو بابەتە بکات بە بیانوی ئەوەی نابێ وڵاتانی بێگانە دەست لە کاروباری کەمبۆدیا وەردەن، بۆئەوەی بە هەڵە لێمان تێنەگەن کە دەرگامان لەسەر گفتوگۆکان داخستوە، بەم هۆکارەوە چین ڕەزامەندیی لەسە ڤیزەی نێردەی فەرەنسا نەدا بچێتە پەکین.

دبلۆماسیەت دەربڕی هاوسەنگیە لە نێوان مەترسیەکان و دەستکەوتەکاندا، بەهۆی دارمانی دۆخی سەربازیی لون نولەوە سیهانۆک پەراوێز خرا، بە درەنگ وەختان سیهانۆک بەمەیزانی، لە ٢٥ی ئادار دوای ئەوەی  دوو ساڵ بوو دەست پێشخەرییەکانی ئێمەی ڕەتدەکردەوە، لە پڕ پەیوەندی دەکاتەوە.

لە ڕێگەی باڵوێزی فەرەنساوە میر سیهانۆک نامەیەک بۆ فۆرد دەنیرێ تیایدا وێنەی ئەو مۆسیکاژەنانەی تیا دەبێ کە لە ١٩٧٠ لە کاتی لەسەر حوکم لادانی لە پشتیدا وەستابوون. لە ٢٦ی ئاداری ١٩٧٥ ڕێنماییمان بۆ جۆرج بۆش دەرکرد تا هەوڵ بدا کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سیهانۆک ڕێکبخات و پێی ڕابگەیەنێ کە ئێمە ئەو پەڕی هەوڵەکانمان لە پێناو داواکانیدا دەخەینە گەڕ، جارێکیتر هێڵی پانی ئەو ئەنجامانەی بۆ دەکێشین کە بەردەوام لەسەر نەهامەتییەکانی کەمبۆدیا پێشنیارمان بۆی کردووە:

بۆئەوەی زانیاری زیاترت لەسەر ئەم بابەتە هەبێ پێی ڕابگەیەنە کە ئێمە گوێ لە پێشنیارەکانی ڕادەگرین لە پێناو کۆتاییهێنان بە شەڕی کەمبۆدیا، بۆیە داوای لێ دەکەین ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە تا ئێمەش بتوانین بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان کۆتایی بەم شەڕە بێنین، ئەویش بتوانێ ڕابەرایەتی ئەم گەلە بکا. هەروەها ئاماژە بەوە بدە کە ئێمە تا ئێستاش پێمان وایە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هێزە خمیرە ئۆپۆزسیۆنەکان

بنەمـای چارەسـەریە، ئەگەر هـاتو لە بەدیهێنـانی چارەسـەریی ئاشـتییانە سـەرکەوتوو بووین، ئەمجۆرە هاوسـەنگییە دەبێتە بنەمـایەکی پـتەو و نـاکرێ دەسـت بەرداری بـین، هەروەها بەهۆیەوە مسۆگەر دەبێ کە سیهانۆک سەرکردەیەکی بەتوانایە.

لە ٢٨ی ئادار جون هولدریچ جێگری نێردەمـان لە پەکین چاوی کەوت بە فونـگ بینگ شن سوپاسالاری سیهانۆک لە باڵوێزخانەی فەرەنسا، لەوێ داوەتنـامەی "بـۆش"ی ڕادەست کرد کە بۆ سیهانۆکی ناردبوو، تیایدا داوای دیدەنی و کۆبـوونەوەی لـێ کردبـوو لەو شوێنەی لەسەری ڕێکدەکەون.

سیهانۆک داواکەی "بۆش"ی لە ٢٩ی ئادار ڕەتکردەوە بەو بیانویەی کە میر نـایەوێ ڕای گشتی چەواشە بکا گوایە دانوستان لە ئارادایە، ئیتر ڕێنماییمـان بـۆ بـۆش دەرکـرد پێی ڕابگەیەنێ کە ئێمە توانیمان سامانە کەلتورییەکانی بپارێزین، با دەرفەتێک وەرگرێ تا بەشی سیاسیی نامەکەمانی ڕادەست بکەین.

لە یەکی نیسان هولدریچ چاویکەوت بە فونگ بینگ شن و وەڵامەکەی بەمشـێوەیە بۆ گواستەوە:

کارێکی زۆر خەراپە خمیرەکان دەست بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانەوە بگرن.

چـونکە ئەمـان هەڵگری بیروبـاوەڕن، بـۆ دونیـای ئـازاد ئەگەر بکـرێ سـیهانۆک کە لەلایەن جوتیـار و گەلـی "ڤنـوم پـن"ەوە پشـتگیری دەکـرێ، بە پشـتگیریی هێـزە زەبەلاحەکان بگەڕێتەوە تا پرۆسـەی هاوسـەنگی ئەنجام بـدا، فونـگ ئومێـدی خواسـت ئەمریکا بتوانێ سیهانۆک بگێڕێتەوە.

لەســەر ئەم تویژینەوەیــە ڕازی بــووین. کێشــەکە لەوەدابــوو ئەوانەی ئەگەری هاوسـەنگی سـەربازییان لە بەیـن بـرد، هەر ئەوانە بـوون حـوکمی ئەم چارەنووسـەی سیاسیەیان دابوو.

## ڕووخانی یەکجارەکی

هێرشی خمیرەکان بۆ سەر ڤنوم پنە لە یەکی کانونی دووەم ١٩٧٥ دەستیان پێکردبوو، لە یەکی نیسان دوای داگیرکردنی نیک لونگ کە دوا پێگەی حکومەت بوو لە باشوری کەمبۆدیا لەسەر ڕوباری میکونگ، نزیکەی شەش هەزار شەڕکەر بۆ هێزە کۆمنیستەکان زیاد دەبێ، بەو هۆیەوە هێرش دەکەنە سەر ڤنۆم پنەی کە هاوکارییەکانی ئەمریکای لێ بڕاوە و داگیری دەکەن.

هێزەکانی تری حکومەت تا تەقەمەنیان تەواو دەبێ شەڕ دەکەن، واتە تا هەفتەیەک بەرگری دەکەن، بەڵام ئەگەر بلێی گەندەڵی و بێ توانایی لە لایەنی کەمبۆدیا نەبووە ئەمە نکۆڵیی لێ ناکرێ، پرسەکە ئەوەبووە ئەم کارە بە هاوکارییەکانی ئەمریکی کرا، وێڕای ئەو قەدەغانەی کۆنگرێس خستبوونیە سەری، ئەو هێزەی سیهانۆک هەیبوو، هێزی ئاهەنگ و نمایشکردن بوون، توانیی بیکاتە هێزێکی شەڕکەر و ماوەی دوو ساڵ بەرگەی شەڕی دڕندانەی خمیرە سورەکان بکا، تا ئەوکاتەی دۆخەکان بە یەکجارەکی دەوەستن.

لە یەکی نیسان ڕەنگی بیرکردنەوەکانمان بوونە بابەتێکیتر، هیچ پەیوەندیەکی بە بابەتەکەوە نەبوو، چونکە کاتێک دۆخەکان لە کۆتایی نزیک دەبنەوە ئەمریکا وهێزە مەزنەکان دەبنە بینەری ڕووداوەکان و چاودێری گۆڕانە سیاسیەکان، دواتر بە هەستێکی پڕ لە ئازارەوە سەیری دەکەن، چۆن خمیرە سورەکان سەرکەوتنەکانیان کە ڕەفتارەکانی ئەمریکا ئاسانکاریی بۆ کردن، دەیگۆڕن بۆ کۆمەڵکوژی گەلەکەیان.

دینی باڵوێز کە ئێستا کارەکەی بۆتە بەڕێکردنی پرۆسەی کشانەوەی ئەمریکی. لۆن نول بە پشویەکی ئاشکرا ڤنوم پنە جێ دەهێڵێ، لە پێناو ڕزگاربوون لە ترسی گواستنەوەی دەسەڵات، هەندێک دەستکاریی لە نێو پۆستەکانی حکومەتە کۆنەکەیدا کرد، بۆ ئەوەی لانیکەم جێ پێیەک بۆ حکومەتە کۆنەکە بمێنێتەوە، ئەوەی کاری لە دەروون دەکرد کەمبۆدیەکان تا ئەوکات متمانەیان بە ئەمریکا هەبوو، هەندێکیان هەنگاو بە هەنگاو ڕاوێژیان پێ دەکردین، تەنانەت لەم دوا قۆناغانەشدا بەڕێکەری کارەکانی

سەرۆک (سوخام خوی) لە دوا ساتەکاندا بانگەوازێکی خەمگین لە ٦ی نیسان بۆ فۆرد دەنێرێ و تیایدا دەڵێ:

چەندین ساڵە گەلی کەمبۆدی متمانەی بە ئەمریکا داوە، ناتوانم بڕوا بەمە بکەم کە ئەم متمانەیە لە شوێنی خۆیدا نییە، کە کتوپڕ دەیویست ئامرازی پێدانی دەرفەتێکمان بۆ بڕەخسێنێ بۆ دۆزینەوەی چارەسەریەکی گونجاو بۆ کێشەکەمان.

ئەوەندەی نامێنێ کارەکان سەربگرن، لە پڕ دەنگی سیهانۆک دەبیسترێ. جارێکی تر حکومەتی لون نول ئازار دەبەخشێتەوە بە بەیاننامە و پێداگریکردن هەموو دانوستانێک ڕەتدەکاتەوە وەکو ئەوەی (پیلانێکی سیاسی) بێ.

دوای ئەوەی هەموو ئەو وەزیرانەی لە ڤنوم پنە دامەزرابوون بە ناپاکی دایە ناسین، سیهانۆک دوپاتیکردەوە کە:

بەرگریکارانی کەمبۆدیا ڕازی نابن بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ناپاکانی دەستەی سوخام خوی و سوشی و لایەنگرانی ڕێک بخەن.

ئەم وشانە لە ناخی تێنوێکی خوێن، هەڵدەقوڵا، وەکو پێشینەی ڕیزگرتن بوو کە سیهانۆک بە هاوپەیمانە پاکەکانی دەدا، خومیرە سورەکان. ئەوەی بیری لێ دەکرایەوە دوور بوو لەگەڵ دۆخەکان، چونکە ئەم نهێنییە یەکێک لە پەکین پێی ڕاگەیاندین، دیدارێکی دیکە لە نێوان هولدریچ وفونگ ڕوویدا ئەمجارەیان بە بیانوی ئەوەی سیهانۆک مەبەستیەتی هەندێک تۆماری کەمبۆدی بۆ فۆرد بەڕێ بکا، وەکو ڕێزگرتنێک لە پاراستنی کەنزە کەلتوریەکان لە ڤنۆم پنە، ڕێنمایی بۆ هولدریچ دەرکرابوون، کە بە ناوی سەرۆک سوپاسی بکات و پێشوازی لە هەر نامەیەکی تری سیهانۆک دەکا ئەگەر بۆمانی بنێرێ. لە ١٠ی نیسان بەر لە کشانەوەی ئەمریکا بە ٤٨ کاتژمێر، لە کۆنە شوێنەکەی ئەمریکا کۆبوونەوەکە ئەنجام درا تیایدا فونگ، هەروەکو هولدریچ دەلێ ئەم تێبنینیانەی تۆمار کردن:

گرنگ ئەوەیە بەر لەوەی سایگۆن بکەوێ بگەنە ڕێککەوتنیک، ئەگینا ڤێتنامییە باکورییەکان دەست بەسەر کەمبۆدیادا دەگرن، بە هەمان ئەو ڕێگایەی کە سۆڤیەتیەکان چیکسلۆڤاکیایان داگیر کرد، فونگ دوپاتیکردەوە ئەمە دەربڕی بۆچونەکانی سیهانۆکە.

سیهانۆک لە پکین هیچ دەسەڵات و توانایەکی نییە هێرشەکان بەرپەرچ بداتەوە و بەرگری لە کەمبۆدیا بکا، هەرچۆنێکی بێ نایەوێ وڵاتەکەی داگیر بکرێ.

باشـتر وایە سـوپا بە سـەلامەتی بهێلـدرێتەوە چـونکە سـیهانۆک لەلایەن سـوپاو جوتیارانەوە پشتگیریی لێ دەکرێ، کاتێک لە کلیریـان پرسـی مەبەسـت لە سـوپا کێیە ئەو سوپایەی بەرگری لە فنۆم پنە دەکا یا لە خومیرە سورەکان، بە ڕوونـی گـوتی: لە فنوم پنە.

سیهانۆک کورتی کردەوە- ئەگەر فونگ بە ناوی خۆی قسە دەکا- ئەوە هەمـان ئەو ستراتیژیەتە بوو کە ئێمە ماوەی دوو ساڵە هەوڵدەدەین جێبەجێی بکەین و سیهانۆکیش یەکێک بوو لەو دوو بڕیارە. یا ئەوەتا ئومێدی دەخواست کێشەیەکی سـەربازی ڕووبـدات و بەهـۆیەوە داوای لـێ بکـرێ وەکـو هاوسـەنگیی پاراسـتنی دۆخەکە. یـا بـڕوای وابـووە خمیرەکان هەر سەردەکەون، هەر دەستپێشخەرییەکی سیاسی هەبێ بە زیـانی ئەو تەواو دەبێ، بەڵکو هەردوو بڕواکەشی لە ئەگەرەکاندا بـووە و بەدواداچـوونی بـۆ هەردووکیـانی کردبـێ، ئێسـتاش کە پارسـەنگەکەی تـری خمیرەکـان بـێ سـەنگ و لاوازە، سـیهانۆک گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە چارەنوسی ئەو لە هی لون نول باشتر نابی، بۆیە پێویست ناکا خـۆی بەم ئەنجـامەوە سـەرقاڵ بکـا، ئەگەر ئەو زیـاتر ڕاشـکاو بـووایە ئەمریکـاش زیـاتر یەکگر دەبوو.

دوا هەوڵمان دا بۆ ئەوەی بە پیر وەڵامـی فونگـدا بچـین، ڕێنماییمـان بە دیـن دا، داوا لە بەڕێـکەری کـاری سـەرۆک بکـا و بـانگی سـیهانۆک بکـا وەکـو سـەرۆکی یەکێتـی نیشتمانی. لە هەمان کاتدا داوامان لە هولدریچ کـرد پەیوەنـدی بە سـیهانۆکەوە بکـا بـۆ ئاگادارکردنەوەی بەم دەستپێشخەرییە، ئەگەر ڕازی بوو بـا داوا لە چـین بکـا بیگـوزنەوە فنوم پنە بە فڕۆکەی چینی، بۆ دەست پێکردنی سەردەمێکی نوێ، تا ئەوکـات ئـێمە لە ڤنۆم پنە دەسەڵاتمان مابوو، هەرچەندە ئێمە لە سەروبەندی بارکردنـدا بـووین، ئـێمە لە ڕووی دەروونی و سۆزدارییەوە پێمـان نـاخۆش بـوو ئەم دەستپێشـخەرییە بکەیـن، بەڵام چونکە سوپای کەمبـۆدی لە داڕوخانـدا بـوو بـاڵوێزی ئەمریکـاش پزگـوڕی دەپێچـایەوە، لەمکاتەدا کەمبۆدییەکـان تەقەمەنیـان لـێ بڕابـوو، دۆخەکـان مەترسـیدار بـوون، بە دیـن ڕاگەیانـدرابوو ئەو شـوێنە چـۆڵ بکـا، جـا وەڵامـی سـیهانۆک هەر چـیەک بـێ، پـڕۆژەکە

سـەرکەوتوو دەبـوو ئەگەر کـاتێ سـیهانۆک دەگەڕایەوە ئەمریکییەکـان ئامادەبووبـان و هاوکارییـان کردبـا، بەڵام چەک و تەقەمەنیـی سـوپا تەواو بووبـوو، سـوپایەکی بـێچەک مابۆوە.

بەم هەڵوێستەی سیهانۆک ئێمەی خستە هەڵوێستێکی لەڕوداما‌ن، گوتی یا ئەوەتا من بیرم تیـژە یـا پەیوەنـدییەکان پچـڕاون، کاتێـک هولـدریچ لە یەکـی نیسـان فونـگ لە دەستپێشخەریەکە ئاگادار دەکاتەوە کە داویەتی بە بەڕێکەری کاری سـەرۆک، گـوتی مـن زۆر دڵخۆشم بەڵام سـیهانۆک بە قسـەی کەسـێک نـاگەڕێتەوە کە پێشـتر ئەو بە ناپـاکی ناساندووە، بۆیە فونگ، (سوخام خوی )ی هاندا تا لە ڕێگەی دوو لە قەشەی بـوودی و هەندێک خوێندکار و کەسانی سەربازی و جوتیارەوە کە لە فنوم پنە نیشتەجێن، بـانگی سیهانۆک بکەن، لەوە دڵنیـابووین کە ئەگەر فـونگیش ئەمە نەکـا بەهـۆی ئەوەی لە ژێـر کاریگەری ئەو بۆچوونەدایە کە ئەمریکا هەرگیـز شکسـت نـاهێنی، بەڵام ئـێمە جـگە لەم دەسـت پێشـخەرییە کاتمـان نەبـوو هیچـی دیـکە بکەیـن، دەبـووایە لە ١٢ی نیسـان باڵوێزخانەمان لەوێ نەمێنێ، واتە ڕۆژی دواتر.

ئەوەی دواتـر دوای داخسـتنی پەردە لەسـەر کەمبۆدیـا ئاشـکرابوو کە نـاکۆکە، ئەمریکـا گەڕایەوە بـۆ دۆخـی بیروکراتیـی جـارانی، پرسـی کشـانەوە بـۆ ئەوانەی دەگوازرێنەوە دڵبڕین بـوو. بۆ ئەوانەی بە کـارەکە هەڵدەسـتن کێشـەی تەکنیکـی بـوو، هەرکە ئەمریکا لە نێوان وەزارەتـی بەرگری و دەرەوە لەنـاو یەکتـر ڕەتکردنەوەدا نقـوم ببوون، هەواڵەکە دزە دەکات و ئەویش دێتە سەر ئازارەکانی کەمبۆدیا، ململانێکە کەوتە نێوان پنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە.

مشـتومڕەکانی نـاوەخۆ و ڕاهێنـانە فەرمییەکـان دەریـدەخەن کە گواسـتنەوەی سایگۆن زۆر ئاڵۆزە، دوای دوو هەفتە کێشـەکە لە گواسـتنەوەدا نەبـوو بـەڵکو لە واژۆ و مەرجەکـانی گواسـتنەوەدا بـوو، وەزارەتـی بەرگـریش کە لە جێبەجێکردنەکـە بەرپرسـە، دەیویست لە ڕێگای فڕۆکەکـانی بـال چەسـپیوەوە، خێـرا دەسـت بە گواسـتنەوە بکـرێ، هەرچی وەزارەتی دەرەوەیە کە لەلایەن ( دین )ەوە پشتگیریی لێ دەکرێ، پێی باش بوو ئەم گواسـتنەوەیە بەکەمتـرین تـرس و تۆقانـدن ئەنجـام بـدرێ، زۆرتـرین ژمـارەی ئەو خمیـرانەی لەگەڵ ئـێمە کـاردەکەن بتـوانین بیـانگوازینەوە، لە ٣ی نیسـان فەرمـانی

گواستنەوە درابوو، دەسەڵاتی دیاریکردنی کات و ساتەکەش بە باڵوێز درابوو، دین بڕیاری دابوو نەختێک دوای بخا تا پرۆسەکە بێ ترس و تۆقاندن ئەنجام بدرێ، ڕووداوەکانیش بەمشێوە لە ڕۆژی ١١ی نیسان وێنەکراوە.

حبیب: وەزارەتی بەرگری و پنتاگۆن، هەوڵدەدەن ئاگادارمان بکەنەوە کە هیچ کارێکی بە پەلە نەکەین، خوا یاریدەدەرمان بێ، ئەگەر ڕووبەڕووی هەر ڕووداوێک ببینەوە، گلەییەکە لە ئێمە دەکەن.

کیسینجەر: گومانی تێدا نییە، پنتاگۆن گوتی، من سێ جار گوێم لێ بوو گوتی: هەڵەی خۆتانە، بۆچی وا دواتان خست؟

حەبیب: بۆیە دواخرا چونکە دین نامەیەکی هێناوە دەڵێ: من ناتوانم ئەمجارەیان ئەمە بکەم، هەموو ڕاوێژکارە سەربازییەکانیش وازۆیان لەسەری کردووە.

کیسینجەر: کێشەیەکی مەزنت بۆ ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کرد، بەو هۆیەوە کێشەیەکی مەزنیش بۆ ئێمە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دروست بوو کە بە تەکتیک لێی دەر ناچین، من هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری شارن دەیانناسم، ئەگەر لاقی یەکێکیان بشکێ لەو کشانەوەیەدا، دەبێ ئەوە قبول بکەین کە بەسەرماندا دێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەمانزانی ئەو مشتومڕانەی لەسەر پشتی کەشتیی تیتانیک دەکرێ، ناکۆکیەکان بوون لەسەر ڕێکخستنی پۆستەکان، لە ١٠ی نیسان ئاگاداری "دین"مان کردەوە کە هەردوو ڕێگاکەی دەچنە فرۆکەخانە ئارام و گونجاو نین، بۆیە دەبێ هەر زو بە هلیکۆپتەر گواستنەوە ئەنجام بدەیت، لەبەر هۆکاری هونەریش ئەم کردە ئاسمانییەش دەبووایە لە هەشتی شەو بەدواوە بکرێ، لە ١٢ی نیسان ٨٢ ئەمریکی و ١٥٩ کەمبۆدی و ٣٨ کەس لە ڕەگەزە جیاجیاکان گواسترانەوە.

نامە بۆ بەرزترین کەسایەتی کەمبۆدی دەنێردرا داوای ڕاگواستنەوەیان لێدەکرا، مایەی سەیرو شەرم بوو هەموویان ڕەتیان دەکردەوە لەگەڵمان بێن، لەوانە براکەی لون نول و سەرۆکی وەزیران لونگ بووریت، ئەم دووانە خمیرە سورەکان ناویان لە لیستی مردووەکان نوسیبوو، هەڵوێستی (رون نسین) جیابوو دەڵێ: ئێمە دەمێنینەوە و بەرگری دەکەین.

سیریک ماتاک سەرۆکوەزیرانی پێشوو تاقە سـەرکردەی کودەتـاکەی ١٩٧٠ کە تـا ئێستاش لە ڤنوم پنە دەژی، بە جوامێر ناوی سەرکردەکانی خومێری دەبرد، لە وەڵامـی داواکەی ئێمە بـۆ ڕاگواسـتنەوەی لە ١٢ی نیسـان، بەدەسـتخەتی خـۆی بە فرەنسـی ئەم نامەیەی نارد:

خاوەنشکۆ و برادەرم

سوپاسـت دەکەم بـۆ دڵسـۆزیت، داواکەت بـۆ گواسـتنەوەم بـۆ شـوێنێکی ئـازاد، بەداخەوە کە من ناتوانم بەمشێوەیە کۆچ بـکەم، چـونکە ئەمە مـایەی ترسـنۆکییە، مـن هـیچ کاتێـک بیـرم لەو کـاتە نەدەکـردەوە ڕۆژێـک بێـت ئێـوە بەمشـێوەیە دەسـتبەرداری گەلێک بن کە داوای ئازادی بکات، دەستی پاراستنتان لەسەرمان نەما و ئێمەش هیچمان پێ ناکرێ. ئەوەتا ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەتـان، هیـوادارم لە خۆشـی دابـن، منـیش دیارە قەدەرم بە مردن هاتووە لە نێو ئەم دۆخە و لە سەر خاکی خـۆم، مـن لە ژیانمـدا هیچ هەڵەیەکم نەکردووە جگە لەوەی بڕوام بە ئێوە کرد .

هیوادارم جوانترین سڵاوی من قبول بکەیت

**واژۆ**

**سیریک ماتاک**


Prince Sisowath Sirik Matak

لە ١٣ی نیسان نیویۆرک تایمز لە مانشێتێکدا دەنووسێ: هیندیی چینی بەبێ ئەمریکا، ژیانێکی خۆشتر بۆ هەمووان.

خمیرە سورەکان لە ١٧ی نیسان دەستیان بەسەر ڤنوم پنەدا گرت، هەر زوو لونگ بووریتیان لەناو برد، هەروەها هەموو ئەندامانی حکومەتەکەش ئەوەی مابۆوە لەناویان برد، لەگەڵ هەموو فەرمانبەرێکی حکومی، فەرمانیان بە ملیۆنەها فەرمانبەری حکومی دا، شار جێبێڵن و بچن ئەو گوندانە ئاوەدان بکەنەوە کە شەڕ کاولی کردوون.

هەروەکو لە توانایاندا نەبوو خۆیان بەخێو بکەن بەمشێوەیە لە تواناشیاندا نەبوو خانەوادەی ئەو فەرمانبەرانە بەخێو بکەن، لە نێوان ملیۆنێک تا دوو ملیۆن کەس لە خمیرەکان بەدەستی خمیرە سورەکان کوژران، تا ئەو کاتەی لە ١٩٧٨هاتۆی داگیریکردن، ئیتر بۆ ماوەی دەیەیەک شەڕی ناوەخۆ درێژەی دەبێ.

فیشەکیان لە گەدەی سیراک ماتاک دا، چارەسەریان نەکرد تا دوای سێ ڕۆژ گیانی لەدەست دا.

# (١٧)

## کۆتایی ڤێتنام

ئەوانە وا تێگەیشتن کە ئازارەکانی دەرهاوێشتەی کەمبۆدیا بەلکو دەیانگێڕێتەوە بۆ ئازارەکانی هەلوەشانەوەی ڤیتنام. بەڵام سەبرو خۆراگری ئەمریکا لە بەرانبەر دابەشی و لەتبونی گەلی ئەمریکی و خۆبەختیەکانی سەلماندیی کە ئەم ئەمریکا گرفتانە تێپەڕ دەکا.

لە ١٠ی نیسان ڤێتنامییە باکورییەکان کە گوایە پابەندی ڕێککەوتنی پاریسن و شەڕ هەلناگیرسێنن، هێرشێکی بەربڵاویان کرد، تیایدا چەندین تیپی سەربازییان بەکارهێنا. ئەم هێرشە لە باکورەوە دەستی پێکرد، گەماڕۆی ڕێگای یەکتربڕی سەرەکییاندا کە لە شاری بان می ثووت بەیەک دەگاتەوە، چونکە لەلایەن پارتیزانەکانی ڤیتکۆنگیشەوە بێزار دەکران بەم هۆیەوە هەموو ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سایگۆن کەوتنە ژێر دەستیان، تەنیا ڕێگەیەکی باریک نەبێ.

لەو کاتەی بەرزاییەکانی ناوەڕاست لە ژێر هەڕەشە دابوون، تران فان لام لە کەسە نزیکەکانی سەرۆک ثیو بوو نێردرایە واشنتۆن بۆ داواکردنی تەواوکەری هاوکارییەکان، ئاگاداری سایگۆن کرایەوە کە هیچ ئومێدێک نییە کۆنگرێس هاوکاری دیکە بدات.

ئێستا ترسەکە بووە ڕاستی، هەروەکو لە کۆنگرەی حزبی دیموکراسی و ئەنجومەنی پیران بە زۆرینەی دەنگ ٢١ بەرانبەر بە ٣١ دژی هاوکارییەکانی ڤێتنامی باشور دەنگیان دا.

ثیو دڵنیا بوو کە بەو کەمە توانایە ناتوانن ئەو هەموو سنورە بپارێزن، تیپی ئاسمانیی لە سنورەکانی باکور کێشایەوە ناوچەکانی دەوروبەری بوواتانگ. کۆشکی ثیو (ئیجاد) سەنگەرێکی باش بوو بۆ بەرگریکردن، دەکرێ لێی بمێنێتەوە تا ئەوکاتەی لە ١٩٧٦ کۆنگرە دەبەسترێ.

بزوتنەوەکەی ڤیو هەستێکی باش بوو، گوایە وەکو ڕاهێنانێکی سەربازی وایە، بەڵام بە پێی مەرجەکانی، ڤێتنام بەرەو کارەساتی دەبا. هەنگاونانی لەمجۆرە بۆ ئامادەکاری و یەکلایەنە و هەماهەنگی هاوبەش، هەر دەبێ بە کشانەوەی ستراتیژی چارەسەر بکرێ.

رێگاکە پڕی بوو لە مینی چێندراو، پردەکان ڕوخا بوون، ڕێگاکە کەڵکی هاتوچۆی نەبوو، دەبێ چاک بکرێنەوە ئەمەش لە توانای ڤێتنامی باشوردا نییە. جگە لە کێشەکانی یەکە سەربازییەکان، ئەم شوێنە ببووە مۆڵگەی خۆ حەشاردانی هاوڵاتییە هەڵاتووەکان، چونکە لایەنگرانی سوپای ڤێتنام هەردەم لە نزیک یەکە سەربازییەکان بوون، واتە لە بلیکۆی پایتەخت، هەرکە هەواڵی کشانەوە بڵاو بۆوە، ترس و تۆقین لە نێو خەڵک هەرای نایەوە، کۆچی بە کۆمەڵ ڕوویدا، دیارە خێڵەکانی مونتا گناردس و دانیشتوانە خۆجێیەکان زیاتر دەترسان بەهۆی ئەو دەرکەوتنە دواییەکانەی ئەو خەڵکە و دەبوونە قۆچی قوربانی.

ڕێگای هەڵاتن پڕ بوو لەئاپۆرەی خەڵک، نزیکەی ٦٠ هەزار سەرباز و ٤٠٠ هەزار هاوڵاتی سڤیلی بەم تاقە ڕێگایەدا ڕایاندەکرد، سیستەمی دابەشکردنی خۆراک دارما، خەڵکی ڤێتنامی باشور لە ڕێگادا تاڵانی گوندەکانیان دەکرد، فڕۆکەی ڤێتنامی باشور بەهەڵە سوپای بۆردومان کرد، لەو میانە سەربازێکی زۆری خۆی کوشت، ئیتر سوپای ڤێتنامی باکور هێرش دەکاتە ئەو گردبوونەوە و کاروانانەی خەڵکەکە، تەنیا ژمارەیەکی کەم نەبێ لە سەربازەکان ئەگینا کەس نەگەیشتە باشوری ڤێتنام، ئەوانەشی بەرگرییان لە بەرزاییەکە دەکرد ڕایان کردبوو و ئەوێیان جێ هێشتبوو.

ڤێتنامییە باکورییەکان نەخشەیان وا داڕشتبوو لە ١٩٧٥ سوپا کۆکەنەوە و لە ١٩٧٦ هێرش بکەن تا دەگەنە سایگۆن، هەر لە چەند ڕۆژێکدا ڤێتنامییەکان ئامانجەکانیان بەدەستهێنا بێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانیی ئەوتۆیان لێ بکەوێتەوە کە شایانی باسکردن بێ.

تیپە سەربازییەکانیان گردۆڵکەکانی ناوەندییان کردە ئامانج تا لەوێوە هێرش بکەنە سەر دانانگ و هیو بە درێژایی کەنار، هەر زوو دەستیان گرت بەسەر ئەم شوێنانە بێ هیچ بەرگرییەک و ئاپۆڕای خەڵکە هەڵاتووەکەش ئەو ناوەی دابووە بەرخۆ، جەنەڕاڵ فان تین دونگ لە نامەیەکدا بەمشێوە دەنووسێ:

پرسەکە لەو سنوورانە دەرچوون کە بۆمان کێشابوون، چونە پرسی ستراتیژی یەکەم لە شەڕی هیندیی چینی، دەبووایە لایەنی دیکە بەرگری بکا، بەڵام ئەمە ڕوی نەدا، تا نەگەڕامەوە بۆ واشنتۆن هەموو شتێکم بۆ ڕون نەبۆوە، ئەم کارەساتە هاوکات بوو لەگەڵ کارەساتی دۆستێکی ترمان کە کوردەکان بوون، لە هەمان کات، لەدەست ڕژێمی ئێراق کە یەکێتی سۆڤیەت پڕ چەکی کردبوو، ڕایان دەکرد و ڕووبەڕووی هەمان کارەسات دەبوونەوە.

بۆ خۆشبەختی کاربەدەستان هەستیان بە بەپرسیارێتی کرد کە دەبێ مامەلە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکەن . لە ٢٤ی ئادار کاربەدەستان دەستیان بە کارکردن لەسەر ئەو دوو قەیرانەی هیندیی چینی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد.

ئەوهەواڵانەی لە ڤێتنامەوە دەهاتن دەیانگوت کۆچبەرەکان بە لێشاو کۆچ دەکەن، کارەساتەکە کۆتایی نەهاتووە، بە بوونی ملیۆنان کۆچبەر شارەکان یەک لە دوای یەک دەکەون، ئێستا کلیلی باکور بۆتە لایەنی مرۆیی نەک بەرگری، لەگەڵ ئەمەشدا لە کاتی کۆبوونەوەی WSAG ڕووبەڕووی کێشەیەکی بیزەنتیانە دەبینەوە، بیرمان لە هەموو ڕێگاکان کردەوە بۆ ڕزگارکردنی ئاوارەکان، گوتیان ئەگەرلە ڕێگەی دابەزاندنی تانک بتوانین ڕزگاریان بکەین، بەڵام ئەمە پێشێلی ڕێککەوتنی پاریسە، دواتر گوتمان بەر لەوەی بڕیاری کۆنگرێس لە قەدەغە کردنی بەکارهێنانی چەک لەلایەن ئەمریکاوە بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، با هاوکاریی سەربازییان پێ بدەین، بەڵام ئەمەش ڕێگە پێدراو نەبوو، ڕوخانەکە کارەسات و ئازاربەخش بوو، بڕیارە گرنگەکە ئێستا ئەوەبوو چۆن دەتوانین شەش هەزار سەربازی ئەمریکی دەرباز بکەین لەگەڵ ئەو ڤێتنامییانەی کە بەهۆی کارکردنیان لەگەڵمان ژیانیان کەوتۆتە مەترسی، داوای ناوی ئەو کەسانەم کرد کە پێویستە بگوازرێنەوە، بەڵام ئەوەی مایەی گاڵتە و پێکەنینە هاوشان ئەو ڕێکارانەی مەبەست بوون بگیرێنە بەر بۆ گواستنەوەیان، باس لە هاوکارییەکان دەکرا بدرێنە ڤێتنامی باشور کە کۆنگرێس لێی بڕیبوون و من و فۆرد داوای پێدان و زیادکردنمان دەکرد، چۆن ئەمە بەیەک دەگەیەنی؟ لە نێوان مەزندەکانم بۆ ڕزگارکردنی سایگۆن و سووربوون لەسەر نەخشەی چۆڵکردن، هەروەها ڕاگواستنەوە و بەرگری و

سـوربوون لەسـەر پێشـینەکانی بەرگـری لە ڤێتنـام، بە پێـدانی هاوکـاری بە ڤێتنـامی باشور؟

زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن داوای چۆڵکردنی سایگۆن و ڕوخانی ثیۆ و کشانەوەی دەستبەجێیان لە ڤێتنام دەکرد، بیرکردنەوەکـانی کـۆنگرێس ئەوەنـدە لەم بیـرۆکە دوور نەبوون، لە ئیدارەش بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی (کـولبی) پێشـنیاری مامەلەیەکی کرد، لە بەرانبەر ڕزگارکردنی سەری ثیو ئەمریکییەکانمان بـۆ ڕزگـار بـکەن. دەستەی فۆرد لە کۆشکی سـپی هەسـتیار بـوون لە مامەلەکانیـان لەگەڵ ئەم پرسـە بـۆ ئەوەی ماکی شەرمەزاری بە ئیدارەوە نەنوسێ. ئەوانەی ڕۆژانە لەگەڵمانـدا کۆدەبـوونەوە بژاردەی ڕاستەقینەیان بەدەستەوە بوو، نەک بیرۆکە و هـزر، دەبـووایە ئەو شـەش هەزار ئەمـریکییە دەربـاز بکەیـن لەگەڵ ئەو چەنـد هەزار ڤێتنـامییەی لەگەڵ ئـێمەدا کاریـان کردووە و بەو هۆیەوە ژیانیان کەوتۆتە مەترسی، بۆ لایەنگرانمان تا ئەمانە ڕزگار نەکەین هیچمان بۆیان پێ ناکرێ، دیارە کۆنگرێسیش لەسەر ڕزگارکردنی ئەمریکییەکان پێداگر و سورە.

لەسەر هەر سیناریۆیەک ڕێککەوتباین، پێویستیمان بە هاوکاری ڤێتنام دەبوو، هەر کاتێکیش ئەم هاوکاریەمان بۆ وەدەرنانی ئەمریکییەکان بووایە و جێهێشـتنیان، ئەوکـات ئێمەیان بە ناپاک دەناساند. لە سـەرەتای نیسـان بە کـۆلبیم گـوت، مەزنـدە دەکەم لەم زوانە ثیو بروخێ، ئەگەر داوای مامەڵەیەکی ئاوەهامـان لێـی کـرد ئەوکـات هـانۆی داوای سەری جێگرەوەکەی دەکات بۆ لە بەینبردنـی پێکهـاتەی سیاسـیی ڤێتنـامی باشـور. بـۆ ڕزگارکردنی ئەمریکییەکـان کە پەیمـانی شـەڕەفمان پێیـان دابـوو، پێویسـتیمان بە کـات بوو، داواکردنی هاوکاریش تاقە ڕێگابوو بـۆ پاراسـتنی مـۆراڵی ڤێتنـامییە باشـورییەکان، ئەوانەی تا ئەوکات ئامادەی شەڕکردن بوون.

بەڵام چ جـۆر و ئاسـتێکی هاوکـاری؟ ئـێمە لە کـانونی دووەم داوای هاوکـاری تەواوکەرمـان کردبـوو کە ٣٠٠ ملیـۆن بـوو بەڵام ئێسـتا ئەم بـڕە پارەیـە لە ئاست ئەو کارەساتەدا نییە، لەم میانە فۆرد سامگرتی بوو، بە پێوە وەستابوو و هیچی نەدەگوت، پێـی وابـوو وا بە سـوک و ئاسـانی دەسـتبەرداری ئەو هەزاران کەسـە بـین کە لە پێنـاو ئێمەدا ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسـی؟ ئەو پێـنج سـەرکردەی دوو حزبەکـەش بڕوایـان

وابوو ئەمە بۆ ئاشتی دنیای ئازاد زەرورە، بۆیە ئەوەی لە دەستم بێ دەبێ بۆ ئەو پیاوە ئازایانەی بخەمە گەڕ. لە ٢٧ی ئادار کە شکستە سەربازییەکان ئاماژەی ڕونیـان دەدان، لە کۆشکی سپی گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەر داواکانی سایگۆن بوون. من ئەم بەیاننامەیەم لەسەر داواکانی سەربازی سایگۆن دەرکرد:

من بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە ئەمە دەڵێم، بەڵکو وا پێویست بکا ڤێتنـام بخەیـتە پشتت تا وڵات جارێکیتر پارچە نەبێتەوە، ڕێککەوتنەکانی ڤێتنام لەسەر دوو بنەما بوو: هەڕەشەکردن بە هێزی سەربازی و بەردەوام بوون لە هاوکاریکردنمان.

لە ١٩٧٣ پشتگیریەکانمان وەستاندن و دواتریش هاوکارییەکانیش ئەوەندە دابەزین تا گەیشتە ئاستی پێویست پێ بوون، ئێستاش تووشی هەڵوێستێکی ناخۆش بووینەوە.

فۆرد گوێی لەمە بـوو و گـوتی: ئەمە بە پـێچەوانەی سروشـتی مـنە، وەڵامـی ئەو هەمـان ئەم وەڵامە بـوو کاتێـک لە ٣ی نیسـان پێـیم گـوت: بـژاردەکەت ئەوەیە هـیچ نەکەیت، لە ٩ی نیسان واتە ڕۆژێک بەر لەو ڕۆژەی فـۆرد بە فەرمـی داوای هاوکـاری بـۆ ڤێتنام بکا، سەرنجم دایە بۆچوونەکانی، ڕون نیسین پێی وابوو سەرۆک دەبێ کارێک بکا ئەمریکا لە ڤێتنام دەربکات، نەک زیاتر بیخاتە ناوی، فـۆرد بـۆ ئەم بۆچـوونەی وەڵامـی دایەوە و گوتی: (ئەمە ئەو ڕێگـایە نییـە کە مـن پێـی سەرزەنشـت دەکەم، ئەگەر بشـم توانیبایە ئەمەم هەر نەدەکرد). لە ٣ی نیسان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا فۆرد سـور بوو لەسەر داواکردنی هاوکارییە ئابووری و سەربازییەکان بۆ ڤێتنـامی باشـور، ڕەخـنەی لە ڤێتنــامی بــاکوریش گــرت بە پێشــێلکردنی پەیماننــامەی پــاریس و ڕەخنەشــی لە کۆنگرێس گرت کە هاوکارییەکانی بڕیوە. بڕیاری دروستکردنی پردێکـی ئاسـمانیی دا بـۆ دەربازکردنی ئەو دوو هەزار منداڵە یەتیمە ڤێتنامییە، سـەبارەت بە ڤیـو کە ڕۆژنامەکـان لێیــان پرســی داوای بکــات، گــوتی ئەو ســەرۆکێکی شــەرعییە و لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە، من مافی ئەوەم نییە داوای لێ بکەم وڵات جێبێڵێ.

ئێمە هەمیشە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمانین، هۆشداریش دەدەمە ناحەزانمان کە دۆخـی نالەبـاری ڤێتنـام نەکەن بـە نموونـەی جێهێشـتنی ئەمریکـا بـۆ هاوپەیمانەکـانی. ئەم هەڵوێستانە هەڵوێسـتی نـا گەلەری بـوون، فـۆرد زۆر بە هێمنـی ئەمـانەی دەربـڕی و لە

دەرگای خۆشدوانییەوە، بۆئەوەی کەس بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکاتەوە لەسەر ئەمریکا جگە لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی نەبێ.

کاردانەوەی میدیاکان دەکرێ بلێین پێشبینیمان دەکرد، ڕۆژنامەی نیویورک تایمز بە شۆکبوون تۆمەتباری کردم، هەرچی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستە بە کۆکردنەوەی دۆستان بۆ یاریکردن لە کەنار دەریا.

کاتێکیش لە کۆنگرە ڕژنامەوانییەکە لەسەر ئەم دۆخە پرسیار لە فۆرد دەکەن، هەڵوێستەکان ئاوەژ و دەبنەوە، چۆن دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کۆنگرێس هاوکاری دەکا لە کاتێکدا گلەیی لە کۆنگرێس دەکەین لەسەر ئەوەی ڕویدا کە خۆی لێی بەرپرسیارە ؟

چی وای لە ئێمە کرد بڕوا بکەین هاوکارییەکی تر سودی دەبێ؟ ئایا ئەمە هەمووی هەڵەکانی ڤیو نییە؟ چۆن ئامادەکاری کرا بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنی پاریس و پێشبینی ئەنجامی تریشمان دەکرد؟ ئەو پرسیارەی زۆر سور بوو لەسەری، پابەندیەکانمان لەگەڵ ڤێتنام چۆنە؟ من هەر ئەمە دووبارە دەکەمەوە، چۆنێتی پابەندیمان لەگەڵ ڤێتنام لەسەر بنەمای ڕەوشت بوو نەک یاسا.

ئەو پرسەی لای ئێمە زۆر گرنگە پرسی ڕەوشتە، ئەو میللەتەی ساڵەهای ساڵە بە هاوکاری و هاندانی ئێمە پاڵەوانانە دەجەنگن، بەڵام لە کاتی پێویستی و تەنگانەدا ئەمریکا هاوکارییەکانی لێ دەبڕێ. گوتەکانی خۆم بەمشێوەیە کۆتایی پێ هێنا:

لە ماوەی شەش ساڵ ئێوە زۆرتان بە گوێمدا هێنا و منیش پێتان دەڵێمەوە، پێموایە کەس لە ئێوە لە منتان گوێ لێ نەبووە کە سکاڵا لە ئازار و ئەشکەنجە بکەم، بەڵام ئەوە ئەو کەسانەن کە بەرگەی ڕەخنەکانی دژی جەنگیان گرت، ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوانەی ڕەخنەیان دەگرت با لە گوێیاندا بمێنێتەوە کە کارەسات و نەهامەتیی مرۆیی ئەو کەسانە دەیبینن کە لە ئیدارەکەدان، ئەوان باشترین خزمەت بە ئاشتی جیهانی دەگەیەنن.

ئەمە هیچ سودی نەبوو، جێگەی داخ بوو لای ئێمە کە هنری جاکسۆن جارێکیتر چووە ڕیزی هێرشبەرانەوە، سەرەڕای ڕازی نەبوونمان لە سیاسەتی حاڵیحازری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئێمە هەمیشە بە چاوی هاوپەیمان لە شەڕی جیوپۆلەتیک لەگەڵ

کۆمـۆنیزم سـەیرمان کـردووە. بەڵام دواتـر لە ٨ی نیسـان دووبـارە نـاڕەزایی خـۆی لـە هاوکارییە زیادەکـان بـۆ ڤێتنـام دووبـارە کـردەوە، گـوایە داواکە لەسـەر بنەمـای نهێنـی کـراوە. گوتەکـانی ئەوە دەگەیەنـێ کە ئـێمە لە سـەرۆک فۆردمـان شـاردبێتەوە، بەڵام تۆمەتەکەی ڕاست نەبوو. هیچ ڕۆژێک نە مـن نە فـۆرد لەسـەر بنەمـای پابەنـدی فەرمـی بانگەوازمان نەکردووە، ئەوەی داوامان کردبـێ بـۆ بەرگـری لە هێرشـەکانی سـەر ڤێتنـام لەسەر بنەمای ڕەوشت بووە، هەموو ئەوانەی لە ڤێتنام ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبوونەوە لەبەر ئەوەبوو بەرگریان لە ئابڕو و ڕەوشتیان دەکرد.

سەرۆک ویانـد لە سـبرنگز سـەرۆک فـۆردی لە ٥ی نیسـان لە دۆخـی سـەربازی ئاگادارکردەوە، پێی گوت: دۆخەکان بەرەو هەرەسهێنان دەچن و ئەم بژاردەشمان لەبەر دەم دایە:

یـا گـوژمەی تەواوکەر کە بـڕی ٣٠٠ ملیـۆنە کـە تەنیـا دەتـوانێ بەشـێک لە بەکاربەرەکان قەرەبوو بکاتەوە، ناتوانێ قەرەبووی ئامێرە تێکچووەکان بکـاتەوە، گـوتی: سوپای ڤێتنامی باشور ماوەی دوو ساڵە قەرەبووی سەربازی نەکراونەتەوە، دواتـر وەکـو ناڕەزایی ( وییانـد) گـوتی: ئەو گـوژمە بەش ناکـا، بۆیـە لە جیـاتی ئەوە لیسـتەکە بەرز کەوە بۆ ٧٢٢ تا بەشی پێداویستیەکان بکا، بەتایبەت ئەو ئامێر و چەکانەی بەم دوایـیە تێکچوونە.

لە پێش هـەموویان ئەمە هەرگیـز جێبەجـێ نـابێ. تـا ئەوکـاتەی ئەمـانە دەکـرێن ڤێتنـام دەروخـێ، بـۆیە باشـترین بـژاردە ئەو کەمە هاوکارییەیـە کـە بڕیـارە ڕەزامەنـدیی لەسـەر بـدرێ تـا پێداویسـتیەکانی زەخیـرە و تەقەمەنیـی پـێ دابـین بـکەن، ئەگەر بەر لەوەی هاوکارییەکانمان بگەنە دەستیان ڤێتنامی باشور لەبەین چوو، ئەوا سەرمان سوک دەبێ و ئێمەش لە پابەندییە ڕەوشتییەکان دەردەچین.

لە ٩ی نیسان کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بە هەمان ئەقلیەت و بیرکردنەوە بەڕێوەچوو، فۆرد ڕووبەڕووی سێ پرسیار بۆوە:

١/داوای هیچ بڕە پارەیەک نەکا.

٢/ پێداگری لەسەر پابەندی ئەو ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە بکا کە بەر لە سێ مانـگ داوای کردبوو.

٣/ یا پشتگیری لە داواکاری ٧٢٢ ملیۆن بکا.

ئامادەبووان بڕیاری گونجاویان دا، شلیسنجەر لەسەر ٣٠٠ ملیۆنەکە مشتومڕ دەکات و ڤێتنامیش لەسەر لێواری ڕوخاندایە، وییاندیش ئەو بڕە ٣٠٠ ملیۆنەی قبول کرد بە چاوپۆشین لە کارەساتەکانی ڕابروو ئەم لەسەر ٣٠٠ ملیۆنەکە پێداگریی کرد، گوتی پێویست ناکا کۆنگرێس لەسەر ئەمە مشتومڕ بکا. چونکە ڤێتنام لە سەروبەندی ڕوخاندایە، فۆرد دووا بڕیاری خۆی ڕادەستی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی کرد:

من داوای ٧٢٢ ملیۆن دۆلار دەکەم چونکە دەتوانم پاساوی بۆ بێنم، هەر نەبێ تۆمارەکان ڕونن، داوا دەکەم لانی دوور لە یەکی ئایار دابین بکرێ.

داوای هاوکاری مرۆیی دەکەم بەلآم لەرێگەی نەتەوە یەکگرتوەکان نا، لایەنی سێیەم داوای ئەو دەسەلآتە دەکەم کە بتوانم ئەمریکییەکان بگوازمەوە بۆ شوێنی ئەمان، چونکە ئێمە لە بەرانبەریاندا پابەندین.

من خۆم لە یەک خاڵ بە دوور ناگرم، دەبێ ڤێتنامییە باکورییەکان بزانن کە هەر ڕێگریەک بێتە پێشمان لە کاری ڕاگواستنەوەی ئەمریکییەکان و ئەوانی دیکەش، کاردانەوەی توندمان دەبێ، لە پێناو ئەمە من نیانیم دەوێ لە ئێوە.

ئەمە وشەیەکی پڕ مانایە، بە شێوازی تایبەتی نەک شێوازی چرچلی، بەڵکو شتێکی خراپیش بێت. من وا بیر دەکەمەوە شلیسنجەر کە خۆپارێزیی هەیە، بەلآم من ئەمە بڕیارمە. من لە پێناو ئەمەدا کاتی زۆرم کوشت. پێموایە سیاسەتی ئێمە هەمووی هەڵەی تێدایە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سیاسەتی ترومن و ئایزنهاوەر هی ئەوان ڕاست و بێ هەڵەبوو، دەبێ ئێمە هەڵەی مەزنمان کردبێ.

لە ١٠ی نیسان سەرۆک وتارێکی لە دانیشتنێکی هاوبەش بۆ کۆنگرێس دا، گوتارەکەی داوای لێبوردن نەبوو، ئەو پێشنیارانەی پەسند کردن کە ئەوانی بەر لەو، لەسەر تێوەگلآندنی ئەمریکا لە هیندیی چینی و ڕێککەوتنی پاریس دابوویان. دوپاتی کردەوە کە ئەمریکا هاوکاریی پێویستی بە هاوپەیمانانی نەداوە و ڕێککەوتنەکەشی دەولەمەند نەکرد، فۆرد کۆتایی بە گوتارەکەی هێنا بە هۆشداریدان بە کۆنگرێس لەوەی دژایەتی سیاسەتی دەرەوەیان دەکا:

بەرژەوەندییـــە نەتەوایەتییـــەکان و پرســـی ئاشـــتی و ســـەقامگیری، وا لەســـەرمان پێویست دەکا کە هاوکـاری سڤیلی و سـەربازی بە هاوپەیمـانە ڤێتنـامییە باشـوورییەکان بدەین. ئێمە ناتوانین دەستبەرداری دۆستەکانمان بین لە کاتێکدا دوژمنەکانمان هاوکاری دۆستەکانیان دەکەن و هانیان دەدەن، دواتر ناتوانین هەواڵگری و هێڵەکـانی بەرگریمـان تێک بدەین لە کاتێکدا دوژمنانمان پتەوتر و توندتری دەکەن.

ئەگەر شەوی ڕابردوو ئەوەی دۆستانمان دەیـان گـوت سـەرۆکیش گوتبـای، دەبـوایە بڵێ:

ئەوەی پێویسـت بـوو کردمـان، ئێسـتاش لە تواناماندا نییـە هاوکـاری سـەربازی پێشکەش بکەیـن، پێمـوایە فیلیـپ حەبیـب (سـکرتێری یاریـدەدەری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا) ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە دەدا کە ڕوخانێکی گشتی لە ئارادایە، لە تواناماندا نییە ڕێگریی لێ بکەین و بەرگری لە سایگۆن بکەیـن. ئەم شـتە ئێسـتا بەڕێوەیە و ڕێچـکەی خـۆی گرتووە، دەکرێ پێشبینییەکی ماقوڵی لەسـەر بکەیـن، بەڵام ئەوەی دەبـێ بـیکەین، ئەو کارەیە کە لەسەر بنەمای سیاسـەتی دەرەوەمـان بێـتەوە و دەکـرێ لەسـەر ئەو بنەمـایە گەل متمانەی بە ئێمە هەبێ.

ئێمە نامـانەوێ کەس تۆمەتبـار بکەیـن لەوەی هەڵـەی کـردووە، دواتـر حەزیشـمان لەوە نییە، کاتێک ئەم پرسە وەلانرابێ و بۆ مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بەکاربێت، پێموایە ئەوکات خەڵک هەستێکی ناخۆشیان دەبێ، بەڵام ئەم وەزارەتە لە پێناو هەقـدا بێـدەنگ دەبێ، چونکە هیچ بژاردەیەکی ترمان لەبەر دەستدا نییە.

# ١٧
# مشتومڕ لەسەر چۆڵکردن

ئەمە لە ئەقلی کلاسیکیەوە دوور بوو. جا لە کۆنگرێس یا لە میدیاکان. زۆربەیان پرسیاری ئەوەیان لێ دەکردین ئاخۆ گورزێکی میهرەبان لەو لایەنە دەوەشێنین کە ماوەی دوو سەدەیە پێیەوە بەستراوینەتەوە.

بەڵام لە چوارچێوەی ئیدارەدا، گوتەکەی سەرۆک مشتومڕی نایەوە لەسەر ئەوەی: ئایا دەبێ داوای هاوکاری بکرێ و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووخاندا بکەێ، لەسەر چۆنێتی و خێرا وەدەرنانی ئەو ڤێتنامییانەی لەگەڵمان کاریان کردووە و بابەتی دیکەش. پنتاگۆن مەبەستی بوو هەرچی زووە ئەم دەرکردنە لە هاوشێوەی دەرکردنەکەی کەمبۆدیا ئەنجام بدرێ. لە هەموو ئاستێک ئارەزووی وەدەرنانی ئەو ڤێتنامییانەی هەبوو کە لەگەڵ ئێمە کاریان کردووە، بەمەرجێک کار نەکاتە سەر سستبوونی بەڕێوەچونی وەدەرنانی ئەمریکییەکان، پنتاگۆن سودی لە سەرەڕۆیی نەدەبینی، نەوەک ببێتە مایەی ڕودانی کارەسات یا لەگەڵ کۆنگرێس ڕووبەڕووی لێکۆلنەوە ببینەوە.

دیارە پنتاگۆن شارەزایی لەمجۆرە زۆرانبازیانەدا هەبووە، بۆیە تۆمارێکی کردەوە تیایدا سەلماندی ئەمریکییەکان لە ئەنجامی بەرنامەیەکی سیاسی وەدەر نەنراون، لە ڕێگەی پردێکی ئاسمانیدا، ئەم پرۆسەیە بەڕێوەچوو، ناوە ناوەش بروسکەی هۆشداری و پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ نووسینگەکەم دەکران.

ڕۆژانە بە فرۆکەی گواستنەوە C-١٤ یەوە لە سایگۆنەوە دەگواسترانەوە، خۆی دەبووایە وەزارەتی دەرەوە ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ و بالۆێزیش ڕۆڵی فەرماندەی مەیدانیی تیادا ببینێ، دیارە گراهام مارتن خۆی بە خۆرسک فەرماندە بووە.

ئەو لە وەزارەتی دەرەوە ڕۆڵی وزە بەخشینی بە گلاس ماک ئارثەر دەدا، دیدی تایبەتیی لەسەر ئەم ڕاگواستنەوە هەبوو، پێی وابوو ئەوەندە بایەخی پێنەدرێ باشە،

پابەندییەکی سۆزداریی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد کە لای ئێمە بایەخیان هەبوو بۆ گواستنەوەیان، ئەرکی خۆی باش دەزانی لە نێوان پرۆسەی وەدەرنان و هێشتنەوەیان، تا ماوەیەکی زیاتر بوونی ئەمریکی لەو شوێنە هەبێ بۆئەوەی ببێتە پاساوی ڕزگارکردنی ئەمریکییەکان.

مارتن پێی وابوو تۆقاندن لە سایگۆن نیشانەی دڵەڕاوکێی هانۆیە، کاری لەسەر بە هێواش وەدەرنانی ئەمریکییەکان دەکرد کە سکۆکروفت و فۆرد ئەم شێوازەیان پێ باش بوو، بە بروسکەکان ئێمەی خنکاندبوو، تیایدا دەیگوت من بەرپرسیارم لە جێهێشتنی هەر کۆچبەرێک لە دوای خۆم، بەهۆی ئەوەی ئێمە پرۆسەی وەدەرنانمان بە هێواشی بەڕێوە دەبرد، پنتاگۆن وەزارەتی بێزار کردبوو. ئەمەش لەلایەن مارتنەوە جێبەجێ دەکرا، دواجار دەرکەوت ڕێژەی مامناوەندی مەترسیی، زیاتر بوو لەوانەی پێشتر دەرچوون، هەڵوێستەکانم لە مارتن نزیکتر بوون لەوەی لە پنتاگۆن، ئەو خاڵەی لەگەڵ باڵوێز مارتن ناکۆک بووم، پێم وابوو پەلە لە ڤێتنامییە باشورییەکان نەکرێ بۆ کاتێکی گونجاویان جێبێڵین. تەنانەت دوای داگیرکردنی بەرزاییەکانی ناوەڕاستیش مارتن پێی وابوو دەکرێ لە دەوروبەری ڕوباری ترانگ و سایگۆن و دەلتا چاڵ هەلکەنین و سەنگەر لێ بدەین تا خەڵک تیایدا بژی.

کاتێکیش سایگۆن لە سەروبەندی ڕوخاندا دەبێ، مارتن ڕەخنەمان لێ دەگرێ لەوەی ئێمە دەتوانین دەسەڵات لە سایگۆن لە ڕێگەی حکومەتێکی کاتیی هاوپەیمانییەوە بگوازینەوە، پەیتا پەیتا تا ئەو کاتەی دەتوانین لە ڕێگەی پردێکی ئاسمانییەوە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا کۆچبەران بگوازینەوە.

چونکە من لە ماوەی ڕابردوو بەردەوام لە ڕووی (لی دوک شو) دەوەستامەوە، باش شارەزای ببووم، لەوە دڵنیا بووم ڕازی نابێ دەسەڵات ڕادەست بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بە پێکهاتەیەکی سیاسیی کاتی یا کۆمۆنیستیش بێ، ئەگەر دەرفەت بۆ ڤێتنامی باشور بڕەخسێ، ئەوان دەچنە سەر ڕێبازی تیتۆ.

سیاسەتمان هەرچیەکی بێ، دەبێ دیدە ڕەشبینییەکانی هەواڵگری لەبەرچاو بگیرێ لەوەی جارێکی دیکە ڤێتنامی باشور ناکەویتەوە سەرپێ و تەنیا چەند هەفتەیەک خۆی ڕادەگرێ.

بۆیە لەسەر ڕەزامەندی سەرۆک ئەم پلانەم دانا:

دیاریکردنی ڕێژەی توانای پردی ئاسمانی لە گواستنەوەی ئەمریکییەکان.

دەرکەوت ڕۆژانە لە ڕیگەی هەلیکۆپتەرەوە دەتوانێ ١٢٥٠ کەس وەدەرنێ، لە ١٨ی نیسان بە مارتنم ڕاگەیاند نەختێک ئەم ڕیژەیە کەم بکەنەوە تا ٢٢ی نیسان، ئیتر لەو کاتەوە دەتوانین زۆرترین ژمارەی ئەمریکییەکان و ئەوانەی ماون لە ڤێتنامییە باشورییەکان،، وەدەر نێین. بەڵام فرۆکەخانەی ( تان سون نهون) لە سایگۆن لە ژێر هەڕەشە و مەترسی دایە بۆیە ناوخاکی باڵوێزخانەمان بەکارهێنا بۆ ڕاگواستنەوە.

ڕۆژانە فشارەکانی ئەنجومەنی پیران لەسەر پەلەکردن لە وەدەرنانی ئەمریکییەکان زیاتر دەبوون. لە ١٤ی نیسان لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران، هەر هەموویان داوای سەرۆکیان کرد بۆ ئەوەی لە بنکەی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵی دانیشن. لەوەتەی سەردەمی وودرۆ ویلسۆنەوە ئەمە یەکەمین جارە داواکاری وا ڕوودەدا.

من و شلیسنجەر دوو بەیاننامەی لەیەکچوومان لەسەر دۆخی سەربازی و ئومێدەکانی سایگۆن پێشکەش کردن. ئەندامە دیارەکانی ئەنجومەنی پیران وەڵامیان دایەوە گوتیان: نەهاتوین گفتوگۆ لەسەر ستراتیژیەتی ڤێتنام بکەین، بەڵکو بۆ پەلەکردن لە وەدەرنانی ئەمریکییەکان هاتوین، لەگەڵ دڵنیا بوون لەوەی لەبەر وەدەرنانی ڤێتنامییە باشورییەکان دوایان ناخەن. پێیان وابوو ئەگەر پێشینەی وەدەرنان بە ڤێتنامییە باشورییەکان بدرێ جارێکی دیکە کێشەمان بۆ دروست دەبێ.

فۆرد چیرۆکەکەی بەمشێوە گێڕایەوە:

نامەکان ڕوون بوون: زوو وەدەرکەون، گوژمەی زۆرتان پێ دەدەم بۆ چۆڵکردن، یاکوب جافیچ سیناتۆر لە سەر لیستی نیویۆرک و گوتی: ( بەڵام یەک درهەمتان بۆ هاوکاریی سەربازی وەرنەگرت)، سیناتۆر فرانس چیرش، لە ویلایەتی ئیداهۆ پێی وابوو کێشەی مەزن هەن، ئەگەر ئەو هەموو ڤێتنامییە باشورییانەی لەگەڵماندا بوون وەدەریان نێین، تووشی شەڕێکی بەربڵاومان دەکا. سیناتۆر جوزیف بیدن، لە دیلاویر بە دەستەواژەیەکی ناسراو وەڵامی دایەوە: من دەنگ بۆ هەر گوژمەیەک دەدەم کە بۆ وەدەرنانی ئەمریکییەکان بێ، نابێ ئەمەش تێکەڵ بە دەرکردنی ڤێتنامییە باشورییەکان بکرێ. سەرۆک بە ئەدەبەوە وەڵامی دایەوە:

بڕوا بکەن ئێمە پێویستیمان بە وەدەستهێنانی کاتە، ئەگەر چەند ڕۆژێکیش بێت هەر باشە، سوپاستان دەکەم بۆ سەردانیتان، گفتوگۆیەکی خۆشمان کرد، بەڵام بڕیار لە بەرپرسیارێتی خۆمە من ئەنجامەکە دەگرمە ئەستۆ.

## گەڕان بەداوی چارەسەری سیاسی

ئەلبەت ئەنجومەنی پیران و قسەکەران بژاردەی دیکەیان هەبوو: ئەویش (چارەسەری سیاسی) بوو، بەڵام ئەو لایەنەی شکست دێنێ هیچی نییە بیداتە دوژمنەکەی، فەرەنسا خۆی وەکو میانگیر دەرخست، ئەو کاتانەی گفتوگۆی هێمنانەمان لەسەر پرۆژەکانی فەرەنسیی جیاجیا دەکرد بۆ دابەشکردنی ڤێتنامی باشور، بڕیارمان وابوو ڕێچکەی ئەوان نزیکترە (هەروەکو حاڵەتی کەمبۆدیا)، ڕەنگدانەوەی ڕابردوو کە پەیوەندیی بە داگیرکاریی کۆنەوە هەیە لەگەڵ بیرکردنەوە لە چۆنێتی کۆتاییهێنان بە ئازارەکانی ڤێتنام.

تاقە جوڵەی سیاسی کە لە تواناماندا بوو بیکەین، ئەوە بوو بەرەو مۆسکۆ بچین، کە تا ئەوکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا پاراستبوو، ئەمە سەرەڕای تێکچونی ڕێککەوتنی بازرگانی، بەڵام بریژنیف خۆی لە کۆنگرەی لوتکە لەسەر ئەوروپا دەپاراست. ماوەی سی ساڵ بوو بەدواداچوونی بۆ دەکرد ئێستاش بڕیار دراوە کۆنگرەیەکی کاتی بۆ تاقیکردنەوە لە کۆتایی تەموزدا ببەسترێ، ئاگاداری کۆبوونەوەی ڕۆژانەی دەستەی باڵای کارمەندانی وەزارەتی دەرەوەم کردەوە کە من لە ١٨ی نیسان دەچمە یەکێتی سۆڤیەت، هەرچەندە بە ڕێژەی یەک لە هەزار ئومێدی دەستکەوتم هەیە. ئێمە لە پێگەیەکدا بووین دەبووایە زەلیلی قبول بکەین.

لە ١٩ی نیسان یاداشتێکی زارەکیم لە فۆردەوە بۆ بریژنێف لە ڕێگەی دوبرینن نارد، لە یاداشتەکەدا گوتم پێویستیەکان وا نیشان دەدەن بۆ ئاگربەست لە تەک ڤێتنام بووەستین تا بتوانین ئەمریکییەکان و هاوڵاتیانی ڤێتنامی باشوری لێ وەدەرنێین، چونکە ئێمە پابەندیمان لەگەڵیاندا هەیە، دەبێ ئەم کارە بکەین. کە بەرەو مۆسکۆ

دەچوین نابێ ئەمە بە شێوازێکی هەڕەشە ئامیز بلێین، چونکە لە بەرژەوەندیماندایە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پەیوەندییەکانمان تێک نەچن، چونکە لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی ئەمریکی و سۆڤیەتیدایە.



Anatoly Dobrynin

بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕونتر لەم بانگەوازە پێشکەش بکەین، ئامادەیی خۆمان بۆ گفتوگۆی زیاتر دەربڕی لەسەر دۆخی سیاسیی تایبەت بە ئاگربەست، بە دەربڕینێکی دیکە وەکو گۆڕانکاری لە هەڵوێستی سیاسی سایگۆن، بۆ ئەنجامەکانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بارهەڵگری سڤیلی بە فێل بۆی چووین، هەرچەندە پسپۆڕێکی وەکو دوبرینن لە ناو گفتوگۆکانی کۆنگرێسدایە بەڵام ئەم هەرەشانە وەکو هەنگاوی مەترسیدار وەرناگرن.

لە چاوەڕوانی وەڵامی سۆڤیەتیدا بووین، مارتن لە ٢٠ی نیسان لەسەر زاری ڤیو پێی ڕاگەیاندین وگوتی: سەرۆکی ڤێتنامی باشور ئەگەری دەست لەکارکێشانەوەی هەیە، مارتن ئەمەی لە هەگبەی خۆیەوە گوت، هەرچەندە ئەم پرسە لەگەڵ فۆرد گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەگەڵ منیش بە هەمان شێوە و لەم پێناوە هەماهەنگی لەگەڵ کۆشکی سپیدا کراوە.

هەرچەندە من هیچ خەیاڵێکم لەسەر وەڵامی ڤێتنامی باکور نەهۆنییەوە، بەڵام من لەسەر بنەمای ئومێد: دانوستانەکان چەند ڕۆژێکمان پێ دەبەخشێ کە بتوانین برادەرانمان وەدەر نێین، دواتر ڤیو وەڵامی مارتن دەداتەوە دەڵێ:

ئەوەی لە بەرژەوەندی وڵاتەکەمدایە ئەوە دەکەم. مارتن بەم چەند وشە ساردەیە کۆتایی بە ڕاپۆرتەکەی دێنێ کە بۆ واشنتۆنی نوسی:

چومەوەماڵەوە لە واشنتۆن، ڕۆژنامەی (دیلی نیوز دایجستس) م خوێندەوە، لەوێ چوومە گەرماو، بە لیفکە و سابوون خۆم شوشت، زۆر بەتوندی لیفکەم دەهێنا و دەبرد هیچم نەبینی، فۆرد و سکۆکروفت هەمان هەستیان هەبوو.

هەستی کۆشکی سپی بۆ پەلەکردن لە دەرکردنی ئەمریکییەکان و دۆستانمان هیچ کاری نەکردبووە سەر وەزارەتی داد کە تازە ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندبۆوە کە تێچووی ڤیزای لابردبوو.

هەندێک کەس سەیرن، وا دەزانن دەسەڵاتەکانی سەرۆک دەتوانێ مەرجەکان پشتگوێ بخات، ئەوەتا جێبەجێکردنی بڕیار لەوەزارەت گیری خواردوە، دواجار لە ٢٢ی نیسان وەزارەتی داد ڕەزامەندی لەسەر لێبووردنی هاتووان دەدا بۆ تێچووی ڤیزە لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی پیران، کە ١٣٠٠٠٠ کۆچبەری هیندیی چینی لە تێچووی هاتنە ناوەوەیان بۆ ئەمریکا ببووردرێن. لەگەڵ ٦٠ هەزار کەسیش کە مەترسییان لەسەرە، دوایین لێبووردنی لەم شێوە لە ١٩٦٠ بۆ کوبیەکان دەرکرا.

لەو کاتە زۆربەی بەرپرسەکان لە واشنتۆن خەریکی تۆمەتبارکردنی یەکتری بوون، دووان لەو بەرپرسانەی پێشتر لە ڤێتنام کاریان دەکرد ئەوانیش ڕوز نبلات و کریگ جونسون بوون بە پاسپۆرتێکی ئاسایی، بەبێ ئاگاداری فەرمی، خۆیان دەگەیەننە سایگۆن پەیوەندی بەو دۆستە کۆنانەیانەوە دەکەن کە پێشتر کاریان لەگەڵدا کردبوون و

ئێستا ژیانیان لە مەترسی دایە، دەربازیان دەکەن بۆ دەرەوەی ڤێتنام، هەرچەندە ئەمە کارێکی هەڵە بوو کردیان بەڵام دوور بوو لە بیرۆکراتیەتی وەزارەتی دەرەوە، بۆیە ڕاسپێردرا بەهۆی ئەم کردەیانەوە سزا بدرێن.

پاش ئەوەی دوای دوو هەفتە دێنەوە واشنتۆن و دێنە نووسینگەکەم، منیش هەندێک ڕێنماییم پێدان و پێم ڕاگەیاندن کە ئێوە ماکی خەراپەی چاکەی وڵاتەکەتان وەڵاناو هیچ پشتگیریەکیش نەکران، دوای ساڵێک من کارم لەسەر ئەوەکرد خەڵاتی شەرەفی باڵای وەزارەتی دەرەوەیان پێبدرێ. جۆنسۆن بەردەوام بوو، لە فەرمانگەی بێگانەکان کاری دەکرد تا ئەوکاتەی دەکرێتە باڵوێز لە جەزائیر، ڕۆزا نبلاتیش ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ هاوکاری کۆچبەران.

لە ٢١ی نیسان نگوین فان ثیو دەست لەکار دەکێشێتەوە و لە ڕاگەیاندنی دەست لەکارکێشانەوەکەیدا ڕەخنە و ناڕەزایی توند لە ئەمریکا دەگرێ بەهۆی بێوەفایی و کێماسیی لە یەکێک لەم دوو پرسانە :

١/ یا دەبووایە ڕێککەوتنی پاریس بسەپێنێ.

٢/ یا دەبا هاوکاریی تەواوی گەلی ڤێتنامی باشور بکا، تا تووشی ئەم میحنەتە نەبێ. دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش بۆ ڕۆیشتنی، کردیانە هەڵڵا. ئێستا ڕێککەوتنی پاریس بە ڕۆیشتنی ئەو جێبەجی دەکرێ، ثیو گرفت بوو لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی پاریس.

ثیو پاساوی خۆی هەبوو لە توڕەبوونی لە ئەمریکا، هەرچەندە ئەو ڕقی لێم بوو بەڵام کەم کەس وەکو ئەو ڕقیان لێم بوو، ئەو بەهۆی ئەوەی منی بە بەرپرس لە دانوستانەکانی ئەمریکا دەزانی کە دۆخەکەی بەم ڕۆژە گەیاند، منیش ئەوم خۆشدەویست چونکە کەسێکی نیشتمانپەروەر و دلسۆزی وڵاتەکەی بوو، ئەو شایەنی چارەنووسێکی باشتر بوو، ئەگەر من دەمزانی کۆنگرێس هاوکارییەکان دەبڕێ ئەوەندە فشارم نەدەخستە سەر دانوستانەکانی ١٩٧٢.

(چارەسەری سیاسی) سەلماندی کە بەخێرایی هەڵدەوەرێ، ڕادیۆی هانۆی هێرشیکردە سەر (تران)ی جێگرەوەی ثیو، هانۆی لەسەر داواکارییەکانی خۆی سور بوو کە دەرچوونی سەرجەم ئەمریکییەکان بوو بە سڤیلی و سەربازیەوە.

بیست ساڵ لە ئومێد و کێشە و شۆک بوون لە سەر ڤێتنام، لە یەک ئامانج کورت کرانەوە، ئەویش بریتی بوو لە دەربازکردنی زۆرترین ژمارە لە قوربانییە ڤێتنامییەکان، بەرگەگرانی داگیرکاری ئەمریکا، ئێمەش لە واشنتۆن چاومان لە زۆرترین ژمارە بوو لە هەر گەشتێکی فڕۆکەکان کە بۆ هێنانەوەی ئەمریکییەکان دەچوونە سایگۆن، پردی ئاسمانی لە ٢١ی نیسان بە درێژایی کاتەکان بەردەوام دەبێ، لە ڕۆژدا بە فڕۆکەی C-١٤ لە شەویشدا بە فڕۆکەی C-١٣ . ئەمە بە درێژایی دە ڕۆژ بەردەوام دەبێ، توانیمان نزیکەی پەنجا هەزار ڤێتنامی دەرباز بکەین.

کاتێک فەرمانبەرانی کۆشکی سپی دەبنە ئەقلی کاربەرێبەر بۆ سەرکەوتنی بیروکراتیەتی نموونەیی. مەبەست و ئامانجی کۆمۆنیستی سودی نامێنێ تا کاتی زیاترمان پێ ببەخشێ.

لە گوتەی سەرۆکایەتی زانکۆی تولین لە ٢٣ی نیسان ئەم دەستەواژەیە زیاد دەکرێ (ئەوەندەی پەیوەندیی بە سەرۆک فۆردەوەیە شەڕ تەواو) برگەکە بەمشێوە هاتبوو:

ئەمڕۆ ئەمریکا دەتوانێ گیانی خۆی بەرز ڕاگرێ بەقەدەر ئەو بەرزیەی بەر لە کێشەی ڤێتنام هەیبوو، بەڵام ئەمە ئەوکاتە بە ئەنجام ناگا کە ئەمریکا لە گەرمەی شەڕەکان تەواو دەبێ و لاپەڕەکان هەڵدەدرێنەوە، پێمواية ئێستا دەبێ لە داهاتوو بڕوانین، لە خشتەی کارەکانی داهاتومان، بۆئەوەی زامەکان تیمار بکەین و ئومێد و گەشبینی و متمانەکان بگێڕینەوە.

ئەو بەیاننامانەی لە سەردەستەی کارمەندانی کۆشکی سپی دەردەچن، ئەوە دەسەلمێنن کە نەمن نە سکۆکرۆفت ئەم گوتەمان نە نووسیوەتەوە بەڵکو گوتارێکی سەربەخۆی سەرۆکایەتیە لەلایەن وەزیری دەرەوە نووسراوەتەوە.

ئەوانەی بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەم برگەیە دەکەن، لەوە دەگەن کە ئیدی شەڕ تەواو، ئەوەی ماوە ئەوەیە دەتوانین چەند لە ڤێتنامییەکان دەرباز بکەین، تا چەند ڕێگە پێدراوە بۆمان . ئەم ستراتیژییە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی لە کۆشکی سپی لە ٢١ی نیسان هاتە شیکردنەوە:

گرفت و کێشە مەزنەکەمان لە دە ڕۆژی دوایی دابوو، بریتی بوو لە هاندانی خۆمان، بۆئەوەی بتوانین هەرچی زیاترە خەڵک لە مردن ڕزگار بکەین بێ ئەوەی دۆخەکە بووروژێنین، ئەگەر لێمان تێبگەن ئەمە سیاسەتی ئێمە بوو لە ماوەی دە ڕۆژی دواییدا، ئەمەش بۆ زۆر شتی دیکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

لە ڕووی ڕەفتاریشەوە گوتارەکەی تولین هیچی لە ڕەفتارەکانی فۆرد نەگۆڕی، بە درەنگ وەختانێک ڕێنماییەکانی دەردەکات بۆ ڕون نیسن تا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئاگادار بکاتەوە، ئەو بەردەوام دەبێ لە داواکردنی ٧٢٢ ملیۆن دۆلار بۆ هاوکاری ڤێتنام. لە نێو ئەو ڕەشەبایەی دلی ئێمەی تۆقاندبوو بە پێویستم نەزانی گفتوگۆ لەسەر شێوازی گوتاری سەرۆک بکەم، هەرگیز ئەم پرسەشم باس نەکرد، فۆردیش داوای ڕونکردنەوەی نەکرد، وا پێدەچێ گوتارەکەی تولینی بە هەند وەرنەگرتبێ چونکە لە یاداشتەکانی باسی لێوە نەکردووە.

## چۆڵکردن

دوای چەند ڕۆژێک لە گوتارەکەی تولین، هەموو شتەکان ئارام بوون کۆمنیستەکان ئەوەندە لە فرۆکەخانەی (تان سون نهوت) نزیک ببوونەوە هاونەکانیان پێی دەگەیشتن، دەبێ خۆیان بۆ هێرش ئامادە بکەن یا کەلێنێکیان بۆ دەرچوون هێشتبێتەوە.

لە ٢٤ی نیسان دوبرینن بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوەکردم وەکو ئەوەی بۆ ڕاگواستنەوەی ئەمریکییەکان گلۆپی سەوزیان هەلگیرساندبێ، گوتیشی گوایە هانۆی بەدوای چارەسەرییەکی سیاسیانەدا دەگەڕێ لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی پاریس. وا پێدەچێ ڤێتنامییە باکورییەکان بە مۆسکۆیان ڕاگەیاندبێ نیازیان نییە خەراپە بەرانبەر بە ئەمریکا بکەن، بۆیە بریژنیف هاندەدرێ نیازەکانی ئەمریکا بۆ سەرەڕۆیی هێور بکاتەوە.

ئەگەر یاداشتەکەی سۆڤیەت ئەو مەبەستە بگەیەنێ واتا کەلێنێک بۆ وەدەرنان کرایەوە، هەرچەندە یاداشتەکە ناوی وەدەرنانی ئەمریکییەکان دەبا بەلآم مەبەستی

وەدەرنـانی هـەموو ئەوانەیە کە ئەمریکـا مەبەسـتیەتی. چـونکە ئـێمە بە فڕۆکەکانمـان هەردووکمان دەگواستنەوە، ئەمریکـی و ڤێتنـامی، لە گوتەکـانی هـانۆش دەردەکەوێ کە کاتی باشمان وەدەست هێنا.

لە کۆتاییدا هەر دەبێت کۆمۆنیستەکان نـاوچەکە بگـرنە دەسـت کە مـاوەیەکی زۆر بوو ئێمە لەم پێناوەدا هەوڵمان دەدا کە ڕوو نەدات، بەڵام لە پێنـاو ڕزگـارکردنی گیـانی هاوڵاتیانمان ناچارین سـازش قبـول کەیـن، ئـێمەش بڕیارمـان دا لە کـۆنگرەی ئاسایشـی ئەوروپی هەندێک دەستکەوت بە بریژنیف بدەین بەڵام کـۆنگرێس هۆشـداری دەدا بەوەی بەم هەنگاوە ئێمە بەرەو دواوە دەکشێینەوە.

ڕێنماییمـان بە مـارتن دا ڕێـژەی گواسـتنەوە بـۆ ٨٠٠ کەس کەم کـاتەوە تـا کـاتی زیاترمان بۆ بمێنیتەوە و پردی ئاسـمانییەکەش بەردەوام بـێ. لە ئێـوارەی ٢٤ی نیسـان فۆرد کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی بەست (NSC) بۆ پێداچونەوە لە پرۆسەی چۆڵکردن یا ڕاگواستنەوەی ئەمریکی و ڤێتنامییەکان. شلیسـنجەر پێـداگریی لە ڕاگواستنەوەی خێرای بۆ ئەمریکی و ڤێتنامییەکان دەکرد ، فۆرد لە ٩ی نیسان کۆتـایی بەم مشتومڕانە هێنا:

فۆرد:

من لە مەترسییەکان دەگەم، ئەمانە مەترسیی منن خـۆم پێیـان هەڵدەسـتم. بەڵام مۆڵەتمان بدەن تا دڵنیابین لە جێبەجێکردنی.

روکفلەر:

ناتوانین بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەبێ سەرەڕۆیی مسۆگەر بکەین.

فۆرد:

پەنا بەخوا.

سۆڤیەت پێی ڕاگەیاندین، پابەندی هەر درێژ کردنەوەیەکن، لەو کاتەی سۆڤیەت لە ئامادەکردنی وەڵامدانەوە دابوو، ئێمە لە یاداشـتەکەماندا کۆمەڵێـک پرسـیارمان ئاڕاسـتە کردن بەو هیوایەی درێژە بە پـردی ئاسـمانی بـدەین، لە وەڵامنامەکەمانـدا بـۆ سـۆڤیەت گوتمان، لەسەر ڕۆشنایی وەڵامەکەتـان لە پـردی ئاسـمانی بەردەوام دەبـین و مۆڵەتمـان بدەن ئاخۆ ئەمریکا چی دەکا لە پێناو سەقامگیربوونی ناوچەی هندی چینی، بـا هـانۆی

چاوەڕوانبێ بزانێ چۆن ئێمە ڕێککەوتنی پاریس کە تایبەتە بە ئەنجامدانی، چارەسەری سیاسیانە جێبەجی دەکەین. فۆرد بۆ بریژنیڤی دوپات کردەوە کە ئێمە بەردەوام دەبین لەوەی کۆنگرێس بۆ ئێمەی قەدەغە کردووە، تا ئەوکاتەی هیچ دەستێوەردانێک لە پرۆسەی چۆڵکردندا نەبێ بۆ ئەوەی دۆخەکان نەشێوێندرێن.

هەروەکو لە کۆبوونەوەی فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە گوتم: ئەوەی لە بەردەستماندا ماوە، نیشان دانی پێستە، هیچمان بۆ نەماوەتەوە لە کاری دبلۆماسی بیکەین جگە لە کەمێک نەبێ، بەتایبەت مامەلەکردن لەگەڵ توندڕەوانی هانۆی.

لە ٢٨ی نیسان لە ئەنجامی هێرشبردن بۆ سەر فڕۆکەخانەی (تان سون نهوت) لە سایگۆن ڕوخانی یەکجارەکیی سایگۆن ڕاگەیەندار، ئەوکات ٨٠٠٠ ڤێتنامی و ٤٠٠ ئەمریکی لەوێ کۆببوونەوە، لە چاوەڕوانی گواستنەوە دابوون.

هەرچەندە تەقەکردن لەو شوێنە وەستابوو بەڵام بەهۆی ترس و تۆقاندن کۆچبەرەکان لە لەنێو ئەو ڕێرەوانەدا پەرش و بڵاو ببوونەوە، بەو هۆیەوە پرۆسەی ڕاگواستن ڕادەوەستێ، لە ئێوارەی کاتژمێر ١٠و ٤٥ خولەک فۆرد بە نارەزایی فەرمان دەدا دوا کاروانی کۆچبەران بگوازنەوە، بەر لەم ڕووداوە بەهۆی چارەنوسی ئەو کۆچبەرانە کە لە مەترسیدا بوون ئێمە بە زمانێکی ڕەشبین نەدەدواین، ئەوان لەسەر لێواری ئەوەدابوو لە دوای خۆمانیان جێ بێلین.

کیسینجەر: دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە پردی زیادە داوا بکەن بۆ پاشماوەی کۆچبەرەکان، ئەمشەو شەوی خۆمانە، با ڕاپەڕین، هەموو کارەکان ئەنجام بدەین.

فۆرد: یا لە کۆتایی ڕۆژەکە یا بەیانی زوو؟

کیسینجەر: بەیانی زوو ئەگەر فڕۆکەی C-١٣٠ نەتوانێ بۆ دوور بیانگواستەوە، ئەوکات بارهەڵگرەکان دەیانگوازنەوە.

فۆرد: ئای لەو شەرمەزاریە، ٢٤ کاتژمێر زیاترە یان ١٢؟

کیسینجەر: ١٢ زیاترە دەتوانین ژیانی ٨ هەزار کەس لە مردن ڕزگار بکەین.

فۆرد: هینری ئەوەی لە تواناماندا بوو کردمان.

کینسجەر:جەنابی سەرۆک هەموو ئەوانەم بە پێچەوانەی ئامۆژگارییەکان جێبەجیکردووە.

فۆرد: زۆر باشە من ئومێد دەکەم ئێستا مارتن و سمیت گراهام لە ئێمە تێدەگەن و دودڵ نابن لە کارەکانیان.

کیسینجەر: زۆر باشە لەگەڵ مارتن کارەکەمان پشکنیوە، بەر لە ٥١ خولەک لەگەڵ ئەو قسەم کردووە، من ناڵێم ئەو ئەمە بۆ هەوەستی خۆی دەیکا، بەڵام دەیکا، ئەو لەگەڵ دوو لە ئەمریکیی دیکە ئەمە جێبەجی دەکەن بەڵکو لە دارستان دەیان دۆزێتەوە. بەڵام بڕواناکەم بتوانین پاساوی ئەمە بکەین.

فۆرد: منیش بڕواناکەم هنری.

کیسینجەر: ناتوانین هیچ مسۆگەریەکیان پێ بدەین.

کاتژمێر ١١ی دوای نیوەڕۆ پەیوەندیم بە گراهامەوە کرد، داوام لێی کرد زۆر وشیار بێ لەوەی کار بکا، تا هەموو ئەمریکییەکان و ئەوەی بتوانرێ لە ڤێتنامییەکان لە دوا ڕۆژی دەرکردن بە فڕۆکە بارهەڵگرەکانمان بیانگوازێتەوە دەرەوەی ڤێتنام، مارتن لەسەر دەرکردنیان ڕازی بوو بەڵام بڕیاری دا خۆی و دوو لە خۆبەخشی ئەمریکی بمیننەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی ڕاگواستنەوەکە. دڵنیا بوو لەوەی چارەنوسی لە چارەنوسی جەنەراڵی بەریتانی دەبێ کە لەسەر دەستی المهدی لە ١٨٨٥ دەکوژرێ دوای ئەوەی ڕەتدەکاتەوە ئەوێ چۆڵ بکاب، پێویستمان بەوە نەبوو باڵوێزمان لە سایگۆن بکەینە بارمتە بەدەستی ڤێتنامییە باکورییەکان لە کاتێکدا هەمووشتێک تەواو بووە، بۆیە فەرمانم بە مارتن دا ئەوێ جێبێڵێ، دەمانەوێ پاڵەوانەکانمان بێنەوە واشنتۆن .

نەمانزانی ڤێتنامییە باکورییەکان لە ساتە وەختەکانی دواییدا هێرشەکانیان تونـد و خێرا کردووە بۆ سەر سایگۆن یا بە لێدوانەکان فێڵیان لە مۆسکۆ کردووە، ئەو کات هەستم بەوە کرد گوتاری فۆرد لە تولین کاری کردۆتە سەر نەخشەی هانۆی و پەلەیان لێی کردووە، چونکە :

یەکەمیان/ لە ڕوی مەیدانییەوە مەترسیەکانی ئەمریکا لەسەر ئەو دۆزە نەمان. دووەمیان/ هەرچەندە لە ڕوی پراکتیکیەوە ئەمە وزە و توانایەکی شێتانەی دەویست کە ڤێتنامییە باکورییەکان ئەم هەڕەشانە بە جدی وەرگرن. یاداشتەکانی ڤان دونگ تین هیچ ئاماژەیەک بە گوتارەکەی فۆرد نادات، بۆیە دەڵێین نهێنی پەلەکردنی هانۆی چی بوو؟

نەخشـەی زیرەکـانەی ئەمریکـا هاوکـات بـوو لەگەڵ هەرەشـەکان. ئامـانجی هێرشکردنە سەر سایگۆن بۆ، بۆیە بۆمان دەرکەوت دەبێ شەڕ بکەین، بە سور بوونێکی زیـاتر دەبـێ هێرشـەکان ئەنجـام بـدەین، لە پێناوسـەرکەوتندا سـود لە هەر خولەکێـک وەرگرین.

بیری هانۆی لەسەر نەخشەکانی ئەمریکا ئەوە بوو کە سـایگۆن هەول بـدا سـود لە ناڕەزایەتییەکانی نێو ئەمریکا وەربگرێ تا ماوەیەک بۆ ئەوەی ثیو لە دەسەڵات دابەزێنێ و حکومەتەکە بەرفراوان بکا، ئەوەبوو بە کردەوەش ثیو دەستی لەکار کێشـایەوە، تـران ڤان هونگی جێگرەوەی، حکومەتی بەرفراون کرد بە پێدانی پۆستی سەرۆک وەزیـران بە جەنەراڵ یونـگ ڤـان مینـە ئەوە ئومێـدی پێشـینەی ناڕازیبووەکـانی ڤێتنـام بـوو بەر لە ١٩٦٧ کاتێـک لەگەڵ ثیـو لە پێشـبرکێی پۆسـتی سـەرۆکایەتی سـەرناکەوێ، واتە ڕکابەرەکەی بوو.ئەو خۆی بە بێلایەن دەزانی، بەڵام پێـدەچوو هەلـگەڕاوەی کۆمۆنیسـت بووبێ.

لە کێشـەی ئەوەی دواجـار کـێ دەبێـتە بەلەمە نقـوم بـووەکە، میـنە پۆسـتی سەرۆکوەزیران وەرنـاگرێ، گـوتی ئەم داوایە هـی پاشـماوەی دەسـەڵاتە کۆنەکەیە بـۆیە ڕەتی دەکەمەوە، لە جیاتی ئەم پۆستە پێشنیاری بۆ ئەنجـومەنی نیشـتمانی کـرد وەکـو سەرۆکێک دایمەزرێنن، بۆ ئەرکی کۆتاییهێنان بە شەڕ و دامەزراندنی ئیـدارەیەکی کـاتی، ئەم بینە و بردەیە دوو ڕۆژی خایاند تا مینەیان لە ٢٧ی نیسـان بە سـەرۆک دامەزرانـد، ئەم پۆستەش تەنیا بۆ دوو ئەرکی گرنگ بەکـار دێت کە تەنیـا مـاوەی حـوکمرانیی ٧٢ کاتژمێری برد ئەوانیش:

١/ داوا لە هانۆی بکا ئاگربەست ڕابگەیەنێ و دەست بە دانوستانی سیاسـی بـکەن. لە ٢٩ی مانگ ئەم داوایەیان ڕەتکردەوە و گوتیان دەبێ هەموو ئەمریکییەکان لە مـاوەی ٢٤ کاتژمێردا بارکەن و بڕۆن، چونکە ئەمە لەگەڵ ماوە دیاریکراوەکەی ئـێمە دەهـاتەوە، بەو هۆیەوە لەو تۆمەتە دەرچووین کە گوایە ئێمە دۆستەکانمان جێهێشـت، لەو کاتەشـدا وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی هەوڵی ئەوەیدا پەیوەندی لەگەڵ نـوێنەرایەتی ڤێتنـام بکـا لە دەرەوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریک او وەدەرنانی کۆچبەران.

دیارە ڤێتنامییەکان ماوەی دوو دەیە بۆئەوە شەڕیان نەکردووە تا لەگەڵ حکومەتی کاتیی سایگۆن دانوستان بکەن، ئەوان لانیکەم بە حکومەتێکی کۆمۆنیستی ڕازین، بۆ بەدبەختی دامەزراندنی مینە، پەلەی لە کارەکانی هانۆی کرد، دیارە ئامادەیی زیاتریان بۆ ڤیو هەبوو تا کاتی پێبدەن، نەک جێگرەوەکانی، چونکە حکومەتی ڤیو دیارە لە ڕوخاندا بوو، بەڵام ئەگەر دانوستان لەگەڵ حکومەتێکدا بکەن کە کاتی و جێگرەوەی ڤیۆیە مانای ئەوەیە ئەگەری لەسەرڕێ وەستانی هەیە و دانی پێدا دەنرێ، بۆیە ڕەتکرایەوە دانوستانی لەگەڵدا بکرێ، چونکە ئەمە دەبێتە جۆرێک لە سەربەخۆیی لە شێوەی کۆریای باشور ئەگەر کۆمۆنیستیش بێ. بۆیە شەڕی دوایی ڤێتنامییە باکورییەکان لە سایگۆن ئاڕاستەی کۆمۆنیستەکانی ڤێتنامی باشور کرابوو. جێگەی سەرسوڕمان نەبوو تەنیا پەیوەندی لەگەڵ PRG یەوە دەکرێ لە پاریس.

## دوایین ڕۆژ

دوای بەدواداچوونی کۆشکی سپی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە پێناو چۆڵکردنی یەکجارەکی، دەرکەوت جێبەجێکردنی نەخشەکانی پنتاگون، ورد نەبوون، پەیوەندییەکانی نێوان فڕۆکەکان بەردەوام دەپچران، بووە مایەی ئەوەی کاپتن و فەرماندەکان لە گواستنەوەکە سەرکەوتوو نەبن، لە دیاریکردنی کاتەکان نەدەزاندرا بە کاتی گرینچ دەبوو یا لۆکالی. دەبووایە نەخشەیەکی نوێ دابنرێ بە سوربوونێکی تر، لەسەر جێبەجێکردنی کە چەند ڕۆژێکی دواخست، لە ٢٩ی نیسان ئەمریکییەکان لە سەر خاکی باڵوێزخانەوە کۆچ دەکەن، من و فۆرد کۆنگرێسمان ئاگاداری کردەوە، کەچی لەولاوە باس لە چارەسەری سیاسی دەکەن، لە کاتێکدا ئێمە هیچ پێگەیەکمان لە سایگۆ نەماوە، کۆچ پێکردنی ئەمریکییەکان سەنگ و کاریگەری ئەمریکا لەسەر دانوستانەکان ناهێڵێ.

دوای ئەوە لە بیرۆکەی خۆم لە کۆشکی سپی بە بێ دەنگی لێی دانیشتم، بروسکە بەپەلەکانی پنتاگۆن کە بۆ من و فۆرد نێردراون تا پەلە لە کاری ڕاگواستن بکەین، ئەوە دەسەلمێنن هەر هەڵەیەک یان دواکەوتنێک لە وەدەرنانی ئەمریکییەکان ئێمەی لێ

بەرپرسیارین، لە ڕوویەکی دیکەوە نە من نە فۆرد نەماندەتوانی زیاتر کار بکەینە سەر درێژکردنەوەی پرۆسەکە، چونکە هەردووکمان شایەدی دوا قۆناغەکە بووین، بۆیە هەریەکەمان لە نووسینگەی خۆی لێی دانیشتبووین، نەماندەتوانی هیچ کاریگەرییەک لەسەر ئەو نەهامەتییانە دروستبکەین.

لەوکاتە بێدەنگانەدا زۆر بە هێواشی ڤێتنامم دەهاتەوە یاد، هەستم بە خوێنبەربوون دەکرد، پرسی ڤێتنام بۆ بەم دۆخە گەیشت؟ دەمویست دۆخەکە شی بکەمەوە .

ئەگەر ئەمە بکەم بەڵکو بگەمە ئەنجامێک، تائێستاش من لەو بڕوایەدام کە هیچ ئەلتەرانتیفێک نییە بۆ ئەوەی ئێمە کردمان، بەڵام ئەوەی منی ئازار دەدا ڕۆڵی من بوو لەهەنگاوی دوای کۆتایی، ئەویش پەلەکردن بوو لە دانوستانەکانی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢، چونکە هیچ گومانێکم لەوەدا نەبوو ڤێتنامییە باکورییەکان پابەندی ئەو کاتە دیارکراوە نابن کە ڕایدەگەیەنن، ثیو دەست بە هەڵوێستەکانییەوە دەگرێ، ئەنجامە دبلۆماسیەکەی کەمتر گونجا و دەبێ، کۆنگرێسیش لە توانایدایە هاوکارییەکان ببڕێ.

لەو کاتەوە ئەوەی برینداری ئەوە بووم ئەگەر ئەنجامەکان باشتر بوونایە چی دەبوو، ئایا ئاژاوە، سایگۆنی بەم ئەنجامەی ١٩٧٥ گەیاند؟ کە یەکەم هەنگاوی لە دانوستانەکانەوە دەستیان پێکرد لە ١٩٧٢؟ ئایا من و نیکسۆن کاتێک هەموو سەنگێکمان دەخستە سەر دەستەواژەی شەرەف شتی دیکەمان لە هزر دابوو؟ ئەو دڵخۆشییەی من و دەستەی دانوستانکاری یاوەرم هیچ بنەمایەکی هەبوو کاتێک لی دول ثو بە مەرجەکانمان ڕازی دەبێ؟ ئەوکات پێمان وابوو شەڕ لەسەر لێواری کۆتاییەتی.

من و یاوەرانم پێمان وابوو ئەرکی ئێمەیە لە پێناو ئەنجامێکدا کار بکەین دژی سازش بێ. ئەوکات نارازییەکان دەتوانن باسی ڤێتنام بکەن وەکو کۆمەڵگەیەکی لادەر. بەڵام کاتێک من و هاوڕێیانم لە ڤێتنام دەبووین بیرمان لە کەسانی دلسۆز، لە ژن و پیاوەکان دەکردەوە، کە لە پێناو ڤێتنامییەکانی دیکە خەباتیان کرد و ڕەنجیان داوە، پێم وابوو ئەمانە بەرگری لە پرسی ئازادی دەکەن دژی دوژمنێکی وەحشیگەر لە دارستانی کێوییەکان، لەوکاتانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەسایەتییە ئەمریکییەکان بەرگریان لە کەیسی ڤێتنام دەکرد، نارازییەکان تانە و ڕەخنەیان لێیان دەگرت بەوەی نەخشەی سەرکردەکان جێبەجێدەکەن، بەو هۆیەوە ژیانی خۆیان و ئەمریکییەکانیان لە

پێنـاو ڤێتنـام خسـتۆتە مەترسـیەوە، ئەمانەیـان بە گاڵتەجـاڕی بـاس لێـوە دەکـرد. تەلەفۆنێـک زنجیـرەی هزرەکـانی تێـک دام کە هـیچ پەیوەنـدەیەکی بە شـەڕەوە نەبـوو ئەویـش لە (لـی وو سـرما ن)ەوە بـوو سـەرۆکی MCA گەورە بەرپرسـی پەیوەندییەکانی هۆلیۆد و دۆستی خۆم و گوتی: مەبەستی پەیوەنـدیەکەم ئەوەیە وێـڕای کێشە و گرفتەکانت لێرە ژمارەیەک لە هاوڕێکانت هەن بیر لە تۆ دەکەنەوە.

بەر لەوەی وەڵامـی بـدەمەوە پەیوەنـدیەکەی ڕاگـرت، ئەو کەسـێکی دیموکراسـی دلسۆز بوو، هەمیشە ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ئێمە لە ڤێتنام دەگرت، مـن کـارم بەودا نەبوو بەڵام ئەمە نیشانەی دلسۆزیی بوو.

فۆرد فەرمانی دا ئەو پردە ئاسمانییە تـا درەنگـانی شـەو بەردەوام بـێ بـۆ ئەوەی زۆرترین ژمارە وەدەرنێن، بەوانەی لە نـاو باڵوێزخانەشـەوە گیریـان خـواردووە. کـاتژمێر ٢ی پـاش نیـوەڕۆ زانیـاریم وەرگـرت کە تـا ئێسـتا ٧٦٠ کەس مـاون و یەک فـڕۆکەی هەلیکۆپتەریش بەر لە دوو کاتژمێر لەوێ نیشتۆتەوە، پەیوەندیم بە شلیسـنجەرەوە کـرد ئاخۆ چۆن دەتوانین ئەو ژمارەیە بگوازینەوە و پرۆسەی چۆڵکردن تەواو بـێ، دیـارە بە مسۆگەری بەیانی ڕۆژهەڵاتان ڤێتنامی باکور سایگۆن داگیر دەکا.

هەرکە هەردوکمان ڕێککەوتنین ١٣ بارهەڵگر بە کارەکە هەڵسان، بۆ سەلامەتی ئەو خەڵکە بڕیارماندا ١٩ بارهەڵگر بێت، لە دوایین فڕۆکەشدا مارتن خۆی بێتەوە.

پەیوەندیی نێوان من و شلیسنجەر لەو دوا کاتژمێرانەدا:

کیسینجەر: جیم

شلیسنجەر: بەڵێ هنـری، نامەیـان بـۆ دەنێـرین سـەبارەت بە بـارهەڵگری ٤٦ و ٥٣ واتە ١٩ بارهەڵگر ٧٦٠ کەس باربکات، مەزندەی ئەوەمان کرد بگاتە کاتژمێری ٣ و نیو.

کیسـینجەر: باشـە جـیم ئێسـتا پێـاین ڕابـگەیەنە، ئەمە فەرمـانێکی سـەرۆکایەتییە ئەگەر تۆ نەیکەیت ناکرێ.

شلیسنجەر: بەڵێ دەیکەین.

کیسینجەر من دەمەویست لەوە دڵنیا بم.

شلیسنجەر: دەیکا ئەو کەسێکی خاوەن پەیامی خۆیەتی.

کیسینجەر: بەڵێ ئەو کوڕێکی لەوێ لەدەست داوە.

شلیسنجەر: پێی خۆش دەبێ.

کیسینجەر: ئەو باش بیر دەکاتەوە.

شلیسنجەر: بەڵێ ڕاستە، کەسێکی دلسۆز و خاوەن وزەیە.

کیسینجەر: وابزانم....

شلیسنجەر: تۆ دەگری.

کیسینجەر: پێموایە ئەگەر ئەم ڕێکارانە بگرینە بەرهەردووکمان دڵخۆش دەبین.

ئەم دیالۆگەم بۆیە گوت چونکە من دوای بیست ساڵ چاوم لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بوو جەنەراڵێک باسی ئەو ڕووداوەی دەکرد، گوتی گوایە ئەوکات کارەسات ڕویداوە ٤٠٠ کەس لە برادەرانی ئێمە لە ڤێتنام لە دوای هێزەکانمان لە ناو باڵوێزخانە جێ ماون، من چووم بەدوای ئەو جەنەڕاڵەمدا نارد لەسەر ڕاستی ئەو گوتانەم قسەم لەگەڵیدا کردووە، چونکە وێنە ڕاستەکان هەموو جارێک ناگەنەوە شوێنی خۆیان، ئەو پیاوە بۆی سەلماندم کە ئەمە ڕوویداوە، کەچی لە هەموو کۆبوونەوەکان ئەوە دووپات دەکرایەوە کە پرۆسەی چۆڵکردن بە سەرکەوتوویی ئەنجام دراوە و هیچ کەسێکی ئەمریکی و دۆستە ڤێتنامییەکانمان جێ نەماوە.

لە کاتژمێر چوار من توانیم بۆ جورج مینی بسەلمێنم کە سەرکردەکانی حزبی کرێکارانی ڤێتنامی هەموویان ڕزگار کراون، دواجار لە کاتژمێر چوار مارتن بە دوایین بەرهەڵگر گەڕاوەتەوە، بەڕاستی کارێکی سەرکەوتووانەی ئەنجام دا، لەو ماوە کورتە توانیی پەنجا هەزار کەس وەدەربنێ لەگەڵ چوار هەزار ئەمریکی، دۆخەکەی بە شێوەیەک بە ئارامی پاراست کە دواتر هەشت هەزار کەسی دیکە توانیان خۆیان نەجات دەن.

دوای ئەوەی دوایین بارهەڵگر بەڕێدەکەوێ، ئەوسا من ئاسودە بووم، میدیا ڕێگەی پێگرتم تا بۆیان بدوێم، وتم ئەمە ئەو کاتە نییە باس لە هەوڵی پێنج ئیدارە بکەم کە تیایدا سەرکەوتو نەبوو، گرنگ ئەوەیە توانیمان ئەمریکی و دۆستەکانمان لەو ناوچەیە دەربازکەین.

باسم لەوەکرد چەند هۆکارێک هەبوون لە ساڵەکانی دوایی ڕۆڵیان لەم ڕووداوەدا هەبوو ئێستا کاتی ئەوەیە بە چەند هەفتەیەک یا مانگێک بتوانین ڕووداوەکان بخەینە دواوەی خۆمان و برینەکان تیمار بکەین.

کاتێک گەڕامەوە نووسینگەکەم هەستم کرد ڤێتنام ئەو یادگارییە نییە وا بەئاسانی لەبیر بکرێ، لە کاتژمێر ٤،٥٨ خولەک مارتن بەڕێکەوتووە بەڵام ١٢٩ لە تاقمی

دەریاوانەکان بە هۆکارێک جێ ماون، کاتژمێر ٧،٣٥ خولەک دوا کەشتی جوڵە دەکا، خۆی و تاقمە جێماوەکە، دوای دوو کاتژمێر تانکەکانی ڤێتنامی باکور هێرش دەکەنە سەر سایگۆن، یەکێک لەو تانکانە لە دەروازەی کۆشکی سەرۆک دەشکێندرێ، دەسەڵات نەگۆڕدراوە، ئەمەش واتە ڤێتنامی سەربەخۆ بوونی هەیە، مینە دەستگیر دەکرێ، لەگەڵ سەرجەم تاقمی حکومەتەکەی و لەبەر چاوان ونیان دەکەن، لەگەڵ ونبوونی مینە حکومەتی شۆرشگێری هەرێمایەتی PRG کە لە چوارچیوەی بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا بوو، ئەویش ون دەبێ، ئەم حکومەتە لە ڕۆژئاوا ماوەیەک بوو بەوە ناسرابوو کە کرۆکی حکومەتی هاوپەیمانی نیشتمانیی ڤێتنامی باشور پێکدێنی. لە ماوەی دوو ساڵدا ڤێتنام بە سیستەمی کۆمۆنیستی کار دەکا، لەو ماوە هیچ شتێک بەناوی حکومەتی ڤێتنامی سەربەخۆ نەمایەوە، بە هەزاران هاوڵاتیی ڤێتنامی باشور لە ئوردوگاکان خرانە بەر خولی دووبارە ڕاهێنانپیکردن و ڕێکخستنیان، کە هەندێکیان لە هێزی سوپای ئەو وڵاتە بوون، ماوەی چەندین ساڵ لەو ئوردوگایانە مانەوە بە هەزارانیان ڕایان کرد.

پیاوە ئایینییە بووزییەکان کە داوای سەربەخۆییان لە حکومەتی سایگۆن دەکرد و لەبەر کینیدی دەپاڕانەوە تا سەرۆکی پێشوی ڤێتنامی باشور( نگودینە دیيم) بڕوخێنی، هەموویان زیندانی کران .

لە واشنتۆن بەهۆی کارەساتی ڤێتنام هیچ شتێک نەگۆڕدرا، لە یەکی مایس واتە یەک ڕۆژ دوای ڕوخانی سایگۆن فۆرد داوا لە کۆنگرێس دەکا گوژمەی ٣٢٧ ملیۆن بۆ هاوکاری کۆچبەرانی هیندیی چینی خەرج بکرێ، بەڵام داواکەی ڕەتدەکرێتەوە، کە چی بەهەفتە ئەو سەرکردانەی کۆنگرێس باسیان لە چۆنیتی ڕزگارکردنی ڤێتنامییەکان دەکرد، کۆنگرێس هاوکاری ئەوانەشی کەمکردەوە کە ڕزگارکران.

لە پێناو ئارامیمان دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمە بڵێین: بۆ چی پیاوە باشەکانی هەردوک لا نەیانتوانی ڕێگایەک بدۆزنەوە تا تووشی ئەو کارەساتە نەبین؟ دواتر بۆچی کێشە ناوەخۆییەکان ئەوەندە کاریان تێکردین دواتر توانیمان بەسەریدا زاڵ بین، بەڵام لەوکاتەی دوایین بارهەڵگر خاکی باڵوێزخانەی جێهێشت من هەستم بە بۆشایی کرد، ئەوانەی لە ماوەی بیست ساڵ دژی دەستێوەردانی ئەمریکا تێکۆشان تا کارەسات ڕونەدا، ئەوانە لە هەموو کەسێک نزیکتر بوون لەو کارەساتە، ئێستاش کاتەکان درەنگە تا بتوانین پێش لە کارەساتەکە بگرین.


# (١٨)
## لێکدانەوەی قەیران: مایاگویز

گریمان دواجار ئێمە ئازاد بووین تا بتوانین زامەکانی نەتەوە تیمار بکەین، هیندیی چینی لە پڕ دەست بۆ یارمەتی درێژ دەکا، وەکو کەسێکی خنکاو تا ئێمەی کێشکردە بەزمەکە . ڕووداوەکە بە گشتی سێ ڕۆژ زیاتری نەخایاند، بەڵام ئەنجامەکەی باش بوو، بە پێچەوانەی ئەزموونەکانی ترمان، چونکە ئاسۆکەی ڕون بوو، ئەو دەرفەتەمان هەبوو بزانین چۆن مامەلەی لەگەڵدا دەکەین دوور لە ڕەفتاری بیروکراتیانە.

لە ماوەی کارکردنم وەکو وەزیری دەرەوە هەوڵم داوە لە واشنتۆن دوور نەکەومەوە، لە کۆبوونەوەی هەفتانە لەگەڵ فەرمانبەرانی وەزارەت و یاریدەدەرانم، لە ژووری کۆبوونەوەکان ئەنجام درا، کە ژورێکی لاکێشە بوو، کەوتبووە لایەکەی تری ژووری وەزیری دەرەوە، هیچ شتێک نەبوو سەرنجڕاکێشبێ، نەهۆمی حەوتەم نوێ کرابۆوە، بە فەرمانی (کلیمنت کونفر) ئەمینداری گشتی زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی وەزارەتی دەرەوە لیی دادەنیشتن، ڕاهاتبووین، نزیکەی بیست تا بیستویەک کەس کۆبوونەوەی تیادا دەکرد، یاریدەدەری وەزیر و جێگرەکانیان، لەگەڵ باقی فەرمانبەرانی بەرپرس لەو بابەتەی کۆبوونەوەی لەسەر دەکرێ، بۆ قەیرانە نوێکان ژمارەیەکی کەمتر کۆدەبوونەوە.

ئەو کۆبوونەوەی لە ١٢ی ئایاری ١٩٧٥ لێی ئەنجام درا، بە ئاسایی لە هەشتی بەیانی دەستی پێکرد، داوا لە سەرۆکبەش و نەخشەساز و کارمەندانی پراکتیکی کرا، داخواستەکانی هاوڕێیانیان کۆکەنەوە لەسەر ئەو پرسانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە، هەر کە نۆرە گەیشتە جی. ئوین زورهیلین ( ی کور) جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئاسیا، کە لە شوێن فیلیپ حەبیب دادەنیشت ( ئەو سەفەری کردبوو) ئەمەی باس کرد:

کەمبۆدییەکان دەستیان گرت بەسەر کەشتییەکی ئەمریکی لە دووری سەد میل لە کەنار و لە ژێر پاسەوانێتی سەربازە کەمبۆدییەکان ناچاریان کردووە بەرەو شاری سیهانۆکفیل بڕوا.



وەڵامێکی دروستم دەست نەکەوت کاتێک گوتم چۆن ئەمە دەبێ ڕووبدا؟ من مەبەستم ئەوەبوو، بۆ ئەم ڕووداوە ئایا دەبێ بەمشێوەیە ئاگادارم بکەنەوە؟ بەڵام زولهیلین بەم هەواڵەی نەزانیبوو، تەنیا دوای دوو خولەک لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە پێی ڕاگەیەندرابوو، بۆیە ڕاستگۆیانە وەڵامی دایەوە: کارەکە بەدەستم من نییە.

دوای ئەوە ژمارەیەک پرسیار لە وەزیری دەرەوە ئاراستەی کرا:

ئەم ڕاپۆرتە چەندی خایاند تا گەیشتە دەست بەرپرسەکان؟

دەبێ چی بکەین بۆ ئەم کێشەیە؟ کەس وەڵامی ئەم پرسیارانەی لا نەبوو، داوای پەیوەندیم بە برنت سکوکروفت کرد لە کۆشکی سپی، تا بزانم چ زانیارییەکی لە پنتاگۆنەوە بۆ هاتووە، کاتێک سەریان قاڵ کردم بەم کێشەیە، داوای ئامارێکی سەربازیی هێزەکانی ئەمریکام کرد لەو ناوچەیە، بۆ ڕێگەگرتن لەو کەشتییە، کە بە پێی زانیارییەکانمان تا ئێستا سەد میلێک لە نێو دەریادا ماوە، کۆبوونەوەکە بەم دەستەواژەیە کۆتایی پێهات (من دڵنیام ئێوە ڕێگە نادەن کەمبۆدیا کەشتییەکی ئەمریکی لەسەر کەنارەکان دەست بەسەردا بگرێ بێ ئەوەی ئێوە هیچ بکەن).

کەشتییەکە (مایاگویز Mayaguez) بوو، لە ١٩٤٤ دروستکراوە، لە ١٩٦٠ دووبارە دیزاین کراوەتەوە، دەبێتە یەکەم کەشتیی ئەمریکیی بارهەڵگر، مێژووی ئەم کەشتییە باش نەبووە، یەکەم گەشتی بۆ فەنزویلا، کرێکارەکانی ڕازی نابن بارەکەی خالی بکەن لە ترسی ئەوەی شێوازی بارکردنی نوێی هەڕەشە لە سەرچاوەی ڕزقیان دەکا. کە دەگەڕێتەوە بالتیمور ماوەی دوو ساڵ بێکار دەبێ، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کەشتییەکانی دیکە نییە، بەڵام بە هەڵکەوت دەبێتە تەوەری قەیرانێکی جیهانی، دوای سێ ڕۆژ لە گۆرانکارییە دراماتیکییەکان توانرا کەشتییەکە ڕزگار بکەین.

ئەرکەکە چەند کاتژمێرێکی برد بۆ کۆکردنەوەی ڕووداوەکان، لە بەرەبەیانی ١٢ی ئایار ١٩٧٥ کەشتییەکە لە مایاگیوز لە کەنداوی تایلەند بە ئاراستەی باکوری ڕۆژئاوا دەپەڕێتەوە، بەرەو بەندەری ساتاهیب لە تایلەند، دوای کەمێک لە کەشتییەکی دیکەوە تەقەی لێ دەکرێ و ڕادەگیرێ، سەربازانی فەرمیی خمیرە سورەکان کە تازە لە کەمبۆدیا دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، لێی سەردەکەون، کەشتییەکە بە تاقمەکەیەوە کە بریتی دەبن لە ٣٩ کەس بە ئاراستەی خۆیان دەیبەن. پێمان

ڕاگەیەندارا کە دەیبەنە ئەلبیری کەمبۆدی، ئەوکاتەی دەستی بەسەردا گیراوە لە دووری ٦٠ میل لە بەندەری کومپونگ سومی کەمبۆدیەوە دوور بووە، بە دووری ٦٠ تا ٧٠ میل لە دوورگەی بوولو وای کە کەمبۆدیا و ڤێتنام کێشەیان لەسەر خاوەندارێتیی هەیە .

ئەم کەشتیەمان لەسەر هێڵی کەشتیەوانیی نێودەوڵەتی دەڕۆیشت هیچ سەرپێچیەکی یاسایی نەبووە، ڕێگەگرتن بەمجۆرە کەشتیانە پێشێلیەکی یاسای کەشتیەوانیی نێو دەوڵەتیە . باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان (جون سکالی لە نامەیەکدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لە ١٤ی مایو بەمشێوەی خستە ڕوو:

کەشتییەکە لە نێو دەریابوو. لەسەر هێڵی کەشتیەوانیی نێودەوڵەتی دەڕۆیشت ئەگەر هەندێک بڵێن لە نێو ئاوی هەرێمیی کەمبۆدیا بووە، بەڵام کەشتییەکی ئارام و بێ پیلان بووە، ڕووی لە بەندەرێکی نێودەوڵەتی کردووە، بۆیە دەستگرتن بەسەر ئەمجۆرە کەشتییانە کارێکی نایاساییە، هێزیان بۆ کارێکی ناشەرعی بەکارهێناوە.

گەورە بەرپرسان شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە یاسا و ڕێنماییە حکومییەکان نەبووە، تا ئەو کاتەی کەشتی مایاگویز دەستی بەسەردا دەگیرێ، دیارە حکومەتی کەمبۆدیای خمیرە سورەکان مەودای ئاوی هەرێمایەتیی کەمبۆدیایان لە کەنارەکانی کەمبۆدیاوە کردووە بە ٩٠ میل. لەسەر ئەم بنەمایە کەشتییەکە ڕاگیراوە و دەستی بەسەردا گیراوە، چەند ڕۆژێک پێشتر کەشتیەکی ڤێتنامیش تەقەی لێ دەکرێ، دیارە کاتێک بەرپرسەکان ئەم ڕێنمایی و زانیارییانەیان بەرچاو کەوتووە بە هەندیان وەرنەگرتووە تا بەسەر کەشتیەکاندا گشتگیری بکەن.

دوای کۆبوونەوەی گەورە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە چومە کۆشکی سپی، من و سەرۆک فۆرد و سکۆکروفت باسی سەلامەتی کەشتییەکەمان کرد، لە سەرچاوە هەواڵگرییەکانمانەوە زانیمان خمیرە سورەکان لون نول و سەرجەم ئەندامانی خێزانیان گولە باران کردووە، بە منداڵە کانیشەوە، گوایە ئەوەی پەروەردەی بوورجوازی کرابێ دەبێ لە ناو ببردرێ، ئێمە ئەم هەواڵەمان بڵاو نەکردەوە تا خەڵک پێی نەتۆقێ، بەڵام دیارە هەر بڵاو دەبێتەوە و دەزانرێ.

قورسایی سیاسەتی دەرەوە کەوتە سەر شانمان، ئەمریکا پێویستیی بەوە بوو سنوری بەرپرسیارێتییەکانی دیاری بکا، دۆستەکانیشمان لە ژاپۆن و کۆریای باشور بە

چاوی تێڕامانەوە سەیری هەڵوێستەکانی ئەمریکایان دەکرد، ئاخۆ لەدەستدانی کەمبۆدیا دەبێتە دابڕانی ئەمریکا لەم ناوچەی هیندیی چینی و دۆستەکانی پشت گوێ دەخا؟ یا لە بەرپرسیارێتییە نێودەوڵەتییەکەی پاشگەز دەبێتەوە، تەنانەت چینیش وێڕای دۆستایەتیی لەگەڵ خمێرە سورەکان چاودێریی هەڵوێستەکانی ئەمریکای دەکرد لە بەرانبەر بە خمیرە سورەکان و بەرگریمان لە بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتی، ئەمەش هەندێک پەیوەندیی بە دڵەڕاوکێکانی سۆڤیەتەوە هەبوو.

ئەوەی بڕیار دەردەکا لە ڕوانگەی ئەزمونەکانییەوە سەیری ڕووداوەکان دەکا، کە کۆریای باکور دەست بەسەر کەشتیی (بوویبلو) داگرت، هەڵگری ئامێری چاوگێڕی بوو، ئەوکات فۆرد ئەندامی کۆنگرێس بوو، تاقمی کەشتییەکە بۆ ماوەی ١١ مانگ بە بارمتە دەگیرێن، تا ئەمریکا داوای لێبووردنی کرد لە سنورشکاندنی ئاوی هەرێمایەتیی کوریای باکور. کۆریا شانازیی بەم ئەنجامە کرد و کردی بە هەڵڵا کە توانیی گەورەیی ئەمریکا بێنێتە خوار.

ئێمە نە شوێنی مایاگویزمان دەزانی نە ڕێژەی هێزی ئەمریکا لەو ناوچەیە، تەنیا زانیاریمان کۆدەکردەوە، فۆرد فەرمانیدا کاری چاوگێڕی (استطلاع) چڕ بکرێ، چاوەڕوانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بووین لە هۆڵی حکومەت ببەسترێ.

زۆر جار بڕیارەکان لە ئەنجامی زانیاریی هەڵە، خاوەنەکەی لە گۆشەیەک دەئاخنێ، بەتایبەت لە سەرەتاکەیدا، ئەمە لەسەر یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی جێبەجێ دەبێ، کە لەسەر مایاگۆیز کۆبۆوە، لەو کۆبوونەوەیە جگە لە سەرۆک فۆرد، (روکفلەر)جێگری سەرۆک، (جیمس شلیسنجەر) وەزیری بەرگری و (ولیام کلیمنتس)ی جێگری و جیگری سوپاسالار جەنەڕاڵ ( دیڤید جونز)و بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ولیام کولبی و جێگری ڕاوێژکاری کاروباری ئاسایشی نەتەوایەتی (برنت سکوکروفت)و جێگری وەزیری دەرەوە (روبرت ئەنگرسول) ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بەرپرس لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ریچارد سمیزر)و گەورە فەرمانبەری کۆشکی سپی (دۆنالد ڕامسفیلد). ڕاپۆرتێکمان لە هەواڵگرییەوە لەلایەن کولبی بە دوور و درێژی بۆ خوێندرایەوە بۆمان دەرکەوت ئەو زانیارییانەی پێشتر

پێماندرابوون هیچی ڕاست نەبوون، نە ئاڕاستەی کەشتییەکە نە شوێنی گیرسانەوەی، نە شـوێنی گرتنـی، ئەو زانیارییـانەی لەلایەن خمیـرە سـورەکان بـڵاو کرابـوونەوە بـۆ چەواشەکردنی ڤێتنام بـوون، بـۆ ئەوەی تێیـان بگەیەنـێ کە دەسـەڵاتی دەسـتگیرکردنی کەشـتییەکانیان هەیە لە دووری نەوەد میـل، چـونکە هەردوو دەوڵەتـی کۆمۆنیسـتی لەو کەنارانە بەدوای نەوتدا دەگەڕان، هەرلایە و خاوەندارێتیی بۆ خۆی دەگێڕایەوە، .

لەم ڕاپۆرتە بۆمان دەرکەوت کۆلبی لە مەبەستەکانی کەمبۆدیـا دەگـا، بیـانوی بـۆ داگیرکردنی ئەو کەشتییە داوە کە لەلایەن خمیـرە سـورەکانەوە گیـراوە، کـارەکە مـایەی سەرنجە، دەبێ بەیاننامەیەکی توند دەرکەین، فەرمان بە هەڵگری (کـورال سـی) بـدەین بگەڕێتەوە. داوام لێ کرا مـن وەکـو ڕاوێژکـاری ئاسایشـی نەتەوایەتـی بژاردەکـان بـخەمە بەردەست فۆرد، هەوڵمدا بڕوا بەوە بکەم کـە گەیشـتنی کەشـتییەکە بە بەنـدەر کـارێکی هەڵە بوو، دەبێ جەخت لەسەر ئەو ستراتیژیەتانە بـکەمەوە کە خمیرەکـان ناچـار بکـات کەشتییەکە ئازاد بکەن، ڕاسـپاردەم دەرکـرد، هـیچ دانوسـتانێک نەکەن، چـونکە دەبێـتە قبوڵکردنی بڕوای ڕفاندن. سەرباری ئەوەی بۆ خمیـرە سـورەکان دەبێـتە دەسـتکەوت لە پـای بـارمتەگرتن. پشـتگیریم لە دەرکردنـی بەیاننـامەیەکی تونـد کـرد، لەگەڵ نـاردنی ئاماژەیەک بۆ کەمبۆدیا لە ڕێگەی پەکینەوە، لەگەڵ کۆکردنەوەی هێز وەکو هۆشـداریەک بێ بۆ سزایەکی توند.

دەبێ ئەمریکا خاڵی هەڵە لەو پرسە دیاری بکا، ئێمە دەست پێشخەری ئەم کردەیە نین، دەبێ ئەوە بکەین کە لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە.

کۆی ئەو هێزانەی بۆ ڕزگارکردنی کەشتییەکەمان ئامادەن بریتی بوون لە:

ا/ هەڵگری فڕۆکەی (کورال سی) کە دوو تا سێ ڕۆژ لە شوێنەکە دوورە.

ب/ هەڵگری هاوکارییەکانی (هانوک) کە لە ژێر کاری چاککردنەوە دابوو لە کەنداوی سوبیک لە فلیپین. ئەویش بە هەمان ماوە دەگەیشتە شوێنی مەبەست.

ج/ (کاولکەری ( هولت) دەیتوانی بە ماوەی ٢٤ کاتژمێر بگات.

د/ پیادەی دەریاوانی مارینزیش لە ئوکیناوا وە دەگەیشتنە تایلەند.

جێماوەی هینـدیی چینـی ئـێمەی مانـدوو کردبـوو: تایلەنـد داوای لە ئـێمە کردبـوو بنکەکانمان چـۆل بکەیـن، فلیپینـیش ڕازی نـابێ بـنکە ئاسـمانییەکانی ئەمریکـا بـۆ ئەم

ئۆپەراسیۆنە بەکاربێنین، ئەگەر داواش بکەین داخوازی دەرکردنمان و فشارەکان زیاتر دەبن، بۆیە ڕۆکێتەکانی ٥٢ کە لە گوام بوون خرانە سەر ئەو لیستەوە: ئێستا ئامادەن، بۆ بەکارهێنانیان پێویست بە ڕەزامەندی هیچ لایەک ناکات، فۆرد هیچ بڕیارێکی بۆ کردەی سەربازی نەدا، بەڵام گومانی نەبوو لەوەی ماوەی بارمتەکان درێژ دەبێتەوە، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی دیکە بەیاننامەیەک دەردەکەین، بەڵام لێگەڕێ با ئێستا دەریکەین، با ئەم بەیاننامەیە توند بێ، ئاگاداری کۆنگرێسیش ناکەینەوە بە هیچ کردەیەکی سەربازی، چونکە تا ئێستا ئێمە بڕیارمان نەداوە.

سەرۆک فەرمانی بە کۆنگرێس دا لیستی توانا سەربازییەکانمان بەر لە ڕۆژئاوابوون بۆ بنێرین، چاوەڕوان دەکا دوا بکەوێ ( وای دەبینم کە ئێمە بەبێ ڕای کۆنگرێس جوڵە بکەین)، بیانوی فۆرد ئەوەبوو فەرماندەی هێزی چەکداریە، مافی ئەوەی هەیە لە پێناو ڕزگارکردنی هاوڵاتیانی هەموو بڕیارێک دەربکا، بەتایبەتی کاتێک ژیانیان دەکەوێتە مەترسی لەدەست گروپێکی ناسراوی توندڕەوی وەکو خمیرە سورەکان.

کاتژمێر یەک و٥١ خولەکی دوای نیوەڕۆ سکرتێری ڕۆژنامەوانی ( ڕون نیسین) لە هۆڵی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان لە کۆشکی سپی، ئەم بەیاننامەی دەرکرد :

پێمان ڕاگەیەندرا کەشتییەکی کەمبۆدی لە دەریایەکی کراوە، کەشتییەکی بازرگانیی ئەمریکیی دەست بەسەردا گرتوە، ناچاری کردووە ڕوو بکاتە بەندەری کومپونگ سوم، سەرۆک لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی کۆبۆتەوە و پێی وایە ئەمە کارێکی ڕێگریە، ڕێنماییەکانی بە وەزارەتی دەرەوە داوە، داوای ئازادکردنی بکرێ، لاری بوونی ئەمەش ئەنجامەکەی مەترسیدارە.

ئەوکات من لە نێو فڕۆکەدا بووم بەرەو سانت لویس دەچووم، بۆیە قۆناغەکانی بەرایی لەلایەن برنت سکوکروفت ئەنجام درا، مەبەستی سەردانییەکەم بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرێتی ئەمریکا بوو لە ڕەوشی هیندیی چینی و هەڵوێستەکانی ئەمریکا لەم بابەتە. لە میانی ئەو هەوڵانەم لەو دوو شارە، کۆڕ و کۆبوونەوەم بۆ ساز کرا، بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر ئەو دۆسیەیە، بابەتەکە لەسەر مانەوەی ڕۆڵی ئەمریکا و فەرمانداییەتی بوو لە هیندیی چینی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لەو ناوچەیە، بۆیانم ڕوونکردەوە کە وێڕای

ئەو گرفت و شکستانەی دێنە ڕێمان، بەڵام لە توانای سەرۆک و خۆمان دڵنیام کە بتوانین ئەم ڕۆڵە بە چاکی بگێڕین.

سەردانییەکی پێشترم لەو بابەتە بەهۆی کێشەی هیندیی چینی هەڵوەشاندبۆوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کێشەی هیندیی چینی کۆتایی نایە، بەهۆی ئەوەی پێویستیمان بە کات هەیە تا وەڵامی چینمان بەدەست دەگا، هیچ بڕیارێکمان دەرنەکردووە تا ئەو کاتەی دەگەڕێمەوە دوای ٣٦ کاتژمێری دیکە.

لە کاتژمێر چوار و نیو یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوە (ئەنگر سول) کە لە شوێنی من کاری وەزارەتی بەڕێوەدەبرد، نامەیەکی بۆ سەرۆکی نووسینگەی پەیوەندییەکانی چین (هۆانگ جین) دەنێرێ ( خۆی دەکا باڵوێزی چین لە ڕاستیدا). داوای ئازادکردنی کەشتیی مایاگوایز دەکا، بەڵام هوانگ جین ڕەتیدەکاتەوە نامەکە وەربگرێ، سور دەبێ لەسەر ئەوەی کە حکومەتی خمیرە سورەکان حکومەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەرە، سەربە دبلۆماسیەتی چین نییە، کارێکی وا هەستیاریش چین دەستی تێوەرنادا، بەڵام لە نامەکەیدا ئاگاداریی حکومەتەکەی خۆی کردەوە.

چونکە من پێشبینی هەمان هەڵوێستم لە هوانگ جین دەکرد بۆیە، لە هەمان کات داوام لە جورج بووش کرد هەمان نامە بە وەزارەتی دەرەوەی چین و باڵوێزخانەی کەمبۆدیا بدا، جگە لە دەقی نامەکە، پێم ڕاگەیاند ئاستی نامەکە بە زارەکی توندتر بکا بە زیاکردنی:

حکومەتی ئەمریکا داوا دەکا بە خێرایی ئەو کەشتییە ئازاد بکرێ، ئەگەر ڕاستەوخۆ ئازادی نەکەن، حکومەتی بیونگ یانگ بەرپرسە لە کاردانەوەکان.

لە کەلتوری دبلۆماسیدا بەرپرسیار لە کاردانەوە، بەواتای هۆشداری سەربازی دێت، واتە نزیکبوونەوە لە کردەی سەربازی.

لە سنت لویس و تکساس ئارامیم نواند وەکو ئەوەی حکومەتی ئەمریکا هێمن و لەسەرخۆیە، بەڵام لە چاوەڕوانی ڕۆژهەڵات نین، لە ڕژهەڵات و ناوچەی باشوری ئاسیا دەبووایە چەند کاتژمێرێک بووەستین، تا ڕاپۆرتەکان لە لایەن فرۆکە چاوگێرەکانەوە بۆمان دێن، لەو ماوەیە لە ئەنجومەنی کاروباری نێودەوڵەتی گوتارێکم لە سانت لویس

دا، وا دەرکەوت کاریگەریمان لەو شارە زۆر هەبوو بۆ دروست کردنی ڕای گشتی لەسەر هەڵوێستەکانی ئەمریکا بەرانبەر بەم قەیرانە.

ڕێگەمان بدەن ئەمەشتان بیر بێنمەوە کە ئەوەی ئێمە لە ماوەی سی ساڵدا پێشکەش بە دونیامان کرد هیچ نەتەوەیەک پێشکەشی نەکردووە:

١/ ڕێگریمان لەو لایەنانە کردووە کە مەبەستیان بووە سیستەمی دونیا بۆ ئاڕاستەیەک بگۆڕن کە خۆیان مەبەستیانە و ئەنجامەکەشی بۆ حکومەتە دیموکراسییەکان باش نەدەبوو.


٢/ هاوکاری ئابووری خەڵکانێکمان کردووە، کە هیچ دەوڵەتێک ئەمەی نەکردبێ.

٣/ بەشداریمان لە بووژاندنەوەی خۆراک وهاوکارییە پەروەردەییەکانی وڵاتانی دیکەدا کردووە، ئەمانەمان کردووە، چونکە گەلی ئەمریکی دوای چەندین ساڵ لە گۆشەگیری و دابڕان بڕوای بەوەیە، هاوکاریکردن کارێکی مرۆییە نەک بەخشین، خزمەتێکە بۆ سەقامگیربوونی دونیا.

ئەمانەمان لە پێناو چاکەی خۆمان و خەڵکدا کردووە، ڕێگەمان بدەن بڵێین ئەم وانەیە جارێکی دیکە نامانەوێ فێری بین چونکە فێری بووینە.

کەسایەتییە خۆجێییە بەرزەکان کە لە نێو ئەو دانیشتنە ئامادە بوون، ڕێز و ستایشی خۆیان بۆ ئەو پابەندیە دەرخست کە ئەمریکا بە هیندیی چینییەوە هەیەتی. لە ڕاستیشدا بە سەت و هەشتا پلە هەڵوێستیان گۆڕدرا، من هاتبووم نامەیەکی ئومێدم هێنابوو بەڵام کە گەڕامەوە بڕوام بە نیشتمانەکەم نوێ بۆوە.

## چۆن کەشتییەکە ڕزگاربکەین؟




لەوکاتانە ئەمریکا بە دۆخێکی ناهەمواردا تێدەپەڕی، بزانین چی بە کەشتییەکە دەکرێ، ناخۆشتربوو لە زانینی شوێنی کەشتییەکە، بە ڕونتر بڵێین بەبێ زانیاریی تەواوی هەواڵگری، نەدەتوانرا ڕێگەچارەیەک دابڕێژین. سکۆکرۆفت پێی ڕاگەیاندم کە فڕۆکەی جۆریB– ٣ بە بەرزاییەکی نزم سوراوەتەوە، دەتوانرێ ناوی کەشتییەکە بخوێنێتەوە. گوایە مایاگیوزی دۆزیویەتیەوە و تەقەی لێ کردووە و زیانی پێ گەیاندووە، دەرکەوت کەشتییەکە لە کومبوونگ سوم نەبووە، هەروەکو ڕاگەینادرابوو بەڵکو لە بەرانبەر دوورگەی بوولو وای بووە، دوای کاتژمێرێکی دیکە سکوکروفت دەڵی مایاگیوز کەنارگیر بووە، پیاوانی هەواڵگری پێیان شەرمە بۆچونەکانی پێشوەختیان ئاشکرا بکەن، بۆیە سور بوون لەسەر زانیارییەکانی پێشویان کە کەشتییەکە بەرەو کومبوونگ سومە چووە و چەند کاتژمێرێکی دی دەگات.

سکۆکرۆفت داوای کرد پێی ڕابگەیەنن کە هەر ئێستا کەشتییەکە جوڵە دەکا، دوای چوار کاتژمێری دیکە هیچی نە بیست، پرسیاری کردەوە و پێی گوت ئێستا بە مەودای بیست خولەک لە بەندەری کومبوونگ سومەوە دوورە، واتە هەمان ئەو مەودایەی کە قەیرانەکە دەستی پێکردبوو، سکۆکرۆفت ئەمەی بیست شێت بوو، کە فۆرد ئەمەی بیست ئەویش پشتگیریی لێ کرد و تورە بوو، چەند کاتژمێرێکیان لێ کوشتین، بەو ماوەیە فڕۆکەکانی تایلەند دەیانتوانی ڕێگری لە کەشتییەکە بکەن، فۆرد فەرمانی بە فڕۆکە شەڕکەرەکاندا هەر ئێستا کەشتییەکە ڕاگرن.

بەڵام دیلەکانی کەشتییەکە دووبارە هەوڵی لێکۆڵەرانی هەواڵگریان لە بەینبرد، دوای چەند کاتژمێرێک لە گەڕان بە دوای کەشتییەکە، لە کەناری بەندەری کوە تانگ وەستابوو، ئەو دوورگەیەش بە ٣٤ میل لە کومبوونگ سووە دوورە، لە هەر هەواڵێکی نوێ سکوکروفت سەرۆکی بەخەبەر دەهێنایەوە، من لە سانت لویسەوە بەیانیی ١٣ی مایۆ دوا هەواڵی کەشتییەکەم پێ گەیشت.

لە بەرەبەیانیی ڕۆژی دووەمی قەیرانەکە فۆرد داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی کرد، دوای بەسەرچوونی ٣١ کاتژمێر بەسەر ڕووداوەکە خمیرەکان نە بەیاننامەیان دەرکرد نە وەڵامی نامەکەی ئێمەیان دایەوە.

هەمان دەستە لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوون، کولبی ڕاپۆرتی تازەی خوێندەوە، ڕۆکفلەر بێزاری خۆی لە هەواڵە یەکنەگرتووەکانی هەواڵگری دەربڕی، فۆرد ناڕەزایی خۆی لە دواکەوتنی گەیشتنی هەواڵەکان دەبڕی، هەموویان مەترسی ئەوەیان هەبوو ئەمەش ببێتە کێشەی ڕووداوی بووییلو، بەڵام دیارە ئەمە ڕونادا، تەنیا ئەگەر خمیرەکان تاقمی کەشتییەکە بە بارمتە بگرنە خۆ، فۆرد فەرمانی دا دوورگەی کوە تانگ بە تەواوەتی گەمارۆ بدەن و داییبڕن.

پێموایە دەبێ بە زووترین کات کاردانەوەمان هەبێ، تا چاوەڕوان بین ئەوان زیاتر خۆیان ئامادە دەکەن، بۆچی بەلەمەکانیان نقوم ناکەین؟ ئەگەر بەمشێوەیە بمێنینەوە ئەوان بەهۆی بەبارمتەگرتنی کەشتیەوانەکانمان زیاتر دەستمان بادەدەن، ئەگەر مارینزیش لە کەنارەکان دابەزێنین ئەوکات ژمارەی مارینزە کوژراوەکان لە بارمتەکان زیاتر دەبێ، بۆچی بەلەمەکانیان نقوم کەین و ناچاری وەڵامدانەوەیان بکەین؟

کاتێـک بـاس لە سـنورداركردنی چەک دەکـرێ شلیسـنجەر تونـد دەبـێ، کـردەی سەربازیی پێ باش بوو، ڕاستە بەکارهێنانی کردەی سـەربازیی پـێ بـاش بـوو بـۆئەوەی کەشـتییەکە نەگەیـنـدرێتە بەنــدەر و دوورگە جێنەهێڵــێ، بەڵام لێـدانی بەلەمەکـان و نقومکردنی پێ باش نەبوو، بەهۆی ئەوەی ژیـانی تـاقمەکە دەخـاتە مەترسـی، نەبـادا لە تۆڵەی ئەوە خمیرە سورەکان مایاگویز نقوم بکەن، بڕیارەکانی فۆرد توند بوون:

- یەکەم/ لەڕێگەی فڕۆکەوە ڕێگە نادەین هیچ بەلەمێک دوورگە جێبێڵێ. نقومیان ناکەین بەڵام لە ڕێگەی هەندێک ڕێکارەوە دەتوانین ڕێگەیان پێ بگرین.
- دووەم/ پێموایە دەبێ ڕێگە بە هیچ بەلەمێک نەدەین بچێتە ئەو دوورگەیە.
- سێیەم/ پێم باشە ئامادەسازی بکەین تا بەیانی دابەزنە ناو ئەو کەشتییە.

دوای ئەوە فۆرد فەرمانی بە کەتیبەیەکی مارینزدا لە ڕێگەی ئاسمانەوە لە ئۆکینـاوا بچێتە تابـا لە تایلەنـد، هەڵگـری فـڕۆکەی (هـانوک)یش لە کەنـداوی سـوبیکەوە بچێـتە کەنارەکانی کەمبۆدیا.

مــن بــۆیە ئەم بۆچــونە جیاجیایــانە دەڵــێم چــونکە بە ئامــادە نەبــوونی مــن، بێبــڕواییەک لە نێـوان وەزیـری بەرگـری و فـۆرد دروسـت دەبـێ، لە ئەنجـامی ئەو بـێ متمـانەییە دوای پێـنج مانـگ شلیسـنجەر لە پۆسـتەکەی دوور دەخـرێتەوە. بـێ مـۆڕاڵی پنتاگۆن یەکێک بوو لەو زیانانـەی لـە ڤێتنـام لێمـان کـەوت. بیـرۆکەی گەڕانەوەمـان بـۆ هیندیی چینی دوای دوو هەفتە لە جێهێشتنی سایگۆن کاردانەوەی خەراپی هەبـوو، دژی ئەم بیرۆکەیـە بـوون، بەڵام کاتێـک پنتـاگۆن ئەو گەرموگـوڕیەی نـامێنێ لێکـدانەوە بـۆ فەرمانەکان ناکرێ، دەبێ وەکو خۆی جێبەجی بکرێ، کاری دبلۆماسی ناتوانێ هیچی بۆ زیـاد بکـا. بە هـۆی سـەختیی بڵاوکـردنەوەی سـوپا، دوا دەخـرا، پنتـاگۆن بە درێژایـی قەیرانی مایـاگویز بە دروسـتی بە ئەرکـی خـۆی هەڵسـاوە، لە کـۆکردنەوەی هێـز بەپێـی فەرمانەکان، بەڵام دودڵیی پێوە دیار بوو، چـونکە هـیچ پێشـنیار و بیـرۆکەی پێشـکەش نەدەکرد، کارەکەی بۆ توڕەیی سڤیلەکان هێشتەوە.

پەیوەنـدی و زانیـاریە شاشـەکانی هەواڵگـری و هەواڵە وێڵـە نادروسـتەکان لەسـەر قەیرانی مایاگویز، وەزارەتی بەرگریی تووشی پەتای خۆی کرد، بەهۆی گومانی وەزارەتی بەرگری کە دەزگا سەربازییەکانی تووشی شۆک کردبوو، تەنیا کلیمنتس نەبێ، پنتـاگۆن

سور بوو لەسەر ئەوەی جارێکی دیکە نابێ ڕۆڵی شەڕانگێزی ببینێ، ئامادە نەبوونی سوپا سالاریش کە لە گەشتێکدا بوو بۆ ئەوروپا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆک سنوردارکردن، بەم هۆیەشەوە کێشەکان مەزنتر دەبن، لەم حاڵەتانەدا تاقە کەناڵی پێوەندیی نێوان کۆشکی سپی و پنتاگۆن بە ڕێگەی وەزارەتی بەرگریدا دەبێ، ئەویش تێکەڵی بە بۆچوونەکانی خۆی کردبوو، ئیتر ستراتیژییەکان لای سەرۆک دەگۆڕدرێن.

ڕۆژی دووەمی قەیرانەکە من هەر لە شاری کنساس بووم، دڵەڕاوکێ و نائارامی فۆرد زیاد دەبن بەهۆی ئەوەی نەتوانراوە فەرمانی قەدەغەکردنی دەرچوونی بەلەمەکان لە دوورگەکە جێبەجێ بکرێ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کاتەی فەرمانەکە دەرکراوە، لە ئاسیا ڕۆژ ئاوا ببوو، دەبووایە چاوەڕوان بکرێ تا بەیانییەکەی. دە کاتژمێری بەسەردا چوو هیچ بەیانێک لەسەر ئەنجامدانی هیچ کردەیەک دەرنەچوو، یا ئەوەتا دوای فەرمانی فۆرد لە پنتاگۆنەوە دەرکردنی فەرمانەکە دواکەوتووە بە چوار کاتژمێر، ئێوارەی ١٣ی مایۆ هەواڵەکان وا دەگەیەنن کە سێ بەلەم لە کاتی دەرچوونیان لە دوورگەی کوە تنگ بەرەو وشکانی کەمبۆدیا دەچوون، ڕێیان لێ گیراوە و یەکیان نقوم کراوە، یەکێکیش گەڕاوەتەوە، سێیەمیشیان بەردەوام بووە لە گرتنەبەری ڕێگەکەی، یاریدەدەری شلیسنجەر جون ئیە ویکام داوای ڕێنمایی کرد لەسەر ڕێکاری پێویست بۆ بەلەمی سێیەمیان، بەڵام ڕێنماییەکان ڕون بوون، هەر کەشتی و بەلەمێک هەوڵی دەرچوون یا چونەناوەوە بدا، لێی بدرێ، هیچ ڕونکردنەوەی ناوێ، ئەگەر بۆ خۆدزینەوە نەبێ لە بەرپرسیارێتی، جێبەجێ نەکردنی ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی دەبێتەوە.

دوای کاتژمێرێک و نیو دووبارە ویکام داوای ڕونکردنەوەی کرد، کاتێک بەلەمێکی دیکە هەوڵی دەرچوون دەدا فڕۆکەکانمان بە هاون لێی دەدەن، بەڵام کە فڕۆکەوانەکان لێی نزیک دەبنەوە هەندێک کەسی سپی پێست دەبینن لە پێشەوەی بەلەمەکەیان ئاخنیون، گومان هەبووە ئەمانە کەشتیوانەکانی مایاگویز بن بۆیە دەستی لێ دەپارێزن و داوای ڕونکردنەوەی زیاتر دەکەن، هەواڵەکە دەگاتە فۆرد، ئەمیش بەو هۆیەوە دەست بەجێ داوای کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی دەکا بۆ پێداچوونەوەی دوایین پێشهاتەکان.

بە درێژایی ڕۆژەکە گوێمـان لە لێدوانەکان دەبـوو، بەڵام نە دۆسـت نە وڵاتـانی تـر هیچ کاردانەوەیەکیان لەسەر فشارەکانی ئەمریکا نەبوو، دیارە دۆستەکانمان خۆشیان لێ هاتووە، بەڵام ناحەزانیش هیچ کاردانەوەیان نەبووە، تەنیا چین نەبێ لەو کـاتەی دینـگ کسـیاو پینـگ بە سـەردانێک لە پـاریس دەبـێ و ڕۆژنـامە نووسـەکان لەسـەر ئەم دۆخە پرسیاری لێ دەکەن ئاخۆ بۆ هەڕەشەکانی ئەمریکا چی دەڵـێ، لەوەڵامـدا دەداتە قاقـای پێکەنین و دەڵێ: ئەگەر دەستوەردانیان کرد هیچیمان پێ نـاکرێ، ڕۆژنانووسـەکان لێـی دووبارە دەکەنەوە، بەڵام ئەو نە پشتگیری دبلۆماسی نە هیچ جۆرە پشـتگیرییەکی چـین بۆ خمێرە سورەکان دەرنابڕێ، دینگ بە خۆشییەوە گوتی زانیارییەکانی ئێوە لە هی من نوێترە. گوتی: چین دەستی خۆی لە کێشەکان شۆردووە، نۆردۆم سیهانۆک بوو ئەویـش ئێستا کراوەتە سەرۆک هەرچەندە تائێستا لە پەکین دانیشتووە.

لە گەشـتەکەی ڕۆژئـاوای ناوەڕاسـتمدا گەڕامەوە تـا بە کۆبـوونەوەی سـێیەمی ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی ڕابـگەم، ئەم کۆبـوونەوەش هەمـان ئەنـدامانی کۆبوونەوەکانی پێشو ئامادە بوون بە ئیزافەی فیلیپ بووکین ڕاوێژکـاری سـەرۆک، فـۆرد کۆبوونەوەکەی بە ڕەخنەگرتن لە سستی دەرکردنی فەرمانەکان دەست پێکـرد، پێویسـت ناکا فەرمانەکان بەمشێوەیە جێبەجێ بکرێن تا کەشتییەکان دەربازیان بێ، فۆرد ڕەخـنە هێمنەکانی ئاڕاستەی دەزگای سەربازی دەکرد بە پێی ئەوەی خۆی ئەفسەری دەریـاوانی بووە، بۆیە ڕێزی زۆری لێ دەگرتن.

فۆرد بە پرسی ئەو بەلەمە دەستی پێکـرد کە سـپی پێسـتەکانی بـار کردبـوو، لەو کاتەی لە کۆبوونەوەدابووین ڕاپۆرتێک دەگات گوایە بەلەمەکە بە دووری ٦ میل واتە نیو کاتژمێری مابوو بگاتە بەندەری کومبوونگ سوم، دیارە ئەوە ئەو کەشتییەیە کە تـاقمی مایاگویزی بار کردووە، دەبێ کاتی بووێ تا فەرمان دەردەکـرێ، بـۆیە فـۆرد ڕێنمـایی دا هێزی تایبەتی ئەو کەشتییە پەک بخا و بەلەمە یاوەرەکانیشی نقوم بکرێن.

ئێمە لە مشتومڕی ئەوەدابووین ئاخۆ ئەو کەشـتیە تەواوی تـاقمەکەی هەڵگرتـووە یان هەندێکیان و هەندەکەی تر دەبێ لە بەندەری کـوە ئانـگ بـن، بـۆیە فـۆرد فەرمـانی نقومکردنی بەلەمەکانی دا. لە ئەنجومەنی ئاسایش بیرمان لە هەموو بیرۆکەیەک کردەوە، جەختمان لەسەر ڕزگارکردنی بارمتەکان کردەوە، بەچی بتوانین خمێرە سـورەکان ناچـار

بکەین گوێ ڕایەڵمان بن و ئەمانە ئازاد بکەن، جەنەڕاڵ جونز بەیاننامەیەکی نیشان داین کە هێـزی دەریـاوانی پیـادە و کـاولکەری (هولـت) لە مـاوەی ١٤ کـاتژمێر لە شـوێنی مەبەست دەبن، هەڵگری فڕۆکەکانی (سی و هانوک) یش لە ماوەی ٢٨ کـاتژمێر ئامـادە دەبن لەو شوێنە.

لە ڕۆژی ١٤ی ئایـار جـونز ڕایسـپارد کە ئۆپەراسـیۆنەکە بـۆ مـاوەی ٤٨ کـاتژمێر دوابخرێ بەڵکو کارەکان باشتر بەڕێوە بچن.

سەرەتا فۆرد پێی باش بـوو لە ڕێـگەی دابەزانـدنی هێـزی پیـادەی دەریاوانییـەوە دوورگەکە و کەشتیی مایاگویز دەستی بەسـەردا بگیـرێ، هێـزەکەش لە بـنکەی ئوتابـای تایلەندیەوە ببردرێ. ئامادەبووان پێیان باش بوو ئاگاداری حکومەتی تایلەنـد نەکـرێتەوە بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە، چونکە دوای چۆڵکردنی سایگۆن حکومەتی تایلەند داوای لە ئـێمە کـردووە بنکەکانمـان بکێشـینەوە، ئێسـتاش ئەگەر پرسـی پـێ بکەیـن ئەو پرسـە نـوێ دەکەنەوە و ڕازی نابن، بەڵام ئەگەر یەکلایەنە ئەم نەخشەمان جێبەجێ کرد ئەوکـات یـا ڕەخـنە و گلەییەکـی تایلەنـدمان دەبـێ کە بە کۆتـایی هـاتنی ئەو قەیـرانەش ئەویـش خۆشحاڵ دەبێ.

دواجار ئەمە جێگیرکرا کە لە ڕێگەی داگیرکردنی دوورگەی کـوە تـانگەوە کەشـتیی مایاگویز ڕزگار بکەین، پێمان وابوو هەڵەین ئەگەر وا بیـربکەینەوە هـەموو بارمتەکـان لە نێـو ئەو دوورگەدا مـاونەتەوە، هـەمووومان ڕازی بـووین، تەنیـا شلیسـنجەر نەبـێ، بۆردومـانکردنی کومبوونـگ سـوی پـێ بـاش نەبـوو، ئەو بەباشـی دەزانـی بیرکـردنەوە و کردەکانمـان لە ڕزگـارکردنی کەشـتییەکە کـۆکەینەوە، نەک گەمـاڕۆ و لێـدانی خمیـرە سورەکان.

خـۆی بیانویەکـەی لەجـێ بـوو، شلیسـنجەر بە ڕوونـی پێشکەشـی کـرد، بەڵام قسەکەری بەناوی ئەو جوزیف لیتین بـۆ بەدبەختـی هـیچ دەرفەتێکـی دەربـاز نەکـرد تـا ناکۆکییەکانی نیازپاکیی بۆچونیان بگۆرێت بـۆ دوژمنـایەتیەکی مکوم لە نێـوان وەزیـری دەرەوە و وەزیـری بەرگـری. نوسـەری ئەو بـرگەی ڕۆژنـامەکەش ئەم دەمەتەقێـیەی بـۆ مەرامەکانی خۆی سود لێوەرگرت، وا لێکدرایەوە گـوایە مـن داوای بۆردومـانێکی خەسـتم

كردووە بە ڕۆكێتی ب-٥٢ بە پـێچەوانەی بۆچـونی شلیسـنجەر كە گوتی (چـاو لە تـۆڵەی چاو).

پرسەكە هەرگیز بەمشێوەیە نەبوو، جەختكردنەوە بـوو لەسـەر كـاتی كـاردانەوەی ئەمریكا بوو. پنتاگۆن ئێمەی وا تێگەیاند كە هەڵگری فڕۆكە (كورال سـی) تـا دوای ٤٨ كاتژمێری دیكە ئامادە نابێ، ئەم ماوە بە دیـدی هـەموومان دوور بـوو، بـەڵكو لەو مـاوە درێژەدا گۆڕان بەسەر دۆخی بارمتە و كەشتییەكەدا دێ، دەبێ ڕۆكێتی ب-٥٢ بۆ هێرشی (كومبوونـگ سـو) بەكـار بـێ، ئەمە ئەو مەودایە بـوو كە مشـتومڕەكانی ئەنجـومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی پێی گەیشتن. لێرە دەقی ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانەی كۆبـوونەوەی ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی دەگێڕمـەوە، تـا بـۆ خـوێنەر كەلێنەكـانی نێـوان گفتوگۆكاران دیار بێ، ئاخۆ جیاوازییەكان چین:

كیسـینجەر: مـن پێمـوایە كاتێـك هێـرش دەكەیـن جـگە لە لێـدانی دوورگەكە لە وشكانیش بدەین، دەبێ ئامانجەكانی فڕۆكەخانە و كومبوونـگ سـوش بپێكین، ئەمە بـۆ ئەوەی ڕێـگە نەدەیـن هێـزی دیـكە بـۆ یارمەتیـدانی دوورگەكە بـێن و تەگەرە لەبەردەم داگیركردنی دوورگەكە دروسـت بـكەن. ئەگەر ڕۆكێتـی ب-٥٢ بەكـار بێنـین دەبـێ لە ٤٨ كاتژمێردا ئەمە ئەنجام بدەین، تا ئامادەسازی بكرێ بـۆ دەسـت گـرتن بەسـەر دوورگە و كەشتییەكە.

فۆرد: پێمـوایە دەبـێ لە مـاوەی ٢٤ كـاتژمێردا ئامـادە بـین، بەڵام بـۆ جـوڵەكردن دەبێ چاوەڕوان بین.

شلیسنجەر: لە بەرە بەیانی ١٥ی مایۆ بۆ جوڵەكردن ئامادەین، بەڵام سەیر دەكەیـن ئـاخۆ دەتـوانین مـارینز و هەڵگـری (هولـت) لەگەڵ یەكەم تروسـكایی بگـوازینەوە، بـۆ دابەزاندنی مارینز لە دوورگەدا لە هەمان كات نەخشەی خۆمان هەیە.

مووشـەكەكانی ب-٥٢ لە دوورگەی گـوامەوە ئامـادە دەكەیـن، بەڵام پێمـوایە بە بەكارهێنانی فڕۆكەهەڵگری ( كورال سی)، لەگەڵ كۆنگرێس ڕووبەڕووی كێشە دەبینەوە، ئەگەر مووشەكی ب-٥٢ تان بەكارهێنا.

ڕوكفلەر: بۆ؟

شلیسنجەر: مووشەکی ب-٥٢ لە کۆنگرێس بە ئالآی سور پۆلێنکراوە، جگە لەمەش پانتاییەکی زۆر بۆردومان دەکا، دەشێ کەسانی سڤیلی بەرکەوێ.

فۆرد: رێگەمان بدەن بزانین فەرماندە سەربازییەکان چی دەڵێن، باشترە فڕۆکەکان لە رێگەی فرۆکەهەڵگرەوە بەکار بێنین یا مووشەکەکانی ب-٥٢، ئەمە بڕیاری خۆیانە.

بە کورتیەکەی جیاوازیەکە لەسەر بنەمای بژاردەی چەک نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا کردەیەک بکەین.

لەم خاڵە دۆنالد ڕامسفیلدی کۆنە فڕۆکەوانی دەریایی لە رێگەی پرسیارێکەوە ئەم کێشە ئاڵۆزەی بۆ چارەسەرکردین و گوتی: ئایا ناکرێ فڕۆکەکانی سەر بارهەڵگری (کورال سی) کەمبۆدیا بۆردومان بکەن تا نزیک لە کاتژمێرێک؟ سەیر بوو کەس ئەمجۆرە پرسیارەی نەکرد.

شلیسنجەر: کارەکە شایەنییەتی بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا فڕۆکە هەڵگرەکە نزیک بکەوێتەوە، هیچ خۆبەخشێک لە وەزارەتی بەرگری نەهاتە پێش بۆ پێدانی ئەم زانیارییانە.

پرسیارەکەی ڕامسپیلد بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بە کۆی دەنگ لێ کەوتەوە. کا تێک کۆبوونەوەکە بڵاوەی لێ کرا، فۆرد هێرشەکەی بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دواخست بەو مەرجەی ئەو دواخستنە جارێکی دیکە دوانەخرێتەوە، ئیتر دوای ئەوە دەبێ دوورگەی کوه تانگ بگرن و بچنە سەر کەشتییەکە. لەگەڵ بۆردومانی وشکانیدا تەنیا بابەتی بۆردومانی بەندەری کومبوونگ سومی بە کراوەیی هێشتەوە تا بەیانی. فۆرد بە ماوەی حوکمرانیی دە مانگی شارەزای شێوازی بیروکراسیەتی بوو، پێی ڕاگەیاندم کە پێی باشترە فڕۆکەهەڵگرەکان بەکاربێنن، بۆ مووشەکی ب- ٥٢ تا دەچێتە پنتاگۆن ئەوسا ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوە.

فۆرد لەسەر بۆچوونەکانی من بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی بەیانیی ١٥ی مایۆ چومە لای بۆ ئامادەکاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی، بڕیاروابوو دوا بڕیاری لەسەر بەکارهێنانی فڕۆکە یا مووشەکی ب-٥٢ بدا، دیارە پنتاگۆن بڕوایان پێی هێناوە کە بەکارهێنانی فڕۆکە باشترە لە مووشەک چونکە فڕۆکە ئامانجی باشتر دەپێکی و بۆ هێرشبردنیش کاریگەریی زیاترە.

فۆرد: ئەم خۆگنخاندنە دوودڵم دەکا، من دەتوانم هـەموو فەرمانەکـان بـدەم، بەڵام کە جیبەجێ نەکرێن، زۆر تورەدەبم.

کیسینجەر: ئەمە قەیرانی یەکەمی تۆیە، دەبێ بەهێز و خۆڕاگر بیت، من پاسـاو بـۆ بەکارنەهێنانی مووشەکی ب-٥٢ دەبینم.

فۆرد: پێموایە بڵێم دەبـێ مووشـەک بە کـاربێ، تەنیـا ئەگەر کـاریگەری فرۆکەکـانم بینی ئەوسا بڕیارێکی ترە.

کیسینجەر:ئەمە شێوازێکی نوێیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشـەکان، ئەگەر هێـزت بە کارهێنا دەبێ لە ناوبەریێ.

هەرچەندە کـاری سـەربازی نزیـک دەبـۆوە وەزارەتـی دەرەوە سـیناریۆی دبلۆماسـی دەخستنە بەردەم، داوا لە سکالیی باڵوێز بکرێ نامەیەک بداتە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، کورت ڤالد هایم تیایدا بڵێ دەستگرتن بەسەر کەشتیی مایاگویز کارێکی نایاسـاییە، ئاسایشـی دونیـا دەخـاتە مەترسـییەوە، دیـارە ئەمەش خـۆی لە خۆیـدا هۆشـدارییەکی سـەربازییە، تـا ئێسـتا لە رێـگەی دبلۆماسـیەتەوە هەوڵـی رزگـارکردنی کەشـتی و کەشـتیوانەکان دەدەیـن. ئەمریکا مـافی خـۆیەتی بەرگـری لە خـۆی بکـا بـۆ پاراستنی هاوڵاتیەکانی بە پێـی ئەرتیکلـی ٥١ لە میسـاقی نەتەوە یەکگرتوەکـان، ئەگەر هەوڵەکانی دبلۆماسی هەرەس بێنن ڕوو لە هەوڵەکانی دیـکە دەکەیـن. دەرکەوت خمیـرە سـورەکان لە هـیچ لایەکەوە پشـتگیری نەکـران بەتـایبەت لە چیـنەوە، ئەو ڕۆژە دبلۆماتکارێکی چینی لە ئێـران ڕایـدەگەیەنێ کە بە دووری نـازانێ لەم زووانە کەشـتی و تاقمەکەی (مایاگویز)ی ئەمریکی ئازاد بکرێن، دیارە چین هەستی بە لەڕودامـان کـردووە کە لە ژێـر دەسـەڵاتی ئەوان خمیـرە سـورەکان کـاری نایاسـایی ئەنجـام بـدەن. بە پێـی بۆچوونی دبلۆماتکارێک دەبێ ئەمە یەکێک لە مەکرەکانی چـین بـێ، گـوایە پێویسـت بە کردەی سەربازی ناکـا و دەبـێ چـاوەروان بـی. ئەگەر ڕاسـتەوخۆ ئەمەی نەگـوتبێ بەڵام ناڕاسـتەوخۆ لە ڕێـگەی دبلۆماتکـارێکی پاکسـتانی ئەمەی بە ئەمریکـا ڕاگەیانـدووە. ئەم هەواڵە بێ بنەمایە بۆ ئێمە هەم دڵخۆشکەر بوو هەم مایەی چاوەڕوانی بـوو، بەڵام ئـێمە لە کارەکانمـان نەوەسـتاین، ئەو نـامەی بـۆ چینمـان نـارد دوای ٣٠ کـاتژمێر وەڵامـی دەداتەوە کە ئەوان لەو ئاستەدا نین ئەو نامە بە حکومەتی کەمبۆدیا ڕابگەیەنین، دەڵـێ

ئـێمە نـاوەڕۆکەکەی دیراسـە دەکەیـن، هەرچەنـدە لەگەڵـی نـاکۆک نـین بەتـایبەت هەڕەشەکانی، سەرەڕای تێبینییەکەی دینگ لە پاریس، ئەمـانە هـەمووی هەسـتێکی لای خمیرەکان دروست کرد کە بە تەنیان لەو مەیدانەن.

کۆبوونەوەی چوارەمی ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوایەتـی لە کـاتژمێر۳،٥٢ خـولەک بەسـترا تـا ٥،٤٢ خـولەک، تیایـدا دوا بڕیـار لەسـەر کـردەی سـەربازی درا، کـۆلبی دوا زانیارییەکـانی هەواڵگریـی پـێ ڕاگەیانـدین گـوایە زۆربەی بارمتەکـان گواسـتراونەتەوە وشکایی کەمبۆدیا هەندێکیشـیان هەر لە دوورگەکەدا مـاون، حکـومەتی تایلەنـدی گـوتی ئێمە خۆمان بەم کارە هەلدەستین، هەرچەندە فەرمانـدەی سـەربازیی تایلەنـد بە نهێنـی پێی ڕاگەیاندین کە زۆر دڵخۆشە بەوەی ڕێکارێکی یەکلا کەرەوە بگرینە بەر.

جەنەڕاڵ جـون، ڕاسـپاردەکانی دەسـتەی دەستنووسـنی هاوبەشـی خسـتە بەر دەستمان؛ مەفرەزەیەکی بـارکراو مایـاگویز دەگـرێ و مـارینز بە کردەیەکـی سـەربازی لە دوورگەی کوە تاینگ دادەبەزێندرێ بۆ ڕزگارکردنی تاقمەکە، فڕۆکەکانیش لە بـارهەڵگری ( کورال سی) ەوە هێرش دەکەنە سـەر وشـکانی و ئامانجەکـان لە کەمبۆدیـا بۆردومـان دەکەن. بەتـایبەت فڕۆکەخـانە و بەنـدەرەکانی کومبوونـگ سـوم. بـۆ پابەنـدبوون بە کـاتەکە دەبـێ فەرمـان بەنـاوی (جێبەجـێ بـکە) دەرکـرێ، کە لە مـاوەی ٢٤ کـاتژمێر جێبەجێ بکا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پنتاگۆن پێی باشترە نەختێک دوا بخرێ.

بەدەر لەم هێنـان و بـردنەی بیروکراتیەکـان، ئەدای پنتـاگۆن کـاریگەرانە بـوو، لە مــاوەی ٤٨ کــاتژمێر فــڕۆکە هەڵگرەکانیــان بڵاوکــردنەوە لەگەڵ دوو کــاولکەر و هەزار سەربازی مارینز جگە لەمە فڕۆکە هەڵگرێکیش لەوێیا هەبوو کە دوای ڕۆژێک دەگەیشت، مووشەکی ب-٥٢ ش لە ئامادەباشـیدابوون، لە هەمـان کـات فڕۆکەکـانی تەکتیکـیش بەو ناوەدا دەخولانەوە ئەم خێرایی و توانایییە لە هیچ دەوڵەتێکدا نەبوو.

فۆرد داوای جونزی بۆ دواخستنی پشتگوێ خست، بۆ هەرسـێک کـردەکە بڕیـاری جێبەجێکردنی دەست بەجێـی دا، لەگەڵ چـوار دەسـت وەشـاندنی ئاسـمانی لە ئامـانجە وشکانییەکانی کەمبۆدیا، فۆرد گوتی؛ تا فەرمـان نەدەم نـابێ بۆردومانەکـان بووەسـتن، سـەرۆکی ئۆپەراسـیۆنەکانی دەریـایی بەردەوام ژورەکەی جـێ دەهێشـت و فەرمانەکـانی دەگەیاندن.

کاتژمێر ٦،٣٠ خولەک من و شلیسنجەر یاوەری فۆردبووین بۆ نمایشکردنی دۆخەکان لەبەردەم سەرکردەکانی کۆنگرێس، پاساوەکانی کردەی سەربازیی پێ گوتن، کە ماوەی شەست کاتژمێر دوای ئەم ڕووداوە لە چاوەڕوانیدا بووین لەگەڵ هەوڵە دبلۆماسیەکانمان، هیچ وەڵامێکمان لە خمیرە سورەکانەوە بەدەست نەگەیشت بۆیە و بۆ پاراستنی گیانی کەشتیوانەکان بەم ئەرکە هەڵسایین.

کۆنگرێسمانەکان بۆ ئەم کردە هاندەرنەبوون، بە نموونە مایک مانسفیل گوتی: بۆچی جارێکی دیکە دەگەڕێنییەوە وشکانی ئاسیا بەتایبەت کە ڕاگەیەندرا کەشتیوانەکان لەبەردەستیاندان؟ سەرۆکی کۆنگرێس دەڵێ کەشتییەکە لەلایەن پنتاگۆنەوە بەکرێ گیراوە، ئەمە وەکو ئەوەیە ڕاستیەکان ون ببێ کە گوایە ڕفێندراوە، ئەم مەترسییانە بەردەوام دەبن تا شلیسنجەر بۆیان ڕون دەکاتەوە و دڵنیایان دەکات کە پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکا، لەم میانە مشتومڕ لە نێوان فۆرد و بیرد دروست دەبێ، فۆرد کۆنگرێس بە درزەکردنی هەواڵەکان تۆمەتبار دەکا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە خەسڵەتی ئاشتەوایی سەرۆک مانای ئەوە نییە پێداگر نابێ:

سیناتۆر بییرد: لەگەڵ ڕیزم ڕێگەم بدە ئەمەت بۆ ڕون بکەمەوە، من دەزانم تۆ ئەوە دەکەیت کە پێت وایە باشترینیانە، من لەسەر دەسەڵاتەکانی تۆ قسە ناکەم، بەڵام دەمەوێ ئەوە بزانم بۆچی پێشتر لەم بڕیارەتان ئاگاداری سەرکردەکانی کۆنگرێستان نەکردووەتەوە؟

فۆرد: ئێمە سیستەمێکمان هەیە حوکمگێڕان لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە، سەرۆک ماف و دەسەڵاتی لەسەر ڕەفتارکردن هەیە، لەسەر بنەمای پابەند بوون بە ڕەفتارکردن، بە پێی یاسا دەسەڵاتەکانی جەنگمان بەڕێوە بردووە، بەڵکو لەسەر بڕیار و دەسەڵاتەکان جیاواز بین، بەڵام هەرگیز ڕێگە بەخۆم نادەم سەربازی پیادەی دەریاوانی ڕووبەڕووی ٢٤٠٠ سەربازی کەمبۆدی ببێتەوە (ئەمە وەکو مەزندەی سەربازانی خمیرە سورەکانی کەمبۆدیایە لە کومبوونگ، بەپێی ڕاپۆرتەکانی هەواڵگری)

# رزگار کردنی مایاگویز

دوا دانیشتن لەگەڵ سەرکردەکانی کۆنگرێس بوو بۆ ڕونکردنەوەی هەڵوێستەکانی ئیدارە، یەکێک لە ئێوارە جیاوازەکانی ئەزمونی حوکمرانیم بوو کە زۆر توند وجیاواز دەبێ، بڕیاربوو ئێوارەخوانێک بۆ سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا (یوهانس دین ئویل) ساز بکەین . کاتەکەی دیاریکرابوو، فۆرد حەزی نەدەکرد میوانەکەی لەڕودابمێنێ، بۆیە سەرەڕای دۆخەکان کە ئۆپراسیۆنی سەربازی لە نیوەی دیکەی دونیا دەستی پێ کردبوو. بۆ ئەو داوەتە دەبوایە زۆر لەخۆی بکا تا زەوق وسەلیقە دروست دەبێ، شێوخواردنەکە دەبووایە بەجلی شەوگوزەری فەرمی بەڕێوە ببردرێ ( کەس نەیدەزانی بۆ)، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دواکەوت. لە نێو داوەتکراوەکان سکۆکروفت و ڕامسفیلد بوون، من نەمتوانی تەنیا نیوەی ئەو خواردنە بخۆم کە بۆم دانراوە. شلیسنجەر کەمێک دواکەوت بەڵام مایەوە تا شیرنەمەنیش خورا. فۆرد بەردەوام دەردەچو تا ڕاپۆرتەکان وەرگرێ و لە دۆخەکە دڵنیا و ئاگادار بێ.

دین ئۆیل، میوانە نموونەییەکە ئارەزوی هەبوو لەگەڵ دروستکەرانی بڕیاری سیاسی ئەمریکا دەستێکی هەبێ و ئێوارەخوانێک بەیەکەوە ببەنەسەر، دیارە ئەو لە لایەنی دژ بە شەڕ بووە لە حزبی کرێکارانی هۆڵەندی (PvdA)، هەستی بۆچاڵاکیە سەربازییەکانی هیندیی چینی هێمن و بێدەنگانە بوو. وا دیار بوو ڕاوێژکارەکانی پێیان ڕاگەیاندبوو خۆی لە وروژاندنی دۆخەکان دوورخاتەوە، بەڵام ئەو هەر خۆی تێ هەڵدەقورتاند و وەکو مامۆستایەک وانە بە خوێندکارەکانی بڵێتەوە، ئامۆژگاریی دەدا، گوتی: چارەسەری سەربازی تاقە ڕێگە نییە بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم کێشەیە، کەچی هیچ ئەلتەرناتیفێکی دیکەی نەدا بۆ چارەسەری، سەیر بوو هاوپەیمانێکی ناتۆ ببینین لەگەڵ بۆچوونەکانی وڵاتەکەیدا نەبێ کە هۆڵەندایە.

ئەوانەی لەگەڵ دین ئویل گفتوگۆیان دەکرد ئامادە نەبوون بیر و بۆچوونەکانی جێبەجێ بکەن، ئەوان سەرقاڵی کارە سەربازییەکانی خۆیان بوون کە لە سێ تەوەرەوە لە جوڵە دابوون بۆ ڕزگارکردنی تاقمی کەشتیی مایاگویز. ئەو سێ تەوەرەیەش:

١/ دەستگرتن بەسەر کەشتییەکە،.

٢/ دابەزاندنی سەربازی لە کوە تانگ.

٣/هێرشی ئاسمانی بۆ سەر کەمبۆدیا.

زانیارییەکان لە سەرچاوەی جیاجیاوە دەگەیشتنە واشنتۆن، بۆ ئۆپەراسیۆنی کوە تانگ لە مارینزەوە دەهاتن، بۆ پالپشتی تەکنیکی لە هێزە ئاسمانییەکانەوە، بۆ کومبوونگ سوم لە دەریاوانەکانەوە.

مارینز لە سەر پشتی کاولکەری (هۆلت) ەوە توانیی هێرش بکا و دەست بەسەر مایاگۆیزدا بگرێت، بەڵام تاقمەکەی لەگەڵدا نەبوو. پیادەی دەریاوانیش کە هێرشیان کردە سەر کوە ڕانگ ڕووبەڕووی کێشە بوونەوە، مەزندە دەکرا بیست سەربازی خمیرە سورەکان لەوێ بن بەڵام کاتێک هێرش دەستی پێکرد تەقە و بەرگرییەکی زۆر کرا، وا پێدەچو هێزەکە لەوە زیاتر بێ، زیانمان لێ کەوت، لە کۆی ١٧٥ مارینزی هێرشبەر ١٥ یان لێ کوژران، لە کۆی٩ بارهەڵگر ٨ یان تکشکان، دیارە کەمبۆدیا لە ترسی ڤێتنامییەکان پێشتر هێزی زۆریان بردۆتە ئەو شوێنە ئێمەش پێمان نەزانیوە، گومانی ئەوەشمان هەبوو بارمتەکان لەوێ دانرابن بۆیە بۆردومانمان نەکردووە.

بۆ تەمومژکردنی دۆخەکە خمیرە سورەکان بەیاننامەیەک دەردەکەن گوایە مایاگۆیز دەرکراوە، هەر چەندە ئێمە ئەم هەواڵەمان دوای کاتژمێر و نیوێک پێ گەیشت، ئیتر وردەکاریی ڕووداوەکە بەمشێوەیە بوو:

- کاتژمێر ٧،٠٧ خولەکی ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی ئایار ئیزگەی بنوم پنە ی لۆکالی، بە زمانی کەمبۆدی لە ڕێگەی هو نیم وەزیری ڕاگەیاندن، بەیاننامەیەکی دوور و درێژی ١٩ خولەکی دەخوێنێتەوە، لە دوا برگەکانی دێتە سەر بابەتی ئازادکردنی مایاگۆیز (کاتی پێویست بۆ وەرگێرانی ئەم بەیاننامە و گەیشتنی بە کۆشکی سپی یەک کاتژمێری دەویست).

- کاتژمێر ٧:٠٩ بەر لەوەی هۆنیم (وەزیری ڕاگەیاندنی خمیرەسورەکان) لە خوێندنەوەی بەیاننامەکە ببێتەوە و بگاتە بڕگەی مەبەست، هێرش بۆ سەر کوە تانگ دەستی پێکرد.

- ٧،٢٠ دەسەلآتدارانی خمیرە سورەکان لە دوورگەی کوە ڕونگ سامەوە لە نزیک کومبوونگ سوم تاقمی مایاگویز ئازاد دەکەن و ڕادەستی بەلەمێکی تایلەندیی دەکەن، ئەوانیش بە ئالای سپیەوە دەکەونە ڕێ.

- کاتژمێر ٨،٠٥ بەر لەوەی بەیاننامە وەرگێڕدراوەکەی هونیم (وەزیری ڕاگەیاندنی خمیرەسورەکان) بگاتە دەست کۆشکی سپی، یەکەم فڕۆکە لەسەر فڕۆکە هەڵگری ( کورال سی) جوڵە دەکا ولە ماوەی کەمتر لە یەک کاتژمێر دەگاتە شوێنی ئامانج لە تایلەند.

- کاتژمێر ٨،٠٦ کورتەی بەیاننامەکە گەیشتە بەشی خزمەتی زانیارییەکانی ئیزگە بیانییەکان FBIS.

- کاتژمێر ٨،١٥ من و سکۆکرۆفت کورتەی بەیاننامەکەمان بەدەست گەیشت.

- کاتژمر ٨،٢٥ کاولکەری (هۆلت) گەیشتە نزیک مایاگویز و لە هێرشێکدا دەستی بەسەر کەشتییەکەدا گرت.

- کاتژمێر ٨،٢٩ سەرۆک لە بەیاننامەکە ئاگادار کرایەوە.

بیانوی خمیرە سورەکان بۆ دەستگرتن بەسەر مایاگویز ئەوەبووە کە لە ترسی ڤێتنامییەکان و کەشتییە سیخوڕییەکانی ئەمریکا مایاگۆیزیان گل داوەتەوە، گوایە سنوری ئاوەکانی کەمبۆدیای بەزاندووە ئەگینا هەرگیز نیازیان نەبووە کەشتییەکە لای خۆیا بهێڵنەوە و دەستگیری بکەن، چونکە ئەوان بێ لایەن، حەزیان لە کێشە نییە.

کە زانیارییەکان دەگەنە کۆشکی سپی مایاگۆیز ئازاد کراوە، سەرۆک فەرمان دەدا لە کردە سەربازی و بۆردومانەکان بەردەوام بن تا چارەنوسی بارمتەکان دیار دەبی.

خمیرە سورەکان هۆکاری زۆریان بەدەستەوە بوو تا وەڵامی یاداشتەکەی ئێمە بدەنەوە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ و نیو هیچ وەڵامێکمان بەدەست نەگەیشت، ئەم بێ دەنگییە ئێمەی خستە دڵەڕاوکێ و گومانەوە، بۆیە کەوتینە خۆ بۆ ڕزگارکردنی بارمتەکان.

داوا لە سکۆکرۆفت کرا ئاگاداری فەرماندە سەربازییەکان بکاتەوە کە ئێمە لە چاوەڕوانی فەرمانی سەرۆکین، ڕاوێژیش بە شلیسنجەر دەکەین.

- کـاتژمێر ٨،٣٠ ئێـوارە پەیوەنـدیم بە سـەرۆکەوە کـرد، ئەو بەگومـان بـوو لە ئازادکردنی تاقمەکە، گوتی: با بۆردومانەکە بەردەوام بێ تا دڵنیا دەبینەوە کە تـاقمەکە ئازاد کراوە، شلیسنجەر لەگەڵ فـۆردا هـاوڕابوو، بەڵام پێـی وابـوو بەیاننـامەکەی خمیـرە سورەکان بۆ مەبەستی پرۆپاگەندە بووە.

وێــڕای ئەو پەیوەنــدییانەی بەدەســتم گەیشــتن کــاتژمێر ٨،٥٠ پەیوەنــدیم بە سەرۆکەوە کرد، تا بۆچوونەکانی لەسەر گوتەکانی شلیسـنجەر وەرگـرم، گـوتی: لەسـەر هەڵوێسـتەکانی خـۆمم، ئەوکـاتە بڕیارمـان دا هەر کـاتەی بارمتەکـان ئـازادکران ئەوسـا بۆردومانەکە ڕادەگرین، بەڵام ئەم پەیامە چۆن بگەیەنینە خمیرەکان، کەمبۆدیا لای خۆی دوو باڵوێزخانەی چین و ڤێتنامی هەیە، بەڵام لە دەرەوە هیچ باڵوێزخانە یـا نـوێنەرێکی نییە تا پەیوەندیی پێوە بکەین، لەگەڵ سکۆکرۆفت بڕیارماندا بەیاننامەیەک دەرکەین بـۆ ئەم مەبەستە بە سـکۆکرۆفتم گـوت نیسـین بـانگی نووسـینگەکەم بکـا بـۆ ئـامـادەکردنی بەیاننامەکە، بەڵام نیسـین لەم داوایە زویـر دەبـێ، چـۆن مـن بـانگی بـکەم بـۆ ژورەکەم ئەتەکێتـی ئەو ڕێـگە نـادا، بەڵام سـکۆکرۆفت بە پـالـدانی جەسـتە دەیهێنێـتە ژورەکەم، کاتژمێر ٩،١٥ ئەم بەیاننامەیەمان دەرکرد:

لە ڕادیـۆوە بیسـتمان کە ئامـادەن مایـاگۆیز ئـازاد بـکەن، ئـێمە بەم گۆڕانکـاریە خۆشحاڵین و پێشوازیی لێ دەکەین، بە کارێکی دروستی دەزانین، خۆتـان دەزانـن ئـێمە مایاگۆیزمان ڕزگار کرد و ئێستا لە ژێر دەستی خۆماندایە، هەر کاتەی تاقمەکەتان ئـازاد کرد بەبێ مەرج، ئێمەش ئامادەین بۆردومانەکان ڕاگرین.

تا کاتژمێر ١٠،٤٥ هیچ وەڵامێکمان پێ نەگەیشت، ئەوسا کاولکەری (ولسۆن) کە تـازە گەیشـتبووە ئەو شـوێنە تـاقمی مـایەگۆیزی لە بەلەمێکـی تایلەنـدیەوە وەرگـرت، سەرۆک لەو کاتە لەگەڵ میوانە هۆلەندییەکەی دانیشتبوو.

بە پێی ئەزمونی تایبەتیم ساتەکانی سەرکەوتن وێڕای خۆشحاڵی، بـێ ئومێـدیەک مـرۆڤ دادەگـرێ، چـونکە سـاتەکانی سـەرکەوتن ئەوەمـان بیـر دێنێـتەوە کە سیاسـەتی دەرەوە پشودان نازانێ.

دوای هەر سەرکەوتنێک چونە سەر هەندێک بڕیـاری نـوێ دێـت، لەم قەیـرانە ئەوە فێربووین کە نابێ ڕێکارە بیروکراتییەکان بەرچاومان لێلکا.

کاتێکیش لە نووسینگەی کۆشک بەم بۆنە خۆشیمان دەردەبڕی، یەکێک هات گرژیەکەی نێوان سەرۆک و شلیسنجەری بیر هێنایینەوە.

بەر لەوەی سەرۆک هەواڵە خۆشەکە ڕابگەیەنێ، جوزیف لیتین گوتەبێژ بەناوی شلیسنجەر هەواڵی ئازادکردنی بارمتەکانی ڕاگەیاند، بەڵام سەرۆک کە ئەو سەرکەوتنە بە هەولّی ئەو بووە، گرژی ڕوخساری بەرنەدابوو، لەبەر ئەوەی لە ئاهەنگە فەرمییەکەی بۆ میوانە هۆلەندیەکە ساز دابوو پۆشاکی فەرمیی لەبەرکردبوو، ئیتر داینەنابوو، لە بیری چووبوو پۆشاکی کار لەبەرکا، بۆیە بە خێرایی ئەمەی کرد و ئێمەی جێهێشت و گوتی دەچم لە نووسینگەی کۆشک سەرەخەوێک دەشکێنم.

## شیکردنەوەی قەیران دوای تەواو بوونی

تەواوبوونی قەیران کۆتایی بە شیکارییەکان ناهێنێ، لەو کاتەی بەهۆی سەرکەوتنەکانی وەزارەتی بەرگری و کۆکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا و سودوەرگرتن لە خێرایی، هەست بە شانازی دەکرا. بەڵام گەلێک پرسیار سەر هەڵدەدەن، ئەوەتا زانیارییەکانی هەواڵگری لاواز بوون ،هەر لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی کاتێک هەواڵەکان دەخوێندرانەوە، ورد و پێکراو نەبوون، لەگەڵ هەواڵەکانی دواتر یەکیان نەدەگرتەوە، بە زانیارییەکان لەسەر کوە تانگ نەمنتاوانی شوێنی تاقمەکە بزانین، ئەو هێزەی لەوێ بوو مەزندەی بیست خمیرمان دەکرد کەچی دەرکەوت هێزێکی زیاتری لێبووە، لە کاتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکەش هەواڵەکان ورد و خێرا نەبوو. بۆیە هەموو زانیارییەکان لە سفرەوە دەست پێکران، ئەمە نەبووە کۆتایی ئەو فەرمانبەرانەی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی کۆشکی سپی باس و خواسیان لەسەر ئەو پرسە دەکرد.

ئەو کێشە مەزنەی بووە مایەی نائارامیمان، بەهۆی بوونی کەلێنێکی مەزن بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆشکی سپی و پنتاگۆن، لەم ماوەیە هیچ ناکۆکییەک لە نێوان

من و شلیسنجەر ڕوی نەدا، بەڵام سەرۆک وەکو فەرماندەی گشتی هێزەکان لە وردی زانیارییەکان دڵنیا نەبوو. لەسەر ژمارەی هێرشە ئاسمانییەکان زانیارییەکانی جەنەڕاڵ جونز یەکیان نەدەگرتەوە، بۆیە کاتێک لە ڕاپۆرتەکەی دەبێتەوە، فۆرد لە توڕەییان سور هەلدەگەڕێ، کە مشتومڕەکان تەواو دەبن ئەم گفتوگۆیە دەست پێدەکا:

کیسینجەر:کۆی ئەو فڕۆکانەی بەکار هاتن چەند بوون؟

جونز: ٣٢ تا ٤٠ فڕۆکە.

شلیسنجەر: کەچی ٨١ فڕۆکە لەسەر پشتی بارهەڵگرەکە بوو.

کە ڕوونبۆوە فڕۆکەهەڵگری (کۆراڵ سو) بە دروستی بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە، فۆرد گفتوگۆکەی بڕی و داوای منی کرد بۆ دەرەوە لەگەڵی بچم. گوتی: بەکورتی ئەو فەرمانانەی دەرکراون چیبوون؟ دوای ئەوەی پێیم دا، گەڕایەوە بۆ کۆبوونەوەکە و هیچی نەگوت، ڕوی لە شلیسنجەر کرد بەساردی گوتی:

جیم ڕاپۆرتێکم دەوێ هەموو ئەو کردانەی تیایدا کراون، ئاماژەیان پێ بدرێ، بە کات و ساتەکانییەوە، بە ئەنجام و فەرمانەکانییەوە و بە وردی.

تا ئێرە ئیتر سەرۆک کۆتایی بە باسکردن لەسەر مایاگۆیز هێناو چووە سەر باسێکی دیکە.

بەیانییەکەی فۆردم بینییەوە توڕەیی بەری نەدابوو، ئەو لەوە توڕە بوو کە هێرشی یەکەمی فڕۆکەکان، دەستیان نەوەشاندووە، شلیسنجەر تێبینییەکی تری لا دروست کردبوو، ئەو تا ئێستاش دەستی لە لێدانی چوارەم هەڵنەگرتووە.

فۆرد: من لەبیرمە بە فەرماندەی ئۆپەراسیۆن جەنەڕاڵ جیمسم ڕاگەیاندبوو کە بۆردومانەکان ڕانەگرن تا فەرمانتان پێدەدەم.

سکوکروفت: منیش ئەمەم لە بیرە، ئەمەت بە شلیسنجەریش گوت.

فۆرد: پوختەی ئەو فەرمانانەم دەوێ کە جێبەجێکراون بە هەموو گۆڕانکارییەکانیانەوە. دوای ئەوەش زنجیرەی ڕووداوەکانم دەوێ، هەر لە یەکەم هەڵسانی فڕۆکەکانەوە.

کیسینجەر: دەبێ داوای هەموو فەرمانەکان بکەیت کە لەسەرەتاوە دەرکراون.

فۆرد: ئەو فەرمانانەی لە پنتاگۆنیشەوە بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا دەرچوون دەیانگرێتەوە.

دەمەوێ فەرمانەکانی وەزارەتی بەرگری بەراورد پێ بکەم لەگەڵ فەرمانەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی، لە ناویاندا ئەوانەی لە قۆناغی یەکەم و دووەم دەرکراون.

لە کاتی پێداچونەوە لەسەر ڕووداوەکان ئەمانەمان بۆ دەردەکەوێ، داڕشتنی نەخشەی هێرشەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بەبێ ئامادەکاری دەستەی پسپۆران بووە، هەروەها بەبێ ئەوەی کەسێک ئامادە بێ پۆستەکەی لە سەرۆک کەمتر بێ، مەترسییەکی مەزنە، ئەنجومەنی ئاسایش تایبەتە بە کاری ئاسایشی گشتیی ستراتیژی نەک بۆ ئیدارەدانی قەیرانەکان، سەرۆک لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی فەرمانی دا هێرش بکرێت، بەڵام لەم کۆبوونەوەیە سوپاسالار ئامادە نەبووە، هیچ ئەفسەرێکی نزیک لەویش ئامادە نەبووە تا فەرمانەکان بە ڕوونی و بێگەردی بۆی بگوازێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو ئۆپەراسیۆن و پرسە لە نێو چوارچێوەی هەواڵگری قەتیس کراوە، دواتر نابێ هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی لە گشت فەرمانەکانی سەرۆک ئاگادار بن.

قەوارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی ڕێگە بەوە نادا ئەم قەوارە مەزنە لەخۆ بگرێ، لەبەر ئەم هۆکارەبوو سەرۆک کینیدی لە کاتی قەیرانی مووشەکەکانی کوبا لیژنەی جێبەجێکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی دامەزراند. دوای ئەو، ئیدارەی نیکسۆن و فۆرد چەند ئەرکێکیان بەو لیژنەیە سپارد لەسەر ئاستی جێگری وەزیرەکان. بەو ڕێگایەوە بەرپرسەکان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی، گفتوگۆیان لەسەر پرسە تەکتیکی وگەلێک بابەتی دیکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆک دەدوان.

ئەو فەرمانانەی لە پنتاگۆنەوە دەرچوون بۆ دیاریکردنی هۆکاری ناڕوونی، وەڵام نەدرانەوە، پرسین لەسەر هۆکاری دەست نەوەشاندنی یەکەم هێرشی فڕۆکەکان بۆچی بوو؟ بۆچی شلیسنجەر بە سەرۆکی گوت یەکەم هێرش جێبەجێ کرا و بۆردومانەکە ئەنجامدراوە؟ لەکاتێکدا ئەنجام نەدرابوو؟.

دەڵێن داواکانی پنتاگۆن جێگەی بڕوانین، بەڵام چونکە ئۆپەراسیۆنەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا بۆیە دەپرسێ و دەیخاتە جێی گومانەوە. دیارە بەو هۆیەوە فۆرد بڕوای بە وەزیری بەرگری نامێنێ.

ئێستا ماوەتەوە دەرهاوێشتەکانی ئەو ڕووداوە گەسکی لێبدەین، ڕەنگدانەوەی وڵاتە کۆمۆنیستەکان لە نێوان گوێ پێنەدان و خۆشحاڵیدا بوو. چین بۆ قەرەبوکردنەوەی ئاسانکارییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لە ڕێگەی سەرۆک وەزیرانییەوە (لی جیان نیان) لە ئاهەنگی پێشوازیدا لێدوانێکی دا، گوتی کردە سەربازییەکەی ئەمریکا لە ئاست ڕێگری دەریاوانیدا بوو. ئەم لێدوانە لە مانشێتی ڕۆژنامەی (گەل) شوێنی گرتبوو و دەنگی دایەوە. هەرچەندە ئەم لێدوانە نەگەیشتبووە ئاستی فەرمی، بەڵام دوای ئەوە بە ونستون لورد سەرۆکی تاقمی نەخشەسازی سیاسی و ولیان گیلستین یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و فیلیپ حەبیب کە کرابووە جێگری وەزیری دەرەوە ڕاگەیەندرا، کە ناڕەزایی پێشکەش بە نووسینگەی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین لە واشنتۆن بکەن:

دەکرێ ئەم لێدوانە مەترسیدارانەی لە بەرپرسانی چین دەردەچن کاریگەری خەراپ لەسەر ڕای گشتی بەرانبەر بە چین دروست بکەن.

بەشەکەی دیکە تایلەند بوو، بنکەکانمان لێ بەکارهێنان بێ ئەوەی داوایان لێ بەکین و ڕەزامەندییان لێ وەرگرین، لە کاتێکدا ئەوان لە کاتی ڕوخانی هیندیی چینی داوایان لە ئێمە کردبوو بنکەکانمان بگوازینەوە. کاتی خۆی لەسەر داواکەی ئەوان پەیمانمان پێدابوون دوای ساڵێک دەگوازینەوە، بەڵام ئێستا داوا دەکەن کە دەرحاز ئەم بنکانە چۆڵ بکەین، ئێمەش یاداشتێکمان بۆیان نارد داوای لێبوردنمان کرد لەوەی ئەو گرژییە لە نێوان تایلەند و ئەمریکا دروست بووە، ئێمە هەوڵ دەدەین چاکیان بکەین و پەیمان و بڕیارەکانی خۆشمان جێبەجی بکەین، دواتر بەپێی خشتەی کات کارمەند و سەبازەکانی ئەمریکامان لە ماوەی ساڵێکدا گواستنەوە.

دوای ئەوە ڕۆژنامەکان کەوتنە بڵاوکردنەوەی گوتەی هەڵبەستراو و لێدوانی سەیر سەیر، جون ئوزبوون یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسانە، ئەم کردەی بە شەرمەزاری وشورەیی بۆ ئەمریکا گێڕایەوە، لە سەروتاری ڕۆژنامەکەیدا دەڵێ کارێکی وێڵ بوو، دواتر

پرسیارەکان هەموو تۆمەتبارکردن بوو، گوایە سەروەری تایلەندمان پێشێل کردووە، گوایە ئەوەندەی نەمابووە تاقمی مایاگویز بکوژین، حکومەتی ئەمریکا هەڵەی کردووە کەشتییەکانی لەو مەترسییانە ئاگادار نەکردووەتەوە، خۆی کارەکە دژی گیانی مۆراڵی گەلی ئەمریکا بووە، ئێمە بوارمان بە دبلۆماسیەت نەداوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، ئەمانە کۆمەڵێک پرسیاری تۆمەتئامێز بوون.

من ئێستا بوومەتە پسپۆر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێرشانە بۆیە وەڵامم دایەوە، گوتم:

- لە توانامانـدا نەبوو ڕووبەڕووی مەترسییەکی هاوشێوەی کەشتیی (بوویبلو) ببینەوە، تاقمەکە بەو بێ گوناهیانەوە بخەینە ژێر میهرەبانی ڕێگرەکان و بۆ ماوەیەکی وا دوور و درێژ لە ژێر دەستیان بمێننەوە.

- هیچ هەوڵ و جوڵەیەکی دبلۆماسیمان پێ نەگەیشت تا ڕێگەی لێ بگرین، ئەو کاتەی بەیاننامە ناڕوونەکەی خمیرە سورەکانمان بەدەست دەگات، ئەوکات ئۆپەراسیۆنەکە دەستی پێکردبوو.

- بەدوای ئەو دەرفەتە نەگەڕواین ئازایەتی خۆمان نشان بدەین، بەڵکو دوای دەرچونی ئەمریکا لە هیندیی چینی و ئەم ڕووداوە دەبووایە سنورەکان دیاری بکەین، دەسەڵاتەکانی ئەمریکا پیشانی توندڕەوان بدەین.

لە ١٧ی مایۆ کەشتییەکەی مایاگویز گەیشتە سەنگافورە، خەڵکانێکی زۆر لە ناویاندا ڕۆژنامەوان، لە پێشوازیاندا بوون، کاپتنی کەشتییەکە چارلز ت میللەر زۆر مەردانە ئەو سیناریۆیە سیاسیانەی کە لە ڕۆژنامەکان بڵاو ببوونەوە بەدرۆی خستنەوە، زۆر ستایشی ڕۆڵی سەرۆک فۆرد و سوپای دەریاوانی و مارینز و هێزی ئاسمانیی کرد، گوتی: ئەگەر هەوڵی ئەوانە نەبووایە ئێمە هەرگیز ڕزگار نەدەبووین، سیناریۆ و گوتە هەڵبەستراوەکانی بەدرۆخستنەوە.

میللەر گوتی: کردە سەربازییەکەی ئەمریکا لای خمیرە سورەکان کاریگەریی زۆری هەبوو، ئەگەر ئەوە نەبووایە ئازاد نەدەکراین، خمیرەکان داوایان لێی کردبوو کە داوا لە ئەرمیکیەکان بکا بۆردومانەکە ڕابگرن.

لە ٢٣ی مــایۆ ســەرۆک فــۆرد ڕووداوی مایــاگویزی بە شــێوازێکی کــاریگەر لە چــاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەنوســانی ئەوروپــا گێــڕایەوە، کە لە ئێــزگەی بەریتانیــا بڵاوکرایەوە:

من دڵنیام ڕووداوی مایاگویز دەبێ لەسەر ئاستی لۆکالی ئەمریکا و نیـودەوڵەتی ئەوە بسـەلمێنی کە ئەمریکـا لە کـاتی ئـاوارتە (×ـواری) خـاوەنی ئیـرادە و توانـایەکە دەتوانێ ڕووبەڕووی تەحەداکان ببێتەوە، دواتـر ئەمە ئامـاژەیەکە کە ئێمە تەنیـا بەهێـز نین، بەڵکو ئیرادە و تواناشمان لەسەر جوڵانەوە هەیە. بەمشێوەیە هیندیی چینی لە نێو ئەجندای ئەمریکی ون بوو، ئەوەی فۆرد گـوتی ڕاسـت بـوو، بەڵام ڕاسـتییەکە نەبـوو کە گوتی: ( ئێمە بۆ ڕزگاری وڵات چوبووین، بە ڕزگاری کەشتی دەرچووین).

# (١٩)
# کارەساتی کوردەکان

## شێوەی بەرنامەکە

قەدەری دۆستانی ئەمریکا ئەوەبوو لە بەهاری ١٩٧٥ خەندە نەکا، هەر ئەوکاتەی کۆنگرێس دەستبەرداری گەلانی هیندیی چینی (بریتییە لە گەلانی ولآتانی ڤێتنام، کەمبۆدیا، لاوس، سەنگافورا، مالیزیا، میانمار، تایلەند) دەبێ و دەکەونە ژێر چەپۆکی کۆمۆنیستان، شای ئێرانیش دەست لە کوردەکان بەردەدا، ئەوانیش ناتوانن بەرانبەر بە هێرشەکانی ڕژێمی بەغدای ڕادیکال بەرگری لە خۆیان بکەن، کە تا ئەوکات بەغدا لە ژێر دەسەڵاتەکانی سەدام دابوو، هەرچەندە سەرۆکیش نەبوو بەڵام وەکو سەرۆک ڕەفتاری دەکرد.

ئەو هاوکارییانەی ڕاستەوخۆ بە فەرمی و بە نهێنی لە کۆنگرێسەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ، بۆیە مێژووی هاوکارییەکان دەگێڕێتەوە بۆ بەهاری ساڵی ١٩٧٢ لە سەردەمی حوکمرانی نیکسۆن ئەوکاتەی سەردەمی شەڕی سارد دەبێ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت هەر ولآتە و خۆی بە جەمسەرێکی هەژمونەکانی ئەو سەردەم دەزانن، یەکێکیان سەرمایەدار و ئەویتریان سۆشیالیست لەم میانە لە نێو خۆیاندا دونیا دابەش دەکەن، وێڕای دابەشکردنی ژێر بەژێریش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکان، سیاسەتی بەڕێوەبردن و یەکتری سەرقاڵکردن پیادە دەکەن، بۆئەوەی لە کاتی پێویست وەکو کارتی فشار دژی یەکتری بەکاری بهێنن، ئەوەتا کورد دەبێتە یەکێک لەو فاکتەرە (سەرقاڵکردن)ە ی مامەلەی ژێربەژێر. بێینەوە سەر درێژەی باسەکە:

ئەمریکا بە فەرمی و بە نهێنی لە ساڵی ١٩٧٢ ەوە هاوکاری کوردەکانی دەکرد هەرچەندە قەوارەی تێوەگلآنمان لەو ناوچەیە بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی هیندیی چینی

بەو ئاستە نەبووە، بەڵام لانیکەم دەتوانرا کاریَ بکەین لە ١٩٧٥ گەڵانی هندی چینی نەڕوخێن، ئەمەش لە ڕێگەی هاوکاریکردنی هاوپەیمانەکانمانەوە دەبوو کە بە دیدی ئەوان مافی خۆیان بوو .

بەڵام ڕزگارکردنی کوردەکان مانای کردنەوەی بەرەیەکی جەنگی لە چیا سەرسەختەکانی هاوسنور لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بە پالپشتی و پابەندبوونێکی بەردەوام و کراوە لە هەموو ڕووەکانییەوە دەبوو، ئەمەش بە دەرەنجامێکی نامسۆگەر دەبوو، بەهۆیەوە هندی چینی دەڕوخا و پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بەرەو لاوازبوون دەچوو و دانوستانەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە ڕێگایەکی داخراو دەوەستان، ئەمانە هەمووی لە پێناو چی؟ تەنیا لە پێناو ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی، ئەوکاتەش هێرشەکانی کۆنگرێس دژی هەر بیرۆکەیەکی لەم شێوەیە چڕتر دەبوون.

کوردەکان لەو کاتەی لە شەستەکان زیادەڕۆییان بە گەشبینیی چارەنوسی خۆیانەوە دەکرد لە میانەی چەند مانگێکدا چارەنووسیان یەکێک دەبێت لەو ڕووداوانەی بە ڕووداوی خۆدارکاریکردنی حەفتاکان دەناسریَ.

بەهۆی هەوڵەکانی ئیدارەی نیکسۆن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان، لیژنەکانی کۆنگرێس هێرشی توندیان کردە سەر ئیدارەی نیکسۆن، هەروەها هێرشیان دەکردە سەر ئیدارەی جیرالد فۆردیش کە ڕێگریی لە شای ئێران نەکردووە تا دەست لەسەر کوردەکان هەڵنەگریَ و هاوکارییە دوو قۆلیەکانیان بەفیڕۆ نەچن، ئەمە ڕێگایەک بوو ئەو کەسانە گرتبوویانەبەر کە دەستیان هەبوو لە دەست بەرداربوونی ئەمریکا لە هیندیی چینی ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەبوو ویژدانیان سزا بدەن.

نەهامەتییەکانی کوردان مێژوو و جوگرافیا بەسەریاندا سەپاندن، هەروەها دابەشبوون و جیاوازی بۆچوونە نیشتمانییەکانی ئێمەش ڕۆڵی هەبوو لەم کارەساتە، میلەتی کورد کە ئەمڕۆ ژمارەیان لە (٢٥) ملیۆن کەس زیاتر دەبیَ، تا ئێستا قوربانیی ڕووداوەکانی سەدەکانی پێشون، بە تایبەتیش وەرچەرخانی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوایەتیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوکاتە کوردەکان خۆیان بینییەوە کە بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەشکراون لەوانە (ئێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، سۆڤیەت)، هەرچەندە پەیمانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان پێدابوون، بەڵام دوای

جەنگی یەکەمی جیهانی کاتێک وڵاتە ئەوروپییەکان سنورەکانی ناوچەکە دیاری دەکەن مافی چارەی خۆنووسینیان پشتگوێ دەخرێ، لەوکاتەوە مەترسیی ئامانجی کوردان بۆ سەر وڵاتە داگیرکارەکان هەیە، کە لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئەمریکا ئاستی جۆراوجۆریان هەیە، لەوانە تورکیا دۆستی ئەمریکا، ئێراق مەیلی دوژمنکاریی هەیە، ئێرانیش هەردوو هەڵوێستی هەبووە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغیکی جیای مێژووی، بەڵام سوریا دەتوانین بڵێین خۆی بە بێ لایەن ڕاگرتووە، لەم میانەش هەندێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە وەکو ئوردن و ئیسرائیل بەهۆکاری جیوسیاسی، ناوە ناوە دەستیان خستۆتە پرسەکەوە ئەمەش بۆ لاوازکردنی وڵاتەکان، بەتایبەتی ئێراق بوو.

هۆکارەکانی دەستێوەردانی ئەمریکا لە پرسەکە هۆکاری ستراتیژی و ئایدیۆلۆژی بوون، بە نموونە لەژێر کاریگەری کەلتوری ولسۆنی ( وودرو ویلسۆن بیست و هەشتەمین سەرۆکی ئەمریکا بوو لە ١٩١٣ تا ١٩٢١ حوکمڕانیی ئەمریکای کردووە، خاوەنی پرۆژە و یاسای مافی چارەی خۆنووسین بوو بۆ گەلان ) دەبوایە پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد بکەین، بەڵام بەهۆی پابەندبوونی ڕەوشتیی ئەمریکا لەو ناوچە دواکەوتوو و شاخاوییە، ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبووەوە و نەدەکرا لە نێو ئەو هەموو دۆستە ئەو هاوکارییانە بگەیەنێتە دەست کوردەکان کە کار لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتە دۆستانە دەکا، ئەو خاڵە هاوبەشە ئاستەم بوو بدۆزرێتەوە کە هاوکاریی ئامانج و داخوازییەکانی گەلی کورد بکرێ و دەستبەرداری ئەو هیلالی ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نەوتی نەبین .

ئەوەی کارەکەی قورس کردبوو گەیاندنی هاوکارییەکانی ئەمریکا بوو بۆ ناوچە کوردییەکان، دەبوایە بەسەر ئەو وڵاتانەدا تێپەڕبکا کە دۆست و بەرژەوەندیی ئەمریکایان تیادایە، وڵاتە دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش لەسەردەمی جیرالد فۆرد، ئێران بوو، سەردەمی کلینتۆنیش تورکیا بووە، هەرچەندە ئەو وڵاتانە بەشداریان لە ئامانجەکانی ئەمریکادا نەکردووە بە ڕێگەگرتن لە ڕژێمی کۆمۆنیستی لە ناوچە کوردییەکان ، دواتر نە ئێران لە حەفتاکان و تورکیاش لە نەوەدەکان هیچ بەشداریەکیان لەوەدا نەبوو هەستی نەتەوایەتیی کوردەکان بووروژێنن و هاوکاریی کوردانی بەرانبەر بکەن ولەهەمان کاتیشدا هیچ یەکێکیشیان ئامادە نەبوون مافی دروستکردنی دەوڵەت بە

كوردەكانی لای خۆیان بدەن، بۆیە هەردووكیان بۆ ئەمریكا جێگەی بایەخی ستراتیژی بوون لە ناوچەكە.

ئیتر نەدەكرا خۆمان لەو ڕاستییە دووفاقیە ناكۆكە بدزینەوە، ئەوەتا لە دواجار بایەخ و دەسەڵاتەكانی ئەمریكا لە سەرهەوڵەكانی ناوچە كوردییەكانی ئێراق وەستایەوە، چونكە هەریەك لە ئێران و توركیا هاوكاری كوردەكانی ئێراقیان دەكرد بۆئەوەی سەرنجەكان بكەونە سەر كوردانی ئێراق لە كاتێكدا هیچكامیان ئامادە نەبوون هاوكاری كوردەكانی خۆیان بكەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی نەتەوایەتیی كوردی، بە هەمان هۆكار ئیدارەی نیكسۆن و فۆرد و بۆش و كلنتۆن ڕێگەیان بە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی نەدا لە ئێراق و وڵاتانی دراوسێی، هەموویان لەسەر ئەوە كۆك بوون كە ئیدارەیەكی خۆسەریان هەبێ بە پاراستنی یەكپارچەیی خاكی ئێراق، ئەمەش لە بەر مەترسی پارچەبوونی ئێراق و دەستبردنی وڵاتانی دراوسێ بۆ خاكی ئێراق و بڵاوبوونەوەی ئاژاوە لە ناوچەكە بووە، دوای ئەوەی ئێرانیش بە ڕابەرایەتی خومەینی دەبێتە دەوڵەتێكی ئیسلامیی ئسولی دژ بە ئەمریكا، ئەویش یەكپارچەیی خاكی ئێراقی لا مەبەست و گرنگ دەبێ .

ئیتر ئەوەبوو لەپێناو هەرسكردنی ئەو ئامانجانە دەبووایە كوردەكان نەهامەتی و كارەسات و بێئومێدی بچێژن . لە ئاداری ١٩٧٥ ئێران و ئێراق لەسەر بەرژەوەندیەكانیان ڕێك دەكەون و ئەو بەرژەوەندیانەش بەسەر خەونی دەوڵەتی كوردیدا زاڵ دەبێ، ئەم كارەساتە لە ١٩٩٦ جارێكی تریش دووبارە دەبێتەوە، كاتێك لایەنێكی كوردی لەگەڵ سەدام ڕێك دەكەوێ دژی لایەنێكی تری ڕكابەر و سەدام دەكێشێتە ناوچەكەیان و سنوری ئەو ناوچەی حوكمی ئۆتۆنۆمیانە كە لە ١٩٩١ ەوە لە ژێر سایەی ئەمریكا بەڕێوە دەچوو، بەرتەسك دەكاتەوە . بۆیە بە ڕای من فۆرد كارێكی ڕاستتری كرد لە كلینتۆن كاتێك پابەندییەكانی خۆی بەرانبەر بە كوردەكان بەرفراوان نەكرد، بەڵام ئەوانەی بە خەیاڵ بیر دەكەنەوە تائێستاش سەریان لەوە سوڕماوە كە ئەمریكا بۆ ئەوەندە بایەخ بەو ناوچە دوورانەی كوردان دەدا، سیستەم و دەستكەوتی ئۆتۆنۆمیی كوردەكان لە داهێنان و پشتگیری دەرەوەی نیكسون و فۆرددا نەبوو كە هەمووجارێك باسیان دەكرد، بەڵام ئەوان یەكەم كەس بوون پشتیوانییان لەو داواكارییەی كوردان

کرد، چونکە ئێمە هاوکاری کۆمەڵێکی نەتەوایەتییمان دەکرد دژی حکومەتێکی شەرعی و ئیسرائیل و ئێرانیش لەگەڵمان تێوەگلابوون، بۆیە دەبووایە هاوکارییەکانمان بە شێوەیەکی نهێنی بن، واتە لە نێوان هەردوو هێڵی خۆڵەمێش و دبلۆماسیدا .

مێژووی تێوەگلانمان لەگەڵ کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئایاری ١٩٧٢ کاتێک دوای کۆنگرەی لوتکەی نێوان نیکسۆن و بریجنێف لە مۆسکۆ بووە، پاشان نیکسۆن سەردانی شای ئێران دەکا، ئەمە دوای ئەوەی تەنیا هەفتەیەک بەسەر ئەو دانیشتن و کرانەوەیە تێپەڕنابێ، کە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سوڤیەت ڕودەدەن، نیکسۆن ئەوەندە مۆڵەت نادات تا لە خۆشی ئەو کرانەوەیە چێژ وەرگرن، ئەم هەنگاوەی دەبێتە ستراتیژیی لە پێناو ململانێی سیاسی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت .

یەکێک لەو ململانێیە لەسەر سەکۆی شای ئێران دەبێ، پرسە سەرەکییەکە بۆ ئاراستەی سیاسیی دواڕۆژ بوو بەرانبەر بەو دەوڵەتانەی لە پلەی دووەم دێن دوای سعودیە لە ڕووی یەدەگی نەوت و بوونی ئامرازی گونجاو بۆ هەڕەشەی پارسەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتیش کەنداوی عەرەبی .

لە ١٩٦٨ حزبی بەعس حوکمی ئێراق دەگرێتە دەست کە بۆ بەرنامەی لۆکالی، سیستەمی ئیشتراکی ڕادیکالیی پیادە دەکرد و دژایەتییەکی بە زیادەوەی ڕۆژهەڵاتی ڕاگەیاند، بۆیە ئاسایی بوو ئێراقێک بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن ڕوو لە یەکێتی سۆڤیەت بکا لە کاتێکدا زیاتر لە ١٥٠٠٠ پانزە هەزار سەربازو پسپۆری سۆڤیەتی لە میسر بوونیان هەبوو، ئەمە مەترسییەکی مەزن بوو کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتەکانی یەکێتی سۆڤیەت، هەر ئەگەرلە حاڵەتی کرانەوەشدابن، بۆیە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سۆڤیەت بووە ئامانجی ستراتیژی ئێمە، لە ڕاستیشدا ئێمە وەکو دوورکەوتنەوە لە مەترسیەکانی ئەو ستراتیژییە کرانەوەکەمان دەبینی.




ئەو دەوڵەتانەی زیاتر هەڕەشەکانی ئێراقیان لەسەر بێ و ترسیان لە ئێراق هەبوو ئوردن و ئێران بوون، کە هەردووکیان سنورێکی درێژیان لەگەڵ ئێراقدا هەیە،

ئیسرائیلیش هەمیشە لەو دەوڵەتانە هەشیار و هەستیارە کە ڕژێمێکی عەرەبیی ڕادیکالیان هەیە، یەکێتی سۆڤیەتیش بە چەک و تفاق هاوکاریان دەکا، ئەم سێ دەوڵەتانە دۆستی ئەمریکان و بە نهێنی هاوکاری کوردەکان دەکەن، بۆئەوەی تواناکانی ئێراقی بەعس لە خۆیان و سنورەکانیان دوورخەنەوە، ئەو سێ دەوڵەتە هەوڵی زۆریان دا کە دان بە مافی کوردەکان بنێ لە ناوچە شاخاوییەکانی خۆیان کە مافی ئۆتۆنۆمی بوو، ئەمەش وەکو کارتێکی فشار بەکاریان دەهێنا. هەرچەندە ئێمە ڕاستەوخۆ لەو هاوکاریە نهێنییانە بەشداریمان نەدەکرد بەڵام نمایندە هەواڵگرییەکانمان لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە وڵاتانی دۆست هاوکار بوون و هەواڵەکانیان بە وردی پێرادەگەیاندین، دیارە هەمووشیان هاوکاری ئابووری و سەربازیان لە ئەمریکا وەردەگرت .

وەکو سەرگوزەشتەیەکی خێرا کە کورد و ئێراقییەکان چارەیەکیان بۆ کێشەکەیان دۆزیبێتەوە لە ١١ی ئادار ١٩٧٠ لەسەر شێوازێک ڕێککەوتن کە بەو پێیە حکومەتی ئێراق دان بە مافی کوردەکان دەنێ لە حوکمی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان، بەمەش دەبێتە داننانی حکومەتی ئێراق بە دەوڵەتی فرە نەتەوە کە ئێراق پێکدێت لە دوو نەتەوەی سەرەکیی کورد و عەرەب، بەهۆیەوە ڕێککەوتنێک لەگەڵ فەرماندەی کورد مەلا مستەفا بارزانی مۆر دەکا، ئامادەکارییەکان دەستیان پێکرد بۆئەوەی جێگرێک بۆ سەرۆکی کۆمار لە نەتەوەی کورد دابمەزرێنن و زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی لە دامودەزگا فەرمیەکاندا بەکاربێت .

بەڵام هەر زوو لە چەند مانگی داهاتویدا کێشەی لەیەک تێنەگەیشتن لەسەر دەستەواژەی ئۆتۆنۆمی لە نێوان هەردوو لایەن دروست دەبێ، بە لێکدانەوەو تێگەیشتنی مەلا مستەفای بارزانی ئۆتۆنۆمی مانای نزیکبوونەوە لە سەربەخۆیی، بەڵام بە تێگەیشتنی سەدام حوسێن واتە جێبەجێکردنێکی تەکتیکی بەمانای دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەرکەزی بوو .

لە پایزی ١٩٧١ ناکۆکییەکانی نێوانی بەغدا و کوردەکان بە خاڵی ڕوخان دەگا، کوردەکان سەدام حوسێنیان بە هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی تاوانبار کرد هەروەها بە بەشداربوونی حزبی شیوعی لە حکومەتی بەغدا گومانەکان لای کوردان زیاتر دەبن کە سەدام مەبەستیەتی حکومەتێکی مەرکەزی دابمەزرێنێ، بەمەش واتە

پەراوێزکردنی کوردەکانە، بۆیە بە هاوکاری و پشتگیری ئێران و ئیسرائیل لە تشرینی دووەمی ١٩٧١ و ئاداری ١٩٧٢ دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکەنەوە، شا داوا لە نیکسۆن دەکا تا هاوکاری کوردەکان بکا، لە ٢٨ ی ئاداریش پادشای ئوردن داوایەکی بارزانی دەگەیەنێتە نیکسۆن تا هاوکاریی بکا، لەم میانەشدا بەبەردەوام ئیسرائیل مەترسییەکانی خۆی لە حکومەتی ئێراق  پێڕادەگەیاندین تا لە وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی هاوکاریی کوردەکان بکەیت، هەرچەندە بۆ ئەم مەبەستە ڕاستەوخۆ داوای هاوکاریی لێ نەدەکردین .

بۆئەوەی ڕێگە نەدەین چیتر چەک و هاوکارییەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەو ناوچەیە بچێت و پانتایی دەسەڵاتەکانیان بەرفراوان نەبن، ئێمە ڕەزامەندیمان لەسەر هاوکاریی ڕاستەوخۆ نەدەدا، باڵوێزی ئەمریکا لە تاران جوزیف فراند ئێمەی لەوە ئاگادار کردەوە ئەگەر هاوکارییە نهێنییەکان مەودا کراوە بن، چونکە ئەگەر ڕۆژێک ئەو هاوکارییانە بەهەر ئەگەرێک ببردرێن لێکدانەوەی هەڵە و جیای بۆ دەکرێ، سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت (ئەلیکسی کۆسیگن) بۆ بەغدا لە نیسانی ١٩٧٢ وای کرد بە سیاسەتی خۆماندا بچینەوە کە سیاسەتی دەست نەخستنە ناو، کاروباری وڵاتان بوو، ئەوەبوو لەو ڕۆژەوە لە نیسانی ١٩٧٢ پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان بەغداو مۆسکۆ مۆرکرا، لە نێویدا هاوکاریی سەربازیشی تیادابوو .

ئێمە دەمانەوێ پێگە و دەسەڵاتەکانی سۆڤیەت لە هەرکوێیەک هەبێ کپ و سنورداری بکەین، دەمانەوێ لە نێو مەکتەبی سیاسییان بۆچوونێک بخوڵقێنین کە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتووە.

بۆیە کاتێک شا بە نیکسۆن دەڵێ یەکێتی سۆڤیەت مەبەستیەتی هاوپەیمانێتییەک لە ناوچەکە دروست بکا، تیایدا کورد و بەعسی و شیوعییەکان کۆکاتەوە، لە دواجاریش کێشەی کورد بۆ شیوعییەکان لە جیاتی ئەوەی ببێتە دڕکێک لە تێنەگەیاندنا دەبێتە سەرچاوەی هێز، بۆیە نیکسۆن باش گوێی بۆ ڕادەگرێ، لە ئەنجامی ئەو دیالۆگەی شا، نیکسۆن دوو بڕیار دەردەکا . لە پێناو پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستەی لە نێوان کۆسیگن و سەدام ئەنجام درا بە پێدانی چەکی قورس بە ئێراق، نیکسۆن ڕەزامەندی لەسەر ئەو ژمارە فڕۆکەی ئاست بەرزە دەدا کە بڕیار بوو بیدەن بە ئێران و ماوەیەک

بـوو ناکۆکییەکـانی بیروکراتیەتـی پنتـاگۆن ڕایگرتبـوو، بریتـی بـوون لە فـڕۆکەی (ف١٥ ئاسمانی) (ف١٤ دەریایی) مافی هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو جۆرەشی بە شای ئێران دا (هەر ئەوەش بـوو ئەسـلی ئەو پڕۆپاگەنـدەی کە دەگـوترا گـوایە نیکسـۆن بە پنتـاگۆنی گوتووە شا چی دەوێ بیدەنێ، لەڕاستیدا بـژاردەکە لە نێـوان ئەو دوو جـۆرەی فـڕۆکەی (ف) بوو).

ئەوکـات نیکسـۆن گەیشـتە ئەو بـڕوایە کە ڕاپەڕینـی کوردەکـان بەبـێ پشـتیوانی ئەمریکـا سـەرناگرێ، دواتـر بەشـداریی ئەمریکـا بە ئاشـکرا پێویسـتە گیـانی تەبـایی هاوپەیمانان بپارێزرێ وەکو ئێـران و ئـوردن ئەگەر هەرچەنـدی بـێ ئومێـدیش بـن، بەڵام ئەمە لە پێناو پاراستنی پارسەنگی هێزە لە ناوچەکە .

ئامانجمـان ئەوەبـوو بـاجی ئەو ڕژێـمەی ئێـراق لە ئێراقییەکـان بسـەنین و توانـای کوردەکانیش بۆ سازش زیاتر بکەیـن، دواجـار هـانی ئێـراق بـدەین تـا ڕێـز لە مەترسـیی دراوسێکان و مافی کوردەکان بگرێ، وا مەزنـدە دەکـرا کێشـەی ئەمریکـا ئەوەیە بەدوای کلیلدا وێڵە، چونکە بە بینینی ئەو لەم میـانە بەرژەوەنـدیی بەشـدار بـووان بەگـژ یەکدا دێـــنەوە چـــونکە هـــەموولایەک لەگەڵ ئەویتـــر لە کێبرکێـــدایە لە پێنـــاو پاراســـتنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا وەکو لە داهاتوو دەبینـین ئەو مەترسـی و گەشـبینیانە وا دەرنەچوون.

## ناکۆکیە ناوەخۆییەکان

لەوکـاتەی لیـژنەی چـرش و بایـک ڕادەسـپێردرێن بـۆ لێکـۆڵینەوە لە چـالاکییە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا، ئەو بابەتە لە سـەر لاپەڕەی ڕۆژنـامە و شاشـەی تەلەڤزیـۆن و ڕادیۆکان ئامادە دەبێ، لەوکاتەوە وێنەی هەواڵگرییەکانی ئەمریکا ناشـرین کـراوە، وەکـو دەزگایەکی داپلۆسێنەر و شەڕانگیز، بە شێوازی شەڕی سارد نیشاندراوە، گـوایە لە ژێـر دەسەڵات و کاریگەری سیاسـەتدا نییـە و بەدوای بەرژەوەنـدیەکانی ئەمریکـاوە وێـڵە، لە پێناویدا ئامادەیە هەموو شێواز و ئامرازەکان بەکار بێنێ، ئەگەر نمایندەیەکی هەواڵگریی ئەمریکـــی لەم شـــێوەیە لە ســـەردەمی فـــۆرد و نیکســـۆن شـــاراوەیە، ئۆپەراســـیۆنە

نهێنییەکانی ئەو سەردەم لە چیلی و کوردەکان و ئەنگۆلا هەموویان بە فەرمانی کۆشکی سپی و بەنهێنی ئەنجام دراون، ئەمەش چونکە هیچ ناونیشانێکی دبلۆماسیان نەبووە بۆەیە، ڕاپەرینی کوردەکان لە وڵاتێکی خاوەن سەروەر ئەنجام درا کە دۆست و هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، هاوکاریان لەو وڵاتانە وەردەگرت کە دۆستی ئەمریکا بوون، ئەمە لەلایەک لە لایەکی دیکە هاوکاری دارایی ئەمەش ڕاستەوخۆ پێیان دەدرا، لەم میانە ئێمە ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی توند و تیژییەکان بووینەوە، لە بەرانبەریشدا مەترسیەکان پڕچەکبوونی سەدامیشمان لەبەردەمدا بوو، کە ناوچە کوردییەکانی ئێراق بکاتە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و تێکدان بۆ دەرودراوسێکانی، بە بەسەرچوونی کات ناوچە کوردییەکان بوونە ناوچەیەکی هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ، وەکو ئێران و تورکیا و هەروەها کەنداویش. کاتێکیش بە ڕابردوودا دێینەوە بۆمان دەردەکەوێت پاساوی پشتگیریەکانمان بۆ ڕاپەرینی کوردەکان زیاتر جێی متمانە و بڕوابوون و ڕاست دەرچوونە، دەبووایە وردتر هاوپەیمانییە بێ ئومێدیەکەی دژی ئێراق شی کەینەوە، بە ڕەچاوکردنی لێکەوتەکانی، ئەگەر یەکێک لە هاوبەشەکانمان لە بەلەمەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە، دەبووایە باشتر لەوە بگەین کە کوردەکان هاوبەشمانن، دەکرێ لە کتوپڕ ڕای خۆیان بگۆڕن و ڕوو لە ئێمە وەرگێڕن، وێڕای لێدوانی سەرکردەکانیان، بەڵام مەحاڵ بوو بکرێنە هاوبەشێکی ستراتیژی لە کارە گشتگیرییەکانمان، دیارە ئامانجی ئەوان لانیکەم سەربەخۆیی یا مافی ئۆتۆنۆمی بوو، ئەم ئامانجەش لای ئەوان بە ڕوونی بۆ هێزە دەرەکییەکان ڕادەگەیەنن کە ئەولەویەت لای ئەوان مافەکانیانە .

باشتر و خۆشتریش هەمیشە وایە گوێ لە قارەمانان بگرین نەک مامەلەیان لەگەڵدا بکەین، چونکە ئەوان بەهەمان ئاست و ورە و دڵسۆزی کەهەیانە مامەلە دەکەن، بۆیە کارێکی قورس و ئەستەمە لە داواکارییەکانیان بێنە خوارەوە، ئەوان لە مامەلەکردندا نیانی نانوێنن، سودی زانینی ڕووداوەکان تەنیا ئەوەیە دەمانخاتە نێو گێژاوی خەم و دڵتەنگی، هیچ ناکرێ لەدوای ڕوودان، بەتایبەت دوای بەسەرچوونی چارەگە سەدەیەک لە ڕوودانەکە، پابەندبوونمان بە کارکردن دەبێ هەمان ئازار بچێژین ئەگەر سۆڤیەتیش بە هەمان ئاست ناوچەکەی پڕکرد لە چەک و تفاق، لە حاڵەتی بژاردەدا لە نێوان مەترسیی مسۆگەر و مەترسیی گریمانەیی، مەترسییە دوورەکان نامێنن. لە ڕاستیشدا لە

١٩٧٢ هەر ئەوە بوو بڕیارمان، لە یەکی ئابی ١٩٧٢ نیکسۆن بڕیاری دا دەست بە بەرنامە نهێنییەکە بکرێ کە بریتی بوو لە تەرخانکردنی گوژمەی ٢٥٠$ هەزار دۆلار مانگانە لە بودجەی ساڵی ١٩٧٣ بۆ کوردەکان، لەگەڵ ملیۆنێک دۆلار بۆ ئازوقە و تفاق کە ئەمەش دەکاتە نزیکەی ٥ پێنج ملیۆن دۆلار ساڵانە، لەولاشەوە شای ئێران هاوکاریی زیاتری پێشکەشکردن کە کۆی هاوکارییەکانی ئێران و ئیسرائیل و بەریتانیا دەگەیشتە یەک ملیۆن دۆلار مانگانە، هەرچەندە بۆ شەڕی سارد ئەمە پارەیەکی کەمیشە لەوکاتەی ئێمە لە نێو گفتوگۆدابووین لەسەر بەشداریی ئەمەریکا لەم پڕۆسەیە، لە تەموزی ١٩٧٢ میسر سەرجەم سەرباز و پسپۆرەکانی سۆڤیەتی لە خاکی خۆی وەدەرنا ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بۆ ستراتیژیەتی سۆڤیەت ئێراق پڕ بایەختر بێ پاش ئەوەی پێگەی لە میسر لەدەست دا، بۆیە ئاسایی بوو سۆڤیەت زیاتر پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراق بدا، هەر لەم سۆنگەیەوە ( میخائیل سۆسلوف)ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی سۆڤیەت داوا لە بارزانی دەکا بەشداری لەو حکومەتە نیشتمانییە بکا کە سەدام ڕایدەگەیەنێ، بە بەشداری حزبی شیوعیی ئێراقی، ئەوەتا گرەوەکان دێنە پێش هاوپەیمانەکانمان شای ئێران و پادشای ئوردن لە ٣١ ی تەموز تا ٢ی ئاب ١٩٧٢ لە سەردریای قەزوین کۆدەبنەوە، ئەوان پێشوازیان لەو بڕیارەی ئەمریکا کرد بە هاوکاریکردنی کوردەکان بەتایبەت بۆ کاری هاوبەش و دەستەجەمعی لەم شێوەیە، ئاگاداری بارزانیش کرایەوە کە دەست بۆ هیچ کارێکی دراماتیکی نەبا بەنموونە، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی کە بەدووری نازانن لە ئەنجامی ئەمە حکومەتی ئێراق هێرشەکان بۆسەر ناوچە کوردییەکان چڕتر بکات و بەهۆیەوە ناوچە کوردییەکان ببنە سەرچاوەی کێشە و ئاژاوە بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر، بۆیە لە چوارچێوەی بەهێزکردنی کوردەکان بۆ بەرگریکردن نەک هێرشبردن کار کرا، بەدرێژایی ساڵی ١٩٧٣ ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەکان بەرز دەبنەوە، بەبەردەوامیش داواکاری بارزانی بۆ زیاتر هاوکاریکردن دەگەنە واشنتۆن، لە ٢٩ی ئاداری ١٩٧٣ داوایەک لە (CIA) دەکات لەلایەن (جیم شلیسنجەر) ئیمزای لەسەر کرابوو کە تازە ئەو پۆستەی گرتبووە دەست تیایدا داوای هاوکاریی زیاتریان کردبوو، نیکسۆن ڕەزامەندیی لەسەر هاوکاریی زیاتر دا بۆ کوردەکان، یاداشتەکەی منیش کە تیایدا ئاماژەم بەوە دابوو ئێراق بۆتە

کرێگرتەیەکی سەرەکیی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، حکومەتی سەدامیش هاوکاری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکات لەو پەڕی دونیاش کە دەگاتە پاکستان و هەر خۆی نوێنەرایەتی ئەو بەرەیە دەکات کە دژی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیلە، لەبەر ئەم هۆکارانە داوا دەکەم هاوکارییەکانمان زیاتر بکەین کە بگەنە ٥ ملیۆن دۆلار ساڵانە، دواتر شای ئێران گوژمەیەکی زۆر زیاتری خستە سەر ئەو بودجەیە کە دەگەیشتە ٣٠ سی ملیۆن دۆلار، ئەمە سەرەڕای هاوکاریی لۆجستیک و هاونی دوور هاوێژ ( ئەو هاونانە بۆ پاراستنی کوردەکان لە نێو خاکی ئێران بەکاردەهاتن ) لەگەڵ ئەوەشدا نیکسۆن کوردەکانی لەوە ئاگادارکردەوە کە لە بازنەی بەرگریدا بجولێنەوە و نەچنە بازنەی هێرشبردن، پێمان باش بوو ئەوە بە بارزانی ڕابگەیەنین کە نامانەوێ ئاستی کردەوەکان تا ماوەیەکی دوور لەمە توندتر بن و هاوکارییەکانیشمان مانگانە بەمشێوەیە بەردەوام دەبن، هەرچۆنێکی بێ ئەمە لەگەڵ شای ئێرانیش لەسەر ئەوە هاوڕابووین کە کوردەکان دەبێ لە ئاستی بەرگریکردندا بن نەک هێرشبردن . ئەمەش لای کوردەکان بکەینە بڕوایەک کە لە ماوەیەکی زۆر و لە داهاتوێکی دووریش ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین ئاستی توندوتیژیەکان بەرز ببنەوە و هاوکارییەکانیشمان مانگانە بەدەستیان دەگا .

وا پێدەچوو هاوکارییە نهێنییەکانمان لە یەکەم ساڵیدا کاریگەریان بەدەر دەکەون، ئەوەبوو لە ٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٢ ڕاپۆرتێکی ریچارد هیلمزی بەڕێوەبەری هەواڵگری ئەمریکام گەیاندە دەست سەرۆک نیکسۆن ( کە دواتر دەبێتە باڵوێزی ئەمریکا لە ئێران) پێمان ڕادەگەیەنێ کە کوردەکان دوو لەسەر سێی سوپای بەعس پێکدەهێنن، ئەوانەی بۆ ئەرکە تایبەتییەکان بەکار دێنێ، دیارە بایەکە بە هەوەست و خواستی بەعس هەڵناکا، بارزانی دەست بەسەر دوو لەسەر سێی سوپا دا بگرێ و سوپای ئێراقی پێ لەکار بخا، کار لە ناو قەڵایەکی پارێزراویش دابێ دەکرێ ئێران لە ڕێگەیەوە کاری تیرۆر و لەناوبردن لە ئێراق ئەنجام بدا .

کاتێکیش لە ١٩٧٣ شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەگیرسێ ئێمە ڕووبەڕووی هەندێ کێشەی تر دەبینەوە، ئایا دەبێ سود لە کوردەکان وەرگرین تا ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە کە سوپای ئێراق بە شەڕی ئیسرائیلەوە خەریکە ئێمەش دەست بەسەر هەندێک لەو خاکانەدا بگرین کە لە ژێر دەستی ئێراقدایە تا لە ڕێگەیەوە ڕژێمی سەدام

بروخێنین؟ ئەمجۆرە پێشنیارە کە لەلایەن هەندێک لە ئەفسەرانی هاوسنوور ڕەتکرایەوە بۆ ساڵانی داهاتوو بووە مایەی مشتومڕێکی زۆر.

ڕەخنەکان نموونەی پالەوانێتییەکی لاساییکەرەوە بوون، بەڵام بە ڕەنگدانەوەیەکی کۆنەپەرستانە. چونکە کاتێک جەنگی عەرەبی- ئیسرائیلی هەڵگیرسا تەمەنی بەرنامەکەمان لەگەڵ کوردان ساڵێکی تێپەڕ نەکردبوو، کوردەکان ژمارەیەکی زۆرکەم لە چەکی قورسیان هەبوو، هاونی ئێرانییەکانیش کە پشتگیریی دەکردن ئەو سەرەڕۆییەی نەدەکرد لە سنورەکان دوور کەوێتەوە، کوردەکان لە توانایاندا بوو بەرگری لە چیاکانیان بکەن چونکە تانک و فڕۆکەکانی ئێراقی نەیاندەتوانی لەم شوێنە سەختانە زەفەریان پێ ببەن، هێزە چەکدارەکان بە چەکی سوک لە توانایاندا نەبوو ڕووبەڕووی سوپای ئێراقی ببنەوە بەو تانک و چەکە قورسانەی سۆڤیەت کە پێی پڕچەک کردبوو، بۆیە هەر هێرشێکی کوردان لەودیو چیاکانەوە بۆسەر بنکە سەربازییەکانی ئێراقی دەبووە مایەی لەناوبردنی هێزەکەیان و لەناو دەچوون، ئەمە دۆخی ئەوکات بوو .

ئەمە چونکە ئێراقیەکان بە پێچەوانەی مەزندەی ئەوکات هێزێکی ئەوتۆیان نەنارد بۆ هاوکاری عەرەبەکان لە شەڕی تشرین، کوردەکان هەروەکو هیلمنز بەر لە ساڵێک پێی ڕاگەیاندبووین بەردەوام بوون لە لەکارخستنی دوو لەسەر سێی سوپای ئێراق، نەناردنی هێزی ئێراقی بۆ هاوکاری عەرەبەکان ڕووداوێکی پێشبینی نەکراو نەبوو، چونکە پەیوەندییەکانی ئێراق و سوریا لەوپەڕی خەراپیدا بوون دەبووایە سوپای ئێراقیش بەنێو خاکی سوریادا تێپەڕ بکا، بۆیە کارێکی ئاسان نەبوو، ئەوەبوو ئێراق بە یەک لیوا بەشداری کرد، بەڵام بەهۆی سستی بەڕێوەچوونی، سوپای ئێراقی درەنگ دەگاتە شوێنی مەبەست، تا دەگاتە شوێنەکە شەڕ کۆتایی دێ، کاتێکیش دوای دە ڕۆژ دەگاتە بەرەی دواوەی سەنگەرەکان بە هەڵە لەگەڵ هێزەکانی سعودی بەگژ یەکدا دەچن، سوپای ئێراقی بریندارێکی دەبێ.

بیرۆکەی لێدانی سوپای ئێراقی لەلایەن پێشمەرگە کوردەکان درەنگ گەڵاڵە بوو، ئەوکاتەبوو کە ئاڕاستەی شەڕەکە وەردەچەرخێ و ئاڕاستەیەکی جیا دەگرێتەبەر، لە ٥ی ئۆکتۆبەر واتە لە نۆیەم ڕۆژی شەڕەکە و لەو ڕۆژەی ئیسرائیل بەرپەرچی هرشێکی توندی میسری دەداتەوە، لە سینا نامەیەکی بارزانیمان پێدەگا، ئامۆژگاری ئەفسەرێکی

ئیسرائیلی باس دەکا بە دەست پێکردنی هێرش بۆ سەر سوپای ئێراق، ئەمە لە شێوەی هەمان نامە و پێشنیاری ئەفسەرە ئیسرائیلیەکانی دیکە بوو کە نیازیان بووە بەم هێرشانە ڕوی خۆیان سپی کەن و پێگەو پۆستەکانیان مسۆگەرتر بکەن، بەڵام لە تەلئەبیبەوە هیچ پێشنیارێکی لەم شێوەمان بۆنەهات، نامەکە وەکو هەمووجارێک لە ڕێگەی هەواڵگرییەوە بەدەستمان گەیشت و بەڕێوەبەرە نوێکەی (ولیام کولبی) دژی فراوانکردنی کەناڵەکانی شەڕبوو کاتێکیش ڕاوێژمان بە شا کرد کە هاوکارییەکان لە ڕێگەی ئەوەوە بە کوردەکان دەگەیشتن، ئەویش پشتگیری بۆچوونی کۆلبیی کرد. بیانوی شا ئەوەبوو، کوردەکان بەمشێوەیە پرچەک نەکراون تا بتوانن ئەمجۆرە چالاکییان ئەنجام بدەن، بەتایبەت لە خاکە کراوەکان، پوختەکەی پێشنیارەکەی ئەفسەرە ئیسرائیلیەکە مانای ئەوەیە کارتی کوردی لەدەست بدەین .

من بێ سێ و دوو ڕەزامەندیم لەسەر بۆچونەکان دا، چونکە بێویژدانییەکی مەزن بوو کوردەکان لە تاکتیکێکی ئاوەهای ئیسرائیلیەکان وەردەین و خەسارەتمەندیان بکەین و دواجار کوردەکان کە هەر خۆیان لای عەرەبەکان تاوانبارن بۆ جارێکی تریش ڕووبەڕووی تورەیی عەرەبەکانیان بکەینەوە، بە ڕەزامەندی نیکسۆن لە ٦ی ئۆکتۆبەر واتە ڕۆژی دواتر ئەم نامەیەم بۆ بارزانی نارد:

(ئێمە بە باشی نازانین، دووبارەی دەکەمەوە بەباشی نازانین لەسەر پێشنیارەکەی ئەفسەرە ئسرائیلیەکە هێرش بکەیتە سەر سوپای ئێراق ) جگە لەم بڕیارە هەر بڕیارێکی تر بووایە کوردەکان تیا دەچوون و هاوکاریی ئیسرائیلیشیان بەدەست نەدەگەیشت، ئەو ڕۆژەی ئارییێل شارۆن لە تەنگاوی سوێس دەپەڕێتەوە ئەو ڕۆژە نامەکەم دەگاتە دەست بارزانی، دوای شەش ڕۆژیش ئیسرائیل و عەرەب ڕێک دەکەون و شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوەستێ .

## کۆتایی ئۆتۆنۆمیی کوردی

دوای شەڕەکانی ئۆکتۆبەر ئەنوەر سادات ڕوو لە ئەمریکا دەکا، لە هەمان کاتدا یەکێتی سۆڤیەت زیاتر بایەخ بە ئێراق دەدا، بۆ یەکەمین جار سۆڤیەت هاونی قورس بە سەدام حوسێن دەدا، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی شۆرش دژی کوردەکان

ڕابگەیەندرێ، چونکە تا ساڵی ١٩٧٣ سوپای ئێراق تەنیا لە هاویندا هێرشی دەکردە سەر بنکە کوردییەکان لە چیاکان، پایز و زستانان دادەبەزییە بناری چیا و پێدەشتاییەکان، بەڵام لە زستانی ١٩٧٣-١٩٧٤ سوپای هێرشبەری ئێراق ناکشێتەوە و لەو شوێنانە دەمێنێتەوە کە هاوینەکەی دەستی بەسەردا گرتبوو و خۆی لێ قایم کرد. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە هاوینی داهاتوو سوپای ئێراق هێرش بۆ شوێنە سەختەکانی تریش دەبا کە پێشتر دەستی پێیان نەدەگەیشت، شتێکی دیار بوو ئێراقییەکان شەڕی خوێن لەبەربردنیان لەگەڵ کوردەکان دەست پێ کردبوو، بەهۆی ئەوەی هاونەکانی سۆڤیەتی دەگەیشتنە هەموو ناوچە کوردییەکان و سەنگەر و بنکەکانیان دەپێکان، بۆیە دڵەڕاوکێی زۆرمان لا دروست بوو .

لە یانزەی ئاداری ١٩٧٤ کە چوار ساڵ بەسەر ڕێککەوتنەکەی ١٩٧٠ تێدەپەڕێ، دەبووایە لەم ڕۆژەدا خاڵەکان جێبەجێ بکرێن کەچی حکومەتی ئێراق کەوتە جێبەجێکردنی پلانێکی نوێ بۆ ناوچە کوردییەکان، بۆئەوەی زیاتر چنگ لە ناوچە کوردییەکان قایم بکا، ئاسایی بوو بارزانی بەو بەرنامە نوێیە ڕازی نەبێ، بۆیە بەغدا هۆشداری دەداتە کوردەکان، ئەوەبوو دووبارە بەیەکدا هەڵدەپژێن و دەبێتەوە شەڕ، لە واشنتۆنیش گۆتەگۆت لەسەر ئەم پرسە هاتە سەرمێز .

- شا هۆشداریی دا، بە لە ناوچوونی کوردەکان هاوکێشە ناوخۆییەکانی ئێراق تێکدەچن و پێگەی ڕادیکالیستە سۆڤیەتییەکان لە ناوچەکە زیاد دەکا و مەترسییەکانی سەر کەنداو و ئێران دوبەرانبەر دەبنەوە .

- ئیسرائیل هەوڵی زۆریدا هاوکاری کورد بکا تا ئەم پرسە سەربگرێ، لەکاتی سەردانی و دیدەنییەکانمان لەگەڵ کاربەدەستانی ئیسرائیل بەتایبەت کاتی لەیەک جیاکردنەوەی هێزەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەب لە جۆلان لە ئایاری ١٩٧٤ گۆلدامائیر بەردەوام ئەم پرسەی دەخستە سەرمێز و داوای دەکرد.

- بارزانی لەوپەڕی ئامادەباشی دابوو ئەم هەڵە بقۆزێتەوە، بەتایبەت کاتێک دانوستانەکانی لەگەڵ بەغدا ناگەنە هیچ ئەنجامێک، ئەو دەیەویست لەم ڕێگایەوە بەمەبەستەکانی خۆی بگات، کە بە ڕوخسار ئۆتۆنۆمی بوو لە ناوەڕۆکیشدا سەربەخۆ و دامەزراندنی دەوڵەت بوو. لە ٦ی ئاداری ١٩٧٤ بارزانی دوو بژاردەی خستە بەردەممان:

یا ١٨٠ ملیۆن دۆلارمان بدەنێ بۆ سەربەخۆیی تەواو یا ٣٦٠ ملیۆن بۆ بنیاتنانی ژێرخانی سەربەخۆیی .

بارزانی لەم پرسە پشتی بە فاکتەرێک بەستبوو کە بەبێ ئەمە هیچ کاتێک خەبات لە پێناو سەربەخۆیی مەحاڵ بێ، ئەویش بڕوابوون بوو بە دۆزەکە، ئەو لایەنی هاوکێشە سیاسیەکانی پشت گوێ خستبوو کە هەمیشە کارەکتەری گۆڕانکارییەکانە، هەرچەندە بڕوابوون بە دۆزەکە و سۆز و دڵسۆزی هەندێک جار جێی فاکتەرەکانی تر دەگرێتەوە، بەڵام هەموو جارێک نا، نموونەی ئۆتۆنۆمییەکەی بارزانی نە شا نە تورکیا لێی ڕازی نەبوون، ئەمریکاش لەو سۆنگەیەدا نەبوو بتوانێ هاوکاریی مەیدانیی تەواو پێشکەش بکا، چونکە تەنانەت ئەو ڕێژە کەمەی دیاریش کرابوو کە لە بودجەی کارە نهێنییەکان بوو لە ڕێژەی خۆی دەرچوبوو، بەڵام ئەوە کۆنگرێسە لە بودجەی ساڵی ١٩٧٤ی وڵاتانی هیند و چین دەبڕی و دەیخستە سەر ئەو هاوکارییانە، لەکاتێکدا گەرمەی کێشەی واتەرگێت بوو ئەوکات، کارێکی ئاسایی بوو کۆنگرێس ڕەزامەندی نەدا کە بە ئاشکرا هاوکاری شەڕێکی پارتیزانی بکا، لە چیاکانی ئێراق و نزیک لە سنوری یەکێتی سۆڤیەت، دواتر ئاسان نییە بڕوا بە شا بکرێ ئەم کارە ئەنجام بدرێ، لەکاتێکدا وڵاتەکەی سنورێکی دوور و درێژی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە و ئەمیش دەست بخاتە ناو وڵاتێکی هاوپەیمانی ئەو.

کۆلبی لەسەر داواکەی بارزانی بەردەوام تێی هەڵدەقورتاند و ئاگاداری دەکردینەوە کە نەکەن هاوکارییەکانی ئەمریکا زیاد بکەن، سوربوونی بارزانی لەسەر داواکەی و پێداگری کۆلبیش لەسەر ڕێگەنەدا لەهەمان ئاستی نا واقعی دابوون، دواجار سەرجەم چاودێرەکانمان ڕایان وابوو لەسەر ڕۆشنایی دۆخە تازەکەی ئێراق ئەو کەمە هاوکارییەی بە کوردەکان دەدەین بەشی کەمترین بەرگری ناکا، منیش وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتیی ئەمریکا فشارم خستە سەریان تا هاوکارییەکان زیاد بکەن، داوام لە دیک هیلمزو برنت سکوکروفیت کرد لەم ڕووەوە پێشنیارەکانیان بە ڕاپۆرت پێشکەش بکەن .

لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٤ هیلمو و برنت سکوکروفت ڕاپۆرتیان بەرز کردەوە تیایدا هاتبوو هاوکارییەکان دوو بەرانبەر بکەن واتە هاوکارییە نهێنییەکان لە پێنج

ملیۆنەوە بکرێ بە هەشت ملیۆن و هاوکارییە ئاشکراکانیش بۆ ئاوارەکان ملیۆنێکی دیکە زیاد بکرێ، شا ڕەزامەندیی لەسەر هاوکارییەکانی خۆی دا لە ٣٠ ملیۆنەوە بکا بە ٧٥ ملیۆن ساڵانە، بەڵام هەریەک لە ئیسرائیل و بەریتانیا لەسەر هەمان ڕێژەی هاوکارییەکانیان مانەوە .

لە پێناو یەکخستنی ڕێگە و شێوازی پێدانی هاوکارییەکان نەک ستراتیژیەت، هیلمز بەم ڕێنماییانە ئاگاداری شا و بارزانیی کردەوە:

(بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەمشێوەیە دەبینین:

١/ هاوکاری کوردەکان بکرێ بە شێوەیەکی گونجاو تا حکومەتی ئێراق ناچار دەکرێ دان بە مافەکانیاندا بنێ.

ب/ حکومەتی ئێراق با خەریکی پرسی کورد بێ و پێیەوە سەرقاڵ بێ.

ج/ بەڵام بە یەکپارچەیی خاکی ئێراق چونکە دروستبوونی ناوچەیەکی سەربەخۆی کوردی لە ڕووی ئابوورییەوە ڕێکناکەوێ، هەروەها لەبەرژەوەندیی ئێمە و ئێرانیشدا نییە، لەژێر سایەی حوکمڕانییەکی مامناوەندی لە ئێراق پەیوەندییەکانمان داخەین.

## هەمان ڕێنمامان بە کۆلبی دا

داوا لە هەموو لایەنێک کرا ڕەزامەندی لەسەر ئامانجەکان بدەن، بەڵام بە درێژایی ساڵی ١٩٧٤ لایەنەکان لێکدانەوەی جیایان بۆ ئەم هەنگاوە کرد. بەنموونە هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکی کە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی پێ سپێردرابوو لە جێبەجێکردنی دوودڵ بوو، شای ئێرانیش پێی باش بوو لەسەر هەمان شێواز و ئاستی هاوکارییەکان بمێنینەوە، بارزانیش مەبەستی بوو بەم کەمە هاوکارییە کە تەنیا بەشی بەرگریی دەکرد سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بێنێ.

کێشە لە ستراتیژییەتی کولبیدا ئەوە بوو زیاتر لیژنەکانی کۆنگرێس تەنگەتاو نەکرێن بەو هاوکاریانە، چونکە ئەوەی هەبوو گونجاو بوو، کێشەش لە ستراتیژیەتی بارزانی ئەوە بوو، دڵنیابوو بەبێ هێرشێکی نیزامی و بەربڵاو ئامانجەکانی نایەنە دی،

بەڵام کێشە لە ستراتیژییەتی هەریەک لە ئەمریکا و ئێران ئەوەبوو کە کارێکی وا بکرێ دۆخەکە لەسەر ئۆتۆنۆمیی حالی حازر بهێڵنەوە تاهەتایی، کەچی نەدەکرا بە ڕێگەی هاوکارییە نهێنییەکان ئەم دۆخە لەم ئاستە لەگەڵ دوژمنێکی سەرسەخت و کەلە ڕەق ڕاگرن.

هەڵسوکەوتی کوردەکان وایکرد جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان کارێکی قورس بێ لە هەموو قۆناغەکاندا، چونکە لە هەندێک قۆناغ دەیانبینی زۆر پێویست و نەدار و بێ ئومێدن، پێویستیاین بە کەمترین هاوکارییە، کەچی دواتر دەیانبینی دڵخۆش و لەوپەڕی کەیفخۆشی و سەرکەوتن دان، بە نموونە لە ٢٧ تەموزی ١٩٧٤ شا بۆ داواکارییەکی بەپەلەی بارزانی پێی ڕاگەیاندین کە زۆر پێویست و نەدارن داوا دەکەن، بە زووترین کات هاوکارییان بکەن، بە هاوپێچ ئاگاداریەکی ناردبوو گوایە ئەگەر هاوکارییەکان نەگەن و بزوتنەوەی کوردی بڕوخێ ئەنجامەکەی بۆ ئێران و کەنداو دەبێتە کارەسات، بەڵام هەردوای چەند هەفتەیەک لە ئەیلولی ١٩٧٤ بارزانی پێشنیار دەکا هێرش بکاتە سەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، لە ١٨ ی ئەیلول پێشنیارەکەمان ڕەتکردەوە، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا مەبەستمان نەبووە قەیرانی وزە لە ڕێگەی توندوتیژی و لێدانی کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵات دروست بکەین، بۆیە پێداگری بارزانی لەسەر ئەو داواکارییە بووە مایە ئەوەی دڵنیا بن، بارزانی پێویستی بە هاوکاریی زیاتر نییە، بەو هۆیەوە ئەوانەی دژی زیاد نەکردنی هاوکارییەکان بوون بێدەنگ مانەوە.

لە ڕووی تیۆرییەوە هاوینی ١٩٧٤ کاتێکی گونجاو و نموونەیی بوو بۆ پێداچوونەوە، بەڵام دوو کۆسپ سەریان هەڵدا :

تەنیا چاودێریی دەرەکی بوو کە بتوانێ بیر لە ڕووداو و ئەگەرەکان بکاتەوە، ئەمەش ئەگەر بە بیرکردنەوەیەکی ئازادانە بێ، دوور لە کۆتوبەندەکانی کات، هاوینی ١٩٧٤ هاوینێکی پڕاو پڕ لە کێشە و ڕووداو بوو، زۆربەیان وا پێویستی دەکرد لەسەری وردبینەوە و شیکردنەوەی بۆ بکەین :

- سەردانەکانی سەرۆک لە ئایاری هەمان ساڵ بۆ سوریە.
- لە حوزەیران، سەردانی سەرۆک بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .
- لە مانگی تەموز قەیرانی قوبرس دەستپێدەکا.

- لە ئاب، نیکسۆن دەست لەکار دەکێشێتەوە.
- هەر دوای ماوەیەکی دیکە قۆناغی گواستنەوە لە قوبرس دەستپێدەکا.
- پرۆسەی کرانەوە کارابوو.
- ڕێکەوتنە بازرگانییەکە هەڵدەوەشێندرێتەوە.
- دواجار لوتکەی کارەسات و نەهامەتییەکانی هیندی چین دەبن.

بەمشێوەیە دەرفەتێکی بچووکمان دەست نەکەوت پێداچوونەوەیەکی ورد بۆ ناوچە بێ خزمەتگوزارییە کوردییەکان بکەین، بەڵام دڵنیام لەوەی ئەگەر بڕیاربەدەستە سیاسیەکان بژاردەیەکی باشتریان نەبووایە ئەوا هەمان بەرنامە درێژەی دەبوو، خۆئەگەر لە ١٩٧٢ ئەو بەرنامە نهێنییەمان دانەڕشتبا ئەوا کوردەکان زۆر بە خێرایی دەڕوخان، چونکە ئەو دوو سەدەی دوایی بۆ ئێمە سودی ئەوە بوو کە دڵنیاییەکی تەواوی پێداین بەوەی ئەگەر کوردەکان هاوکاری نەکرێن سەدام لەناویان دەبا، هاوینی ١٩٧٤ هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر بژاردەماندا نەهات، ئەگەر بە گوێی ئامۆژگارییەکانی ناوەندی هەواڵگریی ئەمریکامان کردبا و هاوکارییەکانمان زیاد نەکردبان ئەوا کوردەکان زوو لەناودەچون، ئێمە خاوەنی بژاردەی هاوکاریکردنی ئاشکرا نەبووین بۆ ئەو ناوچە دوورەدەست و کەم خزمەتگوزاریە، بێ گوێدانە ڕای گشتیی ئەمریکا، ئەوەی بارزانی مەبەستی بوو وەدەستی بێنێ پێویستی بە هاوکارییەکی بێ سنور و ئاشکرای شا هەبوو بە پشتیوانی ئەمریکا .

بەڵام شکست خواردنمان لە بەرەکانی ڤێتنام و کردنەوەی بەرەی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەم ڕووبەڕووی گرفتی زیاتر دەبووینەوەو لە کۆنگرێسیش ڕووبەڕووی ناڕەزایی و ڕەتکردنەوە دەبووینەوە .

لە ٢٦ ی ئاب هەموو شتێکم دەربارەی کوردەکان بۆ سەرۆک ڕونکردەوە، گوتم شا بەنیازە هێزی زیاتر بە جلی کوردییەوە بۆ بەرەکان بنێرێت، پێکدێت لە ڕاوێژکار و هاوکار، بەڵام ئاگادارم کردەوە ئەم کارە ئەگەر بکرێ کراوە و بێ کۆتایی دەبێ و تا بڵێی مەترسی پەیدا دەکا، هەوڵم دەدا ئەم بابەتە لەبیر بکرێ تەنیا ئەگەر سەرۆک خۆی ڕێنمایی تازە لەسەر ئەم بابەتە دەربکا و ڕێنماییەکانیش دژی بۆچونەکانم بن،

ئەوساش ڕەتی دەکەمەوە. لەم میانە من کەوتمە نێوان چەکوچ و سندان بۆ دەرباز بوون لەم نێوەندە دوو ڕێگە چارەم دۆزینەوە وەکو چارەسەری کاتی:

١/ بودجەیەکی تایبەتیمان تەرخان کرد بۆ هاوکاری ئاوارە کوردەکان وەکو هاوکاری ئابووری و لۆجستیکی.

٢/ لە ٢٦ی ئاب سەرۆک فۆرد ڕەزامەندیی لەسەر ئەو بەرنامەیە دا کە من و سیمحا دینیتز باڵوێزی ئیسرائیل ماوەی چەند هەفتەیەک بوو خەریکی بووین.

بەرنامەکە بریتی بوو لە گواستنەوەی ئەو چەک و تەقەمەنییە سۆڤیەتییەی کە ئیسرائیل لە شەڕی ١٩٧٣ دەستی بەسەردا گرتبوو بۆ کوردەکان و لە پای ئەمەش ئەمریکا قەرەبووی ئیسرائیل (ئەم پڕۆسەیە بەسەرمانەوە بووە کابووس بەهۆی ئەو ڕەفتارە بیرۆکراسییەی پیادە دەکرا، لەم میانە کۆی ئەو چەک و تەقەمەنییە سۆڤیەتیانەی کە گواسترانەوە بۆ کوردەکان بە بەهای ٢٨ ملیۆن دۆلار بوون).

بە هاتنی وەرزی پایزی ١٩٧٤ هێرشی کوردەکان بۆ سەر سوپای ئێراق توند دەبن و داخوازییشیان بۆ هاوکاریکردن زیاد دەکەن، لەم ڕووەوە داخوازییەکی زۆر بۆ هاوکاریکردن دەنێرن. هەموو داخوازیەکانیان شا ڕەزامەندیی لەسەر دەدا و ئەمریکاش ( ناوەندی هەواڵگریی ئەمریکی ڕەتی دەکاتەوە ) بە نموونە لە ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ کۆلبی دەڵی زۆربەی هێڵەکانی هاوکاریی نێوان شاو سەرکردایەتی بارزانی ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا داوا دەکا هاوکارییەکان زیاد نەکرێن،، چونکە ئەوکات نهێنی هاوکارییەکان ئاشکرا دەبن وەکو ئەوەی پاراستنی نهێنی لە چارەنووسی کوردەکان گرنگتر بێ .

سەرجەم هاوکارییەکانمان لە ساڵەکانی ١٩٧٤،١٩٧٣،١٩٧٢ گەیشتنە بری ٢٥ ملیۆن دۆلار لەگەڵ١٢٥ تۆن لە هاوکاری چەک و تەقەمەنی و ئازوقە، ئێرانییەکان لە تواناياناندا بوو هاوکاری باشی کوردەکان بکەن، بەڵام ئەگەر هاوکارییەکانی ئێران لە ٧٥ ملیۆن دۆلار ڕەتبکا ئەوا هەمان کێشەی ئیسرائیلمان دێتە پێش کاتێک، ئەگەر چەکی ئەلتەرناتیفیان پێ نەدەین لاواز دەبن ئەگەر هاوکاریشیان بکەین لەگەڵ کۆنگرێس دا تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نائومێدانە دەبین .

# ڕووخانی شۆڕشی کوردی

لەوکاتەی هێزەکانی ئێراقی وردە وردە سەرکەوتنیان بە دەست دەهێنا، بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت شای ئێران بڕیاری کشانەوەیدا لە یاریەکە، دوو ساڵی تەواو لە تەمەنی داڕوخانی دەسەلاتی جێبەجێکردن لە ئەمریکا تێدەپەڕێ، لەو ماوەیەدا ڕێگری لە هیچ بڕیارێکی ئێمە ناکرێ کە بۆ بەرەو پێشبردنی کوردەکان داومانە، دیارە ئەمەش بۆ ئەوەبووە هیچ گومانێکمان لا دروست نەبێ لەسەر ئەو بڕوایەی ئێمە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەمریکا بنیاتمان ناوە، بەلام پچراندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هیندیی چینی نابێتە ڕێخۆشکەر بۆ شا بۆئەوەی خۆی لە شەڕێکی نەخوازراو لەگەڵ ئێراق تێوەگلێنێ، دیارە ئەمەش تاقە بژاردەیەتی، یا والاکردنی سنورە دوور و درێژەکانی بە ڕووی یەکێتی سۆڤیەتیدا، بێ هاوکارییەکانی ئەمریکا ئەمەش کارێکە لەم ئان و ساتە ناکرێ ملی بدەینە بەر .

بۆیە شا لە ژێر پەردەی حوکمڕانیکردندا بڕیاری کشانەوە دەدا، لەوکۆبوونەوەی لە ١٨ ی شوباتی ١٩٧٥ لە زیورخ ئەنجامی دا، شا پێی ڕاگەیاندم کە نیازی وایە لەگەڵ سەدام ڕێک بکەوێ، من هەر زوو ئەمەم بە جیرالد فۆردی سەرۆک ڕاگەیاند { لەسەر داوای ئێراق شا بەنیازە لەگەڵ پیاوە بەهێزەکەی ئێراق سەدام حسێن کۆببێتەوە، دەڵێ ڕازینیم بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەر بە حوکمی ئێراقی شیوعی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێراقییەکان لەسەر سنورمان هەندێک شت دەوروژێنن و کێشەمان بۆ دروست دەکەن و لە ئەنجامدا کێشەی کوردەکان بە نێودەوڵەتی دەکەن، دواجار کێشەکە دەگاتە ئەنجومەنی ئاسایش، هەرچۆنێکی بێ مەبەستیەتی لەگەڵ ئێراق بکەونە ڕێککەوتن لەسەر کوردەکان، ئەوەی گرنگە من ئەوەندەی لێ تێگەیشتوم، بەلام ئەوەی لای ئێمە گرنگە لە هاوکاریکردنی کوردەکان بەردەوام بێ.

"شا"م لە مەترسی ڕوخانی کوردەکان ئاگادارکردەوە کە بەهۆیەوە ناوچەکە گڕ دەگرێ، لەوەشم ئاگادارکردەوە کە سەدام هەر گرەنتیەکت پێبدا لەسەر ئۆتۆنۆمیی کوردەکان ڕاست نییە، چونکە پاشگەزبوونەوەی ئێران لە بەرەی ڕۆژئاوا ئەو تێبینییە

لای سۆڤیەتییەکان دروست دەکا کە ڕۆژئاوا لاواز بووە، بۆیە سەرەڕۆییەکانیان لەم بەرەیە زیاد دەکا.

وا دەرکەوت کە ئەو ڕەخنانەی گرتم ئەکادیمی بوون، هیچ پەیوەندییان بەجێبەجێکردنی پرۆسەکەوە نەبوو، بەهۆی ئەوەی کوردەکان ناتوانن بەم هاوکارییە نهێنییە لە خەبات بەردەوام بن بۆیە درێژەدان بە خەباتیان پێویستی بە دەستێوەردانی زیاتری ئێران دەبێ ئەمەش بە هاوکاری و پشتگیری ئەمریکا دەبێ، ئەنجامدانی ئەم بەرنامەش بە دوو تیپی ئێرانی و بودجەی ساڵانەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێ، لەم ڕووەوە ئێرانییەکان تەنیا پیویستیان بەوە بوو چاودێری ئەوڕۆژنامانەمان بکەن ئاخۆ لەسەر پرسی هندی چینی چی بڵاو دەکرێتەوە و کاردانەوەکانی ناوەخۆیی چی دەبن .

لە ٢٢ی شوبات واتە چەند ڕۆژێک دوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ شا، باڵوێزی ئیسرائیل (دینیتز) ئەمەی پێڕاگەیاندم:

(دەترسێ (واتە شا) لەوەی کوردەکان زۆر هیلاک بن، بەڵکو لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی ئۆپک لە جەزائیر لەگەڵ ئێراق کۆببێتەوە، لە بەرانبەردا دەبێ من مافی ئەوەم هەبێ کە لە کاتی وەلانانی بارزانی یەکێک لە شوێنیدا دابنێن کە من پەسندی بکەم، منیش ئەم پێشنیارەم بە توندی ڕەتکردەوە و ئاگادارم کردەوە کە کاری وا نەکا )

لە ٩ی ئاداری ١٩٧٥ کاتێک ڕێککەوتنەکە لە نێوان شا و سەدام ڕاگەیاندرا من بە وردی سەربووردەی ڕووداوەکەم بۆ ئیسحاق ڕابین گێڕایەوە، پێیم گوت شا لە کاتی یەکتربینینمان لە زیورخ ئەم بیرۆکەی وەکو پێشنیار بۆ باسکردوم، منیش ئاگادارم کردۆتەوە کە بیرۆکەیەکی باش نییە و پێم ڕاگەیاندوە نەکەی ڕێگە بە ئێراقییەکان بدەی یەکێکی شیوعی بکەنە بەرپرس لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردەکان . شا ئەوەی پێ نەگوتوم، کە ئەم ئاڵوگۆڕە کاڵاییە ئەوەندە نزیکە و نەمزانیووە، ئێراق دەست بەسەر هەموو ناوچە کوردییەکاندا دەگرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانم لەگەڵ بارزانی بەردەوام بوون، لە وەڵامی نامەیەکیدا کە داوای بینینی ئێمەی کردبوو، لە بیستی شوبات نامەیەکم بۆ بارزانی نارد :

دڵخۆش بووم بە نامەکەت کە لە ٢٢ی کانونی دووەم ناردبووت، دەمەوێ ئەوە بزانی کە ئێمە سەرسامین بە تۆ و گەلەکەت و قارەمانێتییەکەتان، ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کەوتنە ڕێگەتان کۆسپی مەزن بوون، ئێمە هەستیان پێدەکەین، من ڕێز لەو هەست پێکردنەت دەگرم بۆ دۆخی سیاسی و سەربازی، بەهۆی پڕ بەها و بایەخیتان دەمەوێ ئەوە بزانی کە نامەکانت لەسەر ئاستێکی بالای ئەمریکا ڕێزی لێدەگرین و بەهەندی وەردەگرن.

ئەگەر مەبەستیشتان بوو باوەڕپێکراوێکتان بنێرنە ئەمریکا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە هەڵوێستی ئەمریکا بگەن، ئەوا ئێمە پێشوازیی لێدەکەین.

کەمتر لە دوو هەفتە و بە تەواوەتیش لە شەشی ئادار کاتێک من خۆم ئامادە دەکرد بۆ گەشتێک، ئەمسەر و ئەوسەرەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دانوستانەکان لێی گەیشتبوونە ڕێگەیەکی داخراو، شای ئێران بەو بەیاننامەیە ئێمەی تووشی شۆک کرد کە لە نێوان ئەوان و حکومەتی ئێراق درابوو، کوردەکانی پێ ڕووبەڕووی نەهامەتی کرد، شا سنورەکانی بەڕووی هاوکارییەکانی کوردان داخست، بەرانبەر بە دەستبەرداربوونی ئێراق لە هەندێک پانتایی دەریاچەی عەرەب بۆ ئێران، لەو ڕێرەوە ئاویەی نێوان سنوری ئێراق و ئێران.

لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە ڕەفتارەکەی شا ڕەفتارێکی ئەوەندە دڕندانە بوو باسی لێوەناکرێ، بەڵام لە ڕووی بەرژەوەندییەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتیی ئێران، دەکرێ تێگەیشتنێکمان بۆ بڕیارەکەی هەبێ، هەرچەندەی بە ئازاریش بێ. ئێستاش تەنیا دەست تێوەردانی ئێران لەم کارە دەتوانێ کوردەکان لەم مەینەتییە ڕزگاربکا، دڵنیاشم کە تێچووی ئەم کارەش ٣٦٠ ملیۆن دۆلارەکەی تێدەچی کەکاتی خۆی لە ١٩٧٤ بارزانی داوای کردبوو .

تا ئەوکاتیش ئەمریکا بیری لەوە نەکردبووەوە لە گێژاوی نیمچە دوورگەی هندی چینی ڕزگاری ببێ. لە دەی ئادار بروسکەیەکم بۆ شا نارد تیایدا زۆر بەهەستیاری لەسەر ڕووداوەکە دوام و گومانم خستە سەر ئەوەی کە لەم کارە سودی بۆ ئێران هەبێ، هەروەها لەسەر کێشەی کورد پێم گوت من هیچی زیاترم نییە بیخەمە سەر ئەوەی لە دوا دیدارمان پێم و گوتی، چونکە ئەمە بۆ جەنابتان جێدەهێلم خۆتان دەزانن

چۆن ڕەفتار دەکەن بە پێی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەتان. سیاسەتمان هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە کە لەسەر بنەمای ئەوە بنیات نراوە ئێران وڵاتێکی دۆستە، خۆشم بە بایەخەوە چاودێری پەیوەندییەکانی ئێران و ئێراق و سیاسەتەکانی ئێراق بەرانبەر بە ئێوە و یەکێتی سۆڤیەت دەکەم .

کاتێک هەمووشتێک تەواو بوو پاڵەوانانی سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە دەستیان بە هێرشکردن کرد بۆ سەر سیاسەتی جیرالد فۆرد، هەندێک لە تیرەکانیش بۆمن دەهاتن، بەوە تۆمەتبار دەکراین کە پشتمان لە کوردەکان کرد، بەڵام ئەوکاتە شا بڕیارەکەی خۆی دابوو، ئێمە نە بیانوی ڕواڵەتی و نە ستراتیژیمان بەدەستەوە بوو تا بەرگریی پێ لەخۆمان بکەین، کار لەکار ترازابوو. هەندێک لە ڕەخنەگرانی سیاسەتەکەمان پێشنیاری ئەوەیان کرد بە بڕینی هاوکارییەکانمان هەڕەشە لە شا بکەین، بەڵام ئەمە پێشنیارێکی مەنتقی نەبوو، چۆن دەتوانین هاوکاری بدەینە لایەنێک تا هەڕەشە لە دۆستێکمان بکا؟

ڕووداوەکانی دوای ڕوخانی ڕژێمی شای ئێران ڕاستییەکانی ئێمەی سەلماند کە ئێران دۆستێکە بەهۆیەوە دەتوانین هاوسەنگی لە ناوچەکە بپارێزین، کارێکی منداڵکارانە بوو ئێمە هاوکاری لە وڵاتێکی هاوپەیمانی خۆمان ببڕین و هەڕەشەی سیاسی و سەربازیی لێبکەین، نابێ پشتگیریەکانمان بۆ ئێرانی هاوپەیمان بە توڕەبوونێک کۆتایی پێبێنین، چونکە ئەمە پاراستنی جیوپۆلەتیکمانە لەو ناوچەیە، بۆیە هەر ئەوەم پێما ببمە شایەدحاڵی مردنی گەلێکی دۆست، من ئەوە دەزانم کە هۆکارەکەی ئەو قەیرانە ناوەخۆییەمان بوو کە تووشمان هاتبوو، هەرچەندە ڕەفتارەکانی "شا"مان کردبووە پاساوی ڕووداوەکە .

لەگەڵ ڕوخانی کوردەکان وەکو هەموو جارێک واشنتۆن دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی لۆمە و گلەییەکان بەسەر ئەو لایەنانەی دەیەوێ، لەم ڕووەوە کۆلبی یەکەم کەس بوو گوتاری لەم سەر دا، کاتێک بارزانی لە ١٣ی ئادار داوای هاوکاری لەئەمریکا دەکا کۆلبی بەم بۆنەیە وتارێک دەدا و داوا دەکا هەواڵگری لەم پرۆژەیە دوور بخرێتەوە، بە بیانوی ئەوەی ئەمریکا ئێرانی سەرفراز کردبوو هاوکاری کوردەکان بکا و ئێرانیش ئەم ڕەفتارەی نواند و گوتی: لەم ساتە ناکرێ هیچ هاوکارییەکی کوردەکان بکرێ، چونکە ئەوان لە ڕوخاندان، گومانیشی لەو نیازەی ئێران هەبوو کە داوای کردبوو

هاوکارییەکانی ئەمریکا بگەیەنێتە دەست بارزانی، بۆ کات بەسەربردن کۆلبی سور بوو لەسەر ئەوەی هاوکارییکردنی کوردەکان پێویستی بە توێژینەوە هەیە، ئەمەش ئەوکاتە دەکرێ کە لە گەشتە ئەم سەر و ئەوسەرەکان دەگەڕێمەوە، دیارە خۆی دەزانێ ئەوکات کار بەسەر دەچێ. لەم کاتەدا کۆلبی داوای ئەوەش دەکا هاوکارییەکانی هەواڵگری هی مانگی ئادار بدەن، چونکە کوردەکان لەم کاتە زۆر پیویستیان پێیە و سەرگەردانن .

دیارە نوێنەرانی کۆلبی لە ناوچەکە و لە مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکان ناچنە ژێر باری پێشنیارەکانی کۆلبی، بۆیە دژی هەر هاوکارییەکی ئەمریکان بۆ کوردەکان .

بەڵام کاتێک سەدام هێرشی کتوپڕ دەکاتە سەر کوردەکان، کۆشکی سپی هەست بە ئازاری کوردەکان دەکا، کە لە گەشتەکەمدا بووم داخوازیی زۆرم لە کوردەکان پێ دەگەیشتن، داوای هاوکاریان لێدەکردین و هۆشداریان پێدەداین ئەگەر هاوکاریمان نەکرێ کارەسات دەقەومێ، ئێمەش لەوە دەترساین ئەوەی لە نیمچە دوورگەی هیندیی چینی ڕوویدا دووبارە ببێتەوە، تۆمەت خستنەپاڵ یەکتری سیستەمی یارییەکە بوو، نووسینگەکەی منیش بژاردەی هەموویان بوو، هەر زیادکردنێکی هاوکارییەکانی ئەمریکا هۆکارەکەی من بووم، ئەمەشم بۆ ئەوە بوو بەسەر ناڕەزایانی هەواڵگریدا زاڵ بم، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیکەم کە بە پیل بانگەوازیەکانیان دا ناچم بۆ هاوکاریکردن، هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەموو سنورەکانی ئێران بەڕووی کوردەکاندا داخراون . قەیرانی کوردەکان بە ئازارێکی زۆر کۆتایی هات، هەروەکو دوای بیست ساڵی دیکە بەهەمان شێوە و بەهۆکاریی گەمژەیی کۆتایی دێت، ناوچە شاخاوییەکان و دژایەتی بەرژەوەندی دراوسێکانیان و خواست و بۆچوونە جیاکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری، خۆی هۆکاری کارەساتەکە بوون.

ئەوانەی باسیان لە ڕەوشت و ویژدان و دادپەروەری دەکرد کە دواتر بێدەنگیان هەڵبژاردوو لە هەندی چینی خەراپتریشیان کرد، ئەوان هیچ ئەلتەرناتیفێکیان بۆ ڕەوشەکە نەبوو تا جێبەجێیان بکەین .

بەهۆی ئەوەی ئەم کارەساتە وەکو (حاڵەت) توێژینەوەی بۆکراوە، پڕپەتی لە پەند و دەرس وەرگرتن، پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، هەر لە قۆناغەکانی

سەرەتاییەوە تا کۆتایی و گەیشتن بە ئامانجەکان، بە هەر ڕەفتارێک بێ پێویستە بە شێوەیەکی دەوری بە پرۆسەکەدا بچینەوە و بایەخ بە یەکخستنەوەی هاوپەیمانەکانمان بدەین، بەڵام ئەوە سەلمێندرا کە جێبەجێکردنی ئەو بۆچوونانە بەسەر ئەم حاڵەتە کارێکی قورس بوو، لەبەر چەند هۆکارێک نەمانتوانی سەرکەوتن لەم پرۆسەیە بەدەست بێنین و ئامادەش نەبووین بچینە ژێر باری دەرهاویشتەکانی و دەست لە پرۆژەکە هەڵگرین، کە بارێکی قورس و سزاباری بوو، بۆیە هەوڵماندا لەسەر هەمان ئاستی سەربازی بمێنینەوە و وردە وردە دوژمن هیلاک بکەین، بەڵام چونکە لە کاتی دەستپێکردنی پرۆژە کوردییەکە ئێمە هەستمان بەم پێداویستییانە نەدەکرد، لە ناوەوە تووشی ئەم کارەساتە هاتین، تەنانەت لە دوو دەیەی دواییش من حەزم لە ئەلتەرناتیفی تر نەبوو بۆ ئەم پرسە کە پێشتر هەلمانبژاردبوو، ئەگەر ئەوەی لە ١٩٧٢ وەکو پرۆژەی کوردی دەستمان دایێ نەمان کردبا و دەستی ئێراقیەکانمان واڵا کردبا لەوەی لە کەنداوی عەرەبی بیانکردبا، ئەوکات ئاراستەی دبلۆماسیەتی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەواوەتی دەگۆڕدرا بەتایبەت لە کاتی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیسرائیل و عەرەب لە ١٩٧٣ و دواتریش.

سەبارەت بە گەلی کورد قوربانیی هەمیشەیی مێژوون و ئەمەش پرسەکە بە پێش ناخات.